سەرچاوە
Serchawe



# بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ عەزیز شێخانی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بابەتەکانی: ساڵی: ۲۰۰٦ ............ لاپەڕەی .... ۹

١- بانگەوازێک بۆ  تێکۆشەران و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات

٢- حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و چارە سەرکردنی شێرپەنجەی تەشکیلاتی

٣- باراک ئۆباما لە دەلاقەی داهاتووی کۆشکی سپییەوە

٤- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی نیزام دا نیە

٥- بۆیادی یەکەم شەهیدی قۆناغی نوێی خەباتێکی دورو درێژ

٦- باوەڕ بە گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕین، لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی د.قاسملوو بوون.

٧- بە بۆنەی ٢٧ جۆزەردان سیهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان

## بابەتەکانی: ساڵی: ۲۰۱۲ ............ لاپەڕەی .... ٤٥

٨- کوردەکان، سیاسەت و چەمکی ڕێبەریی

٩-  پارادۆکسی نێوان درووشم و کردەوەی بارزانی و تاڵەبانی

١٠- هەڵوێستەیەک لە سەر هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی لە ئێراندا و بانگەوازی بایکۆتی پارتە کوردییەکان

١١- دابەشبوونی ئێران ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئازادی راستەقینە

١٢- چەند وێنەیەکی باشوری کوردستان لە کورتە سەفەرێکدا

١٣- قووڵکردنەوەی کایەی دێموکڕاسی نێوخۆیی تەنیا ئاڵترناتیڤی سەرکەوتوو بۆ باشووری کوردستان

## بابەتەکانی: ساڵی: ٢٠١٣ ............ لاپەڕەی .... ٧٢

١٤- بزوتنەوەی گۆڕان لە ژێر تیشکی چەند رەخنەیەکدا

١٥- کوردە پەرتەوازەکانی رۆژهەڵات لە ژێر رەحمەتی پارتی، یەکێتی و پەکەکەدا.

١٦- نیشتمانێکی خەسێندراو و قومارێکی تازە

١٧- چارەسەر بۆ حیزبە هاو ناوهکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

١٨- تیرۆر و رەشەکوژی لە ژێر سێبەری حکومەتی بەبارمتەگیراوی هەرێمی کوردستاندا!

١٩- هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران وانەیەک بۆ مێژوو

٢٠- شێرپەنجەی خۆسەپاندن و تێپەڕاندنی رەشنووسی دەستوور

٢١- شارێکی لەبیرکراو لە پووشپەڕێکی سووتاودا

٢٢- پارلەمانێکی کارتۆنی لە بەردەم بەرپرسیارەتیەکی گەورەدا

٢٣- بەرژەوەندی نیشتمانیی یان تاوانی نیشتمانی؟

٢٤- تیرۆر و رەشەکوژی لە ژێر سێبەری حکومەتی بەبارمتەگیراوی هەرێمی کوردستاندا!

٢٥- بۆ کۆمیسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی

## بابەتەکانی: ساڵی: ٢٠١٤ ............ لاپەڕەی .... ١١٢

٢٦- نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بەرەو کوێ؟

٢٧- دید، بیرورا: بۆ یەکێتی چەپەکان هاتنەدەرەوەی لە حکومەت؟

٢٨- نەبوونی متمانەو راستوێژی لەئاخاوتن و کردەی سەرۆک پارتەکاندا

٢٩- تۆقی نەپچڕاوی شەڕی چاڵدران لە سەدەی ٢١دا

٣٠- رۆژهەڵات میحوەری کردەوەیە، نەک قسە

٤٠- خەباتی چەکداریی یان تێکهەڵچوونی بەرێکەوت
٥٠- دیوە تاریکەکەی سیاسەت لە کۆبانێ
٦٠- کاتێک خەون و دروشمەکان دەبنە تەڕاویلکە
٦١- تێڕامانێک لە خۆمان و کردەوەکانمان هەڵوێستەیەک لە سەر دوکەڵی ئاگری شەڕێک
٦٢- تەراتێنی دیپلۆماتە تیرۆریستەکان لە باشووری کوردستان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٥ ............. لاپەڕەی .... ١٥١

٦٣- باروودۆخی سیاسیی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا"
٦٤- دابڕان و یەکگرتنەوە بێ ئامانجەکان
٦٥- سیحری هەڵبژاردن بۆ کۆچبەران لە وڵاتی شەرمنەکاندا
٦٦- سەدەی ٢١ تان باش ئەی ئاشقانی سەرۆک
٦٧- لە پەراوێزی یەک لاپەڕە لە کتێبی "نسکۆ و دابڕان"ی مستەفا هیجریدا
٦٨- بزوتنەوەی گۆڕان لە رەوتی هەڵپەی دەسەڵات و ونکردنی رێگادا
٦٩- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری
٧٠- هەڵمەتی "رەنجی شەهیدان"؟
٧١- کوردەکانی سەدەی ٢١و سیاسەت
٧٢- هەڵپەڕن وا سەرۆک سەربەخۆی لە کۆشکی سپی ئەستاند!
٧٣- قەیرانی رێکخستن و راگەیاندن لە هەناوی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا
٧٤- قەیرانی سەرسنووریی نێوان پەکەکە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٧٥- ئەو ئێوارەیەی کە شارەکەم سەردەشت" زامی هەڵگرت
٧٦- هەرێمی سەرۆکە بێدەنگەکان و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم
٧٧- دێموکڕاسی، باشووری کوردستان و سیاسەت
٧٨- پەلاماردانی کوردە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان کردەوەیەکی ترسەنۆکانەیە
٧٩- کاڵبوونەوەی هەڵوێستەکان یا مردنی ویژدانی واژووەکان

٨٠- بانگەوازێک بۆ ڕۆیشتن بەرەو دیکتاتۆرییەت
٨١- گەمەیەکی بێ ئامانج بە ناوی دابڕان و یەکگرتنەوە
٨٢- سەنگەرە چۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان جمەی سەنگەرەکانی فەیسبووک
٨٣- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قەیرانی سکرتێریی یان نەبوونی ستراتیژییەکی ڕوون

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٦ ............. لاپەڕەی .... ٢٣٣

٨٤- باشووری کوردستان، تەژیی لە خەڵکێکی هیوابڕاو
٨٥- گۆڕی ون
٨٦- ڕەوتی کۆچبەری، هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆزو، کێشەیەکی جیهانی
٨٧- کۆمار، تۆ مەلوانکەی زێڕینی بەربەرۆکی دایکی نیشتمانی
٨٨- جیاوازیی سیاسەت و سیاسەتکار لێرە و لەوێ
٨٩- کۆنگرەی ١٦ای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەنگاوێک بۆ دواوە
٩٠- وردە ڕوانینێکی مەیدانی لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و مەجلیسی بە ناو شارەزایان لە ئێراندا
٩١- لە پەراوێزی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتنننامەی سایکس-پیکۆدا
٩٢- پرۆژەی کردنە باشوری کوردستان بەویلایەتی ٥١ی ویلاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا
٩٣- درزی گەورەی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمێدیاکاندا
٩٤- ئەی نیشتمان
٩٥- سەردەشت لە ئێوارە پووشپەڕێکی گازاویدا
٩٦- باروودۆخی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا"
٩٧- سەربەخۆیی کوردستان و پرۆژەی کۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیک!
٩٨- پروپاگەندە بۆ سەربەخۆیی کوردستانو پرۆژەی کۆمەڵگایەکی دیموکڕاتیک!
٩٩- ڕێگاچارەی قەیرانی هەرێمی لێژنە، بنەماڵە و سەرۆکە بێدەنگەکان
١٠٠- قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست
١٠١- ئێران دوای ١١٠ ساڵ لە شۆڕشی مەشرووتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و سەرکوتکەر...

١٠٢- هۆکارەکانی لاوازیی زانستە مرۆڤیەکان لە ئێراندا
١٠٣- وتوێژ لە گەڵ ئیلککا کانێرڤا، سەرۆکی لیژنەی بەرگریی لە پارلەمانی فینلەند
١٠٤- جەمسەرەکان، دەسەڵات و دابەشکردنی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا
١٠٥- پرسی ئەگەری پێوەندی نێوان حدکا و عەرەبستانی سەعودی
١٠٦- هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد
١٠٧- بزوتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا
١٠٨- هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا
١٠٩- تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە و دوارۆژی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستاندا
١١٠- پێوەندییەکانی روسیە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێبەرایەتیی ترامپ و پوتین
١١١- مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٧ ............ لاپەڕەی .... ٤٧٤

١١٢- دەوڵەت ماکە و سەرچاوەی راستەقینەی تیرۆریزمە
١١٣- دوارۆژی کورد لە هەناوی قەیرانەکانی ناوچەدا
١١٤- سێبەر و تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لە سەر ئاسمانی ئێران
١١٥- پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە ژێر تیشکی رووداوە ناوچەیی‌یەکاندا
١١٦- پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئورووپا و تورکیە
١١٧- وتوێژێک لە مەڕ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە فینلەندا
١١٨- دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١١٩- دەوڵەتی خەیاڵ لە ژێر رکێفی تۆزی دەهۆڵ و درووشمە هەورین و بەتاڵەکاندا
١٢٠- هەڵوێستەیەک لەسەر دوو سیاسەتی ناسەرکەوتوو بە ناوی بەشداریی یان بایکۆت
١٢١- هەڵبژاردنەکانی ئێران، لوتکەی تێرامان لە شکان و کەوتنە نیشتمانییەکان
١٢٢- لاوازییەکانی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٢٣- وردکردنەوەی بڕیارە سیاسیەکان بە لۆژیک یان کفوکۆڵ

١٢٤- با لە گەڵ خۆمان و خەڵکدا راستگۆ بین
١٢٥- دیدارێک لە وەزارەتی دەرەوەی فینلەند
١٢٦- دیوی ناوەوەی رووداوەکانی گوندەژۆر،
١٢٧- کوردەکان لە گێژاوی بەڵێ، نەخێر و بایکۆتی ڕێفراندۆمدا
١٢٨- رێگای سێهەم بۆ باشووری کوردستان باشترین رێگایە
١٢٩- روخسارە تاڵەکانی شەڕ لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان
١٣٠- رووداوەکانی باشوری کوردستان، نەوت، دەسەلات، پارەو شەڕی بنەماڵەو حیزبەکانیان
١٣١- بازاڕی لایڤی (زیندوو، راستەوخۆ) تۆڕە کۆمەلایەتییەکان پێش و پاش رێفراندۆم،
١٣٢- بوومەلەرزەکەی کوردستان، هەرەوەزی خەڵک و کارانەبوونی دەوڵەت
١٣٣- خۆپێشاندانەکانی باشووری کوردستان، هەرێمێکی کەوتوو و ئیدارەیەکی لەرزۆک

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٨ ............ لاپەڕەی .... ٤٧٧

١٣٤- پرسی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری لە فینلەند و هەڵبژاردنەکان لە کورتە وتووێژێکی خێرادا
١٣٥- وتووێژ لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشوور و ڕۆژاوا
١٣٦- کورتە روانگەیەک لەسەر تیرۆری رۆژهەلاتییەکان لەباشوری کوردستاندا
١٣٧- کوردەکان و سووڕانەوە لە بازنەی شکست و تراژیدییەکاندا!
١٣٨- لە یادی ٣٠ی ساڵەی تاوانی قڕکردنی هەڵەبجەدا
١٣٩- دونیای شێواوی دێموکڕاسی، ئەندامەتی حیزب، نووسین و ئازادی رادەربڕین لە نێو خۆماندا
١٤٠- ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەخەمڵیوی کورد فاکتەرێکی ئاشکرا و شاراوەی کەوتنەکان
١٤١- هاودەردیی و وردە تێڕوانینێک لە سەر کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەشتی کۆیە
١٤٢- بزووتنەوەی کورد و پرسی کورد لە ئێران لە دەلاقەی ڕووداوەکەی ١٧ خەرمانانەوە
١٤٣- خوێندنەوەیەک بۆ کێشەی پارت وحیزبە کوردییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان
١٤٤- فێرکردنی زمانی زگماکی کوردی و ئایین لە فینلاند حاڵی حەلوەلایە!
١٤٥- بۆ رۆبۆتەکانی سەدەی داهاتووی کوردستان

١٤٦- تیشکێک لە سەر چەمکەکانی گرێدراو بە پرسی خەباتی کوردان لە ئێراندا
١٤٧- گۆڕستان، نیشتمانی بێدەنگەکانە
١٤٨- ناتەباییەکانی جیهانی کوردان لێرە و لەوێ
١٤٩- بزوتنەوەی گۆڕان و ونبوون لە زیندەخەونەکانی حکومەتی داهاتوودا
١٥٠- ژێرخانی لاوازی کوردایەتی و پاشخانی تەپڵەکی ئازادیخوازی کوردان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٩ ............. لاپەڕەی .... ٥٥٣

١٥١- پایەمێکی کراوە و چەند سەرنجێک بۆ کۆنگرەی داهاتووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
١٥٢- سەمفۆنیای ژیان(بۆ کۆچی ئەبووبەکر ڕاد)
١٥٣- بژاردە سیاسییەکان و دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٥٤- روخسار و پێگەی حیزبی دێموکڕات ٤٠ ساڵ پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرا



# بابەتەکانی: ساڵی ٢٠٠٩

## بانگەوازێک بۆ تێکۆشەران و رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات

**بابەت: بانگەوازێک بۆ تێکۆشەران و رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات. لە لایەن: عەزیز شێخانی**

*بەڕێز !*

*رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات کوردستانی ئێران*

کوردەکان زۆر جار ئامادەن، لە گەڵ نوێنەری داگیرکەرانی کوردستان دانووستان بکەن. بەڵام جێگای داخە، کە کوردەکان و بە تایبەت حیزبە کوردییەکان دەرگای دانووستان و وتووێژ لە سەر یەکتر دادەخەن. کوردەکان و نەتەوەی کورد هەرگیز بە درووشم ناتوانێت، رێگای خۆ ناسین و دێموکڕاسی و سەرکەوتن ببڕێت.

ساڵی ١٩٩٤ لە دانیشتنێک لە گەڵ بەڕێز عەبدووڵڵا حەسەنزادە دا، پاش باسکردن لە کێشەیەکی موودیرییەتی نێو حیزب، نێوبراو گوتی: لە نێو حیزب دا زۆر سوونەت و کەموکۆری هەیە، کە کەس لێیان بەرپرس نییە. بیستنی ئەم رستەیە، منی تووشی بیر کردنەوە کرد و شێواز و روانگەی بەرپرسانی حیزب بۆ چارە سەرکردنی کێشە و گرفتەکان زیاتر روونکردەوە. من ئەو کات دەمزانی، کە روانگەی سکرتێری ئەو کاتەی حێزب بە جێیە، بەڵام لام روون بوو، کە ئەم سیاسەتە ئاکامی باشی لێ ناکەوێتەوە. سەرپۆش لە سەر راستیەکان دانان، هەرگیز لە بوونی گرفتەکان کەم ناکاتەوە و بگرە کێشە و گرفتەکان زیاتر کەڵکە دەکات.

ئەو نموونەیەی سەرەوە بۆ سوود وەرگرتن لە شیکردنەوەی ئەم نووسراوەیە دا خرواتە روو. لە ڕێگای ئەم نووسراوەیە، ڕێگا بە خۆم نادەم باسی خستنە رووی پێشنیار و بەند بکەم. دەزانم، ئێوەش و تێکۆشەرانی کۆن و نوێی ئەم حیزبە شارەزای ڕێگای خۆتانن و لە درێژەی خەباتکردندا بەر ڕێگای داهاتووی خۆتان دەبینن. بەڵام بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک بابەت و نووسراوە سەبارەت بە گرفتەکانی ئەمڕۆکانەی حیزب و پاشان بڵاوبوونەوەی داخوازییەکانی باڵی ناڕازی لە بارودۆخی نێوخۆیی هەموویان پێشاندەری ئەم ڕاستییەن، کە کێشە و ئاڵۆزیەکان تازە ناشاردرێنەوە. وەختی ئەوە هاتووە، کە لە چوارچێوەی تەسکیی خۆبینین بێننە دەرەوە و ئازایانە لایەنی بەرامبەر ببین. دەستپێکردنی وتوێژ و هێنانە گۆڕی دیالۆگی هاوسەنگەرانە تەنیا ڕێگای گونجاو و بەردەمی ئێوەیە. تەریک خستنەوەی لایەنی بەرامبەر و گوێ نەدان بە نەیارانی فیکری و کرداریی هەموویان بارودۆخکە ئاڵۆزتر دەکەن.

بە گوێرەی تاقیکردنەوە مێژووییەکان، دامەزران و ژیانی سیاسیی و دابەشبوون و یەکگرتنەوەی حیزب هەموویان زیاتر وەک سرووشتی تایبەت بە ژیانی دێموکراتیک چاویان لێدە کرێت. حیزبەکان دەتوانن هەڵسووڕێنەر و پێشڕەو داهێنەری بیرۆکەی سیاسیی بن. ڕێکخراوە سیاسییەکان پێویستە پێش هەموو شتێک ئەلف و بێی دێموکراتیی بوون بە کردەوە بسەلمێنن. لە سەردەمی ئەمڕۆ دا گرینگە، کە ڕێبەراییەتی حیزبی دێموکرات بە روانینێکی دوور و بە دوور لە کف و کوڵی تاک و ناوچەیی پرۆسەی گەشە کردن و پێگرتن و مێژووی رووداوە ناخۆشەکانی بخاتەوە بەر چاو. خوێندنەوەی رووداوەکانی رابردوو بۆ ناسین و لێکدانەوەی بارودۆخی ئەمڕۆ، لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی خەباتی نێوخۆییە. خەباتیی نێوخۆی ئەگەر هات و لە سەر دێموکراسی دەڵمە یان ناوچەگەرایی شاراوە دابمەزرێت، بێگومان رووکارێکی کاڵ و نێوەرۆکێکی بێ گیان و لەرزۆکی لێ دەکەوێتەوە.

ئێمە هەموو کۆڕی سەردەمی خۆمانین و دەرچوون لە کات و شوێن، بوون دەخاتە گومانێکی بێ بناخە و ئاسۆی دانووستاندن و لێک تێگەیشتن تاریک و لێلتر دەکات. بەو واتایە، کۆمەڵگا، تاک، حیزب، بنەماڵە، بنکە و بنیاتی کۆمەڵایەتی، بەرنامە و پرۆگرام، تەگەیشتن و لێکدانەوەی بابەتە کۆن و تازەکان و داب و نەریتی ژیانیش دەکەونە بەر تەوژمی ئاڵو گۆڕەکان. ئەوانەی دەیان هەوێت، لە بەر تەوژمی ئاڵوگۆڕەکان و شوێنەواری ئەم ئاڵوگۆڕانە لابدەن، درەنگ یان زوو خۆیان لە نێو گێژاوی بێ ئاسۆییدا دەبیننەوە. حیزبی دێموکرات بە هەموو

باڵە نێوخۆییەکان و تێکۆشەرانییەوە پێویستە بە شێوازێکی خۆ فەرز نە کردن بە سەر لایەن و کەسانی جیابیردا خەباتی نێوخۆیی بەرە و پێش بەرن.

تەنگژە نێوخۆییەکانی ئەمڕۆی حیزب پێویستیان بە چارەسەر کردنێکی بە پەلە و بە بەرنامە هەیە. ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن مێژوو، پێویستە هاوسەنگی گونجاوی هەبێت. نەبوونی هاوسەنگی، دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ، لە خەبات و تێکۆشانی دەرەکی و نێوخۆییدا. هێز و توانای ئەندامان و خەباتکاران لە نێوخۆ و دەرەوەی ریزەکانی حیزب زیاتر بە فیرۆ دەچێت و لە درێژخایەنیشدا کەند و کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای درێژەدان بە پێکەوە ژیانی سیاسیی باڵەکانی نێو حیزب. بڕیاری نابەجێ و رقاوی بڕیاربە دەستانی باڵی زۆرایەتی مەیدانی تێکۆشانی داهاتوو پڕ لە تەنگ و چەڵەمە دەکات. گوێنە گرتن لە کەمایەتی نێو حیزب و گەمە کردن بە تێکۆشەران و ئەندامانی کۆنی حیزب، لە ژێر ناوی نەزم و دیسیپلین و تەشکیلاتی حیزبیی و نێوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بە مانای چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی خەباتی رزگاریخوازانەیە.

*بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دێموکرات*

باشترین ڕێگا بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیار و وتەکانت، بە بێگومان گوێگرتن لە کەسانێکە، کە ڕەخنەت لێدەگرن و قامک دەخەنە سەر کەم و کوڕییە کانت. تۆ باش دەزانیت، کە سکرتێر بوون و کەسی یەکەم بوون هوونەری پاراستنی هاوسەنگی دەوێت. بۆ پاراستنی هاوسەنگی و یەکدەنگی، کەسی یەکەم دەبێت زیاتر گوێ لەو دەنگانە بگرێت، کە تامی تاڵی ڕەخنە و گازندەیان لێ دێت. بیستنی دەنگۆی بوونی وشەکانی وەک خۆیی و ناخۆیی و نە یار و دۆست، لە چوارچێوەی ریزەکانی حیزبی شەهیدان قازی، قاسملو و شەرەفکەندی جێگای لێوردبوونەوەی زیاترن. حیزبێک، کە داوای ژیان و مافی بەرامبەر بۆ گەلی کورد و تەنانەت بۆ هەموو گەلە ژێر دەستەکان دەکات، ناکرێت و ناگونجێت لە نێو ریزەکانی خۆیدا دابەشبوونێکی لە جۆری نەیار و دۆست بێنێتە کایەوە. هیوادارم تۆش لە ڕێگای کۆمەڵێک مرۆڤەوە ڕێگای بینینی ڕاستیەکانت لێنەگیرابێت و لە رابردوو و مێژوو سوود وەرگریت. لە شانازیەکانی مرۆڤ و بە تایبەت کەسانێک، کە دەچنە چڵەپۆپەی دەسەڵاتی حیزبی یان حکوومەتەوە خوڵقاندنی بیرۆکەی هاوکارییە، نەک رق و کینە و بە گژ یەکداچوونەوە. ئاواتە خوازم، کە خۆت لە ڕێگای کە کەسانی هەلپەرەستەوە، کە لە قالبی دۆست و هاوفکر خۆت لێنزیک دەکەنەوە دەرگای بیرو ڕای دەرەکی و جیاواز

لە سەر خۆت دانەخەیت. بەدەرکردنی بڕیاری لاسەنگ و بەرتەسکردنەوەی مەیدانی نەیارانی سیاسی لە نێو ریزەکانی حیزب داهاتووی ئەم حیزبە بەرە و کۆلانێکی بەستراو دەبەیت، کە رەنگە دواتر چاک کردنەوەی باروودۆخە کە دژوارترو ئەستە متر بێت. ئێوە هەمووتان پێکەوە دەتوانن پەیکەر و هەیکەلی سیاسیی حیزبی دێموکڕات بپارێزن و لە غەیری ئەمە دا دەستی پەشیمانی لە ئەژنۆ دەدەن.

***بەڕێزان، ئەندامانی رێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب!***

لە سەردەمی ئەمڕۆ دا بوون و دەنگتان، لە ژێر تەوژمی ناوچەگەرایی و تەک پەرەستیی دا هەشار مەدەن. بوونتان پێوەندی هەیە بە بڕیاری ئازایانە و ئاشکرا، سەبارەت بەفشار خستنە سەر باڵەکانی نێو حیزب بۆ ئەوەی نیشانی بدەن، کە رۆژگاری ئەمڕۆ سەردەمی ئاگابوون و وریابوونی نەتەوەییە. بێدەنگبوون و خۆ دوورخستنەوە، لە تەنگ و چەڵەمەکانیی ئەمرۆیی درزێکی گەورەیە، لە مێژووی رابردووی ئەم رێکخراوە سیاسییە.

بارووردۆخی ئەمڕۆی جیهان، ناوچە و کوردستان، لە بەردەم تەوژمی ئابوریی و سیاسییدا ئاڵوگۆڕی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. رۆژهەلاتی نێوە ڕاست و ولاتانی زاڵ بە سەر کوردستان هەموویان، لە جەنگەی ئەم ئالو گۆڕانە دا خۆیان لە داهاتووی کورد مەلاس داوە. لە رۆژهەلاتی نێوە ڕاستدا دوو ئیدۆلۆژی و روانگە لە بەرامبەر یەکدا قووت بوونەوە و هیچکام لەوانە، کورد وەک نەتەوە قبوڵ ناکەن. ئەمریکا و هاوپەیمانان، کە بە ناوی دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤەوە بانگەشەی ئاڵوگۆڕی سیاسیی دەکەن. ئێران، تورکیە، سووریە و شیعەکانی ئێراق و لووبنان و بەشێکی دیکە لە وەلاتانی ناوچە، بە ئاشکرا یان بە نەهێنی کە دژایەتی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسیی لە ناوچەن. بارووردۆخی داهاتووی وەلاتی ئێراق خۆی شوێنەواری تایبەتی، لە سەر بزوتنەوەی کورد دادەنێت. بە واتایەکی دیکە، لەتبوونی ئێراق یان سەر گرتنی ئێراقی حەبیب بزوتنەوەی کورد بە گشتی دەخاتە ژێر شوێنەواری خۆی.

لە رۆژگارێکی ئاوادا، ئەندامانی حیزب و لە سەرووی هەموویانە وەرێبەری ئەم حیزبە دەبێت، لە ژێر چەمکی رەنگاو ڕەنگدا هاورێ و هاوسەنگەرانی خۆیان بە نەیار نێو دێر نەکەن. بۆ چارەسەرکردن و بنبڕ کردنی تەنگ و

چەڵەمەکان هاوفکری بکرێت و لە راستییدا تەنیا هەنگاوی راستەقینە ئەوەیە، کە بوونی یەکتر قبووڵ و تەحەممووڵ بکەن.

تێبینی:

ئەم نووسراوەیە، تەنیا وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتانە بوون، کە دڵنیام هەموو لایەک بە روونی هەستیان پێدەکەن. پاش بڵاو بوونەوەی خاڵە پێشنیار کراوەکانی باڵی ئۆپۆزیسیۆن ئەم بابەتەم بۆ بڵاوبوونەوە ئامادە کرد، بەڵام بە باشم زانیی کە زوو بڵاوی نەکەمەوە. پاش خوێندنەوەی بابەتی بەڕێز مستەفا شڵماشی، هاتمە سەر ئەو بڕوایە، کە تێکۆشەرانی کۆنی ئەم حیزبە دەتوانن، لە داهاتوو دا هاوسەنگییەک بۆ کێشەکانی نێو خۆیی حیزب درووست بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و چارە سەرکردنی شێرپەنجەی تەشکیلاتی

خۆم سەردەمێک، یەکێک لەو کەسانە بووم، کە رووبە ڕووی ناوچە گەراییەکی توونذی کۆمیسیۆنی رادیۆ ببوومەوە. کۆمیسیۆنێک کە بەرپرس و بەشێکی زۆری ئەندام و کادرەکانی ئامادە نەبوون، هاوکار و مرۆڤێک قبووڵ بکەن، کە بەشێکی زۆری کاتی رۆژانەی بۆ رادیۆ تەرخان کرد بوو. کاتێک ئەندامی دەفتەری سیاسیی خۆی ببێتە ئەکتەری ناوچەگەرای، دەبێت کادر و پێشمەرگە و لاینگر بە کام شێوە سروودی ناوچە گەرای بڵێنەوە. کاتێک سکرتێر و ئەندامانی رێکخراوێکی سیاسی، لە رێگای ناوچە گەرایی بە دەسەڵات بگەن، دەبێت هاوسەنگی و تەرازی تەشکیلاتیی ئەم حیزبە چۆن و بە چ هێزێک مسۆگەر بکرێت. ناوچە گەرایی، لە حیزبی کوردیدا هەمیشە جێگای پسپۆڕی و لێهاتوویی گرتووە. ئەگەر چاوێک لە پێدەشتی خەباتی سەرجەم حیزبە کوردیەکان بکەیین، باش

دەزانین، کە ئەو مرۆڤانەی تەسلیمی تاکە کەسی دەسەڵات بە دەست نەبوون، هەمیشە لە هەوارگەی نادیار و نەیار دا ماونەوە. خۆ لە خۆڕا نیە، گەلی کورد هەتا ئەمڕۆش نەیتوانیوە بە هەموو حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانیەوە دڕکێک لە بەری دەستی خەڵکی کورد دەربهێنێت.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ئەمڕۆ لە سەردەمێکی هەرە سەختی خەبات دایە. بەڵام خەباتی ئەم سەردەمە، لە گەڵ خەباتی ساڵانی ڕابردوو جیاوازی زۆری هەیە. هەر چەندە خەباتی نێوخۆیی بە بڕبڕەی پشتیی هەموو تەشکیلاتێکی سیاسیی دادەنرێت، بەڵام ئەم خەباتەش سنوور و ڕێگا و شوێنی خۆی هەیە. خەباتی ئەمڕۆی حیزبی دێموکڕات، خەباتێکی ئاڵۆزی ناوچە گەرایانە و لێدانی یەکترە. خەباتی نێوخۆیی ئەمڕۆ نووکی پێنووس و ڕوومەتی ماڵپەرە ئینترنێتیەکانی کردۆتە خەبات بۆ دابڕان و لەتکردنی حیزبێک، کە خاوەنی زیاتر لە ٦٠٠٠ شەهید و بە دەیان هەزار ئەندامی تەشکیلاتی و نا تەشکیلاتی و سەدان پێشمەرگە و کادرە. لە ڕاستیدا دوژمنی ئەسڵی هەر لە بیر چۆتەوە و خەباتی ناسالمی نێو خۆیی وەکوو 'جەهادی ئەکبەر' ی لێهاتووە و خەبات بەس سرتە و ڕەمز و نهێنییە. من نایشارمەوە، کە لە دوای تەواو بوونی کۆنگرەی ١٣دا، لە دەفتەری بیرەوەری خۆمدا نووسیم: کۆنگرەی ١٣ سەرەتای هەڵدێرێکی سیاسیی بۆ حیزبی دێموکڕات. ئەم ڕوانگەیەشم لە سەر بنچینەی ئەو ناسین و تێگەیشتنە بوو، کە لە سەر ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕات هەم بوو.

من لە سەر کەسایەتی سکرتێری ئەمڕۆی حیزب هیچ شتێکی تایبەتیم نیە و ئاواتەخواز بووم، کە بە کردەوە و هوونەری سیاسی پێشان بدات، کە قوتابیەکی بە ئەمەگی کاروانسالارانی دێموکڕاتە. بەڵام ئەمە ڕەوتی ڕووداوەکانە، کە باشتر و ڕوونتر مرۆڤەکان و کۆمەڵەکان دەخاتە ژێر تیشکەوە و بە دەوروبەر دەیان ناسێنێت. لە ساڵی ١٩٩٣ بە هاوڕێیکی حیزبیم گوت، بەڕێز مستەفا هیجری بۆ کەسی یەکەمی حیزب، واتە سکرتێر نابێت. ئەو کات ئەو پەیامەی من بە پەیامێکی تەنانەت دژی حیزب نێو دێر دەکرا و مشتری هەر بە ئەندازەی قامکەکانی دەست هەبوون. بەڵام پاش تێپەڕ بوونی ١٣ ساڵ بە سەر ئەم گوتەیە دا ڕووداوەکانی نێوخۆیی ئەم حیزبە وا نیشان دەدەن، کە ڕوانگەی من چەندە لە ڕاستیی نزیک بوو. لێرە دا جێگای ئاماژە پێکردنە، کە کێشەکان تەنیا شانی تاکە کەسێک ناگرنەوە. ئەم گرفتە، ڕیشەی قووڵی هەیە و کۆمەڵگای کوردەواری و تەنانەت هێندێک جار کۆمەڵگای پێشکەوتووش تووشی ئەم بەردەڵانەی دێموکڕاسی دەبن. چوونکە گەلێک، کە لە ڕابردووی خۆی دەرس وەرنەگرێت، بە بێگوومان داهاتوو وەک ڕابردوو تاقی دەکاتەوە. ئەم ڕێچکەیە بۆ مرۆڤی تاکیش هەر وایە، چوونکە

مرۆڤەکان بە زەحمەت خۆیان دەگۆڕن. بۆیە بۆ کەسێک کە دەبێتە سکرتێری حیزبێکی خاوەن رابردوو، کە تەنانەت خوڵقێنەری کۆمارێکی مێژوویی بووە، پێویستە ئاستی روانینی لە سەر خەباتی نێوخۆ و دەرەوە ئومێد و هیوای لێ بتەکێت. لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا سەرەڕۆیی تاک یان دەستەیەک، هیچ کاتێک سەرکەوتوو نەبووە. واتە، فەرهەنگی تەشکیلاتی ئەم حیزبە بە جۆرێک ئاوی خواردۆتەوە، کە دیکتاتۆری وەک ئیدۆلۆژی تێکڕایی هەزم ناکات.

حیزبێک، کە هەموو توانا و وزەی خۆی بۆ لێدانی هاوڕێیانی رابردووی تەرخان بکا، دەبێت بە پێوانەی کام تیۆری سیاسیی بە ئامانجە سیاسیی و دێموکڕاتیکەکانی خۆی بگات! کام حیزبی سەرکەوتوو لە دونیای پێشکەوتوودا بە شێوازی ئەمڕۆیی حیزبی دێموکڕات، کە بە حیزبی هیوا و دایک دادەنرێت، هەموو هێز و تواناکانی خۆی بۆ هەڕاج کردنی سەرمایەی مەعنەوی و ماددی خۆی تەرخان دەکات و کردووە؟ ئەوەی کە ئەمڕۆ لە زنجیرە هەڵبژاردنەکانی تەنانەت کۆمیتە و یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە دەرەوەی وەڵاتدا بەڕێوە دەچێت، بێجگە لە هەڕاج کردنی سەروەریەکانی ئەم حیزبە دەبێت چی بێت؟

دەبێت حیزبی دێموکڕات و کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبە لە جیاتی درووشمی "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگایانە" ئێستا درووشمی "باشترین پاداش بۆ دووژمنان، لێدانی هاورێیانە" هەڵبژێرێت. لە سەروبەندی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کە بۆ کورد وەک هەمیشە سەردەمێکی ناسک و مێژووییە، حیزبی دێموکڕات پێویستە بۆ پاراستنی سەرمایەی بە نرخی رابردووی، کە بریتین، لە سەربەخۆیی سیاسی، بروا بوون بە مافی تاک و ئازادی ئەندامانی حیزبی و تەشکیلاتی و دووری کردن لە تەک پەرەستی، چارەسەری ئەو گرفتانە بکات، کە خەریکە دەبنە سەرەتانێکی سیاسی. شێرپەنجەی سیاسیی و تەشکیلاتی رێگا چارەی بە پەلەی دەوێت و هەر جۆرە خۆ دزینەوە لە چارەسەری ئەم نەخۆشیە جەستەی رێکخراوی سیاسی لاوازتر دەکات و رەنگە تووشی مردنێکی سیاسی بکات.

بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەمڕۆیی و رزگار بوون لە چنگی شێرپەنجەی تەشکیلاتی، بە بڕوای من دامەزراندنی ناوەندێکی دێموکڕاتیک پێویستە، کە لە چوارچێوەی حیزبدا کار و تێکۆشانی هەبێت و لە راستیدا نەخشی ناوەندێکی چاوەدێر بگێرێت. ئەم ناوەندە دەکرێت، گوڵبژێرێک بێت، لە سەرجەمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و

ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی، کە رۆژێک لە رێبەرایەتی ئەم حیزبە دا بوون و ئێستا بە هەر هۆیەک بێت، لە تەشکیلات دا نەماون. ئەم ناوەندە، دەتوانێت، هەم ئەندامانی حیزب زیاتر کۆ بکاتەوە و هەمیش یەکێتی تەشکیلاتی مسوەگەر بکات. کۆمیتەی ناوەندی ئیستا لە چارەسەر کردنی کێشەی نێوخۆییدا نەک سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکۆ خۆی بۆتە بەشێکی ئەکتیو و کارا لەو کێشە و گرفتانە. حیزبی دێموکڕات ئێستا ناتوانێت، لە نێوخۆیدا کەسێکی کاریزما و رێبەرێکی لێزانی وەک دوکتۆر قاسملوو درروست بکات. بۆیە حیزبی دێموکڕات بۆ درێژەدان بە خەبات پێویستی بەم دامەزراوەیە دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦

---

## باراک ئۆباما لە دەلاقەی داهاتووی کۆشکی سپییەوە

رۆژی ٤ی مانگی نوامبری سالی ٢٠٠٨ی زایینی ئەمریکییەکان لە پرۆسەی دەنگدانی سەرکۆماری سەلماندیان کە ئاڵوگۆڕو خوڵقاندنی رۆژی نویٚ، کاری بەردەوام و ویست و ئیرادەی بەرفراوانی دەویٚ. لە ئاکامی ئەم دەنگدانەدا باراک ئۆبامای رەشپێست بە سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردراو رۆژێکی درەوشاوە لە مەیدانی سیاسەت و هەڵبژێران و هەلبژاردندا تۆمار کرا. ئەم هەڵبژاردن و هەڵبژێرانە لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیام و ئاڵ و گۆڕە کە لە هەمان کاتدا تەعبیر لە دێموکراسی و مێژووی خەباتی هەڵبژاردن لە ئەمریکا دەکات. سەرکەوتنی ئۆبامای باوک موسڵمان و ٤٧ ساڵە دەنگدانەوەو رەنگدانەوەی دەرەکی و نێوخۆیی لێکەوتەوەو خەڵکێکی کە تامی سەرکەوتنی چێشتبوو دەستیان بە سەما کردو دایەگەورەی ئۆباماش لە خۆشی سەرکەوتن دەستی دایە سەما کردن. کەمایەتیی ئەفریقایی نیشتەجێ لە ئەمریکا و تەنانەت کەرتی ئافریقاو زۆرلایەن و تاقمی دیکەش زیاتر هەست و شادی خۆیان دەربڕی و ئەو سەر کەوتنەی ئۆبامایان بە رۆژی دەربڕینی خۆشییەکان بە بارتەقای رابردووی پر لە نەهامەتی رەش پێستەکانی ئەمریکا پێناسە کرد. لە جیهانی دەرەوەو لە نێو کۆروکۆمەڵی سیاسی ئەمریکا و بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاسیاو تەنانەت ئەوروپادا پەیامی پیرۆزبایی و ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەمریکا رەوانە کران. لە جەنگەی سەرکەوتن و بردنەوەی هەڵبژاردندا سەرکۆماری داهاتوی ئەمریکا زیرەکانە

دروشم و بەڵێنێکانی رابردووو تەنانەت چەند رۆژ لەوەپێشی لە بیرخۆی بردەوەو لایەنگران و ئۆگرانی خۆشی دڵنیا کردەوە، کە سەختییەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن و ئالۆزییەکان لە بەردەمی دا قوت دەبنەوە. ناوبراو لە وتەو ئاخاوتنی پاش سەرکەوتندا گوتی: من پێویستیم بە پشتیوانی ئێوەیە و رێگای درێژمان لە پێشە گیرو گرفتەکانی بەردەممان سەخت و چڕ دەبن رەنگە لە ماوەی ساڵێک دا یان دەورەیەکی سەرکۆماری بە هەموو ئامانجەکانمان بگەین بەڵام هیچکاتێک و بە ئەندازەی ئەم ئێوارەیە ئومیدوار نەبووم کە ئێمە بە ئامانجەکانمان دەگەین ئۆباما لە کۆتایی وتەی پاش سەرکەوتن و هەڵبژێرانی-دا داوای لە ئەمریکاییەکان کرد بۆ سەرکەوتن بە سەرکێشە هەنووکەییەکاندا یەکڕیزی خۆیان بپارێزن.

٢٠ی مانگی ژوئیە ساڵی ٢٠٠٩زایینی بوش پاش ٨ ساڵ سەرکۆماری، کۆشکی سپی جێ دێڵێ و ئۆباماو جێگرە ٦٧ ساڵەکەی ژۆزێف بایدێن سوێندی یاسایی دەخۆن و ئیدارەی کارو تێکۆشانی ئەمریکا دەگرنە دەست. کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بوش لە کۆشکی سپی و هاتنەوەی دێموکراتەکان بۆ سەر شانۆی سیاسیی ئەمریکا و جیهان لە زۆر روانگەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئێستا ئۆباماو یاریدەدەرکانی لە بەردەم خەڵکی جیهان کەوتوونەتە ژێرچاوەدێری لە بەر ئەوەی کاتی دروشم دان و شەری وشە کوتایی پێ هاتووە بۆ هەموو لایەک روونە کە کاتی بریارو کردارە. ئۆباما، بایدێن و باقی هاوکارانیان جێگای خۆیەتی لە مەیدانی پراکتیزە کردن دا بیسەلمێنن لە نێوان دروشم و کردارو پراکتیزە کردندا بالانسی گونجاوەیان لە بەرچاو گرتووە ئەمڕۆ ئەمریکا لەگەڵ کێشەی ئابووری و چەند گرفتێکی ناوچەیی و جیهانی دەستەویەخەیە بۆ چارەسەر کردنی دارایی و ئابوورییەکانی ئەمریکاو گەرانەوەی متمانە کاری زۆر لە پێشە.

سەرکۆماری تازەو دێموکراتەکان دەبێ بەردەوام بڕیاری چارەنووس سازو لێکدانەوەو هەڵبژاردنی ئاڵترناتیوە دەگمەنەکاندا خۆیان بگرن لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە ئەمریکا لەگەڵ چەند لایەنێک پێویستە لانی-کەم تاکتیکی پێوەندی و هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێ. پێوەندی لەگەڵ روسیەو کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بازنەی ئەم وەرچەرخانەدا خۆدەدۆزنەوە. کێشەی فلستین ئیسرائیل لە خانەی ستراتژیدا دەمێنێتەوەو ئەمریکا وەک ٢٠ ساڵی رابردوو درێژە بە رۆڵی نێوبژیوانی لە نێوان فلستین و ئیسرائیلییەکاندا دەدات هەرچەندە رابردووی ئەم رەوتە دیپلۆماسییە هەتا ئێستا ئاکامێکی پڕبایەخی لێ نەکەوتۆتەوە بەڵام ئەمریکا بەهۆی سیاسەتی لەمێژینەی خۆی بەرگری لە ئیسرائیل دەکات و هەروەها لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و تەنانەت فلستین دا پێوەندیی

خۆی پاراستووە و درێژەی پێدەدا. سیاسەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق بە گوێرەی ڕوانگە سیاسیەکان رەنگە لە بەردەم ریسکێکی جیددیدا بێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەتایبەت هێز بۆ رووخاندنی دوو دەسەلاتی تالیبان و سەددام لە رەوتی کردەوەو دژکردەوەدا بوونەتە بەشێک لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە ستراتیژی بوونی هێزە ئەمریکاییەکان لە ئەفغانستان و عێراقدا و تەنانەت قبوول کردنی نەخشەی سیاسیی دوارۆژی دەسەلات لە عێراقدا بڕیارێکی قورس و خاوەن کاردانەوەیە. ئۆباما لە مەیدان و گۆڕەپانی کردەوەدا ناتوانێ و ناکرێت بە شێوازی دروشمەکانی هەڵبژاردن هەنگاو هەڵ گرێت. سەرکۆمار لە قەوارەی دابەش کردنی دەسەلات پشکی گەورەی بەر دەکەوێت بەلام ئەوە سوننەتی سیاسەتی سەرکۆمارەکانی ئەمریکایە، کە بەشێوەی مامناوەندی سیاسەتی خۆیان لەگەڵ سیاسەتی پێشووی ولات هاوئاهەنگ بکەن. خوڵقاندنی پارادۆکس و دژبەرییەکی بەردرێژ لە ستراتیژی ئەمڕۆو دوێنێی ئەمریکادا لە قازانجی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو نیە.

ئەمریکاو هەموو دەوڵەتەکان لە سەر شەقامی بەرژەوەندی کورت و درێژخایەندا چەرخی سیاسەت و دیپلۆماسی خۆیان وەگەڕ دەخەن. بەرژەوەندی ولات و ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرمایەگوزاری ئەو زلهێزە لە جیهان و بەتایبەت رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چرای ڕێگای داهاتووی سیاسەتەکانی کۆشکی سپی دەبێت. ئامریکاو سیاسەتە درێژخایەنەکانی ئەم ولاتە لەسەر دوو باوەڕی پاراستنی سەروەری جیهانی و پاراستن و گەشەپێدانی ئابووری ولات و کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی نێوخۆو دەرەوەدا دامەزراون و زۆر ئەستەمە ئەو باوەڕانە لە ریشەوە بسوتێنن و باوەڕی دیکە یان جێگیر بکەن. هەربۆیە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دا دەبێ سیاسەتی تازە بەکار بێنێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ٨ ساڵ سیاسەتی بوش لە ناوچە مامەڵەیەکی لۆژیکییانە بکات گوڵبژێرێکی بە کردەوەی خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان بکات لە پەنا ئەو سیاسەتەدا راستکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی ئەوروپا و مۆرکردنی رێککەوتنامەی دوو قۆڵی دەبێتە ئەمری واقیع. ئەمریکاو پێوەندییەکانی لەگەڵ لانی کەم بەشێکی زۆر لە ولاتانی ئورووپای رۆژئاوا پاش پەلاماردانی عێراق گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی و ئەوروپاییەکان هەربۆیە لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆری بالانسی پێوەندی نێوان ئەمریکاو خۆیاندان. بوونی هەستی دژبەربوون بەرامبەر بە ئەمریکاو سیاسەتەکانی ئەم ولاتە کە لە زۆربەی ولاتانی ئورووپایی لە پەرەسەندندا بووە نیشانەیەکی دیکەی پێویستی ئاڵوگۆرە.

پێوەندی ئامریکا لە گەڵ تورکیە، سوریەو لەو نێوەشدا کوردەکان و بەتایبەت لە سەردەمی ئەمڕۆی عێراقدا باشووری کوردستان لە لاپەڕەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕن. ئەمریکاو تورکیە پێویستیان بە گەرمکردنی پێوەندیەکانیان هەیەو تورکیە لەم نێوەدا چاوەڕوانی خۆی هەیە. سوریە لە بەرەی وڵاتانی عەرەبی و بەتەنیاش خوازیاری وەرچەرخانی گەورەیە لە سیاسەتی نێوان دوو وڵاتدا. دیاریکردنی سووریە لەگەڵ ئێران بە مێحوەری شەیتانی لەلایەن بووشەوە هێشتا لە سیاسەت و کرداری ئەمریکادا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە. ئەمریکا دەتوانێت لە ئەگەری هاتنە گۆڕی وەرچەرخانی پێویست لە نێوان ئیسرائیل و سووریە نێوبژیوانی بکا و لەو ڕێگایەوە بتوانرێت بارودۆخی لوبنان و فلستین ئارامتر بکەن سووریا بە هۆکاری تایبەت لەگەڵ ئێران دەورێکی بەرچاو لە لوبنان وفلستین دا یاری دەکەن و ئەگەر ئەمریکاو سووریە پێوەندییەکی گەرم وگوڕ دابمەزرێنن باڵانسی هێزو کێشەکان لە ناوچەدا دەگۆڕێ. لە مەر کێشەی کورددا روون نیە کە باراک چەندە هەوڵ دەدا لە نێوان تورکیەو کوردەکانی باکووری کوردستان دەرگای وتوویژ بکاتەوە. ئەگەر باراک ئەم سیاسەتە بگرێتە بەر، ئەگەر کیشەی کورد چارەسەریش نەکرێ زیاتر دەبێتە بابەتی نێونەتەوەیی و لە سیاسەتی زلهێزەکانی دیکەی ناوچە و جیهاندا کێشەی کوردو ڕێگاچارەی ئەو کێشە ئاڵۆزە زیاتر ریشە دادەکوتێت بەڵام ڕاگرتنی باڵانسی نێوان باشووری کوردستان و بە تایبەت پرۆژەی پێشووی ژۆزێف بایدێن بۆ دابەش کردنی عێراق بە سێ ناوچەی کوردو شیعەو سوننە لە هاوکێشەی ناوچەو عێراقدا ڕەنگدانەوەی دەبێت هیچ سەیر نییە ئەو جارە بایدێن لە پۆستی جێگری سەرکۆماریدا بلێ، کە پرۆژەی ناوبراو ئیکس پایر بووە و تازە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە ڕێگاچارە ناژمێردرێ سیستمی سیاسی و حوکمرانی و چۆنیەتی سازدانی ئەمریکا لە ژێر سێبەری بەرژەوەندی نەتەوەیی-دا ئەکتەری سەرەکی و شوێندانەری دوارۆژی بارودۆخی کوردەکانی باشووری کوردستان دەبێت .

ئێران و سیاسەتەکانی ئێران لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ئۆباما یەکێک لە نوختە دیارەکانی سیاسەتی کۆشکی سپی دەبێ. ئەوەندەی دەرکەوتووە ئێران و مەلاکانی تاران بۆ وتوویژ مەیلیان هەیەو لە عێراق دا چەندین جار پێکەوە لە ژێر ناوی جیاجیا دانیشتن و چاوپێکەوتنیان هەبوە ئێران بۆ مانەوە و درێژەدان بە سیاسەتەی پاراستنی دەسەڵات لەچنگی ئاخوندەکاندا هیچ دوور نییە کە ڕۆژێک بەفەرمی لەگەڵ ئەمریکا نەکەوێتە وتوویژ و دانوستاندن. ئەمریکا و بەتایبەت دێموکراتەکان لەو دەورەیەدا بۆ گەڕانەوە بۆ بنەما سیاسیەکانی خۆیان ئەگەر هیچ نەبێت ڕەنگە تاکتیکی دژایەتی و دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی وەک ئێران بگۆڕن. دەستراگەیشتنی ئێران بەچەکی ناوەکی و کۆمەڵکوژ لەساڵانی پێشتر بۆ ئەمریکا و بەشێک لەوڵاتانی یەکیەتی ئورووپا ببووبە

باسێکی گەرمی لانیکەم میدیایی. مەترسییەکانی ئێران و نیزامی ئیسلامیی ئێران بۆدوارۆژی ناوچەو جیهان لە سەر نەخشەی کۆشکی سپی هەر دەمێننەوە. بەڵام ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندی ئاڵۆزی نێوان روسیەو ئەمریکا چین و ئامریکا و زۆر وڵاتی دیکە هەتا ئەمڕۆش ویستوویەتی، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا خاوەنی رۆڵ و نەخشێکی دیاریکراو و بەرچاو بێ. پاراستنی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکا و مەترسی هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئەو وڵاتە خاڵێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ئێران دەبن.

ئۆباما بە دروشمی ئێمە پێویستیمان بە ئاڵوگۆر هەیە پێی نایە گۆرەپانی هەڵبژاردنەوەو هەتا رۆژی سەرکەوتن و وەدەستهێنانی دەنگەکان ئەو دروشمەی هەر دەوتەوە. لە کاتی سەرکەوتن دا کەمێک زیاتر دروشمەکەی گەورە کردەوەو وتی ئێمە دەتوانین و جیهان دەگۆڕین و خوا ئێوەو ئەمریکا بپارێزێت ئەوەی لە جەرگوی رێئالیزمی سیاسی تێدەگاو هەڵوێستەی لەسەر رەوتی رووداوە مێژوویی و سیاسییەکان هەیە دەزانێت کە دروشم و کردار جیاوازی زۆریان پێکەوە هەیە. ئەوەی کە ئەمریکاییەکان کەسێکی بە رەچەڵەک ئەفریقاییان بەسەرکۆمار هەڵبژارد بە مانای ویست وداخوازی ئاڵوگۆڕە. ئاڵوگۆڕەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکاو ئوروپا و زۆربەی ناوچەکانی جیهان هەست پێ دەکران و ئەو دەنگدانەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی خەڵک لە پێناو دوارۆژێکی بەختەوەردا دەژی. ئەمریکاو سیاسەتی ئەم وڵاتە بە تەنیا ناتوانێت جیهان بگۆڕێ. ئامریکا وەک زلهێزێکی خاوەن توانا دەتوانێ لە چارەسەر کردنی گەڵێک کێشەی جیهان و ناوچەدا کاریگەر بێ. لە کوباو باقی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەرتی ئافریقا و سەبارەت بە ژینگەو بانکی جیهانی و کێشەی پەنابەران و نەخۆشی ئایدز بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتە سەنعەتییەکانی دیکە دەکرێت لاپەرەیەکی مێژوویی بکاتەوە، بەڵام با سەما کردن بۆ لایەنگرانی ئۆباما و خزمە نزیکەکانی جێبێڵین و چاوەڕوان بین، کە بڕیارە سیاسییەکان لە کۆشکی سپی چۆن رێگا دەگرن و بەرەو کام ئامانج دەڕۆن جیهان و مێژووی جیهان لە تەمەنی ئێمەی تاک پیرترە و دوارۆژ روون دەبێتەوە کە زور چاوەروان بوون بەڵێنی دان لە جیهانی سیاسەت و خەونەکان بەستێنی کێشەکان زۆر ناگۆڕێت و کێشەی هەژاری و نەداری و بێ مافەکان چارەسەر ناکاو ئۆبامای ئەمڕۆ شاد لە دەلاقەی کۆشکی سپییەوە سبەی یان دوسبەی هونەری سیاسەت و ئیدارەکردن دەخاتە روو. دەڵێن هەرکەس بەچاویلکەی خۆی باشتر دەبینێت و ئەوانەی دەچنە کۆشکی سپییش بە چاویلکەی دەسەڵات و باوەڕی ئەمریکاییەوە دەروانن ناوچەو جیهان. تۆ بڵێی کۆشکی سپیش ئەوەندەی بناخەی لەرزۆک بێ کە ئۆباما بە فۆرمێکی دیکەو لە روانگەیەکی دیکەوە بروانێتە کێشەکان و بڕیاری ئازایانەو ئاڵوگۆڕ خوڵقێنیان لە سەر بدات.

خوێندکاری دوکتۆرای سیاسەتی نێونەتەوەیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
## حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزام دا نیە

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا، تێڕوانین و روانگەی جیاواز سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و کاندیداتۆرەکان لە ئارادان. هەڵبژاردن وەک چەمکێکی ناسراو و خاوەن پاشخانی مێژوویی، خەڵک لە بەردەم بژاردەی هەڵبژاردن، ڕەتکردنەوە یان بێ لایەن بوون رادەگرێ .

هەڵبژاردنی راستەخۆ و ناڕاستەخۆ لە کۆڵەکەکانی دیموکڕاسی دەژمێردرێن. ڕێژەی بوونی دیموکڕاسی لە کۆمەڵگاکان دا لە سەر شێواز و جۆری هەڵبژاردن و هەڵبژێران کاریگەریی هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لە رواڵەت دا زنجیرە هەڵبژاردنێکی بەڕێوە بردوە، کە لە نێوەرۆک دا لە گەڵ کولتووری دیموکڕاسیی باوی جیهانی یەکتر ناخوێننەوە. ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکە، کە لە تەواویەتی خۆی دا لە ژێر کۆنترۆڵی هەیکەل و قەوارەی نیزام دایە. خوێندنەوەیەکی کورت و چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کلیلی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە کێشە و بەربەستەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران دەداتە دەست. لە نیزامێک دا، کە ڕێبەر بە دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی پێناسە بکرێ، دەبێ خەڵک و دەنگدان و رەوتی هەڵبژاردن چ مانایەک بدەن؟

بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵبژاردن لە ئێراندا ئەمجارە لە گەڵ تێکۆشەرێکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەپەیڤین. عەبدوڵڵای حەسەن زادە، یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی خۆی لە گۆڕەپانی خەبات دژ بە دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران فیدا کردوە. حەسەن زادە وەک هەر مرۆڤێکی دیکە لە درێژەی ژیان و خەبات لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا پشکی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی بەر دەکەوێ. ناوبراو لە ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتی حدکادا لە

پۆستە سەرەکی یەکانی حیزبدا کاری کردوە و هەر بۆیە لە بڕیارە چارەنووس سازەکان دا بەرپرس و پشکی خۆی دەگاتێ، کە لەو وتووێژە دا ناپڕژێینە سەریان.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرۆک کۆماریی لە ئێراندا و جیاوازیی ئەو هەڵبژاردنە لە گەڵ خولەکانی دیکەدا دەڵێ: "جیاوازی یەکی زۆر بەرچاو نیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران نەگۆڕاوە و قانوون و یاساکان نەگۆڕاون. لەو خولەی هەڵبژاردن دا رقەبەرایەتی گۆڕاوە و شێوازی روونتری بە خۆیەوە گرتوە. نوێنەرانی کاندیدکراوی دوو باڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب و ئوسوولگەرا روونتر لە سەر مەسەلەکان دەدوێن. ئەو جارە فەرقێکی هەیە، کە ئەوانەی لە حکوومەت دا نین ئاشکراتر و سەریحتر نەقدی رابردوو دەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە جێی خۆیەتی و نەگۆڕاوە ."

سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ( لە ماوەی کۆنگرەکانی ١٠، ١١ و ١٢ دا) لە سەر تەوەرەی ساغ نەبوونەوەی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر هێڵی نەتەوەیی و نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دا راشکاوانە دەدوێ و لە سەر نەبوونی وتاری نەتەوەیی پێداگری دەکا. ناوبراو لە درێژەی وتەکانی دا بەمجۆرە روانگەکانی خۆی دەردەبڕێ:" لە نێوخۆی وڵات دا هەتا ئێستا وتاری نەتەوەیی دروست نەبووە. رەئی و دەنگی تێکڕایی و خەڵکی دروست نەبووە. لە سەر بە شداربوون یان نەبوون لە هەڵبژاردن و ئینتخابات دا جیاوازی هەیە. ئەوانەی لە حاکمییەت دا بەشدارن، بەشێکیان باوەڕمەند بە حاکمییەت و هێندێکیش کارمەند و راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گەڵ دەسەڵاتدان. لەو بارە یەوە ناکرێ یەک جانیبە هەڵوێست بگرین و حاڵەتەکان جیاوازن. قەزاوەت کردن و نەزەردان، خانە بەندیکردن سەبارەت بەو رەوتە ئاسان نیە و ئیمکانی نیە ."

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەروک کۆماریی ئێران و بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەشت خاڵەکەی کەرڕوبی دا لێکدانەوەی جیاواز هەیە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەو هەڵوێستەی حدک لە ئاستی ئێران، رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت رێکخراو و حیزبە سیاسی یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگاوڕەنگە. لە روانگەی بابەتی یەوە حدک پێویست بوو، شیکردنەوەی زیاتر و زۆرتری بۆ رەخنەگران و تەنانەت لایەنگرانی ئەو هەڵوێستەی هەبێ. لەو پێوەندی یە دا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە سەر جۆری لێکدانەوەکان و پێویست بوونی شیکاری و روونکردنەوەی زۆرتر هاودەنگە. ناوبراو رامان و لێکدانەوەی خۆی لە سەر ئەو دیاردەیە بەمجۆرە باس دەکا: "بەیاننامەی دەفتەری سیاسی خوێندنەوەی جۆراوجۆری لە سەر هەیە. هێندێک باوەڕیان بە ئازادی نیە و هجووم دەکەنە سەر حدک. ئەو بەیاننامەیە بە مانای بەشداری یان تەحریم نیە. گوتراوە، کە ئەو خاڵانە موسبەتن، بەڵام شیکردنەوەی زۆرتری پێویست بوو. ئەگەر ئێمە بڵێین ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کەسیرولمیللە یان کەسیرولقەومە (کورد، فارس، عەرەب، تورکمەن، بەلووچ و ئازەری)، بۆ باشە و بۆ ئەگەر کەسێکی دیکە باسی بکا خەراپە. ئێمە کە باس لەوە دەکەین زوڵمی دینی و قەومی هەیە، کەڕووبی دەڵێ تەبعیزی قەومی و مەزهەبی هەیە. ناوبراو لە حاکمییەت دایە و ئەگەر ئیعتراف بکا باشە. پێویستە دەقەکان و نووسراوەکان زۆر بە ئینسافەوە بخوێندرێنەوە. جا ئەوە، کە ئەساسەن باوەڕی بەو قسانە هەیە یان نا ئەوە شتێکی دیکەیە. ئایا دەیهەوێ لە دەسەڵات دا جێبەجێیان بکا یان هەر دەتوانێ عەمەلیان پێ بکا، ئەوە باسێکی دیکەیە. ناوبراو ئیعتراف دەکا، کە قانونی ئەساسی پێویستیی بە ئیسلاحاتە. باسی ئەوە دەکا، کە نابێ حەوزە لە سیاسەت و دەوڵەت دا وارید بێ. کەڕووبی باسی زۆر شت دەکا، کە ئەگەر کورد ئەو قسانە بکا ئەوە باشە. خۆزگە خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد ئەو قسانەیان بکردبایە. ئەگەر ئەوان بیڵێن زۆر باشە. پەندێک هەیە، دەڵێ تۆ تەماشای ئەوە مەکە کێ قسە دەکا، بەڵکوو چاو لە وتە و قسەکان بکە. حدک لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا بریار بوو، کە پشتیوانی لە رەجەوی بکا، چونکە گەڵاڵەی ٢٦ خاڵی نوێنەرانی کوردی قبووڵ بوو. کاتێک ناوبراو حەزف بوو، کورد لە کوردستان دا بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکرد. لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکان دا حیزب بە خەڵکی کوردی گوت دەنگ بدەن بە تەوەککولی و خەڵک جوابی داوای حیزبیان دایەوە و دەنگی خۆیان دا بە ئە حمەدی تەوەککولی. ئێمە دەمانزانی کە دەنگ ناهێنێتەوە، ئەو تەنیا رەقیبی رەفسەنجانی بوو، بۆیە داومان کرد خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بە کەسی رەقیبی رەفسەنجانی. لە مەجلیسی شەشەم دا سەرفی نەزەر لە جەناحبەندیی نێوخۆیی، داوای بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانمان دا کرد و کارێکی زۆر باش بوو، کە بە دەورەیەکی تەڵایی ناوی دەبەم. تەنیا میللەتێک کە لە مەجلیسی شەشەم دا توانی بوونێک و هەیکەلێکی هەبێ، کورد بوو. "

لە سەر نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژواربوونی ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران دا رامانەکان هاوشێوە نین. مێژووی سی ساڵەی رابردوو لە ئێران دەری خستوە، کە رێژیم لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکان دا نامۆیە و ڕازی نیە سنوور و بەربەستەکانی بەردەم ئازادی بشکێن. لە سەر ئەو مەسەلەیە کۆدەنگی یەکی رێژەیی هەیە. بێجگە لەوانە شێوازی

هەڵبژاردنەکان و کۆنترۆڵکرانی هەڵبژێراوان لە گرفتەکانی دیکەی سەر ڕێگای پرۆسەی ژیانی سیاسیی ڕۆژهەلات و ئێران بە ئەژمار دێن. لە سەر ئەو مژارە عەبدوڵڵا حە سەن زادە پێداگری دەکا، کە حدک باوەڕی بە مسۆگەربوونی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامدا نیە. ناوبراو لەو بارەیەوە رادەگەیەنێ: "حدک دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا. ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی ئەو نیزامە دا، ئەو ئامانجانە دەستەبەر نابن. شێوەی هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن لەو نیزامە دا هەر موناقشەیەکی لە سەر نیە. بەڵام بەو مانایە نیە لێ یگەڕێین خەراپترین عونسورەکان بچنە مەجلیس. عەناسیری سالم و باش بچنە مەجلیس باشترە لە کەسانێکی خەراپ. ئەگەر دەمانەوێ خەراپترین عونسورەکان بچنە مەجلیس و هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ، ئەدی بۆ هەتا ئەمڕۆ هەر وابووە و ڕێژیم نەڕووخاوە. ئێمە دەبێ هەر دووک لای مەسەلەکە ببینین و تەنیا لە بارێکەوە سەیری مەسەکە نەکەین. ئەمن باسی تەحریم و بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانە دا ناکەم، هەتا ئەو کاتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵوێستی کۆتایی دەرنەبڕیوە. ئەمن دەڵێم ئیزهاری نەزەر ناکەم، هەتا حیزبەکەم نەیکا. لە نێوخۆی حیزب دەکرێ دەنگی موخالیف هەبێ و لە مەجالی خۆی دا باسی بکەی، بەڵام بۆ دەرەوەی حیزب نابێ هەر کەسە بە نەوعێک مەسەلەکان لێک بداتەوە. وەحدەتی تەشکیلاتی بەو مانایە نیە، کە روو بە دەرەوە هەر کەسە بە جۆرێک قسە بکا. بەڵام ئایا مەنتقی یە ئەگەر پیاو بڵێ، پێم خۆشە لە جیاتی خاتەمی کەسێکی وەک ئەحمەدی نەژاد ببێتە سەرۆک کۆمار؟ لە گەڵ ئەوەی کە دەزانین، لە دەورانی خاتەمی دا شتێک بۆ کورد نەکراوە و خۆشی بە هیچ جۆر باسی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و تەنانەت بوونی کێشەیەک بەو ناوەی نەکرد، ئەوەی کەڕووبی باسی کردوە، خاتەمی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردن دا باسی نەدەکرد. جیاوازی هەیە لە نێوان خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و بۆ وێنە لە سەردەمی خاتەمی دا فە زای بەیان ئاواڵەتر بوو و دیواری ترسی خەڵک شکا. ئەوانە شتی موسبەتن ."

لە سەرنەبوونی دێموکڕاسی و ئازادیی دەربڕین لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان روون نیە، داخوا دەنگدان چەندە لە گەڵ نۆرمەکانی دێموکڕاسی و هەڵبژاردنی ئازاد یەکانگیرە. حەسەن زادە لەو بارەیەوە پێی وایە، کە دیسان خەڵک ئەگەرێکی چووکی بۆ دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی باتڵە بدا و دەنگی خۆی بە کەسێکی خاریج لە کاندیداتۆرەکان بدا. بە باوەڕی ناوبراو زۆر جار دەنگی سپی و باتڵە وەک ڕێگایەکی دژایەتی کردنی نیزام کەڵکی لێوەرگیراوە. لە سەر هەڵبژاردن و تەحریم یان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان ناوبراو باوەڕی وایە، کە ئەگەر هەموو حیزب و هێزە موخالیفەکانی ڕێژیم تەحریمی بکەن، دیسان عیدددەیەک بەشداری هەر دەکەن. بە هەمان شێوە

ئەگەر هەموو ڕێکخراوەکان هانی خەڵک بدەن بۆ بەشداربوون، عیددەیەک هەر بەشداری ناکەن. بەڵام بەو مانایە نیە، کە ڕێکخراوەکان تەئسیریان نیە. بۆ وێنە لە مەجلیسی شەشەم حیزب داوای بەشداری کردنی کرد و خەڵکێکی زۆر بەشداری یان کرد. وەک بەهائەددینی ئەدەب ئەو کات باسی کرد، بەشداریی خەڵک هۆکەی دەگەڕێتەوە سەر داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بۆ بەشداربوون، کە حیزبی دێموکڕات ئەو کات داوای لە خەڵک کرد.

حەسەن زادە لە درێژەی ئاخاوتن و وتووێژدا، لە سەر نەبوونی کۆدەنگی و هاودەنگی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە نێوان ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەڵێ: ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هێندێک لەو ڕێکخراوانە. بەشێک ئامادە نین دابنیشن و ئەگەر پێکەوە دانیشتن نەکەی، لە سەر چی ساغ دەبیەوە. ئێمە گوتوومانە لە گەڵ هەموو ڕێکخراو و حیزبێک دادەنیشین و ئامادەین بێ مەرج دابنیشین. بە هەموو ڕێکخراوەکانمان ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕاگەیاندوە، کە ئەگەر یەک ڕەئی و دەنگیان هەبێ، ئێمە ئامادەین واز لە دەنگ و نەزەراتی خۆمان بێنین. هێندێک هەن ئامادە نین دابنیشن و ئەوەش کێشەیە". لە سەر داوای بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە حەسەن زادە دەڵێ: ئەساسەن "داوای بایکۆت کردن" دروستترە، چونکە ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا نیین. ئەوەندەی ڕوون و ئاشکرایە هەتا ئەمڕۆ بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردوە. ئەمن ناتوانم بڵێم داخوا هەموو ڕێکخراوەکان ئەو داوایە دەکەن یان نا. نازانم بە گشتی ڕەنگدانەوەی داواکاری یەکان چۆن دەبێ". لە مەڕ لێدوانێکی ئیبراهیمی عەلی زادە دەبیر ئەووەڵی کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە لە وتووێژ لە گەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا ڕەخنە لە هەڵوێستی حدک سەبارەت بە بەرنامە هەشت خاڵی یەکەی کەڕۆبی دەگرێ، سکرتێری پێشووری حدکا قامک دەخاتە سەر چەند خاڵێک. حەسەن زادە لە تاووتوێکردنی ئەو هەڵوێستە ی ئیبراهیمی عەلی زادە دا گوتی: " ئێمە نەمانگوتوە، لە هەڵبژاردنەکان دا بەشدار دەبین. لە گەڵ ڕێزم بۆ کاک ئیبراهیمی عەلی زادە، ئەو نەزەردانە جۆرێک بەرگرتنە بە دەربڕینی ئازادی بیروڕا. ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە خۆت نەزەری خۆت دەرببڕی، بەڵام لێگەڕێ با خەڵکیش نەزەر و تێبینی یەکانی خۆیان دەرببڕن. ئەوە زیاتر باوەڕنەبوونە بە ئازادی تا ڕەخنەگرتن و ئینتقادلێگرتن. ئەگەر خەڵک بە قسەی ئێمە بەشدار نەبن، بێگومان بە قسەی ئەوانیش هەڵبژاردنەکان تەحریم ناکەن. لەوە دا گومان و شک نیە، کە حدک گوێگر و لایەنگرێکی زیاتری هەیە و ئەو ڕێژەیەش زیاتر لەوانن. لێکدانەوەکانی ناوبراو لە سەر بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدک، ئەگەر نەزەردانە زۆر باشە و نەزەری خۆیەتی، بەڵام با ئیمکانی دەربڕینی ئازاد بە خەڵک بدەین ."

حەسەن زادە، کە لە پێوەندی لە گەڵ هۆکارەکانی سەر نەگرتنی لێک نزیکبوونەوەی ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی تاقیکاری یەکی بەردرێژە، بۆ سەرگرتنی ئەو بیرۆکەیە زۆر دڵخۆش نیە. ناوبراو خۆشکردنی بەستێنی هاوکاری لە نێوان لایەنە سیاسی یە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارودۆخی ئەمڕۆدا پڕ لە تەنگ و چەڵەمە دەبینێ و بە ئاسانی نازانێ. ئەو لە سەر گۆڕینی تەرزی تەفەککور و بیرکردنەوە پێ دادەگرێ و ئەو هەنگاوە بە پێویست و گرینگ دەزانێ. حەسەن زادە هەوڵدان بۆ هاوکاریی زیاتر و زۆرتر بە ئەرکی هەموو لایەک دەزانێ و هەڵاتن لە بەر یەکتری بە ئەرێنی نازانێ. بە وتەی ناوبراو هەر لێک نزیکبوونەوەیەک پێویستیی بە دانیشتن و هاوفکری هەیە، جا ئەگەر لایەنەکان ئامادە نەبن پێکەوە قسە بکەن ئەوە زۆر زەحمەتە. ناوبراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە حدک ئەگەر هەڵبژاردنەکانی تەحریم کرد، ئایا کار بۆ ئەوە دەکا هەڵوێستی حدک لە نێوخەڵک دا پڕاکتیزە بکرێ، دەڵێ: "ئێمە ئەگەر تەحریممان کرد و داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانمان کرد، چی دیکە دەبێ بکەین؟ خۆ هانی خەڵک نادەین بۆ ئەوەی پەلاماری سەر سندووقەکانی دەنگدان بدەن و بیان شکێنن. ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین داوای بایکۆتکردن یان نەکردنی هەڵبژاردنەکانە و خۆ ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا نیین، کە بڕیاری دیکە بدەین و هەڵوێستی دیکەمان هەبێ ."

سەبارەت بە سەفەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پارێزگای کوردستان (یەکێک لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و وتە و قسەکانی ناوبراو لە شاری سەقز، عەبدوڵڵا حەسەن زادە هەڵوێست و دەربڕینی خۆی هەیە. لە شاری سەقز خامەنەیی رادەگەیەنێ، کە ئەمریکا ئامانجی زاڵبوونە بە سەر قەومی (نەتەوەی) کورددا. حەسەن زادە لە سەر وتەکانی خامەنەیی دەڵێ: "پێش ئەوەی خامەنەیی لە دایک بێ، میللەتی کورد و خەباتی کورد هەر هەبووە خامەنەیی زۆری ماوە سەبارەت بە کورد و مێژووی کورد قسە بکا و نەزەری لە سەر بدا. ئاغای خامەنەیی چی بۆ کورد پێیە و چی بۆ کورد هێناوە؟ غەیری حەملە بۆ کورد؟ ناوبراو قەولی تەحققوقی ئازادی و مافی پێداون؟ پێم خۆش نیە باسی بکەم، بەڵام ئاغای خامەنەیی پێویستە بە دەستنوێژە وە باسی میللەتی کورد بکا". حەسەن زادە لە درێژەی لێدوان لە سەر ئەو بابەتە شیکردنەوەی زیاتر دەخاتە ڕوو و وتەکانی خامەنەیی و بێ بناخە بوونی دەربڕینەکانی ڕێبەری نیزام دەخاتە ژێر پرسیار. ناوبراو لەو پێوەندی یە دا وتی: " خۆزگە ڕۆژێک خەڵک بە ئازادی دەنگی خۆیان دەربڕیبا، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە خەڵکی کوردستان نەفرین لە نیزامی ئاخوندی دەکەن یان هێزە سیاسی یەکانی کوردستان. خۆزگە ئەو فەزایە پێک هاتبایە، کە خەڵک بەو پەڕی ئازادی

هەڵوێستیان گرتبا، بۆ ئەوەی بزانین جمهوریی ئیسلامی قەدری لای کورد چەندە. خامەنەیی کە دەڵێ لە گەڵ کورد و نوێنەرانی کورد دانیشتوە، روون نیە لە گەڵ چ کەسانێک دانیشتوە. ئەو کەسانەی لە گەڵ خامەنەیی دانیشتوون، چەندە رێگا و دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە نێو ئەو هەموو موحافیز و پارێزگارە دا قسەی خۆیان بکەن. خۆزگە رۆژێ بایە، میللەتی کورد نیشانی دابایە، کە چەندە لە جمهوریی ئیسلامی بێزارە.

لە کاتی وتووێژدا کورتە سەرنجێک درایە سەر هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان. لەو مەڵبەندەی کوردستان، کە تەنیا بەشێکی کوردستانە، کە کورد دەتوانێ و دەرفەتی هەیە بە شێوەیەکی رێژەیی لە سەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. داهاتووی ئەو پارچەیەی کوردستان لە سەر بزووتنەوەی سەرتاسەری کوردستان شوێنەواری خۆی دەبێ. دەسەڵاتی کورد لەو بەشەی کوردستان لە بەردەم تاقیکاری دایە و دێموکڕاسی و کولتووری دێموکڕاسی لە رووبەری ئەو بەشەی خاکی کوردستان دا هێشتا رەگ و ریشەی دانەکوتاوە. حەسەن زادە، کە ساڵانێکی زۆرە لە سنووری نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە، لە قۆناخ و هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دا ئاگادارە و دوور و نزیک سەرنجی خستوونە سەر. ناوبراو تێروانینەکانی خۆی لە سەر هەڵبژاردنەکانی پارلمانی باشووری کوردستان و داهاتووی بالانسی دەسەڵات لەو پارچەیەی کوردستان بەمجۆرە دەردەبڕێ: " دێموکڕاسی و دەنگی زۆرایەتی باشە، بەڵام خوانەخواستە نابێ، ئەو ئازادی یە زەربە لە یەکدەنگی و یەکڕەنگیی کورد بدا و وەحدەتی کورد تێک بدا. هیوادارم هەڵبژاردنی مەجلیس سەرکەتوو بێ. لەو مەجلیسهدا، کە قەرارە هەڵبژاردنی بۆ بکرێ، دەنگی جیاوازی زیاتر لە پارلمانی ئەمرۆ تێدا دەبێ. لە پارلمان و مەجلیسی ئێستاکانە دا دوو حیزبی سەرەکی وەک هاوپەیمان خاوەنی دەسەڵات بوون و جیاوازی زۆر نەبووە. بە بڕوای من تەوازونی قوا لە باشووری کوردستان ناگۆڕێ و ئەوە بە دوور دەزانم. بەڵام لە سەر یەک دەنگی جیاواز و سەربەخۆ زیاتر هەڵدەبژێردرێن و دەچنە مەجلیسی کوردستانەوە.

سەرچاوە:ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٠٩

بۆیادی یەکەم شەهیدی قۆناغی نوێی خەباتێکی دورو درێژ

گەلێک دژوارە کاتێک مروڤ لە دایک دەبێ چارەنووسو داهاتویەکی نادیار چاوەرێی دەکا. بە تایبەت گەر ئەو مرۆڤە لە نێو گەلو نیشتمانێک بێ کە هێشتا داواکردنی سەرەتایترین سەرەتایترین داخوازییەکانی مرۆڤ بۆ خۆیو گەلەکەی گەورەترین کیشەی بۆ ساز بکا، ناخۆشتر لە هەموان ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە کاتێک هەڵدەداو گەورە دەبێ مەجبوورە ژیانو مێژوو دووپات بکاتەوەو درێژە بە خەباتی رابردووی نەوەی پێش خۆی بدا بۆ ئەوەی نەوەی دواتری خۆی رابردوو دووپات نەکەنەوە. هەوڵ دەدا خەبات ویستێک بە سەرمەنزڵ بگەیەنێ بۆ خۆیو نەوەی دوای خۆی ببێت بە شانازیو شان لە شانی گەلانی بەختەوەر بخشێنن.

سالێک لەوە پێشو لە مانگی پووشپەرداو لە سەردەمی دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستان بەر ێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. واتە لە رۆژی ٥ی پووشپەری ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا، هاورێ شیخ غەریب حەسەنی یەکێک لە تێکۆشەرانی دیرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو خەباتگیری سەردەمی هەردوو ریژیمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی کە بە مەعمووریەتێکی حیزبی دەچێتەوە شاری سەقز، لە گەرەکی بەردبرانی ئەم شارە لە لایەن کەسێکی خائین بە گەلو نیشتمان، راپۆرتیان لێدەدرێو لە ئاکامدا هاورێ شێخ غەریبی حەسەنی کە لە نێو کۆری تێکۆشەرانی حیزب دا بە خاڵە شیخ غەریب دەناسرا بە چەکی پەلاماردەران شەهید دەکرێو ماڵ ئاوایی لە گەلو نیشتمانو هاوسەنگەرانی دەکا. هەر لەو رۆژەو لەو رووداوەدا هاورێ کەماڵ شەریفی تێکۆشەرێکی بەوەجو چالاکی بواری رۆژنامەنووسی لە لایەن پەلامار دەرانەوە بە دیل دەگیرێو رەوانەی ئەشکەنجەگاکان دەکرێ.

کاتێک خەباتی نەتەوەییی بە رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەری هەڵداو ئەم خەباتەی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بە لووتکە گەیاند، تاکو کۆی کۆمەڵگای کوردستان کەسایەتی نەتەوییی خۆیان هەست پێکرد. بیری ئازادی خوازییو نیشتمان پەروەری لە بازنە هاتە دەرو پانتاییەکی بەربڵاوتری بەخۆوە گرت، هەر ئەمەش وای کرد لە پاش تێکچوونی کۆمارو دەسپێکی قۆناخی نەهێنی شۆرش، لەو پانتاییە بەر فراوانەی کەلە رێگای بیرو باوەری کۆماری کوردستانە نەوەیەک شارەزا بە ئاواتو ئامانج، تێگەیشتوو لە کەسایەتیو شعووری نەتەوەیی کورد هەوڵی پەرەپێدان بەو بایەخە بەرزە ئینسانیانە بدەن. دیتمان پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ئەو

بایەخانەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەباتی بۆ دەکرد بە ملیۆن مرۆڤی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە ئەو حیزبەو خەباتەکەیان لە خۆیانو بۆ خۆیان دەبینی.

باس لەوە ناکەم کە دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئێران چۆن بە فیڕۆ رۆشت!. بەڵام لە سەردەمی دیفاعی چەکدارانەی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێمۆکرات لە بەرانبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بایەخە نەتەوەییەکانی کورد بۆ بە ئامانج گەیشتنی کەوتە سەختترین قۆناغەوە. هەر لەو پێوەندییەدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی دەسەلاتداریەتی خۆی دژایەتی حیزبی دێمۆکراتی لە تەواوەیتی خۆیدا کردوە، ئەم دژایەتییە تەنیا بۆ لە نێوچوونی تاکو کۆی ئەو حیزبە نیە، بەڵکوو شەرە دژی ئەو ئەرزشو بایەخانەی کە حیزبی دێمۆکرات ساڵانێکە خەباتی بۆ دەکاو خەڵکی کوردستان لەو پێناوەدا شەهیدیان بۆ داوەو خوێنیان بۆ بەخشیوە.

لە سەردەمی ئێستادا دەبینین بە خۆشیەوە ئەو بیریی ئازادیخوازییەی کە حیزبی دێمۆکراتو تێکۆشەرانی کورد خەباتیان بۆ دەکردو خەڵکی کوردستان پاراستنی بایەخە بەرزە مرۆییەکانو ویستە نەتەوەییەکانی کردبووە هەوێنی ژیانو خەباتی خۆیان لە بەرانبەریش دا کۆماری ئیسلامیش قەت لە هەوڵکانی بۆ فەوتانیو بەلارێدا بردنی دەریغی نەکرد. بەڵام ئێستا بە خۆشیەوە دەنگی ماف ویستیو ئازادیخوازی لە شەقامەکانی تارانو شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دەبیستریو قوربانی بۆ دەدرێ ئەو دەنگانەی کە لە شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئێرانەوە دەبیستریێ هەر ئەو دەنگانەیە کە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان لە کۆچە بازارەکانو شۆێنەگشتیەکانیدا ٣٠ ساڵە بەرز دەکرێتەوەو رێژیم گۆێی خۆی لێخنیوە، یان بە گوولەو بارووت وڵامی داوەتەوەو پێشی بەپەرەگرتنی گرتوە.

لێرەدا ئاماژەکردن بەو راستیە پێویستە کە ئەو شۆرشە مافخوازانەیەی کە بە رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی واقعبینانە بوو لە نێوەرۆک بنەما فکریەکانی کۆماری ئیسلامی. لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە کۆماری ئیسلامی ئەوەی سەلماند کە لەگەڵ جیاوازییە نەتەوەییو کولتووریەکانی نێو چوارچێوەی ئێران تەباو رەبا نیەو سەرکوتو کوشتنی خەباتکارانو ئازادیخوازانی سەر بە نەتەوەو کولتوورە جیاوازەکانیشی بە ئەرکی شەرعی دەزانیی.

گەر ئیستا دەبینین ئەم رێژیمە پاش ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتداریەتی، خەباتکارێکی شیلگیرو بەردەوامی وەک کاک شێخ غەریبی حەسەنی شەهید دەکاو چالاکێکی بواری رۆژنامەنووسی وەک کاک کەمال شەریفی دەخاتە بەندیخانەوە، ئەو راستیەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەو لەو بایەخانە نیگەرانو تۆقیوە کە هەر لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێرانەوە بە ملیۆنان مرۆڤی وەک شێخ غەریب لە کوردستان داوایان کردووەو خەباتی بۆ دەکەن.

نەوەی دوای شۆرشی ٥٧ دەنگی بێزاری هەڵهێناوەو هاوارو خوێنی نەدا ئاغا سووڵتانەکان تێکەڵ بە هاوارو خوێنو خەباتی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بووە، هەڵویستی بەجێیو بوێرانەی ٢٣ی جۆزەردانی ئەوساڵ لە سەرانسەری ئێراندا لە پێناو مافە بەحەقەکانیان مزگێنی دەری ئەو راستیەیە کە ناکرێو ناتوانرێ بیری ئازادیخوازیو مرۆڤ دۆستی بە گوولەو barووت بە کوشتنو لە زیندان خستن لە نێوو ببرێ کە گەر خەباتێک رەواو لە ناخی کۆمەلگاوە هەڵقولابێ، چارەسەری کێشەو گرفتەکانی خەڵک خەمی سەرەکی ئەم خەباتەو شۆرشگێرانی بێتو دڵی لەگەڵ دڵی نیشتمانەکەیو ویستە نەتەوەییەکانی لێبدا وەک چۆن رابردوومان نەخشێندراوە بە هەوڵو خەباتی تێکۆشەرانی وەک خاڵە شێخ غەریبو خۆراگری کاک کەماڵی شەریفی. وەک چۆن رابردوومان پرە لە خۆراگریو گیانبازی دەیانو سەدان شەهیدی وەک سارتکەییو نەزمیو قادری. لە داهاتووش دا دەکرێو دەتوانین رۆڵی گرینگو چارەنووسسازمان هەبێ لە زیاتر بەرفراوانتر کردنی بیری نەتەوەییو ئازادیخوازیو بەرەو پێش بردنو چالاکترکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٠٩

---

## *باوەڕ بە گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕین، لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی د.قاسملوو بوون.*

*هەڵکشە بەرەو لوتکە!*

*لە هەر جێیەک هەی و لە هەر مەڵبەندێک هەناسە دەدەی*

*هەنگاو هەڵگرە و بەرەو لوتکەی ئاسمان بڕوانە*

*تیژ بڕوانە و سەربەرزانە بەرەو*

*ئەستێرەی پڕشەنگداری سەرکەوتن رێگە بگرە*

*با هەنگاوەکانت سڵکردنەوە نەناسن*

*چاوەکانت با هەرگیز لە گەڵ سەرکەوتن و شکان نامۆ نەبن*

*تۆی ئێرادە و وزە، تۆی باوەڕ و هێز*

*لە پێدەشتی نیشتمان و لە بناری چیا*

*لە سەر لوتکەی سروشت و لە هەر بستە خۆڵێکی کوردستاندا*

*بوونت لە هەناوی هەناسەی ژیان و جوڵەی سروشت دایە*

*سەفەری گەیشتن بە مائامانج دەستپێبکە*

*تۆ لە گەیشتن بە ئامانجدا مانا دەدەی*

*تۆ لە هەڵکشان بەرەو لوتکە بوونت مسۆگەر دەکەی*

## پێشەکی

خوێنەری بەڕێز، لەسەر داوای کۆمیتەی یادی ٢٠ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی، هەوڵدەدەم لەو نووسینەدا رەهەندی گۆڕان و کاریگەری رەوتی گۆڕان لەسەر کەسایەتی ناوبراو بەشێوەیەکی ساکار بێنمە بەر باس. مەبەست تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرایە، چونکەبۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی بابەتێکی بەپێز کات و سەرچاوەی لێکۆڵینەوە پێویستن.

جێگای خۆیەتی لە بیستەمین ساڵڕۆژی ئەو جینایەتدا وانەکانی مێژوو لە یاد نەکرێن. ئەگەر چی ئامانجی د.قاسملوو و حدکا چارەسەرکردنی کێشەی کوردیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگای وتوویژ بوو، بەڵام شێواز، جێگا و تکنیکی وتوویژ هەڵەبوون. لێکدانەوەی سکرتێری حدکا لە سەر بارودۆخی هەستیاری ئەو کات و بە تایبەت هەلومەرجی ترسناکی بزوتنەوەی کورد پاش کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق پاڵنەری جیددی بوون، بۆ ئەوەی لە رۆژە رەشەکاندا کورد تووشی ئاشبەتاڵ نەبێتەوە. لێکدانەوەکانی د.قاسملوو و بەشێک لە رێکخراوە سیاسیەکان پاش پەلاماری کوت و پڕی ئەرتەشی سەددام بۆ سەر کویەت وەرچەرخانیان تێکەوت و بزوتنەوی کورد لە هەڕەشەی جیددی سەرکوتکران و کەلەپچەکران رزگاریان بوو.

لەو سەردەمەدا لێکدانەوەی جیاواز لە سەر دوارۆژی ناوچە و هەڵسوڕێنەرانی نیزامی ئاخوندی دەکرا. ئوروپاییەکان و بەشێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە ژێر کاریگەری فرت و فێڵی ئاخوندەکان و لێکدانەوەی رۆژئاواییەکان. بەشێک لە وتە و کردارەکانی رەفسەنجانی و قۆڵی ناسراو بە نەرمرۆکان، گۆرەپانی خۆشباوەڕی تەخت کرد و هەر ئەو پەیامەش بوو، کە لە لایەن د.قاسملوو بە ئەرێنی وەرگیرا و کۆماری ئاخوندی وەک پیلان و تەڵە سوودی لێوەرگرت. مێژووی ئێران و فرت و فێڵی دەسەڵاتدارەکانی ئێران لە سەردەمی ئیمام و شادا بۆ کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پڕن لە وێنە و رووداوی دڵتەزێن. زۆرن ئەو کوردانەی، کە بە فرت و فێڵ و لە کاتی میوانی و دیالۆگدا بە تیری دەسەڵاتدارەکانی ئێران پێکراون و گیانیان لێ ئەستێندراوە. دوکتۆر قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتیانەیە، کە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ لە پێناوی کوردایەتی و دەستبەربوونی ئامانجەکانی کورددا، لە سەر مێزی بە ناو وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا دەکەوێتە بەر دەستڕێژ و گیانی لێدەستێندرێ.

لە رەوتی بەردرێژی خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ئەگەری دووپاتبوونەوەی رووداوی لەو جۆرە دوور نییە. پێداچوونەوە بەرابردوو لەسەر بنچینە و بەستێنی تێگەشتن لە هەوێن و ناخی رووداوەکان و هەڵپەرداوتنی داری گومان بۆ رۆنان و بەهێزکردنی وریایی نەتەوەیی بە سوود و پێویستە. خۆلادان و خۆدزینەوە لە رووداوەکان و لە بیرکردنی وانەمێژوویەکان بۆ نەوەی داهاتوو هەزینەی خۆی دەوێ. هەڵە و کەوتنەکان لە گۆڕەپانی نەتەوەییدا کاتێک دەبنە سەرمایەی راستەقینە و دەستمایەی جێگای متمانە، کە راستی و دەقی رووداوەکان لە مێژووی گەلدا تۆمار بکرێن. لە کێبەرکێی نێوان تیۆری و پراکتیکدا وانەیەکی بە سوود هەیە، کە پراکتیک و کردار بە نزیکترین پاڵپشتی تیۆری دەزانێ. بە گوێرەی ئەو وانەیە، کورد لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکاندا بە کردەوە و لە گۆڕەپانی پراکتیکدا خاوەنی ئەزموونی زۆرە. ئەو ئەزموونە لە شکڵ و شێوازی سەردەمیانەدا تیۆریزە نەکراوە و لە رابردووی خەبات و ژیانی سیاسیی نەتەوەکەماندا رۆڵ و نەخشی گرینگی نەگێراوە.

چارەنووسی کەسانی وەک سمایل ئاغا (سمکۆ) ئەگەر وانە و دەرسی گرینگی مێژوو بایە، تیرۆرکردنی کەسانی وەک د.قاسملوو بەو ئاسانییە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەڕێوەنەدەچوو. زیندووراگرتنی بیرەوەریە تاڵ و رۆژە

مێژووییەکان لە مێشک و بیری نەتەوەیەکدا بە مانای هەنگاوهەڵگرتن بەرەو خۆناسین و ئەوانی دیکە ناسینە. نەتەوەیەک کە خۆی پێناسە دەکاو ئاستی خۆناسینی دەچێتە پلەی پێگەیشتووی و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە، زیاتر و روونتر هەست بە قەوارەی بوون و سنوورەکان دەکا. خۆجیاکردنەوە لە ئەوانی دیکە، بە تایبەت ئەوانەی بوون و ناسنامەی کوردبوون دەخەنە ژێر پرسیار بە مانای کارکردن و تێکۆشان لە پێناوی پاراستنی سنوورە سروشتی و مەنتقیەکانی ژیان و بوونە.

## تەوەرەی ٢٠ ساڵەی تیرۆرکرانی قاسملوو

لە ٢٠ ساڵەی یادی تیرۆرکرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانی دا چەند باس و بابەتێک هێشتا بەنەگۆڕی ماونەوە. بیست ساڵ بەسەر ئەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیەدا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا کۆماری تیرۆر و تۆقاندن (کۆماری ئیسلامی ئێران) لەدەسەڵاتدایە و وردەکارییەکانی نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو ئاشکرا نەبووە. کاتێک باس لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەو گەلە دەکرێ، مەزڵومییەتی کورد و بێچارەنووسی کورد لە گۆڕەپانی نێوخۆ و دەرەوەدا زیاتر خۆی زەقدەکاتەوە. مێژووی پێوەندییەکانی کورد و نەتەوە سەر دەستەکانی فارس، تورک و عەرەب بە بارتەقای سەدان ساڵ پڕە لە بیرەوەری تاڵ و بە ژان. پێوەندی بزوتنەوەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا هەڵگری پەیامی روون و ئاشکرایە. تێگەیشتنی ئێمەی کورد لە پەیامی مێژوو لە سەر بنچینەی خەیاڵ و خۆشباوەڕی رۆنراوە، بۆیە لە بازنەی بەرەنگاری و خەباتکردندا پشک و بەشی کوردان سەفەر بەرەو لێوارەکانی کەوتن و شکانە. لە شادەمارەکانی جەستەی نیشتماندا خوێنێکی زۆر لەگەڕان و سووڕخواردندا بووە، بەڵام بیرو هزری تێکڕایی نەتەوەی کورد بە دەگمەن لە گەڵ کردار و رەفتاری نەتەوەیی یەکانگیر بوون. نەبوونی باڵانسی گونجاو بۆ نەتەوەی کورد، لە کەرتەکانی هزرو لێکدانەوە، باوەڕ و کردار بە رێژەیەکی زۆر باوەڕبەخۆبوونی کوردەکانی بردۆتە ژێر پرسیار.

تەوەرەی بیستەمین ساڵی تیرۆرکرانی د.عە بدولڕەحمان قاسملوو، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەمڕۆ و بۆ سبەیش جێگای باس و لێدوانی جۆراوجۆرە. کەیس و پەروەندەی تیرۆری سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە بەر کەین و بەستی بازرگانی و سیاسی تاران و ڤییەن نەتوانرا بکرێتە پەروەندەی ئەکتیو و کراوە، کە قاتڵ و بەرنامەداڕێژەرانی ئەو قەتڵە سیاسییە بۆ بیروڕای گشتی خەڵک روونبکرێنەوە. ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش

مافی ئینسان و مرۆڤەکانی فیدای بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوریەکان نەکردبایە، ئێران بە هیچ شێوەیەک لە ساڵی ١٩٩٢دا د.سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تیرۆر نەدەکردن. هەروەک نیزامە کۆنەکانی ئورووپا لە دابەشکردنی خاکی کوردستان و بێچارەنووسکردنی نەتەوەی کورد دا رۆڵی نەرێنیان گێرا، دەوڵەتی ئوتریش لە تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانیدا رۆڵ و نەخشی نەرێنی گێڕا. ئورووپاییەکان و دەسەڵاتی سیاسیی لە رۆژئاوا بە لۆژیکی ئابوری بڕیار دەدەن. باس و تەوەرەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان تەنیا لە رووکەشێکی جوانکاری دەچن، کە لە رواڵەتدا بە خاڵە بەهێز و گونجاوەکانی کولتووری رۆژئاوایی پێناسەی دەکەن.

ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و جیهانیی خاوەنی دەزگایەکی بەرپرس و عادڵانە بایە، بە دەگمەن پەروەندەی تیرۆر و جینایەتی ئینسانکوژەکانی کۆماری خوێن و جینایەت لە ڤییەن و دەیان شوێنی دیکەی ئەم جیهانە پەردەی بێدەنگی بەسەردا دەکێشرا. تۆماری کێشە زۆر و زەوەندەکانی کورد و دابەشبوونی خاکی کوردان لەنێوان چوار دەوڵەتی سەر بە چوار نەتەوەی سەر دەستدا، وزە و هێزی نەتەوەیی تووشی شلەژانی بەردرێژکردووە. دەرچوون بۆ ساتەوەختێک لە کەش و دۆخی کوردبوون و هەڵلاجیکردنی نەهامەتی و کێشەی کوردان، لەچاو و هزری کەس و لایەنێکی دەرەکیدا هەڵگری چەند رستەیەکی کورت و پڕ مانان. یەکێک لەو رستە و هزرانە بریتییە، لەوەی کورد لە کوردبوون، مێژوو و زمانی خۆی شارەزا و ئاگادار نییە. لەپڕ ماناترین رستەکان، ئەو رستەیە کە باس لە کۆکبوونی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بە سەرکوردستان لە سەر تەوەرەی کوردستان و کورد دا دەکا. لە هەمان کاتدا پێوەندی نێوان رێکخراو و حیزبە کوردییەکان و تەنانەت خەڵکی کورد لە گەڵ یەکتردا ئاڵۆزە.

لە نێو گێژاوی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و ژێردەستە زۆر قۆناخی جۆراوجۆری بڕیوە، بەڵام ئاسۆی مەنزڵگەی وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنووسین و مافە ئینسانیەکانیی هێشتا ناڕوونە. نەتەوەی کورد بێجگە لە نەبوونی لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا، بە هۆکاری سەرکوتکرانی بەردەوام لە گۆڕەپانی نەتەوەکانیشدا لاواز و تەنانەت بە کردەوە بێ پێگەیە. مافی خاوەنایەتی کورد بە سەر خاک و زێدی کوردان لە لایەن دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بوونی نییە و سیاسەت و رێبازی ئەوان بنکۆڵکردنی رەگ و ریشەی مێژووی کوردانە.

داپڵۆسینی بەردەوام، نەبوونی هێمنایەتی راستەقینە بۆ کوردان و سیاسەتی لە پاش راگرتنی نەتەوە ژێردەستەکان رێکارەکانی بەردەم گەشەکردنی هەمە لایەنەی کۆمەڵگای کوردەواری بەرتەسک کردووە. ئەو بارودۆخەیە، کە هاندەری رۆڵەکانیەتی و زنجیرە بزوتنەوەیەکی دژ بە سەرەڕۆی بەرهەم هێناوە. لە مێژووی گەلانی ژێردەست و یەک لەوان گەلی کورددا زۆر جار کەسانێک هەڵدەکەون، کە ژیان و تەمەنی خۆیان بۆ ئامانجی رزگاری و دابینکردنی ماف و ئازادییەکان تەرخان دەکەن. د.قاسملوو لە ریزی پێشەوەی ئەو مرۆڤانەدایە، کە بە شێواز و رێگای تایبەت هەوڵیدا لە سەر بنچینەی ناسینی رابردوو، ئاشنایەتی لە گەڵ مێژوو و کولتووری گەلانی دیکە توانا و وزەی خۆی بۆ ئەستاندنی مافی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە گەڕ.

قاسملوو لە دایکبوو و گەورەبووی سەردەمەکانی وەک ئاشتی سارد، شەڕی جیهانی و شەڕی سارد بنەماڵە، مەڵبەندی ژیان، کۆمەڵگا و سەردەم لە بارهێنان و دروستکردنی مرۆڤەکاندا رۆڵی کاریگەر دەگێڕن. قاسملوو لە سەردەمێکدا لە دایکبوو،کە کوردستان و جیهان و بە تایبەت دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کات لە بارودۆخێکی تایبەتدا بوون. زیاتر لە یەک دەیە بوو، کە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو. کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیە، سوریە و عێراقدا دابەشکرابوو. لە سەر پاشماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی خەریک بوو ریزبەندییەکی دیکەی نێودەوڵەتی پێکدەهات، کە جیهانی بەرەو شەڕێکی گەورەی دیکە راپێچ دەکرد. لە کوردستان بزوتنەوە و سەرهەڵدانە رزگاریخوازەکان تووشی شکان هاتبوون. لە کۆبەندی دابەشکردنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کوردەکان بە دۆڕاوی یەکەم پێناسە دەکران.

لە دایکبوون، پێهەڵگرتن و گەورەبوون لە جەرگەی ئاڵۆزیەکانی پێش و پاش شەڕی جیهانی دووهەم، لە گەڵ هەموو دژواری و کەندو کۆسپەکانی رۆژگاردا مەیدانی بیروهزری مرۆڤ خاوەن بەهرەکانیان کراوەتر و بەرفراوانتر کرد. کرانەوەی هەرچەندە کەمی دەللاقەی جیهان بەڕوی ناوچە و کوردستاندا، کەش و بەستێنی لە دایکبوونی ژمارەیەک رێکخراو و حیزبی خوڵقاند. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوەند و رێکخراوانەبوون، کە بوون بە قوتابخانە و مەکۆی بیری نیشتمانپەروەری و مافخوازی. دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەرچوونی رۆژنامە، گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی بیرۆکەی خەبات بۆ رزگاری و ئەستاندنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کوردی کردە بیرۆکەیەکی خاوەن هێما. لاوازبوونی دەسەڵاتی شا

و بوونی هێزی دەرەکی لە بەشێک لە رووبەری خاکی ئێراندا گۆڕەپانی خۆدەرخستن و تێکۆشانی ئیدۆلۆژی و نەتەوەیی ئاسانتر کردبوو.

د. قاسملوو لەو کەش و بارودۆخەدا تێکەڵ بە ژیانی سیاسی دەبێ. بۆ ئەو ژیان لە ژێر سێبەری ئاشتی سارد، شەڕی گەورەی جیهانی و شەڕی سارد هەڵگری وانە و لێکدانەوەی شاراوە و پڕ مانا بوون، کە بۆ هەمیشە چارەنووسیان گۆڕی. ناوبراو ئازارەکانی شەڕی جیهانی، بێ مافی گەلەکەی و کێبەرکێی نێودەوڵەتان و تێکەڵبوون بە یەکێتی لاوانی سەر بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکاتە سەرەتای ئاشنابوون لە گەڵ سیاسەت. چوونی خوێندکارانی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ دەرەوەی کوردستان و بە تایبەت بۆ کۆمارەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت دەللاقەی کراوە بوو، بۆ بەشێک لە نەوەی نوێ و لاوەکان. گەورەبوون لە کەش و لە جەرگەی رووداوە دژوارەکاندا، دیتنی قاتی و قڕی سەردەمی شەڕ، ئاشنابوون لە گەڵ سەرکەوتن و شکانی بزوتنەوەی کوردیی و بە تایبەت رووخانی کۆماری کوردستان،لەو پاڵنەرە بەهێزانەن، کە پاڵیان بە قاسملوو و رێژەیەکی دیکە لە لاوانی کوردەوە نا رێگای خەبات دژ بە بارودۆخی مەوجود هەڵبژێرن.

ئەگەر پاشخانی بنەماڵەیی قاسملوو و بزوتنەوەی کوردیی پاش هەڵگریسانی شەڕی دووهەمی جیهانی بکەینە بەستێنی تێروانینمان، تێکەڵبوونی قاسملوو لە گەڵ یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان دەتوانین بە ئەڵقەی یەکەمی ژیانی سیاسیی ناوبراو پێناسە بکەین. لە جیهانی سیاسەت و کرداردا هەر مرۆڤ و ئەکتەرێکی سیاسیی. لە رەوتی کار و تێکۆشاندا هەڵە و بڕیاری نەرێنی دەبێ. بۆ کەسایەتی دوکتۆر قاسملووش ئەو ئەسڵە لێ جێگای خۆیەتی و رەخنەگرتن لە ناوبراو لە بوارەکانی سیاسی، بەڕێوەبەری، تاکتیک و باوەڕە سیاسییەکان دەگونجێ. تێڕامانێکی گشتی لە کۆبەندی بیروباوەڕ و رەفتارەکانی ناوبراو بۆ وێنە لە رەفتارە سیاسییەکان، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ حیزب، ئەدەبیاتی راگەیاندن و لە بیرنەکردنی کێشەی کورد لە زۆر بوار و گۆڕەپاندا بۆمان روونەبێتەوە، کە ناوبراو چەندە بە کردەوە و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا رۆڵی کوردستانیەکی ئەرێنی دەگێرا. بۆیە لەو کورتە نووسین و وتارەدا ناگونجێ لە سەر سەرجەم بوار و لایەنەکاندا هەڵوێستە بکرێ و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی قاسملوو بۆ خوێنەران بخرێنەڕوو.

**باوەڕ بە گۆڕان و قەتیس نەمان لە بڕگەیەکی تایبەتدا**

گۆڕان ئاوێتەی ژیانی مرۆڤە و لە بیرکردنی ئەو ئەسڵە لە سیاسەت و ژیانی سیاسیدا بە مانای لە گۆڕنانی سەرکەوتن و سەرەتای نەگونجاوییە. هەر سەردەمە تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەر مرۆڤەش پەرەوەردەی رۆژگاری خۆیەتی. ناکرێ باس لە مرۆڤ و مێژووی رووداوێک بکەین، بەڵام سەردەم و زەمانی رووداوەکە و دۆخی گشتی لە بیربکەین. گەڕان و گۆڕان لە مێژووی تاک و کۆمەڵە مرۆڤەکاندا بە دوو ئاڵقەی نزیک و هاوتا لە گەڵ یەکتر مانا کراونەوە. قاسملوو لە ژیانی خۆیدا بە تێپەڕکردنی ئەو دوو هەنگاوە و بە خۆماندووکردنی بەردەوام لە سەردەمە لێک جیاوازەکاندا توانی ببێتە کوردێکی ناوبەدەرەوە و ئەهلی هونەری دیپلۆماسی.

باوەڕی بە کردەوە بەچەمکی گۆڕان، لە ژێر کاریگەری و رکێفی ئیدۆلۆژی، مۆدێل و قوتابخانە هزری و فکریەکان کارێکی ئاسان نییە. باوەڕ بە گۆڕان تەنیا بە مانای دەربڕین و ئاماژەکردنی رواڵەتی بە رەوتی گۆڕان پێناسە ناکرێ. لێرەدا مەبەست لە باوەڕمەندبوون بە چەمکی گۆڕان و رەوتی گۆڕان بە مانای هەوڵ وتەقەللای بەردەوام بۆ داهێنان و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە. ئەوەی پێوەندی بە ئەڵقەی هزر و باوەڕەکانی د.قاسملوو و کەساتیەتی ناوبراوەوە هەیە، کۆکردنەوەی دوو تایبەتمەندی گرینگە، کە پاراستنی سنوورەکانیان بۆ هەر کەسێک ساکار و ئاسان نییە. تایبەتمەندی یەکەم، کورد و کوردستانی بوونی هەمیشەیی قاسملوویە، کە لە وتە، دەق،بڕیار و رەفتاری بەردەوامدا رەنگی داوەتەوە. دووهەمین تایبەتمەندی بریتییە، (هاوکات لە گەڵ پاراستنی بەستێن و پاشخانی تایبەتمەندی یەکەم)، لە باوەڕمەندبوون بە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان و هاوکێشکردنی ئیدۆلۆژییە نا نەتەوەییەکان لە کردار و رەفتاری سیاسیدا.

کەسێکی وەک قاسملوو بە پاراستنی هەوێن و کاکڵەی خەبات بۆ رزگاری نەتەوەکەی و گونجاندن و هاوبەندکردنیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان نیشانی دا، کە لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکاندا دەژی. هونەری گواستنەوە و دەرچوون لە باوەر و ئیدۆلۆژیەک بۆ رەهەندێکی دیکە، لە سەر هێڵی ئاگاداربوون و تێگەیشتن لە رووداوەکان و دەرکی دیاردەکان لە تایبەتمەندییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوو. ئەگەر ناوبراو هونەری خوێندنەوەی سەردەم و رۆژگاری نە بایە، لە بازنەی ئەندامەتی حیزبی تودەی ئێران دەردەنەچوو. سەردەمێک کە بزوتنەوەی چەپ و مارکسیزم و دواتر مائۆیزم سنوورە جۆغرافیاییەکانیان دەبزاند و لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا دەسەڵاتی سیاسیی

و ئیداریان گرتە دەست، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەلانی ئەو ناوچەیە بە حوکمی سەردەم لە ژێر تەوژم و کاریگەری ئەو بزوتنەوەیەدا بوون.

لە جەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە ئێران حیزبی توودە، کە بیروباوەڕێکی مارکسیزمی هەبوو دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە لە ماوەیەکی کەمدا توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە و ببێتە هێزی ئەکتیو و سەرتاسەری وڵات. پاش رووخانی کۆماری کوردستان و هەڵوەدابوونی بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جۆرێک بۆشایی لە کەش و بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبیندرا. لە و سەروبەندەدا بوو، کە د.قاسملوو لە تاران تێکەڵ بە حیزبی توودە دەبێ و لە ریزی ڕێکخراوی لاوان و دواتر حیزبدا کار و تێکۆشانی درێژە پێدەدا. هەرچەندە مرۆڤ ئاگاداری ئامانج و مەبەستی تاکەکان نییە بۆ تێکەڵبوونیان بە سیاسەت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵام بە خوێندنەوەی دەق و تێکستەکانی سەردەمی ئەوکات دەردەکەوێ، کە مارکسیزم و چەپیەتی بە تەواوی مانا لە ناخ و دەروونی خەڵکێکی زۆردا رەگ و ریشەی داکوتابوو. بۆ کەسێکی وەک قاسملوو خەباتکردن دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی ئەگەر ئامانج بێ، ئەوە حیزبی توودە و ئەندامەتی لەو حیزبەدا دەکرێ بە ئامرازێک پێناسە بکرێ. ناوبراو لە ئاکامی دەرچوون لە ئێران و گریسانەوە لە ئورووپا و خۆپێگەیاندندا، بیر و هزری گۆڕانی هەزم کردبوو. هەر بۆیە بە دەرچوون لە ڕێکخستنەکانی توودە، رەخنەگرتن لە سیاسەت و ڕێبازی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیزمی مەوجوود بەهرەمەندبوونی خۆی لە هونەری خۆگونجاندن و پێداچوونەوە بە رابردوودا نیشاندا.

ئۆگری بە رەوتی چەپ و بیرکردنەوە لە ئامانجی دوارۆژ، کە خۆی لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکەی سۆسیالیستی ئاوێتە کراو لە گەڵ دێموکراسیدا دەبینیەوە، قاسملووی لە چەمکی ئازادی گەلان و مافی چارەی خۆنووسین دوور نە خستەوە. بۆ سەلماندنی ئەو روانگەیە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر نامەی دوکتۆرای قاسملوو "کوردستان و کورد" وەڵامدەرە. بە باوەڕی من گەڕانەوە بۆ سەردەمی شەڕی سارد و ئەو کاتانەی ناوبراو لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو، دەتوانێ ئاستی رەخنەگربوونی ناوبراو بەرامبەر بە باوەڕە ئیدۆلۆژیکیەکان و سوودوەرگرتن لە روانگە باوەکانی ئەو کات لە پێناوی دەستنیشانکردنی کێشەی کورد و رێگای چارەسەرکردنیان دەربخات. بۆ ناوبراو شۆڕبوونەوە بۆ ناخی سۆسیالیزم و کۆمەڵگایەکی بە دوور لە چەوسانەوە، بە مانای لە بیرکردنی کێشەزۆر و زەمەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەبوو.

ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و کوردستانی ڕەفتاری دەکرد، کە ئەو هونەرە لە کەم کەسایەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت نەتەوە ژێردەستەکاندا هەبوو. لە ڕوانگەی زۆربەی سەرۆکی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان و کەسایەتیە سیاسیەکان، ڕێکاری کارکردن بە جۆرێکی دیکە بووە و هەیە. بەشێک لەوان کوردستانی بیریان کردۆتەوە و ویستیویانە ناوچەی و جیهانی بجوڵێنەوە، یان لە بنەڕەتڕا بیرکردنەوە و ڕەفتاریان لە سەر بنچینەی ناوچەیەکی داخراو بووە. دەستەیەکی دیکە لەو کەسانە ویستوویانە ئیدۆلۆژیانە و بەرفراوان بیربکەنەوە و ڕەفتار بکەن، کە لە ئاکامدا ناتەبایی و ناڕێکی لە هەناوی ستراتیژی و تاکتیک و ئامانجەکانیاندا سەری هەڵداوە.

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی قۆناخە فکریەکانی مرۆڤ ئاوێنەی بالانوێنی سروشتی باوەڕ بە گۆڕانی مرۆڤە. قاسملوو لە سەردەمی گەرم و گوڕی ئیدۆلۆژیەکان و شەڕی ساردی نێوان بلوکی سۆسیالیستی و سەرمایەداریدا هەڵگری بیرۆکەی پێداچوونەوە بە سۆسیالیزمی دەوڵەتی و هێنانەگۆڕی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک بوو. ناوبراو بە کردەوە و لە تاریفکردنی سیاسەتدا هەوێنی ئاڵوگۆڕ و گرینگی خۆگونجاندن لە گەڵ بارودۆخەکانی بە شێوازێکی ڕێژەی هەزم کردبوو. هەڵوێستەکردن لە سەر دەق و نووسینەکانی و گوێگرتن لە پەیام و وتەکانی ناوبراو پێشاندەری هەنگاوهەڵێنان بەرە گۆڕەپانی ڕیالیزم و واقعگەراییە. لە قۆناخی پێش ڕووخانی حەمەڕەزا شا و سەردەمی کاراکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، ئەو مرۆڤە وێڕای قاڵبوونەوە لە مەیدانی کاری زانستی، دیپلۆماسی و هتد. هەوڵی دا حیزبی دێموکڕات لە گەڵ سەردەم و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هاوئاهەنگ بکا. قەتیس نەمانی د.قاسملوو لە بازنەی دوێنێ و ڕابردوودا، لە باشترین سەرمایەکانی سەرکەوتنی ئەو کەسایەتییە بە ئەژمار دێن. پەڕینەوە لە قۆناخێک و هاوکات هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن و ڕێکخستنی ئەگەری خوڵقانی قۆناخی تازە، لە هونەرە دەگمەنەکانی سیاسەتمەدارە دووربینەکانە.

سەرهەڵدان و گەرمتربوونی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێران و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە نیزامی پاشایەتی، کە بە لوتکەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کات حیساب دەکرێن، بۆ کوردێکی وەک سکرتێری حدک بە گۆڕەپانی کار و تێکۆشان دەناسران. سیاسەت و هونەری سیاسیی ئەو حیکمەت و خوێندنەوەیە بە مرۆڤ دەدەن، کە ئەگەر لە گەڵ ڕووداوەکاندا هاوڕێ و ڕێبوار بێ، باشتر و کاریگەرتر کەسایەتی و لایەنەکان دەتوانن ڕووداوەکان پێناسە بکەن و بۆ بەرپەرچدانەوە خۆیان ئامادە بکەن. بەو واتایە، مرۆڤ دەتوانێ لە دەرفەتەکاندا نەخشەی بەرژەوەندییەکان دەستنیشان بکا. ڕێبەری هەر بزوتنەوەیەک لە ڕیزی پێشەوەی کار و تێکۆشاندا دەکرێ و دەتوانێ

کاریگەر و رۆڵگێر بێ. روخانی نیزامی پاشایەتی و کرانەوەی کەش و دۆخی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەری خەباتی ئاشکرای حیزب و رێکخراوەکانی خوڵقاند. لەو سەردەمەدا کە وروژمی ئاڵوگۆڕەکان قورس و بەرفراون بوون، کەسایەتی قاسملوو زیاترو زۆرتر توانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا رووبەڕوی ئاڵوگۆڕ و دیاردەکان ببێتەوە.

هەڵسوکەت کردن لە گەڵ قۆناخی نە شەڕ و نە ئاشتی لە گەڵ رێژیم، سوودوەرگرتن لە یەکەمین هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی، خوبرەگان و مەجلیس، بەشداربوون لە زنجیرە وتوویژەکان لە گەڵ رێژیم، پاراستنی سەربەخۆیی حیزب لە بڕیارداندا، گرتنی کۆنگرەی حیزب و داڕشتنەوەی قەوارەی ئەو رێکخراوەیە لەو خاڵانەن، کە پێشاندەری نەخش و رۆڵی دوکتۆر قاسملوون. ناوبراو بە تێگەیشتن لە رووداوەکان و سەردەم هەوڵی دەدا خۆی و حیزبەکەی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و گرفتی وەک رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنێ. فەلسەفەی کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی هەنووکەیی، ئاگاداربوون لە رابردوو و روانین بۆ داهاتوو لەو خاڵانەن، کە لە بیر و زەینی هەر سیاسەتمەدارێکی خاوەن هونەر لە پڕاکتیک و تیۆریدا دەوەشێتەوە.

قاسملوو لە ماوەی نزیک بە چل ساڵ تێکۆشان و خەبات لە پێناوی ئامانجەکانیدا بە کردەوە سەلماندی، کە دژ بە رەوتی رووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان ناوەستێ. ئەگەرچی لە قۆناخ و بڕگەکانی ژیانی سیاسییدا سەنگەری خەباتکردن و تێکۆشانی گواستەوە، بەڵام نێوەرۆک و هەوێنی خەبات لە پێناوی ئامانج و رێبازی نەتەوەکەیدا بە نەگۆڕی مایەوە. بۆ ناوبراو سیاسەت لە گەڵ ئەوەی هونەری مومکین بوو، بەڵام چەمکی سیاسەت و ئەخلاق تێکەڵاو و ئاوێتەی یەک بوون. ناوبراو بە ئاگاداربوون لە کەم و کوڕیەکانی نیزامی دەسەڵاتداری ناسراو بە کۆمۆنیسم لە یەکێتی سۆڤییەت و بەشێک لە وڵاتانی ئوروپای رۆژهەڵات و خوێندنەوەی ورد و بەرفراوان لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەو ئامانجە گەیشتبوو، کە گەشەکردن و پێشکەوتن لە باوەش و ناخی بیرۆکەی سۆسیالیزم بێ دابینبوونی دێموکڕاسی و ئازادی وەدی نایەن.

قاسملوو ئاڵوگۆڕەکانی کۆپی نەدەکرد، بەڵام بە شارەزابوون و ئاگاداربوون لە قوتابخانە فیکریەکان و رێڕەوی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی و جیهانی سەرمایەداری هەوڵی دەدا حیزبەکەی لە ریزی پێشەوەی رێکخراوە پێشکەوتووەکان دابێ. تیرۆری دوکتۆر قاسملوو لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرگای پرسیار و وەڵام لە سەر زۆر بابەت و لایەنی پێوەندیدار بە کار و تێکۆشانی سیاسیی ناوبراو بە ئاوەڵاوی

دەهێڵێتەوە. ئەگەر لە ژیاندابایە، بۆ زۆر کەس و لایەن روون دبۆوە، کە ناوبراو لە گەڵ جیهانی پاش شەڕی سارد، کۆماری ئیسلامی ئێران، باشووری کوردستان، کەش و دۆخی پاش شەڕەکانی کەنداو چۆن هەڵسوکەوتی دەکرد.

**ئاکام و کۆتایی**

قاسملوو لە ئاکامی سەرکەوتن بە سەر هەوارزونشێوی زەمانەدا و تێپەڕکردنی کەندوکۆسپی زۆر بەو رۆژە گەیشت، کە رێبەرایەتی حیزبێک بە دەستەوە بگرێ. ناوبراو لە ئەنجامی کراوەبوون و خوێندنەوەی چەند لایەنەی رووداوەکان بە بەرەو داهاتوو و رەوتی ئاڵوگۆڕەکان دەچوو، هەربۆیە لە سەکۆ و مینبەری نێونەتەوەییدا کوردستانیەکی کارامە بوو. ئەگەر لە بازنەی باوەڕ و ئیدۆلۆژیەکی وشکدا قەتیس مابا و لە بڕیاردان و کرداری سیاسیدا مرۆڤێکی کورتبین بایە، بێگومان نەیدەتوانێ ئەرک و رۆڵی کوردستانیەکی کارامە لە ئاستی دەرەوەدا یاری بکا. ئەگەرچی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە و نووسیندا بە رێژەیەکی کەم هەوڵدەدرێ، کە کار و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە بخرێتە بەر باس، بەڵام بە گشتی بە بارتەقای ماندووبوون و تەقەللاکانی لە پێناوی رزگاری نەتەوەکەیدا یادی ناکرێتەوە. ناوبراو لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا تەنیا وەک رۆژهەڵاتیەک هەڵوێستی نەگرتووە و لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە و باسی جیددی دا کوردستانیەک بووە، کە ژان و ئازارەکانی گەلەکەی بە گوێی گەلانی دیکە گەیاندووە. لە بواری هزر و بیرەوە، قاسملوو وەک هەر مرۆڤێکی دیکە سەر بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بەڵام لە بواری رێکخستن و تەشکیلاتیەوە ئەندامی رێکخراویکی کوردی بوو.

ژیان و مەرگی قاسملوو لە کۆبەندی گشتیدا لە سەر بنچینەی هەنگاو بەرەو ئاڵوگۆڕ و لە پێناوی ئاڵوگۆڕدا هەڵچنراوە. ئاڵوگۆڕە فکری و رامانەکان، هاوکات گۆڕینی بەردەوامی تاکتیک و شێوازی خەبات پێ بە پێی بارودۆخی ناوچە و جیهان لە تایبەتمەندییەکانی قاسملوون. مێژووی هەستان و کەوتنی قاسملوو و وەسەرپێ خستنەوەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، بە رێبەرایەتی ناوبراو شایەتی دەدەن، کە ناوبراو چەندە و لە ئانالیزەکردنی رەفتارەکانیدا لە چ ئاستێکدا باوەڕی بە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان بوو. وەستان و راوەستاوی فکری و تێکۆشان لە فەرهەنگی هەر سیاسییەکی وردبین و کارامەدا بە زەحمەت جێدەگرێ. بۆ ناوبراو ئەگەرچی شەڕ رێگاچارەی کێشەکان نەبوو، بەڵام دەیزانی کە ئاشتی و ئازادی بێ ماندوو و بوون لە گۆڕەپانی هیچ گەل و

نەتەوەیەکدا سەوز نابن. بە سرنجدان بە باوەڕی ناوبراو لە مەڕ لاگیریکردن لە خەراپترین دێموکڕاسی لە بەرامبەر باشترین دیکتاتۆریدا روون دەبێتەوە، کە چەندە دژ بە داخراوی و چەقبەستووی بووە. دێموکڕاسی و ئازادی لە گەڵ هەموو کەم و کۆڕییەکان بە شاهیدی مێژوو سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنن.

تێگەیشتن لە کێشەی کوردستان و خوێندنەوەی مێژووی گەلانی دیکە بۆ قاسملوو وانەیەک بوو، کە شەڕ رێگای چارە نییە و وتووێژ لە دوا قۆناخدا بژاردەی کۆتاییە. هەرچەندە لە دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وردبین نەبوو، بەڵام ئەو وانەیە بۆ مێژووی کوردان گرینگە، کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتەدا بە درێژای مێژوو لە فرت و فێڵ سوودیان وەرگرتووە. هەڵەبوونی تکنیکی وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران،شاراوەبوونی ئەو دانیشتنانە لە خەڵک و بیروڕای گشتی، شاراوەبوونی شوێنی دانیشتن و کەسانی بەشداربوو لە دانووستانەکاندا، لە لایەنە گرینگەکانی ئەو وتووێژەن، کە پێویستە لە بیستەمین ساڵڕۆژی یادکردنەوەی ئەو تیرۆرەدا لە بیر نەکرێن.

لە کۆتایی ئەو نووسینەدا جێگای خۆیەتی لە روانگەی جیاوازەوە ئەو باسە هەڵلاجی و ئانالیزە بکرێن. لێکدانەوە و بەدواداچوونی ئەو رووداوە کۆن نابێ و چەمکی ئاشتی و وتووێژ، مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردان، هەڵسوکەوتی ترسەنۆکانەی رێژیم و فرت و فێڵی دەسەڵاتداران، تیرۆریزم و کەسایەتی قاسملوو وەک خەباتکارێکی کورد لە داهاتوودا زیاتر دەکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ئاکامدا و بە روانینی رەخنەگرانە لە سیاسەت و رەفتاری سیاسیی و باوەڕەکانی قاسملوو، لە یەک رستە دا دەکرێ ناوبراو بە خەباتکارێکی کورد و کوردستانیەکی هەڵگری بیر و هزری نەگۆڕی نەتەوەیی پێناسە بکەین. کەسێک و کوردستانییەک، کە سەرکەوتنی گەل و وەدیهاتنی ئامەنجەکانی نەتەوەیی لە ناخی ئاڵوگۆڕەکان و لە سەر دەستی گەل و نەتەوە دەبینێ.

تێبینی:

ئەو بابەتە لە گۆڤاری تیشک( ژمارەی ٢٥)، بڵاوکراوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە. ئەو شێعرەی سەرەتای بابەتەکە، لە پاییزی ٢٠٠٩ دا نووسراوە

## بە بۆنەی ٢٧ جۆزەردان سیهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان

لە سیهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستاندا، رادیۆیەکی بێناز لە دوو تریبونی جیاوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان دەدوێ. هێشتا رێگای گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی گەل و نەتەوە بێمافەکەمان مسۆگەر نەبوون، بەلام لە یادەکاندا زیاتر ئەو خاڵ و نوختانە دەبینین، کە لە بەرژەوەندی کورتخایەنی لایەن و دەستەیەکی تایبەتیدان. دەنگێک کە بڕیاربوو بۆ نەتەوەیەک ببێتە تریبونی سەرکەوتن و خۆناسین، ئەمڕۆ لە داوێنی هەیبەت سوڵتاندا لە ژێر کاریگەری ئەکتەرە سیاسییەکانی حیزبدا بۆتە بە دوو. بۆ فێربوون لە رابردوو و پێداچوونەوە بە رابردوومان ناکرێ رابردوو پیرۆز نیشان بدەین و خۆمان بە رێبەر و باوکی سەرکەوتنەکان بناسێنین.

لە رۆژانی رابردوودا لە لایەن حیزبی دەموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ رێزگرتن لە دامەزراندنی رادیۆ دوو کۆبوونەوەی رێزگرتن لە بنکەی دەفتەری سیاسیی پێکهێنران. لە هەردووک کۆبوونەوەدا بە شێوەیەکی گشتیی رێز لە کار و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانە گیرا، کە رۆژانێک لەو ئۆرگانەدا تێکۆشاون، بەلام بە کردەوە چەند کەسێک وەک خاوەن و پاڵەوانی ئەو تێکۆشانە قوت کرانەوە. بۆ رێزگرتن لە یادی سیی ساڵەی دامەزرانی رادیۆ، کاناڵەکانی تیشک و کوردکاناڵ، رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رادیۆ دەنگی کوردستان هەوڵیاندا لە گەڵ ژمارەیەک کەس پێوەندی بگرن. ئەو پێوەندییانە زۆربەیان کانالیزەکراو و بۆ بەرژەوەندی یەک لایەنە داڕێژرابوون، بۆیە زۆر سەربازی ون و تێکۆشەری ماندوونەناسی ئۆرگانی رادیۆ دوورەپەرێز خراون و دەخرێن. ئەوە سوننەتێکی کۆن و نەرێنییە، کە ئەوانەی لە گەڕی شایی و هەڵپەڕکەی ئێمەدا نین، با سیما و ماندوبوون و ناویان هەر لە کولەکەی تەڕیشدا نەبێ. ئەوانەی خاوەنی هەڵوێستی خۆیانن و لە بازنە و لیستی لایەنێکدا خۆیان نابیننەوە، تەنانەت جێپەنجە و نەخشیان بە نەبوو دادەنرێ.

بۆ نووسەری ئەو دێڕانە جێگای لێوەردبوونەوەیە، کە بە هەر دوو حیزبی دێموکڕات و بە هەر دوو ئۆرگانی رادیۆوە نەیانتوانی بە بارتەقای تەمەنی رادیۆ و تێکۆشانی پێشمەرگانەی تێکڕای هەڵسووڕێنەران رێز لە تێکۆشانی ئەو کەسانە بگرن، کە لەو ئۆرگانەدا بۆ چەند ساڵێک کاریان کردووە. نەبوونی ئارشیوی کار و تێکۆشانی کادر و پێرسۆنێلی رادیۆ لاوازییەکی گەورەیە، کە بەرۆکی ئەو ئۆرگانەی گرتووە. لێکدابڕان و کەرتبوونی حیزبی دێموکڕات

و لە ئاکامدا ئۆرگانەکان رێگای نووسینەوەی مێژووی کار و تێکۆشانیی تەنانەت ئۆرگانێکی وەک رادیۆی بەربەست کردووە. کورد وەک نەتەوە زۆر حەزی لە ئارشیوکردن و بە دۆکومێنتکردنی دیاردە و رووداوەکانی مێژوو نییە و حیزبە کوردییەکانیش هەر لە سەر ئەو هێڵە درێژە بە کارەکانیان دەدەن. لە نەبوونی ئارشیو و دۆکومێنت دایە، کە بازاڕی خۆدەرخستن و سینگدەرپەڕاندن پەرەدەستێنێ و زۆر کەسی خاوەن کار و جەوهەر، کە ناویان لە لیست دانییە ناو و تێکۆشانیان دەکوژێندرێتەوە.

ئێمە پێویستمان بە قارەمانپەرەوەری نییە و جێگای خۆیەتی هەرکەسە و بە گوێرەی تێکۆشان مافی خۆی پێبدرێ. حیزبایەتی بە مانای کاری هاوبەشە و خەبات بۆ رزگارکردنی نەتەوەیەک بە هەمووان دەکرێ. ئەو کێشەیە تەنیا رادیۆ ناگرێتەوە و زۆر ئۆرگانی دیکەش هەن، کە بە هەوڵوماندووبوونی پێشمەرگانەی چەند کەسێک بالایان کردووە، بەلام پاش ماوەیەک بە هەموو سیغەیەک لەبیرکراون. ئەکتەرەکانی رادیۆ هەر یەک و دوو نین، بەلام کولتوری لە یەکتردان و نان بە یەکتر بە قەرزدان فێری کردوین، کە خۆمان پێ پاڵەوان و لێزان بێ و خەڵکی دیکەش بە سەپانی پووشێ بزانین. بۆ رێزگرتن لە پێرسۆنێلی رادیۆ بە تێکڕای بەش و لقەکانیەوە با ئارشیوی دەنگ، نووسین، بەڕێکردن، پارێزگاری، چەندایەتی و چۆنایەتی هەڵسووڕێنەران مەرج بێ.

گونجاوترین رێگا ئەوە بوو، کە ئۆرگانی رادیۆی هەردووک حیزب بە بلاوکردنەوەی کورتە مێژوویەک لە رادیۆ و کار و تێکۆشانی ئەو ئۆرگانە ئاورێکیان لە رابردوو دابایەوە. ئەو کورتە مێژوویە دەکرێ بۆ داهاتوو ببێتە سەرەتای لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە رۆڵ و نەخشی راگەیاندنی شاخ. گەشەکردن و بە رۆژکردنەوەی ئۆرگانە گرینگەکانی وەک راگەیاندن پێویستیان بە بوونی دۆکومێنت و ئارشیو هەیە. بۆ منی تاک نووسینەوەی بە کۆمەڵ گرینگترە نەک تاکە کەس، چوونکە تاکە کەس زیاتر بەردەمی خۆی دەبینێ و ناخوازێ رووداوەکان وەک هەن و بوون بۆ خوێنەران رابگوازێ. کاتێک نرخی خەبات و تێکۆشان جێگە و پێگەی سەرەکی وەردەگرێتەوە، کە بە سەرمایە و موڵکی گشتیی بزانین و لە لایەن هیچ لایەن و تاقمێکەوە پاوان نەکرێ. نەتەوەیەک بۆ رزگاری پێوسیتی بە دڵفراوانی و لێبوردەی زۆرتر هەیە و لە گۆڕەپانی خەباتدا پێویستمان بە دروستکردنی شۆڕەسواری خەیاڵی نییە. پێکەوە بەهێزترین و بالای نەتەوە و پیرۆزی خاک لە سەرووی هەر تاک و لایەنێکی سیاسییە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٢٥ی جوونی ٢٠١٠

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٢

## کوردەکان، سیاسەت و چەمکی رێبەریی

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کورد و خەباتی ئەوان بۆ ئەستاندنی مافەکانیان لاوازبوونی هونەری رێبەریی ئەو بزوتنەوانەیە. لە مێژووی کورددا چەند رێبەرێک هەڵکەوتوون، کە هەوڵیانداوە کولتوری تاکپەرەستی و خۆسەپاندن نەبێتە سوننەتی ژیانی سیاسیی گەلەکەیان، بەڵام ئەوانیش لە بەر هۆکاری نێوخۆیی بۆیان نەلواوە لە بانگەوازەکەیاندا سەرکەوتوو بن. زۆربەی بزوتنەوە کوردییەکان و پارتە سیاسییەکان خاوەنی رێبەریی تاکەکەسیی بوون و هەوڵیان ئەوە بوە، کە بە زۆر ئەو کەسانە بە سەر نەتەوە و مێژوودا فەرزکەن. یەکێک لە ئاماژە دیارەکانی سکرتێر و کەسی یەکەمی پارتەکان ئەوەیە، کە ئامادە نین جێگرێکی دیار و خاوەن بەرپرسیارەتی لە دەورەبەری خۆیان ببینن، چوونکە ئەوان راهاتوون هەتا مردن هەر ناوی سەرۆک و رێبەریان لە سەر بێ.

گەلانی ژێردەست و کولتوری ژیان و سیاسەت لە نێو ئەو گەلانەدا دۆخێکی گونجاوی بۆ ئەو جۆرە سیاسەتکارانە خوڵقاندوە، کە تەنانەت رەخنەگەرە نێوخۆکانیش بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە سەرەکیەکان پەنا بۆ ئارگومێنت و بەڵگەی لاواز و لاوەکی دەبەن. لە پانتایی ئەو دۆخەدایە، کە سیاسەتکارەکان نەک خۆیان، بەڵکو بنەماڵە و خزم و جاری وایە عەشیرەتەکەیان لە تان و پۆی پارتەکەیاندا خزاندوە. بە واتایەکی دیکە، ئەوان سیاسەت بۆ گەل ناکەن و زیاتر وەک پیشە و رێچکەی ژیان درێژە بە کاری رێکخراوەیی دەدەن. لە نەبوونی کۆمەڵگایەکی رەخنەگر و خۆناسدا ئەو تاکانە جاری وایە خۆیان لێدەگۆڕێ و مرۆڤبوونی خۆیان لە بیردەکەن. ئەوان و دەوروبەر واتێدەگەن، کە ئەو تاکە کەس و بە ناو رێبەری پارتە کوردییانە تاقانەی کۆمەڵگان و تەنیا ئەوان دەتوانن نەتەوە رزگار بکەن. لە رێڕەوی ئەو بیروباوەڕە نالۆژیکانەدایە، کە خۆئامادەکاری بۆ دوارۆژ لە بیر دەچێتەوە و هەرچی هەیە هەر وتە و دەنگ و سیمای تاکە پیاوەکەی پارتەکەیە، کە لە کۆتاییدا جێدەگرێ. ئەوان تەنانەت بیر لە رەوتی ئاسایی و نائاسایی مردن و گیانلەدەستدان ناکەنەوە، کە مرۆڤایەتی لە بەرامبەریدا دەستەوەستانە. مردن و کۆچی مرۆڤەکان و زیندەوەرەکان لە حەقیقەتەکانی رۆژگارن و لە گەڵ ژیان هاوتاو و هاوڕان.

رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی رابردووی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکۆماری عێراق لەو وانانەن، کە بۆ فێر بوون دەبن. تاڵەبانی وەک زۆربەی رێبەرە رۆژهەڵاتیەکان بە زەبری دەرمان و چارەسەر خۆی هێشتۆتەوە و هەرجارە لە وڵاتێک چارەسەری بۆ کراوە. ئەوە یاسای رۆژگارە، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا ناتوانێ و ناکرێ زۆر ئەرکی گەورە لە ئەستۆ گرێ، بەڵام بۆچی ناوبراو ئامادە نەبوە و نییە لە کۆتایی تەمەنیدا واز لە پۆستی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکۆماریی عێراق بێنێ و جێگرەوەیەکی گونجاو ئەو ئەرکانە بەڕێوەبەرێ؟ لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا کورد لەو بارەوە نرخی زۆری داوە و بە هەموو تواناوە یەکێتی نیشتمانی و لایەنگرانی وایان نواندوە، کە هەتا تاڵەبانی هەبێ ناکرێ بیر لە بژاردەی دیکە بکەنەوە! تاڵەبانی لە ماوەی سەرکۆمارییدا بە هۆی نەخۆشی و لاوازی جەستەیی و چارەسەریی کاتێکی زۆری لە کوردستان و دەرەوەی عێراق بە سەر بردوە. ناوبراو لە بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرکۆماریدا، هەرچەندە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە، سەرکەوتوو نەبوە. ناوبراو لە باشترین حاڵەتدا ویستویەتی وەک ناوبژیوانی نێوان شعیە و سوننە و کوردەکان کار بکات، بەڵام ئەو کارە هەر لە بنەڕەتەوە لارە و سەر ناگرێ، چوونکە مێژووی زیاتر لە ٩٠ ساڵەی عێراق پێشاندەری شکستی ئەو تێزەیە.

نەتەوە پێشکەوتوەکان، کە خاوەنی یاسا و دام و دەزگای نیشتمانیین لەو ڕۆژانەدا دەستەوەستان نین و کاروباری وڵات و سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ بە دوعا ناسپێرن. هەموو نەتەوەکان بە مردنی مرۆڤەکان دڵتەنگ دەبن، بەڵام سروشتی ژیان و کایەی سیاسەت و بوون چاوەڕوانی ئێمەمانان ناکات. ئەگەر لە دایکبوونی مرۆڤەکان بە سروشتی وەرگرین، بێگومان مردنی ئەوان و بە تایبەت مردن لە تەمەنی پیریدا لە گەڵ بوونی هەموو سۆز و عاتیفەیەکدا دەبێ قبوڵ بکەین. کاتی ئەوەیە، کە لە وەرچەرخانەکانی ژیان تێبگەین و ئەمڕۆ و دواڕۆژمان بە حەسرەتی ڕۆژانی رابردوو لە بیر نەکەین. تاڵەبانی لە ٢٠٠٣ وە خۆی بۆ کاری بەغدا تەرخان کردوە و باجی زۆر گەورەی داوە، کەچی هێشتا کێشە و گرفتەکان چارەسەر نەبوون. مان و نەمانی ناوبراو کاریگەریەکی گەورەی لە سەر دۆخی کوردان و عێراق نییە و کۆی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق بەندە بە کۆمەڵە فاکتەرێکی دەرەکیی، ناوچەیی و نێوخۆیی، کە خاوەنی پاشخانی مێژوویین. یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو رێکخراوەیە، کە بە نەمان یان دەست لەکار کێشانەوەی تاڵەبانی لە بەردەم ئاڵوگۆڕی کاریگەر و جیددیدان. گەلێک لەو سەردەمەدا بۆ رزگاربوون دەبێ پشت بە زۆر کۆڵەکەی پتەو ببەستێ و لە گەڵ رێزگرتن لە رۆڵە فیداکارەکانی خاوەنی نەخشە رێگای تایبەت بە خۆی بێ. نەتەوەیەکی ژێردەست پێویستی بە بیری دووردیتن و خۆساغکردنەوە هەیە. هەموو پەندە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە رێبەریی زۆربەی بزوتنەوە و پارتە کوردییەکان لە گەڵ سروشت و کایەی دیموکراسی نامۆن و بیر لە پاوانکردنی دەسەڵات، ئیدارە و سامان دەکەنەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٢

---

## پارادۆکسی نێوان درووشم و کردەوەی بارزانی و تاڵەبانی

درووشمە قەبەکانی مەسعود بارزانی و سیاسەتی لێڵی تاڵەبانی نەک چارەی پرسی کوردیان نەکرد، بەڵکو کێژاوێکی سیاسیان بۆ باشوور و پارچەکانی دیکە خوڵقاند. پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کوردان لە عێراقی تازەدا بە دوو مەرجی سەرەکی بەستراوەتەوە، کە بارزانی و تاڵەبانی و پارتەکانیان هەر دووکیان لە بیرکردن. یەکەمیان پەرەپێدان بە ناشەفافییەت و گەندەڵیی لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبەریی هەریم و خۆبواردن لە

چاکسازیی سیستەمی شەلەلیدراوی سیاسیی هەرێمی کوردستان. ئەوان لە کاتێکدا لە کوردستان سیاسەتی خۆسەپاندن و سەرکوتکردنی خەڵک و شاردنەوەی سەروەت و سامانی نەتەوەیەک پەیڕەو دەکەن، بێگومان لە بەغدا خاوەنی قورساییەکی کردەیی نین و نابن. دووهەم، ئەوە کە پارتە کوردییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە پارتی و یەکێتیی و سەرۆکەکانیان لە ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد نەگەڕانەوە بۆ لای خەڵک. ئەوان هەوڵیاندا خۆیان بە دەمڕاستی سەرەکیی کورد بناسێنن و بە شێوازی عەشایری نیازیان هەبو، سیاسەت بکەن و خۆیان بە گەل و نەتەوە پێناسە بکەن. پارتی و یەکێتی لە دانیشتن و دیالۆگەکانیاندا خەریکی بازرگانیکردن و وەرگرتنی پۆست و پارە بوون. ئەوان بیریان لە مافی خەڵک و دواڕۆژی باشووری کوردستان نەدەکردەوە. بیری سەرۆکی پارتەکان لە پانتایی پارتەکاندا کورت دەکرێتەوە و لە بیری خۆیاندا هەموو خەڵک هەر ئەندامی ئەوانن و ئەوانیش سەرۆکی هەمووانن!
ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەی باشووری کوردستان و ئاڵۆزبوونی پێوەندیی نێوان بەغدا و پارتە کوردییەکان ئاماژەیەکن بۆ دواڕۆژێک، کە ڕەنگە بارگرژی زۆرتری لێبکەوێتەوە. ئەوان عێراقی رووخاو و بێ لشکریان زیندوو کردەوە و بۆ وەرگرتنی چەند پۆستێک لە بەغدا دەستیان پاندەکردەوە. تاڵەبانی و بارزانی لە هەولێر،سلێمانی، سەری ڕەش و دوکان میوانداریان لە بەرپرسانی شیعە و سوننەی عێراق دەکرد و خۆپێشاندەرانی کوردیان لە سەر شەقامەکانی دەدایە بەر قرمژنی چەکی دەستیان. لە پێناوی خۆدەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی دەسەڵاتدا بە هەموو توانایانەوە بەرەنگاری ئۆپۆزیسیۆن بونەوە و بۆ بێدەنگکردنی شەقام چەک، پارە و پۆستیان بەکار هێنا.

کورد لە مێژە دەڵێ، بە باو و بارانێ هەر لە تەمەنی بەفر کەمدەبێ. لە ژێر ڕووناکایی ئەو وتە کوردییەدا دەکرێ بڵێین، کە ئەگەر شەڕ بێتە کایەوە، وەکو هەمیشە سەرە گەورە و کەس و کاریان لە دووری دوورەوە لە بەرەکانی شەڕ دەڕوانن و ئەوە هەژار و ڕەشوڕوتەکانی وڵاتن، کە دەبێ باجی هەڵە و شکستە مەزنەکانی بارزانی و تاڵەبانی بدەنەوە. لە یەک ڕستەدا ئەوان دۆخی زێڕینی کوردیان لە باربرد و لە پێناوی پۆست، پارە و دەسەڵاتی خۆیاندا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکیان هەراج کرد.

لەو دۆخەدا خەراپ نییە، چەند پرسیارەک لە شەقامی کوردەواریدا راڤەبکرێن. بۆ ئەوەی دواڕۆژی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پارێزراو بێ و لە بەڵای گەڕانەوە بۆ مێژووی رابردوو دوور بن، گونجاوە هاوڵاتیان نەخشەی سیاسەتکردن لە کوردستان بگۆڕن. جێگەی خۆیەتی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لە رابردووی نیزیکی بارزانی و

تاڵەبانی وردبنەوە و هەڵوێست و کرداری ئەوان لە تەرازووی گەلدا هەڵبسەنگێنن. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و لە سەردەمێکدا کورد خاوەن گەورەترین هەل و دەرفەتی مێژوویی خۆیەتی، دەکرێ بپرسین، کە بەرەو کام داهاتوو هەنگاو هەڵدەگرین؟ لە کام برگەی مێژوودا، ئەو بە ناو سەرۆک پارتانە کە خۆیان لە سەرەوەی یاسا دەبینن، لە بەرەکانی شەڕدا قوربانیان داوە و بەرگریان لە خاک و تەنانەت لە بنکەکانی خۆشیان کردوە؟ دەکرێ پرسیار بکرێ، کە وەزیری دەرەوەی عێراق، کە خاڵی مسعود بارزانییە و ئەندامی مەکتەب سیاسیی پارتییە، چەند جار بۆ بەرگری لە کورد و کەرکوک زاری کردۆتەوە؟ رۆژ نووری شاوەیس، کە جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق و لە کەسە نیزیکەکانی مەسعود بارزانییە، چەندە و لە کام رۆژدا رووبەڕووی سەرۆکوەزیران بۆتەوە و باسی لە ناوچە دابڕاوەکان کردوە؟ جێگری سەرۆکی پارلەمان، عارف تەیفور ئەوەتا ئێمەی دەبینین، لە پارلەمانی عێراقدا خەریکی پێکەنینە، بەڵام کوا کردار و هونەر و ئازایەتیان بۆ داکۆکی کردن لە مافی کوردان؟ بابکر زێباری، سوپاسالاری کارتونی هێزەکانی عێڕاق لە کام سات و کاتدا هەڵوێستێکی نیشتمانی نواندوە؟ نوێنەرانی کورد لە بەغدا چەندە هەوڵیانداوە نوێنەری گەلە ستەملێکراوەکەیان بن؟ تاڵەبانی و بارزانی بە کردەوە لە نێوخۆ و دەرەوە چ کار و سیاسەتێکیان دەکارهێناوە، بۆ ئەوەی دوارۆژی کورد لە باشوور پارێزراو بێ؟ لێرەدا تەنیا باس لە لایەنی پارتی کرا، واز لەوانەی یەکێتی دێنین، چوونکە هەر دووکیان دوو رووی دراوێکن.

کاتی وەرزی دروێنەی بەرهەمەکان بوو و زۆربەی بەربەستەکان لە بەردەمدا کوردەکاندا لاچووبوون، پارتی و یەکێتی و لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی و تاڵەبانی بەرەو پیلی دۆلارەکانی بریمێر چوون و بە پەلەپڕووزە رێگای بەغدایان گرتە بەر. ئەوان تامەزرۆی کێکی شیرینی دەسەڵات و پارە و پۆستەکانی بەغدا بوون بە کردەوە خاک و نیشتمانی خۆیان بێ بایەخ کرد. لە نووسینەکانی ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو باسانەم وروژاندوە و کۆی گشتیی سیاسەتی بارزانی و تاڵەبانیم داوەتە بەر رەخنە. یەکێتی نیشتمانی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەموو هەوڵەکانی وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماریی بۆ تاڵەبانی و شەریکبوون لە گەڵ پارتی لە هەرێم و بەغدا بوە. لەو ماوەیەدا، پارتی و بارزانیش سیاسەتی خۆسەپاندن و کۆنترۆڵکردنی هەموو کایەی سیاسیی هەرێمیان کردۆتە ئاماج. مەسعود بە رواڵەت بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا، بەڵام پارلەمانیان وەک جاران کردە دیلی وێنە و ناوی خۆیان. چاڵەنەوتەکانیان بە نهێنی خستە بەردەم کۆمپانیا دەرەکیەکان و هەوڵیاندا ئاسایش و ئابوری کوردستان بخەنە بن چنگی خۆیان. ئەوان ژیانێکی شاهانەیان بۆ منداڵ و کەس و کار و ژمارەیەک خەڵکی سەر بە خۆیان دابینکرد و پڕۆژەی کورد و کوردستانیان لەبیر کرد.

ئێمە دەزانین دوو مەرجی شکانی کوردان و هێزی چەکداری کوردان هەر لێ جێی خۆیانن: یەکەم ئەوە، کە کورد خاوەنی هێزی نیشتمانی نیە و لە گەڵ یاسا و رێسای فەرمی هێزی بەرگریدا نەگونجاوە. دووهەم، ئەوە کە وەکو جاران دەنگ و رەنگ و پەیامێکی هاوبەش لە نێوان کورددا سازنەکراوە. ئێمە ناکرێ وانەکانی مێژوو فەرامۆش بکەین و تەنیا خۆمان بە پڕوپاگەندە خەریک بکەین، چوونکە ئەگەر سەفەری کوردستان بکەی و بە ئازادی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکەی، دەزانی، کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵک پڕن لە پرسیار. بۆ وێنە ئەو شەڕە لە سەر چییە و لە پێناوی چیدا دەبێ شەڕ بکەن؟ ئەوانەی ٢٠ ساڵە یاری بە چارەنووسی ئەو خەڵکە دەکەن و لای سەرەوەیان لە خەڵک گرتوە و بە چەک خۆیان و دەسەڵاتەکەیان دەپارێزن، لە رۆژە دژوارەکاندا چی دەکەن و چۆن ئەرکی بەرگری نیشتمان لە ئەستۆ دەگرن؟ کوا نەوت وبەرهەمی نەوتی کوردستان؟ کوا مافی هاوڵاتیان، پارلەمانی ئازاد،، نەتەوەیەکی بەختەوەر و تاکێکی ئازاد؟

ئەگەر سەرۆکی هەر کام لە پارتەکانی کوردستان بە رێژەی تاکێکی ئاسایی کورد باوەڕی بە مافی خەڵک و خاکی کوردان هەبوایە، بێگومان چارەنووسمان جیاواز و باشتر دەبوو. رووداو مێژوویی و راستییەکان دەیسەلمێنن، کە ئەوان تەنیا گەمەکەرێکی ئەو کایە ناتەواوەن و چارەنووسی خۆیان لە گەل بە لاوە گرینگترە. بۆ کورد زۆر ئاساییە، کە مێژوو بە جۆرێک دووپات بێتەوە، چوونکە فاکتەرە سەرەکییەکان هەر وەک جارانن. ئەگەر حیزب و پارت بوونە سەروەری نیشتمان و سەرۆک پارت کرا بە پاشای بێ تاج، ئەو کاتەیە کە دەنگی دووپاتبوونەوەی مێژوو بە هێمنی لە خەوی قورسی زستانی نەکبەتیەکان هەڵماندەستێنێ، بەڵام ئەو کات تەنیا خاوەنی کۆشکی خۆزگە و خۆزگەکانین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## هەڵوێستەیەک لە سەر هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی لە ئێراندا و بانگەوازی بایکۆتی پارتە کوردییەکان

لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا پرسی هەڵبژاردن لە گەمەیەکی منداڵانە دەچێ، کە بە ناوی سیاسەت و لە پێناوی ئامانجێکی بێزراودا بەڕێوەدەچێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە هەرگیز روناکایی دێموکراسی و دەسەڵاتی گەل باڵی بە سەردا نەکێشاوە و لە سەردەمی شا و ئاخوندەکاندا مەکۆی سەرکوت و ستەمکاری بوە. لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا زنجیرەیەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوون، کە ئامانج تەنیا هێشتنەوەی ئەو نیزامە ستەمکار و گەندەڵەیە، کە ئازادییەکانی بە ناوی دین و ئاسایشی نیشتمانی لە خاچ داوە. شیاوی باسە، کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و تەنانەت لە کوردستاندا چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان. لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانیدا چاوی زۆر خراونە سەر ئێران و کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو بارەوە بە ئۆگریەوە هەواڵی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان تاوتوێ دەکەن. رێژەی بەشداربوان لە وڵاتانی وەک ئێرانی ئەمڕۆ زۆر حیسابی لە سەر ناکرێ، بەڵام لە ژێر سێبەری ئەودۆخەدا بانگەوازی حیزبەکان سەرکەوتوو نابێ. سیاسەتی بایکۆت بۆ خەڵک زۆر ئاشکرا و دیار نیە و ئەو فۆڕمە لە خەبات هێشتا نەبۆتە کەلتوری گەلانی ئێران، بۆیە ئەو بانگەوازانەی لە دەرەوە و لە رێگای راگەیەنە گشتیەکانەوە بڵاودەبنەوە بۆ هەڵوێستەکردن دەبەن.

لە ئێراندا جوڵە و هەڵوێستی خەڵک لە شارە گەورەکانی وەک پێتەخت و هتد کاریگەری بەرچاوی لە سەر دۆخی ئێران و چارەنووسی دەسەڵات هەیە. ئەزمونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەردەمی حەمە رەزا شادا سەلمێنەری ئەو راستیەن. لە جیهانی سێهەم و وڵاتە دواکەوتوەکان شارەگەورەکان و پێتەختەکان وەک سەرێکی گەورەن و لە کاتی ئاشتی و شەڕدا کاریگەری چارەنووسازیان لە سەر ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەکانی وڵاتدا هەیە. لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بارودۆخەکە جیاوازە و کوردەکان ئەگەر خاوەنی هەڵوێستی دیار و کاریگەریش بن، لە هاوکێشەی ئێراندا بەرچاو و دیار نیە. دەکرێ لە سەر ئەو هەڵبژاردنە لە چەند بەستێنی جیاوازو و روانگەی دژبەیەکەوە قسەی بکرێ و لایەنە جیاوازەکان تاوتوێی بکرێن. لە ئاستی سەرتاسەری و بە تایبەت هەڵوێستی رێفۆرمخوازان و لایەنگرانی ئەوان، کە پاش هەڵبژاردنەکانی خولی رابردووی سەرکۆماری لە ئێراندا دابڕاو و ناجێگیر مانەوە. رێژیم لە ئاستی سەرتاسەری بێجگە لە لایەنی ناسراو بە رێفۆرمخواز و ژمارەیەکی پەرت و بڵاو لە ناڕازییەکان بەربەستێکی ئەوتۆی لە بەردەمدا نییە. نە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوە هێزێکی خاوەن کردەوە و بە بڕشتی سەرتاسەری نییە، کە خەڵک گوی لێبگرن. ئەو هێزە سەرتاسەریە لە ئارادانیە، کە لە رێکخراوکردن و جوڵاندنی جەماوەردا کاریگەر و

خوڵقێنەر بێ. ڕیفۆرمخوازەکان و بە تایبەت ڕێبەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە هێشتا خۆی ساغنەکردۆتەوە و لەو دۆخەدا ناتوانێ، بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات. ئەوان هێشتا وازیان لە نیزام نەهێناوە و خۆیان بە یاری بە وەفای خومەیەنی دەزانن، بۆیە لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا بە ترس و لەرزەوە هاتنە دەنگ.

خەڵکی ئێران ئەگەرچی زۆر خۆیان بە گەورە و تێگەیشتوو دەزانن و سیاسییەکان بە مێژووی ئەو وڵاتە هەڵدەڵێن، بەڵام بە کردەوە و لە گۆڕەپانی دەرەوە و نێوخۆدا زۆر تەپیو و بێ ئیرادەن و مێژووی مەشروتە و پاش مەشروتە و سەردەمی حەمە ڕەزا بەڵگەی زیندووی ئەو لاوەزییەی خەڵک و تاکی ئێرانین. ئەگەر خەڵکی ئێران ئەوەندە وشیار و چاوکراوەبان، لە شۆڕشی ١٩٧٩ دا کوڵاوی خومەینی و لایەنگرانی ئەو نیزامەیان نەدەچۆ سەر. بێجگە لەوە لە ئێراندا مێژووی ڕاپەڕینە جەماوەریە سەرکەوتوەکان زۆر کەمن، چوونکە خەڵک لە سیاسەتدا بەشدارییەکی چالاک و ئەکتیڤی نیە و هەر بە دروشم و قسە ئەو دۆخە دەچێتە پێش. سەرەڕای ئەوە، خەڵکی ئێران ئیفلیج کراون و هەموویان چاو و گوێیان لە دەرەوەیە و خوازیاری ئەوەن بە عیلمی غەیب و ئیرادەی دەوڵەتە گەورەکان نیزام چاک و ئیسلاح بکرێ. ئەوان لە بیریان چۆتەوە کە ئەگەر خۆیان نەیگۆڕن، خۆاش نایگۆڕێ.

ڕێژیم ئەوجارەش دەتوانێ کەم و زۆر گەمەی خۆی بکات و ئەو هەڵبژاردنەش وەک سەرۆک کۆماریی نیە، کە کێشەی ڕقەبەرایەتی هەموو وڵات داپۆشێ، بۆیە زۆر خێری بۆ هەڵخڕاندنی هەستی خەڵک تێدانابێ. لە بەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەربژێرەکان لە گەڵ یەکتر لە ڕقەبەرایەتیدان، بێگومان ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک بەشداری دەکەن. ئەو کەس و لایەنانەی بە ناوی هەڵسوڕ و چالاکی جۆراوجۆر لە ئوروپا و ئەمریکا وەک شارەزا لە سەر تیڤی و ڕادیۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوە دەدەن، لە نێو خەڵکی ئێراندا کاریگەری سیاسیانەیان نییە. ئەو کارەش زیاتر بۆ ئەو کەسانە و خەڵکانی مێدیایی سوودی هەیە، کە خۆیان دەناسێنن، ئەگەرنا بۆ دۆخی سیاسیی ڕێژیم و دەنگدان و دەنگنەدان هیچجۆرە کاریگەریەکی نیە.

ئەوانەی لە سیاسەتدا بە قەول قاڵبوونەوە و هەوراوز و نشێوی ڕۆژگاریان دیتوە، دەبێ ئەوەندە زەحمەت بە خۆیان بدەن، کە چاوێک لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بکەن و چاک و خەراپ ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەڵسەنگێنن. هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم شانۆیەکی جار و بار ترسناک و هێندێک جار مانادارە، بەڵام خەڵک لە ئێراندا لە سەرگەردانیەکی تەم و مژاویدا ژیان تێپەڕ دەکەن. ئەوان باوەڕیان بە خۆیان و نیزام نیە، بەڵام لە سەر پارتە

سیاسییەکان حیساب ناکەن و ژیان لەو دۆخەدا بە هەموو قورساییەکانیەوە تێپەڕ دەکەن. بەشێکی زۆر خەڵک دەزانن، کە نیزامی ئاخوندەکان سەرکوتکەر و دیکتاتۆرە، بەڵام لە ئاسۆی دوارۆژدا هیچ تروسکایەکی لەبارتر نابینن، بۆیە ئەوەی رادیۆ ئیسرائیلی بە شی فارسی ٣٠ ساڵە باسی دەکا، زیاتر وەک مەتەڵی منداڵانی لێهاتوە...

بەشی تایبەت بە نەتەوە جیاوازەکان لە ئێراندا، کە بێجگە لە کوردستان ئەوانی دیکە خاوەنی مێژوویەکی بەردەوام لە بەرەنگاری و سیاسەتی مافخوازیدا نین. کوردەکان و رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر هەڵبژاردنەکان مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەو بارەوە دەکەونە خانەی تایبەت. ئەو ناوچەیە کەم و زۆر، وەک ناوچەیەکی پێریفێری (لاوەکی) ناتوانێ لە سەر دۆخی ئێران قورساییەکی بەرچاوی هەبێ. هەرچەندە کوردستان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە سیاسەت و توندوتیژی بارگاوی کراوە. لە هەموو دنیادا و بە گوێرەی هەموو پێوەرەکان ناکرێ و ناگونجێ بڵێین، کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکات، چوونکە لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا لە بواری دەرونیەوە خەڵک نیگەرانە و بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخە جاری وایە سەرەڕای مەیلی دەرونی دەنگ دەدات. بانگەوازی پارتەکان و سکرتێری حیزبەکان هەر بۆ پڕوپاگەندەیە، چونکە ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین بنەماڵەی زۆربەی ئەو خەڵکە بە ناو هەڵسووڕاو و سیاسەتکارە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردوە و دەکەن. با پرسیار لە زۆربەی ئەو کەسانە بکەین کە سینگ بە میکرۆفۆنەکانەوە دەنێن و بە خەڵک دەڵێن، لە ماڵێ بن و بەشداری مەکەن، کە ئایان باب و برا و خۆشک و کەس و کاریان لەو کارەدا پێشەنگ دەبن، یان بەرەبەیانی زوو پێش خەڵکی دیکە دەچن دەنگ دەدەن؟

ئەگەر ئەو پارت و حیزبانە کاریگەریان لە سەر بنەماڵەی خۆیان نەبێ و بە گوێرەی فەرمان و بانگەوازەکان هەڵبژاردن بایکۆت نەکەن، چۆنە چاوەڕوانیان لە خەڵک هەیە، کە ئەو کارە بکەن! باوەڕ و تێگەیشتن لە هەڵبژاردنەکادا بۆ کوردان زۆر گرینگ نییە و نەبوە، بۆیە ناکرێ لە سەر ئەو هەستە نەتەوەییە تیۆریە قسە بکەین، کە لە کردەوەدا یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی و ئیرادە دروست دەکات. لە لایەکی دیکە خەڵکی ئێمە لە کوردستاندا و نەتەوەی کورد بە گشتیی لە سەر بناخەی هەستی کورتخایەن و رۆژانە بڕیار دەدەین و کەم و زۆر لەو بەربژێرانە بە هۆی داب و نەریتی باوی کۆمەڵگا خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان راکێش دەکەن. دەنگدان لە گەڵ هەست و ئیحساس تێکەڵە و فەرمان، بانگەواز و هاندانە زۆروزەوەندەکانی پارتە نائەکتیڤەکان بۆ جوڵاندن و رێکخراوکردنی خەڵک کاریگەر نابێ. لە کوردستاندا دۆخی پێکهێنانی رقەبەرایەتی ئاسانە و خزم

خزمێنه و بنەماڵەگەرایی و زۆر دیاردەی دیکه خەڵک لە خۆیان کۆدەکەنەوە. لە کوردستاندا دەکرێ زۆر یاسای ژیان لینگاوقوچ بکەینەوە. بۆ وێنە کورد هەیە لە گەڵ ڕژێمە و دەڵێ بۆ کورد کار دەکەم و هەیە لە ریزی پارتە و حیزبەکاندایە و گۆیا بۆ کوردی دەکا، بەڵام بە کردەوە زیاتر قازانجی بۆ ڕژێمە هەتا کورد. ئەو هاوکێشەیە ئاڵۆزی زۆری دروستکردوە و لێکدانەوەی پرسی و دیاردەکانی قوڵتر کردوتەوە.
ئەو کارەی حیزبە کوردییەکان لە نەبوونی هیچ جۆرە ڕێگاچارەیەکی دیکەدا رەچاوکراوە، بۆیە لەو کایەدا سەرکەتوو نابن. ئەوان سیاسەت ناکەن و ئەکتەری سیاسیی نین، بۆیە ناتوانن لە سەر دۆخەکە کاریگەر بن. زۆربەیان بە خەیاڵی رەنگاوڕەنگ دەدوێن و لە سەر لاقی خۆیان ناڕۆن، بۆیە بانگەوازەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی مێدیادا بوونێکیان هەیە و لە سەر ئەرزی واقیع و بەستێنی راستیەکان خواهەڵناگرێ زۆر کردە نین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ١٧ی مارچی ٢٠١٢

## دابەشبوونی ئێران ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئازادی راستەقینە

چەندە زۆرن ئەو مرۆڤانەی، کە لە خۆبایین و دیلی بیروباوەوڕی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ئەهریمەنین. لە پانتایی سەر گۆی زەویی زۆرن ئەو نەتەوانەی، کە بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا و بەهێزکردنی کۆشکی خەیاڵ خۆیان دژ بە ئازادی نەتەوەکانی دیکە رادەوەستن. ژیان لە دیاردەکانی جیهان و سروشتە و ئازادی و عەداڵەت لە بایەخە بەرز و بەنرخەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە. کۆمەڵگای جیهانی لە درێژایی مێژوودا بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکان بە گوێری توانا خەباتی کردوە و زۆرجار لەو پێناوەدا گیان و خوێنێکی زۆر فیدا کراوە. مێژووی سەرەڕۆیی و ستەم و فەلسەفەی خۆگەورەدیتن رەگ و ریشەی لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی دایە و خاوەنی سەربردەیەکی دور و درێژە.

کوردستان و کوردەکان لەو نێوەدا وەک خاک و نەتەوەیەکی ژێردەست و ژێرچەپۆک وێنەیەکی دیار و ئاشکرای کۆمەڵگای مرۆڤایەتین، کە لە جەرگەی مێژوو سەری هەڵێناوە و لە تێپەڕی رابردوو و ئەمڕۆ و داهاتوودا وەک راستیەکی حاشاهەڵنەگر بە دوای جێگەی و پێگەی شیاوی خۆیدا گەڕاوە و دەگەڕێ. کورد و نیشتمانی ئەوان بە شایەتی مێژوو بە هۆکاری دەرەکی و لاوەکی لە ژێر باری قورسی دەسەڵاتدارە سەرەڕۆ و زۆردارەکان زوڵمێکی دوو قاتیان لێکراوە و برینی ساڕێژنەبوویان لە هەڵگرتووە. هەرچەندە کوردەکان وەک نەتەوەیەکی ژێردەست و دوور

لە یەکدەنگی و گیانی نەتەوایەتیی لە بازنەی شکست و شکانەکاندا جێگایان گرتوە، بەڵام دیاردە مێژووییەکان و نەخشەی ڕەشی دەسەڵاتە گەورە و زاڵەکانی کوردستان چارەنووسێکی تاڵیان بۆ کوردەکان داتاشیوە. کوردەکان و زۆر نەتەوەی ژێردەستی دیکە لە زۆر وڵاتی دیکتاتۆرلێدراودا سەرەڕای مێژوویەکی دوورودرێژ لە خەبات و هەوڵدان هێشتا بۆیان نەلواە خۆیان لە بەندی ڕەشی ژێردەستی و چەوەسانەوە ڕزگار بکەن.

لە ژێر سێبەری دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا زۆر کێشە و دیاردەی ئاڵۆزی بێ ئەژمار بۆ نەتەوە سەردەست و نەتەوەکانی دیکەی ئەو سنوورانەی، کە بە ئێران، تورکیە، عێراق و سوریە دەناسرێن خوڵقاوە. کەلتوری دەسەڵاتدار هەڵگری لایەنەکانی وەک سڕینەوە، زۆر و چەوساندنەوە بوە و هەیە. ئەو تایبەتمەندییە لە گەڵ کەلتوری نەتەوە سەردەست و دەسەڵاتدارەکان و سیاسەتدا بەجۆرێک تێکەڵ بوە، کە ئەمڕۆ لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی دیکە سام و ترسیان لێدەنیشێ. بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە زۆر دەستەواژە و وشەی زانستی ماف و سیاسەت لە وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا نەخۆشی فۆبیای بەرفراوان دەخوڵقێنێ.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا لە ژێر ئەمر و فەرمانی تاجی شا و مەندیلی ئاخوندەکاندا لە گەڵ ترس و تۆقاندن و ناعەداڵەتی یەکانگیر بوە. ئەگەر لە روانگەی راستەقینەوە مێژووی لێواولێو لە ستەم و سەرەڕۆی لێکهەڵاوێرین، هەر لە سەرەتاوە لە نهێنی دژایەتی دەسەڵاتدارانی ئێران لە گەڵ ئازادییەکان و عەداڵەت تێدەگەین. لە سەر ئەو بەستێنە ناگونجاوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەدایە، کە هێشتا نەتەوەی سەردەست لە ئێراندا لە پێگەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لە مانای راستەقینەی ئازادیی و مافی چارەی خۆنووسینی مرۆڤ و نەتەوەکان رادەکەن. ئەو شێوازە لە کەلتوری نەتەوەی سەردەست و سیستەمی سیاسی لە وڵات باڵی بە سەر ئەو بە رواڵەت ڕووناکبیر و کەسانەدا کێشاوە کە لە دەرەوەی ئێرانن و تەنانەت لە ئامێزی دێموکڕاسی ڕۆژئاواییدا دەژین.

قبوڵنەکردنی جیاوازییە سروشتیەکانی وەک زمان، نەتەوە، کەلتور، ناسنامەی سیاسیی و هتد لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی نێو سنووری ناسراو بە ئێران ئاماژەیەکە بە فۆبیا و ترسی نەتەوەی باڵادەست و ترسی کەلتوری دەسەڵاتدار لە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان. تۆقین لە وشەی دابەشبوون و لە ژێر ئاڵای یەکێتی نەتەوەیی! و پاراستنی سنووری وڵاتدا پەلامار و هێرش کردنە سەر فیدراڵیزم، بێجگە لە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سیاسیی

نەتەوە و سیستەمی باڵادەستی ئێران چ مانایەکی دیکەی هەیە؟ دروشم و بانگەوازی هاوشێوەبوونی کەلتور، زمان و مێژووی دروستکراو و ناڕاستی ئێران، کە لە سەر بناخەی سڕینەوەی نەتەوەی دیکە و لە سەر بەستێنی زمان و کەلتوری فارسەکان داڕێژراوە، لە بەردەم شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکاندا خۆی ناگرێ.

فێڵبازی و کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی جۆراوجۆر و گۆڕینی مێژوو و هێرشکردنە سەر ناسنامەی راستەقینەی نەتەوەی کورد و زۆر نەتەوەی دیکە لە ئێراندا سەرەتا و دەستپێکی دابەشبوونێکە، کە مرۆڤایەتی مرۆڤەکان و گیانی عەداڵەتی لە بەڕێوەبەری و سیاسەتدا لە باربردوە. ئێران لە تەواوییەتی خۆیدا و لە هەموو بوارەکاندا پێویستی بە دابەشبوونێکە، کە پەرە بە گەشەکردنی ئازادی نەتەوە و مرۆڤ بدات. دابەشبوونی ئێران چارەسەر و دەرمانێکی گرینگ و ستراتیژیەکی ئەرێنیە بۆ گەیشتن بە ناسنامەی خۆیی. پێکهێنانی کەشی ترس و تۆقاندن لە ئاکامی دابەشبوونی ئێران لە نێوان خەڵکدا سیاسەتی نەتەوە و کەلتوری باڵادەستە. لەو ڕێگایەوە نەتەوەی باڵادەست بەندی دیلی و ژێردەستی نەتەوەکانی دیکە توندتر دەکا و دەسەڵاتی خۆی لە گۆڕەپانی بەڕێوەبەردن و سیاسەتدا بە نەگۆڕی دەهێڵێتەوە.

دابەشبوونی ئێران و زۆر وڵاتی چەند نەتەوەیی دیکە، کە لە سەر بناخەی کەلتور و زمانی یەک نەتەوە پێکهاتوون، ڕێگایەکی تازە بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچە بە ئەژمار دێ. نەخشەی سیاسیی ئەو ناوچەیە بە هۆی زلهێزەکان لە ماوەی پاش شەڕە گەورە جیهانییەکان داڕێژراوە. بۆ گەیشتن بە ئاشتیەکی بەردەوام و پێکەوەژیانی ئارم دەبێ یەکتر قبوڵ بکرێ و ماڵئاوایی لە سنووری خۆبە نەتەوەی زاڵ و بەڕێوەبەر زانین بکرێت. لۆژیکی مرۆڤایەتی وادەخوازێ، کە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و ئاژاوە درێژخایەنەکان، کە لە بەرژەوەندی زۆردار و تەنانەت زلهێزە جیهانیەکاندان پرۆژی دابەشبوون وەک ڕێگایەکی ئاشتیانە و چارەسەر چاو لێبکەین، بۆ ئەوەی لە هەناوی خۆیدا هێمنایەتی و ئارامی لە ژیانی هەمواندا پێکبێنێ. بۆ دابینکردنی هێمنایەتی ناوچەکە دەبێ لە بابەتی وەک هێمنایەتی نەتەوەیی و پاراستنی ئەو سنوورانەی، کە بە زەبری زۆر و ستەم پێکهاتوون تێپەڕین و ئازایەتی گوتنی "نا"مان هەبێ.

بە شایەتی مێژوو داوی درۆ نە تەنیا کورتە، بەڵکو کێشە و ئاژاوای زیاتر دەخوڵقێنێ. دابەشبوونی ئێران ڕێگایەک بۆ رزگاری نەتەوە چەوساوە و ژێردەستەکانە. نەتەوەی دەسەڵاتدار لەو ڕێگایەوە لە کەلتور و هەستی

لێواولێوی خۆبەزلزانی و نەدیتنی راستیەکان رزگاری دەبێت. بێجگە لەوە، نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ئێران و سیستەمی سیاسیی لە سەرەڕۆیی و ڤایرۆسی دیکتاتۆری و نەخۆشی درێژخایەن لە هەموو شکڵ و شێوازەکانیدا و هەروەها لە فۆبیای دابەشبوون و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و سەربەخۆیی دەرباز دەبن. باشترە دابەشبوون بە چاوێکی ئەرێنی چاولێبکەین و ماڵئاوایی لە یەکێتی درۆیین و سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە بێنین. ئەگەر باوەڕمان بە راستییە مێژووییەکان نەبێ و لە گۆمی مێژووی داتاشروا و هەستی مەزنخوازیدا گیربخۆین، ناچارین مێژوو دووپات بکەینەوە، کە ئاکامێکی ژانهێنەری دەبێ.

تێبینی: ئەو بابەتە بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە و لە لایەن نووسەری بابەت وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ١٧ی مارچی ٢٠١٢

## چەند وێنەیەکی باشوری کوردستان لە کورتە سەفەرێکدا

لە دەوروبەری سەرای ئازادی و لەبەردەم دوکانێکی تۆزاوی دا، هاوڵاتییەک پرسیارم لێدەکات، کە چیم دەوێ. بە گاڵتە دەڵێم بۆ ئازادی دەگەڕێم و بیستومە لێرە زۆرە. دوکاندار دەڵێ: "هیچی نەماوە و هەموی لە پارلەمانە. ئازادی لێرە نەماوە". لەسەر سنور و لە بناری قەندیل هاونیشتمانێک لە تاریکایی شەودا چاوێک لە قەندیل دەکا و لەگەڵ هەڵکردنی تەوژمی بای ساردی پاییزدا دەڵێ: "هاوین لەو چیایانە مەسرەحی (شانۆ) گەورە هەبو، کە هەموی لە سەر کەوڵەکە بو. ئێستا پەک و سوپای پاسداران وەک جیرانە دێ وان و لەوە دەچێ شەوانە شەوچەرەیان یەک بێ". لە شاری هەولێر کە زەویەکی زۆر پاوانی بەرپرسێکی پارتی کراوە، لە جیهاندا وێنەی کەمە. هاوڵاتیەکی کوردستان، کە لە پارتی نیزیکە دەڵێ: "ئەوە بۆ میوانی دەرەوە کراوە". لە بەشێک لە باشوری کوردستاندا، کوردەکانی رۆژهەڵات بۆ رێزگرتن لە رۆژی پێشمەرگە کۆدەبنەوە و بڕیاریان داوە بە چەکی هەڵپەڕەکە و کۆبونەوەکان درێژە بە خەبات بدەن. خەڵکی رۆژهەڵات لە چاوەڕوانی حیزب و پارتە لێکدابڕاوەکاندا درێژە بە ژیان دەدا و حیزبەکانیش لە پانتایی جیهانی چاوەڕوانی دا بیر لە حکومەتی هەرێمی رۆژهەڵاتی کوردستان و گومرگی سەرسنور و دابەشکردنی بەرپرسایەتیەکان دەکەنەوە. باکورییەکان لە بەردەم سیاسەتی پارتە کوردییەکان و حکومەتی تورکەکاندا گیرۆدەن و کوردەکانی رۆژئاواش وەک ئامرازی پارتی کرێکاران سودیان لێوەردەگیرێ. کوردێکی پەڕیوە و دەربەدەر دەڵێ: "پارتە کوردییەکان ئەگەر خۆیان نەگۆڕن و تەسلیمی ئیرادەی گەل نەبن،

ڕۆژێک دێ، وەک ژەنەراڵی بە سەربازیان لێدێ و متمانەی گەل لە دەست دەدەن". بەگێڕانەوەی ئەو چەند کورتە باسانە دەچمە نێو دەسپێکی کورتە سەفەرێک، کە بۆ باشوری کوردستان بو، نەک بۆ عێراق!

ژیان گەڕانە و گەڕان ژیانە، بەڵام سەفەر کردن بۆ نیشتمان و گەڕانەوە بۆ ئامێزی خاک هاوتای بونە. ئەو مرۆڤانەی، کە لە سیستمە دیموکرات و لەژێر سێبەری دەسەڵاتە خەڵکی و دادپەروەرەکاندا گەورە بون، لەکاتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان وەک غەریبە و بێگانەیەک وەرناگیرێن. ئەوان بە گەڕانەوە بۆ سەر خاک و زێدی خۆیان هەست بە سەربەرزی و گەورەیی دەکەن و یاسا و ڕێساکان هاوڵاتیان بێ نرخ پێشان نادەن. سیستمە خەڵکی و دیموکراتەکان لە مێتۆدی ئازاردان و چوک کردنەوەی خەڵک کەڵک وەرناگرن و کارمەند و پارێزەرانی ئاسایش لە دەرەوەی یاسادا ناتوانن هەڵسوکەوت بکەن. کوردەکان بە خەڵکانێک ناسراون، کە هێشتا حیزب و حکومەت و کۆمەڵەکانیان لە سنوری ناوچەکاندا سوڕدەخۆن و بۆ گەیشتن بە کەناری نەتەوەبون مەودایەکی زۆریان ماوە. لاوازی هەستی نەتەوەیی لە کردار و بڕیار و باوەڕی دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەران دا بە ئاسانی ڕەنگ دەداتەوە. ڕەنگدانەوەی سیستمی بەڕێوەبەریی لە باشوری کوردستان لە پێوەندییە دەرەکییەکاندا کاریگەری نەرێنی داناوە. لە نیشتمانێکدا کە بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان بە کردەوە و لە ژیانی کار و سیاسەت دا ڕێز لە ئیرادەی خەڵک و ناسنامەی نەتەوە و خاک نەگرن، بێگومان نەتەوە سەردەست و لایەنە دەرەکیەکان بە چاوێکی سوک دەڕواننە ڕابردو و ئەمڕۆ و داهاتوی کوردەکان.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا لە ڕێگای فڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە ڕێگای هاتوچۆی کورد و گەشتیاران ئاسان بۆتەوە. ئەو نێوەند و مەڵبەندانە لە جیهانی پێشکەوتودا بە مەکۆی کەلتوری بە یەکگەیشتن و هەڵسوکەوت کردن پێناسە دەکرێن. چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی کارمەند و سەرجەم ئەو لایەنانەی کە ئەرکی بەڕێوەبەردن و ئیدارە و پارێزگاریان لە ئەستۆیە، باس لە سیستمی ئیدارەکردنی وڵات دەکەن. شێوازی وەرگرتن و پرسیارلێکردن و تەنانەت چاولێکردن لە هاموشۆکەران پێناسەی کەلتوری ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن پێشان دەدەن. کەلتوری گەندەڵی و واسیتە لە فڕۆکەخانەکاندا دەبیندرێ. لە ریزی گەشتیارەکاندا لە پڕ کەسێک کە لە فڕۆکەخانە کار دەکا، پیلی گەشتیارێک دەگرێ و دەیخاتە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانە، کە ماوەیەکی زۆرە لە ریزدا وەستاون. بەبێ هیچ هۆکار و یاسایەک ڕێگا لە هاتنی هاوڵاتیان دەگرن، بۆئەوەی کەس و کاری خۆیان بەڕێ بکەن. لاوازی لە سیستم و بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانە دیار و بەرچاوە. کەلتوری داپڵۆسین و خۆ بەکەم گرتن لە کاتی پێشوازی

کردن لە گەشتیارەکاندا بەرچاوە. بۆ کارمەندەکان گرنگ نییە، کە کوردی یان نا. هەر ئەوەندە کە قژزەردێکی ئەروپایی یان چاوڕەشێکی عەرەب و فارس و تورک بی، بۆ کارمەندەکان تەواوە و ئەوەی بایەخی نییە، کوردبونە. کوردبون لە پرۆسەی بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکردندا بونێکی نیە و ئەو سیفەتەش لە نەخۆشیەکی کوشەندەی نەتەوە بن دەستەکان دەچێ، کە لە روانین و لێکدانەوەکاندا تەنیا بەردەم چاوی خۆیان دەبینن و جیهان لە چوارچێوەی دیتنەکانی خۆیاندا مانا دەکەنەوە.

لە فرۆکەخانەکان کە دەردەکەوی، ژمارەی زۆری باڵەخانە و گەڕەکی تازە سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن. بازرگانی خانوبەرە و زەوی لە کوردستاندا لە لوتکە دایە و چونە سەری نرخی زەوییەکان لە حیکایەتە بە ناوبانگەکانی سەردەمی تازەن. شارەکان بەشێوازێکی خێرا بەرفراوان بون و گەشەسەندنی گەڕەک و شەقامەکان و باڵاکردنی باڵەخانە و مەکۆی جۆراوجۆر روخساری شارەکانی گۆڕیوە. لەژێر بەرزایی باڵەخانەکان و گوندە زۆر و زەوەندەکانی وەک ئەڵمانی و ئینگلیزی ، ...هتددا، ئەو هاوڵاتیانە دەبیندرێن، کە رەخنە و گازندەیان لە حکومەت و حیزبی کوردی هەیە. شۆفیرە تاکسییەکان بە توڕەیەوە بە تەنیشت گەڕەک و گوندە تازە دروستکراوەکاندا تێدەپەڕن و دەڵێن: "ئەو سەروەت و سامانە هەمو هی مەسئول و بەرپرسەکانە". سیما و روخساری شارەکان بە خوڵ و تەپوتۆز داپۆشراوە و خەڵک و حکومەت و حیزب لە بیری نیشتمانێکی خاوێن و سەوزدانین. کەلتوری خاوێن راگرتنی شار و پەرەپێدانی سەوزایی بە کردەوە نابیندرێ و مرۆڤەکان، حیزبەکان و حکومەت بەدوای بەرژەوەندی و قازانجی خۆیاندا وێڵ و سەرگەردانن. رێژەی سەوزایی لە کوردستاندا زۆر کەمە و کەلتوری پاراستنی سامانە نیشتمانییەکانی وەک ئاو، دارستان، روەک، باڵندە و ئاژەڵەکان هێشتا نادیار و ونە. پێوەندی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت لەسەر بناغەی بازرگانی رۆنراوە، بۆیە پلان و پرۆژە درێژخایەنەکان لە کوردستاندا ئەگەری سەرکەوتنیان کەمە. حکومەت بە دەست حیزبەوە سوڕ دەخوا و خەڵک بەدوای بژێوی ژیاندا سەرگەردانە.

بازنەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و دواڕۆژ زۆر بەرتەسکە. رێژەیەکی کەم لە بژاردەی کۆمەڵگا و توێژی روناکبیر لە خەمی دواڕۆژی کوردستان و کوردان دان. بازاڕەکان و بازرگانی لە سنوری نیشتمانپارێزی و مرۆڤ خۆشەویستی بە دەرن و زۆربەی ئەکتەرە گەورە و چوکەکانی بازاڕەکان بە دوای راوکردن و لە داوخستنی مشتریەکانی خۆیانن. خەڵکی کورد لەدوای کەلوپەلی هەرزاندا دەگەڕێ و ئەو تایبەتمەندییە رێژەیەکی زۆر لە بازرگانەکانی سەرخۆش کردوە، کە لە دور و نیزیک کەلوپەلی خراپ و کەم تەمەن لە بازاڕەکانی کوردستان بکەن. ئابوری کوردستان لە

سنوری بودجە و گومرگەکان و بازاڕە کۆنترۆڵکراو و داگیرکراوەکاندا بڕ ناکات و لەسەر یەک بەستراوە بە دەروجیران و وڵاتانی دەرەوەیە. ئابوری کوردستان لەسەر بناغەی بۆش ڕۆنراوە و بەرهەمی خۆماڵی لە هەمو بوارەکاندا کەمترین بازاڕی بۆ تەرخان کراوە. پشتگیری کردن لە بەرهەم و بەرهەمهێنرە نێوخۆییەکان لە لایەن تاک و کۆ و حکومەتەوە بونی نییە. سەرمایەی وەگەڕخستنی درێژخایەن لە کوردستاندا، کە ماوەی وەبەرهێنانی درێژخایەن بێ، بە کەمی کار دەکەن و ئابوری کوردستان کەم و زۆر لە سەر وەزنی بازرگانی و ئاڵوێری شتومەکە دەرەکیەکان چەق دەبەستێ. لە بازاڕە لینگاوقوچەکانی کوردستاندا سنورەکان مژاوین و پڕۆژەکان لە بەردەم خەڵک و یاسادا کراوە نین. ڕێگای دەوڵەمەندبون و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان لە شەقامی ئابورییەکی کراوە و شەفافدا تێپەڕ نابێ و پڕۆژە و بڕیارە خەیاڵیەکان ئاسایشی ژیانی هاوڵاتیان تێکداوە.

کەلوپەلی خۆراک و دەواو و دەرمانی بەسەرچو جۆرێک لە شەڕی نەرمیان بۆ خەڵکی کوردستان بەرهەم هێناوە. بازرگانە نیشتمانییەکان ڕێژەیان کەمە و مافی بەکاربەر لە کوردستاندا هێشتا نەچەسپاوە. بێجگە لە هێنانی کەلوپەلی هەرزان و زو بە سەرچو، دوکاندار و هاوڵاتیان شێوازی پارێزگاری کردن لە کەلوپەلی پێویست و بەتایبەت خۆراک و خواردنەوە بە شێوازی سەردەم نازانن. پرۆسەی ژیانێکی تەندروست و ساغ بۆ تاک و هاوڵاتیان بە خۆراک و ئاو و ژیانی ڕۆژانە و بەتایبەت ئاسایشی دەرونی گرێدراوە. ژینگەی خەڵک پڕە لە توندوتیژی و کەلتوری گوێنەدان بۆ ژینگە و خۆراک و ژیان لە کردار و وتاری هاوڵاتیان و پڕۆژەی شارەوانییەکانەوە دیارە. تەپۆڵکە و لوتکە و شوێنە سەوزەکانی شار، کە بەشێکن لە ژینگەی مرۆڤەکان بە زەبری پارە و پولی ناشەرعی کڕاون. پێوەندی نێوان دوکاندار و بازرگان و هاوڵاتیان لەسەر حیسابی سوێند و خێری زۆرە و گەرەنتی کەلوپەل لە کوردستاندا زۆر نامۆیە. باج وماڵیات و سیستمی حکومەتی خۆشگوزەران کە پێکەوە لێکگرێدراون، لەژێر تەپوتۆزی باڵەخانە بەرز و حیزبە بازرگانەکاندا ون و نادیارە. لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی جیهان ئەوانەی داهاتی زۆرتریان هەیە، باجی زۆرتر دەدەن و سیستمی باج و داهات باڵانسی نێوان مرۆڤەکان ڕێکدەخات. دەوڵەمەندبون لە کوردستاندا شێوازێکی شێرپەنجەیی هەیە و ئەو سەروەت و سامانە، لە خزمەتی خاک و دوارۆژی نەتەوەدا نییە. لەو بازاڕە شێواوەدا دوارۆژ لێڵ و ئامانج گیرفانە و دابەشکردنی زەوی و دروستکردنی خانو و گوندە جیاوازەکان بە چیرۆکی پێشکەوتن و شارستانیەت پێناسە دەکرێن.

زانکۆ و ناوەندە فێرکارییەکان لەو دۆخەدا سەرگردانن و لەگەڵ سوڕانی چەرخی حیزب و پارتەکان، کە حکومەتی کوردیان لە باوەش گرتوە، ژیان تێپەڕ دەکەن. سەرچاوەی لێکۆڵینەوە کەمن و کەمتر کار لەسەر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانکۆکان کراوە. ژمارەیەکی زۆری مامۆستا رۆژانە لە زانکۆکان خەریکی کار و وانە وتنەوەن، کە مرۆڤ لە زۆری و بۆری ئەو توێژە سەری سوڕدەمێنێ. زانکۆکان و مامۆستاکان و بەڕێوەبەری زانکۆکان بە رێژەیەکی کەم لەگەڵ سیستم و بواری خوێندن لە وڵاتانی دیکە شارەزان و هەر بە قیاسی بنێشتی کوردی دەیپێون. ئەگەرچی رێژەیەکی کەم و بژاردە لە مامۆستاکان لە زانکۆکان لەپێناوی باشترکردنی دۆخەکە خەریکی کار و خزمەتن، بەڵام وەرچەرخان و گۆڕان لە بەشی پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی گەورەیە و پێویستی بە پلان و بەرنامەی بەرفراوانە. زۆربونی کەسانی دامەزرێندراو لە بنکە و ناوەندەکاندا هێز و توانایەکی زۆر بە فیرۆ دەدا. وەسەریەکەوتنی هێزێکی زۆر و بێ پلان و بەرنامە ئاستی زانکۆکانی دابەزاندوە و وزە و هێزی خوڵقاندنی لە تاکەکان ئەستاندوە. ئەگەرچی تاکی کورد لەگەڵ تاکی نەتەوەکانی دیکە هیچی کەمتر نییە، بەڵام پەروەردە و فێرکردنی نەگونجاو و نەبونی بەرنامەی درێژخایەن ئەو تاکانە وەک هاوڵاتیەکی بە کاربەر بەرهەم دێنێ، کە خۆشیان باوەڕیان بە وزە و توانای زانکۆکان نامێنێ. لاوازبونی سیستمی خوێندن لە زانکۆکان ئاستی متمانەی کۆمەڵگای بەو ناوەند و تاکانەش لەق کردوە، کە دەرچوی کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستانن. زانستە مرۆڤییەکان لە بازنەی بەرتەسکدا ماونەوە و گۆڕەپانی بەرینی لێکۆڵینەوە و پێداچونەوە بە دیاردە و روداوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا چەقی بەستوە. رەخنە و گازندەکانی زانکۆکان لە ئاستی رەخنە و گازندەی هاوڵاتیان دان و کەمتر لە سەر رابردوی دور و نیزیک بە چاوێکی رەخنەگرانە کار دەکرێ. سیستمی سیاسی کوردستان کە بۆ کەیسی لێکۆڵینەوە گرنگ و بۆ هاونیشتمانان پڕ بایەخە، هێشتا کاری لە سەر نەکراوە و کۆی گشتی ئەو سیستمە لە دەڵەمەیەک دەچێ، کە توانای مەین و شکڵگرتنی بۆ نەلواوە.

لە کوردستان فکرەکان هێشتا زۆریان ماوە بگۆڕێن. گۆڕین و گۆڕان وەک پرۆسەیەکی ئەرێنی لە تاکەکان زۆر نیزیک نەبۆتەوە. گۆڕانی بەردرێژ و خاوەن وزە بە گۆڕینی تاک و کەلتوری ژیانی تاکەکان دەست پێدەکا و سەرئەنجام سیستمی سیاسی دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی گۆڕان. ژینگەی سیاسی کوردستان و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر دەسەڵاتی حیزبدا و زیندوکردنەوەی کەلتوری ناوچەیی رێگای لە پەروەردەکردنی تاکی نەتەوەیی گرتوە. سیستمی پەروەردە و فێرکردن و کەلتوری راهێنان لە ماڵ و کۆمەڵگا لە سەر بنچینەی ناوچە و حیزب کۆکراونەوە. زمانی ستانداردی نوسین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هێشتا جێبەجێ نەکراوە. راگەیاندن و رۆژنامەکان کە

زۆربەیان لە ژێر رکێفی حیزب دان هێشتا سنوری بنەماڵە و سەرۆکیان تێنەپەڕاندوە و لە سنوری نیشتمان و نەتەوە و ناسنامەی سیاسی زۆر دورن. رێژەیەکی کەم لە نوسەر، روناکبیر و کەسانی سەربەخۆ کە خۆبەخشانە و بە باوەڕەوە بۆ گەشەپێدانی کەلتور و زمانی کوردی کار دەکەن، لە بەرامبەر هێز و لەشکری حیزبەکاندا بە ژمارە و ئیمکانات کەمن. حیزبەکان کار لەسەر پەروەردی تاک ناکەن و بە فەرهەنگی کۆ و عەشیرەت و خزم بەرەو کاری حکومەتداری و دیپلۆماسی دەڕۆن، بۆیە لە زۆربەی گۆڕەپانەکاندا شکست میوانی دیپلۆماسی و سیاسەتی کوردی دەبێ. بۆ سەرخستنی پڕۆسەی گۆڕان پێویستمان بە گۆڕینی فکر و باوەڕ و رێبازە. بە گۆڕینی سیمای شار و بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان و دروستکردنی گوندی ئاڵەمانی و هۆڵەندی و ...هتد روانگە و تێڕوانینمان بۆ خۆمان و جیهانی دەرەوە ناگۆڕێ. لە سیستمێکدا کە نێوەرۆک فیدای روکار کراوە و قەبارە بایەخ و نرخ بەرهەم دێنێ، چۆن دەتوانین سنورەکانی نشتمانی ونبوی خۆمان بدۆزینەوە؟ بە کام رێباز و شێواز دەگونجی لە سنوری بنەماڵە دەرباز بین و جیرانە دێ و زاراوە و عەشیرەتەکانی دیکە بە هاوڵاتییەکی هاوتا و بەرامبەر پێناسە بکەین؟ فەرهەنگ و کەلتوری رۆژهەڵات کە تەژییە لە خۆدەرخستن و خۆرازاندنەوە و دەربڕینی ئەو بابەتانەی کە باوەڕت پێیان نییە، نەتەوەکەمانی لە پەلوپۆ خستوە و زەحمەتە لەو سنورانە بتوانین پێناسەی خۆمان و ئەوانی دیکە بکەین.

حکومەتی کوردی هێشتا بە مۆسیقای حیزب سەما دەکا و پارلەمان و دادگاکانیش لەو تایبەتمەندییە بەشدارن. کوردەکان لەگەڵ سیستم و یاسای دەسەڵاتداری بێگانە و نامۆن، بۆیە لەپاش راپەڕین هەتا ئەمڕۆ سێبەر و دەسەڵات حیزب و سەرۆکی حیزب شادەماری پارلەمان و حکومەتی گرتوە و لە وزەی خستون. لە پارلەمانی وڵاتانی دەرەوە بەردەوام حکومەت بە سەرۆک وەزیر و هەمو وەزیرەکانەوە لە بەردەم پرسیارو رەخنەی ئەندامانی پارلەمان و بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن ئامادە و وەڵامدەرن، بەڵام لە کوردستاندا پارلەمان لە قوتابخانەیەک دەچێ، کە کادری حکومەت و حیزب بەرهەم دێنێ. ئەندامانی پارلەمان و سەرجەم کوتلەکانی پارلەمان و تەنانەت سەرۆکی پارت و حیزبەکان دەزانن، کە دامەزراوەی پارلەمان ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی خۆی جێبەجێ ناکات و تەنیا لە خزمەتی حیزب و سەرۆک و لە باشترین حاڵەتدا مەکتەب سیاسی پارتە دەسەڵاتدارەکان دایە. حکومەتی کوردیی بە کردەوە لەسەر سنوری دەسەڵاتی نێوان پارتی و یەکێتی مانای یاسایی خۆی لە دەست دەدا و بەرپرسە حیزبیەکان فەرمان و بڕیار دەردەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو نوسینانەی سەر بەڵگەنامە کوردییەکان رەنگدەداتەوە، کە تەنیا بۆ کاروباری رواڵەتی نێوخۆی کوردستان کەڵکیان لێوەردەگیردرێ.

حکومەت لە گۆڕەپانی پێوەندییەکانی دەرەوەشدا لە قاوغی حیزبدا کار دەکا و دیپلۆماسی کوردی هێشتا لەسەر بنچینەی پارتایەتی دەجولێ. لە ئاکامدا حکومەت و پارلەمان و کۆی سیستمی ئیداری هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی کوردستاندا بۆن و بەرامەیان نییە و بەرپرسانی هەرێم و ناوچەکەش کار بەو فۆرمە دەکەن، کە پارلەمان و حکومەتی هەرێم بە نەبو دادەنێن. دیپلۆماسی کوردیی لە دەرەوە بە دیپلۆماسی دۆڕاو پێناسە دەکرێ، چونکە نوێنەرایەتی پارلەمان و حکومەت و خەڵکی کوردستان ناکات. لە ئاکامدا لە پێوەندی لەگەڵ بەغدا و لایەنە عێراقییەکاندا ئەو حکومەت و پارلەمانە لە لاوازترین ئاستی خۆی دایە. کاروباری کوردستان بە سیستم نەکراون و بە سۆزی سەرۆکایەتی بنەماڵە و سەرۆک خێڵ و حیزبەوە مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوە دەکرێ. نەتەوە سەردەست و پێشکەوتوەکانی جیهان گەمە بەو حکومەتدارییە دەکەن، کە حیزب و سەرۆکی حیزب بە ناوی حکومەت و پارلەمانەوە لە کۆشکی سپی و پارلەمانی ئوروپا دەردەکەوێ. ئەوان ئەگەرچی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، بەڵام بێگومان وەک ئەندامی پارتە کوردییەکان چاو لە دۆخی ناوچە ناکەن.

ئەو گەشتیارانەی زیاتر لە دە رۆژ لە کوردستان دەمێننەوە دەبێ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی مانەوە (ئیقامە) بکەن و کەفیل لەگەڵ خۆیان بەرن. بێجگە لەوە تاقیکاری خوێنیان بۆ دەکەن. حکومەتی کوردی ئەوەندە بێ هونەرە کە بە جارێک سەردانی کوردستان لاپەڕەکانی پاسپۆرتی هاوڵاتیەک پڕ مۆر دەکرێ. تاقیکاری خوێن ئەگەرچی کارێکی باشە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بەر بە راگواستنی نەخۆشییەکان بگرێ، چونکە لە روتینێک زیاتر نییە. بنکەی ئیقامە ئەوەندەی کارمەند تێدایە، کە زۆرجار لە رێژەی گەشتیارەکان کەمتر نییە. کارمەندە کوردەکانی شارێکی وەک شێخ مەحمود بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن، ئەگەر رقت لە عێراقە ئەدی بۆ هاتویتەوە بۆ عێراق! بازنەی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە کارمەند و ستافی بنکەی ئیقامە پێناسەیەک لە ناسنامەی حکومەت و پارلەمانی کوردییە، کە هێشتا بۆ خەڵک و دەرەوە رونی نەکردۆتەوە کە چیان دەوێ. کوردەکان بە وتەی رۆژئاواییەک بە دوای دەنگ و دەهۆڵدا دەڕۆن و کاریان بەوە نییە بەرەو کام مەنزڵگە دەڕۆن، گرنگە ئەوەیە ئەمڕۆ بە پێوەن. تێکەڵیەکی یەکجار زۆر بە کار و هەڵسوڕاندنی بنکە و ناوەندەکانەوە دیارە. کارمەندەکان فێری ئەوە نەکراوەن، کە چەندە و چۆن لەگەڵ گەشیارەکان بدوێن و چ پرسیارێکیان لێ بکەن. بەشێک لە پرسیارەکان لە سنوری فەرمی دەچنەدەر و ژمارەیەک لە کارمەندەکان بە زەوقی خۆیان دەدوێن، کە ئەوەش لەگەڵ گیانی حکومەتداری ناگونجێن.

پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان خەریکە لە بیر دەچێتەوە. بازرگانی کردن و زەوی دابەشکردن بۆ حیزب و بەرپرسەکان لە دیپلۆماسی و شەڕی ناوچە کێشە لەسەرەکان خۆشترە. ئەوەی لە کوردستاندا کەمتر بیری لێدەکرێتەوە دواڕۆژی هەرێم و پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و ئەمەریکان. ئەوانەی سەر بە پارتین و لە سنوری پارتی دا دەژین، دەڵێن: "سەرۆک ئەو ئیشانە دەکا و ئەو کاتی خۆی لە خواکورک باسی ئەمڕۆی کردوە. ناوبراو حیکمەتی زۆرە و خەممان نیە". لە ناوچەکانی دیکە کوردستان زیاتر دەگوترێ، کە نازانین سەرئەنجام بەرەو کام چارەنوس دەڕۆین. کوردەکان و بەتایبەت ئەو لایەن و کەسانەی کە لە پرسی پێوەندی نێوان بەغدا و کورد و ئەمەریکادا کاریان کردوە، ئەمڕۆ لەبەردەم پرسیاری گەورەدان. کوردەکان لە شەڕی دیپلۆماسی و پێوەندییەکاندا تەنیا لەگەڵ وتە و بەڵێنە روکەشەکان مامەڵەیان دەکرد و لە دیالۆگ و پرسە نێونەتەوەییەکاندا لاواز و هەژار بون. ئەوان بە سۆزی خۆشەویستی و پیاوەتی و پیاوچاکی چونە نێو دیالۆگی گەورە و گۆڕەپانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەدەرەوە و لە ژورەوە پرسی کوردیان لە بیرکرد و پاراستنی کورسییەکانی خۆیان کردە ئامانج و بۆ ئەو مەبەستە لەنێوان شیعە و سوننە و لایەنەکانی دیکەدا دەبونە نێوبژێکەر. بێخەبەر لەوەی کە، ئەوان خۆیان خاوەنی پرسێکی دێرین و راستەقینەن و لە هەمو هاوکێشەکاندا دەبێ لە دوای پرسی خۆیان بن. پرسی کورد لە عێراقدا هیچ زەمانەتێکی درێژخایەنی نییە و ئەگەر عێراق دابەش نەکرێ، کوردستان لە بەردەم مەترسیەکانی بەغدادا دەوەستێتەوە. دەسەڵاتی کورد لە کوردستاندا لەرزۆکە و ئەو پاشخانە پێویستەی نییە، کە دەسەڵاتێک بۆ پاراستنی ئاسایش و سنورەکانی پێویستی پێیەتی. دەسەڵاتێکی گەلی و دیموکرات، کە خەڵک بە پاڵپشت دەزانێ و بە کردەوەش خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتن، لە رۆژانی قەیران و دژواردا ترس و دڵەخورپە دایناگرێ. حکومەتی کورد لە هەرێمی کوردستان بە داخەوە لەو تاقیکارییە سەرکەتو نەبوە و هێشتا نەیتوانیوە هێزێکی نیشتمانی بۆ پارێزگاری لە کوردستان دابمەزرێنێ. لە ئاستی دەرەوەشدا پێوەندییەکان ئەوەندە چوک و بەرتەسک کراوەنەوە، کە ئەوەی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتە سەربەخۆکان بن، بە دەگمەن دەبیندرێ.

ئۆپۆزسیۆن لە رێگای راگەیاندن و بڵاوکراوە و لێدوانی کادر و هەڵسوڕاوانیان لەگەڵ دۆخی کوردستاندا مامەڵە دەکەن. ئەوان لە ماوەی دو ساڵی رابردو سەرەڕای بونی کەموکوڕی لە تاکتیک و ستراتیژیکی کار و تێکۆشان توانیان لەنێو هاولاتیانی کوردستان دیواری ترس و سام بشکێنن. لەژێر کارتێکەری ئۆپۆزسیۆن تاکەکان هاتنە قسە و پرسیاری چەند ساڵەیان دەوروژاند و بە دوای وەڵامە گرنگ و مێژووییەکاندا دەگەڕان. ئۆپۆزسیۆن هێشتا

ماویەتی بگاتە لوتکەی دەرکەوتن و خۆدەرخستن. کارکردن لە ژینگەی کوردستاندا و لەژێر سێبەری دو پارتی سەرەکی دا کارێکی ئاسان نەبوە، بەڵام هاوڵاتیانی کوردستان و ئۆپۆزسیۆن بە درێژەدان بە رەخنەگرتن لەسەر کۆی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەتوانن ئامانجەکان بپێکن. پرۆسەی گۆڕان و گۆڕین پێویستە دەمەزەرد بکرێتەوە و لەگەڵ دۆخ و ژینگەی تازەدا رێکبخرێتەوە. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن گرنگ ئەوەیە متمانە و باوەڕی دەنگدەر و هاوڵاتیان نەدۆڕێنن و پشو درێژ بن. وەڵامی پرسیاری دەنگدەر و لایەنگران دانەوە و راگرتنی پێوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ هاوڵاتیان ئەرکێکی گرینگ و بە سودە. ئۆپۆزسیۆن پێویستە لە پرسە نێوخۆیی و دەرەکیەکاندا رونتر بدوێ و پەیام و دەربڕینەکانی هەڵگری سیاسەتێکی بە سیستم بن، کە جیاوازی لەگەڵ جۆری پەیام و سیاسەتی پارتە دەسەڵاتدارەکان هەبێ. بۆ سەرخستنی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕینی سیستمی ئیداری هەرێم هێز و تاکە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دروشمەوە دەبێ بەرەو کردار هەنگاو هەڵگرن. چاوی خەڵک گەورەیە و سنوری نێوان دروشم و کردار بە ئاسانی لێکجیا دەکاتەوە.

میدیای ئازاد پێویستە کار لەسەر تاکی کورد بکا و لەسنوری کێشەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات رزگاری بێ. خەڵکی کوردستان زیاتر گرنگی بە میدیای بیستراو و دیتراو دەدا، بۆیە زۆر بونی کاناڵە سەربەخۆکان گرنگن. رۆژنامە ئەگەرچی روخسارێکی ژیانی مۆدێرن و شارستانیەتی سەردەمە، بەڵام کوردەکان وەک نەتەوە زیاتر لەگەڵ شێوازی میدیای دەنگ و رەنگدان. بە کەلتورکردنی نوسین و هەڵگرتنەوەی دۆکومێنت و خوێندنەوە کاریگەری زۆری لەسەر تاکەکان هەیە. لە کوردستاندا تاک جێگە و پێگەی بەهێزی نییە و زیاتر گرنگی بە کۆ دراوە، بۆیە تاکەکان پەراوێز خراون. بێجگە لەوە نەتەوە بن دەستەکان کەمتر ئۆگریان بە نوسین و لێکۆڵینەوە هەیە و لەگەڵ دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکە دەگونجێن. بە وتەی نوسەرێک ئەگەر بۆ کوردستان سەفەر دەکەی، باشتر وایە خۆت فێری گۆرانی گوتن و سەماکردن بکەی، چونکە ئەوانەی کتێب و رۆژنامە ناخوێننەوە رێزی نوسەر و بایەخی ئەو دیاردانە ناگرن. میدیای ئازاد لە کوردستاندا گرنگە، کار لەسەر مێنتاڵیتەی تاکی کورد بکا و لە بازنەی هەواڵ و نوچەی سەیر و سەمەرە خۆی ببوێرێ. هیچ نەتەوەیەک بە گۆرانی وتن و شیعرنوسین ناسنامەی خۆی دەستەبەر نەکردوە. کەناڵەکانی دەنگ و رونگ و رۆژنامەکان گرنگە لەو بارەوە هەڵمەتێکی بەرفراوان دەستپێبکەن و دورتر لە گۆرانی و دەهۆڵکوتەکان سنور و چوارچێوەی نەتەوە، خاک، تاک، ژیان و ماف و ئازادییەکان ببینن. گۆڕین و وەرچەرخان لە مێژوی نەتەوەیەک کارێکی گرانە و بە گۆرانی و هەڵپەڕکە ناکرێ، بەڵکو هێز و وزەی گەورەی

دەوێ، کە لەسەر بنچینەی ناسینی رابردو و تێگەیشتن لە جیهانی سەردەم بەرەو دواڕۆژێکی بەختەوەر هەنگاو هەڵدەگرێ

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ۹ی جانێوێری ۲۰۱۲

## قووڵکردنەوەی کایەی دێموکراسی نێوخۆیی تەنیا ئاڵترناتیڤی سەرکەوتوو بۆ باشووری کوردستان

ئەوەندەی لە کوردستاندا باس لە دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەکرێ، لە وڵاتێکی رۆژئاواییدا هێندە بە وتە و نووسراوە باسی لێ ناکرێ. لە رۆژئاوا ماف و ئەرکەکان بە سیستەم کراون و دەسەڵاتدار بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە منەت بە سەر هاوڵاتیاندا بکات، کە ئەگەر ئەو نەبایە خەڵک ئازادی نەدەبوو. لە رۆژئاوادا پارتە سیاسییەکان نەک تەنیا خاوەنی میلیشیا نین، بەڵکو وەک رێکخراوێکی ئاسایی لە بەرامبەر یاسادا مل کەچن. وڵاتێکی شەش ملوێنی رۆژئاوایی بە رێژەی بە ناو پاسەوان و پارێزەری سەرۆکی هەرێم یان سەرۆک کۆماری عێراق هێزی چەکداریان نییە، کەچی ئاسایشی هاوڵاتیان و سنوورەکان بەرقەرارە! لە رۆژئاوا ئەکتەرە سیاسییەکان کوڕ و نەوە و خزمەکانیان بە هیچ جۆر ناهێننە نێو بازنەی دەسەڵات و پۆست و پلەی حکومەتی و تەنانەت حیزبیان بۆ مسۆگەر ناکەن، بەڵام لە کوردستاندا ئەو کەلتورە بۆتە بەشێک لە سیستەمی دەسەڵات و پارتایەتی. پارت و رێکخراوی رۆژئاوایی ناتوانێ و ناگونجێ لە گەڵ دەزگای هەواڵگری وڵاتانی دیکە کەین و بەست بکات و لە جیاتی حکومەت کاروباری پێوەندییەکان راپەڕێنێ. لە رۆژئاوادا پارت و حیزبەکان قۆرخ نەکراون و ئەوان حکومەت دەستەمۆ ناکەن و بودجەی نیشتمان بە سەر کەس و کار و لایەنگرانی خۆیاندا تەخشان و پەخشان ناکەن. نیشتمانی ئێمە لە دیلێکی چاوبەستراو و کڵۆڵ دەچێ، کە راپێچی بەردەم چارەنووسە دژوارەکان دەکرێ

کایەی دیموکراسی لە ژینگەی سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتوودا رۆڵ و نەخشی کاریگەر دەگێرێ. لەو کایەدا رێگای بەشداربوونی تاکەکان لە پرۆسەی بریاردان و هەنگاونان بەرەو ئیدارەکردنی کۆمەڵگا بە رێژەیەکی گونجاو کراوەیە. مەبەست لە کایەی دیموکراسی لە سەردەمی ئەمرۆدا هەمان دیموکراسی نوێنەرایەتییە، کە هاوڵاتیان لە رێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە و لە سەر بنچینەی سیستەمێکی یاسامەند کەس و پارتی جیاواز بەرەو نێوەندەکانی بریاردان و یاسادانان رەوانە دەکەن. بە داخەوە کوردەکان لە دیموکراسی راستەوخۆ و ناراستەوخۆدا راهێنانیان بە رێژەی پێویست نییە. گەورەبوون و راهاتنی تاک و کۆمەڵگا لە ژینگە و کەلتوری سەرەرۆیی و دیکتاتۆری رێگای بەشداربوونی کوردەکانی لە کایەی سەردەمیانەی دەسەڵاتدا بەربەست کردوە. لە دۆخ و ژینگەی گشتی کوردستانی ژێر دەست و داگیرکراودا رێگای تاک و هاوڵاتیان نەدراوە وەک نەتەوەیەک لە پرۆسەیەکی راستەخۆدا بەشدار بن و لە سەر چارەنووسی خۆیان دەنگ بدەن

لە جیهانی پێشکەوتوو و وڵاتانی خاوەنی سیستەمی دیموکراتیک تاکەکان ئەو مافەیان هەیە، کە بە شێوازی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە سەر بریارە سیاسیی و رەهەندە نیشتمانییەکان کاریگەری خۆیان هەبێ. ئەو جۆرە لە تەمرین و راهێنانی دیموکراسی بۆ نەتەوەکان پێویستن، چوونکە لە ئاکامی بوونی ئەگەری لەو جۆرەدا تاکەکانی نەتەوەیەک لە بازنەی گشتییدا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن. بێجگە لەوە لە سەردەمی ئەمرۆدا ناکرێ لە سەر هەموو باس و دیاردەکان پرۆسەی دەنگدان بەرێوە بچێ و هەر بۆیە دیموکراسی نوێنەرایەتی دێتە ئاراوە. هەرچەندە ئەو دیموکراسییە پرسیاری لە سەرە، بەڵام دەکرێ بە بەرفراوانکردنی بازنەی بەشداری هاوڵاتیان لە لایەنە نەرێنیەکانی ئەو شێوازە کەم بکرێتەوە. بە وتەی ژمارەیەک لە رەخنەگرەکان ئەگەر هاوڵاتیان وریا و روناکبیر نەبن، لە دیموکراسی نوێنەرایەتی دا ئەگەری کارتێکەریان کەم دەبێتەوە و نوێنەرەکان لە دۆخەکە سوود و کەڵکی زۆرتر بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەردەگرن. لە ئەگەری بەهێزبوونی باڵی دیموکراسی نوێنەرایەتی ئەو مەترسییە هەیە، کە هاوڵاتیان تەنیا ئەرکی دەنگدانیان لە سەر شان بێ و لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا بژاردەی دەسەڵات کاروباری وڵات و کۆمەڵگا هەڵدەسوورێنێ. چوونکە هەردووک جۆری دیموکراسییەکان یارمەتیدەری یەکترن، وێدەچێ لە داهاتوودا هاوڵاتیان زیاتر لە ئەمرۆ و رابردوو داوای گەشەپێدانی دیموکراسی راستەوخۆ بکەن. شەپۆلی نارەزایتیە گشتییەکانی وڵاتانی دیموکرات و خاوەن یاساش شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن، کە بۆ

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دارشتنی نەخشەی سیاسیی وڵات دەکرێ لە هەر دوو جۆری ئەو دێموکراسیانە سوود وەربگیرێ

کوردەکان بە گشتیی و باشووری کوردستان بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا بۆ زاڵبوون بە سەر کێشە و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکیەکان پێویستیان بە قوڵکردنەوەی دێموکراسی بە مانای وشە هەیە. لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر تاک و هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگا بنچینە و بەستێنی کایەی دێموکراسی بە شێوە راستەقینەکەی بەهێز بکەن، کایەی سیاسیی لەو هەرێمەدا دەگۆڕێ. بوونی پرۆسەی دەنگدان ئەگەرچی یەکێک لە نیشانەکانی کەش و ژینگەی دێموکراسییە، بەڵام پێشاندەری سەرجەم کایەی سیاسیی نییە و نابێ. قوڵترکردنەوەی کایەی دێموکراسی لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادا دەبێ کاری پێبکرێ. کەلتوری خۆسەپاندن لە گەڵ گیانی هەڵبژاردنی ئازاد و هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە داهاتووی خاک و نەتەوەدا ناتەبایە. ئەگەرچی پرۆسەی بە کەلتورکردنی دێموکراسی کات و پەروەردی بەردرێژەی دەوێ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا و تەنانەت هێزە بە ناو سیاسییەکان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لە بەردەم هەڵبژاردنێکی گرنگدان. ئەوان ئەگەر باوەڕیان بە کایەی دێموکراسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هەیە، دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و لە پەنابردن بۆ کوڵاوی شەرع و فرت و فێڵی قۆرخکردنی دەسەڵات واز بێنن. چوونە نێو کایەی دێموکراسی و باوەڕهێنان بە دەستپێکی کەلتوری دەسەڵاتی خەڵک و دوور کەوتنەوە لە پەتای خۆسەپاندن لە کردەوەکاندا دەردەکەوێ، نەک وتار و نووسراوە دوور و درێژەکاندا

نەتەوەی کورد ئەگەر بە چەکی دێموکراسی خۆی تەیار نەکا و بۆ بە کەلتورکردنی ئەو دیاردەیە بە بیروباوەڕەوە هەنگاو هەڵنەگرێ، لە کایە سیاسیەکانی ناوچە و جیهاندا تێکشکاو و ناسەرکەوتوویە. خۆدزینەوە لە چاکسازی بنەڕەتی و پاراستنی لوتکەی دەسەڵات و تاکە پیرۆزکراو و گەورەکراوەکان لە کایەی شەرعی و راستەقینەی دێموکراسی، نە تەنیا چارەی دەردی کوردان ناکات، بەڵکو ڕێگەخۆشکەرە بۆ لاوازبوونی هەرچی زیاتری کوردەکان. جێبەجێکردنی یاسا و رێساکانی دەسەڵاتی خەڵک، رۆژئاوا و رۆژهەڵات ناناسێ و سەرەڕای بوونی جۆرە جیاوازییەکی کەلتوری و دینی لە نێوان کەلتورەکانی جیهاندا، سەرئەنجام لە سەر جۆری دەسەڵات و شێوازی بەشداریکردنی تاکی کۆمەڵگا لە پرۆسە جیاوازەکاندا یەکانگیر دەبێ. پارتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بە بیانووی ئامادەنەبوونی کۆمەڵگای کوردیی بۆ کایەی دێموکراسی خۆیان لە قوڵەکردنەوەی گیانی دێموکراسی

دەدرێنەوە. لە کاتێکدا ئەو ئارگومێنت و لێکدانەوە پشت بە لۆژیک و بناخەیەکی بە هێزی تیۆری نابەستێ. بەهێزکردنی گیانی یاساپارێزی و رێزگرتن لە مافی تاک و قۆرخنەکردنی دەسەڵاتی دادوەری و ئیداری لە چنگی پارت و حیزب و سەرۆکدا لەو رێچکانەن، کە کۆمەڵگای کوردی بەرەو کەلتوری خۆبەڕێوەبەری راکێش دەکەن. لە ئاکامی بە دامەزراوکردنی کۆمەڵگا و داپۆشینی بنکە و ناوەندە جۆراوجۆرەکان لە ژێر چەتری یاسای دارێژراو لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی گەل و نەتەوەدا، حیزب و پارتەکان لە بازنەی خۆسەپاندنەوە دەچنە نێو هێڵی کایەی دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا

لە ئەگەری بە هێزکردنی گیانی دیموکراسی و دەسەڵاتی گەلدا رایەڵکە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگا ئاسایش و کەرامەتی دەروونی و سەربەستی تاک و کەۆمەڵگا دەپارێزن. لە کۆمەڵگایەکدا کە تاکەکان لە بەردەم یاسادا وەکو یەک بن و ئەگەرەکانیش بۆ هاوڵاتیان کراوە بن، کەلتوری خۆپارێزی و نیشتمان پارێزی گەشە دەکا. لە چوراچێوەی دەکارهێنانی هێما و جەوهەری دیموکراسی راستەقینەدا رەخنە نرخی خۆی وەدەست دێنێ و ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشک و تەلاری دەسەڵاتی راستەقینەی گەل و نەتەوەدا باڵا دەکا. لە ئەگەری بوونی کایەی دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵکدا حیزب باڵ بە سەر ژیان و ئیدارە و پێوەندییەکان و بازرگانی نێوخۆو دەرەوەدا ناکێشێ و سیستەم و یاسا و حکومەت دەبنە ئەمری واقیع. کۆمەڵگایەکی بێ یاسا و دوور لە رەهەندی نیشتمانی و دوورەپەرێز لە کایە راستەقینەکانی دیموکراسی لە نێوخۆدا لاواز و لەرزۆکە. بۆ وێنە دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان ئەگەرچی بە رواڵەت خۆیان بەهێز و خاوەنی ئەرتەش و هێزی چەکداری پڕ تفاق و چەک نیشان دەدەن، بەڵام بە کردەوە لە نێوخۆدا تەپیو و لاوازن. لە کاتی هەڕەشەی دەرەکی و هاتنی هێزی بێگانەشدا ئەو رێژیمە سەرەڕۆیانە زیاتر لە خەڵکی خۆیان دەترسن و لە سێبەری ئازادی دەپرینگێنەوە

هەرێمی کوردستان بۆ رزگاربوون لە چنگی گەندەڵی، دەسەڵاتی حیزب و سەمبولە داسەپێندراوەکان و هەروەها بەهێزبوون بەرامبەر بە نەیارە دەرەکیەکان پێویستیان بە راهێنانی دیموکراسی راستەوخۆ و نوێنەرایەتییە. پەرەپێدانی بازنەی دەسەڵاتی خەڵک و رەوینەوەی دەسەڵاتی تاکە کەس و پارتەکان بە مانای بەهێزکردنی پارسەنگی یاساسەروەری و رێزگرتن لە هێڵی عەداڵەتخوازی و یەکسانییە. هەرێمی کوردستان لە سایەی نەبوونی دەسەڵاتێکی دامەزراو و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە بورای ئیدارەکردندا پاش نۆ ساڵ لە رووخانی دەسەڵاتی بەعس هێشتا لە بەردەم هەڕەشە دایە. نیزامی جووت پارتایەتی لە کوردستاندا لە سەر بەستێنی خۆسەپێنی و

دژبەری یەکتر، رەوتی یاساسەروەریان بەهێز نەکرد و بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا درێژەیان بە گەمەیەک دا، کە لە بواری ستراتیژیەوە لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا تووشی شکست هاتوە. رێبازی زاڵبوون و فەرزکردنی پارتایەتی، بنەماڵە و سەرۆکی پارت لە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوە و خاک، کۆمەڵگای کوردەواری دابڕدابڕ کردوە و ژینگەی خوڵقاندنی کرداری نەتەوەیی و کایەی دەستاودەستکردنی ئازادی دەسەڵاتی بەربەست کردوە. کارنەکردن بۆ دوارۆژی کورد لە سەر بەستێنی دیموکڕاسییەکی راستەقینە، پرسی کورد و کوردستانی لە بەردەم دەسەڵاتدارە نوێیەکانی عێراق و وڵاتە رۆژئاواییەکان ئەوەندە لاواز کردوە، کە پاش دەرچوونی هێزە ئەمریکاییەکان ریسەکەی پارتە کوردییەکان خەریکە دەبێتەوە خوری. کوردەکان لە بەر نەبوونی دەزگا و دامەزراوەی دیموکڕاتیک و بێ باوەڕی بە دەسەڵاتی خەڵک تاوتوێی دوارۆژی ناوچە و عێراقیان وەک پێویست نەکردوە

هەرچەندە کات لە بەرژەوەندی باشووری کوردستاندا نییە، بەڵام گەڕانەوە بۆ چارەسەر و دوورکەوتنەوە لە خۆسەپاندن و قۆرخکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات، بازرگانی و هێزی چەکدار لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانێ کوردەکان لە نێوخۆدا بەهێز بکات. خۆدامالین لە کەلتوری دیکتاتۆری و باوەڕهێنان بە هێز و دەسەڵاتی خەڵک و رێزگرتن لە ویست و ئیرادەی تاک لەو هەنگاوە گرنگانەن، کە ئەمڕۆ دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا پێویستە دەستە و داوێنیان بێ. دوورکەوتنەوە لە کەلتوری داپلۆسین و ناوچەیی و کارکردن بە هێما نەتەوەیی و دیموکڕاتیکەکان هەرێمێکی بەهێز دەخوڵقێنێ. لە هەرێمێکدا کە هەموو هاوڵاتیان هەست بە بوون و جێگە و پێگەی خۆیان بکەن، دەسەڵات خۆی بە پارێزەری ئەوان بزانێ، ئیرادەیەکی پتەوی نەتەوەیی دێتە بەرهەم. لە نیشتمانێکدا دەسەڵاتی گەل و خەڵک لە سەرووی هەموو بەها و رەهەندەکانەوە بێ، درەنگ یا زوو هێز و وزەی تاکەکان لە بازنەی هێزێکی نیشتمانی و سەربەستدا یەکانگیر دەبن، کە لە قەیرانە دەرەکیەکاندا پارێزەری بە کردەوەی خاک و مافی هاوڵاتیان دەبێ

قوڵترکردنەوەی کەلتوری دیموکڕاسی لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان بە تەنیا ئاڵترناتیڤی سەرکەوتوو بە ئەژماردێ. دەرمانێک کە کوردەکان هەرگیز کەڵکیان لێوەرنەگرتوە و چەکێک، کە گەل لە بەردەم گژەبا و قەیرانە دژوارەکاندا دەپارێزێ و لە سەر یەک هێڵبەندی چوارچێوەی دەسەڵات و دامەزراوەکان دەکات. کوردەکان لە ژێر سێبەری کەلتور و مێژووی نەتەوە باڵادەستەکاندا زیاتر حەزیان لە ناوی گەورە و بەکارهێنانی توندوتیژی

نێوخۆیی بوە، کە هەتا ئەمڕۆ وەک زیانێکی قەرەبو نەکراوە بە سەر کوردەکاندا شکاوەتەوە. بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە کایەی خێزان، قوتابخانە، ژیانی رۆژانە،کۆمەڵگا و سیاسەت و تەنانەت لە گەڵ ژینگە و ئاژەڵ و روەکەکانی دەوروبەرماندا ئێمەی وەک نەتەوەی شەقار شەقار و تاکی لەرزۆک و بێ ئیرادە لێکردوە، کە تەنیا دڵمان بە پێ هەڵاگوتن و گەورەکردنەوەی هێز و قەبارەی خۆمان خۆشە و لە گەڵ رەخنە و گازندە نەحەواوەین. زۆر هێز و پارتی بە ناو دێموکرات و ئازادیخوازمان هەیە، کە ئامادە نییە کەمترین ئەگەر بۆ دەربڕین و رەخنەی ئەندام و لایەنگرانی بڕەخسێنێ. کەلتوری دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان بنکە و دامەزراوە یاساییەکاندا لە سەر هێڵی دیکتاتۆرییەت و خۆسەپاندنی تاک و پارتەکان دەستەبەر نابێت. دێموکراسی بۆ نەتەوە ژێردەستەکان باشترین قەڵغانی بەرگریە و لە ئەنجامی پرۆسەی دێموکراتی و دەسەڵاتی خەڵکدا ساکارتر لە گەڵ سەرکەوتن دەستەملان دەبن

پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکیەکان پێویستیان بەو قەڵخانەیە، کە ئەمڕۆ کوردەکان خۆیانی لێدەدزنەوە. بەهێزکردنی پێگەی باشووری کوردستان لە ئاستە نێوخۆیی و دەرەکیەکاندا لە شەقامی دێموکراسی تێدەپەڕێ. یەکگرتن و وەسەریەککەوتنی کوردەکان لە رێگای سیستەمی پارتایەتی، سەمبولە ناوچەیی و بنەماڵەیی و پارتیەکان دەستبەرنابێ. ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی جێبەجێکردنی نەخشە رێگای دێموکراسی ببێتە کاروبەرنامەی رۆژ، بێگومان سەنگ و قورسایی هەرێم لە دەرەوە بەهێز دەبێت. داهاتووی عێراق و سەرئەنجامی کێشەی نێوان لایەن و هێزە عێراقی و کوردستانییەکان لە ژێر تەوژمی ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکاندا خەریکە رێڕەوی تازە وەردەگرێ

بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەهێزکردنی گیانی دێموکراسی و پەرەپێدانی ئازادییەکان لە باشترین رێگا چارەکانن. هەوڵدان بۆ بە کولتورکردنی دێموکراسی و رێزگرتن لە ئیرادەی تاک و نەتەوەیی بە دوور لە روانگەی پارتایەتی دەتوانێ هەموو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دەوری یەک کۆکاتەوە. چاکسازی بنەڕەتی لە سیستەمی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بە دروشم و قسەی رووت دەستەبەر نابێ. ئەو رەوتە لە ژیانی رۆژانەی تاکەکان دەست پێدەکا و لە چوارچێوەی پارت و رێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا رەنگدەداتەوە. گەلێکی دێموکرات و خاوەن کەلتور و بەهای مرۆڤانە و هەروەها بە دامەزراوە توند و تۆڵە گەلیی و دێموکراتیکەکان بە خۆیان و دەوروبەر دەسەلمێنن، کە

**شایانی ژیـانێکی مرۆڤانـە و بـەنرخن. کوردسـتانێکی دێموکڕاتیـک و نەتەوەیـەکی ئـازاد لـە بەرامبـەر دیکتـاتۆر و هەڕەشـە دەرەکیەکانـدا سـەنگەرێکی لـە گیـران نەهاتویـە، کـە زوو یـان درەنـگ بـەها و سـەنگی خـۆی لـە دەرەوەدا دەستەبەر دەکات.**

**سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٩ی جانیۆێری ٢٠١٢**

---

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣

---

## بزوتنەوەی گۆڕان لە ژێر تیشکی چەند ڕەخنەیەکدا

**ئۆپۆزیسیۆن و بزوتنـەوە کۆمەڵایـەتی و سیاسییەکان لـە کۆمـەڵگای مۆدێرنـدا گرینگن و ڕۆڵـی کاریگـەر دەگێـڕن . چاوخشـاندن بـە مێـژووی کـورد دەریـدەخا، کـە وەک نەتـەوەیـەکی دابڕدابـڕ و ژێردەسـتە لـە زۆر بـارەوە لـە دوای نەتـەوەکانی دیکەیـە. سیسـتەمی سیاسـی لـە کوردسـتان و لـە نێوکوردانـدا هێشـتا لـە سـەر کۆڵـەکانی عەشـیرەت، ناوچەگەرایی و زاراوەپەرەستی راوەستاوە. لە کوردستاندا پارتە سیاسییەکان بۆ بنەماڵە و تاکی دیاریکراو کراونە ئامراز و نەتەوە لەو ڕێڕەوەدا کراوەتە سووتەمەنی مانەوەی پارت و سەرۆکەکانیان. دابڕان لە کەلتوری سووڕانەوە**

بە دەوری کۆمەڵە باوەڕێکی بێ بنەما بۆ تاکی کورد و ئۆپۆزیسیۆن ئاسان نیە، چوونکە پاشخانی کەلتوری لەو بارەوە هێشتا ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ.

گۆڕانخوازیی هەڵگری ژان و ئازاری تایبەتە، بەڵام بۆ کۆمەڵگا پێویستە و کوردستان لەو هاوکێشەیە بەدەرنیە. سەرخستنی پرسی گۆڕان لە کوردستان پرۆژەیەکی درێژخایەنە، کە بە گوێرەی دۆخی سیاسیی و تاقیکاریە مێژووییەکان دەکرێ لە سیستەمی سیاسی دەست پێبکات. روون و ئاشکرایە، کە گۆڕان ئەگەر زۆربەی کەلێن و قوژبنەکانی کۆمەڵگا نەگرێتەوە و تاک لە تەواوییەتی خۆیدا بۆ وەرگرتن و پراکتیزەکردنی بنەماکانی گۆڕان ئامادە نەکا، بە ئامانج ناگات. باشووری کوردستان کە بە رواڵەت لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا نیە و جۆرە سیستەمێکی خۆماڵیی هەیە، هێشتا لە گێرە و کێشەی کەلتوری خۆسەپاندن و نەتەوە سەردەستەکان رزگاری نەبوە.

هێشتا زمانی هاوبەش و ستاندارد لەو بەشەی کوردستاندا دەکار ناهێنرێ. هێشتا پارلەمان لە دیوەخانێکی ئاغا و عەشیرەت تێپەڕی نەکردوە و پارتەکان بۆیان قبوڵ ناکرێ، کە ئەو دەزگایە سەرچاوەی یاسا و دەسەڵاتی گەل بێ. کۆمەڵگا بە سەر حیزب و پارتەکاندا دابەشکراوە و سەرەگەورەکانی پارت و بنەماڵە دیارەکان پشکی شێریان بەرکەوتوە. بە کردەوە سیاسەت و رزگاربوونی نەتەوە لە درووشمێکی رووت و بێ بنەما تێپەڕی نەکردوە و خاک و نەتەوە بە تێکرا لە خزمەت بازرگانی و بیزنێسی پارتە کوردییەکاندایە. حکومەت و پارلەمان لە بن باڵی حیزب و سەرۆکی حیزبەکاندان و هاوڵاتیان لەونێوەدا ژمارەیەک نین .بە کورتی هەموو دام و دەزگاکان بە دوو بنەماڵەوە گرێدراون. لەو نێوەدا بنەماڵەی بارزانی پشکی شێریان بەرکەوتوە و بە ناوی جۆراوجۆر و لە بەر لاوازی تێگەیشتنی کوردان لە سیاسەت و مێژوو بە ئاسانی دەستیان بە سەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتوە.

بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بەو دۆخە دژوارە و خۆرزگارکردن لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حیزبی تاقانە و دەسەڵاتی ئەو تاک و بنەماڵانە، کە بۆ پێدەشتی سیاسەت درێژکراوەتەوە، کوردەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە ماوەی رابردوودا جووڵانەوە. ئەو بەرنگاربوونەوە لە شێوازی هەڵسووڕانی تاک، بزوتنەوە کۆمەڵایەتی، رووناکبیرییەکان و تەنانەت ژمارەیەک لە ئێلیتی کورد و راگەیاندنی دەرەوەی پارتە سیاسییەکان بە شێوازی نارێکخراو لە باشووری کوردستاندا دەربڕاو. لە چەند ساڵی رابردوودا بزوتنەوەی گۆڕان توانی لە سەرەتادا ببێتە مەکۆی کۆکردنەوەی ئەو هێز و بیرە نارازیانە، بەڵام لە سەر چۆنیەتی کارکردن و درێژەدان بە پرۆژی گۆڕان ئامانجێکی دیار و روون نەبو. بزوتنەوەی

گۆڕان بە هۆی دۆخی کوردستان بزوتنەوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بو، بەڵام بە هۆکاری هەڵە و نەبوونی ستراتیژی لە کارکردندا، لە ماوی دوو ساڵی رابردوودا بە هێواشی لە رەهەندی کۆمەڵایەتی دابڕاوە و لە چوارچێوەیەی تەسکی سیاسیدا قەتیس ماوە. بزوتنەوەی سیاسیی لە کوردستاندا توانای گەڕاندنەوە و پاراستنی مافی هاوڵاتیانی نیە و لە نەبوونی بزوتنەوەیەکی پان و بەرینی هەمە لایەنەدا، تێپەڕین لەو دۆخەی کوردستان ئەستەمە. بزوتنەوەی گۆڕان لە پێشاندانی ئاسۆیەکی روون بۆ خەبات و جۆری تێکۆشانی بۆ خەڵکی کوردستان و بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی سەرکەتوو نەبوە .بێجگە لەوە لە زۆر بواردا ئەگەرچی جۆرە رەچەشکێنیەکی پێوەدیار بوە، بەڵام هێندێک تایبەتمەندی پارتە کوردییەکانی دیکەی لە گەڵ ماوە. لە چاوخشاندنێکی خێرا بە کار و تێکۆشانی بزوتنەوەی گۆڕاندا چەند رەخنەیەکی دیار و بەرچاو هەن، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکرێ .

* کەڵکوەرنەگرتن لە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک بۆ چاکسازی و ئاراستەنەکردنی بە شێوازێکی رێکخراو و خاوەن ئامانج.

* دەستەمۆکردنی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە باشوور لە ژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن، کە دوو لایەنی وەک کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی لەخۆ گرتوە. ئەو دوولایەنە و بە تایبەت کۆمەڵی ئیسلامی لە رابردوودا لە بەرەی دەسەڵاتدا بوون. ئەوان تەنیا بۆ ئەستاندنی زۆرتی پشکی خۆیان کەوتنە گەڵ خۆپێشاندانی خەڵک، چوونکە لەو ساڵانەی دواییدا رێژەی لایەنگرەکانیان روو لە داکشان بو.

* نەبوونی ستروکتۆر و قەوارەیەکی تازە و دێموکراتیک بۆ رێکخستنی دام و دەزگاکانی بزوتنەوە، کە زۆرجار تاکەکان لەوێش دەبنە قوربانی بیروبۆچوونی بەرێوەبەر و هتد.

* نەبوونی رێبازێکی تازە لە کارکردن و بیرکردنەوە بۆ بە گەڕخستنی دینەمۆی گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا.

* کۆبوونەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لە بڕیارداندا لە دەستی ژمارەیەکی کەم و بە تایبەت رێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان، لە قازانجی ستراتیژی بزوتنەوە و پرسی گۆڕان لە باشووردا نیە. ئەو پرسە لە نێو کورد و نەتەوە

ژێردەستەکاندا مێژووییەکی کۆنی هەیە و بە ئاسانی بنەبڕ نابێ، چوونکە سەرەتا دەوروبەر بێدەنگ و ئامادەکاری دەکا بۆ ئەوەی تاکێکی بڕیاردەر بەرهەم بێ.لە درێژەی کاردا ئەو تاکە هێدی هێدی لە دۆخەکە سوود وەردەگرێ و دەبێتە بڕیاردەری یەکەم و زۆربەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بە هێواشی لادەدا. سیاسەت ڕێبازی خۆیە هەیە و لە گەڵ تێرمەکانی وەک براگەورەیی و هتد. سازگار نیە. بزوتنەوەی گۆڕان پێویستی بە ڕێبەرایەتی بە کۆمەڵە نەک تاکە کەس. مێژووی کوردان بە گشتیی دەریخستوە و سەلماندوویەتی، کە ڕێبەرایەتی تاکە کەس سەرکەوتوو نەبوە و نابێ. ڕێبەرایەتی بە کۆمەڵ ڕێژەی بەشداربوونی کەسانی دیکە زۆرتر دەکا و لە گەڵ دەوروبەر و دیاردەکانی کۆمەڵگا لە پێوەندییەکی راستەقینەتر و زیندووتردایە.

* چوونی نەوشیروان مەستەفا وەک ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ سەری ڕەش، شوێنەواری نەرێنی لە سەر بزوتنەوە و ئۆگرانی پڕۆژەی گۆڕان لە باشووری کوردستاندا جێهێشت.

* کەوتنە دوای عەلی باپیر و دانیشتی دووبارە لە گەڵ سەرۆکی پارتی لە سەری ڕەش، کە زیاتر لە رابردوو بزوتنەوەی گۆڕانی خستە تەرازووی قوماری پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی. ئەو دوو لایەنە لە رابردوودا زۆر جار لە بەرەیەکدا بوون و لە داهاتوودا دوور نیە، کە جارێکی دیکە پێکەوە ببنەوە هاوپشت و هاوبەند.

* بوونە راوێژکاری پارتی و یەکێتی و دوورکەوتنەوە لە دینەمۆی ڕێکخستنی خەڵک و نارازییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. گەمەی پاکێجەکانی ئۆپۆزیسیۆن و وڵامی دەسەڵات و هێنان و بردنی ئەو باسانە قورسایی بزوتنەوەی گۆڕانیان کەمکتر کردەوە. لە باشووری کوردستان دۆخەکە بۆ وەگەڕخستنی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ئامادە بوو، بەڵام گۆڕان لەو بارەوە لە دەرفەتەکان سوودی وەرنەگرت.

* بەلارێداچوونی گۆڕان لە لایەن پارتە دەسەڵاتدارەکان و بە تایبەت پارتی بارزانی. رابەرانی بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتی بە ناوی نیچیرڤان و مەسعود تێگەیشتنێکی راستەقینەیان نەبو و گوێیان بە بیروڕای گۆڕانخوازان نەدا ئاگاداری ئەوە نەبوون، کە پارتی بۆ دەستەمۆکردنی بزوتنەوە بە چەند هێڵی جیاواز سیاسەت دەکا، بەڵام کرۆکی ویستی پارتی یەک شتە و ئامانجی سەرەکی خۆسەپاندنی خۆیانە بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا.

* رێکنەبوونی خەباتی پارلەمانی گۆڕان لە کوردستان و بەغدادا و نەبوونی هاوئاهەنگی تووندوتۆڵ لە نێوان بزوتنەوە و فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستان و عێراقدا.

* نەبوونی سیاسەتێکی رادیکاڵ و سەربەخۆ لە بەغدا و خۆهەڵاوەسین بە هێندێک دروشم، کە بە قازانجی پارتی و یەکێتی شکاونەوە، بەڵام بۆ کورد لە باشووری کوردستان خێرێکیان نەبوە.

* نەمانی پێوەندی توند و تۆڵ لە گەڵ بەرەی رەخنەگر لە کوردستاندا.

* خۆپاراستن لە چوونە سەرشەقام و چاوەڕێکردن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەگەر باوەڕێکی بەهێز بۆ گۆڕانی سیستەم لە کوردستاندا هەبێ، رێبەرانی بزوتنەوە و سەرجەم پارتە ناڕازییەکان لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندەران دەبن. ئەوکات هەنگاوە سەرەتاییەکانی گۆڕان دەستپێدەکەن. بزوتنەوە سیاسیەکان لەو ئەرکەدا دەبێ پێشڕەو بن و کادر و سەرکردەکانیان لەو پێوەندییەدا گوڵبژێر و ئەکتیڤ بن. بۆ وێنە نەبوونی بەرنامە بۆ خۆپێشاندانەکانی ٢ ساڵ لەوەپێش و چەقین لە دید و بۆچوونی بەرتەسکدا. نەبوونی بەرچاوڕوونی بۆ وەگەڕخستن و پەرەپێدانی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە قۆناخی بێدەنگبوونی لە باشوور بەرهەم هێنا، کە بە پلەی یەکەم بزوتنەوەی گۆڕان لێی بەرپرسن.

* سەرگەرمبوون بە شتی لاوەکی و ناردنی داخوازی لە لایەن فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی پارتی بۆ ئەوەی بودجە یان یاسایەک پەسند نەکا یان بیکا. ئەندامانی پارلەمان و تەنانەت ئەوانی کە دروشمی گۆڕانیان بەرز دەکردەوە، لە پێگە و جێگەی خۆیان وەک نوێنەری خەڵک سوود وەرناگرن و بە کەلتوری سەرۆک باشتر لێیدەزانێ راهاتوون. ئەندامانی پارلەمان لە شوێنی کاری خۆیان و ژینگەی کاری رۆژانەیان بەرپرسانە نەجووڵانەوە و بۆیان نەلواوە پرۆژە یاسای تایبەت بە هەڵاوەسینی وێنەکان لە پارلەمان و ناوەندە فەرمیەکان پەسەند بکەن.

* نەبوونی سیاسەتێکی دیار و قایم و درێژخایەن بەرامبەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و خۆپاراستن لە دیالۆگی هەڵخەڵەتێنەر، کە تەنیا بە قازانجی پارتی و یەکێتی شکاونەوە.

* خۆسەرقاڵکردن بە شتی لاوەکی وەک پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە و دوورکەوتنەوە لە باڵانسی خوێندنەوەی دیاردەکان لە دید و بۆچوونی بزوتنەوەیەکی خاوەن پرنسیپ و بنەما. ئەوان لە ماوەی رابردوودا، خۆیان و کاناڵەکەیان وەک دەزگای پەکەکە لە رووداو و دیاردە و تەنانەت هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکەیان روانیوە. بزوتنەوەیەکی گەورە و خاوەن پێگەی بەرفراوان ناکرێ بەوجۆرە سیاسەت بکا و خۆ و ئەوانی دیکەی لێبگۆڕێ. دۆستایەتی لە گەڵ پارتێکی سیاسیی و هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە پرسە سیاسییەکان دوو بابەتی لێکجیاوازن. بێجگە لەوە باوەڕ بە پڕنسیپە مۆڕاڵی و کردارییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت ناکرێ لە راستیەکان دامانبڕن. ئەوەی گۆڕان لەو بارەوە کردوویەتی بە مێدیای بە ناوی ئەهلی لە باشووری کوردستاندا زیاتر لە دژکردەوە بەرامبەر بە دوو هێزی پارتی و یەکێتی کراوە. لەو بارەوە تەنانەت چوارچێوەی گشتی راگەیاندن نەپارێزراون و سیاسەتی پەکەکە وەک خۆی لە راگەیاندنی گۆڕان و ئەهلی!دا رەنگی داوەتەوە.

* نەبوونی پێوەندییەکی ئاسایی لە گەڵ لانی کەم ژمارەیەک لە پارتە خاوەن رابردووەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆقەتیس کردنەوە، لە بازنەی پەکەکە و پارتە دروستکراوەکانی لە باکور، رۆژهەڵات و رۆژئاوادا. گۆڕان لەو پێوەندییەدا تەنیا پارتی چارەسەری هەڵاواردوە و ئەگەر قەرارە سیاسەتی پەکەکە گونجاوە و پارتە دەستکردەکانی ئەستێرەی گەشاوەن، بۆچی لەو بارەوە گۆڕان سیاسەتی بانێک و دوو هەوا پەرەو دەکات. روونە کە ئەوان لە نیزیکەوە ئەو پارتە و بەڕێوەبەرەکانی دەبینن و دەزانن کە خاوەنی قورساییەکی ئەوتۆ نین، بەڵام بۆچی گۆڕان بەو چاوە ناڕوانێتە باقی پارتە دەستکردەکان!

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٣

---

***کوردە پەرتەوازەکانی رۆژهەڵات لە ژێر رەحمەتی پارتی، یەکێتی و پەکەکەدا.***

بنەمای بیرکردنەوەی نەتەوەیی و هاوپێوەندی نیشتمانی کوردە رۆژهەلاتییەکان لە باقی کوردی پارچەکانی دیکە کەمتر نیە. ئەوان لە رابردووی دوور و نیزیکدا، لە شاخ و شار پێشانیان داوە، کە لە خەباتی کورد لە هەموو پارچەکان بە گوێرەی توانا پشتیوانی دەکەن. مێژووی کۆماری کوردستان،

ئالۆزییەکانی سەرەتای ناسراو بە شۆڕشی ئەیلول،سەروبەندی ئاشبەتاڵ و سازبوونەوەی بزوتنەوەی نوێ لە باشوور، سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق و بە تایبەت هەڵەبجە و کۆڕەو لە گەڵ هاوکاری هێزە کوردییەکانی رۆژهەلات بۆ باشوور و باکور دەرخەر و سەلمێنەری ئەو راستیەن.

خەڵک و خەباتکارانی ئەو بەشەی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو خاڵە ئەرێنی و پێشاندانی سۆزی هاونیشتمانی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەلام بە شایەتی مێژوو لە سەردەمی جۆراوجۆردا کەوتونە بەر پەلامار و بۆنە دەستەچیلەی بەرژەوەندییەکانی چەند پارتێک لە باشوور و باکور. کوشتن و رادەستکردنەوەی کوردە رۆژهەلاتییەکان لە لایەن پارتی و مەلا مستەفا، کە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بون و دژ بە رێژیمی حەمە رەزا شا خەباتیان دەکرد، یەکێک لەو رووداوانەیە. تێکەڵبوونی پارتی لە گەڵ سوپای پاسدارانی ئێران و شەڕکردن لە گەڵ کوردی رۆژهەلات لە دوای هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نموونەیەکی دیکەی هەڵوێستی پارتی و کوڕەکانی مەلا مستەفا لە مەڕ کوردی رۆژهەلاتی کوردستانە.

لە دوای راپەڕین کوشتن و تیرۆرکردنی ئەندام و پێشمەرگەی پارتە رۆژهەلاتییەکان لە باشووری کوردستاندا ئەوەندە پەرەی سەند، کە مێژوویەکی تاڵی لە پێوەندیی نێوان کوردانی گەرمێن و کوێستاندا خوڵقاند. داخستنی رادیۆی دەنگی کوردستان لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێنانی هێزێکی زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی لە جاش و پاسدارِی ئێرانی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە دەشتی کۆیە بەڵگەی زۆرترن، لە بێ وەفایی بەرامبەر بە باوەڕە نەتەوەییەکان و خوشک و برا هاوڕەگەزەکانیان. حیکایەتی بازرگانی کردن بە کوردی رۆژهەلات و بزوتنەوەی ئەو بەشە لە کوردستان هەر بە بەژنی پارتی و یەکێتی نەبڕاوە و زۆر لایەنی دیکە، وەک بزوتنەوەی ئیسلامی و حیزبوڵلای شۆڕشگێڕ و هتد. کەوتنە ئەو خەرمانە پڕ لە بەرەکەتەوە. بۆ وێنە کار گەیشتە ئەوەی، کە بزوتنەوەی ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجە بە ناوی میواداندارى و حەوانەوە حەوت کادر و

پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەک کەن و بۆ رۆژی دوایی رادەستی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بکەنەوە.

نەریتی بازرگانی کردن بە کورد و هاولاتیان هەر لەو بازنەیەدا نەمایەوە و بەرەو پارچەکانی دیکە پەل و پۆی هاویشت. پاراستنی ستاتوسی پارتایەتی لە رێگای بازرگانی کردن بە کورد و بزوتنەوەی کورد هەر بە بەژن و بالای باشووریەکان نەبڕاوە و پارتی کرێکارانی کوردستان پاش هاتنیان بۆ سەر سنووری رۆژهەلات و باشوور، بوونە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی رێژیمی تاران. ئەوان هەر لە سەرەتای جێگیربوونیان لە سنووری نێوان باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان بوونە هاوکاری کاربەدەستانی رێژیم. عەبدوللا ئوجالانی سەرۆکی ئەو پارتە، لە وتەیەکی تەلەویزیۆنیدا (لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا)، بە پانەوە دەلێ، کە کوردی رۆژهەلات کێشەیان نیە. لە ژێر تیشکی ئەو سیاسەت و خوێندنەوەیەدا بو، کە کادر و ئەندامەکانیان بە ئازادی بە شار و زانکۆکانی ئێران و رۆژهەلاتدا دەسووڕانەوە و کاری راگەیاندنیان دژ بە هێز کوردییەکان دەکرد.

رێژیمی ئێران بۆ لێدان لە بزوتنەوەی کوردانی رۆژهەلات، بوونی پارتی و یەکێتی و تێکەلبوونی پەکەکەی بەو خەرمانە بە نیعمەتی ئیلاهی دەزانی. بەرپرسانی رێژیم بەو پەڕی لێزانیەوە لە سیاسەتی خۆیاندا سەرکەوتن و پارتە کوردییە رۆژهەلاتیەکانیان لە باشوور کپ و بێدەنگ کرد. لە ئاکامی ئەو سیاسەتدا پارتە رۆژهەلاتیەکان گۆڕەپانی خەباتیان بەرتەسک بۆوە و تێکۆشانی خۆیان لە چوارچێوەی دیدار و کۆبوونەوە و سەردانی ئەم و ئەو کورت کردەوە. لە ژێر سێبەر ئەو سیاسەتەدا گەورەترین هێزی رۆژهەلات و ئەوانی دیکەش بە هێواشی کەوتنە ژێر سیاسەت و دەسەلاتی پاوانخوازی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان. سیاسەتی سەربەخۆیی هێزە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات رەنگیان کال بۆوە و دوای لەتبوون و پەرتەوازەبوونی زیاتر، زۆرتر کەوتنە ژێر چەنگی پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردستان. خەواندنی خەباتی چەکداری لە پێناوی باشووردا کە زیاتر لە ١٧ سال تێپەڕ دەکا، ئیرادە و وزەی پارتە رۆژهەلاتیەکانی گەیاندۆتە ئەوپەڕی نەرێنی. بەشێک لەوان کە رۆژانێک لە ناوچە و دەرەوەدا حیسابیان لە سەر دەکرا، ئەمڕۆ بوونە پاشکۆی سیاسەتی ئەوانی دیکە. پارتی تازە دروست دەکرێن و بەڕێوەبەرەکەیان لە بەرنامەی زیندوودا دەلێ، با بگەینە خزمەت بارزانی با بزانین کارێکمان لە ئێران بۆ ناکا! پاش رووخانی رێژیمی عێراق ژمارەی

پارت و کۆمپانیا سیاسیەکان چوونە سەر و بێجگە لە لێکجابوونەوە و لەتبوونەکان دەزگای بەرهەمهێنانی پارتەکان بەردەوام مۆدیلی تازە بەرهەم دێنێ.

رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ پارتی بارزانی، یەکێتی تاڵەبانی و پارتی ئوجالان بوونە گۆڕەپانی بێنە و بەردە. هەرکامە و بە جۆرێک خوازیارە دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەو پارچانەدا پسەپێنێ و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری بێنن. رۆژئاوا بە هۆی لاوازبوونی پاشخانی خەباتی رابردوو، نەبوونی مێژووی خەباتی چەکداری و دەستەمۆکرانی لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەردەمی حافز و بەشار ئەسەدەوە، بە ئاسانی کەوتۆتە داوی تەنراوی جاڵجاڵۆکەکانی سیاسەت. ئەوان لە سەرەتاوە خراونە تەرازووی بەرژەوەندییەکان و لە سەردەمی تەق و توقی ئەیلول ودواتر جێگیربوونی پەکەکە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە سووریا، بە شێوازێکی سیستەماتیک کاریان لە سەر کراوە و دەکرێ. لە درێژەی سیاسەتی رابردوودا، پارتی بارزانی و ئوجالان لە سەر دەستداگرتن بە سەر پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا لە شەڕی راگەیاندن و دیپلۆماسی و شاراوەدان.

رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەرچی خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند لە خەبات و بەرەنگاربوونەوەدایە، بەڵام هاوشێوەی رۆژ ئاوا کاری لە سەر دەکرێ. پەکەکە بۆ سەپاندنی بیرۆکە و باوەڕەکانی خۆی لە ساڵانی رابردوودا پارتێکی بۆ ئەو پارچەیە قوت کردۆتەوە و لە کاتی پێویستدا دەیلەرێنەتەوە. پەکەکە بە ئامانجی خۆسەپاندن لە رۆژهەڵات لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا بەجۆرێک کاری کردوە، کە بە هەر نرخێک بوە پاشخانی کوردان لەو پارچەیە بە شێوازی جیاواز لە بەریەک هەڵتەکێنێ. پارتی بارزانی لە لایەن کۆمەڵێک پارت و کۆمپانیای بە ناوی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکی داسەپاندنی بیرۆکەی رابەربوونی خۆی و پێشڕەوبوونی پارتی و سەرۆکایەتی بارزانین. پارتی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پارە و ئەگەری زۆری لە بەردەستدایە و لە ساڵانی رابردوودا تاک و لایەنی جۆراوجۆر لەو سیاسەتەدا ئەوەندە چوونە پێش، کە رۆژهەڵات و رزگارکردنی ئەو پارچەیان هەر لە بیر چۆتەوە و بەردەوام لە بیری ئەوەدان، چۆن لە کۆبوونەوە زۆر و زەوەندەکانی هەولێر و سلێمانیدا بەشدار بن. سەرەڕای ئەوە، یەکێتی و پارتی هەوڵدەدەن ژمارەیەک خەڵکی ئەو پارچانە بۆ مەبەستی دەنگدان بەکاربێنن و ئازادی و هەڵوێستی ئەوان بە بارمتە بگرن.

ڕۆژهەڵاتیەکان لە گۆڕەپانەکەدا سەریان بێ کولاو ماوەتەوە. ئەوان هاواری ئاشبەتاڵی خەباتی خۆیان ڕاگەیاندوە و وەک ئاردی نێو دڕوانیان لێهاتوە. هەر ڕۆژەی و بە گوێرەی بەرژەوەندی کورتماوە لە دوای پارتێکی دیکەن و خاوەنی ڕوانگەیەکی تایبەت بۆ دواڕۆژی پرسی گەلەکەیان نین. خۆیان و پارتەکانیان لە دەوری بەرژەوەندییەکانی ئەم و ئەو سووڕ دەخۆن و خەمی دواڕۆژی خۆیان لەبیر کردوە. بەشێک لەوان باس لە خۆفیداکردن بۆ باشوور و باکور دەکەن، کەچی لە ڕۆژهەڵات کە گۆڕەپانی سەرەکی کار و تێکۆشانە، خۆیان بێدەنگ کردوە. بوونە کلکەی پارتە سیاسیەکانی دیکە، دەردێک لە دواڕۆژی ئازاری ڕۆژهەڵات کەم ناکات و کاریگەری ئەرێنی لە سەر ستراتیژی خەبات نیە. وەدواکەوتنی دروشمە تەمومژاوییەکانی پارتی، یەکێتی و پەکەکە دەستێکی یارمەتیدەر نین و هەڵگری هیچجۆرە وزە و توانایەکی ئەرێنی بۆ ڕۆژهەڵات نین.

کاتی خۆیەتی، کە پارتە ڕۆژهەڵاتیەکان بیر لەوە بکەنەوە، کە مێژوو چۆن لە سەر کردار و هەڵوێستەکانیان هەڵوێستە دەکا. گەڕان لە هەولێر، سلێمانی، سەردانی ئامێد و قەندیل کردن و وێنە هەڵگرتن لە کۆبوونەوە سواوەکان دارێک لە سەر بەردی تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورددا نانێ. ئەگەر خەبات و تێکۆشان بو بە سەفەر و گەڕان و میوانداری، گونجاوە کە دوکان و کۆمپانیا سیاسیەکان بە یەکجاری لە کار بکەون. بڵاوکردنەوەی وێنەی زۆری کۆبوونەوەی بێ کۆتاییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هتد. چارەی پرسی بندەستی کوردان لە ڕۆژهەڵات ناکا. بازرگانی کردن بە پارتایەتی و پێکهێنانی کۆمپانیا بۆ خۆژیاندن و باس لە خۆکردن نە کردەیەکی خەباتکارانەیە و نە کوردایەتیەکی بێ غەل و غەش. هیچ دوور نیە، کە سبەینێ وەک تێکۆشەری دێرین و پێشمەرگەی هەموو شۆڕشەکان نەچنەوە ڕۆژهەڵات و بە ناوی کوردایەتی و سیاسەتەوە درێژە بە کایەی خۆتان نەدە !

سەرچاوە: سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٣

## نیشتمانێکی خەسێندراو و قومارێکی تازە

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی رابردووی هەرێمی کوردستاندا لە لەندەن لە گەڵ کوردێکی رۆژئاوای کوردستاندا هەڵبژاردنەکانی هەرێم و یەک لەوان سەرۆکی هەرێم و کاندیدەکانمان تاوتوێ دەکرد . ناوبراو پشتگیری لە مەسعود بارزانی دەکرد، بەڵام من ئەو کات و ئێستاش هەموو کاندیدەکانم لە بارزانی بۆ ئەو پۆستە پێ باشتر بون. کوردەکەی رۆژئاوا زۆر بیری لە مەسەلەکە نەکردبۆوە و تەنیا باسی کاندیدێکی دەکرد، کە ئەو دەیناسێ و بۆ ئەو پۆستە گونجاو نیە. بۆ بەرگریکردن لە روانگەی خۆم، رووم لە کوردە رۆژئاواییەکە کرد و گوتم، هەموو کاندیدەکان زیاتر لە مەسعود بارزانی، خزمەت بە پرسی دوارۆژی کورد و دیموکراسی دەکەن .ئەگەر یەکێک لەوان هەڵبژێردرێ و بە کردەوە دەرکەوێ، کە تواناى سەرۆکایەتی نیە، دەکرێ بە گوێرەی یاسا و ویستی زۆرینەی هاونیشتمانیان لە دەسەڵات بخرێ. لە درێژەی باسەکەدا گوتم، مەسعود بارزانی ٢٠ ساڵە بە ئاواتی ئەو رۆژەیە و ناوبراو بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک دەڵێ، ئەمن هەر پێشمەرگەم و پۆستم ناوێ. ناوبراو ئەگەر بوو بە سەرۆک بە ئاسانی دانابەزێ و باجی زۆری دەوێ، چوونکە هێزی چەکدار، سەروەت و سامان، پارت و بەشێک لە عەشیرەیەکی لە پشتە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر بە کوردە رۆژئاواییەکەم گوت، کورد لە زۆر بواردا وتەی جوانی هەیە و لەوپێوەندییەدا دەڵێ، لەوە بترسە کە دەڵێ ناخۆم .ساڵەکان تێپەڕین و بە کردەوە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بو، کە مەسعود بارزانی نەک هونەرێکی سیاسی نەبو، بەڵکو ئێستا خەریکە بە راسپاردەی خۆی و کردەی پارتەکەی لە سەر کورسی دەسەڵات لانەچێ و نیازی هەیە کودەتایەکی سپی لە خەڵکی باشووری کوردستان بکا. لەو دۆخەدا پارتەکەی تاڵەبانی لە بەر هاوکێشەی بەرژوەندییەکان تووشی هەڵەیەکی دیکە دەبێ و ئەوانیش لە پێناوی پاراستنی دەسەڵات و سامانی خۆیان و کۆمپانیای حیزبدا لە گەڵ پارتییەکان هاوڕا و هاوتەکبیرن.

لەو رۆژانەدا لە روانگەی جیاوازەوە باسی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێم دەکرێ. هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە و بە تایبەت هەڵبژێرانەوەی سەرۆکێک بۆ هەرێمی کوردستان ئەو پرسەی زیاتر ئاڵۆز کردوە. بە گوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەر هاوڵاتیەک تەنیا بۆ دوو خول دەتوانێ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان، لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵەکانیان چڕکردوونەوە بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی بە هەر فێڵ و گزییەک بێ بۆ دەورەیەکی دیکە و خولی سێهەم بە سەر خەڵکدا فەرزکەنەوە. راگەیاندنی پارتی و یەکێتی بە هەموو شێواز و ئامازەیەک هاوار دەکەن، کە لەو نیشتمانەدا کەس ناتوانێ ئەرکەکان بەڕێوەبەرێ و ئەو ئەرکە هەر بە بەژن و باڵای دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بڕاوە! بە واتایەکی دیکە، ئەوان درێژە بە سیاسەتی خەساندنی نیشتمانی کوردان دەدەن و گیانی باوەڕبەخۆبوونی تاکی

کورد لە پێناوی حەزە نانیشتمانیەکانیاندا وێران دەکەن.ئەوان لە هەوڵدان تۆوی دیلی و کۆیلایەتی لەو نیشتمانەدا بچێنن و ئازایەتی و گیانی بەرخۆدان و توانای بیرکردنەوە لە تاک و کۆی گەل بستێننەوە.

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە پارتی و یەکێتی لە دوای راپەڕیندا هەتا ئەمڕۆ کێشە و دووبەرەکیان لە سەر دەسەڵات و پارە هەبوە. لە دوای پرۆسەی رووخانی دەسەڵاتی بەعس و گۆڕانی ژینگەی سیاسیی لە عێراقدا، پارتی و یەکێتی و بە تایبەت تاڵەبانی و بارزانی تاکتیکی خۆیان گۆڕی. ئەوان پرسی کوردیان وەک رابردوو لە بیر خۆ بردەوە و لە سەر دابەشکردنی سەروەت و سامان و دەسەڵات رێککەوتن و سەرئەنجام رێککەوتننامەی ستراتیژیان مۆر کرد .ئەوان لە سەرەتاوە کرانە فاکتەری دروستکردنەوەی عێراقی نوێ و هەوڵیاندا، کە بە دەرەوە و نێوخۆ بڵێن، کە ئەوان نوێنەر و رابەری راستەقینەی کورد لە باشووری کوردستانن. کردار و بڕیاری سیاسەتکارەکانی ئەو دوو پارتە و بە تایبەت تاڵەبانی و بارزانی لە جەوهەردا لە گەڵ کوردایەتی و مافی بنەڕەتی کوردان و پاراستنی نیشتمان نارێک و دژبەر بوون. ئەوان لە ژێر چوارچێوەی کایەی دێموکراسی و پرسی هەڵبژارن لە عێراقی تازەدا، تێکۆشان کە خۆیان سەر لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێنن و بە ناوی دەنگدان درێژە بە حوکمی ناشەرعی خۆیان و بنەماڵەکانیان بدەن.

ئەگەرچی لە باشووری کوردستان ئۆپۆزیسیۆن لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە کار و تێکۆشانی پارلەمانی و راگەیاندن هەوڵیانداوە، کە لە گەڵ سیاسەتی خۆسەپاندنی جووت پارتەکە و بە تایبەت پارتی بارزانیدا کێبەرکێ بکەن، بەڵام ژینگەی کوردستان هێشتا بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتیان ئامادە نەکراوە. دێموکڕاسیەکەی کوردستان رەگی دانەکوتاوە و بۆ کایەی ژیانی خەڵک شۆڕ نەبۆتەوە. پارتی و یەکێتی بە کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی نیشتمان و بوونی هێزی میلیشیا و بەکارهێنانی زۆر تاکتیک و سیاسەت، رێگای رێفۆرم و چاکسازیان بەربەست کردوە. لە کەلتوری ئەو دوو پارتەدا دێموکڕاسی مانای دەستاودەستکردنی دەسەڵات نیە و ئەوان لە ماوەی ٢٢ ساڵی رابردوودا تەنیا فێری دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و شەڕکردن بۆ مانەوەی خۆیان بوون. دێموکڕاسی لە کوردستاندا هێشتا لە وشە پەرتەوازەکانی سەر زار و مێدیا دەچن، کە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەڵبژاردن لە کوردستاندا پڕ لە گزییە و ناکرێ وەک بنەمایەکی باوەڕپێکراو بکرێتە بەردی مەحەک بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. ئەو گزی و فێڵانە هەر لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی دوای راپەڕین رێچەکەیان بەستوە و فێڵ

لە یەکتر کردن وەک هونەری سیاسی و زیرەکی چاوی لێدەکرێ. پارتە سیاسییەکان لەو نیشتمانەدا دێموکڕاسی تەنیا وەک درووشمێکی ڕۆژانە بەکار دەبەن و لە ئیدارەی پارتەکاندا کاری پێناکرێ. چارەنووسی نیشتمان و کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بەستراوەتەوە بە دوو پارت و دوو بنەماڵە. بنەماڵەی بارزانی زیاتر لە هەمووان کار بۆ ئەو کەلتورە سەقەتە دەکەن، کە هاوڵاتیانی کوردستان فێری کڕنۆشبردن و ڕێزگرتن لە باوک و کوڕ بکەن. لەو ماوەیەدا، کە مەسعود بارزانی کاتی یاسایی سەرۆکایەتی بەرەو تەواوبوون دەچێ، خەریکن شانۆیەکی دیکە ساز کەن و خەڵک بە لاڕێدا بەرن. پارتی بارزانی و ئەندامەکانی لەو کارانەدا زۆر کارامەن و لە مێژووی دەڵەتە سەردەستەکانی کوردستان سوود وەردەگرن. مەسعود بارزانی بە رواڵەت خۆی بێدەنگە و ئەوەی هەیە تەنیا پێشنیار و تێبینی مەکتەب سیاسیەکانە! هەموو لایەک شارەزای ئەو سیاسەتەن، کە ئەوەی پارتی پیادەی دەکا و کاری بۆ دەکات لە سنوور و بازنەی بنەماڵەی بارزانیدا ورد دەکرێ و دواتر بە شێوازی تایبەت بە سەر خەڵک و تەنانەت لایەنگەرەکانی خۆیاندا بڵاودەکرێتەوە. بەو واتایە، ئەوە ویست و داخوازی مەسعود بارزانیە، کە بە شێوازی پێشنیار و داخوازی لە مەکتەب سیاسییەکانی پارتی و یەکێتی بەرەورووی خەڵکی کوردستان و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەکرێ.

ئەگەر مەسعود بارزانی لەو ڕێکارەدا دەور و ڕۆڵی شاراوە ناگێڕێ و ئەگەر خۆی داوا ناکا و مەیلی مانەوەی نەبێ، چۆن کەسانی دیکە بەو کارە هەڵدەستن؟ نەخشەدارێژی سەرەکی مانەوەی لە سەر کورسی دەسەڵات هەر خۆیەتی و ئەوانی دیکە بە ڕێنوێنی خۆی ئەو کارانە دەکەن. ئەوان لەو نیشتمانە خەسێندراوەدا تاک و کۆ نابینن و ڕێز لە ئیرادەی گەل ناگرن. ئەو پارتە و سەرۆکەکەی ئەندام و لایەنگرەکانیان بە جۆرێک راهێناوە، کە ئەگەر ئەوان نەبن خەڵک سیاسەتی بۆ ناکرێ و ڕێگا بزر دەکەن .بە باوەڕی زۆر کەسی شارەزا و پسپۆڕ ئەوە تەنیا شانۆسازیی بنەماڵەی بارزانی بۆ خۆ چەسپاندنە و هەرای نێوان بەغداو هەولێریش تەنیا بۆ سەرگەرمکردنی خەڵکی کوردستانە. ئەوان بە خوڵقاندنی قەیران نیازیان وایە، کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان بێدەنگ بکەن و لە گەڵ سیاسەتەکانی خۆیاندا هاوڕایان بکەن. بێجگە لەوە لە ژێر پەردەی قەیران خوڵقاندندا ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن و ئەهلی لە پرسی ڕیفۆرم و ئازادییەکان دابڕن بە ناوی پرسی کوردەوە ژینگەیەکی گونجاو بۆ درێژەدا بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بخوڵقێنن .ئەگەر پارتی و سەرۆکەکەی مەبەستیان ئەوە نیە، چۆنە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بۆ یەکجار، کە زۆر دەرفەتی زێڕین لە ئارادابوون، وەزیر و گوزیرەکانیان لە بەغدا نەکشاندەوە؟ کێشەی ئەوان لە سەر مافی خەڵک و پرسە نیشتمانییەکان نیە و تەنیا عاشق و شەیدای مانەوەی خۆیانن .ئەوان نازانن

بە چ زمانێک و چۆن بە خەڵک بڵێن، کە ئەوەی چەند ساڵە بە قسە و دروشم بارزانی و پارتەکەی لە سەر پاراستنی یاسا و شەیدانەبوون بۆ پۆست و پلە گوتوویانە، لە بیر خەڵک بەرنەوە. پارتی و مەسعود بارزانی دەزانن، کە مالیکی مەیلی دیکتاتۆری هەیە و قبوڵ ناکات، کە لە سنوورەکانی عێراقی تازەدا و لە هەولێر کەس و پارتی هاوشێوەی خۆی و دیکتاتۆر هەبن .پارتییەکان و سەرۆکەکەیان بە ناوی کوردایەتی، کەرکوک، نەوت، پێشمەرگە و هتد نیازیان وایە بەرگری لە بەرژەوەندییە زۆر و زەوەندەکانی خۆیان بکەن. لە راستیدا خەڵک و هاوڵاتیانی کوردستان لەونێوەدا تەنیا کالای بازرگانی ئەو پارتە دەسەڵاتدارانن و ئەگەر فریای خۆیان نەکەون لە داهاتوودا باجی گەورەتر دەبێ بدەن. ئێستا کاتی ئەوەیە، کە دروشمە قەبە و زلەکان رووت بکرێنەوە و خەڵک پرسیار بکەن، کە هەڕڕاجکردنی خەڵک و نیشتمان تا کەی بە ناوی کوردایەتیەوە درێژەی دەبێ؟

تۆ بڵێی لەو نیشتمانەدا بە هەزاران کەس لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بۆ بەڕێوەبەردنی ئەو پۆستانە شیاوتر نەبن؟ ئەوە بارزانی و تاڵەبانی و سەرۆک پارتە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان چ هوونەرێکی سەیر و سەمەرەیان هەیە، کە خەڵکی ئاسایی لێی بێبەشن؟ مەگەر مێژووی سەدەی بیستەمی کوردان بێ پێچ و پەنا ئەو کەس و تاکانەی وەک رێبەر و سەرۆک خێڵ و پارت ناسراون، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی خەباتی کوردان ئەژمار ناکات. لە هەر شار و شارۆچەکەیەکی هەرێمی کوردستاندا زۆر کەسی لێهاتوتر لە مەسعود بارزانی و تاڵەبانی هەن، کە ئەگەر دەرفەتیان پێبدرێ لە ماوەیەکی کەمدا دهتوانن بیسەلمێنن، کە لە هەموو بوارێکدا لەوانەی پێش خۆیان باشتری دەکەن. لەو نیشتمانەدا قات و قڕی هاووڵاتی نەهاتوە و ئەگەر رێز لە ئیرادەی کوردەکان بگیرێ و بە زەبری زۆر، پارە و پۆست فێری کڕنۆشبردن بۆ وێنەی ئەم و ئەو نەکرێن نیشتمانێکی جوانتر و دوارۆژێکی باشترمان دەبێ. گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە و تاک و پارتە سیاسیەکان لەو گۆڕەپانەدا دەبێ بە ئیرادەی گەل و یاسا دێموکڕاتیکەکان لە دەسەڵات و پۆستی ناشەرعی دابماڵێدرێن.

رووداوەکانی رابردوو وانەی گەورەن و پێویست بو، کە بارزانی و تاڵەبانی لە بەردەم ئیرادەی گەلدا کشانەوەی خۆیان لە سیاسەت راگەیاندبا .ئەوان لە ماوەی ٢٢ ساڵی رابردوودا و لە پرسی ئیدارەکردنی هەرێم و بەغدادا شکستیان خواردوە. لە جیهانی دێموکڕاسیدا شکستخواردن لە پڕۆژە سیاسییەکان و ئیدارەکردنی پارتەکان بە مانای خۆدوورخستنەوەی دڵخوازانەی لانی کەم سەرکردەی پارتە سیاسییەکان دێ .

گواستنەوەی دەسەڵات لە بابەوە بۆ کوڕ و رابەرایەتی کردنی ئەو پارتە تەنیا لە لایەن بنەماڵەی بارزانییەوە باس لە تێگەیشتنی ئەوان بۆ پرسی دەسەڵات و سیاسەت دەکا. رابردووی ئەو پارتە و کردار و هەڵوێستەکانیان لە کات و ساتی جیاوازدا وانەیەکن بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەی لە دەنگدان و هەڵبژاردندا بەرچاوڕوون و شارەزا بن. بێدەنگی دیکتاتۆری دروست دەکا و دیکتاتۆرەکان بە ناوی بەرگریکردن لە خەڵک و هتد. پایەکانی دەسەڵاتیان قایم و پتەو دەکەن. خەڵکی کورد دڵساف و خۆشباوەڕە و ژینگەی کوردستان لە هەموو پارچەکان بۆ خوڵقاندنی دەسەڵاتی تاکەکەسیی کەم و زۆر ئامادەیە. لە هەناوی هەموو سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەتێکدا دەنگ و کردەوەی دژبەر لە دایک دەبن، کە بە گژ چەوسانەوە و خۆسەپاندندا دەچنەوە. مێژووی گەلانی جیهان پڕە لەو وانەی بەنرخ و جێگای خۆیەتی پارتی و یەکێتی و هەموو پارتە بە ناو سیاسیەکان رێز لە لۆژیکی عەدالەت و دەسەڵاتی خەڵک بگرن.

خۆسەپاندنی سەرلەنوێی مەسعود بارزانی بە سەر هەرێمی کوردستاندا کێشەی کورد لە باشوور ئاڵۆزتر دەکا و قەیرانی زۆرتر لە کوردستاندا دەخوڵقێنێ. مانەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم ناشەرعی و نا یاساییە و زەنگی مەترسیدارە بۆ دابەشبوونی راستەقینەی کۆمەڵگای کوردستان و دەستپێکی قۆناخێکی تازە لە کوردستاندا. ئەگەر پارتی بە هاوکاری یەکێتی درێژە بە سیاسەتی خۆیان بدەن، دوور نیە مێژووی خەباتی چەکداری لە شاخەکانی کوردستان دژ بە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان نەبینەوە. زۆرداری و سەرەڕۆیی هەڵگەڕانەوە و بەرپەرچدانەوەی لێ شین دێبێتەوە و لێدان لە ئازادییە سەرەتاییەکانی گەل و قوماركردن بە چارەنووسی گەلێک دژکردەوەی کۆنترۆڵنەکراوی لێدەکەوێتەوە. با هەڵبژاردنەکانی ئەوجارە شایەتی ئەوە بدەن، کە کوردەکان بەرەو دواڕۆژی پڕشنگدار هەنگاوهەڵدەگرن و لە دیکتاتورییەت و خۆسەپاندن بێزار و تووڕەن. ئەگەر مەبەست خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیانە رێگای زۆر لە بەردەم پارتە سیاسییەکاندا هەن، بەڵام لەو گۆڕەپانەدا کردار و هەڵوێست مەرجی سەرەکین، نەک خۆ بێدەنگ کردن و کارکردن بۆ خۆسەپاندنی درێژخایەن. جێگای خۆیەتی خەڵکی کوردستان یەکدەنگ و یەک بڕوا بە دەنگێکی بەرز بە خۆسەپاندن، گەندەڵی، دیکتاتۆرییەت و درێژەکێشانی چەوساندنەوە بۆ هەمیشە بڵێن نا .

سەرچاوە: سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٣

# چارەسەر بۆ حیزبە هاو ناوە کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان تووشی تەنگوچەڵەمەی بەردرێژ بوون. مانەوە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت جێگیربوون لە باشووری کوردستاندا ئەو ڕێکخراوانەی تووشی کێشەی نێوخۆیی و بەرپەرەی کردووە. زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە شێوازی جۆراوجۆر تووشی دابڕان و لەتبوون بوون. بە چاولێکردن لە مێژووی ئەو دابڕان و لەتبوونانە بناخەی سەرەکی زۆربەی ئەو لەیەکتر دابڕانانە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی ئیدارەکردن و بواری بەڕێوەبردن نەک بناخە فکری و تێڕوانینە ئیدۆلۆژییەکان. پێکەوەهەڵنەکردن لە ریزی ڕێکخراوەکاندا کێشەی تەنیا کوردەکان نییە و لە وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا ئەو تەنگوچەڵەمانە بوونیان هەیە. کێشەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان بە گشتیی ئەوەیە، کە لە دەرەوەی یاسادا و لە کەش و بەستێنی خەبات لە پێناوی ماف و ئازدی گەلدا پێکهێنراون.

بوونی چەند حیزب و ڕێکخراو بە یەک ناو لە کوردستاندا خەریکە دەبێتە سوننەتێکی نەرێنی و ڕاستەوخۆ لە سەر تاکی کورد و خەباتی گشتییدا شوێنەواری خراپ جێدێڵێ. ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان ئەرکیان پێشەنگایەتی خەبات و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و دیاریکردنی تاکتیک و ستراتژی خەباتی نەتەوەیەکە، نەک خەباتکردن بۆ خۆپێناسەکردن و خۆ بە ئەسڵ ناساندن. کێشەی ناو و خۆپێناسەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر تێڕوانینی خەڵکی کورد بەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەییەکانیان شوێندانەرە.

کاتێک خەبات بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوەیەک و دەستەبەربوونی ئازادییەکان لە خەبات بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی حیزبیدا خۆی دەنوێنێ، بەستێنی بزوتنەوەی کورد تەپڵەک دەبێ. لە ئاکامی ئەو دژکردەوە و دوو بەرەکیانەدا خەبات بۆ دەستەبەربوونی مافەکان پیرۆزی خۆی لە دەست دەدا و متمانەی خەڵک بە ڕێکخراوەکان دەگاتە پلەی هەر خوارێ. لە ئاکامدا نەیاران و دوژمنانی کورد لەو دۆخە سوودمەند دەبن. کورد هێشتا لە سەر

ناساندنی خۆی وەک نەتەوەیەک و بواری ناسنامە و جوغرافیای نەتەوەیی کێشەی گەوەرەی هەیە. لە سەردەمێکدا کە خەڵکی ئێمە پێویستی بە بەرچاوڕوونی زیاتر و زۆرتر هەیە وهێشتا ستراتیژی خەباتی کورد لەو پارچەیەی کوردستان پڕە لە ناڕوونی.

لە دەرەوەی وڵات و لە جیهانی پێشکەوتوودا دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی پڕۆسەیەکی قانوونییە. ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان زۆربەیان باس لە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیەک دەکەن، بۆچێ لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خۆیان، یەکەم بەردی بناخەی دێموکڕاسی دانانێن.دامەزراندن و و تۆمارکردنی ناوی ڕێکخراو و حیزب لە وڵاتێکی وەک فینلەند پێویستیی بە کۆکردنەوەی ناوی ئەسڵی پێنج هەزار هاوڵاتییە. ئەگەر ڕێکخراوێک نەتوانێ ئەو ڕێژەیە لە واژوو و ئیمزا کۆبکاتەوە بە گوێرەی یاسا ناتوانێ دابمەزرێ. ئەگەر ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسیی دامەزرا و لە ماوەی دوو هەڵبژاردنی پارلمانیدا نەیتوانی لە پارلماندا خاوەنی نوێنەر بێ، بە شێوازێکی ساکار و سادە هەڵدەوەشێتەوە. لە ژێر ڕووناکی ئەو باسەدا دامەزراندنی حیزب لە کوردستاندا کێشەی هەیە. ئەو کێشەیە بۆ چارەسەربوون پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەک هەیە. ئەگەر کێشەی حیزبە هاوناوەکان چارەسەر نەکرێ، داهاتووی بزوتنەوەی کورد و نوێنەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە تای تەرازوی قوماری دۆڕان و شکان دایە.

ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستمان بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی کارو خەبات هەیە، کە چوارچێوەی تێکۆشانی حیزبە سیاسیەکان دیاری دەکا. ئەگەر یاسایەکی لەوجۆرە بێتە کایەوە و زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکان پێی پابەند بن، لەوە دوا کێشەی حیزبە لەتبووەکان و لێکدابڕاوەکان کەم دەبنەوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەیشتوونەتە کۆڵانی تەنگەبەر و ئەگەر چارەی ئەو دۆخە نەکەن، زۆربەیان دەبنە قوربانی ئەو بەستێنە نالەبارەی، کە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکان هاتۆتە کایەوە. نەبوونی یاسای تایبەت بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کەش و فەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆتە هۆکاری زۆری و بۆری ڕێکخراوەکان. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بارودۆخە بێزارە، بەڵام دووربوونی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە خەڵک ڕێگای چارەسەرکردنی بەربەستکردووە.

داهاتووی ناوچە و پاشەڕۆژی نادیاری کورد لە دواڕۆژی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پرسیارێکی کراوەیە لە بەردەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە جێگای خۆیەتی، لە ڕوانگەی ئامانج و مافە نەتەوەییەکان بڕواننە جێگە و پێگەی خۆیان، نەک بوونێکی لاواز و ناوێکی گەورە. بۆ تێگەییشتن و خوێندنەوەی نوێ لە حیزب و ڕێکخراوەکان کار و تێکۆشان گرینگە. ئەگەر ڕێگا نەدرێ چەند حیزبێک بە یەک ناو و ئۆرگانی هاوشێوە لە کوردستاندا بوونیان هەبێ ڕێژەی لەتبوونەکان زۆر کەم دەبنەوە. لە دۆخێکی ئەوتۆدا ئەگەر بەڵای لەتبوون حیزب و ڕێکخراوێک بگرێتەوە، بێگومان ئەوانەی ناڕازین بە ناو و ئۆرگانێکی تازە و لە سەر بناخەی بیرۆکەیەکی کاریگەر و جیددی دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە.

پێکهێنانی هەرجۆرە بەرەیەک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگەڕانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی حیزبە هاوناوەکان (دێموکڕاتەکان، کۆمەڵەکان، خەباتەکان، شۆڕشگێرەکان و هتد) و بەتایبەت حیزبە سەرەکیەکان بەرهەمی نابێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە داهێنانێکی تازە و ڕێککەوتننامەی کار و خەبات پێویستە. لەو ڕێککەوتننامەیەدا پێویستە مەرج و سنووری حیزب و ڕێکخراوەکان دیاری بکرێ. بە گوێرەی ئەو یاسا نەتەوەییە ڕێگا نەدرێ، کە یەک حیزب بە دوو ناوی هاوشێوە بوونی هەبێ.

ئەگەر دێموکڕاسی و بنەمای هەڵبژاردنی دێموکڕاتیانە لە نێو ریزی حیزب و ڕێکخراوەکاندا هەبێ، ستراتیژی و تاکتیکی کارکردن لە سەر یەک هێڵ دەچنە پێش. ئەو حیزبانە ئەگەر گەورەیی و بچووکی خۆیان قبوڵ بکەن و هەموو خۆیان بە حیزبی داهێنەر و دایک نەزانن، پرۆژەی هاوکاری و پێکهێنانی بەرە گوڵ دەکا. چەقین لە بەستێنی دژوار و بەستووی ئەمرۆی بارودۆخەکاندا لە قازانجی نەتەوە و داهاتووی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەماندا نییە.کلیلی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە لە دەست هەمووان دایە و خۆدزینەوەی هەر لایەنێک لە وڵامدانەوە بەو پرسە بە مانای بە فیڕۆدانی بەشێک لە هێز و توانای گەلەکەمانە.

سەرچاوە: سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٣

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران وانەیەک بۆ مێژوو

ئەو رۆژانە کاناڵە راگەیاندنە کوردییەکان پڕ بوون لە کەسانی چاوەدێر، لێکۆڵەرەوە و شارەزا لە بواری ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست! لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، زۆر کەس رووکاریان دەبینی و لە گەڵ عەقڵانیەتی سیاسی یەکانگیر نەبوون. کەسانێک هەبوون، کە گۆترەکاری سەیر و سەمەرەیان دەکرد. ژمارەیەک لەو شارەزا و چاوەدێرانە، تای میکرۆفۆن دەیگرتن و لە گۆترەکارییەکاندا سنووره ساکارەکانیان دەبەزاند و رایاندەگەیاند، کە هەڵبژاردن دەچێتە دەورەی دووهەم و جەلیلی دەیباتەوە .

بازاڕی لێکدانەوەی چاوەدێرە کوردەکان لە بازاڕی رەش دەچوو، کە باڵانسی گونجاوی نەبو. کەس بیری لەوە نەکردبۆوە، کە  زۆربوونی ژمارەی بەربژێری باڵی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەنانەدا، لە بەرژەوەندی لایەنی بەرامبەردا  دەبێ. بە واتایەکی زۆر سادە و ساکار، زۆربوونی کاندیداتۆری سەر بە یەک باڵ، بە مانای دابەشبوونی رێژەی دەنگی لایەنگرەکانیان پێناسە دەکرێ، کە شرۆڤە نەدەکرا. نەخشەدارێژەرانی رێژیم و موهەندیسەکانی هەڵبژاردن، بێگومان ئاگاداری تەواوی ئەو بژاردەیە بوون، بەڵام ئەوان بۆ مانەوەی رێژیم و هێشتنەوەی سەرەگەورەکان، ترسیان لە وەلانانی مۆرەکان نەبو.

هەرچەندە سەرکۆمار لە ئێراندا کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە، بەڵام ئەو گەمەیە بۆ سەرگەرمکردنی بیروڕای نێوخۆ و دەرەوە دەوری بەرچاوی هەیە. رۆژئاواییەکان لەو پێوەندییەدا لە جیهانی تیۆری خۆیاندا سەریان گەرمە و عەقڵیان بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا وێڵە. حەسەنی رووحانی، کە قوتابی رەفسەنجانی و هاوشانی خاتەمەیە، لە خاتەمی باشتری ناکا. ناوبراو رەنگە  وەک سەیدی دەم بە پێکەنین، لە جیاتی جێبەجێکردنی بەڵێنیەکانی هەڵبژاردن، زەردەخەنەیەکی بێ مانا بۆ ئوممەتی موسڵمان و دەنگدەران لێبدا! ئەوان دەرچووی قوتابخانەی تەقیە و فرت و فێڵن و لە گەڵ خەڵکی بێدەنگ و زوڵملێکراودا هاوڕێ و هاوسەنگەر نین. لەو دۆخەدا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە خەوی قووڵی زستانە هەڵنەستاوە و لە بەهاری وەخەبەرهاتندا توانای هەڵگرتنی هەنگاوی کاریگەریان نیە.

کوردەکان لەو نێوەدا لە باقی نەتەوەکانی دیکەی نێو سنووره سەپێندراوەکانی ئێران باشتر نین. ئەوان لەو بازاڕە رەشەی سیاسەتدا لە داوی فرت و فێڵی ئاخوندەکان کەوتوون و بە کردەوە ئامادەنین بۆ کوردایەتی و مافی چارەیخۆنووسین نرخێک بدەن. کوردایەتی کوردەکان بۆ رۆژی نەهاتوو هەڵگیراوە و ئەوان بە گشتی لە گەڵ هەموو دۆخەکاندا خۆیان دەگونجێنن. کوردەکان فێری ئەوە کراون، لە گەڵ نیزام و ئۆپۆزیسیۆن سیاسەتی هاتنەوە رەچاو بکەن. لە ئەگەری دیارنەبوونی رێژیم دروشمی گەورە و قەبە دەدەن و لە کاتی دیکەدا خۆیان وەفادار بە نیزام پێناسە دەکەن.

جێگای خۆیەتی پارتە کوردییە رۆژهەڵاتیەکان لە خوێندەوەکانی خۆیان و شێوازی کارکردنیاندا وانە وەرگرن. گونجاوە، کە بۆ ماوەیەک واز لە دەرکردنی بەیاننامە و کۆبوونەوە بەردەوامەکان بێنن و بۆ جارێک رەخنە لە خۆیان بگرن. ئێستا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوە، کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! دەنگی خۆیان داوە و سیاسەتی ئاخوندەکان لە ئاست خەڵکی خەوتووی ئێراندا سەرکەوتوو بووە. سیاسەتی بایکۆتی پارتە کوردییەکان و بەشداربوونی رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا دەیسەلمێنێ، کە خەڵک لە سیاسەتی خۆیاندا ژیان، نان و مانەوەیان بە لاوە گرینگە. بە واتایەکی دیکە، خودموختاری، فیدراڵیزم و سەربەخۆیی کوردستان هێشتا لە نووسراوە و دەنگەوە تێپەڕی نەکردوە و شێعر و پەخشانە ئاگرینەکان لە کردەوەی کوردە رۆژهەڵاتیەکاندا جێگایان نابێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥جوونی ٢٠١٣

---

## شێرپەنجەی خۆسەپاندن و تێپەڕاندنی رەشنووسی دەستوور

باشووری کوردستان لە بەردەم رۆژانێکی یەکلاکەرەوە دایە. ئەو پارچەیەی کوردستان بە راپەرینی خەڵک و کارابوونی هێزێکی گۆڕەپانەکە ئازاد کرا. ئەو ناوچەیە بە کۆڕەوی ملوێنی ستاتوسی نێونەتەوەیی وەرگرت و لە ژێر

کاریگەری و پاراستنی چەند دەوڵەتێکی رۆژئاواییدا بو بە خاوەنی ستاتوسی خۆبەڕێوەبەریی. پارتی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی کەمترین رۆڵیان لە راپەڕین و بزوتنەوی ناسراو بە شۆڕشی نوێی کوردانی باشووردا گێڕاوە، بەڵام لە کۆتایی کۆڕەو و لە پاش یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، گەرای نەخۆشیەکی کوشەندەیان بە ناوی خۆسەپاندن خست. هەڵە تاکتیکی و ستراتیژیەکانی جەلال تالەبانی و یەکێتیەکان کە خوێنێکی زۆریان بۆ بزوتنەوەی نوێ دابو، پارتی دێموکرات و مەسعود بارزانی فێری سنووربەزاندنی زۆرتر کرد.

شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لە ماوەی چوار ساڵی ١٩٩٤ هەتا ١٩٩٨دا، خاک و خەڵکی سیڤیلی کردە سووتەمەنی شەڕ و باشووری کوردستانی کردە گۆڕەپانی دەسەڵاتی دەوڵەتە دز و جەردەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا. لە کۆتایی ئەو هاوکێشەیەدا، کوردەکان زەرەرمەندی یەکەم بوون و پارتی و یەکێتی وەک دوو پارتی خۆسەپێن لە قۆناخی شەڕی نێوخۆ و دواتریشدا باشووری کوردستانیان خستە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیان. دابەشکردنی خاکی کوردستان بە سەر زۆنی پارتەکانیان، خوڵقاندنی ئاوارەی شەڕی نێوخۆ، کوشتنی دیلی یەکتر و تێکەڵبوون لە گەڵ دەزگا سیخوڕی و سەربازییەکانی دەوڵەتە سەر دەستەکانی کوردستان بە داهێنانی ئەو پارت و سەرۆکەکانیان دەژمێردرێن. نەتەوەی هەژار و دوور لە بیرکردنەوەی خۆناسین، لە پێناوی دوو بنەماڵەدا کرانە کاڵای سیاسیی و بە زۆڕنای راگەیاندنی بازرگانەکانی خاک و گەل، خرانە تەرازووی دژ بە بەرژەوەندییەکانیان.

رووخانی رێژیمی بەعس لە ٢٠٠٣دا، بە دەرفەتی زێڕێن و گونجاو بۆ خەڵکی کوردستان بە ئەژمار دێ. بە هۆی تێنەگەیشتن لە دۆخەکە، لاوازبوونی بنکە و پاشخانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەبوونی دەزگا و ناوەندی نەتەوەیی ، پارتی و یەکێتی کەوتنە بارێکی دیکە و بە ناوی نوێنەرایەتی باشووری کوردستان گەمەیەکی تازەیان لە گەڵ بەغدا و جیهانی دەرەوە دەستپێکرد. سەرۆکی دوو پارتی ناوبراو بۆ وەرگرتنی پشکی خۆیان لە بەغدا بە جووتە بوونە نیشتەجێی ئەو شارە و لەبەر تەوژمی پۆست و پارە، نەخشەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان لە عێراقدا لە بیر کرد. کێبەرکێی نێوان پارتی و یەکێتی، کە خاوەنی میلیشیا و دەوڵەتۆچکەیەکی حیزبی بوون، لە رۆژانی یەکەمی رووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا ئاشکرابوون. بۆ تێکنەچوونی باڵانسی دەسەڵات پارتی ئامادە نەبو، پاڵپشتی لە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەڵات بۆ سەر زرە حکومەتەکەی خۆیان و یەکێتی بکات.

ئـەوان بوونـە بازرگـان و بیـزنێس مـەنی کـارای سـیگار، مۆبایـل، هێڵـی ئینتـەرنێت، فیرمـای فرۆکـەوانی، عەرزەدابەشکردن، دۆلارەکـانی بریمـەر، نـەوت و تەنانـەت دوارۆژی خـەڵکی کوردسـتان. لـە نـەبوونی یاسـایەکی نیشتمانی و بەربەستێکی نەتەوەییدا، تـاڵەبانی و بارزانی دۆخەکەیان قۆستەوە و بە دەستکراوەیی هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەوان بە ئەرپەی بنەماڵە و پارتەکەیان، بەرژەوەندی و سیاسەتی رۆژی عێراق و کوردستانیان دەپێوا. لە دوا نەخشەدا، تـاڵەبانی و بارزانی سەروەت و سامان، دەسەلات، پۆست و بە کورتی ژێرزەوی و سەرزەوی ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیان، لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد. تـاڵەبانی، کە عاشق و شەیدای پۆستی سەرکۆماریی عێـراق بـوو، باشووری کوردستـانی تەسلیم بـە پـارتی و بـارزانی کـرد. مامەڵەیـەک کـە پـارتی خـەونی پێـوە دەدی و لـە نەخشەی شاراوەی خۆیاندا زۆر ئامادەکاریان بۆ کردبو. لەو مامەڵەیەدا یەکێتیەکان و زۆر لایـەنی دیکـە، هەسـتیان بـە خواربوونی بالانسی دەسەلات دەکرد، بـەلام عـەقڵی سـەرۆک پەرەستی و نـەبوونی خوێندنـەوەی ورد بـۆ دوارۆژی ئەو پێوەندییانە، باشووری کوردستانی بە شێوەیەکی شاراوە و هەمەلایەنە بە گرێبەستە ناشەرعیەکانی پارتەکەی بارزانی و تـاڵەبانی بەستەوە.

بارزانی و بنەماڵەکەی بۆ پیرۆزکردنی خۆیان و شۆڕکردنەوەی بیری بە کۆیلەکردنی کۆمەڵگا بۆ پانتایی کوردستان، بێوچان لە رێگای کرێگرتەکانیان هەوڵدەدەن. ئەوان ژمارەیەک خەڵکی بەستەزمانی نێوخۆ و بـازرگانی سیاسیی بـۆ سەر گۆڕی مستەفا بارزانی و کوڕەکەی راپێچ دەکەن و لە دەزگای راگەیاندنی خۆیان بە شێوازێکی دیکە بـۆ خـەڵکی دەگێڕنەوە. لە بنەوە لە گەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستـاندا سـازاون و نـان بـە یـەکتر بـە قـەرز دەدەن و لـە گەڵ بەغداش هاوکار و شەریکن، کـەچی بـە درووشمی گـەورە و قـەبەی وەک کوردسـتان و کـورد و هتـد. تێکۆشـاون خۆیـان لـە بـەرچاوی خـەڵکی هـەژار بـە پێشڕەوی کوردایـەتی پێناسـەبکەن. لـە لایـەکی دیکـە، ئـەوان بـە پـارەی خەڵکی کوردستان و بەشینەوەی پۆست و زەوی بەستێنی دوارۆژی دەسەلاتی خۆیان گەرەنتی دەکەن. بۆ سەرخستنی پرۆژەی خۆ بە سەرکردە زانین، کاریان لە سەر کوردی هەر چوار پارچە کردوە. بەداخەوە تـەوژمی پۆست و پـارە زۆر کوردی هەڵخەڵەتاندوە و لە ئاکامدا پارتی و بە تایبەت بنەماڵەی بارزانی بە رێژەیەک لە سیاسەتی خـەڵک کڕیندا سەرکەوتوو بوون. ناکرێ چاوپۆشی لە سایکۆلۆژی تاکی کورد بکەین، کە بۆ بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان زۆر جار چاو لە ئاست هەموو رووداوە نەرێنیەکان دادەخات. تاکی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ لە ژێر دەسەلاتی عوسمانی و پێرسـیاکاندا و دواتـر لـەژێر دەسـەلاتی فـارس، عـەرەب و تورکەکانـدا خـاوەنی کەسـایەتیەکی لاواز و

خۆبەدەستەوەدەر بوە. بەشێک لەوان لە کاتی ئازادبوونی خاک و نەتەوەکەشیان درێژە بەو کولتورە دەدەن و ناتوانن یان ناخوازن کەسایەتیەکی سەربەخۆ، پیشەیی و نیشتمانیان هەبێ.

تاڵەبانی یەکێک لەو تاکانەیە، کە لە سەرەتای چوونە نێو پارتی دێموکڕات و دواتر کارکردن بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو شێوازە کاری کردوە. ئەگەر خۆی و هاوبیروڕاکانی بە کردەوە لایەنگر و خوازیاری رێبازێکی جیاواز لە پارتی دێموکڕات بانایە، ئەمڕۆ باشووری کوردستان خاوەنی سیستم و رێبازێکی گونجاوی سیاسی دەبو. تاڵەبانی، کە بە پیاوی هەڵبەز دابەزە سیاسییەکان ناسراوە لەو ساڵانەی دواییدا هەستی بەوە کردبوو، کە لە ماوەی رابردوودا بۆ تێرکردنی حەزی پۆستپەرەستی خۆیی و مەسعود بارزانی، زۆر سنوور و هێڵی بەزاندوون. ناوبراو لە هەناوی فرت و فێڵ و نەخشەکانیدا ئاگاداری دوامەنزڵگەی سیاسیی خۆی بوو. ئەو لە خولی دووهەمی سەرکۆماریەکەیدا تێگەیشتبوو، کە چیدیکە پێویستی بە پارتی و سەرۆکەکەی نەماوە، چوونکە ئامانجە کەسییەکانی خۆی پێکاوە و تەمەنیشی دەرفەتی هەڵبەزدابەزی دیکەی پێنادا. لە سەر بناخەی ئەو خوێندنەوەیە بو، کە تاڵەبانی لە ساڵی رابردوودا کەم و زۆر دژ بە مەیلی پارتی و بارزانی قسەی دەکرد و بۆ دەزگاکانی راگەیاندن لێدوانی دەدا. لە پرسی لابردنی مالیکی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، سیاسەتی تایبەتی رەچاو کرد. لە پێوەندی لە گەڵ رەشنووسی دەستووردا لە دانیشتنی داباشان لە گەڵ رێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕاندا رایگەیاند، کە دەستوور دەبێ بگەڕێتەوە بۆ پارلەمان و سازانی نیشتمانی لەسەر بکرێ. تاڵەبانی بە زمانێکی دیکە بە پارتی و لایەنەکانی دیکەی راگەیاند، کە مانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم لە گەڵ پۆستەکەی خۆی هاوبەند و لێکگرێدراوە.جێگای ئاماژە پێکردنە، کە پرش و بڵاوبوونی تاکتیکەکانی تاڵەبانی و نەبوونی سیاسەتێکی دیار و روون بۆ ئەندام و سەرکردایەتی ئەو پارتە و بە تایبەت رووداوەکانی پێش و پاش خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات، یەکێتی کردە پاشکۆی پارتی. پارتی دێموکڕات دڵخۆشبوون کە تاڵەبانی لە بەغدایە و خۆیان هەموو جومگەکان ژیان، سیاسەت و ئابوری باشووریان گرتۆتە ژێر رکێفی خۆیان.

دەرکەوتنی فەرمی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا و کۆبوونەوەی هێزێکی مرۆڤی گەورە لە دەوری بازنەی تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، عێراق و کوردستان پارتی و سەرکردایەتیەکی خستە بەردەم بژاردەی دژوار. مەسعود بارزانی و کەسانی دەوروبەری لە نێو کۆمەڵگایەکی هەژار و دواکەوتوودا وایان لە خەڵک گەیاندوە، کە ئەوە خەڵک و خاکە کە پێویستی بەوان هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئەوان دەسەڵاتیان ناوێ و هاوڵاتیانی کوردستانن داوایان لێدەکەن، کە ببنە سەرۆک و رابەر! لە ماوەی رابردوودا سیاسەتی خۆڵ لە چاوی

خەڵک کردن باوی نەما و پارتی دیموکڕات دەستی ئاشکرا بو. بۆ هەموو لایەک دەرکەوت، کە مەسعود بارزانی و پارتەکەی تەنیا شەڕ بۆ مانەوەی خۆیان دەکەن و دروشمە بریقەدارەکانیان ڕەنگیان کاڵ بۆتەوە. تەوژمی ڕاگەیاندنی ڕەخنەگرە سەربەخۆکان، ئۆپۆزیسیۆن و دوو دڵبوونی یەکێتی لە سەر درێژەدان بە سیاسەتی ڕابردوو لە گەڵ هێزە هاوپەیمانەکەیان، پارتییەکان و بنەماڵەی بارزانی تووشی گرێ کوێرەیەکی سیاسی کرد. ئەوان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و مانەوەی دوور و درێژ لە دەسەڵاتدا خوازیاری سیستمی نیزیک لە وڵاتانی عەرێبین و باس لە دەنگدان بۆ ڕەشنووسی دەستوور دەکەن. کێشەی ئەوان خەڵک و خاکی کوردستان نیە و نەبوە و ڕووداوە مێژووییەکان بەڵگەی زیندوون، کە ئەوان و سەرکردەکانیان چەندە و چۆن لە ڕابردوودا هەڵسوکەوتیان کردوە. لە ژێر تیشکی ئەو لێکدانەوەیەدا دەگوترێ، کە مانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا و بنەماڵەی بارزانی لە هێرۆمی دەسەڵاتی پارتی و ناوچەی زەرددا، خەمی گەورەی پارتی و سەرۆکەکەیەتی.

ڕووداوەکانی ڕابردوو سەلماندوویانە، کە مەسعود بارزانی بۆ ئەو پۆست نەگونجاوە. ناوبراو دوو خولی خۆی تەواو کردوە و بە گوێرەی یاسای سەرۆکایەتی مافی خۆکاندیدکردنەوەی نیە. مەودای بیرکردنەوە و تێکۆشانی کردەیی ناوبراو لە سەرۆک هۆزێک تێپەڕی نەکردوە و لە جیهانی دیپلۆماسی و دەرەوەدا، بارزانی هەڵگری هیچ ستاتوسێکی نەتەوەیی و کارپێکراو نیە. ئەو بە کردەوە، جلوبەرگ، وتە و ڕەفتاری سیاسی پێشانی داوە، کە تەنیا دەتوانێ سەرۆکی بنەماڵەی خۆیی و لە باشترین حاڵەتدا سەرۆکی پارتەکەی بێ. ئەگەر خەڵک بە گوێرەی یاسا و ڕێسا باوەکانی سەردم دەرفەتی دەنگدان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیان هەبێ، مەسعود لە ناوچەی بارزانیش سەرۆکایەتیەکی قەبوڵ ناکرێ. لە هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان زۆربەیان نەک دەنگی پێنادەن، بەڵکو دژایەتی دەکەن. ئەوەی بۆ پارتی ماوەتەوە کڕینی دەنگی خەڵک و هێشتنەوەی خەڵک لە جیهانی بچووکی خۆیاندایە. پارتی بە ناوی پاراستنی پیرۆزییەکان ڕێگای لە خەڵکی کورد و بە تایبەت لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا گرتوە، کە ڕەخنە لە بارزانی و کۆی کایەی سیاسیی ناوبراو بگرن. ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی چەکدارەکانی خۆیاندا، پارلەمانی کوردستانیان وەک دیوەخانی مستەفا بارزانی لێکردوە و بێدەنگبوونی پارلەمانتاران لەو دۆخە، نیشانەی مل کەچکردنیانە بۆ زۆرداری و سەرەڕۆیی.

مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی لەوە تێگەیشتوون، کە سەردەمەکە لە قازانجی ئەواندا نیە. ئەوان بە ناوی جۆراوجۆر خوازیارن، کە خەڵک تەسلیمی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەن. لە ڕێگای نهێنی و سیاسەتی پارە بە خەڵکدان، خەڵک و کەسانی دیاریکراو ڕادەسپێرن،کە گۆرانی و شێعریان بە باڵادا بڵێن و بە پیاو چاک و ڕابەری

حەکیم بناسێندرێن. پارتی و سەرۆکەکەی بە ناوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەی دەستگرتن بە سەر خەڵک، خاک و دوارۆژی باشووری کوردستانن. لە رێگای سیاسەتی خەڵک فریودان، باس کردن لە سەربەخۆیی کوردستان و چیرۆکی هەڵبەستراوی پێدانی ئاڵای کوردستان لە لایەن قازی محەممەد بە مستەفا بارزانی و هتد. خەریکی پتەوکردنی پایەی دەسەڵاتی بنەماڵەن. بۆ سەرکەوتن بە سەر پەیژەی فرت و فێڵەکان و بە ناوی دێموکڕاسی باس لە تێپەڕاندنی دەستورێک دەکەن، کە بۆ ئەوان نووسراوە و زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاگاداری خاڵە نادیارەکانی رەشنووسی دەستوور نین. ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی و رێبەرایەتیە پەرتەوازەکەی هێشتا لە ژێر تەوژمی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانیدان و بە تەواوەتی هەڵوێستی خۆیان لە سەر پرۆژەی رەشنووس و سیستەمی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەرنەبڕیوە، بەڵام کات لە بەردەم لایەنەکاندا زۆر نەماوە.

لە سەر پرسی دەستوور رێگای سێهەم نیە و سازانی نیشتمانی بە مانای خۆفریودانە. تەنیا رێگای بەردەم خەڵکی کوردستان گەڕاندنەوەی رەشنووس بۆ پارلەمان و هەموارکردنەوەیە. رەشنووسی دەستوور، کە کراوەتە بابەتی گەرمی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانی گرینگە، چوونکە مەودای درێژەدان بە دەسەڵاتی ئەوان و مانەوەیان لە سەرەوەی یاسا مسۆگەر دەکا. هێزی رەخنەگر و بەرەی گۆڕانخوازن دەبێ پارتی و سەرۆکەکەی ناچار بکەن، کە رێز لە مافی خەڵکی کوردستان بگرێ و بە سەر یاسای دێموکڕاسی و رێسای دەستاودەستکردنی دەسەڵات باز نەدات. ئیرادەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان پێویستە بە دەنگێکی بەرز بە مسعود بارزانی و پارتەکەی بڵێن، کە ئەگەر بۆ یاسای دەستاودەستکردنی دەسەڵات و قبوڵەکردنی ئیرادەی نەتەوەیەک مل نەدەن، ناچارن بەرەنگاری ببنەوە. خەڵکی کوردستان لەوە گەورەترە کە مەسعود بارزانی بە ناوی ئەوان و لە ژێر ناوی سەرۆکی هەرێمدا بڕیار لە سەر باس و خواسی نەک دواڕۆژ بەڵکو رۆژانە بدات. خەڵکی کوردستان و تاکەکانی دەبێ ئەوەندە کارا و گەورە بن، کە سەدانی وەک مەسعود بارزانی بە ساڵان تێبکۆشن بۆ ئەوەی شەرەفی سەرۆکی شارەوانیەکیان بەرکەوێ، نەک بە فرت و فێڵ و چیرۆکی بێ بنەما خۆی بکاتە سوڵتان و ئەمیری بەشێک لە کوردستان.

هێماکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەگەر بنەماڵەی بارزانی و پارتی دێموکڕاتی بارزانی مل بۆ یاسا و رێسای کاری هاوبەش نەدەن و لە ژێر تەوژمی پارە و فرت و فێڵدا رەشنووسی دەستوور تێپەڕێنن، بزوتنەوەیەکی دژبەر دژ بەوان بێتە کایەوە. بە واتایەکی دیکە، گوێنەدان بە خەڵک و خۆفەرزکردن بە سەر زۆربەی خەڵکی کوردستاندا،

ڕەوتی بەرەنگاری دەخوڵقێنێ و خەبات بۆ ڕزگاربوون لە ژێر چنگی زۆرداری و سەرەڕۆیی بوڕکانێک دەخوڵقێنێ. مەسعود بارزانی ئەرکی ئەخلاقی لە سەر شانە و پێویستە ڕێز لە ئیرادەی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بگرێ. مەلەکردن دژ بە ڕەوتی شەپۆلەکانی دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵک کارێکی ئاسان نیە و دژواری زۆرتر دەخوڵقێنێ. ئەگەر ئالۆزییەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان چارەسەرنەکرێن و سەرئەنجام بۆ سنووری پێکهەڵپڕژانی چەکداری و شەڕی خوێناوی بپەڕنەوە، ئەو کات پارتی و سەرۆکەکەی دەکەونە بەردەم ڕقی مێژوو و چیرۆکە زۆر و زەمەندە دروستکراوەکانیان یارمەتیدەر نابن. بۆ پەڕینەوە لەو قۆناخە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەرکێکی گەورەی لە سەر شانە و پێویستە بۆ بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵک، لە گەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان هاودەنگ و بەرەیەکی پتەو دژ بیرۆکەی خۆسەپاندنی پارتی پێکبێنن. حەزیای فراوانخوازی پارتە گەورەکان بەردەوام لە زۆربوون و بەرفراوانبوون دایە و هەڵگرتنی ئەرکی ئەمڕۆ بۆ سبەینێ هەڵوێستێکی لۆژیکی و گونجاو نیە. پارتە گەورە کوردییەکان بە گشتیی و پارتی دیموکراتی بارزانی بە تایبەتی لە کوردایەتی خەڵک کەڵکی خەراپیان وەرگرتوە. ئەوان بە پلان و بەرنامەی درێژخایەن بەکردەوە تاکی کورد لە خشتە دەبەن و لە جیاتی تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن دەنگ و بیرورا، کۆیلەیەکی گوێڕایەلیان دەوێ.

خەڵکی کوردستان ناکرێ لەو ڕۆژگارەدا بە ناوی کوردایەتی و درووشمی قەبەی دوور لە کردەوە فێڵیان لێبکرێ. ئەوان وەکو تاک و هاوڵاتیەکی کوردستان گونجاوە، کە سنووری بێدەنگی بشکێنن و خاوەن دەنگ و هەڵوێستی خۆیان بن. کورد هەرگیز بە ڕابەرایەتی ئەم و ئەو بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتوە و گەورە کردنەوەی سەرۆکەکان تەنیا و تەنیا لە کولتوری نەتەوە ژێردەستەکاندا باوە و برەوی هەیە. تاقیکاری شکستی بزوتنەوەی بەرینی کوردان لە ژێر ڕێبەرایەتی ناسەرکەوتووی مستەفای بارزانیدا دەیسەلمێنێ، کە کورد بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئازادی پێویستی بە هێزی هزر، توانای نەتەوە و سەرجەم تاکەکانیەتی. هۆنینەوەی شێعر و پەخشان بۆ سەرۆک پارتەکان چارەسەرنین و بارودۆخی ڕاستەقینە ناگۆڕن. بە شایەتی مێژوو، سەرکردەی بزوتنەوە کوردییەکان یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی تێکشکانی بەردەوامی کوردان دەرکەوتوون. ڕەوا نیە، کە دوارۆژی نەتەوەیەک بۆ تاکە کەس، بنەماڵە و پارتێک فیدا بکرێ. بە هەموو پێوانەیەک ئەو بنەماڵانە بە دەیان قات زیاتر و زۆرتر لە قوتی خەڵکیان بۆ خۆیان بردوە و قەرزداری نەتەوەیەکن. تاکی وریا و خاوەن هزر بە تێڕوانین و تێگەیشتنی وردەوە بەرەو دەنگدان دەڕوا و هەرگیز کۆیلایەتی نەتەوەکەی قبوڵ ناکا. با لاوان و ڕەخنەگرە پێشڕەوەکان بە دەنگێکی

بەرز روو بە سەرجەم هێزە خۆسەپێنەکان رابگەیەنن، کە رۆژانی داهاتوو سەردەمی خۆسەپاندن بە پارە و هێزی میلیشیا رەتدەکەنەوە.

ئەوە راستییەکی مێژووییە، کە زۆرداری و زەبر و زەنگی هەر لایەنێک سەرئەنجام دژکردەوەی توند دەخوڵقێنێ و کوردستان لەو هاوکێشەیە بەدەر نیە. جیهان پڕە لەو چیرۆکانە، کە سەربردەی زۆر گەورە دیکتاتۆری جیهان دەگێڕنەوە، کە لە کاتی خۆیاندا کراونە پەندی زەمانە و تووڕ هەڵدراون. مێژووی راستەقینەی گەلە ژێر دەستەکان بە خوێنی خۆیان دەنووسرێتەوە و چیرۆکە بەتاڵەکانی ئەم و ئەو کە بۆ سەرۆکە خەیاڵیەکان نووسراون و دەنووسرێن، لە هەناوی مێژووی راستەقینەدا رەنگ دەدەنەوە. کوردەکان بۆ چارەسەر پێویستیان بە رێزگرتن لە ئیرادەی دیموکراسی، مافی گەل و تاکە. دیموکراسی بنێشتی کوردی نیە، کە لە دارەبنەکانی کوردستان بەرهەم هاتبێ! کوردان بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن ناکرێ دەسەڵاتی خەڵک و ئازادییەکان لە قومار و بازرگانی رەشدا بدوڕێنن. نەتەوەی کورد بۆ تێپەڕاندنی زنجیرە دۆڕان و شکستە زۆر و زەوەندەکان پێویستی بە سەرۆک و پارتی خۆسەپێن نیە. نەتەوە ژێردەستەکان رابەری فیداکار و خۆبەختکەریان دەوێ و رقیان لەو فیرعونە ترسەنۆکانە دەبێتەوە کە بە خوێنی خەڵک کۆشک و تەلاری بەرز دەڕازێننەوە و مامەڵە بە خاک و سامانیان دەکەن. تاودانی گیانی نەتەوە پەرەستی کوردان لە پانتاییەکی بەرین و بەرفراواندا، خۆناسینی رەوا و قبوڵکردنی یاسای دەسەڵاتی خەڵک بۆ نەتەوەی کورد هەڵگری چارەسەرە. هەبوونی دەستوورێکی سەردەمیانە و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی دەستوور مافی کوردانی باشووری کوردستانە، بەڵام ناکرێ خەڵک لە پرۆسەکە پاشگوێ بخرێ. کوردەکان و پارتە سیاسییەکان دەبێ بە کردەوە بیسلەمێنن، کە خوازیاری دەسەڵاتی خەڵک و سیستمی پاراستنی مافی هاوڵاتیانی کوردستانن. کورد، وەک نەتەوەیەکی ژێر دەست بێجگە لە پاراستن و پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناتوانێ لە کایەی سیاسەتی جیهانیدا راوەستاو بێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٢٣ی جوونی ٢٠١٣

## شارێکی لەبیرکراو لە پووشپەڕێکی سووتاودا

کاتژمێر چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ٧. پووشپەڕی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی، شاری سەردەشت (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کەوتە بەر پەلاماری چەکی قەدەغەکراو. لەئاکامی ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان و دانیشتوانی شار چرای ژیانیان کووژایەوە و زیاتر لە پێنج هەزار کەسیش بریندار بوون. هێزە ئاسمانییەکانی عێراق سەردەشتیان بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەو بۆمبارانە هەتا ئەمڕۆش نادیارە. هەرچەندە شەڕی شار و ناوچەی سیڤیل لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا دیاردەیەکی نامۆ نەبوو، بەڵام هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سیڤیل بە چەکی شیمیایی لە وڵاتی دژبەردا تاقی نەکرابۆوە.

ڕۆژێک پاش ڕوودانی ئەو کارەساتە لە نێو خەڵکی شاردا دەنگۆیەیک بڵاوبۆوە، کە بەرەی کوردستانی (باشووری کوردستان) لە شوێنێکی شاری سەردەشت (خواردنگەی پووری) کۆبوونەوەیان کردووە و ڕێژیمی عێراق لەو کۆبوونەوەیە ئاگادار بووە. دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە کەسانی ئاگادار و تەنانەت بەشدار لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی، وەک سیخوڕ بەرپرسانی عێڕاقیان لە شوێن و کاتی کۆبوونەوەکە ئاگادار کردۆتەوە. شایانی باسە، کە هیچ کام لە بەرپرسی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەتا ئەمڕۆ ئەو باسەیان پشتڕاست یان بە درۆ نەخستۆتەوە. بێجگە لەوە، یادی سەردەشت و کارەساتی ٧ی پووشپەڕ لە ڕاگەیاندنی فەرمی باشووری کوردستاندا زۆر بە کەمی باسی لێدەکرێ.

لە کاتێکدا سەددام حوسێن و باقی کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشووی عێراق لە سەر ڕووداوی دوجەیل، هەڵەبجە، ئەنفال، فەیلیەکان، بازرگانەکانی بەغدا دراونە دادگا و بەشێکیان لە دار دراون، بەڵام کەیس و فایلی قوربانییەکانی سەردەشت لە بیرکراوە. کۆماری ئیسلامی ئێران نە تەنیا قوربانییەکانی ئەو کارەساتەی قەرەبوو نەکردۆتەوە، بەڵکو لە بەردەم پێکهێنانی کۆبوونەوەی بەرین و یادکردنەوەی بەرفراونی ئەو یادە تاڵەدا کۆسپ و تەگەرە دەنێتەوە. بەرپرسانی ڕێژیمی تاران خەمی کارەساتی ٧ی پووشپەڕیان نیە. ئەوان بە ئامانجی سیاسی هەوڵ دەدەن، کە یادی ئەو کارەساتە سنوورەکان نەبڕێ و لە بێدەنگی تەواودا تۆزی زەمانە داپیۆشێ.

بەرپرسی پارتە کوردەکانی باشووری کوردستان لە هەولێر و بەغدا، کە بە گوێرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو کات، هۆکارێک بوون بۆ ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیە، ئاوڕیان لەو ڕووداوە ژانهێنەرە نەداوەتەوە. لە کاتێکدا ئەوان

به رواڵەت بانگەشەی نەتەوەیی و کوردبوون دەکەن، بەڵام لە بەغدا و هەولێر بۆ یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە قوربانییەکانی ئەو کارەساتە هیچ کارێکیان نەکردوە. ڕووداوەکانی ٢٠ ساڵەی دوای ڕاپەڕینی باشوور پێشانی دەدەن، کە پارتە کوردییەکان زیاتر ڕێزیان لە دوڵەتە سەردەستەکان و رابەرەکانیان گرتوە (بۆ وێنە یادی مەرگی خومەینی لە هەولێر و سلێمانی). جۆری هاوکاری ئەوان لە گەڵ ڕێژیمی تاران و تێکەڵبوونیان لە گەڵ سپای پاسداران دژبە لشکری بەعس و دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە ساڵانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، فاکتەری سەرەکی ئەو کارەساتانە بوون، کە لە سەر دەستی لشکری داگیرکەر جێبەجێ دەکران.

بەرپرسانی ڕێژیمی تاران بە وریایەوە شەڕی ئێران و عێراقیان کێشایە کوردستان. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا زەبرێکی قەرەبوونەکراوەیان لە کوردستان، ژینگە و خەڵکەکەی دا. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بزوتنەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات کرایە کاڵای بازرگانی نێوان پارتە کوردییەکانی باشوور و ڕێژیمی تاران. لەبیرکردنی کەیسی سەردەشت و دەرهاویشتنی ئەو فایلە لە بازنەی تاوانەکانی سەرانی ڕێژیمی بەعس، بۆ پەردەپۆشکردنی مێژووی ڕەشی پێوەندییەکان دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٢٧ی جوونی ٢٠١٣

---

## پارلەمانێکی کارتۆنی لە بەردەم بەرپرسیارەتیەکی گەورەدا

مێژووگوتەنی، کورد و دیموکراسی لە گەڵ یەکتر نەگونجاون. دەنگی خەڵک بۆ لایەنی دەسەڵاتدار نرخی نیە و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لە کولتوری کوردەواریدا ڕەنگە کۆتای ژیان بێ!

شیرینی کێک و کورسییەکی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ مەسعود بارزانی سەرەتا و کۆتایی سیاسەت و ژیانە. ناوبراو بۆ مانەوە لەو پۆستەدا پەنای بۆ دار و بەرد برد و ڕێفراندۆمی پرۆژەی دەستووری کردە هۆکاری دۆزینەوەی کولاوی

شەرعی. ئێستا کە ناوبراو خەون بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەری رەش دەبینێ و زردەی بە کش و ماتکردنی ئۆپۆزیسیۆن دێ، باشووری کوردستان ژانی زیندەبەگۆڕکردنی زرە دیموکراسییەکەی گرتویەتی.

خەریکە پایەکانی دیکتاتۆری بە فەرمی دادەکوترێن و پارتی و یەکێتی لەو دۆخەدا بەرپرسیارن. ئەوان کە لە سەر دابەشکردنی زەوی و ئاسمانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان سازاون، بە ئاسانی ئامادە نین واز لە بەرژەوەندییەکانیان بێنن. فێڵکردن لە دەنگدەر و لە هاوڵاتیانی کوردستان بۆ تاکە کەس و بنەماڵەیەک لە مێژووی دواڕۆژدا بە پەڵەیەکی شەرم ناودەبرێ و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ.

دوو کۆمپانیای بازرگانی-سیاسی، لە دۆخی کوردستان سوود وەردەگرن و هەبوونی خەڵێکی خەوتوو و شەیدای پارە و عەرزە و پارلەمانێکی کارتۆنی بەدەرفەت دەزانن. ئەوان گەمە بە پارلەمان و خەڵک دەکەن و سنووری هەموو پیرۆزیەکیان شکاندوە. لە دانیشتنی مەکتەب سیاسییەکانیان پلانی درێژکردنەوە تەمەنی چایخانەی گەل و ماوەی سەرۆکایەتی سەری رەش بۆ مەسعود دادەڕێژن.

بە کۆیلەکردنی ئەندام پارلەمانەکانی لیستەی زۆرینە بۆ مەکتەب سیاسییەکان و ناردنی پڕۆژەی دەسەڵات بۆ پارلەمان پەڵەیەکی رەشە. رۆژانێک دێن، کە خەڵکی خەوتوو و ئۆپۆزیسیۆنی کش و ماتکراو جامی سەبریان لێوەی دەڕژێ و بۆ گۆڕینی خۆیان و سیستەمەکە دەجووڵێن. حیلە شەرعی مەکتەب سیاسییەکانی پارتی و یەکێتی بۆ رزگارکردنی مەسعود بارزانی لە تەنگەژەی سەرۆکایەتی درەنگ یان زوو تەنگەژە دەنێتەوە و ئەوکات بۆ هەموو لایەک دەردەکەوێ، کە دیکتاتۆرییەت و خۆسەپاندن چ ئاکامێکی دەبێ.

جێگای خۆیەتی مێدیای بە ناو سەربەخۆ و ئۆپۆزیسیۆن چیتر مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم ناوزەد نەکەن و تەنیا وەک سەرۆکی بنەماڵە و پارتەکەی لە راگەیاندندا باسی بکەن.ئەگەر پلانەکەی پارتی و یەکێتی جێبەجێ کراو و درێژکرانەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە بە هەڵبڕینی دەستی پارلەمانتارە کۆیەلەکان راگەیندرا، دەگونجێ ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بۆ پەرپەرچدانەوەی سیاسەتی خۆسەپاندن سەرۆکی هەرێمی تایبەت بە خۆیان هەبێ و لەو رێگایەوە لە دەرەوە و نێوخۆ نوێنەرایەتی ئەو دەنگانە بکەن، کە خوازیاری دەسەڵاتێکی گەلیی و دیموکراتن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٣٠ی جوونی ٢٠١٣

## بەرژەوەندی نیشتمانیی یان تاوانی نیشتمانی؟

پارتی دیموکڕاتی بارزانی و یەکێتی نیشتمانی تاڵەبانی لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا (سەرۆکایەتی، پارلەمان و پارێزگاکان) بە کودەتایەکی رانەگەیندراویان بە سەر پارلەمان و باشووری کوردستاندا سەپاند. پارتی و یەکێتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەو قوماره تازە و دەگمەنەیان خستۆتە بازاڕی شێواوی سیاسەتی کوردانەوە. لە روانگەی ئەوانەوە گەل ئێستا شاد و سەربەستە و وڵات ئاوەدان و بەو کودەتایە چارەی زامەکانیان کردوە. ئەو کارە لە دەوڵەتێکدا کە خاوەنی یاسا و رێسای دیموکراتیک بێ، بە کەتنی گەورە پێناسە دەکرێن، چوونکە سەرەڕای شکاندنی یاساکان و خۆسەپاندنی رەها، ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکدەدات. بۆ وێنە ئەگەر ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی باشووری کوردستان لەو یاساشکێنیی و کودەتایە یاخی ببن و دەست بۆ چەک بەرن، پارتی و یەکێتی وڵامیان چی دەبێ؟ ئەوانەی لە نیزیکەوە پارتی و یەکێتی دەناسن، دەزانن کە هیچیان هێندە خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی شەڕ و بەرەنگاری نین. رۆژانی شەڕی نێوخۆ و هات و هاوارەکانیان دەیسەلمێنێ، کە چەکدارەکانیان بێ یارمەتی تورکیە، ئێران و عێراق دەستیان کوڵ بو. هەڵاتن و دەرپەڕینی دوای راپەڕین و خۆنەگرتن بۆ هێزی دوژمن و بازبازێنی شەڕی شارەکان شاهیدی ئەوەن، کە پارتی و یەکێتی لەو بارەوە بێجگە لە درووشمی گەورە هیچیان پێ نیە. ئەگەر وایە، بۆچی رێگا لە خەباتی هێمانەی خەڵک دەگرن و بە فێڵ و تەڵەکەی خۆیان سەرۆک بۆ خەڵک دەخوڵقێنن و دەنگی دژبەر کپ دەکەن. ئەوان بێجگە لە تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکان لە رێگای شکاندنی پیرۆزی یاساکان، لە کاناڵی راگەیاندن بەردی گەورە هەڵدەگرن و هەڕەشەی سووتانی پەنجە دەکەن. ئەوان لە بیریان چۆتەوە، کە بەرامبەر بە هێزێکی چەکداری توندڕەوی زۆر بچووک کە لە پێش ساڵی ٢٠٠٣ لە یەکێتی و پارتی هەڵگەڕابۆوە تووشی چ رۆژگارێکی ترسناک ببون، کەچی ئەمڕۆ پاش فێڵ لە خەڵک کردن وەک ژنراڵی سەرکەتوو هەڕەشە دەکەن.

ئەوان بە داتاشینی دوو پرۆژەی بڕیار ئامانجیان ئەوە بو، کە خۆیان لە چنگی یاسا قوتار بکەن و هەوڵی داتاشینی یاسایەکی دیکە بدەن. پارتی ئامانجی سەرەکی تەنیا و تەنیا مانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا بوە و دەبێ. ئەوان بە گوێرەی سیاسەتی باوی پارتەکەیان، سەرۆک لە سەرووی یاسا و لێپرسینەوە دەبینن و بە نەخشەرێگای ورد و درێژخایەن کار بۆ چەسپاندنی ئەو سیاسەتە لە نێو کۆمەڵگای کورددا دەکەن. دوو پرۆژەی تێپەڕێندراوی ٣٠ ساڵی رابردووی پارلەمانی باشووری کوردستان، ئەو بیرۆکەیە پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەرژەوندی تاکە کەس و حیزب سەرەتا و کۆتایی پرۆژەکانە. نیشتمان و خاک و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان تەنیا بۆ داپۆشینی کەتن و تاوانی گەورە دژ مافی هاوڵاتیان زەقدەکرێنەوە.

پارتی بە ویستی خۆی گەیشت و ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکەکەیان بۆ درێژکردەوە، بێ ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە بەرچاو بگیرێ. یەکێتی نیشتمانی وێدەچێ بۆ راگرتنی پارسەنگی ناوچەی سەوز تەنیا حەزی لە هەڵبژاردنی پارلەمان بێ. ئەوان هەڵبژاردنی پارێزگاکان رەنگە دوابخەن، بۆ ئەوەی لە یاری پارلەماندا دەستکراوەتر بن و بە کەیفی خۆیان پارە و عەرزەی بۆ سەرف بکەن. بەرژەوەندی نیشتمانی پارتی و یەکێتی کورتکراوەی بەرژەوەندی خۆیانە، کە لە رێککەوتنێکی ژێربەژێردا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پارێزگاکان پاشگوێ دەخرێن. مەسەلەی پارتی و سەرۆکایەتی پارتی گرێدراو بە سیستەمی بنەماڵەی بارزانییە و یەکێتی لەو هاوکێشەیە تێدەگا و نیازیان وایە، بەدەرکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە گۆڕەپانەکە لە گەڵ پارتی سیاسەتی پێوان، بڕین، تەخشان و پەخشانی سەروەت و سامانی گەل درێژە پێبدەن. لە کایەی سیاسەتی ئەمڕۆی باشووردا بنەما و باوەڕ کار ناکا و سیاسەتی رووتی کوردایەتی بڕ ناکا، بەڵکو نەوت، بازرگانی و بەرژەوەندییە رەنگاوڕەنگەکانی دیکە باڵیان بە سەر سیاسەتدا کێشاوە.

مەبەست لەو یاری و گەمەیە تەنیا دەستەمۆکردنی ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەت گۆڕان و بەرەی سەربزێوی دژ بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتییە. لەو سیاسەتەدا تا رێژەیەک سەرکەتوو بوون و لە قۆناخی دیاریکردنی بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی هەرێم فێڵیان لە ئۆپۆزیسیۆن کرد. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن خاوەنی ستراتیژی دیار و کارکردنی تۆکمە بایە، پاش پرۆژەی تێپەڕاندنی دوو پرۆژەکە، بەربژێری خۆیان دیاری دەکرد و ئیرادەی خۆیان و گەلەکەیان بەسەر کودەتاچیەکاندا دەسەپاند. مکوڕبوونی ئەوان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان کە پاڵپشتی کایەی دێموکڕاسیە، باشترین رێگاچارە بۆ تێکشاندنی کودەتاکەی پارتی و یەکێتی بە ئەژمار دێ. ئەوان دەکرا بە

پێداگری خۆیان لە سەر هەڵبژاردنەکان پارتی و یەکێتیان تەسلیمی ئیرادەی یاسا کردبایە. جێگای باسە، کە پارتە دەسەڵاتدارەکان لە سەر یەکگرتوو و کۆمەڵ تاقیکاری دوو لایەنەیان هەیە. پارتە دەسەڵاتدارەکان، لە مەیلی ئەوان بۆ بەشداربوون لە دەسەڵات ئاگادارن و لە رابردوودا کۆمەڵ و یەکگرتوو لە هەر دوو ئیدارەی زەرد و سەوزدا بەشداریان کردوە. یەکگرتوو و کۆمەڵ سیاسەتی نە شیش بسوتێ و نە کەباب پەیڕەو دەکەن و لە هەولێر و سلێمانی هەوڵی راگرتنی بالانسی خۆیان داوە. ئەوان لە ماوەی ٢ مانگی رابردوودا لە بڕیار و کۆدەنگیەکانیاندا ئەوەندە خاو بوون، کە دەرگای فێڵ و حیلە شەرعیان بۆ مەسعود بارزانی کردەوە.

مەسعود بارزانی کە خۆی نەخشەدارێژی سەرەکی ئەو پرۆژەیە، ئێستاش گەمە بە خەڵکی کوردستان دەکا و لە بەردەم پرسیارەکاندا بێدەنگی دەنوێنێ و خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن تووشی کایەیەکی شاراوە و ساردکرەوە دەکا. ناوبراو ئەگەر بێ ئەژمار تینوی دەسەڵات و پۆست نەبێ، بۆچی لە ماوەی ٦ مانگی رابردوودا ئازایانە دەنگی هەڵنەدەبڕی و باسی لە خۆکاندیدنەکردنەوە نەدەکرد. مەسعود و پارتەکەی بە چ لۆژیکێک باس لە سەروەری یاسا دەکەن، بەڵام خۆیان بەبەرچاوی خەڵکی کوردستان یاسا و عورفە باوەکانی سیاسەت و یاسا پێشێل دەکەن؟ مێژووی ناوچە گەلێک لەو شانۆکاریانەی لە هەگبەدایە و خۆدزینەوە لە راستییەکان و دارشتنی سیناریۆی خۆسەپاندن بۆ بازرگانەکانی سیاسەت، کارێکی زۆر گران و ئەستەم نیە. پارتی و بنەماڵەی بارزانی و شەخسی مەسعود بارزانی لە سیاسەت و فرت و فێڵدا رێبازی فارسەکان بەکاردەبن. ئەوان تەنانەت لە نەخشەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی باشووری و پاراستنی پێگەی مەسعود لە یاسای بنەڕەتی ئێران سوودیان وەرگیراوە.

زۆربەی لایەنەکان چاوەڕوانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان دەبن. ئەگەر هەڵبژاردن کرا و ئاکامەکەی بە مەیلی پارتی و یەکێتی بو، ئەوکات هەوڵدەدەن ئۆپۆیسیۆن ناچار بە پاشەکشە و تەنانەت بە تەواوەتی دەستەمۆ بکەن. هاوکێشەی سیاسیی لە کوردستاندا لە بەردەم گژەبای ئاڵوگۆڕەکاندایە و بوونی ئۆپۆزیسیۆن وەک هێزێکی نێو گۆڕەپانەکە پێداویستیەکی ژیانی دیموکراسی و دەسەڵاتی گەلە. سەرکەوتنی پارتی و یەکێتی لە پارلەمانی داهاتوودا ئامانجدار دەبێ و دەرکەوتی نەرێنی دەخولقێنێ. پارتی و یەکێتی بە هەموو توانایانەوە هەوڵی کۆنترلکردنی دەنگدەر و ژیانی ئەوان دەدەن و لە سەر چارەنووسی نەتەوەیەک بڕیاردەدەن و دواتر لە راگەیاندندا دەڵێن، با ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا بیباتەوە! سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستاندا بە یەکێک لە

گەندەڵترین سیستەمەکان بە ئەژمار دێ، چوونکە پانتایی سیاسەت، ئابوری، هونەر و هتد.ی بە تەواوەتی داگیرکردوە. هەڵبژاردن بۆ پارتی و یەکێتی کراوەتە پولی دۆمینەی یاری، کە بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆیان ژمارەکانی دیاری دەکەن. مێژووی ٢٠ ساڵەی پارتی و یەکێتی و تەنانەت کۆنی ئەو پارتانە دەیسەلمێنێ، کە کەتن و تاوانی ئەوان دژ بە خەڵک و نەتەوەکەیان لە چڵەپۆپەدان، بەڵام یاسایەک نیە بۆ لێپرسینەوە و گەیاندنی ماف بە خاوەنەکەی.

بە کولتورکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا کردەوە و ستراتیژی دەوێ و بە جلوبەرگ و قسە دەستەبەر ناکرێ. لە کۆمەڵگا ژێردەستەکاندا خەونی دیموکراسی تەنیا دەبێتە درووشمی هەڵبژاردن و کۆبوونەوەکان. ئازادی و مافی گەل بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستاندا بە کردەوە پەراوێزخراوە. کردەوەکان خۆیان هاوار دەکەن و دیاردە سیاسییەکان پڕ بە قوڕگی خۆیان باس لە پەراوێزخرانی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان دەکەن. لە نیشتمانێکدا کە پارتە دەسەڵاتدارەکان بە دەوڵەتی نێو دەوڵەت بە ئەژمار دێن و خاوەنی پرۆژەی ڕەش و سپی ئابوری، میلیشیا، ڕێکخراوی سیخوڕی و هتد بن، کایەی سیاسیی دیموکراسی بە کردەوە بەتاڵ دەکرێتەوە. لە وڵاتێکدا کە حیزب هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات، یاسا و دادوەری کۆنترۆڵ بکا و حکومەت بکاتە کرێگرتەی خۆی و سەروەتی گەلەکەی بە مەرەدی داهاتی قومارچیەکان بەرێ، مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسا و ئازادی چ مانایەکیان هەیە و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەتوانن بەو شێوازە بیگۆڕن؟

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٥ی جوولای ٢٠١٣

*تیرۆر و ڕەشەکوژی لە ژێر سێبەری حکومەتی بەبارمتەگیراوی هەرێمی کوردستاندا!*

مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان لە نەبوونی یاسادا لە گورگە هار و هاجەکان دەچن، کە بۆ تێرکردنی حەزی خۆیان خاک، نەتەوە و گیانی تاکەکان قوربانی دەکەن. ئەو مرۆڤە دەسەڵاتدارە کوردانەی، کە بە رواڵەت خۆیان بە پیاوچاکی سەدە پێشان دەدەن، لە کردەوەدا بۆنی وێرانی و مەرگ و سەرەڕۆییان لێدێ.

تیرۆر و رەشەکوژی تاکەکان لە باشووری کوردستاندا ئاماژەیەکی راستەوخۆ بە نەبوونی یاسا و رێزنەگرتن لە تاک و کۆمەڵگایە. لە ژێر سێبەری پارتەکاندا یاسا لە داوەڵێکی بێ گیان دەچێ، کە هەژارانی نیشتمانی پێ کۆت و زنجیر دەکەن. حکومەتی کوردان لە باشوور لە دەهۆڵێکی شڕ دەچێ، کە بە دەستی سەرە گەورەی پارتە سیاسیەکان لە دەنگ کەوتوە و نۆزەی نایە. حکومەتێک کە یاسا ناناسێ و لە سەر لاقی خۆی نەوەستاوە و بە بارمتەگیراوە. تیرۆر لە باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە ژێر دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکاندا دوێنێ و ئەمڕۆ بە زەقی دیتراوە و قوربانی لێکەوتۆتەوە.

پارتە کوردییەکان بە داخەوە لە کۆنەوە و بە مەبەستی تایبەت و تەنانەت لە نێو ریزەکانی خۆیاندا و دژ بە ئەندامی پارتە کوردییەکانی دیکە لە چەکی تیرۆر کەڵکیان وەرگرتوە. بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆری مرۆڤ لە کوردستان بە دەستی پارتە سیاسیی و چەکدارەکانیان، کوردەکان پێویستیان بە دەسەڵاتی یاسا و خەڵکە. پارت و سەرۆک پارتەکان دەبێ بە هێزی یاسا کۆت بکرێن و دەسەڵاتی رەش و نایاسایی بنەماڵە، سەرۆک پارت و دەزگا تۆقێنەرەکانیان لە کوردستاندا نەمێنن.دەسەڵات مرۆڤ لە خشتە دەبا و هیچ تاک و بنەماڵەیەک نابێ و ناکرێ خاوەنی دەسەڵاتی بێ لێپرسینەوە بێ.

کوشتن و تیرۆری هاوڵاتیانی باشووری کوردستان بە دەستی رەشی تیرۆر پەڵەیەکی شەرم و مێژوویەکی تاڵ لە دەسەڵاتی سەیر و سەمەرەی پارتە کوردییەکان پێشان دەدات. خەڵکی کورد لە کوردستان بۆ دەربازبوون لە چنگی دیکتاتۆرە دەرەکی و نێوخۆییەکان پێویستیان بە وریابوونەوەی زیاترە. کولتوری تۆقاندن، کوشتن، رەشەکوژی و زیندانی کردن دژ بە هاوڵاتیانی کوردستان پێشاندەری ئەوەیە، کە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان لە نەبوونی یاسادا ئەگەر کوردیش بن، لە گورکێک دەچن کە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەرفەتی پێویستدا دەلوورێنن و بانگی نەمان دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٣

# بۆ کۆمیسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی

بانگەواز

بانگەوازێک لەکۆمسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری میدیاو رۆشنبیران و راگەیاندنکاران و رۆژنامەنووسانی کورد لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان.

بەمەبەستی دارشتنی راپۆرتێکی گشتگیر لەسەر دانانی ستراتیژیەتی نەتەوەیی بۆکاری راگەیاندن لەکوردستان، داوا لەبەرێزتان دەکەین لەبارەیی ئەرک و رۆل و پەیام و ئامانجی راگەیاندنی کوردی پێشنیازاکانتان لەماوی نێوان ٧ - ٨ تا ١٢ - ٨، پێشکەش بەکۆمسیۆنی راگەیاندن بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە:

سلاو،

*بۆ کۆمیسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی*
*لە گەڵ دەربرینی هیوای سەرکەوتن بۆ کورد*

سەبارەت بە دانانی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ کاری راگەیاندن لە کوردستاندا دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێ، کە لە ئەگەری جێبەجێکردندا کاریگەری ئەرێنیان لە سەر کورد و ئەوانی دیکە دەبێ.
پێش ریزکردنی ئەو خاڵانە ئاماژە بە چەند بابەتێک دەکەم، کە پێوەندیان بە کۆنگرەی نەتەوەیی و چوراچێوەی کار و تێکۆشانی ئەو پرۆژەیەن. بە باوەڕی من کۆنگرە بە پەلەپڕوزە دەستی بە کارە سەرەتاییەکان کرد. کاری

بەپەلەپڕوزە رەنگە خێری بۆ لایەک تێدابێ، بەڵام لە درێژخایەندا سەرکەوتوو نابێ. ئەو بانگەواز و نەخشەیە گرێدراوی بانگەوازی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستانە، کە لە سەروبەندی قەیرانی درێژکرانەوەی ناشەرعی ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا خرایە بەرنامەی کار.

کات، شوێن و بانگەواز بۆ گرتنی ئەو کۆنگرەیە جێگای هەڵوێستە لە سەرکردنن و لە بەرژەوەندی تاکە کەس و پارتێکدا کانالیزە کراون. بە تایبەت، کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پارلەمان، پارێزگاکان و سەرۆکایەتی هەرێم، لە باشووری کوردستاندا بەڕێوەبچن. ئەگەرچی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێویست بوو لە ساڵانی رابردوودا پێکبهێنرایە، بەڵام وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە بەرژەوەندیی پارتە سیاسییەکان لەو رێڕەوەدا بەربەست و رێگر بوون. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەوەی ئەمڕۆ کاری بۆ دەکرێ، کۆبوونەوە و کۆنفرانسی پارت و لایەنە کوردییەکانە، کە لەساڵانی رابردوودا کەم و زۆر کاری لەسەر کراوە. کار و بەرنامەی کوردان بە هەڵلا و هەنگامە دەست پێدەکا، بەڵام لە بەر نەبوونی پلانی هەمە لایەنە و بەشدارنەبوونی کردەیی فاکتەرە سەرەکییەکان بە هێواشی وەک مۆمێک دەکوژێتەوە و لە بێدەنگیدا کۆتایی پێدێ.

وەک دەگوترێ، ساڵی خۆش لە بەهارەوە دیارە و چێشتی خۆش لە مادده سەرەکیەکانەوە تام و چێژ وەردەگرێ. لە سەر بناخەی ئەو خوێندنەوەیە، باوەڕم وایە کە پارتە سیاسییەکان و بە تایبەت پارتی دێموکڕات و پارتی کرێکارانی کوردستان بە ئامانجی خۆسەپاندن لە نێو کۆنگرەدا دوو بەرەی دژبەر پێکدێنن. لەو نێوەدا رەنگە رێگای سێهەم لە ئەگەری خۆساخکردنەوەی یەکێتی و پارتە رۆژهەڵاتییەکان سەرهەڵبدا. بە تێڕوانینی زۆر کەس، ژمارەیەک پارتی سەرەکی لە گەڵ رێژەیەکی زۆر لە گەڵ پارتە چووک و سێبەرەکانیاندا دەکەونە ململانە و پرسی کوردان تەنیا لە ناوی کۆنگرەکەدا رەنگدەداتەوە و بە کردەوە لە کاری کۆنگرەدا دەکوژێتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەو کۆنگرەیە دەکرێتە کاناڵی وەرگرتنی جۆرە شەرعەییەت و ستاتوسێک بۆ زیاتر خۆسەپاندن لە گۆڕەپانەکەدا. کۆنگرەیەکی لەو جۆرە چارەسەری پرس و کێشەکان ناکا و لەو بارەوە ناکرێ هاوڵاتیانی کوردستان بەرەو کۆشک و تەلاری زیندەخەون راپێچ کەین. کۆبوونەوەی نێوان کوردان باشە و سەرەتایەکە بۆ تاقیکاریەکی تازە لە مەڕ هەڵسەنگاندنی پارتە کوردییەکان و تاکی کورد لە سەر تێگەیشتن لە پرسی کوردان.

خاڵە پێشنیارکراوەکان:

- کوردەکان لە نەبوونی دەوڵەتدا خاوەنی زمانی ستانداردی ڕاگەیاندن و دەزگای نیشتمانی ڕاگەیاندن نین، بۆیە دیاریکردنی هەر جۆرە ستراتیژییەک بۆ ڕاگەیاندنی کوردان لە پێشنیارێک تێپەڕ ناکا.

- کاری ڕاگەیاندن لە نێو کورداندا بە دامەزراو نەکراوە و زیاتر بە میزاج کار دەکات. کورد و یاسا کەوتوونە دوو جەمسەری دژ بە یەک و یاساسەروەری لە گەڵ میزاجی دەسەڵاتی تاک، عەشیرەت، بنەماڵە، سەرۆک، پارتە سیاسییەکان یەک ناگرێتەوە.

- پاشخانی مێدیای کوردان لە سەر بنەماڵە، پارت و ئایدۆلۆژی دامەزراوە، بۆیە خۆ بە مێدیای نەتەویەک ئەژماردن لە درووشمێک زیاتر نیە. لە ڕاستیدا، ئەوان ناتوانن ئەرکی مێدیایەکی پرۆفشناڵ و لە هەمانکاتدا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و پەرتەوازە بەڕێوەبەرن. مێدیای حیزب و سێبەر ناتوانێ لە سەدەی ٢١ دا نوێنەری مێدیای نەتەوەیەک بێ.

- مێدیای نەتەوەیی بە مانای مێدیای باو لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان نیە، کە شەو و ڕۆژ بە بەژن و باڵای سەرۆک، بنەماڵە و پارتەکەی هەڵدەڵێ.

- دەزگای ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان لە بەکارهێنانی دەستەواژە گرینگ و کاریگەرەکان دوورن و لە گەڵ گیانی نەتەوە سازی یەکناگرنەوە. لە هێندەک باردا ئەوان درێژکراوەی مێدیای دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکانن. بۆ وێنە بەکارهێنانی کوردستان و کوردی عێراق، ئێران، تورکیە، سوریە تاکی کوردیان لە گەڵ ناسنامەیەکی تێکشکاو ڕاهێناوە، کە ڕۆژانە لە هەموو مێدیاکاندا کەم و زۆر دووپات دەبێتەوە.

- دوورکەوتنەوە لە پڕوپاگەندە و سەرۆکپەرەستی. کاری مێدیا نە لە کوردستان و نە لە ڕۆژئاوا ئەو بەزم و ڕەزمە نیە، کە مێدیای پارتە کوردییەکان هەتا ئەمڕۆ درێژەی پێدەدەن. نەتەوەی کورد بە چیرۆکسازکردن و گەورەکردنەوەی تاکەکان نەک سەرکەوتو نابێ، بەڵکو زیاتر پەرتەوازە دەبێ.
- دامەزراندنی ناوەندێکی ڕاگەیاندنی نێونەتەوەیی کە بەچەند زمانێکی زیندووی دنیا باس و تایبەتمەندییەکانی کوردستان و کورد باس بکا و نەکرێتە کاناڵی پڕۆپاگەندە بۆ تاک، پارت و عەشیرەت و ئایدۆلۆژییەکی تایبەت.

- بەکارهێنانی زمانێکی پاراو و خاوێن لە ڕاگەیاندندا، کە لە درێژخایەندا لە گەڵ زمانی نووسین هاوتەریب بێ و زۆربەی هاوڵاتیان کوردستان لێی تێبگەن. وشە داتاشینی بێ بنەما و ڕستەی لینگاوقوچ بۆ ڕاگەیاندنی فەرمی ناگونجێن.

- بەرفراوان کردنی ڕۆڵی مێدیا بۆ ساخکردنەوەی پرۆژەی نەتەوەسازی و دیارکردنی چوارچێوەی ئێمە و ئەوان. بەکارهێنانی دەستەواژەی سواو و ڕۆژانەی وەک برا تورک و عەرەب و فارسەکان لە سیاسەتی ڕاگەیاندندا ڕەوا نیە. ئەگەر فارس، تورک و عەرەب ئەو کارە دەکەن، بۆ ئەوەیە، کە درێژە بە سیاسەتی خۆیان بدەن و کوردە لە خشتە بەرن و فێڵی لێبکەن. لە پێوەندی نێوان گەلاندا بەرژەوەندی نەتەوەیی ڕۆڵی هەیە، نەک دەستەواژە و کۆدی نێوان عەشیرەت و تیرەی نەتەوەیەک.

- خۆبواردن لە چاپلوسی سیاسیی و ئەدەبی بۆ نەتەوە سەردەستەکانی وەک فارس، عەرەب و تورک لە کاتی بەکارهێنانی ناو، مێژوو، جۆغرافیا، زمان و ناسنامەی سیاسیی.

- ڕێگریکردن لە لاسایی کردنەوەی بێناوەرک لە مێدیای تورک، عەرەب و فارسەکان کە زیاتر لە سەدەیەکە هاوکات لە گەڵ هێزی نیزامی و فیکری پەلاری کوردیان داوە و تێکۆشاون کوردایەتی و کوردستان لە نەخشەی بیرکردنەوەی تاکی کورد بسڕنەوە.

- پەراوێزنەخرانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕاگەیاندندا (بۆ وێنە هەموو ڕۆژێ خەڵک بە بەرنامە نەبەنە سەر گۆڕی فڵانە کەس، بەڵام نەتەویەک لەو لاوە فەرامۆش بکرێ و چاوپۆشی لە دوژمنکاری ئەم و ئەو بەرامبەر بە کورد بکرێ). بە ئاکادیمی کردنی کاری ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ڕۆڵ و نەخشی سەربەخۆ بگێڕێ و نەبێتە ئامرازی خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن.

- دوورکەوتنەوە لە خۆسەپاندنی پارتە سیاسیەکان و تاکەکان بە ناوی کوردایەتی و نەتەوەییەوە. بۆ وێنە نەتەوەیەکی وشیار و خۆناس پێویستی بە دەستەواژەی وەک باوکی ڕووحی و سەرۆکی نەتەوەیی و سەرۆک و هتد.

نیە. کوردەکان پێویستیان بە تاکی وشیار و ئازا هەیە، کە بەرگری لە مافی خۆیان بکەن و ئەگەر دیکتاتۆرێکی وەک سەدام لە سەر کار بوو، نەبنە خاوەن ٥٠٠ هەزرا جاش و فورسان و جەیش شەعبی!

- راگەیاندنی نەتەوەیی لە باس کردنی هەڵە و تەنانەت خیانەتە مێژووییەکان خۆی نابوێرێ و رەش بە رەش و سپێ بە سپێ بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر مێژووی خۆمان نەزانین، دوور نیە پاش ماوەیەکی دیکە هەمان هەڵەی ٢٠ ساڵ لەوە پێش دووپات نەکەینەوە.

- با لە ستراتیژی راگەیاندنی کورداندا خاک و نەتەوە رەمز بن و تاکە کەسێک نەکرێتە فیرعەون و سوڵتان. با گەل ئازاد بێ و تاکی کورد سەربەستانە بڕیار بدا و باوەڕی بە خاک و نەتەوەکەی بێ.

- ئامانجی راگەیاندنی کوردی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکڕات بێ، نەک ژێردەستە و کۆیلە. با راگەیاندنی کوردان پاڵپشتی لەو وتەیە بکات، کە خەراپترین دێموکڕاسی لە باشترین دیکتاتۆری باشترە.

- روڵی راگەیاندنی کوردان با لە گەڵ پانتایی جیهانی مێدیایەوە یەکانگیر بێ و لە گەڵ کۆمەڵگای کوردیدا هاوتەریب بکرێ.

- رەخنە، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پاڵپشتی بوونی مێدیایەکی ئازاد و نەتەوەیین. ناکرێ بە ناوی کوردایەتی، نەتەوەیی و ساوابوونی دەسەلاتی کوردیی، دەنگە ئازا و رەخنەگرەکان پەراوێزبخرێن و تووشی سڕینەوەی جەستەیی بن.

- ناکرێ بە ناوی نەتەوە و پاراستنی دەسەلاتی لایەنێک، ئەرک و کاری مێدیا دەستەمۆ بکرێ و گەل بە هێواشی لە دیکتاتۆرییەتی فارس، تورک و عەرەبەوە بگوازرێتەوە بۆ ژێر سێبەری دیکتاتۆری کوردیی.

- سیاسەت و هەڵوێستی هاوبەش بەرامبەر بە نەتەوە و دەسەلاتە سەردەستەکان بگیرێتە بەر. بۆ وێنە یەکەکە، پارتی و یەکێتی بە هۆی پێوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران هەموو رۆژێ رانەگەیەنن، کە "ئیمام" ی کۆچکردوو

رابەرێکی بێ هاوتا بوو و کوردی ئێران کێشەی نیە. بۆیادی کوردکوژانی وەک خومەینی هەموو ساڵێک لە هەولێر، سلێمانی و دەهۆک کۆبوونەوە نەگیردرێ. لە مەڕ پرسی کوردان، جیاوازییەک لە نێوان خومەینی، سەددام، ئەسەد و ئەتاتورکدا نیە و دەبێ کۆتایی بەو سیاسەتە قێزەوەنە بهێندرێ.

- راگەیاندنی نەتەوەیی سیاسەتی کوردفرۆشتن و خیانەت لە کوردی پارچەکانی دیکە ئاشکرا بکا. بێدەنگی لەو سیاسەتە ترسناکە خزمەتی دوارۆژی پرسی کوردان ناکا.

- راگەیاندنی پارتەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بازرگانی سیاسی ناکرێ و ناگونجێ درێژە بە سیاسەتی مامەڵەکردن بە هاونشیتمانەکانیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بدەن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بەرەو کوێ؟

لە دوای هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی لە باشووری کوردستاندا نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی لە گۆڕان وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانی بەرەو سەری رەش شۆڕ دەبنەوە. چوونی ئەوان بۆ سەری رەش و بۆ لای مەسعود بارزانی سەرۆکی ماوە درێژکراوەی هەرێمی کوردستان لە گەڵ رێبازی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن بوونی گۆڕان جیاوازە. نەوشیروان لە رابردوودا رەخنەی لە شێوازی کارکردنی تاڵەبانی لە گەڵ ماڵی بارزانی گرتوە، کەچی خۆی ئەمڕۆ پاش ئەو هەموو هات و هەرایە خەریکە لە سەر هەمان رێچکە دەڕوا.

گۆڕان و سەرخستنی بەرەی گۆڕانخوازان بە گۆڕینی شێوازی سیاسەت و نەخشەرێگای گەیشتن بە دەسەڵات دەکرێ، نەک گۆڕینی دەم و چاوی ئەکتەرەکان. بە دامەزراوەکردنی سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت و پارلەمان و هتد. بەو رێبازە ناکرێ، کە تاڵەبانی لە رابردوودا و ئەمڕۆ نەوشیروان خەریکە راهێنانی لە سەر دەکا. پارتی لە ماندوو کردنی هێز و تاکەکاندا تاقیکاری خۆی هەیە و رێبازی ئەوان بە دامەزراوە کردنی دام و دەزگاکانی هەرێم نییە، بەڵکو بە دامەزراوە کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەیە. مێژووی رابردووی پارتی و بەڕێوەبەرانی لەو بارەوە پڕن لە بەڵگەی زیندوو، کە باس لە ستراتیژی و ئامانجی ئەو پارتە دەکەن.

بە گوێرەی هەموو عورف و یاسایەک نەوشیروان و گۆڕان گونجاو بو،کە پشت لە باوەڕ و ئامانجی ئەو خەڵکە نەکەن. ئەو هاوڵاتیانەی، کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێداون و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا دژ بە خۆسەپاندنی دەسەڵاتی تاکە کەس و بنەماڵە تێکۆشاون. ئۆپۆزیسیۆن لەو روانگەی سەرخستنی گۆڕان و خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ ئەرکی گەورەتری لە سەر شانە و خۆدزینەوە لە درووشم و بەڵێنەکان بە ئاسانی لە بیرەوەری تاک و خەڵکدا ناسڕێنەوە.

ئەگەر نەخشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون تەنیا بۆ جێگرتنەوەی یەکێتی لە هاوکێشەی باشوور کوردستاندا بووە و دەبێ، تاکتیک و ستراتیژیەکی هەڵە و ناسەرکەوتوو لە ئاو دێتەدەر. لە دۆخێکی وەک کوردستاندا بێگومان مانەوە لە

بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بەنرختر و پڕبایەختره هەتا راکردن بە دوای کێکی دەسەڵات و بەشداربوون لە حکومەتێکدا کە خۆشیان دەزانن کۆیلەی پارتە سیاسییەکانە. ئەگەر گۆڕان بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی هەڵبژاردایەوە، ئەو کات پێویستی نەدەکرد نەوشیروان و هاورێکانی بە پەلەپڕووزە بۆ بەخێرهاتنەوەی مەسعود بارزانی رێگای سەری رەش بگرن، بەڵکو ئەوە پارتی و مەسعود بارزانی بوون، کە بۆ لای نوێنەرانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەچوون.

لەو دۆخەدا دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ، کە نەوشیروان و گۆڕان بەرەو کام دوارۆژ هەنگاو هەڵدەگرن و چەندە و چۆن وەڵامی دەنگی هاوڵاتیان دەدەنەوە. با چاوەڕوان بین و بزانین بە کردەوە گۆڕان و رێکخەرەکەی چۆن لەو تاقیکارییە دەردەچن. مێژوو دیاردەکان تۆمار دەکا و خۆشاردنەوە لە راستییەکان هەڵەکان داناپۆشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان پۆست - رێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

---

## دید، بیرورا: بۆ یەکێتی چەپەکان هاتنەدەرەوەی لە حکومەت؟

حکومەتی فینلاندی لە رۆژانی ٢٤ و ٢٥ی مانگی مارسی ٢٠١٤دا، لەسەر ئابووری دەوڵەت و چوارچێوەی بودجە بۆ ساڵەکانی ٢٠١٥ هەتا ٢٠١٨ بڕیاری دا. بە گوێرەی دەربڕینی ئەنجومەنی وەزیران، ئامانجە ئابووریی و ماڵیەکانی حکومەت لە رەچاوکردنی ئەو پلانە بریتین لە گەشەکردنی ئابوری وڵات، بەهێزکردنی بناغەی پاراستن و ڕاگرتنی دەوڵەتی خزمەتگوزار و پەتەوکردنی ژێرخانی ئابووری گێشتییە.

ئابووری وڵاتی فینلاند لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا رووی لە کزی بووە و لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا نەبوە. گەشەی ئابووری وڵات زۆر کز و لەسەرخۆ بووە و دۆخی ئابووری جیهان و کێشەی وڵاتانی زۆنی یەکێتی ئەورووپا و ئاڵوگۆڕ لە قەوارەی پیشەسازی فینلاند، لەو نێوەدا کاریگەر و شوێندانەر بوون.
لە ژێر کاریگەری ئەو دۆخەدا، گەشەی ئابووری و هەروەها ڕێژەی بەرهەمهێنانی هەلی کار لاواز بووە و بەرنامە و پلانی حکومەت بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابوورییەکان سەرکەتوو نەبوون. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان

بەرهەمی گشتی فینلاند لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی ٤،١ لە سەت دابەزیوە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە بەرهەمی ئابووری وڵاتی فینلاند دوو ساڵە بەم ڕێژەیە ڕووی لە لێژییە. ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت، کە ساڵی ٢٠١٤ بۆ گەشەی ئابووری جیهان و یەکێتی ئەورووپا هەڵگری پەیامی ئەرێنیترە، بەڵام هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆک و ناپتەوە، بۆیە سێبەری مەترسییەکان لە سەر ئابووری و گەشەی ئابووریی هێشتا قورسە.

لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەو دۆخە دژوارەدا حکومەتی فینلاندی لە هەوڵدایە، کە باڵانسی ئابووری وڵات ڕابگرێت و چاوەدێری ئابووری گشتی بکات. لەو نێوەدا هەوڵدەدرێت، کە کەمهێنانی بودجەی گشتی کەم بکرێتەوە و حکومەت خۆ لە قەرزداربوونی زۆرتر بپارێزێت و هەروەها لە داتەپین و داهێزرانی باوەڕ بە دەوڵەت و سیاسەتەکانی بەرگری بکار.

سیاسەتی نوێی حکومەت بۆ چەند ساڵی داهاتوو لە کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و زۆرکردنی باجدا خۆی دەنوێنێت. کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت یارمەتی تایبەت بە منداڵان، ئیدارەی وەزارەتەکان، پشکی هاوکاری بۆ گەشەسەندن و هتد. دەگرێتەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە، کە لە پشکی داهاتەکاندا باجی زۆر بەش وەک داهاتەکان، بەرهەمەکان، سەرمایە و سامان، قەرزی خانوو، میرات و بەخشین، وزە، سیگار، سووتەمەنی، کەل و پەلی هاتوچۆی کەسی و هتد بە ڕێژەی تایبەت بەرز دەکەنەوە.

پارت و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکوومەتی فینلاندا لە سەر بەشێک لە خاڵ و وردەکارییەکانی ئەو دارِشتە ئابووریی و سیاسییە هاوبیر نین. بۆ وێنە کەمکردنەوەی یارمەتی تایبەت بە منداڵ کە بە زیادەی منداڵ ناسراوە پرسێکی دژوارترە و لایەنەکان بە ئاسانی و بە ئاشکرا لە سەری ڕێک نین. یەکێتی چەپەکان (ڤاسێمیستۆ لیتۆ) کە خاوەنی ٢ وەزارتی کلتوور و وەرزش و ڕێگاوبان بوون وەک نارەزایەتی بەرامبەر بە رەچاوکردنی ئەو سیاسەتە لە حکوومەتدا چوونە دەر و تێکەڵ بە ئۆپۆزیسیۆن بوون. پلانی ئابووری گشتی حکومەت بۆ ساڵەکانی ٢٠١٥-٢٠١٨ لە ڕۆژی ٣ی مانگی چواردا لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدرێت و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

بۆ ئامانەت: ناونیشانی ئۆرژینالی وتارەکەی نووسەر بەم شێوەیە بوو: حکومەت لە سەر چوارچێوەی بودجە و پلانی ئابووری گشتی ساغ بۆوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٤

## نەبوونی متمانەو راستوێژی لەئاخاوتن و کردەی سەرۆک پارتەکاندا

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی یەکێک لەو نموونانەیە، کەسالانێکی زۆرەکۆمەڵەدرووشمێک دەدا، بەلام پاش ماوەیەک درووشمەکان بێدەنگەیان لێدەکرێ. لەسەر ماددەی ١٤٠ ماوەیەک دەیگوت، کەئەگەر هەتا ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ نەکرێ، ئەوا هەڵوێستمان دەبێ، کەچی ئەوەساڵی ٢٠١٤یەوماددەی ١٤٠ وەک مەتەڵی رۆژگاری لێهاتوە. ناوبراو بۆ سەرگەرمکردنی خەڵکی باشوور چەند ساڵێکە، باس لەئەگەری دیکەدەکا، کەهەموو بەهاران خەڵکی گوێی بۆ شل دەکا، گۆیا سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی باشوور رادەگەیەنێ. خەڵکی کورد ئاگاداری ئەوەنییە، کەمەسعود بارزانی و پارتەکەی دژی گەڕانەوەکەرکووک لە٢٠٠٣دا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێتی تالەبانی لەو مەڵبەندەدا بالادەستەو پارتی جێگای نابێتەوە.مەسعود بارزانی لەکاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٢٠١١ رایگەیاند، کەئەگەر ٥٠ هەزار کەس داوای لێبکەن ئەو واز لەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دێنێ. پاش ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا ناوەکان کۆکرانەوەو بۆی رەوانەکران، ناوبراو بێدەنگەی لێکرد و خەڵکی بەدرووشمی قەبەی سەربەخۆیی کوردستان سەرگەرم کرد.

لەپاش قومارەناپیرۆزەکەی یەکێتی و پارتی بۆ ئەنجام نەدرانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و لەپاش درێژکرانەوەی ماوەی دوو ساڵ بەفرت وفێڵ بۆویلایەتی مەسعود بارزانی، ناوبراو رایگەیاند، کەلەئێستاوەداوا لەسەرۆکایەتی خوولی داهاتووی پارلەمان دەکەم، دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٣ کاربکەن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک لەسەر هەموارکردنەوەی پرۆژەی رەشنووسی دەستوور و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم. بێجگەلەوەمێدیاکانی پارت و بنەماڵەو زۆر لایەنی دیکەهەرا و هەنگامەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییان لەهەولێر بەرزکردەوە، بەلام پاش نیشتنەوەی تۆفانی نارەزایەتییەکان پرسەکەلەبیرکرا! ئێستا کەپارلەمان ماوەی زیاتر لە٧ مانگەهەڵبژێردراوە، هێشتا کارەسەرەتاییەکانی خۆی ئەنجام نەداوە. پارتی و سەرۆکەکەی بەبەرنامەکار بۆ

ئەوەدەکەن، کەپارلەمان دەستەمۆ بکەن و گۆڕان ویەکێتی بەوەزەارەت و پۆست سەرگەرم بکەن. نەخشەی ئەوان ئەوەیە، کەسیناریۆی جۆاروجۆر دارێژن، بۆ ئەوەی ئەوان سەرۆک و لەسەرەوەبن و خەڵکیش چەپڵەلێدەر و وەدواکەتووەی ڕێبازەبێ دوارۆژەکەی ئەوان بێ. ئێستا کەهەڵبژاردن لەعێراق و باشووری کوردستاندا کراوە، پارتی و یەکێتی لەبنەوەلەبەغدا بۆ پۆست و پلەکەوتوونەجوڵەو بەرژەوەندی کورد و نیشتمان هەر لەبیر چۆتەوە. پارتی لەبیری ئەوەدایە، کەهاوسەنگی هەرێم بپارێزێ و لەونبوونی تاڵەبانی لەگۆڕەپانی سیاسەتدا پشکی گەورەبۆ خۆی ببات. گۆڕان و یەکێتی لەو نێوەدا درێژە بەگەمەی پەرتبوون دەدەن و پارتیش لەناخی خۆیدا بەسۆسیال دێموکراتەکەی یەکێتی و درووشمەکۆنەکانی گۆڕان پێدەکەنێ.

مەسعود بارزانی مەبەستی لەو وتانەتەنیا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەو مەگەر پۆستێکی باشتری پێبدەن، ئەگەرنا وازی لێناهێنێ. ئەوەبۆ مێژوو دەڵێم، کەیەکێتی و گۆڕان لەسەر سیاسەتی هەڵەی خۆیان و قوتکردنەوەی مەسعود بارزانی هەڵەیەکی کوشەندەیان کرد. پارتییەکان بۆ سەرکەوتنی خۆیان هەموو گەمەیەک دەکەن. ئەوان لەئاوی لێڵ ماسی گەورەیان گرت و راوی خۆیان دەکرد. ئەوان ئاگری شەڕی نێوان گۆڕان و یەکێتیان خۆش دەکرد، بۆ ئەوەی تاکەهێزی خاوەن دەسەلات لەهەولێر و بەغدا خۆیان پێشان بدەن. لەگەمەی نێوان پارتی، یەکێتی و گۆڕاندا بنەماڵەی بارزانی قوماری خۆیان بردەوە. پارلەمانتارانی گۆڕان لەخولی پێشوو ئەگەر گلەییەکیان هەبا، یەکەسەر داخوازینامەیەکیان بۆ سەرۆکی پارتی دەنارد. یەکێتییەکان و بەتایبەت مەکتەب سیاسی یەکسەر بۆ سەری رەش دەچوون و مەسعود بارزانیان بەبراگەورەقبوڵ بوو. لەسیاسەتدا براگەورەیی دەبێ چەندەبڕ بکا و پارتەکوردییەکان و بنەماڵەکان چۆنی کەڵکی لێوەرگرن؟

سەرکردەی نەتەوەژێرەکان لەگەڵ خۆیان ونەتەوەکەیان راستگۆ و شەفافن، بەڵام لەنێو سیاسەتکارەکوردەکاندا بردنەسەری بەڵێن و وتەزۆر بڕ ناکا.ئەوەسوننەتی گەلەهەژار و ژێردەستەکانە، کەسەرۆکەخۆسەپێنەکان هەتا مردن و بەهەموو هێز و فرت وفێڵێک خوازیاری مانەوەلەدەسەڵاتدان. لەنێو کورداندا درۆکردن و فێڵکردن وەک زیرەکی و سیاسەتمەدرابوون چاوی لێدەکرێ. لەوڵاتی ئێمەراستییەکان بەراوەژوو پێشان دەدەرێن. مرۆڤەبەناو سەرۆک پارت و بنەماڵەکان لەناخدا بۆ پۆست شێت و شەیدان وهەمووتەمەنیان شەڕیان بۆ کورسی خۆیان و بنەماڵەکانیان کرددوە، بەڵام بەرواڵەت بەخەڵکانی دیکەدەڵێن، ئێمەپۆستمان ناوێ. چ لەوەئازایانەترە، کەمرۆڤ بەویستی خۆی لەدەسەڵات بکشێتەوەو نموونەیەکی زیندوو بۆ دەورووبەری بێ. بنەماڵەو پارتێک کەسەرۆکایەتی

بەپیرۆز چاو لێبکات، لەگەڵ هاتنەخوار لەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و بەکولتورکردنی دێموکڕاسی نامۆیە. لێرەدا کێشەهەر مەسعود بارزانی نییە! تاڵەبانی و سەرۆک پارتەکانی دیکەش لەکوردستاندا ئاوێتەی ئەو کولتورەن. چاوخشاندنێکی کورت بەمێژوویی کوردان ئەوەدەسەلمێنێ، کەسەرکردەی پارت، عەشیرەت، ئاغا و شێخەکوردەکان لەهیچ نەتەوەیەک ناچن و شەیدای خۆیان و بەرژەوەندییەکورتخایەنەکانی خۆیانن. تێگەیشتنی ئەوان لەدەوڵەت، یاسا، گەل، تاک و سیاسەت و هتد. لینگاوقووچەو لەدەللاقەی بچووکی خۆیان دەڕوواننەجیهانی دەوروبەر.

خەڵکی کورد و تاکی کورد تا نەگاتەئاستی متمانەبەخۆکردن، لەشەڕی بازرگانەرەنگاوڕەنگەکان رزگاری نابێ. کورد بەکردەوەخاوەنی سەرۆکی خاوەن متمانەو رێگپێدراو نییەو ئەوەی هەیە، لەرێگای نادێموکڕاتیک دەستەبەر کراوە.سەرۆک لەنێو کورداندا بەپێنیژەی سرووشتی دەسەڵاتدا سەرنەکەوتوون و هاتنەخوارەوەش بۆ ئەوان تاڵ و بەژانە. سەرکردەراستەقینەکان خەونی سەرکردەبوونیان نییەو ئەگەر دەرفەتی گرتنەدەستی دەسەڵاتیشیان هەبوو بەکردەوەئامادەنین دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. لەنیشتمانی کورداندا حیزب و پارتەکان خەون بەپاشایەتی و سیستمی میرنشینەعەرەبەکانەوەدەبینن و ئەگەر بۆیان بکرێ لەرێگای پارەو زێڕبەخشینەوەبەرەو ئەو ئامانجەرێگا دەبڕن. جێگای خۆیەتی مرۆڤ رەخنەلەکۆمەڵگا و تاکی کورد بگرێ، کەخوازیار و شایانی ئەو سەرۆکانەن. نەتەوەیەکی وشیار و تاکی ئازا ئامادەی کۆیلایەتی نییەو بەرامبەر بەسەرۆکەبچووکۆلانەکان ئازایانەدەوەستنەوە. لەکوردستاندا نەک تاکی ئاسایی، بەڵکو نوێنەری پارلەمان و وەزیرەکانیش خزمەتی خەڵک و دوارۆژی نەتەوەکەیان ناکەن و لەبازنەی حیزب و بەرژەوەندییەکاندا دەسووڕێنەوە. سەرۆکێک کەمتمانەی بەخۆی نەبێ، ناتوانێ متمانەی گەل بەکردەوەوەرگرێ و هەتا ماوەدەبێ لەسەر خەیاڵی چیرۆک و قسەهەڵبەستراوەکان ژیان تێپەڕ بکا.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٤

تۆقی نەپچڕاوی شەڕی چاڵدران لە سەدەی ٢١دا

سەرەتا

٢٣ی ئۆگۆستی ١٥١٤ بە گوێرەی وتە مێژووییەکان ٥٠٠ ساڵ بە سەر شەڕی نێوان عوسمانیی و سەفەوییەکاندا تێدەپەڕێ. لەو شەڕەدا عوسمانییەکان توانیان سەفەوییەکان بشکێنن و رووبەرێکی بەرین لە خاکی کوردان لە ژێر کۆنترۆڵی سەفەوییەکان دەرهێنن و دەسەڵاتی درێژخایەنی خۆیان لە بەشێکی زۆر لەو ناوچانە بۆ چەند سەدەیەک داسەپێنن. شەڕ و کێبەرکێی عوسمانیی و سەفەوییەکان بە نرخی خاک و خەڵکی دیکە درێژەی کێشا و دوای ٤١ ساڵ بە رێکەوتننامەی ئاماسیا کۆتایی بەو زنجیرە شەڕانە هات. شەڕی چاڵدران و ئاکامەکانی وەرچەرخانێکی گرینگ لە دابەشکردنی سنووری نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا و بە واتایەکی دیکە لە نێوان دوو ئیمپڕاتۆری پێرسیا و عوسمانی دەژمێردرێ. لە هەناوی شەڕەماڵوێرانکەرەکەدا رەگێکی ئایینی دەبیندرێ، کە لە هەڵخراندنی هەستی دانیشتوانی ناوچەکەدا کاریگەر بو. شای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانی لە سەر بناخەی بەرگریکردن لە نوێنەرایەتی کردن لە رێڕەوی شیعە و سوننە بە ئاسانی هێز و وزەی پێویستیان بۆ شەڕ دژ بە یەکتر بەدەست دەهێنا. لە کۆتایی شەڕەکاندا هەوڵی زۆر لە ئارادابوون بۆ ئەوەی لایەنگر و باوەڕدارانی لایەنی بەرامبەر لە سەر رێچکەی خۆیان لادەن و ئەگەر بە رواڵەتیش بێ، بیانکە لاگیری ئایینی خۆیان. هاوکاری سەفەوییەکان بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی شیعەگەریی و نانەوەی سەرهەڵدان دژ بە سوڵتانی عوسمانی نموونەیەک لەو کردە سیاسیانەیە، کە عوسمانییەکانی بۆ شەڕ دژ بە شای ئێران توند و تیژتر کرد. شەڕ بۆ پاوانخوازی و بەرینترکردنی ناوچەی ژێر سەردارەتی بنج و بناوانی قەیران و پێکهەڵپڕژانەکان بوون، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە دین و ئایین چەکی بەهێز و کاریگەری گۆڕەپانی شەڕ و دوای شەڕ بەئەژمار دەهاتن.

کوردەکان لەو نێوەدا سەرلێشێواوی سەرەکی و دۆڕاوی یەکەم بوون. ئەوان لە نێوان دوو ئیمپڕاتۆڕدا خاوەنی بەرژەوەندییەکی تایبەت و خۆماڵی نەبوون. پاراستنی ناسنامەی ئایینی بۆ ئەوان لە خاڵە جەوهەرییەکان بوون، بۆیە بە ئاسانی لە شەڕەکاندا بە سەر لایەنەکاندا دابەش دەبوون. لێرەدا ناکرێ باس لە ئەکتەری هێز نەکرێ، کە بە شێوەیەکی سرووشتی مرۆڤ لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوییدا بە لایەکدا دەخات. کوردەکان لە بەرنەبوونی هێزی خۆپاراستن و دوور بوون لە باوەڕی خۆسەپاندنی سەربازی بە سەر دەر و جیران و نەبوونی دینێکی ئاسمانی یان خۆماڵی تایبەت بە کورد کە کۆکەرەوەی زۆربەی ئەوان بێ، لە گۆڕەپانی ململانێیەکاندا بە ساکاری

دەجوڵێندران. ئەوان خاک و مەڵبەندی ژیانیان دەکرا بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان شای ئێران و سوڵتانی عوسمانی و خۆشیان وەک سەرباز و چەکهەڵگری شا و سوڵتان لە وێرانی و دابەشکردنی خاکەکەیاندا چالاک و ئەکتیڤ بوون. کوردەکان لە بواری بەڕێوەبەریی و ئایینی و هتد. لەو سەردەمەدا ژێر دەستەبوون. کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاستی دەر و جیرانە شەڕانی و خاوەن هێزەکاندا نەبوون. ئەوان هێشتا چاویان دەریا و ئاوی نەدیتبو و گوێبیستی کولتورە سەردەستەکانی جیهان نەبوبوون. سرووشتی ژیان و کات لەو سەردەمەدا کوردەکانی لە بازنەی بچووکی خێزانی و ئابوری بەرتەسکدا کۆکردبۆوە. ئەوان لە گەڵ جیهانی دەرەوە و کولتورە جیاوازەکاندا راستەخۆ لە پێوەندیدا نەبوون. کوردەکان پەرتەوازە و لە بزوتنەوە و شۆڕشە گەورەکانی جیهان دوور و لە بازنەی پاشکەوتوویی سوڵتان و پاشاکاندا درێژەیان بە ژیان دەدا. خەونی خۆبەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی خاک و کارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوە ئاخی کوردان لە سنووری خێڵ تێپەڕی نەکرد. لۆکۆمیتیوی خێڵ، ئاغا و شێخ توانای راکێشانی دانیشتوانی بەرەو ژینگەیەکی هاوتای گەلانی دیکەی نەبوو. ئەوان لە ئاوەکان دوور بوون و لە جۆغرافیای شاخ و دۆڵدا لە شنەی گەشەکردنی ئابوری و هزری مرۆڤ لە دەرەوەی کوردستان و ئیمپراتۆرە سەرکوتکەرەکان دابڕابوون.

دەوڵەتی مۆدێرن لە دوای رێککەوتننامەی وێستڤاڵ لە کەرتی ئورووپا پێکدێت و لە ماوەی سەدەکانی داهاتوودا گەشە دەکا،بەڵام لە ژینگەی کوردان دوورە. شۆڕشی چاپ و رووناکبیریی تەنانەت فەڕانسە و ئەمریکا کوردیان لە خەوی خۆیان وەخەبەر نەهێنا. ئەوان وەک پیاوی شاکانی پێرسیا و سوڵتانی عوسمانی مانەوە و لە کاروان دابڕان و پاشخانێکی داتەپیو و رووخاویان بۆ نەوەکانی دوارۆژ بەجێهێشت. لە سەر یەک ئاڵوگۆڕە یەک لە دوای یەکەکان لە کەرتە جیاوازەکانی ژیاندا و شەڕە گەورەکانی جیهان زامی دابەشبوونی کورد و کوردستانیان لە ئاکامی چاڵدراندا چارەسەرنەکرد. شەڕەکان سنووری بەرتەسکتر و توندتریان بە سەر کورددا سەپاند. لە سەروبەند و کۆتایی شەڕ یەکەمی جیهانی کوردەکان دوو دڵ و سەرگەردان لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا چەقیبوون و هەتا کۆتاییەکانی شەڕ چاوەڕوانی مەرحەمەتی مانەوەی سوڵتان بوون. لە درێژەی سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لە رۆژهەڵاتی نێوڕاستدا، کوردەکان تووشی زامی قوڵتر بوون و لە لە ژێر سێبەری عوسمانی و پێرسیاکاندا گوسترانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی تورک، فارس و عەڕەبەکان لە تورکیە، ئێران، سوریە و عێڕاقدا. لە بەر هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی و ئامادەنەبوونی تاک و کۆمەڵگا رێکەوتننامەی سێڤر لە کۆمادا مایەوە و چەند ساڵ دواتر بە لە دایکبوونی لۆزان بە یەکجاری ژێرخاک کرا.

لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و دەستپێکی شەڕی سارد دۆخی کوردان لە ژێر قورسایی سیاسەتی سەخت و دژواری دەوڵەتە سەردەست و سیاسەتی زلهێزەکاندا نوزەیەکی زۆری نەدەهات. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کوردەکان بۆ ماوەیەکی کورت کۆماری کوردستانیان دامەزراند، کە پانتاییەکی کەمی لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتبو. سەرئەنجام کۆمارەکە لە بەر ئامادەنەبوونی هەلومەرجە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکان لە سەر پێ نەوەستاو و بە ئاسانی هەرەسی هێنا. بە دەستپێکی شەڕی ناسراو بە سارد، کوردەکان وەک رابردوو لە قوربانییە هەمیشەییەکان بوون و لە نێوان راست و چەپدا بەشیان هەر مەینەت و سووتان بوو. لە دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا بزوتنەوەی کورد لە باشوور دەستەمۆ کرابوو و وەک ئامێری سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و سوکانی بڕیاری ئەو بزوتنەوەیە لە دەست ئێرانییەکان کەوتبوو، کە میراتگەری بە وەفای سەفەوییەکان بوون. لە ماوەی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا کوردەکان و خاکەکیان لە ئاگری شەڕ بە دوور نەبوون و بە پلان و بەرنامەی ورد راکێشی بەردەم شەڕی ماڵوێرانکەر کرا. بێجگە لەوە بەسێک لە پارتە کوردییەکان کرابوونە داشی دامەی ئێران و شەڕی کوردیان پێدەکرا. لەو نێوەدا جیهان بێدەنگ و دوو وڵاتی شەڕکەر بە هەموو تواناوە خەریکی وێرانکردنی ژینگە و ژێرخانی سرووشتی کوردستانن. ئەوان سیاسەتی کۆنی عوسمانی و پێرسیایان درێژە پێدەدا و کوردەکان وەک جاران، بەڵام بە شکڵ و شێوەی تازە خەریکی سووتان لە پێناوی بەرژەوەندی ئەوانی دیکەدا بوون.

لە کۆتاییەکانی شەڕی سارد و دەستپێکی قۆناخی پەرەسەندنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤدا کوردەکان زیاتر لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتن. بە واتایەکی دیکە، قۆناخی دوای تەواوبوونی شەڕی ساردی سەدەی رابردوو دەرفەتی زیاتری بۆ کوردەکان خوڵقاند و دەللاقەیەکی گونجاوی بەڕووی جیهانیدا بۆ کردنەوە. شەڕی عێراق و هاوپەیمانەکان لە سەر کوەییەت دەللاقەیەکی باشی بە سەر باشووری کوردستاندا کردەوە. لە ئاکامدا ئەو پارچەیەی کوردستان لە دوو پرۆسەی راپەڕین و دەرپەڕیندا (کۆڕەو) ستاتوسی خۆی وەرگرت. لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام و بارودۆخێکی دیکە بۆ باشوور هاتە گۆڕێ، تا ئەوەی ستاتووسی خۆی بە نووسراو بکا و لە قۆناخی دامەزرانەوەی عێراقی نوێدا پێگە و ناسنامەی خۆی بپارێزێ. کوردەکان ئەگەرچی لە باشوور بە هۆی کێبەرکێی پارتە سەرەکیەکان کەوتنە قومارێکی درێژ و پێچاوپێچ، بەڵام دۆخی گشتی عێراق و ناوچە دەرفەتی زیاتر و زۆرتری بۆ کوردەکان خوڵقاند. سەرەڕای ئەو دەرفەتە لە باشوور، لە ڕۆژئاوای کوردستان دۆخێکی گونجاو لە پاش سەرهەڵدانی بەشێک لە خەڵکی سووریا دژ بە دەسەڵاتی ئەسەد هاتە گۆڕ، کە ئەویش کەوتە خەتی بەرژەوەندی دوو پارتی دوو پارچەی دیکەی کوردستان و ڕێگای بەشداری کردنی ئازادانەی هاوڵاتیانی کوردستان لە

درێژەدان بە پرۆسەی داواکردنی ویست و داخوازەکان بەربەست کرا. لە باکور دۆخەکە لە چاوەڕوانیەکی نادیاردا ماوەتەوە، بەڵام بزوتنەوەی کورد لە سەر یەک بە بەراوەرد بە چەند دەیەی رابردوو لە قۆناخێکی باشتر و ئەرێنیتردایە. لەو نووسینەدا هەوڵدەدەین باس لە دۆخی ئەمڕۆی کورد و درێژەکێشانی ئاسەواری چاڵدران بە سەر شان و پیلی کورد قسە و باس دەکرێ. لەو نووسراوەدا بە چاوخشاندن بە سەر دۆخی کوردان لە ماوەی چەند سەدەیەکدا لە بارودۆخی ئەمڕۆی کورد وردەبینەوە.

## درێژەکێشانی سیاسەتی چاڵدران لە ئامێزی سەدەی ٢١دا

خوێندەوەی دیرۆک و مێژووی ناوچە دەریدەخات، کە جۆغرافیای و هەڵکەوتی خاکی کوردستان لە سەدەی ٢١دا هێشتا لە سنووری چاڵدران و سایکس پیکۆ دوورنەکەوتوون. هەڵسوکەوتی سیاسییە فارس و تورکەکان لە ئێران و تورکیە بەرامبەر بە پرسی کورد دیوێکی دیاری تێگەیشتن لە بەستێنی سیاسەت لە سەر خاکی کوردستانە. بارودۆخی هەمەلایەنەی کوردان و بزوتنەوەی دەستەمۆکراوی کورد لە کوردستان لە لایەن دەوڵەتە زاڵەکانی سەر کوردستان دیوێکی دیکەی تێگەیشتن لە هاوکێشەی سیاسەت و سیاسەتکردن لە کوردستان و ناوچەکەن. ئەگەرچی ئەمساڵ یادی ٥٠٠ ساڵەی رووداوی شەڕی چاڵدرانە، بەڵام تای تەرازووی هێشتا بە لای کوردانـدا نەشکاوەتەوە و لە دوو کەرتیەوە بەرەو چوار کەرتبوون رۆیشتوە. گیانی شەڕی چاڵدران هێشتا لە شادەماری سیاسییەکاندا سوورڕ دەخوا و سێبەری ئاسەوارەکانی شەڕ بە سەر کوردستاندا قورسایی دەکا. رێچکەی ناسەرکەوتووی دابەشبوونی کوردان بە سەر دوو بەرەی سوننە و شیعە و لە راستیدا دوو دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانی لە درێژایی سەدەکاندا رەنگی گۆڕاوە، بەڵام هەناوی پڕە لە نەگۆڕی. لە مێژووی ٥ سەدەی رابردوودا ئاڵوگۆڕی گرینگ و وەرچەرخانی گەورە روخساری ناوچە و جیهانی بە تەواوەتی گۆڕیوە. نەخشەی سیاسیی جیهان لە ماوەی ٥٠٠ساڵی رابردوودا بە جۆرێک گۆڕاوە، کە مرۆڤ لە ئاستیی نەگۆڕی چارەنووس و ستاتووسی کورداندا سەری سووڕ ماوە. کوردەکان دەڵێی نەگۆڕن و لە دەرەوەی بازنەی کاتدا ژیان تێپەڕ دەکەن چارەنووسیان هەر کەوتن و شکانە. کردەوە و بڕیاری کوردەکان لە دوای چاڵدران درێژەی هەبوە و لە سەدەی ٢١دا وەک رایەڵکەی جاڵجاڵۆکەیی تەنانەت پارتە سیاسییەکانی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی. دووپات بوونەوەی رووداوە مێژووییەکان بۆ کورد و تووشبوونی ئەوان بە رووداوی دژوار و جەرگبەڕ دەیسەلمێنن، کە کوردەکان هێشتا لە بازنەی کێژاوەکەی چاڵدراندا سووڕ دەخۆن.

قەواره و پێکهاتەی هەمەلایەنەی کوردان لە ماوەی رابردوودا گۆڕاوە، بەڵام کولتوری سیاسەت کردن و هەڵکردن لە گەڵ خۆ و نەیار زۆر نەگۆڕاوە. ئەگەرچی سیستمی ئاغایەتی، شێخایەتی، عەشیرەتی و هتد. لە کوردستاندا بە رێژەیەکی بەرچاو گۆڕاوە و پارتی سیاسیی لە ئاستێکی بریندا دەرکەوتوون، بەڵام سیاسەتی سەرەکی و هێڵی گشتیی کردەیی سیاسەت لە پێوەندی لە گەڵ خۆ و ئەوانی دیکەدا وەک رابردوو ماوەتەوە. کوردەکان لە سەردەمی دوای چاڵدراندا بە گوێرەی باسە مێژییەکان لە داڕشتن و جێبەجێ کردنی پلانەکاندا مەکوڕ نەبوون و بە شێوازی پچڕاو و لە پڕ جار و بار سەربزێویەکی کورت ماوەیان دژ بە عوسمانی و ئێرانیەکان بەڕێوەبردوە. سەربزێویە ناوچەییەکان لە سەدەی ٢٠دا رەنگی سیاسیی بەخۆ دەگرن و پارت و رێکخراوی سیاسیی بە شێوەی نیوەچڵ لە کوردستاندا لە سەر پاشخانی نەریتیی دادەمەزرێن. نەبوونی ستراتیژی درێژخایەن و دووربوونی تاک و کۆمەڵگای کورد لە بیرۆکە و گیانی نیشتمانپەروەری راهێنراو پارتە سیاسییەکانی بە کرچ و کاڵی لە سەر رێچکەی بزوتنەوەی کۆنەکان هێشتەوە. بە هۆی نەبوونی گیانی بەرپرسیارەتی بۆ بەشداریکردنی بەرین بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئازادییە سەرەتاییەکان، بزوتنەوە کوردییەکان بەردەوام لە پەراوێزدا ماونەوە. ئەوان وەک رابردوو و بە گوێرەی سرووشتی جۆغرافیای سیاسیی کوردستان بەردەوام لە ئامێزی یەکێک لە دەوڵەتە سەردەستەکاندا خۆیان دۆزیوەتەوە. لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە پارتە کوردییەکان بە پارتی دەستەمۆکراو پێناسە دەکرێن و بە دەگمەن پارتەکان لەو هاوکێشەیە بەدەربوون.

درێژەکێشانی سێبەری شوومی چاڵدران بە سەر ئەمڕۆی کورددا کردەیەکی لەپڕ و بێ هۆکار نییە. سیاسەتی درێژخایەنی ئێرانییەکان و تورکەکان و کارکردن بۆ پەرتکردنی کوردەکان و ئامادەکردنی ئەوان بۆ کەڵوەرگرتن دژ بە یەکتر سنووری سەدەکانی بڕیوە و لە هەناوی سیاسەتی رۆژ و تاکتیکی زۆربەی لایەنە کوردیی و ناکوردییەکاندا رەنگی داوەتەوە. سیاسەتی ئەمیرە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی و پێرسیا لە گەڵ کردەوەی سیاسەتکارە کوردەکانی سەدەی ٢١دا وێکچوونی زۆریان هەیە. کەوتنە داوێن و داوی سیاسەتی دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان لە مێژووی هاوچەرخی کورداندا زۆر هۆکاری هەیە. لەو نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە نەبوونی ناسنامەیەکی تۆکمە و کارلەسەرکراوی نەتەوەیی بکەین، کە سەرجەم خانەکانی سیاسەت، کولتور و تەنانەت رەگی بیرکردنەوەی تاکی کەم و زۆر خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆی توند و تۆڵەوە. ئەو هۆکارەیە، کە تاکی کورد، خەڵکی کورد و تەنانەت بژاردەی کوردەواری تووشی قەیرانی شووناس و هەڵبەزدابەزی جۆراوجۆرکردوە. ئەوەی کوردەکان و بژاردەی کورد لەو نێوەدا بە ناوی سیاسەت بە خەڵکی کوردی دەفرۆشنەوە لە هیچ کۆمەڵگایەکی

ئەو سەردەمەدا ناچێتە بازنەی تێکۆشان بۆ رزگاریی و کردەی سیاسەتەوە. لە ژێر ئاسەواری خۆنەناسینی بەردرێژی مێژوویی دایە، کە ناسنامەی ئایینی، ناوچەیی و تەنانەت دەنگۆی بێ بناخە لە دۆخی جیاواز و تایبەتدا کورد و هەڵوێستی کوردان تووشی سەرلێشێوان دەکەن. خۆ بە ئێرانی زانین، خۆ بە تورک پێناسە کردن،خۆ بە عێراقی و سووری ئەژمارکردن، بەرگریکردن لە سنوورە دەستکردەکان بە هەر مەبەستێک بێ باس لە دەردی تاڵی کوێری سیاسی کوردان دەکا. ناسینەی تێکشکاو وەک ئاوێنەی شکاو روخساری مرۆڤ بە چەند کەرتی پێشان دەدا. روخساری سیاسیی و ناسینەی کوردان لە ژێر تیشکی پەروەردەی سەقەتی نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان ناسرووشتیە و کوردانی فێری خۆبە کەمزانی و بێ باوەڕی کردووە.

کەرتبوون و پەرتبوون لە گۆڕەپانی نێوخۆ، ناوچە و دەرەوەدا رووخسارێکی ئاشنای کوردەکانە. هۆکاری دەرنەچوونی کوردەکان لە ژێر چنگی فارس، تورک و عەرەبەکان لە ناخی تاک و کۆی کورددا حەشاردراوە.ئەوان لە ٥٠٠ ساڵەی یادی چاڵدراندا نەبوونە خاوەنی هەڵوێست و داوایەکی هاوبەش، ستراتیژی و خوێندەوەیەکی تێر و تەسەل لە خۆیان و ئەوانی دیکە، ئاڵا و راگەیاندنی نێونەتەوەیی و تەنانەت زمانی ستانداردی نووسین و خوێندن. کوێر بەدوای دوو چاوی ساغدا عەوداڵە و گەلان خوازیاری رزگارین و لەو نێوەدا بە رۆڵە فیداکار و ئازاکانیان سەربەرزن. گەلانی بەختەورە لە ژێر سایەی پارتە سیاسیی و سەرکردەی راستگۆ و گیانفیدادا زۆر تۆقی وەک چاڵدرانیان پساندوە و بەرەو دوارۆژی گەش و ئازاد هەنگاویان ناوە. بە داخەوە لە کوردستان و لە نێو کورداندا پارتە سیاسییەکان و بژاردەی کۆمەڵگاش ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە. ئەوان لەو نێوەدا زۆرترین درزیان خستۆتە نێو جەستەی کورد و هەر لایەنە بە سازێک سەما دەکا و وەک تازە تەپ و تۆزی شەڕی چاڵدرانیان لە سەر دەم و چاویان نیشتبێ. لە بێدەنگی و ناچاریدا هەر پارتە دادەمزرێ و هەر سەرۆک پارتە بە هەموو نرخێک بەرەو کورسی، دەسەڵات و پارە هەڵپەیانە. کوردەکان لە راستیدا لە هێشتنەوەی دۆخەکەدا هاوکاری نەتەوە باڵا دەستەکانن و بێدەنگی بەرین و خۆنەناسینیان سەلمێنەری ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرەیە. لە نێو نەتەوەیەکی زیاتر لە ٢٥ ملوێنیدا رێژەیەکی کەم لە کوردەکان مێژووی تەنانەت ئەو پارچەیەی تێیدا نیشتەجێن دەزانن. ئەوان لە لایەن پێشڕەو و پێشەوا ناوچەییەکانیاندا فێری گەمەی هەڵاتن و گوێنەدان بە بایەخە نەتەوەییەکان کراون. گەلێک ژیر و وریا لە سەر هێڵی ژیانی سیاسیدا خەت خەتێن ناکاتە پیشەی خۆی و پارت و سەرۆکی بازرگان بە هیچ نرخێک ناکڕێ.

ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچە گەورە و بەرینن، بەڵام لاوازی و بێ سیستمی کوردان لە ئاڵوگۆڕەکان گەورەترن. ئەگەر بارودۆخی ئەمڕۆ ناوچە لە بەرچاو بگرین، بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە کوردە وەک جاران هەر سەپان و پیادەن. ئەگەرچی سوڵتان و شا لە ئێران، تورکیە، عێراق و سوریە نەماون و کورد گۆیا خاوەنی پارتی پێشڕەو و گەلێک سەرۆکی خاوەن زانستی غەیبە، بەڵام هێشتا بەستێنەکە بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکان و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دێموکڕاتیکی کوردیی ئامادە نەکراوە. لە گەمەی نێوان دەوڵەتە سەردەستەکاندا کوردەکان وەک سەردەمی عوسمانی و پێرسیا ئامادەن و لە مەیدانی دروستکردنی بڕیاردا لە نێوخۆدا وەک جاران خۆسەپێن و لە ئاردی نێودڕوان دەچن. لە سەرەتای سەدەی ٢١دا، کە وەرچەرخانی زۆر لە جیهان و ناوچەدا وەدیهاتن و تەنانەت دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەت بە گوێرەی خوڵقانی دەرفەتە نێوخۆیی و دەرەکیەکان ئەگەرێکی وەدیهاتوە، کوردەکان هێشتا ژێر دەستەی چەند پارت و سەرۆک پارتن، کە لە ژێر سەبەری جەمەدانەی عەشیرەت و بە پێوانەی پشتێندە چەندگرییەکە سیاسەت دەکەن. لەو سەردەمەدا کورد و پارتەکانی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا نەبوونە خاوەنی ڕێبازێکی هاوبەش لە پرسی چارەسەرکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا. لە باشووری کوردستاندا کە خاوەنی ستاتووسی خۆی بو، دوو هێزە باڵا دەستەکان وەک رابردوو لە گۆڕەپانەکەدا خەریکی خەت خەتێنی سیاسین و هەرجارەی لە لای دەوڵەتێکی سەردەست پرێسکە سیاسیەکانیان بۆ کۆدەکرێتەوە. پارتی دێموکڕاتی کوردستان کەوتۆتە سەر هێڵی تورکیە، سوننە و ژمارەیک وڵاتی عەرەبی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پاڵ ئێران، سوریە و حیزبوڵڵادا درێژە بە گەمەی عوسمانی و سەفەویە نوێیەکان دەدەن. ئەوان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بە ئاشکرا و بە نهێنیێ لە سەر ئەو ڕێبازە کردەیەی سیاسەتکردن بوون. تورکیە لەو ماوەیەدا لە بیری گەڕاندنەوەی عوسمانی تازەدا بوە و هەوڵی داوە لە ڕووداوەکانی ناوچە، عێراق و تانەت باشوور و باکوری کوردستاندا بەو ئاراستەیدا کاربکا. ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تورکیە و کارکردنی تورکیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی داهاتی نەوت و پرۆسەی فرۆشتنی نەوت وێڕای وردە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی نێوخۆیی بەرامبەر بە کوردەکانی باکووری کوردستان بە هەوڵی جیددی تورکیە بۆ درێژەدان بە سیاسەتی کارکردن بە کوردەکان دژ بە وڵاتانی ناوچە ناودێر دەکرێ. ئێران لەو نێوەدا لە ڕێگای سیاسەتکارە شیعە عێراقیەکان و کوردەکانی باشوور و تەنانەت پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆڵی بەرامبەر دەبینێ و لە بیری پچڕینی پشکی خۆیەتی. شەڕ لە سەر لاشەی کەوتووی عێراق لە نێوان تورکیە و ئێران و بە تایبەت کۆنترۆڵکردن و کاناڵیزەکردنی بڕیاربەدەستە کوردەکان و یاریکردن بەوان وەک مۆرەی دامە و شترەنج درێژەی هەیە.

سەرەڕای ئەوە، دۆخی سووریە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بەردەوام گۆڕەپانی ویکەوتنی بەرژەوەندی دوو بلۆکی سوننە و شیعە و زلهێزە گەورەکانی وەک ئەمریکا، یەکێتی ئورووپا و رووسیە بوە. لە هاوکێشەی سووریەدا بێجگە لە هێزە لۆکاڵی و ناوچەییەکان دوو زلهێزی سەردەمی شەڕی سارد لە وەرسووڕاندنی دۆخەکاندا بە شێوازی جیاواز ئامادەییان هەبوە. پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتە داتاشراوەکەی لە رۆژئاوای کوردستاندا دژ بە سیاسەتی تورکەکان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان لایەنی ئەسەد و دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق و ئێرانیان هەڵبژاردوە. بەو واتایە، هێزە بە ناو کوردییەکان لە شەترەنجی سیاسیی ناوچەکەدا لە سەدەی ۲۱دا وەک رابردوو بە سەر بەرە ناوچەییەکاندا دابەش دەکرێن و دەبن و ئەوان خاوەنی هێڵ و ئامانجی کۆنکرێت و ئاشکرای خۆیان نین. لە سەر ئیدارەکردنی عێراقی تازە و راگرتنی باڵانسی دەسەڵات لەو وڵاتەدا تورکیە و ئێران بە دوو ئاراستەی جیاوازدا کاریان کردوە. پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو نێوەدا بە سەر ئەو دوو بەرەیەدا دابەش بوون.

لە پرسی پێوەندییەکاندا پارتە سیاسییەکان و تاکی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی زاڵ بە سەر پارچەکانی دیکە و دەزگا و ناوەندی ئاسایشی ئەو دەوڵەتانەدا، کوردایەتی و مافی کوردان لە باسە حەرامەکان بوون و بەرژەوەندی تاکە کەس، بنەماڵە و حیزب لە ریزی پێشەوەی دیالۆگ و کردەوەکاندا جێیان گرتوە. لە کاتێکدا دەوڵەتە سەردەست و نەتەوەی باڵا دەست لە پارچەیەکی کوردستاندا بە بەردەوامی و بە فاکت جینایەت دەکا و بۆ لە رەگ و ریشەهەڵقەندنی دەماری کوردایەتی لە هیچ کردەوەیەک تەنەخی ناکات، ژمارەیەک سەرۆک حیزب و بازرگان وەک سەرۆک عەشیرەت، شێخ و ئاغاکانی سەردەمی عوسمانی و پێرسیا خەریکی بازرگانی سیاسیی خۆیانن و واز لە خەتخەتێنی خۆیان ناهێنن. دیپلۆماسی کوردان و پارتە سیاسییەکان لەو نێوەدا بە هەموو بوارێکدا بیرخەرەوەی پێوەندی نێوان ئەمیر و سوڵتان و پاشاکانن. تورکەکان و فارسەکان لەو سەردەمەدا بە زۆر شێواز لە سەر بڕیاری پارتە کوردییەکان کاریگەرن. دیپلۆماسی کوردیی باس لە هەژاریی و لاوازبوونی کولتوری ئیدارەکردنی کوردان دەکا، کە دەبنە مایەی پێکەنینی نەتەوە باڵا و سەردەستەکان. لاوازی کورد لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا دەرخەری رەمەکی بوونی کورد لە پرسی دەوڵەت و سیاسەتە. تێگەیشتنی کورد و سیاسەتکار و بازرگانە سیاسییەکان لە سیاسەت و هونەری سیاسیی رووکارییە و قوڵایی سیاسەت و دیپلۆماسی لای کورد هێشتا چەقەرەی نەکردوە.

تۆقی چاڵدران ئەوەندە بەهێز و کارامە کوردەکانی هاڕی، کە ڕێچکەی بیرکردنەوە و جیهانبینی و تەنانەت سرووشتی زمانی ئەوانی گۆڕی. دابەشبوون بە سەر دوو بەرەی جیاوازدا و نەبوونی نەخشەیەکی روون بۆ دوارۆژ زاراوە کوردییەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی. کەرتبوون و دابڕان لە یەکتر پێداویستی گەشەکردنی زمانی هاوبەشی بۆ کورد زەقنەکردەوە و کوردەکان لەو بارەوە خەڵکێکی تەمبەڵ و لاسار بوون. کوردەکان لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی رابردوودا لە سەر زمان بە شێوازێکی کاریگەر کاریان نەکردوە و بە گوێرەی پاشخان و تێگەیشتنی خۆیان هەوڵیانداوە پرسی زمان بە نیوەچڵی وەک پرسە سیاسیەکانی دیکە لە خانەی گەمەکردنێکی ناپیرۆزدا بێڵنەوە. ئەوان لە پرسی بیرکردنەوە، زانست و کولتوری نووسیندا لە ریزبەندی دواوەی جیرانەکانیاندا بوون. لە بەر دوور بوون لە کولتورە زیندوەکانی سەردەم و گەمارۆدرانیان بە کولتوری داخراوی خۆیان و حوکمڕانە سەردەستەکان کەمتر لە بیری بەهێزکردنی زمانی نووسین و پەرەپێدانی زمانی خۆیاندا بون. سەرەڕای ئەوە، کوردەکان و پێشڕەوانی ئایینی ئەوان پرسی ئایین و کتێبە پیرۆزەکانی ئەوانیان نەکردە پردێک بۆ گەشەپێدانی زمان. تێگەیشتنی ئەوان لە دین و کتێبە ئایینیەکان چەقبەستوو بوو و لەبەر ئەوەی خۆشیان بە خوار و خێچی لە بنچ و بناوانی دین و زمانی فەرمی قورئان دەگەیشتن، لە توانایاندا نەبو پەیامەکان بە زمانی خەڵک بنووسنەوە و زمانی دایک بە فەرمی بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە، کە زۆر خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی سەر تۆپی زەوی کتێبە ئایینیەکانیان بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر وەردەگێڕایە سەر زمانی دایک و لەو روانگەوە خەڵکیان هاندەدا، کە زمانی خۆیان لانی کەم لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا فێربن. کاری هونەرمەندانی زمان و پێشڕەوانی زمانی کورد کە لە شاعیر و نووسەرەکاندا دەرکەوتوە لە بەر پەرت و بڵاوی کەمتر رەگ و ریشەی داکوتاوە. خەڵک زیاتر لە ڕێگای چاو و گوێ دیاردە و بابەتەکانیان هەڵلاجی کردوون. نەبوونی زمانی نووسین و لە درێژخایەندا زمانی هاوبەشی نووسین کاریگەری لە سەر نووسینەوەی دیرۆک و سەربەردەی رووداوەکان هەبوە. بێجگە لەوە خەڵک لە ئاستێکی بەریندا لە گرینگی زمانی دایک نەگەیشتوون و لەبەر زۆربوونی کوێرەوەری رۆژانە و سەختی ژیان نەپرژاونە سەر ئەو خاڵە گرینگانە. لە ئاکامدا مێژوو و دیرۆکی کوردان کەمترین کاری لە سەر کراوە و مێژووی نەتەوە سەردەست و حوکمڕانە سەردەستەکان بە زۆر یان بە خۆبەخشی لە لایەن کوردەکانەوە خوێندراوە.

نەبوونی بەرهەمی جۆراوجۆری نووسین و هونەری لە بوارەکانی ژیان و کاردا باسێکی تاڵی قۆناخی ٥٠٠ ساڵی رابردووی کوردەکان دەردەخات. ئەوان بە دیوێکی دیکەدا خەڵکێکی دابڕاو لە یەکتر و خاوەنی بیرۆکەی پەل و پۆ

هاویشتن نەبوون. لە باشترین دۆخەکاندا سەرباز و چەکداری شا و سوڵتان یان ئاغا و شێخ بوون. بیروهزری کوردان لە ئاستی گشتیدا لە بەردەم رووداوەکانی رۆژ و داهاتوودا ناکامڵ بوە. شێوازی ژیان و دووربوون لە شارستانیەت و مانەوە لە جیهانی ئاژەڵداری، کوردەکانی فێری پەڕینەوە بۆ لێواری ژیانی پیشەیی و پێکەوەیی نەکرد. کولتوری ئەوان هەڵگری ژێردەستەبوون بۆ غەوارە و ناڕێکبوون لە گەڵ هاوزمان و هاوڕەگەزەکان بوون و هەتا بۆیان کرابێ، لە یەکێتی و یەکگرتوویی خۆیان دوور راگرتوە و بیری نەتەوایەتی و خۆئیدارەکردنیان نەبوە. لە سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە پرسی زمانیان بە شێوازی کولتوری خێڵ دابەشکردوە و لە ستایلی نووسیندا دیسان شوێنکەوتووی نەتەوەی باڵادەست و سەردەستەکان بوون. دوای دامەزراندنی پارت و رێکخراوی سیاسیی روانگەکان بەرامبەر بە زمان گۆڕان و دابڕبوونێکی زیاتر لە بەردەم کوردەکاندا قووت کرانەوە. لە پێناوی سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی و فریودانی زیاتر خەڵک بۆ زۆرکردنی لشکری لایەنگرانیان، هەر پارتە بە جۆرێک پرسی زمان لێکدەداتەوە. پارتی وا سەیر و سەمەرە هاتوونە ئاراوە، کە خوازیارن هەر زاراوەیک ببێتە یەک زمانی رەسمی. بە گوێرەی خوێندنەوەی سەقەت و بەرئاوەژووی ئەوان ئەگەر کورد ببێتە دەوڵەتیش لە هیچ نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی ناچێ، چوونکە بە زاراوە و شێوازی جیاواز دەبێ بنووسن و بخوێننەوە. بە واتایەکی ساکار و سادە کوردەکان لە جیهانی وشە و بیرکردنەوەدا یەکگرتوو نین و خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی هابەش نین.

نەبوونی زمانی نووسراوی هاوبەش تەنانەت لە نێو پارچەیەکی کوردستاندا کاریگەری لە سەر نەخشەی تێکۆشانی کورد دەبێ و کۆدەنگی بەرین و نیشتمانی بەرهەم ناهێنێ. زمان رەنگی شوناس و ناسنامەی سیاسیی و کاناڵی تێگەیشتن لە خەم و هەست و ئازارەکان بە ئەژمار دێ. نەبوونی زمانی ستاندارد و سیاسەتی بە تایبەت پاشماوەی دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و پێرسیا لە مەڕ کوردەکان لە سەر بەستێنی دابەشکردنی سنوورەکان لە سەر نەخشەی دوای شەڕی چاڵدران چەق دەبەستێ، کە پارتە سیاسیی و سەرۆکەکانیان هاوتای ئەمیر و سەرۆک عەشیرەتەکانی سەردەمی رابردوو دەکا. زمان و وێژە، راگەیاندن و هونەر بە هەموو جۆرەکان لە سەر کەسایەتی گشتیی دانیشتوانی مەڵبەند و ناوچەیەکی جۆغراڤیایی کارتێکەری بەهێز و کاریگەریان هەیە. کەسایەتی مرۆڤ لە ژینگە و دەوروبەر و لە رێگای پەروەردە و فێرکردن گەشە دەکا، کە زمان لەو گۆڕەپانە رۆڵی یەکەم و بەرچاو دەگێڕێ. لە جیهانی مۆدێرندا و لە ماوەی چەند سەدەی رابردوودا زمان لە سەر گەشەکردنی کۆمەڵگا، دەوڵەت، ئازادیی و مافی هاوڵاتیان و تەنانەت لە خوڵقاندنی ئاشتیی و شەڕدا کارا و سەرسووڕهێنەر بوە. کوردەکان لە

رابردوو و ئەمڕۆدا لەو بەرەیەدا لاواز و خوێندەوەکانیان بۆ جیهانی دەرەوە رەش و سپی و بەرتەسکە. ئەوان نە تەنیا خاکەکەیان ژێر دەستەی فارس، تورک و عەرەبەکانە، بەڵکو مێشک و بیر و هزریان بە ئەدەبیات و مێژووی داسەپاو جۆشدراوە و لە سەر رێچکەی سرووشتی خۆی لادراوە. کوردەکان لە نەبوونی زمانێکی ستاندارد و گەشەسەندوو و کارپێکراودا خەون و نەخشەی دوارۆژیان بە نیوەچڵی لە دایک دەبێ و لە کۆتاییدا سەرەوخوار دەچنەوە ئامێزی نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان.

## لاواز لە خوڵقاندنی سەمبولە نەتەوەییەکاندا

کوردەکان لە سەمبولسازی نەتەوەیی و بیروباوەڕی نەتەوەسەروەریی لە ریزی دواوەی هەموو نەتەوەکانی ناوچەکەدا بوون. ئەوان زۆر بە کەمی ئاگاداری جۆری خەباتی گەلانی دیکە بوون و ئاگاداریان لە سەر رووداوە گەورەکانی ناوچە و جیهان بە رێژەیەکی بەرتەسک هەبوو. لە پرسی بازرگانی و ئیدارەکردی ئابوری لە شکڵ و شێوەی بەریندا ناشارەزا بوون. لە کەیسی پێوەندییە دەرەکیەکاندا لە سەردەمانی کۆندا جیهانی دووریان سێبەری سوڵتان و پاشاکان بوە. لە شەڕی سوڵتان و پاشاکاندا و شەڕی ئەوانی دیکەدا کوردەکان چەکدار و سنوورپارێز و خەڵکەکەش باجدەر و بەخێوکەری لشکرە شڕ و شپڕزەکان بوە. کاتێک گەلانی دیکە لە جیهاندا خەریکی لاقچەقاندن بوون کوردەکان لە بەردەمی شاو سوڵتاندا زکر و سەمایان کردوە و گوێی خۆیان لە ئاستی شۆڕشە گەورەکانی سەدەکانی رابردوو بەستوە. لە سەردەمی زێڕینی سەرەتای سەدەی ٢٠دا و بە تایبەت لە قۆناخی شەڕ و کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا خاوەنی سەمبولێکی بەهێز و کوردپەروەر نەبوون کە لەو هەراو هەنگامەیەدا کۆکەرەوەی کوردە ونبوەکانی دوورگەی عوسمانی و پێرسیا و رووسیا بن. بژاردەی کورد خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ دوارۆژی شەڕ نەبو. سەمبولە کوردییەکان زیاتر لە سەرۆک هۆز، عەشیرەت، ئاغا و شێخەکاندا دەرکەوتوون و ئەوانیش لە بناخەوە ناسەرکەوتوو بوون. نەخشەی داتاشینی هێما و وێنە و واتای نیشتمانیی و نەتەوەیی نەبوونە وێردی سەرزاری هاوڵاتیانی کوردستان.

کوردەکان لە ماوەی ٥سەدەی رابردوودا زیاتر شوێنکەوتووی چاوبەستراو بوون. لەو ماوەیەدا بە دەگمەن شاعیر، نووسەر یان زانایەکی ئایینی هەڵکەوتوە، کە ئەویش لە سەر پاشخانی وێرانی کۆمەڵگادا هەڵی گەشەکردن و پەرەپێدانی باوەڕی نەتەوەیی دەست نەکەوتوە. کۆمەڵە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە

عوسمانیدا لە بازنەی چەند بنەماڵەیەک دەرنەچوون و پارتە سیاسییەکان لە دوای دامەزرانیان وەک درێژەدەری بە ئەمەگی کولتوری باوی رابردوو هاتوونە سەر شانۆی یارە سیاسییەکان. سەمبولسازی پارتە سیاسییەکان لە خۆسەپاندن تێپەڕی نەکردوە و هەموو توانایان ئەوە بوە، کە تەنانەت سەرۆکێ بنەماڵەیەک بە باوکی رووحی و نەتەوەیی پێناسە بکەن. بەشێک لە پارتەکان لەو نێوەدا ئەوەندە چوونە پێش، کە خۆڵ لە چاوی خەڵک و لایەنگرانی خۆیان دەکەن و بە زبری زۆر و  پارە خوازیارن سەرۆکی خۆیان بکەنە سەمبولی خەڵک! جیهانبینی کوردەکان لەو رەهەندەدا بەرتەسک و سنووری هۆز و شێخ و عەشیرەتەکانی تێپەڕ نەدەکرد. لە بەستێنێکدا کە خۆناسیین نەک لە قەیراندایە، بەڵکو هەر لە باس و چیرۆکەکاندا شاراوە و ونە، سازبوونی سەمبول لە نێو کورداندا کارێکی ئاسان و ساکار نەبوە. خەڵکێک کە شەڕی یەکتریان پێ لە شەڕی سوڵتان و پاشا بە گرینگتر زانیوە و لە سەر بناخەی ناسنامەی ئایینی رابەرانی دینیی و بە تایبەت سوڵتان و پاشایان بە باوکی گەورە و سێبەری خوا لە سەر زەوی زانیوە، نەتەوە و نیشتمان و سەمبولە نەتەوەییەکان مانایەکی جیددیان نەبوە.

تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردیی سەرەڕای گەلێک ئاڵوگۆڕی زۆر لە ناوچە و جیهاندا و دیتنی پرۆسەی ناسیۆنالیزمی تورک، فارس و عەرەب توانای خۆسەلماندنی نەبوو. لە گۆڕەپانی چیرۆک و سەربردەکاندا رێڕەوی دەوڵەمەندکردنی گیانی کوردایەتی لاواز و لە بازنەی  هزری خۆئیدارەکردندا هەژار و پەککەوتە بوون. نەبوونی ئیرادە و هەستی باوەڕبەخۆبوون و شکڵنەگرتنی سەمبولە کۆکەرەوە خۆماڵیەکان لە سنووری هەموو هۆز و عەشیرەت و ناوچەی ژێر سەردارەتی شێخەکاندا دیار و بەرچاو بوون. کەسایەتی کوردان بە گوێرەی پەروەردە و باوەڕە ئایینی و باوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش هێشتا دوو دڵ و پڕ لە دڵەڕاوکە لە ژێر هێژێمۆنی  تورک، فارس و عەرەبەکاندا ژیانی تێپەڕ دەکرد. لاوازی لە کەسایەتی تاک و کۆدا و نەبوونی هزروان و بیرمەندی جۆشکراو بە باوەڕە سەردەمیەکان لە نێو جەرگەی خەڵکی کورددا کاریگەری بەرچاوی لە سەر درەنگ وەخەبەرهاتنی بژاردەی کۆمەڵگا هەبوو. مێژووییەک تەژی لە یەکتر بوغزاندن و خزمەتکردنی گەورە و سەرداری نەتەوەیکانی دیکە کوردیان زەینکوێر و دواکەوتە بارهێنابو. شوێنکەوتە و دەروێشەکان لە هێڵی دیاریکراو تێناپەڕن و بیرکردنەوەی ئەوان توانای دۆزینەوەی تەریقەت و رێگای تازەی نییە. کوردیش لە بەردەوام لە گەمەکاندا سەلماندوویەتی، کە دواکەوتەی وەفاداری ئەم و ئەوە. ئەو تایبەتمەندییە لە بیر و وتە و کرداری زۆربەی هەرە زۆری بە ناو سیاسەتکارە کوردەکاندا رەنگدانەوەی قووڵی هەبوە و هەیە. هەر کامەیان لەبەیکیان بۆ سەرداری باڵادەست گوتوە و لە بەرامبەر سەرۆک هۆزە و عەشیرەت و شێخە کوردەکاندا دوژمنکار و سەرەڕۆ هەڵسووکەوتیان کردوە.

پەروەردەبوون بە زمان و کولتوری نەتەوەی سەردەست و گەورەبوون بە کولتوری چاولەدەستبوون تاکی کوردی لە وزەی خولْقاندن و شۆڕبوونەوەی بۆ جیهانی خۆناسین دوور کردۆتەوە.

تاکی کورد لە ماڵ و کۆمەڵگادا فێری هونەری گونجاندن و ڕێزگرتن لە کوردەکانی دیکە نەکراوە و دۆست و دوژمنیان لە یەکتر جیانەکردۆتەوە. بە کولتورنەکرانی کوردایەتی و نیشتمانخۆشەویستی ئەمڕۆش لە هەنگاوی بزوتنەوەی کورد و هەوڵی تاکی کورد ڕەنگ دەداتەوە. نەبوونی سەمبولە کۆکەرەوەکان و باوەڕمەند نەبوون بە ئامانجەکان کوردیان فێری گەڕۆکبوون و هەڵبەزدابەز کردوە. خەڵکی کورد توانای خۆڕاگری بەردەوامیان کەمە و زیاتر لە گەڵ پەلاماردان و هەڵاتندا ئاشنان. کوردەکان لە کاتی تەنگانەدا کەمتر بیر لە چارەسەری درێژخایەن دەکەنەوە زیاتر لە بیری هەڵاتن یان خۆتەسلیمکردنەوەدان. ئەو ئیرادە لەرزۆکە لە بەر زۆر هۆکار ڕاست نەکراوەتەوە و نەوە دوای نەوە سەرهەڵدەداتەوە. سنوورە دەستکردەکان و تەنانەت دەستەبەرکردنی مافی تاک و نەتەوەیەک لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستی بە سەمبولە کۆکەرەوە نەتەوەییەکان، ئیرادەی بەهێز، خەونی گەورە و کەسایەتی سیاسیی و کولتوری تاکەکانی نەتەوەیەک هەیە. گەلانی دنیا هەر بە گۆرانی و سەماکردن بە ئازادی و سەربەخۆیی نەگەیشتوون و لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا زۆر چەرمەسەریان چێشتوە. هات و هاواری بەردەم مێدیا و خۆبادانی نێوخۆیی لە ناوچە و جیهاندا کارتێکەر نین. سەمبولە عەشیرەتی، ئایینی و حیزبییەکان بە گوێرەی هەموو پێوانەیەک لە نێوکورداندا کۆکەروە نین و گونجاوترە، کە کورد لەو بارەوە سەمبولی نیشتمانی کۆکەرەوە بخولْقێنێ. چیرۆکە تێکهەڵشێل و ناڕووناکان و سروودە بن کۆڵەکان ڕێگای بەیەکگەیشتنی وزە و توانای کوردە پەرتەوازەکانیان خۆش نەکردوە.

## دارەدارەی کورد لە پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا

سیاسەتی جیهانی و بە تایبەت زلهێزەکان لە سەر کۆڵەکەی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکاندا دارێژراوە. لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی تازە لە پێوەندە نێودەوڵەتییەکان لە پاش ڕێککەوتننامەی وێستفاڵ کوردەکان لە ژێر سێبەری دوو ئیمپراتۆردا هەلی دەرکەوتن وەک ئەکتەری گۆڕەپانیان بۆنەڕەخسا. لە دوای ڕێکخستنەوەی نەزمی نوێی جیهانی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و زۆربوونی ژمارەی دەوڵەتەکان لە سەر نەخشەی سیاسیی کوردەکان زیاتر چەوسانەوە و لە بازنەی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا جێگا و پێگەیەکیان نەبو.

بێ دەوڵەتی کوردەکانی لە بازنەی نوێنەرایەتییە ناوچەیی و جیهانییەکان دادەبڕێ. دەوڵەت لە مانا گشتییەکەیدا ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی نەتەوە یان چەند نەتەوەی هەڵکەوتوو لە نێو سنوورە سەلمێندراوەکانی لە ئەستۆدایە. لە دۆخێکی گشتییدا ئەوە دەوڵەتەکانن، کە لە بڕیارەگرینگ و چارەنووسسازەکاندا بڕیاردەرن و نەخشەی پێوەندییە دەرەکییەکان دادەڕێژن. نەتەوەیەکی وەک وەک کورد ئەگەرچی خاوەنی خاک، دانشتوو، زمان و جوغرافیای خۆیەتی، بەڵام بە گوێرەی عورفی باو خاوەنی دەوڵەتی خۆماڵی نییە و بە بەشێک لە جۆغرافیای چەند دەوڵەتی ناوچە پێناسەدەکرێ. زۆر ئاساییە، کە کوردەکان بە ئاسانی لە رووداوە گەورەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خاوەنی ستاتوسی خۆیان نەبن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە ئەوان نەتوانن لە دۆخی گۆڕاوی جیهاندا نەتوانن بچنە خانەی پێوەندییەکانەوە. بە تایبەت لە دوای زنجیرە ئاڵوگۆڕە گرینگ و بەردەوامەکان، کە دەوڵەر و سەردارەتی دەوڵەتیان لە بەردەم رۆژگار و سەردەمێکی تازەدا راگرتوە. سەردارەتی دەوڵەتەکان وەک رابردوو راوەستاو و چەقیو نییە و لە ناوچە دیکتاتۆرلێدراوەکان و شوێنەکانی دیکەش پێوەندی بە رەزایەتی دانیشتوانەوە هەیە. دەوڵەتەکان لە سەردەمی تازەدا وەک رابردوو ناتوانن بە ئاشکرا دژ بە خەڵک و هاوڵاتیان ببنە بە رۆبۆتی سەرکوت و کوشتار.

کوردەکان لەبەر ئەو هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکان کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، کەمتر توانیویانە لە گەمە گەورەکاندا رووسوور و سەرکەوتوو بێنەدەر. لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا رۆژئاواییەکان و رووسەکان وەک زلهێزەکانی سەدەی ٢٠ و ٢١ کەم و زۆر لە نیزیکەوە لە گەڵ بژاردەی کوردان ئاشنا بوون. کاربەدەست و میسیۆنەرە رۆژئاواییەکان لەمێژە لە کوردستاندا دەگەڕێن و شارەزایی پێویستیان لە سەر کولتوری کورد وەدەست هێناوە. ئەوان لە پێش و پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئاگاداری ئەوە بوون، کە کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی تورک و فارسەکاندا خاوەنی بەرچاوڕوونیەکی زۆر نین. ئاخر کوردەکان لە کۆتایی شەڕ و لە کۆنفڕانسی ئاشتیشدا کە بە نهێنی و ئاشکرا لە گەڵ مانەوەی سوڵتانی عوسمانیدا کۆکن. لەو سەردەمەی کە کورد پێویست بوو خاوەنی هێز، رێباز و روخساری کوردیی لە پرسە ناوچەییەکاندا بێ، رۆژئاواییەکان ئاگادار بوون، کە بژاردەی کورد هێشتا چاو نەکراون و خەریکی بازبازێن و خەتخەتێنی سیاسین. دووربوونی کوردەکان لە وتاری نەتەوەیی و نەبوون و پێکنەهاتنی بەستێنی وتار و روانگەی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستاندا دەسەڵاتە بڕیاربەدەستەکانی ناچار دەکرد، کە واز لە کورد بێنن و وەک رابردوو درێژە بە ژیانی ژێردەستەیی بدەن. ئاخر کوردەکان لە سەر ئەرزی واقع خاوەنی هیچ جۆرە بەستێن و قەوارەی ئیدارە و دەوڵەت نەبوون و تەنیا ئەرکیان چاوەڕوانبوون بۆ فەرمان و ئەمری میریی بوە.

لە سەردەمی درووستکردنی دەوڵەتە تازەکاندا و لە ژێر تیشکی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکاندا کوردەکان لە ناوێکی سەر لاپەڕەکان زیاتر نەبوون و تەنانەت لە پێناویی تورکیەدا لە ژێر فەرماندەیی کەماڵ ئاتاتورکدا شەڕیان دەکرد. خەڵکانێک کە بۆ پاشا و سوڵتان بە سەدە فیداکاریان نواندبێ و ئەرمەنییەکانیان بۆ کۆمەڵکوژ کردبێ و لە پێناوی سەربەخۆیی تورکیەدا وەفاداری کەماڵ ئاتاتورک بن، چۆن دەتوانن ببنە هاوتای ڕۆژئاواییەکان و هاوبەشی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکان. خەڵکانێک کە تازە خەریکین فێری نووسین دەبن و چەند بنەماڵەیەک ئەو ئەرکە رادەپەڕێنن، کە خۆشیان لە گەڵ یەکتر ناتەبا و دژب بەیەکن، چۆن دەتوانن متمانەی هێز گەورەکان راکێشن.

ئەگەرچی کوردەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا پاش چەرمەسەرییەکی زۆر بە سەر دۆخێکی زێڕیندا کەوتن، بەڵام لە بەر هۆکارە ئاماژەپێکراوەکان بۆیان نەکرا ببنە داری بەربی. هەر لە سەرەتای دۆخەکەدا هێزە بە ناو کوردییەکان لە سەر دەسەڵات و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی نیشتمانیی بەگژیەکتردا چوون. لە ئاکامدا بە ئاشکرا و بە فەرمی هێزی تورک و فارس و تەنانەت عەرەبیان لە پێناوی یەکتربەزاندا هەتا قوڵایی باشووری کوردستان دەهێنا. گەمەی ئەوان هێشتا درێژەی هەیە و ئێستا خەڵکیان بە چەکی نەوت سەرگەرم کردوە و گۆیا دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانی باشوور دەکا. پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرامبەردا درێژەدەری سیاسەتی خۆی و بەشێک لە دەوڵەتە سەردەستەکانە و هەر سەردەمە خاوەنی تێز و وتارێکی سەیر و سەمەرەیە. کورد کەمتر لە مێژووی رابردوودا بۆتە خاوەنی ئەو دەرفەتە، کە ئەمڕۆ لە باشوور، ڕۆژئاوا و باکور بۆی لواوە. سەرەڕای ئەوە، بازرگانە سیاسییەکان لە بێدەنگی و هەژاری کوردەکان سوود وەردەگرن و هەرجارە و سیرک و شانۆیەکیان پێشان دەدەن. کوردەکان هێشتا ڕۆژئاواییەکانیان نەهێناوەتە سەر ئەو باوەڕە، کە ئەوان بۆ ئازادی و مافی هاوڵاتیان هاوار دەکەن، چوونکە بە کردەوە دەبینن کە پارتە کوردییەکان و سەرۆکەکانیان روو بە دەرەوە دێموکڕات و لە نێوخۆدا دڵڕەق و دیکتاتۆرن. کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازەدا تەنیا بە هێزی خۆیان و پشتیوانی دەرەکی دەتوانن لە سەر نەخشەی جیهاندا ببنە ژمارەیەک. بۆ ڕۆژئاواییەکان درووشم دەردێک چارەسەر ناکا و ئەوان لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی رابردوودا بە تەواوەتی شەن و کەوی دۆخەکەیان کردوە و دەزانن مرۆڤی دەسەڵاتدار لە نەبوونی یاسا و عەداڵەتدا لە گورگ دەچێ. هات و هاوار و پارە بەشینەوە شەقامی ڕۆژئاوا بۆ پاڵپشتی کوردان خۆش و ئامادە ناکا، بەڵکو پێشاندانی هونەری ئیدارەکردن و ڕێزگرتن لە ئیرادەی هاوڵاتیان کاریگەرترین پەیام و بانگەوازە. کۆشکی سپی کاتێک وەفدی هەرێمی کوردستان بە راگەیاندکار و وەرگێڕەوە دەبینێ، دەزانێ کە ئەو

وەڤدە ئەندامانی بنەماڵەیەکن و بە کردەوە نوێنەرایەتی کورد ناکەن. رۆژئاواییەکان سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیان بە تاوڵ و دشداشەی عەرەبی لە کۆشکی سپیی و نێوجەرگەی ئورووپا دیتوە بە پشتێند و جەمەدانەی سوور هەڵناخەڵەتێن. بۆ ئەوان ئەوە گرینگ نییە، کە سەرۆکی پارتێک جل و بەرگی عەشیرەتەکەی لە بەردەکا و بە ناوی کوردەوە وەک ئەندامانی بنەماڵەیەک لە کۆشکی سپیی وەژوور دەکەون، بەڵکو هەڵسوکەوت و بیر و تێڕوانین و جۆری بەشداربووەکان بایەخ و گرینگی خۆیان هەیە. رەنگە وتە و دەربڕینی سەرۆکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە مەڕ هاتنی کاربەدەستانی ئەمریکا بۆ کوردستان دەرخەری بێ پلانی کورد لە مەڕ پرسی داهاتوو بێ. سەرۆکی پارتی رادەگەیەنێ، کە ئەگەر جۆن کێری دیت، لێی دەپرسی هەتا کەی کورد ئاوا بێ. ئەم وتەیە هەڵگری متمانەبەخۆ و خەڵک نەکردن و شارەزانەبوون لە ژێرخان و سەرخانی کایەی سیاسەت و دیپلۆماسییە. دیپلۆماسییەک کە بۆ سینگدەرپەڕاندنی راگەیاندن و هەڵخەڵەتاندن بێ و لە گیانی نیشتمانپەروەری و بنەما باوەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی دوور بن، لە درێژخایەندا بە سەر کورددا دەشکێنەوە.

کوردەکان لە جیهانی دەرەوەدا هێشتا نەناسراون و هات و هەرای مێدیای پارتەکان لەو نێوەدا هیچ لە راستیەکان ناگۆڕێ. کوردەکان هەتا ئەو کاتەی خۆیان نەگۆڕن و کولتوری داخراوی خۆسەپاندن و سەرەڕۆیی جێنەهێڵن و نەبنە خاوەنی زمان، پەیام، هەڵوێست و کردەوەی هاوبەش ئاراستەی سیاسەتی جیهان بەرامبەر بەوان بە ئاسانی ناگۆڕێ. کوردان بۆ هاتنە سەر شانۆی نێونەتەوەیی پێویستیان بە هاودەنگی و یەکدەنگی و خۆڕێکخستنەوەی هەمە لایەنە هەیە. راهاتن بە کولتوری خەڵکسالاری و خەڵکسەروەری خاڵی خۆشدانی هەموو لایەکە. دیپلۆماسی گەلانی بەختەوەر لە سەر بناخەی تێگەیشتنی راستەقینە لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و بایەخە مێژووییەکانی گەل و خەڵک دارێژراوە. ئەوان لە ژێر تیشکی رابردوو و تێڕوانینی درێژخایەندا کایەی مانەوە و گەشەکردنی خۆیان بەرەوپێش دەبەن و بە هێز و وزە و باوەڕی خۆیان و هاوڵاتیان پشت ئەستوورن. دیپلۆماسی راستەقینە مەبەستی شێواندنی راستیەکان و درۆکردن لە گەڵ هاوڵاتیان نییە. دیپلۆماسی کوردان لە هێڵە کۆنەکان لای نەدواوە و توانای نوێبوونەوە و چوونە کاناڵی راستەقینەی گەل و خاکی نییە، چوونکە ئاوەکەی لە سەرچاوەوە لێڵە.

**ئەنجام**

تیغی چاڵدران و ئاکامەکانی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دمەزەرد کرانەوە. دوو کەرتبوونی کورد و خاکەکەی لە رەوتێکی مێژووییدا بەرەو ٤ کەرتبوون چوو. ئەگەرچی جیهان و نەخشەی سیاسیی جیهان زۆر گۆڕاوە، بەڵام دۆخەکە بۆ کوردان بە شێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕاوە. خەڵکی کورد وەک رابردوو لە گەڵ دەسەڵاتداردا تەبان و لە گەڵ سیاسەتی "سەر سەلامەت بێ" راهاتوون و بە گوێرەی رۆژ روخسار دەگۆڕن. ئەوان هێشتا لە ئاستێکی بەریندا نرخی ئازادی نەتەوەیی نازانن و بیر لە مافی چارەیخۆنووسین ناکەنەوە. دابەشکردنی ئەرکی خەبات لە نێوان پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسییەکان و خەڵک نەریتێکی هەڵە و پڕ لە شکستی بۆ کوردان بەرهەم هێناوە. کوردەکان بە هێزی پارتەکان بۆیان نەکراوە ئاڵوگۆڕ لە کایەی سیاسیی کوردستاندا بخوڵقێنن. هێزی چەکداری کورد توانای شەڕی گەورە و بەرینی لە گەڵ ئەرتەش و هێزی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا نییە و نەبوە. ئەوان هێشتا بۆیان نەلواوە لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا بە کردەوە ناوەند و بنیاتێکی هاوکاری و هاوفکری دابمەزرێنن. هەڵگرتنی درووشمی گەورە و خۆ بە دەمڕاست و سەروەر زانینی کوردان لە لایەن ژمارەیەک بنەماڵە، سەرۆک بنەماڵە و سەرۆک پارت هەڵقوڵاوی کانیاوی پاراوی کوردایەتی نییە. کوردەکان بەلارێدابراون و لە ئەرکی راستبوونەوە بۆ ئەستاندنی ماف و ئازادییەکان داماڵدراون. خەڵکی کورد لە ژێر ناو و درووشمی رەنگاوڕەنگداگدا بەرەو لێواری دۆڕانە مێژووییەکان راپێچکراوە. درووشم و هاوارەکان لە ژێر چەتری دیکتاتۆری کوردیدا خەرمانی ئازادی کوردان پڕبەرهەم ناکەن.

پەرت و بڵاوبوونی کورد لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و پێرسیادا و دواتر لە نێوان ٤ دەسەڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا کوردانی فێری گەمەی هەڵاتن و خۆ لە ئامێزی ئەوەی دیکە هاویشتن کردوە، کە ناوی دیپلۆماسی و سیاسەتی لە سەر داناوە. ئەوان ئەمڕۆش ٥٠٠ ساڵ دوای چاڵدران خەریکی چوونە ئامێزی تورک و فارس و عەرەبن. لە ئاستی هزر و بیرکردنەوەی بەریندا لە عاشقە تازە باڵا کردوەکان چوون و دەچن، کە لە کاتی ئاشنابوون بە ئایدۆلۆژی تازە سنوورەکان ناناسن و شێتانە عەوداڵی بوون و دەبن. کورد فێری جوڵەی بەردەوام و گەورە نەبوە و ملکەچی چارەنووسە. دابەشبوونی کوردو خاکەکەیان نەک ئەمری خواییە و نە چارەنووسێکی حەتمی، بەڵکو بەرهەم و بارتەقای هزر و تێکۆشانی کوردە. بە واتایەکی دیکە، سەرەڕای هەموو ناعەداڵەتیی و کارتێکەری ئەکتەرە دەرەکیەکان لە بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کوردان خۆیان و بە شێواز و ستایلی

جیاواز بەشداری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پلانی دابەشبوون و کەرتبوونی خاک و خۆیان کردوە. لە ئاکامدا هەر خۆیانن، کە دەتوانن لە رێڕەوێکی مێژوویی و بەردرێژدا چارەنووسەکەیان بگۆڕن.

ناسنامەی ئایینی بەخەراپی بەکارهێنراوە و دەهێندرێ. ئایین و دین وەک ئامرازی ژێردەستەبوون بەکارهاتوون و پێشڕوانی ئایینی لەوبارەوە وەک زانایانی ئایینی گەلانی دیکە نەجولانەوە، هەرچەندە جار و بار لە سەر دانی زەکات و باج دژ بە میرەکانیان جۆرە راپەڕین و سەربزێویەکیان خوڵقاندوە. کوردەکان لە قەرەچییەکان دەچن و لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی رابردوودا کەمتر لە گەلانی دیکە و تەنانەت لە جیرانەکانیان توانیویانە خۆیان بگۆڕن. بە واتایەکی دیکە، کورد هێشتا شارەزای رابردووی خۆیان نین و هەوڵ و تێکۆشانیان لە سەر بناخەیەکی لەرزۆک بە ئامانج ناگات. ئەوان خاوەنی خەونی گەورە و تێکۆشانی بەردرێژ و بەرین بۆ رزگاری نەتەوەیی نەبوون و نین. بزوتنەوەکان لە پەراوێزدا سەریان هەڵداوە و لە پەراوێزدا گەشەیان کردوە و نەبوونە ملکی گەل و هەموولایەک. ئاشی کوردان لە سەر بناخەی ئەو کف و کوڵە نارێکە هەرجارەوە لە کەرتێکی گۆی زەوی گەڕاوە، بۆیە بەرهەمێکی کرچ و کاڵی بەرهەم هێناوە. کوردەکان دەسرۆکەی سەرچۆپیان بۆ سەرکەوتنی ئەم و ئەو راوەشاندوە، بەڵام خۆیان لە سەرباز و سەپانێکی بێ ئیرادە زیاتر نەبوون. ئەوان وەک ئاماژەی پێکرا لە سەرەتاوە خۆیان بەشێک بوون لە ئەکتەرەکانی دابەشکردنی خاک و ئاخیان و لە ماوەی ٥سەدەی رابردوودا لە هەموو ئاستەکاندا بە فۆڕم و شێوازی جیاواز درێژەدەری ئەو رێبازە بوون. ئەمیرە کوردەکان لە خزمەتکارێکی سوڵتان و پاشا تێپەڕیان نەکردوە. عەشیرەت، ئەمیر، شێخ و موریدەکانیان و پارت و ئەندامەکانیان لە سەردەمی مۆدێرندا تەنیا لە گەڵ یەکتردا لە کێبەرکێی گەورەدا بوون و زۆر جار لە پێناوی سەرکەوتن بە سەر یەکتردا پەنایان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی بردوە.

هەتا تۆقی درێژخایەنی چاڵدران لە مل کوردەکان نەشکێندرێ، دۆخەکە زۆر ناگۆڕێ. هەنگاوە بچووکەکان لەو نێوەدا گرینگ و دەرخەری ئیرادەی گشتین. کوردەکان بۆ تێپەڕین لە تەلبەند و تۆقی چاڵدران و لۆزان پێویستیان بەوەرچەرخان و شۆڕشی هەمەلایەنەی نێوخۆیی هەیە. لەو شۆڕشەدا چاولەدەستی و بێ ئیرادەیی سیاسیی و کولتوری کۆتایی پێدێ و تۆماری سەمبولە داسەپاوەکان دەپێچرێنەوە. تاک و کورد دەبنە سەرچاوەی ئیرادەی خۆیان و ویست و داخوازی خۆبەڕێوەبەری و مافی چارەیخۆنووسین لەمەودوا نابنە درووشمی ژمارەیەک بازرگانی سیاسیی، بەڵکو ئیرادەی گشتیی بانگەوازی رزگاربوون و ئازادی دەکا. لە ئەنجامدا کوردەکان بەرەو زمانی هاوبەش، ناسنامەی هاوبەش، سەمبولی هاوبەش و دوارۆژی یەکگرتوو هەنگاو هەڵدەگرن. لەو هەلومەرجەدا ئەوان تێدەگەن،

که خۆیانن و سنوور پارێز و سەربازی هیچ پاشا و سوڵتان و دەوڵەتێک نین. تۆق و بەندی دیلی ٥ سەدە بە درووشم ناپچڕێ و هێز و بازووی تێکڕایی گەل و پاڵپشتی جیهانی دەرەوەی دەوێ. ئەگەر کوردەکان ئامادەی هەڵگەڕانەوە لە خواری و خێچییەکانی رابردوو و مێژووی خۆیان نەبن و وەک جاران خەریکی ژماردنی قەڵاتەکانی خۆیان بن، داهاتوویان لەمڕۆ باشتر و درەوشاوەتر نابێ. چارەنووسی کورد لە دەستی خۆیدا گیری خواردوە و نهێنی گرێ پووچکەی شکان و کەوتنەکان لە هەناوی سایکۆلۆژی کورد و دەرهاویشتە نەرێینیەکانی ئەواندا حەشار دراوە.

تێبینی: ئەو بابەتە بۆ گۆڤاری کوردپا نووسراوە، کە بڕیار بوو مانگی ٨ ڕەوانەی چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە. ئەو بابەتە لە ماڵپەڕی سبەی (ئارشیوکراوەکەدا) بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## ڕۆژهەڵات میحوەری کردەوەیە، نەک قسە

### ڕۆژهەڵات میحوەری ئیرادەیە نەک جێژنگرتنی ژمارەکان

سەردەمێک کە بە کردەوە کەوتمە نێو بازنەی پێشمەرگایەتیی و لە ریزی یەکێک لە هێزە سیاسییەکاندا خۆم دیتەوە بیرێکی قوڵ سەرتاپای دواڕۆژی داگرتم. بە خوێندەوەی هەردووک دیوی خەیاڵ و واقع و نێوخۆی نیشتمان و بنکەی پێشمەرگەکان بەرەو ئاقاری پرسیارکردن لە فەلەسفەی راستەقینەی کورد و بزوتنەوەکانی هەنگاوم دەنا. لەو رۆژگارەدا رەخنەگرتن ئاسان نەبو و مرۆڤەکان بۆیان نەدەگونجاو کۆی دەرهاویشتەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی خۆیان لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا دەربڕن. لەبیرمە، جارێک بەرپرسێک دەیگوت: فلانی کۆی حیزبی دێموکڕات دەباتە ژێر پرسیار"! یەکێک لە رەخنەکانم ئەوە بو، کە چۆنە بۆ ماوەی ٨ مانگ ئەو هەموو خانوو و بنکە لە سەر سنوورەکان دروست دەکەن و دواتر دەڕووخێندرێن و چۆڵ دەکرێن؟ ئەوکات سێبەری حیزبایەتی و نسێی کۆنگرە و کولتوری حیزب بڕیاری داوە و هەتا کۆنگرەی دیکە دەست و پەلمان بەستراوە، زۆر

دەرگای بە سەر ئەندام و پێشمەرگەکاندا گاڵەدابو. ئاخر کادرێکی سادە، پێشمەرگەیەکی گومرگوەرگر و کادرێکی ڕێبەری لە کاتی قسەکردن و دوان لە گەڵ هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتدا لە کورتی دەیان بڕیوە و دەیانگوت" بڕیاری حیزبە و ناکرێ بشکێندرێ".

راپەڕینی باشووری کوردستان کایەی سیاسەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گۆڕی. راپەڕین بەرهەمی سرووشتی خەباتی خەڵک و تێکەڵبوونی بزوتنەوە کوردییەکانی باشوور نەبو، بەڵکو دژکردەوەی کوردی باشوور دژ بە دەسەڵاتدارەکان بو، کە لە سەر بەستێنی دۆخی شەڕی کووەیت و دارمانی دەسەڵاتی بەعس لە بەرەکانی شەڕ پایەکانی داکوترابون و بە شێوەیەکی گونجاو بارگاوی کراو و سوودی لێوەرگیرا. لەو ڕۆژگارەدا کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە سەر سنوورەکان جێگیر بوون، بە راپەڕین و گەڕانەوەی هێزە کوردییەکان شاگەشکە ببوون، بەڵام بیری دوارۆژی خۆیان و خەباتەکەیان نەکردبۆوە. ئەوان زیاتر لە هەموو هێزەکانی دیکە لە بواری خەباتی چەکداریی و تێکەڵبوون لە گەڵ خەڵکدا ئەکتیڤ بوون و بە هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسران، بەڵام حیزب لەو دۆخەدا خۆی ونکرد. سوار لە سەر شەپۆلی راپەڕین و دواتر حەسرەتی دەرپەڕینی بەرینی باشوور، کە بە کۆڕەو دەناسرێ، پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێچکەی خۆیان دایە دەستە شەپۆلە کوت و پڕەکان و لە گەمەی نێوان باشووردا بێدەنگ و پەشۆکان.

راپەڕین و کۆڕەو و دواتر هەڵبژاردنی پارلەمان و پێکهێنانی حکومەت لە باشووری کوردستاندا، روخساری زۆر دیاردە و بابەتی گۆڕی، بەڵام کوردە ڕۆژهەڵاتیی و پارتە سیاسییەکان زۆر گوێیان لێنەبو. بە واتایەکی دیکە، گۆڕانی کەش و دۆخی ناوچە و تێکچوونی باڵانسی هێز لە نێوان عێراق و ئێراندا کاریگەری لە سەر بازنەی تێکۆشان و جۆری هەڵسووڕانی ڕۆژهەڵاتیەکان دانا. گەڕانەوەی هێزە کوردییەکانی باشوور دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم وتاری کردەیی باشووری گۆڕی. پارتەکان لە ئیدارەکردندا تێگەیشتن، کە پێویستیان بە دەوڵەتە دراوسێیەکان دەبێ و ناکرێ خۆیان بە کوردی پارچەکانی دیکە گرێ بدەن. پارتە باشوورییەکان لەو بارەوە تاقیکاری خۆیان هەبو، چوونکە لە سەر دەمی شەڕی ئێران و عێراقدا کرابوونە بەشێک لە مەنزوومەی هێزەکانی ئێران و لانی کەم بە وتەی خۆیان خوێنی پاسدارێ ئێرانی و پێشمەرگەی باشوور تێکەڵ بە یەک ببو. بێجگە لەوە، ئەوان وەک هێزە ڕەقیبە کۆنەکان یەکتریان دەناسی و ئاگاداری نەخشەی راوراوێنی یەکتر بە هاوکاری سپای بەعس بوون و بیریان لەوە کردبۆوە، کە بۆ ئەو قوماره پێویستیان بە عێراق، تورکیە و ئێران

دەبێ. ڕۆژگار سەلماندی، کە ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان هەموو مامەڵەیەک دەکەن و وەک بازرگانی بێ مۆراڵ پەنا بۆ شەیتانیش دەبەن.

مرۆڤەکان دۆخ و جۆغرافیای ناوچەیان بۆ ناگۆڕێ. لەو بارەوە کەس ڕەخنەی لە پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات ناگرێ، کە بۆچی ئەو دۆخەتان نەگۆڕی و بە سیحرێک ئەو ڕۆژگارەتان ئاوەدان و ئەهوەن نەکردەوە. ڕەخنەی سەرەکی کە بەرۆکی هێزە سیاسییەکان و لە ڕیزی پێشەوە حیزبی دێموکڕاتی ئەوکات دەگرێتەوە، ئەوەیە کە سنوورەکان و بە تایبەت قەندیل و دواتر جۆری خەباتیان وەک دیارییەکی بۆندار پێشکەش بە تاڵەبانی و بارزانی کرد، کە ئەوانیش لە خزمەتی شەڕی نێوخۆدا کەڵکیان لێوەرگرت. تۆپباران و پاڵەپەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان و دەرپەڕاندنی حیزبی دێموکڕات لەو ناوچانە کارێکی پلان بۆ داڕێژراو بو، بەڵام حیزبی دێموکڕات دەکرا هەموو هێلکەکانلە سەبەتەی یەکێتی و پارتی ناوێ. ڕاگواستنی ژن و منداڵ و پێشمەرگەی بریندار و کەم ئەندام دەکرا بەشێک بێ لە کلیلی چارەسەر و بە یەکجاری گەسکی لێنەدرێ. ئەوکات زۆر بە ئاسانی دەکرا باڵی چەکداریی لە سیاسی جیابکرێتەوە و هەر کامەیان بە گوێرەی پێویست ئەرکی خۆی درێژەدابا. دابەزین بۆ قووڵایی باشووری کوردستان بە هەموو هێزە چەکدارەکانیەوە هەڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات بوون، کە ئەو کات زۆر بیریان لێ نەکردبۆوە. هاتنی پاسدار و جاش بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکڕات لە کۆیە و پرۆسەی کپ و بێدەنگکردنی ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور ئاکامی ئەو سیاسەتە هەڵەیە بو.

سەدان کادری چەکداریی و ڕێکخستن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناکرێ لە دۆخێ چاوەڕوانیدا ڕابگیرێن. جیاکردنەوەی باڵی چەکداریی و خۆڕێکخستن لە گەڵ دۆخی تازە وڵامی ڕاستەوخۆ و لۆژیکی بە ئاستەنگ و دژوارییەکانی سەر ڕێگا بون. خۆگونجاندن لە گەڵ کەش و دۆخی جۆراوجۆردا بە مانای خۆماتکردن و سڕبوونی ٢٠ ساڵە نییە، بەڵکو کردنەوەی دەرگا و دەللاقەی تازەیە، کە هێز و وزە و تواناکان لە کاناڵی ئەواندا دەردەکەون و دەرفەتی خەملێنیان بۆ دەڕەخسێ. چەقین لە قووڵایی باشووری کوردستان بە هەموو هێز و تواناوە بە مانای بڕیاردان بۆ بێدەنگبوون و سڕبوونێکی درێژخایەنە، کە نەوەیەکی بە ئاسانی قوتدا.

دەرچوون لە ڕۆژهەڵات و دوورکەوتنەوە لە سەر سنوور بۆشاییەکی بەرهەمهێنا، کە هێزە سەرەکییەکانی دیکەی

کوردستان وەک یەکەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی بە شێوازی جیاواز و تاکتیکی رەگاورەنگ هەوڵی پڕکردنەوەیان داوە. رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی نەبوونی ستراتیژی کار و خەبات و خۆبەستنەوە بە خەیاڵی پاراستنی باشوور و سوورانەوەی تاکەکان لە دەوری هیلالی ئەم سەرۆک و ئەو سەرۆک، کرایە مەیدان و گۆرەپانی رمبازێنی بازرگانە سیاسییەکان و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. مانەوە لە کۆیە، هەولێر، سلێمانی و درێژەدان بە ژیان و دەرکەوتن لە جیهانی مێدیای کۆمەڵایەتی و لەتبوون و جیابوونەوەکان چ حیکمەتێکی گرینگ و سیاسیان تێدایە، کە نەدەکرا لە سەرەتاوە لە داویان نەکەوین؟ جیاکردنەوەی باڵی چەکداریی و پێکهێنانی شانەی چەکدار لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چ کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر کایەی سیاسییەکانی رۆژهەڵات دادەنا؟ ریزکردنی ئەندام و کادرەکان بۆ دەنگدان بە یەکێک لە پارتە باشوورییەکان چ رۆژهەڵات میحوەرییەکی تێدایە؟ نەبوونی ئیرادە بۆ راستکردنەوەی باری خواری رابردوو و فیداکردنی رۆژهەڵات لە بەردەم کۆمەڵە دەستەواژەیەکی سوەراو و کۆن چ قازانج بە دوارۆژی پرسی کورد لە رۆژهەڵات دەگەیەنێ؟

تۆ بڵێی هێشتا ئەندام و بەڕێوەبەرانی حیزب، درێژەکێشانی سڕبوون و پاسیڤبوونی خۆیان بە فەرمان و بڕیاری حیزب لێکبدەنەوە و پووش بەسەری کەن. ئاخر حیزبێک کە مرۆڤ فێری تەسلیمبوون و قبوڵکردنی تێداچوونی نەوەیەک بکا، چۆن دەبێ خۆی بە پێشڕەو و ئاڵاهەڵگر پێناسەبکا؟ رێبەرایەتی هێزێکی سیاسیی ئەگەر کلیلی چارەسەرکردنی پرسەکانی نەدۆزیەوە و هەموو حیکمەت و هونەرەکەی گرتنی جێژن و یادەکان بێ، چۆن دەکرێ وەک ئەکتەری کاریگەر حیسابی بۆ بکرێ؟ لە حیزبە کوردییەکاندا دەرپەڕاندن و لێدان لە بیری جیاواز چەکێکی کاریگەرە و هەموو هێزە سیاسییەکان لەو گۆڕەپانەدا شارەزا و کارامەن. ئەو دۆخەی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتییەکانی تێکەوتوون رەنگە بەرنامە و ویستی هیچ لایەک نەبێ، بەڵام کردەوە و بڕیارەکان لەو بارەوە کاریگەر و شوێندانەر بوون. مانەوەی بەردرێژ و نەگۆڕینی ستایلی خەبات و گەمەکردن بە ژمارەکان دەردی کوردی رۆژهەڵات چارەسەر ناکەن. سرووشتی بزوتنەوە رابەر و شوێندارەکان لە جوڵە و هەڵسووڕان و دۆزینەوەی توانا و وزەکاندایە، نەک دەرپەڕاندن و دوورخستنەوەی جیابیر و چەقین هەتا شۆڕشی مەهدی!رۆژهەڵات میحوەری کردەوە و ئیرادەیە نەک قسەکردن و جێژنگرتنی ژمارەکان.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

# خەباتی چەکداریی یان تێکهەڵچوونی بەرێکەوت

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا باس لە تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێ. ئەگەرچی ئەو تێکهەڵچوونانە بە دەستپێکی خەباتی چەکداریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسە ناکرێن، بەڵام دەکرێ بە هەنگاوێکی تاکتیکی بخەملێندرێن. خەڵکی کورد و زۆربەی گەلانی ژێر دەست و تەنانەت دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان لە زمانی چەک و شەڕ باشتر تێدەگەن، بۆیە دەنگدانەوەی تەقەی چەکەکان لە گۆڕەپانی نێوخۆ و ناوچەدا زۆر و بەرچاوە.

مێژووی ناوچە و بە تایبەت کوردەکان و لایەنی بەرامبەر بە کوردەکان بە داخەوە بەستێنێکی ئامادەکراو بۆ توندوتیژییە. لە ژێر سێبەری نیزام و دەسەڵاتێکی سەرکوتکەردا گەمەی دێموکڕاسی و مافی چارەی خۆنووسین گوڵ ناکەن، بۆیە بە کارهێنانی چەک و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری بە یەکێک لە تاکتیکە کاریگەرەکان بۆ قۆناخێکی دیاریکراو بەئەژمار دێ. بە واتایەکی دیکە شەڕی کورد بۆ ئەستاندنی مافەکانی دەکەوێتە خانەی شەڕی مافخوازانە و داسەپاو. لە نیشتمانێکدا کە داگیرکراوە و خەڵکەکەی بە زۆر و زیندان ناچار بە قبوڵکردنی دۆخی ژێردەستەبوون کراون، هەڵگەڕانەوە و بەگژداچوونەوە دەبێتە ئەرک و بەرپرسیارەتی.

هێز و پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا لە ژێر پاڵەپەستۆی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان و دۆخی ناسکی ناوچەدا ناچار بە قبوڵکردنی بڕاردەیەک کران، کە کەشێکی تەژی لە پاسیڤبوونی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خوڵقاند. کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و پارتە سیاسییەکانی ئەو هەرێمە لە دوای ڕاپەڕینی کوردەکان لە باشووری کوردستاندا خۆیان بۆ قۆناخی تازە ئامادە نەکردبو. ئەوان لە نێو خۆدا ئامادەی پڕکردنەوەی جۆری خەباتی پێشمەرگانە نەبوون و لە دەرەوەش ڕوانینێکی دیار و ڕوون بۆ دوارۆژی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئارادا نەبو. لە ئاکامی نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی دیار و هەڵقوڵاو لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و چەقینی پارتە سیاسییەکان لە باشوور و ونبوونیان لە تەپ و تۆزی کێشە نێوخۆییەکاندا، ژمارەیەک لە پارت و لایەنە سیاسییەکان لە باکور و باشوور خەریکی پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. پارتە باکوریی و باشوورییەکان لە دوو بەرەی جیاوازدا کەوتنە کار و بە دروستکردنی پارت و لە داوخستنی

ژمارەیەک کەس و کۆمەڵەی بە ناو کولتووری و تەنانەت سازان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ڕەوتی بنکۆڵکردنی کولتوری بزوتنەوە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستانیان دەستپێکرد. پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو نێوەدا وەک چاوەدێرێک لە گۆڕەپانەکەدا مانەوە و بە شێوازێکی درێژخایەن پەراوێزخران و لە کایەی ڕۆژهەڵات دەرپەڕێندران.

ئەگەرچی چوونەوەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بۆ ڕۆژهەڵات لە درێژخایەندا چارەسەر نییە، بەڵام لەو دۆخەدا دەکرێ بە ڕاهێنان و مانۆڕێکی سیاسیی-چەکداری بژمێردرێ. ستراتیژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مێتۆد و شێوازی کۆن سەرناگرێ. ئەوەی لە ڕابردوودا و لە ژێر سێبەری بارودۆخی ٢٠ ساڵ لەوەپێش کراوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا ناگونجێ، بەڵام ڕێگاکان هەرگیز بە تەواوەتی کوێرنابنەوە و دەرگاکان داناخرێن. ئەگەر ویست و پلان و ستراتیژی بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری هەبێ و سەرمایەگوزاری لە سەر بکرێ، پێویستە لە نێوخۆی کوردستاندا تاقیکاری گەلانی دیکە ڕەچاوبکرێ. پێکهێنانی شانەی چەکدار و ڕێکخستنی ڕایەڵکەی چەکداریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کارێکی شیاوە و خەڵک لە بەردەم بەشداربوون لە پڕۆسە و ڕەوتی خەباتدا هەڵدەسەنگێنێ.

ڕێژیم تاکتیکی کۆنی حیزبە کوردییەکان دەزانێ و هەڵسەنگاندنی ورد بۆ دۆخی خۆی دەکات. بوژاندنەوەی خەباتی چەکداریی بە فۆڕم و شێوازی نوێ تاکتیکی هەرە سەرکەوتوو دژ بە ڕێژیم بەئەژماردێ. پەنابردن بۆ شاخ و دواتر بۆ بنکەیەکی پێشمەرگانە و مانەوە بۆ ماوەی ٢ دەیە لەو زۆنەدا بە مانای سووڕانەوە بە دەوری بازنەی ناسەرکەوتوودا پێناسەدەکرێ. گەلێک، کە ئازادیی بوێ و داوای مافەکانی خۆی بکات پێویستە لە شار و شارۆچکەکان بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و تەنانەت ئەگەر ناچاربوون وەک گەلانی دیکە بەگژ داگیر و چەکداری نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکاندا بچنەوە. بۆ سەرکەوتن بە سەر دوژمندا بزوتنەوە دەبێ بە جەماوەریی بکرێ و خەباتی چەکداریی چەند کەس و گرووپێک تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕەزایەتی کۆمەڵگا بکرێ و هێز و وزەی گەورە بە تێکڕای خەڵک بدات. با لە قارەمان سازی خۆ دوور بپارێزین و خەڵک سەرپشک بکرێ لە تێکەڵبوون بە ئاپۆڕای بزوتنەوەیەک کە لە پێناوی دابینکردنی مافی گەلدا وەگەڕخراوە. شەڕی کوردان دژ بە ڕێژیم لە ئێران دەبێ لە نێو شار و گوندەکاندا ڕەنگبداتەوە و دوژمن بە هەموو چاوێک ببینێ، کە ئەوە خەڵک و دانیشتووانی کوردستانن، کە دژ بە دەسەڵاتی ئەوان هاتوونە مەیدان نەک چەند چەکدارێکی پەڕیوەی باشووری کوردستان، کە بە چەند ساڵ جارێک لە گوند و لێرەوارێک دەردەکەون.

ڕۆژگار دەگۆڕێ و لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ئاڵوگۆڕی زیاتر و زۆرترە. ڕوانین و تێڕوانینەکان بۆ دوارۆژن و هەنگاوەکان لە ئەگەری هەبوونی دوارۆژێکی دیار و ئامانجدار پتەوتر و بەگوڕترن. شایانی باسە، کە کوردەکان لە کەش و هەوای ئەمڕۆ و سبەینێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێویستیان بە چەک دەبێ. بەردی بناخەی کۆشکی دێموکڕاسی لە کولتوری دەوڵەتە سەردەست و سەرکوتکەرەکانی بە تایبەت وەک ئێراندا هێشتا ڕۆنەنراوە. بە کردەوە چاوەڕێی ئاڵوگۆڕی گەورە لە ڕوانگە و هەڵوێستی ڕێژیم و کولتوری نەتەوەی سەردەست ناکرێ. تەنانەت لەو ناوچەیەدا رووخانی نیزام و ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی چارەسەری تێڕوانین و هەڵوێستەکان ناکا. پرسی کورد لە ئێران و وڵاتانی دیکەدا بە گۆچانی سیحراوی مووسا چارەسەر نابن و پێویستیان بە خەڵک و بزوتنەوەیەکی زیندوو هەیە، کە لە هەموو جۆرەکانی خەبات کەڵک وەرگرێ و ئامانجدار بێ. کولتوری ئەو دەسەڵات و گەلە خاوەن دەسەڵاتانە و تەنانەت ژینگەی خۆمان هەڵگری وانەی گرینگن، کە ناکرێ خۆمان بە چیرۆکی شانامە خەریک بکەین و لامان وابێ، بای شەماڵ یان زریان ڕەچەتەی سەرکەوتن و سەربەستیمان بۆ دێنێ و کۆڵەکەکانی مافی چارەیخۆنووسین بۆ کورد دادەکوتێ و پتەودەکا.

خەباتی چەکداری و بەگژداچوونەوەی چەکداری هەتا دیکتاتۆرییەت و سەرەڕۆیی بمێنی لە گوڕ ناکەوێ. ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری بزوتنەوەکەیان پێویستیان بە ڕێکخستنەوەی جۆر و داڕشتنی فۆڕمی تازە لە خەباتی چەکداری و ڕێکخستن هەیە. تێکهەڵچوونە بە ڕێکەوتەکان و خۆدرخستن بە فۆڕمی کۆن، کە چەند پێشمەرگەیەک سەر لە گوند و مەزرایەک دەدەن وڵامدەری پرسی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات نییە. خەباتی چەکداریی پێویستە لە ناخی کوردستاندا چەقەرە بکا و بەرین و ڕۆژانە بکرێتەوە.ئاگری بەرەنگاربوونەوە ئەگەر هەموو کوردستان دانەپۆشێ دەسەڵاتدار و چەوسێنەران لە مانای داخوازییە نەتەوەییەکان ناگەن و هەر بە پیلانی ئیمپریالیسم و ئەمریکا پێناسەی دەکەن!

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## دیوە تاریکەکەی سیاسەت لە کۆبانێ

لە ماوەی چەند حەوتووی رابردوودا کۆبانێ و شەڕی نێوان چەکدارە کورد و لایەنی ناسراو بە داعش سەردێڕی زۆر لە مێدیا ناوچەیی و جیهانیەکان بوە. لە هەڵسەنگاندنی یەکەمدا سەرکەوتنی کوردەکان لە هەر جێگا و شوێنێک بێ، بۆ کورد و دۆستانی کورد بایەخدارە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی لە سەر دیوە تاریکەکەی کۆبانێ و تێکەڵبوونی ئەکتەرە ناوچەییەکانە، کە زۆر بە کەمی باسی لێدەکرێ.

لە روانگەی ژمارەیەک لە پارتە کوردییەکان گیرانی کۆبانێ بە کۆتای مێژوو پێناسە کراوە و ئاگاداری ئەوە نین، کە کورد بەردەوام ژێردەستە و پاشکۆی ئەم و ئەوە! شەڕ سەرکەوتن و شکانی تێدایە، بەلام ژانی شکانە سیاسییەکان و نەخوێندنەوەی ستراتژی رووداوەکان کەمتر باسی لێدەکرێ. ئەو ژان و ئازارانەی، کە لە بیر مێژووی گەلان ناچنەوە و چارەنووسی گەلان دیاری دەکەن. لێرەدا پرسی کوردەکان تێکەڵ بە چەند بابەتەکی دیکە کراوە، کە گەڕانەوەیەکە بۆ سەرنەخشە کۆنەکەی عوسمانیی و فارسەکان.

کۆبانی وەک کوردستان و شاری کوردان بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بۆتە جێگای مشتومڕی پارتە کوردییەکان، ئێران و تورکیا.ئەگەر بە چاوی عەقڵ و بە دوور لە تەپ و تۆزی هەستاو لە شەڕی راگەیاندن و پڕوپاگاندەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی، پارتی کرێکارانی کوردستان، پەیەدەی رۆژئاوا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە رووداوەکانی ئەم دواییەی شەڕی کورد و داعش بڕوانین، روخساری دزێوی سیاسەتی ئێران و تورکیا زیاتر دەردەکەوێ. لە ژێر کاریگەری ئەو دابەشکاریەدا باشتر مرۆڤ لە دۆخەکە تێدەگا و دەزانێ چۆنە پارتی کرێکاران، پەیەدە و یەکێتی لە بازنەی سیاسەتەکانی ئێران و سوریەدا سووڕ دەخۆن و پارتی دێموکڕاتی کوردستان و چەند پارتێکی رۆژئاوای کوردستان، لە بازنەی سیاسەتی تورکیادا جێدەگرن. بوونی کەسانی شارەزای تورک و فارس لە گۆڕەپانەکەدا بە ئاشکرا دەبیندرێ و کوردەکان وێدەچێ، لەو بارودۆخەکدا کورتبین و تاکتیکی بن. ئەوان وەک رابردوو بەرژەوەندییە کورتماوەکانیان دەوێ و دوارۆژ و ئاسۆی ئەو بارودۆخەیان بۆ گرینگ نییە.

شەڕەکە بۆ کورد خۆشکراوە و سیاسەتکارە کوردەکان لە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی چەندین ساڵەدا وەک جاڵجاڵۆکە

دەورووبەری خۆیان تەنیوە و توانای دەرچوون لەو هەودایانەیان نییە، کە ساڵەهایە کاری لە سەر دەکەن. لە دوارۆژدا زیاتر قسە لە سەر دیوە شاراوەکانی شەڕی نێوان داعش لە باشوور و رۆژئاوا، دابەشبوونی پارتە کوردییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیا و هەروەها پڕوپاگەندەی راگەیاندنی پارتە کوردییەکان دەکرێ. ئاخر ئەمڕۆ یەکێتی لە رۆژئاوا خەریکە لە کاناڵی پەکەکە و پەیەدە، گرەو لە پارتی دێموکڕاتی کوردستان دەباتەوە. ئێران لە پێناوی شکاندنی سیاسەتی تورکەکان و هێشتنەوەی ئەسەددا باس لە ناردنی یارمەتی بۆ کۆبانێ دەکا! بزانین دژکردەوەی تورکیا و پارتی دێموکڕات دژ بەو هەنگاوەی ئێران و پەکەکە، پەیەدە و یەکێتی لە داهاتوودا چۆن دەبێ؟

مەگەر دەکرێ مرۆڤ خۆی لە مێژوو بشارێتەوە و تەنیا بە درووشمی رووت رۆژگار بگۆڕی؟ کورد و کوردەکان چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش دەکەن، بەڵام بە بێ بەرچاوڕوونی و پلانی درێژخایەن گەیشتن بەو رۆژە ئاسان نییە. کاتێک سەرچۆپی کێشی سەمای کوردان تورکیا و ئێران بن، ئەبێ سەرئەنجام هەڵپەڕکەکە بەرەو کام خڕ بکێشن و چەندە خوێ بە زامی درێژخایەن و قەتماخەنەبەستووی کورددا بکەن! نە کەوتنی کۆبانێ کۆتایی مێژووە و نە شکانی داعش بە یارمەتی ئێران، سوریە و رۆژئاوا مافی چارەیخۆنووسین بۆ کوردان دەستەبەر دەکا. گرینگە ئەوەیە، کورد چەندە و چۆن لەو رۆژگارەدا لە گەڵ بارودۆخ و ئەکتەرە سەرەکیەکاندا مامەڵە دەکا و بە کام ستراتیژی بەرەو دوارۆژ هەنگاو هەڵدەگرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## کاتێک خەون و درووشمەکان دەبنە تەڕاویلکە

نهێنی سەرکەوتنی زۆر تاک و پارت لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لە سەر بەستێنی دژایەتی کردنی دەسەڵات یان بەرنامەی لایەنی دەسەڵات و پێدانی بەڵێن و درووشمی رەنگاوڕەنگ بە خەڵک چەق دەبەستێ. درووشم و بەڵێنەکان بۆ ماوەیەکی کورت کف و کوڵی خەڵک تاو دەدەن و وڵامی کورتخایەنی داخوازیەکانیان دەدەنەوە، بەڵام

لە درێژخایەندا کاریگەریان لە دەست دەدەن. بزوتنەوە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە کۆمەڵگا رۆژهەلاتیی و بە گشتی وڵاتانی گەشەنەسەندوودا لە روانگەی کولتوورییەوە جیاوازییەکی زۆریان لە گەڵ لایەنە دەسەلاتدارەکاندا نییە.

سیستمی ئیدارەکردن و رێبەریی کردنی پارت و ئەندامەکانیان بە کردەوە لە رەنگ و شکڵدا جیاوازن، بەڵام بۆن و بەرامەی وەک یەکیان هەیە. چوونە دەسەلات لە هەموو وڵاتانی جیهاندا پێگەیەک بۆ خەون و درووشمەکان ناهێڵێ و زۆرجار ئەندام و لایەنگرەکانیان بەرەو تەڕاویلکەیەکی دڵساردکەرەوە رادەکێشێ. ئاخر بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکان وەک لایەنەکانی دیکە، کاتێ دەچنە دەسەلات، خۆیان لە راستیەکان دەشارنەوە و لە گەڵ خۆیان و دەورووبەردا راستگۆیانە نادوێن. ئەوان گۆڕین وەک پرۆسەی دەم و چاوەکان دەبینن و ئامادەنین کولتوری سیاسەتیی خۆیان بگۆڕن.

هاوکێشەی ئۆپۆزیسۆن و کردەوەکانی لە باشووری کوردستاندا و بە تایبەت بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵوێستە لەسەرکردن دەبێ. ئەوان لە ماوەی رابردوودا بە دەنگ، رەنگ و بە دەق باسیان لە دنیایەکی خۆشتر و ساکارتر دەکرد، کە هاوڵاتیان دەتوانن ببنە خاوەنی دەرفەتی وەک یەک و دەزگا حکومییەکان بە نیشتمانی بکرێن. لە ماوەی ساڵانی رابردوودا جەماوەرێکی زۆر لە پێناوی چاککردنی دۆخی باشووری کوردستان یارمەتیدەری ئەو بزوتنەوەیە بوون و بەشێکی زۆر خۆبەخشانە تەنیا بۆ گواستنەوە بەرەو قۆناخی تازە تێدەکۆشان. ئەوکات رێکخەرو و هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان باسیان لە چاکسازی ریشەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرد. چاکسازییەک کە بڕیاربوو سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پارلەمان و پارێزگاکان بکاتە ئامانج و بە شێوەیەکی رێژەیی یارمەتیدەری چەسپاندنی یاسا بدات. وەرچەرخانی توند و زۆر لە سیاسەت و رێبازی بزوتنەوەی گۆڕاندا بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاو و ئەندامانیی لە بازنەی شەکەتیی و نەبوونی ئایەندەیەکی ڕووندا توووند و قایم کرد. نەبوونی وێنەیەکی دیار و کراوە بۆ سبەینێی کوردستان و بزوتنەوەکە تەوژمی راکێشانی هێزی مرۆڤیی بۆ بازنەی تێکۆشانی بزوتنەوە لاواز کرد. بەشێکی بەرچاو لە هەڵسووڕاوان و لایەنگرانی بزوتنەوە تووشی دوورکەوتنەوە و هەڵبژاردنی وەرزی بێدەنگی کرد.

ئاڵوگۆڕی بەرین لە سیاسەتی بزوتنەوەیەکدا و چوونە بازنەی دەسەلات و وازهێنان لە بنەما و هێڵە گشتییەکان، کێشەی قووڵ و بەردرێژ لە نێو بزوتنەوەدا سازدەکا. ئەندام و هەڵسووڕاوانی بزوتنەوەیەک کاتێک دەبینن، کە

رێکخەری گشتیی بە هەمان رێگادا دەڕوا کە دوێنێ رەخنەی لێدەگرت و ئەندام پارلەمان و وەزیرەکانیان بە کردەوە لە سەر رێچکەی گۆڕینە گەورەکەدا نەماون، وزە و هێزی مانەوە و تێکۆشانیان نامێنێ. ئێستا بەشێکی زۆر لە ئۆگرانی گۆڕان و رێفۆرم لە کوردستاندا پرسیار لە خۆیان دەکەن، کە بە چ هۆکارێک بزوتنەوەی نارەزایەتی کۆمەڵگا لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە تۆق و دەستەمۆ کرا و دواتر پێشکەش بە سەرانی سیستەمی چەقبەستووی سیاسەت لە کوردستان کرا؟بەشێک لە ئۆگرانی چاکسازیی و چاودێرانی دۆخی کوردستان دەپرسن، کە بزوتنەوەی گۆڕان بە چ سیحرێک لە دەستەمۆکرا؟ ئەوان ئێستا لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان  بۆ هاوپەیمانبوون لە گەڵ پارتی دێموکراتدا کێبەرکێ دەکەن و پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێم و هتد.یان بە تەواوەتی لەبیرکردوە. زۆر تاک و چاودێر بەلایانەوە گرینگ نییە، کە هەڵسووڕاوێکی گۆڕان جێگای ئەرسەلان بایز یان کەماڵ کەرکوکی دەگرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوان گرینگە، کە کایەی سیاسیی لەو وڵاتەدا چۆن دەخرێتە سەر رێگای راست و خەڵکی کورد لەو رۆژگاردا بە چ شێوەیەک مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێ .

ئەوەی لە کوردستاندا پارتە سیاسییەکان رەچاوی دەکەن، سیاسەتی بەتاڵکراو لە مۆراڵ و رەهەندە ئەخلاقیەکانە. هەر بۆیە، کایەی سیاسەت لە کوردستاندا لە سەر شان و پیلی خەڵک قورسایی دەکا. گرەوی گەورە لە سەر بردنەوەی سیاسییەکان و دۆڕاندنی خەڵکە. بەرەوهەڵدێربردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا لە پێناوی چەند پۆست و دیدارێک چارەسەری کێشە و ئازاری خەڵکی کوردستان ناکا. لە پاش تێپەڕینی شەڕی داعش و رەوینەوەی تەپ و تۆزی درووشمەکان زیاترو وردتر لە لایەنە نەرێنیەکانی سەرکزکردنی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن تێدەگەین. نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و فرە لایەنی لە کوردستاندا بە مانای بەهێزبوون نییە و خەراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری بە سوودترە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر  -  رێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## تێڕامانێک لە خۆمان و کردەوەکانمان هەڵوێستەیەک لە سەر دوکەڵی ئاگری شەڕێک

بە ساڵانە لە سەر شێوازی سیاسەت و هەڵوێستی پەکەکە، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زۆر لە پارتە سیاسییەکانی دیکە دەنووسرێ و دەگوترێ. لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بۆ زۆر کەس و لایەن ئاشکرا بوە، کە پارتەکان لە پێناوی خۆیان و سەرۆکەکانیاندا مامەڵەی سەیر و ترسناک لە گەڵ دەورووبەر و دەوڵەت سەردەستەکانی کوردستان و رێکخراوە سیخوڕییەکانیان ئەنجام دەدەن. لە ژێر سێبەری سیاسەتی پارتی دێموکراتی بارزانی، پەکەکەی عەبدوڵڵا ئوجالان و یەکێتی تاڵەبانی و پارتە سێبەرەکانیاندا، کوردستان و کوردەکان زیاتر لە جاران خراونە تەرازووی قومارە ترسناکەکان. ئەوان لە پێناوی درێژکردنەوەی سیاسەتی بەستراوەبوون بە یەکێک لە دەوڵەتە دەزەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا و تێرکردنی هەستی پاوانخوازی خۆیان، کوردە سڤیل و هاوڵاتیانی کوردستانیان کردۆتە بارمتەی خۆیان و ئەوانی دیکە.

ترسناک و دژوارە، کە پارچەیەکی کوردستان و خەڵکەکەی لە رووداوەکاندا تەنیا بکرێنە دەستەچیلەی ئاگری رقەبەرایەتی پارتە کوردییەکان. رۆژئاوای کوردستان ساڵانێکە کراوەتە کۆچی قوربانی سیاسەتی هەڵەی پارتە کوردییەکانی باشوور و باکور. شایانی باسە، کە مێژووی ئەو خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حافز ئەسەد. بە ناوی سەیر و سەمەرە رۆژئاوا کراوەتە بارمتەی پارتی کرێکارانی ئوجالان و پارتی دێموکراتی بارزانی و گەمە بە چارەنووسی رۆژئاوا و دوارۆژی دەکرێ. کورت گوتەنی، یەکێتی نیشتمانی تاڵەبانی لە گەڵ پەکەکە و پارتی و هێزە سێبەرەکانیان لە سەر تەختەی شەترەنجی سیاسەتی ئێران و تورکیە و ناوچەدا گەمەیان پێدەکرێ. شەنگال، جەلەولا و کۆبانێ ئەگەرچی لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە پەلامار دەدرێن، بەڵام تامی تاڵی سیاسەتی هەڵەی پارتە کوردییەکان دەچێژن و ئاگری شەڕی رقەبەرایەتی پارتە کوردییەکانە کە چاوی کوردان دەزروکێنێتەوە. سیاسەتی هەڕڕاجکردنی پارچەکانی کوردستان بە دەوڵەتە سەر دەستەکان لە لایەن پارتە کوردییەکان و بوونە گەمەچی تورک و فارس و عەرەب لە سەر خاکی کورد تاڵاوی مێژووییەکە کە چەند سەدەیەک لەوە پێش بە گەرووی کورددا کراوە.

داعش و هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان لە کەش و بارودۆخی ناوچەدا باڵایان کردوە و

بەهێزبوونی خۆیان لە لاوازبوونی هێزە دیموکڕاتەکانی ناوچە وەرگرتوە. لە ناوچەیەکدا کە ڕێزگرتن لە مرۆڤ و تاک و نەتەوەیەک لە دێڕی نووسراوەی شانۆنامەیەک تێپەڕ ناکا، بێگومان بەستێنی گەشەکردن و هاتنی داعشەکان ئامادەیە. لە ناوچەیەک کە خەڵک دەستی بەستراوە و پارتەکانیان بە ناو و درووشمی لابەلا تووشی قەیرانی جۆراوجۆر کراون، ئازادییەکان دەخنکێندرێن و گەمە ناپیرۆزەکان بۆ ماوەیەکی کاتی سەر دەکەون. خەڵکی کورد و تاکی کورد لە دوای تێپەڕین لە ئاگری شەڕی ئەمجارە، بۆیان هەیە راشکراوانەتر لە جاران لە گەڵ پارتەکانی خۆیان بدوێن و ئامادە نەبن، چارەنووسیان بدرێتە دەستی هەمان ئەو فارس و تورک و عەرەبانەی کە چەند سەدەیەک ئازاری ژێردەستەبوون و چەوسانەوەیان لە ژێر باڵدا چێشتوون. راکێشانی کوردستان بۆ نێو سیاسەتی نادیار و زەلکاوی سەر لە باوەشی ئێران و تورکیا نان، بەرهەمی وەک شەنگال، جەلەولا و کۆبانێی بەدوادا دێ.

ئەگەرچی ئەو رۆژانە ئاگری کف و کوڵی تاکەکان لە جیهانی مێدیا و راگەیاندندا باڵا دەکا و بەشێک لە خەڵک لە رێگای جۆراوجۆر خەریکی نواندنی هاوەردین، بەڵام مرۆڤ دەپرسی، کە بە کردەوە چەندە و چۆن کۆبانی و شەنگال و ناوچەکانی کەرکووک لەو هاودەردیی و هاوسۆزیەی کوردان سوود وەردگرن؟ لە کاتێکدا سیاسەتی هەڵەی پارتە کوردییەکان داعشی هێنایە نێومالی کورد، کوردە بە ناو رووناکبیر و چالاکوانان چەندە لە هەوداکانی سیاسەتێک دەگەن، کە کورد خۆی تێیدا بەشدارە؟ بێ هەڵوێستی کوردەکان بەرامبەر بە رووداوە گرینگەکان و دوور کەوتنەوە لە کایەی سەرەکی بەوە چارەسەر نابێ، کە چەند کەسێک لە تاران یان لە ستۆکهۆڵم مان لە خواردن بگرن و بەیاننامە دەربکەن! ئەمڕۆی کوردان ئاسەواری کەڵەکەبووی رۆژگارێکی دووردرێژە و لە ریزی پێشەوە زلکاوێکە کە پارتە کوردییەکان بە ناوی کوردایەتی لە کوردستاندا خوڵقاندوویانە.

ئەگەر خاوەنی سیاسەت و هەڵوێستی راست و خەڵکیانە بووینایە، بێگومان رۆژئاوا، باشوور، باکور و رۆژهەڵات لە سەدەی ٢١دا بەمجۆرە نەدەبوونە بەردە مۆرەی قوماری کوردە سیاسەتکار و ئاغا تورک و فارسەکانیان. پاراستنی خاک و خەڵک بۆ نەتەوەی کورد راستگۆیی و سیاسەتی دروستی دەوێ، نەک دۆشینی خەڵک و مێژوو بۆ مەرامی خۆداسەپاندن. کوردەکان بە سیاسەتی پارتەکان زیاتر دابەش و پەرتەوازە بوون و لۆژیکی نییە، کە لە ژێر سێبەری ئەو پارتەنەدا یەکگرتن و سەرکەوتن مسۆگەر بێ. هات و هاواری مێدیایی لە گەڵ هەناسەی گۆڕەپانی

شەڕ یەکناگرنـەوە و بـە خوێنـدەوەی راسـتگۆیانەی رووداوەکـان باشـتر و گونجـاوتر ئـەمڕۆ و سـبەینێی کـوردان دەپارێزرێ.

سەرچاوە: سپی میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## تەراتێنی دیپلۆماتە تیرۆریستەکان لە باشووری کوردستان

رۆژی هـەینی ٢٦ی دیسـامبری ٢٠١٤ی زایینـی، وفدێکی ئێـران بـە سـەرۆکایەتی عـەلی لاریجـانی سـەرۆکی مەجلیسـی شوورای ئیسلامی لە ڕێگای بەغداوە هاتە سلێمانی و هەولێر. یەکێک لە بەشداربوەکانی وەفدی ئێرانی کە لە لایەن سەرۆکی پارتی و سکرتێری یەکێتی پێشوازی گەرمیی لێکرا، سەحراڕوودی، بکوژی سەرەکی د. قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لـە ڤییـەن بـو. بـاوەش پێـداکردنی بەرپرسـانی هـەرێم بـە کەسێک، کە بڕیـاری دەسـتگیرکردنی لـە لایـەن پۆلیسـی ئینترپۆلـەوە دەرکـراوە و دەسـتی بـە خـوێنی کـوردی رۆژهـەڵات سـوورە، پەڵەیەکی شەرمە بە نێوچاوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. شایانی باسە، کە سـاڵانی رابـردووش بەرپرسـانی پارتی و یەکێتی ئەو دەستەگوڵەیان زۆر بـە ئـاو داون و چیرۆکـی ئاغـای مەتـەڕی هێشـتا لـە بیـر و زەینـی ئێمـەدا مـاوە، کـە بەرپرسـانی پـارتی و یـەکێتی بـە سـەما خستبو. دیپلۆماسـی پارتـە کوردییـەکان لـە هـەموو عـورفێکی نێونەتەوریی دوورە و بە مۆسیقای ژێر دەستەیی و زەلیلبـوون لـە بەرامبـەر ئـەوانی دیکـە ئـاودراوە. لێرەدا جێگـای خۆیەتی، کە باس لە کوردە رۆژهەڵاتییەکان بکرێ، کە ساڵانێکی زۆرە کراونە و بوونە پاشکۆی ئـەم پـارت و ئـەو حیزب.

کوردە رۆژهەڵاتییەکان و حیزبەکانیان بەرهەمی تێکۆشانی خۆیان دەدروونەوە! کورد گوتـەنی، ئەگـەر مریشک خـۆڵ بە سەرخۆیدا نەکا، کێ دەتوانێ ئەو کارە بکا. کوردە رۆژهەڵاتییەکان نەک ئەمڕۆ، بەڵکو دوێنێ پەرتـەوازە بـوون و لە جیاتی کارکردن بۆ رۆژهەڵات چوونە ژێر سێبەری ئەم پارت و ئەو سەرۆک پارت. کردەوەی ئەحمەد تۆفیق بـۆ بەسترانەوەی حیزب بە پارتی و مەلا مستەفا یەکێک لەو کارانەیە. بێجگە لەوە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە

سەردەمی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی بە ناو ئێران لە نێو ریزەکانی یەکێتی تاڵەبانی دا بوون. ئەو دەردە لەمێژە کوردە رۆژهەڵاتییەکانی گرتۆتەوە و هەر جارە و تاک و لایەنێک لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لە داوی جاڵجاڵۆکەیی دەروێشایەتی سیاسەت کەوتوون. بۆ وێنە هەژاری بە ناو شاعیری کۆمار، گەمە بەوە دەکات، کە بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵدەبژێردرێ و بە شێعر و بە کردەوە خۆی بە خزمەتکاری بنەماڵە دەناسێنێ. خوا دەزانێ ناوبراو چەندە و چۆن کوردەکانی کوێستانی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا داوەتە بەر تانە و تەشەر.

تاک و پارتە سیاسیە رۆژهەڵاتییەکان بە ناوی جۆراوجۆر و پان کوردیزمەوە لە گۆڕەپانەکە رادەکەن و دەبنە پەسنبێژی فلانە سەرۆک حیزب و بنەماڵە و پارت. بەشێک لەوان لە مێدیا کۆمەڵایەتیەکاندا بە پانەوە خۆیانکردۆتە حەیرانبێژی سەرۆکە بچووکەکان و خەونی لینگاوقووچ بە ئازادیی و سیاسەتەوە دەبینن. بە واتایەکی دیکە، لەو رۆژانەدا کەم نین ئەو تاک و پارتانەی، کە بە پانەوە خۆیان کردۆتەوە چاو لە دەستی ژمارەیەک پارت و سەرۆکەکانیان و چۆپی کێشی شایی بژی سەرۆکن!

لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا و لە نێو ریزی ئەندام و لایەنگری حیزبەکان و کوردە بە ناو چالاکوان و هتدا. ئاسۆیەکی روون بەدیناکرێ. لە دەرەوەی وڵات هەر کوردی رۆژهەڵاتە، کە لە پێناوی ئەم و ئەودا گۆیا خەبات دەکا، بەڵام لە پێناوی رۆژهەڵاتدا کش و ماتە. کوردە رۆژهەڵاتییەکان لە نێوخۆدا گیرۆدەی نەبوونی سیاسەتێکی دیار و رێبەرایەتییەکی کارامە و لاوازی هەستی باوەڕ بە خۆبوونن. ئێمە بۆ رزگاربوون لەو دۆخە و کردنەوەی دەلاقەیەکی تازە بە رووی دوارۆژدا پێویستمان بە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕە. ناکرێ لە پێناوی باکور، باشوور و رۆژئاوادا بەرژەوەندییەکانی کورد لە رۆژهەڵات فیدا بکرێن. رەچاوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی بە مانای کپ و بێدەنگ کردنی پارچەیەکی کوردستان نییە.

بە گوێرەی هەموو عورفێک لەو رێڕەوەدا کوردە رۆژهەڵاتییەکان پێویستە سیاسەتی بەرامبەرکێ رەچاو بکەن و ئەگەر پێویستی کرد، پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیاندا بکەن. پێویستمان بەوە نییە، کە پارتە کوردییە رۆژهەڵاتییەکان جێگای خۆیان و ئەمنێستی ئینترناشاڵیان لێ تێکەڵ بێ و تەنیا خەریکی خەباتی بە ناو دیدار و قسەکردن بن. بۆ گۆڕینی ئەو رۆژە رەشانە پێویستیان بە مێدیایەک هەیە، کە لە گوتنی راستییەکان و

هەڵدانەوەی لاپەڕە مێژووییەکان ترسی نەبێ. خۆ بە ناشکوری نەبێ، کاناڵی پارتە رۆژهەڵاتیەکان ئەو ئەرکەیان لە بیرکردوە و بە تێکڕا خەریکی رازاندنەوەی لایەنە دزێوەکانی سیاسەتن.

کردەوە، ئەلف و بێی گۆڕینی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە، کە گەمە بە چارەنووسمان دەکات. هەڵگرتنی هەنگاوە بچووکەکان کاریگەرن و دواڕۆژی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا لە گرەوی کاری هاوبەش و کردەوەی تێکڕایی دایە. ئەگەر خۆمان هەبین، بکوژانی قاسملوو ناوێرن بەو شێوازە لە هەولێر و سلێمانی تەراتێن بکەن. ئەگەر ئیرادەمان هەبێ، هەمووان ناچار دەکەین، کە رێز لە هاوڕەگەز و هاونیشتمانەکانیان بگرن. ئەگەر هێزمان هەبێ و لە هەموو پارتەکان بێ منەت بین، ئەوانیش ناچارن رێز لە هەست و دواڕۆژ و رابردوومان بگرن. ئەگەر خۆمان بکەینە سەماکەری غەفوور موخموری و لە هەولێر بە مەسعود بارزانی هەڵبلێین، خەبات و تێکۆشانمان لەوە زیاتر تۆزی لێ هەڵناستێ.

سەرچاوە: سپی میدیا - رێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٥

---

### "بارودۆخی سیاسیی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا"

پێشکەش کردنی نامەیەکی مایستەر (فوق لیسانس)، لە زانستگای لاپلەندی فینلەند (بەشی زانستە ئینسانییەکان، بواری پێوەندی نێو دەوڵەتی). ئەم بابەتە، بە زمانی فینلەندی نووسراوە و هەڵگریی کۆمەڵێک زانیاری بە کەڵک

و سوودمەندە بۆ لێکۆڵەرەوان و خەلکانی ئاسایی وڵاتی فینلەند. ئەم نامەیە، بەم کورتە پەخشانە دەست پێدەکات:

"من کێم و سەر بە چ لایەکم؟ ئەمە پرسیارێکە، کە ڕەنگە کەسێک ئاراستەی خۆی بکات، کە لە شوێنی ژیانیی، هەست بە غەریبی دەکات. ڕەنگە خاوەنی هەست و نیستی سەیر بێت و واتێبگات، کە خۆی کەسێکی دیکەیە. لە وەڵامی پرسیاری ورووژاو دا دەڵێم: ئەمن، کەسێکی دیکە نیم، هەر خۆم بوومە و ئێستاش هەر خۆمم. ناکرێ بە زبری زۆر، تێکەڵی لایەنێکی دیکە بکرێم، چوونکە لە بەر ڕووناکیی کلتوور و فەرهەنگی ئێمە دا، سەهۆڵ لە هیچ ڕۆنێکدا سوور ناکرێتەوە. ئەگەر هات و لایەنێک بیهەوێت، ناسنامەی من و ئێمە دیل بکا، ئەوا ڕەگ و ریشەی بوونمان، لە گەڵ بەرزایەی سەرکێشەکانی نیشتمانی کوردستاندا لێک گرێدراون. هاواری ئێمە ئەمەیە: ئێمە کوردین، ئێرانیی نین، عەرەبی عێراقیی و سووریش نین و  بە هیچ شێوە یکیش نابینە تورک".

*مەبەستی لێکۆڵینەوەکە تاو توێکردن و وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوەیە:*

*١- کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڵس و کەوتی لە گەڵ گەلی کورد چۆن بووە؟*
*٢- کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافەکانیان بە چ شکڵ و شێوەیەک داوا کردووە؟*

نووسەری ئەم بابەتە، لە ژێر تیشکیی لێکدانەوەیکی بابەتیانە دا ژێر خانی بابەتەکەی، لە سەر یەکپارچەیی نیشتمانی گەلی کورد داناوە. بە سرنجدان بە ڕاستیییەکانی کۆمەلگای فینلەندی، کە گەلی کورد و مێژووی هاوچەرخی ئەم گەلە وەک پێویست نازانن، زانیاریی مێژوویی زۆری تێدا گۆنجێندراوە. دوو کۆڵەکەی سە رەکی بابەتەکە بریتین، لە رابردوو و سەر بردەی دوو ناوچە، کە لە ناوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا خۆ دەردەخەن. بۆ نیشاندانی پێکهاتەی سیاسیی و جۆغرافیایی کوردستان، لە بەشێکی تایبەتدا مێژوویی دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا خراوەتە ڕوو.

نامەکە، لە سەر بناخەی تێۆری ناسنامەی سیاسیی داڕێژراوە و هەوڵدراوە وێرای باسکردن، لە بواری زانستیی ئەم تێۆرییە باسێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە ناسنامەی سیاسیی کورد بکرێت. لە دارشتەی بەشی تێۆری ئەم

بابەتدا، هەوڵدراوە بە گشتیی، ئاوڕ لە ناسنامەی گەلی کورد بدرێتەوە. هەر چەندە، بابەتەکە سرنج دەداتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. تەوەری ئەسڵی و کاکڵی ناسنامەی سیاسی، لە سەر پێوەندی ئێمە و ئەوان دەدوێت. لە درێژەی بابەتەکە دا، هۆکارەکانی مێژوویی نەبوونی ناسنامەیەکی بە هێز دێنە بەر باس وپێوەندی نێوان کورد و کورد تیشکی دەخرێتە سەر.

مێتۆدی مێژوویی،وەک مێتۆدی کار کەڵکی لێوەرگیراوە. بابەتی زانستیی ولێکۆڵینەوە ، بە بێ مێتۆدێکی تایبەتیی، ناتوانێ لێکۆڵینەوە بێت. مێتۆد، دەتوانێ هێندێک جار ڕۆلی بڕبڕەی پشتی لێکۆڵینەوەی هەبێت و لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا دەورێکی باش بگێڕێت. مێتۆدی کەڵک لێوەرگیراو، پشت بە کات و قۆناغێکی دیاری کراو دەبەستێ، کە لەم لێکۆڵینەوەیە دا بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەست پێدەکات.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، پێوەندی کورد و دەوڵەت هاتۆتە بەرباس. بارودۆخی پاش هاتنە سەرکاری ڕژیمی مەلاکان و هەڵوێستی سیاسیی دامەزرێنەری ڕژیم دخرێتە بەرباس. لە بەشێکی تایبەتدا، ئاوڕێکی گشتی لە سیستمی دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دراوەتەوە و ڕێبازی زلخوازانەی نەتەوەی فارس و ئایینی شیعە و هەڵوستی مێژوویی ئەوان بەرامبەر بە کورد ڕوونکراوەتەوە. بابەتەکانی وەک، هەڵبژاردنی سیستمی ڕژیم، پارلمان، وتووێژی نوێنەرایەتی کورد، فەرمانی جیهادی خومەینی بە دژی گەلی کورد، دەوڵەتی کاتیی و شکستیی وتووێژەکان، تیرۆر کرانی د. قاسملوو ساڵی ١٩٨٩ لە سەر مێزی وتووێژ، مردنی خۆمەینی و سیاسەتیی نهگۆڕی ڕژیم پاش مردنی خومەینی و هاتنە کایەوەی بزوتنەوەی بە ناو "چاکە خوازی ئیران" و بزوتنەوەی بە ناو فەرهەنگی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هیتد، لەو نامەیە دا خراونەتە ڕوو.

لە بەشی کۆتایی ئەم نامەیە دا، ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە خراونەتە بەر باس. بە چاوخشاندنێکی گشتی و بنچینەی بە قەوارە و دارشتەی مایستەر نامەکە دا، هەوڵدراوە بە شێوازێکی گونجاو پرسیار و وەڵامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرامبەری یەک بخرێنەوە. لە بەشی ئاکامدا، نووسەری بابەتی "بارودۆخی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا" بە ڕوونی ئاماژە دەکات، کە کورد خاوەنی کێشەیەکی سیاسییە. مێژووی دوور و نزیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، پێشاندەری ئەم ڕاستییەن، کە

کێشەی کورد، کێشەیەکی نێوخۆیی ولاتانیی ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق نییە. قۆناغی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی و داهاتووی هاوبەشیی هەموومان، پاڵپێوەنەری لایەنی سێهەمن، بۆ هاتنە مەیدان و یارمەتیدانی راستەقینەی گەلە ژێر دەستەکان. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئوروپپا دەتوانن رۆڵی کاریگەر بگێڕن. کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی دەبێت، سەردەمی ئەمڕۆی خەبات دەرک بکات و لە قاوغی رابردوو بێتە دەر. کوردەکان، پێویستە شێوازی خەباتکردن بگۆڕن وهێلی تێکەڵبوون، لە گ ڵ سیاسەتی نێو نەتەوەیی بگرنە بەر. رێکخراوی سیاسیی کورد و تاکی کورد، دەبێت داهێنانێکی تازە بۆ کاری نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد بدۆزنەوە. گەلی کورد و ویست و داخوازەکانی نابێت بە تەرازووی هێندێک تاکە کەس و رێکخراوی سیاسییەوە ببەسترێنەوە و گەلی کورد پێویستە دەنگی بوون و مەزڵوومەیی‌یەتی خۆی ئاراستەی هەموو لایەک بکات. گەلی کورد و تاکی کورد، پێویستە سنووری شووناسی نەتەوەییان بناسن و بە سوود وەر گرتنی سەردەمیانە، لە تێکنۆلۆژی و ئامێرەکانی راگەیاندن بناخەکانی دامەزراندی نیشتمانی خۆیان دابمەزرێنن و بە مافە رەواکانیان بگەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جانێوێری ٢٠١٥

## دابڕان و یەکگرتنەوە بێ ئامانجەکان

پارتە سیاسییە کوردیەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دامەزراون و وەک پێویست لە رەوتی رۆژانە و ئاساییدا بۆیان نەلواوە لە گەڵ دەوروبەردا لە پێوەندییەکی نۆرماڵ و کراوەدا بن. لە سەر ئەو بناخەیە ناکرێ و گونجاو نییە پارتە کوردیەکان لە گەڵ پارتی وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە کۆی کایەی سیاسەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەبوونی زانیاری لە سەر فاکتەرە جیاوازەکان سوودبەخشە. لە مێژووی رێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکاندا لێکدابڕان و وەسەریەککەوتنەوەکان خاوەنی پاشخانێکی تایبەتن. دابڕانەکان زیاتر لە سەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و جۆری ئیدارەکردنی پارت و رێکخراوەکان چەقیان بەستوە. بە واتایەکی دیکە، لێکدابڕان و لەتبوونەکان کەمتر لە سەر جیاوازی رێباز و ئامانج و تەنانەت تاکتیک و ستراتیژی پارتە سیاسییەکان بوون.

ئەگەرچی لە دوای پرسی لێکدابڕان ژمارەیەک تاک لە هەر دوو بەرەدا، جیابوونەوەکانیان خستۆتە ژێر چوارچێوەی هێندێک دەستەواژە و بیرۆکە و چیرۆکی تازەیان بۆ داتاشیون.

ناسینی پارتە سیاسیەکان و کەسایەتی رێبەران و هونەری رێبەرایەتی ئەوان و تەنانەت ئەندامەکانیان لە ناسینی کۆمەڵگا و خانە کولتورییەکان جیا ناکرێتەوە. کۆمەڵگا لەو نێوەدا بنچینە و سەرچاوەیە و کەسایەتی تاک و کۆی مرۆڤەکان لە ژێر کارتێکەری پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵگادا جێدەکەون. کولتوری ئیدارەکردنی کوردان هێشتا لە ژێر تەوژمی فاکتەرە جۆراوجۆر و رەنگاوڕەنگەکاندا دەناڵێنێ. ئەو کولتورە لە زۆر بواردا لە دۆخێکی نابەرامبەر لە گەڵ کولتوری نەتەوە سەردەستەکاندا گەشەی ناسرووشتی کردوە و لە وزە و توانای خۆچارەسەرکردن دوور راگیراوە. لاوازی کوردان و کەڵەکەبوونی تایبەتمەندییە نەرێنیەکان مێژوویەکی درێژخایەنیان هەیە. پرسی ژێردەستەبوون بۆ ماوەی چەند سەدە کۆی کولتور و کەسایەتی تاکی کوردی تووشی گێژاوێکی توند و سووڕانەوە لە بازنەی شکان و کەوتنەکان کردوە . لە پرسی پارت و رێکخراو و ئەدەبیات و خۆرێکخستندا، کوردەکان مەودایەکی زۆریان لە گەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا هەیە. ئەوان لە رەوتی خۆناسین و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیدا زۆر لە دوای گەلانی وەک فارس، تورک و عەرەبن. کوردەکان بە شێوازی نیوەچڵی و هەرجارەو لە بەرەیەکدا خۆیان دۆزیوەتەوە و خاوەنی دونیابینی یەکگرتن و یەک جۆغرافیای سیاسی نەبوون و نین. ئەوان لە کۆی پرسەکاندا دواکەوتووی ئەوانی دیکە بوون و بۆ پاراستنی خۆیان زۆر جار وەک شێخ، عەشیرەت، ئەمیر و سەرۆک پارت پەنایان بۆ یەکێک لە دەسەڵاتە سەردەستەکان بردوە. کوردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان خاوەنی نەخشەیەکی دیار و نەتەوەیی نەبوون و زۆرجار دواڕۆژ و ستراتیژیان بە قوربانی ئەمڕۆ و مانەوەی بەرژەوەندی تەسکی چەند تاک و بنەماڵەیەک کردوە

لە سەدەی ٢٠ و ٢١دا پارتە سیاسییە کوردیەکان لە سەر بنچینەی کولتوری ئیدارەکردنی کوردەواری و زۆر جار کولتوری خێڵ و عەشیرەتێک دامەزراون و گەشەیان کردوە. ئەگەر تاکێک بە دوور لە کولتوری خێڵ و گوند رێبەرایەتی بزوتنەوەیەکی کردبێ، بێگومان ناوبراو لە ناسینەی کولتوری کوردان بە دەر نەبوە و لە کاتی بڕیار و کاردا دەریخستوە، کە ئەویش هێشتا گیرۆدەی لایەنە نەرێنیەکانی کولتوری ئیدارەکردن و بەڕێوەبەرییە. لە کاتی پێکەوەبوون و کارکردندا کوردەکان زیاتر لە سەر بناخەی رق و کینە و تۆڵەسەندنەوە جیهانی سیاسەتی خۆیان رازاندۆتەوە. لەتبوون و دابڕانەکان لەو نێوەدا دەرخەری ئەو شێوازە لە سیاسەتن، کە تاکی کورد لە ریزی پارتە

سیاسییەکاندا بە چەپ و راست پەیڕەویان کردوە. ئەگەرچی لێکجیابوونەوەکان مێژوو و پاشخانی خۆیان هەبوە و هەیە، بەڵام زۆربەی دابڕانەکان لە مێژووی پارتە کوردییەکاندا، وانەیەکی تاڵ لە سەر کردەی سیاسەتکارە کوردەکان بە ئەژماردێن.

لە ساڵانی رابردوودا پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دۆخەیان تاقی کردۆتەوە. لە جیابوونەوەکانی ماوەی ساڵانی رابردوودا زۆر تاک و ئەندامی خوارەوە بە کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی تازە و تێکەڵبوون لە گەڵ باندی دەسەڵاتی لاباڵەکان رۆڵی خەراپ و نێگاتیڤیان هەبوە. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ژمارەیەک لە شارەزایانی سیاسەت و پارتە سیاسییەکان، لەتبوون و دابڕانەکانی نێوان دێموکڕات و کۆمەڵەکان دەکرا روونەدەن. ئاخر هەر لە رۆژی دوای لێکدابڕانەکاندا دەنگ و داخوازی وەسەریەکەوتنەوە لە نێو جەرگەی باڵ و لاباڵەکاندا سەری هەڵداوە و مۆسیقای یەکگرتنەوە بیستراوە. پێداچوونەوەیەک بە رابردووی دابڕان و هەڵوێستەکان دەریدەخەن، کە ئەو لێکدابڕان و پەرتەوازەبوونانە لە شەڕی دەسەڵاتی ژمارەیەک سیاسەتکار و هاوبیرەکانیان زیاتر نەبوە. لێکجیابوونەوەکان و درووشمی دووبارە یەکگرتنەوەکان تێکەڵیەکی تایبەتیان خوڵقاندوە، کە لێکهەڵاواردنی زۆر ئاسان نیە و هێشتا لە هەستێک تێپەڕی نەکردوە.

تاکی کورد لە ماوەی ساڵانی رابردوودا گەلێک جار کۆمەڵە پرسیارێکی هەبوە، کە بە ئاسانی وڵامی بۆ ئەو پرسیارانە دەست نەکەوتوە. دابڕان و دووبارە وەسەریەک کەوتنەوەکان لە بیر و زەینی تاکی کورددا لە گەمەیەکی بێ ئامانج زیاتر نین. بە چ لۆژیکێک، ئەندامانی حیزبێک سەنگەری سەرەکی خەبات لە بیردەکەن و شیر و تیر لە یەکتر دەسوون و پلانی شکانی یەکتر دادەڕێژن و دواتر بانگەوازی یەکگرتنەوە دەکەن؟ ئاخۆ، کێ گۆڕاوە و چەندە ئەکتەرە سەرەکیەکانی دابڕان وازیان لە کولتوری دووبەرەکی هێناوە؟ ئایا ئەو لێکدابڕان و دژبەیەکبوونە کاریگەری لە سەر شێوازی ئیدارەکردن و بەڕێوەبەریی و کولتوری حیزبایەتی داناوە و کولتور و سیاسەت و رێبازی گۆڕیون؟ ئەگەر جیابوونەوە و لەتبوون ئامانجێکی دیار و کۆنکرێتی نەپێکابێ و تەنیا گەمەیەکی بە سیاسی کراو بووبێ ، چەندە پاش وەسەریەککەوتنەوە دەتوانێ لە سەر رەوتی رووداوەکان بە ئەرێنیی و نەرێنی کاریگەر بێ؟ ئایا یەکگرتنەوە تەنیا بە مانای بڵاوکردنەوەی راگەیندراو و وێنەی وەسەریەککەوتنەوەکانە؟ ئاخۆ وەسەریەککەوتنەوە لە کردەوەدا و بە گوێرەی تاقیکارییە مێژووییەکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چەندە هەڵگری بۆنە و بەرامەی خۆی بوە؟ دەبێ لەتبوون و دابڕان چەندە هەللاجی کرابن و لە رابردوو چەندە وانە وەرگیرابێ؟

بە باوەڕی زۆر کەس، ئەگەر کولتوری ئیدارە، سیاسەت، تێڕوانین و شێوازی خەبات ئاڵوگۆڕیان بە سەردانەیەت، دابڕان و یەکگرتنەوەکان لە گەمەیەکی سیاسی دەچن، کە هەستی پاوانخوازی چەند تاکێک تێر دەکەن و لە کردەوەدا ناکەونە چوارچێوەی ئەلف و بێی خەبات و تێکۆشانەوە. لێکدابڕانە سیاسییەکان لە نێو ریزی پارتە کوردییەکان لە گەمەیەکی بێ ئامانج دەچن، کە لە کاتی هەڵچوون و تووڕەبووندا بەرۆکی پارتە سیاسییەکان دەگرێن. ئەگەر قەوارە و شێوازی حیزبایەتی لە کوردستاندا و جۆری بیرکردنەوە و تەنانەت کولتور و ژینگەی ژیان نەگۆڕێ، دابڕان و یەکگرتنەوەکان لە پەرچەکردار و دژکردەوەیەک زیاتر نین و نابن. ئەگەر وەرچەرخان لە سیاسەت و هونەری پارتایەتیدا روونەدات، کولتوری سیاسی بەمجۆرە درێژە بە مانەوە دەدا و رووداوەکانی چەندبارە تاقی دەکەینەوە و بەرهەمی لەوە زیاتر لێ دەستەبەر نابێ. دابڕان و یەکگرتنەوەکان ئەگەر هەڵگری مانا و ئاوێتەی وانەلێوەرگرتن نەبن، لە بازنەی خەباتی نێوخۆییدا جێدەگرن و لە پەراوێزدا دووپات و چەند بارە دەبنەوە. ئەگەر یەکگرتنەوە وەک دابڕان پەرچەکردار بێ و لە سەر بناخەی چاکسازی و وانەلێوەرگرتن نەبێ، پارت و رێکخراوی سیاسی ناتوانێ ئەکتیڤتر بێ و لە هەناوی خۆیدا پاسیڤبوونی زیاتر دەخولقێنێ. بۆ رزگاربوون لە گەمەی بە ناو دابڕان و لەتبوون و دواتر وەسەریەککەوتنەوەی بێ ئامانج، ناکرێ لۆژیک فیدای هەست بکەین و دیواری متمانە بە دوارۆژمان لە سەر بناخەی لایک و وێنە کۆمەڵایەتیەکان هەڵچنین. جیهانی بیرکردنەوەی ناخی مرۆڤەکان و کولتوری هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ یەکتر لە گەڵ دربڕینی کف و کولاویدا جیاوازن و بە ئاسانی ناگۆڕێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٥

---

## سیحری هەڵبژاردن بۆ کۆچبەران لە وڵاتی شەرمنەکاندا

لە ساڵانی رابردوودا کەسێکی فینلەندی بڕیاردەدا، کە لە پێناوی چاکترکردنی بارودۆخی وڵاتەکەیدا خۆی بەربژێر بکا. پاش تێپەڕینی کات و لە کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردندا دەردەکەوێ، کە تەنیا یەک دەنگی بەدەستهێناوە. ئەو بۆ ئاگاداربوون لە ئاکامی هەڵبژاردن پێوەندی بە بەرپرسانی تایبەت بە ئەژماردنی دەنگەکان

دەکا و سەرسووڕمانی خۆی لەو ئاکامە دەردەبڕێ. ناوبراو ئاشکرای دەکا، کە باوەڕی بەو ژمارە نییە، چوونکە لانی کەم لە ڕۆژی دەنگداندا خۆی و هاوسەرەکەی پێکەوە بۆ دەنگدان چوون و دڵنیایە کە دەنگی ئەوی وەرگرتوە. لە دوای لێکۆڵینەوەکان دەردەکەوێ، کە بەرێزێر لەو گۆڕەپانەدا نەک خەڵک بەڵکو هاوسەرەکەشی یار و یاوەری نەبوە. ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵی نییە و ڕووداوێکە، کە لە کاناڵی فەرمی تەلەویزیۆنی فینلەندا بڵاوکراوەتەوە.

فینلەندییەکان خۆیان بە خەڵکی شەرمن دەناسێنن و گۆیا حەزیان لە خۆدەرخستن نییە، بەڵام باوەڕیان بە کۆچبەران وەک هاوڵاتییەکی هاوتاو و هاوشان نییە. بە گشتی حەز لەوە ناکەن ،کە کۆچبەرێک لە شوێنێکدا لە سەرەوەی ئەوان بێ و لە ئیدارەکردندا ڕۆڵی هەبێ. بێگومان خاوەنی زۆر تاکن، کە لە دەست ئەو ڕۆژگارە گازندە دەکەن، بەڵام ئەوانیش وەک ئێمەی کۆچبەر دەستەوەستانن و دەڵێن، زۆر زەحمەتە. لەو وڵاتەدا یاسا و سیستمی سیاسیی مێژوویەکی کۆن و تازەی هەیە و پاشخانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارەتی سوئێد و دواتر ڕووسیەی تێزاری. سیستمی هەڵبژاردنی فینلەندییەکان وەک وڵاتانی جیران نییە و بۆ کۆچبەران ڕەق و تەقە. ئەگەرچی ئەوان لە زۆر بارەوە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی توانیویانە پلە جیاوازەکانی پێشکەوتن ببڕن، بەڵام وەک باوە دەوڵەتەکان و یەکە جۆغرافیەکان ناسینە و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لەو جیهانەدا هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی دیکە ناچێ، ئەگەرچی لە زۆر بواردا هاوتا و هاوڕەنگن.

کۆچبەریی مێژوویەکی کۆنی هەیە و کۆی چیرۆکی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی، لە سەر پاشخانی کۆچ چەق دەبەستێ. کۆچەکان لە یەکتر جیاوازن و سەردەمەکان لە گەڵ یەکتردا کەم و زۆر یەک ناخوێننەوە. کۆچی مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا فاکتەری جیاوازی هەیە و کۆچبەران لە جیهانی ڕۆژئاوادا بە هۆکاری جیاواز نیشتەجێ بوون. بێجگە لەوە نەوەی دووهەم و سێهەم و زیاتری کۆچبەران چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە و زۆر جار دەکەونە بەردەم پلاری ئەم و ئەو. ئەوان لەو وڵاتانە لە دایک بوون و خۆیان لە شوێنێکی دیکەڕا بەرەو ئەو مەڵبەندە کۆچیان نەکردوە، بۆیە ڕوانگە و چاوەڕوانی ئەوان جیاوازە.

خەڵک و نەتەوە خانەخوێیەکان لە دەروازەی جیاوازە باس لە کۆچ و دواڕۆژی کۆچبەران دەکەن. بۆ ئەوان پرسی مانەوەی کۆچبەران و زۆربوونی ڕێژەی ئەوان بەو پاشخانە کولتووریی و دینییە پڕ لە پرسیاری کراوە و بۆنی کێشە و مەترسی گەورەی لێدەکەن. لە قۆناخی قەیرانەکاندا (بە تایبەت ئاسایش و ئابوری) قامکی تۆمەتبارکردن بۆ

کۆچبەران رادەدێرن . لە گەڵ ئەوەی، کۆچبەران بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئابوریی و هتد بە ئەژمار دێن، بەڵام لە لایەن باڵی رادیکاڵ و توندڕەوی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان پێشوازیان لێناکرێ و دەبوغزێندرێن. بە باوەڕی بەشێک لە خەڵکی رۆژئاوا ئەو تێکەڵاو بوونە و زۆرتربوونی بێ سنووری کۆچبەران دوارۆژی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە.

شایانی باسە، کە کۆچبەرەکان جیاوازن و سەر بە کولتور و نەتەوە و تەنانەت ئایینی جیاوازن. باسکردن لە کۆچبەران بە مانای وشە کێشەی خۆی هەیە و ئەوان یەکدەست نین. لە ژێر سێبەریی قەیرانە ئابورییەکاندا توندڕەوە رۆژئاواییەکان دوو بواری ماددیی و کولتوری زەق دەکەنەوە. ئەوان نەهامەتیی و چەرمەسەرییەکان بە سەر ئەو کۆچبەراندا دەشکێننەوە، کە خاوەنی هێزی کار و پیشە نین و تەنانەت لە خۆگونجاندن لە گەڵ کۆمەڵگا و نۆرمە باوەکان خۆدەپارێزن. باس لە فێرنەبوونی زمان و گوێڕایەڵ نەبوون بە عورف و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کە بوونە بارگرانی بە سەر شان و پیلی ئابوری وڵات و باجدەرەکان.

چیرۆکەکان جیاوازن و موزائیکی کۆچبەران دەریدەخات، کە میوان میوانی دەدزێ و خانەخوێش هەردووک لا. کۆچبەران لە وڵاتێکی وەک فینلەندا رێکخراو نین و بە پەرتەوازەترین کۆچبەرانی رۆژئاوا بە ئەژماردێن. کولتوری خانەخوێ و جۆری ئیدارەکردنی وڵات، سیستمی مێدیایی و پەروەردە لە خوڵقاندنی ئەو دۆخەدا رۆڵی سەرەکیان هەیە. لە ژێر شوێنەواری ئەو دۆخ و ژینگەیەدا، کۆچبەران لە نێو کێشەنێوخۆییەکان و تونێلی بوروکراسی وڵاتدا سەرگەردانن. کۆچبەران لێرە وەک وڵاتانی دیکە لە قەوارەی ئیدارە و ئابوری وڵاتدا کاریگەر نین و لە پەروەردەدا نادیار و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بێ وزەن. ئەگەرچی لێرە یاساکانی تایبەت بە کۆمەڵەدامەزراندن و رێکخراو دروستن کارئاسانی زۆر بۆ زۆربوونی رێژەی رێکخراوە کولتورییەکان دەکەن، بەڵام لە هەناوی خۆیاندا کۆمەڵەی بچووک و لاواز بەرهەم دێنن، کە لە بازنەی کێشە نێوخۆییەکاندا ساڵەکان تێپەڕ دەکەن و سەرئەنجام دەگەنە کۆڵانی داخراو. لەو وڵاتەدا رێکخراوە کولتورییەکان لە رایەڵەکاندا نین و لە کردەوەدا لە وەسەریەکخستنەوەی وزە و هێزەکان ناسەرکەوتوون.

هەڵبژاردن لە وڵاتی فینلەند تایبەتمەندیی خۆی هەیە و کۆچبەران ئەگەرچی وەک تاک زۆر جار هەڵسووڕ و کارامەشن، بەڵام لەبەر رەقبوون و بەردەڵانی رێگا و بێدەنگبوونی زۆرایەتی کۆمەڵگا و پەرتەوازەبوونی کۆچبەران

شەکەت و ماندوو لەو گۆڕەپانە دێنەدەر. هێشتا کۆچبەر و لایەنی خانەخوێ نەهاتوونە سەر ئەو رێچکەیە، کە پێکەوە هاوکار بن و لە پێناوی دوارۆژێکی باشتردا دەرفەت و هەڵ بۆ یەکتر بڕەخسێنن. ئەگەرچی هێزە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا خاوەنی بەرنامەی جیاوازن، بەڵام زۆربەی هەڵسووڕێنەر و داڕێژەرانی بەرنامە و پلانی ئەو پارتانە وەک خەڵکی ئاسایی فینلەند نەیانتوانیەوە بە کردەوە خۆیان لە داوی هەودا کولتوریەکان رزگار کەن و بە کردەوە باوەڕ بەوە بکەن، کە ئەگەر هەیە تاکی کۆچبەر لەو وڵاتە بتوانێ وەک فینلەندییەک هەڵسووڕ و خاوەن بەهرە بێ و بە گوێرەی توانا و لێزانی دەرفەتی پێبدرێ.

بە خوێندنەوەی رابردوو، مێژوو، کولتور و ئەمڕۆی ئەو رۆژگارە و بە تاقیکردنەوە زۆر و زەمەندەکان لە رابردوودا گەیشتتوومە سەر ئەو بڕوایە، کە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دوو رێگامان لەبەرە. یەکەم ئەوە کە روانگەی خەڵک و حکومەتی فینلەند لە سەر کۆچبەر بگۆڕێ و بە کردەوە لە هەموو بوارەکاندا رەنگبداتەوە. دووهەم، کۆچبەران بتوانن هێز و وزەی خۆیان وەسەر یەکخەن و لە قۆناخی یەکەمدا لە مەیدانی سیاسەتدا ببنە خاوەنی پارتێکی سیاسی، کە لە پێناوی باشترکردنی وڵات و باشتر گونجاندنی کۆچبەران و بیسترانی دەنگە خنکێندراوەکاندا کار و تێکۆشان بکا. هەردووک ئەگەر لە بەردەم بەربەستی گەورەدان. نە فینلەند ئاڵوگۆڕی گەورە وەردەگرێ و نە کۆچبەران بە سەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ دەبن.

### بەربژێری کۆچبەر لە هەڵبژاردنەکاندا

هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی چەقبەستووی کۆچبەران یان لانی کەم بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگدان و دەنگوەرگرتن ئەرکێکی ئەرێنیی و گونجاوە. کارکردن بۆ دەربڕینی بیر و باوەڕ و کەوتنە گەڵ ئەو دەنگ و رەنگانەی، کە لە باوەڕ و بنەمای فیکری مرۆڤەوە نیزیکن بە کردەیەی سیاسی پێناسەدەکرێ، چوونکە لە کۆتاییدا لە سەر بارودۆخەکە رەنگدانەوەیەکی رێژەیی دەبێ. لە کۆمەڵگای فینلەندیی و لە نێو ریزی پارتە سیاسییەکاندا هێشتا ئەو روانگەیە دروست نەبوە، کە بەربژێری کۆچبەر پاڵپشتیی و هاوڕێیەتی بکرێ. لە چەند حاڵەتی دەگمەندا چەند ژن و کچێک بە هۆکاری جیاواز رەنگە لە نێو هێندێک پارتدا پاڵپشتی زۆر کرابن و کاریان بۆ کراوە، بەڵام ئەو روانگەیە لە بەرامبەر بە رەگەزی نێر کەمتر بینراوە. لێرەدا شایانی باس کردنە، کە سیاسەت و رەهەندی سیاسەتکردن لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا گۆڕاوە و جاری وایە بەشداربوون لە دانس و گۆرانی یان هەڵبژێران وەک

ژنی نموونەی کۆچبەر دەرگای زۆرتر بۆ تاکەکان دەکاتەوە و ڕێگایان بۆ تەخت دەکا. تەنانەت جاری وایە، شاجوانی وڵات بە هۆی دەرکەوتنی زۆر لە مێدیا و ناسراوبوونی سیما و رووخسار لە لایەن پارتێکەوە دەپاڵێورێ و دەنگی زۆریشی پێدەدرێ. لەنێو ئەو گەمەیەدا ژمارەیەک لەپارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن، لیستی بەربژێرەکانیان ئەگەر بۆ جوانیش بێ روخسارێکی جیاوازی تێدابێ. ئەو پارتانە بە دوو هۆکاری سەرەکی ئەو کارە دەکەن:

*یەکەم ئەوە،* کە بە دەوروبەر و جیهانی دەرەوە بڵێن، کە کۆمەڵگایەکی کراوەن و بە ئاسانی کۆچبەران دەتوانن لە پرۆسەی دیموکراتی وڵاتدا بەشدار بن.

*دووهەم ئەوەیە،* کە لەپرسی دەنگوەرگرتندا کەم و زۆر بتوانن دەنگی کۆچبەران بۆ لای خۆیان راکێشن و لە رەوتی کێبەرێکدا رێژەی دەنگەکانیان زۆرتر و زیاتر بکەن. جێگای باسە، کە پارتە سیاسییەکان لە هەموو رۆژگارێکدا ئەوەیان لە بیرە، کە هەستی خەڵک هەڵنەخڕێنن و بە دەربڕین و هەڵسوێستێک دەنگدەر و هاوڵاتاین تووڕە نەکەن. لە بەر ئەوهۆکارەیە، کە لە نێو پارتە سیاسییەکاندا ئەگەرچی زۆر تاکی کراوە هەن و کار دەکەن، بەڵام ئەوانیش ناتوانن بەرژەوەندیی پارتەکەیان فیدای بەرگریکردن لە کۆچبەران بکەن. لە ئاستی گشتیدا کۆچبەر هێشتا وەک ئەکتەرێکی ئەرێنی چاوی لێناکرێ. کۆچبەران لە گەڵ هەموو جیاوازییەکانیان بە چاوی دەنگدەران هێشتا گومانیان لەسەرە و بە واتایەک کۆچبەران و تاکەکان دەبێ شایانی وەرگرتنی بڕاو و متمانەی هاوڵاتیان بن.

لەو وڵاتەنەدا مرۆڤ ئازادە و دەتوانێ وەک هاوڵاتییەک لەو پرۆسانەدا بەشدار بێ، بەڵام بۆ کۆچبەران و بەربژێرەکانیان رەوتەکە مانادارتر و ڕێگاکە دژوارترە. بەربژێرەکان بە ئامانجی تایبەت دەجوڵێن، بەڵام ئەوان بەبەرچاوی دەنگدەر چەندە و چۆن هەڵدەسەنگێدنرێن؟ هەڵبژاردنەکان جیاوازن و لە نێوان هەڵبژاردنەکانی وەک شارەوانی، پارلەمانی وڵات و ئورووپا جیاوازی هەیە. هەڵبژاردنە شارەوانیەکان بە ئاسانترین و پارلەمانیی وڵات بە دژوارترین دەژمێردرێن. لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا ئەوانەی کە تەنانەت دوو ساڵە لە وڵاتدا دەژین مافی دەنگدانیان هەیە و پرسی شارەوانیەکان و بابەتی تایبەت بە هەڵسووڕانی شارەوانیەکان وەک پارلەمان دژوار و بەردرێژ نییە. بەربژێری کۆچبەر ڕێگایەکی دژواری لە بەردەمدایە و رەنگە بەشێکی زۆر لە بەربژێرەکان پاش کەوتنە نێو یارییەکە لە بەربڵاویی و دژواری پرۆسە تێبگەن.

## بەربژێرەکان وکشان بەرەو سەرکەوتنی ڕێژەیی

جێگای لێوەردبوونەوەیە، کە گیانی هاوکاری کوردان و نەتەوەکانی دیکەش لە فینلەند، لە گۆڕەپانی سیاسەت و هەڵبژاردندا لاوازە. بەربژێرەکان زۆر جار لە لایەن خەڵکی دیکە و بە تایبەت هاوزمان و هاوڕەگەزەکانیان پاشگوێ دەخرێن. لێرەدا باس لە کولتوری حیزب، ناوچە، پارچەی کوردستان و ئایین و هتد. هەر ناکرێ، کە هەر کامەیەیان بە جۆرێک بە سەر هەست و باوەڕی تاکی کورددا زاڵن. ئاخر کوردەکان خەڵکانێکی لێکدابڕاون و خاوەنی ئامانجی کردەیی نین و لە پڕ هەستەکانیان بە سەر لۆژیک و مەنتقی ئەواندا زاڵ دەبن. سەرەڕای ئەوە، ئەو ڕێکخراوە زۆر و زەمەندانەی کە هەن، لە هەڵبژاردنەکاندا بێجگە لە دەنگی سەرۆکی ڕێکخراو (ئەویش ئەگەر رۆژی هەڵبژاردن تواناى چوونەدەری هەبێ) هیچی دیکەیان پێ ناکرێ. زۆربەیان لە ناوێک زیاتر نین و لە بەر پاسیڤبوون ناتوانن دەور و رۆڵی کاریگەر لە رەوتی هەڵبژاردنەکاندا بگێڕن. لە ئاکامدا، دەنگەکان زیاتر پەرتەوازە دەبن و بەشێک هەن، کە تەنیا خۆیان و گیرفان و ورگیان لا مەبەستە و هەرگیز بە لای دەنگداندا ناچن. کوردێک دەیگوت:" مادام خۆم نەبوومە هیچ و لە هیچ شوێنێکدا ناوم نییە، کارم بەو خەڵکە چییە، کە بۆ پارلەمان خۆی بەربژێر و کاندید کردوە.، خۆ ئەمانەش لە ئەوانەی کوردستان باشتر نابن؟" ژمارەیەک لە کوردەکان بە عەقڵی پارە بیر دەکەنەوە و لایان وایە، لێرە وەک کوردستان وایە و ئەگەر بۆیە بەربژێر، پارووت لە رۆنی دەکەوێ و ئەگەر دەرنەچی، رەنگە دەوڵەمەندبوونت بۆ بمێنێتەوە.

کۆچبەرەکانی دیکەش لە کورد باشتر نین و هەر نەتەوە و خەڵکەی تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بەشێکی زۆری رووسەکان ئۆگریان بۆ باسی سیاسەت و هەڵبژاردن نییە. ئەوان هەڵگری کولتوری کۆنی خۆیانن و بە تێگەیشتنی ئەوان سیاسەت بۆ ئەوە نابێ، لێرە خۆی لە گەڵ ماندوو بکەی. رووسەکان و سیاسەت مێژوویەکی کۆنیان لە گەڵ یەکتردا هەیە و سیاسەت لای ئەوان  زیاتر مانای نەرێنی هەیە و هەتا خۆیان لە دۆخەکەدا نەبیننەوە و نەبنە شەریک و هاوبەرژەوەندی لە گەڵ سیاسەت نادوێن. ئێستۆنیەکان لە گەڵ رووسەکان جیاوازیەکی زۆریان نییە و زۆربەیان کە لێرەن مەبەستی کار و ئابوریی و هتدیان هەیە. کەرتی سیاسەت و دەنگدان و وەرگرتن لای ئەوانیش بۆنی خۆی هەیە و بە ئاسانی لە سەنگەری سیاسەتدا خۆیان نادۆزنەوە. رووسەکان و ئێستۆنیەکان بە یەکەوە ڕێژەیەکی بەرچاوی کۆچبەرانی فینلەند پێکدێنن. فارس، تورک و عەرەب بۆ زۆرایەتی و نەتەوەکانی دیکەش هەتا بەربژێرێکی خۆیان هەبێ، ئامادە نین دەنگ بۆ بەربژێرێکی دیکە بدەن. بەشێک لەوان بۆ خۆپەڕاندنەوە لە

دۆخەکە و شاردنەوەی روخساری کۆچبەریی زۆرجار راشکاوانە دەڵێن، دەنگ بە فینلەندیی دەدەن و حەزیان لە کۆچبەر نییە. ئەوان پەنابەر نین و حەزناکەن وەک کۆچبەریش باسیان بکەی.

لە پێناوی دەرکەوتنی زیاتر و سەرکەوتنی رێژەیی باشتر وایە، کە بەربژێرەکان بە وردبینی زیاترەوە بچنە نێو گەمەی هەڵبژاردن. ئەگەرچی گەورەساڵەکان زمانی بێگانە هیچ کات وەک زمانی دایک فێر نابن، بەڵام بەربژێر ناکرێ پرسی زمان لەبیر بکا و لای وابێ، بە کەچە زمانێک دەتوانێ بەرپرسیارەتی نەک پارلەمانتارێک بەڵکو بەربژێرێک لە ئەستۆ بگرێ. لێرە خۆبەربژێرکردن کارێکی ساکار نییە و هێز و وزەی زۆری دەوێ و ئەگەر بەربژێر بە کردەوە چوبێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگوەرگرتن، بێگومان پێویستی بە زۆر فاکتەرە. لێرەدا ئەو خاڵانەی، کە کاریگەریان لە سەر سەرکەوتنی رێژەیی بەربژێر هەیە، ئەوانەی خوارەوەن:

- بەربژێر بە هزر، وتە و نووسین بتوانێ ئامانجەکانی خۆی دەرببڕێ و لەو رێچکەیەدا وتە و کردەوەکان لە گەڵ یەکتردا ناتەبا نەبن
- بەربژێر ماوەیەکی دوور و درێژ لەو شار و مەڵبەندە ژیابێ و خاوەنی پاشخانێکی ئەرێنی بێ
- لە رێگای کار و ئەکتیڤبوونی جۆراوجۆرەوە کەم و زۆر لە رایەڵکەی مێدیا، راگەیاندن و کۆمەڵایەتیدا بوونێکی هەبێ
- لە رێگای مێدیا و تەنانەت کار و تێکۆشان بۆ رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک ئەگەر وەک ناویش بێ، ناسراو بێ
- هەڵگری بڕوانامەیەک بێ
- لە بواری زمان و ئاخاوتن و نووسین بە زمانی فەرمی شارەزاییەکی مامناوەندی هەبێ
- شارەزای کولتور و هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەم وڵاتە بێ. لە فینلەند بێدەنگی راگەیاندنە و زۆرگوتن و دەنگ بەرزکردنەوە بیر و هزری خەڵک ناگۆڕێ و زۆرکەس پێشوەخت بڕیاریان داوە دەنگ بە کێ بدەن.
- لە هەڵبژاردنی پارت و چوون نێو پرۆسەکەوە وردکار و لە سەرەخۆ بێ. ناکرێ بەربژێری پارتێک بێ، کە دژایەتیان لە گەڵ باوەڕ و جیهانبینی بەربژێر هەبێ.
- چەند خولێک بەردەوام لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بێ، چوونکە بەشێکی زۆرلە پارلەمانتارە فینلەندییەکان لە دۆخێکی ئاساییدا پاش چەند جار خۆبەربژێرکردن سەرکەوتوون. بۆ وێنە پارلەمانتارێکی فینلەندی جاری یەکەم زیاتر لە ٣٠٠ دەنگ، دووهەم جار سەرەوی ٥٠٠ دەنگ و جاری سێهەم دەنگی پێوویستی هێناوە. بە کوردیی و بە

کورتی مرۆڤ لێرە دەبێ پشوو درێژ بێ و ئەوەی هیچ ناکات، رەنگە رەخنە لە خەڵک بگرێ، کە بۆچی دەنگ ناهێنەوە.

- کارکردن لە شارەوانیەکاندا و هەڵبژێران وەک ئەندامی شارەوانی رێگە خۆشکەرە بۆ ناسین و تاقیکاری زۆرتر

- هەبوونی هزری تێگەیشتن لە سیاسەت، ئابوری و کولتور

- توانای کۆکردنەوەی ژمارەیەک خەڵک، بە تایبەت لە نەتەوەی خانەخوێ، کە لە کاروباری راگەیاندن و پێداچوونەوە بە نووسینەکاندا یارمەتیدەر و رێکخەرێ پرۆسەی هەڵبژاردنی بەربژێر بن

- بەربژێرەکان لە فینلەند بە دەنگی هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەرناچن بۆیە پێوستە لە هەڵسوکەوت، دەربڕین و کردەوەدا گۆڕەپانێکی بەرینتر لە بەرچاو بگرن. بۆ وێنە، ئەگەر رێژەی کوردە دەنگدەرەکانی شار و ناوچەیەکی ئەوەندە زۆر بو، کە بەربژێری کورد بتوانێ لە رێگای ئەوانەوە بۆ پارلەمان بچێ، لەو کاتەدا بەربژێر دەتوانێ کار لە سەر ئەو رێژەیە بکا.

- خۆبواردن لە نوێنەرایەتی کردنی کۆچبەران تەنیا لە بەر ئەوەی کۆچبەرە. بەربژێر پێویستە لە دۆخێکی ئاوادا خاوەنی بیرۆکە و پرۆژەی تایبەت بە خۆی بێ.

- لە نێو ریزی ئەو پارت و رێکخراوەی کە کاری تێدادەکات، هەڵسووڕ و چالاک بێ و شارەزای ئیدارە، بەرنامە، سیاسەت و ئامانجی درێژخایەنی ئەو پارتە بێ. هەڵبژاردنی پارتەکان لێرە و لە زۆربەی شوێنەکانی دیکە، باسێکی گرینگ و ماناداره و ناکرێ بە دوو قسە و باس مرۆڤ خۆی لە چنگی رزگار کات.

- هەبوونێکی ماددی هەبێ و لە کاتی هەڵبژاردندا کەڵکی لێوەرگرێ. جیهانی ئەمڕۆ بە راگەیاندن تەنراوە و زۆربەی بەربژێرەکان کات و پارەیەکی زۆر بۆ ئەو بابەتە تەرخان دەکەن. شایانی باسە، کە بڵاوکردنەوەی وێنە و بابەت و بیرۆکە بە مەبەستی هەڵبژاردن پارەیەکی زۆری دەوێ.

- بەربژێرەکان هەوڵبدەن، لە پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکی خۆماڵیدا دەستپێشخەر بن. ناکرێ بەربژێر چاوەڕێ بکا، کە خەڵک بۆ خۆی پێوەندی پێوە بکەن، بەڵکو لەو نێوەدا گرینگە ئەو کەسانەی هاوکاری بەربژێرن بۆ گەرم و گوڕکردنی ئەو پێوەندییانە دەستپێشخەر بن.

تێبینی: بەڕێز عەباس شوان لە پێوەندییەکی تەلەفوونیدا داوای کرد، کە لەو بارەوە کورتە نووسینێک ئامادە بکەم و روانگەی خۆم لە سەر ئەو بابەتە دەرببڕم.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٥

## سەدەی ٢١تان باش ئەی ئاشقانی سەرۆک

پێشکەشە بەو کەسانەی، کە ئاشقێکی سەرشێتی سەرۆک پارتەکانن و بە هەموو زمانێک هاوار دەکەن، کە لەو نیشتمانەدا " فحگ الرجال"ە. بۆ ئەوانەی، کە شەو و ڕۆژ هاوار دەکەن، کە کوردستان پێویستی بە سەرۆکە و سەرۆک پێویستی بە پۆست نییە. بۆ ئەو تاکانەی، کە لە جەرگەی رۆژئاوا و لە سەدەی ٢١دا سەرۆکی خۆیان بە سەرۆکی هەمووان دەزانن و نازانن، کە خۆیان و سەرۆکەکیان لای ئەوانی دیکە، تەنیا و تەنیا تاکێکی کۆمەڵگان و بە هیچ شێوازێک ناتوانن بە سەر هەورازی دڵە گەورە و تاکە ئازادەکاندا هەڵشاخێن.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهاندا مرۆڤ وەک تاک و کۆ خاوەنی نرخ و بایەخی خۆیانن. ئەوان ئامادەنین لە پێناوی مانەوەی تاکە کەسێک لە دەسەڵاتی سیاسیدا لە هاوڵاتیەکی ئازاد و سەربەست ببنە کۆیلەیەکی درێژدادڕ و بێدەسەلات. لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا کۆمەڵانی خەڵک خۆیان بە سەغیری سیاسی نازانن و رێگا نادەن، کە لە رێگای تاکە کەس، بنەماڵە و حیزبێکەوە بە گەمژە پێناسەبکرێن و یاری بە چارەنووسیان بکرێ. لە شەقامی سیاسیی نەتەوە بەختەوەرەکاندا هەرگیز خەڵک پەنا بۆ کەس نابا، کە دەبێ سەرۆکیان بێ، دەنا بە رۆژی ڕووناک لە سەر جادە و شەقام گورگ دەیانخوا. تاکی نەتەوەیەکی بەختەوەر ئەوەندە باوەڕی بە خۆیە، کە لە جیهانی دەنگدان و دەنگوەرگرتندا شەرم نەکا و سەرۆکی وەڵات بە هاوتای خۆی بزانێ. لەو وڵاتانەی کە سیستمی سیاسی چەسپاوە و بنەماکانی دەسەڵاتی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدەدەنەوە، ئەوە سیاسەتکار و پارتە سیاسییەکانن، کە سواڵی دەنگی هاوڵاتیان دەکەن و لە هەزار دەرگا دەدەن، کە خەڵک دەنگیان پێبدا.

لە ژێر سێبەری دیلایەتی و کۆیلایەتیی شاراوە و ئاشکرادا، تاک و کۆ هاندەدرێن، کە سەڵەوات لە دیداری سەرۆک لێبدەن. ئەوان لە پەروەردەی ڕۆژانەدا بە گوێیاندا چرپێندراوە و راهاتوون، کە ئەگەر تاکێکی خاوەن شکۆ و گەورەکراو نەبێ، ڕەنگە بکەونە بەر غەزبی خواوەندەکان و لە پاش مەرگیش لە سەر سەرپێچیکردن لە بڕیاری د سەرۆکە دیکتاتۆرەکان سزا بدرێن. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی، لە هەناوی بێدەسەڵاتیی و ملکەچیبووندا پەروەردە کراوە و دەکرێ و باوەڕی بە ئازادبوون و هاوتابوونی تاکەکانی کۆمەڵگا نییە. ئەو کولتورە پاشخانێکی پتەو و کۆنکرێتی بۆ سەرۆکە خۆسەپێنەکان بەرهەمهێناوە. لە ژێر کارتێکەری ئەو کەلتورەدا تاکەکان باوەڕیان بە چارەنووسی

چەقیو هەیە و بە لێکدانەوەی خۆیان ژێردەستەبوون و چەوسانەوە بەشێکە لە چارەنووسی ئەوان. کولتوری بێدەنگی و کۆیەلایەتی لە درێژخایەندا بێدەنگیی زۆرایەتی کۆمەڵگا دەخولقێنێ و لە ئاکامدا کۆمەڵگا تەسلیمی پاوانخوازانی دەسەڵات و سەرکوت دەبن و لە جیاتی بەرەنگاربوونەوە و راسان سروودی بژی سەرۆک و سەرۆکمان زێڕە دەڵێننەوە.

کوردەکان، لە ماوەی سەدان ساڵی رابردوودا لە جۆغرافیا و ژینگەی چەوسانەوەدا فێری وەدواکەوتن و گەشەپێدانی کولتوری دەروێشایەتی لە گەمە سیاسەتدا کراون. ئەوان لە زۆربەی سەردەمەکاندا وەک زۆرایەتی ملکەچی ئیرادەی دەسەڵات و زۆردارەکان بوون و وەک گەلانی دیکە خاوەنی دووربینیی و هزری رزگاری نەبوون. لە بن دەسەڵاتی سوڵتان، میر، پاشا، ئاغا، شێخ، موستەشار، سەرۆک عەشیرەت، سەرۆک هۆز و گوند و حیزبدا فێری وانەی راوەستابوون نەکراون و هەموو لایەک کوردیان وەک داردەست و ئامرازی راپەڕاندنی کار و دەستەبەکردنی بەرژەوەندییەکانیان بەکار هێناوە. ئەگەرچی کوردەکان لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریەوە بە رواڵەت بۆ ئەستاندنی مافی خۆیان بە شێوەی دابڕاو و لە ناوچەی جیاوازدا دژ بە دەسەڵاتە سەردەستەکان راپەڕیوون، بەڵام هێشتا کۆمەڵگای کوردەواریی و تاکی کورد لە ئاستێکی بەریندا شارەزای راست و چەپی سیاسەت نییە.

تاک و رزگاربوونی تاک و نەتەوە ستراتیژی قووڵ و بەرینی هیچ کام لە بزوتنەوەکان نەبوە و هەر کام لە بزوتنەوەکان لە سەدەی تازەشدا خوازیاری کۆکردنەوەی لشکرێکی زۆر و بۆر لە خەڵکانێکن، کە وەک گۆڕەپانی ئایین لە سیاسەت دەڕوانن. ستایل، شێواز و درووشمەکانی خەبات لە کردەوەدا نەبوونە دینەمۆی پاڵپێوەنانی تاک و کۆ بۆ خۆناسین و باوەڕ هێنان بە بڕوابەخۆبوون. هەموو توانا لابەلا و فرت و فێڵەکان بۆ ئەوە بوون و هەن، کە خەڵک فێری پاڕانەوە لە سەرۆک بنەماڵە و حیزبەکان بکەن و خەڵک هانبدەن، لە شەقامی سیاسەتدا زکر و تەلیلەی خۆگەوجاندن بکەن. لە کوردستاندا سەرۆکەکان لە بەر ئەوەی تایبەتمەندیی سەرۆکبوونیان تێدا نەبوە و نییە، زۆربەی پارتەکان ماشێنێکی گەورەی راگەیاندن و چیرۆک هۆنینەوەیان بە سەرمایەی خەڵک خستۆتە کار و تەنانەت نەوەی تازەشیان لە خشتەبردوە. گەلێکی زیندوو خۆی لەو سەرۆکانە بێبەری دەکا، کە گاڵتە بە چارەنووسیی گەل و هاوڵاتیان دەکەن. خەڵکانێک کە تەنانەت هەڵگری پاشخانی خاوێن نین و دوورن لە راستگۆیی بە شێعر و ماستاوکردنی ئەم و ئەو نابنە باڵداری سیاسی.

شەپۆلی بە کویلەکردن و گەوجاندنی کۆمەڵگا و تەنانەت تاکە کوردەکانی پەڕیوەی ڕۆژئاوا و دووره وڵات ئەوەندە زۆر و بەرفراوانە، کە مرۆڤ دەتاسێنێ. زۆرن ئەوانەی، کە ڕۆژانە دڵیان بەوە خۆشە لە مێدیای کۆمەڵایەتیدا چەند وێنە و درووشمی فڵانە سەرۆک پارت بڵاو کەنەوە و بە ناوی "سەرۆکی کورد و کوردستان، باوکی رووحی و سەرۆکی نەتەوەیی کورد" دەرخواردی خەڵک دەدەن. کۆیەلەکانی دەسەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا ڕۆژانە بە شکڵ و ستایلی جیاواز بانگەوازی کۆیەلایەتی کۆمەڵگا بڵاودەکەنەوە. ئەوان لە روانگەی کولتوری خۆبەدەستەوەدان و کۆیەلایەتیدا دەڕواننە هەموو کۆمەڵگا و بە تێگەیشتنی ئەوان هەموو کوردستان دەبێ بەدەوری باڵای ناسەرۆکەکاندا سەما بکەن. کوردەکان و کۆیەلەکانی دەسەڵات و حیزب ئەو هاوکێشە ئەزەلییە لەبیردەکەن، کە گەلانی ئازا و ئازاد بە هێز و وزەی خۆیان رزگار بوون و دەبن. نەتەوە بەختەوەرەکان هەرگیز تاکێکی سیاسەتکار ناکەنە روخسارێکی پیرۆز و ئەوە تاکە دەسەڵاتخوازەکەیە، کە ملکەچی یاسا و دەسەڵاتی گەلە. کوردان هەتا لەو بازنەیە رزگار نەبن و بە دەنگێکی بەرز نەبنە خاوەنی خۆیان، ناتوانن لە تاریکستانی دیکتاتۆرییەت رزگاریان بێ. ئازادبوون پرۆسەیەکە، کە لە تاکەوە دەست پێدەکا و ئەوانەی دەخوازن تاکەکان بکەنە کۆیلەی سەرۆکە کۆیلەکان، بە هەموو عورف و یاسایەک قەرزداری نەتەوەکەیانن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٥

---

## لە پەراوێزی یەک لاپەڕە لە کتێبی "نسکۆ و دابڕان"ی مستەفا هیجریدا

لەو رۆژانەدا یەکێک لە لاپەڕەکانی کتێبی ئاماژەپێکراو لە تۆڕی مێدیا کۆمەڵایەتییەکاندا فڕکە فڕکیەتی. شایانی باسە، کە ژمارەیەک کەس لە دووری دوورەوە خۆیانکردوّتە پارێزەری ئەم و ئەو و رەژیی کۆنەقینەکان دەگەشێننەوە. بە وتەی ئینگلیسیەکان ناکرێ لە سەر بەرگێک داوەری لە سەر کتێبێک بکەین. لە ژێرتیشکی ئەو وتەیەدا و بە گوێرەی لۆژیک خۆم لە باسی کتێبکە دەبوێرم، چونکە خۆم نەمخوێندۆتەوە و تەنیا ئەو لاپەڕەیەم چاولێکردوە، کە بڵاوکراوەتەوە. لەو لاپەڕەیەدا، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، مستەفا هیجری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جیاکردنەوە و لەتکردنی حیزب پاش کۆنگرەی ١٣ی بە سەرشۆڕی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێناسە دەکا و ئەو دەربڕینە هەرای ناوەتەوە. دەستەواژەکان و وشەکان مانای جیاوازیان

هەیە و رەنگە لە سۆنگەی جیاوازەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. زۆربەمان لە سەر ئەوە کۆکین، کە نووسین و دەربڕینەکان ئەگەر بە زمانێکی پاراو بن باشتر ئامانج دەپێکن.

ئەو کتێبە لە باشووری کوردستاندا دەستدەکەوێ و دەکرێ لایەنی بەرامبەر، ئەگەر بیهەوی، بە شێوازی جیاواز قسەی لە سەر بکات. بێجگە لەوە ئەگەر بخوازرێ، تاکێک و رەخنەگرێک دەتوانێ هەڵسەنگاندنی چەند لایەنە بۆ ئەو کتێبە بکا. لە هەڵسەنگاندنەکاندا دەربڕین، زمانی نووسین، فاکت و ئارگومێنت، قەوارە و کۆی کتێبەکان دەدرێنە بەر باس. بە واتایەکی دیکە، شارەزایەک کتێبەکە سەروبن دەکا و بە شێوازێکی بێلایەنانە دەقەکە دەداتە بەر رەخنە و بە نووسین بڵاوی دەکاتەوە.

کوردەکان خەڵکانێکی سەیرن و هەر ئەو کردەوە و ئەخلاقەیە کە پاڵی پێوەناون، پاش دەیان ساڵ ژیان لە رۆژئاوا هێشتا قازانجێکی کەمیان بۆ پارتەکان نەبێ. دەمەتەقەی مێدیا کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ئەو لاپەڕە کتێبە دەرخەری لاوازیی و کولتوری بێ سەرەوبەرییە. پەیامە دژبەرەکانی ئەو چەند رۆژانە بۆن و بەرامەی سەردەمێکیان لێدێ، کە ئەندامانی حیزب لە ئورووپا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ دژایەتیکردنی یەکتر بەکاردەهێنا و چاک و خراپیان تێکەڵکردبو. ئەو پەیامانەی ئەوکات لە ساڵۆن و کۆبوونەوەکاندا دەگوتران و دەبیستران، ئەمڕۆژانە جارێکی دیکە گوڵیان کردۆتەوە و بەشێک لە لایەنگرانی هەردووک لا حەسەنزادە و هیجری بە دەریا دەشوبهێنن و ئەوانی دیکەش بە ناپاک!

بەشێک لە ئەندامە دێموکڕاتەکان لە گوێی گادا خەوتوون و ئاگایان لەوە نییە، کە مرۆڤەکان لە گەڵ هەموو لایەنە باشەکانیاندا هەرگیز لە خەتا و هەڵە دوور نین. ئەوە دارمانی کەسایەتیی و بەتاڵبوونی مرۆڤەکانە، کە پاڵیان پێوەدەنێ ببنە بە سەرچۆپی کێشی ئاژاوە و ئاورخۆشکردن. ئەوان لەو رێچکەیەدا بە یەکێک و لایەنێک سووکایەتی دەکەن و تاک و تەڕەفێکی دیکە دەبەنە تەشقەلانی ئاسمان. مرۆڤ زانا و پێگەیشتووەکان خۆیان نەک پێ دەریا نییە، بەڵکو لە ئاستی دلۆپەشدا خۆیان نابینن. ئێمەی کورد ئەگەر خاوەنی ئەو هەموو دەریایەین، چۆنە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە ئەندامێکی سەر بە پارتێکی سیاسیی دەستەوەستانین؟ ئەگەر ئەو هەموو دەریایە لە تەنیشتمانن، چۆنە خۆمان سوودمەند نەبووین و بۆمان نەلواوە کولتوری سوکایەتیکردن و جنێودان تێپەڕێنین؟ لە تەنیشت ئەو دەریا و زانایانە، چۆنە چەند کەسێک دار و بەرد دەکەنە دژبەری یەکتر و کولتوری شکاندن و

سوکایەتیکردن بە یەکتر دەکەنە تاکتیکی خەباتی حیزبێک؟

سوننەتی شکاندنی کەسانی دیکە و بەرزکردنەوەی خەڵکانی دیکە بە سیاسەتی خۆشیرینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکان لێکدەدرێتەوە و زۆر دەگمەنن، ئەو مرۆڤانەی، کە تەنیا وەک هەڵوێست و دژکردنەوەی ویژدانی لەو ساتانەدا دەدوێن. لەو رۆژگارەدا کە کوردە رۆژهەڵاتییەکان و دیموکڕاتەکان دژوارترین رۆژەکانی خۆیان تێپەڕ دەکەن و لە گۆڕەپانەکەدا دەست بەتاڵ ماونەوە، شیر و تیر سوین لە یەکتر بە ناوی پارێزگاری کردن لە عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری چ مانایەکی هەیە؟ ئایا باشتر نەبو، کە دەرفەت بە خوێنەران بدرێ خۆیان پاش خوێندنەوەی کتێبی "نسکۆ و دابڕان" بینە داوەری راستەقینە و بە چاوێکی رەخنەگرانە لە رووداو و دەقەکان وردببنەوە!

شایانی باسە، کە مستەفا هیجریی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئێستا زیندوون و دەکرێ بە شێوازی جیاواز و لە کاناڵی جیاواز لە سەر ئەو کتێبە و بابەتەکانی دیکە بدوێن. لە جیهانی ئەمڕۆدا مرۆڤەکان بە ئازادی دەنووسن، بەڵام بەرپرسیارەتیان لە سەر شانە و ناکرێ تیرەکان بە بێ بیرکردنەوە لە کەوان دەربپەڕێنن. ئێمە دەزانین، کە لە سیاسەتدا و لە زمانی زارەکیدا دژبەرە سیاسییەکان وتەی زۆر توندتریان بە یەکتر گوتوە و دەڵێن و تەنانەت کولتوری باسکردنی پشتەملە لەو بارەوە لە کوردستاندا هاوار دەکا.

با لێگەڕێین تاکەکان بیروڕای خۆیان بە نووسین دەرببڕن و بە شێوازی نووسین بخرێنە بەرتیشکی رەخنە. سووکایەتیی و شکاندنی کەسانی دیکە بە ناوی بەرگریکردن لە ئەم و ئەو، خێری بۆ هیچ لایەک نییە. کردەوەکان دەیسەلمێنن، کە زۆرمان ماوە و ئەو دروشمانەی باسیان کراوە و دەکرێ، لە گەڵ کردەوەکانماندا رێگایەکی دوور و درێژیان بەینە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجیری دوو تاکی جیاوازن، بەڵام لە حیزبی دیموکڕاتدا خاوەنی رابردوویەکن و ئەگەر رق و کین لەبەیندا نەبێ، هەر دووکیان لایەنی باش و نەرێنیان هەیە. هیچکامیان ئەوەندە خەراپ و نەرێنی نین، کە لایەنی بەرامبەر بیری لێدەکەنەوە و هیچکامیان ئەوەندە پاک و بێگەرد نین، کە بەرماڵیان لە سەر ئاو بڕوا...

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٥

## بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕەوتی هەڵپەی دەسەڵات و ونکردنی ڕێگادا

گۆڕان لە دوای هەڵبژاردنەکانی پارلەمانیی باشووری کوردستان، دروشمی چوونە حکومەتی بەرزکردەوە، کە بە هەڵەیەکی گەورە پێناسەدەکرێ. لە رابردوودا لەو بارەوە روانگەی خۆم دەربڕیوە و بە تێڕوانینی من تاقیکارییەکی دژوار دەبێ. ڕەنگە ئەو سیاسەتە سەرئەنجام بگاتە کۆڵانە داخراوەکە و پرسی گۆڕان و چاکسازی ببێتە تەڕاویلکە. لە ماوەی رابردوودا، لە سیاسەتە راستەقینەکانی گۆڕان بەرامبەر زۆر بابەت و یەک لەوان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەگومان بوم، چوونکە سیاسەتی فەرمی بزوتنەوە و ڕێکخەرەکەی لەوبارەوە نادیارە.

چۆڵکردنەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و راکردن بۆ بەرەی دەسەڵات لە بەرژەوەندی پرۆسە و ڕەوتی دێموکڕاسی و تەنانەت چاکسازیدا نەبوە و نییە. ئەوان بە تێکەڵبوونی نیوەچڵی بە بازنەی دەسەڵات، ئیرادە و توانای دەنگدەر و خەڵکی ناڕازیان هەرزانفرۆش کرد. گۆڕانی بنەرەتی و گەورە کات و وزەیەکی زۆر و کولتورێکی هاوسەنگ دەخوازێ و بە چەند وەزیر و پۆستێکی پارلەمانی تەنیا ئەرکە رووتینەکان رادەپەڕێندرێن.

پارتی دێموکڕاتی کوردستان یەکێک لەو پارتانەیە، کە تێڕوانین و ستراتیژیان پڕە لە سیاسەتی شاراوە و ئەگەر کۆمەڵگا و تاکەکانی وریا نەبن لە کۆتاییدا بە قۆڵبەستکردنی کۆمەڵگا کۆتایی دێ. ئەوەتا ئێستا لە پارلەمانی کوردستاندا، لە سەر ئازادیی بیروڕا دەربڕین پەلاماری پارلەمانتار دەدەن. پارلەمانتارێک، کە تەنیا تاوانی قسەکردن و دەربڕینی تێڕوانین و لێکدانەوەکانیەتی. پەیامەکان دیارن و باس لە چیرۆکی خۆسەپاندنی بنەماڵە دەکەن، کە گۆیا ئەوان کوردستان دەکەنە دوبەی. بە تێڕوانینی پارتییەکان، مەسعود و باقی ئەندامانی بنەماڵە لە نێو پارتیدا کەس شان لە شانیان نادات و هەتا مردن سەرۆکن! جێگای داخە، کە نەتەوە ژێردەست و خەڵکە هەژارەکان و تەنانەت بەشێک لە توێژی بە ناو خوێندەوار لە ژێر سێبەری سەرەڕۆییدا راهێنراون، کە ئەگەر فلانە کەس سەرۆک نەبێ، ژیان دەوەستێ و کەس ڕۆژانە بە ماڵی خۆی نازانێتەوە و وڵات هەتیو دەکەوێ! ئەو رەچەتەیە بۆ کۆمەڵگای کوردستان نایخوا و سەپاندنی سەرۆک بنەماڵە و پارتێک بە زۆر و فرت و فێڵ بە سەر خەڵک و خاکدا کارەساتی لێدەکەوێتەوە. بیری سەپاندن و زیادکردنی ڕێژەی کۆیلە سیاسییەکان لە گۆڕەپانەکەدا چارەی کێشەکان ناکا و ڕەنگە لە کۆتاییدا ریسەکە بە تەواوەتی بکاتە خوری.

گۆڕان ئەگەر پشوو درێژ بایە و خوازیاری کولتوری ئاڵوگۆڕ، دەکرا ماوەیەکی دیکە لە ڕێڕەوەکەدا کۆکەرەوەی خەڵکی ناڕازیی و درێژەدەری ڕێبازی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی رەسەن و ئۆپۆزیسیۆن بایە. ئەوان بە هەر هۆکارێک بێ، لە ڕێگای هەڵپەی دەسەڵاتدا ڕێگا و ئامانجە سەرەکیەکەیان لەبیرکرد. بزوتنەوەی گۆڕان بە رەچاوکردنی سیاسەتی هەڵە چەند زەبرێکی لە پەیکەری بیرۆکەی گۆڕانخوازانی باشووری کوردستان و بزوتنەوەی چاکسازی وەشاند. داڕێژەرانی سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان و بڕیاردەرەکان لەو بارەوە لە چەند لایەکەوە رۆڵ و نەخشی نەرێنیان هەبوە و دەکرێ ئاماژە بەو چەند خاڵەی خوارەوە بکرێ:

یەکەم، ڕێژەیەکی زۆر لە تاک و ئۆگرانی ئاڵوگۆڕ و بزوتنەوەی چاکسازیی لە خۆی تاراند.
دووهەم، ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگدەرانی کوردستان و خوازیارانی کۆمەڵگایەکی ئارام و

دادپەروەری، لە پرۆسەی دەنگدان نائومێدکرد و وزە و هێزێکی زۆری پاسیڤکرد.

سێهەم، لە پانتایی باشووری کوردستاندا دەنگی خەڵک و ناڕازیان لە بازنەی ئۆپۆزیسیۆندا کپ و بێدەنگکرا و بەمجۆرە بێ متمانەییەکی گەورە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا.

لە ئاکامی سیاسەتی بە ناو ئۆپۆزسیۆنی رابردوو لە دوای هەڵبژاردنەکان، دەنگە ناڕازییەکانی سەر شەقام کپ کران و بە ناوی شەڕی دژی داعش و هتد. گەندەڵیی لە رابردوو زیاتر گەرای خست. راگەیاندنی گۆڕان لە بەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بە ناو گۆڕان، لە بڵاوکردنەوەی روانگە و نووسراوی زۆر سادە و ساکار خۆدەبوێرن، بەڵام بە دڵفراوانیەوە پەیام و درووشمەکانی پارتی و سەرۆکەکەی بڵاودەکەنەوە. سیاسەتکار و نەخشەداڕێژەکانی گۆڕان فریوی سیاسەتی پارتی دیموکراتیان خوارد و لە پرۆسەیەکی نادیاردا زمانیان لە گۆچو. ئەوان بە ئاسانی کەوتنە داوی سیاسەتی فەرمی پارتی دیموکرات کە لە سەر دوو هێڵی داڕێژراوە و دادەڕێژرێ. سیاسەتی توند و نەرمی سەرۆکی پارتیی و جێگرەکەی، کە زۆر سیاسەتکار و بە ناو روناکبیری لە خشتەبردوە.

ئۆپۆزسیۆنە فەرمییەکەی پێشووی باشوور، کە ئێستا لە بازنەی حکومەتدا جێیان گرتوە، لە هەموو لایەک کەوتوونە داوی جاڵجاڵووکەیی بەشبەشێن و هەتا پۆست و خاڵەکان دیاری دەکرێن، وەرزی چوار ساڵی حکومەت

تێپەڕدەبێ. لەو نێوەدا ژمارەیەک لە ئەندام پارلەمان و کەسانی دیکە وەک ئەرکی خۆیان کەم و زۆر لە سەر بابەتە سەرەکیەکان دەدوێن، کە باری قورسی درووشم و وتەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆنیان لە سەر شانە. ئەو تاکانەش، ئەگەر لە لایەن کۆی بزوتنەوە بەرگریان لێنەکرێ و پشتگیری نەکرێن، بێگومان درەنگ یا زوو تێکەڵ بەو خەڵکانە دەبن، کە لە بزوتنەوە و سیاسەتەکانی تۆراون و سیاسەتی بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

دەرچوون لە حکومەت و گەڕانەوە بۆ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن زۆر سەربەرزانەترە لە درێژەدان بە سیاسەتی چاولەدەستبوون و خۆکرکردن. لە نیشتمانێکدا کە ئازادیی تاکەکان و تەنانەت نوێنەرانی خەڵک پارێزراو نەبێ، چ دوارۆژێک چاوەڕوانیەتی؟ لە نیشتمانێکدا کە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبێ، مافی تاک و گەل چ بایەخێکی هەیە؟ خاکێک کە هەڕراجکرابێ و ژێر زەویی و سەرزەوی لە چنگی خاوەن راستەقینەکانیدا نەبێ، بە کام لۆژیک سەردەکەوێ؟ سەرۆک پارتێک، کە تەنیا مردن لە کورسی دەسەڵاتی جیابکاتەوە و بە هەموو فرت و فێڵێک خوازیاری مانەوە لە دەسەڵاتدا بێ، بە کام پێناسە خزمەت بە خەڵک دەکا؟

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٥

---

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری

سڵاو و ڕێز،

ئێوە بۆ دژایەتی سیستەم و دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە ئێراندا خۆڕاگر و ئازا، بەڵام لە پێداچوونەوە بە هەڵەکان، دابڕان لە یەکتر، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتیی کەوتنەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان کز و بێمەیل.

ئێوە تەمەنێکی زۆرتان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا تێپەڕ کرد. بە ساڵان لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکڕاتدا بە هەموو جیاوازییەک، هاوکار و هاوسەنگەر بون، بەڵام ئەمڕۆ

ئامانجی رق و قینی کەڵەکەبووی یەکتر.

ئێوە پشکی خۆتان لە سەرکەوتن و شکانەکان بەردەکەوێ . دڵنیابن، کە نە دەریان، نە فریشتە و نە دێو. ئێوە وەک ئێمە دوو مرۆڤن، کە کراوەن بۆ چاکە و خەراپە. ڕێگامەدەن، کە بە ناوی لایەنگریی لە ئێوە دیواری بێ بڕوایی لەوە زیاتر بالا بکا و ئاوری هەستی تۆڵەسەندنەوە زیاتر کڵپە بستێنێ و کولتوری یەکترشکاندن بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

بەڕێزان هیجری و حەسەنزادە،

دەرفەت کەمە و ژیان کورت، ڕێگا مەدەن کولتوری یەکتربوغزاندن و شکاندن لەوە زیاتر پەرەبستێنێ. ئەگەرچی لە ڕەوتی کار و تەنانەت بەرهەمهێنانی دوو بەرەی دژبەر لە حیزبی دێموکڕاتدا تەنیا نەبوون و نین، بەڵام بەرپرسیارەتی قورس دەکەوێتە سەر شانی ئێوە. ئەگەر ئێوە لە ڕابردوودا خوڵقێنەری کولتوری ڕەخنە لە یەکترگرتن و پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی و دانپێدانان بە هەڵەکان بوونایە، بێگومان رق و کینەکان و گیانی تۆڵەسەندن کڵپەی نەدەسەند و لە کۆتاییدا حیزبی دێموکڕاتی بەرەو ئاقاری لاوازبوون و لەتبوون نەدەبرد. ئەگەر درێژکەرەوە و ئەندازیاری دابەشکاریی بە ناو "ناوەند، جنووبی و شیمالی" نەبوون،بێگومان لە ژێر باڵ و دەسەڵاتی ئێوەدا ئەو کولتور ناوچەگەرایی دێموکڕاتیزەکراو! گەشەیەکی شێرپەنجەیی کرد و لە ئاکامدا ئەمڕۆی لێ شین بۆوە. لەوە تێدەگەم، کە هەموو سیاسەتکارەکانی سەر گۆی زەوی و تەنانەت ڕابەڕە گەورەکان دڵخۆشن بە بوونی لایەنگر و لێشاوی پشتگیری کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت پەرەپێدانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژیەکانیان. ئەوە تایبەتمەندییەکی مرۆڤە و لە سنووری خۆیدا گونجاو و هاندەری هێز و وزەی مرۆڤەکانە لە پێناوی ژیانێکی بەختەوەردا. وەک خۆتان ئاگادارن پرسی گەلی کورد و ئاڵۆزبوونی ئەو کەیسە ئێمەی لە بەردەم سەردەم و ڕێکاری هەستیارتردا داناوە و ئەگەر لە لوتکەی بەرپرسیارەتیدا مۆڕاڵ و ئەخلاقی بەرپرسایەتی و بڕیاردان پاشگوێخەین، خۆمان لە چەق و قوڵایی کف و کوڵە سەرکێشەکاندا دەبینینەوە.ئەوە کێشەی گەورەی بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتکارەکانی جیهانی ئەمڕۆیە، کە خۆیان لە ڕابردوودا قەتیس هێشتۆتەوە و لە بازنەیەکی تەم و مژاویدا خەریکی ڕاوکردنی بەرژەوەندییەکانیانن.

هەردووکتان بە گوێرەی شارەزایی و لێزانی هەوڵتانداوە لە چوارچێوەی حیزبێکدا، کە خاوەنی ڕێبەرێکی خۆنەویستی وەک قازی محەممەدە، لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵ و نەخشتان هەبێ. لەو بارەوە خاوەنی زۆر خاڵی ئەرێنی و نەرێنین و ئەمە تایبەتمەندیی و سرووشتی کار و تێکۆشانی مرۆڤەکانە، کە لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەرنین. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە پێگەیشتوەکان گەیشتن بە لوتکەی خۆناسینە، کە مرۆڤ لە ئاسمانەوە دێنێتە سەر زەوی. لە ژێر تیشکی ئەو تێگەیشتنەدا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامە، کە لە پێدەشتەکانی زانیاریی و زانستدا نەک دەریا نییە بەڵکو لە دڵۆپەیەک ئاو دەچێ، کە تێکەڵ بە دەریای بوون دەبێ.

لەو ساڵانەی دواییدا لە ژێر شوێنەواری کولتوری تەقینەوەی رق و کینەکاندا لایەنگرە دوو ئاتەشەکانتان بە مەبەستی جیاواز و بەرژەوەندی خۆیان ئەو ئاورەیان خۆشکرد، کە ساڵانێکە بە شێوازی جیاواز ژێر خۆڵەمێش کرابو. لشکری لایەنگرەکانتان لە سنوور دەرچوون و لە روانگەی خۆشەویستی کوێرانە یەکێک دەکەنە فریشتە و ئەوەی دیکە دێو. ئێستا مرۆڤ سەری لەوە سووڕماوە، کە بێدەنگی ئێوە بەرامبەر بە کف و کوڵ، خۆشەویستی و رقی لایەنگرەکانتان هەتا کەی درێژەی هەیە؟ لە کام کولتور و ناوچەی سەر گۆی زەوی، نەتەوەیەک بەم شێوازە گەل و نیشتمانەکەیان رزگارکردوە و دەکەن؟ نیشتمانێکی ژێردەستە و گەلێکی چارەڕەش بە کام یاسا بە جیاکردنەوەی ناوەند،باکور و باشووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکتر و تیژکردنەیان لە بەرامبەر یەکتردا ( بۆ شکاندنی یەکتر و دەرپەڕاندنی یەکتر و باڵکردنی دێموکڕاسی) رزگاریان دەبێ؟

ئێوە بڕیار بو، لە بازنەی خەبات بۆ ئازادیی و دێموکڕاسیدا ڕێبەرایەتی گەلێکی ژێردەستە لە رەوتی خەبات بۆ ئەستاندنی مافەکانیان بکەن. درووشم و وتەکانتان پڕ بوون لە وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدان، بەڵام کردەوە و حەزی یەکترشکاندنتان ڕێبوارانی ڕێگای دێموکڕاتی لێکتەوەللا کرد. پێکەوەبوونی ساڵانی رابردووتان و پەروەردەکردنی ژمارەیەک لایەنگری ئاورخۆشکەر بە کام یاسا و ڕێسا لێکدەدرێنەوە؟ ئەگەر کولتوری بەرامبەرکێ لە گەڵ یەکتردا نەگۆڕن و لایەنگرەکانتان واز لە کولتوری یەکترشکاندن نەهێنن، لە بەرامبەر نەوەی دوارۆژدا چ وڵامێکتان هەیە؟ بۆ ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات و دوارۆژە نادیارەکەی چ هەڵوێستێکتان هەیە و چەندە ئامادەن، ماڵئاوایی لە کولتورێک بکەن، کە هێز و وزەیەکی زۆری ئەو نیشتمانە بەفیڕۆ داوە؟

بە گوێرەی هەموو هاوکێشەیەک کەوتوونە بەردەم هەڵگرتنی باری بەرپرسیارەتی. ئازایەتی لەوەدایە، کە پێکەوە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و ماڵئاوایی لە کولتوری خۆ بێبەریکردن لە کەم و کورتیەکان بکەن. کاتەکان بە پەلە تێدەپەڕن و کولتوری یەکترشکاندن و رووشاندنی یەکتر لەوە زیاتر شۆڕمەکەنەوە بۆ خوارێ. ژیان بۆ کەس هەتا سەر نییە و هەتا دەرفەت هەیە ببنە پێشەنگی رەخنەلەخۆگرتن و ببنە ئەندازیاری چاککردنەوە. هەتا ژیان درێژەی هەبێ، دەرفەتی قەرەبووکردنەوە هەیە. هیوادەردەبڕین، کە ببنە پێشڕەوی بزوتنەوەیەک، کە لەم مەڵبەندەدا ون و شاراوەیە. بزوتنەوەیەک لە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی چوونە سەردای قازییەکان و لە رەخنەلەخۆگرتن و رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تەوژمی شکان و کەوتنەکانناپرینگێتەوە. لە جیاتی تیژکردنی چاوەکانتان لە سەر خاڵە نەرێنیەکانتان، روانگە و شێوازتان بگۆڕن و بە کردەوە بەو لایەنگرە ئاورخۆشکەرانە بسەلمێنن، کە هەڵەکانیش بێ باوک نین. ئەگەر ئۆگر و عاشقی بوون بە دەریان، بە کولتوری یەکبوون، پێکەوەبوون و نەخشەرێگای کارا دەتوانن ببنە هێز و دەریا و شەپۆلەکانتان موژدەی بەتەوژمبوونەوەی گیانی بەرەنگاری بە لێوارە ماندوو وشکەکان نیشتمان بگەیەنن.

لە گەڵ رێزدا

عەزیز شێخانی

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## هەڵمەتی "رەنجی شەهیدان"؟

"سەرۆکی وڵاتە دیموکراتیکەکان و تەنانەت سەرۆک حکومەتەکانیان لە بەر ماندووبوون و هەڵگرتنی باری قورسی بەرپرسایەتی لە کۆشکەکانی سەرۆکایەتی بە قژی سپیی و جەستەی ماندوو دێنەدەر. لە هەرێمی باشووری کوردستاندا لە بەر نەبوونی بەرپرسیارەتی و ئەرک، سەرۆکەکان باشتر لە جاران کورد گوتەنی وەک شانشینی

دیوەخانەکان خۆیان دەڕەنگێنن و لە خواپێداوەکانن."

---

گەندەڵی هاوار دەکا و بازاڕی ڕەشی سیاسەت لە کوردستاندا مۆڕاڵ ناناسێ. پارەی گومرگ، بازاڕی ڕەش و سپیی نەوت، دۆلارەکانی بریمەر، بودجەی ساڵانی زووی بەغدا، داهاتی نێوخۆ، داهاتی تەلەفوون، عەرزە و باڵەخانەکان، لشکرێک لە مووچەخۆری بن سێبەر و سەدان ڕیکخراوی سەر بە پارتەکان لە هەرێمی قەزاوقەدەردا باس لە ڕەنجی کوردان دەکەن. با ڕەنجی ڕووداو لە خۆیەوە دەست پێ بکا و بزانێ داهاتی مانگانەی خۆیی و تێچووی کاناڵی ڕووداو لە چ سەرچاوەیەک هەڵدەقوڵێ؟

لەو شەوانەی ڕابردوودا ڕاگەیەندکارێک لە کاناڵی تەلەڤیزیۆنی ڕووداودا هەڵمەتی کۆکردنەوەی پارەی بۆ بنەماڵە و پاشماوەی شەهیدەکان ڕاگەیاند، کە بە ناوی "ڕەنجی شەهیدان" ناسێندرا. کۆکردنەوەی یارمەتی هاوڵاتیان بە مەبەستی چاکەخوازی کارێکی گونجاوە و لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بە مەبەستی جیاواز هەڵمەتی جۆراوجۆر ڕادەگەیندرێ. کرۆکی کێشەکان ئەوەن، کە لە کوردستاندا گەندەڵی هاوار دەکا و سەرزەویی و ژێر زەوی فرۆشراوە و دەزگای حکومەت خۆی لە چارەسەرکردنی پرسەکان دزیوەتەوە. حکومەتی هەرێمی کورستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەرێمی بەرەو کۆڵانێکی داخراو بردوە. بەرپرسانی هەرێم و حکومەت بە بۆن و بەرامەی بازرگانی سەرسنوور و گومرگەکان حکومەت، پارلەمان و دەزگا ئیداریەکان هەڵدەسووڕێنن. لەو نێوەدا سەرۆک پارت و بە تایبەت پارتە دەسەڵاتدار و خاوەن کەیسی نەوتەکە لە حکومەت دەوڵەمەندترە و پارلەمان و دەزگای قەزا لەو گۆڕەپانەدا تەنیا ڕۆڵی شانۆکاریان بۆ ماوەتەوە.

داکەوتنی ئەو کەمپین و هەڵمەتە وەک هەموو دیاردە و بۆنەکانی دیکە سۆز و کف و کوڵی نەک خەڵکی ئاسایی بەڵکو بەرپرسانی جوڵاندوە و دەستە دەستە سیاسەتکار و بازرگان تیکەڵ بەو لیستەیە دەبەن. کەس ناپرسێ، کە ڕووداو و خاوەنی ڕووداو لەو بەینەدا بە کام داهات کار دەکەن و چەندە ئامادەن لە گەڵ شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدەکاندا ڕاستگۆ بن. کەس ناپرسێ، دەوڵەمەندە گەورە و پارتە بازرگانەکان ئەو پارەیەی، کە بڕیارە وەک چاوبەستن بیدەنە کەمپینی جوانکاری دەسەڵات و مافیاکانی دەسەڵات و ئابوری چۆن و کەی ئەو پارە خەیاڵیانەیان حەپەلۆش کردوە؟ ڕۆژانێک لەو باشوورە نەک سەرمایەداری گەورەت گیر نەدەکەوت، بەڵکو قوتی حیزب و خەڵک

لە سەر گۆمرگی سەر سنوور و نێوان ئەمارەتی بارزان و تاڵەبان و کاری رۆژانەی خەڵکی ئاسایی بو. لە بیرمانە، کە لە نەوەتەکاندا خەڵکی هەژار و بنەماڵە کەم دەستەکان لە کاتی دروێنەی گەنم و جۆدا بە دوای دەڕاسەدا بە کۆمەڵ رایاندەکرد و خەریکی کۆکردنەوەی گوڵە گەنم و جۆکان بوون.

لشکری موچەخۆرانی بن دیوار لە باشووری کوردستاندا لە ژێر سێبەری ئەو دۆخە گەندەڵەدا هاوڕێ لە گەڵ پارتە سیاسییەکان و سەرۆکەکانیان درێژە بە گەمەی خۆیان دەدەن و بۆ شاردنەوەی پەرێزەکانیان بوونە سەربازی رەنجی راگەیەندکار. بە وتەی برادەرێکی باشووری، رەنج و لشکری راگەیەندکارە حیزبییەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو خەڵکانن، کە بە پارەی بازرگانە سیاسەتکارەکان خەریکی هۆنینەوەی شێعر و پەخشانن. لە ژێر سێبەری حکومەتێکی چارەڕەشدا کە لە بن پاڵەپەستۆی حیزبە گەورەکاندا شەکەت و داهێزراوە و بۆ مانەوە ناچارە پەنا بۆ حیزبە خاوەن پارەکە بەرێ، هەڵمەتەکانی لەوجۆرە بە چ رێژەیەک سەرکەوتوو دەبن؟ لە وڵاتێکدا کە حکومەت خۆی لە هەموو کەم و کۆڕییەکان بێبەری دەکا و پارلەمان لە جیاتی پرسینەوە لە کابینەی حکومەت خەریکی گەڕەلاوژەی سەفەر و دیدارە، چۆن دەتوانرێ پێداویستیەکانی خەڵک و بە تایبەت ئەوانە دابین بکرێن، کە دوارۆژێکی گونجاو و ئەرێنی چاوەڕوانیان ناکات؟

سەرۆکی وڵاتە دێموکڕاتیکەکان و تەنانەت سەرۆک حکومەتەکانیان لە بەر ماندووبوون و هەڵگرتنی باری قورسی بەرپرسایەتی لە کۆشکەکانی سەرۆکایەتی بە قژی سپیی و جەستەی ماندوو دێنەدەر. لە هەرێمی باشووری کوردستاندا لە بەر نەبوونی بەرپرسیارەتی و ئەرک، سەرۆکەکان باشتر لە جاران کورد گوتەنی وەک شانشینی دیوەخانەکان خۆیان دەڕەنگێنن و لە خواپێداوەکانن. نیشتمانێک کە بەرپرسەکانی بەرخۆر و کارنەکەر بن و هاوڵاتیان خەریکی داتاشینی موچەی بن سێبەر بن، بارودۆخی لەوە باشتر نابێ. رەنگە ئەمڕۆ باشووری کوردستان و عێراق خاوەنی نەوت بن، بەڵام رۆژێک ئەو نەوتە نامێنێ.

لە ئاکامدا ئیدارەی هەرێم و راگەیشتن بە هاوڵاتیانی هەرێم بە شێعر نابێ و هونەر و وردبینی دەوێ. هەڵمەتەکان و کەمپینەکان ناتوانن ئەرکی حکومەت راپەڕێنن. لە کوردستاندا رەنگە حکومەت و سەرۆکەکەی لە بەر خاتری مێدیا و جوانکردنی روخسار و سیمایان خۆیان لە ژێر دەواری کەمپین و هەڵمەتەکاندا بدۆزنەوە. رەنجی شەهیدان شێعر و پەخشان نییە، کە ئەم و ئەو جار و بار بە وێنەیەکی خەیاڵیەوە لێرە و لەوێ بڵاوی

کەنەوە. ڕەنجی شەهیدان ئەو خاکەیە کە هەڕاج کراوە و ئەو ئازادییەیە کە خەریک لە پێناوی سەرۆکە خۆسەپێنەکاندا دیل دەکرێ. ڕەنجی شەهیدان ئەو دۆخەی خوڵقاند، کە زۆر کەسی لە پاش ڕاپەڕین هێنایەوە کوردستان و دواتر ئەوان لە پێناوی کورسی و دەسەڵات و پارەدا بە چەک کەوتنە ویزەی یەکتر و هاوڵاتیان.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## کوردەکانی سەدەی ٢١و سیاسەت

لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا کوردەکان لەزۆربەی گۆڕەپانەکاندا شڵو خاوڕو لەکوێرە ڕێگاکانی سیاسەتدا هەڵوەدان. لەباکوری کوردستاندا شڵەژانێکی بەرین خوڵقاوەو هەوڵدەدرێ ڕێچکەی گۆڕانە ئەرێنییەکان مژاوی بکرێ. پرۆسەی بەناو ئاشتی لەو دەڤەرە نوزەیەکی زۆری لەبەر نەماوە. کوردەکان لەجوڵانەی تاکتیکو وتەکانیاندا خاوە خاو دەکەنو تورکەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر ویستە ڕەواوو بەرحەقەکانی کورددا، نەخشەو پیلان خۆش دەکەن. دوارۆژ بۆ هەر دووک بەرە پڕە لەدڵەڕاوکەو چاوەکان لەسەر چارەسەری کێشەکان نین. دەنگە ڕەسەنەکان کپ دەکرێنو بەناوی گەلو نەتەوەو دەوڵەت ڕاوی بەرژەوەندییە کوێرەکان دەکرێ. بای ئازادیو مافی مرۆڤ لەوشەو نووسینەکاندا گاڵە گاڵیەتی و پڕوپاگەندەی لایەنەکان لەگەمەی وشەکان ماندوو نابن. ئەوان وەک ڕابردوو خەریکە ڕێگاکان دەپێون و گەل وەک سەردەمی دەرفەتە زێڕینەکان زۆر ئاگاداری دۆخەکە نیە.

لەڕۆژهەڵات بەرەی نێوخۆ لاوازەو هێشتا ڕێکخراوو خاوەن پلان نییە. لەهەڵبژاردنەکانی ئێرانی ئاخوندلێدراودا، کوردایەتیو ناسنامەی کوردبوون گوێیان نەکردوە. لەوێنە، گۆرانیی و وتەکاندا بە ڕێکەوت دەردەکەوێ، کە هەستێکی نیوەچڵ خەریکە لێرەو لەوێ دەجوڵێ، بەڵام زۆر بڕ ناکات. ناسیۆنالیزمی تورک و فارسەکان بەسەر کوردەکاندا زاڵە و کایەی سیاسەت و ئیدارە بە ئاسانی هەڵدەسووڕێنن. کوردەکان هات و هاوریانەو لەفەیسبووکو هێندێک کاناڵی کوردیدا بە خەیاڵ نەخشەی سیاسەت بۆ ورمێ دادەڕێژن، بەڵام لە بەر لاوازبوونی بناخە و شوناسو شعوری قەبوڵکراوی کوردانە، بە ئاسانی دەکەونە داوێنی شکست و کەوتنەکان. تورک و فارسەکان بەهونەرو فرتو فێڵ کارەکانی خۆیان دژ بە کوردان ڕادەپەڕێنن و کوردەکانیش بە هێندێک هەڵپەڕکەو جلوبەرگی

کوردی نیازیان وایە، هەڵبژادنەکان ببەنەوە و دژبەران ناچار بە ئەمری واقع بکەن. لێرەدا باس لە پەرتو بڵاوی هێزە بە ناو سیاسییەکانی رۆژهەڵات ناکرێ، کە بوونە پاشکۆی رووداوەکان. ئەوان سیاسەت لە کایەی چاوەڕوانیدا مانا دەکەنەوە و بە گوێرەی تێگەیشتنی بەشێک لەوان رژێم بە کورد ناڕوخێ، بۆیە بێجگە لە چاوەڕوانی بژاردەیەکی دیکە نابینن. لە ژێر سیاسەتی چاوەڕوانیدا سەنگەرەکان چۆڵ و نێوخۆ کڕ و بێدەنگ و دەرەوەش کش و ماتە.

لە باشوور کایەی سیاسەت مانای نەماوە. گەل و خاک لە بەردەم بەرژەوەندی سەرۆکەکاندا لە بیرکراون و چارەنووسی کورسییەکان بە سەر چارەنووسی نەتەوەیەکدا فەرز کراوە. هەرێم کەوتۆتە گەمەی میحوەر و بەرەکان و بە ئاسانی لە داوی تورک و فارسەکان رزگاری نابێ. ئێستا زلحیزبەکانی باشوور و حکومەتە عەنتیکەکەیان لە نێوان بەرەی ئێران و تورکیەدا یان بەرەی شیعە و سوننەدا شەق و دابەش بوون. گەڕەلاوژەی ئەو دۆخە و قوڵتربوونەوەی گەمەکە خەریکە تەنگ بە عێراق و هەرێم هەڵدەچنێ. ئێران و تورکیە لە زۆنی سەوز و زەرددا زیاتر رەگ و ریشە دادەکوتن و لە ئەگەری هەر رووداوێکی نەخوازراودا چەکدار و هێزە راهێنراوەکانیان زیاتر تەیار و ئامادە دەکەن. دوو وڵاتی ئاماژە پێکراو لە رێگای کۆمپانیا، بنکە و ناوەندی فێرکردن، پەرەپێدانی زمان و کولتوری خۆیان و راهینانی دەستە و تاقمی وەک حەشدی شەعبی، گروپی تورکمانی و بە کرێگرتنی زۆر کەس و لایەن دەستی پارتە باشورییەکانیان لە پشتەوەڕا بەستوە.

" لەباشوور کایەی سیاسەت مانای نەماوە. گەلو خاک لەبەردەم بەرژەوەندی سەرۆکەکاندا لەبیرکراونو چارەنووسی کورسییەکان بەسەر چارەنووسی نەتەوەیەکدا فەرز کراوە. هەرێم کەوتۆتە گەمەی میحوەرو بەرەکانو بەئاسانی لەداوی تورکو فارسەکان رزگاری نابێ.

بەغدا ماوەیەکی دوور و درێژە مەیدانی بە یەکگەیشتنی هێزە گەورە و ناوچەییەکان و سێ بەرەی عەرەبی شیعە، سوننە و کوردەکانە. ئەو سێ بەرەیە ساڵانیکە دەستەوەستانن و لە کۆڵانی داخراودا چەقیون. سەدرییەکان لەو ژاوەژاوەدا خەریکن بە تاکتیکی خۆپیشاندانی لایەنگرەکانیان و دەنگی ناڕازی بەشێک لە عێراقیەکان بە سەر نەیارەکاندا سەرکەون و گەمەکە ببەنەوە. ئەوان بە یارمەتی خۆپیشاندەران و هەڕەشەکانی موقتەدا خەریکە بە سەر بەغدادا زاڵ دەبن و سیاسەتکار، پارتە سیاسیی و مەڵبەندە ئایینیەکان کپ دەکەن. پاپۆڕی سیاسی عێراق

گەیشتۆتە بەندەری چەقین و دوو ڕێگای توندو تۆڵبوون یان لەتبوونی لە پێشە. بە گوێرەی وانە مێژووییەکان گەڕانەوە بۆ عێراقێکی مەرکەزی و بەهێز یان لەتبوونی عێراق بە سەر دەوڵەتی بچووکتر ژان و پاشە ژانی هەیە. گیرانی پارلەمانی عێراق لە لایەن خەڵکی ناڕازیی و سەر بە سەدر و هەڵاتنی ئەندام پارلەمانەکان چیرۆکی سەرەتای دەستپێکی قۆناخی تازە لە عێراقە. خەڵکی عێراق لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە لە سیاسەتی بازرگانەکان ماندوو و شکەت بوون و ناچارن مل بۆ دەسەڵاتێکی تەنانەت کودەتاچی بدەن، ئەگەر ژیان و ئابوریان بپارێزێ. ئەوان لە گەمەی دیموکراسی و هەڵبژاردندا سەرکەوتوو نەبوون و کولتوری دیموکراسی زەمەنێکی درێژی دەوێ، کە خەڵک و و سیاسییە بازرگانەکان لەو وڵاتەدا ئامادە نین باجی بۆ بدەن.

لەرۆژئاوای کوردستاندا دۆخەکە بە بەراورد بەپارچەکانی دیکە تازەیە. ڕەنگە لە دوارۆژێکی نەزۆر دووردا لەو پارچەیەش گەمەکە زیاتر ئاڵۆز بێت. لەو پارچەیە بەرژەوەندییەکانی تورکیە، ئێران، سوریەو بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکانو هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ پارتو لایەنە نێوخۆییەکان بەریەک دەکەون. بوونی داعش و هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان بە قازانجی کورد شکاوەتەوەو دەرفەتی کاتی بۆ پارتە کوردییەکانی رۆژئاوا خوڵقاندوە. شایانی باسە، کە پێوەندی نێوان پەیەدەو حکومەتی سوریەو دەسەڵاتی ئەسەد و هەروەها سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بەرۆژئاوا زیاتر لەهەموو فاکتەرەکانی دیکە زەبریان لەستراتیژی رۆژئاوای کوردستان داوە.

لەسەر بناخەی دوو فاکتەری ئاماژەپێکراودا، بەرەی ناسراو بە شیعە و سوننە بە شێوەیەکی کۆنکرێت لە قەیرانی سوریەدا دەرکەوتوون و بەرژەوەندییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستانی لە لە گەڵ بەرەی ئێران و تورکیە گرێداوە. هەڵسوکەوت و دەربڕینی سەرکردەی پارتە کوردییەکانی رۆژئاوا لە گەڵ ڕاستیەکان نامۆیە و هەر کام لەوان بەجۆرێک کەوتوونە ژێر پاڵەپەستۆی پارتەکانی بارزانی و ئوجالان، کە بۆ ئەوان بەپارتی دایک بەئەژمار دێن. شەڕی پارتە کوردییەکان لەگەڵ یەکتر لە سەر زیادەخوازی مافی کوردان نییە، بەڵکو هەر کام لەوان بەسەرکردە و بنکردەوە لەبیری پڕاکتیزە کردنی کولتوری خۆسەپێنی و دەرپەڕاندنی لایەنی بەرامبەرە. رۆژئاوا تایبەتمەندی خۆی هەیە و چاوەڕان دەکرا هەموو لایەک لە پێناوی سەرخستنی پرسی کورد لەو پارچەیەدا هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرن. رۆژە مێژووییەکان و دەرفەتە زێڕینەکان دەگمەنن و لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا زۆر کەم دەرفەتی لەوجۆرە بۆ کوردی رۆژئاوا خوڵقاوە. وێنە وپڕوپاگەندە لێوڕێژەکان بۆ جوانکاری رووکارو پیرۆزکردنی ئەم و ئەو،

دەرمانی کێشە نێوخۆییەکان نییەو لایەنی لاواز چارەسەر ناکات.

لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا دۆخی کوردان و گەلانی جیهانی کەم و زۆر ئاڵوگۆریان بەسەردا هاتوە. کوردەکان وەک رابردوو سووتاوی گەمەی زلهێزەکان نین. پرسی کورد لە ئاستی جیهاندا دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووەو بەرێژەیەکی دیار خاوەنی دۆست و لایەنگری خۆیەتی. رووداوەکانی ئەم ساڵانە دەریدەخەن، کە کوردەکان لەنێوخۆدا چەشنی رابردوو هەڵسوکەوت دەکەن و دابڕاوو پەرتەوازەن. پارتە سیاسییەکانء سەرکردەکانیان سەرەڕای دەرفەتی زۆرو زەوەند خۆیان داوەتە دەست تەپء تۆزی کولتوری خۆفەڕزکردنء کردەوەو هەڵوێستەکانیان دەرفەتەکانی کردۆتە مەترسی. شوناسیء ناسنامەی لاوازی کوردان وێڕای کولتوری سەقەتی حیزبایەتیء کوردایەتی، بوونە بەربەستی گەورە لە بەردەم رەوڕەوەی خەباتی دوورو درێژی نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە.

لاوازبوونی شوناسو ناسنامەی نەتەوایەتی، نەبوونی زمانی هاوبەش و خەونی گشتیی و تێکڕایی، ئاگادارنەبوون لەرابردوو و مێژوو، کوردەکانی لەبەردەم بای رووداوەکاندا لەرزۆک کردوە. فڕان فڕانی وێنە و وشەکان لەجیهانی مێدیا کۆمەڵایەتییەکان دادی خەمی کوردان نادات. کوردستانو کورد بۆ رزگاربوونو سەرکەوتن پێویستیان بەنەخشەیەکی دیار، گەلێکی ئازا و تاکیکی وشیار هەیە. پلان و نەخشەکان دەبێ لاقیان لەسەر زەوی بێتو درووشم و وتەکان بە گەرمای ژێری تاو درابن و هەڵگری لۆژیک بن. گەلی ئێمە بۆ ئازادیو رزگاربوون پێویستی بە بیر، زمان و کردە و خەونی هاوبەشە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٥

## هەڵپەڕن وا سەرۆک سەربەخۆی لە کۆشکی سپی ئەستاند!

هەم تجارەت هەم زیارەت...

- لە ئیسکانی هەولێر، چەند گەنج و لاوێک دوای چاولێکردن لە یاری تۆپی پێ، لە کانالی رووداودا دەردەکەون و شتی وا دەڵێن لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییە. ئەوان لە یەکەم رستەدا دەری دەخەن، کە چەندە لە کرۆکی پرسەکان دوورن و کامێرای رووداو بە پەلە کۆتایی بە پرسیارکردن دێنێ.

- لە سلێمانی چەند کوردێکی هەژار و نیزیک لە پارتی باس لە سەفەری مەسعود بارزانی دەکەن و دەڵێن، تازە تەواو و سەرۆک سەربەخۆیی دێنێتەوە!

- لە دهۆک چەند کوردێک کە ئاگایان لە مەحمودی بیزەواد نییە، شرۆڤەی هەواڵی رووداو دەکەن و باس لەوە دەکەن، کە ئەمریکا یەکسەر پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکا.
موچەخۆرێکی بن دیوار لە ئاڵمان لە تی ڤی رووداو دەردەچێ و لە ناڕاستی زیاتر وشەیەکی دیکە ناڵێ.

- مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی، لە رێگای رووداوەوە شارەزا لە پێهەڵلاگوتن باسی سەفەری وەڤدی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی سپی دەکا و شاخ و باڵی لێدەنێ.

کانالی رووداوی سەر بە نێچیرڤان بارزانی لەو رۆژانەدا بۆ داپۆشینی دۆخەکە و گەورەکردنەوەی سەرۆکی پارتی دێموکرات رۆڵ و نەخشی شەیاری دەگێڕێ. ئەوان پێوەندیان بەو کەسانەوە دەگرن، کە قسەیەکی خێر لە سەر سەفەرەکە دەکەن و خەڵکی پێ لە خشتە دەبەن.

- نامۆ عەبدوڵلای بەرپرسی رووداو لە ئەمریکا، لە وڵامی پرسیاری رووداودا کە چەند کەس پێشوازیان لە وەڤدی هەرێم کرد، خۆی لادەدا و ناڵێ تەنیا یەک ئەمریکی و باقی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی و نوێنەرایەتی هەرێم.

ناوبراو لە کاتی کۆبوونەوە ٢٠ خولەکیەکەی ئۆباما و وەفدی هەرێم، لە بەردەرگای کۆشکی سپی مایکرۆفۆنی دانابو، بەڵام دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، وەفدە کوردییەکە و مەسعود بارزانی لە بەر ئەوەی کۆبوونەوەکە خاڵی بو لە هەموو سیغەیەک بە لای دیکەدا بە ساردیی و دەست راوەشاندن تێپەڕین و شاهۆی رووداویش دەیگوت نامۆ ئەوە بۆ مایکرۆفۆنەکانت لەو لا دانەنابو.

- سەرۆکی دیوانی بە ناو مەسعود بارزانی، فواد حوسێن لە کوردستان باسی لەوە دەکرد، کە سەرۆک دەچی بۆ ئەمریکا و باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکا و هەڵگری مەلەفی سەربەخۆیی کوردستانە! ناوبراو چەند رۆژ دواتر و لە وتوێژ لە گەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکادا تۆنی قسەکانی گۆڕی و گوتی، کە تەبیعیە سەرۆک سپاسی ئۆباما، بایدەن و گەلی ئەمریکا دەکا و باس لە داعش دەکرێ.

- پارتی دیموکرات و هەموو دام و دەزاگانیان چەند رۆژە لە دەهۆڵی گەرمکراویان دەدەن و گۆیا ئەمجارە سەربەخۆیی کوردستان لە کۆشکی سپی وەک دیاری لە دەستی مەسعود بارزانی و وەفدە بێدەنگەکە دەنرێ و هاوشێوەی دۆلارەکانی بریمەر بە فرۆکە بۆ هەولێر رادەگوازرێ!

شایانی باسە، کە کوردەکان زیاتر لە سەربەخۆیی خوێنیان داوە، بەڵام بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی هێشتا مافەکانیان دەستەبەر نەبوون. یەکێک لە فاکتەرەکانی شکست و کەوتنەکانی کورد لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا، سەرۆک پارت و سەرکردایەتی سەقەتی پارتە بە ناو سیاسییەکانە، کە لە سیاسەت و پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان بە شێوازی بنەماڵە و زانستی هۆز دەڕوانن. زۆربەیان لە گەڵ خەڵک و خاکدا راستگۆ نین و لە بازرگانێکی گەڕۆک دەچن، کە مامەڵە بە خوێنی خەڵک و بە دوارۆژی خاکەوە دەکەن.

لە کۆتاییدا بۆ هەموو لایەک دەردەکەوێ، کە مەقۆمەقۆی سەربەخۆیی و هەڵڵای مێدیاکانی پارتەکەی بارزانی و سەرۆکی دیوانەکەیان تەنیا بۆ چاوبەستنە و بە کردەوە هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێ. ئەگەر گەلێک بە کۆبوونەوەیەکی 20 خولەکی و بە ئامادەبوونی وەرگێڕ لە گەڵ سەرۆکی وڵاتێکی وەک ئەمریکا سەربەخۆیی دەستەبەر کردبا، ئەمڕۆ ژیان و جیهان جۆرێکی دیکە دەبوون. دەوڵەتی سەربەخۆ لە هیچ مەڵبەندێکی دنیادا بەو شێوازە نە دامەزراوە و نەدادەمەزرێ. ئەوە زیارەت و تجارەتە و دەرمانی خەمی کوردان ناکا.

سەربەخۆیی ئیرادەی پتەوی خەڵک و ئامادەبوونی فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی دەوێ. دیپلۆماسی کوردان لە هزری تێگەیشتن لە فاکتەرەکان بەتاڵە و توانای خوێندنەوەی مێژوو و لێکدانەوەی ورد و قوڵی نییە و هێشتا بە وزەی دیوەخان کار دەکا. ئەگەر مەسعود و بازرگانەکانی دیکەی سیاسەت بە راست ئەهلی سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردین ،لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا بە لێشاو دەرفەت هەبوە، بەڵام بەکردەوە خۆیان لێبواردوە. ئەوان درووشمی سەربەخۆییان کردۆتە تاکتیکی وەرگرتنی پارە لە بەغدا و هەموو لایەک دەزانن، کە ئەگەر کوردەکان خاوەنی ئیرادەی راگەیاندنی سەربەخۆیی و پرۆژەی دەوڵەتی کوردی بوونایە، بە شێواز و فۆرمێکی دیکە سیاسەتیان دەکرد.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

---

## قەیرانی ڕێکخستن و راگەیاندن لە هەناوی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا

رۆڵ و نەخشی مێدیا و پارتە سیاسییەکان لە ئاراستەکردنی خەباتی گەلانی پێشکەوتوو و تەنانەت گەلانی ژێردەستدا کاریگەر و بەرچاوە. پرۆسەی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی خەڵک، مافی تاک و کەمایەتیەکان لە زاری مێدیا و کردە و دەربڕینی پارتە سیاسییەکادا رەنگدەداتەوە. مێدیای گەلان ژێردەست و چەوساوە ئەگەر خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی کارکردن و دووربینیی و وردبینی سیاسی بن، لە سەردەمی ئەمڕۆدا زۆر کەلێن پڕ دەکاتەوە و لە وەگەڕخستنی وزەخانەی ناسینەی گشتیدا رۆڵی بەرچاو دەگێڕێ. رەوابوونی خەباتی گەلانی ژێردەست، بەستێنی ئەرێنی بۆ مێدیای خۆڕاگریی و تێکۆشانی پارت و ڕێکخراوەکان دەخوڵقێنێ.

رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنە مەیدانی خەڵک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئاخوندەکان دەیسەلمێنن، کە کایەی مێدیا و توانای ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان زۆر لەوە کەمترە، کە چاوەڕوان دەکرێ. ڕێکخستن و تەشکیلاتی نێوخۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەرفەتی گەشەکردنی ئاشکرای نەبوە و نییە. ئەوەی سەر بە ڕێکخراوە سیاسییەکانە لە سەر وەزنی ساڵانی کۆنە و وڵامدەری رۆژ نییە.

کوردە رۆژهەڵاتییەکان خاوەنی رێکخستن و میدیایەکی وڵامدەر نین و بە کۆی هێزە سیاسیی و کوردە بە ناو چالاکەکان هێشتا بۆیان نەلواوە لەو بارەوە هەنگاوە سەرەتایی و گرینگەکان هەڵگرن. ئەوان لەو رێگایەدا ئەوەندە چوونە پێش، کە بوونە سەمبولی پەرتەوازەیی و لە یەکتردان. هەر پارت و رێکخراوە بە تەشی خۆی ریسەکەی سیاسەت دەڕێسێ و لەو بازاڕە شێواوەدا هیچیان بە کردەوە پێشڕەو نین. دووربینی و قووڵبیرکردنەوە لە کۆبوونەوە مەحفەلیەکانیاندا مانا و پێگەی خۆیان لەدەست داوە و هەر لایەی بە یاری خۆی هەڵدەڵێ. لە ئاکامی رەچاوکردنی ئەو سیاسەتە نەرێنیەدا پارتە سیاسییەکان بە کردەوە بوونە پاشڕەوێکی گۆڕەپانەکە و لە تێپەڕاندنی ئەرکە راستەقینەکەدا سەرکەوتوو نەبوون. حیزب و پارتە رۆژهەڵاتییەکان بە چووک و گەورە بوونە پاشڕەوی رووداوەکان و هەر کامەیان بە کردەوە چاوەڕوانی رووداوە گەورەکە دەکەن.

لە ژێر سێبەری سیاسەتی سڕبوون و داتەپینی وزە و دابڕانەکاندا سیاسەت و هونەری سیاسیی مانای راستەقینەی خۆی لە دەستداوە. لای پارتە رۆژهەڵاتییەکان سیاسەت ئەو هونەرە مومکینە نییە، کە بۆ راپەڕاندنی کارەکان سوودی لێوەردەگیرێ. سیاسەت لای ئەوان بە مانای گەیشتن بە خاڵی هاوبەش و کۆکردنەوەی تواناکان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. سیاسەت لە روانگەی ئەو پارتانە، بە مانای دیتنی روخساری خۆیان و دەرکەوتن لە سیمینار و بڵاوکردنەوەی دروشم و وێنەی جوان و بەهاری لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. ئەوان بۆ شکاندنی یەکتر و لە مەیدان وەدەرنانی رقەبەرەکانیان نوقمی خەباتی ناوچەگەرایی و سەرپێکەوەنانی بەرژەوەندیخوازانەن.

مەحفەلەکان لە تێڕوانین و کردەی پارتە سیاسییەکاندا پێگەی یەکەم و یەک لاکەرەوەیان هەیە. بە گوێرەی یاسای نەنووسراو و کارپێکراوی مەحفەلەکان ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی مەحفەلەکان، بە نەبوو حیساب دەکرێن و هەتا بۆیان بکرێ، لە هێنانی ناوەکانیان خۆیان دەبوێرن. هەر کامە و بە جۆرێک لە دەزگای راگەیاندندا خەریکی خەتخەتێنی سیاسین و شەوانە رووداوەکانی بی بی سی، رادیۆ فەردا و بەشی فارسی ئەمریکا دەکەنە پێخۆری بینەر و بیسەر و بە شێوازی خۆیان هەڵیدەگێڕنەوە. ئەوان تەنانەت لە خەباتی رێکخستن و تەشکیلاتی نێوخۆدا لە سەدەی ٢١دا و بە لە بەردەستدابوونی تێکنۆلۆژیی و ریکارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیگرتن، وەک پێویست ئاگاداری رووداوەکان نین. سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان قورسایی خۆیان و خەباتەکەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا چڕ کردۆتەوە. بە واتایەکی دیکە، تێکۆشان و هەنگاونان بەرەو خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ، کردە و

خەباتی میدیا، ڕێکارە زۆروزەوەندەکانی ڕێکخستن و و ئۆرگانیزەکردن و هتد. لە کۆی وێنە بڵاوکراوەکان و وشە نووسراوەکاندا کورتکراونەوە. بە کورتیی و بە کوردی خەباتی زرە ڤیرچواڵ و دابڕاو لە راستییەکانی کۆمەڵگا لە چڵەپۆپە دایە. بە باوەڕی ئەوان لە قسە و وێنەکان پرد بەرهەم دێن و ئازادیی و سەرکەوتن بە بڵاوکردنەوەی وێنەی سەیرانە بەهارییەکان دەستەبەر دەبن.

خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا خاوەنی ناوەند و دەزگایەکی میدیایی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە حیزب نین. لە ئەنجامدا خەڵکەکە لە دەوری میدیایەکی باوەڕپێکراو و خاوەن پێگەدا کۆنابنەوە و بە شێوەی پچرپچڕ بینەر و بیسەری دەنگ و رەنگی جۆراوجۆرن.لە ژێر رەحمەتی ئەو میدیایەدا پارسەنگی کوردایەتی و بەرپرسایەتی تێکچوە و هەتا گەڕی شایی و سەیرانەکان تەواو نەبێ، باس کردن و چاولێکردن لە بابەتەکانی دیکە حەرام و بێزراوە! نەبوونی میدیایەکی کارا و نەبەستراوە کاریگەری نەرێنی لە سەر کامڵنەبوونی ئیرادە و رێکنەخرانی بیروڕای گشتیی خەڵک و کردەوەکانیان هەیە. شایانی باسە، کە تێڕوانینە جیاواز و پەرتەوازەبوونەکان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لە سەر کردەی کۆمەڵگادا زۆر و بەرینە. میدیای پارتە کوردییەکان وڵامدەری ئەمڕۆی رۆژهەڵات نین و نابن. خەڵکی کورد و رێژەیەکی بەرین لە خەڵکی کوردستان خۆیان لە دەنگ و رەنگە مەحفەلیەکاندا نابیننەوە، چونکە ئەوان تەنیا دەربڕی رێژەیەکی کەم لە تاکەکانی نێو بازنەی حیزبەکانن. دەکارکردنی سیاسەتی مەحفەلی بوون، رادیۆ و تی ڤی پارتە رۆژهەڵاتیەکانیی لە بازنەیەکی داخراودا هێشتۆتەوە و و ژمارەیەکشی لە کارخستوە. بە وتەی خۆیان ژمارەیەک لە چاوەدێرە حیزبییەکان لە ژێر خوێندنەوەی میدیای فارسی زمان شرۆڤەی هەواڵ و باس و خواسی کورد و کوردستان دەکەن!

خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بە هێز و وزە و بوونی ئاسۆیەکی روون هەیە، کە خوڵقێنەر و کارساز بێ، نەک پاشڕەو و پەرتەوازەکەر. بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە و چڕترکردنەوەی قورسایی لە نێوخۆی کوردستاندا پێویستیمان بە دوورکەوتنەوە لە شەڕە پەڕۆ هەیە. هەموو ئامانجەکان دەریدەخەن، کە بۆ زاڵبوون بە سەر دۆخی نەخوازراوی ئەمڕۆدا، نەخشە و رێکاری کردەیی و نەتەوەییمان دەوێ. پێهەڵاگوتن بە یار و دۆی خۆ، بە کەڵکی ئەمڕۆ و داهاتوومان نایەت. سیاسەتی خۆگەورەکردنەوە و پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە پارت و حیزبەکان زیاتر پەراوێز دەخا. درێژەدانی سیاسەتی رابردوو بازنەی تێکۆشان بەرتەسکتر و بچووکتر دەکاتەوە. لە ئاکامدا حیزب دەکاتە کلوبێکی ناوچەیی و لادەر لە ئەرک و ئامانجە سەرەکیەکان. میدیای پارتە سیاسییەکان بە

کردەوە دەنگی مەحفەلیەکانن و بە هیچ پێوانەیک ناتوانن دەنگی کورد و کوردستان بن. ئێستا بۆ هەموو پارتە سیاسییەکان دەرکەوتوە، کە چەندە بێ هێز و شەکەتن، چونکە هێز لە یەکگرتندایە. رەوتی سەرکەوتن بە نێو خەڵکدا تێدەپەڕێ، نەک بە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی مەحفەلە خۆییەکان، کە نوقمی ناوچەگەرایی و گەندەڵین.

بووژاندنەوەی خەبات و بەجەماوەریکردنی بزوتنەوەی رەوای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنی پتەو و خاوێن، بەرهەمهێنانی باوەڕ و متمانەی خەڵک و مێدیایەکە، کە روخسار و رووداوە جیاوازە وەک هەن پێشان بدات و لە خوڵقاندنی بیروڕای گشتیی رۆڵی کارای هەبێ. پێویستە مۆدێلی حیزبایەتی بگۆڕین و پاشاکانی سیاسەت لە رۆژهەڵات ناچارکەین واز لە کورسی بێنن. ئەوانەی بە ساڵانە بە ناوی کوردایەتی و حیزبایەتی شەو و ڕۆژ لە رۆژنامە، رادیۆ و تی ڤی خۆیان کردۆتە قارەمان و خەڵکیان پەراویز ستوە، گونجاوە لاق لە سەر زەوی بن و نەبنە دۆنکیشێی گۆڕپانی کوردایەتی. لە سەرمانە، کە ئازایەتی خەڵک و هەڵسووڕانی تێکۆشەرە نێوخۆییەکان بکەینە سەمبولی هەڵگەڕانەوە دژ بە زۆرداران. با کەشێک بخوڵقێنن، کە خەڵک زیاتر لە هەمیشە باوەڕیان بە سەرکەوتنی خۆیان هەبێ و بزوتنەوەی مافخوازی خەڵک لە نێوخۆدا رەگ و ریشە دابکوتێ. چیرۆکی سەرکەوتنی خەبات بە شێوازی کۆن و لە سەر دەستی ئەم و ئەو کۆتایی هاتوە. خەڵک دەبێ رۆڵی گەورە بگێڕن و ببنە ئەکتەری چالاک و شانازی بە خۆیان و بزوتنەوەکەیان بکەن. خەڵکی ئێمە پێویستی بەو ڕێگانیشاندەرانەیە، کە بە هەموو شێوازێک لە بەرەی خەڵکدان و خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعییەت دەزانن و لە سەر خوێنی رۆڵەی خەڵک نابنە بازرگان.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---

## قەیرانی سەرسنووریی نێوان پەکەکە و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

لەو رۆژانەی رابردوودا لە سەر سنوورەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و گەریلاکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سەر پرسی مانەوە و جێگرببوون تووشی

کێشە و گرفت بوون. بە گوێرەی ڕاپۆرت و هەواڵەکان چەکدارەکانی پەکەکە بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان ڕاگەیاندوە، کە ناکرێ لەو مەڵبەند و شوێنە دەستنیشانکراوە جێگربن. لە درێژەی وەبەریەکەوتنی ئەو دوو لایەنەدا هێشتا چەکەکان وەدەنگ نەهاتون و هەوڵدەدرێ بە ڕێگای هێمنانە ئەو وردە قەیرانە چارەسەر بکرێ. لە سەر بناخەی ناسینەی هێزە کوردییەکان ڕەنگە چەکەکان بۆ ماوەیەک سوودیان لێوەرگیرێ و لایەک بۆ سەپاندنی ئیرادە و پێگەی خۆی لەو بارەوە دەستپێشخەر بێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا و لە زۆر نووسین و دەربڕیندا ئاماژەم بەوە کردوە، کە پەکەکە لە ناوچەی قەندیل و بە درێژای سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات مافی ئەوەی نییە، کە بەربەست بۆ هێز و لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوڵقێنێ. مافی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانە کە بە گوێرەی دەرفەت و باردودۆخی ڕۆژ لە گەڵ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدا بن. شایانی باسە، کە حیزبە و پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو پێوەندییەدا زۆر ناشارەزایانە هەڵسوکەوتیان کردوە و کاکڵەی پرسەکەیان لە گەڵ خۆیان و هێزە سیاسییەکانی دیکەدا باس نەکردوە. بە کوردیی سەرۆک و پاشای پارتە ڕۆژهەڵاتیەکان بە پۆشینی بزوو و لە بەرکردنی کەڵاشەی هەورامی و هتد. بەرامبەر بە هەموو ڕووداوەکان سیاسەتی قەڵاوقوپیان هەڵبژارد و بە کردەوە هاواری تەسلیمبوونی خۆیان بە هەموو لایەک ڕاگەیاند.

پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی ٢٤ ساڵی ڕابردوودا لە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخ و پارتە سیاسییەکانی باشوور و باکوردا تووشی بارودۆخێکی نەخوازراو بوون. لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ وە کە پارتی کرێکارانی کوردستان ناچار کرا بە خەستی لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور جێگری بکرێ و گەرای زۆر قەیران ختراون، کە هەتا ئەمڕۆ لە بەربێدەنگی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان نەبوونە قەیران و مایەی وەبەریەکەوتن. پارتی کرێکارانی کوردستان لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ کایەکەی تیکەڵ کردوە و لە جیاتی خەبات کردن بۆ کورد و ڕزگارکردنی باکوری کورستان، لە بیری ئەوەدایە کە لەو شوێنانەی کە هەیە، سنوورەکان بۆ ڕێژیمی ئێران توند و تۆڵ بکا.

بوونی هاوکاریی لە نێوان هێزە کوردییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و تەنانەت هاوڵاتیانی کوردستاندا لە پرسە گرینگەکانی ئەمڕۆ و دواڕۆژن. پارتە سیاسییەکان لەو بەرەیەدا هێشتا نەگەیشتوونە خاڵی تێگەیشتن و سیاسەتی پاوانخوازی و خۆسەپاندن کەلێنی گەورەی لە نێواندا سازکردوون. بەشێکی زۆر لە تاکە بە ناو

ڕووناکبیر و سەربەخۆکان لە بەر هۆکاری جیاواز نەبوونە دەستی یارمەتیدەر و بە گوێرەی ڕۆژ لە نێوان لایەنەکاندا دابەش بوون و درێژە بە جۆلانەی سیاسیی خۆیان دەدەن. لە ئاکامدا پارتە کوردییەکان بە ئاسانی لە گەمەی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستاندا هەڵخلیسکاون و دژ بە بەرژەوەندی کوردیی پارچەکانی دیکە کەڵکیان لێوەرگیراوە. مێژووی ڕابردوو پڕە لە پەڵەی ڕەشی نەک نیشتمانفرۆشە تاک و تەراکان، بەڵکو ئەو هێزە بە ناو کوردییانەی، کە بۆ سەرختستنی سیاسەتی و ویستەکانیان بە کردەوە بوونە هاوکار و هاوسەنگەری ڕێژمە هار و هاجەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا. لە ڕێڕەوی مێژووی کۆن و نوێدا کوردەکان بە کردەوە سەلماندوویانە، کە دوژمنی خۆیانن.

پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو ڕۆژگارەدا ناکرێ بازرگانی بە کوردی پارچەکانی دیکە بکەن. پەکەکە و چەکدارەکانی لەو پێوەندییەدا ئەرکی گەورەیان لە سەر شانە و دەبێ لە بیریان بێ، کە لەو ناوچانە میوانن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە، کە لەو سنوورە لابدەن. هەر وەک بۆ پارتە کوردییەکانی باشوور ڕەوا نییە، کە بە ناوی دیپلۆماسی و هاوسنوور بوون زەبر لە بەرژەوەندیی کوردەکانی باکور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بدەن، بە هەمان شێوە پەکەکە و پارتە سازکراو و هاوشێوەکانی بۆیان نییە، بە ناوی جۆراوجۆر و گەمەی شاراوە، زەبر لە بەرژەوەندییەکانی باشوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بدەن. بە شایەتی مێژوو تەنیا پارتە ڕۆژهەلاتییەکان لەو گۆڕەپانەدا لە گەڵ هێڵی کوردایەتیی و بەرژەوەندییەکانی کورددا کۆک بوون و پەرێزیان خاوێن بوە. ئەوان لە پێناوی سیاسەتی حیزب و پارتەکانیاندا خەیانەتیان بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان نەکردوە. لە بەرامبەردا پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی شا و خومەینیدا ئەوەندی بۆیکرا دژ بە کوردە ڕۆژهەلاتیەکان ئەنجامیدا. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین بە ئاشکرا و بە نهێنی زەبری گەورەی لە کورد ڕۆژهەلاتییەکان داوە و بە ناوی پاراستنی سنوور و گومرگ و هتد. درێژە بەو سیاسەتە دەدەن. پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و دوورکەوتنەوەی حیزبی دێموکڕات لە ناوچە سنوورییەکان بە خەستی سیاسەتی نەرێنی خۆی دژ بە پارتە ڕۆژهەلاتییەکان نیشاندا و لەو بارەوە زەبری قەرەبوونەکراوی لە پەیکەری بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان داوە.

تێگەیشتن لە کاکڵی پرسەکە گرینگە. قەیرانەکەی ئەمجارەی سەرسنوور لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کۆنە و ڕەگ و ریشەی لە ڕابردوودا هەیە. چارەسەرکردنی قەیرانی ناوبراو پێویستی

بە گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتی پەکەکەوە هەیە. ئەگەر حیزبی دێموکڕات و پێشمەرگەکانی لە سەر سنووری باکوری کوردستان لە سەر ڕێی چوونەوەی گریلاکانی پەکەکە بۆ نێوخۆی باکور بەربەستیان داتاشی، ئەوکات بە تێکڕا سیاسەتی حیزبی دێموکڕات شەرمەزار دەکەین. لە بەرامبەردا ئەو کاتەی پەکەکە لە سەر سنووری رۆژهەڵات بۆ گەڕانەوە و یان تەنانەت دانانی بنکەی گومرگی هێزە رۆژهەڵاتیەکان کەند و کۆسپ دەخوڵقێنێ، ئەوە لە گەڵ کوردایەتی یەک ناگرنەوە و قابیلی قبوڵکردن نییە. سەردەمی خۆسەپاندن نەماوە. خۆری خۆسەپاندن لە ئاوابووندایە و پارتە کوردییەکان لەو بارەوە پێویستە لە گەڵ ڕێکار و شێوازە دێموکڕاتیکەکان بن و سروشتی دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازی لە خۆیان دامالن. خەڵکی کورد پێویستی بە ئازادیی و پرسی دێموکڕاسییە و لە ماوەی سەدان ساڵدا تامی تاڵی دیکتاتۆرییەت و چەوسانەوەی بە ئیسک و پرووسکەوە هەست پێکردوە و ناخوازن لەوە زیاتر چەوساوە بن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠١٥

---

## ئەو ئێوارەیەی کە شارەکەم سەردەشت" زامی هەڵگرت

سەردەشت یەکێک لەو شارانەیە، کە هێشتا بە گەورەیی کارەساتەکە نەناسراوە و لە ژێر باری قورسی تەم و مژی سیاسیی دەوڵەتە دزەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا ئەو کارەساتە پووش بەسەرکراوە. لە ٧ پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا (٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی)، شاری سەردەشت زامدار دەکرێ و بە چەکی شیمایی پەلامار دەدرێ.

تۆ مەلوانکەی ونبووی سووری سەر سینگی دایکی نیشتمانیت
ئەی شاری ونبووی نێو تەپ و تۆزی دونیای پڕ لە زووڵم و زۆرداری
تۆ ئالای هەمیشە شەکاوە و سروودی بێبڕانەوەی قوربانیدانی
تۆ مەلوانکەی ونبووی سووری سەر سینگی دایکی نیشتمانیت
هەر پووشپەڕێک، لە یادی هەڵپرووکانی قژە سەوزەکاندا

**یاد و بیرەوەریت ڕێز دەگرین و بە دەستی داهاتوو**

**تەپ و تۆزی سەر مەزاری شەهیدانت دەکەینە وانەو دەرسی مێژوو**

## پێشکەشە بە قوربانییەکانی ٧ی پووشپەڕ

ژیان گەڕانە و گەڕانیش ژیان، بەڵام تۆ بڵێی هاوار، شەڕ، وێرانی و کۆچ چی بن؟ ئەوانەی کە لە منداڵدانی دایکیانەوە و لە سەرەتای ژیانەوە گوێیان بە دەنگیماڵوێرانکەری شەڕ ئاشنایە، پاش لە دایکبوونیان چاو و بیریان وردتر لەو کارەساتانە دەڕوانن، کە لە دەوروبەریان روودەدەن. مردنی بە کۆمەڵ و قڕکردنی کۆمەڵە خەڵکێک لە نهێنیەکانی ژیان و چیرۆکە هەردەم سەوزەکانی مرۆڤایەتین. مرۆڤەکان زۆرجار لە بەرگی مرۆڤدا دەبنە ئەو گورگانەی، کە بۆ رژاندنی خوێنی مرۆڤەکانی دیکە لە پشت چیاو و لوتکەی ژیان و ئاوەدانیەوە لورەیان دێ. ئەوان تینوی خوێن و دەسەڵاتن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانیان پێویستیان بە قوربانی و سووتەمەنی هەیە. لورەی مرۆڤە گورگەکان بۆ وێرانیی و ئاگرنانەوەیە و بە هەرزمان و دەنگێک بدوێن، ئاوازیان تەنیا مانای کوشتن و قەڵاچوکردن دەدا.

تۆپی زەوی سووڕدەخوا و هەرجارەی رەوەگورگێکی دڕندە بە ناوی جیاواز و لە ژێر دروشمی رەنگاوڕەنگدا بۆ قەڵاچۆکردنی مرۆڤەکان پلان دادەڕێژێ. لە کەرتی رەشی ئەفریقاوە هەتا دەگاتە ئەمریکای لاتینی ژێر چەکمەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هیرۆشیمای ژاپۆنەوە هەتا دەگاتە شارەکەم "سەردەشت" و دەستەخوشکەکەی هەڵەبجە، هەموویان خاوەنی سەدان رووداوی جەرگبڕ و تاسێنەرن. لەو کارەساتانەدا مردن ئەو رەمزە نییە، کە چاوەکانمان نەیبینی، بەڵکو باڵای مەرگ و سیمای مردن لە سەر شەقام و کۆڵان و تەنانەت لە چوارچێوەی ماڵەکاندا پیاسە دەکا. رۆژانێک هەن، کە مەردن بۆنی دێ و گۆڕستان بانگی دیدار و کۆبوونەوە دەکا. ئەو رۆژانەن، کە مردن دەبێتە تەختەڕەشەی قوتابخانەی ژیان و مرۆڤیش دەبێتە ئەلفوبێی نووسین. مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەو کارەساتانەی، کە ئاسمان لە هەژمەتی ژان و ئازاریان خۆی هەڵدەپازێ و لە ئاسۆی بوونیدا ئاخی هەتا سەری هەڵدەکێشێ. ئێوارەیە و هێدی هێدی خەریکە سێبەر شۆڕدەبنەوە. کرێکاران لە سەر چاخواردنی عەسرانە هەستاونەوە و وەستا هاواری کەرەستە دەکا. میوەفرۆشەکانی شار خۆیان بۆ ئێوارەبازاڕ ئامادە دەکەن و لە شەقامی سەرەکی شار داشقە و چەرخی تایبەتیان داناوە.ژمارەیەک لەو میوە و سەوزەفرۆشانە ئاوڕشێنی دەوروبەری شوێنگەی خۆیان دەکەن و

دەنگیان بۆ هاواری ئێوارە بازاڕ ساف دەکەن. ماوەیەکە دەرگای قوتابخانەکان داخراون و لە ژێر تیشکی خۆرەتاودا منداڵانی گەڕەکەکانی شار دەستە دەستە بەرەو پارکی شار شۆڕ دەبنەوە، تاکو لەو شوێنە بەرتەنگ و پڕ لە هەرایەدا رۆژگاری منداڵانە و لاوەتی بە خۆشی تێپەڕ بکەن. بەشێک لە منداڵ و مێرمنداڵان لە دەوروبەری پارکی شار وێڕای بە سەربردنی کات خەریکی فرۆشتن و بە کرێدانی کەل و پەلی یاری منداڵانەن. مزگەوتەکانی شار خەڵک بۆ کۆبوونەوە لە دەوری یەک بانگ دەکەن و دەرگایان خستۆتە سەر پشت بۆ ئەوەی باوەڕداران نوێژی عەسرانەی خۆیان بکەن. ژنانی گەڕەکەکانی شار لە بەردەرگای ماڵەکانیان خەریکی دوان و قسەکردن لە گەڵ جیرانەکانیان و چاوەدێری منداڵەکانیان دەکەن. سەرچاوی شار لە ئێوارەدا شوێنی کۆبوونەوەی بەشێک لە پیاوانە و خورەی ئاوی سەرچاوە سرنجی ڕێبواران بۆ لای خۆی رادەکێشێ، کە بە دوو جۆگەی تەنیشت شەقامی سەرەکی شاردا دەکشێن. لە کارێژی شار دەنگی چەند خاوەن ماشێنێک دێ، کە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن مەهاباد سەواریی. مەلای نەترس، مەلا باقی لە سەر شەقامی شار پیاسە دەکا و لە کۆنجێکدا نوشتوو بۆ خوازیارانی دوعا و چاکبوونەوە دەکا، بێخەبەر لەوەی ببێتە خۆراکی کارەساتێکی شاراوە. حەمە، ئەو پیرە پیاوەی بە بەقە ناسرابوو، لە تەنیشت سەرچاوەی شار لە گەڵ چەند کەسێک لە خاوەن دوکاندار و پیاوە بە ساڵداچووەکاندا خەریکی گەمە و شەڕەجنێو و گوچان هاویشتنە. ژنی بە ساڵداچوو، عەبداڵی لە دەوری پارکی شار هاتوچۆ دەکا و لە یادی کوڕە لە دەست چووەکەی دا هاوار و گازندە دەکا. ئەحمەد شەریفی، ئەو پیاوەی کە سەردەمێک لە دوڵتانچک کاری جۆڵایی دەکرد، ئێستا لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕێ و بە دەنگی بەرز هاوار دەکا، زەلام، زەلام ئەوەتا زەلام.... لە بەردەم پادگانی شار و لە راستەی شەقامی شار مینە بێتوشی بە بڵێندگۆی دەستی هاوار دەکا و پەیامەکانی بە ناو فەرماندارییی بڵاودەکاتەوە. لە شەقامی میوەفرۆشان محەممەی عەباسی بە دەنگی بەرز هاواردەکا و پەیامی هەراجکردنی فەڕش و بەڕە بە گوێی بیسەران و ڕێبواران دەگەیەنێ.

گەڕەکانی شار لە سەمای خۆشی ژیاندان، بەڵام سێبەری نەهامەتی شەڕی دیکتاتۆرەکان هێشتا هەر ماوە.کەنەکە سپی، وەک مەیتێکی مۆمیای کراو رووبەڕی شار درێژ بووە و لە سەر پشتی ئەو تەرمە چەند ناوەندێکی چەکی قورس و تۆپخانەی ڕێژیم مۆڵیان خواردوە. شار چارەی قورسی پادگانی ناوێ، کە هەر چواردەوری بە چەکی دژی ئاسمانی و تەلبەندکراوە و وەک سێبەری سەرکوت بە سەر شان و پیلی شار قورسایی دەکا. گردەسوور لە داخی مۆڵخواردنی نەیارانی گەل و دژی گەلییەکان لە سەر تروپک و بەرزاییەکی، نێوچاوانی سوور هەڵگەڕاوە و پڕ بە سەختی گاشەبەرد و رەقنەکانی لە نەیاران بێزارە. شێوەبرایمە و گەڕەکەکانی نێزەڕۆ زۆر لە مێژە کانگای

چاوەکانیان تەقیوە و گۆڕستانی شەهیدان و دوڵتانچکیش لە ژێر بارانی بۆمب و ناپاڵمەکاندا جەستەیان خاراوە. گفەی بای ئێوارە پڕە لە هەست و نهێنی و گژ و گیای وشکە بووی پووشپەڕ لە سەر باڵەکانی بای شەماڵ بە ئاسمانی شاردا دەسووڕێنەوە و بەشێکیان پەڕیوەی دۆڵ و شیوەکانی دەوروبەری شار دەبن. ئێوارە پڕە لە جموجۆڵی ژیان و بۆن و بەرامەی سەوزەڵانی شاری داگرتووە.

لە ژێر دەواری ئاسمانی ساماڵ و تۆزگرتوودا، ئەو ئێوارەیە دڵم تەنگە و لە پەنای ئارەقەهەڵڕشتندا پەنجەی خەیاڵم لە دەرگای کۆشکی بیرەوەریەکانم دەدا. کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێک پڕە لە ژان و ئازاری ژیان. لە ١٤ سەرماوەزی ١٣٥٦ دا هاتنی تانکەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ سەر شەقامەکانی شارم دێتەوە بیر، کە کوێرانە کەوتبوونە ویزەی خەڵک. ئێوارەی ١٤ سەرماوەز پڕ بوو لە بۆنی باڕوت و دوکەڵ و پەیامی خەم و کۆست، بەڵام لە پێناوی رووخاندنی نیزامی پاشایەتیدا بوو. تەسلیمبوونی ئەرتەشی شاهەنشاهی لە سەردەشت و قۆناخی سەرکەوتنی شۆڕش و بۆمباران و تۆپباران کرانی شار لە لایەن هێزەکانی ئێران و عێراق و کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتوانی شارم بۆ چەند جار بە خێرایی هاتەوە بەر چاو. شەڕی پێشمەرگە و هێزەکانی رژێم لە نێو شار و دەرەوەی شار هەموویان لە خانەی تایبەتی کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێکدا کۆبوونەوە، کە بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوە و خاک و نیشتمان خۆی بە بەرپرس دەزانێ. منداڵێک، کە کەلوپەلی یاریەکانی بریتی بن، لە فیشەک و نارنجۆک و گوللە خۆمپارە و مینەکانی دژی نەفەر و جۆری تفەنگەکان بێ، مەگەر دەکرێ کۆشک و تەلاری بیرەوەرییەکانیی بە دوور بێ لە وێرانی و شەڕ؟

لە جەرگەی ئەو جوڵە و خەیاڵانەدا بوو، کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقی بۆ لێدانی بۆمبەکانیان خۆیان شۆڕکردەوە و نێوەڕاستی شاریان پێکا. چاوەڕوانی بەردەوامبوونی بۆمباران بووین، بەڵام تەقینەوەی بۆمبەکان لە گەڵ ئەوانی رابردوو جیاوازیان زۆر بوو. دەنگی ئەو بۆمبانە کپتر بوو و دوکەڵێکی سپی و زەردرەنگ بەرەوە بەرزای روومەتی شار بەرزبۆوە. هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو، کە بە هاوکارێکم گوت ئەو بۆمبارانە شیمیاییە و بۆنی دێ. لە ساڵانی رابردوودا زۆرجار لە دەیان میتری شوێنی بۆمب و ناپاڵمەکان بووین، بەڵام هەرگیز بۆنێکی لەوجۆرەمان بەرلوت نەکەوتبوو. جوڵەی شار وەستا و بێدەنگی و هاوار تێکەڵ بە یەکبوون. لە گەڵ ئەوەی هەستم دەکرد، کە گازی خەردەل رەنگێکی مەیل و زەردی هەیە، بەڵام بۆ دڵنیابوون لە ئازارەکانی ئەو رووداوە لە شوێنی کارەوە بەرەو شەقامی سەرەکی شار و گەڕەکی سەرچاوە وەڕێکەوتم. تا نیزیکتر دەبوومەوە هاواری ماڵوێرانی

بەرزتر دەبۆوە و خەڵکێکی زۆر پاش ئاگاداربوون لە بۆمبارانی شیمایی ڕێچکە و ڕێگای دەرەوەی شاریان دەگرتە بەر. لە سەر یەک زانیاری لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردن بەرامبەر بە چەکی شیمایی کەم بوو، بۆیە هێندێک کەس لە پاش لێدرانی شار و وێرانبوونی ماڵەکانیان هەوڵیان دەدا بە کۆڵ بارگە و بنەی خۆیان بگوازنەوە. کارەساتەکە لەوە گەورەتر بوو، کە مرۆڤ ئەو کات بە چاوی خۆی دەیدی. وەک مێرمنداڵێکی عەوداڵ بە دوای ڕووداوەکاندا سەردانی شوێنی بۆمبەکانم کرد، بەڵام خەڵکێکی کەم و بە دگمەن لە شەقامەکانی شار دەبینران. لە گەڕەکی سەرچاوە پیرە پیاوێک و پیرێژنێکم بینین، کە خەریکی ڕاگواستنی نوێنەکانیان بوون، کە لە جاجمەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا پێچرابوون. هاوارم کرد، بێجگە لێرە لە کوێی دیکەی داوە. پیرە پیاوەکە هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی لای فەرمانداری. ڕێگەی خۆمم گرت و بەرەو لای فەرمانداری چووم، کاتێک چاوم بە شوێنی بۆمبەکان دەکەوت، بە رواڵەت وێرانیەکی زۆریان بە دیاری نەهێنابوو. لە نیزیک فەرمانداری حەشیمەتێکی زۆری لێبوو، کە لێیان نیزیک بوومەوە سەدان بریندارى چەکی شیمایی بوون کە لە بەر نەبوونی جێگا و ڕێگا لە هەوای ئازاد و لە ساڵۆنی تایبەت بە وەرزشی شار خەوێندرابوون. نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو ڕووداوە زۆر ترسێنەر نەبوون، بەڵام هێدی هێدی گازی خەردەل کاری خۆی دەکرد و ڕێژەی قوربانییەکان زیاتر دەبوون.

پاش سووڕخواردنێک زۆر لە دەوری بریندارەکان و رامان لە ژیان, ڕێگای ماڵەوەم گرتە بەر. شەقامەکان چوڵ بوون و تەنیا جریەوەی کوێلکە و هێندی باڵندی دیکە و جار و بار دەنگی ماشێنێک  ڕایاندەچڵەکاندم. بۆنی گازی خەردەل هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە کاتی لێدانی بۆمبەکاندا گڕە بایەکی توندی هەڵیکرد، کە بوو بە هۆی بڵاوکردن و دوور خستنی خێرای گازەکە لە  سەر ئاسمانی شار. بە تەنیشت گۆڕستانی شاردا تێپەڕیم و وردە وردە لە ماڵەوە نزیک بوومەوە. گەورەساڵەکان تاسابوون  و منداڵەکان هێشتا لە خەمی گەورەکان تێنەدەگەیشتن. لە گەڵ ئەوەی مردن بۆی هەبوو میوانی هەر ماڵێک بێ، بەڵام ژیان لە تەواوییەتی خۆیدا ئاوێتەی مەردن ببوو. منیش سەرەڕای مەترسیداربوونی دیدار و دیتنی شوێنی بۆمبەکان، هێشتا لە خەمی ئەوەدا بووم کە  بەیانی جارێکی دیکە  سەردانی ئەو شوێنانە بکەمەوە. ئەوە سوننەتی ژیانە، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا کەمتر دەچێتە قوڵایی مانای مەرگ و ژیان و مەترسییەکان وەک هەن تێناگات. گەڕەک و بە گشتی شار لە باوەشی گردەسووردا لە سووکە خەوی سەفەر بەرەو گۆڕستاندا بوون. تاریکی باڵی کێشا بە سەر ئەو مەڵبەندەی، کە چەند کاتێک پێشتر لە لایەن نوێنەرانی ئەهریمەنەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماری گازی خەردەڵ و بە چەکی قەدەغەکراو پێکرا.

لە تاریکی شەودا هاواری زامەکان زیاتر دەبیستران و گەورەیی کارەساتەکە تا رادەیەکی بۆ خەڵک روون ببۆوە.

ئەستێرەکانی لە سەر تەختەی سینگی ئاسمان دەدرەوشانەوە، کە بە ڕێژەی تروسکانەوەی ئەو ئەستێرانە پرسیاری بێوەڵام لە ئارادابوون. لەو شەوەدا کێ بوو وڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ببێتە مایەی ئارامکردنەوەی دڵی ئەو بنەماڵانەی کە زۆربەی ئەندامانیان لە دەستدابوو. کام هێزو ئیرادە لەوساتە وەختەدا، بۆ زامی هەزاران زامدار خاوەنی چارەسەرە. هەڵپڕوکانی گوڵی ژیانی سەدان کەس و ژاکانی گوڵی هیوای سەدان بنەماڵە کۆستێکی هێندە کەم و سانا نییە، کە مرۆڤ و تەنانەت مەڵبەندێک بە ئاسانی پشتگوێی بخات. هەڵپڕوزاندنی مرۆڤە بێتاوانەکان و بە تایبەت ژن و منداڵ و بە ساڵداچووەکانی نەتەوەیەک، لە بەردەم مرۆڤایەتی بە دروشم خاوەن هەڵوێستدا، زەبرێکی بە ژانە، کە زۆر جار نیشتمان و نەتەوەیەک دەهەژێنێ.

کزەبایەکی نەرمی هاوین دڵەماندووەکەی شار باوەشێن دەکا. دارستانی گۆڕستان بە دەم کزەبای هاویندا، پرچی رنراوی شۆڕدەکاتەوە. لقی دارەکان لە خەمی قوربانییەکانی ئەمجارەدا لە سەر پشت وەستاون و لە گەڵ نەرمە بای شەو خۆیان رادەژێنن. روحی خەوتووی کۆچکردوەکان لە گۆڕستاندا شڵەژاون و بۆ زگ سووتانی شار بە پەرۆشن. شینی بە کۆمەڵ زۆر ماڵی هەژاندووە و بانگی مزگەوتەکان لە سەر یەک دەرمانی دەردەدارانی ئەو شەوە نییە. لە جەرگەی شەودا هاوار و بانگەوازی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە هانی دانیشتوانیی شار دەدا، کە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گازی شیمایی پێویستە جل و بەرگ و لەشیان بشۆن. شارو ژیانی دانیشتوەکانیی لە تەنگەبەری شەوە پڕ لە ژانەکەدا بەرەوە ئامێزی بەیانیەکی پڕ لە فرمێسک و رۆژێکی خەماوی دەڕون. لە یەکەم چرکەساتەکانی بەیانییدا هەواڵی زۆربوونی ڕێژەی شەهیدەکان رومەتی گەورەساڵانی پڕ لە چین و رق دەکرد. لە مردووشۆرەکەی لای مزگەوتی سەرچاوەی شار هەتا گۆڕستانی داوێنی گردەسوور رێگا و شەقام لە بەردەم قوربانیەکاندا بێدەنگ راکشاون. تەرمەکان زۆرن و بەشدارانی بە خاکسپاردنی شەهیدەکان شەکت و دڵشکاو. دەفەژەنەکانی شار هاوڕێیەتی شەهیدەکان دەکەن و هەتا سەر گۆڕستان بە قامکی دەستەکانیان دەنگ و سۆزی بێتاوانەکان بە گوێی سروشت دەگەیەنن.

شار بسکی سەوزی ئاڵۆسکاوە و رووەمەتی زەرد هەڵگەڕاوە. سەرچاوەی شار پڕ بە گەرووی هاواری خنکانی شار دەکا و لە ژانی ئەو کارەساتە سەری خۆی هەڵگرتووە و بە قەدی شاردا تێپەڕ دەبێ، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەو کۆچە بە کۆمەڵە بە دۆڵ و چیاو و کەڵوێی سنوور شکێن بگەیەنێ. کۆچی ناچاری و کورتماوە هانی دانیشتوانی شار دەدا، کە بۆ هەستانەوەی سەر لەنوێ و کۆکردنەوەی تواناکان دەستەوداوێنی گوند و ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت بن.

تەپوتۆزی زەردهەڵگەڕاوی سەر شەقام و بانەکانی شار ژەهراویە و بۆنی مەرگی لێدێ. مەرگ ئیدی ئەو نهێنییە شاراوە نییە، کە جار و بار سەر بە باوەشی بنەماڵەیەکدا دەکا، بەڵکو لە روناکی رۆژ و تاریکی شەودا و لە کۆڵان و شەقامی شاردا ئامادەیە. سام و ترسی مەرگی شاراوە ژیان دەخاتە لەرزین و قەڵافەتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی دڵەڕاوکە و ترسی گەورە. لە پانتایی شاردا دەگەڕێم و پرسیاری بۆچی و لە پێناوی چێدا، لە سەر لێوەکانم لەدایک دەبن و بە هێواشی لە تارمایی بیرەوەریەکانمدا ون دەبن. هەواڵی کارەساتەکەش لە بێدەنگی سەردەمدا کپ دەکرێ و لە راگەیەنە گشتییەکانی ناوچەدا گرینگی پێنادرێ. چارەنووسی کورد وایە، کە بە بێدەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆی مێژووی گورگەکانی سەردەمدا گیانی لێ بستێندرێ و سروشت و ژینگەکەشی لێ بسوتێندرێ.

لە کاتێکدا سەردەشت خەریکی وەسەرپێکەوتنەوە بوو و هێشتا لە ژێر باری گران و قورسی گازی خنکێنەر پشتی راست نەکردبۆوە، لە بەرزاییەکانی دووپەزەڕا بە کاتیۆشا ئاورباران کرا. شەڕی دیکتاتۆرەکانی جەماران و بەغدا لە ساڵەکانی کۆتایی خۆیدا بوو، هەر بۆیە شەڕی شارەکان و لێدان لە خەڵکی بێدیفاع زۆر پەرەی گرتبوو. سەردەشت لەو شەڕەدا پشکی شێری بەرکەوتبوو و بەردەوام لە ژێر رهێڵەدا بوو. گورگەکانی تاران و بەغدا بۆ تێرخوێنکردنی هەست و ویستی دڕندانەیان پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبرد و کوشتنی خەڵکی سیفیلیان وەک تاکتیکی پاڵەپەستۆخستنە سەر یەک دەکار دەهێنا. لە نیشتمانێکدا کە مرۆڤ خۆی ئاوارە و داگیرکەر خاوەنی ماڵ و بڕیاردەرە، پاراستنی گیانی مرۆڤەکان نرخی نییە. لەو وڵاتانەدا مرۆڤ بە کۆیلە دەکرێ و ئازادی بە رۆژی روناک لە بەردەم چاوەکان لە دار دەدرێ و مافی مرۆڤ بە پیلانی رۆژئاوا پێناسە دەکرێ. هەربۆیە لە قۆناخی سەرەتادا بۆ برینداراەکانی ئەو کارەساتە و تەنانەت قوربانییەکانی دیکە خزمەتێکی دەرمانی و راگواستن پێشکەش نەکرا، کە شیاوی ئەو خەڵکە زوڵملێکراوە بێ. کاروانی شەهیدە کانی ٧ی پووشپەڕ هێشتا بە رێگاوە، چوونکە شوێنەواری ئەو چەکە دەکار هاتوە هێشتا گیانی مرۆڤەکان دەستێنێ.

سەردەشت، قوربانیەکی زیندووی چەکی کۆمەڵکوژە، کە لە کوردستان و ناوچە و جیهاندا هێشتا وەک پێویست باسی نەکراوە. هیوادارم لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی زیان و ئازارەکانی ئەو کارەساتە کاری جیددی بکرێ. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەڵ رابردوو نامۆ نەبن، جێگای خۆیەتی ئەو کارەساتە ئەوەندەی دەلوێ بە دۆکومێنت بکرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٥

## هەرێمی سەرۆکە بێدەنگەکان و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم

هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لە ڕێگای هێمنانە و ڕێزگرتن لە دەنگی خەڵک و پاراستنی سەروەری یاسا عادڵانەکان ئاشتی کۆمەڵایەتی دەپارێزن. ئازادیی و مافی تاک و کۆ لە نیزامە دیموکراتیکەکاندا باشتر جێبەجێ دەبن. دیموکڕاسی و نیزامی دیموکڕاتی لە گەڵ ئەوەی، کە کەم و کوڕیی و خاڵی لاوازیان هەیە، بەڵام بە شایەتی مێژوو بە هەموو پێوانەیەک دەسەڵات و نیزامی دیموکڕاتیک لە باشترین دیکتاتۆرییەکان بۆ کۆمەڵگا بەسوودترە. دیموکڕاسی و ڕەوتی گەشەکردنی بیری خەڵکسالاری لە باوەشی عەشیرەت و دیوەخانانـدا نەبوە، بەڵکو لە گۆڕەپانی کێبەرکێی نێوان لۆژیک و هەستدا لە ماوەی سەدان ساڵ خەبات و ڕەنجی بێ ئەژماری مرۆڤایەتیدا پێگەیشتوە. باوەڕهێنان بە دەسەڵاتێکی دیموکڕاتیک لە کردەوە، هەڵوێست و تێڕوانینەکاندا دەردەکەوێ. ئەو لایەن و کەسانەی کە ئازایەتی دەربڕینی راستەقینەی تێڕوانینی خۆیان لە سەر پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگا نییە، مەرامیان گزیی و فێڵ کردنە. گرێبەستی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە و بەکارهێنانی هێز، پارە، قەیران و فاڵگرتنەوە بۆ خۆ قایم کردن لە کورسی دەسەڵات سەرئەنجام بەرەو دیکتاتۆرییەت و بێدەنگی زۆرەملی کۆمەڵگا دەڕوا. مەبەست لە ڕێزگرتن لە یاسا و عورفە باوەکان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خەڵکدا کۆت و بەندکردنی هەست و بیری خۆسەپاندنی ئەو مرۆڤانەیە، کە خۆیان لە سەرەوەی یاسا دەبینن.

لە ١٩ی مانگی ٨ی ساڵی ٢٠١٥ دا سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی تەواو دەبێ و بە گوێرەی یاسا درێژ ناکرێتەوە. شایانی باسە، کە لە ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣دا، ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە دوور لە هەموو عورف و یاسا باوەکانی سەردەم، بە سازانێکی شاراوە بۆ ٢ ساڵ درێژ کرایەوە. مەسعود بارزانی بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای خەڵک نامەیەکی بۆ پارلەمان نارد و دواتر پرسی گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر تاودرا. لە ژێر رووناکایی ڕووداوەکانی ئەو دوو ساڵەدا دەرکەوت، کە بە کردەوە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و تەنانەت کۆنگرەی نەتەوەیی بە خشکەیی لەبیرکران. لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە باشوور کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ و دەستپێکی قۆناخی ناسراو بە حکومەتی بنکەفەراوان هەموو لایەنەکان خەریکی قوڵکردنەوەی ستراتیژی بێدەنگی خۆیان بوون و لەو بارەوە سەرۆکی پارتە سیاسییەکان پشکی شێریان بەردەکەوێ. پارتی دیموکڕاتی کوردستان و سەرۆکەکەی

زیاتر لە هەمووان کەیفیان بە دۆخی تازە دەهات و بە هەموو شێوازێک خەریکی ڕاگرتنی باڵانسی دۆخەکە بوون. ئەوان لە جیاتی چارەسەرکردنی پرسی دیموکڕاسی و داڕشتنی یاسای پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، لە زۆر بۆنەی جیاوازدا باسیان لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی کرد و هەر جارەی بە شێوازێک دەکاریان هێنا. هەرچەندە هێشتا بە کردەوە کەس لەوە تێناگا، کە لە سەر بناخەی چ پڕۆژەیەک دەوڵەت دروست دەکەن و ڕاگەیاندن یا جیابوونەوە لە عێڕاق و دروستکردنی ئەو دەوڵەتە چەندە لە گەڵ فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان یەکانگیر دەبێ.

مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا بەرپرسیارەتیی و مۆڕاڵی کار و ئیدارەکردنی لەبیرکردوە و وەک سەرۆک پارتەکانی دیکەی باشووری کوردستان خۆی بێدەنگ کردوە . بارزانی چاوەڕوانە، کە بە ئیرادەی حیزب و هەڤاڵانی ڕێبازی بێدەنگی، کورسیەکەی بۆ مسۆگەر بکرێتەوە. بارزانی وەک سیاسەتکارێکی ڕۆژهەڵات ئازایەتی ئەوەی نەبو، کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕاستەخۆ لە بۆنەیەکدا ڕابگەیەنێ، کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و لە بەر ئەوەی مافی خۆکاندیدکردنەوەی نییە، واز لە پۆستی سەرۆکی هەرێم دێنێ و وەک هاوڵاتییەک و سەرۆکی پارتی درێژە بە کاروباری سیاسی دەدا. خۆبێدەنگکردنی ناوبراو لە خۆبێدەنگکردنی سەرۆکی پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان قورسترە و بە شکاندنی بەڵێن، متمانە و مۆڕاڵی بەرپرسیارەتی دەژمێردرێ. ئەو بێدەنگییە بە مانای خۆشاردنەوە و خۆدزینەوە لە یاسا و عورفەکانە و بە تاکتیکی مانەوە لە سەر کورسی دەسەڵات پێناسە دەکرێ. خۆ کڕکردن بە مانانی خوڵقاندن و بەربەستکردنی پرسی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، کە لە هەموو دنیای پێشکەوتوودا بە گوێرەی یاسا باوەکان ئەنجام دەدرێ و دەم و چاوی جیاواز و مرۆڤی جۆراوجۆر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەگەنە لوتکەی دەسەڵات.

دەسەڵات و پارە، مرۆڤ لە سەر هێڵ لادەدەن و لەو مەڵبەندانەی کە یاسا و عورفێک بۆ دەسەڵات دیاری نەکراوە، بێگومان مرۆڤە خاوەن دەسەڵاتەکان و لایەنگرەکانیان لە جیهانی گەندەڵیی و خۆسەپاندندا نوقم دەبن. لە کۆمەڵگای کوردییدا بێدەنگی زۆربەی خەڵک لە لایەن سەرۆک پارت و لایەنگرەکانیانەوە قۆزراوەتەوە و کەڵکی خەراپی لێوەرگیراوە. لە باشووری کوردستاندا، بێدەنگی خەڵک و پارتە سیاسییەکان جۆرە سەرکردایەتیەکی بۆ بەرهەمهێناون، کە ڕێز لە دەنگی هاوڵاتیان و گرێبەستە نیشتمانیەکان ناگرن. ئەوان و لایەنگرەکانیان بە ناوی جۆراوجۆر سەرۆک ساز و ئامادە دەکەن و دواتر لە پڕۆسەیەکی تایبەتدا ئەو سەرۆکە خۆی لێدەگۆڕێ و یاسای هاتنەخوار لە سەر کورسی لە بیردەکا. ئێستا سەرۆکی پارتی دیموکڕاتی کوردستان، باشووری کوردستان و ئەندام

و لایەنگرانی لێ تێکچوە و بە تیروانینی ئەوان هەموو هاولاتیانی کوردستان وەک ئەندام و لایەنگرەکانیان دەبێ گۆرانی سەرۆک بلێنەوە و لە بیرکردنەوەیاندا سەرۆک بە پارێزەر و تەنیا رزگاریدەری ژیان و خاک پێناسە بکەن. لە ژێر سێبەری بێدەنگیی سەرۆکی هەرێمەکەدا، سەرۆکی پارتە سیاسییەکان لە گەمەی حکومەتی بنکەفراواندا کپ و بێدەنگ بوون و لەبیریان کرد، کە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم هێشتا چارەسەرنەکراوە و درەنگ یا زوو لە سەر ڕێگا و لە بەردەم هەموویاندا شین دەبێتەوە. پارتی دێموکراتی کوردستان چاوەڕوانی دەکرد، کە سەرۆکی هەموو ئەو پارت و لایەنانەی لە حکومەتدا بەشدارن نیازیان نییە لە گەڵ مەسعود بارزانی بکەونە کێبەرکێی هەڵبژاردن و بە کوردیی و بە کورتی ملیان بۆ پارتی شل دەکەن و یاسایەکی تازە بۆ نەهاتنەخواری مەسعود بارزانی دادەتاشن و بە چەپلەڕێزانێک پرسەکە تێدەپەڕێنن.

جێگای داخە، کە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو لە گەڵ یەکیتی نیشتمانی کوردستان کە یەکێک نەخشەداڕێژانی ٣٠ی حوزەیران بوو، لە سەرەتای دەستپێکی ئەو خولەی پارلەمان خۆیان لە قەرەی دەستوو و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم نەدا. لە هەمووی دژوارتر و نەگونجاوتر ئەوە بوو، کە کەسی یەکەمی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی و مەکتەب سیاسیی یەکێتی بە ئاشکرا و ڕووبەدەرەوە بە پوختی و بە ڕوونی ئاشکرایان نەکردوە، کە مەسعود بارزانی دوو خول و ٢ ساڵی بە زیادەوە تێپەڕکردوە و بە هیچ جۆر ئامادە نین و نابن، کە ناوبراو لەوە زیاتر لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمدا بمێنێتەوە. ئەوان تەنانەت لە پارلەمان و لە ڕێگای فەڕاکسیۆنەکانیانەوە خاوە خاوەیان لەو کارە کردو شەڕی راستەقینەی چاکسازیی لەبەستێنەکانی یاساو سیستەمی ئیدارەکردن و تەنانەت بەدامەزراوەکردنی دام و دەزگای هەرێمی کوردستانیان لەبیرخۆیان بردەوە و بە چەند نووسینێکی فەیسبووکی و قسەکردنێکی مێدیایی قەناعەتیان کرد. پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و سیاسەت لە بنەڕەتدا لە گەڵ دڵداریی و دۆستایەتی جیاوازی جەوهەریان هەیە. شەرمی سیاسیی و نەگوتنی راستیەکان و پێداگری نەکردن لە سەر یاسا و عورفە باوەکان بە مانای ڕێگەدان بە خۆسەپاندن و ڕەگداکوتانی دیکتاتۆرییەتە. زۆربەی چاودێرە سیاسیی و شارەزایانی کوردستان سەریان لەو بێدەنگیە دەرناچێ و لەوە تیناگەن، کە کەسی یەکەمی ئۆپۆزیسیۆنی جاران و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە چ سیحرێک لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تلیسم کراون و لە کۆبوونەوەیەکی ڕووبەڕوودا بە پارتی و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستانیان رانەگەیاندوە، کە تێڕوانینیان لە سەر سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان چییە!

پارتییەکان لەو بەینەدا گەمەی خۆیان کردوە و لە بێدەنگی هێزە سیاسییەکان کەڵکیان وەرگرتوە و لە ژێر ناوی شەڕی داعش و هتددا هەوڵیانداوە دۆخێکی لەبار بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بخوڵقێنن. ئەوان نیازیان وابوە، کە لە پرۆژەی جۆراوجۆر سوود وەرگرن و جاروبار تەنانەت قەیران بخوڵقێنن بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێن، کە تەنیا یەک کەس لە باشووری کوردستاندا دەتوانێ سەرۆک بێ. لایەنگرانی بارزانی و نزیکەکانی ئەوەیان لەبیرکردوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بە دەنگی پارتیی و یەکێتیەکان ئەو دەنگانەی بەدەستهێنا. لەو ڕێڕەوەدا تاڵەبانی و زۆر کەس لە یەکێتیەکان لە کوردستاندا دەنگیان بۆ مەسعود بارزانی کۆدەکردەوە و ئەگەر بارزانی بە تەنیا کاندیدی پارتی دێموکڕات بایە، نیوهێندەی دەنگەکانی وەدەستنەدەهێنا و بە کردەوە نەدەبوو بە سەرۆکی هەرێم. بە گوێرەی لێکدانەوە و تێڕوانینێکی باسنەکراو، ئەگەرچی پارتیی و سەرۆکەکەی باس لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە نێو خەڵکدا دەکەن، بەڵام ئەوان ئامادەنین مەسعود بارزانی وەک کاندیدی تەنیا پارتەکەیان بۆ هەڵبژاردن بەربژێربکەن. پارتی دێموکڕاتی کوردستان دەزانێ، کە ئەگەر کاندیدەکەیان لە لایەن هێزە کوردییەکانی دیکەی باشوور و بە تایبەت هێزە خاوەن پێگەکان پشتگیری نەکرێ، ڕێژەی پێویستی دەنگەکان دەستەبەر ناکات. کێشەکە لەوەدایە، کە لایەنە سیاسییەکان لە هاوکێشەکە نەگەیشتوون و نازانن، کە پارتی دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن تەنیا وەک بیانوویەک بەکار دێنێ و ئەگەر بە ڕاستی لایەنەکانی دیکە یەک بەربژێر دیاری بکەن، ئەوکات پارتی ئامادە نابێ بچێتە هەڵبژاردن و دەزانێ، کە لەو هەڵبژاردنەدا بەربژێری لایەنەکانی دیکە بە ئاسانی بە سەر بەربژێری پارتی دێموکڕاتدا سەردەکەوێ. پارتی دێموکڕات و سەرۆکی ئەو پارتە حەز ناکەن لە ژێر سەرۆکایەتی خەڵکی دیکەدا کار بکەن و هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بۆ ئەوەیە بە ناوی سازان و پاراستنی ئاسایش و نەگڕانەوە بۆ دوو ئیدارەیی، حیزبەکانی دیکە بۆ خۆیان بچن بۆ دیوەخان و بە سەرۆک بڵێن، داوا دەکەین لە سەر کورسیەکەت دامەبەزە و ئەگەر تۆمان نەبی، لەو ڕۆژگارەدا ژیانی کوردان مەحاڵە و خاکمان تورەکەڕێژ دەکەن!

پێشکەشکردنی چەند پرۆژەیەک لە سەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پارلەماندا شەڕی ڕاستەقینەی سەرکردە بێدەنگەکانە. ئەو سەرۆکانەی، کە ئامادە نەبوون لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا ئەو پرسە بۆ خەڵک و لایەنگرەکانیان یەکلاکەنەوە و لە سەر دوارۆژ و چوارچێوەی دەسەڵاتی کوردیی بگەنە خاڵ وپرۆژەی هاوبەش. بێدەنگی لە عورفی کۆمەڵایەتی و میواندارییەکاندا قبوڵکراو و گونجاوە، بەڵام لە عورف و کولتوری سیاسیدا، کە باس لەدەسەڵاتی خەڵک و مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی دەکرێ، بە شەرم و نەبوونی ئازایەتی سیاسیی پێناسەدەکرێ.

کارکردنی پارتی دیموکرات بە هەموو جومگەکانیەوە بۆ بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی پارلەمان لە رۆژی ٢٣ی مانگدا دەریخست، کە بێدەنگی دوو ساڵە پڕە لە پەیام و دەنگ، کە لایەنەکان لە هەرێمی سەرۆکە بێدەنگەکاندا بە زمانی سیحراوی دەریانبڕیوە و خۆیان و خەڵک لە یەکتر نەگەیشتوون. کش و ماتبوونی فراکسیۆنی پارتی و تەنانەت پارتییەکان و سەرنەکەوتنیان لە شکاندنی بەرەی بەرامبەر لە پرسی سەرنەگرتنی کۆبوونەوەی پارلەمان پەیامە گرینگەکەیە، کە هێشتا لایەنەکان بە داخەوە بە لێدوانێکی پڕ لە شەرمەوە باسی دەکەن. گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو بە زمانێکی لاواز دەڵێن، کە یاسا رێگا بە مەسعود بارزانی نادات خۆی کاندید بکاتەوە و ببێتەوە سەرۆکی هەرێم، بەڵام با پارتی تێرۆانینی خۆی باس بکات. بە واتایەکی دیکە، ئەوان هێشتا بە تەواوەتی لە سەر پاراستنی یاسا و رێساکانی هەرێم ساغ نەبوونەوە و ئامادەن بەجۆرێک سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی قبوڵ بکەنەوە، ئەگەر لە پارلەمان هەڵبژێردرێ. پارتییەکان بە شەرمەوە دەڵێن، کە سەرۆکەکەیان حەزی لە ئیدارە و سەرۆکایەتیە و بە ناوی کارکردن بۆ دەوڵەتی کوردی دەیرەنگێنن. ئەوان جاران دەیانگوت، کە مەسعود بارزانی پێویستی بە کورسی نییە و ئەوە کوردستانە کە پێویستی بە مەسعودە. لە دوای کۆبوونەوەکە ئەو قسانەی پارتیی و پارتییەکان لە مانا بەتاڵ بوونەوە، چوونکە سەرۆکی پارتی دیموکرات و پارتییەکان بە هەموو تواناوە هەوڵدەدەن یاسا بشکێنن و لە عورفە نێونەتەوەییەکان لابدەن و لە ژێر چیرۆکی سازکراودا بیکەنەوە سەرۆک.

چاوەڕوانی هەموو لایەک ئەوەیە، کە لایەنە سیاسیی و بەڕێوەبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەکردەوە بیسەلمێنن، کە خوازیاری دەسەڵاتێکی خەڵکین. بێدەنگی سەرۆک و پاشای پارتە سیاسیەکان و تێوەگلاندنی کۆمەڵگا لە شەڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە قازانجی خەڵکی کوردستان و دوارۆژی خەڵکەکەیدا نییە.

دانپێداهێنان بە جیاوازییەکان و هەبوونی بیروڕای جیاواز ئاماژەیە بە دەوڵەمەندیی و فرەلایەنی کۆمەڵگای کوردستان، بەڵام خۆسەپاندن و شکاندنی یاسا و رێساکان بە هەموو زمانێک باس لە ویستی دیکتاتۆرییەت و زۆرداری دەکەن. ئایا باشتر نەبوو، کە مەسعود بارزانی، ٦ مانگ لەوە پێش بە پارلەمان و هەموو لایەکی راگەیاندبایە، کە ئەرکی ئەو لە ١٩ی مانگی ٨دا کۆتایی دێ و با پێکەوە کاربکەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم؟ ئایا باشتر نەبوو، کە سەرۆکی پارتەکانی دیکەی باشوور کە خوازیاری سیستمێکی پارلەمانین لە ماوەی رابردوودا بە رەوانی بە مەسعود بارزانیان گوتبایە، کە ئامادە نین یاسا بشکێنن و لە هیچ حاڵەتێکدا ئامادە نین

لە دوای ١٩ی ٨دا وەک سەرۆکی هەرێم ئێعترافی پێبکەن؟ لەو دۆخەدا هەموو لایەنەکان رەچاوی سیاسەتی عەقلانیان دەکرد و ناچاربوون لە بەردەم خەڵک و هەموو لایەکدا لە نێوان دوو بژاردەی خۆسەپێنی و خەڵک پەسەندیدا یەکێک هەڵبژێرن. لە ئاکامدا هیچ لایەک مەودای خوڵ لە چاوی خەڵکردن و فێڵ و گزی لە خۆیان و ئەوانی دیکەی نەدەما. ئەگەر سەرۆکی پارتە سیاسییەکان ئازایەتیی و شەهامەتی دەربڕینی ویست و داخوازییەکانی خۆیان و لایەنگرەکانیان هەبا، ئەو کات سەرۆکی بە ناو هەرێم بۆی نەدەگونجا لە سەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بێدەنگ بێ و چاوەڕێی زیاتر بێ و خۆی لە یاساکان بشارێتەوە. جێگای خۆیەتی پرسیار بکرێ، کە سەرۆکایەتی هەرێم و مەسعود بارزانی بڵاوکراوە لە سەر داروبەرد بڵاودەکەنەوە، بەڵام بۆچی لە سەر پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و تەنانەت تێڕوانینی خۆیان لە سەر ئەو پرسە زمانیان گۆناکا؟

بۆ دەربازبوون لەو دۆخە پێکەوە هەڵکردن و کارکردن پێویستە و دوورکەوتنەوە لە کولتوری خۆسەپاندن مەرجی سەرەکییە. لەو هەرێمەدا کە سەرۆکەکان بێدەنگن و سواری شان و پیلی خەڵک بوون و دەبن و لە حیزب بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییە کەسیەکانیان سوود وەردەگرن، بێدەنگی خەڵک و رازیبوونیان بە قەزا و قەدەر و بەڵێنی بێ سەر و بن رەوا و گونجاو نییە. ئەگەر سەرۆکی هەرێم پاش ١٠ ساڵ ئامادە نەبێ واز لە پۆستەکەی بێنێ و ڕێز لە ئیرادەی خەڵک و یاسا نەگرێ، چاکسازی و رێفرۆم چۆن سەردەگرێ؟ ئاخۆ چارەنووسی ئەو پارچەیەی کوردستان لە ژێر هەیمەنەی تورک و فارسەکان و ویستی خۆسەپێنی سەرۆکە بێدەنگ و هەمیشەییەکان چی بێ؟ مێژوو لە پێشاندانی ئاکامی رووداوەکاندا راستگۆیە و سەرئەنجام هەموومان لە دواڕۆژدا ئاست و رێژەی راستگۆیی لایەنە سیاسیی و سەرۆکەکانیان لە قەپان دەدەین و ئەوکات بە کردەوە دەبینین، کە بەرژەوەندییەکانی گەل و خاک چەندە پشتگوێ خراون و ویست و حەزی سەرۆکە عاشقەکانی دەسەڵات و پارە چەندە بە پیرۆز کراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٥

## دێموکڕاسی، باشووری کوردستان و سیاسەت

دێموکراسی لەو وشە و چەمکانەیە، کە لە پانتایی جیهاندا زۆر بەرگوێ دەکەوێ. بە یەکێک لە بایەخە بەرچاوە خاوەن پێگەکان پێناسەدەکرێ، کە مرۆڤی سەردەم لە پێناویدا ئامادەی تێکۆشان و تەنانەت گیان فیداکردنە. مرۆڤەکان کەم و زۆر لەوە تێگەیشتوون، کە چەمکی دیموکڕاسی لەسرووشتدا ڕێژەییە و لە گۆڕەپانی بە کولتورکردن و سیاسەتدا یاسا و ڕێسای ژینگە، کۆمەڵگا و زۆر تایبەتمەندیی دیکە ڕەچاو دەکا. دێموکڕاسی وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن پێویستی بە مەرج و ژینگەی تایبەتە. ئەو ڕەوتە درێژخایەنە و تایبەتمەندییەکانی لە ڕێچکەیەکی دوورو درێژی مێژوودا دەستەبەر کراون و دەرکەوتەی کاتێکی تێپەڕ و ئاکامی چەند درووشمێکی دڵڕفێن نییە. ئازادیی و دێموکڕاسی لەو بەرهەم و چەمکانن، کە لە هەناوی سەرکوتکاریی و خوێنڕێژی مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتر و چەوساندنەوەدا باڵایان کردوە.

لە تێگەیشتنێکی گشتییدا، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەنێو یەکە سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا بەسەر سێ بەرەی لایەنگران و ئۆگرانی دێموکڕاسی، نیمچە خوازیارانی دێموکڕاسیی و دژبەرەکانی دێموکڕاسی پۆلێن دەکرێن. جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لە بوارەکانی وەک کولتور، جۆغرافیا، ئایین، ڕێژەی گەشەکردن و پێشکەوتن و سیستەمە سیاسیی و پەروەردەکان لە سەر جۆر و ستایلی تێگەیشتن لە دێموکڕاسی شوێندانەرن. لە لایەکی دیکە، سنووری نێوان درووشم و کردەوە لە پرۆسەی بە کولتورکردنی دێموکڕاسیدا زیاتر دەردەکەوێ. لە زۆربواردا و بە تایبەت لە پرسی سیستەم و ئیدارەدا، دێموکڕاسی جێگرەوەی نییە.

لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕە بەردەوام و کاریگەرەکانی جیهاندا داخوازییەکانی مرۆڤەکان دەگۆڕێن. مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە وەک سەدەکانی رابردوو لە یەکتر دابڕاو نین و بە کاناڵی جیاواز و بە شێوازی ڕەنگاوڕەنگ زیاتر و زۆرتر شارەزای ماف و ئەرکەکانی خۆیانن. ئەوان لە کاروانی ژیاندا بەرەو داهاتوویەکی بەختەوەرتر هەنگاو هەڵدەگرن، ئەگەرچی زۆر جار ئەو داهاتووییە لە خەونێکی گەورە و خەیاڵێکی سەرکێش تێپەڕ ناکا. شایانی باسە، کە ژیان و ئازادی، دێموکڕاسی و یاسای دادوەرانە بەرەی ڕەنجی بێ ئەژمارن. مرۆڤ بەو ئاکامە گەیشتوە، کە ئەگەرچی خاوەنی بایەخی بەرزە، بەڵام هەرگیز پیرۆز نییە و لە سەرەوەی هەڵە و خەراپ بەکارهێنانی پێگە

و دەسەڵاتدا نییە. لە ئاکامدا دیموکڕاسی وەک ڕەوتێک کەم و زۆر لە گۆڕان و نوێبوونەوە دایە.

لەو وڵاتانەی، کە پرۆسەی دیموکڕاسی خاوەن پاشخانێکی پتەوە و ڕەگی داکوتاوە، هاوڵاتیان خوازیاری پەرەپێدان و قوڵترکردنەوەی دیموکڕاسی لە کەلێن و قوژبنە جۆراوجۆرەکانی ژیانن. ئەوان تەنیا بەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە، کە سیستەمی وڵات لە سەر بنەماکانی دیموکڕاسی سوور و گەڕ دەخوا، بەڵکو خوازیارن دیموکڕاسی لە ژیانی ڕۆژانە و لەهەموو بەستێنەکاندا ڕەنگبداتەوە. لەو مەڵبەندو وڵاتانەی، کە بەشێوەیەکی ناتەواو دیموکڕاسی ڕاهێنانی لە سەر دەکرێ و کراوە، هێشتا دیموکڕاسی جێگیر نەبوە و سەقامگیری بە دوای خۆیدا نەهێناوە. لەو ژینگەیەدا مرۆڤەکان لە نێوان بژاردەکانی وەک گەڕانەوە بۆ رابردوو، قبوڵکردنی سەرەڕۆیی تەواو عەیاری دەسەڵاتدار و خەبات بۆ رزگاریی و گۆڕینی دۆخی ژیان سەرگەردانن. لەو کۆمەڵگایانەدا، خوازیارانی دیموکڕاسی بە تەواوەتی ساغ نەبوونەوە و سیستەمی سیاسیش لە کەنارەکانی زرە نوێبوونەوەدا جار و بار ریفۆرمێک دەکا. لە ئاکامدا هێشتا کاروانی کامڵبوون و مەینیی نیمچە دیموکڕاسییەکە درێژەی هەیە و هەوراز و نشێوان دەبڕێ.

هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەسەڵاتێکی دادگەر و خەڵکیی لە پانتایی ئەو وڵاتانەی، کە کەوتوونەتەوە بەرەی دژە دیموکڕاسی زۆر لە سەرەخۆترن. لەو مەڵبەندانە توێژی فەرمانڕەوا و سیستەمی دەسەڵات دەنگە ئازاکان دەخنکێنن و بەناوی جۆراوجۆر دژ بەدەسەڵاتی خەڵک و جێگرکردنی یاسا باوەکان هەنگاو دەنێن. مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایانە ڕێگایەکی دژوارتریان لە بەردەمە و داهاتوویان هەڵگری کەوتن و هەستانەوەی زۆرترە، چوونکە کولتوری دیموکڕاسی نەکەوتۆتە سەر ڕێچکە سەرەتایی و سرووشتەیەکە و لە زۆر کاتدا مرۆڤەکان ناچارن لە نێوان نان و ئازادی یەکێکیان هەڵبژێرن.

خەبات لە پێناوی قووڵکردنەوە و پەرەپێدانی دیموکڕاسی بە مانای جێگرکردنی باشترین میکانیزمی ئیدارەی کۆمەڵگایە. ئەو میکانیزمەی، کە بالانسی دەسەلات و پێوەندییەکانی کۆمەڵگا ڕێکدەخات و زەمانەتی دوورکەوتنەوە لە دیکتاتۆریی و دەسەڵاتی یەکلایەنە مسۆگەر دەکات. دیموکڕاسییەک، کە وەک میکانیزمی ئیدارە و هەڵسووڕاندنی کار و باری کۆمەڵگا پێناسە دەکرێ، لە پاشخانی خۆیدا هەڵگری سەقامگیری نێوخۆییە و ئامادەی ملشلکردن بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت نییە. ئەگەر دیموکڕاسی وەک درووشم، هات و هاواری هەڵبژاردن و کەلوپەلی جوانکاریی لێکدرایەوە، زۆر ئەستەمە بتوانێ لە کاتی دژوار و کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەست تاکە کەس

یا لایەنەکی دیاریکراودا، سوکانی بالانسی دەسەڵات راستکاتەوە. خەڵک لەبەرەی وڵاتانی دیموکراتدا تێگەیشتوون، کە دەسەڵاتدار بۆ ماوەیەک ئەرکێک رادەپەڕێنێ و مافی نییە، کە دەسەڵات خەراپ بە کاربێنێ و بە شێوەی نایاسایی لە سەر کورسی حوکم دەرکەوێ. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا خەڵک و مێدیا و بە تایبەت بژاردەی وڵات لە بەرەی پاراستنی دیموکراسی و میکانیزمە دیموکراتییەکانی کۆمەڵگادان. ئەوان لە بەر خاتری ئەم و ئەو، یاسا و مێکانیزمە دیموکراتیکەکان پێشێل ناکەن و پارێزەریی راستەقینەی رەوت و بایەخی دیموکراسین.

لە ئاماژەکانی بوونی دیموکراسی بە شێوەیەکی رێژەیی دەکرێ ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەین: یەکەم، ئەوە کە دەسەڵاتی گشتیی لە سەر بنچینەی یاسا دیموکراتیکەکاندا بەکاردێ و دەرفەت و کەلێنی لێکدانەوە بۆ خەراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتیی بوونی نیە. دووهەم، دەسەڵاتدار و ئەوانەی لە لوتکەی دەسەڵاتدان پێگە و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆیان و نیزیکەکانیان بەکارناهێنن و تێدەکۆشن دەسەڵاتی ناوەند و دەزگا فەرمییەکانی دیکە خەوشدار نەبێ.١ شایانی ئاماژەپێکردنە، کە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە سەر بنچینە و بنەمای قبوڵکراو و ستاندارده جیهانییەکان یەکێک لە ئاماژەکانی بوونی دیموکراسییە، کە لە وڵاتانی ناسراو بە دوو بەرەی نیمچە و دژە دیموکراسیدا کەڵکی خەراپی لێوەردەگیرێ. لەو وڵاتانەدا دەنگدان و دەنگوەرگرتن، بەکارهێنانی پێگەی سیاسی، ستایلی فرت و فێڵ بۆ زیادکردنی رێژەی دەنگەکان و بەکارهێنانی هەڕەشە و هتد. سرووشتی هەڵبژاردن دەگۆڕن و کایەی دیموکراسی لە ناخەوە بەتاڵ دەکەن. ئەگەر هەڵبژاردن و یاساکان نەبنە مایەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات و هاوڵاتیان لە پرۆسەی ئیدارەدا بەشدار نەبن، دیموکراسی بوونیکی رووکەشی هەیە و لە درێژخایەندا نابێتە ماکەی سەقامگیریی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

لێرەدا مەبەست لە دیموکراسییەکە، کە هەموو ئەڵقەکانی دەسەڵات و ئیدارە دەگرێتەوە و لە بنەڕەتدا هەموو ئەکتەر و فاکتەرە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لە رەوتی ژیانی کۆمەڵگادا دەخوێنێتەوە. لە ژێر سێبەری ئەو جۆرە لە دیموکراسییەدا، میکانیزمی ئیدارەی کۆمەڵگا رێگا نادات، کە بۆشایی یاسایی و دەسەڵات لە پانتایی ئیدارەکردنی وڵاتدا دەرکەوێ. بێجگە لەوە، پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەت، رێکخراو و بە تایبەت پارتە سیاسییەکان، دەزگاکانی وەک یاسادانان، جێبەجێکار و داد، هەروەها پێگە و جێگەی ئازادییەکان و بە تایبەت راگەیاندن و چۆنیەتی لێپرسینەوە لە دەسەڵات و تاوتوێکردنی ماف و ئەرکەکان دەخاتەڕوو. بە واتایەکی دیکە، ئەو جۆرە لە دیموکراسی چەترێکی بەرفراون بۆ سەرجەم جۆر و لایەن لە ئازادییەکان بەرهەمدێنێ و لە رێگای

نوێبـوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانـدا یەکـانگیر دەبـێ و خـزمەت بەکۆمەڵگـا و هاوڵاتیـان دەکـا. ئەو شـێوازە لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵگا نیعمەتی ئازادیی هاوڵاتیان دەپارێزێ و ئامادە نییە سەروەریی یاسا و ئازادیی هاوڵاتیان پێشکەش بە تاک و هێزە سەرەڕۆکان بکا.

*خوێندنەوەیەک بۆ دێموکڕاسی لە باشووری کوردستاندا*

باشووری کوردستان لە ژێر تیشکی پـۆلێنکردنەکەی مەڵبەنـدە دێموکڕاسییەکاندا دەکەوێتە نێوان دوو بـژاردەی نیمچە و دژە دێموکڕاسیی. ئەگەرچی هێزی سیاسیی لەو پارچەیەی کوردستاندا بوونیان هەیە و لەساڵانی ڕابردوودا هەوڵدراوە ئـازادیی پـارتە سیاسییەکان و ڕادەربـڕین لە چوارچێوەی یاسادا دابڕێـژرێتەوە، بەڵام پاشخانی بـوونی پارتە سیاسییەکان و کردەی ئەوان و سەرکردەکانیان ناکەونە نێو بازنەی یاسا. بە واتـایەکی دیکە، لە سەردەمی ڕابردوودا و لە قۆناخی بە ناو خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی سیاسیی لە سەر بنەمای ڕەوایی ویست و داخوازەکان دامەزران. ئەوان لە دەرەوەی یاسای دەوڵەتە سەردەستەکاندا دامەزران، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان، لە ڕاهێنـانی دێموکڕاسیی و بـایەخە دێموکڕاتیکەکانـدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەگەرچی لەسەرەتای گەڕانەوە بۆ باشوور، هەڵبژاردنی پارلەمان و بەناو ڕێبەری بزوتنەوەی ئازایخوازیی کوردستان کرا، بەڵام دواتر کەوتنە داوی شەڕی یەکتـر و پەنایـان بـۆ هەموو هاوکێشەیەکی تەنـانەت ڕێگەپێنەدراویش بـرد. لە هەنگـاوی یەکەمـدا دوو پـارتی سـەرەکی ئەو قۆنـاخە، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دێمـوکڕاتی کوردسـتان، لە هەڵبـژاردنە پارلەمـانیەکەدا سـەرکەوتوو بـوون، بەڵام ئـامـادە نەبـوون ئـاکـامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ کەن. هەردووک لایەن بە کردەوە بـاوەڕیان بە پرۆسەی دێموکڕاسی و میکانیزمی ئیدارەکردنی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای دێموکڕاسی نەبـو، ئەگەرچی بە درووشم و نووسـراو بە زیـادەوە لە سـەری دەدوان. بێجگە لەوە، کولتور و مێژوویی نێوان ئەو دوو پارتە و ڕەوتی کێبەرکێی ڕەواو و نارەوا لە سـەردەمی ڕابردوودا، کـاریگەر و شوێندانەر بوون. لە ئاکامدا هیچ لایەک ئـامادە نەبـو، لە ئاستی سەرۆکایەتیدا ئەوەی دیکە قبـوڵ بکـا و هەر بۆیە بە ئاسانی دەستیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی بزوتنەوەی ئـازادیخوازیی کوردستان کێشایەوە، هەرچەنـدە هیچ کام لە بەربژێرەکان ڕێژەی یاساییان دەستەبەر نەکرد بوو.

لە ژێر بارووودۆخی باسکراودا، سەرکردایەتی یەکێەتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان

ناچاربوون، کە ئیدارە و پۆست و دەسەڵات لە هەموو ئاستەکاندا لە نێوان خۆیان بە ستایلی پەنجا بە پەنجا دابەشکەن. لە ئەنجامی لاوازی پاشخان و کولتووری دەکارهێنانی مێتۆدەکانی دیموکڕاسی لە کوردستان و تەنانەت دەسەڵات و نەتەوە باڵادەستەکانی ناوچەدا، کوردەکان تووشی هاوکێشەیەکی تازە و دژوار بوون. لەو سەردەمەدا ئەوان پێویست بو، لە گۆڕەپانی کردەوەدا بیسەلمێنن، کە چەندە و چۆن باوەڕیان بە دیموکڕاسی و میکانیزمی ئیدارەکردنی کۆمەڵگا هەیە. ئەگەر راستگۆیانە دۆخەکە و لایەنە نێوخۆییەکانی خەڵکی کورد لە قۆناخی دوای راپەڕین لەباشووری کوردستاندا بخەینە بەرچاو، لە یەکەم تێڕوانیندا دەردەکەوێ، کە میکانیزمەکانی دەسەڵاتێکی دادپەروەر لەو ژینگەیدا بوونێکی لاواز و سەرزارەکیان هەبو. زۆربەی توێژی دەسەڵاتخوازو سیاسەتکار و دارودەستەکانیان لە سەرکردایەتیی و بنکردایەتی پارتە سیاسییەکاندا، لە راهێنانی دیموکڕاسی و بایەخە دیموکڕاتیکەکان دوور بوون. ئەوان تەنانەت لە نێو ئیدارەی پارتە سیاسییەکان و باقی دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا باوەڕیان بە سیستەم و مێتۆدەکانی دیموکڕاسی نەبو. کوردگوتەنی، هەمووی هەر درووشمی جوان و بریقەدار بو، کە وەک قسەی خۆش بۆ کوێستانی دڵەکان دەگوتران.

بژاردەی کۆمەڵگا و بە گشتیی رەوتی پەروەردە و یەکەی کۆمەڵگا لە ژێر کارتێکەریی فاکتەرە درێژخانە کولتووریی و سیاسییەکاندا ژینگەیەکی تەژی لە دژە دیموکڕاسیان خوڵقاندبو. سیاسەتکار و پارتە بەرهەڵستکارەکان پێش راپەڕین و گەڕانەوە و دوای ئەو قۆناخەش لە پرۆسەی دەسەڵاتخوازییەکی رەق و تەقدا نوقوم ببوون. لە ئاکامی نەبوونی مێدیایەکی نەبەستراوە، توێژی ئەکتیڤ و چالاکی کۆمەڵگا لەدەرەوەی گەمەی پارتە سیاسییەکان، بیروڕای گشتی خەڵک دەرفەتی ساخبوونەوە و شکڵگرتنی نەبو. دام و دەزگای کۆمەڵگای مەدەنی، دەزگای بەڕێوەبەریی و نیشتمانیی و هێزی چەکداری یەکگرتوو بە تێکڕا لە پرسی ئیدارەکردندا لاواز و نادیاربوون. بە واتایەکی گشتی، پارتە سیاسییەکان و بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی هێزی چەکدار، پێوەندی دەرەکی و خاوەن زۆنی ئیدارەکردنی خۆیان بوون، لە جیاتی یەکەم پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی بارودۆخەکەیان دەکرد. دیموکڕاسی و سیستەمی دیموکڕاسی لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان و کۆی کایەی دام و دەزگا فەرمیەکاندا لە ناوێک زیاتر نەبو. کوردایەتی و ئازادیی وەک درووشمە زۆر و زەوەندەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان پانتاییەکی زۆری لە گۆڕەپانەکە بۆ خۆی پاوان کردبو، بەڵام کردەوە و بڕیارە سیاسییەکان و ستراتیژییەکان زۆر بە کەمی لە گەڵ کوردایەتی یەکیان دەگرتەوە. زۆربەیان لەهەناوی بەرژەوەندیخوازیی و دەسەڵاتویستی کۆمەڵە سیاسەتکاریکدا یەکیان دەگرتەوە، کە لە گەڵ رەوتی دەسەڵاتێکی یاسایی و خەڵکیدا زۆر ناتەبا بوون.

ئەو ژینگەیە پڕ لە رق و کینەیە لە دوای نیزیک بە دوو ساڵ حکومەتداریی بە ستایلی پەنجا بە پەنجا،زمانی دەکارهێنانی چەک و سیاسەتی پەنابردن بۆ دەوڵەتە سەردەستەکانی لێکەوتەوە. شەڕێک کە هەڵبژاردن، پارلەمان، پرۆسەی گەشەکردنی ئاسایی و سرووشتی کۆمەڵگای لەسەر رێچکەی خۆی لادا و باشووری بە سەر دوو زۆنی ژێر کۆنترۆڵی دوو پارتدا دابەشکرد. لە ئاکامدا، یاسای شەڕیان بەسەر یاسای ژیاندا زاڵ کرد و سەرئەنجام کۆمەڵگا کەوتە ژێر تەوژمی تاقەت پڕووکێنی شەڕی نێوان هێزە کوردییەکان. درێژەکێشانی شەڕ و بەردەوامبوونی قۆناخی دوژمنایەتی. کوردەکانی باشووری خستە نێو بازنەیەکی داخراو و ئەگەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سرووشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوکار نەبایە، لە نیوەی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا زۆر بە ئاسانی لە هەڵدێرە ترسناک و دژوارەکە نیزیک ببوونەوە. رێککەوتننامەی ئاگربەسی نێوان یەکێتی و پارتی بە بەرێوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆخەکەی نەگۆڕیی و چەمکە گرینگەکانی سیاسەت و ژیان بە مەیلی حیزب و سیاسەتکارە حیزبییەکان مانا دەکرانەوە. زۆنە حیزبییەکان، دەزگا ئیدارییەکان و رێکار و ستاندارده باوەکانیان لە سەر وەزن و قیاسی خۆیان دارێشتبوون.

لە دوای پەلاماری ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و رووخانی دەسەڵاتی بەعس، لە ژێر کارتێکەریی دەرەکیی و ناوچەیی پارتە دژبەرەکان ناچاربوون تاکتیکی سیاسەت بگۆڕن. ئەمجارەش یاساو رێسا دێموکراتیەکانیان لەبیرکرد و لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات و پارە و پۆستە ئیدارییەکان سازان. لە وەرزی تازەی درێژەدان بە کولتووریی کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات لە دەرەوەی یاسادا و هەوڵدان بۆ راگرتنی بارودۆخ بە قازانجی توێژە بە ناو سیاسەتکارەی حیزب، سەرکردایەتی بە ناو دوو زۆنی زەرد و سەوز ستایلێکی تازەیان بۆ سیاسەتی پەنجابە پەنجا داتاشی. دارێژەرانی بڕیار لە باشووری کوردستان پاش پرۆسەی بە ناو ئازادیی عێراق بە پەلە پڕووزە چوونە بەغدا و خوازیاری بەشەکەی خۆیان بوون. ئەوان لەو دۆخەدا باسیان لە بردنی مۆدیلی کوردیی بۆ نێوەڕاست و باشووری عیراق دەکرد. لە درێژەی کارکردن بۆ بەرفراوانکردنی بەرژەوەندییە کەسیی و حیزبییەکان سەرئەنجام دوو پارتە کوردییەکەی باشوور (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان) لە سەردابەشکردنی دەسەڵات، پۆستە ئیدارییکان و پارە لە کوردستان و بەغدا رێککەوتن.

لە دۆخی تازەدا سەرۆکی ئەو دوو پارتە لە مەبەستە سەرەکیەکانی خۆیان نیزیک دەبوونەوە و خەونە کۆن و دێرینەکانیان وەدیدەهات. جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەو نەخشە تازەیەدا دوو کورسی سەرۆکایەتی بەغدا

و هەرێمیان بەرکەوت. تاڵەبانی لەوە دەڵنیا نەبو، کە خولی دووهەم پۆستەکەی وەردەگرێتەوە، بەڵام بارزانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی وەک خەلاتێکی دەگمەن و کۆن دەستکەوت، کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی ئەو دەرفەتەی دەکرد. بۆ بارزانی و پارتی دیموکرات گواستنەوە پرسی سەرۆکایەتی لە پارت و حیزبەوە بۆ ئاستی هەرێم دەستکەوتێکی گەورە بو، بۆیە بە شێوازی خۆیان دوور لە میکانیزمە دێموکڕاتیکەکان هەیکەلی ئەو دەزگا تازەیان بۆ خۆیان داڕشت. خەونە تاکە کەسییەکان وەڕاستگەرابوون، بەڵام خەونی کوردان لە باشوور هێشتا تړووسکایەکی لێ دیار نەبو. دوو ساڵی سەرەتای پاش رووخانی دەسەڵاتی بەعس بۆ هەموو لایەک تەمومژاوی و نادیار بو. دیموکڕاسی و ئەزمونی دێموکڕاسی لە عێراقی تازەدا رووکەش بو، چوونکە رابردوو پڕ بو لە کردەوەی دژە دێموکڕاتیک. جوڵەی سیاسەتکارە عێراقیەکان و تەنانەت کوردەکان لە بەغدا لە سەر دواڕۆژی عیراق و پێگە و جێگەی خۆیان لە داهاتووی ئەو سیستەمەدا چەقی بەستبو. لەو سەردەمەدا، کە عێراق ئەرتەش و هەموو دام و دەزگایەکی لە بەریەک هەڵتەکابو، رەوتێکی ناحیزبی لە کوردستاندا بە مەبەستی رێفراندۆم لە سەر دواڕۆژی کوردان لە باشوور راگەیەندرا. پارتە کوردییەکان لە بەر بەرژەوەندییە کەسیی و حیزبییەکان توخوونی ئەو کەیسە نەبوون و زۆر بە دڵگەرمی کەوتبوونە سەر هێڵی عێراقی تازە. ئامانجی ئەوان خۆگونجاندن لە گەڵ عێراقی تازە و پاراستنی پێگەی خۆیان لە سەر نەخشەی تازەی ناوچەکە بو. خەونی دێموکڕاسی و دەسەڵاتی خەڵک لە بیرکران و گەمەی درێژەدان بە سیاسەت لە سەر بناخەی کولتووری رابردوو درێژەی کێشا.

لە هەموو سیما و رووخسارەکانی دێموکڕاسی، هەڵبژاردنێکی پڕ لە گزیی بەڕێوەچو، کە دادی ئازارو مەینەتیەکانی هاوڵاتیانی نەدا. لە ژێر باری کولتووری چەوساندنەوە و رق و کینی چەند لایەنەدا، پایەکانی دیکتاتۆرییەت لە بەرچاوان مانەوە و میکانیزمە دیموکڕاتیکەکان لە سەر روومەتی لاپەڕە و پرۆژەکان پەکیان کەوت. هاوڵاتی و دەسەڵات، ئیدارە و سیاسەت لە سەر رێچکەی تازە نەکەوتنە گەڕ و شەڕی دەسەڵات بۆ شکاندنی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندییە زۆر و زەوەندەکان زیاتر گەشەی کرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فۆرمی یەکگرتنەوەشدا لەو عیراقە نوێیەدا چارەی کێشە سەرەتاییەکانی نەکرد و لە تەنگژە جیاوازەکاندا ئەرک و وەزیفە سەرەتاییەکانی لەبیرکرد. ئەو وردە ئازادیی و دێموکڕاسییەی، کە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەیە، لە سایەی دۆخی گشتیی ناوچەکەدایە و دیاری هیچ سیاسەتکار و پارتێکی سیاسیی و ئایینی نییە. لەو نێوەدا، ئەو هەرێمەی کە بڕیار بو وەک سیستەم و مۆدیلی ئیدارەکردن و دێموکڕاسی بۆ بەغدا و بەسرە

هەنـــاردە بكــرێ، لە دوای ســـاڵانێكی زۆر كەوتـــۆتە بەردەم دوو ڕێیـــانەیەكی دژوار. یەكەم، بـــژاردە ڕێگـــای بە كولتوركردنی دیموكڕاسی و چەسپاندنی میكانیزمە دێموكڕاتیكەكان لە پانتایی كۆمەڵگادا و جێبەجێكردنی لانی كەمیی یاسابەركارەكان، كە پڕە لە دژواریی و ڕێگایەكی ڕەقن و بـرداوییە. دووهەم، بێدەنگبوون و قبوڵكردنی یاسای هێز و هەڕەشە، كە بە یاسای سرووشتی پێناسەدەكرێ و لە ئاكامدا كۆمەڵگا بەرەو توندوتیژی زیاتر دەبات.

## *بەرەو هەڵدێران یا گەڕانەوە بۆ ڕێفۆرمی بنچینەیی*

ئەگەرچی دێموكڕاسی لە باشووریی كوردستاندا بە گوێرەی پێوەرە باوەكان لە دەسەڵات، سیاسەت و ئیدارەی هەرێمدا وەك پێویست ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی میكانیزمە دێموكڕاتیكەكان چانس و دەرفەتی گونجاو كەم و زۆر دەركەوتوون. سیاسەتكارە كوردەكان و لەڕیزی پێشەوەیان پارتە سیاسییەكان خۆیان لەو هاوكێشەیە دزیوەتەوە، كە دەسەڵات و ئیدارەیەكی هەڵچنراو لە سەر ویستی خەڵك و كاركردن بە مێكانیزمە دێموكڕاتیكەكان لە ئیدارە و سیاسەتدا بە چەكی هەر گرینگی نەتەوەیی بەئەژمار دێن. بە واتـایەكی دیكە، گەشەپێدانی كولتوری دێموكڕاسی و كاركردن بۆ پتەوكردنی پایەكانی دێموكڕاسی لە هەموو بوارەكانی كۆمەڵگادا فاكتەری بەهێزیی و سەقامیگیرین. ڕێزگرتن لە بنەما و بایەخە دێموكڕاتیكەكان نەك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هاوڵاتیان نییە، بەڵكو زامنكردنی ئاشتی نێوخۆیی و بەردی بناخەی كۆمەڵگایەكی سەركەوتوو و خۆشگوزەرانە. لە سەردەمێكدا كە حیزب و داڕێژەرانی سیاسەت لە كوردستان هەوڵی قەدەغەكردنی خۆپێشاندانیان دەدا، ئەو كات بە كردەوە دەركەوت، كە هەرێمی كوردستان بەرەو دوارۆژێكی داخراوتر هەنگاو هەڵدەگرێ. بەرتەسكردنەوەی ئازادیی ڕاگەیاندن و ریگانەدان بە هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا شارستانیەكان خۆپێشاندان بكەن، دەرخەری بیری سەركوت و درێـژەدەری كولتـوریی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ بە دەسـتی مـرۆڤە. ئەگەر سیاسـەتكارە كوردەكـان و دەسەڵاتدارانی هەرێم لە بیری دوارۆژی كوردستان و پرسی بە دێموكڕاتیزەكردنی كۆمەڵگادا بوونایە، بێگومان لە جیاتی قەدەغەكردنی خۆپێشاندان هەوڵی فێركردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقامیان دەدا و باوەڕ و متمانەیان لە نێوان تاكی كورد و دەسەڵاتدا زیاتر دەكرد.

درێژكردنەوەی ماوەی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ دوو ساڵ لە لایەن یەكێتی نیشتمانیی و پارتی دیموكڕاتی كوردستان

زەبرێکی دیکەی کوشەندە بو، کە لە پەیکەر ئەو دەرفەتانەیان وەشاند، کە دەکرا ببنە یارمەتیدەری گەشەپێدانی کولتووری دێموکراسی. دارِێژەرانی پلانی شکاندنی یاسا بەرژەوەندییە درێژخایەن و نەتەوەییەکانیان فیدای کورسییەک کرد، کە بۆ دوارۆژ بە کردەیەکی نەرێنی گەورە پێناسە دەکرێ. بێدەنگی لە ئاست رووداوەکان و بە تایبەت پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان درەنگ یا زوو لە سەر کۆی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و تۆوی ئاڵۆزی زیاتر دەچێنن. شکاندنی یاسا بەرکارەکان و قبوڵکردنی ئەو یاساشکێنیە لە لایەن کەسی یەکەمی وڵات بە مانای نەمانی شەرعییەت و سوورِاندنی سوکانی ئیدارەکردن بەرەو داهاتوویەکی نەخوازراوە. رووداوە مێژوویەکان لە سەر یاساشکێنی لە زۆربەی وڵاتان ئەو وانەیەمان فێردەکەن، کە دیکتاتۆرەکان هەرگیز بە ناوی خۆسەپێنی و شکاندنی دژبەرەکان دەسەڵات ناگرنە دەست. ئەوان بە ناوی پاراستنی گەل، سەرخستنی وڵات و رزگارکردنی هاوڵاتیان و زۆر درووشمی بریقەدار سواری شان و پیلی هاوڵاتیان بوون و دەبن.

بەرِێوەنەچوونی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لە ماوەی رابردوودا و نەگەرِانەوە بۆ دەنگی هاوڵاتیان بە بیانووی جۆراوجۆر درزەکەی زیاتر کرد و بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بو، کە مۆدیلی هەرێم شکستخواردوە. کارکردن بۆ شکاندنی یاسا و درێژکردنەوەی دوو ساڵی دیکە بۆ بارزانی بە مانای لێدانی دوابزمار لەسەر تابووتی دێموکراسی پێناسەدەکرێ. کۆبوونەوە چەند قۆڵیەکانی پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان بۆ شکاندنی یاسا و تەریکخستنەوەی میکانیزمە دێموکراتیەکان سەلمێنەری ئەو راستیە بوون، کە کەش و هەوای هەرێم لە گەڵ کولتووری دێموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات ناگونجێ. سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکان و دەرکەوتەی ئەو نارِەزایەتیانە هەرێمی خستە بەردەم دۆخێکی تازە، کە یاسا لەو قۆناخەشدا پەراوێز خراو و لە هێز و هەرِەشە بۆ شکاندنی بەرەی یاساخوازان کەڵک وەرگیرا. پارتی دێموکرات لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەو پارتە، هەلی تازەیان بۆ رەخسا و بریاریاندا کە پارلەمان پەکخەن و وەزیرەکانی گۆرِان بە بریاری حیزب لەسەر کار لادەن. ئەوان دەکرا لە رێگای یاسابەرکارەکان و بە مێتۆدی قبوڵکراو هەوڵی لێ ئەستاندنەوەی متمانە لە سەرۆکی پارلەمان بدەن و پاشان گرێبەستی سیاسیی خۆیان لەگەڵ گۆرِان هەڵوەشێننەوە.

پینەوپەرۆکردنی سیستەم و یاساشکاندن لە کۆتاییدا بە قازانجی هاوڵاتیان نییە. لەکارخستنی پارلەمان وەک سەرچاوەی یاسادانان، کۆتایی هاتنی دوو ساڵەزیادەکەی مەسعود بارزانیی لە سەرۆکایەتیی هەرێم و گێرِبوونی حکومەتی بە ناو بنکەفراوان بە مانای دەستپێکی ژیانیکی تازە لە گۆرِەپانی سیاسەت لە هەرێمدا مانا دەکرێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بۆ هەموو لایەکیان سەلماند، کە میکانیزمە دیموکراتییەکان و یاسا و ڕێسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەئاسانی پێشێل دەکرێن و کۆمەڵگا هێشتا فێری بەرگریکردن لەئازادیی و مافە سەرەتاییەکانی نەبوە. ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگا بە کردەوە لە بایەخە دیموکراتییەکان تێبگەن، ڕێگا نادەن هیچ هێز و لایەنێک بە ئاسانی یاسابەرکارەکان بۆ قازانج و بەرژەوەندیی تاک لایەنە بشکێنێ. ئەگەر نەتەوەیەک ڕێز لە بایەخ و ئازادییەکان بگرێ، بە ساکاری و لە ژێر هیچ پاڵەپەستۆ و گوشارێکدا واز لە نیعمەتی ئازادیی ناهێنێ و سەر بۆ یاساشکێنەکان نەوی ناکا. لە کۆمەڵگای کوردستاندا تاکەکان هێشتا تام و چێژی دەسەڵاتێکی بەرپرسی خۆماڵیان نەکردوە و لە حکومەتی حیزب زیاتریان نەدیوە.

ئەمرۆ هەرێم بە هەموو پێودانگێک لە قۆناخێکی هەستیاردایە و ئەرکی هەموو لایەکە، کە بەرەی دیموکراسی بەهێز بکەن. شەڕی داعش درەنگ یا زوو کۆتایی پێدێ و پاپۆڕی گۆڕانکارییەکان سەرئەنجام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە لێوارێکدا لەنگەردەگرێ. کوردەکان بێجگە لە چەکی دیموکراسی و پراکتیزەکردنی میتۆد و ڕێکارە دیموکراتیەکان بژاردەیەکی گونجاوتریان نییە. ئەوان لە زۆربەی بژاردە و ڕێکارە کۆنەکان شکستیان خواردوە، بۆیە گرینگە لە دوادەرفەتی ئەو سەردەمە کەڵک وەرگرن و بۆ هاوتەریببوون لە گەڵ دنیای پێشکەوتوو و هەروەها جۆشدانی هەستی خۆناسینی تاک و کۆی کورد چاکسازیی بنچینەیی ئەنجام بدەن. لەپرۆسەی چاکسازیی و ئاوەدانکردنەوە دا هەموو لایەک سەرکەوتوون و لەڕەوتی خۆسەپاندن و شکاندنی یاساکان و هەوڵدان بۆ قۆرخکاری هەموو لایەک زەرەمەند دەبن. کوردەکان بە تایبەت لە باشوور لەوە زیاتر ناتوانن لە دۆخەکە سوود وەرگرن، ئەگەر مشوورێک لە خۆیان و دوارۆژیان نەخۆن. ئەوە یەک چارەگە سەدەیە، کە بەخت یاوەریانە و ڕەنگە ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ کەمتر نەتەوەیەک ڕەخسابێ. چارەنووسی ئەو هەرێمە بەستراوەتەوە بە ستایلی ئیدارە و شێوازی سیاسەتکردن لە ئاستە جیاجیاکان و ئەگەر پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەنە نەکرێ، ڕەنگە لەو تاقیکارییە سەرکەوتوو دەرنەچن. چەرخی زەمانە ڕەحم ناناسێ و ئەگەر ڕووداوەکان وەک ڕابردوو دوو پات کەینەوە، بێگومان ئاکامەکان وەک ڕابردوو دەبن. مرۆڤایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو زانستەکان ناتوانێ یاسای دیاردە و ڕووداوەکان بگۆڕێ، بۆیە لە تۆوی گەنم جۆ سەوز نابێ و سەهۆڵ و بەفر لە ڕۆندا سوور نابێتەوە.

ئەنجام

لە نێو سیستەمە جۆراوجۆرەكانی ئەمڕۆی جیهاندا دیموكڕاسی لە ریزی پێشەوەیە، ئەگەرچی هیچ نیزام و سیستەمێک تەواو و كەماڵ نییە. بژاردەی دەسەڵاتێكی دیموكڕات و خەڵكسالار و كاركردن بۆ گەشەپێدانی كولتوری دیموكڕاسی بۆ كوردەكان لە باشترین چارەسەرەكانە. بێجگە لەوە، كوردەكان ئەگەر لەو پێگەیەدا بەهێز دەركەون، لە جیهانی دەرەوە و لە رەوتی كاردا فاكتەرێكی گرینگ و كارا دەبن. تانوپۆی مێژووی كوردان پڕە لە دژبەریی بەرامبەر بە یەكتر و تەنانەت بوونە داردەستی بێگانە دژ بە هاوڕەگەز و هاوزمان. مێژووی كوردان پڕە لە پەند و عیبرەت لەسەر جۆرو شێوازی شكانی بزوتنەوە و راپەڕینەكان. لەزۆربەی ئەورا پەڕینانەدا سەركردەی بزوتنەوەكە بە هۆكاری جیاواز كەمتر پشتی بە ژێری گشتیی بەستوە و خۆسەپاندن و دەرپەڕاندنی جودابیرەكان بەشێكی گرینگ لە كولتوری تاكی كورد لە لوتكەی دەسەڵاتدا بووە و ئێستاش ئەو رەوتە درێژەی هەیە. كولتوری ئیدارەی سەركردە كوردییەكان لە گەڵ مێتۆدی ئیدارەی هۆز و عەشیرەت و ناوچەیەكی دیاریكراودا یەكانگیر بوە، بۆیە لە ئاستی ئیدارەی قەیران و نەتەوەدا زۆر لاواز دەركەوتوون. زۆربەی ئەوان خاوەنی جیهانبینی كلاسیک بوون و لە گەڵ رووداوە تازەكاندا بە شێوازی رەق و دەمارگیرانە هەڵسوكەوتیان كردوە و لە زۆر بواردا لە گەڵ جیهانی دەرەوە و سیستەمە باوەكانی جیهانی سەردەمی خۆیاندا ئاشنا نەبوون، بۆیە لە شكستەكاندا خۆیان نەگرتوە.

بزوتنەوە كوردیی و ئیدارە كوردییەكان گیرۆدەی بەكەمگرتنی یاسا و بایەخە گرینگەكانی بەڕێوەبەرین، بۆیە بۆ تێپەڕاندنی قەیران و دژوارییەكان كەمتر پشت بە یاسا بەستراوە. لە ئاستی كۆمەڵگا و بە تایبەت لە سیاسەتدا قسە و درووشم زۆر بڕ ناكەن و پارتە كوردییەكان لە ئیدارەی خۆماڵیی هەرێمی كوردستاندا ناكرێ، كولتوری یاساشكێنی پەیڕەو بكەن و بژاری خاڵە یاساییەكان بكەن. بەواتایەكی دیكە، لەوخاڵانەی كە بەرژەوەندییەكانیان لە گەڵ یاسادا یەكانگیرە داوای جێبەجێكردنی یاسا بكەن و لەو بابەتانەی كە زەرەرمەند دەبن، خۆیان لە یاسا بدزنەوە و باس لە سازانی نیشتمانی بكەن.

كوردەكان بۆ رزگاربوون لە هاوكێشە ئاڵۆزەكان پێویستیان بە قبوڵكردن و كاركردن بە مێتۆدەكانی دیموكڕاسییە. رەچاوكردنی سیاسەتی خۆسەپاندن یا خۆبێدەنگ كردن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەكان و سەركەوتن بە سەر كەندوكۆسپەكاندا كارساز نییە. بەشداری تێكڕایی هاوڵاتیان لە ئیدارەكردنی هەرێم و دەكارهێنانی مێتۆدە باو و سەركەوتوە جیهانییەكان مەرجی بنەڕەتین. پەروەردە و ئیدارەی كوردیی پێویستە لە بنەڕەتدا لە گەڵ بایەخە دیموكڕاتییەكان خۆی بگونجێنێ. لەپرسی سیاسەتدا كوردەكان باشترە رێز لە یاسا بەركارە دیموكڕاتیكەكان بگرن

و لە پێناوی تاکەکاندا بەرژەوەندیی گشتیی لەبیرنەکەن. لە لایەکی دیکە، خۆکرکردن و درێژەدان بە جولانەی سیاسیی لە هەڵوێست و بڕیاردا بە مانای حیکمەت و لۆژیک نایەت. پێشکەوتنی گەلان بە پابەندیی ئەوان بە رێککەوتننامەی نێوان دەسەڵاتدار و هاوڵاتیانەوە بەندە. سەرکەوتنی گەلان بە ئازایەتی سەرکردە سیاسیی و تاکەکانیەوە گرێدراوە، کە لە کاتی ئاشتیی و شەڕدا یا پاراستنی بایەخە مرۆڤییەکان و دژایەتیکردنی سەرەڕۆییدا چەندە و چۆن هەڵوێست وەردەگرن. گەلانی بەختەوەر زوڵم و زۆر لە دەسەڵاتدار قبوڵ ناکەن و بە گوێرەی سیستەمی کارپێکراو مرۆڤەکان ناتوانن لە پۆستی یەکەمی وڵاتدا یاساکان پێشێل کەن و بە ناوی جۆراوجۆر قۆرخی پۆست و دەسەڵات بکەن.

زۆرایەتی کۆمەڵگا بە سیاسەتی بێدەنگی،نەبوونی هەڵوێست و رازیبوون بەوەی روودەدا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرەڕۆیی و چەوسانەوە و سەرئەنجام دیکتاتۆرییەتدا بەشدارن. لە نیشتمانێکدا کە کەس مافی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی نەبێ، درەنگ یا زوو وەرزی رەشی دیکتاتۆری دەستپێدەکا. لە سەردەمی ئەمڕۆدا مرۆڤی دەسەڵاتدار لە هیچ شوێنێکی گۆی زەویی بە پیرۆز ناناساندرێ و بە رەمز و سەمبولی گەل و نەتەوەکەی ناوزەد ناکرێ. کارکردن بۆ بە رەمزناساندنی مرۆڤەکان لە گەڵ واقعی سیاسەت و ژیاندا ناگونجێ. ئەوجۆرە دەربڕین و تێڕوانینە رەگ و ماکەی ئایینی هەیە و لە مێژوویی کۆنی دەسەڵاتدارە زاڵم و سەرەڕۆکانی سەدەکانی رابردوودا زۆر بینراوە. مرۆڤ فریشتە نییە و دەسەڵاتدار لە هەر پۆست و پلەیەکدا بێت، پێویستە لە ژێر کۆنترۆڵ و لێپرسینەوەی یاسایی و ئاساییدا بێ. گەلانی ژیر و بەختەوەر بوونی خۆیان لە توانای خۆیاندا دەبیننەوە و لە تاکەکانی خۆیان فریشتەی رزگاری سازناکەن. ئەوان سیاسەت و دڵداری لێک جیادەکەنەوە و بە چاوێکی کراوە و لە ژێر رووناکایی مێژوودا سیاسەت دەکەن. نەتەوە ژیرەکان دەزانن، کە دەسەڵات بێ لێپرسینەوە گەندەڵی و دیکتاتۆرییەت دەخولقێنێ.

ئەگەر کوردەکان خوازیارن لە هەڵدێران دوور بن ناکرێ و ناگونجێ لە ئیدارەکردنی خۆیاندا پشت لە هەموو زانستەکان بکەن و و چاوەڕوانی قەزاو قەدەر بن. چاکسازیی و رێفۆرمی بنچینەیی بە تەنیا بە سیاسەتکار و پارتە سیاسییەکان ناکرێ و تاکەکانی کۆمەڵگا لەو رەوتەدا ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان. نیشتمان بە هەمووان ئاوەدان دەکرێ و پاراستنی ئاسایش و کەرامەتی مرۆڤەکان بەندە بە چاکسازی کولتوریی. لە کارخستنی پارلەمان و پەکخستنی سیستەمە بەرکارەکەی هەرێمی کوردستان سەرەتایەکە بۆ خوێندنەوەی وردتر و بەرفراوانتر لە ستراتیژی کورد. لەو سۆنگەیەوە ئەگەر ئیرادەی چاکسازی بنەڕەتی هەبێ و یاسا و رێسا بەرکارەکانی دیموکراسی

قبوڵ بکرێن، بێگومان کوردەکان لە دواڕۆژی ئەو جوغرافیایەدا پێگە و جێگەی شیاویان دەبێ. ئەگەر سیاسەتیی خۆسەپاندن و کەڵکوەرگرتن لە چەک دژ بە هاولاتیان درێژەی هەبێ، کوردەکان لە درێژخایەندا پێگەیەکی بەهێز و گونجاویان بۆ دەستەبەر نابێ. لەوە تاڵتر نییە، کە نەتەوەیەکی ژێردەست لە دوای پرۆسەی رزگاریی نەتوانێ رێز لە ئازادیی و مافی مرۆڤ بگرێ. کوردەکان لەگەڵ هەموو لاوازییەکانیاندا شایانی ژیانێکی باشتر و دوارۆژێکی بەختەوەرترن.

سەرچاوەکان:

(دەسەڵات و کەڵوەرگرتن لە دەسەڵات) Kullero Rainio (1968) Valta ja vallan käyttö, Helsinki

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

---

## پەلاماردانی کوردە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان کردەوەیەکی ترسەنۆکانەیە

لە ماوەی نیوسەدەی رابردوودا کوردە رۆژهەڵاتییەکانی نیشتەجێی باشووری کوردستان، لە لایەن پارتە باشوورییەکان هەڵسوکەوتی نەگونجاو و تەنانەت دوژمنکارانەیان بەرامبەرکراوە. ئەگەرچی کۆماری کوردستان و رۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی جۆراوجۆردا پاڵپشت و یاوەری بزوتنەوەی کورد لە باشوور و هەموو کوردستان بوون، بەڵام پارتە باشوریەکان بە کردەوە نەک پاڵپشت نەبوون، بەڵکو لە زۆر قۆناخدا بوونە هاوکار و یاریدەدەری ساواک و ئیتلاعات.

سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان مەلا مستەفا لە شۆڕشی بە ناو ئەیلول ئەو ئاوە بێزراوەی رشت، کە مەسعود و ئیدریسی کوڕی لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران تۆختریان کرد. لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ئازادبوونی بەشێکی زۆر لە باشووری کوردستان، بەداخەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زۆر پارتی دیکەش تێکەڵ

بەو رێچکەیە بوون .لە ماوەی چەند ساڵدا بە سەدان کوردیی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان وەک دیاری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کران. لەو دەورەیەدا وەک سەردەمی مەلا مستەفا رۆژهەڵاتییەکان بە زیندوویی گیراون و رادەستی دەزگای سیخوڕی ئیتلاعاتی ئێران دراونەوە. ئەوان ناچارکران کە رادیۆی دەنگی کوردستان دابخەن و خەباتی چەکداریان راگرن. لە جەرگەی باشووری کوردستاندا بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕات کرانە ئامانجی سپای پاسداڕان و ناچارکران، کە بە مانەوە قەناعەت بکەن و بێجگە لە پاراستنی یەکێتیی و پارتی بیر لە بەرژەوەندییەکانی رۆژهەڵات نەکەنەوە .

سەرکردەی پارتە کوردییەکانی باشوور لە پرسی مامەڵەکردن لە گەڵ ئێران و بەرپرسانی سپای پاسدڕاندا پەرێزیان خاوێن نییە .لە ماوەی سالانی رابردوودا لە گەڵ بکوژی د.قاسملوو و زۆر کوردکوژی دیکەدا وەک هاوڕێی گیانی بە گیانی دەستەملان بوون و لە پێناوی بەرژەوەندیی چەند تاکە کەس و بنەماڵەیەک مێژوی کوردە رۆژهەڵاتییەکانیان هەراج کردوە. ئەوان هەولێر و سلێمانیان کردۆتە مەیدانی رمبازێنێی بەرپرسانی رێژیمی ئێران و لە یادکردنەوەی مەرگی خومەیینی و تەنانەت هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە کێبەرکێی گەرم و گۆڕدان.

لە درێژەی سیاسەتی ناکوردانەی خۆیان بەرامبەر بە کوردانی رۆژهەڵات رۆژی ٣ی مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٥ زایینی بە بیانووی گرتنی کەسێک بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی پەلاماری کۆمەڵگەی ئازادیی لە دەشتی کۆیە دەدەن. ئەوان بە چەکدار و پۆلیسی زۆرە و بە شێوازێکی نابەرپرسیارانە و دوژمنکارانە هەڵیان کوتاوەتە سەر چەند ماڵێک و بە شێوازێکی دوور لە یاسا لە گەڵ ژن و منداڵ و تەنانەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا جوڵاونەوە. کردەوەی شەرمنانە و ترسەنۆکانەی چەکدار و پۆلیسی حیزب دژ بە پارتێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بیر ناچنەوە. پارتە باشووریەکان باشترە بیرکورت نەبن و لە بیریان بێ، کە بێحورمەتی کردن بە رۆژهەڵاتییەکان و سوکایەتی کردن بە پارتە سیاسییەکان ئاکامی نەرێنی بەدواوە دەبێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە کوردی پارچەکانی دیکە و بە تایبەت رۆژهەڵاتی دەکەن، سبەینێ دەبێ چاوەڕوان بن بە خۆتان و چەکدارەکانتان بکرێتەوە.

جێگای خۆیەتی، کە ئەوپەری رێز لە تێکۆشەرانی رۆژهەڵات بگرن. پارتە کوردییە رۆژهەڵاتیەکان و یەک لەوان

حیزبی دێموکڕات رەخنەی زۆری لە سەرە و لە پێناوی برایەتیی و کوردایەتیدا بەرژەوەندییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان فیدای سیاسەتی پارتی دێموکڕات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردوە .سیاسەتی دوژمنکارانەی ئێوە خێری هیچ لایەکی تێدانابێ و ئەوانەی تۆوی دوژمنایەتی و شکاندنی ئەوانی دیکە دەچێنن، رۆژێک بەرهەمەکەی دەدروونەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---

## کاڵبوونەوەی هەڵوێستەکان یا مردنی ویژدانی واژووەکان

لەو رۆژانەدا رێژەیەکی بە ژمارە زۆر وەک سیالشکر لە بە ناو رووناکبیر، هونەرمەند، نووسەر، لێکۆڵەر، پرۆفیسۆر، وانەبێژ، شاعیر و سەرۆکی حیزب داوادەکەن، کە پشتیوانی لە مانەوەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم بکرێ. ئەگەرچی مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ، کە ئایا ئەو ناوانەی لە لیستەکەدان وەک کەسایەتی، خۆیان ناویان نووسیوە یان بە وەکالەتی دۆستانی خۆیان ناوەکانیان لە لیستەکەدا دەرچوە. بێجگە لەوە، رەنگە کۆکەرەوەی واژووەکان بە شێوازی خۆیان واژووکەرەکانیان لە خشتە بردبێ و ئامانجی راستەقینەی خۆیان لە کۆکردنەوەی واژووەکان ئاشکرا نەکردبێ.

ئەرکی رووناکبیر و شارەزاکان رەخنەگرتن لە لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتێکە، کە رێز لە ئیرادەی گەل و هاوڵاتیان ناگرێ. کوردەکان وەک هەمیشە لە هەموو نەتەوەکانی دنیا جیاواز دەرکەوتن و توێژە بە ناو بژاردەکەی هەموو یاسا و رێسایەکیان لەبیرکرد. چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت هێزە سیاسییەکان لە توێژی بژاردەی کۆمەڵگا پێشڕەوبوون لە پاراستنی بنەماکانی دەسەڵاتی خەڵک و کارکردن بۆ پەرەپێدانی کولتوری دێموکڕاسییە. رەنگە ئەوەش رۆژڕەشی کوردان بێ، کە خاوەنی تاکی ئازا و نەبەستراوە بە ئەم و ئەو نییە. ئەو تاکە ئازایانەی، کە لە رۆژانی دژوار و چارەنووسسازدا لە بەرەی گەڵن و هەرگیز نابنە سەربازی واژووکەری تۆمارێکی دوور و درێژ بۆ شکاندنی یاسا و رێسا باوەکان.

هاوکێشەکە ئاسانە و پێویستی بەوە نییە، کە پرۆفیسۆری زمانی کوردیی، وانەبێژی زانکۆ و شاعیر و هتد. ببنە داردەست و بە ناوی هونەر، زانست، سیاسەت و وێژەوە سیالشکرێک لە ناوەکان ریزبکەن. مەسعود بارزانی پاش ١٠ ساڵ ئامادە نییە واز لە کورسی سەرۆکایەتی بێنێ. ئەوان شێت و شەیدای نەک کورسییەکەی سەرۆکایەتین، بەڵکۆ دڵیان بۆ وشەی سەرۆک لێدەدا. ئەوان لە ژێر پاساوی جۆراوجۆردا بە نیازن وەک رابردوو شکۆی یاسا و پارلەمان بشکێنن و خەڵکی کورد لە باشووری کوردستاندا تەسلیمی ئیرادەی ناپیرۆزی خۆیان بکەن. لایەنەکان و یەک لەوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دوو ساڵ لەوەپێش لە گەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیان درێژکردەوە، ئامادە نییە وەک رابردوو ئەو هەڵە گەورەیە دووپات کاتەوە.

ئەگەر مەسعود بارزانی ئەهلی کوردایەتی و سیاسەت بایە، لەو رۆژانەدا سپاسی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی دەکرد و لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا هەنگاوی کردەیی هەڵدەگرت. جێگای خۆی بو، کە بارزانی راستوێژ بێ و رێز لە یاسا بگرێ. ئاخر لە نیشتمانی ئێمەدا خاوەنی ئەو سیالشکرە لە توێژی بژاردەی کۆمەڵگاین، بۆیە یاسا شکاندن بۆتە سوننەت و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان گیرۆدەی ڤایرۆسی خۆشەویستی بۆ قارداش و بەرادەرانی پاسدارِن!

رۆژانێک دێن، کە بەشێک لەو ناوانەی کە لە لیستەکەدا هەن، پێکەنیان بەو واژووانەی خۆیان دێ و تامی تاڵی کردەوەکانیان دەکەن. رۆژانێک دێن، کە بەشێک لە خاوەن واژووەکان شایەتی ئەوە دەدەن، کە چەندە و چۆن فێڵیان لێکراوە. ئاخر ساتێک ویژدانەکان دەمرن، بژاردەی کۆمەڵگا لە جیاتی پاڵپشتیکردن لە سیستەمێکی دێموکڕات و کراوە، سواڵی پۆست بۆ مەسعود بارزانی دەکەن. ئەگەر سیاسەتکارە کوردەکان ناڕاست و بەرژەوەندیخوازن، بۆچی دەبێ بژاردەکەی گیرۆدەی سێبەری ئەو سیاسەتکار و بەرژەوەندیخوازنە بێ، کە گەل و نیشتمان فیدای حەز و ویستەکانیان دەکەن.

رێگا دوور و درێژە و واژووکەرەکان لە داهاتوودا زیاتر و زۆرتر لە شەڕی کورسیی و پڕۆژەی لانەچوون لە سەر کورسی سەرۆکایەتی هەرێم تێدەگەن. لە مێژوودا زۆرجار دیکتاتۆرەکان بە پارە و پول و تەنانەت بە هەڕەشە و تۆقاندن خامە و پێنووس و هونەرمەندەکانی وڵاتەکانیان کردۆتە پاڵپشتی خۆیان، بەڵام مرۆڤ لەو توێژەی کورد ناگات، کە لە پێناوی کام ئامانجی پیرۆزدا تێکەڵ بەو کاراوانە بوون. کورد گوتەنەی بناخەی روناکبیرانی کورد

ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە وێران و لەرزۆک بێ و بەردەوام خەریکی پەسنی دەسەڵات و خواپێداوەکان بوون، بۆیە ئەوان لە نێو خەڵکی ئاساییدا پێگە و جێگەی شیاوی خۆیان نەدۆزیتەوە. ئەگەر وەرزی مردنی ویژدانەکان نەبێ، کام لۆژیک و مەنتق وادەکات، کە زیاتر لە 2 هەزار واژوو بۆ مانەوەی مەسعود بارزانی لە سەر کورسییە زێڕینەکە کۆبکرێنەوە، کەچی ئەو توێژە لە سەر چاکردنی سیستم و گەشەپێدانی کولتوری دەستاودەستکردنی دەسەڵات خۆیان کڕ و بێدەنگ کردوە.

...http://www.speemedia.com/dreja.aspx

.Henkilön Aziz Sheikhani kuva

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---

## بانگەوازێک بۆ ڕۆیشتن بەرەو دیکتاتۆرییەت

دیکتاتۆرەکان لە سەر گۆی زەوی بە ناوی جوان و ڕازاوە و تەنانەت پاراستنی ڕەگەز و نیشتمان ڕەگ و ڕیشەی دیکتاتۆرییەت دادەکوتن. ئەوان بە وشەی جوان و ڕستەی بریقەدار خەڵک لە خشتە دەبەن و نییەتی شاراوە و پلانی دوارۆژیان بە گوێدا ناخوێنن. ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا لە سەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ سەپاندنی مەسعود بارزانی ڕوودەدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە ژمارەیەک وڵاتی دیکتاتۆرلێدراودا تاقیکراوەتەوە. درووشمەکان لەو جیهانەدا بایەخەکانیان لەدەستاوە و ئەوە کردەوە و بڕیارەکانن کە دەبنە چەقی لێڕوانینەکان. کوردەکان لە پانتایی ژیانی ئاساییدا و بە تایبەت لە بەرەی سیاسەت و ئیدارەکردندا بە کردەوە سەلماندوویانە، کە ڕەگی خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەتیان لە هەناودا هەیە و قسە جوان و بریقەدارەکان تەنیا بۆ دڵ دەگوترێن و هەڵگری لۆژیک و دوارۆژ نین. مێژووی ململانەی کوردان لە ئاستی عەشیرەت، مەزهەب، پارتایەتی و سیاسەت و هەڵبژاردن پڕە لەو نموونانەی کە دەریدەخەن، کە سەرۆکی خێڵ و پارتە سیاسییەکان لە پرسی دەسەڵات و ئیدارەدا باوەڕیان بە سڕینەوە و شکاندنی بەرامبەر هەیە.

وێنەی زیندووی ئەو ڕووداوانە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکڕاتە، کە پاش ١٠ ساڵ سەرۆکایەتی هەرێم، ئامادە نییە واز لەو پۆستە بێنێ. لە تێڕوانینی نەک ئەمڕۆم، بەڵکو دوای ڕاپەڕینیش لای خۆم ڕوون و ئاشکرا بوە، کە بارزانی وەک بنەماڵە و پارتی وەک ئامرازی ئەو بنەماڵەیە ئامادە نین لە ژێر حوکمی یاسادا کاربکەن و بژین، مەگەر ئەوەی خۆیان لە سەری سەرەوە دانیشن و دەسەڵاتدار و حوکمدار بن. بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و بە تایبەت توێژە بە ناو خوێندەوارەکەی بە داخەوە لە بەر هۆکاری جیاواز هەودای خەیاڵ و نەخشەی شاراوەی پارتی دیموکڕاتیان نەخوێندۆتەوە. پارتی و سەرۆکەکەی خوازیارە کە پۆستی یەکەمی وڵات بۆ ئەوان و پارتەکیان بێ و بە ناوی خەڵک و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان باس لە ڕووداوەکان بکەن. لە بواری سیاسیەوە ئەو بنەماڵەیە لە درێژخایەندا خوازیارە کە ئەگەر عێراق لەبەریەک هەڵوەشا باشوور وەک ئیمارەتێکی عەرەبی ڕابگەیەنن و ئەوان سوار و خەڵک و لایەنەکانی دیکەش پیادە. لە ئەگەری مانەوەی عێراقدا بە هەموو شێوازێک لە گەڵ میری دەسازێن و تەنانەت بۆ ئۆتۆنۆمی ساڵەکانی ١٩٧٠ش دەگەڕێنەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە کاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا کە بۆ پارلەمان و سەرۆکی هەرێم دەکرا، لە گەڵ کوردێکی ڕۆژئاوایی باسم لەوە کرد، کە هەموو بەربژێرێکی دیکەم لە پۆستی سەرۆکایەتی پێ لە مەسعود بارزانی گونجاوترە. ناوبراو لاگیریی لە مەسعود دەکرد و گرینگی بە دواڕۆژی پرسی دیموکڕاسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان نەدەدا. لە درێژەی دیالۆگەکەدا بە ناوبراوم گوت، هەر بەربژێرێک کە وەک سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێ، لە کۆتایی خولەکەدا دەکرێ لابچێ، بەڵام مەسعود بارزانی ئەگەر سەرکەوت بە زۆر لاناچێ و هەڵگری باوەڕی خۆسەپێنیە. لەو سەردەمەدا خەونی پارتی بە کردەوە گوڵی کردبو، چوونکە جەلال تاڵەبانی لە پێناوی پۆستی سەرکۆماریی عێراقدا یاریەکی ترسناکی دەکرد و شار و گوندەکان بۆ دەنگوەرگرتن بۆ مەسعود بارزانی دەگەڕا. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەدا، خەونە شاراوەکەی مەسعود بارزانی وەدیهات و دەنگی ئەندام، لایەنگر و دۆستانی پارتەکەی تاڵەبانیی و بارزانی خرانە نێو سەبەتەی بارزانی. لە ساڵی ٢٠١٣ لە نووسینەکانمدا دووپاتمکردەوە، کە مەسعود بارزانی ئامادە نییە دوای تەواوبوونی ٢ ساڵەکەش ئەو پۆستە چۆڵ بکا. بەداخەوە ئەوکات یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکڕات لە ڕێگای پارلەمانی کوردستان ٢ ساڵیان بۆ بارزانی درێژکردەوە و لە هەڵگرتنی هەنگاو بەرەو دیکتاتۆرییەت و شکاندنی یاساکان بەشداربوون.

مەسعود بارزانی لە دوای ئەو ماوەیە بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن، نامەیەکی بۆ پارلەمان نووسی و شارەزایانە

خۆی لە درێژکردنەوەی خولەکەی مات کرد. ناوبراو بە قۆستنەوەی بارودۆخەکە لە ژێر ناوی دەوڵەتی کوردی، شەڕی داعش، بوونی قەیرانی دارایی و هتد. ئەو پەیامەی بۆ خەڵک و بە تایبەت لایەنگرەکانی ئاشکرا کرد، کە ئامادە نییە واز لە کورسییە زێڕینەکە بێنێ. لە روانگەی پارتییەکان و بە تایبەت بنەماڵە ئەو کورسییە و مەڵبەندەکەی کە سەری رەشە، موڵکی خۆیانە. ساڵەهایە کەس ناپرسێ، کە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بە دامەزراوەیی نەکراوە و لە پێتەختی هەرێمدا بنکە و بارەگای بۆ تەرخان نەکراوە. بە واتایەکی دیکە، پارتیی و سەرۆکەکەی بە هەموو زمانێک بە دژبەرە سیاسییەکانی خۆیان راگەیاندوە، کە نیازیان وایە لە داهاتوودا کوردستان وەک دار و بەردی پارلەمان بە وینەی باب و باپیرانی خۆیان داپۆشن و باشووری کوردستان بکەنە پاشکۆی پارتەکەیان و سروودی بارزانیان بەیانیان بۆ بڵێنەوە!

نامە دوور و درێژەکەی مەسعود بارزانی کە ٩ی مانگی ٨ بڵاوکرایەوە و لە راستیدا پرۆژەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانە، کە بە هەموو پێوانەیەک دەیسەلمێنێ، کە خەڵک و لایەنە سیاسییەکان حەقیانە لە مەسعود بارزانیی و پارتەکەی بەگومان بن. لە سەر و بنی ئەو نامەیەدا باس لەوە نەکراوە، کە ئایا دوای ١٠ ساڵ واز لە پۆستەکە دێنێ یان نا! ناوبراو لە رێگای پەیامە دوور و درێژەکەی رادەگەینێ، کە شینی کورسییە زێڕینەکە دەکات. هەڵبەزدابەز لە نێو رووداوە کۆن و تازەکان و داڕشتنی ئەو پەیامە پەرۆشیی و حەزی ناوبراو بۆ کورسییەکە دەردەخات، کە بە وشەی جۆراوجۆر داپۆشراوە. هەموو خوێنەرێک لەو پەیامە تێدەگات، کە مەسعود بارزانی چەندە و چۆن لە کۆڵانێکی داخراودا بە هەموو سیغەیەک خەریکە لە سەر کورسییەکە بمێنێتەوە و پابەندی یاسا و عورفە سیاسییەکان نییە و نەبوە.

پەیامەکەی بارزانی ئاشکرایە و داخوازیەکەی ئەوەیە، کە پارتەکان و پارلەمان لە سەر درێژکرانەوەی ویلایەتەکەی بسازێن. هەوێنی ئەو نووسینە ئەوەیە، کە ناوبراو و بنەماڵەکەی ئامادە نییە مل بۆ پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بدەن. سەرۆکی پارتی لەو نووسینەدا لە بیری چووە، کە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا ناکرێ و ناگونجێ بە زمانی پارتەکەت بدوێی و پارلەمان و لایەنەکان بەوە تۆمەتبار بکەی، کە کودەتا دەکەن. پرسی کودەتا ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی پارتی دێموکڕات و سەرۆکەکەی دایە، چوونکە ئەوە ئەوانن کە مل بۆ یاسا نادەن و بە هەموو فرت و فێڵێک دەخوازن بە یاسا کودەتاکەیان بە شەرعی بنوێنن.

مەسعود بارزانی لەو نووسینەدا وەک سەردەمی پاڵەوانبازییە ئەفسانەییەکان خۆی پێشانی خەڵک دەدا و باس لەوە دەکا کە کوڕی کێیە و لە کوێ فێری چی بوە و شاخ و باڵی لە خۆی ناوە. ناوبراو باس لەوە دەکا، کە فێری راستگۆیی کراوە و رێز لە یاسا دەگرێ، بەڵام چیرۆکە دوور و درێژەکەی ئەو پەیامە دەریدەخات، کە خۆشی لەو بارەوە بە گومانە. مرۆڤێک کە خاوەنی تایبەتمەندی باش بێ، لە کام قامووس و فەرهەنگدا چەند لاپەڕەیەک لە سەر خۆیی و بنەماڵەکەی ریز دەکا و بە خەڵکیان دەفرۆشێتەوە. کەسانی راستگۆ بە کردەوە و سیاسەتکارە راستگۆکان بە بڕیارەکانیان دەریدەبڕن، کە راستگۆن و رێز لە ئیرادەی گەل و یاسا دەگرن. لەو ماوەیەدا ناوبراو دەیتوانی بە یەک رستە باسەکە تەواو بکات و رێز لە یاسا بگرێ و پابەندی بەڵێن و پەیمانەکان بێ. بە کورتی، ئەمڕۆ دەرکەوت، کە ئەوە مەسعود بارزانییە کە بە دوای پۆست و کورسیی و تەنانەت نازناوی سەرۆکدا عەوداڵە و پارتەکەی و سەربازە رەنگاوڕەنگەکان کە  لە جلوبەرگی رووناکبیر، مامۆستای ئایینی، سەرۆکی حیزبی بچووک، کچی شۆخ و شەنگی وەک سوهێر قەیسیان! خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی سەرۆک بە بێ کورسی نەمێنێتەوە.

شۆڕبوونەوە بۆ ئامێزی دیکتاتۆرییەت زۆر دژوار نییە و ئەگەر لە باشووری کوردستاندا جوڵەی پارتی و سەرۆکەکەی پەک نەخرێ، لە داوڕۆژدا گەڕانەوە زۆر ئەستەم دەبێ. هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئەو جیهانە تاڵ و دژوارە ئاسانە، بەڵام گەڕانەوە بۆ دواوە رێگایەکی دژوار و چەتوونە. چاوەڕوان دەبین و بزانین سەرئەنجام ئەو پرسە بە چ رێگایەک چارەسەر دەکەن و چەندە و چۆن رێز لە بنەماکانی دیموکراسی و حوکمی یاسا دەگرن. ئەگەر یاسا بۆ درێژکردنەوە پێشێلکرا، بێگومان داوڕۆژ لەمڕۆ باشتر نابێ و هیچ دوور نییە لە تەپ و تۆزی تەنگژە و قەیرانە قوڵەکاندا باشووری کوردستان دەستبەتاڵ دەرچێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر  -  رێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## گەمەیەکی بێ ئامانج بە ناوی دابڕان و یەکگرتنەوە

پارتە سیاسییە کوردیەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دامەزراون و وەک پێویست لە ڕەوتی ڕۆژانە و ئاساییدا بۆیان نەلواوە لە گەڵ دەوروبەردا لە پێوەندییەکی نۆرماڵ و کراوەدا بن. لە سەر ئەو بناخەیە ناکرێ و گونجاو نییە پارتە کوردیەکان لە گەڵ پارتی وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە کۆی کایەی سیاسەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەبوونی زانیاری لە سەر فاکتەرە جیاوازەکان سوودبەخشە. لە مێژووی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکاندا لێکدابڕان و وەسەریەککەوتنەوەکان خاوەنی پاشخانێکی تایبەتن. دابڕانەکان زیاتر لە سەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و جۆری ئیدارەکردنی پارت و ڕێکخراوەکان چەقیان بەستوە. بە واتایەکی دیکە، لێکدابڕان و لەتبوونەکان کەمتر لەسەر جیاوازی ڕێبازو ئامانج و تەنانەت تاکتیک و ستراتیژی پارتە سیاسییەکان بوون. ئەگەرچی لە دوای پرسی لێکدابڕان ژمارەیەک تاک لە هەر دوو بەرەدا، جیابوونەوەکانیان خستۆتە ژێر چوارچێوەی هێندێک دەستەواژە و بیرۆکە و چیرۆکی تازەیان بۆ داتاشیون .

ناسینی پارتە سیاسیەکان و کەسایەتی ڕێبەران و هونەری ڕێبەرایەتی ئەوان و تەنانەت ئەندامەکانیان لە ناسینی کۆمەڵگا و خانە کولتورییەکان جیا ناکرێتەوە. کۆمەڵگا لەو نێوەدا بنچینە و سەرچاوەیە و کەسایەتی تاک و کۆی مرۆڤەکان لە ژێر کارتێکەری پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵگادا جێدەکەون. کولتوری ئیدارەکردنی کوردان هێشتا لە ژێر تەوژمی فاکتەرە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگەکاندا دەناڵێنێ. ئەو کولتورە لە زۆر بواردا لە دۆخێکی نابەرامبەر لە گەڵ کولتوری نەتەوە سەردەستەکاندا گەشەی ناسرووشتی کردوە و لە وزە و توانای خۆچارەسەرکردن دوور ڕاگیراوە. لاوازی کوردان و کەڵەکەبوونی تایبەتمەندییە نەرێنیەکان مێژوویەکی درێژخایەنیان هەیە. پرسی ژێردەستەبوون بۆ ماوەی چەند سەدە کۆی کولتور و کەسایەتی تاکی کوردی تووشی گێژاوێکی توند و سووڕانەوە لە بازنەی شکان و کەوتنەکان کردوە. لە پرسی پارت و ڕێکخراو و ئەدەبیات و خۆڕێکخستندا، کوردەکان مەودایەکی زۆریان لە گەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا هەیە. ئەوان لە ڕەوتی خۆناسین و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیدا زۆر لە دوای گەلانی وەک فارس، تورک و عەرەبن. کوردەکان بە شێوازی نیوەچڵی و هەرجارەو لە بەرەیەکدا خۆیان دۆزیوەتەوە و خاوەنی دونیابینی یەکگرتن و یەک جۆغرافیای سیاسی نەبوون و نین. ئەوان لە کۆی پرسەکاندا دواکەوتووی ئەوانی دیکە بوون و بۆ پاراستنی خۆیان زۆر جار وەک شێخ، عەشیرەت، ئەمیر و سەرۆک پارت پەنایان بۆ یەکێک

لە دەسەڵاتە سەردەستەکان بردوە. کوردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان خاوەنی نەخشەیەکی دیار و نەتەوەیی نەبوون و زۆرجار دوارۆژ و ستراتیژیان بە قوربانی ئەمڕۆ و مانەوەی بەرژەوەندی تەسکی چەند تاک و بنەماڵەیەک کردوە .

لە سەدەی ٢٠ و ٢١دا پارتە سیاسییە کوردیەکان لە سەر بنچینەی کولتوری ئیدارەکردنی کوردەواری و زۆر جار کولتوری خێڵ و عەشیرەتێک دامەزراون و گەشەیان کردوە. ئەگەر تاکێک بە دوور لە کولتوری خێڵ و گوند رێبەرایەتی بزوتنەوەیەکی کردبێ، بێگومان ناوبراو لە ناسینەی کولتوری کوردان بە دەر نەبوە و لە کاتی بڕیار و کاردا دەریخستوە، کە ئەویش هێشتا گیرۆدەی لایەنە نەرێنیەکانی کولتوری ئیدارەکردن و بەڕێوەبەرییە. لە کاتی پێکەوەبوون و کارکردندا کوردەکان زیاتر لە سەر بناخەی رق و کینە و تۆڵەسەندنەوە جیهانی سیاسەتی خۆیان رازاندۆتەوە. لەتبوون و دابڕانەکان لەو نێوەدا دەرخەری ئەو شێوازە لە سیاسەتن، کە تاکی کورد لە ریزی پارتە سیاسییەکاندا بە چەپ و راست پەیڕەویان کردوە. ئەگەرچی لێکجیابوونەوەکان مێژوو و پاشخانی خۆیان هەبوە و هەیە، بەڵام زۆربەی دابڕانەکان لە مێژووی پارتە کوردییەکاندا، وانەیەکی تاڵ لە سەر کردەی سیاسەتکارە کوردەکان بە ئەژماردێن.

لە ساڵانی رابردوودا پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دۆخەیان تاقی کردۆتەوە. لە جیابوونەوەکانی ماوەی ساڵانی رابردوودا زۆر تاک و ئەندامی خوارەوە بە کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی تازە و تێکەڵبوون لە گەڵ باندی دەسەڵاتی لاباڵەکان رۆڵی خەراپ و نێگاتیڤیان هەبوە. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ژمارەیەک لە شارەزایانی سیاسەت و پارتە سیاسییەکان، لەتبوون و دابڕانەکانی نێوان دیموکرات و کۆمەڵەکان دەکرا روونەدەن. ئاخر هەر لە رۆژی دوای لێکدابڕانەکاندا دەنگ و داخوازی وەسەریەکەوتنەوە لە نێو جەرگەی باڵ و لاباڵەکاندا سەری هەڵداوە و مۆسیقای یەکگرتنەوە بیستراوە. پێداچوونەوەیەک بە رابردووی دابڕان و هەڵوێستەکان دەریدەخەن، کە ئەو لێکدابڕان و پەرتەوازەبوونانە لە شەڕی دەسەڵاتی ژمارەیەک سیاسەتکار و هاوبیرەکانیان زیاتر نەبوە. لێکجیابوونەوەکان و درووشمی دووبارە یەکگرتنەوەکان تێکەڵیەکی تایبەتیان خوڵقاندوە، کە لێکهەڵاواردنی زۆر ئاسان نیە و هێشتا لە هەستێک تێپەڕی نەکردوە.

تاکی کورد لە ماوەی ساڵانی رابردوو گەلێک جار کۆمەڵە پرسیارێکی هەبوە، کە بە ئاسانی وڵامی بۆ ئەو

پرسیارانە دەست نەکەوتوە. دابڕان و دووبارە وەسەریەک کەوتنەکان لە بیر و زەینی تاکی کورد لە گەمەیەکی بێ ئامانج زیاتر نین؟ بە چ لۆژیکێک، ئەندامانی حیزبێک سەنگەری سەرەکی خەبات لە بیردەکەن و شیر و تیر لە یەکتر دەسوون و پلانی شکانی یەکتر دادەڕێژن و دواتر بانگەوازی یەکگرتنەوە دەکەن؟ ئاخۆ، کێ گۆڕاوە و چەندە ئەکتەرە سەرەکیەکانی دابڕان وازیان لە کولتوری دووبەرەکی هێناوە؟ ئایا ئەو لێکدابڕان و دژبەیەکبوونە کاریگەری لە سەر شێوازی ئیدارەکردن و بەڕێوەبەریی و کولتوری حیزبایەتی داناوە؟ ئەگەر جیابوونەوە و لەتبوون ئامانجێکی دیاری نەپێکابێ و تەنیا گەمەیەکی بە سیاسی کراو بووبێ ، چەندە پاش وەسەریەککەوتنەوە دەتوانێ لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئەرێنیی و نەرێی کاریگەر بێ؟ ئایا یەکگرتنەوە تەنیا بە مانای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیندراو و وێنەی وەسەریەککەوتنەوەکانە؟ ئاخۆ وەسەریەککەوتنەوە لە کردەوەدا و بە گوێرەی تاقیکارییە مێژووییەکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چەندە هەڵگری بۆنە و بەرامەی خۆی بوە؟

بە باوەڕی زۆر کەس، ئەگەر کولتوری ئیدارە، سیاسەت، تێڕوانین و شێوازی خەبات ئاڵوگۆڕیان بە سەردانەیەت، دابڕان و یەکگرتنەوەکان لە گەمەیەکی سیاسی دەچن، کە هەستی پاوانخوازی چەند تاکێک تێر دەکەن و لە کردەوەدا ناکەونە چوارچێوەی ئەلف و بێی خەبات و تێکۆشانەوە. لێکدابڕانە سیاسییەکان لە نێو ریزی پارتە کوردییەکان لە گەمەیەکی بێ ئامانج دەچن، کە لە کاتی هەڵچوون و تووڕەبووندا بەرۆکی پارتە سیاسییەکان دەگرێن. ئەگەر قەوارە و شێوازی حیزبایەتی لە کوردستاندا و جۆری بیرکردنەوە و تەنانەت کولتور و ژینگەی ژیان نەگۆڕێ، دابڕان و یەکگرتنەوەکان لە پەرچەکردار و دژکردەوەیەک زیاتر نین و نابن. ئەگەر وەرچەرخان لە سیاسەت و هونەری پارتایەتیدا روونەدات، کولتوری سیاسی بەمجۆرە درێژە بە مانەوە دەدا و ڕووداوەکانی چەندبارە تاقی دەکەینەوە و بەرهەمی لەوە زیاتر لێ دەستەبەر نابێ. دابڕان و یەکگرتنەوەکان ئەگەر هەڵگری مانا و ئاوێتەی وانەلێوەرگرتن نەبن، لە بازنەی خەباتی نێوخۆییدا جێدەگرن و لە پەراوێزدا دووپات و چەند بارە دەبنەوە. ئەگەر یەکگرتنەوە وەک دابڕان پەرچەکردار بێ و لە سەر بناخەی چاکسازی و وانەلێوەرگرتن نەبێ، پارت و ڕێکخراوی سیاسی ناتوانێ ئەکتیڤتر بێ و لە هەناوی خۆیدا پاسیڤبوونی زیاتر دەخوڵقێنێ. بۆ رزگاربوون لە گەمەی بە ناو دابڕان و لەتبوون و دواتر وەسەریەککەوتنەوەی بێ ئامانج، ناکرێ لۆژیک فیدای هەست بکەین و دیواری متمانە بە دوارۆژمان لە سەر بناخەی لایک و وێنە کۆمەڵایەتیەکان هەڵچنین. جیهانی بیرکردنەوەی ناخی مرۆڤەکان و کولتوری هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ یەکتر لە گەڵ دربڕینی کف و کولاویدا جیاوازن و بە ئاسانی ناگۆڕێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## سەنگەرە چۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان جمەی سەنگەرەکانی فەیسبووک

لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا، هەواڵدەری فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیرنا) مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی بە پیاوە پانتۆڵ لەبەرەکەی باکوری عێراق ناو برد. ئەو دەربڕینەی هەواڵدەری ئیرنا، پاش سەردانی مەسعود بارزانی بۆ تورکیە، رکەبەرە مێژووییەکی ئێران، داکەوت و بە میدیایی و بە سیاسی کرا. لەو بەینەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان ئەو نووسینەی ئیرنایان بە سووکایەتی دانا. ئەوان لە جیهانی ویرچواڵ کەوتنە خۆ و بە بڵاوکردنەوەی وێنەی جلوبەرگی کوردیی، وڵاتی مێدیا کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت فەیسبووکیان تەنی. کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو نێوەدا پێشڕەو و گڕگرتووتر لە هەمووان دەرکەوتن. شایانی باسە، کە لە پارچەکانی دیکە رێژەیەکی کەم کەوتنە گەڵ ئەو مژارە و خەباتکارانی بەرەی مێدیای کۆمەڵایەتی قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و ئازایانە کۆماری ئیسلامی ئێران و بە تایبەت ئیرنایان ڕەخنەباران کرد. لەو نێوەدا ئاشکرا نییە، کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان چەندە و چۆن لە بەرامبەر ئەو دەربڕینەی هەواڵدەری فەرمی ئێراندا دژکردەوەیان دەربڕیوە.

شایانی باسە، کە کوردە بێدەنگەکانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆشدا ئارام و قەراریان لێ هەڵگیرا و داوایان کرد، کە ئیرنا داوای لێبوردن بکا. بەمجۆرە، شەپۆلێکی بەرین لە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە هەر سێ بەرەی نێوخۆ، باشوور و دەرەوەی وڵات، ئەو خەباتە ئاسانەیان کردە بەهانەیەک بۆ تازەکردنەوەی عەهد و بەڵێن لە گەڵ کوردایەتی. دەرکەوتنی کوردەکان و پرسینەوە لە خۆیان و مافەکانیان کارێکی ئەرێنی و گونجاوە. زۆربەمان لە پێناوی بەرگریکردن لە کۆد و سەمبولە نەتەوەییەکان و کولتوری خۆمان کۆکین. لێرەدا پرسیارە گرینگەکە ئەوەیە، کە سەنگەرە ڕاستەقینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو خەباتە چۆن پڕ دەبنەوە؟ لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە دۆخێکی دژوار و لە هەموو لایەکەوە کپ و بێدەنگ دەکرێ، خۆسوورکردنەوە لە چەند وشەیەکی مێدیایی

چ پرسێک چارەسەر دەکا؟ لە کاتێکدا کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان، بژاردەی کۆمەڵگا و نوێنەرانی بە ناو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێران بۆ داواکردنی ویست و مافەکانیان کڵۆڵ و ناکاران، چۆنە ئاوا بە چەند وشەیەک کە ڕوو لە سەرۆکی پارتی دێموکڕاتی کوردستانە، جامی سەبریان پڕ بوە و لە شەقام و کوڵانە تەنگەبەرەکانی جیهانی ویرچواڵدا کەوتوونە جوڵە! ئایا بژاردەی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ، دەرەوە و لە باشووری کوردستان ئەرکیان تەنیا پێشاندانی چەند روخسارێکی ساکار و ڕۆژانە لە پرسی کوردایەتییە؟

بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ترسی وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی لە پرسی ڕۆژهەڵات رادەکەن و خۆیان لە قەرەی خەبات لەو بەشەی کوردستان نادەن. ئەوان لە نێوخۆ و دەرەوە بە پرۆفایلی سەرکردەی پارتە باکووریی و باشوورییەکان دەردەکەون و بە ئاسانی سنوورەکان دەبەزێنن. ژمارەیەک لەوان لەوە زیاتر دەچنە پێش و بە خۆدزینەوە لە ئەرک و وەزیفەی کوردبوون ،لە کردەوەدا جار و بار بە پۆشینی جلوبەرگی کوردیی ئەسپی کوردایەتی خۆیان تاودەدەن. کزبوونی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بۆ ناکارامەیی پارتە سیاسییەکان ناگەرێتەوە. ئەوە تاکەکان و بژاردەی کۆمەڵگان، کە لە ڕێڕەوی خەبات بۆ ئەستاندنی مافەکانیان دەبنە پێشڕەوی زۆرایەتی و ئەرکەکانیان لەبیر ناکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بژاردەی ئەو کۆمەڵگایە نیازیان وایە، بە هەڵپەڕکە و شاخەوانی و درووشمی گەورە بۆ باکور، باشوور و ڕۆژئاوا بە ئازادیی شاد بن. هەڕاجکردنی بایەخ و مێژووی پارچەیەکی کوردستان لە پێناوی چەند درووشم و رووخسارێکدا چ وزەیەک بە شەقامە راستەقینەکان و بزوتنەوە رەواوکەی دەدەن؟

نەوەی تازە بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە مێژوو بەو ئەنجامە دەگەن، کە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردیی لە چ سەردەمێکدا بۆتە ئامرازی سیاسیی گەلەکەمان و ڕۆژانێک نەوەکانی رابردوو لەو پێناوەدا زۆر ئازایانە هاتوونە مەیدان. ڕۆژهەڵاتییەکان لە نێوخۆ، باشوور و دەرەوەی نیشتماندا، لەو هاوکێشەیە تێدەگەن، کە ئەگەر خۆیان نەبن و قوربانی نەدەن، بێگومان تێگۆشینی سیاسیان بە هیوای باکور و باشوور وشکە. هاوسۆزبوون لە گەڵ کوردەکان لە هەموو پارچەیەک ئەرکێکی نەتەوەییە، بەڵام ونبوون لەو هاوکێشەیەدا زیانی قەرەبونەکراوەی دەبێ. لۆژیک و مەنتقی سیاسیی دەخوازێ، کە کوردەکان بۆ ئەستاندنی مافەکانیان و زیندوو راگرتنی ئازایەتی نەتەوەیی پێویستیان بە هزر و بیرە. تاقیکارییە جیهانییەکان سەلماندوویانە، کە بە هەست و قسە پردەکان ئاوەدان ناکرێنەوە. سەنگەرە چۆڵەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیان بە پێداچوونەوەی کارا و رەخنەگرانە هەیە. لە بەرکردنی

جلوبەرگی کوردیی کارێکی جوانە، بەڵام ئەگەر کردەوەی لە گەڵ نەبێ لە دابونەریتێکی کولتوری تێپەڕ ناکا.

بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی رۆژهەڵات، پەنجە، دەست و هزر و چاوی خۆمان پێویستە، نەک سووڕانەوە بە دەوری وتە سوار و سواوەکان. دروشم و قسە لە رێڕەوی سیاسەتی گەلێکی ژێردەستدا زۆر بڕناکەن و گەلان بۆ بەختەوریی پێویستیان بە نەخشەرێگای دیار و بیرلێکراوە هەیە، کە وزە وهیوا دەبەخشێ و هێز دەخوڵقێنێ. پڕکردنەوەی سەنگەرەکانی رۆژهەڵات پێویستیان بە پارتی سیاسیی بەرپرس، تاکی وریا و خەڵکی خاوەن بەڵێن و کردەوە خۆشەویست هەیە. رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەستانەوە تێڕوانین و رێبازی تازەی دەوێ و جمەی کۆڵان و شەقامەکانی فەیسبووک رێگاچارە نییە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، قەیرانی سکرتێریی یان نەبوونی ستراتیژییەکی روون

بارودۆخی کوردە رۆژهەڵاتیی و پارتە سیاسییەکانیان لە ژێر کارتێکەریی ئەکتەرە دەرەکیی و نێوخۆییەکان زۆر ئەرێنی نییە. ئەوان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رێکخراو و تۆکمە نین و هێشتا کۆمەڵە و رێکخراوە نێوخۆییەکان لە بازنەی بەرتەسکدا قەتیس ماون. سۆز و هەستی نەتەوەیی لەو پارچەیەدا لاقی نەگرتوون و نەگەیشتۆتە وەرزی گاگۆڵەکردن. ژینگە و کولتوری پێکەوە کارکردن لە گۆڕەپانی سیاسەت و کۆمەڵگادا لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە رەواو و ئینسانییەکان لاوازن. کولتوریی نەتەوەی باڵادەست و سیاسەتی پەروەردە لە سنووری جۆغرافیای ناسراو بە ئێراندا، تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردانی هاڕیوە و مەودا و دەرفەتی سەرڕاستکردنەوە و باڵاکردنی نەتەوەیی زۆر کەم و بەرتەسک کردوە. لە ژێر سێبەری ئەو دۆخە گشتییەدا پارتە رۆژهەڵاتییەکان لە دەرەوەی نیشتمان و سنووری تێکۆشانی خۆیاندا بۆیان نەلواوە ئیرادە و ورەی بەگژداچوونەوەی داگیرکەران لە نێوخۆدا بە کولتور بکەن. بە واتایەکی دیکە، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە فۆرم و شێوازی چەکداریی و سیاسیدا قەتیس ماوە و لە گەڵ وزە و تەوژمی کۆمەڵگادا ئاوێتە نەبوە. بە واتایەکی ساکار، بزوتنەوە چەکداریی

و سیاسییەکان لە پانتایی کۆمەڵگادا نەبوونە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی و سیاسی. ئەگەرچی لە قۆناخی خەباتی چەکداریدا جۆرە هاوبەندییەک لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکاندا هەبو، بەڵام ئەو سۆز و هەستە لە نێو شار و شەقامەکاندا هەرگیز نەکرا بە شعورێکی نەتەوەیی. لە ئاکامدا بزوتنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی لەو مەڵبەندە لە پیتاندن و گەشەپێدانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا کارا و سەرکەوتوو نەبو.

سارد و سڕبوونی خەڵک و نەبوونی باوەڕ بە گۆڕانی بنچینەیی، بارودۆخی ناوچە و تێکچوونی باڵانسی هێز لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم و زۆر کاریگەریی بەرچاوی لە سەر جۆر و رەوتی تێکۆشان داناوە. بەرفراوانی ئاستی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و تێکچوونی باڵانسی هێزە ناوچەییەکان و نەبوونی خوێندنەوەیەکی وردبینانە لە لایەن هێزە کوردییە رۆژهەڵاتییەکانەوە بۆ دواڕۆژی تێکۆشانیان، ئەوانی لە گۆڕەپانی هاوکێشە سیاسییەکان دوورخستۆتەوە. لە ئاکامی سیاسەتی بە ناو پاراستنی باشووری کوردستان، هێزی پێشمەرگە و کادرەکانیان لە ناوچە سنوورییەکان هەڵقەندران و لە قووڵایی کوردستانی گەرمێندا نیشتەجێ کران. درێژەکێشانی ئەو سیاسەتە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ و نەبوونی ئاڵترناتیڤ و جێگرەوەیەک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی تێکۆشان، وردە وردە قورسایی رابردووی لێ ئەستاندنەوە. کوردگوتەنی، سیاسەتی خۆسپاردن بە قەزا وقەدەر و گریسانەوەی ٢٠ ساڵە لە قووڵایی باشووری کوردستان بە قۆناخی خۆپەراویز کردن پێناسە دەکرێ، کە شوێنەوارە نەرێنییەکانی بە ئاسانی ناڕەوێنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی خاوەن رابردوو و پێگە، زیاتر لەوانی دیکە شانی کەوتە بەر قورسایی ئەو سیاسەتە.دەکرا و دەگونجا، کە لە سەرەتای قۆناخی تازە و شۆڕبوونەوە بۆ قووڵایی باشوور ئەو حیزبە لە دوو باڵی چەکداریی و سیاسییدا رێکخرابایە. تاقیکارییەک، کە کەم و زۆر لە نێو بزوتنەوە رزگاریخوازاەکاندا نامۆ نەبو. دوورکەوتنەوە لە خەڵک و دابڕان لە سنوورەکان بۆشاییەکی کۆنکرێتی خوڵقاند، کە لایەنە کوردییەکانی دیکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێنا. جێگیربوونی حیزب لە گەرمێن و نەبوونی تاکتیک و ستراتیژی کردەیی بۆ رێنوێنی کردنی جۆری خەبات و تێکۆشان، خەباتی ناسالمی نێوخۆیی پەرەپێدا و ئاگری بن خۆڵەمێشی زیاتر گەشاندنەوە. ئاگرێک، کە زیاتر لە سەر بناخەی رق و کینە و شکاندنی یەکتر گڕی دەسەند و بە لێدان لە یەکتر و دەرپەڕاندنی یەکتر سووتەمەنیەکەی دابین دەکرا. نەبوونی یاسامەرەوەریی و پەرەسەندنی گیانی ناوچەگەرایی و چەقبەستوویی کولتوری ئیدارەکردن ئەو حیزبەی شەق کرد. ناشارەزایی لە ئیدارەی حیزب و بوونی ژمارەیەک ئاگرخۆشکەر لە بەرەی لایەنە شەقبووەکاندا تۆوی گرژیی زیاتر چاند و توانای بیرکردنەوە بۆ

هەستانەوە و بەهێزکردنی حیزبی دیموکڕاتی لە هەردووک لایەن ئەستاند. پاش ساڵانێک دابڕان، درووشمەکانیان لە برەو کەوتن و پاش ماوەیەک سەرمایەی هەبووی حیزبیان تواندەوە. دواتر کە ئاگری ڤین و کینە لە گڕفە کەوت، لە بێدەنگی تەواودا کەوتنە داوی قەیرانە کۆنەکان و تێگەیشتن، کە ڕێبازی دەرپەڕاندنی یەکتر و لە یەکترجیابوونەوە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان نییە و ئەو سیاسەتە هیچ لایەکی بە بەهەشتی خەونەکان شاد نەکرد.

ئەوان وەک دوو حیزب و دوو لایەنی سیاسی کەوتنە کارکردن و جیاوازیی نێوانیان لە هەنگاوی یەکەمدا تەنیا لە سەر کەم و زیادکردنی ناوی ئێران بو. بە واتایەکی دیکە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە کردەوە کەوتنە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ڕۆژهەڵات وئەو جیاوازییە لە ڕێگای ڕێکخستن، ئەندام و مێدیاکانیانەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ بۆوە. لە ماوەی جیابوونەوەدا هەر لایەنە دوو کۆنگرەی ١٤ و ١٥ی گرتوە و لەو ڕێڕەوەدا هەر لایەنە و پێناسەیەکی وردتری بۆ خۆی کردووە. مێژووی جیابوونەوە و لەتبوونەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا دەیسەلمێنێ، کە لە کۆتایی هێڵەکەدا سەرئەنجام دەبێ یەک بگرنەوە یان یەکێک لەوان بە کردەوە لە گۆڕەپانەکە دەرچێ. شارەزایانی مێژووی ئەو پارتە دەزانن، کە درێژە کێشانی مەودای جیابوونەوەکان نەبۆتە هۆی جیاوازی قووڵی ئایدۆلۆژیی و تەنیا لە وتار، کولتوری ئیدارە و سیاسەت کردندا وردە جیاوازیان کەوتۆتە نێوان. هەوڵی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوە هەتا ئەم قۆناخە سەرکەوتوو نەبوە و بەربەستەکانی سەر ڕێگای یەکگرتنەوە زیاتر سایکۆلۆژیی و کەسین، کە ڕەنگە بە تێپەڕینی کات و لاچوونی بەشێک لە دەم و چاوەکان ئەو بەربەستانە نەمێنن.

لە بەرەبەرەی کۆنگرەی ١٦دا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و دواتر حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە جیاتی خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەمرۆ و سبەینێی خۆیان و داڕشتنی ستراتیژی کار و خەبات، لە بازنەیەکی بەرتەسکدا دەجووڵێنەوە. ئەوان خاوەنی نەخشەڕێگای بەهێزکردن و وەسەریەکخستنەوە وزە و تواناکان نین و لە وتە و کردەوەکانیاندا خەونێکی گەورە نابینندرێ. دێموکڕاتەکان لە نەبوونی خەونێکی گەورەدا کەوتوونە بازنەی چاوەڕوانیی و ئیرادەیەکی بەهێز بۆ دەرچوون شک نابەن. هەر دووک لایەن، لە قاوغێکی بەرتەسکدا و بە شێوازی مەحفەلی سیاسەت دەکەن. لە جۆشدانی جوڵە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا ناسەرکەوتوون و مەودای بیرکردنەوەیان لە کۆڵانەکانی رابردوودا قەتیس ماوە. ئەوان بۆ پێناسکردنی ڕێژەی لاوازبوون و ڕۆیشتنی توانا و هێزەکانیان، خۆیان

له گەڵ رابردوویان بەراورد ناکەن و تەنیا ژمارە و رێژەی لایەنی بەرامبەر دەکەنە پێوەر. مانەوە و بوونێکی لاواز و کەرتبوونێکی بێ دوارۆژ، پرستیژ و کەسایەتی مێژوویی و سیاسیی دێموکراتەکانی خستۆتە ژێر پرسیار.

لەو سەردەمەدا، کە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وبە تایبەت وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستان ناسەقامگیرە، کەمتر بیر لە داهاتوو دەکرێتەوە. ئەوان ئەو یاسا مێژووییەیان لە بیرکردوە، کە ئەگەر لە خوڵقاندنی دۆخەکاندا بەشدار نەبی، ناتوانی لە دوارۆژی پرسەکاندا کاریگەر و ئامادە بی. بەشێک لە ئەندام و کادرەکانیان چاوپۆشی لە قەیرانە زۆر و زەمەندەکان دەکەن. ئەوان لە جیاتی کۆکردنەوەی وزە و دۆزینەوەی رێگاکانی گەشەکردن و پەل هاویشتن و ساغکردنەوەی پرسی یەکگرتنەوە یان نەگرتنەوە، نوقمی پرسێکی وەک پۆستی سکرتێر و یاریکردن بە دەستەواژە و وشەکانن. شایانی باسە کە، پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسی پۆستی سکرتێری یەکلاکردۆتەوە. بە گوێرەی پێڕەوی ناوبراو، سکرتێر دەتوانێ تەنیا دوو دەورە بە دوای یەکتردا ئەو پۆستە بە ئەستۆ بگرێ. لاوازیی ئاستی دیالۆگ و خۆبواردن لە چەسپاندن و جێبەجێکردنی پێڕەوی نێوخۆ، جۆر و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ناو حیزب ئاشکرا دەکات. ئەو پرسە، کە هیچ دیالۆگێک هەڵناگرێ و یەکلاکراوەتەوە بە ئاسانی دەیسەلمێنێ، کە کوردەکان و سیاسەت، کوردەکان و حیزبایەتی و کوردەکان و دێموکراسی بەردەوام لە گەڵ یەکتردا لە جۆرە ناتەباییەکی قوڵ و بەردرێژدان. هێشتا ئەو حیزبە و ئەندامەکانی لە سەرخاڵە گرینگ و سەرەکیەکان ساغ نەبوونەوە و لە سەر ئیدارە و بەڕێوەبەردنان یەکێتی باوەڕ، وشە و کردەوە نییە. لە کولتوری لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە، خاڵی بەهێزی حیزب رەنگە تەنیا لە دەرکەوتنی وتەبێژ یان سکرتێردا کورت بکرێتەوە.لەو پرسەدا وانە لە خەباتی گەلان و پارتە سیاسییەکانی دیکەی جیهان وەرنەگیراوە و خەریکە حیزب و دوارۆژەکەی دەکرێتە پاوانی رابردوو. خۆبواردن و چاوپۆشی لە زۆر لایەنی لاوازی حیزب و سووڕانەوە تەنیا لە دەوری پۆستی سکرتێر، کە هیچ موعجزەیەک ناخوڵقێنێ، چیرۆکی تاڵی ئەو کەسانەیە کە ساڵانێکە بە دوای ئازادیی و دیموکراسی گەلەکەیاندا لە نیشتمان دوورکەوتوونەوە.

پەرەپێدانی کولتوری حیزبایەتیی و ئیدارەی حیزب لە سەر بناخەی مۆدێرن بۆ کوردان وەرچەرخانێکی گەورەیە. سنووردارکردنی دەورەی پۆستی سکرتێریی یەکێک لەو خاڵانەیە، کە لە رەوتی بەکارهێنانی دەسەڵات و هەروەها ئیدارەکردنی دیموکراسیانەی پارتە سیاسییەکاندا کاریگەرە. پارتی سیاسیی بەهێز لە کۆی باوەڕبەخۆبوونی ئەندام، پتەو بوونی قەوارە، دووربینی سیاسی و رێبازدا دەردەکەوێ، نەک تەنیا گەورەکردنی تاکە کەس و

قسەکەرەکانیدا. شایانی باسە، کە بەشێک لە ئەندام و کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، چۆنیەتی بەهێزبوونی حیزب و جۆری پاراستنی قەوارەی یاسایی پارتەکیان لە سەر بناخەی لێکدانەوەی مەنتق و لۆژیکی سیاسی تاوتوێ نەکردوە. ئاماژەکان دەریدەخەن، کە هەست و خوێندنەوەی کورتماوە بە سەر مەنتقی سیاسیی و روانینی درێژخایەندا حوکم دەکا. مەنتق و ئارگومێنتی وەک ئەوەی، ئێمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژین و ئەو نەریتانە کارساز نین، لە چیرۆکی خەباتکارانی راستەقینەی گەلێکی ژێردەست ناچن. پرسی کورد لە گەڵ پرسی کەسایەتی لاوازی کورد جیا ناکرێتەوە و نەبوونی باوەڕبەخۆبوون لە هەناوی تاکی کوردا لێوان لێوە. ئەو فاکتەرەیە، کە تاکەکان بە کردەوە ناگۆڕێ و پاش ساڵانێک ژیان لە دەرەوە و دیتنی کولتورە جیاوازەکان هێشتا نابنە بەشێک لە چارەسەر. تێگەیشتن لە پێگە و کەسایەتی حیزب و وننەبوون لە تەپ و تۆزی رۆژانەی قسە و وتەکاندا ئاشکرای دەکات، کە گۆڕانی سکرتێر و تاقیکردنەوەی تاکێکی دیکە لە پۆستی سکرتێردا خاڵی بەهێزە و شایانی پشتگیریکردنە. پارتە سیاسییە خاوەن خەونە گەورەکان ترسیان لە گۆڕینی سکرتێرەکان نییە. ئەوە کولتووری خۆسەپاندن یان خۆ بەکەمگرتنە، کە پاڵمان پێوەدەنێ لە بیرکردنەوە گەورەکان خۆ ببوێرین و دەستەوداوێنی شتە لاوەکیەکان ببین، کە بۆ ئەمڕۆ و دوارۆژی حیزب خێرێکیان نییە.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە جیاوازەکان بۆ ئیدارەکردنی ئەمڕۆی حیزبی دیموکڕات زۆر بژاردە هەن. حیزبێک کە خاوەنی بژاردە نەبێ و نەتوانێ پێڕەوی نێوخۆ لە ئیدارەکردندا جێبەجێ بکا، بە کردەوە خاوەنی دوورنەمای سیاسیی و متمانە بەخۆبوون نییە. پارتێکی خاوەن باوەڕ و ئیرادە زۆر تاکی سەرکردە بەرهەم دێنێ و کادر و پێشمەرگە خاوەن باوەڕەکان بە ئاسانی ناکەونە داوی کف و کوڵی ئەم و ئەو. دوارۆژی پارتە سیاسییەکان و گەلانی ژێردەست لە راستکردنەوەی کەسایەتی تاکەکان و تەختکردنی بەربەستەکانی سەرڕێگای بە کولتورکردنی دێموکڕاسیدا حەشار دراوە. داپۆشینی قەیرانە قوڵ و هەنووکەییەکان بە پرسە ساکار و باسە لاوەکیەکانی وەک قەیرانی سکرتێر و قەحتوڕەجاڵی سیاسی چارەسەر نییە. پارت وحیزبی سیاسی ئەگەر لە گۆڕان و گۆڕینی تاکەکان شک و گومانی هەبێ، بە گوێرەی هەموو پێوەرەکان لە خەباتی رەواو و دێموکڕاتیدا پێشڕەو نییە و لە سەر وێرانیەکانی کۆمەڵگا رۆنراوە. لە راستیدا قەیرانەکە نەبوونی ستراتیژییەکی روونە، نەک سکرتێر و قوتکردنەوەی ئەو پرسە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٦

# باشووری کوردستان، تەژیی لە خەڵکێکی هیوابڕاو

سەفەر بەرەو هەرێمی کوردستان مرۆڤ دەخاتە بیرکردنەوە لە دوارۆژێکی نادیار، کە بەرهەمی سەرکردایەتیەکی ناحەکیم و خەڵکێکی بێ مشوور و بێدەنگە. ئەگەر بەخت یاوەر نەبێ، کۆشک و تەلاری بەرپرسان و بازرگانە سیاسییەکان بەرگەی رووخانە سیاسییە گەورەکە ناگرن. وەک لە کوردەواری خۆماندا باوە، مەگەر بە قودرەتی قادر و بەمەرحەمەتی رەحمان، هەرێمی باشوور لەسەر پێوە بوەستێ، دەنا پاشەرۆژەکێکی روونی نییە. خاکێکی پڕ لە نەوت و دەوڵەمەند لە چنگ بازرگان و سیاسییە نا نیشتماییەکان پڕە لە هاوار. چاڵەنەوتەکانی سەر سینگی دایکی نیشتمان لەمەڕ خەراپی دۆخی گشتی روخساریان رەش هەڵگەڕاوەو پڕ بەبۆڕییەکانی ئاودیوکردن هاوار دەکەن. تەپۆڵکە بەرزەکانی شار خولیای سەردەمانێکن، کە مەڵبەندی سەیران و گەمە و یاری بون و لە داگیرکاریی بەرزاییەکانیان دڵشکاون. نیشتمان لە حەژمەتی زۆنەکان مات و بێدەنگە و حەیرانی بێزاریی لە سەرکردە بازرگانەکان دەچڕێ. کێڵگە برسییەکانی ئەمڕۆ هاواریی رۆژانی کێڵان و دروێنە دەکەن و حەسرەتی کەروێشکەی گەنم و جۆی سەر سینگی خۆیان دەکەن، کە چاوەکانی ئاسمان بە دیتنیان شاگەشگە دەبو. شەقام و رێگاکان ماندوو و شەکت لە ژێر سێبەری یاساشکێن و سەرۆک خێلە سیاسییەکاندا راکشاون.

کولتوری پیس و پوخڵی بە سەر ژینگەپارێزیدا باڵادەستە و سەیرانگەکانی دەرەوەی شار گۆڕستانی عەلاگە و بتڵی شکاون. کەش و هەوای ئەو هەرێمە، لە بیستنی رێکلامی کۆمپانیا حیزبیی و بنەماڵەییەکانی وەک ئاسیاسێل و کۆرەک و هتد. گوێ گیراو و دڵ وێرانن. ئاوە ژێرزەوییەکان لە داخی دەستی بازرگانە وێرانکارەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن و لە ترسی دزران و بەفیرۆدان شوێنەونکە دەکەن و زیاتر بە هەناوی زەویدا شۆڕدەبنەوە. سنوورە دەستکردەکان لە پانتایی کوردستاندا، لە سایەی بازرگانە سیاسییە کورتبینەکان زیاتر لە رابردوو شاگەشکەن و چیرۆکی ژێردەستەبوونی کوردەکان دەخەنەڕو. وشە و رستەکان لە چنگی کۆمەڵێک مێدیا و مێدیاکار بەدوای

ڕەشبوونەوە و مردنێکی ئازایانەدا وێڵن و لە داخی دووریی نێوان مێشک و زمانی مرۆڤی کورد و بە تایبەت سیاسییەکان نەفرەت لە خۆیان دەکەن.

ئەمڕۆ، لە چنگی دووبارە بوونەوەی دیاردەکان لە دڵەڕاوکەدایە و دەزانێ، کە کورد وەک رابردوو لە نێوان تورک و فارسەکاندا خەریکە دەیدۆڕێنێ. ڕۆژگار ناخی پڕە لە دۆڕانەکان و شایەتە، کە ئیدارە و سیستەمی سیاسیی لەو هەرێمە گیرۆدەی خێڵ و پاشاگەردانییە. راگەیاندنی دەوڵەتە کوردییەکە لە رێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار دەچێ، کە سەرئەنجام کپ و بێدەنگ شکا وپڕ بە دۆڵی شۆڕش بانگەوازی دەستبەردانەوە و چەک شۆڕکردنەوە کرد. دیکتاتۆرییەتی کوردیی لە سەر کوێرەڕێگاکان وەک ماری سڕبو خۆی مڵاس داوە و لە ئەگەری گوڵکردنی بەخت لە ریزی پێشەوەی یاساشکێنەکان جێدەکەون. خەڵکێکی هیوابڕا لە نێوان ئەم و ئەودا سەرگەردانە و رێژەیەک لەوان بۆ ئازادبوون و رزگاریی پەنا بۆ سیحری کۆچ دەبەن .

پێنووسی زۆربەی خامەنووسان و وتەی زۆربەی چاوەدێرە شاراوە و ئاشکراکان گۆرانی بەرژەوەندیی دەچڕن و لە سنووریی نێوان رەنگەکاندا سەما دەکەن. توێژی ئایینی و پیاوانیی مەزهەب و ئایینەکان، بە کردەوە لە نیشتمان خۆشەویستی دوورن و وشەکانی رۆژانەیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەم جیهان گڕ دەگرن. لەو هەریمەدا، منداڵ و مێرمنداڵان وێڕای دایک و باوکیان بە سەر بەرەی وێستگەی تەکسیی و گەلاڕێزان و یاریی مۆبایلەکادا دابەش بوون. لە سەردەمێکدا، کە دەزگا فەرمییەکانی هەرێم لە کارکەوتوون و سیاسەتی هێز و عەشایر قسەی یەکە م و ئاخر دەکا، لایەنگرانی تۆپی پێ لە سەر دۆڕان و بردنەوەی تیپە ئیسپانیەکان بەگژیەکدا دەچن و ئامبازی چەک دەبن. کارەبار لە سێبەریکی راکردوو دەچێ، کە وزەیەک بۆ مانەوە شک نابات و لە بەر نەبوونی هوونەری حکومەتداریی سەر بە رەشە شەو و تاریکییەکاندا دەکەن. بۆ خۆشکردنی گەمە سیاسییەکە سەرکردەی پارت سیاسییەکان گەرمێن و کوێستان دەکەن و ئایەتوڵڵا ئاسا باس لە کورسیی و پۆست ناکەن و شەڕی درێژەکێشانی پاشاگەردانی نیشتمانیی بۆ رەش و رووتی وڵات جێدێڵن.

نیشتمان پڕە لە بێدەنگیی وپارە و عەرزە تەژین لە نەعرەو هاوار. ئازادیی و هیوا ئاسۆییەک بۆ مانەوە ناناسن و لە سەر روومەتی سپی لاپەڕەنووسراوە هەتیوەکاندا لە گیانڵەدان. ژمارەیەک لە خوێندەوار و خاوەن شەهادە فاڵچییەکان، لە ژێر مەرحمەتی پارت و پارە، پۆست و سەرۆکدا لێکدانەوە لینگاوقوچەکانیان دەکەنە خەڵات و

سوار لە سەر شەپۆلی مێدیاکان بە گوێی هەژارەکاندا دەیچرپێنن. ئەمڕۆ پڕە لە بێدەنگیی و رەنگە داهاتوو وەک رابردوو لە هەگبەی مێژوودا روخساری دەرخاتەوە. ئەکات، شێعرو پەخشان، درووشم و ژاوەژاو، وێنە و گرتەی ئەستێرەکانی سەرشان، گۆرانیی و سروودی دەنگبێژە حیزبییەکان وێڕای پارت و سەرۆکەکانیان دەکەونە داوێنی هەڵدێرەکان و هێزی چەپڵە و هۆتاف کێشەکان دەبنە لشکری بێدەنگ و لە چەک داماڵدراو .

سەرچاوە: سپی میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## گۆڕی ون

*پێشکەشە بەوانەی کە لە پێناوی رزگاربوون لە چارەڕەشییەکانی ژیان هەڵوەدا دبن وبە دەستی بازرگانانی مرۆڤ لە قورگی دەریادا سەردەنێنەوە*

*گۆڕی ون*
*دەریا، ئەی دایکی رووبار و جۆگەکان*
*شەپۆلەکانت بۆنی مەرگیان لێدێ*
*لە وڵاتی شاخەوە دێم و دوور لە تۆ*
*سوود و قازانجەکانت هەوێنی خەونی منداڵیمان بو*
*خەونمان بە شنەی تۆ و لێوارەوە دەدی*
*پڕ بووین لە حەز و ویستن بۆ گەیشتن بە تۆ و شەپۆل و گیاندارەکانت*
*تۆمان بە هاوڕێی مردن دانەدەنا*
*تۆ بۆ ئێمە فریشتەی ژان و ئازار و قەبر نەبوی*
*لە چیرۆک و سەربردەکاندا لێواولێو بوی لە خواردن و کەلوپەلی بەنرخ*
*لە کتێب و پەڕتووکە ئاسمانییەکاندا سەرچاوە و سەرەتای ژیان بوی*
*ئامێز و سینگت پردێ پێوەندی کەرتە جیاوازەکانی گۆی زەوی بوون*

کولتوور و لێواری کەرتە جیاوازەکان لە ڕێگای تۆوە بە یەکتر دەگەیشتن

چاوی دنیای هەبوون بە جوانیەکەت دەحەسانەوە

لێوارەکان بە دڵ گوێیان بۆ بیستنی مۆسیقای شەپۆلەکانت رادەگرت

دەریا، ئەی دایکی رووبار و جۆگەکان

شەپۆلەکانت بۆنی مەرگیان لێدێ

لە وڵاتی شاخەوە دێم و دوور لە تۆ

لە پاش چاوکردنەوەم بە ژیان، بیرم لە رۆیشتن و هەڵاتن نەکردبۆوە

دوور، دوور بە سەر دەریا، کێو و کەرتەکانی گۆی زەویدا

خوازیاربووم، لە سەر پارچە زەویەکی خانووی باوکمدا بژیم و بمرم

لەوێ بە تەواوی ماناوە

لە کۆخی ژیان و سرووشتدا ژیان تێپەرکەم

ئۆگر و ئاشقی دیمەنە بێ گوناهەکان بووم

ئەوانەی کە لە تەنگانەدا پەناگە و حەشارگەم بوون

راکردن بۆ ناوچەی دیکە و دیمەنی دیکە

هێشتا لە ناخمدا چەقرەیان نەکردبو

ئەوکات قەناعەت و خۆڕاگری ئایینم بو

دەریا، ئەی دایکی رووبار و جۆگەکان

شەپۆلەکانت بۆنی مەرگیان لێدێ

وڵات جێهێشتن چیرۆکێکی نەناسراو بو

کە بەرگەکانی سووتێنەر و ناوەرۆکی پڕ لەژان

خەونم بە دوارۆژێکی پڕ لە هیواوە دەدی

چارەنووس ژیانمی شێواند و سەرەوخوونی کرد

رێگای نەبڕاوەی ئازارەکانی مەڵبەندی ژیانم

ماندوویەتی دایە دەستم و چارەڕەشییەکان بە دوای یەکدا قەتارەیان بەست

گرفەی گڕی زوڵمی دەسەڵاتداران

لق و پۆپی داری ژیانی دەسووتاند
دوڵەکانی بێ هومیدی
پڕ بە قورگی خۆیان هاواری چارەڕەشیان دەکرد
هەژاری نەفرین لێکراو جیهانی بیرکردنەوەی تۆق کردم
برینە قوڵەکانی نەبوونی داد و عەداڵەت
بەرەو دەڤەری مەردن و نەمانیان بردم
رووخسارە رەش و تاریکەکانی دوارۆژ
ناچاریان کردم بەرەو دوور روو وەرگێرم
بای خەون و حەزەکان بۆنی شوێن و مەڵبەندی پەناگرتن و حەسانەوەی هێنا
راکردن لە چارەڕەشیی و تاریکەسەلاتی دوارۆژ، منی هاویشتە ئامێزی تۆ
دەریا، ئەی دایکی رووبار و جۆگە
شەپۆلەکانت تامی مەرگیان لێهات
لە رێگای تۆوە خەونە جوانەکانم کووژانەوە
بۆ پەناخوازان پڕ بووی لە زوڵم و ژان
شەپۆلەکانت لە سەر رێگای منداڵ، ژن و گەورەساڵانی بێ گوناە و ماندوو لە ژیان، بۆسەیان نایەوە
ئیدی خواردن و پڕ بایەخ نەمای
لە سەر سینگت تاڵاوی مەردنم خواردەوە
ماڵەکانت پەرتەوازە کرد و تەواو دڵرەق دەرچووی
بۆی بە گۆڕ و بەبێ تابووت
لێقەوماوە پەناخوازەکانت هەڵلوشی
دەرفەتی دوا ماڵئاوایی نێوان دایک و منداڵەکانت نەدا
دەریا، تۆ بوی بە فریشتەی مەرگ و سەمبولی ئازارەکان
دەریا، ئەی دایکی رووبار و جۆگەکان
شەپۆلەکانت بۆن و تامی مەرگیان لێدێ

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠١٦

# ڕەوتی کۆچبەری، هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆزو، کێشەیەکی جیهانی

کۆچبەری لەو پرسە گەرم و کراوانەیە، کە تەمەنی شان لە شانی مێژووی مرۆڤایەتی دەدا. کۆچکردن لە دەلاقەی جۆراوجۆرە سەیری کراوە و لە ڕەوتی مێژوودا بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهێنراوە. لە هەیکەل و قەوارەی کۆچکردن و کۆچبەریدا ڕەهەندە جیاوازەکانی وەک سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ناسنامە، ئایین و هتد بە یەک دەگەن. چاوخشاندنێکی ساکار بە نەخشەی سیاسیی جیهاندا دەریدەخا کە ژمارەیەک لە دەوڵەت و کۆمەڵگاکان داڵدەی کۆچبەران دەدەن و ژمارەیەکی دیکە بەرهەمهێنەری بە میلیون کۆچبەر، پەناخواز و پەنابەرن. بە گشتی، ڕەوتی کۆچبەری بەرەو هەڵکشان چووە و وڵاتانی داڵدەدەری کۆچبەران لە گەڵ هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆز بەرەوڕوون. بە کورتی، کێشەکە جیهانییە و چارەسەرکردنی وزە و هێزی بەرفراوانی دەوێ.

*ئەوەی بە دوای ئەو سەرەتایەدا دەیخوێننەوە وتووێژی "کوردستان" دەگەڵ کاک عەزیزی شێخانی شارەزای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە دەربارەی ئەو پرسە:*

***پرسیار: پرسی کۆچبەری چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***وەڵام:*** کۆچبەری لە لێکدانەوەیەکی ساکاردا بەوە دەگوترێ، کە مرۆڤەکان لە ژینگە و نیشتمانی خۆیان کۆچ دەکەن بەرەو شوێنێکی دیکە. کۆچبەری دیاردەیەکە، کە ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ بەوە و لە ژێر کارتێکەریی فاکتەر و هۆکارە جیاوازەکاندا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. لە بەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤەکان لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیان و گەڕان بەدوای دواڕۆژێکی باشتردا جێگۆڕکەیان کردوە. کۆچبەری و کۆچەکان خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆرن و لە ڕوانگەی جیاوازەوە تاوتوێ کراون و دەکرێن. ئەو دیاردەیە چەند ڕوخسارییە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکان مانا دەکرێتەوە. لە ڕابردوودا کۆچبەری وەک ئەمڕۆ بە سیاسەت و ئیدۆلۆژی بارگاوی نەدەکرا. ئەمڕۆ کۆچبەری لە پانتایی جیهاندا هەیە و بە دیاردەیەکی جیهانی پێناسە دەکرێ. بە واتایەکی دیکە، جێگۆڕکەی سەدان ملوێن مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ مەڵبەندێکی دیکە و بە تایبەت کەیسی تایبەت بە پەناخواز و پەنابەران لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جێگای مشت و مڕێکی زۆرن. کۆچبەری لە تەواوییەتی خۆیدا هەڵگری خاڵی ئەرێنی و

نەرێنیـیە. بە گشـتی، ژیـان کەم و زۆر پـڕە لە تایبەتمەنـدیی جۆراوجـۆر، کە کـۆچکردن لە ڕێـژەی نۆرمـاڵ و سروشـتیدا یەکـێکە لەوان. ئەوە قـانوونی سروشـتە، کە هەر دیـاردەیەک لە سـنوور تێـپەڕی هاوکێشـەیەکی تـازە دەخوڵقێنێ و ڕەنگدانەوەی لە سەر دەوروبەر دەبێ.

***پرسیار: فاکتەرە گرینگ و سەرەکی‌یەکانی پشت دیاردەی کۆچ لە سەردەمی ئەمرۆدا چۆن پێناسە دەکەن؟***

***وەڵام:*** لە سـەردەمی ئەمـرۆدا کۆچەکـان جیـاوازن و کۆمەڵێـک فـاکتەر لەو نێـوەدا کـاریگەریی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆیان لە سـەر زۆربـوونی ژمـارەی کـۆچبەران هەیە. لە دابەشکارییەکی سـاکاردا گەڕان بە دوای ژیـانێکی باشتر، کار، شەڕ، پێکهێنـانی ژیـانی هـاوبەش و پێداویستیی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە هێـزی کـار و هەڵاتنـی مێشکەکان لە وڵاتە پاشکەوتووەکان بەرەو دەوڵەتە گەشەسەندووەکان فاکتەری کـارای کـۆچ و کـۆچبەرین. کاتێـک باس لە کۆچی ناچاری و زۆرەملە دەکرێ، مەبەست لە فـاکتەری شـەڕ، سـەرکوت، ستەمکاری و نەبـوونی ئـاسایش و ئـازادییە. ئەو فـاکتەرانە، کە مرۆڤەکـان لە زێـد و نیشـتمانی خۆیـان هەڵـدەقەنن و تووشـی کـۆچی نێوخـۆیی یـا دەرەوەی سنوورەکانیان دەکەن،زۆرن. پێداویستیی وڵاتـانی پێشکەوتوو بە هێزی کار و زۆربوونی حەشیمەتی وڵاتـانی گەشەنەسـەندوو لەو فـاکتەرانەن، کە بە کـۆچی ئـاسـایی پێناسـە دەکـرێ. شـایانی باسـە، کە کـۆچکردن لە نێـو ڕۆژئاواییەکـانیش لەو سـاڵانەی دواییـدا پەرەی سـەندوە. کـۆچکردنی ڕۆژئاوایی‌یەکـان لە سـەر بنەمـای هـاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤ و ڕاگواستنی سـەرمایە گەشـەی کـردوە. خوێنـدن و هەروەهـا پێکهینـانی ژیـانی هـاوبەش لە مـاوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە سەر زۆربوونی ڕێژەی کۆچبەران نەخشی بەرچاویان گێڕاوە.

***پرسیار: ڕۆژئاوایی‌یەکان چۆن دەڕواننە پرسی کۆچکردن؟***

***وەڵام:*** لە ئاستی دەوڵەتە کاندا، کۆچبەری لە هێنـدێ ڕوانـگەی وەک مرۆڤدۆسـتی ، ئـابووری، کولتـووری و ئـازادی تـاک هەڵدەسەنگێندرێ. لە ڕۆژئـاوا ڕوانگەیەکی یەکدەست لە سـەر پرسی کـۆچبەران نیە، ئەگەرچی بەشێک لە وڵاتـانی ئورووپـایی تێکۆشـاون لە بەرامبەر کـۆچبەری و کۆچبەرانـدا ڕوانین و سیاسـەتەکانیان یەکبخەن. زۆربەی وڵاتان لەو بازنەیەدا ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە داهاتوودا پێویستیان بە هێزی لاو و کاری دەرەکی هەیە. شایانی باسە، کە سیاسـەتی دەوڵەتەکـان، خەڵـک و ڕێکخراوەکـان لە پێوەنـدی لە گەڵ کۆچبەرەکانـدا هاوسـەنگ نیە. بۆ

بەشێک لە ڕۆژئاواییەکان پرسی کۆچبەری و هەرلەو کاتەدا چەند کولتووری، مانای دەوڵەمەندیی و فرەیی دەگەیەنێ، کە بۆ مرۆڤایەتی نوختەیەکی ئەرێنی و خاوەنبایەخە. لە روانگەی بەشێکی دیکە لە ڕۆژئاواییەکان، کۆچبەران بە تایبەت کە خاوەنی کولتوور و دینی جیاوازن وەک مەترسی و هەڕەشە چاویان لێدەکرێ. بێجگە لەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا و لە ژێر تەوژمی قەیرانە ئابوورییەکاندا بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو باس لە وەرگرتنی هێزی کاری پسپۆڕ و شارەزا دەکەن، کە بە ئاسانی دەتوانن لە کۆمەڵگای تازەدا جێبکەون. سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رادیکاڵیزم لە ڕۆژئاوا لە بەرەی خانەخوێ و کۆچبەراندا پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە. لە بەرەی خانەخوێ، هێز و پارتە سیاسییە راستئاژۆکان تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیان بەرامبەر بە داهاتووی کۆچبەران هەیە و تێدەکۆشن کۆچبەرە جیاوازەکان بە سەرچاوە و ماکەی ترس و هەڕەشە بناسێنن. لە بەرەی کۆچبەرانیشدا و بە تایبەت ئەوانەی سەر بە بازنەی کولتووریی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتن، ڕێژەیەکی کەم تێکەڵ بە توندڕەوەکان بوون و خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگە نازانن. زۆرایەتییەکی بێدەنگ لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا چاوەڕوانیی ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەن و بە گوێرەی ڕۆژ لە پڕۆسەی دەنگداندا جێگۆڕکە دەکەن و تەنانەت بەرەی رادیکاڵ و توندڕەو و دژەکۆچبەر بەهێز دەکەن.

***پرسیار: کۆچبەران چەندە و چۆن لە ڕەوتی جێگیربووندا سەرکەوتوون؟***

*وەڵام:* جێگرتن لە نێو کۆمەڵگەیەکی تازەدا بۆ کۆچبەران کارێکی ئاسان نیە. جێگیربوون لە وڵات و کۆمەڵگەی نوێدا ڕەوتە و ساڵانێکی زۆری دەوێ. لێرەدا باس لە جێکەوتن لە کۆمەڵگەیەکدا دەکرێ، کە مۆدێرن، خاوەنقانوون و ڕێسایە و لە ریزی وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە. کۆچبەر یان مرۆڤی کۆچکردوو بۆ سەرکەوتن لە ڕەوتی جێگیربووندا پێویستیی بە فێربوونی زمان، ناسینی کۆمەڵگە و خۆگونجاندن لەگەڵ کۆدە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانە. پاشخانی مرۆڤ لە بواری دینی و کولتووری، ئاستی خوێندەواری، تەمەن و کراوەیی لەو فاکتەرانەن کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ناسراو بە جێگیربوون هەیە. شایانی باسە، کە ژینگەی تازە و ئاستی تێکەڵاوبوونی خەڵک لە گەڵ کۆچبەران و هەروەها بوونی باوەڕ و متمانەی دوو لایەنە، کۆڵەکەی گرینگی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کۆچبەران و بە تایبەت پەناخواز و پەنابەرانن.

***پرسیار: هۆکاری پەرەگرتنی ڕەوتی دژە کۆچبەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی چییە؟***

*وەڵام:* چۆنییەتیی ڕوانینەکان بۆ دواڕۆژ و دیتن و هەڵلاجیکردنی داهاتوو لە هۆکارە سەرەکییەکانن. چاوخشاندنێکی خێرا لە ڕوانگەی باڵە رادیکاڵ و پارتە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان نیشان دەدا کە ترسی ئەوان لە پلەی یەکەمدا پارێزگاری کردن لە رەگەز و نیشتمانی خۆیانە. لە ئارادابوونی توندڕەویی دینی، کە زیاتر باوەڕدارانی رادیکاڵی ئیسلام دەگرێتەوە و، زۆربوونی حەشیمەتی موسڵمان لە جەرگەی ڕۆژئاوادا فاکتەرێکی بەرچاوی پەرەگرتنی ڕەوتی دژەکۆچبەرە. لە تێڕوانینی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕۆژئاواییەکاندا، زۆربوونی حەشیمەتی موسڵمان تەنانەت لە ڕێڕەوی دێموکراسیدا لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا لە سەر قانوون و ئیدارەی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبێ. بێجگە لەوە، بوونی قەیرانی ئابووری و چوونەسەری ڕێژەی زۆری بێکاری لە ڕۆژئاوا لە هەڵخڕاندنی هەستی خەڵک بۆ تێکەڵبوون بە لشکری دژە کۆچبەران بەرچاوە. لە سەردەمی قەیرانەکاندا خەڵکی ئەو وڵاتانە بە ئاسانی دەتوانن قامکی تۆمەتبارکردن بۆ کۆچبەران رادێرن. لە لایەکی دیکە، بەشێک لە خەڵک لە ڕۆژئاوا باوەڕیان بە سەرکەوتنی پرسی چەند کولتووری نیە و بە تێگەیشتنی ئەوان رەوتی جێگربوونی کۆچبەران سەرکەوتوو نەبووە. شایانی باسە، کە کۆچبەران و هەڵسوکەوتەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو، لە سەر ڕەوتی شکڵگرتنی بیروڕای خەڵک و پارتە سیاسییەکان رۆڵ و نەخشی بەرچاوی هەیە.

*پرسیار: خوێندنەوەتان بۆ لێشاوی ئەو چەند مانگەی رابردوو لە پەناخوازان بەرەو ڕۆژئاوا چییە؟*

*وەڵام:* ڕووداوەکانی چەند مانگی رابردوو و ڕۆیشتنی بە لێشاوی کۆچبەران بەرەو ئورووپا بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە وەرزی سیاسەت و هەڵوێست بەرامبەر بە کۆچبەران پێناسە دەکرێ. لە مێژووی ٥٠ ساڵەی رابردوودا کەمتر بینراوە کە کۆچبەران بە لێشاو سنووری چەند وڵات ببەزێنن و بەرەو وڵاتی مەبەست سەفەر کەن. تراژێدیی خنکانی منداڵ و دایکە کۆچبەرەکان لە دەریادا سۆزی سیاسەتکارە ڕۆژئاواییەکان و خەڵکی بۆ لای پرسی کۆچبەران راکێشا و ئورووپا بۆ ماوەیەک بۆ وەرگرتنی کۆچبەران سیاسەتێکی هێمنانەی پەیڕەو کرد. بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی کۆچبەران داوای پەنابەرییان لێدەکەن، بە ئاشکرا رادەگەیەنن، کە تواناکانی ئەوان لەو پێوەندییەدا کەم و سنووردارە. ئەوان ئەو وەرزە لە ژیانی پەنابەر و پەناخوازان بە دژوار پێناسە دەکەن، کە رەنگە ساڵانێکی زۆر دەرەقەتی نەیەن. ڕۆژئاواییەکان لەو پرسەشدا یەک دەنگ نین و ژمارەیەک لە وڵاتەکان ڕایانگەیاندوە، کە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پەناخوازانە لە وڵاتی خۆیاندا، دژوارە. ژمارەیەکی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک پرسێکی هەبوو مامەڵەی لە گەڵدا دەکەن و بەشێک لە ئیمکاناتی خۆیانیان بۆ

حەواندنەوەی پەناخوازان تەرخان کردوە. بەرچاوبوونی ڕێژەی پەناخواز و کۆچبەران، سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کەیسی کۆچبەرەکان دەگۆڕێ و ناچاریان دەکا، قانوونی تازە و ڕێکاری نوێ بۆ ئەو دیاردەیە لەبەرچاو بگرن. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە تەقینەوەکانی ئەم دواییانەی پاریس و هەروەها پرسی ئاسایشی ڕۆژئاواییەکان و مەترسیی زیادکردنی رادیکاڵە ئیسلامییەکان، کۆچبەری و پرسی کۆچبەرانی لە ڕێڕەوی راستەقینە لاداوە.

*پرسیار: ئایا کۆچبەری پرسی نەتەوە ژێردەستەکان چارەسەر دەکا؟*

*وەڵام:* رەنگە کۆچکردنی ناچاری بۆ ماوەیەکی کورت کارساز و ڕێگاچارە بێ. لە ئاستی تاکدا، کۆچکردن بێگومان تا رادەیەک چارەسەرە، بەڵام ئەو پرسە هەڵگری باری نەرێنی و دژوارییەکانی خۆیەتی. لە ئاستی نەتەوە بێ دەوڵەت و گەلە ژێردەستەکاندا کۆچکردن بە شێواز و فۆرمی ئەمڕۆیی نە تەنیا چارەسەر نیە، بەڵکوو لە درێژخایەندا ئاکامی نەرێنی دەخوڵقێنێ. گەلان بۆ سەرخستنی تێکۆشان و دەستەبەرکردنی ویست و مافەکانیان دەستەوداوێنی کۆچ نابن. بۆ وێنە، لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بەشێک لە فەنلاندییەکان، رەخنەیان لەو کۆچە بە لێشاوە گرتوە. ژمارەیەک لەوان دەپرسن، ئایا هەڵاتن و چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە چارەسەرە؟ بۆچی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆچبەرانە پیاون و لێرە چ کارێک بۆ وڵاتەکەیان دەکەن؟ ئەو گەلانەی خوازیاری ژیانیکی بەختەوەر و ئەستاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسن، کۆچکردن ناکەنە بژاردەی یەکەم. ئەوان تێدەکۆشن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە درێژە بە خەبات بدەن و بە نەتەوە و دەسەڵاتی سەردەست و ستەمکار بسەلمێنن، کە لە سەر ئەستاندنی مافەکانیان سوورن. بە واتایەکی دیکە، گەلان بە کۆچکردن لە سەدەی ۲۱دا بە مافەکانیان شاد نابن. گەلانی پێگەیشتوو و سەرکەوتوو بە ئاسانی واز لە مافەکانیان ناهێنن و لەو مەیدانەدا قوربانی گەورە و تێکۆشانی تیکڕایی پێشکەش دەکەن.

*پرسیار: ئایا دەوڵەتەکان دەرەقەتی پرسی کۆچبەران و کۆچبەری دێن؟*

*وەڵام:* دەوڵەتەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی تایبەت بە کۆچبەری کار و ئەرکی گەورەیان لە سەر شانە. تێڕوانینەکان یەک نین و چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ پرسە جیهانییەکان و یەک لەوان کۆچبەران یەکدەست نین. بۆ چارەسەرکردنی پرسی پەناخواز و پەنابەران، دەوڵەتەکان و بە تایبەت زلهێزەکان، لە ڕێگای ڕێکخراوە

جیهانییەکانەوە کار لە سەر چاکسازیی هەمەلایەنە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری کۆچبەر بکەن. سیستەمە سیاسییەکان جیاوازن و ڕێژە و جۆری دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتمانی لە جیهاندا عادڵانە نیە. بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و یەک لەوان کۆچبەری، دێموکڕاسی، دەسەڵاتی قانوون و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە پێداویستییە سەرەتاییەکانن. خوڵقاندنی ژینگەی گونجاو، ڕێزگرتن لە هاونیشتمانان، بوونی ئاسایشی جێگیر و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ هاونیشتمانان لە پرۆسەی راهێنان لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات، مرۆڤەکان بە مانەوە دڵخۆش دەکا. دەوڵەتەکان لەو گۆڕەپانەدا بەرپرسیارەتیی گەورەیان لە سەر شانە و کارکردن بۆ ساغکردنەوە و سازکردنەوەی دەوڵەتی خزمەتگوزار، چارەسەری بەشێکی زۆر لە تەنگ و چەڵەمەکانە. زۆربوونی حەشیمەتی جیهان و گۆڕانی ئاو و هەوا دەوڵەتەکان ناچار دەکا کە بۆ پاراستنی هاونیشتمانان و مانەوە لە سەر تۆپی زەوی هاوکاریی زیاتر لە گەڵ یەکدا بکەن. بۆ وێنە بە بیابانبوون و کێشەی بێ ئاوی ڕەنگە لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا خوڵقێنەری روخسارێکی تازە لە کۆچکردن بێ و مرۆڤەکان ناچار بکا کە لە نێوخۆی وڵاتێک یان لە دەرەوەی سنوورەکان بە دوای ژیانێکی باشتردا بگەڕێن. بە کورتی، کێشە جیهانییەکان پێویستیان بە بیرکردنەوەی قووڵ و بەرفراوان هەیە و ڕێگە چارەی جیهانییان دەوێ. بە سیاسەتی کورتبینانە و یەک لایەنە، کایەی ژیان لە جیهاندا باشتر نابێ و پرسی کۆچبەران لە ژێر تیشکی ئاشتییەکی درێژخایەن و دەسەڵاتێکی دێموکڕاتیدا چارەسەر دەکرێ.

لە ژمارە ٦٧١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٦

## کۆمار، تۆ مەلوانکەی زێڕینی بەربەرۆکی دایکی نیشتمانی

ئۆگرانی کوردایەتی و بەشدارانی یادیی دامەزرانی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان ، هاونیشتمانانی ئازیز!

ئەو یادە نەتەوەییە لە ئێوە پیرۆز.

لە سەرداوای بەڕێزانی حیزبی دێموکڕات لە فینلەند ئەو نووسراوەیە ئامادە کراوە و دەخوێندرێتەوە. ئەگەرچی مەبەست پێشکەش کردنی وتار و لێکدانەوە لە رووداوی کۆماری کوردستان نییە، بەڵام پێش پێشکەشکردنی بابەتەکەم باسکردنی چەند خاڵێک بە کورتیی و بە پوختی بە گونجاو دەزانم.

سەرتۆپی ئەو خاڵانە ئەوەیە، کە ئەگەر رووداوی کۆماری کوردستانمان نەبایە، مێژووی رووداوەکانی کوردستان و بە تایبەت رۆژهەڵات بۆشاییەکی گەورەی تێدا دەبو. لە روانگەی مێژووی سیاسیی بە قۆناخیکی تازە بە ئەژماردێ. خاڵەکانی دیکە بریتین لە:

**یەکەم،** ئەوە کە ئێمەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کورد بە گشتیی بۆمان نەلواوە یا نەمان ویستوە، بۆ کوردایەتی و ئازادیی و عەداڵەت وەک پێویست تێبکۆشین. ئەو رەخنەیەم تاک، پارتە سیاسییەکان و هەموو خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە. ئەگەر نەتەوەیەکی خاوەن کردار و باوەڕ و نەخشەی دوارۆژ بایین، بێگومان ئەو یادە ئەمڕۆ دەکرا لە رۆژهەڵات بە ئازادیی بەڕێوەبچێ.

**دووهەم،** ئەو لایەن و هێزانەی کە میراتگری کۆمار و پێشەواکەی بوون، لە ٧٠ ساڵەی ئەو یادەدا هێشتا لێکدابڕاو و لە بنەما و ئامانجەکانی کۆمار دوور و سەرکۆمارەکەی نامۆن.

سێهەم، لە باشووری کوردستان بە خۆشیەوە ٢٤ ساڵە حکومەتێکی کوردیی هەیە، کە بە داخەوە لە بەر خەراپ بوونی کولتوری ئیدارە و بەڕێوەبەری و ناعەداڵەتی بۆیان نەکراوە دوور و نیزیک شان لە شانی کۆمار بدەن.

**چوارەم،** لە کوردستاندا و لە ریزی ئەو کەسانەی کە دەرفەتی زێڕینیان بۆ رەخساوە، بە دڵنیاییەوە کەسێک نییە پێشەوا ئاسا ئازایەتی راگەیاندنی کۆمار و پاشان بەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی هەبێ و چوونە سەردار بە سەر هەڵاتن وراکرندا فەرزبکا.

**پێنجەم،** کوردەکان دۆخیان لە ساڵانی رابردوو باشترە، بەڵام هێشتا کوردەکان وەک تاک، کۆ، پارتی سیاسیی و تەنانەت بژاردە لە ئاستێکی بەریندا نەبوونە هەڵگری ناسینە و ناسنامەی نەگۆڕ، کە مل لە ملی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی دەسەڵاتدار بنێ.

**کۆمار، مەلوانکەی زێڕینی بەربەرۆکی دایکی نیشتماندا**

*کۆمار سەرهەڵبرە و تیژ بڕوانە*
*لە دەللاقەی سەدەی ٢١دا*
*لە قافڵەی کاروانی مێژووی کەوتن و شکانەکاندا*
*سەرکۆمارەکەت هێشتا سوارە و دانەبەزیوە*
*ئەو لە چوارچرای شار*
*ئەمڕۆ، وەک دوێنێ*
*وەک سەردەمانی دامەزرانت*
*راوەستاوە و پڕ بە قۆرگی باوەڕ و سوێند*
*هاواری وەفاداربوون سەر هەڵدەدا*
*کۆمار، ورد سێرە بگرە*
*لە سەر لوتکەی بەرزی نەمریی*
*لە رێگای بەردەڵانی پێش و پاش کەوتنت*
*لە قوڵایی ژانی برینی جەستەکانی دایکی نیشتمان*
*دەنگی سەرکۆمارەکەت*
*سوار لە سەر شەپۆلی مارشی مێژوو*
*لە دەرگای ماڵی کوردان دەدا و*
*هۆکارەکانی کەوتنت بە گوێی*
*خاک و خەڵکدا دەچرپێنێ*
*کۆمار، چاوت لێیە ٧٠ ساڵە*

لە کەوانەی بەرزی ئاسمانی ئازادییەوە

لە چاوگەی زمانی دایکەوە

کەم و زۆر لە گەڵ پێشەواکەت

بوویە چیرۆکی هەستانەوە و

تیشکی نەبڕاوەی یازدە ئەستێرە سەوزەکانی تەمەنت

چەندە و چۆن ئاسۆی خەونی

گەڕانەوە و سەوزبوونەوەی

بەهاری سەرکەوتنی نەتەوەکەمانی بەرین و تیشکهاوێژ کردوە

تۆ هێمایەکی دیار و راوەستاویت

تۆ ئەستێرەی نەکوژاوەی ناسنامەی کوردانی

بڕوانە کە ئاودێرە خۆبەختکەرەکانت

وەک شاشەهیدەکەی سەرکۆمارت

بۆ ئازادیی گەل و خەونی گەورە

بە دەمارەکانی دەست و لاقیان

بە بەخشینی خوێن و جەستەی لەشیان

ئاودێریی نەمامەکانی ئارەزووت دەکەن و

لە پێناوی هیلالی خۆشەویستی تۆدا مۆم ئاسا دەتوێنەوە

دۆندی چیای هەرمان

قەڵاتی ئازایەتی سەرە فیداکراو و قوربانی کراوەکان

زمانە لە گۆنەکەوتوەکانی بەندیخانە

لە گەڵ دارە بەڕوەکانی نیشتمان

لە شین وتازەیەدا، لە شادیی و خۆشیدا

سروودەکەی ئەی نیشتمان دەڵێنەوە و

لە گەڵ خاک، ئاور، با و ئاوی نیشتمان

لە بەیانیانی بێدەنگیی و ئێوارانی پڕ لە ژاوەژاودا

بانگی ئەی ڕەقیب دەچڕن
ئەی کۆرپە سیاسییەکەی نیشتمانە زامدارەکەم
لە دوای هاتنەوەی سەرماو سۆڵەی ئیستبدادو پاشایەتی
تۆ هەدات نەداو و لە ژێرتیشکی یازدە ئەستێرە درەوشاوەکانی تەمەنتدا
بوویە قوتابخانەی هیوا
بوویە ڕێگایەکی نەپساوە بەرەو لوتکەی پیرۆزییەکان
بوویە پێنووسی ناسنامەی گەلێکی ژێردەست و
لە ڕێگای قوتابخانەکەتدا وانەی پێشمەرگەبوونت بە سەر
هەڵاتن و سێدارەدا سەرخست و
مردنی ئازایانەت کردە بایەخ
کۆمار، بڕوانە عاشقانی ئازادژیان و سەربەستی
کە عەیامێکی دوور و درێژە
لە دەوری ئامانج، سروود، ئاڵا و ڕێبازەکەتدا
بە پێوە مردوون و بە وانە و کردەوەی پێشەوا
لە سنووری ترس و مەرگ ئازایانە تێدەپەڕن
تاریکە ئەنگوستەچاوەکانی سەرڕێیان
بە قرمژنی چەکی بەرگریی و باوەڕ
تاراندوە و بەرەو لە ئامێزگرتنی بووکی سەرکەوتن
هەنگاو هەڵدەگرن
ئەی کۆماری تیشک هاوێژ
تۆ تەنیا ڕووداو و ناوێک نیت
گەورەیی تۆ تەنیا لە باڵای خۆتدا کۆناکرێتەوە
شاکاری مانەوە و شەکانەوەی ڕۆژانی تەمەنت
لە ئاوەکەی ژێ کاف و لە ئازایەتی چوونە سەرداری بانگدەرەکەت
لە ژمارەی ڕیزبەستووانی قوربانییەکانی نیشتماندا

سەرچاوە دەگرێ

یەکەمیان وزەو و باوەڕ و دووهەمیان رووحی مانەوەی

بە سەخاوەتەوە پێ بەخشی

لە بیرتە، کە کوردستانی گەرمیان

لە سەردەمی چوارچرا بەرەو جۆغراڤیاکەت هاتن

کە هاتنە لات، سروودی ئەی رەقیبی دڵداریان وەک دیاری بۆ هێنابوی

ساڵانێکی زۆرە بەخت یاوەریانە و

بەرەکەت کەوتۆتە ئەستێرەکانی تەمەنی حکومەتەیان

بەڵام هێشتا نەگەیشتوونە سەرەتای رێگای تۆ

ئاخر تۆ، بە بەڵێنی تەژی لە راستگۆیی سەرکردە و پێشەواکەت

بە سوێندی وەفاداری ئاشقانی سەرکەوتن

بە ئیرادەی بانگی ئاشکرای کوردایەتی زێڕاو کرابوی

لێرە و لەوێ ئۆگرانی رێگاکەت

پەرتەوازەو و دابڕاو لە یەکتر

هەنگاوی پڕ لە ماندوویەتی هەڵدەگرن و

لە گۆڕەپانی درووشم و وێنەدا

لە بەردەم گیانی شاهیدانی ئەو رێبازە

لە سەر میراتی تۆ و سەرکردە گلاوەکاندا

لە نیوەی رێگادا دەستیان لە بازنەی یەکگرتن بەرداوە

خەریکە بایەخەکانت هەرزاج دەکەن و

ئازایانە وازیان لە وانەکانت هێناوە

٧٠ ساڵە وهێشتا ترۆپکی لوتکەی سەرکەوتنەکانی

هێشتا تەپ و تۆزی کاروانی شکست و شکانەکان

فرمێسک و خەمی لە خاکدا نێژراو

روخساری گەشاوە و ناسنامەی زێرینتی دانەپۆشیوە

تازە خەریکە لە ڕۆژئاوا، باکور، باشوور و ڕۆژهەڵات
وەک ئاوی بە خوڕیی بەهارانی سرووشت
گۆرانی ژیانەوە دەچڕیی و لە گەڵ هەتاوی بەیانیاندا
سەر بە کۆشک و بارەگای بەرخۆداندا دەکەی و
تیکەڵ بە پێدەشتی ئارەقە و ماندوویەتی ئازاکان دەبی
ئێستا تۆ و ئامانجەکانت، تۆ و ئەستێرەکانت
تەنیا چیرۆکی بەرئاگردانی گەورەساڵان نین
تۆ ئەمڕۆ پەیامی ڕۆژ وشەوانی تەکیەی کوردایەتیی و
گۆرانی هەرەوەزی کێڵان و دروێنەی مەزراکانی خۆراگری
پەیامی کۆڕ و کۆبوونەوە و ناخی تاکەکانی
وێنەی چوارەوەرزی سەر دیواری بیرەوەرییەکانی
تۆ سروودی موژدەبەخش و
بانگی مزگەوتەکانی کوردایەتی و
دەنگ و ڕەنگی مێژوومانی
کۆمار، تۆ مەلوانکەی بەربەرۆکی دایکی نیشتمانی
میخەکی مەلوانکەکەت بۆنی خاک و ڕەنگی خوێنی گرتوە
بۆیە کوردان، نەوە دوای نەوە
بۆ چوونە ناخی کوردایەتی
بە تاسەوە دێنە لات
بۆنت دەکەن
خەون بە گەڕانەوەی تۆوە دەبینن
بە چاوەکانیان دەڕواننە ئەو ١١ ئەستێرە تیشک هاوێژەی ئاسمانی تەمەنت و
لە ناخیاندا، زیارەتی کەعبەی خەونەکانت دەکەن
تۆ و پێشەوا بوونە کتێبی دەستی
وانەبێژ و وانەخوێنەکانی قوتابخانەی کوردایەتی و

جار و بار بە نهێنی و لە ژێر پاڵەپەستۆی ستەمکاران

دەستاو و دەست دەکەن و

لە شار، لە گوند، لە شاخ، لە مەزرا و لە دووره وڵات

چیرۆکی ئازادژیان و رزگاربوون بە نەوەکانی ئەو خاکە دەڵێنەوە

ئەوانەی، هێشتا بە دوای بوکی ئازادیدا عەوداڵن و

لە رەشەشەوی چەوسانەوە و ستەمدا

جار و بار رێگا ون دەکەن

کۆمار، ٧٠ ساڵە و وەک گەڕیدەیەکی لە بەرچاوان ونبوو

چاوەڕوانی هیممەتی کوردان دەکەی

تاکو جارێکی دیکە لە چوارچرای شار

وەک پێشوو

لە بەهاری ئازادیدا، لە بەیانی دەرکەوتنی گزینگی سەربەستیدا

هاواری "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" بکرێ و

نیشتمان بۆ هەمیشە

دەستەملانی تۆ و ئازادی ببن و

سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی بڵێنەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانیۆێری ٢٠١٦

# جیاوازیی سیاسەت و سیاسەتکار لێرە و لەوێ

کوردە سیاسەتکارەکان، بە تایبەت ئەمڕۆ لە باشوور، زیاتر بە زگ سیاسەت دەکەن. ئەگەر سیاسەت بە مانای هونەری چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و ئیدارەی کۆمەڵگا بێت، لە کوردستاندا ئەو هونەرە بوونی نییە. سیاسەت لێرە لە ئەخلاق و مۆراڵ بە تاڵ کراوە و بە مانای لە خشتەبردنی خەڵک و خوڵقاندنی قەیرانە.

گەلانی بەختەوەر و پێشکەوتوو بە هزر و بیر سیاسەت دەکەن و لە دەوری یاساکان کۆدەبنەوە. ئەوان حورمەتی یاسا بۆ تاکە کەس و بۆ پارتی سیاسییان ناشکێنن و عەداڵەت و داد لە بەردەم یاساکاندا جێبەجێ دەکەن. سیاسەتی پارتە کوردییەکان و سەرکردە هەژارەکانیان، هزری لۆژیکی کەمە و زیاتر بە هەست دەجوڵێندرێ.

سیاسەتکارە کوردەکان لە بازاڕی راستەقینەی سیاسەت و دیپلۆماسیدا تەنیا کڕیاری کورسیی و بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیانن.خەڵک بۆ ئەوان بە مانای ژاوەژاوی دەنگدەرانێکە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا بە پەڕوی رەنگاوڕەنگ کف و کوڵی خۆیان دەردەبڕن و وێنەی ئەم و ئەو دەخەنە سەر دەست. سیاسەتکار لە نێو نەتەوە پێشکەوتوو و خاوەن یاساکاندا ناتوانن بەرژەوەندی گەل و وڵات لە هەڕڕاجخانەی جیران و جیهاندا هەرزانفرۆش بکەن. ئەوان پیرۆزییەکانی یاسا بە سەر کورسییەکانی خۆیاندا دەسەلمێنن و شەرم دەکەن، لە مێدیا و دیوەخاندا بڵێن، کاکە کێ ئامادەیە با بێ، پۆستەکەی دەدەمێ !

یاسا لە نێو کورداندا بۆ مەکیاجی دەسەڵاتە و لە نێو ئەوانی دیکەدا بۆ رێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا. ژن و پیاوە بەهێزەکانی رۆژئاوا لە بەرامبەر خەڵک و یاسادا ملکەچ و کۆیلەکانی زگ و دەسەڵات لە کوردستاندا رێز لە خەڵک و یاسا ناگرن. حکومەتی کوردی بە فۆڕمی هۆز کاردەکا و لە گەڵ یاسادا نەگونجاوە و گەمە بە چارەنووسی نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەینێی ئەو خاکە دەکات. حکومەتی نەتەوە ژیر و خاوەن ویژدانەکان بۆ خەڵک خزمەتگوزار و لانی کەم خەمخۆرە.

پاش ٢٤ ساڵ هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەوتۆتە سەر رێچکە و هێشتا دیلی داوی گیرفان، هەست و

زگە. لە کاتێکدا بە هەزاران کورد بە حەق و ناحەق لە نیشتمان رادەکەن و بەشێکیان دەبنە خۆراکی رەشەبای مەرگی دەریاکان، بەرپرسانی ئەو هەرێمە وازیان لە چەقەنەی سیاسی نەهێناوە. ژمارەیەکی زۆر لە کوردە سەماکەرە سیاسەتکارەکان ئازایەتی وازهێنان لە پۆستەکانیان نییە و بە سوننەتی کۆن و خێڵ کاروانەکە بەرەو ئاشبەتاڵ راپێچ دەکەن.

لوتکەی دەرکەوتنی ئەو سیاسەتە کۆبوونەوەی ئەو رۆژانەی دیوەخانەکەی بارزانییە. کۆبوونەوە و خڕبوونەوەیەک، کە ژمارەیەک لە قوتابییەکانی وانەی سەرکزیی و عەبدایەتی، بەڵێنی خۆیان بۆ سەرلەقاندن و بەیعەتکردن دەربڕی. ئەوان لە بەرامبەر شادرۆکاندا دەستەمۆ و بێدەنگ بوون و لە بەردەم سەرۆکی دیوەخاندا کۆیلە و رۆبۆتێکی سیاسی. شادرۆکەی سەرۆکی دیوەخان، کە دوای دوو خولی سەرۆکایەتی و دوو ساڵی زیادکراو و چەند مانگی زۆرەملی دەڵێ: "کێ ئامادەیە با پۆستی سەرۆکایەتی بدەمێ"، ویژدان و راستگۆیی دەتارێنێ، بەڵام کوان ئەوانەی کە نرخی ئازادیی و ئازایەتی دەزانن .

راستگۆیی سیاسی بە کردەوە دەسەلمێندرێ نەک بە سەرکزیی و سەرلەقاندن. ئەوە کۆیلایەتی بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارەکانی باشوورە، کە شەرعییەت بە یاسا شکێنی و کودەتا دەدەن. ئەوانە بە گەورە بازرگان دەناسێندرێن و دەرچووی قوتابخانەی لە ملدان و ئەشهەدوبیللان. ئەوانە شایانی ئازادیی و ئازادبوون نین و هەر لە کۆنەوە فێرکراون، چەندە و چۆن تەپڵ و زوڕنای سیاسەت لێدەن.

رووسەکان دەڵێن، پاییز جوجەڵەکان دەژمێرین. خێڵی سەرکزان سەرئەنجام رۆژێک لە وانەی قوتابخانەی فرت و فێڵ تێدەگەن و دەزانن، کە چەندە زلیل و دەستەوەستان لەو گۆڕەپانەدا ژیاون.ئەوان نەک بۆ ئەمڕۆ، بەڵکو بۆ دواڕۆژ و مێژووش لەرۆبۆتێک زیاتر نین، کە بەرامبەر بە پێشێلکردنی ئازادیی و یاساشکێنی سەرۆکی دیوەخانەکەیان کز و لاواز و دوو رووخسار دەرچوون .

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - رێکەوتی: ٨ی فێبریوێری ٢٠١٦

# کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەنگاوێک بۆ دواوە

کورتە روانگەیەک لە سەر لابردنی بەندی دوو دەورە سکرتێری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا

بە گوێرەی راپۆرتێک، کە ماڵپەڕی "کودستان و کورد"ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، لە سێهەمین رۆژی کۆنگرەی ١٦ی ئەو حیزبەدا پێڕەوی نێوخۆ دەستکاری کراوە و بەندی دوو دەورە سکرتێری لابراوە. بوونی ئەو بەندە و کارپێکردنی لە دوارۆژدا بە قازانج و سوودی رەوتی حیزبایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەشکایەوە. شایانی باسە، لایەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەر زوو ئەو بەندەیانلە کۆڵ خۆیان کردەوە.

لە نێو گەلانی ژێردەست و وڵاتانی دواکەوتوودا، بە بیانووی نارەوا، وەک کولتور و کۆمەڵگا، بارودۆخی هەنووکەیی و هتد. کورسیی دەسەڵات و حیزبایەتی لە بایەخ و رەهەندی دێموکڕاسی و ئاڵوگۆڕ بە تاڵ دەکرێن. لەو نیشتمانەدا هەموو کولاوە شەرعییەکان بۆ پاراستنی کورسیی و پۆستەکان بەکاردێنن و لە ژێر پاساوی نالۆژیکی و نارەوادا خۆ لە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان دەدزنەوە. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە ژمارەیەک لە بە ناو رووناکبیر و ئەندامی حیزبەکان لە پێناوی زیندەخەونی بە ناو سەمبولسازی و رێبەرداتاشیندا پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکەن، کە بەندی ئاماژە پێکراو خێری نییە. لە دوارۆژدا بۆ هەموو لایەک دەردەکەوێ، کە خۆدزینەوەی حیزبەکان لە پرسی دێموکڕاسیی و مانەوەی کەسەکان لە سەر کورسییەکان بۆ ماوەیەکی بەردرێژ، دەردێکی تاڵە. ئەو دەردە کوردە، تەنانەت بە یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی کوردان لە بەرەی سیاسەتدا بە ئەژمار دێت.

مێژووی پارتە سیاسییە کوردییەکان و پێداچوونەوە بە هەڵسوکەوتەکانیان دەیسەلمێنن، کە حیزبایەتی بەم فۆرم و شێوازە قازانجی خەڵک و خاکی تێدا نییە. خۆ حیزب وەک بنێشتی خۆماڵی دروستکراوی کوردان نییە و لە باخەڵی خۆیان دەرنەهێناوە، کە بە حەزی خۆیان سەر و خواری پێبکەن. باشتر وایە، لە بنج و بناوانی حیزب و رێکخراوە هەڵسووڕ و خاوەن پێگەکانی جیهان بڕوانین و سوود لە خاڵە ئەرێنیی و گونجاوەکانیان وەرگرین.

دۆخی ئەمرۆی کوردستان و بوونی کولتووری خەراپی ئیدارەکردنی خەڵک و کایەی حیزبایەتی دەیسەلمێنێ، کە

ئاوەکە لە سەرچاوە قوڕاوە. کولتوری حیزبایەتی کوردیی پڕە لە خاڵی نەرێنی و کوردەکان لە ژێر سێبەری ئەو حیزبانەدا بە ئامانجەکانیان ناگەن. بە واتایەکی دیکە، حیزبی کوردیی زیاتر تامەزرۆی دەسەڵاتە و لە هەوداکانی دیکەی ژیان و سیاسەت دوور و بەڕێوەبەرانیش شەیدای پڕوپاگەندەن. حیزب و ڕێکخراوە پێشڕەو و خاوەن ستراتیژیکەکان لە سەر پرسەکان دەوەستن و بایەخە دێموکڕاتیکەکان بە ئاسانی پووشبەسەر ناکەن. حیزبەکانی جیهان لە گەڵ دۆخ و ڕۆژگار خۆیان دەگونجێنن و ئەوانەی ئێمەش تازە خەریکی گەڕانەوە بۆ دواوەن.

ئەندامانی کۆنگرە و بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە کەم و زۆر ئەو هەڵەیان لە سەر دەکەوێ. لە پاش کۆنگرە زیاتر هەست بە هەڵەکەیان و کف و کوڵە تێپەڕەکەیان دەکەن. ئەو" بەندەی" جاران بە خاڵی ئەرێنی باس دەکرا و دەخرایە تایەی تەرزاوو پاش کۆنگرە نامێنێ و لە دوارۆژدا بە خاڵی نەرێنی بۆیان ئەژمار دەکرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا زۆر بە کەمی بینراوە و بیستراوە، کە ئەندام، پێشمەرگە وکادرێک بە سکرتێرەکەی بڵێ، گەورەم! ئەو جۆرە وشانە لە نێو کورداندا زیاتر و زۆرتر لە دیوەخان و ماڵی سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان باو بووە، کەچی ئەمڕۆ بە هۆکاری نەمانی بڕبڕەی باوەڕ و خۆناسین لە نێو پارتەکاندا بەکاردەبرێن.

ئێمە و بە تایبەت سیاسەتکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە تازە سوارین و جارێ ئاگامان لە سبەینێی ڕووداوەکان نییە. ئەوانەی خەون بە داتاشینی ڕێبەر و سەمبولسازییەوە دەبینن، لە جەرگەی ناسینەی مێژوو بە فەرسەخ دوورن و سەریان لە گەمەی وشەکان دەرناچێ. ڕێبەر و سەرکردە بە دروشم و شێعر و وشەی هەرزان بەرهەم نایەت و مێژوو شایەتی زیندوو و حاشالێنەکراوە.

حیزبی دیموکڕات پێویستی بە ئیرادە و دێموکڕاتیزە و پڕاکتیزەکردنی پێڕەوی نێوخۆ هەیە، نەک خۆدزینەوە و گەڕانەوە بۆ سەر ڕێچکەی کۆن. تێروانین و پرسیارەکان لە سەروبەندی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لە سەر ئەو خاڵە چەق دەبەستن، کە ئاخۆ ئەمجارە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چۆن لەو تاقیکارییە دەردەچێ و ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەو حیزبە چەندە لە جێبەجێکردنی دروشم و تەنانەت بەندەکانی پێڕەوی نێوخۆدا مکوڕ و خاوەن باوەڕن. کردەوە سەنگی مەحەکە و دەرکەوت، کە لەو ڕێبازەدا لە نێوان قسە و کرداردا جیاوازییەکی بەرین هەیە.

کۆنفڕانس و کۆبوونەوە ئاشکرا و نیوەئاشکراکانی پێش کۆنگرە دەیسەلمێنن، کە داڕێژەرانی ئەو نەخشەیە زۆر لە مێژە بەستێنی ئەو بەزمە کوردییە خۆش دەکەن و تازە خەریکن بە ناوی داخوازیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مێدیاکانی باشووری کوردستانی دەیفرۆشنەوە.حیزبە کوردییەکان یان کۆنگرە ناگرن و یان ئەگەر دەیگرن لە زرە کۆنگرە یان کۆنگرەی عەنتیکە دەچێ، کە بە هەموو زمانێک باس لە وێرانییەکانی ئەو بازارە شێواوە دەکات. کورد گوتەنی، لە عەرزی کۆنگرە کوردییەکان هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێ و بە زۆر ناکرێ مرۆڤەکان ئازاد کەی. هاوڵاتیانی کوردستان بۆیان هەیە بپرسن، کە ئەو حیزب و پارتە کوردییانە بەو مۆسیقا و ئاهەنگە چەندە و چۆن دەتوانن کوردان بەرەو دواڕۆژێکی بەختەوەر رێبەری کەن؟

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی فێبویۆێری ٢٠١٦

---

## ورده روانینێکی مەیدانی لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و مەجلیسی بە ناو شارەزایان لە ئێراندا

نوسینی: مامی تۆڵە، جیرانی ماڵی مامی هەردی

لە جەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە

چەند وردە روانینێک لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئێران

نەنکە فاتم دەڵێ، کە کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە. میرزا رەحمان رادەگەیەنێ، کە هەموو لایەک پاڵەوان دەرچوون، بە تایبەت ئەوانەی حەزیان لە زەردەخەنەی خاتەمی و حەسەن روحانی یە. جیرانەکەمان دەیگوت، بە سەری هەموو شێخ و موشایەخ و سیاسەتکار و موسایەتکار ئەو بارە ناگاتە مەنزڵ. پوورە بەس دەیگوت، ئەمن لە سەر خەتی خودام و حەزم لە درۆکردن و بازاڕی هات و هاوار نییە.مام برایمی گەڕەک دەیگوت، وەڵلاهی وەبیللاهی وەتەڵلاهی کەس راست ناکات و هەرکەس بە یاری خۆی هەڵدەڵێ. دادە ریحان دەڵێ، ئەمن هەڵبژاردنم بۆ چییە و

کێ کیتەڵە ماستێکی بۆ هێناوم و هەموو نوێنەری مەجلیسێ بە تەگەری تەراختۆنی کۆڕەکەم ناگۆڕمەوە. مام کەریم دەڵێ، کوردە حەزی لە شتی خۆشە، بەڵام سەعی بۆ ناکا و لە قەدیمەوە بیستوومانە کە لە تۆ حەرەکەت و لە خولا بەرەکەت. م. س. دەڵێ، ئەو خەڵکە بە ئیمامی مەهدیش چاک نابن و دەبێ خۆمان هەتاکی مردن هەر رایکێشین. وەستا حەسەن دەڵێ، کاکی خۆم حوکمەت بە من ناڕووخێ و ئینتخابات فەتەق بۆ گۆڕینی دەم و چاوەکانە. ئەگەر دەنگ بدەم و دەنگ نەدەم، چ لێرە دەگۆڕێ. خاڵە مستەفا دەڵێ، بایکۆت و مایکۆتی حیبزە کوردییەکان و هات و هاواریان بۆ شیرکەت کردن لە ئینتخابات حەلی موشکیلەی من و خانەوادەم ناکات و گوێم لە کەس نییە..."

---

ئەو نیزامە درەنگ یا زوو وەک ئەوانی دیکە دەڕوا. لە ئێراندا هەڵبژاردن لە گەمەیەکی خافڵێنەر زیاتر نییە و کوردەکان رەوا نییە بە خەڵک و حیزبە مەحفەلیەکانیان لە سەر دەستپێک و ئاکامەکانی هەڵبژاردن بکەونە دوو بەرەی دژ بە یەک. لەو رۆژانەدا باشترە، کە خەڵک و حیزبەکان و کوردەکان بە گشتی لە خەمی خۆیان و دواڕۆژیاندا بوونایە، نەک ئەوەی کە چ بەرەیەک لە تاران زیاتر نوێنەر بۆ پارلەمان و مەجلیسی شارەزایان دەنێرێ. کوردەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا تامی کۆنەپارێز و رێفۆرمخواز و سەیدی هەڵخەڵەتاندن و هتدیان کردوە و دەزانن، کە لەو عەرزە بەرهەمێک بۆ کوردان باڵا ناکات. هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و مەجلیسی شارەزایان لە ئێران وەک رابردوو سەلماندیان، کە:

١- خەڵکی ئێران شایانی ئەو دەسەڵاتدارو سیستەمەن و هێشتا ئامادەی گۆڕان نین. ئەوان بە کردەوە سەلماندوویانە، کە بۆ دەسەڵات و زۆردار ملکەچن. لە هەڵبژاردن و دەنگداندا ناکارامەن و بە هەموو پێوانەیەک بە یەکێک لە خەڵکە کرچ و کاڵەکانی ئیدارە و سیاسەت دەناسێندرێن.

٢- نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە پرسی مێژوو و دیرۆکدا ناشارەزا و لە ناسینی خۆیان و نەتەوەی سەردەستدا کلۆڵ و دەستەوەستانن.

٣- مێژووی ئێران بریتییە، لە سەر کەزی خەڵک و قبوڵی ئەمری واقع. ئەو مێژوویە بە ئاسانی ناگۆڕێ و

کولتوری سەرکزی و خۆفریودان و چەند روویی پێویستی بە شۆڕشە. بۆ تێگەیشتن لە ئێران مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشاکان و ئەگەر زۆر دوور نەڕۆیین ٤٠ ساڵی رابردوو پڕە لە پەند و حیکمەت.

٤- خەڵکی ئێران بە پێچەوانەی پۆزلێدان و خۆگەورە دیتن، بە کردەوە پێشانیان داوە کە لە زۆربەی گەل و خەڵکی ناوچە سەرکزترن و ئیرادەی راستەقینە بۆ ئازادیی و ژیانێکی باش لەو وڵاتەدا زۆر بە کەمی هەیە. ئەگەر لە ئێران دەنگدا شتێکی گۆڕیبایە، لانی کەم لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا خەڵک لەو هاوکێشەیە دەگەیشت و بە کردەوە گۆڕانێکی ئەرینی لە کۆمەڵگا و بەستێنی ژیانی سیاسی وڵاتدا رووی دەدا.

٥- ژیانی سیاسیی و کولتوری حیزبایەتی لە ئێران و لە هەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتەدا لاوازن و تەنیا وەک ناوێک جار و بار لە نێوخۆدا جوڵەیەکیان هەیە. خەڵک هێشتا لە بواری کولتوریی و ژیانی رۆژانەدا تاقیکاریان لە سەر دێموکڕاسی و دەنگدان و دەنگوەرگرتن نەکردوە .

٦- رژیم و سیستەم دەزانێ گەمە بە خەڵک و حیزبەکان بکا و خەڵک و حیزبەکان باوەڕیان بە سەرکەوتن نییە و بە کردەوە تەسلیم بوون.

٧- هەڵبژاردن لە ئێران و وڵاتانی دیکتاتۆریدا هیچ ناگۆڕێ، چوونکە لەو ژینگەیەدا رەوت و پرۆسەی هەڵبژاردن لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە سەر هێڵی راستەقینە نییە و لە ناوێک زیاتر نییە.

٨- بزوتنەوە نێوخۆییەکان لە ئێران هێشتا لاقیان نەگرتوە و کۆمەڵگا بە کردەوە لە سەر بنەما و بایەخە کۆنەکان ئیدارە دەکرێ.

٩- پارلەمان و باقی ناوەند و دەزگا سیاسیی و ئیدارییەکان لە ئێراندا، لە ئاست کۆڵەکە سەرەکیەکانی نیزام دەسەڵتیان نییە و تەنیا بۆ جوانکاری و دەرخستنی روومەتی دزێوی نیزام بەکاردێن.

١٠- زۆرێک لە بە ناو رووناکبیر و سیاسەتکارەکان چەپ و راست لە جۆلانەی خەیاڵدان و لەوە خافڵن، کە نیزام و سیستەم ئاڵوگۆڕ هەڵناگرێ و زیندەخەونەکان سەرەئەنجام دیزەی رۆنەکەی دەشکێنن و شوانەکە دەستبەتاڵ دێڵنەوە.

١١- خەڵکی خۆمان بێدەنگ و خاوەنی ناسنامەی نادیارن. بەشێکی بەرچاو لەوان بە ئێرانی بوون سەربەرزن و لە کاتی هەستیاردا ئێرانی بوون زەق دەکەنەوە و کوردبوون لە کولەکەی تەڕدا نە باس دەکەن و نە باوەڕیان پێیە.

١٢- نوێنەرە کوردەکان لە رابردوودا زۆر بە دەگمەن باوەڕیان بە پرسی کورد هەبوە. ئەگەر تاک و توک لە کۆبوونەوەیەکدا قسەیەکیان کردبێ، تەنیا بۆ خەڵکی ئاسایی بووە و لە پارلەمان و ناوەندە ئیدارییەکاندا بێ دەسەلات و نادیاربوون. بە واتایەکی دیکە، نە ئەوان بۆ ئەو پۆست و بەرپرسیارەتییە ئامادە بوون و نە پارلەمان و ژینگەی سیاسی بۆ ئەوان لەبار و گونجاو.

١٣- حیزبەکان لە حیزب شۆراون لە مەحفەلێک زیاتر نین و تەنیا خاوەنی دەربڕین و هەڵوێستن و لە کردەوە و کردەی ئەکتەرێکی سیاسی زۆر دوورن. ئەوان لەو رۆژگارەدا خاوەنی دنیابینی راوەستاو نین و لە بەرەی جیاواز خەریکی تەتەڵەی تێزە سووتاوەکانن. لە جیاتی نواندنی هونەر بۆ رێکخستنی خەڵک و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ سەرراستکردنەوە خەڵک و خۆیان خەریکی گەمەی وشەکانن.

١٤- رووناکبیر و چالاکوانە رەنگاوڕەنگەکان لەو بەستێنەدا، لە جیهانی قسە و نووسیندا قەتیس ماون و زۆربەیان لە خەڵکی عەوام خەراپتر دەجوڵێن و هەڵوێست وەردەگرن. بەشێک لەوان لە جۆلانەی هەست و کف و کوڵدا ئەوەندە راژاون، کە لۆژیکی ئاسایی ژیانیان لە بیر کردوە و هەرجارەوە جۆرێک رەنگ دەگۆڕن.

١٥- بەشێک لە بە ناو رووناکبیر و سیاسەتکارەکان بە کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی باشوور خەریکن فێری عادەتی خەراپی سیاسی دەبن. گۆیا لە ورمێ، نەغەدە و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر کوردە بەربژێرەکە سەر بە رژیمیش بێ، دەنگی پێبدەن، چوونکە مەسەلە رێفراندۆمە! ئەو بە ناو شارەزا و چالاکانە نازانن و ئاگایان لەوە نییە، کە ئەوان ئاو لە ئاشی کێ دەکەن و چۆن دەکرێ بەو دەنگدان و

دەنگوەرگرتنە چارەنووسی ئەو ناوچانە دیاری بکرێ. سیاسەت بە بیر و هزر دەکرێ و هەست و کفوکوڵ ئەگەر لۆژیکی لە گەڵ نەبێ، سەر دەخوا و تاڵاوی شکان و کەوتن بە قوڕگدا دەکا.

١٦- مۆدیلەکان جیاوازن و پێکگرتنی دوو مۆدیلی جیاواز بە دوور لە زانیاری چڕ و پڕ کاریکی ژیرانە نییە، چوونکە تووشی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەڵەت دەکەن. تورکیا و ئێران دوو کولتور، سیستەم، رابردوو، جۆغرافیا و مێژووی جیاوازیان هەیە و کوردەکانی باکور و رۆژهەلات لە نێو دوو ژینگەی جیاوازدا بالایان کردوە و ژیاون. لە تورکیا تورک هەیە باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردان هەیە و لە نێو فارس و ئازەرییەکانی ئێراندا تەنانەت بۆ دەرمان کەسێکت گیرناکەوێ، کە باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردان بێ!

١٧- چۆنیەتی و جۆرایەتی سیاسەت و حیزبایەتی پێویستی بە گۆڕانە و دەرچوانی زانکۆی پێهەڵدان و ئەشهەدوبیللا ناتوانن لە سەر ئەرزی واقیع شتێک بگۆڕن

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبویۆێری ٢٠١٦

---

## لەپەراوێزی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا

**پڕوپاگەندە بۆ سەربەخۆیی کوردستانو پڕۆژەی کۆمەڵگایەکی دیموکڕاتیک!**

لەیادی ١٠٠ ساڵەی ڕێککەوتننامەی ناسراو بەسایکس- پیکۆدا، گەڕەلاوژەی درووشمی پیاو و کچانی حیزب و دەهۆڵی پڕوپاگەندە گوێی ئاسمانی کەڕ کردوە. مارک سایکسی بریتانییو فڕانسوا ژۆرژ پیکۆی فەڕانسەوی لە ١٩ مانگی مای ساڵی ١٩١٦ زایینی، لەجەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەئاگاداری روسیە لەسەر دابەشکردنی خاکی ژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕێککەوتننامەیەکی نهێنیان بەست. بەگوێری ئەو ڕێککەوتننامەیە خاکی

کوردستانی ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان، بەکردەوە لەنێوان چەند دەوڵەتێکی تازە سازکراودا دابەشو کەرت کرا. کۆی ئەو ریککەوتننامەیە لە خزمەتی بەرژەوەندی زلهێزەکانی وەک بریتانیا، فەرانسەو ژمارەیەک لەبنەماڵەو گەلانی ناوچەکەدا بو، بەڵام زۆر گەلو خەڵکی وەک کورد پەراوێز خران.

شایانی باسە، کە کوردەکان لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانی وەک ئەمڕۆ بە سەر بەرەی جیاواز و دژبەردا دابەش ببون. زۆرایەتی کوردەکان ئاگاداری دوارۆژی نەخشەی سیاسی ناوچەکە نەبوون و سەرۆک عەشیرەت و چەکدارەکانیان بەکردەوە سەرەتا لە بەرەی سوڵتان و پاراستنی رەوتی عوسمانیزمدا بوون و دواتر فریوی شەڕی رزگایی بە سەرکردایەتی ئاتاتۆرکیان خوارد و لە کۆتایی جێگیربوونی سنوورەکانی تورکیەدا سەریان بێ کولاو مایەوە. ئاشکرایە کە کوردەکان وەک ئەمڕۆ بە سەر دەسەلات و هێزە ناوچەییەکانی وەک رووسیە، ئێران، عوسمانیدا دابەش ببون و چەکدار و سەرۆک عەشیرەت و تەنانەت ژمارەیەک لە بژاردەکانیان لە سەنگەری جیاوازدا خۆیان دەبینیەوە. ئەوان لە نێو گەمەکەدا سەر لێشێواو و لە دوای پرۆژەی نەتەوەی تورک، عەرەب و فارسەکاندا سەرگەردان بوون. جوڵەیەکی بەرفراوان، کۆمەڵگایەکی چاوکراوە، ناوەندی ئیدارەکردنی پتەو و بەهێز لە نێو کوردانـدا نەبـو. لە ئاکامدا جوڵەی کۆمەڵە سیاسیی و کولتورییەکان، تاک، ویستی سەربەخۆیی و مافخوازییەکان لێکدابڕاو و ناوچەیی بوون و لە بازنەی سنووری عەشیرەت، شێخ و ئاغادا تێپەڕیان نەدەکرد. ئەوان لە زمانی هاوبەشی نووسین بێبەش بوون و تەنانەت کوردەکان خاوەنی وەرگێڕانی کتێبە ئایینیەکان بە زمانی دایک نەبوون. ژمارەیەکی کەم ئەفەندی و میرزا تاقەتیان بە نامەدەرکردن دەشکا، کە دەربڕی دۆخی تاڵی کوردەکانی ئەو سەردەمەیە.

هەوڵ و تەقەللای کوردان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان لە بازنەی دەوڵەتە تازە بەرهەم هاتووەکاندا بە نیوەچڵی شکڵی گرت. رەوایەتی مافی کوردان و زوڵمی داگیرکەران لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا بەشێکی دیار لە مێژووی ناوچەن و شایانی زیاتر وردکردنەوە و لیکۆڵینەوەی زۆرترن. کوردەکان لە ئاکامی جێبەجێکرانی ریککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا خاکەکەیان بە فەرمی تیکەڵ بە بەشێک لە جۆغرافیای دەوڵەتە تازە دامەزراوەکان کرا. ئەگەرچی لە رابردووی دوور و درێژدا و تەنانەت لە ماوەی ٤ سەدە پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش کوردەکان دامەزراو و یەکدەنگ نەبوون، بەڵام ئەو کات لە ژێر فەرمانی عوسمانیی و پێرسیادا جۆرە خۆبەرێوەبەرییەکی پەرتەوازە و دوور لە یەکتریان هەبو، کە لە خۆیان دوور و لە سوڵتان و شا نیزیک بوون.

لە ماوەی رابردوودا، لە پانتایی کوردستاندا لە ژێر کارتێکەری ناوچەیی و جیهانیەکان هەر جارەو رەوت و بزوتنەوەیەک بە سەرکردایەتی شێخ، ئاغا، مەلا و دواتر خوێندەوارەکان لە شوێنێکدا پەرەی سەندوە، بەڵام هیچ کامیان نەبوونە بەشێکی کارا و زیندوو لە پرۆسەی سیاسی ناوچەکە. هێزە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بە تایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی زیاتر لە سەر پرسی مافی چارەیخۆنووسین لە فۆرمی ئۆتۆنۆمی یان خوبەڕێوەبەری لۆکاڵیدا تێکۆشاون. لەو نێوەدا ئەوان بە سەر بەرەی جیاوازدا پەرتەوازە بوون و زۆر بە کەمی هەڵکەوتوە کە لە گەڵ بەها ئەخلاقییەکانی سیاسەت، باوەڕ و لە گەڵ خەڵک و خاکەکیاندا راستگۆ و تەبا بن. خوێندنەوەی پارتە سیاسییە کوردییەکان بۆ دۆزی کورد لە گەڵ یەکتردا یەکانگیر نەبوە. ئەوان وەک عەشیرەت، ئاغا و شێخەکان، بەڵام بە فۆرم و شێوازی ئایدۆلۆژی کەوتنە بەرەی جیاواز و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا خەڵکی کوردیان کردە دەستەچیلەی خۆیان. لە مێژووی گەلی کورددا زۆر دەگمەنن ئەو سەرکردانەی، کە ئازایانە و وەفادارانە هەڵوێستیان گرتوە و بە گیانی خۆیان حەقانییەتی وتە و بڕیاری خۆیان و مافی گەلەکەیان سەلماندوە.

زیگزاک و هەڵبەزدابەزی درووشم و داخوازی بەشێک لە حیزبەکان رەوتی نۆرماڵ و ئاسایی نەپێواوە. بە واتایەکی دیکە، ویست و داخوازای بەشێکیان بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و لە نێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و شتی دیکەدا خەریکی گەمە و جۆلانەی حەزبوون. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە نێو پارتە سیاسییە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا زیاتر باس لە درووشمی وەک سەربەخۆیی، خۆبەڕێوەبەری دیموکڕاتیک و فیدڕالیزم دەکرێ. ئۆتۆنۆمی خوازەکانی دوێنێ بوونە سەربەخۆخواز و سەربەخۆخوازەکانی دوێنێ هاواری خۆبەڕێوەبەری دیموکڕاتیک دەکەن. کێشە لە درووشم، ویست و چەمەکاندا نییە، بەڵکو لە هەڵسەنگاندن و چاوخشاندن بەو کەرەستانە دایە، کە بۆ پراکتیزەکردنی درووشمەکان پێویستن. کوردەکان بە دوور لەو درووشم و پڕوپاگەندانە مافی خۆیانە کە خاوەنی خاکی خۆیان بن و وەک گەلانی دیکەی جیهان خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی و ئیداری بن. بەرەی سەربەخۆیی خواز لە باشووردا ساڵانێکی یەکجار زۆر پارە، دەسەڵات، هێزی چەکدار، پێوەندییە دەرەکیەکان و ئازادی پێویستی بۆ وەدیهێنانی مافی چارەیخۆنووسین بە شێوازی سەربەخۆیی بۆ خوڵقاوە، بەڵام لە سنووری قسەی تێنەپەڕاندوە. پارتی دیموکڕات و سەرۆکەکەی لە بەر باوەڕمەندی بە پرسی سەربەخۆیی ئەو درووشمەیان هەڵنەبژاردوە، چوونکە ئەوان تا کاتی رووخانی سەددام بە هەموو سیغەیەک ئۆتۆنۆمی خواز بوون و لە زۆر بواردا بە نهێنی لە گەڵ بەغدا دەسازان و لە پێوەندیدا بوون. لایەنگرانی پارتی و سەرۆکەکەیان دەزانن، کە خەڵکی

کورد ئەمڕۆ حەزی لەو وشانەیە و دڵی بە دەوڵەتی کورد دەبێتەوە، بۆیە ئەوانیش وەک بازرگانی شارەزا کاڵای دەوڵەتی کوردیان خستۆتە بازاڕ و لە هەر مەڵبەندێک بە جۆر و شێوازێک پێشانی خەڵکی دەدەن. باشووری کوردستان و بە تایبەت پارتی و سەرۆکەکەی ئیرادەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیان نییە، بەڵام وەک درووشمی ڕۆژ، تاکتیک و ستارتیژی کەڵکی لێوەردەگرن.

بەرەی خۆبەڕێوەبەریخوازە دێموکڕاتیکەکان، کە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێبەری دەکرێ. ئەوان خۆیان بە درووشمی وەک خۆبەڕێوەبەری دیموکڕاتیک و پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دیموکڕاتیک خەریک کردوە، بەڵام بەکردەوە ناتوانن لە گەڵ فەلسەفەی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە خۆبگونجێنن. پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆژانێک لە کوردستانی سەربەخۆ کەمتریان نەدەویست، بەڵام ئەمڕۆ لە ئاکامی خوێندنەوەی زیندان سنووری دەوڵەت نەتەوەیان بە قسە تێپەڕ کردوە و لە گەڵ بیرۆکە و فەلسەفەی قووڵی سیاسەت و ئیدارە خۆیان تێوەگلاندوە. شایانی وەبیرهێنانەوەی، کە ئەو بیرۆکەیەش مێژوویەکی کۆنی هەیە و هیچ عەیبێکی نییە و وەک سەربەخۆیی بژاردەیەکە وەدەکرێ هەوڵی پراکتیزەکردنی بدرێ. شیاوی ئاماژەپێکردنە، کە جار و بار پارتە کوردییەکان وەک یاری مار و پلە لە خۆبەڕێوەبەری، کولتوری، سیاسی، ئابوری، ئۆتۆنۆمی نیوەچڵ، خودموختاری تەواو عەیار، فێدراڵیزم و کۆنفێدرالیزم و سەربەخۆیی دەدوێن وبە گوێری هەلاتنی خۆر و کەوتنی مانگ ویستەکانیان لە قالب دەدەن. ژێرخان و سەرخانی پرۆژە و پلانی پارتە کوردییەکان لە گەڵ یەکتر یەک ناگرنەوە و لە ئاکامدا دیواری کۆشکی حەزەکان لە سەر بناخەی پتەورۆنانرێ و لە ویشکەکەڵک دەچێ.

خاڵی بەرچاو و جێی تێڕامان ئەوەیە، کە کولتور و ستروکتوری پارتە سیاسییەکان وەک پێویست نەگۆڕاوە و مەترسییەکە ئەوەیە، کە هەموو بیرۆکەکان بۆ خزمەتی سەرۆک پارتەکان بن و گەل وەک جاری جاران ئاگاداری مەحمودی بێزەواد نەبێ. بێجگە لەوان تاکەکان و تەنانەت ئەوانەی گۆیا لەو خەبات و تێکۆشانەدا قاڵ بوونەوە نەگۆڕاوە و هەموو لایەن هەر بە یاسای کۆن کار دەکەن، بۆیە زۆر جاران کورد ئاوات بە ساڵی پار و دەیەی تێپەڕیو دەخوازێ. کوردەکان وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و زوڵم لێکراو بە زۆرایەتی و بە بژاردەکەیەوە هێشتا خاونی ئاسۆیەکی روون و گیانی تەبایی نین. لە سەردەمی دەرفەتەکاندا لە بەر سەماکردن، خۆسەپاندن و کێبەرکێی ناڕەوا و پەرتەوازەیی هێز و وزەکان کاناڵێک بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەیخۆنووسی نامینێ. ئەگەر گەلانی دیکە دەرفەتی ئەمڕۆ و ١٠ ساڵ لەوە پێشی کوردیان لە باشوور و تەنانەت باکور هەبایە، بێگومان بە

هێزی ڕەوایەتی ماف، پلانی گونجاو، دیموکراسی، ئیدارەی جوان و باوەڕبەخۆبوون گەمەکەیان دەبردەوە. داخوازی سیفر و سەتی کوردان لە سیاسەت و خۆ بە عەقڵی هەمووان زانین لەسەر کورسی سەرۆکایەتی، تامی تاڵی شکستە مێژووییەکانی سەدەی رابردوون. فەرزکردنی سەمبولی کارتۆنی و هەوڵدان بۆ زێڕاوکردنی مێژوویییەک، کە بۆنی خۆکوژی و خۆفرۆشی لێدێ گیانی تەبایی کز دەکا و دەرفەتی پەرتەوازەبوون زۆرتر دەکات.

تواندنەوەی پارە لێرە و لەوێ بۆ راوەشاندنی داری ئالاکان لە ئورووپا و لەبەرکردنی جل و بەرگ و خشڵی زۆر لە رۆژی ١٦ مانگی مای، تارماییەکانی سایکس - پیکۆ و ژانی دابەشبوون لەنێو نابەن. هێنانەگۆڕ و باسکردن لە داعش وەک هێزی شکێنەری رێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ ، کە سەرۆکی پارتی و بەشێکی دیکە لە دەرچوانی قوتابخانەی بیرنەکردنەوە باسی دەکەن، پڕە لە بێحیکمەتی و نەبوونی هەوێنی تێگەیشتن لە کایەی سیاسەت. بێجگە لەوە، خۆدزینەوە لە هاوکێشە مێژووییەکان، لە کارخستنی پارلەمان، شکاندنی سەروەری یاسا و خۆفەرزکردن بە ناوی خەڵک و رێفراندۆم رێگای گەیشتن بە مافە رەواکان نییە. پرۆژەی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی لەجیهانی چەمک و تیۆریدا جوان و خاوەنی قورسایی خۆیانن، بەڵام گوتنەوە ی بەردەوامی ئەو درووشمانە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە سەر زاری حیزب وپارتە سیاسییەکان هێدی هێدی لە مانا بەتاڵیان دەکات، چوونکە دەکرێنە مایەی گەوجاندنی جەماوەر و بەشێک لە بژاردەی کۆمەڵگا.

پارتە سیاسییە کوردییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە پێوستیان بە خوێندنەوەی بەستێنی راستەقینە و گەڕانەوە بۆ خاڵی تێگەیشتن لە کایەی راستەقینەی سیاسەت و ئیدارەیە. رێگای هەڵوەشاندنەوەی سایکس-پیکۆ تەتەڵە کردنی مێژووی شکست و کەوتنەکان و بەرهەمهێنانی ئیرادەی نەتەوەیەکە، کە خوازیارە ئازاد بژی، نەک باس کردن لەوەی کە داعش سنوورەکانی تیکداوە و تازە! گەڕانەوە بۆ خەڵک و رێزگرتن لە هێز و ئیرادەی جەماوەرێکە، کە لە پێناوی سەربەخۆیی یان خۆبەڕێوەبەریدا ئامادەی تێگەیشتن، تیکۆشان و راوەستانە.

بەهێزکردنی بەرەی دیموکراتخوازە کوردەکان و قۆستنەوەی دەرفەتە مێژووییەکانە، کە خزمەت بە کورد دەکات و لە شێرپەنجەی گیرۆدەبوونی نەتەوەیەک بە تاکە کەس و بنەماڵە و خێڵێک دەیپارێزێ. خەڵکی ئێمە دەکرێ لەوە تێبگات، کە ئەنجامدانی رێفراندۆم مافە، بەڵام دەنگدەران دەبێ ئاگادار بن، کە رێفراندۆم و قۆناخی دوای رێفراندۆم دوو کات و سەردەمی جیاوازن. هاوڵاتیان کورد پێویستە لە پرۆسەی دەنگدان و تەنانەت درووشم بازی

پارتە سیاسییەکاندا، روخساری راستەقینەی رووداو و پاش رووداوەکان لە گەڵ هەست و خەون و زیندە خەونەکان تێکەڵ نەکەن. بۆ سەرکەوتن بە سەر نەهامەتییە مێژووییەکاندا و بردنەوەی گەمەی سیاسی زۆر فاکتەرمان پێویستن. یەکەمین فاکتەر خۆناسینی تێکڕاییە، کە بناخە و بەستێنی گونجاو بۆ وەدیهێنانی مافە رەواکان دەخوڵقێنێ و ئیرادەی تێکڕایی بەرهەمدێنێ.

شەڕی مافە کەسیی وگشتییەکان، ئازادیی و سەربەخۆیی لەو سەدەیە و لە سەدەکانی رابردوودا بە نێو جەرگەی گژبا و کەوتن و شکانەکاندا تێپەڕیوە. گەلی کورد لەو نێوەدا تاقیکاری خۆیداوە و گرینگە، لە هەر قۆناخێکدا رابردوو لەبیر نەکرێ. دەوڵەت یان خۆبەڕێوەبەریی دێموکڕاتیک داتاشراوی بیری کوردان نییە، بۆیە لەو جیهانە پان و بەرینەدا کوردەکان مەخلوقی جیاواز نین و ناتوانن بە زەبری زۆر و خۆسەپێنی پڕۆسە و رەوتێکی مرۆڤانە رێبەری بکەن. زۆربەی شەڕەکان سەرەتا و کۆتاییان هەیە و هیچ رێککەوتنێک نییە،کە رۆژێک لە نرخ نەکەوێت. وانەیەک بۆ سەرکەوتن کە مێژوو کردە و گرینگە ئەویە، کە ئەگەر وەک دوێنێ هەڵسوکەوت بکەین و پارتە سیاسییەکان رێچکەی رابردوو بگرن، ئەگەر سەربەخۆیی لە سەر سینی زێڕ پێشکەش بە کورد بکرێ، هێشتا لە مامەڵەیەکی نەشیاودا دەیدۆڕێنین. گۆڕانی تاکەکان، کولتوری سیاسی و ژینگەی پەروەردەی نەتەویەک کاتی زۆریان دەوێ، بەڵام ئەگەر بەستێنی خۆئیدارەکردن پتەو و ئاسۆی ژیانی سیاسی روون و دیار نەبێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٦

---

## پرۆژەی کردنە باشوری کوردستان بەویلایەتی ٥١ی ویلاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا

کوردەکان بە ناحەق تووشی ئەم رۆژگارە دژوارە نەبوون. ئەوان لەکۆنەوە بە دوای کوڵاوی بابردوو کەوتوونو لەپلانەدانانو دارشتنی نەخشە رێگاکاندا وردبینو کاتناس نەبوون. لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی زایینی لەباشووری کوردستان، پرۆژەیەکی زارەکی لەژمارەیەک لەسیاستمەدارەکانی باشوور داکەوت، کە خوازیاربوون باشووری کوردستان بخرێتە سەر تورکیە. لەو ماوەیەدا، کوردەکان لەباشوور لەجیاتی خۆرێکخستن، دارشتنی

سیاسەتی هاوبەشو کارکردن بۆ قایمکردنی پایە راستەقینەکانی نەتەوەیەکی ئازادو سەربەخۆ، خەریکی گەمەی وشە و رەنگەکانن. یاساناسی کورد لە سەدەی ٢١دا، پرۆژەی بوون بە ویلایەتی ٥١ی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا پێشکەش دەکات.

رێگای بوونە دەوڵەت و راگەیاندنی دەوڵەت لەجیهانداو بەتایبەت لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا دیاردەیەکی زۆر نەناسراو نییە، کە مرۆڤ سەری لێدەرنەچێ. ئەوەی ئەمرۆ ژمارەیەک لە پارتە کوردییەکانو ژمارەیەک لەپرۆژە کۆپیکەرەکان لەژێر پاڵەپەستۆی کفوکوڵی کورتخایەندا دەیخەنەڕۆ، بە گەمەیەکی ناسەرکەوتوو دەژمێردرێ. چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی گەلانی ناوچە و جیهان دەیسەلمێنێ، کە ئەم کاروانە بەئامانج ناگات، چوونکە سەرچۆپی کێشو مۆسیقاژەنەکانی هەڵپەڕکەی هات و هاوار پرۆژەیەکی عەمەلیو کردەییان بۆ دوارۆژی باشووری کوردستان نییە.

بۆ گەیشتن بە دوارۆژێکی پڕشنگدار و بەختەوەر، کوردەکان پێویستە بە کردەوە ئاگادار و شارەزای دوێنێ، ئەمرۆ و سیناریۆکانی سبەی بن و دام و دەزگاکانی هەڵسووڕاندنی کار وباری کۆمەڵگا ئامادە بن. بێجگە لە ئامادە بوونی فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، راگەیاندنی دەوڵەت لە روانگەی سیاسەتی پراگماتیسم و قبوڵکراوەوە پێویستی بە بەستێنی لەبەریەک هەڵوەشانی دەوڵەتی زاڵ بە سەر کوردستانە. پرۆژەی ئاماژەپێکراو، کە گۆیا باشووری کوردستان دەخاتە سەر ئەمریکا، پێشاندەری جۆرێک لە لێکدانەوەی چەپاوەنەی بە ناو لێکۆڵەرەوە، یاساناس و توێژەری کوردە، کە وەک سیاسییەکان خەریکی خەت خەتێنی سەیر و سەمەرەن. کورد لە مێژە بەو ئاکامە گەیشتوە، کە هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی پێدانەدانە.

خوێندەوە و ناسینی کەلێن و قوژبنی سیاسەتی نێونەتەوەیی، یاسا و رێساکانی دەوڵەت و مافی گەلان یارمەتیدەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە لۆژیکی ژیان و سیاسەت. گەلانی دیکە بە کردەوە و یەکگرتوویی و ئیرادەی هاوبەش قەوارەی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە. پرۆژەی ٥١ی یاساناسە کوردەکە و درووشمی بەتاڵی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ئابرووی دەوڵەت و سەربەخۆیی و پرۆژەی بوونە دەوڵەتیان بردوە.

زلهێز و دەوڵەتە کاریگەرەکان لە ماوەی سەدان ساڵی رابردوودا بە تەواوی مانا، لە جیهانی سیاسەت تێگەیشتوون

و دەزانن کام گەل و خەڵک شەڕی سەربەخۆیی دەکات و کام تاقم و گرووپ شەڕی گیرڤان، ناو و دەسەڵات. لە ژێر تیشکی ئەو درووشم و یاساناس و سیاستەکارانەدا دەوڵەتی کوردان لەباشوور پێش ئەوەی رابگەیەندرێ خەریکە لە مانا راستەقینەکەی بەتاڵ دەکرێ و لەباردەچی.

کوردەکان لە باشوور ئەگەر بە دوای پڕۆژەی یاساناسەکە و سەرۆکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بکەون، چاوەڕوانییەکەیان وەک مادەی ٥٨ و ١٤٠ی لێدێ، کە قەرار بوو ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرێ. سەربەخۆخواز و سەربەخۆویستەکان لە پێناوی باوەڕەکانی خۆیاندا ئامادەی گیانبازین و لە جیاتی درووشم و قسەی بە تاڵ، ئامادەی کردەوە و تێکۆشانن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی مای ٢٠١٦

---

## درزی گەورەی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمێدیاکاندا

دەرکەوتن لە مێدیاکان بۆ سیاسەتکارەکان کارێکی پێویستە و هونەر دەخوازێ. دەرکەوتنی گونجاو و ئەرینی بە مانای نەدانی درزی گەورە لە بەرامبەر پرسیاری مێدیاکارەکانە. ریزکردنی قسەی زۆر و سوار لە وەڵامی پرسیارە زۆر و زەوەندەکاندا ناخ و مانای وەڵامەکان قەرەبو ناکاتەوە. بێهوونەری مرۆڤ لە دەربڕین و مێدیادا ئەوەیە، کە بە نرخی دەرکەوتن لە مێدیاکان بالانسی قسە و وتە لە دەست بدات. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر دەرکەوتن لە مێدیاکان بو بە ئامانج، بێگومان چۆنەیەتی دەرکەوتن و دوان لەسەر مەسەلەکان لەهزر بەتاڵ دەبن. بایەخی وتە و دەربڕینەکان بە گوێی بیسەر و زەمان هەڵدەسەنگێندرێن، نەک تەنیا لایەنگر و کەسە نیزیکەکان. سیاسەتکاری راستەقینە لەو رۆژگارەدا گۆڕەپان و ئەکتەرەکان لەبیر ناکات و بە تەنیا خۆی لە قەرەی ئەمڕۆ و داهاتوو نادات. هەڵبەزدابەزی سیاسەتکار و بازبازێنی نەگونجاو زەرەری لە قازانج زۆرترە.

قسەکەری یەکەمی هێزە سیاسییەکان لە کاناڵە مێدیاییەکاندا بە جۆرێک دەدوێن، کە لە گەڵ بایەخ و ستراتیژی

حیزبەکانیان ناتەبا نەبن. لەوە گرینگتر ئەوەیە، کە حیزبێک بە تەواوەتی نەکرێتە سووتەمەنی وشە و قسەی ڕۆژانەی تاکە کەسێک، کە بۆ هیچ کەس نابنە نان و ئاو. ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستمە ڕەخنە گرتن لە هێندێک دەربڕینی خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە لاوازبوونی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پرسێکی ئاڵۆزە و وەک بارێکی گران لە سەر شان و پیلی هەموو لایەکمان قورسایی دەکات. بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە کردەوەی خەڵک، هێزە سیاسییەکان، تاک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا پێویستن و بوونی نەخشە ڕێگای گونجاو و عەمەلی بەسەنگی مەحەک دەناسێندرێ. لە نێوخۆدا هێشتا بزوتنەوە کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسییەکانی کرچ و کاڵن و لە هیچ مەیدان و گۆڕەپانێکدا بۆیان نەلواوە ڕێژیم و بەرپرسانی نیزام سەرسام کەن. سەرەڕای ئەوە، هێزە بە ناو سیاسیەکانی تاراوگە پەرت و بڵاون و لە سیاسەتی یەکدەنگیی و یەکڕەنگی زۆر دوورن. ئەوان بە بیانووی جیاواز، کورسی خۆشەویستی و کێبەرکێی ناڕەوای ڕێکخستن لە نێو خۆیاندا و نەبوونی پلان و بەرنامە بۆ دوارۆژ خۆیان خزاندۆتە کۆڵانی داخراو. هەڵەی خوێندنەوە، ناوچەگەرایی و یەکترشکاندن و فکری سەڵتەنەتی بە ناو ڕێبەران، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی خستە بەردەم تیغی ڕۆژگار و لە داوی جیابوونەوە و ماڵ کردن لە یەکتری هاویشتن. لە باری ڕێکخستن و مێدیاوە ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەدا لاوازە و هێز و وزەکان دابڕاو و لۆکاڵین. بە داخەوە ڕق و کینە بە سەر هەموو هەستەکانی دیکەدا سەرکەوت و خۆگەورەبینی پاڵەوانە سیاسییەکان هەمووی هیلاک کردوون. فینلەندی گوتەنی، لە قسە پرد دروست ناکرێ، بەڵام لە ڕێگای دیالۆگ و قسەکردن بابەتەکان شیدەکرێنەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا خالید عەزیز لە گەڵ ژمارەیەک کاناڵی ڕاگەیاندنی خۆماڵی چەند بابەتێکی ورووژاندوون، کە پڕن لە پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان. لەو پێوەندیدا دەکرێ ئاماژە بە نەبوونی توانای پێشمەرگانە بۆ ڕزگارکردن و ئیدارەکردنی گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووپات و چەند پاتکردنەوەی دانیشتن لە گەڵ ڕێژیم، تێپەڕین لە ستراتیژی دیاریکراوی حیزبی دێموکڕات، وەلانانی درووشمی ڕووخانی ڕێژیم، هێنانە گۆڕی سیناریۆی تازەو و خۆ بواردن لە پرسیاریکی مێدیاکارێکی ئێن ئارتیبیە، کە پرسیار لە داهاتی مانگانەی عەزیزی دەکات. ئەو جۆرە لە دیالۆگ و دەربڕینانە لە گەڵ کۆمەڵێک بایەخ و پرنسیپی کارهاوبەش ناتەبان و لە قۆناخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دارێک لە سەر بەردێک دانانێن. بە باوەڕی من عەزیزی لە ئاکامی کێشەنێوخۆییەکان حیزب و دواتر پرۆسەی لەتبوون بەو پۆستە گەیشت و ڕێچکەی سرووشتی و گۆڕەپانی قاڵبوونەوە لە سیاسەت و ڕێبازی دێموکڕاتی بە تەواوەتی تێپەڕ نەکردوە، بۆیە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە نێوان حیزبایەتی و سیاسەتکردندا

کێشەی هەبوە. لەتبوونی دیموکراتەکان و نەبوونی بژاردەی زۆر بۆ پۆستەکان لە نێو هەر دووک دیموکراتدا بازنەی سیاسەتکردنی بۆ ڕێبەرایەتی کراوە کردوە و کەم و زۆر لە سەر ئەوە ساغبوونەوە، کە ئەوەی هەیە باشترین بژاردەیە! ئەندام و لایەنگرانی هەر دووک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەر تێکەڵبوون لەگەڵ پرسەکان زیاتر بە هەست و کف و کوڵ لە دۆخەکەیان ڕوانیوە و هەڵسەنگاندنی بابەتیان بۆ ڕووداو و باسەکان نەکردوە. ئەگەر ئەوان ڕەخنە و گازەندەشیان بووبێ، لە چوارچێوەی حیزبەکانیان و تەشکیلات و ڕێکخستندا باسیان کردوە، کە کەمترین کاریگەری لە سەر چاککردنی دۆخەکان داناوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا سەرکردەی هێزە سیاسیی و ئەوانەی کە لە لوتکەی دەسەڵاتدا جێدەگرن بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە و هەڵبزدابەزی ئاخاوتن و بڕیاردان لەکارناسان کەڵکوەردەگرن. بەشێکی زۆر لەو کەسانە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی زۆرتر و تێگەیشتنێکی سروشتیانەتر لە بارودۆخەکە، لە موشاوێر یان موستەشاری تەنانەت سەربەخۆ سوود وەردەگرن. بە هەموو پێوانیەک دۆخی پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕەچاوکردنی ئەو جۆرە لە کار و تێکۆشان ئامادە نییە، بەڵام کەسی یەکەمی حیزبەکان ئەگەر بخوازێن بە ئاسانی دەتوانن لە وزە و توانای کەسانی شارەزا سوود وەرگرن. شایانی باسە، کە مرۆڤەکان بە گوێرەی کارکردن و کۆکردنەوەی ئەزموون دەتوانن لە زۆر لەو هەڵە زەقانە خۆببوێرن، چوونکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کاری سکرتێری حیزبەکان ئاسانە و لە نێوخۆی کوردستاندا ناژین و لە بازنەی دەسەڵاتداری دوورن. نیزیک بە ١٠ ساڵ جێگرتن لە قوچەی ئیدارە و دەسەڵاتی حیزب و خاران لەکەلێن و قوژبنی سیاسەتی ئەو پارتە کاتێکی زۆر و مەودایەکی بەرفراوانە. سیاسەتکاری لاق لەسەر زەوی و دووربین لە جیاتی قسەکردن بۆ قسە و شیکردنەوەی بابەتە شیکراوەکان بیر لە هەنگاوی بچووک و کردەوە دەکاتەوە و حیزبێک ناداتە دەستی قەدەرو چارەنووس. کاراکردنی حیزب و ئەکتیوبوونی حیزب لە تەواوییەتی خۆیدا بەندە بە بەرنامە و نەخشەی کار و قسەکردن جێگەی کردەوە و کردە پڕ ناکاتەوە.
خالید عەزیزی کاتێک بە ئاشکرا رادەگەیەنێ، کە بە هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات گوندێکمان بۆ ئازاد ناکرێ و ئەگەر ئازادیش کەین بۆمان ئیدارە ناکرێ، زەبر لەڕیشەی حیزبەکەی دەدا. ڕەنگە ئەو بۆچوونە بە جۆرێک ڕەخنەگرتن لە کۆی هێزی چەکداری پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان بێ، بەڵام بە هەموو سیغەیەک لە گەڵ یاسا و ڕێسای سیاسەت و ژیری ناگونجێ. ئەو جۆرە لە دەربڕین و ئاخاوتنە نەک لە مەیدانی دیپلۆماسی و سیاسەت ئاکامی پێچەوانە و خەراپی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو لە ژیانی تاکەکانیش سەرشکان و کەوتن بەرهەم دێنێ. ئەو ڕستەیە ماوەیەک لەمەوبەر لە لایەن یەکێک لە بەرپرسانی سپای پاسدارن لە سنە دووپات کرایەوە، چوونکە بە هەموو

لێکدانەوەیەک لە گەڵ عورفی خەبات و تیکۆشان ناگونجێ. ئەگەر بەم مێتۆدە و بەو ئاشکراییە بانگی شکست و داماوی بدرێ، چەندە و چۆن خەڵک و نەوەی تازە بە کاری پێشمەرگانە و تەنانەت کوردانە وەفادار دەمێننەوە! رەنگە هەمووومان لە سەر ئەوە کۆک بین، کە بزوتنەوەی کوردان لە رۆژهەڵات لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا لە کزی داوە، بەڵام خۆ و هێزی حیزبەکان هێندە بە کەم گرتن، مەیدانێک بۆ مانۆڕ و تەنانەت خەباتی سیاسیش ناهێڵێتەوە. ئەگەر راستگۆ بین رزگارکردنی گوندێک کارێکی زۆر گەورە نییە، بەڵام پاراستنی لەو بارودۆخەدا گرانە، کە لە کولتوری خەباتی پارتیزانیدا رەواو و قبوڵکراوە. بزوتنەوەیەکی پێشمەرگانە و چەکدار بە هەر رێژەیەک کە هەبن، پێویستیان بە ئیرادە و رێبەرێک هەیە، کە لێواولێوە لە ورە و گەشبینی بە دوارۆژ. ئەرکی بەرپرسی یەکەمی حیزبەکان خۆشکاندن لە بەردەم رێژیمێکی هار و هاج و تەنانت دۆستان بەم شێوازە نییە، کە لە مێژووی خەباتی کوردانی رۆژهەڵاتدا کەم وێنەیە. ئەوانەی نائومێدی دەچێنن و بچووکبوون دەکەنە کولتوری باوی سیاسەت، رەنگە بە وردی بیریان لەبارتەقای خەباتی رەوای گەل و بایەخەکانی خاک نەکردبێتەوە. ئەو پەیام و دەربڕینانە نەک سارێژی برینەکان ناکەن، بەڵکو داماوی و سەرکزی دەخوڵقێنن. لەدەربڕینی سەرکەوتوودا جێگە، زەمان و گوێگر رۆڵی کاریگەر دەبینن و ئەگەر قسەکەر ئەو فاکتەرانەی تێکەڵ کرد و خۆی بە سەنتەر زانی، هەڵە و زنجیرە هەڵە لە وتە و کردەوەدا بە دوای خۆیاندا دێنن.

لە مەڕ گۆڕینی دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێ خاوەنی بیروباوەڕی جیاواز بین، بەڵام بۆ پارتێکی سیاسی یەکانگیربوونی دروشم و پەیامەکان جۆرێک لە پڕنسیپ. پارتە سیاسییەکان لە دیاریکردنی دروشمەکاندا ئازادن، بەڵام دووربوونی کردەوە و وتەکان، دەق و قسەکان لە گەڵ یەکتر نیشانەی پرسیار لە سەر کۆی کایەی سیاسەتی حیزب و بە تایبەت بەڕێوەبەریی ئەو پارتە دەخوڵقێنێ. سکرتێری حیزب ئەگەر وەفادار بە حیزب و رێبازەکەی بێ، بە ئاسانی لێرە و لەوێ درزی گەورە نادات و وتەی پێچەوانە لە ناوەندەکانی راگەیاندن بڵاوناکاتەوە. پارتێکی سیاسی خاوەنی قەوارە و ساختاری خۆیەتی و بەشێکی زۆر لە ئاڵوگۆڕە گەورەکان لە دەسەڵاتی کۆنگرەدان نەک کەسی یەکەم و دەستەی بەڕێوەبەریی. لابردنی دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ قۆناخی ئەمڕۆی پارتە سیاسییەکان هەنگاوێکی لەرزۆک و خاوە و خاوەنی هیچ ئێعتبارێکی دیپلۆماسی نییە. ئەگەر هات و کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتی ئەو رێژیمە بەرامبەر بە کورد و پرسی ئازادی گەلان و مرۆڤ گۆڕا و دەرگای دیالۆگی ئاشتیخوازانە دەستیان پێکرد، زۆر ئاساییە باس لە گۆڕین یان لابردنی بەشێک لە دروشمەکان بکرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر گەلی ژێردەست و پارتە سیاسییەکان لە رێژیم و دەسەڵاتەکەی دڵنیابوون و

قۆناخی چوونەوە بۆ نێوخۆ دەستی پێکرد، زۆر ئاساییە پرسی رووخانی رێژیم لەکۆبوونەوەیەکی بەرین یان لە کۆنگرەیەکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. ئەگەر رێژیم باوەڕی بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئازادییەکان بێ، باکی لە درووشمی رووخان نابێت و لە پرۆسەیەکی هێواش و هێمندا دەکرێ بە سەر ئەو کۆسپانەدا سەرکەون. لە مەیدانی سیاسەت و سازاندا دەکرێ بەمەرجی تایبەت یان قبوڵکرانی ویست و داخوازە رەواکان لە درووشمە رادیکاڵ و توندەکان پاشەکشە بکرێ. شیاوی ئاماژەپێکردنە، کە درووشمی رووخان لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران نەبو، کەچی رێژیم لە بەر ئەوەی لە زات و ماهییەتی خۆیدا لە گەڵ ماف و ویستە رەواکان نەدەگونجا پەلاماری چەپ و راستی داو و بە سیاسەتی کوشتار و زمانی چەک وەڵامی پەیامە ئاشتیخوازانەکانی دایەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا باس لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و فیدراڵیزم و دێموکراسی دەکات، کەچی سکرتێرەکەی لە وەڵامی پرسیارەکانی تی ڤی رووداودا، وەک چالاکێکی مەدەنی دەدوێ و وتە و وەڵامەکانی لە گەڵ هێڵ و رێبازی دێموکرات ناتەبا و ناکۆکن. ئەوانەی لە ئەلف و بێی مافی چارەیخۆنووسین شارەزان، لە گرینگی و بایەخی دێموکراسی تێدەگەن و دەزانن لە چوارچێوەی دیکتاتۆریدا مافی گەلان دەستەبەر نابێ. لەو روانگەوە، پرسی دیموکراسی کە بزوتنەوەی کورد بۆ ئێران داوای دەکات، تەنیا لەبەر خاتری نەتەوەکانی دیکە نییە. مەبەستی سەرەکی لەو درووشم و داخوازییە زامنکردنی مافەکانیەتی. لە ئێرانێکدا کە پرسی دێموکراسی یەکلا نەبێتەوە، بە کام پێوانە و شەرع کێشەی گەلی کورد بەو ئاڵۆزیە چارەسەر دەکرێت؟ تێکەڵکردنی باسەکان و ناڕوونبوونی ئاسۆی ویست و داخوازییەکان لە گەڵ پەیامی رەواو و بەرحەقی گەلێکی ژێردەست و فیداکار ناتەبایە. راستگۆیی و رەوانبێژی لە دەربڕینی نەخشەی رەواو و روونی داخوازەکان هەنگاوە دیپلۆماسیەکان بەهێزتر دەکا و لە بەردەم دۆست و دوژمن شێلگیرتر پێشانیت دەدات. تۆ مادام لە گەڵ ئێران و ئێرانییەکان دەدوێی و دروشمی روونی سەربەخۆیت نییە، چەندە و چۆن خۆت لە پرسی دیموکراسی ئێران دەدزیەوە؟ ئەو فیدراڵیزم و کۆمارەی کە داخوازی حیزبەکەتە چۆن بەو مێتۆدە دەبنە ئەمری واقیع! باس کردن لە ویست و داخوازی بە ناو موزاکرە و دانیشتن لە گەڵ رێژیم، ئایا بەو بێ هێزییەی کە خۆت باسی دەکەی، لەلایەن دەسەڵاتی تاران مەقبوڵ و وەرگیراوە؟ مێژووی گەلانی سەرکەوتوو و خەباتکاری دنیا پڕە لەوانەی پڕ بەهرە، کە رێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان تەنیا لە کاتی لاوازیدا ئامادەی دانیشتن لە گەڵ نەیارە سیاسییەکانن. بێجگە لەوە رێژیم بەو فۆرمەی ئێستا هەیەتی لە تاقیکاری وتووێژ لە گەڵ کوردەکاندا فێڵباز و مرۆڤکوژە دەرکەوتوە. تەمەن و

کولتوری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو لۆژیک و مەنتقەی تێدا نییە، کە باس لە ئەگەری زۆر بچووک وەک چوونەوە بۆ نێوخۆ بۆ کاری سیاسی بکرێ. لە نێوخۆدا خەباتێکی گەورە و گران بوونی نییە و خەباتی چەکداری لەو ئاستەدا نییە، کە ڕێژیم ناچار کات بۆ تاکتیکیش لە گەڵت دابنیشێ، بۆیە پەیتا پەیتا باس لە دانیشتن و موزاکرە لە گەڵ ڕێژیم بە مانای تەسلیم وهەرزانفرۆشکردنی بایەخە دیارەکانی بزوتنەوەی گەلێکە. لە نێو دەسەڵاتدارەکانی تاراندا باوەڕێک بە بوونی پرسی کورد و گەلانی دیکە نییە و تەنیا چەند بەرپرسێکی پلە خوارەوەی ڕێژیم لە باشوور لە وەڵامی چەند ڕۆژنامەنووسیکی باشووردا بە نابەدڵی باس لە جۆرە خۆتەحویلدانەوە و چەکدانان و گەڕانەوە بۆ باوەشی ڕێژیم دەکەن. جێگای باسە، کە هێزە سیاسیی و تەنانەت خەڵک لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو دەسەڵاتە لە گەڵ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ریگای ئاشتیخوازانەبوون، بەڵام ئەوە ڕێژیمە کە خۆی لەو داوایە دزیوەتەوە و بە هیچ جۆر ئامادەی هێنانەگۆڕی پرسی ماف و ئازادییەکان و مافی گەلی کورد و ئەوانی دیکە نییە. ڕێژیمی تاران هەتا ئەمڕۆ بە سێ مەبەست لە گەڵ پارتە سیاسییەکان ئامادەی موزاکرە و دانیشتن بوون، کە بریتین لە کاتکڕین و خۆتەیارکردن، تیرۆر و کوشتن و سەرئەنجام شک و گومان لە سەر لایەک دروست کردن و بەگژیەکدا کردن و سەرقاڵکردنی پارتە سیاسییەکان لە گەل یەکتر.

ڕاستگۆیی و شەففافییەت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردە مەیدانیەکانی قۆناخی دژواری خەباتی گەلانە. خۆبواردن و خۆلادان لەو پرسیارانەی کە زۆر ساکارن و ناچنە قالبی هیچ نهێنییەک، لە گەڵ هونەری ڕێبەریی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی ناگونجێن. لە وتوێژێکی تایبەت بە ئێن ئارتی، کە لە پاریس کراوە و ژمارەیەک پرسیار دێنە گۆڕێ، باسێک لە داهاتی مانگانەی خالید عەزیزی دەکرێ، کە دەکرا هەر لە سەرەتاوە باسی نەکات. ناوبراو لە سەرەتا دەڵێ، جیاوازیەکی زۆری لە گەڵ داهاتی پێشمەرگەکان نییە و دواتر کە ڕێژەیەکی بۆ دەخەنە ڕوو ئاماژە دەکات، کە نا هێندەش نییە. بە باوەڕی من لە قۆناخی ئەمڕۆی بزوتنەوەی کورددا مرۆڤ ئەگەر پۆستی حیزبایەتی و بە تایبەت پۆستی یەکەم بە ئەستۆ بگرێ، پێویستە وەک ئەرکێکی نیشتمانی شانی بداتە بەر. لەو پێوەندییەدا قسەکەری حیزب ناکرێ ڕووگیر بێ و نەتوانێ یان نەخوازێ بۆ وێنە داهاتی مانگانەی باس بکات. بە گوێرەی یاسا باوەکان کەسە گشتییەکان لەو بارەوە کەیسەکانیان کراوەیە و هیچ جۆرە پێچ و پەنای تێدا نییە. پرسیار ئەوەیە، کە بۆچی بۆ قسەکەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان یان هەر هێزیکی دیکەی ڕۆژهەڵات باس کردن لە داهاتی مانگانە بڤە بێ و سەر بە کەیسە نەهێنیەکان بێ. سکرتێری حیزبی دێموکڕات ئەگەر وەک ئەوانەی ڕابردوو ئامادەی فیدکاریی و گیانبەختکردن بێ و لە سەر باوەڕ و ڕێبازەکەی ڕاوەستاو، ناکرێ پرسی داهاتی مانگانە ببێتە هاوکێشەیەکی گەورە. گەلان لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریدا پێویستیان بەو ئۆلگو و

خەباتکارانەیە، کە لەو پێوەندییەدا راستگۆ و شەففاف بن و پێشمەرگانە ئەرکی سەرکردایەتی حیزب راپەڕێنن. لە مێژووی حیزبە خەباتکارەکادان پرسی داهاتی ماناگانە باسێکی رەمزی بوە و هەرگیز نەبۆتە پرسێکی شاراوە، کە بۆ بەدەنە و دەرەوە ئەو هەموو شێر و ڕێویٚ هێنانەوەی بویٚ. ئەوجۆرە لە ئیدارەکردنی حیزب بۆ ماوەیەکی بەردرێژ زەبر لە پرستیژی حیزب دەدات و لە گەڵ پەیامی خەباتکارانە و عەدالەتخوازیدا ناتەبایە و شاردنەوەکەی لە هەمووی نەرێنیترە.

دەرکەوتنی لاوازی قسەکەری پارتە سیاسییەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا پڕە لە وانە. نەخشی سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب تەنیا قسەکردن، سەفەرکردن و دەرکەوتن لە مێدیاکان نییە. سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب بە هاوکاری کۆی رێبەریی ئەرکی گەورەی لە سەر شانە، کە زیاتر لە کردەوە و پتەوکردنی باوەڕ و مۆراڵی ئەندام و لایەنگران و ئیدارەکردنی حیزبدا رەنگە دەداتەوە. لە حیزبێکدا کە رەخنەگرتن و لێپرسینەوە هەبیٚ، بێگومان وردەدەربڕین دەبێتە کولتوری کار و تێکۆشان. لێرەدا مەبەست نییە، کە رەخنە لە کەسەکان بگیریٚ، بەڵکو باس و فکر و مێتۆدی کار و دەربڕینەکان مەبەستی سەرەکین. بە هەموو پێوانەیەک حیزبی دێموکڕات پێویست بوو، لە کۆنگرەی رابردوودا کەسێکی دیکەی بۆ پۆستی سکرتێری حیزب دیاری کردبا. خالید عەزیزی باشتر و گونجاوتر بو، کە خۆی پارێزەری بەرنامە و ئەساسنامە بایە و ئامادەی ئەو ریسکە نەبیٚ و لە ریزی کادرەکانی ئەو حیزبەدا ئەرکی حیزبایەتی بە ئەستۆگرتبا و لە جیاتی فرت و فێڵی رێکخستن بۆ مانەوە راستگۆیی و پابەندبوونی هەڵبژاردبا. لێدوان و دەربڕینی زۆر و بۆر و ناتەبا لە گەڵ چوارچێوەی ئەو حیزبەی کە نوێنەرایەتی دەکات، مانای نەرێنی دەدا و بە قازانجی حیزب ناشکێتەوە. پابەندنەبوون بە بنەما و بایەخەکان پردی متمانە دەڕوخێنیٚ و قورسایی پارتی سیاسی دەلەقێنیٚ. ئەگەر ئەو کەسە کەڵکی ئامێری و ئەبزاری لە حیزب و ئەندامەکانی وەرگریٚ، ئەوە جیاوازە و تاریفێکی دیکەی هەیە، کە عاقیبەتی خێر نابیٚ. جێگای خۆیەتی، ئەندام و لایەنگرانی هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵات لە پێناوی دەرچوون لەو کۆڵانە داخراوەی سیاسەت و حیزبایەتی سنووری هەست و ئیحساس ببڕن و تێکەڵ بە نەریتی رەخنەگرانە ببن. کارێکی زۆرمان لە پێشە و بۆ گۆڕینی ستایلی حیزبایەتی و تێکۆشان پێویستمان بە کەشێکی پڕ لە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنە. بۆ گەرم و گوڕکردنی مەیدانی خەبات و تێکۆشان و بە تایبەت بەهێزکردنی رێکخستن و بزوتنەوە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی کوردستاندا پێویستمان بە نەخشە رێگای روون و سازکردنەوەی پردی متمانە و یەکێتی بە کردەوە هەیە. کورەی ئەو خەباتە تەنیا بە قسە گەرم نابیٚ و لە ریزی پێشەوەدا چاندنی تۆوی هیوا و ورە و گەشاندنەوەی گیانی بەرپرسیارەتی

هەمە لایەنە دەخوازێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١٦

## ئەی نیشتمان

ئەی نیشتمان، وڵاتی دایک
مەڵبەندی خەونەکان
دوڵ و خڕی نێوان چیا سەرکەشەکانت
پڕ بە قوڕگی کراوە و ژێ نەپساوەکانیان
مۆسیقا و ئاوازی زێڕینت بۆ دەچڕن
بە دەنگی ئاوی پاراو و گڤەی بایسیحراوی
ئەستێرەی تەمەنی کۆرپەلەی ئازادیت دەخەوێنن
بە پەنجەی تەڕی باران و لایەلایەی پڕووشەی پەری ئاسای بەفر
لانکەی گۆڕانی هەرمانت رادەژێنن
ئاخر لە کێو، لوتکە، بنار، لێڕەوار، تەپۆڵکە و دەشتەکان
لە کوێستان، گەرمێن و ئاوی کانیاوەکانت خۆشەویستر هەیە؟

ئەی نیشتمان، خاکی سوور رامان
تۆ خاکی بە نرخ و مەڵبەندی قوربانی و ژینگەی ئازاکانی
دارستان و مەزراکانت
ڕووبارە ئۆقرە نەگرتوەکانت
روخساری بەرز و بەردەڵانی بەرزاییە سەرکەشەکانت

لە گەڵ ورەی بەرز و نەشکاوی پارێزەرانت

لە جەرگەی سەرما و گەرما

لە وەرزی شەماڵ و زریان

لە لوتکەی سەرکەوتن و داوێنی شکانەکاندا

بە تێکڕا زیکری وەفاداریت دەکەن و

پڕ بە بۆشاییەکانی ئاسمان هاواری مانەوە و ئازادیت سەر هەڵدەدەن

پێشمەرگە و پارێزەرەکان

شەهید و کەم ئەندامەکان

هەڵگرانی خەمی چارەنووس و

دژبەرانی داگیرکەران

لە وەرزی ئارەقە و خوێندا

بۆن بە خاکتەوە دەکەن و لە دوامالئاواییدا

بە سەخاوەتەوە لە سەر سینگی بریندارت

زار بۆ کانیاوە تەقیوەکانی خۆشەویستی بنارت دەکەنەوە

ئەوان لە پێناوی تۆ و بۆنی خاکی پاش باران

چاوەکانیان لە گۆڕەپانی قوربانیدان دەبەخشن و

بە چاوی دڵ لە ئەستێرەی بەخت و رزگاری تۆ و کوردان دەڕوانن

ئەی نیشتمانی شێعر و راستی

خاکی خۆر و با

ئێمەی ئۆگرانی کەعبەی ئارەزووت

لە بەردەلانی ژیان و رۆژگاردا

لە خاکەلێوەی سێدارە و

پووشپەڕی غدر و خیانەتدا

چاو دەبرینە گەلاوێژی هەستانەوە و

لە گەڵ سەرماوەزی چەک لە شان
هەتا ڕێبەندانی مێژوو هەنگاو شل ناکەین
لە شەقامی شاری ڕاسان و گوندی باوەڕ
دستەملانی گەردەلوولی ڕەشەباکانت دەبین و
هەتا ناخی ئازادبوون و بازنەی تریفەی مانگ
سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی و ئەی ڕەقیبت دەیکەینە
بانگی تۆڵە و بەگژداچنەوە

ئەی نیشتمان، وڵاتی هەزار دۆڵ و چیا
زێد و خاکی سەنگەر
خۆشەویستی ئێمە و تۆ باڵای ناسنامە و
قەڵافەتی ئازایەتی و بڕبڕەی سەرکەوتنمانە
ڕوخساری خۆڕاگری ڕۆڵەکانت
ئاوێنەی تاشەبەرد و تاوێرەبەردەکانی ئامێزی
چیا سەخت و چاونەترسەکانتە
کە بۆ پێشمەرگەکانی سەنگەر و پارێزوانانی ڕاستەقینە
سەرتاپا دەبنە دورگە هێمنایەتی و
قەڵغانی لە شکان نەهاتوو
ڕووباری فرمێسکی خەم و ژانی تازیەداران
تۆزی سەر ڕوخساری ماندووی
شان و پیلی خۆراگریت دەشۆنەوە و
دەبنە ڕەشەبای ڤین و ڕاسان و
بەرەوە بیابانی دیکتاتۆرییەت و جەهەننەمی سەرکوتکەران
ڕیگە دەگرن

ئەی نیشتمان، ئاخی کانی و کانگا شاراوە زێڕینەکان
ئاودێرە ئاشقەکان
ئۆگرانی زایەڵەی دەنگی بەیانی
بە بەخشینی جەستە و گیان
داری ئازادیی و مەزرای سەربەستیت ئاو دەدەن
بە قرمژنی چەکی دەست و وشە
چیرۆکی زامی قوڵی نەتەوەکەت
بە بارەگای ویژدان و گوێی کپی داگیرکەر دەگەیەنن
ئەوان بە پەنجەی سەر پەلاپیتکەی چەک و پێنووسەکانیان
گۆرانی بە بەژن و باڵای سەنگەر و
حەیران بۆ ئەوینی
شەهیدانی خاک و ئازادی دەڵێنەوە

لە ژمارە ٦٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

# سەردەشت لە ئێوارە پووشپەڕێکی گازاویدا

**سەردەشت**

*تۆ مەلوانکەی ونبووی سووری سەر سینگی دایکی نیشتمانیت*

*هەر پووشپەڕێک، لە یادی هەڵپڕووکانی قژە سەوزەکاندا*

*یاد و بیرەوەریت ڕێز دەگرین و بە دەستی نەوەی قوربانیەکانت*

*تەپ و تۆزی سەر مەزاری شەهیدانت دەکەینە سورمەی چاوەکانت*

کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت هێشتا بە گەورەیی کارەساتەکە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. خەمی قوربانییەکانی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر و قەدەغەکراوی شیمیایی لە نێوخۆ و دەرەوە دەرفەتی گوێ گرتنی بۆ نەخوڵقاوە و لە ژێر باری قورسی تەم و مژی سیاسیی هێزە لۆکاڵی و ناوچەییەکاندا پووش بەسەرکراوە. لە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا (٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی)، شاری سەردەشت بە چەکی قەدەغەکراو پەلامار دەدرێ و تاوانێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ. بەمجۆرە سەردەشت دوای هێرۆشیما بەیەکەم شاری قوربانی چەکە قەدەغەکراوەکان پێناسە دەکرێ. ئاماری وردی قوربانییەکان هێشتا وردبینی بۆ نەکراوە و ژمارەی شەهیدەکان نیزیک بە ٢٠٠ کەس و برینداەرەکانیش بە چەند هەزار کەس دەخەمڵێندرێ.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەو کارەساتانەی، کە ئاسمان لە حەژمەتی ژان و ئازاریان خۆی هەڵدەپازێ و لە ئاسۆی بوونیدا ئاخی هەتا سەر هەڵدەکێشێ. لە کەرتی ڕەشی ئەفریقاوە هەتا دەگاتە ئەمریکای لاتینی ژێر چەکمەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هیرۆشیمای ژاپۆنەوە هەتا دەگاتە گۆڕەپانی سووتاندن و خنکاندنی جولەکەکان، تیرۆرە سوورەکان و دواتر قەلاچۆکردنی کوردان لە "سەردەشت" ی دەستەخوشکەکەی هەڵەبجە، هەموویان گێڕانەوەی چیرۆکی دڕەندیی مرۆڤە دەسەلاتدارەکان بەرامبەر بە مرۆڤایەتین.

ئێوارەیە و سێبەرەکان بە هێمنی لە داوێنی پووشپەڕدا شۆڕدەبنەوە. سەرچاوەی سەردەشت، وەک دڵی شار

چاوەڕوانی دیداری ئەویندارانیەتی. خورەی ئاوی جۆگەکانی تەنیشت شەقامی سەرەکی شار بە هێواشی بە سەر پشتی شاردا ڕێگا دەبڕێ و تێکەڵ بە کەلوێی سنووربڕ دەبێ. گەڕەکانی شار لە سەمای ژیاندان و خوازیاری ئارامین، بەڵام سێبەری شوومی نەهامەتی شەڕی دیکتاتۆرەکان هێشتا وڵاتی بەرنەداوە. کەنەکە سپی، وەک مەیتێکی مۆمیای کراو رووبەڕووی شار درێژ بووە و لەسەر پشتە خەماویەکەی چەند ناوەندێکی چەکی قورس و تۆپخانەی ڕێژیم مۆڵیان خواردوە. شار چارەی قورسی پادگانی نێو شاری ناوێ، کە هەر چواردەوری بە چەکی دژە ئاسمانی گیراوە و تەلبەندکراوە. گردەسوور لە داخی مۆڵخواردنی نەیارانی گەل و دژی گەلیەکان لە سەر تروپک و بەرزاییەکەی، نێوچاوانی سوور هەڵگەڕاوە و پڕ بە سەختی گاشەبەرد و رەقنەکانی سەر شان و سینگ و داوێنی لە نەیاران بێزارە. شێوەبرایمە و نێزەڕۆ زۆر لە مێژە کانگای چاوەکانیان تەقیوە و گۆڕستانی شەهیدان و دوڵتانچکیش لە ژێر بارانی بۆمب و ناپاڵمەکاندا جەستەیان خاراوە.

ئێوارەیە و لە ژێر دەواری ئاسمانی ساماڵ و تۆزگرتوودا، شان و پیلم پڕ بە مانای ژیان و نان ئارەقە دەڕێژن. کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێک پڕە لە ژان و ئازاری ژیان و خەونی گەورە. لە لوتکەی خەیاڵ و ئارەقەڕشتندا چاوەکانی شار چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە سنووری ئاسمانی پووشپەڕ و خۆرەتاودا دەبینن. فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق دیواری بێدەنگی دەشکێنن و وەک میر غەزەب و نوێنەری ترس و مەرگ لە ئاسماندا دەلورێنن. ئەوان بۆ لێدانی بۆمبەکانیان خۆیان شۆڕکردەوە و نێوەڕاستی شاریان پێکا. چاوەڕوانی بەردەوامبوونی بۆمبار و تەقینەوەی زۆرتی بۆمبەکان بووین، بەڵام ئەوان لە گەڵ جاران جیاواز بوون. دەنگی تەقەینەوەی بۆمبەکانی ئەو جارە کپتر بوون و دوکەڵێکی سپی و زەرد وەک تۆڕی مەرگ و کارەسات جەستەی شار و خەڵکەکەی داپۆشی. لە ماوەی ساڵانی رابردوو هەرگیز پاش بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکان بۆنێکی نامۆمان بەرلووت نەکەوتبوو، بۆیە بە هاوڕێیەکم گوت، رەنگە ئەو بۆمبانە شیمیایی بن.

پێشتر وردە زانیارییەکم لە سەر گازە کیمیاییەکانی بەکار هاتو لە شەڕدا بەرگوێ و چاو کەوتبوو. بە گوێرەی ئەو زانیاریانە، ئەو گازانە خاوەنی بۆنی تایبەتن و بۆمبەکانیان لە کاتی تەقینەوەدا دەنگ کپن و گازی خەردەل رەنگێکی مەیلە و زەردی هەیە. پاش ماوەیەک شوێنی کارم بەجێهێشت و بەرەو شەقامی سەرەکی شار و گەڕەکی سەرچاوە وەڕێکەوتم. زانیاری لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردن بەرامبەر بە چەکی شیمیایی کەم بوو، بۆیە هێندێک کەس لە پاش لێدرانی شار و وێرانبوونی ماڵەکانیان بە کۆڵ بارگە و بنەی خۆیان دەگوازتەوە. شەقامەکان بۆنی

مەرگیان لێدەهات و جار و بار کەسێک یان ڕێبوارێک بە پڕ بە لێوار و تەنیشتی شەقامە تۆز لەسەر نیشتوەکاندا تێدەپەڕی. عەودالی دیتنی وێرانی‌یەکان و هەستکردن بە خەمەکان بووم و سەردانی شوێنی بۆمبەکانم کرد، بەڵام خەڵکێکی کەم و بە دەگمەن لە شەقامەکانی شاردا دەبینران. لە گەڕەکی سەرچاوە، کە شوێنی سەرەکی کەوتنی بۆمبەکان بو، پیاو و ژنێکی بەساڵداچووم بینین، کە خەریکی ڕاگواستنی نوێنەکانیان بوون، کە لە جاجمەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و نەخشێندراودا پێچرابوون. پاش ماوەیەک بەرەو باڵەخانەی فەرمانداری چووم. شوێنی کەوتن و تەقینەوەی بۆمبەکان بە رواڵەت وێرانی‌یەکی زۆریان نەخوڵقاندبوو. لە نیزیک فەرمانداری و لە گۆڕەپانێکی نە زۆر گەورەدا، حەشیمەتێکی زۆر کۆ ببونەوە. کە لێیان نیزیک بوومەوە سەدان برینداری چەکی شیمایی بوون کە لە بەر نەبوونی جێگا و ڕێگا لە هەوای ئازاد و هەروەها لە ساڵۆنی تایبەت بە وەرزشی شاردا خەوێندرابوون. نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو ڕووداوە زۆر ترسێنەر نەبوون، بەڵام هێدی هێدی گازی خەردەل کاری خۆی دەکرد و ڕێژەی قوربانییەکان زیاتر دەبوون.

چاوەکانم هێشتا سیما و روخساری ئەو بریندارانەی لە ئارشیوی خۆیاندا پاراستوە، کە هەر کامەو چەندە و چۆن بە جلوبەرگی ڕۆژانە لەو شوێنە باسکراوانەدا ڕاکشابوون. هەر کەسە و بە جۆرێک لە گەڵ بارودۆخی خۆیدا دەدوا و بلۆقەکانی سەر سینگ و پشت و رووخساری برینداەکان هێشتا بە تەواوەتی باڵایان نەکردبوو. لە کۆتایی ئەو جەولەیەدا دووبارە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانم بە سەرکردەوە و دواتر بەرەو ماڵ وەڕێکەوتم. شەقامەکان چوڵ بوون و جریوەی کوێلەکە و هێندێک باڵندەی دیکە بێدەنگی شەقام و کۆڵانەکانی شاریان دەشکاند.

گەورەساڵەکان تاسابوون و منداڵەکان هێشتا لە خەمی گەورەکان تێندەگەیشتن. مردن و ترس لە خنکان بە گازی خەردەل لە بەردەم دەرگای هەر ماڵێک بە جۆرێک دەبیندرا. لە تاریکی شەودا هاواری زامەکان زیاتر دەبیستران و گەورەیی کارەساتەکە تا ڕادەیەک روخساری دەرکەوتبوو. هەڵپرۆکانی گوڵی ژیانی سەدان کەس و ژاکانی گوڵی هیوای سەدان بنەماڵە کۆستێکی هێندە کەم و تێپەڕ نییە، کە مرۆڤ و تەنانەت مەڵبەندێک بە ئاسانی پشتگوێی بخات. کزەبایەکی نەرمی هاوین دڵە سووتاو و ماندوەکەی  شار باوەشێن دەکات. دارستانی گۆڕستان بە دەم کزەبای خەمی پووشپەڕ، پرچی رنراوی شۆڕدەکاتەوە. لقی دارەکان لە بەر تەوژمی ئەو کارەساتە لە سەر پشت ڕادەژێن و لە گەڵ نەرمەبای شەو  بۆ قەدی دار و گەڵاکان لایەلایە دەکەن.

روحی خەوتووی کۆچکردوەکان لە گۆڕستاندا شڵەژاون و بۆ زگ سووتانی شار بە پەرۆشن. شینی بە کۆمەڵ زۆر ماڵی هەژاندووە و بانگی مزگەوتەکان لە سەر یەک دەرمانی دەردەدارانی ئەو شەوە نییە. لە جەرگەی شەودا هاوار و بانگەوازی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە هانی دانیشتوانیی شار دەدا، کە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گازی شیمایی پێویستە جل و بەرگ و خۆیان بشۆن. شارو ژیانی دانیشتوەکانیی لە تەنگەبەری شەوە پڕ لە ژانەکەدا بەرەوە ئامێزی بەیانیەکی پڕ لە فرمێسک و رۆژێکی خەماوی دەڕون. لە یەکەم چرکەساتەکانی بەیانیدا هەواڵی زۆربوونی رێژەی شەهیدەکان رومەتی گەورەساڵانی پڕ لە چین و رق دەکات. مردووشۆرەکەی لای مزگەوتی سەرچاوە هەتا گۆڕستانی داوێنی گردەسوور رێگا و شەقام لە بەردەم قوربانیەکاندا بێدەنگ و تۆزاوی راکشاون. تەرمەکان زۆرن و بەشدارانی بە خاکسپاردنی شەهیدەکان شەکەت و دڵشکاو.

شار بسکی سەوزی ئاڵۆسکاوە و روومەتی زەرد هەڵگەڕاوە. دەرگای ماڵەکان لە سەر پشتن و خەمی خنکانی شار دڵەکانی هەڵپێازنیوە. سەرچاوەی شار پڕ بە گەرووی ئاوە زوڵاڵەکەی هاواری رزگاربوون دەکات و سەری خۆی هەڵگرتووە و بە قەدی شاردا تێدەپەڕێ. تەپوتۆزی زەردهەڵگەڕاوی سەر شەقام و بانەکانی شار ژاراوییە و بۆنی مەرگی لێدێ. مەرگ ئیدی ئەو نهێنییە شاراوە نییە، کە جار و بار سەر بە باوەشی بنەماڵەیەکدا دەکات، بەڵکو لە روناکی رۆژ و تاریکی شەودا و لە کۆڵان و شەقامی شاردا ئامادەیە. سام و ترسی مەرگی شاراوە ژیان دەخاتە لەرزین و قەڵافەتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی ترس و دڵەڕاوکە. بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو کارەساتەدا کێشاوە و لە راگەیەنە گشتییەکانی ناوچەدا گرینگی پێنادرێ. ئەوە چارەنووسی کورد و ژێردەستەکانی رۆژگارە، کە بە بێدەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆی زوحاکانی سەردەمدا گیان بدەن و سروشت و ژینگەکەشیان بسوتێنێندرێت.

شار لە حەسرەتی شەهید و برینداەرەکانیدا یەکپارچە بێدەنگە و پەنای بۆ کۆچ بردوە. گوندەکان و دەورووبەری رووبار و کانیاوەکان باوەشیان بۆ ئاوارەکانی شار گرتۆتەوە. ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی شار دڵیان ئۆقرە ناگرێ و لە بەردەم کۆچدا چۆک دانادەن و لە ماڵەکانی خۆیاندا ماونەوە. شار بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەر ئاسەواری چەکی بەکارهاتوو بە رێژەیەکی بەرچاو چوڵ و ئەژنۆی کۆستی گەورەی لە باوەش دەگرێت. خەمەکان یەک و دوو نەبوون و لە کاتێکدا سەردەشت هێشتا لە ژێر باری گران و قورسی گازی خنکێنەردا پشتی راست نەکردبۆوە، کە لە بەرزاییەکانی دووپەزەڕا بە کاتیۆشا ئاورباران کرا. دیکتاتۆرەکانی تاران و بەغدا لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا بۆ قەرەبووکردنەوەی شکست و ناکامی لە بەرەکانی شەڕدا، بێبەزەییانە پەلاماری خەڵکی سڤیل و

شار و گوندەکانیان دەدا. گورگەکانی تاران و بەغدا بۆ تێرکردنی هەست و ویستی دڕڕەندانەیان پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبرد و کوشتنی خەڵکی بێتاوانیان وەک تاکتیکی پاڵەپەستۆخستنە سەر یەک دەکار دەهێنا.

کوردەکان لە سەر زێدی خۆیان ئاوارە و داگیرکەر خاوەن ماڵ و بڕیاردەرە. پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل بۆ قەلاچۆکەرانی مرۆڤایەتی بایەخێکی ئەوتۆی نییە. زلهێز و دەسەڵاتدارە گەورەکان ئاوڕیان لە کۆمەڵکوژی کوردەکان لە سەردەشت نەدایەوە و کەیسی هەڵەبجە بە جۆرێکی دیکە دووپات کرایەوە. ئێران پرسی سەردەشتی وەک کەیسی نێوخۆیی هەڵدەسەنگاند و لە بە نێونەتەوەیی کردنی کەیسی مەزڵوومییەتی ئەو شارە خۆی بوارد. تەنانەت لە سەرەتادا بۆ بریندار و قوربانییەکانی ئەو کارەساتە خزمەتی دەرمانی و راگواستنی بەپەلە پێشکەش نەکرا. لە ئاکامی نەبوونی خزمەتگوزارییە دەرمانییەکان و پێڕانەگەیشتن بە برینداره‌کان، لە ماوەی نیزیک بە سێ دەیەی رابردوودا زۆر بریندار تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ٧ ی پووشپەڕ بوون.

شایانی باسە، کە نەوەکانی داهاتوو لە شوێنەوارە ترسناکەکانی چەکی بەکۆمەڵکوژ دوور نابن و خەمی ئەو کارەساتە بە ئاسانی لە بیرەوەری خاک و خەڵکدا ناسڕێتەوە. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەڵ رابردوو نامۆ نەبن، جێگای خۆیەتی ئەو کارەساتە ئەوەندەی دەلوێ بە دۆکومێنت بکرێ. پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە سەردەمی دادگایی کردنی سەرانی بەعسدا، دەرفەتی هێنانە بەرباسی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشتیان نەڕەخساند.

لە ژمارە ٦٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## ڕێگاچارەی قەیرانی هەرێمی لێژنە، بنەماڵە و سەرۆکە بێدەنگەکان

زیاتر لە ساڵێکە باشووری کوردستان و بە تایبەت دامەزراوە دەڵەمەکانی وەک پارلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت کەوتوونە داوی عەقڵی خۆسەپێن و سەرەڕۆ. سەرۆکە بێدەنگ و خواپێداوەکان زیاتر لە ساڵێکە خۆیان کرٍ و مات کردوە و کەشێکی پڕ لە مەترسیان خوڵقاندوە. ئەوان ئازایەتی گوتنی ڕاستەوخۆی ویست و داخوازەکانیان نییە و بە ناوی جۆراوجۆر و لە ڕێگای کانالی جیاواز قەوانی کۆنی خۆیان لێدەدەنەوە. کێشەکان کەڵەکە بوون و دوور بوون لە کولتوری ئیدارە و سیاسەت بارودۆخەکەی شڵەژاندوە. باشووری کوردستان و پارتە سیاسییەکانی بە کردەوە بە سەر دوو بەرەی ئێران و تورکیەدا دابەش بوون. نە مەسعود بارزانی ڕاستگۆیانە باس لە مەیلی خۆسەپێنی و مانەوە لە سەر کورسییەکە دەکات و نە دژبەرانی ناوبراو ڕاشکاوانە باس لەوە دەکەن، کە لە گەڵ مانەوەی مەسعود لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نین.

کەسایەتی سیاسەتکارە کوردەکان و هاوبیرەکانیان بژاردەیەکە لە کولتوری کۆمەڵگا، کە بەرگەی ڕەخنە و شەن و کەوی وەستایانە ناگرێ. لە کۆنەوە کوردەکان لە کایەی سیاسەت و دیپلۆماسیدا بە خەڵکێکی ڕەمەکی و بێ پلان ناسراون و بە فۆڕم و شێوازی بنەماڵە، عەشیرەت و دیوەخانانە کارەکانیان ڕاپەڕاندوە. ئەوان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەکان، تاقەت و ئازادیەتی هەللاجی کردن و خۆڕاگریان نەبوە و بە ئاسانی خۆیان لە پرسەکان دزیوەتەوە. لە زۆر بڕگەی مێژوودا شکست و کەوتنەکان، شکان و هەڵاتنەکان و دۆڕانە مێژووییەکان بێ باوک ماونەوە. لە کۆمەڵگای کوردەواری و لە سەردەمی بە ناو مۆدێرندا لشکرێکی گەندەڵ بۆ شاردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لە سەر پێ وەستاون و بەرگریان لە گزی و بێ هونەری سەرکردەی بنەماڵە و پارتە سیاسییەکان کردوە. بە واتایەکی دیکە، عەقڵ و بیری کوردی هێشتا ئامادەی هەڵاواردنی چاک و خەراپ نییە و لە سەر جۆخینی سیاسەت لێنەزانانە کار دەکات، بۆیە ڕووداوەکان و مێژوو وەک خۆی هەڵنەسەنگێندراوە.

کوردەکان و پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستاندا ئەگەر خاوەنی هزر و بیری ئیدارە و خۆبەڕێوەبەری شارستانیانە بونایە، بێگومان پارلەمان، حکومەت، دەنگدان و حیزبایەتیان بەمجۆرە سووک و بێ مانا نەدەکرد. ئەوان لە پێناوی تێرکردنی کفوکوڵی کورتماوە و ئامانجی بچووک، خاک و نەتەوەیەکان لە سەر مێزی قوماری

سیاسی دۆڕاندوە. لە جیاتی سەرخستنی پرۆسە و رەوتی هەڵسووڕاندن و ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی گەلانی پێشکەوتوو، خەریکی قوڵکردنەوەی کولتوری دیوەخان و سەپاندنی سەرۆکی بنەماڵەیەک بە سەر نیشتمانێکدان. لە جیاتی کارکردن لە سەر چەقی پرس و کێشەکان بە دەوری دەنگی خەیاڵ و زرە خەونەکاندا دەسووڕێنەوە و شارەزاییانە و راستگۆیانە لە گەڵ خۆیان نادوێن.

داڕێژەرانی سیاسەت و حوکمی خۆماڵی لە باشووری کوردستان لە پێناوی مانەوەی خۆیان و چەسپاندنی دەسەڵاتی ژمارەیەکی کەم لە کەسەکان خەریکی پینەوپەڕۆکردنی بارودۆخ و رووداوەکانن. ئەوان لە سەر پاشماوەی کولتوری بەعس و هەروەها کولتوری رمەکی ئیدارە، کۆمەڵگای کورد لە باشووریان بە زەبری پارە، چەک و درووشمی بەتاڵ خستۆتە نێو بازنەی قەیرانەکان. لە کولتوری ئاشقانی کورسی، دەسەڵات و بنەماڵە، خەڵک و خاک نە تەنیا ئامانج نەبوون، بەڵکو کەرەستەی خۆژیاندن و خۆسەپاندنی چەند پارت و ژمارەیەک سەرۆک پارتی سیاسی بوون. چەقین و تەوانەوە لە کولتوری ژێردەستەیی و خۆسەپاندن دەرفەتە زێڕینەکانی لەبار بردوە و ئەگەر سیاسەتی دەسەڵاتە گەورە و زلهێزەکان نەبوایە، باشوور لەمێژ ساڵە هاواری ئاشبەتاڵی دووبارەی بەرزکردبۆوە.

لە هەرێمدا رەچاوی سیاسەت و بنەمای هاوسەنگی گەشەکردنی ئابوری و ئیدارە نەکراوە. پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان تێکۆشاون کە ئەمڕۆ و دوارۆژی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان تەنیا بە چاویلکەی پارتەکەی خۆیان ببینن. ئەوان بە گشتی کۆمەڵگای کوردیان بە جۆرێک بەحیزبی کردوە، کە دەستی دەرفەتی خۆرێکخستن لە گەڵ بایەخە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان گەیشتۆتە بنی همبانە. پەروەردەی تاک و کۆمەڵگا لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا فیدای حیزب و دەسەڵاتی بازرگانەکانی شەڕ، نەوت، گومرگ، کورسی و بەرژەوەندی چەند بنەماڵەیەک کراون. لەو ماوەیەدا رێگا نەدراوە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەروەردەی نیشتمانی و بیری نەتەوەیی بڕەخسێ و سەروەت وسامانی نیشتمان فیدای قەبری مردووەکان و کورسی زیندووەکان کراوە. خەڵکی هەژار کراوەتە سووتەمەنی شەڕە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و جەمەدانە لە سەر و قات لەبەرەکانی حیزب وەک سەرداری سەرکەوتوو لە بەردەم کامێراکاندا دەرکەون و لە دیواری مێدیا کۆمەڵایەتییەکاندا فرکە فرکی وێنەکانیانە.

پارلەمان، حکومەت و سەرۆکایەتی وڵات وێڕای دەزگای داد، ئیدارە، ئابوری، پێوەندییەکانی دەرەوە و هتد. لە حوکمڕانی هەرێمدا لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ لە مانا راستەقینەکانیان بەتاڵ بوون. یاسا، نەوت، تەلەفوون،

بازرگانی کەلوپەل و دابەشکردنی زەوی و مێدیا بە شێوەیەکی تۆکمە کەوتوونە بن دەستی حیزب و خێزانی پارتە فەرمانڕەواکان. سەرزەویی و بن زەوی وڵات لە لایەن کوڕانی حیزب و خزمەکانیان هەڕاج کراون و سیاسەت لە مۆراڵ داماڵدراوە. درۆ و دراو بە کردەوە بوونە کەرەستەی سەرەکی سیاسەتکارانی هەرێم و سەرکردە بە رواڵەت بێدەنگ و کوردی پۆشەکان. لە ئاکامدا ئەوان وەک رابردوو درێژەدەری سیاسەتی خۆسەپاندن و یەکتر شکاندنن و خەڵکیش لەگەورەیی رەوتی گۆڕان و دەوڵەتە کوردییەکدا مات و بێدەنگن!

سیاسەتی لیژنەدانان بۆ رووداو و دیاردەکان شەقامی سەرسام کردوە و بۆ هەر جوڵەیەک لیژنەیەک لە دایک دەبێ. سەرۆکی پارتە سیاسییەکان گەمە بە کەرامەتی هاوڵاتیانی کوردستان دەکەن و بە ناوی گەل شەڕی منداڵ و نەوەکانیان خستۆتە نێو ماڵی هەژاران. سەرۆکی ماوە بە سەرچوو واز لە پۆستی سەرۆکی هەرێم ناهێنێ و بە هەموو فرت و فێڵێک خوازیارە کورسییەکە بۆ خۆی و بنەماڵەکە بپچڕێ و وەک بەشە میرات بە ناوی خۆیان تۆماری کەن. ناوبراو و حیزبەکەی، لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە، رۆژانە باس لە دەوڵەتی کوردی دەکەن. ناوبراو و هاوبیرەکانی دەزانن، کەساڵی ٢٠٠٩ لە سیاسەتی باشووری کوردستاندا دووپات نابێتەوە. ئەو رۆژانە ناگەڕێنەوە، کە تاڵەبانی و بەرهەم ساڵحەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک بۆ مەسعود بارزانی شار و گوند بگەڕێن. هاواری ئەوان بۆ تێپەڕینی رۆژانی زێڕینی دەنگ کۆکردنەوە و گۆڕانی پارسەنگی سیاسەت و ئیدارەی هەرێمە، بۆیە خوازیارن لەو دۆخەی ئەمڕۆدا بەشە گەورەکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و لە پرۆسەی دەنگدان دایببڕن.

درێژەکێشانی گەڕەلاوژەی چیرۆکە درۆزنینەکان کارساز نین. سنووردانان بۆ دەسەڵاتی تاک، بنەماڵە و دابڕاندنی حیزب لە هێزی چەکدار و ئابوری بەستراوەتەوە بە دەنگی یەکگرتووی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە ماف و ویستەکانیان. گۆڕان و گۆڕین لە وڵاتێکدا تەنیا بە درووشم، نووسین و دەربڕین دەستەبەر نابن، بەڵکو لە تاکەوە دەست پێدەکات و کولتوری سیاسەت، ئیدارە، پەروەردە و تێڕوانینی هاوڵاتیان بۆ ماف و ئەرکەکانیان رەنگ دەداتەوە. گەلانی بەختەوەر و تاکە خاوەن ویژدانەکان ئامادە نابن ئەمڕۆ و سبەینێی خۆیان بخەنە بن دەستی شێرە بەفرینە و منداڵەکانیان. ئەوان قبوڵ ناکەن کەرامەت و شکۆی خاک و گەلەکەیان رۆژانە بە دەستی چەند تاکێکی خۆسەپێن و بێ بەڵێن بشکێندرێ. گۆڕانی بنەڕەتی و دەوڵەتی نیشتمانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کردەوە، هەڵوێست و راستگۆییان دەوێ.

هاتن و چوونی وەفدە دەست بەتاڵەکان و خۆکرِکردنی سەرۆکە شەرمنەکان دەرفەتەکان لە کیس دەدات. نێوبژیوانی یەکگرتووی ئیسلامی لە نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تاکتیکێک زیاتر نییە . ئەوان خاوەنی داری مووسا نین و خەریکی قومارە سیاسییەکەی خۆیانن و بەهێزبوونی خۆیان لەو ئاڵۆزیانەدا دەبیننەوە. هەوڵەکانی یەکێتی کە پڕە لە شەرمنی سیاسی هێشتا کاریگەر نەبوون. گۆڕان بەو خاوە خاوە و نەبوونی سیاسەتیکی ئاشکرا و روون و هەروەهاسیاسەتی هەڵەی چوونە نێو حکومەتێکی شکستخواردوو بۆی نەلواوە گۆڕان لە کایەی سیاسەت و ئیدارەی هەرێمدا بخوڵقێنێ. پارتی دیموکرات و سەرۆکەکەی چاوەڕوانن، کە یەکێتی وەک رابردوو بە سیحرێکی سەوز سەرۆکایەتی بۆ درێژکەنەوە. پارتی و سەرۆکەکەی خەریکن بە پێدانی کورسی و پۆست و کوشتنی کات چوار لایەنەکەی بەرامبەریان شەق کەن و دواتر بە کەیفی خۆیان هەویری سیاسەت بشێلن. هاتوچۆی پیاوەکەی مەسعود بارزانی بۆ گردی زەرگەتە و سلێمانی هیچی لێ شین نابێ، چوونکە ئەوان خۆیان بەشێکی سەرەکی لە کێشە و قەیرانی دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستانن. بە کورتی کوردەکان پێویستیان بە سەرکردەی بێ بەڵێن و خۆسپەێن نییە و وڵات بە سیاسەتی هۆز و بنەماڵە بەڕێوە ناچێ. ئازادییەکان و ژیانێکی بەختەوەر و دوڵەتێکی نیشتمانی بە هزر و بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بنیاد دەنرێ، نەک کەسانێک کە جیرانە هۆز و عەشیرەتی خۆیان نابینن و لوتبەرزانە چاو لە گەل و هاوڵاتیان دەکەن. دوارۆژێکی بەختەوەر بۆ کوردان لە سەر دەستی کەسانی راستگۆ، لێزان و عادڵ دەستەبەر دەبێ، نەک ئەو شەرمنە سیاسەتکارانەی، کە بە درێژایی چەند دەیەی رابردوو خەریکی پەتپەتێنی بەرژەوەندی بوونە.

کۆی رووداوەکانی چەند ساڵی رابردوو و هەڵوێست و کردەوەی سەرکردە بێدەنگەکانی باشووری کوردستان دەیسەلمێنن، کە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ دەنگی هاوڵاتیان رێگاچارەیەکی دیکە نییە. سەردەمی گەمەی بەشداریکردن لە حکومەتی شکستخواردوو و درووشم و وشە بەتاڵەکان تێپەڕیوە. بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی ئەمڕۆی باشوور ساغکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان دەژمێردرێ. گەڕەلاوژەی دیالۆگی شەرمنانەی پارت و سەرکردەکانیان چارەسەری کێشەکان ناکات. هاتوچۆی پیاوانی بنەماڵە و دەسەڵات کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان نین. بۆ ساغبوونەوە لە سەر پرسە گرینگەکان گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک و هاوڵاتیان باشترین بژاردەیە، چوونکە دەرفەتی بەشداری هاوڵاتیان دەرەخسێنێ و کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە هەرێمدا پتەو دەکات. تۆفکردنی هەولێر و لەکارخستنی پارلەمان لە کودەتایەکی بچکۆلانە دەچێ، کە ئەگەر بەتاڵ نەکرێتەوە رەنگە دوارۆژێکی دژوار و ناخۆش بۆ کورد بەدیاری دێنێ.

بێجگە لە ساغ و پاکردنەوەی دەنگدەرانی راستەقینەی هەرێم، کوژاندەنەوەی ناوی مردووەکان و دەرهاویشتنی ناوە نەبووەکان، کۆمەڵێک فاکتەر و هەنگاوی دیکە پێویستن. راپەڕاندنی ئەو ئەرکە لە هەرێمێکی پڕ لە قەیران و تێکەڵ لە گەڵ گەندەڵی کارێکی ئاسان نییە و هەوڵوتەقەللای تاک و لایەنە جیاوازەکان دەخوازێ. لەو نێوەدا دەنگدەر و هاوڵاتی و چۆنیەتی تێڕوانیان بۆ دەسەڵات و دەنگدان فاکتەری سەرەکین. کۆی کایەی سیاسەت، ئیدارە و پەروەردە بە کولتوری تاکەکان و هەڵسوکەوت و تێگەیشتنی ئەوان گرێدراوە. تێپەڕاندنی بازنەی شکست و زنجیرە دۆڕانەکان لە سەر دەستی تاکە ئازا و ئازادەکان بەڕێوەدەچن، کە ویژدان و هەڵوێستیان بۆ گیرفان و پۆست نافرۆشن. وریابوونەوەی تاکەکان و وەرچەرخان لە هەڵوێست و کردەوەی تاکەکان کاریگەری لە سەر کولتوری کۆمەڵگا دەبێ و سەرئەنجام لە سەر سیستمی سیاسی وڵات شویندانەر دەبێ.

بوونی ئاسایش، پاراستنی تاک و بایەخە دیموکڕاتیکەکان، ئازادی دەربڕین، دەسەڵاتی یاسا و خەڵکسالار مەرجی کۆمەڵگایەکی بەختەوەرە،کە لە ڕێگای دەنگدان و هەڵوێستی ژیرانەی هاوڵاتیان دەستەبەر دەبن. دەنگدانی ژیرانە و دەنگدەری خاوەن بنەما و بایەخ سەر بۆ کولتوری دیوەخان و براگەورەیی سیاسی شۆڕ ناکات. لە ژێر سێبەری کولتوری دێموکڕاسی و دەسەڵاتی راستەقینەی گەلدا، تاکی دەسەڵاتدار پیرۆز ناکرێ و روخساری نیشتمان بە وێنەی سەرکردە بەفرینەکان داناپۆشرێ. بێدەنگی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ئارودۆخەکە کولتوری دیکتاتۆرییەت تۆختر دەکات و لە کۆتاییدا کۆمەڵگا بە تەواوەتی تۆق دەکات. ڕێکخراو و ناوەندە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان وێڕای بژاردەی کۆمەڵگا بە سێکۆلار و ئایینیەوە گونجاوە دژ بە پەرەسەندنی سەرەڕۆیی و خۆسەپاندنی دەسەڵاتی تاکە کەسیی و بنەماڵەیی ئازایەتی ویژدان نەدۆڕێنن. تەسلیمی دەنگی هاوڵاتیان بوون و قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی خاوێن پێوەر و زامنی سەرەکی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا بەئەژمار دێن.

هاوڵاتیانی هەرێم لەو ساتەوەختدا ئەرکی سەرشانیانە، کە هەڵبژاردنەکان و ڕێکارە دێموکڕاتیکەکانی دەستاودەست کردنی دەسەڵات پتەوتر بکەن. ژیانی دێموکڕاتیک لە سەر بنەمای دەنگی هاوڵاتیان ڕێڕەوی سرووشتی خۆی دەپێوێ و چیرۆکی دیوەخان و کولتوری عەبدایەتی بێجگە لە سەرەڕۆیی و وێرانی خێر و بێرێکی دیکەی نییە. ئەگەر کاروباری وڵات بە لیژنە، سەرۆک و کولتوری دیوەخان بسپێردرێن و دامەزراوە ئیدارییەکان فیدای دەسەڵاتێکی نارەوا بکرێن، بێگومان چارەنووسمان لە رابردوو باشتر نابێ. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان لە پێناوی گەیشتن بە دوارۆژێکی بەختەوەر و مافە رەواکانیان نابێ پێشێلکردنی ئازادیی و یاسا

لە هیچ کەس و لایەنێک قبوڵ بکەن. مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی، کە گەڕانەوە لە حوکمی دیکتاتۆری کاریکی ئاسان نییە، بۆیە زوڵمێکی گەورەیە نەوەکانی داهاتووبخەینە بەردەم دەسەڵاتیکی سەرکوتکەر و بنەماڵەیی.

ڕێگەچارەی ئەو بارودۆخە گەڕانەوەیە بۆ شەرعییەتی دەنگی هاوڵاتیان. بەتاڵکردنەوەی سەرجەم لیژنە کارتۆنیانەکان، بڕینی دەستی بنەماڵە لە سیاسەت و ئابوری، دەرپەڕاندنی بنەماڵە و کەسە خۆسەپێنەکان لە بازنەی بڕیارڕ و ئیدارە و کۆبوونەوەی هەمووان لە دەوری یاسایەکی مرۆڤانە و عادیلانە، کە کەرامەت و شکۆی مرۆڤ و خاک دەپارێزێ، ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانە. چەمینەوە لە بەردەم ئیرادەی دەرەکی و نێوخۆیی بەندی دیلی و ژێردەستەبوون توندتر دەکات. گەلی ئازادویست پەیام و هەڵوێستەکانی پێویستیان بە لێکدانەوە و شیکردنەوە نییە، چوونکە هزر، وتە و کردارەکان ئاوێتەی حەق و ڕاستین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

---

## ناردنی نووسینێک بۆ وەزارتی دەرەوەی فینلەند لە مەڕ دۆخی کورد لە رۆژهەڵات و وەڵامی کارمەندی بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە

لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کردەوە و سیاسەتی ڕێژیم دژ بە خەڵک و ژینگەی کوردستان نووسراوەیەکم ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی فینلەند کرد. کارمەندی بەرپرس وێڕای ڕێز و پێزانین بۆ ناردنی ئەو زانیاریانە رادەگەیەنێت، کە ئەوان بارودۆخەکە لەو ناوچەیە لە ژێرچاوەدێری دەگرن.

لەو نووسینەدا ئاماژە بە سیاسەتی سەرکوتکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە نەیارە سیاسییەکان و هەروەها شێوازی رووبەڕووبونەوەی خەڵک لە بەرامبەر ویست و داخوازە رەواکانی خەڵک راوە. لە نووسراوەکەدا پێداگری کراوە، کە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی ڕێژیم باوەڕیان بە ماف نییە و ئامادە نین پرسی کورد لە ڕێگای دیالۆگ و

هێمانەوە چارەسەر بکەن. بێجگە لەوە باس لە ڕووداوەکانی چەند حەوتووی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکهەڵچوونە خوێناویە چەکدارییەکەی هێزەکانی ڕێژیم و پێشمەرگەکانی کورد (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران) کراوە، کە بە بە گوێرەی ڕاگەیەنە گشتیەکان خوێناوی بوون.

ئەو نووسراوەیە هەروەها باس لە دۆخی نێوخۆدەکات، کە ڕاگەیەنە گشتییەکان و ئازادی ڕاگەیاندن بوونی نییە و ڕێگا لە چوونی هەر شارەزا و لێکۆڵەرەوەیەک دەگیرێ، کە خوازیاری لێکۆڵینەوەی لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، کە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦ و پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و تۆپباران و سووتاندنی کوێستان و گوندەکانی کوردستان بەشێکی دیکە لە نێوئاخنی ئەو نووسینەن، کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی فینلەند ڕەوانە کراوە.

---

**Aziz Sheikhani**
**Liittyen Iranin harjoittamaan politiikkaan kurdeja vastaan itäisessä Kurdistanissa ja ylipäätään kurdien tilanteeseen olen lähettänyt kirjoituksen Suomen ulkoministeriölle. Suomen ulkoministeriön viranomainen vastauksessaan toteaa, että he seuraavat alueen tilanteen kehittymistä. Kyseisessä kirjoituksessa Iranissa harjoittamaa politiikkaa kurdeja vastaan on kuvatta. Sen lisäksi olen kirjoituksessani viitannut siihen, että kurdien tilanne johtuen valtiollisesta väkivallasta Iranissa on pahentunut ja tilanteesta ei ole ulospääsyä.**

**Lähettämässäni kirjoituksessa olen todennut tilanteesta seuraavaksi ”Maan johtajat ovat käsitelleet kurdien vaatimuksia ja heidän alueensa ominaisuuksia militarisoinnin näkökulmasta. Kurdien alue on eristetty ulkomaailman tiedostusvälineiltä ja tutkijatkaan eivät pääse vapaasti alueelle, joka vuotaa verta ja kärsii valloittajien käsissä. Viranomaiset eivät ole valmiita neuvotteluihin eivätkä keskustelemaan kurdeja koskevista oikeuksista. Kurdikysymystä ei haluta ratkaista rauhallisin keinoin ja pyrkimyksenä on vaimentaa oikeuden puolusta puhujia ja murskata vapauden ja ihmisoikeuksien puolesta aktiiveja. Kurdit ja kurdiaktivistit ovat yrittäneet kaikin voimin vakuuttaa, että kurdikysymyksellä ei ole aseellista ratkaisua, mutta islamilaisen valtion päättäjillä ei ole kuulevia korvia. Vallassa olevan politiikan linja on ollut kaikkien vastarintojen tukahduttaminen ja iät ja ajat järjestelmän ylläpitäminen Jumalan nimessä”.**

**Kyseinen kirjoitus kertoo viime viikkojen tapahtumista itäisessä Kurdistanissa kuten aseelliset selkkaukset Iranin vallankumouskaartin jäsenten ja kurditaistelijoiden välillä monissa eri paikoissa, kylien ja ympäristön tulittaminen ja polttaminen Iranin taholta.**

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

# قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست

بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و زۆر بزووتنەوەی دیکە لە رەوتی کار و تێکۆشان و تەنانەت مانەوەدا پێویستیان بە رەمز و سەمبولە. کاریزما و سەمبولە گەلیی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی سەردەم، جۆغرافیا و کولتوور دەردەکەون و رۆڵی بەرچاو دەگێڕن. بەکارهێنانی سەمبول و رەمزە جیاوازەکان بەشێکی سرووشتی و نەپچڕاوە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتییە. لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازانەدا سەمبولەکان کۆکەرەوەن و لە سات و کاتی دژوار و ئاڵۆزدا دەبنە هۆی یەکگرتوویی زیاتر و رێبەرایەتیی بەرەی دژبەر لە ئەستۆ دەگرن. لە ژێر تیشکی بوون و بیر و لێکدانەوەی رەمز و کاریزماکاندا وێنەیەکی کۆکراوەتر دەخوڵقێ. کاریزما چەمکێکی فرەمانا و هاوکێشەیەکی کراوە و ئازاد و دەرکەوتەیەکی چەند روخسارییە. کاریزما جۆری زۆرە و لە شیکردنەوەی ئەو چەمکەدا باس لە کاریزمای ئەرێنی و نەرێنی و هەروەها زرەکاریزما دەکرێ. شایانی باسە، کە بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارەکان هەوڵدەدەن لە کاتی پێویستدا خۆیان بە خاوەن کاریزما پێشان بدەن.

خەباتی رزگاریخوازنەی گەلانی جیهان و تەنانەت قوتابخانەی ئایینی و کولتورییەکان تەژین لەو رەمز و خەباتکارانەی، کە بە نرخی ژیانی خۆیان رێبەرایەتیی رەوت و پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کولتووریان کردوە. سەمبولەکان بە وێنە، گێڕانەوە و پەیامەکانیان وێنەیەکی کورت و پوخت لە بارودۆخەکان پێشان دەدەن. بەشێک لە کاریزماکان لەگەڵ قوربانیدان و فیداکاری لە پێناوی گەل، ئازادی و خاکدا گرێدراون و تایبەتمەندیی گەورە دەبەخشنە مرۆڤە خاوەن بەهرە و رەمزەکان. ئەو جۆرە لە کەسە کاریزماکان سەرکردایەتی و رێبەرایەتی گەیشتن بە دوارۆژێک دەکەن، کە لەمڕۆ باشترە و هەڵگری ویستی زۆرایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵە خەڵکێکە. کاریزما نەتەوەیی و خەڵکییەکان جیاوازن و هەر سیاسەتکار و رێبەرێک خاوەنی مەرجی بوونە کاریزما و سەمبولی گشتی نییە.

پرسی نەتەوەی کورد خاوەنی رەوایەتی یاسایی و سرووشتییە، کە پاڵپشتی بەهێزە بۆ سەمبولە ئازادیخواز و نەتەوەییەکان. کوردەکان لە بەر نەبوونی دەوڵەت نەبوونە خاوەنی رەمز و سەمبولە فەرمیـیە دانپێدانراوەکان، بەڵام وەک نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک رەمز و سەمبولن، کە لە یەکتر جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. قاسملوو

یەکێک لەو ڕەمز و کاریزمایانەی کوردە، کە بە زۆر هۆکار لە دوای تیرۆرکرانی بە دەستی غەدر و خەیانەت، جێگە و پێگەی شیاوی پارێزراوە. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٩٨٩ی زایینی، دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی دیالۆگ لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لە پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەلاڵی خوێن کرد. لەو ڕووداوەدا، ستراتیژی ستەم و سیاسەتی ڕەشەکوژی دەوڵەتی ئێران و مەزڵومییەت و ڕەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست کەوتنە بەرامبەرکێ.

کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو لە پرۆسە و ڕەوتێکی درێژخایەندا شکڵی گرت. ناوبراو لە بۆتەی کار و تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیدا تایبەتمەندییەکانی کاریزمایەکی ئەرێنی دەستەبەر کرد. کاریزمابوونی ناوبراو لە سەر بەستێنی بیری نەتەوەیی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی مرۆڤ هەڵچنراوە. قاسملوو لە هەموو سیاسەتمەدارە کوردەکان جیاوازە، چونکە ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و ناوچەیی هەڵسوکەوتی دەکرد. حیزبی دێموکرات و پاشخانی مێژوویی ئەو حیزبە، ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی ناڕەوا و داگیرکەر لە ئێراندا، هەڵوێست و سەربەخۆیی سیاسی ناوبراو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری ناوبراودا و کەیسی تیرۆرکرانی ( ئەگەرچی هەڵەی تکنیکی لە وتووێژەکەدا هەبوو)، ناوبراوی کردە یەکێک لە سەمبولە ناسراو و دیارەکانی بزووتنەوەی کورد.

قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و کولتوورێکی تازەی لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن هێنایە نێو ریزی حیزب. ناوبراو ئەندازیاری دیپلۆماسی کورد لە جیهانی ڕۆژئاوا و لێکگرێدەری خەباتی کوردان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو. ئەو داهێنەری ڕەچاوکردنی هاوکێشەی ئەخلاق وسیاسەت و پاراستنی سەربەخۆیی بۆ حیزب بوو، کە هێشتا لە کوردستاندا کەمتر ڕەچاو دەکرێ. کاریزمابوونی قاسملوو لە خۆناسینی ڕژدی ناوبراو لە نەتەوەکەی، ناوچە و جیهان سەرچاوە دەگرێ. ئەو لە ڕێگای گەورەکردنەوەی خۆی و بیرۆکەکانی بەو پلەیە نەگەیشت، بەڵکو بە تێکۆشان دژی تاک پەرەستی و خۆپەرەستی، ناو و ڕێبازێکی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ناوبراو لە سێ قۆناخی ژیان و لە سێ گۆڕەپانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و حیزبیدا دەرفەتی دەرکەوتن و دەربڕینی بۆ ڕەخسا. ئەو ئازادی و نیشتمانەکەی خۆشدەویست و بەشێکی سەرەکی تەمەن و ژیانی بۆ تەرخان کردن. بایەخ و ئامانجەکانی قاسملوو لە گەڵ بایەخە جیهانییەکان و چەمکە مرۆڤییەکان یەکانگیر و هاوتا بوون. ئەو بە تێکۆشان و مەرگی، وێنەیەکی ساکار، لە مانا و بایەخە ئینسانی و مافە ڕەواکانی کورد دەخاتە بەرچاو.

پرسی بوونە کاریزما پشت بە هەست و کف و کوڵ دەبەستێ، بۆیە پێویستی بە خەملاندن و عەقلاندن هەیە. رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی قاسملوو یان بزووتنەوەیەکی خاوەن کاریزما و جیاکردنەوەی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان لە یەکتر، بە رێچکەی زیندوو هێشتنەوەی بیروباوەڕ یان رێباز و کولتووری رێبەریکی خاوەن بەهرە دەناسرێن. کاریزما تایبەتمەندیەکی دیاری هەیە، کە کەسانی لایەنگر و هاوڕێی هەوڵدەدەن وەک ئەو دەربکەون. بە واتایەکی دیکە، ئەرکەکان جیاوازن و کاریزما زیندوو و کۆچکردوەکان لە دوو دۆخی جیاوازدا دەژین، کە تەفسیرکردن و هەڵسەنگاندیان جیاوازە. رێبەرە کاریزماکان خاڵ و یاساکان دادەڕێژن و دواکەوتوو و جێبەجێکەری خاڵ بە خاڵی یاسا و رێسا نووسراوەکان نین. لە هێزێکی سیاسیدا مرۆڤی کاریزما دەربڕی وزە و توانای کۆمەڵە فاکتەر و ئەکتەرێکە، کە دەرفەتی دەرکەوتن و خۆدەرخستنیان بۆ رەخساندوە.

سەمبول و رەمزەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کوردان و درێژەی تێکۆشان و کارکردن بۆ گەیشتن بە مافەکان پێویستن، بەلام ناکرێ کەڵکی نەرێنی لە وان وەرگیرێ. پرسی کاریزما کۆچکردوەکان ئاڵۆزترە و رێبوار و لایەنگرەکانیان لە سەر گواستنەوەی ئەو کاریزمایە بۆ جێگرەوەکانیان بە ئاسانی هاوڕا نابن. لە نێو حیزبی دێموکراتدا چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسایەتیی قاسملوو و میراتی کاریزماتیکی ناوبراو نەچۆتە چوارچێوەی پلان و بەرنامە و فازی تازە. چۆنیەتی درێژەدان یان گواستنەوەی کاریزما لە نێو رێکخراو و پارتێکی رزگاریخواز تایبەتمەندی خۆی هەیە. کەسایەتی کاریزماتیکی سەرکردەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێوەندی بە چەندایەتی و چۆنیەتی رەچاوکردنی رێنوێنی و خوێندوەکانی هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوودا، گرینگە کە جێگرەوە و بڕیاردەرەکانی حیزبی دێموکرات، لە درێژەدان بە رێبازی کار و تێکۆشانی کاریزما کۆچکردوەکەیان مکوڕ و وەفادار بن. رەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و کارکردن بۆ بە کولتوورکردنی ئازادی و مافە رەواکانی کورد لەو ئەرکانەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی قاسملوو.

قاسملوو هێشتا لە نێو رێڕەوان و ئۆگرانی حیزب و ئامانجەکانیدا بە کاریزمایەکی تاقانە دەناسرێ. باوەڕ و کولتوری سیاسەت و دەرهاویشتەی بەهرەکانی لە نێو کۆڕی رێبوار و لایەنگرانیدا بڕوا بەخۆبوون زیاتر دەکا و وزەی رێکخراوتر دەداتە تێکۆشانی بە کۆمەڵ. قاسملوو رێبەرێکی ورەبەخش و ئەرێنی لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە، بەلام هەوڵدان بۆ دوور راگرتنی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لە رەخنەی لۆژیکی و خوڵقێنەر

زەبر لە پرێستیژ و کەسایەتیی کاریزماتیکی ناوبراو و رێبوارانی دەدا. کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو خۆکردە و تێکەڵ بە خوێن و فرمێسکی کوردانە. فیداکاری ناوبراو تەمەن سەوزە، بەڵام لایەنگر و ئۆگرانی نابێ رێڕەوێکی بە درووشم بن، بەڵکو هاوڕێ و لایەنگرێکی خاوەن کردەوە و سۆزدار کە بە هەموو تواناوە وانە باشەکانی قاسملوو لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا رەچاو بکەن.

بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا پێویستی بەو رەمز و سەمبولانەیە، کە بە سەرمایەی مەعنەوی و کۆکەرەوەی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەناسرێن. قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانەی کوردە، کە بە زۆر پێوانە و پێوەر کاریزمای گەلێکی ژێر دەست و چەوساوەیە. هێز و تاکە خاوەن کاریزما مێژووییەکان لە رەخنە و هەڵسەنگاندن ناپرینگێنەوە و رەمز و رێبەرەکانیان دەبەنە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک و لە بازنەی حیزبدا قەتیسی ناکەن. خەڵکی کوردستان و نەوەی تازە چاوەڕوانە، کە دێموکراتەکان چەندە و چۆن درێژەدەری رێگا و رێبازی یەکێک لە رەمزە دیار و روخسارە ناسراوەکانی سیاسەت لە کوردستانن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

---

## ئێران دوای ١١٠ ساڵ لە شۆڕشی مەشرووتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و سەرکوتکەر، ئەرتەشێکی ئانیشتمانی و وڵاتێکی شەرمن

١١٠ ساڵ بە سەر شۆڕشی مەشرووتە و عەداڵەتخوازیدا تێدەپەڕێ. ئێران لەو ماوەیەدا لە دوو پرۆسەی کەرتبوون و دێموکراتیزەبوون پارێزراوە. کۆمەڵگە و سیستمی حوکمڕانی مۆدێرن بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و تێکڕایی گەشەی نەکردوە و رەوتی نوێخوازی بە نیوچڵی دەستپێکرد. لە سەردەمی مۆدێرندا دین لە کایەی سیاسەت و حکومەتدا هاوشێوەی پێش مۆدێرن رۆڵی گەورە و بەرچاوی گێڕاوە و ناعەداڵەتی و سەرەڕۆیی زیاتری لێکەوتۆتەوە. تاک پەراوێز خراوە و ئازادییەکان هیچ کاتێک نەبوونە بەشێک لە کولتووری رۆژانە و سیاسیی کۆمەڵگە. تاکەکان لە ژێر سێبەری سەرکوتدا بۆیان نەلواوە لەگەڵ تاکایەتی، چەمکی ماف، بەرپرسیارەتی و رەخنەگرتنی ژیرانە ئاشنا

بن. دەسەڵاتدارە تاج و مەندیل لەسەرەکانی وڵات بە کەڵکوەرگرتن لە پارەی فرۆشی نەوت، ئەرتەشی بە ژمارە زۆر و گەشە پێدانی وزە و تێکۆنۆلۆژی ئەتۆمی تێکۆشاون لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەسەڵات و ژمارەیەکی بەرچاو بن.

زیاتر لە سەدەیەکە کە ویستی ئازادیخوازی، عەداڵەت و یاساسەروەری لەگەڵ ئیستبداد و توتالیتاریزمی پاشایەتی و ئاخوندیدا ململانێ دەکا. بەڵێنی پڕاکتیزەکردنی ئامانجەکانی شۆڕش لە مەشرووتە و دواتر لەبیر کران. تێگەیشتن لە رابردوو و هەروەها بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ داهاتوو لە ئاستی کۆمەڵگەدا پێویستیان بە کەرەستەی پێویست و مێتۆدی گونجاو هەیە. لێرەدا چەند پرسیارێک بۆ خوێندنەوەی لایەنە تاریکەکانی مێژووی سیاسەت، دەوڵەت و کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئێرانی دەورووژێنین. بۆچی شۆڕش و بزووتنەوە ئازادیخواز و سیاسییەکان لەو وڵاتەدا نەگەیشتوونە ئامانج و بە نیوەچڵی ماونەوە یان بە تەواوەتی پوچەڵ کراونەوە؟ بە چ هۆکارێک ئێران ١١٠ ساڵ دوای شۆڕشی مەشرووتە، هێشتا خاوەنی یاسایەکی عادڵانە، نیزامێکی دێموکراتیک و ئەرتەشێکی نیشتمانی نییە؟ لە ژێر کارتێکەری چ فاکتەرێکدا کولتووری ئازادیخوازی و مافپارێزی لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و ئیستبداددا سەرکەوتوو نەبوە؟ لە سەر بناخەی چ لۆژیکێک، کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران، ناتوانێ لە بەرامبەر دیکتاتۆری و سیستمی ناڕەوادا دژکردەوە بنوێنێ؟

شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران وەک زۆربەی شۆڕشە بەناوبانگەکانی جیهان لە سەرەتادا ئاوێتەی دروشم و خەونی گەورە بوو، بەڵام بە تراژیدیەکی تاڵ کۆتایی هات. ئەو شۆڕشە لە نێو کۆمەڵگە و لە ئاستێکی بەریندا تەتەڵە نەکرابوو، بۆیە بە ئاسانی دەستەمۆ کرا. شکانی رووسیە لە ژاپۆن، شۆڕشی ١٩٠٥ی رووسیە و ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان لە دەرکەوتنی بزووتنەوەی عەداڵەتخوازی دژ بە سیستمی شایەتیی ئێران کاریگەر بوون. قەبارەی زوڵمی پاشاکان دژ بە خەڵک پەرەی دەسەند و بیری نوێگەرایی و یاساسالاری لە رێگەی خوێندکار و رووناکبیرانەوە زیاتر هاوەردەی نێوخۆ دەکرا. لە سەرەتادا بزووتنەوە و شۆڕشی مەشرووتە پاشەکشەی بە ئیستبداد کرد، بەڵام دواتر لە ئەنجامی نەبوونی کەرەستە و پێداویستیی پراکتیزەکردنی ئامانج و ویستەرەواکان، لاڕێ و بێدەنگ کرا. بەشێک لە بەشدارانی شۆڕش سەرشکاو و پەشیمان وازیان لە شۆڕش هێنا. بەشێک لە رێبەرانی ئایینی شیعە لەگەڵ مەشرووتەخوازەکان تێکچوون و لەگەڵ شادا رێککەوتن. ئەوان دژی بەرەی لیبراڵ و مافخواز بوون و بە ناوی پاراستنی ئیسلام و هتد دژ بە رەوتی نوێخوازی جووڵانەوە. شەنوکەوی دەوڵەت، ئەرتەش،

مەجلیس و سرووشتی بزووتنەوە بەناو نوێخوازەکانی ئێران بۆ تێگەیشتن لە چەندایەتی و چۆنایەتیی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ئێران لە ماوەی ١١٠ ساڵی رابردوو کلیلی سەرەکین.

دەوڵەت لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، لە سەر دوو تیۆری جیاواز دامەزراوە. یەکەم: دەوڵەتی پێش رەزاخان، کە لە سەر بناخەی حوکمی شا و رایەڵکەی پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ خاوەندەسەلات و داراکان پێکهاتبو. دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتێکی راستەقینە و دامودەزگای راپەڕاندنی ئەرک و کارەکان نەبوو. دووهەم: لە دوای کوودتاکەی رەزاخان، دەوڵەتی خاوەن ئیدارە و هێزی چەکداری یەکدەست دامەزرا. شایانی باسە کە  لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ ئاخوندەکان تەنیا ناو و رواڵەتی دامودەزگاکانیان گۆڕی و سرووشتی دەوڵەت و کولتووری ئیدارە و بەڕێوەبەریان تێکنەدا. لە دەوڵەتی پێش‌مۆدێرن‌دا سەرکردایەتیی ناوچەکان بە ئەندامی بنەماڵەی پاشاکان و کەسانی نیزیک لەوان دەسپێردران، بەلام لە دەوڵەتی مۆدێرنی پەهلەوی و پاشان ئاخوندیدا بە کەسانی  خاوەن‌باوەڕ بە نیزام و تاقیکراوە دەسپێردرا. دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا نەک نیشتمانی نەبووە، بەڵکو لە دامەزرانەوە بەشێکی سەرەکی لە کێشە چارەسەرنەکراوەکان بووە. دەوڵەت و سیستمە سیاسی‌یەکان بەرهەم و بژاردەی سروشتی و بەشداری ئاگایانەی خەڵک نەبوون، بەڵکو داسەپاو و زۆرەملی بوون، هەرچەندە ژمارەیەک خۆیان بە پاڵەوان و رزگاریدەری وڵات و گەل ناساندوە. دەوڵەتی ئێران پەرەپێدەری کولتووری سەرکوت و تۆقاندن بووە و لە کردەوەدا مەرجەکانی دەوڵەتێکی خزمەتگوزار و نیشتمانی تێدا نەبوە. پەرەپێدان و داسەپاندنی زمان، کولتوور و مەزهەبی نەتەوەی باڵادەست لە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی دەوڵەتی بەناو مۆدێرنی ئێرانین.

دەسەلاتدارانی وڵات بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگە کولتووری بێدەنگی و ترس و تۆقاندنیان پەرەپێدا. خوڵقاندنی فەزای ترس، تۆقاندن، کوشتنی ترسەنۆکانە و تیرۆر رەوتێکی جێکەوتوو لە کولتووری سیاسەت و دەوڵەتداری ئێرانە. لە دەوڵەتی مۆدێرن‌دا ئەرتەش و دەزگای سیخوڕی رۆڵ و نەخشی گەورەیان بەڕیوەبردوە و لە کاتی پێویستدا بۆ پاراستنی دەسەلات و سەرکوتی خەڵک کەڵکیان لێوەرگیراوە. کابینەکان لە مەجلیس ترسێندراون، مەجلیس و سەرۆکەکانی لە هێزە نیزامی‌یەکانی وەک ئەرتەش و سوپا و هەروەها بەرپرس و سەرکردەی هێزە چەکدارەکان لە شا و ئیمام ترسێندراون. ئەرتەش نەتەنیا پارێزەری سەر و ماڵی هاووڵاتیان نەبووە، بەڵکوو زیاتر بۆتە ئامراز و ماشێنی سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازی و ئازادیخوازەکان. شایانی باسە کە ئەرتەش جاروبار بۆتە کاناڵی دەستێوەردانی هێزە دەرەکی‌یەکان و بۆ توندترکردنی ئەڵقەی دیکتاتۆرییەت سوودی لێوەرگیراوە (بۆ وێنە کوودتای

ساڵی ١٩٥٣ی زایینی). لە مێژووی مۆدێرنی ئێراندا ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان خزمەتی تاج و سەڵتەنەت و دواتر ویلایەتی ئاخوندیان کردوە. بە گوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکان ئەرتەشی پاشایەتی و ئیسلامی ئەوەندەی لە کایەی سیاسەتی نێوخۆ و سەرکوتکردنی ئازادیخواز و خەڵکدا قەڵەمبازیان کردوە، لە بەرامبەر هێزی دەرەکی و پەلاماردەردا لاواز و شکاون.

جیا لە بوونی دەوڵەتێکی پۆلیسی و هێزێکی چەکداری دەسەڵاتپارێز، مەجلیس لە ئێراندا نەخشی راستەقینەنی نەگێڕاوە. نەبوونی فەزای دێموکراتیک و دەستەبەرنەبوونی ئازادیەکان رێگەی بە دەسەڵاتداران داوە، کە پارلەمان لە ئێران دەزگایەکی سەربەخۆ و خاوەندەسەڵات نەبێ. شایانی باسە کە لاوازیی کولتووری دێموکراسی و زاڵبوونی کولتووری داپڵۆسین و درۆ، خەڵکێکی سەرکز و بژاردەیەکی دەستەمۆی بەرهەم هێناوە. شا و ئاخوند لەگەڵ ئەو پارلەمانە نەبوون کە پارێزەری دەسەڵاتی خەڵک و نوێنەری ویست و داخوازی گەلانی ئێران بێت. لاوازیی پارلەمان لە ئێران رەگ و ریشەی لە لاوازیی کەسایەتیی تاکی ئێرانی دایە، کە دەرفەتی دەربڕین و دەرکەوتنی ئازادی پێنەدراوە. مەجلیس زیاتر کۆکەرەوەی ئەو تاکانە بووە کە ئازایەتی و شەهامەتی نوێنەرایەتیی خەڵکیان دۆڕاندوە و لە کۆتاییدا بوونە داکۆکیکاری دەسەڵاتی شەپکە، تاج و مەندیل. کار وتێکۆشانی پارلەمان لە ئێرانی دوێنێ و ئەمڕۆدا دەیسەلمێنێ کە کولتووری سەرەڕۆیی بە دروشم و قسە ناگۆڕێ. لە سەردەمی شا و ئاخونددا لە رێگەی شانۆی هەڵبژاردندا، زۆر جار دەبەنگترین مێشکەکان و کوێەلەترین مرۆڤەکان کراونە پارلەمانتار. کولتور و تایبەتمەندیی دەنگدان و دەنگوەرگرتن بەشێک لە گەندەڵی دەزگا و سیستمی سیاسی بوون، کە لە بەرهەمهێنانەوەی سەرکوتدا رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە. تاکی شارەزا و گەلێکی ژیر بە ئاسانی فریوی دروشمی رووت و قسەی بەتاڵ ناخوات و چارەنووسی خۆی ناداتە دەست بژاردەیەکی دەستەمۆ و کۆیلە. جێگای ئاماژەپێکردنە کە بەشێک لە رووناکبیران لە سەردەمی شادا وەک پارلەمانتار، وەزیر و گوزیردا خۆیان بە نۆکەری شا پێناسە دەکرد و ئەوانەی ئەمڕۆش بە خزمەتگوزاری ئیمام و ئیسلام!

لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتدا، بزووتنەوە رووناکبیری و کولتووریەکان نەیتوانیوە ببنە بزووتنەوەی متمانەپێکراو، پێشڕەو و کاریگەر. ئەو بزووتنەوانە خاوەنی توانا و وزەی ئیدارەکردنی دەنگە ناڕازیەکان نەبوون و لە خوێندنەوەی رووداوەکان و دەربڕینی هەڵوێستدا ئازا و رەخنەگر نەبوون. کەسایەتیی رووناکبیری ئێرانی لەبەر لاوازیی و داماوی، یان خوێندنەوەی غەڵەتیان بۆ دۆخەکە کردوە یان ئەوەی کە بە ئاسانی بوونە پاشکۆی

شا و ئاخوند. بێجگە لە ڕووناکبیرەکان، ئاخوندە شیعەکان لەزۆر بڕگەی مێژوودا بەشان و باڵی دەسەڵاتدارەکانیان دا هەڵگوتوە و لە باشترین حاڵەتدا پارەی بێدەنگیان پێدراوە. بەرژەوەندی بە سەر شەهامەت و ئازایەتی بژاردەی کۆمەڵگەدا زاڵ بووە و ڕووناکبیر و ئاخوندی ئێرانی بۆ دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک خاوەنی هەڵوێست و کردەوەی شوێندانەر نەبوون. ئەوان پارێزەری کۆڵەکە شووم و روخسارە دزێوەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنی وڵات بوون.

بزووتنەوە جیاوازە سیاسییەکانی ئێران ناکامڵ بوون و وەک دەسەڵاتدارەکان چاویان لە پرسی دێموکراسی، ئازادی تاک و کولتووری دەوڵەتداری کردوە. ئەوان گیرۆدە و دیلی ناسیۆنالیزمی داسەپاو و ناکامڵی ئێرانی بوون. بزووتنەوە ڕەنگاوڕەنگەکان، لە ڕەوتی کوودتا و شۆڕشەکاندا نەیتوانیوە خەڵکێکی یەکگرتوو و خاوەن جیهانبینی وردی سیاسی پەروەردە بکەن. هێڵی لۆژیکی لە کایەی سیاسەت، کولتوور، ڕووناکبیری و ئیدارەی ئێراندا بوونێکی شکڵی بووە نەک جەوهەری. لە ئەنجامدا بزووتنەوە سیاسییەکان وەک دەوڵەت چاویان لە جیاوازییەکانی کۆمەڵگە کردوە. لە سەردەمی مەشرووتە، شەڕە گەورە جیهانییەکان و شۆڕشی ١٩٧٩دا، بیرۆکەی ناسیۆنالیستی و ئایدۆلۆژی (ئایینی و فکری) تێکەڵیان بەرهەم هێناوە، کە لەئاکامدا ژمارەیەکی کەم لە نەتەوەی باڵادەست دەستی بە سەر هەموو گۆڕەپانەکەدا گرتوە و بە ناوی نیشتمانی دایک، سیاسەتی داپڵۆسین و توندوتیژی درێژەپێداوە.

تاقیکارییەکانی ١١٠ ساڵەی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە لە ئێراندا نەتەوەیەک بە ناوی گەلی ئێران بوونی نییە. پرۆژەی سەپاندنی ناسنامەی لاوەکی بە زەبری زۆر و دروستکردنی زرەشوناس بە پاڵپشتی پارە و سەرکوت سەری نەگرتوە. شۆڕشەکانی ئێران دەوڵەتێکی خەڵکیتر و دێموکراتتریان بەرهەم نەهێناوە و گۆڕانی شەپکە و تاج و مەندیل، سیستمی وڵاتی دادپەروانەتر نەکرد. ئاخوندەکان لە پاشا و ئەفسەرە قەزاقەکان زیاتر و زۆرتر وڵاتیان تووشی نەهامەتی کرد. ئەوان لە ڕێفراندۆمەکەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا نیزامێکی دیکتاتۆریان بە ناوی خوا و ئیسلام بە سەر وڵاتدا فەرز کرد. عەباپۆشە دەسەڵاتدارەکانی تاران پاش شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و شکان لە گۆڕەپانی دروشم و کردەوەدا دەستەوداوێنی شانۆی بەناو ئاوەدانکردنەوە بوون. ئەوان خەڵکی سەرکز و کڵۆڵیان بە دروشمی ئاوەدانکردنەوە سەرگەرم کرد. بزووتنەوەی ناسراو بە دووی جۆزەردان، دوای سەرکەوتنی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا ئازایەتی و ئیرادەی دەرچوون لە زۆنی ویلایەتی ئاخوندیان نەبوو. لە ئەنجامدا گەمەکەیان دۆڕاند و دەست بەتاڵ لە مەیدان هاتنە دەر و دەرگای سەرکەوتنی باڵی بە ناو توندڕەو لە شانۆی

هەڵبژاردنەکاندا خستە سەر پشت.

ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکانی ئێران و درێژەکێشانی نیزامی سەرکوت دەیسەلمێنێ کە بەو باڵبالێنەی نێوان باوەڕدارانی ڕێژیم و بزووتنەوەی دووی جۆزەردان و سەوز، سیستمی دەسەڵات و ئیدارە دێموکراتیزە ناکرێن. تاکی ئێرانی هێشتا لە عەقڵانییەتی مۆدێرن دوورە و دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکانیان هێشتا لە جامی جیهانبینی پاشایانە و ئیمامانە چاو لە ڕووداوەکان دەکەن. بزووتنەوە سەرتاسەرییەکان لەوپەڕی لاوازیدان و بزووتنەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان هێشتا بە ڕێژەی پێویست کاریگەر و بزوێنەر نین. خەڵک لە دۆخێکی نەشیاودا دەژیت و باوەڕبەخۆبوونی ئێرانییەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر سیستمی فەرمانڕوا وەک رابردوو لاوازە. لاشەی نیوەگیان و بۆگەنی دەوڵەت و ناسیۆنالیزمە عەنتیکەکەیان نەکەوتۆتە ژێر تیغی ڕەخنەگرانەی مۆدێرن. بازاڕی دەنگۆ و ڕوانگەی ناسراو بە پیلان، لە بەستێنی مێژووی سیاسەتی وڵاتدا ڕەگی داکوتاوە. دروشمی دەوڵەتی مۆدێرنی ڕەزاخانی، کە خوا، شا و نیشتمان بوو، پاش نیزیک بە یەک سەدە بۆتە خوا، وەلی فەقی و نیشتمان.

خەبات لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا تەمەنێکی دوور و درێژی هەیە. لێکهەڵوەشانی ئەو دەوڵەتە ڕەنگە دوا دەرفەتی دەستەبەربوونی ئازادیی و مافی هاونیشتمانان بڕەخسێنێ. گەمەی وشە و چەمکەکان، بێدەنگی زۆرینە و خۆبواردنی تاکەکان لە بەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی بە قازانجی مانەوەی ستەمکارانە. درێژەکێشانی بازاڕی دەنگۆ، درۆ، دروشم و سەرکزی زۆرینەی خەڵک دەوڵەتێکی مۆدێرنی سەرکوتکەر، ئەرتەشێکی نانیشتمانی و وڵاتێکی شەرمنی خوڵقاندوە، کە بێجگە لە دابەشبوون و داڕمان دوارۆژێکی بەختەوەری نییە.

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## هۆکارەکانی لاوازیی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێراندا

زانستە مرۆڤییەکان بە کۆمەڵێک لە زانستەکان دەگوترێ کە مرۆڤ و تێکۆشانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا دەخنە ژێر لێکۆڵینەوە. شایانی باسە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش بە بەشێک لە زانستە مرۆڤییەکان پێناسە دەکرێن. زانستە مرۆڤییەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک کولتوور، هەڵسوکەت، کۆمەڵگە، کردەوە و دژکردەوەی مرۆڤ، هزر و ناخی مرۆڤ کاران. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی مرۆڤ وەک کۆمەڵناسی، زمان، ئیدارە، ئابوری، سیاسەت، مێژوو و هتد. دەکۆڵنەوە. زانستەکان لەگەڵ یەکتردا کەم و زۆر لێکگرێدراون و لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و کارکردندا لە میتۆد و شێوازی تێکەڵاو بۆ دەستەبەرکردنی ئاکامی باشتر کەڵک وەردەگیرێ. لە سەر ئەو بناخەیە، زانستە مرۆڤییەکان لە میتۆد و شێوازی زۆربەی زانستەکانی دیکە کەڵک و سوود وەردەگرن.

زانستە مرۆڤییەکان بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لەخۆی، کۆمەڵگە، زمان، هونەر، ئایین و مێژوو و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مرۆڤ و کولتوورەکانی دیکە کاریگەر و بەسوودن. لە ڕێگای تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی وەک کولتوور، مرۆڤ، کۆمەڵگە و ئایین دەکرێ پرسە گەورەکان شیبکرێنەوە. لە روانگەی جیاوازە چاو لە گرینگی و بایەخی زانستە مرۆڤییەکان کراوە و لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکاندا رۆڵ و نەخشی زانستە مرۆڤییەکان جیاوازە. شایانی ئاماژەپێکردنە کە دابەشکاری ئاکادێمیک و زانستی لە وڵاتانی جیهاندا جیاوازە و هەر وڵاتەی مێژوو و پاشخانی تایبەت بە خۆی هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئاستی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی وڵات، سیستمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و تێکنۆلۆژی و رۆڵ و نەخشی زانست لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ مێژوو و کولتووری نەتەوە و گەلاندا گرێدراون. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا پرسی شارەزایی و رۆڵی زانستە جیاوازەکان بایەخدارە و زانست بە میتۆد و شێوازی کراوە و بێلایەنانە لەگەڵ رووداو و دیاردەکان هەڵسوکەوت دەکا. بێجگە لەوە، پاشخانی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئازادی دەربڕین و توێژینەوە، کولتووری پەروەردە و فێرکردن، مێژووی دامەزراوە زانستییەکان و دابینکردنی کەرەستەی پێویست، لە سەر سروشتی زانستەکان و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکان رۆڵی کاریگەریان هەیە.

مێژووی زانستە مرۆڤییەکان لە ئێراندا زۆر دوور و درێژ نییە. وڵاتی ئێران لە قۆناخە جیاکانی کاروانی زانست پەراوێز و دوور راگیراوە. دەرکەوتەکانی مێژووی زانست لە یۆنان و رۆم شوێنەواری زۆریان لە سەر ئێرانی کۆن دانەناوە. لەسەردەمی ناسراوی گەشەکردنی کولتووری و زانست لەجیهانی ئیسلامدا، ئێران زیاتر لەگەڵ زانستەکانی سەردەم و ئایینی ئاشنا دەبێ. درەوشانەوەی زانست لە جیهانی ئیسلام لە دوای سەدەی یازدەی زایینی لە تەوژم دەکەوێ و ئورووپا دەبێتە چەقی رەوتی گەشەکردنی هەمەلایەنە. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کولتووری کۆپیکردن و چاولێکەری جێگای خوڵقاندن و رەخنەگرتنی ئاکادێمیکی گرتۆتەوە. لە ئێراندا بە گشتی زانستەکان لە سەردەمی مۆدێرندا بە زۆر هۆکار لاواز بوون و بیرمەند و خوڵقێنەریان بار نەهێناوە. چاوخشاندنێکی کورت بە مێژووی دامەزراوە و خوێندنگا جۆراوجۆرەکانی ئێران دەیسەلمێنێ، کە لاوازیی کولتووری لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن رەگ و ریشەیان لە مێژوو، کولتوور و پەروەردەدا هەیە. هەللاجی کردنی پرسی زانستە مرۆڤییەکان لەو وڵاتەدا پێویستی بە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل هەیە و بە کورتە نووسین و هەڵسەنگاندنێک راناپەڕێ. لەو نووسینەدا ئاوڕ لە ژمارەیەک فاکتەر دەدرێتەوە، کە کەم و زۆر بەستێنی لاوازی زانستەکانیان لە ئێراندا بەرهەمهێناوە. شایانی باسە کە بەشێکی زۆر لەو فاکتەرانە لە زۆر ناوچەی جیهاندا بە شێواز و تەوژمی جیاواز لە سەر پاسیڤکردنی زانستە مرۆڤییەکان کاریگەر بوون.

لاوازیی بناخەی پەروەرد و فێرکردن بە هۆکارێکی سەرەکی ئەو لاوازییە دەژمێردرێ. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ئێران، قوتابی و خوێندکارەکان فێری لەبەرکردنی ژمارە و داتاکان دەکرێن، بەڵام توانای بیرکردنەوە و رەخنەگرتنی بابەتیانەیان تێدا دەخنکێندرێ. لێرەدا باس لە لاوازیی ئێوەرۆکی وانەی زانستە مرۆڤییەکان ناکەین، کە مرۆڤ سەرشکاو و بێزار دەکەن. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی مۆدێرن و پێشتریشدا، ئازادیی رۆچوونە ناخی بابەت و دیاردەکان لە تاکی زانستخواز وەرگیراوە. پەروەردە ئایینی و تەنانەت مۆدێرنە کۆپی کراوەکان، مەیدانی دەرچوون لە بازنەی بیرکردنەوەی کلاسیکی بەربەست کردوە. لە ئاکامدا تاک بە گوێرەی عورف و یاسا باوەکان کەمتر لەگەڵ زانستە باوەکان بە تێگەیشتن، بیر و هزری کراوە و رەخنەگرانە جوڵاوەتەوە. لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا دەرچوون و سەرکەوتن لە ئەزموون و تاقیکارییەکان کراونە ئامانج و ئەو رێچکەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر گواستراوەتەوە.

لە قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکان گرینگی بە کولتووری دارشتن و نووسینی بابەتیانە نادرێ. میتۆدی

دەربڕین، لێکۆڵینەوە، ئانالیز و لێکدانەوە لە نووسین و دارشتندا زیاتر دەردەکەوێ، نەک قسەکردن و دەربڕینی زارەکی. ئەو هۆکارە کاریگەرییە نەرێنیەکانی کاتێک دەردەکەون کە بەشێکی زۆر لە گەلانی ئێران لە زمانی دایک دادەبڕێن و لە قوتابخانە و زانکۆکاندا باسێک لە زمان و ناسنامەی ئەوان ناکرێ. لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان راشکاوانە دەیسەلمێنن کە مرۆڤ بە زمانی زگماک و دایک باشتر دەتوانن لە بابەتەکان بگات و بیرورا و لێکۆڵینەوەی خۆی دابڕێژێ. لەو ولاتەدا مرۆڤ دەرفەتی سرووشتی گەشەپێدانی زمانی دایکی بە شێوازی ئاکادێمیک نییە و لە زمانی دووهەم کەڵک وەردەگرێ، کە کاریگەری لە سەر فێربوون و تێگەیشتن و تەنانەت زۆر بواری قوتابییەکان هەیە. زانستە مرۆڤیی و کۆمەلایەتی‌یەکان و تەنانەت سەرجەم زانستەکانی دیکە، لە سەر بناخەی زمانی دایک باشتر جێدەکەون و بەرهەمی فکر و زانست زیاتر پەرە پێدەدەن.

تاکی ئێرانی لە دەرەوەی ولاتیش کەمتر توانیویەتی خۆی لە بازنەی رابردوو و چوارچێوەی دیوارە نەدیتراوەکان رزگار بکا. خوێندکارە ئێرانی‌یەکان لە دەرەوە لە رابردوو و ئەمرۆشدا لە گۆڕەپانی زانستە مرۆڤی‌یەکان وەک ولاتی خۆیان بۆ وەرگرتنی خاڵ و تێپەڕاندنی وانەکان تێکۆشاون. ئەوان لە بەرهەمهێنانی هزر و بیرۆکەکاندا لاواز دەرکەوتوون و لە باشترین حاڵەتدا رەنگە بە پۆست و وەرگێڕانی چەند نووسراوە و کتێبێک تەمەنیان تێپەڕ بکەن. ئەو بژاردەیە پاش گەڕانەوە بۆ ئێران ئەکتەری چالاک نییە و لە راگواستنی کولتووری گەشەپێدانی زانست و هزری ئاکادێمیک لە دەرەوەی ولات بۆ نێوخۆ کارا نین. بە واتایەکی دیکە، ئەو بژاردەیە پاش گەڕانەوە لە سەر پەروەردەکردنی قوتابی و کاری مامۆستایەتی بەردەوام دەبن و لە خوڵقاندنی مەیدانی خەلاقی کولتووری زانستی و ئاکادمێک خۆدەبوێرن.

کەمبوونی بەرهەم و بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارە نێوخۆیی و دەرەکیەکاندا هۆکارێکی دیکەی لاوازیی بەردەوامی زانستە مرۆڤی‌یەکانە. سرووشتی لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆڤی‌یەکان پێویستیان بە ئازادی، گۆڕەپانی دەرکەوتن و زمانی ئاکادێمیکە، کە خوێندکار و مامۆستایانی ئێرانی کەمتر لێی بەهرەمەندن. لە سەردەمی ئەمڕۆدا شارەزابوون لە زمانی ئاکادێمیک دەرگا و دەرفەتی زۆر بەو مرۆڤانە دەبەخشێ، کە ئۆگری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکانن. بۆ توێژەرەکانی ئێرانی و زۆربەی ولاتانی دیکە، زمانی ئینگلیسی زمانی دووهەمە، کە زۆر جار بەربەستی نووسین و لیکۆڵینەوەی بەپێزن. بێجگە لەوە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا کولتووری لێکۆڵینەوە و رۆچوونە ناخی بابەت و دیاردەکان بە شێوەی شارەزایانە بەربەست دەخوڵقێنێ. کەمتر بینراوە کە

خوێندکار و لێکۆڵەری ئێرانی لەگەڵ هزر و بیرۆکەکاندا ئاوێتە بێ. دەرفەت، ویست و کولتووری ساغبوونەوە لە سەر بیرۆکەکان و رەخنە لێگرتنیان زۆر لاوازە و زانستخوازی ئێرانی زیاتر لە ئاستی زانیاری رواڵەتی و گشتیدا تێدەکۆشێ. لاوازی لەو مەیدانەدا دەرفەتی بۆ کەسانی رۆژئاوایی خوڵقاندوە کە لە سەر مێژوو، ئابووری، کولتوور، سیاسەت و زمانی ئێرانیەکان بنووسن و زانستخوازە ئێرانیەکانیش بە خوێندنەوە و وەرگێڕانی کتێب و نووسراوەکان دڵخۆش بن.

زانستەکان زیاتر کۆپی زانستە رۆژئاواییەکانن و کەمتر ئاوێتەی سرووشتی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەن. لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو هەوڵ دراوە چوارچێوە و رێچکەی جیاواز لە دەرەوەی وڵات کۆپی بکرێ کە بە نیوەچڵی جێبەجێ کراون. لەبەر ئەوەی بژاردەی خوێندکارە ئێرانیەکان سەرەتا زیاتر لە فەڕانسە و دواتر لە ئەمریکا تـوخمی زانستە مرۆڤیەکانیان راگواستوە بۆ وڵات، هەر جارەو جۆرە کولتوورێک لە بەستێنی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی کارکردن بە زانستە مرۆڤیەکان هاتۆتە کایەوە. لە رێڕەوی چوارچێوە و شکڵی ناسراو بە ئەمریکایی، ژمارە و داتاکان و لێکدانەوەی رواڵەتی جڵەوی جوڵەی زانستە مرۆڤیەکانی گرتۆتە دەست. لە ئاکامدا تیۆری، فەلسەفە و روانینە مێژووییەکان لەو مەیدانەدا لەوپەڕی هەژاریدا بوون. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی زانستە مرۆڤیەکان ئەوەیە کە دیاردە و رووداوەکان لە رەهەندی جیاواز دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. بە واتایەکی دیکە، بەکارهێنانی رێبازە زانستی، میتۆد و تیۆریەکان لە زانستە مرۆڤیەکان خاوەنی هەستیاری خۆیانن، کە وردبینی زیاتر دەخوازن. هەوڵدان بۆ کۆپیکردنی ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئابووری بە مەبەستی تایبەت، رۆڵی زانست لاواز دەکا و کۆمەڵگە و تاکەکان زۆرتر لەگەڵ کاکڵی زانستە مرۆڤیەکان نامۆ دەکا.

گیرۆدەبوون بە ئایدۆلۆژی، خۆگەورەبینی، شیعەگەری، زاڵبوونی کولتووری قسەکردن بە سەر نووسین و لێکۆڵینەوە بە تێکڕا هۆکاری لاوازبوونی بناخەی زانستە مرۆڤیەکانن. بۆ وینە زۆر شارەزا و خاوەن پلەی ماستەر و دوکتورا لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بەرچاو دەکەون، کە هێشتا خۆیان لەگەڵ ئەلف و بێی لێکۆڵینەوە بێلایەنەکان رانەهێناوە. ئەوان لەگەڵ هزر و بیرۆکەکان بە شێوەی بێلایەنانە و هزریانە ناجوڵێنەوە و ئایدۆلۆژی و کف و کوڵی ناڕاست بە سەر چوارچێوە زانستیەکاندا زاڵە. لە ئێراندا هێشتا لاوازیی کولتووری لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتیەکان دەرفەتی بە تاک و هاوڵاتی نەداوە، لە کێشە و پرسەکان تێبگا و زۆرجار خوێندەوارە ئێرانیەکان لە دیتنی راستیەکانی کۆمەڵگە خۆیان دەبوێرن. هێشتا پێشڕەوانی زانستە مرۆڤیەکان لە ئێران

پرس و بابەتی تایبەت بە نەتەوە، کولتوور، زمان، جوگرافیا و تایبەتمەندییەکانی نێو سنووری وڵاتیان وەک هەیە شەن و کەو نەکردوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو زانستەکان لە خزمەتی چارەسەرکردنی قەیران و پرسەکاندا سوودیان لێوەردەگیرێ.

دیکتاتۆرییەتی سیاسی و ئاینی و هەروەها زاڵبوونی کولتووری فرت و فێڵ لە بازنەی زانستە مرۆڤییەکان هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی زانستە ئاماژەپێکراوەکانە. توخمی رەخنەگەری و نوێگەرایی، کۆڵەکەی سەرەکی رامان لە رووداو و دیاردەکان لە دوو بەرەی زانست و ئاییندا بە ئەژمار دێن. لە ئێراندا هەر دووک بەرە بە حوکمی زۆر و هەودا ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە تیغی رەخنەگەرە زانستخواز و نوێخوازەکان پاراستوە. لە سەردەمی شا و ئاخونددا بژاردەی بە ناو شارەزا و کارناس، ئازایەتی دەرچوون لە توخمی دیکتاتۆرییەت و کولتووری فێڵبازانەی نەبوە و خۆی لە قەرەی رووداو و دیاردە نێوخۆییەکان نەداوە. لە ئاکامی درێژەکێشانی ئەو کولتوورە تەوژمی خۆ و ئەوانی دیکە ناسین هێشتا نەچۆتە سەر رێچکەی لێکۆڵینەوە ئازاد و مەیدانییەکان. بە واتایەکی دیکە، لە پێناوی درێژەکێشانی کولتوور و سیستمە سیاسییەکان هەوڵدراوە سرووشتی لێکۆڵینەوە و ئامانجی زانستە مرۆڤییەکان بە ناو و سیاسەتی جیاواز لارێ بکرێن. لە ئێران زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان زیاتر ئەرکیان رازاندنەوەی روخسار و سیمای سیاسەت و دەسەڵاتدارەکان بوە و لە رێڕەوی لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە و زانستی دوور خراونەوە.

نەبوونی کۆبوونەوە و سمیناری زانستی بە شێوەیەکی بەردەوام و کراوە، کە دەرفەتی تێڕوانین و پێشکەشکردنی هزر و بیری رەنگاوڕەنگ بڕەخسێنێ. زۆربوونی سمینار و کۆبوونەوە زانستییەکان و بەردەوامبوونیان رێچکەیەکی گونجاو بۆ وەگەڕخستنی کولتووری دەربڕین و پێشکەشکردنی رەخنەی ئاکادێمیک دەخوڵقێنێ. بێجگە لەوە، ئەو کارانە وێڕای بڵاوکردنەوەی نووسین لە گۆڤارە زانستییەکان، مەیدان و دەرفەتی کێبەرکێ بۆ گەشەکردن و دەرچوون لە بازنەی ناکامڵ و نەگونجاوی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان دەخوڵقێنێ و لێکۆڵەرەوەی بیردۆز و خاوەن بیروڕا بەرهەم دێنێ. لەو بارودۆخەدا لێکۆڵینەوەکان و کۆمەڵگە زیاتر یەکتر دەدۆزنەوە و بابەتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێی کۆمەڵگەدا یەکانگیر دەبن. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و تەنانەت کۆی زانستە مرۆڤییەکان پەراوێز خراون و بوونیان لە مەنا بەتاڵ کراوە.

کۆمەڵگە و چاوەڕوانی‌یەکانی ماڵ و کۆمەڵگە لە سەر تاک و لە سەر کار و تێکۆشانی ئەو مرۆڤانە کاریگەرە کە ئۆگری فێربوون و کاری ئاکادێمیکن. یەکێک لە روخسارەکانی کولتووری ئێرانی خۆدەرخستن و دەرکەوتنە، کە لە کۆنەوە ئاژاوەیەکی نەبڕاوەی خستۆتە کۆشک و تەلاری بنەماڵە و مێشکی تاکەکان. لە کۆمەڵگە و کولتووری ئێراندا دەرکەوتنی خێرا و وەرگرتنی پۆست و پلە رەگ وریشەی کۆنیان هەیە. سەرەڕای ئەوە، ئەو کۆمەڵگەیە دەرفەتی جیاوازبوون زۆر بە هاوڵاتیان نادات. بۆ وێنە، ئەگەر تاکێک زۆربەی تەمەنی خۆی خەریکی ناسینی هزر و بیری بیرمەندێک یان تیۆریەک بێ، رەنگە کەم و زۆر بکەوێتە بەر پلاری ئەم و ئەو. چەرخەکانی سەنعەت، زانست، کولتوور، ئابووری و بیرۆکە و ئیدەکان لە سەر خەللاقیەت و خوڵقاندن چەق دەبەستن. لە کولتووری پەروەرد و فێرکردنی ئێران و زۆر کۆمەڵگەی دیکەدا مانەوە لە کلێشەی تایبەتدا دەبێتە بایەخ و شکاندن و دەرچوون لە چوارچێوە باوەکان کەوتن و سزای لە دوایە.

لە ژێر تیشکی هۆکارە کولتووری‌یەکاندا گونجاوە، کە باس لە ستڕوکتۆر و ساختاری پێگەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵگە لە سەر زانستەکان بکرێ. لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان و تەنانەت لە بەشێک لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا، کە کەڵکەڵەی دەستخستنی پارەی خێرا و کەسایەتی کۆمەڵایەتی‌یان لە سەردایە، زانستە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتی‌یەکان بە بەراورد بە زانست و پیشەکانی دیکە جێگە و پێگەی شیاویان نییە. لەو کۆمەڵگەیانەدا زۆر کەس وەک دایک و باب حەزیان لەوەیە، کە منداڵ و نەوەکانیان ببنە دوکتور، ئەندازیار و خاوەن پیشەی پارەساز. لە کولتووری خەڵکی شەقام و ئاسایی‌دا زانستە مرۆڤی‌یەکان رۆڵ و نەخشی زۆریان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا نییە. ئەو تێڕوانینە کەم و زۆر وزە و توانای نەوەکان بە فیرۆ دەدات و لە داڕشتنی پلان و بەرنامەی خوێندکاراندا کاریگەرە، چونکە ئەوان لە جیاتی ویست و توانای خۆیان دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆی ویستی گەورە ساڵ و حەزی کۆمەڵگە.

کزبوونی بەستێن و دەرفەتی دەربڕینی ئازاد هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی زانستە مرۆڤی‌یەکانە، کە لە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی رابردوو راهێنانی لە سەر دەکرێ. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا لێکۆڵینەوە لە دیاردە و بابەتەکان و راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان رێچکەی سروشتی خۆیان تێپەڕ دەکەن. لەکۆمەڵگە داخراو و سیستمە سیاسی‌یە تاکڕەوەکاندا ئانالیزی راستەقینەی رووداوەکان رێگە پێنەدراوە. لەو کۆمەڵگەیانەدا ئایدۆلۆژیەکان رێگەپێشاندەری کۆی کایەکانن و هەوڵ دراوە بەناوی جیاواز زانکۆ و بە تایبەت زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤی‌یەکان

لە ڕێڕەوی راستەقینەی خۆیان لابدەن. بە واتایەکی دیکە، هەوڵدراوە زانستەکان خزمەتی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وئایدۆلۆژی وڵات بکەن. لەو کۆمەڵگەیانەدا پرسی هەڵاتنی مێشکەکان دەبێتە دیاردە و مرۆڤەکان ڕێگای کۆچ هەڵدەبژێرن، چوونکە ئازادی و دەرفەتی کار و تێکۆشانیان نییە.

زانستە مرۆڤییەکان لەگەڵ پەروەردە و فێرکردن، کولتوور و سیاسەت و کۆی کایەی کۆمەڵگەدا گرێدراون. ئەگەرچی لەو ساڵانەی دواییدا زۆر تێکنۆلۆژی بە ئاسانی و بە زەبری پارە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کڕاون و بۆ ئێران ڕاگوازراون، بەڵام ئەوانیش وەک پێویست لە سەر ڕەوتی گەشەکردنی زانست کاریگەر نەبوون. زانستەکان و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکان لە وڵاتان دەرخەری بارودۆخی گشتیی وڵاتن. لە وڵاتێکدا کە سیستمی سیاسی داخراوە، بێگومان زانکۆ و ناوەندە لێکۆڵینەوەکان ناتوانن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئازادانە و بێلایەنانە قامک لە سەر خاڵە هەستیارەکان دابنێن. ئەگەر زانستە مرۆڤییەکان لەچوارچێوەی نیزامێکی سیاسیدا قەتیس کران، لێکۆڵینەوە لە سەر پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و هزرییەکان ڕێڕەوی سروشتی ناگرنە بەر.

مرۆڤایەتی و دوارۆژی گۆی زەوی لەبەردەم مەترسی جۆراوجۆردان. زانستە مرۆڤییەکان لە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە جیهانی، ناوچەیی و لۆکاڵییەکاندا ڕۆڵ و نەخشی کارا دەگێڕن. ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە کۆن و لەمێژینەکانیان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و خاوەن پێوەری زانستییە. زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان وەک زانستەکانی دیکە دەتوانن بیرۆکە و ڕێکاری گونجاو بەرهەم بێنن، کە پێوەندیان بە کۆمەڵگە، دامەزراوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بەهێزبوونی زانستە مرۆڤییەکان و پێدانی جێگا و ڕێگای شیاو بەوان خزمەتی کۆی مرۆڤایەتی دەکا و لە پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دێموکراسی و سیستمێکی خەڵک سەرووەردا کاریگەر دەبێ. دێموکراسی و گەشەکردنی ئەو ڕەوتە پێویستی بە ئانالیز و لێکدانەوەی زانیاری و ڕێکارە ئەرێنییەکانی زانستە مرۆڤییەکانە.

زانستە مرۆڤییەکان لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا زیاتر گوڵ دەکەن و بناخەی ڕووناکبیری زانکۆکان بەرهەم دێنن. زانستە ئاماژەپێکراوەکان دەرفەتی خوێندنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی جیاواز دەخوڵقێنن و پەرە بە تۆخمی ڕەخنەگرانە و هاندەرانەی خوێندنەوە زانستییەکان دەدەن. گەشەپێدانی ئەو زانستانە بۆ خوڵقاندنی باڵانسی نێوان زانستەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی پێوەندی نێوان مرۆڤ و تێکنۆلۆژی و ژینگە یارمەتیدەرن.

سەرکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەکان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، لەشساغی و پەروەردە بەندە بە کارابوونی زانستە مرۆڤییەکان. بۆ بەرپەرچدانەوەی قەیران و کێشەکانی دوارۆژ، پێویستە گەشە بە زانستە مرۆڤییەکان بدرێ. پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی ئازاد و شارەزایانە و ئەکتیوکردنی زانستە مرۆڤییەکان بە دەرمان و چارەسەری قەیرانەکانی دوارۆژ دەژمێردرێن. کەمکردنەوەی هەژاری، شەڕ، ئاژاوە و تیرۆریزم، دەستەبەربوونی مافی مرۆڤ و گەلان، پاراستنی ژینگە و رزگاربوون لە سەرەڕۆی پێویستیان بە زانستە مرۆڤییەکانە. بە کورتی، ئەو زانستانە دوارۆژ دروست دەکەن. بارودۆخی شڵەژاو و قەیراناوی ئێران، درێژەکێشانی ئیستبداد، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەبوونی ئازادی بیروڕا، بەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی و سەرەڕۆیی ئاکامی لاوازبوونی زانست و بە تایبەت زانستە مرۆڤییەکانە.

**ژێدەرکان:**

Yhteiskuntatieteet rakentavat tulevaisuutta

http://www.ksml.fi/mielipide/mielipidekirjoitus/Yhteiskuntatieteet-rakentavat-tulevaisuutta/376432

25.10.2015

Politics of culture in Iran, Nematollah Fazeli, 2006, by Routledge

**وضعیت علوم اجتماعی و انسانی در ایران اسفبار است!: گفت وگو با ناصر فکوهی، بابک مهدیزاده**

http://anthropology.ir/article/21123

**چالش های علوم انسانی در ایران**

http://www.farhangshenasi.ir/persian/node/184

**عقب ماندگی علوم انسانی در ایران، صادق زیبا کلام، مجله: بازتاب اندیشه، اسفند** 1387 – **شماره** 107

**لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦**

## وتوێژ لە گەڵ ئیلککا کانێرڤا، سەرۆکی لیژنەی بەرگریی لە پارلەمانی فینلەند ،لە سەر دیدار لە گەڵ وەڤدی بە ناوی وەزارەتی پێشمەرگە

وتووێژ لە گەڵ ئیلککا کانێرڤا سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەرگریی و جێگری لیژنەی کاروباری دەرەوە لە پارلەمانی فینلەند، لە سەر هاتنی وەڤدی بە ناو وەزارەتی پێشمەرگە

وەڤدێک بە ناوی وەزارەتی پێشمەرگە، سەردانی فینلەندیان کرد. ئەو وەفدە لە بەرپرسانی چەکداریی و حکومی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوون . ئەوان بە سەرپەرەستی وەزیری نێوخۆ، کەریم سنجاری، کە بە وەکالەت پۆستی وەزیری پێشمەرگە بەڕێوە دەبات ئەو سەردانەیان رێکخستوە. بۆ ئاگادار بوون لە کۆبوونەوەی وەفدەکە لە گەڵ لیژنەی بەرگریی و کاروباری دەرەوەی فینلەند، ئەمرۆ ١٤ی مانگی ۹ی ٢٠١٦ی زایینی، وتووێژێکی کورتم لە گەڵ ئیلککا کانێرڤا سەرۆکی لیژنەی بەرگریی و جێگری لیژنەی کاروباری دەرەوە پێکهێنا.

لە سەرەتادا ناوبراو باسی لەوە کرد، کە ئەو دیدارە بە دەستپێشخەری خۆیان رێکخراوە. بە گوێرەی وڵامەکانی کانێرڤا، فینلەند خاوەنی ژمارەیەک راهێنەری سەربازیی لە هەرێمە و مەبەستیانە ئاگاداری بارودۆخی ئەوان بن. ناوبراو لەو بارەوە دەڵێ: پێویستە بزانین، کە بەرپرسانی ئەو ناوچەیە چۆن و چەندە لە گەڵ بوونی راهێنەرەکانمان هەڵسوکەوتیان کردوە و روانگەیان لە سەر کاروباری ئەوان چۆنە. باری پاراستنی ئاسایش چۆنە و هەروەها تێکۆشانیان لە دوارۆژدا چۆن درێژەی دەبێ. لە مەڕ پێدانی یارمەتی نیزامی و هەروەها مرۆڤانە بۆ باشووری کوردستان ئیلککا کانێرڤا رایگەیاند، ئێمە وەک لیژنەکانی پارلەمانی دەسەڵاتی پێدان و بڕیاردان بۆ ناردنی یارمەتی جۆراوجۆرمان نییە و ئەرکی حکومەتە، کە لەو بارە بڕیاری پێویست بدات. سەرۆکی لیژنەی بەرگری لە پارلەمانی فینلەند هەروەها رایگەیاند، کە فینلەند بە گوێرەی توانا بۆ پێدانی یارمەتییە مرۆڤییەکان هاوکار و ئامادەیە. لە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و بوونی دوو هێزی جیاواز، کە بە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکڕاتی کوردستان دەناسرێن، کانێرڤا گوتی، بەڵی ئاگاداری ئەو دۆخەین و دەزانین، کە هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا نییە.

لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، پرسی پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم پرسیارم لێکرد. بە گوێرەی وڵامی سەرۆکی لیژنەی بەرگریی و جێگری لیژنەی کاروبارەی دەرەوەی فینلەند، ئەوان ئاگاداری وردیان لە سەر بارودۆخی ئەو هەرێمە نییە. بۆ وێنە، کە پارلەمان نیزیک بە ساڵێک دەبێ پەکخراوە و سەرۆکی هەرێم لە ١٩ مانگی هەشتی ساڵی ٢٠١٥ کۆتایی هاتوە. ئیلککا دەڵێ: ئەوان مەبەستیانە، باس لە هاوکارییەکانی فینلەند و راهێنانی پێشمەرگە و هتد بکەن.

لە پێوەندی لە گەڵ زمانی دیالۆگ و قسەکردن لە گەڵ وەڤدەکە پرسیارم کرد. ئیلککا کانێرڤا لەو پێوەندییەدا گوتی، بە زمانی ئینگلیسی قسەمان کردوە و زمانی فینلەندی لە کۆبوونەوەکەدا سوودی لێوەرنەگیراوە.

شایانی باسە، کە ئێتیکێتی سەردانی وەڤدەکە و دەرکەوتنیان لە کۆبوونەوە لە گەڵ فینلەندییەکان یەکرەنگ نییە. ئەندامانی وەفدەکە بە ستایلی خۆیان و بەو فۆرمەی، کە لە کوردستاندا دەردەکەون لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبن. بە باوەڕی بەشێک لە شارەزایانی کاروباری دیپلۆماسی دەرکەوتن جۆرێکە لە راگەیاندن و ئەگەر وەڤدە بە ناو کوردییەکە هەموویان بۆ وێنە جل و بەرگی کوردی یان هتدیان لەبەر بایە رێک و پێکتر دەبوون. بێجگە لەوە ئەو وەڤدە لە کاتێکدا لە گەڵ لیژنە پارلەمانیەکانی فینلەندا دیداریان ئەنجام داوە، باشتر بو لە پارلەمانی کوردستان ئەندامی وەڤدی لیژنەی تایبەت بە کاروباری پێشمەرگە یان بەرگریان لە گەڵ بایە.
ئەو دیدارە بە گوێرە زانیارەکان سێ رۆژ دەخایەنێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## جەمسەرەکان، دەسەڵات و دابەشکردنی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا

سیستم و قەوارە، چۆنیەتی دابەشکران و کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە نێوان زلهێز و جەمسەرەکان بە کلیلی سەرەکیی شیکردنەوەی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەناسرێن. دەوڵەتەکان بە فاکتەری سەرەکی پێوەندیە

نێودەوڵەتی‌یەکان و ئەکتەری کارای سیاسەتی جیهانی دەناسرێن. ئەوان لە یەکتر جیاوازن و لە دونیادا دوو دەوڵەتی تەواو هاوشێوە و وێکچوو نابینین. هەر دەوڵەتەی مێژوو، حەشیمەت، جوگرافیا، ژێئۆپۆلێتیک، سەرچاوەی سروشتی و کۆمەڵگەی تایبەت بە خۆی هەیە. کێنس والتز، کە بە باوکی ڕیالیزمی نوێ ناسراوە، سیاسەتی جیهانی وەک قەوارەیەکی ڕێکخراو دەبینێ. بە باوەڕی ناوبراو و زۆر شارەزا و بیردۆزەرەوە، قەوارە و ساختاری سیستمی نێودەوڵەتی ئانارشیستی‌یە. مەبەستی والتز لەو کۆنسێپت و مانایە ئەوەیە کە لە سەرووی دەوڵەتەکان هێز و دەسەڵاتێک نییە، کە دەوڵەتەکان ناچار بە ئەنجامدان یان پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکان بکات. دەوڵەتەکان بە ئەکتەری سەربەخۆ ناسراون، کە لە چوارچێوەی سیستم و ساختارەکەدا ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن. گرینگترین تایبەتمەندیی قەوارە و سیستم ئەوەیە کە هێز چۆن و بە چ شێوازێک لە نێوان ئەکتەرە پلە یەک و زلهێزەکاندا دابەشکراوە. بێجگە لەوە، زلهێزی یەکەم یان چەند زلهێزی هاوتا لە سەر چ بناخە و بە چ شێوازێک پارێزگاری لە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان دەکەن، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن و تێدەکۆشن ناوەندەی هێز لە کۆنترۆڵی خۆیاندا قەتیس بێڵنەوە.

دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی سیستمەکاندا کاروباری خۆیان ڕێکدەخەن. لە سەردەمە جیاوازەکاندا ژمارەیەک دەوڵەت، دوو زلهێز یان یەک تاکەزلهێز، کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی داناوە. ئەو دەوڵەتە گەورانە بۆ دیاریکردنی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی ئامانج و بەرژەوەندی‌یە کورتماوە و درێژخایەنەکانیان دەبنە جەمسەرێکی کارا. پرسی جەمسەربەندی‌یە جیهانی‌یەکان لە فۆرم و شێوازی چەند- و دوو- و یەکجەمسەری بایەخی زۆرتری پێدراوە و وەک یەکێک لە تیۆری‌یە سەرەکی‌یەکانی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتەی‌یەکان سەرنجی خراوەتە سەر. ناسینی سیاسەتی جیهانی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دابەشبوونی هێز، ڕاگرتنی بالانسی هێز و بوونی هێژمۆنی لە چەقی بازنەی زانستی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان جێدەگرن. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە لە دوای ئاڵوگۆڕە گەورەکان یان شکان و لاوازبوونی زلهێزەکان قەوارەیەکی تازە و ساختاریکی نوێ سەرهەڵدەدات.

مانای جەمسەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا ئەوەیە کە چەند ئەکتەرێکی گرینگ لە جیهاندا هەن، کە بە دەرچوون یان هاتنیان سروشت و ساختاری سیستمی جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. گرینگیی ئەو بابەتە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە کایەی جەمسەرەکان نییە، بەڵکو بۆ هەڵلاجی کردنی زۆرتری هێژمۆنی و دژەهێژمۆنی بالانسی هاوپەیمانەتی و

هەروەها رۆڵی دەوڵەت و دەرکەوتەکانی لە رەوتی پێوەندیەیە نێودەوڵەتیەکاندا سوودی هەیە. جەمەسەرایەتی سیستمی جیهانی مانایەکی تیۆری هەیە و بە وتەی ویلیام وهۆڵفۆرس سنووری بایەخەکانی تایبەت بە دابەشکاری توانا و زەرفییەتەکان دەرەخسێنێ. بە واتایەکی دیکە، ئەو سنوورانە دیاری دەکات کە دەسەڵات و تواناکانی دەوڵەتێک پێویستە خاوەنیان بێ، بۆ ئەوەی وەک ئەکتەرێکی جەمسەر لە سیستمەکەدا مەزەندە بکرێ و رۆڵ بگێرێ. لە روانگەی کێنس والتز، دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی فرەرەهەند دەوڵەمەند و دارایە، دەتوانێ لە لوتکەی جەمسەرەکەدا جێ بگرێ. بە وتەی والتز خاوەنایەتی هێز و وزەی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بوونی حەشیمەت، رووبەرێکی بەرچاو و فراوان، توانا و وزە ئابوورییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، هێزی نیزامی، خۆرێکخستنی خێرا و تۆکمە لەو تایبەتمەندیانەن کە دەوڵەتێک دەکەنە ئەکتەری یەکلاکەرەوە و لە ئاستی سیستمی نێونەتەوەیی‌دا دەبێتە جەمسەرێکی کاریگەر. بە وتەی یەکێک لە کارناسانی سەر بە قوتابخانەی رێالیزم، ئەکتەری ناسراو بە جەمسەر بە دەوڵەتێک یان هاوپەیمانەتی چەند دەوڵەتێک دەگوترێ، کە بە چوونە نێو یان دەرچوون لە پرۆسەیەک، قەوارە و ساختاری سیستمی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

بە گوێرەی تیۆری رێالیزم، کۆنسێپتی جەمسەرایەتی لە ماوەی چەند قۆناخی جیاوازدا دەرکەوتوە و شکڵی گرتوە. لێکدانەوەکان لە سەر قۆناخەکانی سیستمی نێودەوڵەتی جیاوازن. بەشێک لە شارەزایان، سەرهەڵدانی جەمسەرگەرایی لە پێوەندیەیە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەردەمی دوای رێککەوتنی وێستفالْ(١٦٤٨) دەگێڕنەوە، کە هەتا کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی چەند جەمسەری بووە. بە باوەڕی بەشێکی دیکە، قۆناخی چەند جەمسەری لە سیستمی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨١٦ دەست پێدەکا و هەتا ساڵی ١٩٤٥ درێژەی هەیە. سیستمی نێودەوڵەتی لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا کۆتایی شەڕی سارد دوو جەمسەری بووە، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت رێبەرایەتیان دەکرد. پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی ناسراو بە سارد، شارەزا و پسپۆڕانی پێوەندیەیە نێودەوڵەتیەکان لە سەر جۆری سیستمی جیهانی هاوڕا نین. ئەگەرچی باس لە سیستمی یەکجەمسەری دەکرێ، بەڵام هێشتا سیستمی جیهانی لە ماوەی ٢٦ ساڵی رابردوودا بە جۆرێک شکڵی نەگرتوە، کە تاریفێکی راستەوخۆ و کۆنکرێتی هەبێ.

لیکۆڵەرەکان لە پێناوی جیاکردنەوەی ساختار و قەوارە لە پێوەندیەیە نێودەوڵەتیەکان لە تێرمی یەکجەمسەری کەڵک وەردەگرن. لەو سیستمەدا دابەشبوونی دەسەڵات بە جۆرێکە، کە زلهێزی تاقانە راگری سیستمەکەیە و لە

بواری کولتوری، ئابووری و نیزامیەوە شوێندانەر و یەکلاکەرەوەیە. لەو سیستمەدا زلهێزە گەورەکە دەتوانێ پرسە گرینگەکان چارەسەر بکات و ئەکتەرە بچووکترەکان بە تاک و بە شێوازی هاوپەیمانەتی ناتوانن رێگری جیددی لە جێبەجێکردنی پلان و سیاسەتەکانی جەمسەری تاقانە بکەن. لە تێڕوانینی ڕیالیستە کلاسیک و تەنانەت ریالیستە نوێیەکاندا پرسی بالانسی دەسەڵات لە سیستمی یەکجەمسەری ئەگەرێکی دوورە. لە خوێندنەوەی ئەواندا هەر کاتێک بالانسی هێز هاتە کایەوە، بە مانای نەمانی یەک جەمسەرییە. لە سیستمی دوو و چەند جەمسەریدا بالانسی هێز کۆڵەکەیەکی گرینگی درێژەدان بە رەوتی ناسراوە. ئەکتەرە گەورەکان ناچارن، لە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو بالانسە بسازێن.

مێژووی چەند سەت ساڵەی دەوڵەت و پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان (کە زیاتر رۆژئاوایی سەنتەرە) ئاشکرای دەکات، کە زلهێز و جەمسەرەکانی هێز لە رەوتی رووداوەکاندا ئاڵوگۆڕی بەرچاویان بەسەردا هاتوە. ئەوان بە گوێرەی کامڵبوونی دەوڵەتەکان و گەشەکردنە هەمەلایەنەکان شکڵ و قەوارەیان گۆڕاوە و تاکتیک و ستراتیژیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. بە واتایەکی دیکە، ئامرازەکانی هێز و سەپاندنی ئیرادە و جۆری بەرژەوەندییەکان لە قۆناخە جیاوازەکانی سیستمی جیهانیدا کاریگەر و شوێندانەر بوون. بۆ وێنە، زلهێز و وڵاتانی وەک بریتانیا، فەڕانسە، رووسیە، پڕوس و ئیسپانیا لە قۆناخی ناسراو بە چەند جەمسەری( پاش ١٦٤٨ یان ١٨١٦) بە هۆی خاوەنایەتی هێزی نیزامی و دەریایی ئەکتیو و بەهێز دەرکەوتوون. هێز بە رێژەی جیاواز لە نێوان چەند جەمسەر و زلهێزێکدا دابەشکرابوو، بۆیە ئەوان زیاتر لە زلهێزە ناوچەییەکان، لە سەر رەوتی رووداوەکان کاریگەر و یەکلاکەرەوە بوون. لەو سەردەمەدا توانای ئەکتەرەکان و جیاوازیی نێوانیان بە رێژەی سەردەمی جووتجەمەسەری(١٩٤٥ هەتا ١٩٨٩) بەرفراوان و قووڵ نەبوون. لە سەردەمی شەڕی سارد ئایدۆلۆژی، ستایلی دەوڵەتداری، سیستمی بەڕێوەبەری و ئابووری لە نێوان دوو جەمسەردا کاریگەریی هەمەلایەنەی لە سەر زۆر بەستێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و نیزامی دەوڵەتەکانی جیهاندا دانابوو.

لە دوای رووخانی دیواری بێرلین و کۆتایی هاتنی کێبەرکێی توند و هەمەلایەنەی نێوان دوو زلهێزی گەورەی جیهان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، شارەزا و لێکۆڵەرانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر سیستمی تازەی جیهانی و چەندایەتیی جەمسەرکان کۆک نەبوون. بەشێکیان لە سەرەتای نەوەتەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون، کە رەنگە لە دوو جەمسەری بەرەو چەندجەمسەری بگەڕێنەوە. چارڵس کراوتم لەو سەردەمەدا

لە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو، کە لە وتارێکی گۆڤاری کاروباری دەرەوەدا(ئەو گۆڤارە لە ئەمریکا دەردەچێ) باسی لە تاکجەمەسەری کرد. ناوبراو لە نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە سیستمی جیهانی لە دوو جەمسەریەوە بەرەو چەندجەمسەری ناڕوات و قۆناخی یەکجەمسەری دێتە کایەوە، کە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەبێتە ناوەندی یەکەمی هێز لە جیهاندا.

لەو سەردەمەدا ئەمریکا بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، لە سیستمی نوێی جیهانیدا نەخشی هێزی تاقانەی دەگێڕا و لە زۆر بواردا بە رادەیەکی بەرچاو وەپێش کۆنە زلهێزەکان کەوتبۆوە. سیستمی ناسراو بە یەکجەمسەری لە ماوەی نیزیک بە دوو سەدەی رابردوودا، کەمتر بەم شێواز و فۆڕمە دەرکەوتبوو. شایانی باسە کە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا خاوەنی دەسەلاّت و هێزی بەرچاو بوو، بەلاّم لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا زۆر ئەکتیو نەبوو. لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دواتر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و لە ئاکامی توانا بەرچاوەکانی بوو بە ئەکتەرێکی کارا و لە سیستمی نێودەوڵەتیدا نەخشی رێبەرایەتی و بڕیاردەری بە بالاّ بڕا. ئەو ولاّتە بە بوونی هێزێکی گەورەی نیزامی(زەمینی، ئاسمانی و دەریایی) و هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح بۆ ئەو بەشە، چەکی ناوکی، ئابووریەکی بەهێز و ئامادەبوونی لە کەلێن و قوژبنی جیهان بە سەر کۆنە رقەبەر و زلهێزەکەی دیکەدا زاڵە.

ئەمریکا بە هەموو تواناوە هەوڵی پاراستنی پێگە و جێگەی خۆی دەدات و تێدەکۆشێ وەک زلهێزێکی تاقانە لە قەیران و رووداوەکانی دنیادا دەرکەوێ. بە گوێرەی خوێندنەوە مێژووییەکان سیستمە جیهانیەکان بە ئاسانی ناگۆڕێن و رەنگە سێبەری تاکجەمسەری بە ئاسانی لە سەر روومەتی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان نەڕەوێتەوە. بە واتایەکی دیکە، تێکچوونی ئەو سیستمە پێویستی بە گۆڕانی سەنتەری هێز و دەرکەوتنی زلهێزی رقەبەر هەیە کە زۆر جار ئاکامی داڕمانی گەورەهێز یان هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و شکڵگرتنەوەی ساختاری تازە لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکانە. ئەمڕۆ زلهێزی تاقانە لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئابووری، نیزامی، تێکنۆلۆژی، لێکۆڵینەوە لە بۆشاییەکانی ئاسمان، بازرگانی و کولتووردا کاریگەریی بەرچاو و تەنانەت یەکلاکەرەوەی هەیە. لەو نێوەدا تەنانەت باس لە زاڵبوونی زمانی فەرمی ئەو زلهێزە دەکرێ، کە لە دنیادا وەک زمانی سەردەست و پێویست دەکار دەهێنرێ و لە زۆربەی بەستێنە جیاوازەکانی زانست، کولتوور، تێکنۆلۆژی و پەروەردەدا بە سەر زمانە باوەکانی دیکەدا زاڵە.

باس لەوە دەکرێ کە سەردەمی یەکجەمسەری هەتا ۲۰۰۳ کە شەڕی عێراق دەستی پێکرد، بە چڵەپۆپەی خۆی گەیشتبوو. لەو سەردەمەدا ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و زلهێزە کۆنە رقەبەرەکەی، شەڕی عێراقیان دەست پێکرد. دوای ئەو قۆناخە و سەرهەڵدانی زنجیرە قەیرانێکی زیاتر لە کەلێن و قوژبنی جیهاندا و دەرگیربوونی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوە لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەو قەیرانانە، دەرفەتی دەرکەوتنی زلهێزی ئابووری خوڵقاند. بە باوەڕی بەشێک لە ڕیالیستەکان سیستمی ئەمڕۆی جیهانی سێ جەمسەرییە، کە ئەمریکا، رووسیە و چین دەکەونە بازنەی زلهێزە پلە یەکەمەکان. شایانی باسە کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا زلهێزی مامناوەندی هەن، کە دەکەونە خانەی پلە دووهەمەکان. جیاوازی ڕیالیستەکان لەوە سەرچاوە دەگرێ، کە سەرچاوەی دەسەڵاتی زلهێز لە کوێوە دێن و چۆن ڕێژەکەیان هەڵدەسەنگێنن. بە گوێرەی خوێندنەوەی ڕیالیستەکان زلهێزەکان لە سەر ستاتوس و جێگە و پێگەی خۆیان کێبەرکێی دەسەڵات و هێز دەکەن. بەهێزبوونی چین لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئابووری و تێکنۆلۆژی چیرۆکی دەرکەوتنی زلهێزێکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هێشتا نەکەوتۆتە سەر هێڵی ئەکتیوکردنی سیاسەتی دەرەوە و شوێندانەربوون لە سەر رەوتی ڕووداوەکان لێرەوە و لەوێ. چین خاوەنی کولتوور و سیستمی سیاسی تایبەتە، کە توانای ئیدارەکردنی هێمنانە و نەرمی پرسە نێوخۆییەکانی نییە و بە هێزی رووت گرفتە نیوخۆییەکانی پووشبەسەر کردووە. ئەو فاکتەرەش لە سەر ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی چین کاریگەرە، چونکە چین ناتوانێ بە ڕێژەی گەشەکردنی ئابووریی و تێکنۆلۆژی، لە جیهاندا وەک ئەکتەریکی جەمسەر سیاسەت بکا.

شایانی ئاماژەپێکردنە کە بێجگە لە بازنەی جیهانی، لە بازنەی بچووکتردا زلهێز و دەوڵەتی مامناوەندی لە هەموو کەرتەکانی سەر گۆی زەوی هەن. تەنانەت لە ناوچە و هەرێمێکدا دەکرێ باس لە دابەشکردنی دەسەڵات و هێز و هەروەها بوونی جەمسەر و پاشکۆی جەمسەر بکرێ. بۆ وێنە لە کەرتی ئورووپا و پاش شەڕی سارد بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان و رووسیە بە چوار زلهێزی ناسراو پێناسە دەکرێن. رووسیە لە ریزی ئەواندا لە بواری نیزامی بەهێزترینیانە و لە بازنەی زلهێزی پلە یەکەمەکاندا بە ئەژمار دێ، بەڵام ئەوانی دیکە دەکەونە بازنەی پلە دووهەمەکان. سێ وڵاتی بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان بە هاوکاری ئەمریکا دەبنە جەمسەری بەهێز، بۆیە لە کەرتی رۆژهەڵاتی ئورووپا و لە سنووری ژێر دەسەڵاتی کۆنی رووسەکاندا لەگەڵ رووسیە شەڕی خۆسەلماندن دەکەن.

ئەمریکا لە بواری نیزامی‌یەوە بە هێزی یەکەمی جیهان بە ئەژمار دێ، کە بە گوێرەی هاوپەیمانەتی لەگەڵ وڵاتە ئوروپاییەکان لە ئاشتی و شەڕدا و لە چوارچێوەی رێکخراوی ناتۆدا هاوپەیمانەکانی دەپارێزێ. لە ماوەی ساڵانی رابردوودا و لە هەناوی قەیرانی ئۆکراین، سووریە و هتددا هەوڵدراوە کە باس لە پێویستیی سیستەمی چەندجەمسەری بکرێ. لە روانگەی لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە، کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە یەکجەمسەردا کێشە و ئاژاوەی زۆرتر دەخوڵقێنێ و باڵانسی هێز تێک دەدا. رووسەکان لە هێنانە پێشی دەستەواژە و سیستەمی چەندجەمسەری وەک کەرەستەی سیاسەتەکانی خۆیان و هەروەها رامکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا کەڵک وەردەگرن.

لە سەر کاریگەری جەمسەرەکان لە سەر ئاسایش و ئاشتی جیهان روانگەکان جیاوازن. کارناسان و شارەزایانی تیۆری تایبەت بە جەمسەربەندی‌یەکان لە سەر تایبەتمەندی و کاریگەریی جەمسەرەکان لە سەر ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی هاوڕا نین. لەو نێوەدا بۆ تێگەیشتن لە سروشت و جۆری جەمسەربەندی‌یەکان لە پانتایی جیهان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بەراوردکاری ئەنجام دراون، کە لە ئاکامدا بە شێوەیەکی رێژەیی خاڵە جیاواز و زەقەکانی سیستمە یەک- و دوو- و چەندجەمسەری‌یەکان شی کراونەوە. مێژووی چەندسەت ساڵەی دەوڵەتی مۆدێرن و پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان دەری‌دەخا کە لە سیستمە چەند جەمسەرەی‌یەکەدا شەڕە گەورەکانی جیهان هەڵایساون و قەیرانی گەورە سەریان هەڵداوە. لە سەردەمی شەڕی سارد و دوو جەمسەری‌دا شەڕ و قەیران بەردەوام بوون، بەڵام بوونی چەکی ناوکی و کۆمەڵکوژ و ترس لە هەڵگریسانی شەڕی وێرانکەر زلهێزەکانی لە شەڕی راستەوخۆ دوور خستۆتەوە. لە دوای کۆتایی شەڕی سارد و لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و سیستمی ناسراو بە یەکجەمسەری کێشە و قەیرانەکان لە زۆر ناوچەی جیهان درێژەیان هەبوە، بەڵام لە نێوان زلهێزە پەلە یەک و دووەکاندا روبەڕوبوونەوەی راستەوخۆ روینەداوە. فاکتەری سەرەکی لە سەرهەڵنەدانی شەڕی گەورەی نێوان زلهێزەکان لە دووجەمسەری و چەندجەمسەری‌دا زیاتر لە مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و ناوکی‌یە، کە هەتا ئەمڕۆ دەست و پەلی زلهێزەکانی بەستوە.

لە روانگەی بەشێک لە لایەنگرانی قوتابخانەی رێالیزم سیستمی یەکجەمسەری باشتر دەتوانی ئارامی و ئاسایش بپارێزێ. بە تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەوان، ئەمریکا تێکۆشاوە، شەڕی گەورە لە نێوان زلهێزەکان هەڵنەگریسێ، چونکە لە شەڕە گەورەکاندا هێژمۆنی زلهێزەکان باوی نامێنێ و بێبایەخ دەبن. لە بارودۆخی یەکجەمسەری‌دا دەوڵەت و زلهێزە مامناوەندی‌یەکان بە تەنیا دەرەقەتی زلهێزی گەورە نایەن و کۆکردنەوەی هاوپەیمانەتی بۆ

دژایەتی کردن و رقەبەرایەتی هێزە گەورەکە، کارێکی ئاسان نییە. رەنگە بۆ زۆربەی دەوڵەتەکان سازان و گونجان لەگەڵ دەسەڵاتی گەورە و هەروەها قبووڵ کردنی هاوسەنگیی هێز تاقە ڕێگای ژیانێکی ئارام بێ. لە روانگەی تیۆری سەقامگیری هێژمۆنیدا، ئاسایش و ئارامی لە بوونی تاکە جەمسەریدا زیاتر دەپارێزرێ. بە گشتی قەیرانەکان لەو جۆرە سیستمەشدا کۆتاییان نایەت و کەم و زۆر لە کەلێن و قوژبنی دنیادا ئاژاوە و کێشە نێوخۆیی و ناوچەییەکان دەبینرێن، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی گەورە لە نێوان زلهێزی یەکەم و ئەوانی دیکەدا ئەگەری کەمترە.

لە ماوەی چەند سەدەی رابردوودا، مرۆڤایەتی شارەزایی لە سروشتی دەوڵەتداری و پێوەندیيە نێودەوڵەتیيەکان بە شێوەیەکی رێژەی بەدەست هێناوە. لە کایە گەورەکاندا دەوڵەتە بچووکەکان پاشکۆن و گەورە زلهێزەکان بە گوێرەی توانا و بەرژەوەندیيەکانیان لە سەر رەوتی رووداوەکان شوێندانەرن. ئەگەرچی سیستمی پێوەندیيە نێودەوڵەتیيەکان لە داهاتووشدا لە ژێر حوکمی ئەو یاسا سروشتیيە دەرناچێ، بەڵام سروشتی سەردەم، جۆری دەوڵەتەکان، ئاستی گەشەکردنی تێکنۆلۆژی و هتد. لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی جەمسەرەکانی دوارۆژ کاریگەر دەبن.

لەو سەرچاوانەی خوارەوە سوود وەرگیراوە:


Fred Blombergs (2016) Suomen Turvallisuuspoliittisen ratkaisun lahtkohtia, Maanpuolustuskorkeakoulu, julkaisusarja 1:.Tutkimuksia nro 4
https://www.doria.fi/xmlui/bitstream/handle/10024/124431/Blombergs_verkkoversio_2016-2.pdf?sequence=2

Alida Tomija (2014) Polarity and International System Consequences, Interdisplinary Journal of Research and Development Vol (I), No.1, 2014, “Alexander Moisiu“ University, Durros, Albania

file:///C:/Users/xelk/Desktop/Polarity%20and%20international%20system%20consquences%20Research%20article.pdf

Eirik B. Lundestad and Tor G. Jakobsen (2013) ,A Unipolar World: Systems and Wars in Three Different Military Erashttp://www.popularsocialscience.com/2013/02/05/a-unipolar-world-systems-and-wars-in-three-different-military-/eras

لە ژمارە ٦٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە
2016/09/20

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## پرسی ئەگەری پێوەندی نێوان حدکا و عەرەبستانی سەعودی

لەو رۆژانەدا، لە بەشێک لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا باس لە پێوەندی نێوان عەرەبستانی سەعودیی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ. ئەو باسە پاش بەشداری کردنی حەمە نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا، لە جێژنی سەربەخۆیی عەرەبستانی سەعودی لە شاری هەولێر زیاتر قسەی لە سەر دەکرێ. لەو پێوەندییەدا بەشێک لە مێدیای فارسی زمانی دەرەوەی وڵات وەک بی بی سی تێکۆشاون، بەرپرسانی حیزب بدوێنن و روانگەی ئەوان لە سەر بوون یان نەبوونی پێوەندی لە گەڵ عەرەبستانی سەعودی بزانن. لەو نێوەدا مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتی حدکا و شاهۆ حوسێنی وەک نوێنەری حیزب لە ئورووپا لە بەرنامەی جیاوازی بی بی سیدا بوونی پێوەندی لە گەڵ عەرەبستانی سەعودیدیان رەت کردەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە، کە ئەوەی کە باسەکەی زۆر ئاڵۆز کردوە، سەردانی چەند کەسیکی سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە عەرەبستانی سەعودییە، کە بە جلوبەرگی سپیی تایبەت بە بەڕێوەبردنی رێورەسمی حەج، خەریکی قوماری سیاسی بوون، کە وەک تاک خۆیان لێی بەرپرسن.

کوردەکان بە گشتیی و بە تایبەت رۆژهەڵاتیەکان زیاتر لە هەمووان پێویستیان بە دروستکردنی پردی پێوەندی لە گەڵ دەوڵەت و نەتەوەکانی دیکە هەیە. ئەوان زیاتر لە هەمووان ئابلۆقە دراون و کەمترین دەرفەتیان بۆ خوڵقاوە. بۆیە زۆر ئاسایی و سروشتییە، کە بۆ بەرپەرچدانەوەنەوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتە سەردەستەکانی بەرامبەر بە کورد، وەرچەرخان لە سرووشتی پێوەندییەکاندا بێتە کایەوە و کوردەکان زیاتر لە جاران لەو مەیدانەدا کارا و ئەکتیف بن. مەرجی سەرەکی و قبوڵکراو ئەوەیە، کە پێوەندییەکان لە گەڵ هەموو

لایەک خاوێن و پاراو بن و کەسی شیاو بەڕێوەیان ببات. بە واتایەکی دیکە، لەو پێوەندییانەدا شکۆ و گەورەیی بزوتنەوەی رەوای کورد و مافی مرۆڤ فیدای مەبەست و قازانجی تاکە کەسیی و حیزبی نەکرێن. شایانی باسە، کە لە کۆنەوە باوەڕم بە پەرەپێدانی پێوەندی پارتە سیاسییەکان لە گەڵ جیهانی دەرەوە و وڵاتانی عەرەبی بوە. لەو پێوەندییەدا ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، لە پێوەندییەکی تەلەفوونیدا پێشنیاری دروستکردنی ئەو پێوەندییانەم بە حدکا کردوە، کە لە بەرژەوەندی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد لە رۆژهەڵاتدا کەڵکی لێوەرگرن.

سیاسەت و ئەخلاق تێکەڵی یەکترن و کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە مافە رەواکانیان ناکرێ لەو یاسایە دەرچن. سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی پارتی سیاسی، بە بایەخ و مۆراڵی تێکۆشانی رەوا و بەرحەق پێناسە دەکرێ. بۆ دەرچوون لە ژێر پاڵەپەستۆی قورسی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و راستکردنەوەی بالانسی هێز بۆ بەهێزکردنی خەباتی هەمە لایەنەی کوردان، گرتنی پێوەندی دیپلۆماسی لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی و بۆ وینە لە گەڵ عەرەبستانی سەعودی، کارێکی رەوا و رێگەپێدراوە. لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ئێمە ناتوانین مەرجی خۆمان بە سەر هەموو لایەنەکاندا فەرز کەین و گرینگە، کە لە شەترەنجی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەراست تێگەیشتنی دروستمان هەبێ. ئێران کێشەی کۆن و قوڵی لە گەڵ عەرەبستانی سەعودی هەیە و ئێران بە درێژایی مێژووی چەند سەت ساڵە سیاسەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە کوردان رەچاو کردوە، بۆیە زۆر رەواو و لۆژیکییە، کە کوردەکان لەو نێوەدا کێشە و کینەی دوو وڵات بە قازانجی خۆیان بەکار بێنن. بۆچی ئێران عەرەبی لوبنانی بۆ تیرۆری د. سەعید لە ئاڵمان بە کاربێنێ، بەڵام کوردەکان مافی ئەوەیان نییە لە گەڵ نەیارەکانی ئێران پێوەندییەکی رواڵەتیان هەبێ؟ لە شەڕ دژ بە دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان پێویستمان بە کەرەسە و پاڵپشتی نێوخۆیی و دەرەکی هەیە و تەنیا بە حیسابی رەوایەتی ناکرێ شەڕی دیکتاتۆر و چەوسێنەرە مێژووییەکان بکەین.

پارتە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، لە کاتی ناچاریدا پەنایان بۆ دەوڵەتی جیران بردوە و زۆربەیان تەنانەت لە پێوەندی دیپلۆماسی تێپەڕیان کردوە. مێژووی نێوسەدە تێکۆشانی پارتە کوردییەکان بە ئاشکرا دەیسەلمێنێ، کە کام هێز لەو مەیدانی پێوەندیی و دیپلۆماسیدا درزی گەورەی داوە و دەستە گوڵی بە ئاودا داداون. کوردەکان بۆ راستکردنەوەی باری خواری خەباتیان پێویستیان بە شارەزایی و دەزگا و بونیاتی بەرپرس هەیە و ئەگەر وەک جاران سیاسەت بکەین، بێگومان لە کۆتایی گەمەکەدا دەست بەتاڵ و مایەپووچ دەردەچین. بۆ تیگەیشتن لەو پرسە، گەڕان بە دوای مێژووی هاوچەرخی کورد و پارتە سیاسییەکان و هەروەها ناسینی سیاسەتی

دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان بەرامبەر بە کورد و کوردستان، بە ئەلف و بێی تێگەیشتن لەو بارودۆخە دەژمێردرێن. چ لۆژیکێک حوکم دەکات، کە کوردی رۆژهەلات وەک نیزامی ئاخوندەکان لە گەڵ عەرەبستان و باقی وڵاتانی دیکەی ناوچە هەڵسوکەوت بکات؟ ئێرانێک کە لە هەموو سەردەمەکاندا تێکۆشاوە کوردەکان و گەلانی دیکە لە بنج و بناوانەوە لە بەر یەک هەڵتەکینێ، چ بایەخێکی بۆ ئێمەمانان هەیە؟ لۆژیکی بەگژداچوونەوەی زاڵم و سەرکوتکەرەکان لە کۆنەوە ئەو دەرفەتەی بە مەزڵووم و مافخوراوان داوە، کە لە پێناوی پاراستنی خۆیان و خاکەکەیاندا یار و یاوەر بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

پێوەندەییە دەرەکیەکانی کوردەکان لە گەڵ جیهانی دەرەوە و دەوروووبەردا، بەو مەرجە رەوا و رێگە پێدراون، کە زەبر لە پرسی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەدەن و مافی دێموکراتیکی مرۆڤەکان لە وڵاتی خانەخوێ خەوشدار نەکەن. بۆ وێنە، ئەگەر لە گەڵ عەرەبستانی سەعودی، میسر یان هەر وڵاتێکی دیکە پێوەندی دیپلۆماسی هەیە، رەوا نییە کە نوێنەری پارتێکی کوردی لۆژیکی دیپلۆماسی لە بیر بکات و لە مێدیا و راگەیاندنەکاندا پڕوپاگەندە بۆ ئەو دەوڵەتانە بکات. بۆ سەرکەوتن لەو گۆڕەپانەدا، کادری شارەزا و خاوەن باوەڕمان پێویستە، کە لە پێناوی دەرکەوتن لە رۆژنامە و تی ڤیەکاندا یاسای کار پێشێل نەکەن و کاتی دیدار بە وێنەگرتن و راوەستان بۆ وێنەی یادگاری نەکوژن. بۆ کورد و پارتە سیاسییەکان دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتان کاریکی ئاسان نییە، بەڵام لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کەم و زۆر لە ژێر تیشکی بەرژەوەندییەکانی ئەم و ئەودا جوڵەیەکی دیپلۆماسی و هتد. دەکرێ. بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بناخەی پێوەندی لە گەڵ دەوڵەت و وڵاتان، رەچاوکردنی ئەو رێککەوتننامەیە، کە کاتی خۆی لە گەڵ حیزبی بەعسی عێراقدا کردبووی. ئەو جۆرە لە رێککەوتنە دەست و پێت نابەستێ و ئازادی بڕیاردان و دەربڕینی هەڵوێستت لێ زەوت ناکات. لە بەرامبەر دوژمنێکی هار و هاج و فێڵبازدا، ناکرێ دەست بەردەیەوە و چاوەڕوانی موعجیزە بکەی. بۆ کوردەکان رەوایە بە شێوازی رێگەپێدراو پەرە بە پێوەندییە دەرەکییەکان بدەن و رێگا نەدرێ، خەباتی پارچەیەکی کوردستان لەوە زیاتر فیدا بکرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد

**(بەشی یەکەم)**

تێڕوانین لە جیهان، گۆی زەوی و دابەشکاری جۆغرافیایی و سیاسی لەگەڵ زۆر راستیی تاڵ و وشک ئاشنامان دەکا. لەو ژینگەیەدا لاوازان پەراوێز خراون و تەنانەت لە مافی خاوەنایەتیی خاک و چارەیخۆنووسین دابڕێندراون. ئێمەی کورد لە کۆنەوە، نەخشی شوینکەوتە و پاشکۆیەتیمان بە باڵا بڕاوە و لەدوای گەل و نەتەوەکانی دیکەی جیهان لەگەڵ چەمک و دیاردەکان ئاشنا بووین. ئێمە وەک تاک و کۆ هێشتا لە سەدەی ٢١دا ئازایەتیی خۆناسین و داواکردنی ویست و داخوازەکانمان بە شێوەیەکی کۆنکرێت و تۆکمە نییە. ئێمە لە جیهانی ناسنامەکاندا خۆمان لێگۆڕاوە و شەکەت و ماندوو، داگیرکەر و خۆمان بە سروشتی لۆژیکی شوناس بۆ جیاناکرێتەوە. هاوار و کردەوەکانمان لەسەر بنچینەی ناسنامە شێواو و پەرتەوازەکەمان، هێزی گۆڕانیان نییە و لە نیوەی رێگادا دەوەستن. لە ئاکامی خۆنەناسین و نەبوونی توانا بۆ خۆجیاکردنەوە لە ئەوانی دیکە، چاوەڕوانی رزگاریدەری ئاسمانین و لە پێناوی مانەوەدا لە ژێر چنگی داگیرکەراندا سەرکز و ماتین. لەو جیهانەدا نیزیک بە ٢٠٠ دەوڵەت لە ماوەی چەند سەت ساڵێکدا پێکهاتوون و نەخشەی جیهانیان بە تەواوەتی گۆڕیوە. ئێمە لەو بەستێنەدا زۆر لە سەرەخۆین و هێشتا بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی رێگا دەبڕین. مرۆڤەکان لە یەکە سیاسی‌یە جیاوازەکاندا دەژین و لە ماڵ، کۆمەڵگە و قوتابخانەکاندا فێر دەکرێن کە سەر بە چ ئایین، رەگەز، نەتەوە، کولتوور و کەمەنەتەوەیەکن. ئێمەش لەسەر خاکی خۆمان ناچار دەکرێین کە مێژوو، زمان، کولتوور و چیرۆکی نەتەوە سەردەست و دەوڵەتە چەتەکان بخوێنین.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ناسنامەی سیاسی گونجاوە چەند پرسیاریک بورووژێنین کە سنوور ناناسن و لە نێو گەل و نەتەوە جیاوازەکانی سەر تۆپی زەویدا جێکەوتوو و باون. تۆ کێی؟ ئێمە کێین و خاوەنی چ رابردوو و مێژوویەکین؟ کورد بوون چ مانایەکی بۆ ئێمەمانان هەیە؟ تۆ هەڵگری ناسنامەی چ وڵاتێکی و زمانی دایکت چییە؟ لە کوێ لە دایک بوویی و سەر بە چ ئایین و قوتابخانەی دینیت؟ رەگەز و پیشەت چییە و سەر بە چ نەتەوە و کولتوورێکی؟ ئەو پرسیارانە لە جیهانی ئەمڕۆدا نامۆ نین، بەڵام لە سەردەمی کۆندا بێ بنەما و نامۆ. کاکڵەی ئەو باسە لە سەردەمە جیاوازەکاندا کەموزۆر رەنگ دەگۆڕێ، بەڵام هەناوی ناگۆڕێ و هەڵگری مانا و بایەخی قووڵە.

ئەو پرسیارانە بە تێکڕا باس لەوە دەکەن، کە ئێمە یان ئەمن چ پێوەندیەکم لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەورەبەردا هەیە و لەگەڵ کامانە خاوەنی رابردوویەکی هاوبەش، ئەمڕۆیەکی پێکەوە و دوارۆژێکی وەک یەکین.

ئایدێنتیتی وشەیەکی تێکەڵاوی زمانی لاتینە کە لە دوو بەشی ئیدێم و ئینتێتی پێکهاتووە. بەشی یەکەم "ئیدێم" بە مانای هاوشێوە، وەکوو یەک یان لێکچوو دێ و بەشی دووهەم "ئینتیتی" مانای تێکڕا و هەموو دەدات. ئەو وشەیە ئاماژە بە سەرجەم یان تێکڕا دەکات کە وەکیەک و هاوشێوە دەمێنێتەوە و لە ئاڵوگۆڕە گەورەکانیشدا هەوێنی لە دەست نادات. شوناس لە روانگەی ئەندامانی کۆمەڵە مرۆڤێک، گەل و نەتەوەیەک مانا و ئاماژەیەکی هاوبەش دەدات. تێگەیشتن لە ناسنامە بەندە بەوەی، کە لە چ روانگە و زانستێکەوە هەڵدەسەنگێندرێ. ناسنامە لە ئاستی تاکدا زیاتر بواری سایکۆلۆژی و ناخ و "خۆ" دەگرێتەوە، بەڵام لایەنە تێکڕاییەکەی دەرکەوتەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتیە. لە تێڕوانینی "ستوارت هاڵ" ناسنامە بە سەر سێ بازنەی زەمەنیدا دابەش دەکرێ. یەکەم ئەو بەشە کە مرۆڤ بە لەدایکبوون وەری دەگرێ و وەک تاکێکی تەواو و خاوەن هزر، تێگەیشتن، زانیاری و تێکۆشان هەڵگریانە. دووهەم بازنە بریتیە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، کە وەک بازنەی یەکەم سروشتی و ئوتوماتیک نییە، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەورووبەردا شکڵ دەگرێ. سەمبول، بایەخ و ماناکان لەو قۆناخەدا کارا و شوێندانەرن. بازنەی سێهەم، باس لە بازنەی پۆستمۆدێرن دەکات کە زۆر کۆکراوە و تۆکمە نییە، بەڵکو پەرتەوازە و لێکدابڕاوە. ئەو جۆرە لە ناسنامە لە چەند ژێرشوناس پێکهاتوە کە رەنگە لەگەڵ یەکتردا ناتەبا بن.

ناسنامە رەوتێکە کە بەردەوام لە ئاکامی پێوەندیە نێوخۆیی و دەرەکیەکان، سروشتی ژینگە و تێڕوانینی ئەوانی دیکە، روخسار دەگۆڕێ. شوناس لە ئانالیز و هەڵلاجی کردندا بە سەر نێوەرۆک، قەوارە و رەوتدا دابەش دەکرێ. شیکردنەوە و تاریفیکی کۆنکرێت لە ناسنامەی مرۆڤ کارێکی گرانە. ناسنامە پرسێکی سەردەمی مۆدێرنە، کە خاوەنی زۆر رەهەند و روخساری جیاوازە. لە سەردەمە کۆنەکاندا مرۆڤەکان وەک ئەندامی کۆمەڵە بچووک و بنەماڵەکان لەسەر ناسنامە و شوناسیان هیچ جۆرە پرسیار و گومانیان نەبووە. لە ئاکامی گەشەکردنی کۆمەڵگە، رووداوی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بەستێنی ژیانی مرۆڤەکان، پەرەسەندنی ژیانی رێکخراوەیی و ئیداری، شوناسی مرۆڤەکان پەلی هاویشت و لق و پۆپی زیاتری لێکەوتەوە. کاتێک مرۆڤەکان لەسەر بناخەی جیاواز، چوارچێوەی جۆغرافی و ئابووریان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد و مێژووی خۆیان داڕشتەوە، تێڕوانیان لەسەر خۆیان و ئەوانی دیکە گۆڕا. لە درێژەی ئەو رەوتەدا، زمان تەنیا بۆ نووسینی کتێب و داڕشتنە ئایینیەکان بەکار نەهات و بوو بە

ئامرازی نووسینی رووداو و زانیارییەکان و بە سێحرێک رابردوو، ئەمڕۆ و داهاتووی پێکەوە بەستەوە. لە بەستێنی ژیانی مرۆڤدا باس و ماناکان بە تەواوەتی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. لە ژێر تیشکی ئەو خویندنەوەیەدا ناسنامەی تاکە مرۆڤێک لە دەورووبەر جیا ناکرێتەوە. کاتێک پرسیار لە خۆم دەکەم، "کە ئەمن کێم؟" بێگومان لەگەڵ پرسیاری "ئێمە کێین؟" گرێدراوە و لە بەستینی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی، کولتووری، ئایینی، زمان و ناوچەی ژیان و هتد بە یەک دەگەن.

ناسنامە لە ئاستی تاک یان کۆدا لێگرێدراوی توخم و ژینگەی پێوەندییەکانی نێوان "خۆ" و "ئەوانە". ناسنامە لەگەڵ داوبەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و زمانەوانییەکاندا گرێدراوە. شوناس مانا و هەوێنی ژیانە، بۆیە بە بابەت و ماتریاڵی لاوەکی و دەرەکی جێگای پڕ ناکرێتەوە. شوناس تێکەڵێکە لە دیالۆگ لەگەڵ خۆ و دەوروبەردا. بۆ وێنە ئێمە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی کورد یان ئەوانی دیکە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی فارس، تورک یان عەرەب، هەوێن و مادده سەرەکییەکانی پێویست بۆ ژیان وەک زمان، مێژوو، شوێنی لەدایکبوون، کولتوور و ئایین لە کۆمەڵگە وەردەگرین. بەشێکی بنەڕەتی لە بەستێنەکانی ناسنامەی ئێمە لە پێوەندی ئێمە و کۆمەڵگەدا و بەتایبەت ئێمە و ئەوانی دیکەدا مانای خۆیان وەردەگرن. بازنەی شوناس و ناسنامە لە بەستێنی کات و سەردەمدا دەکەوێتە ژێر شوێنەواری ئاڵوگۆڕەکان، بەڵام خاڵی جەوهەری ناسنامەی تێکڕایی، وەرچەرخانی گەورە وەرناگرێ. مرۆڤ گیانلەبەرێکە، کە هەللاجی خۆی دەکات و لێکدانەوەی لەسەر خۆی هەیە. ناسنامە لە بنەڕەتدا چیرۆک و گێڕانەوەی خۆمان لە رووداو، دیاردە و خۆمانە، کە وڵامی ئەو پرسیارە تاوتوێ دەکات، کە ئێمە کێین؟

ناسنامە لە بواری سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئایینی، رەگەز، پیشە و هتد لێکدراوەتەوە. لە پەنا چەمکی ناسنامە زۆر چەمکی دیکە وەک گەل، نەتەوە، نەتەوایەتی، هاووڵاتی و نیشتمانی زەق دەبنەوە. لە خوێندنەوەیەکی ساکاردا، ناسنامە بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە بە پێوەندی کۆرپە و دایک و باقی ئەندامانی ماڵ دەست پێدەکا و پەل بۆ کۆمەڵگە و گۆڕەپانێکی بەرینتر دەهاوێژێ. شوناس لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی تاک و تێکڕایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە یان ئەمن کێم، لە هەمانکاتدا دەریدەخات کە ئێمە یان ئەمن کێ نین. بە واتایەکی دیکە خاڵی بەرامبەر بە ئێمە یا ئەمن، ئەوان یا ئەوە، کە لە بەراوردکردن لەگەڵ خۆماندا جیاوازە و هاوشێوەی ئێمە نییە. ئەو جیاوازییە لە شکڵ و شێوەی جیاوازدا دەردەکەوێ کە لە کۆندا لە زمان و ئاخاوتندا زیاتر رەنگی داوەتەوە.

ناسنامەی تێکڕایی و سیاسی بە زەقی لە شوناسی سایکۆلۆژی و تایبەت بە تاک جیا دەبێتەوە و سنووری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبڕێ. شوناسی سیاسی، بە لوتکەی جیاکەرەوەی نێوان ئێمە و ئەوان یان دۆست و دوژمن بە ئەژمار دێ. ئەو پێوەندییە پاسیڤ نییە و لە کردەوەدا ئەکتیڤ و کارایە. ناسنامەی سیاسی و تێکڕایی لە بەستێنی کات و مێژوودا شکڵ دەگرێ. ئەو جۆرە لە شوناسە لەگەڵ هەوداکانی رۆژگار و رووداوەکان تێکەڵە و چیرۆک، سەمبول و رەمزە نەتەوەییەکان یان تێکڕاییەکان لەخۆدەگرێ. بە واتایەکی دیکە سەمبول، رەمز و کۆدە گشتییەکان لە شکڵگرتنی شوناسدا رۆڵی گەورە دەگێڕن. لەسەر بناخەی شوناسی سیاسی، ئەوانی دیکە لە خۆ جیا دەکرێنەوە. گەلان و نەتەوە خاوەندەوڵەتەکان بە شێوازی جیاواز و لە سەردەمی کۆنەوە بەردەوام بە دوای وێنەی خۆیاندا گەڕاون و بۆ باشترکردنی وێنەکەیان پەنایان بۆ ئەفسانە و چیرۆک بردووە. مرۆڤەکان لە رێگای دۆزینەوە و گەشەپێدانی شوناسی هاوبەش خوازیارن کە لاقیان لە سەر ئەرزی بوونی ئەم جیهانە قایم و پتەو بکەن. لە ژێر تیشکی تیۆری ناسنامەی سیاسی بنج و بناوانی زۆر قەیران و کێشەی ئەمڕۆی جیهان دەناسرێن و چارەسەر بۆ بەشێکیان دەستنیشان دەکرێ.

چەمکی شوناس، دۆست و ئەوانی دیکە لە فۆڕمی نێوترال، نەرێنی و دوژمن لە ئاستی لۆکالی، ناوچەیی و جیهانیدا دەردەکەون و رۆڵ و نەخشی کارا لە پێوەندی نێوان دەوڵەتان، گەلان، ئاشتی و شەڕدا دەگێڕن. بۆ وینە لە سەردەمی دوو جەمسەریدا هەر دووک لایەن و تەنانەت دەوڵەتانی هاوپەیمان بە چاوێکی دوژمنکارانە لە کردەوە و سیاسەتی لایەنی بەرامبەریان دەڕوانی. شایانی ئاماژەپێکردنە کە ژمارەیەک شارەزا و خاوەنبیروڕا گرینگیی زۆر بە شوناس لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان نادەن. بە وتەی کەسێکی شارەزا، نیزامی سەرمایەداری پێویستی بە بازاڕە نەک دوژمن. لە بەرامبەردا بە گوێرەی تیڕوانینی زۆر خاوەنبیروڕا، مرۆڤ و مرۆڤەکان بۆ درێژەدانی ژیان بێجگە لە نان پێویستیان بە شوناس و زۆر بابەتی دیکە هەیە. شوناسی سیاسی، دەوڵەت بە تەنیادەزگای تاریفکردنی و دیاریکردنی ناسنامە نازانێ. لەو روانگەوە گەل و نەتەوەکان و تەنانەت کەمەنەتەوە و ئایینەکان بەشێکی کارا و دیاری وێنەکەن و ناکرێ پەراوێز بخرێن. ناسنامە لە بەستێنی هەڵخڕاندن و دامرکاندنەوەی قەیرانەکاندا شوێندانەرە و بە فاکتەرێکی دیار دەناسرێ.

بە گوێرەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی "ویلهۆ هارلێ" شارەزا لە پرسی ناسنامە و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەپاش کۆتایی شەڕی سارد لێکۆڵینەوە لەسەر شوناس و ئەوانی دیکە زیاتر بوون و بە جۆریک کەوتوتە چەقی

زانستە مرۆڤییەکان. کۆتاییەکانی شەڕی سارد بۆ مرۆڤایەتی بە مانای هەڵخڕانی زیاتری هەست و ئۆگری بۆ ناسنامە و شوناسی سیاسی، کولتووری و مافەکان بە ئەژمار دێت. بە واتایەکی دیکە لە دۆخی تازەدا بە فۆڕم و شێوازێکی دیکە جیاوازیەکانی نێوان ئێمە و ئەوان خوێندرانەوە. بۆ زەقبوونەوەی جیاوازیی شوناس و ناسنامە، ئێمە پێویستمان بە بوون و تێگەیشتن لە ئەوانی دیکەیە کە بەستێنی خۆناسینی کۆمەڵایەتی و لە درێژخایەندا سیاسیی کۆمەڵە خەڵکێک ئامادە دەکات. ئەوانی دیکە لە تاریفێکی گشتیدا بۆ ناسین لە بازنەی کرداریدا پێویستیان بە وردبوونەوەیە. دەکرێ ئەو یان ئەوان لە خانەی نێوتراڵ، نەرێنی و لە کۆتاییدا دوژمندا جێ بگرن. لەسەر بناخەی رووداو و بەسەرهاتەکان، لە بیر و زەینی زۆرایەتی یان کەمایەتیی کۆمەڵگەدا وێنەیەک لە دوژمنی راستەقینە یان مەزەندەکراو و نادیار دەخوڵقێ، کە بۆ پرسی ئاسایشی نیشتمانی و وڵاتان سوودی لێوەردەگیرێ. لە رێگای ناساندن و دیاریکردنی روخساری دوژمن قەیران و رووداوەکان باشتر مانا دەکرێنەوە و پرسی بەرەنگاربوونەوە و ئامادەکاری بۆ رووبەڕووبوونەوە زیاتر زەق دەبێتەوە. لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پێوەندی نێوان ئێمەی باش و خاوەنماف لەگەڵ ئەوانی نوێنەری خەراپە و شەڕ، لەسەر بنەمای رەوایەتی چەق دەبەستێ. لە ژێر تیشکی ئەو دیاردەیەدا زۆربەی دەوڵەت و گەلانی بێدەوڵەت و تەنانەت هێزە رزگاریدەرەکان لایەنی بەرامبەریان بە نوێنەری خەراپە و وێرانی دەناسێنن و مافی بەرگریی و پەلاماردان بۆ خۆیان بە رەوا دەزانن.

کوردەکان لە سەردەمی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و پەرەسەندنی هەستی نیشتمانی و تەنانەت بەکارهێنانی زمانی دایک و خۆناسیندا لە دوای زۆربەی گەلانی ناوچەکە بوون. ناسنامەی سیاسیی کوردان پەرتەوازە و ناکۆنکرێتە. کوردەکان خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و نەبوون. ئەوان لە ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵی رابردوودا تووشی چارەنووسی تاڵ و دابەشبوونی زیاتر بوون و هێشتا لانیکەمی مافەکانیان دەستەبەر نەبووە. چیرۆکی کاوەی ئاسەنگەر و دەسەڵاتی مادەکان کاریگەریان لەسەر ئەمرۆی کورد نییە و لە پرسی خەباتی رزگاریخوازیدا مانایەکی کۆنکرێت نابەخشن. هەڵکەوتی جۆغرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان، لەسەر جۆر و چۆنایەتی شکڵگرتنی ناسنامە و شوناسی سیاسیی کوردان بە رێژەیەکی بەرچاو شوێندانەر بووە. مێژووی شەڕە کۆنەکان، رێژەی پەلامارە دەرەکیەکان بۆ سەر خاکی کوردان، زاڵبوونی نەتەوە و دەسەڵاتی ئەوانی دیکە لە کوردستان تەگەرە و کۆسپی لە بەردەم گەشەکردنی سروشتی ناسنامەی تێکڕایی کوردانی خوڵقاندووە. ژیان لە ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەر و تەنانەت چەوسانەوە بە ناوی خوا و ئایین لە ماوەی سەدان ساڵ و دابەشبوون لە نێوان دوو دەسەڵاتی عوسمانی و پێرسیا(ئێرانی کۆن) و دواتر تورکیە، ئێران، عێراق و سوریەدا پرسی شوناسی کوردیان ئاڵۆز کردووە. لە ژێر

پاڵەپەستۆی زۆرداران و پەرتەوازەبوونی نێوخۆییدا، کوردەکان بە شێوەیەکی کۆنکرێت و تۆکمە بەرپەرچی ئەوانی دیکەیان نەداوەتەوە.

ناوچەی کوردان لە سەردەمی گەشەکردن و ڕووناکبیری و دامەزرانی دەسەڵاتی مۆدێڕن، لە زۆر بابەت و دیاردە دوور بووە. ئەوان لەپاش زۆربەی گەلان و خەڵکی دیکەی ناوچە ئاگادار و شارەزای جۆر و چۆنایەتی سیستمی ئیدارە، پەروەردەی مۆدێرن، میدیا و سیاسەت بوون. لە ژێر کارتێکەری دین و بیری نەتەوە باڵادەستەکان زیاتر شوێنکەوتووی خەلیفە و پاشای ئەم و ئەو بوون. لە سەردەمی مۆدێرنیشدا توێژی خوێندەوار لە ژێر ناوی سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، سەرمایەداری و تەنانەت ڕەوتی گلۆبالیزم بە ئاسانی لە لایەن ئەوانی دیکە دەستەمۆ کراون. عەڕەبەکان، فارسەکان، تورکەکان بە تێکڕا لە دین و ئایدۆلۆژییەکانی دیکە کەڵکیان وەرگرتووە و بەرهەڵێخیان بۆ دیواری لەرزۆکی ناسنامەی خۆیان هەڵچنیوە. ئەوان بە ناوی دین، ڕەگەز، سنووری دەستکرد و زۆر چەمکی ڕەنگاوڕەنگ تەنانەت کورد و زۆر نەتەوە و خەڵکی دیکەیان کۆنترۆڵ و دەستەمۆ کردوە. کوردەکان لەو نێوەدا لە دین و دەسەڵاتە دینییەکان و هەروەها دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێڕنی نەتەوە سەردەستەکان تەنیا کەلەپچە و ژێرچەپۆکیان پێبەخشەرا. ئەگەرچی کەسانی وەک خانی لە نووسین و شێعرەکانیاندا ئاماژە بە دەردی کوردان دەکەن، بەڵام تێکڕای کورد شارەزای شوناسی خۆی نەبووە و ئاگاداری لەسەر زمان، مێژوو، کولتور، خاک و هتد وەک پێویست نەبووە.

لە ژمارە ٦٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## (بەشی دووهەم )

مێژووی کوردان پڕە لە دژایەتیی یەکتر و شەڕی یەکترکردن، بەڵام دوور لە سازان و یەکگرتن. شەڕە گەورە جیهانییەکان، شەڕی سارد و سەردەمی تازەش شوناسی شکاو و درزداوی کوردانی تۆکمە و ڕاوەستاو نەکردوە. کوردەکان لە ئاکامی دابەشبوون بە سەر عەشیرەت، هۆز، ئایین و زاراوەی جیاواز و نەبوونی زمانی هاوبەش و

دەسەڵاتی هاوبەش بەردەوام یەکتریان بە جیاواز لە خۆیان پێناسە کردوە. پێوەندی نێوان هێزە سیاسییەکان، هۆز و عەشیرەتەکان لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوودا دەیسەلمێنێ کە کوردەکان چەندە و چۆن یەکتریان خویندۆتەوە و چۆن بوونە داردەستی ئەو دەوڵەت و ئەم نیزام، بەڵام لەگەڵ خۆیاندا هاوشێوەی دوژمن جووڵاونەوە. لە ناخی ناسنامەی تێکڕایی کورداندا هێشتا زۆر وردەناسنامەی پێوەندیدار بە ناوچە، دەوڵەتی سەردەست، ئایین و هتد رۆڵی بەرچاو دەگێڕن. لە ئاکامدا بۆ زۆر کەس رەنگە ناسنامەی ئایینی، هۆز و زاراوەیی بە سەر ناسنامەی سیاسیدا زاڵ بێ. ژێردەستەبوونی کوردان و دابەشبوونیان لە ژێر دەسەڵات و دەوڵەتی جیاواز، ئەوانی تا رادەیەکی زۆر، لەگەڵ زمان، مێژوو، شوناس و کولتووری کورد نامۆ کردووە. کوردەکان خاوەنی یەک ئایینی هاوبەش نین کە هێزی لێوەرگرن و رەنگاوڕەنگی لەو گۆڕەپانەدا هەست و تێگەیشتی خۆناسی لاواز کردوون.

هێشتا لە قۆناخی بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتە سەردەستەکاندا، ناسنامەیەکی تێکڕایی نەخوڵقاوە کە ریزی هەمووان کۆنکرێت و یەکگرتوو بکات. لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بەتایبەت لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا شوناسی کورد لەژێر تیشکی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان تەکانێکی خواردوە، بەڵام هێشتا رەنگدانەوەی رۆژانە و کردەیی لە نێو تاک و کۆدا نەبووە. تێکنۆلۆژی تازە، ئامێرە پێشکەوتووەکان، مێدیای سەردەم و کرانەوەی دەروازەکانی جیهان بە شێوەی ئاسایی و ڤیرچواڵ بەسەر کوردستان و کوردەکاندا بە ئاشکرا تەوژمی شوناسی سیاسی گۆڕیوە. بەشێک لە کوردان و بژاردەیەک لەوان بە دوورکەوتنەوە لە کوردستان و بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ ئەوانی دیکە، شارەزاییەکی رێژەییان لەسەر ناسنامەی خۆیان وەدەست هێناوە. دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی نەخشەی کوردستان لێرە و لەوێ جۆرە تێڕوانینێکی لە نێو هزر و بیری کورداندا بەرهەم هێناوە، بەڵام هێشتا کردەوە و دروشمەکان یەکانگیر نەبوون و زۆر لە یەکتر دوورن. بۆ وێنە لە دەرەوەی وڵات کوردەکان لە بازنەی یەک حیزبدا یان بازنەیەکی چووکتر لە حیزب ماونەوە و لە بۆنە نەتەوەییەکان و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی چەوسێنەرانەی دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکاندا بە شێوەیەکی یەکگرتوو دەرناکەون.

سیاسەتی فەرمی دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان و تەنانەت نەتەوە سەردەستەکانی فارس، تورک و عەرەب دژایەتی کردن و پەراوێزخستنی شوناسی کوردانە. ئەوان بە کوردەکان رەوا نابینن کە وەک گەلێکی خاوەن خاک، زمان، کولتوور، مێژوو و رابردوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. هەرکام لە وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا خاوەنی سیاسەت و رێبازی تایبەت بە خۆیانن و ئامانجی هەموویان پووشبەسەر کردنی پرسی کورد و کوردستانە. ئەوان

چارەسەرکردنی راستەقینەی ئەو پرسە بە زەبری گەورە لە پەیکەری شوناس و جۆغرافیای درۆزنانەی سیاسیی خۆیان دەزانن، بۆیە هەوڵیانداوە لە رێگای سەرکوت و کوشتن بەگژ سیاسەتی مافخوازنەی کوردەکاندا بچنەوە. لە قوتابخانە و زمانە فەرمیەکانی دەوڵەت و نەتەوە سەدەستەکاندا باسێک لە کورد ناکرێ و هەر وڵاتە بە پاساوی جیاواز و کەڵکوەرگرتن لە چەمکی فریودەرانە خۆیان لە شوناسی کورد و مافەکانیان دەدزنەوە. ئەگەرچی کوردەکان لە رووی ژمارەوە بە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان دەژمێردرین، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک پێویست سەرنج و فۆکۆسیان نەخراوەتر سەر. تەوژمی شوناسی سیاسیی کورد جووڵەی بەرچاو ناخوڵقێنێ و هێشتا تۆکمە و کارا دەرناکەوێ، بۆیە لە ئاستی نێوخۆ، ناوچە و جیهاندا بە گرینگی چاوی لێ ناکرێ. لە پارچەکانی کوردستان جووڵەی خۆڕسکی مافخوازانە و بەرین نابینندرێن و پرسەکان زیاتر لە کاناڵی پارتە سیاسیەکان و رێکخستنەکانیاندا دێنە بەرباس. بێدەنگیی و سەرکزی نێوخۆ و سیاسەتی توندوتیژی دەسەڵاتە سەردەست و کولتووری نەتەوەی باڵادەست، بانگی ناسنامەی تێکڕایی کپ کردوە. راپەڕینی باشووری کوردستان و دامەزرانی حکومەتێکی دیفاکتۆ لە باشوور لە ژێر تیشکی رووداوە ناوچەیی و جیهانیەکاندا دەرگای دەرفەتی زۆر و زەوەندی بۆ کوردەکان خستە سەر پشت و قۆناخی زێڕینی بۆ رەخساندن، کە هێشتا لەبەر هۆکارە نێوخۆییەکان سەقامگیر نەبووە. لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان وەرزی چنینیەوەی دەرفەتەکان دەستی پێکردوە و سیاسەتی سەرکوت و توقاندن بۆی نەلواوە کوردەکان بە تەواوەتی لە خۆیان نامۆ بکات. لە رۆژهەڵات کوردایەتی لە بیر و دڵەکاندا کەم و زۆر هەیە، بەڵام لە کردەوە و دەربڕینی نێوخۆدا ئاکاری ناتەبا لەگەڵ ناسنامەی سیاسی دەبینندرێ. لە ئاستی بیر، وتە و کردار تاک و کۆی کورد دەرفەتی دەربڕینی کۆنکرێتی ئیرادە و هەستی خاوەنایەتی کوردستانی بۆ نەڕەخساوە و بە لاوازی لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا دەردەکەوێ.

کوردەکان، لە ژێر پاڵەپەستۆ و بارودۆخی ناچاریدا لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکان بە رواڵەت تەبا و سازاون. ئەوان لەبەر لاوازیی هەستی کوردایەتی و شوناسی تێکڕایی، رەنگە جیاکاری لە نێوان خۆیان و دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا نەکەن. هێشتا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بە بیر، وتە و کردار باوەڕی بەوە نییە کە خاکەکەی لە لایەن هێزێکی دەرەکی داگیر کراوە و نەتەوەکەی لە مافی خۆبەڕێوەبردن بێبەش کراوە. ئەوان لە ژێر کارتێکەری زمان، کولتوور، ترس و زەڕناسنامەی ئێرانی، تورکی، عێراقیی و سوریدا هێشتا لەگەڵ پرسی خۆناسین ئاشنا نەبوون. بەشێک لەو خەڵکە لە کولتوور و زمان و شوناسی خۆیان شۆراون و خۆیان بە کولتوور و بیرۆکەی بریقەداری نەتەوەی سەردەست یان سەردەم هەڵداوەسن. لە مێژووی نوێی جووڵانەوەی کورددا حیزب و

ڕێکخراو سیاسی‌یەکان لەسەر شوناس و هێڵە گشتی‌یەکانی کوردایەتی تەبا و هاودەنگ نەبوون. ئەگەرچی حیزب و پارتە میللی دێموکراتیکەکان ڕێبەرایەتیی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردیان کردوە و لە پاراستنی ناسنامەی سیاسیی کورداندا ڕۆڵی ئەرێنیان گێڕاوە، بەڵام قووڵایی سیاسەت و ستراتیژی بەشێکیان لەگەڵ بنەماکانی ناسنامەی کوردان ناتەبا بووە. بۆ وینە، بەشێک لەوان لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی‌یە کورتماوەکاندا خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی نەبوون و ژومارەیەک لە دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی کوردستانیان بە باش و دۆستی کورد پێناسە کردوە. ئەوان لە پێناوی مانەوە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان پشتیان بە یەک یان چەند دەوڵەتی زاڵ بە سەر کوردستان داوە و بە گوێرەی ویستی خۆیان سوکانی کوردایەتیان سووڕاندوە. لاوازبوونی بەستێنی پەروەردەی نیشتمانی لە ماڵ و نەبوونی پەروەردەی هاوسەنگ و نیشتمانی لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا بەردەوام تاکی نامۆی بەرهەم هیناوە. لە ئاکامی ئەو ڕەوتەدا ژمارەیەکی کەم لە کوردەکان، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکاندا ئامادەی کار و تێکۆشانی کاریگەر بوون. لاوازیی ناسنامەی سیاسی لە ئاستی بەریندا لە سەر پاسیڤبوونی بزوتنەوەی کوردان کاریگەرە، چونکە هێشتا بزووتنەوەیەکی بەرین و کارای لەسەر ئەرزی واقع نەخوڵقاندوە. شکستی بزوتنەوە کوردییەکان لە ماوەی یەک سەدەی رابردوو ئاماژە بە کامڵ نەبوونی هەستی خۆ بو کورد زانین و ناسنامەی تێکڕایی کوردان دەکات، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە ڕێژەی جیاواز بەرچاو دەکەوێ.

خەڵکی کورد لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا ڕۆژانە لەگەڵ کوردایەتی و پرسی ناسنامەی سیاسی هەڵسوکەوت ناکات. ئەوان لە دوورەوە، لە سیاسەت و کردەوەی حیزبەکان دەڕوانن و لە کاناڵی مێدیای دوورەوڵات لەگەڵ بابەتەکان هەڵسوکەوت دەکەن. زۆربەیان لەسەر ڕێژیم، دەوڵەت و نەتەوەی سەردەست هیچ جۆرە وێنەیەکیان نییە و ئەوان بە چاوێکی ئاسایی سەیر دەکەن. لە بازنەی بیرکردنەوەی ئەواندا کردەوە و هەڵوێست ونە و ئاسۆیەکی روون بۆ پاشەڕۆژی خۆیان نابینن. لۆژیک و پلان، لە سیاسەتی کوردی‌دا ونە، بۆیە دەست و جووڵەکان بۆ ماوەیەکی بەردرێژ نین و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو تاو نادرێن. تاکی کورد لەژێر تیشکی پەروەردەی دەوڵەت سەردەستەکان، کولتووری نەتەوەی سەردەست و دوور بوون لە مێژوو، رابردوو، جۆغراڤیا، نەتەوە و ئامانجە ڕەواکان کەمتر توانیویەتی دەستی لە ئەڵقەی شوناسی تێکڕایی گیر بکات. ئەوان جاروبار بۆ خۆ دەربازکردن لەژێر باری بەرپرسیارەتیی نیشتمانی و خۆدزینەوە خۆیان داوێنە باوەشی ناسنامەی گلۆباڵ، ناوچەیی و ئایینی، کە لەسەر کۆی ڕەوتی کوردبوون شوێندانەر نییە. کوردەکان لە ئاستێکی بەرین دا و وەک نەتەوەیەکی سەردەم ئاگاداری

خەم و ژانی یەکتر نین. سیاسەتی بەشێکی زۆر لە پارت و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان کوردەکانی لە بازنەی ناسنامەی حیزبێکی دیاریکراودا هێشتۆتەوە و دەرفەتی پەرەپێدانی کۆد و سەمبولە نەتەوەییەکانی لەباربردووە. لە ئاکامدا بە کردەوە تەوژمی هەستی هاوچارەنووسی کوردەکان لە بەستێنی نیشتماندا لەسەر ڕێچکەی سروشتی گەشەی نەکردوە و پەرتەوازەیی بانگی ناسنامەی کوردانی کپ کردوە. نەبوونی زمانی هاوبەشی خوێندن و نووسین، ئاگادار نەبوون لە رابردوویی خۆیان و ئەوانی دیکە و هەروەها نەبوونی ئازایەتی بۆ شکاندنی سنووره سایکۆلۆژی‌یەکان، زڕە ناسنامەکان و سنووره دەستکردەکان هۆکاری ناکامڵبوونی ناسنامەی تێکڕای کوردانە. شوناسێک، کە بە گوێرەی بەرژەوەندی‌یە جیاوازەکان رەنگ و روخسار دەگۆڕێ و زیاتر گرینگی بە رواڵەت و رووکار دەدات و هزر و بیر پەراوێز دەخات.

تویژی خوێندەواری کورد و پێشڕەوانی ئایینی لەو پێوەندییەدا و بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە و گەلانی دیکەی جیهان کارێکی بەرچاویان نەکردوە. ئەوان لە پەرەپێدان بە زمانی دایک خۆیان بواردووە و هاوشێوەی گەلانی دیکە پێشڕەو و رابەری گەل ویست و خاک خۆشەویست نەبوون. بۆ وێنە مەلای کورد ئەگەر ٥٠٠ ساڵ لەوە پێش هەوڵی وەرگێڕانی کتێبی قورئانیان دابایە و دواتر ئەو کتێبەیان بە کوردی بە خەڵکی باوەڕدار گوتبایەوە، باشتر پەرەیان بە زمانی دایک دەدا. بێجگە لەوە، تێگەیشتن لە خۆ، خوا، ئەوانی دیکە و ژینگەیەکی گونجاوتری بۆ کورد دەخوڵقاند و مافە سروشتیەکانیان بە ئاسانی پێشێل نەدەکران. قەشە و مەلایانی ئایینی لەنێو نەتەوە و گەلانی دیکەدا لە پێشڕەوانی پەروەردە و فێرکردنی زمانی دایک و بەگژداچوونەوەی زاڵم و سەرکوتکەرەکاندا بوون. تویژی خوێندەوار بە هۆکاری چەندایەتی و چۆنایەتی و هەروەها تایبەتمەندی‌یە کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکانی کوردەوە زۆر بە کەمی توانیویانە لە خەباتی بەناو پەرەپێدان بە زمانی دایک، خۆناسین، چیرۆک و مێژوودا پێشڕەوی چالاک بن. زۆربەی شێخ، ئاغا، مەلا، میرزا و رووناکبیر و سیاسیەتکارە کوردەکان لە پرسی ناسنامەدا کێشە و گرفتیان هەبووە، بۆیە لە هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانیاندا کەمتر ئاوڕیان لە دیواری کۆشکی کوردایەتی داوەتەوە. لەو مەیدانەدا پاشکۆیەتی بەشی کوردان بووە، چونکە ئەوان توانای خوێندنەوەی کۆی وێنەکەیان نەبووە، بۆیە لە هەڵاواردنی خۆیان و ئەوانی دیکەدا شارەزا و سەرکەوتوو نەبوون.

کێشەی بەشێکی زۆر لە کوردانی خوێندەوار ئەوەیە، کە تەنانەت بە زمانی دایک بیر ناکەنەوە و بە زمانی فارسی، تورکی و عەرەبی بیر دەکەنەوە، بۆیە لە پرسی ناسنامەی سیاسی و تێکڕاییدا ئامانجدار و ورد نین. زمان بە

گەورەترین فاکتەری بەرهەمهێنانی خەونی نەتەوە و گەلان بە ئەژمار دێ و لە پرسی تێگەیشتن و هەللاجیکردن لە کێشە و چارەسەرەکاندا بە شاکلیل دژمێردرێ. سیاسەتی خۆمەخۆمەی کوردان لە سەدەی ٢١دا هێشتا بەستێنی زمانێکی هاوبەشی نەخولْقاندوە. بە واتایەکی دیکە، لە کاتێکدا هێشتا وەک گەلانی دیکەی جیهان ئامانجە سەرەتاییەکانمان دەستەبەر نەکردوە، خەریکە خۆمان باوێژینە ئامێزی ناسنامەی تێکشکاو و چەند رەنگیی گلۆباڵ و بە جارێک شوناسمان خەوشدار بکەین. لە پرسی زماندا سیاسەتی هۆز و عەشیرە باوە و هەر ناوچەیەک بە گوێرەی ویستی عەشایری خۆی زمانی هاوبەش مانا دەکاتەوە. ئەوان ئاگایان لەوە نییە کە یاسا باوەکانی سیاسەت و مێژوو زۆر رەق و تەقن و دڵیان بۆ شوناسی گوند و خێڵ لێ نادات و گەل و دەوڵەت بەو ستایلە نەدادەمەزرێ و نەبەرِێوەدەچێ.

مۆدێرِنیزم ناسنامەی ئاڵۆزتر و قۆناخی پۆستمۆدێرِنیزم پرسی شوناسی پرِ لە کەند و کۆسپ کردوە. شایانی باسە، کە لە روانگە فەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەریەوە ناسنامەی تێکرِایی و هەروەها سەرجەم ئەو داب و نەریتانە سێحری خۆیان لە دەست داوە و توانای مانەوەی ئەرێنیان نییە. بە گوێرەی روانگەی ئامارژەپێکراو، ئامانجی سەرەکیی مرۆڤایەتی بە یەکگەیشتن و دوورکەوتنەوە لە جیاوازیەکانە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستە کەند و کۆسپە ناوچەیی، نەریتە کۆن و سەمبولەکان نەمێنن. بە تێگەیشتنی بیری مۆدێرِن و سەردەمیانە، تاکەکان ئازادن و لە کۆمەڵگەدا بە گوێرەی ویست و تێگەیشتنی خۆیان برِیار دەدەن. نیزامە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکان بە ئایینی، کۆمۆنیستی و سەرمایەداریەوە سەلماندوویانە کە ناسنامە و بایەخەکان لە کۆتایی هەموو چیرۆکەکاندا یەکلاکەرەوەن. مرۆڤەکان بە ناو و چەمکی جیاواز تێدەکۆشن خۆیان ئازاد کەن و دەسەڵاتی خۆیان پەرە پێبدەن و لە کۆتاییدا ناسنامە و کولتووری تێکرِایی خۆیان تۆکمە کەن. نەتەوە و گەلانی ژێردەست و مرۆڤە چەوساوەکان لە بارودۆخێکی پرِ لە چەرمەسەریدا لەدایک دەبن و گەورە دەبن، بۆیە بە گوێرەی پێویست دەرفەتی دەرکەوتن و خۆناسین و گەیشتن بە لوتکەی ناسنامەی تێکرِاییان لێ زەوت دەکرێ. کوردەکان وێنەیەکی زیندووی ئەو مێژوویەن و بۆ گەیشتن بە مافەکانیان خوێن و بەهایەکی زۆریان داوە، بەڵام هێشتا رێگای خۆیان لە رێگای ئەوانی دیکە جیا نەکردۆتەوە. کوردەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە پێوەندییەکی هاوتادا نین و بەردەوام لە لایەن نەتەوە و دەسەڵاتە باڵادەستەکانەوە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە و زمان، کولتور، خاک و ناسنامەیان کراوەتە ئامانجی هێرشی دوژمنکارانە.

رزگاربوونی راستەقینە و دەستەبەرکردنی مافەکان پێویستی بە ناسینی "ئێمە" و "ئەوانی دیکە"یە. سەرکەوتنی ستراتیژی کار و دوارۆژی کوردان راستەوخۆ لەگەڵ پرسی ناسنامەی سیاسیدا گرێدراوە. لە دۆخێکی ئەتۆدایە کە چوارچێوەی کار و تێکۆشان و سنووری نێوان ئێمە و ئەوان بە هێزی لۆژیک دیاری دەکرێن و مەودا و دەرفەتی خۆفریودان و تەفرەدانی نەتەوەی کورد کەمتر دەبێتەوە. کامڵبوون و ساغبوونەوەی ناسنامەی سیاسیی کوردان دەرفەتی ئەرێنی و بنیاتنەر دەخوڵقێنێ و چاک و خەراپ لێک جیا دەکاتەوە. چیرۆکی سەرکەوتنەکان تۆختر دبنەوە و تاکتیک و ستراتیژی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان کارسازتر دەبن و هەروەها کەرەستەی خۆپاراستنی هەمەلایەنە لە چنگی دوژمن زۆرتر دەبێ. گەلی کورد، لە پشت قۆناخی خۆساغکردنەوە و خۆناسین هەڵسەنگاندنی وردتر بۆ خۆیان و ئەوانی دیکە دەکەن و بە زۆرِنای هەموو لایەک سەما ناکەن. رێزگرتن لە زمان و نیشتمان بە قەپانی قسە مەزندە ناکرێ، بەڵکوو ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخوازێ. بیرکردنەوە بە زمانی نەتەوەی سەردەست و دەوڵەتی داگیرکەر و سووڕانەوە لە بازنەی ویستی ئەوانی دیکە، بێگومان کوردەکان بەرەو مەنزڵگەی سەرکەوتن نابات. کاتێک کوردەکان دەگەنە لوتکەی شوناسی سیاسیان، ئەوکات بە هزر، دروشم و کردەوە هاوار دەکەن کە ئەوان تورک و عەرەب نین و بە زەبری زۆریش نابنە فارس و ئێرانی، بەڵکو کورد و کوردستانی دەبن.

ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی ئەو بابەتەدا سوودیان لێوەرگیراوە:

Harle, Vilho (toim.2000) Kansainväliset suhteet Lapin yliopistossa, Kriittinen geopolitiikka ja kansainvälinen ympäristöpolitiikka (p.35-66), Rovaniemi
De Benoist, Alain (2013, suomentanut Timo Hännikäinen) Identiteetistä, Puhe National Policy Instituten konferenssissa Washingtonissa 26.10.2013
Identiteetistä
Sheikhani, Aziz (2004) Kurdien poliittinen tilanne Itä-Kurdistanissa, Iranin Islamilaisen tasavallan alla, Progradu-tutkielma, kansainvliset suhteet, syksy 2004

لە ژمارە ٦٩٠ ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# بزوتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا

چەند روانگەیەک لە سەر بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ و هەروەها نەبوونی متمانە و راستوێژی لە کردەوە و ئاخاوتنی سەرۆک پارتەکانی باشووردا

## نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بەرەو کوێ؟

١٤ی مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٤ بڵاوبۆتەوە

لە دوای هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی لە باشووری کوردستاندا نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی لە گۆڕان وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانی بەرەو سەری رەش شۆڕ دەبنەوە. چوونی ئەوان بۆ سەری رەش و بۆ لای مەسعود بارزانی سەرۆکی ماوە درێژکراوەی هەرێمی کوردستان لە گەڵ رێبازی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن بوونی گۆڕان جیاوازە. نەوشیروان لە رابردوودا رەخنەی لە شێوازی کارکردنی تاڵەبانی لە گەڵ ماڵی بارزانی گرتوە، کەچی خۆی ئەمڕۆ پاش ئەو هەموو هات و هەرایە خەریکە لە سەر هەمان رێچکە

دەڕوا.

گۆڕان و سەرخستنی بەرەی گۆڕانخوازان بە گۆڕینی شێوازی سیاسەت و نەخشەڕێگای گەیشتن بە دەسەڵات دەکرێ، نەک گۆڕینی دەم و چاوی ئەکتەرەکان. بە دامەزراوەکردنی سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت و پارلەمان و هتد. بەو رێبازە ناکرێ، کە تاڵەبانی لە رابردوودا و ئەمڕۆ نەوشیروان خەریکە راهێنانی لە سەر دەکا. پارتی لە ماندوو کردنی هێز و تاکەکاندا تاقیکاری خۆی هەیە و رێبازی ئەوان بە دامەزراوە کردنی دام و دەزگاکانی هەرێم نییە، بەڵکو بە دامەزراوە کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەیە. مێژووی رابردووی پارتی و بەڕێوەبەرانی لەو بارەوە پڕن لە بەڵگەی زیندوو، کە باس لە ستراتیژی و ئامانجی ئەو پارتە دەکەن.

بە گوێرەی هەموو عورف و یاسایەک نەوشیروان و گۆڕان گونجاو بو،کە پشت لە باوەڕ و ئامانجی ئەو خەڵکە نەکەن. ئەو هاوڵاتیانەی، کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێداون و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا دژ بە خۆسەپاندنی دەسەڵاتی تاکە کەس و بنەماڵە تێکۆشاون. ئۆپۆزیسیۆن لەو روانگەی سەرخستنی گۆڕان و خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ ئەرکی گەورەتری لە سەر شانە و خۆدزینەوە لە درووشم و بەڵێنەکان بە ئاسانی لە بیرەوەری تاک و خەڵکدا ناسڕێنەوە.

ئەگەر نەخشەی ئۆپۆزیسیۆن بوون تەنیا بۆ جێگرتنەوەی یەکێتی لە هاوکێشەی باشوور کوردستاندا بووە و دەبێ، تاکتیک و ستراتیژیەکی هەڵە و ناسەرکەوتوو لە ئاو دێتەدەر. لە دۆخێکی وەک کوردستاندا بێگومان مانەوە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بەنرختر و پڕبایەخترە هەتا راکردن بە دوای کێکی دەسەڵات و بەشداربوون لە حکومەتێکدا کە خۆشیان دەزانن کۆیلەی پارتە سیاسییەکانە. ئەگەر گۆڕان بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی هەڵبژاردایەوە، ئەو کات پێویستی نەدەکرد نەوشیروان و هاورێکانی بە پەلەپڕووزە بۆ بەخێرهاتنەوەی مەسعود بارزانی رێگای سەری رەش بگرن، بەڵکو ئەوە پارتی و مەسعود بارزانی بوون، کە بۆ لای نوێنەرانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەچوون.

لەو دۆخەدا دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ، کە نەوشیروان و گۆڕان بەرەو کام دوارۆژ هەنگاو هەڵدەگرن و چەندە و چۆن وەڵامی دەنگی هاوڵاتیان دەدەنەوە. با چاوەڕوان بین و بزانین بە کردەوە گۆڕان و رێکخەرەکەی چۆن لەو تاقیکارییە دەردەچن. مێژوو دیاردەکان تۆمار دەکا و خۆشاردنەوە لە راستییەکان هەڵەکان داناپۆشێ.

## گۆڕان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی دژواردا

٢٣ی ١١ی ٢٠١٣

هێزە سیاسییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە بڕیار و کردار خۆیان پێناسەدەکەن، نەک بە درووشم و راگەیاندن. ئەگەر کردارو هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان لە گەڵ درووشم و بانگەوازەکانیاندا ناتەبا بن، ئەوان متمانەی دەنگدەر،لایەنگر و تەنانەت ئەندامەکانیان دەدۆڕێنن. لە رەوتی خەباتی پارلەمانیدا هێزەسیاسییەکان زیاتر و زۆرتر دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوە و لە ماوەیەکی نەزۆر دووردا, لایەنە شاراوە و وتە نەگوتراوەکان زیاتر

ئاشکرا دەبن.

بزوتنەوەی گۆڕان لە پاش هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی مانگی ٩ی رابردوو، لە بەردەم بژاردەی دژواردایە، مانەوە وەک بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن یان بەشداربوون لە کابینەی حکومەتدا. ئۆپۆزیسیۆن بوون لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەلاتی و بۆ حکومەتێکی ژێردەستەی پارتە سیاسییەکان قۆناخێکی ئاسان و بژاردەیەکی شیرین نیە. پەڕینەوە لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆن بوون و پشتکردن لە بنەما و درووشمەکان و چوونە کابینەش بژاردەیەکی پڕ ئازارە، چوونکە ئاشی حکومەت لە هەرێمی کوردستان و زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکان خوا دەیگێڕێ! بەو واتایە، تێکەڵبوون بەو کاروانە کۆی بزوتنەوەکە دەخاتە بەردەم پرسیاری گەورە.

ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان و رێکخەرەکەی ئامانجیان سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی بەشێکی کەم لە درووشمەکانیانە، گونجاوە کە ئەو چەند خاڵەی خوارەوە لەبەر چاو بگرن:

- پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردان و نەکەوتنە ژێر دەسەڵات و هێژێمۆنی ئێران و وڵاتانی دیکە.
- نەچوون بۆ سەری رەش و گۆڕینی شێوازی سیاسەت کردن لە کوردستان. چوونی نەوشیروان بۆ سەری ڕەش و دانیشتن لە گەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێ و دەرمانی پرسی گۆڕانیش نیە.
- گۆڕان پرۆسەیەکی درێژخایەنە، بەلام بزوتنەوەی گۆڕان بۆ سەرکەوتن لەو بابەتەدا پێویستە لە هەڵەی پارتە کوردییەکانی دیکە خۆی دوور بگرێ و رێز لە بیروڕای جیاواز بگرێ.
- هەڕڕاجنەکردنی دەنگی هاوڵاتیانی کوردستان و هەبوونی سیاسەتێکی هاوتا بەرامبەر بە کۆی پرسی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.
- دووپاتنەکردنەوەی سیاسەتی یەکێتی وجەلال تاڵەبانی لە مەڕ تاکتیکی بوون بەرامبەر بە پارتی بارزانی.
- پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەتەوەیی و لۆژیکی بەرامبەر بە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان. لەو پێوەندییەدا ئەوان خۆیان زیاتر بە لایەک ماندوو دەکەن و خۆیان لە ئازار و خەمی لایەکی دیکە شاردۆتەوە.
- هاوکاریکردنی یەکێتی بۆ خۆرێکخستنەوە و دووبارە خۆگرتنەوە، بۆ ئەوەی لە دۆخێکی دژواردا بە لای پارتیدا ناکەوێ.

- لە پرسی پێکهێنانی کابینەی تازەدا و ئەگەری بەشداربوونی گۆڕان لەو کابینەیەدا سەنگەری دوێنی ئۆپۆزیسیۆن بوون و درووشمەکان لەبیرنەکرێن.
- دەکرێ بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە، جۆرە راپرسییەکی نێوخۆیی ئەنجام بدرێ و دەنگ و بیروڕای زیاتر ببیسترێ.

## *بزوتنەوەی گۆڕان لە ژێر تیشکی چەند رەخنەیەکدا*

**٣ی مانگی ٣ی ٢٠١٣**

ئۆپۆزیسیۆن و بزوتنەوە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان لە کۆمەڵگای مۆدێرندا گرینگن و رۆڵی کاریگەر دەگێڕن. چاوخشاندن بە مێژووی کورد دەریدەخا، کە وەک نەتەوەیەکی دابڕدابڕ و ژێردەستە لە زۆر بارەوە لە دوای نەتەوەکانی دیکەیە. سیستەمی سیاسی لە کوردستان و لە نێوکوردانـدا هێشتا لە سەر کۆڵەکانی عەشیرەت، ناوچەگەرایی و زاراوەپەرەستی راوەستاوە. لە کوردستاندا پارتە سیاسییەکان بۆ بنەماڵە و تاکی دیاریکراو کراونە ئامراز و نەتەوە لەو رێڕەوەدا کراوەتە سووتەمەنی مانەوەی پارت و سەرۆکەکانیان. دابڕان لە کەلتوری سووڕانەوە بە دەوری کۆمەڵە باوەڕێکی بێ بنەما بۆ تاکی کورد و ئۆپۆزیسیۆن ئاسان نیە، چوونکە پاشخانی کەلتوری لەو بارەوە هێشتا رۆڵی گەورە دەگێڕێ.

گۆڕانخوازیی هەڵگری ژان و ئازاری تایبەتە، بەلام بۆ کۆمەڵگا پێویستە و کوردستان لەو هاوکێشەیە بەدەرنیە. سەرخستنی پرسی گۆڕان لە کوردستان پرۆژەیەکی درێژخایەنە، کە بە گوێرەی دۆخی سیاسیی و تاقیکاریە مێژووییەکان دەکرێ لە سیستەمی سیاسی دەست پێبکات. روون و ئاشکرایە، کە گۆڕان ئەگەر زۆربەی کەلێن و قوژبنەکانی کۆمەڵگا نەگرێتەوە و تاک لە تەواوییەتی خۆیدا بۆ وەرگرتن و پڕاکتیزەکردنی بنەماکانی گۆڕان ئامادە نەکا، بە ئامانج ناگات. باشووری کوردستان کە بە رواڵەت لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەراندا نیە و جۆرە سیستەمێکی خۆماڵیی هەیە، هێشتا لە گێرە و کێشەی کەلتوری خۆسەپاندن و نەتەوە سەردەستەکان رزگاری نەبوە. هێشتا زمانی هاوبەش و ستاندارد لەو بەشەی کوردستاندا دەکار ناهێنرێ. هێشتا پارلەمان لە دیوەخانێکی ئاغا و عەشیرەت تێپەڕی نەکردوە و پارتەکان بۆیان قبوڵ ناکرێ، کە ئەو دەزگایە سەرچاوەی یاسا و دەسەلاتی گەل بێ. کۆمەڵگا بە سەر حیزب و پارتەکاندا دابەشکراوە و سەرەگەورەکانی پارت و بنەماڵە دیارەکان پشکی شێریان

بەرکەوتوە. بە کردەوە سیاسەت و رزگاربوونی نەتەوە لە درووشمێکی رووت و بێ بنەما تێپەڕی نەکردوە و خاک و نەتەوە بە تێکڕا لە خزمەت بازرگانی و بیزنێسی پارتە کوردییەکاندایە. حکومەت و پارلەمان لە بن باڵی حیزب و سەرۆکی حیزبەکاندان و هاوڵاتیان لەونێوەدا ژمارەیەک نین. بە کورتی هەموو دام و دەزگاکان بە دوو بنەماڵەوە گرێدراون. لەو نێوەدا بنەماڵەی بارزانی پشکی شێریان بەرکەوتوە و بە ناوی جۆراوجۆر و لە بەر لاوازی تێگەیشتنی کوردان لە سیاسەت و مێژوو بە ئاسانی دەستیان بە سەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتوە.

بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بەو دۆخە دژوارە و خۆرزگارکردن لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حیزبی تاقانە و دەسەڵاتی ئەو تاک و بنەماڵانە، کە بۆ پێدەشتی سیاسەت درێژکراوەتەوە، کوردەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە ماوەی رابردوودا جووڵانەوە. ئەو بەرنگاربوونەوە لە شێوازی هەڵسووڕانی تاک، بزوتنەوە کۆمەڵایەتی، رووناکبیرییەکان و تەنانەت ژمارەیەک لە ئێلیتی کورد و راگەیاندنی دەرەوەی پارتە سیاسییەکان بە شێوازی نارێکخراو لە باشووری کوردستاندا دەربڕاو. لە چەند ساڵی رابردوودا بزوتنەوەی گۆڕان توانی لە سەرەتادا ببێتە مەکۆی کۆکردنەوەی ئەو هێز و بیرە ناڕازیانە، بەڵام لە سەر چۆنیەتی کارکردن و درێژەدان بە پرۆژی گۆڕان ئامانجێکی دیار و روون نەبو. بزوتنەوەی گۆڕان بە هۆی دۆخی کوردستان بزوتنەوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بو، بەڵام بە هۆکاری هەڵە و نەبوونی ستراتیژی لە کارکردندا، لە ماوی دوو ساڵی رابردوودا بە هێواشی لە رەهەندی کۆمەڵایەتی دابڕاوە و لە چوارچێوەیەی تەسکی سیاسیدا قەتیس ماوە. بزوتنەوەی سیاسیی لە کوردستاندا توانای گەڕاندنەوە و پاراستنی مافی هاوڵاتیانی نیە و لە نەبوونی بزوتنەوەیەکی پان و بەرینی هەمە لایەنەدا، تێپەڕین لەو دۆخەی کوردستان ئەستەمە. بزوتنەوەی گۆڕان لە پێشاندانی ئاسۆیەکی روون بۆ خەبات و جۆری تێکۆشانی بۆ خەڵکی کوردستان و بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی سەرکەتوو نەبوە. بێجگە لەوە لە زۆر بواردا ئەگەرچی جۆرە رەچەشکێنیەکی پێوەدیار بوە، بەڵام هێندێک تایبەتمەندی پارتە کوردییەکانی دیکەی لە گەڵ ماوە. لە چاوخشاندنێکی خێرا بە کار و تێکۆشانی بزوتنەوەی گۆڕاندا چەند رەخنەیەکی دیار و بەرچاو هەن، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکرێ.

- کەڵکوەرنەگرتن لە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک بۆ چاکسازی و ئاراستەنەکردنی بە شێوازێکی رێکخراو و خاوەن ئامانج.

- دەستەمۆکردنی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە باشوور لە ژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن، کە دوو لایەنی وەک کۆمەڵی

ئیسلامی و یەکگرتووی لەخۆ گرتوە. ئەو دوولایەنە و بە تایبەت کۆمەڵی ئیسلامی لە رابردوودا لە بەرەی دەسەڵاتدا بوون. ئەوان تەنیا بۆ ئەستاندنی زۆرتی پشکی خۆیان کەوتنە گەڵ خۆپێشاندانی خەڵک، چوونکە لەو ساڵانەی دواییدا رێژەی لایەنگرەکانیان روو لە داکشان بو.

- نەبوونی سترۆکتۆڕ و قەوارەیەکی تازە و دێموکراتیک بۆ رێکخستنی دام و دەزگاکانی بزوتنەوە، کە زۆرجار تاکەکان لەوێش دەبنە قوربانی بیروبۆچوونی بەڕێوەبەر و هتد.

- نەبوونی رێبازێکی تازە لە کارکردن و بیرکردنەوە بۆ بە گەڕخستنی دینەمۆی گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا.

- کۆبوونەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لە بڕیارداندا لە دەستی ژمارەیەکی کەم و بە تایبەت رێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان، لە قازانجی ستراتیژی بزوتنەوە و پرسی گۆڕان لە باشووردا نیە. ئەو پرسە لە نێو کورد و نەتەوە ژێردەستەکاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە ئاسانی بنەبڕ نابێ، چوونکە سەرەتا دەوروبەر بێدەنگ و ئامادەکاری دەکا بۆ ئەوەی تاکێکی بڕیاردەر بەرهەم بێ.لە درێژەی کاردا ئەو تاکە هێدی هێدی لە دۆخەکە سوود وەردەگرێ و دەبێتە بڕیاردەری یەکەم و زۆربەی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بە هێواشی لادەدا. سیاسەت رێبازی خۆیە هەیە و لە گەڵ تێرمەکانی وەک براگەورەیی و هتد. سازگار نیە. بزوتنەوەی گۆڕان پێویستی بە رێبەرایەتی بە کۆمەڵە نەک تاکە کەس. مێژووی کوردان بە گشتیی دەریخستوە و سەلماندوویەتی، کە رێبەرایەتی تاکە کەس سەرکەوتوو نەبوە و نابێ. رێبەرایەتی بە کۆمەڵ رێژەی بەشداربوونی کەسانی دیکە زۆرتر دەکا و لە گەڵ دەوروبەر و دیاردەکانی کۆمەڵگا لە پێوەندییەکی راستەقینەتر و زیندووتردایە.

- چوونی نەوشیروان مەستەفا وەک رێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ سەری رەش، شوێنەواری نەرێنی لە سەر بزوتنەوە و ئۆگرانی پڕۆژەی گۆڕان لە باشووری کوردستاندا جێهێشت.

- کەوتنە دوای عەلی باپیر و دانیشتی دووبارە لە گەڵ سەرۆکی پارتی لە سەری رەش، کە زیاتر لە رابردوو بزوتنەوەی گۆڕانی خستە تەرازووی قوماری پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی. ئەو دوو لایەنە لە رابردوودا زۆر جار لە

بەرەیەکدا بوون و لە داهاتوودا دوور نیە، کە جارێکی دیکە پێکەوە ببنەوە هاوپشت و هاوبەند.

- بوونە راوێژکاری پارتی و یەکێتی و دوورکەوتنەوە لە دینەمۆی ڕێکخستنی خەڵک و ناڕازییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. گەمەی پاکیجەکانی ئۆپۆزیسیۆن و وڵامی دەسەڵات و هێنان و بردنی ئەو باسانە قورسایی بزوتنەوەی گۆڕانیان کەمکتر کردەوە. لە باشووری کوردستان دۆخەکە بۆ وەگەڕخستنی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ئامادە بوو، بەڵام گۆڕان لەو بارەوە لە دەرفەتەکان سوودی وەرنەگرت.

- بەلاڕێداچوونی گۆڕان لە لایەن پارتە دەسەڵاتدارەکان و بە تایبەت پارتی بارزانی. رابەڕانی بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتی بە ناوی نیچیرڤان و مەسعود تێگەیشتنێکی راستەقینەیان نەبو و گوێیان بە بیروڕای گۆڕانخوازان نەدا. ئاگاداری ئەوە نەبوون، کە پارتی بۆ دەستەمۆکردنی بزوتنەوە بە چەند هێڵی جیاواز سیاسەت دەکا، بەڵام کرۆکی ویستی پارتی یەک شتە و ئامانجی سەرەکی خۆسەپاندنی خۆیانە بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا.

- رێکنەبوونی خەباتی پارلەمانی گۆڕان لە کوردستان و بەغدادا و نەبوونی هاوئاهەنگی توندوتۆڵ لە نێوان بزوتنەوە و فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستان و عێڕاقدا.

- نەبوونی سیاسەتێکی رادیکاڵ و سەربەخۆ لە بەغدا و خۆهەڵاوەسین بە هێندێک دروشم، کە بە قازانجی پارتی و یەکێتی شکاونەوە، بەڵام بۆ کورد لە باشووری کوردستان خێرێکیان نەبوە.

- نەمانی پێوەندی توند و تۆڵ لە گەڵ بەرەی رەخنەگر لە کوردستاندا.

- خۆپاراستن لە چوونە سەرشەقام و چاوەڕێکردن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەگەر باوەڕێکی بەهێز بۆ گۆڕانی سیستەم لە کوردستاندا هەبێ، رێبەرانی بزوتنەوە و سەرجەم پارتە ناڕازییەکان لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندەران دەبن. ئەوکات هەنگاوە سەرەتاییەکانی گۆڕان دەستپێدەکەن. بزوتنەوە سیاسیەکان لەو ئەرکەدا دەبێ پێشڕەو بن و کادر و سەرکردەکانیان لەو پێوەندییەدا گوڵبژێر و ئەکتیڤ بن. بۆ وێنە نەبوونی بەرنامە بۆ خۆپێشاندانەکانی ٢ ساڵ لەوەپێش و چەقین لە دید و بۆچوونی بەرتەسکدا. نەبوونی بەرچاوڕوونی بۆ

وەگەڕخستن و پەرەپێدانی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە قۆناخی بێدەنگبوونی لە باشوور بەرهەم هێنا، کە بە پلەی یەکەم بزوتنەوەی گۆڕان لێی بەرپرسن.

- سەرگەرمبوون بە شتی لاوەکی و ناردنی داخوازی لە لایەن فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی پارتی بۆ ئەوەی بودجە یان یاسایەک پەسند نەکا یان بیکا. ئەندامانی پارلەمان و تەنانەت ئەوانی کە دروشمی گۆڕانیان بەرز دەکردەوە، لە پێگە و جێگەی خۆیان وەک نوێنەری خەڵک سوود وەرناگرن و بە کەلتوری سەرۆک باشتر لێیدەزانێ راهاتوون. ئەندامانی پارلەمان لە شوێنی کاری خۆیان و ژینگەی کاری رۆژانەیان بەرپرسانە نەجووڵانەوە و بۆیان نەلواوە پرۆژە یاسای تایبەت بە هەڵاوەسینی وینەکان لە پارلەمان و ناوەندە فەرمیەکان پەسەند بکەن.

- نەبوونی سیاسەتێکی دیار و قایم و درێژخایەن بەرامبەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و خۆپاراستن لە دیالۆگی هەڵخەڵەتێنەر، کە تەنیا بە قازانجی پارتی و یەکێتی شکاونەوە.

- خۆسەرقاڵکردن بە شتی لاوەکی وەک پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە و دوورکەوتنەوە لە باڵانسی خوێندنەوەی دیاردەکان لە دید و بۆچوونی بزوتنەوەیەکی خاوەن پرنسیپ و بنەما. ئەوان لە ماوەی رابردوودا، خۆیان و کاناڵەکەیان وەک دەزگای پەکەکە لە رووداو و دیاردە و تەنانەت هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکەیان روانیوە. بزوتنەوەیەکی گەورە و خاوەن پێگەی بەرفراوان ناکرێ بەوجۆرە سیاسەت بکا و خۆ و ئەوانی دیکەی لێبگۆڕێ. دۆستایەتی لە گەڵ پارتێکی سیاسیی و هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە پرسە سیاسییەکان دوو بابەتی لێکجیاوازن. بێجگە لەوە باوەڕ بە پڕنسیپە مۆڕاڵی و کردارییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت ناکرێ لە راستیەکان دامانبڕن. ئەوەی گۆڕان لەو بارەوە کردوویەتی بە مێدیای بە ناوی ئەهلی لە باشووری کوردستاندا زیاتر لە دژکردەوە بەرامبەر بە دوو هێزی پارتی و یەکێتی کراوە. لەو بارەوە تەنانەت چوارچێوەی گشتی راگەیاندن نەپارێزراون و سیاسەتی پەکەکە وەک خۆی لە راگەیاندنی گۆڕان و ئەهلی!دا رەنگی داوەتەوە.

- نەبوونی پێوەندییەکی ئاسایی لە گەڵ لانی کەم ژمارەیەک لە پارتە خاوەن رابردوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆقەتیس کردنەوە، لە بازنەی پەکەکە و پارتە دروستکراوەکانی لە باکور، رۆژهەڵات و رۆژئاوادا. گۆڕان لەو

پێوەندییەدا تەنیا پارتی چارەسەری هەڵواردوە و ئەگەر قەرارە سیاسەتی یەکەکە گونجاوە و پارتە دەستکردەکانی ئەستێرەی گەشاوەن، بۆچی لەو بارەوە گۆڕان سیاسەتی بانێک و دوو هەوا پەڕەو دەکات. روونە کە ئەوان لە نیزیکەوە ئەو پارتە و بەڕێوەبەرەکانی دەبینن و دەزانن کە خاوەنی قورساییەکی ئەوتۆ نین، بەڵام بۆچی گۆڕان بەو چاوە ناڕوانێتە باقی پارتە دەستکردەکان!

***نەبوونی متمانەو راستوێژی لەئاخاوتن و کردەی سەرۆک پارتەکاندا***

**١٣ی مانگی ٥ی ٢٠١٣**

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی یەکێک لەو نموونانەیە، کەساڵانێکی زۆرەکۆمەڵەدرووشمێک دەدا، بەڵام پاش ماوەیەک درووشمەکان بێدەنگەیان لێدەکرێ. لەسەر ماددەی ١٤٠ ماوەیەک دەیگوت، کەئەگەر هەتا ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ نەکرێ، ئەوا هەڵوێستمان دەبێ، کەچی ئەوەساڵی ٢٠١٤یەوماددەی ١٤٠ وەک مەتەڵی رۆژگاری لێهاتوە. ناوبراو بۆ سەرگەرمکردنی خەڵکی باشوور چەند ساڵێکە، باس لەئەگەری دیکەدەکا، کەهەموو بەهاران خەڵکی گوێی بۆ شل دەکا، گۆیا سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی باشوور رادەگەیەنێ. خەڵکی کورد ئاگاداری ئەوەنییە، کەمەسعود بارزانی و پارتەکەی دژی گەڕانەوەکەرکووک لە٢٠٠٣دا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێتی تاڵەبانی لەو مەڵبەندەدا باڵادەستەو پارتی جێگای نابێتەوە.مەسعود بارزانی لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١١ رایگەیاند، کەئەگەر ٥٠ هەزار کەس داوای لێبکەن ئەو واز لەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دێنێ. پاش ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا ناوەکان کۆکرانەوەو بۆی رەوانەکران، ناوبراو بێدەنگەی لێکرد و خەڵکی بەدرووشمی قەبەی سەربەخۆیی کوردستان سەرگەرم کرد.

لەپاش قومارەناپیرۆزەکەی یەکێتی و پارتی بۆ ئەنجام نەدرانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و لەپاش درێژکرانەوەی ماوەی دوو ساڵ بەفرت وفێڵ بۆویلایەتی مەسعود بارزانی، ناوبراو رایگەیاند، کەلەئێستاوەداوا لەسەرۆکایەتی خوولی داهاتووی پارلەمان دەکەم، دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٣ کاربکەن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک لەسەر هەمووارکردنەوەی پڕۆژەی رەشنووسی دەستوور و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم. بێجگەلەوەمێدیاکانی پارت و بنەماڵەو زۆر لایەنی دیکەهەرا و هەنگامەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییان لەهەولێر

بەرزکردەوە، بەڵام پاش نیشتنەوەی تۆفانی نارەزایەتییەکان پرسەکەلەبیرکرا! ئێستا کەپارلەمان ماوەی زیاتر لە٧ مانگەهەڵبژێردراوە، هێشتا کارەسەرەتاییەکانی خۆی ئەنجام نەداوە. پارتی و سەرۆکەکەی بەبەرنامەکار بۆ ئەوەدەکەن، کەپارلەمان دەستەمۆ بکەن و گۆڕان ویەکێتی بەوەزارەت و پۆست سەرگەرم بکەن. نەخشەی ئەوان ئەوەیە، کەسێناریۆی جۆاروجۆر دارێژن، بۆ ئەوەی ئەوان سەرۆک و لەسەرەوەبن و خەڵکیش چەپڵەلێدەر و وەدواکەتووەی ڕێبازەبێ دوارۆژەکەی ئەوان بێ. ئێستا کەهەڵبژاردن لەعێراق و باشووری کوردستاندا کراوە، پارتی و یەکێتی لەبنەوەلەبەغدا بۆ پۆست و پلەکەوتوونەجوڵەو بەرژەوەندی کورد و نیشتمان هەر لەبیر چۆتەوە. پارتی لەبیری ئەوەدایە، کەهاوسەنگی هەرێم بپارێزێ و لەونبوونی تاڵەبانی لەگۆڕەپانی سیاسەتدا پشکی گەورەبۆ خۆی ببات. گۆڕان و یەکێتی لەو نێوەدا درێژەبەگەمەی پەرتبوون دەدەن و پارتیش لەناخی خۆیدا بەسۆسیالدیموکراتەکەی یەکێتی و درووشمەکۆنەکانی گۆڕان پێدەکەنێ.

مەسعود بارزانی مەبەستی لەو وتانەتەنیا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەو مەگەر پۆستێکی باشتری پێبدەن، ئەگەرنا وازی لێناهێنێ. ئەوەبۆ مێژوو دەڵێم، کەیەکێتی و گۆڕان لەسەر سیاسەتی هەڵەی خۆیان و قوتکردنەوەی مەسعود بارزانی هەڵەیەکی کوشەندەیان کرد. پارتییەکان بۆ سەرکەوتنی خۆیان هەموو گەمەیەک دەکەن. ئەوان لەئاوی لێڵ ماسی گەورەیان گرت و راوی خۆیان دەکرد. ئەوان ئاگری شەڕی نێوان گۆڕان و یەکێتیان خۆش دەکرد، بۆ ئەوەی تاکەهێزی خاوەن دەسەڵات لەهەولێر و بەغدا خۆیان پێشان بدەن. لەگەمەی نێوان پارتی، یەکێتی و گۆڕاندا بنەماڵەی بارزانی قوماری خۆیان بردەوە. پارلەمانتارانی گۆڕان لەخولی پێشوو ئەگەر گلەییەکیان هەبا، یەکەسەر داخوازیننامەیەکیان بۆ سەرۆکی پارتی دەنارد. یەکێتییەکان و بەتایبەت مەکتەب سیاسی یەکسەر بۆ سەری رەش دەچوون و مەسعود بارزانیان بەبراگەورەقبوڵ بوو. لەسیاسەتدا براگەورەیی دەبێ چەندەبڕ بکا و پارتەکوردییەکان و بنەماڵەکان چۆنی کەڵکی لێوەرگرن؟

سەرکردەی نەتەوەژێرەکان لەگەڵ خۆیان ونەتەوەکەیان راستگۆ و شەفافن، بەڵام لەنێو سیاسەتکارەکوردەکاندا بردنەسەری بەڵێن و وتەزۆر بڕ ناکا.ئەوەسوننەتی گەلەهەژار و ژێردەستەکانە، کەسەرۆکەخۆسەپێنەکان هەتا مردن و بەهەموو هێز و فرت وفێڵێک خوازیاری مانەوەلەدەسەڵاتدان. لەنێو کورداندا درۆکردن و فێڵکردن وەک زیرەکی و سیاسەتمەدرابوون چاوی لێدەکرێ. لەوڵاتی ئیمەراستییەکان بەراوەژوو پێشان دەدەرێن. مرۆڤەبەناو سەرۆک پارت و بنەماڵەکان لەناخدا بۆ پۆست شێت و شەیدان وهەمووتەمەنیان شەڕیان بۆ کورسی خۆیان و

بنەماڵەکانیان کرددوە، بەڵام بەرواڵەت بەخەڵکانی دیکەدەڵێن، ئێمەپۆستمان ناوێ. چ لەوەئازایانەترە، کەمرۆڤ بەویستی خۆی لەدەسەلات بکشێتەوەو نموونەیەکی زیندوو بۆ دەورووبەری بێ. بنەماڵەو پارتێک کەسەرۆکایەتی بەپیرۆز چاو لێبکات، لەگەڵ هاتنەخوار لەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و بەکولتورکردنی دیموکراسی نامۆیە. لێرەدا کێشەهەر مەسعود بارزانی نییە! تاڵەبانی و سەرۆک پارتەکانی دیکەش لەکوردستاندا ئاوێتەی ئەو کولتورەن. چاوخشاندنێکی کورت بەمێژوویی کوردان ئەوەدەسەلمێنێ، کەسەرکردەی پارت، عەشیرەت، ئاغا و شێخەکوردەکان لەهیچ نەتەوەیەک ناچن و شەیدای خۆیان و بەرژەوەندییەکورتخایەنەکانی خۆیانن. تێگەیشتنی ئەوان لەدەوڵەت، یاسا، گەل، تاک و سیاسەت و هتد. لینگاوقووچەو لەدەللاقەی بچووکی خۆیان دەڕوانننەجیهانی دەوروبەر.

خەڵکی کورد و تاکی کورد تا نەگاتەئاستی متمانەبەخۆکردن، لەشەڕی بازرگانەرەنگاورەنگەکان رزگاری نابێ. کورد بەکردەوەخاوەنی سەرۆکی خاوەن متمانەو رێگپێدراو نییەو ئەوەی هەیە، لەرێگای نادیموکراتیک دەستەبەر کراوە.سەرۆک لەنێو کورداندا بەپێنیژەی سرووشتی دەسەلاتدا سەرنەکەوتوون و هاتنەخوارەوەش بۆ ئەوان تاڵ و بەژانە. سەرکردەراستەقینەکان خەونی سەرکردەبوونیان نییەو ئەگەر دەرفەتی گرتنەدەستی دەسەلاتیشیان هەبوو بەکردەوەئامادەنین دەسەلات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. لەنیشتمانی کورداندا حیزب و پارتەکان خەون بەپاشایەتی و سیستمی میرنشینەعەرەبەکانەوەدەبینن و ئەگەر بۆیان بکرێ لەرێگای پارەو زێڕبەخشینەوەبەرەو ئەو ئامانجەرێگا دەبڕن. جێگای خۆیەتی مرۆڤ رەخنەلەکۆمەڵگا و تاکی کورد بگرێ، کەخوازیار و شایانی ئەو سەرۆکانەن. نەتەوەیەکی وشیار و تاکی ئازا ئامادەی کۆیلایەتی نییەو بەرامبەر بەسەرۆکەبچووکۆڵانەکان ئازایانەدەوەستنەوە. لەکوردستاندا نەک تاکی ئاسایی، بەڵکو نوێنەری پارلەمان و وەزیرەکانیش خزمەتی خەڵک و دوارۆژی نەتەوەکەیان ناکەن و لەبازنەی حیزب و بەرژەوەندییەکاندا دەسووڕێنەوە. سەرۆکێک کەمتمانەی بەخۆی نەبێ، ناتوانێ متمانەی گەل بەکردەوەوەرگرێ و هەتا ماوەدەبێ لەسەر خەیاڵی چیرۆک و قسەهەڵبەستراوەکان ژیان تێپەڕ بکا.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا

## بەشی یەکەم

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە ئاستێکی بەرین و لە روانگەی جیاوازەوە تەتەڵە دەکرێن. دەوڵەتەکان بۆ تێگەیشتن لە تاکتیک و ستراتیژیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر و هەروەها داڕشتنی رێبازی سیاسی بە رێژەی جیاواز گرینگی بە ئاڵوگۆڕی دەسەلات لە دەوڵەتە گەورە و جیرانەکانیاندا دەدەن. بە گوێرەی سروشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاڵوگۆڕی دەسەلات لە وڵاتە خاوەن دەسەلات و شوێندانەرەکان، کاریگەریی بەرچاویان لەسەر رەوتی رووداوەکان و لە چوارچێوەی سیستمی زاڵی سیاسیدا هەیە. شایانی باسە، کە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزێکی وەک ئەمریکا لەسەر پایەکانی عەقڵانییەتی سیاسی داڕێژراوە و درێژەمەودایە. بەڕێوەبەر و بڕیاردەرەکانی ئەو وڵاتە، لەسەر بناخەی خوێندنەوەی بابەتیانە و هەروەها لە کاناڵی دامەزراوە یاسایی و خاوەن پێگەکانی وڵاتەکەیان، سیاسەتی دەرەوەیان دادەرێژن. سەرکەوتنی بەربژێریی دێموکراتەکان یان کۆمارییەکان و تەنانەت رێبازی سیاسیی سەرکۆمار و ستافی هاوڕێیان، ژێرخان و پایەکانی سیاسەتکردنی وڵات لێکهەڵناتەکێنێ. هەیکەلی بروکراسی و ئیداریی ئەمریکا و دەوڵەتە دێموکراتەکان چەسپاو و پتەوە و لە رێگای هەڵبژاردن ئاڵوگۆڕی دەسەلات دەکرێ.

هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئەمریکا و کێبەرکێی نێوان بەربژێرەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. بەستێنی بەگژ یەکداچوونەوەی بەربژێر و پارتە سیاسییەکان و هەروەها تەوژمی دروشم و بەڵێنی بەربژێرەکان سەرنجی بەرچاوی دەخرێتە سەر. ستایل و مێتۆدی هەڵبژاردن، کات و دەرفەتی دەرکەوتن و دەسەڵاتەکانی سەرکۆماری گەورەزلهێزی جیهان، خاڵی زەق و بەرچاوی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەن. ئەگەرچی سەرکۆمار و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا جیاوازیی کەم و زۆریان لەسەر پرسە نێوخۆیی و دەرەکییەکان هەیە، بەڵام قەوارەی سیاسی و پرۆسەی بڕیاردان لە پاڵوێنەی ناوەند یاسایی و سیاسییەکان دەدرێن و باڵانسیان دەپارێزەرێ. کەس و پارتی براوە، لە دوای هەڵبژاردنەکان بە چاوی کراوەتر دەروانێتە رووداوەکان و کفوکوڵی هەڵبژاردن دادەمرکێتەوە. ناوەندە سەرەکییەکانی وڵات و دەزگای ئیداری لە بازنەی سیاسەتی دەرەوەدا، هێڵە

ستراتیژییەکانی وڵات لەبەرچاو دەگرن و کفوکوڵی تازەسوارەکانی کۆشکی سپی خاو دەکەنەوە.

لە ژێر تیشکی ئەو خوێندنەوەیەدا، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئێران و زۆر وڵاتی دیکە پڕبایەخ و گرینگە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و جێگرتنی ئاخوندەکان لە قوچەی دەسەڵاتدا، پێوەندیی نێوان ئێران و رۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا هات. پەلاماردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی کارمەند و بەڕێوەبەرانی ئەو باڵوێزخانەیە بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ، لە لایەن قوتابیانی ناسراو بە "خەتی ئیمام" (واتە، رێبازی خومەینی)، سروشتی سیاسیی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی گۆڕی. لە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان و دامەزراندنی نیزامی ئیسلامی (نیزامی دامەزراوە، لەسەر بنچینەکانی شیعەی دوازە ئیمامی) سیاسەتی دوو وڵات بەرامبەر بە یەکتر چەپاوەنەوە بووە. ئەمریکا، لە روانگەی بناخەدانەری کۆماری ئیسلامی ئێران، ناسناوی "شەیتانی گەورە"ی پێدرا. ئاخوندەکان بۆ گەرمکردنی بازاڕی هاتوهاوار دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا"یان تێکەڵ بە نوێژی هەینیی تاران و هەروەها تێکۆشانی قوتابخانەکان کرد. بەرەکەتی خەرمانی دروشمە زۆر و زەوەندەکانی نیزامی ئاخوندی، دەرفەتی سازانی ئاشکرا و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان ئەمریکای بە تەواوەتی بەرتەسک کردەوە. بەڕێوەبەرانی رێژیمی تاران، رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکایان بە سەرچاوەی مەترسی و کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ناساندوە. ئاخوندەکان بۆ تۆخکردنەوەی سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر بە بەرەی رۆژئاوا، لە پەروەردە و راگەیاندنی فەرمیدا و بە ناوی شۆڕشی کولتووری، تێزی دژایەتی لەگەڵ "ئیستکباری جیهانی"یان بە رێبەرایەتی ئەمریکا داتاشی. ئەندازیارانی نیزامی تاران، لە ئاکامی سیاسەتی بە ناو "ناردنەدەرەوەی شۆڕش" و خوڵقاندنی قەیران و ئاژاوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، پێوەندییەکانیان گەیاندە خراپترین ئاست و نرخی ئەو سیاسەتەیان خستە سەر شانی خەڵکی وڵات.

ئەمریکاییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ئاخوندەکان و پوچەڵکردنەوەی خەونەکانیان، ریبازی پەراوێزخستنی کۆماری ئیسلامیان هەڵبژارد. داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەرانی کۆشکی سپی بۆ سەرکەوتن لەو پلانەیاندا نیزامی بەعسی عێراق و دەوڵەتە عەرەبەکانی ناوچەیان لە دژی ئێران تەیارتر کرد و ئێرانیان تەنگەتاو کرد. لە روانگەی کاربەدەستانی ئەمریکاوە، نیزامی حاکم لە ئێران بە مەترسیی گەورە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچە و جیهان پێناسە کرا. پارتە دەسەڵاتدار و سەرکۆمارە جیاوازەکانی ئەمریکا، لە پێناوی رامکردنی کاربەدەستانی

ئێران، سیاسەتی "نەرم و زبریان" لە دژی ئەو وڵاتە گرتەبەر. وەبەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکانی نێوان ڕێژیمی تاران و دەسەڵاتدارانی کۆشکی سپی زۆر قۆناخی بڕیوە. ئێران، سەردەمانێک یەکێک لە وڵاتانی تەوەرەی شەیتانی پێکدەهێنا و بە شڵەژێنەری ئاسایش و ئاشتی ناوچە پێناسە دەکرا. شەڕی ناڕاستەوخۆ و دوژمنایەتیی دوو وڵات بۆ دەرەوەی سنوورەکانیان درێژکراوەتەوە و لە زۆر ناوچەدا سینگیان لە سینگی یەکتر خشاندوە. سیاسەتی خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران لە پرسی پڕۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و کەڵکوەرگرتن لە شیعە عەرەبەکانی لوبنان، عەرەبستان، سوریە، عێراق، یەمەن و هتد بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئاشکراو و سەلمێندراون. ئاشکرابوونی تێکۆشان و نییەتی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی و وزەی ناوکی، ئەمریکا و ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئێران زیاتر لێک سووڕاند، بەڵام پاش مشتومڕێکی زۆر ئێرانیان ناچار بە قبوڵکردنی مەرجەکانی ڕۆژئاوا کرد.

هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دەرفەتی خۆڕانانی ئێرانی زیاتر کرد. بە رووخانی ڕێژیمی تالیبان و بە تایبەت ڕێژیمی بەعس لە عێراق، باڵانسی هێزی لە ناوچەدا گۆڕا. ئەگەرچی هێشتا نەخشەی درێژخایەنی هاوکێشەی ئەکتەرە سیاسیەکان بە تەواوەتی دانەڕێژاوەتەوە، بەڵام لەسەر تەختەی شەترەنجی ناوچەکەدا مۆرەکان نەخش و ڕۆڵی تازە وەردەگرن. ئێران زیاتر لە جاران و بە شێوەیەکی سیستیماتیک لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێگەی بەهێز کردوە. ئاخوندەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن، سوریە، عەرەبستانی سەعودی، عێراق، باشووری کوردستان هتد قەیران و بۆشاییەکانیان قۆستۆتەوە و لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا دەکاریان دێنن. لە گۆڕەپانێکی بەرینتردا، ئێران و تورکیە بە سوننەتی کۆن، لەسەر دوارۆژی ناوچە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ئاستی جیاوازدا لە کێبەرکێدان. ئەوان شەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بە هێزە کوردی و ناوچەییەکانی دیکە ئەسپاردوە و بە وردی چاوەدێری بارودۆخەکە دەکەن. لەو گەمەیەدا ئێران خۆی لە بەرەی رووسیەدا دەبینێ و تورکیەش بۆ قورسکردنی تای بەرژەوەندیەکانی لە نێوان ئەمریکا و رووسیەدا جۆلانەی دیپلۆماسی دەکا.

پێوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای هەڵبژاردنەکانی پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا، لە بەردەم چەند ئەگەر و بژاردەیەکی کراوەدان. فاکتەرە گەورە نێوخۆییەکان لە ئەمریکا و ئێران و هەروەها ڕووداوە چارەنووسسازەکان لە ڕەوتی ئیدارە و سیاسەتدا بە ڕێژەی جیاواز لەسەر ئاسۆی پێوەندییەکانی دوو وڵات کاریگەرن. ئاشکرایە، کە دوو وڵاتی ئاماژەپێکراو لەسەر زۆر بابەت و ڕەهەند ناکۆک و ناتەبان و بە ئاسانی کەندوکۆسپە گەورە و

ریشەداکوتاوەکانی بەردەم ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەنێو ناچن. چاککردنی ژینگەی سیاسەت و بڕیار، کولتووری ئیدارە و یەکترخوێندنەوە، خاوێنکردنەوەی پاشخانی نیزیک بە ٤٠ ساڵ پێوەندی دژبەرانە و هەروەها خۆپاراستن لە روشکانی سیاسی دەوڵەت و نیزامەکان، لە خاڵە گرینگ و بەرچاوەکانی رەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییە هەمەلایەنەکانی ئەمریکا و ئێرانن. ئاڵوگۆرە ناوچەیی و نێوخۆییەکان بە تەوژم و رێژەی جیاواز، لەسەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان کاریگەرن. وانەکانی دیپلۆماسی دەیسەلمێنن، کە چاککردنەوەی پێوەندی نێوان وڵاتە دژبەرەکان پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە گۆڕانی تێڕوانین و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دوو وڵاتە. شایانی باسە، کە ئەگەر ستراتیژی پێوەندییە دەرەکییەکانی دەوڵەتان، لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژی ناعەقڵانی دارێژرابێ، بێگومان ناتوانێ خۆی لە لۆژیکی خۆگونجاندن ببوێرێ.

ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پرسێکی درێژخایەنە. ئاخوندەکان بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە، کە لەو دۆخە شڵەژاوە زیاتر سوود وردەگرن و ناخوازن روشکێنی بەردەم خەڵک و وڵاتان بن. بە تێگەیشتنی بەرەی دەسەڵاتداری ئێرانی، کەڵکوەرگرتن لە قەیرانە ناوچەییەکان و درێژەدان بە دروشمەکان، باشترین خۆراکی سیاسیی رێژیمە. ئاخوندەکان دەزانن، کە بە ئاساییبوونەوەی پێوەندیی ئێران و ئەمریکا، پرسە نێوخۆییەکان رێڕەوێکی دیکە وەردەگرن و ئەوان چارەنووسی نیزامی پاشایەتیان لەبەرچاوە. داخراوبوون و رەچاوکردنی سیاسەتی پێچەوانە، رێژیم و دەسەڵاتدارەکانی، لە زۆر نۆرم و یاسای نووسراو و نەنووسراو دەپارێزێ. لە بەرامبەردا، کرانەوە و گرتنە پێشی سیاسەتی عەقڵانی، پەرێزی پیسی دەسەڵاتدارە ئێرانییەکان زیاتر دەردەخا. لە بەر ئەو هۆکارە، خامنەیی هاوشێوەی خومەینی، ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا بە مەترسی بۆ سەر سروشتی نیزام دەزانێ. ئێران خوازیارە لە قۆناخی سەرەتادا پێوەندییەکان لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ئێراندا، لەسەر پرسی رێککەوتننامەی ناوکی و هتد بڕەویان پێبدرێ، کە کۆنترۆڵکراو و رێگەپێدراوە و رێژیمی تاران لە رووشکان دەپارێزێ.

بەربژێرەکانی پۆستی سەرکۆماری لە ئەمریکا بە شێوەیەکی جیاواز دەڕواننە تاران و کۆی وێنەی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هیلاری کلینتۆن، وەک بەربژێری دێموکراتەکان بە پارێزەوە لە رێککەوتننامەی ناوکی دەڕوانێ و لە ئێران نیزیک دەبێتەوە. ناوبراو بەو مەرجە ئامادەیە پشتگیری لەو پێوەندییانە بکا، کە ئێران رێزی تەواو لە رێککەوتننامەکە بگرێ. لە روانگەی کلینتۆن، کێشە و گرفتی نێوان دوو وڵات بناخەیین و دەرگاکان بە

ئاسانی ناکرێنەوە. کلینتۆن لە سیاسەتی لۆکاڵی و جیهانیدا خاوەنی تەجرەبەیە و هەوراز و نشێوەی کەندوکۆسپەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی تاموچێژ کردوە. ناوبراو لە پۆستەکانی سێناتۆری و وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا ئەرکی راپەڕاندوە، کە بە پێخۆری سیاسەت بۆ کۆشکی سپی پێناسە دەکرێ. کلینتۆن ناخوازێ بە پەلەپڕووزە بکەوێتە داوی بڕیار و رووداوەکان و لەگەڵ نیزامی ئێران بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکا.

دۆناڵد ترامپ و کۆمارییەکان بە شێوەیەکی گشتی دژایەتیی خۆیان بۆ رێککەوتننامەی تایبەت بە بەرنامەی ناوکی ئێران و وڵاتانی دیکە راگەیاندوە. بە دەربڕینی ناوبراو، ئەمریکا لەو سیاسەتەدا زەرەری کردوە و ئێران و باقی وڵاتانی رۆژئاوایی زیاتر قازانجیان کردوە. ترامپ لەو پرسەدا وەک بەربژێری کۆمارییەکان و سوننەتی کاری ئۆپۆزیسیۆن، لە رێککەوتننامەکە دەڕوانێ. ناوبراو، لەو پێوەندییەدا رایگەیاندوە، کە ئەگەر پۆستی سەرکۆماریی وڵات بباتەوە رێز لەو رێککەوتننامەیە ناگرێ. شایانی باسە، کە ترامپ لە گۆڕەپانی ئابوریی و بازرگانیدا زیاتر کاری کردوە و لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسیدا هێشتا تۆمارێکی کورتی هەیە. دۆناڵد لە ماوەی چەند دەیەی رابردوداو بە رێژەی جیاواز لە دوو پارتی سەرەکی وڵات نیزیک و دوور کەوتۆتەوە، بۆیە چوونی ناوبراو بۆ کۆشکی سپی ستایلێکی تازە تێکەڵ بە سیاسەتی ئەمریکا دەکا، کە رەنگە دۆخیکی پڕ لە دڵەڕاوکە بۆ بەرپرسانی ئێران بخولقێنێ.

لە ژمارە ٦٩١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

### هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا

### (بەشی دووهەم و کۆتایی)

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا تێپەڕین و دۆناڵد ترامپ بەربژێری کۆمارییەکان وەک سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا. سەرکەوتنی ترامپ لە نێوخۆ و دەرەوەی ئەمریکادا بە شێوەی جیاواز تەتەڵە دەکرێ. وتەکانی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ پرسە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکاندا هەڵلاسازکەر بوون و بە گیانی بەرژەوەندییە

کورتماوەکان بارگاوی کرابوون. دۆناڵد ترامپ بە رستەی ساکار و دروشمی بزوێنەر هەستی بەشێک لە خەڵکی هەڵخراند و وەک ختۆکەدەری خەونی گەورە و ئارەزووی بەشێک لە ئەمریکاییەکان دەرکەوت. ناوبراو، ئۆگرانی گۆڕان و ئەوانەی لە سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا ماندوو و شەکەت بوون، لە دەوری چەند دروشمێک کۆکردەوە، کە بە ئاسانی نەبنە کردار.

پرسی کۆچبەران، فەزڵی پارە بە سەر ژینگە و سیاسەتی ژینگەپارێزی، باج و هەروەها ئاڵوگۆڕ لە دەزگای لەشساغی، لە پرسە نێوخۆییەکانی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکان. ئاسایشی ئورووپا و ناتۆ، کەیسی رێکەوتنی ناوکیی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لەگەڵ ئێران، پێداچوونەوە بە رێککەوتننامە بازرگانییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەروەها قبوڵکردن و هەڵکردن لەگەڵ روسیە، لە خاڵە باسکراوەکانی تایبەت بە پرسە دەرەکییەکانی سەردەمی هەڵبژاردنن. دۆناڵد ترامپ شارەزا و پسپۆڕانی تووشی سەرسوڕمان کردوە و دۆخێکی نادڵنیایی خوڵقاندوە. لۆژیکی سیاسەت و ئیدارەی ئەو پیاوە، لە رەوتی تێپەڕینی کات و چوارچێوەی کردەوەدا دەردەکەوێ. سەرکەوتنی ناوبراو لە بەرنامەی ئیدارەکردنی ئەمریکادا بە چەندایەتی و چۆنایەتی هاوکارەکان، چۆنیەتی رەوتی هاوکاریی نێوان پارتی کۆمارییەکان و نوێنەرەکانیان لە کۆنگرێس و نوێنەران لەگەڵ ترامپ گرێدراوە.

سروشتی سیاسەتی بەڕێوەبەرانی رژێمی تاران و قووڵایی نەخشەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە فاکتەری سەرەکی لە گۆڕینی روخساری پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات دەژمێردرین. ئاخوندەکان بۆ پاراستنی بایەخی بە ناو "شۆڕشگێڕیی و ئیسلامی" (ئەگەر بە قسەش بێ) ناخوازن بە کراوەیی لەگەڵ ئەمریکادا بسازێن. ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان رەنگە بۆ قۆناخی دوای عەلی خامنەیی یان شڵەژانی زیاتری بارودۆخ و خواردنەوەی جامی ژەهری زیاتر ئەگەرێکی کراوەترە بێ. ئەو کات مۆرە دەمڕاستەکانی رێژیم راشکاوتر لەگەڵ رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکادا دەدوێن و مامەڵە دەکەن. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە هاوکێشەکان لە ئاڵوگۆڕدان و دوارۆژی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە. لەژێر تیشکی ئەو خوێندنەوەیەدا دوارۆژی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی ئاماژەپێکراو کراوەیە. ئەوە کۆی فاکتەرە دەرەکیی و نێوخۆییەکانن، کە پاڵنەری سەرەکی هەڵبژاردنی رێبازێکی تازە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی پێوەندییەکانن.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بە سەر سێ بژاردەدا دابەش دەکرێن. بە گوێرەی بژاردەی یەکەم، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دەتوانێ ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ناوکی لەگەڵ ئێران زیندوو رابگرێ و بە تەوژمی توندتر یان نەرمتر و لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مامەڵە بکا. ئێرانیەکان خوازیارن تامی سیاسەتی سەرکۆماری تازەهەڵبژێردراو بکەن و درێژە بە گەمەی ناسراو بە "بێنەوبەردە"ی سیاسی بدەن. پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتننامەی ناوکی بە مەرجی یەکلاکەرەوە بۆ درێژەدان بە دیالۆگ لەگەڵ ئێران دادەنرێ. سەرکۆماری هەڵبژێردراو لە قۆناخی بەربژێر بوونیدا روانینی جیاواز و توندی لەسەر ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو لەگەڵ ئێران دەربڕیوە. ئاشکرایە، کە دروشمەکانی هەڵبژاردن رەنگاوڕەنگن و بەشێکی زۆریان تەمەنیان کورتە. دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی ئەو دروشم و ڕێکلامانەی بە ئاسانی بۆ پراکتیزە ناکرێ و رەوتی بروکراسی دەسەڵات و سروشتی بەرژەوەندیەکانی وڵات چارەی ئەو پرسانە دەکا. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە لە بازنەی سیاسەتی وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکادا، گۆڕەپان و دەرفەتی جووڵەی سیاسی و بەکارهێنانی تاکتیک بۆ سەرکۆمار و داڕێژەرانی سیاسەت زۆرە. دۆناڵد ترامپ پێشینەی کاری دەوڵەتداری نییە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێگومان پشت بە راوێژکار و شارەزایانی ئەو بوارە دەبەستێ. زۆر ئاساییە، کە بۆ سەرکەوتنی کەیسی ئیدارەی ئەمریکا لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا، بڕیار و هەنگاوەکانیان لەگەڵ دروشمی هەڵبژاردن زۆر جیاواز بن. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، کۆشکی سپی کشانەوەی تەواو لە ڕێککەوتننامەی ناوکیی ئێران ناکاتە بژاردەی یەکەم. ترامپ لە ڕۆژانی سەرەتای سەرۆکایەتیدا تێدەگات، کە سروشتی کاری بیزنێس و بازرگانی لەگەڵ ئیدارەی وڵاتێکی گەورە بە تەواوەتی لێکجیاوازن. لە ئاکامدا دوور نییە، کە کۆمارییەکان بە روخسارێکی گرژەوە لە بازنەی ڕێککەوتننامە ناوکیەکەدا بمێننەوە. بێجگە لەوە، رەنگە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستێنی هاوکاریی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر بکەن. بڕیار و هەڵوێستەکانی ترامپ بێگومان هەڵگری سروشت و تایبەتمەندی خۆی دەبن، بەڵام لە کۆتاییدا ناوبراو و هاوکارەکانی لە دەلاقەی کۆشکی سپی تەتەڵەی رووداوە ناوچەیی و جیهانیەکانی دەکەن.

بە گوێرەی بژاردەی دووهەم، ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو هەڵپەسێردرێ و کاری پێنەکرێ. لە ئاکامدا پێوەندییەکانی دوو وڵات دەگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران. ئەو بژاردەیە دەگونجێ بە دەستپێشخەری کۆشکی سپی یان وەک پەرچەکرداری ئەمریکا بەرامبەر بە پابەندنەبوونی ئێران بە خاڵ و بەندی ڕێککەوتننامەکە بێ. ترس و دڵەڕاوکە لە ئەگەرێکی ئەوتۆ زۆر بەهێز نییە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز تەوژم و قورسایی خۆی هەیە. یەکەم،

ڕێککەوتننامەی باسکراو لە لایەن دام و دەزگا فەرمیەکانی ئەمریکا واژۆ نەکراوە و تەنیا مۆری سەرکۆماریان لە سەرە. دووهەم، دۆناڵد ترامپ لە رابردوو رایگەیاندوە، کە خوازیاری دووبارە داڕشتنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە. سێهەم، کۆمارییەکان لە دوو مەجلیسی ئەمریکادا زۆرایەتین و بە ئاسانی مل بۆ ویست و سیاسەتی سەرکۆماری دێموکراتەکان نادەن. ئەگەر دۆناڵد ترامپ وەک سەرکۆماری ئەمریکا مل بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە نەدا، ڕەنگە تەنگژەی زیاتر بخوڵقێ.

ئەگەر مەجلیسی سێنا و نوێنەران پشتگیری ئەو سیاسەتە بکەن، بڕیاری سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا هەڵدەپەسێردرێ. شایانی باسە، کە پرسی ئێران و زۆر بابەتی دیکەی تایبەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ریزی یەکەمی لیستی بەرنامەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا نابێ. سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو پێویستە لە نێوخۆدا و بە تایبەت لە پرسی کۆچبەر و بوژاندنەوەی ئابووریدا هەنگاو هەڵگرێ، کە بۆ دەنگدەرانی ترامپ شایانی ئاوڕلێدانەوەن. بێجگە لەوە، کۆی کایەی سیاسەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رایەڵکەی تازەی پێوەندییەکانی ئەمریکا لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر بە ئێران کاریگەر دەبێ. لۆژیکی سیاسەت لەگەڵ پلانی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان جیاوازە و دەربڕینە ئاگرینەکانی ترامپ، لە هەڵبژاردنەکاندا کرۆکی سیاسەت و دیپلۆماسیی ئەمریکا داناپۆشن.

بژاردەی سێهەم، پەڕینەوە لە ڕێککەوتننامەی ناوکی و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و ئێرانە. جێبەجێکردنی ئەو بژاردەیە پێویستی بە کاتی زیاتر و کاری بنەڕەتی و هەروەها وەرچەرخانی گەورەیە. سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو و تەنانەت بەربژێری دێموکراتەکانیش بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا پلان و بەرنامەیەکیان بۆ ئەو بژاردەیە نەبوو. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە ڕێژەیەک سیاسەتکار و داڕێژەری سیاسەت لە ئێران و ئەمریکادا بەرچاودەکەون، کە ئۆگریان بۆ کۆتایی هینان بە سیاسەتی توند و ڕەق بەرامبەر بە یەکتر هەیە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە و هەروەها رابردووی کۆنی هاوکاری و پێوەندییەکانیان خاڵی ئەرێنی زۆری تێدایە. لە بەرامبەردا، دژبەرانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان زۆرن و لە لوتکەی دەسەڵاتی ئێران و ئەمریکادا خاوەن بڕیارن. بەرەی کۆنەپارێزی ئێران و ڕێبەرەکەیان بە هەموو سیغەیەک ترسیان لە کرانەوەی زیاتر بەڕوی ئەمریکادا هەیە. ئەوان داخران و سەرشاخ بوون لەگەڵ ئەمریکا بە سیاسەتی گونجاو دەزانن و بە کردەوەش سوودیان لێوەرگرتوە. نیزامی ئێران، لە نێو داڕێژەرانی سیاسەت و ستراتیژیی وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هێشتا لە مەنزوومەی سیستمە بێزراوەکان دایە. کۆماری ئیسلامی بە یارمەتیدەری تیرۆریزم، هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئیسڕائیل و هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەناسێندرێ. لە روانگەی بەرە جیاوازەکانی سیاسەت لە ئەمریکا ، نیزامی ئێران بەو فۆرم و شێوازە، لەگەڵ بایەخ و چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادا ناگونجێ.

سەرکەوتنی بەربژێری دێموکڕاتەکان لە ئەمریکا بۆ ئێران بژاردەیەکی گونجاو و ئەرێنی بوو، چونکە بەرامبەر بە نیزامی ئێران سیاسەتی ئارامتریان رەچاو کردوە. بێجگە لەوە، دەسەڵاتدارنی ئێران لە پرسی رێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ دێموکراتەکاندا چەند ساڵە دیالۆگ دەکەن و باشتر لە کۆدە کولتوری و دیپلۆماسییەکانی یەکتر دەگەن. کۆمارییەکان بۆ بەرپرسانی تاران و بە تایبەت کەسیکی وەک دۆناڵد ترامپ و ستافی داڕێژەرانی سیاسەتی کۆشکی سپی بابەتێکی رەقە، کە پێویستی بە کات و راهێنانە. رێژیمی تاران خوازیارە، کە کۆشکی سپی لە دوای هەڵبژاردن بە رێککەوتننامەی ناوکی پابەند بێ. ئاخوندەکان و داڕێژەرانی سیاسەت لە ئێران بە کردەوە بۆیان دەرکەوتوە، کە دژکردەوەی ناعەقڵانی بەرامبەر بە زلهێزە گەورە و رۆژئاواییەکان، ئێران زیاتر پەراوێز دەخا. ئەوان بۆ نێوخۆ و لە بەرەی مێدیا و دیپلۆماسیدا دروشم و وتە کۆنەکان دووپات و چەندپات دەکەنەوە، بەڵام لە کردەوەدا بڕیار و سیاسەتەکانیان لەسەر کفوکوڵی تێپەڕ هەڵناچنن. بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە سروشت لەسەر بناخەی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆیان سیاسەت دەکەن و ژێرخان و سەرخانی سیاسەتی دەرەوەیان هەڵسەنگێندراوە. سیاسەت و دیپلۆماسیی نێوان واشنگتۆن و تاران، لەگەڵ رایەڵکەی رووداوە خوازراو و نەخوازراوەکاندا هاوبەندە و رەنگە هاوکێشەی هێز لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوو وڵات زیاتر کۆکاتەوە یان لە یەکتر دووریان کاتەوە.

رێبازی سیاسەتی نێوان دوو وڵات لە ماوەی نیزیک بە چوار دەیەدا، ماسولکەکانی بڕیار و سیاسەتی نەرم و خۆشکردوە و لە هەر دووک بەرەدا چاوەکان لەسەر یەکتر تیژ و کراوەن. ئەمریکا و رۆژئاواییەکان شارەزای سروشتی دەسەڵاتی ئێرانن و دەزانن، کە بڕیاردان لەو وڵاتە بە چ کاناڵێکدا تێدەپەڕێ و چ دزگایەک لە کۆتاییدا بڕیار دەدا. بێگومان دەزگای دیپلۆماسی و بڕیاردانی ئێران بۆ رۆژئاواییەکان سەرئێشەی زۆرە، چونکە سیاسەتکار و بڕیاردەرەکان بە کولتوری تەفرەدان و نەریتی خۆیان دەزگای دیپلۆماسی هەڵدەسووڕێنن. تێڕوانینی رۆژئاواییەکان بۆ سیستمی سیاسی و دەزگای بڕیار لە ئێراندا کامڵ و تەواو نییە و بە پێوانەی خۆیان دەزگای دەسەڵاتی ئێران

هەڵدەسەنگێنن. بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارە تازە کارە رۆژئاواییەکان، لە دوو رووی سیاسیی نیزامی ئاخوندەکان وەک پێویست تێناگەن. کۆنەکارەکانیش لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵات و گەلەکانیان، لە زۆر راستیی نیزامی ئێران خۆیان دەبوێرن و راوی شیرینییەکان دەکەن.

بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و هتد. لە جیرانەتی ئێران و تەوژمی ئاڵوگۆڕە نێوخۆییەکانی ئێران بە تێکڕا کاریگەریان لەسەر پێوەندیی نێوان ئەمریکا و نیزامی ئیسلامی لە تاران دەبێ. زۆربوونی رێژەی قەیرانەکان و پەلهاویشتنی ئێران لە رێگا و کانالی ئایینی و دەستە و گرووپی کرێگرتە، مەیدانی مانۆڕی ئاخوندەکانی زۆرتر کردوە. هاوکێشەکان گۆڕاون و بە تایبەت لاوازبوونی عێراقی کۆنەرقەبەری ئێران، زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و رۆژئاوا ناچار دەکا، کە ئێران لەسەر پرس و داهاتووی ناوچەکە پەراوێز نەخەن. وانەکانی سیاسەت دەیسەلمێنن، کە دەوڵەتەکان لەسەر ئەرزی واقع سیاسەت دەکەن و بەرژەوەندییەکانیان چرا و مەشخەڵی پێوەندییە دەرەکییەکانن. لە جیهانی سیاسەتدا دوژمنایەتی یان دۆستایەتی هەتا سەر نییە و پێوەندیی ئێران و ئەمریکاش لەو یاسا باوە بەدەر نییە. ئۆباما و دیموکراتەکان دەرگای ئەو پێوەندییانەیان لەگەڵ ئێران کردۆتەوە و گەشەپێدان و زیاترکردنی بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە پابەندبوونی ئێران بە رێککەوتننامەی ناوکی بە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەو پێوەندیانە پێناسە دەکرێ. پەرەگرتنی شەڕەدندوکەی هاوشێوەی شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و روسیە و هەروەها بوونی قەیرانی ئوکڕاین و سوریە بە گوێرەی پێویست دەرفەتی جووڵەکردنی زیاتریان بۆ ئێران خوڵقاندوە.

ئامانجی ئێران و بەرپرسانی رێژیم سووڕانەوە لە دەوری رێککەوتننامەی ئەتۆمیدا نییە. ئامانجی بەڕێوەبەرانی رێژیم ئازادکردنی دراو و پارە بلۆککراوەکان، سووککردن و لابردنی ئابلۆقەی سەر ئێران و وەرگرتنی رۆڵی گەورەترە. ئێران لە بواری حەشیمەتەوە خەڵکێکی زۆری لێدەژی، کە بۆ شیرکەت و وڵاتە رۆژئاواییەکان بازاڕێکی گەورەیە. رێژیمی تاران بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و سووکتربوونی تەوژمی ئابلۆقەی سەر وڵات، سفرەیەکی پان و بەرینیان بۆ رۆژئاواییەکان راخستوە. ئەوان روحی بەرژەوەندیخوازیی رۆژئاوا دەناسن و دەخوازن مەیدانی کێبەرکێی نێوان دەوڵەت و شیرکەتە رۆژئاواییەکان خۆشتر بکەن. شایانی باسە، کە رۆژئاواش لە پرسی پەرەپێدانی زیاتری بازرگانی لەگەڵ ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی هاوشێوەدا مەیلێکی کۆن و هەستێکی تێرنەبوویان هەیە. ئەمریکاش لەو نێوەدا سەرتۆپی وڵاتە رۆژئاواییەکانە و بە چەندان شێواز و کانال هەوڵی پاراستنی و

پەرەپێدانی رۆڵی زلهێزانە و بەرژەوەندییەکانی دەدا. تاقیکارییە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە قووڵایی ستراتیژی زلهێزێکی وەک ئەمریکا دابینکردنی سوود و بەرژەوەندیی وڵات و نیشتمانی خۆیانە. پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاش رەچاوی ئەو یاسا باوەی سیاسەت دەکەن.

راستیی و حەقیقەت، لە کرۆکی سیاسەتدا جێگایان لەرزۆکە. دابینکردنی بەرژەوەندییەکان، رازاندنەوەی ویست و داخوازەکان، هەوڵدان بۆ مانەوە و قۆستنەوەی دەرفەتەکان جەوهەری راستەقینەی سیاسەت پێکدێنن. سیاسییەکان و داڕێژەرانی بڕیار بە هەڵخڕاندنی هەستی مرۆڤەکان شەڕی باوەڕ و ئامانجەکانی خۆیان دەکەن. مرۆڤەکان بە کردەوە لە جیهانی پێشکەوتوو و داواکەوتوودا دەرفەتی قوتبوونەوەی سیاسەتکارەکان دەرەخسێنن و لەو پرۆسەیەدا لۆژیک و بیرکردنەوە دەرەقەتی هەست و کفوکوڵی تێپەڕ نایەت. چاوەڕوانی کات دەبین و بزانین، کە دۆناڵد ترامپ دەتوانێ بە ستایلی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی و هەروەها هات و هاواری هەڵبژاردن، ئەسپی هەوەسی سیاسەت تاوبدا؟ ئاشکرایە، کە لە کۆشکی سپیدا دۆناڵد ترامپ بە ستایل و شێوازی خۆی تێدەکۆشی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بپارێزێ و ئەو کۆشکە بە ئاسانی ناکرێتە کلوبی بازرگانەکان. ترامپ لە کۆشکی سپی ناچارە رۆڵی سیاسەتکارێک یاری بکا و لەو گۆڕەپانەدا زۆر مێشک و دەست یارمەتی دەدەن. لە بیرمان بێ، کە باراک ئۆباما بە دروشمە گەورەکانی زۆری نەگۆڕی و دۆناڵدیش بە دروشمە ناتەباکانی زیاتری بۆ ناگۆڕێ. سروشتی سیاسەت گۆڕاوە و رەنگە قەیرانی چۆنایەتی دەنگدانی تاک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا توانای هەڵگرتنی خەمەکانی ئەمرۆی نەبێ. بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و بایەخ بۆ دەنگدان و دەنگوەرگرتنی تاک، پێویستە لۆژیک و بیرکردنەوە جڵەوی کفوکوڵ و هەستە تێپەڕەکان بگرنەوە.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەر ٢٠١٦

## تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە و دواڕۆژی پارتە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستاندا

رووداوی تیرۆریستی ئێوارە درەنگانی ٢٠ مانگی بەردەم قەڵای هەرمۆتە، کە بە قەڵای دێموکرات ناسراوە، جێگای داخ و کەسەرە. لەو رووداوەدا پێنج پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو کەس لە کارمەندانی ئاسایش شەهید بوون. هێشتا بەڵگەیەکی ئاشکرا لە سەر بکەرانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئێران بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە تێرۆریستیە دەناسێنێ. شایانی باسە، کە ئەو کردەوە تێرۆریستییە پێویستی بە کەرەسە و فاکتەری جێبەجێکەر هەیە، کە رەنگە لە داهاتوودا وردەکاری زیاتر لەوبارەوە ئاشکرا بکرێن. لێکدانەوە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو کردەوەیە راگەیاندنی پەیامێکە، کە پارتی کوردییەکان رۆژهەڵات لە باشوور ناکرێ لەبیری بکەن. لە دوای روودانی کارەسات و کردەوە رەشەکوژییەکان کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێندرێن، کە زیاتر پێوەندیان بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە. لە پێوەندی لە گەڵ رووداوی بەردەم قەڵای هەرمۆتە پرسیارەکان زۆرن و رەنگە بەشێکی زۆریان لۆژیکی بن. هەموومان رەنگە پرسیار بکەین، دەبێ چ کەسانێک لە پشت ئەو کردەوەیە بن؟ بۆچی بواری ئاسایش و پارێزگاری لەو شوێنە توندوتۆڵ نییە؟ رووداوەکان چەندە و چۆن لە رێگای کامێرای شاراوە تۆمار کراون؟ چەندە لە پەروەردەی پێشمەرگەدا باس لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و بەرەنگاری لە گەڵ رووداوە نەخوازراوەکان دەکرێ؟ لێرەدا راستییەکی حاشاهەڵنگر هەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی وڵامی ئەو پرسیار و ئاکامی لێکۆڵینەوەی تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە. خەباتی رەوای گەلێکی ژێردەست و روخساری بێزراوی نەتەوە و دەسەڵاتێکی سەردەست، کە باوەڕی بە بوونی و مافی نەتەوەی کورد نییە.

رەشەکوژی بە یەکێک لە کێشە نێونەتەوەییەکانی سەردەم دەژمێردرێ. کردەوە تێرۆریستییەکان ئەمڕۆ بە شێوازی جیاواز لە جیهاندا دەبینرێن و بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن. لە روانگەی جیاواز باس لە رەشەکوژی دەکرێ و تاریفێکی تۆکمە بۆ ئەو دیاردەیە نییە. خوێندنەوە تیۆریی و نووسراوەکان لەو پێوەندییەدا جاروبار لە گەڵ خەیاڵ و شێوازە نەگونجاوەکان پرسەکە ئاڵۆز دەکەن. ئەوان لە دەوری رێکخراو و گروپە چەکدار و ئایدۆلۆژیەکان دەسووڕێنەوە و کەمتر باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکەن، کە ماکەی سەرەکی رۆژرەشییەکانی مرۆڤایەتییە.

بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتەکان بە بیانووی سەروەری و پارێزگاریکردن لە سنوورەکان خەڵکی ئازادیخواز و نەیارە سیاسییەکانیان بە ئاشکراو و نهێنی لەنێودەبەن. ژمارەیەک لەوان وەکو دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان بێجگە لە سڕینەوەی جەستەیی نەیارە دیارەکانیان بە چەک و شێوازی جیاواز ناسنامە، کولتور، زمان، هەستی بڕوابەخۆبوون و زۆر سەرمایەی نەتەوە و کەمایەتییەکان دەخنە ژێر پاڵەپەستۆی شێکێنەر.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە دامەزرانەوە هەتا ئەمڕۆ راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرەپێدەری تیرۆریسمی دەوڵەتییە. رێژیم بۆ سەرکەوتن لەو پیلان و کردەوانەدا و هەروەها شاردنەوە و پووش بەسەرکردنیان لە زۆر کەرسە کەڵک وەردەگرێ.  یەکێک لەو چەکانە بەکرێگرتنی خەڵکی خۆماڵی و کوردە، کە بە ئاسانی دەستەمۆ دەبن و ئامادەن دژ بە خۆیان و نەتەوەکەیان هەنگاوی دوژمنکارانە هەڵگرن. رێژیمی تاران زیاتر لە رێژیمەکانی دیکەی زاڵ بەسەر کوردستاندا لە کەیسی تیرۆر و رەشەکوژی لەو کوردانە سوود وەردەگرێ. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو و سرووشتی دەسەڵات لە ئێرانی کۆن و نوێدا دەیسەلمێنێ، کە تیرۆر و رەشەکوژی بەشێکە لە کولتوری ئەو دەسەڵاتە. ئەوان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیاندا نیشانیان داوە، کە بۆ سڕینەوەی دژبەر و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرە ئازادیخوازەکان هیچ سنوورێک ناناسن. لە کەیسی تێرۆر و رشەکوژیدا، ئێران لە نێو وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تاقانەیە و هیچ کام شان لە شانی نادەن. دیرۆکی سیخوڕیی و هەروەها کوشتن لە سەر مێزی بەناو دیالۆگ، لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی ئێران بۆ کوردەکان پرسێکی ساغبۆوەیە. لیستی تیرۆری تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، لە دوای راپەڕین دەرخەری سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەرامبەر بە کورد و کوردستانە. وتەی نەوەی کۆن و باپیرانی کوردە رۆژهەڵاتییەکان هێشتا لە گوێی نەوەی ئەمڕۆدا دەزرینگێتەوە، کە "عەجەمەکان" شایانی (داگیرکەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان) باوەڕپێکردن نین.

دیاردەی تیرۆر لە ئێراندا بابەتێکی ئاڵۆز و چەند روخسیارییە، کە رەگ و ریشەی قوڵی لە خانە تاریکەکانی مێژوودا هەیە. ژێرخانی پتەوی تیرۆرە سیاسییەکانی ئێران بۆ سرووشت و کولتوری دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەت تێکەڵاوکردنی مەزهەبی فەرمی لە گەڵ سیاست و دەسەڵاتدارەتیدا دەگەڕێتەوە. لە مەیدان و گۆڕەپانی رۆژانە و پراکتیکیدا کوردەکانی رۆژهەڵات و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ستایلی جیاواز شاهیدی رووداني بەشێک لە تیرۆرەکان بوون. لە ئەنجامدا سێبەری رەشی تیرۆر و رەشەکوژی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە. کۆماری

ئیسلامی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتی ئاخوندە فێڵباز و ڕووناکبیرە ونبووەکانی قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی کوێرانە و ویلاتی بەناو فەقیهی نامرۆڤانەدا سالآنێکی زۆرە لە نێوخۆ و دەرەوەدا ڕاهێنان لە سەر تێرۆریزم دەکا و زۆر ڕوخساری ناسراوی بەو شێوازە لەنێوبردوە. ناردنی شیرینی و خواردنی ژاراویکراو، پەڕتوکی بە بۆمب و کەرەسەی تەقینەوە ئاخنراو، کەسانی فریوخواردو بە ژار و دەرمانی کوژێنەر، ناردنی سیخوڕە خۆماڵیەکان بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی دۆخی نیوخۆیی و لێدانی بنکە و بارەگاکان و کوشتنی ئەندامەکان بە هۆی دەستوپێوەند و سیخوڕە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و باشوور بەشێکی بچووک لە کردەوەی تیرۆریستی ڕێژیمی تاران دەژمێردرێن. جێگای باسە، کە کەمتەرخەمیی و نەبوونی هونەر بۆ پوچەڵکردنەوەی کردەوە تیرۆریستیەکانی ڕیژیم دیوێکی دیکەی ڕووداوەکانە، کە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شارەزایانە دەخوازێ. بێجگە لەوە، وانەوەرنەگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان و خۆشباوەڕی بەرامبەر بە دەسەڵات و نوێنەرەکانی وەک بەشێک لە کولتوری کاری سیاسی، ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرکەوتنی کردەوە ڕەشەکوژییەکان دژ بە کوردان گێڕاوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خەباتی ڕزگاریخوازانە لە پارچەکانی کوردستان بە تەوژمی جیاوازدا تێدەپەڕێ. هەر پارچەیەی بە جۆرێک پرسە نێوخۆیی و دەرەکیەکان تەتەڵە دەکا و ڕێڕەوێکی هەڵبژاردوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو سێ پارچەکەی دیکەدا چارەنووسی دژوارترە، چوونکە ئەوان لە خەباتێکی گەرم و گوڕ بۆ خەباتێکی پەراوێزخراو داکشاون. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دوژمنی ڕاستەقینە و تاقانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک گەمەکەرێکی چالاک لە ناوچەدا ئەکتیڤە و وێڕای تورکیە لە کاروباری عێراق و سوریە و تەنانەت هەریمی کوردستاندا ڕۆڵ و دەورێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ. ڕۆژهەڵاتیەکان و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کپ و بێدەنگ کراون. ئەوان لە پێناوی باشووردا زیاتر لە دوو دەیە وازیان لە خەباتی چەکداری هێنا و کەوتنە بازنەی چاوەڕوانی، کە سەرئەنجام دۆخێکی نالەباری لێکەوتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ دوارۆژی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور و جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵات لە تەرازووی ڕووداوە کوردستانیی و ناوچەییەکاندا چەند پرسیارێک هەن، کە بۆ ورووژاندن گونجاون و تەتەڵەکردنیان بە قازانجی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. گرینگترین پرسیار ئەوەیە، کە دوارۆژی کوردەکان چییە و ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور چاوەڕوانی چ چارەنووسێک دەکەن؟ ئەوان دەتوانن چی بکەن و چەندە دەرفەتی کراوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە چەقیوە هەیە؟ ئایا مانەوە و چاوەڕوانی کردن دەرەقەتی مەترسییە دیار و نادیارەکان دێت؟

چارەنووسی کوردەکان لێکگرێدراوە و داهاتووی پرسی کورد لە باشوور و پارچەکانی دیکە کاریگەری لە سەر تەوژمی خەباتی کوردانی ڕۆژهەلات دەبێ. بە گوێرەی وانە مێژووییەکان، چارەنووسی کوردەکان لە ئەگەری تێکچوونی بارودۆخی باشووری کوردستان رەنگە باشتر لە دەیەی ٦٠ی زایینی نەبێ! ئەو سەردەمەی کە تێکۆشەران و شۆڕشگێرانی ڕۆژهەلات لە پێناوی بەرژەوەندییە کورتماوەکانی بە ناو شۆڕشی باشور تووشی گرتن، ئەشکەنجە، راوەدوونان، کوشتن و رادەستکردنەوە ئێران بوونەوە. سەردەمانێک، کە سیاسەت لە مۆڕاڵ و تەنانەت دابونەریتە کورییەکان شۆرایەوە و لە پێناوی مانەوەی خۆدا، کوردەکانی دیکە لە گۆڕەپانەکە دەرپەڕێندران و خەونە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیان کرایە کۆشکی هەورین.ئەوە راستە، کە جیهان گۆڕاوە و کوردەکان بە بەراوەرد بە چەند دەیەی رابردوو دۆخێکی باشتریان هەیە، بەڵام ناکرێ ئەگەرە نەخوازراوەکانی دوای شەڕە گەورەکان لەبیر بکەین.

پارتە ڕۆژهەلاتییەکان و ئەندامەکانیان پێویستیان بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و دووربینانەی دۆخ و دواڕۆژی خۆیانە. ئەگەر خوازیاری دواڕۆژێکی باشترین، گونجاوە کە لە سەر بنچینەی زانیاریی و تێگەیشتن دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم کورد و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلات تاوتوێ بکرێ. سەرکردایەتی هێزە سیاسییە ڕۆژهەلاتییەکان لە قۆناغیکی دژواردان و گۆڕەپانی جوڵەکردنیان بەرتەسکە، بۆیە پێویستیان بە خوڵقاندنی دەرفەتی لەبار هەیە. دەرفەتەکان بە پلان و بەرنامە و کاری بەردەوام دەخوڵقێن و ئەو ئەرکە وەک هەموو پلانەکانی دیکە لە هەڕەشە و مەترسی بەدوور نییە. ئێستا پارتە ڕۆژهەلاتییەکان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، کە لەو بەشەی کوردستاندا بەو شێوازە دەمێننەوە یان خوازیاری ئاڵوگۆڕن؟ ئەگەر خوازیاری مانەوەن، چ زمانەتێک بۆ دواڕۆژی ئەوان هەیە و چەندە دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و ئەندامەکانیان بکەن؟ ئەگەر نیازی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەیان هەیە چ میکانیزمێک هەیە و چەندە دەتوانن هێزی لاو و تازە هاتوە لە سنوورەکان رێکخراو و پەروەردە بکەن؟ ئایا ئیمکانی ئەوەیان هەیە، کە خاوەن ژن و منداڵەکان بە جۆرێک رێگای هەندەران بگرنە بەر و لە ماوەیەکی ٥ ساڵەدا وەرچەرخان لە بزوتنەوەی رزگاریخوازنەی کورد لە ڕۆژهەلاتدا بخوڵقێنن؟

پەرتەوازەبوونی نەتەوەی کورد دیاردەیەکی نامۆ نییە و زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکان کەم و زۆر بە دەست ئەو دەردەوە ناڵاندوویانە، بەڵام ئەوەی کوردان لە سنوور تێپەڕیوە. کوردەکان جیاوازن و مێژوویەکی پڕ لە

چەرمەسەریان هەیە و لە ماوەی چەند سەدەی رابردوودا ئاسانتر لە نەتەوەکانی دیکە کەوتوونە ژێر ناسنامەی ئایینی و زرەناسنامەی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی، تورکی، عێراقیی و سوری.تێپەڕاندنی دۆخەکە پێویستی بە هەموو لایەکە، بەڵام بۆ بە ریکخراوکردنی رەوتی تاوتوێکردنی ئەو پرسیار و بابەتانە، پارتە سیاسییەکان باشترە هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرن. وەسەریەککەوتنەوەی هێزەکان و کۆبوونەوەی وزە پەرتەوازەکان نوختەی وەرچەرخانە و دەللاقەیەکی تازە بەرەو داهاتووی خەباتی کوردان لە رۆژهەلاتدا دەکاتەوە. ناسینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی رابردوو، وانەوەرگرتن لە هەڵە چەند پات کراوەکان و رەچاوکردنی بنەماکانی بەژەوەندی نیشتمانی بە هەنگاوی گرینگ پێناسە دەکرێن. کات بە پەلە تێدەپەڕێ و ناکرێ لەو سەردەمەدا رێگا، مەبەست و ئامانج مژاوی بن و لە بازنەی کەوتن و شکستەکانی دوینێدا سەرگردان بین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## پێوەندییەکانی روسیە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە رێبەرایەتیی ترامپ و پوتین

شەری زلهێزەکان بە شێوازی گەرم و سارد لە مەرِ سەپاندنی ویست و داخوازەکانیان بە چیرۆکە گەورەکەی مێژوو دەژمێردرێ. دەسەلات و گەورەهێزەکان لە تانوپۆی نەخشەی سیاسیی جیهاندا شوێن‌پەنجەیان دیارە و تێگەیشتن لە زلهێزەکان و پرسە جیهانی‌یەکان گرێدراوی یەکترن. قوتبوونەوە یان هەڵوەشانی زلهێزەکان بالانسی هێز تێکدەدا و ریزبەندییەکی تازە لە نێوان دەوڵەتە کاریگەرەکاندا ساز دەکا. مێژووی سەدەی بیستەم دەیسەلمێنێ، کە چەندە و چۆن هاتن و رۆیشتنی زلهێزەکان کایەی سیاسەت و هەروەها بالانسی هێزیان گۆڕیوە. پێوەندی نێوان زلهێزەکان بە سەرتۆپی پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان پێناسە دەکرێ. گەورەهێزەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان، لەگەڵ دەوروبەر هەڵسوکەوت دەکەن. دەوڵەتە گەورە و خاوەن بڕیارەکان بە شێوەی جیاواز ئیدارە دەکرێن و سروشتی سەرکردە و رابەرەکانیان لەسەر تەوژم و تامی سیاسەت و پێوەندییەکان شویندانەرن.

وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و روسیە لەو زلهێزانەن کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا بە تەوژمی جیاواز لەسەر

رووداوە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان کاریگەر بوون و رەوتی سیاسەتی جیهانیان خەملاندوە. ئەوان وێڕای باقی زلهێزەکانی دیکە، لە شەڕە گەورە و قەیرانە جیهانی‌یەکاندا بەشدار بوون و تێکۆشاون بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن. ساڵی داهاتوو، ٢١٠ ساڵ بە سەر رێککەوتنی پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان ئەمریکا و روسیەدا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا دوو وڵات زۆر رێچکەی دۆستایەتی و دوژمنایەتیان بڕیوە و لە هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانیاندا تامی دۆستایەتی و دوژمنایەتی یەکتریان کردوە. ئەوان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا هاوکار و لە دوای شەڕ بوونە دوو جەمسەری دژ بەیەک، کە بۆ خۆپاراستن، دەستەوداوێنی گەشەپێدانی چەکی ناوکی بوون. سەرکردەی دوو وڵات لە دوای شەڕی سارددا سیاسەتی وێکهەڵکردنیان رەچاو کرد و هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت باڵانسی هێزی بە قازانجی ئەمریکا گۆڕی. شایانی باسە کە رۆڵی ئەمریکا وەک یەکەم زلهێزی دوای کۆتایی شەڕی سارد و روسیە وەک زلهێزی دیاری سەر گۆڕەپانەکە هێشتا بەرچاوە و درێژەی هەیە.

لە چەند ساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕی زۆر لە ناوچە و جیهاندا روویان داوە، کە بەشێکیان پێوەندیان بە پێوەندیی نێوان دوو زلهێزی ئاماژەپێکراوە. روسیە لە دوای بەخۆوە لکاندنی دورگەی کریمە و هەروەها درێژبوونەوەی قەیرانی سوریە لەگەڵ سیاسەتی رۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کەوتۆتە دۆخی نەخوازراو. ئەوان وەک ساڵانی رابردوو لەسەر پرسە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان هاوڕا نین و بەرژەوەندییەکانیان کەوتۆتە راست و چەپی یەکتر. روسیە لەو ماوەیەدا سیاسەتی گۆڕیوە و توندوتۆڵتر لەگەڵ بەرەی رۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لێرە و لەوێ هەڵسوکەوت دەکا. بەرەی رۆژئاوا بۆ پاشەکشەکردن بە روسیە و بە تایبەت پوتین ئابلۆقەی ئابووری خستۆتە سەر روسیە. بە مەبەستی خاوبوونەوەی گرژییەکان و دوورکەوتنەوە لە قەیرانی گەورەتر هەردووک بەرە دانیان بە خۆدا گرتوە و سیاسەتی چاوەڕوانیان رەچاو کردوە. لەسەر ئەو بناخەیە، پرسی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و روسیە یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی سەردەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٢٠١٦ی ئەمریکا بوون. دۆناڵد ترامپ وەک سەرکۆماری هەڵبژێردراو، لە بەشێک لە دروشمەکانی هەڵبژاردندا هەڵوێستێکی نەرمی بەرامبەر بە روسیە دەربڕی و رەخنەی لە سیاسەتی سەرکۆماری ئەمریکا دەگرت. ناوبراو لە گەرمەی کێبەرکێکانی هەڵبژاردندا شێوازی ئیدارەکردنی پوتینی بە گونجاو و تەنانەت باشتر لە ئۆباما پێناسە کرد.

داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیار لە مۆسکۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی

ئەمریکادا لاگیری ترامپ بوون. دۆناڵد ترامپ لە رێڕەوی هەڵبژاردندا تێکۆشا کە پاڵەپەستۆی سیخوڕیی روسیە لەسەر هیلاری کلینتۆن زیاتر بێ و ناوبراو لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا زۆرترین سوودی لێوەرگرێ. ئەو کولتورە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەگمەنە و کەمتر بینراوە زلهێزێکی دژبەری وەک روسیە بەو رێژەیە کار لەسەر کەیسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکا. بێجگە لەوە، پرسی بەرژەوەندییە بازرگانی و ماددییەکانی ترامپ ئەگەرێکی شاراوەی دیکەیە، کە رەنگە لە خاکی روسیەدا بنج و بناوانی هەبێ و بە شێوازێکی شاراوە لەسەر روانگەی ترامپ و پوتین بەرامبەر بە یەکتر شوێندانەر بێ. گفت و لفتی نەرمی ترامپ بەرامبەر بە پوتین لە روانگەی جیاواز لێکدراوەتەوە و لە تولەرێی سیاسەتدا بە گومانەوە پێشوازی ئەرینی لێکراوە. دەسەڵاتدارانی روسیە بە سەرکەوتنی ترامپ شاد بوون و دوومای روسیە(مەجلیس) بە چەپڵە پێشوازی لەو سەرکەوتنەی ناوبراو کرد. سەرکەوتنی هیلاری کلینتۆن بۆ روسیە درێژەی بە سیاسەتی ساردوسڕی نێوان دوو وڵات دەدا و بەرپرسانی روسیە خوازیاری بردنەوەی ترامپ بوون. پوتین لە ریزی یەکەمی ئەو کەسانەدا بوو کە پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترامپ کرد و رایگەیاند کە خوازیاری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی دوو وڵاتە. لەو پێوەندییەدا پوتین و ترامپ، پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا، لەسەر رێزگرتنی بەرامبەر، دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆ و هەروەها هاوکاری بۆ سەرکەوتن بە سەر تیرۆریزمدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە جیهانی سیاسەتدا ساویلکەبوون گوناهێکی نەبەخشراوە، بۆیە ئەمریکایی و روسەکان هێشتا بە پارێزەوە باس لە داهاتووی رووداوەکان دەکەن. بەشێکی زۆر لە بەڵێنیەکانی ترامپ بۆ روسیە پڕ بوون لە بۆنی رۆژانی خۆش و بە خەونی شیرینی روسیە لە سەدەی ٢١دا پێناسە دەکرێن. ترامپ لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا باسی دوورکەوتنەوە لە پشتێنەی سووری روسیە، دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە دابینکردنی ئاسایشی خۆڕایی بۆ وڵاتانی ئورووپا و وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی دەکرد. روسیە لە ژێر سێبەری ئەو دروشمانەدا ئارەزوو دەکا، کە بەشێک لە پێگەی دۆڕاوی سەردەمی سۆڤییەت قەرەبوو بکاتەوە. شایانی باسە کە بەشێک لە دروشم و سیاسەتی هەڵبژاردنی ترامپ تەنانەت بەرامبەر بە روسیە ناتەبا و دژبەر بوون، کە کەمتر تیشکیان خراوەتە سەر. ناوبراو باسی لە گەڕاندنەوەی مەزنایەتیی وڵات و بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکان و پەرەپێدانی سیستم و بەرنامەی بەرگریی موشەکی دەکرد، کە بۆ روسیە هەڵگری قۆناخێکی تازە لە شەڕی بەرژەوەندیی زلهێزەکان بە ئەژمار دێت. گەڕانەوەی مەزنایەتی بۆ ئەمریکا و مانەوەی ئەو وڵاتە وەک سەرتۆپی زلهێزەکان نرخی خۆی دەوێ و لە رێگای کێبەرکێی هەمەجۆر لەگەڵ زلهێزە جیهانیەکان و یەک لەوان روسیەدا دەستەبەر دەبێ.

پوتین ماوەیەکی بەردرێژەی لە لوتکەی دەسەڵاتی روسیەدا جێگیرە و خەریکە ناسناوی "رێویە زۆرزانەکە" وەردەگرێ. ناوبراو لەو پۆستەدا، لەگەڵ چەند سەرکۆماری ئەمریکادا تامی سیاسەت و دیپلۆماسی کردوە. ئەو لە سەرەتادا، روخساری زۆر دەرنەدەخست و لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا هێشتا تازەکار و بێ ئەزموون بوو. پاش تەواوبوونی سەردەمی کلینتۆن و دەستپێکی سەرکۆماریی جۆرج بوش، روسیە و ئەمریکا کەم و زۆر پێوەندییەکانیان متمانەپێکراو و ئاسایی بوون. پوتین لەو قۆناخەدا تێکۆشا، کە متمانەی ئەمریکا لە مەڕ شەڕ دژی تێرۆریزم دەستەبەر بکا، هەرچەندە روسیە نەیاری شەڕی دژ بە عێراق و دواتر پەلاماری هاوپەیمانان بۆ سەر لیبی بوو. دەرگیربوونی ئەمریکا لە زۆر قەیرانی ناوچە و جیهان و کەڵەکەبوونی رەخنەی زۆر لە نێوخۆ و دەرەوە دژ بە سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی، دەرفەتی دەرکەوتنی زیاتری بە روسیە بەخشی. بە سەرکەوتنی ئۆباما پێوەندییەکان سەرەتا ئاسایی و دواتر لە ئاکامی جیاوازیی سیاسەتی نێوان ئەمریکا و روسیە کەوتنە قۆناخی چەقین و کۆنەقین. کەیسی ئۆکراین و پەلهاویشتنی رۆژئاوا لە کاناڵی ناتۆ و یەکێتی ئورووپا بۆ جەرگەی هێڵی ئاسایشی روسیە، سەرکردایەتیی روسیەی تەنگەتاو کرد. روسیە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانە و کێشانی هێڵی سوور لە بەردەم ئەمریکا و ئورووپا و ناتۆدا، دەستەوداوێنی سیاسەتی هێز و بەکارهێنانی هێزی نیزامی و هەڕەشی تۆڵەسەندنەوە بوو. ئەو وڵاتە لە پرسی لکاندنی نیمچە دورگەی کریمەی ئوکراین‌دا، لە سیاسەتی هێز کەڵکی وەرگرت و لە رەوتی قەیرانی سوریەدا دژ بە سیاسەتی رۆژئاوا و ئەمریکا وەستایەوە. لە مەڕ پاراستنی دەسەڵاتدارانی سوریە و دوارۆژی ئەو وڵاتە سیاسەتی روسەکان وەبیرهێنەرەوەی قۆناخی شەڕی سارده و ئامادە نین بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان بن.

ئاڵوگۆڕ لە پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتە زلهێزەکان و گۆڕانی روخسارەکان لە کۆشکی سپیی یان کرێملین سەرەتاییەکی گونجاو بۆ داڕشتنی تاکتیک و شێوازی سیاسەتی ئەو زلهێزانە دەخوڵقێنێ. لە سەردەمی ئەمڕۆدا رەنگە ساویلکەیی بێ، ئەگەر کەسێک چاوەڕوانی چارەسەربوونی کۆی کێشەکانی نێوان روسیە و ئەمریکا بێ. لە هەردووک بەرەدا هەوڵەکان لەسەر ئەوە چڕبوونەوە کە دەلاقەی دیالۆگ بەسەر یەکتردا دانەخرێن. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگی نێوان سەرکردایەتیی ئەو دوو وڵاتە لە جووڵە نەکەوێ و دوو لایەن خوازیاری چارەسەر بن نەک قورمیشکردنی گرژییەکان و قووڵترکردنەوەی جیاوازییەکان. تێڕوانین لە مێژووی پێوەندییەکانی دوو وڵات و سروشتی رەقەبەرایەتی نێوانیان لە دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، هاوکێشەی پێوەندی نێوان پوتین و ترامپ ئاڵۆزتر دەکا. روسیە و رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە بناخەدا کێشەیان هەیە و بە ئاسانی چارەسەر

ناکرێن. بێجگە لەوە، ستایلی ئیدارەکردنی روسیە و ئەمریکا لەگەڵ یەکتردا جیاوازی قووڵیان هەیە. بە مانایەکی ساکار، کۆشکی سپیی و کرێملین بە دوو کولتووری جیاواز بەڕێوەدەچن. لە ئاکامدا ئەوەی پوتین لە روسیە دەتوانێ لە قاوغی سیاسەتدا راهێنانی لەسەر بکات، ترامپ ناتوانێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دووپاتی کاتەوە.

دۆناڵد ترامپ گیرۆدەی درێژەدان بە سیاسەتی دێموکراتەکان نییە و ئاسانتر لە ئۆباما دەتوانێ لەگەڵ پوتین تاوتوێی قەیران و کێشەکان بکا. ترامپ دەتوانێ ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و بە کردەوە لەگەڵ پوتین بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان هاوکار بێ، بەڵام ئەو رێگایە پڕە لە کەندوکۆسپ. لە بەرەی ئەمریکا و رۆژئاوادا جۆرە نیگەرانیەک لە سەرکۆماری ئەمریکا بەرچاو دەکەوێ، کە رەنگە ترامپ زیاد لە پێویست لە مسکۆ نیزیک بێتەوە. لە بەرامبەردا لە نێو رووسەکاندا جۆرە نیگەرانیەک هەیە، کە ترامپ بە کردەوە نەتوانێ بە گوێرەی دروشمەکانی هەڵسوکەوت بکا و سیاسەتێکی ئارام و تەبا بەرامبەر بە روسیە بگرێتە بەر. چاوەڕوانیەکانی روسیە و ئەمریکا لە یەکتر لە گۆڕەپانی کردەوەدا تاقی کراونەوە و دوو لایەن بە تەواوەتی شارەزای ستراتیژی و تاکتیکی یەکترن. ئەوەی زیاتر لەو نێوەدا جێگای باس و دیالۆگە، چۆنیەتی تێڕوانینی سەرکردەکانی کۆشکی سپی و کرێملین لە یەکترە. لە پێوەندی لەگەڵ ترامپ چاوەڕوانیەکان زیاترن و رەنگە بەشێکی زۆریان لەسەر بناخەی هەست هەڵچنرابن. شایانی باسە کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە سەرکۆماریی ئەمریکا لەگەڵ ساڵانی رابردوو جیاوازن و سەرکەوتنی ترامپ بە سەر کلینتۆندا بە کاڵایەکی تایبەت لە کێڵگەی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا پێناسە دەکرێ.

بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی روسیە خوازیارن کە لە لایەن کۆشکی سپی وەک زلهێزێکی هاوتا و خاوەن رێز وەرگیرێن و لە بەستێنێکی هاوتەرازدا تاوتوێی قەیران و کێشەکان بکەن. مۆسکۆ لە پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ دەرفەتی سەرڕاستکردنەوە دەگەڕێ و خوازیارە لە هاوکێشەکاندا وەک زلهێزێکی کاریگەر رێزی لێبگیرێ. رۆژئاواییەکان و یەکێتی ئورووپا لە مەڕ پەرەسەندنی هەستی مەزنخوازیی روسیە لە ژێر رێبەرایەتیی پوتیندا نیگەرانن و وتە و تێڕوانینەکانی ترامپ لەسەر روسیە و هەروەها یەکیتی ئورووپا دۆخێکی ناڕوونی بۆ خوڵقاندون. سیاسەتی چەند ساڵەی کرێملین لە کەرتی ئورووپا و هەروەها رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرئێشە و قەیرانی بۆ ئەمریکا و یەکیتی ئورووپا داتاشیوە. دەسەڵاتدارانی مسکۆ بۆ پاراستنی جۆغرافیا و پێگەی خۆیان وەک زلهێزێک ئامادە نین بە ئاسانی پشتێنەی ئاسایشی خۆیان خەوشدار بکەن و گوێڕایەڵی رۆژئاوا بن. ئەمریکا لە ساڵانی رابردوودا بە چاوی زلهێزە کۆنەکە چاوی لە روسیە نەکردوە و بە کردەوە لە زۆر بابەتدا روسیەیان

پەراوێز خستوە. روسەکان لە بەهێزتربوونی ناتۆ تووڕە و ناڕازی بوون و گومانیان لە سیاسەتی ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا لە تۆقدانی پشتێنەی ئاسایشی روسیە هەبوە.

بەڕێوەبەرانی روسیە، لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا بۆ یەکەمجارە، کە بە زمانی هەڕەشە و بە زمانی سەردەمی شەڕی سارد لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئورووپادا دەدوێن، کە رەنگە دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی رۆژئاوا لە ناوچە و جیهاندا بێ. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە ئابووری روسیە لە ژێر پاڵەپەستۆی ئابلوقەی رۆژئاوا، دابەزینی نرخی نەوت و دراوەکەیدا سەری لە کزی داوە. داڕێژەرانی سیاسەت لە کریملین بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە ناچارن لەگەڵ بەرەی رۆژئاوا بگەنە رێککەوتن. ئەگەر پوتین لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا خۆی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆمار ئامادە بکا، ناچارە زمانی دەربڕین و هەڵوێستەکانی بگۆڕێ. پێوەندییەکانی ئەمریکا و روسیە لەسەر پرسی ئۆکراین، سوریە و هتد. لە مەحەک دەدرێن و هیچکام لەو دوو زلهێزە ناتوانن ئەو پرسانە بە تەواوەتی پەراوێز بخەن. پرسی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و روسیە لە کۆی کایەی سیاسەت لە جیهان و بە تایبەت لە ئورووپا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەر نییە. بارودۆخی یەکێتی ئورووپا و ناتۆ و داهاتووی ئابووری و ئاسایشی وڵاتانی ئەو ناوچەیە لەسەر ستایلی پێوەندییەکانی روسیە و ئەمریکا کاریگەرن. بێجگە لەوە، رەوتی رووداوە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان لەسەر پێوەندیی نێوان زلهێزەکان و بە تایبەت ئەمریکا و روسیە شوێندانەر دەبن.

بەشێکی زۆر لە چاوەدێران بە پارێزەوە باس لە چۆنیەتی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و روسیە لە ژێر رێبەرایەتیی پوتین و ترامپدا دەکەن. بە باوەڕی بەشێک لە شارەزایان مانگی هەنگوینی ترامپ و پوتین بەرگەی کێبەرکێی دوو زلهێز ناگرێ، چونکە سەرکۆماری هەڵبژێردراو لە ئەمریکا ناتوانێ گەمە بە چارەنووسی وڵات بکا. بە واتایەکی دیکە، سیاسەتی ترامپ بەرامبەر بە روسیە ناتوانن رێڕەوی مێژووی پێوەندییەکانی دوو وڵات لەبیر بکا و پشت لە بایەخە نەتەوەییەکانی ئەمریکا بکات. پێوەندیی نێوان دوو زلهێزی ئاماژەپێکراو گەلێک بابەت و ناوچە دەگرێتەوە و هەڵگری هەردووک توخمی سازان و ترازانن. دۆناڵد و ولادیمیر دەتوانن لە چوارچێوەی پێوەندییەکی کراوە و دیپلۆماسی‌یەکی هاوسەنگدا پێوەندییەکانیان بە گوێرەی توانا ئاسایی بکەنەوە. لە سەریەک پێوەندیی نێوان روسیە و ئەمریکا تەنیا بە هەست کارا ناکرێ و پێویستی بە فاکتەری زۆرترە، کە سازکردنەوەی متمانە یەکێک لەوانە. روسیە خوازیارە لە گەڵ ئەمریکادا بگەنە رێککەوتنێکی تازە، کە بە جۆرێک لەگەڵ وێنەکانی سیاسەتی سەردەمی دوو جەمسەری یەک بخوێننەوە. روسیە چەند ساڵێکە خەون بەو رۆژانەوە دەبینێ و

سیاسەتکارەکانی ئەو وڵاتە بە چڕی تێکۆشاون، کە قەیرانی سوریە، ئوکراین، دەرچوونی بریتانیا لە یەکیتی ئورووپا و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکەنە فاکتەری دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان. پوتین خوازیارە، گەورەتر لە جاران لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا دانوستان بکا و لەسەر دابەشکردنی رۆڵ و پێگەی خۆیان و ئەمریکا بگەنە رێککەوتن.

لە ژمارە ٦٩٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان

(بەشی یەکەم)

مافی مرۆڤ مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەشێکی دانەبڕاو لە سروشتی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتی‌یە. کتێبە ئایینیەکان و بەشێک لە بەڵگەنامە مێژووییەکان بە شێوازێک باس لە مافی مرۆڤ دەکەن. مافی مرۆڤ رەهەندێکی تەواو سیاسی هەیە و بە بەشێکی دانەبڕاو لە دەسەڵات و پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان دەژمێردرێ. بۆ کردنەوەی ئەو باسە دەکرێ پرسیار بکەین، کە مافەکانی مرۆڤ چین و یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ چییە؟ لێکدانەوە و ساغبوونەوە لەسەر مافی مرۆڤ ئاسان نییە، چونکە لە کۆی بڵاوکراوە و راگەیەندراوی لایەن و رێکخراوە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا زیاتر باس لە تایبەتمەندییەکانی مافەکانی مرۆڤ کراوە. بە واتایەکی دیکە، مافەکانی مرۆڤ زیاتر شیکرانەوە و کەمتر تاریفێکی ورد لە سەر ئەو باسە هەیە. دەگوترێ، کە ئەو مافانە بنەڕەتین و هەر مرۆڤێک خاوەنی ئەو مافانەیە و لە هەناوی بوونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە قابیلی لێ ئەستاندنەوە و پێشێلکردن نین.

بە گوێرەی لێکدانەوەی کۆنفرانسی دووەمی مافی مرۆڤ لە ڤییەن(١٩٩٣) مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتی‌یەکان مافی سروشتی هەموو مرۆڤەکانە. ئەو مافانە جیهانین و لەگەڵ یەکتردا گرێدراون. لە جیهاندا تێگەیشتنێکی هاوبەش و هاوتا لەسەر مافەکانی مرۆڤ نییە. کە پرسیار دەکەی، مافەکانی مرۆڤ لە کوێوە هاتوون، کەمتر وایە وڵامێکی هاوبەش بدۆزیەوە و هەر کەسەو بە گوێرەی باوەڕ و زانیارییەکانی وڵام دەداتەوە. خواباوەڕەکان لەسەر ئەو قەناعەتەن، کە ئەو مافانە لە لایەن خوڵقێنەرەوە بە مرۆڤ دراون. ئاتیست و ئەوانەی باوەڕیان بە دین نییە، لە روانگەی ئایدۆلۆژی خۆیان ئەو پرسە تەتەڵە دەکەن و خوایەک لەو سروشتەدا نابینن. بەشێک لە بیرمەندان، مافی مرۆڤ بە بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵگا و رێژەی وریابوونەوەی مرۆڤ پێناسەی دەکەن. بەگشتی مافی مرۆڤ پێوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە، کە هەڵگری هزر و زمانە و تەتەڵەی جیهانی دەوروبەر و خۆی دەکا. رووداوەکان لەبیر ناکات و بوخچەی رابردوو بە هەموو تاڵی و سوێریەکانی دەکاتەوە و بە تەرازووی ناخ هەڵیان دەسەنگێنێ.

یاسای نێونەتەوەیی بەو رێسا و یاسایانە دەگوترێ، کە پێوەندی نێوان دەوڵەت و وڵاتان رێکدەخا. ئەو یاسایە پاشخانێکی چەند سەت ساڵەی هەیە، بەڵام لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە. یاسا نێونەتەوەییەکان لە رێکەوتنی نێوان دەوڵەتان و هەروەها رێوشوێنە نەریتی‌یەکان سەرچاوە دەگرن. رێککەوتننامەکان لە لایەن دەوڵەتەکان قسە و باسیان لەسەر دەکرێ و لە داڕشتەی رێکەوتننامەکان ماف و بەرپرسیارەتیی دەوەڵەتەکان بەرامبەر بە یەکتر دیاری دەکرێن. ئەو وڵاتانەی تێکەڵ بەو رێککەوتننامانە دەبن و دواتر مۆری دەکەن، دەکەونە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی و ئەرکی راپەڕاندن و رێزگرتن لە خاڵ و کۆی رێککەوتننامەکەیان دەکەوێتە سەر شان. بەگوێرەی عورفی قبووڵکراو وڵاتانی دەرەوەی رێککەوتنەکان بەشێک نین لەو گرێبەستانە. شایانی باسە، کە ئەو یاسا نێودەوڵەتی‌یانەی کە لەسەر بناخەی نەریتە باوەکان هەڵچنراون پێوەندیان بە هەڵسوکەوت و کردەوەی دەوڵەتەکانە و بە نووسین ئامادە و شی نەکراونەوە.

یاسا نێودەوڵەتی‌یەکان زۆر بواری جیاواز دەگرنەوە، بەڵام دەوڵەتەکان لەسەر بناخەی بەرژەوەندییەکانیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ بە هۆی سروشتی سیستمی سیاسی جیهان کە خاوەنی دەزگایەکی جێبەجێکار و خاوەن ئیرادە نییە، لە لایەن دەوڵەتە پێشێلکەرەکانی مافی مرۆڤ گرینگی پێنادرێ. بەشێک لە دەوڵەتەکان لەسەر بنچینێنەی سەروەری دەوڵەت باوەڕیان بە دەستێوەردان لە پرسە نێوخۆییەکان نییە و

دژایەتی لەگەڵ زۆربەی ئەو یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتی‌یەکان دەکەن کە پرسی مافی مرۆڤ بە باسیکی جیهانی دەناسێنن. ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان لە ژێر ناوی دژایەتی کردنی سیاسەتی دەوڵەتە گەورە و رۆژئاواییەکان لە کردەوەدا ریز لەو مافانە ناگرن. زۆر وڵات و سەرکردەش، لە ژێر ناوی کولتوور و ئایین، سەنگەر لە یاسا نێودەوڵەتی‌یەکانی مافی مرۆڤ دەگرن و درێژە بە رەوتی سەرکوتی هاووڵاتیان دەدەن.

چەمکی ماف کۆنە و رەگ و بنەمای ئەخلاقی هەیە. ئەو چەمکە لەگەڵ ئایین و فەلسەفەدا لێکگرێدراوە، بەڵام لە قۆناخ و سەردەمێکی دیاریکراودا بۆتە یاسا. لە رێککەوتننامەی ئاشتی ویستفالڕدا(١٦٤٨) باس لە ئازادیی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی ئایین کراوە. رێککەوتننامەی ڤییەن(١٨١٥) کۆیلایەتی مەحکوم و بێزراو دەناسێنێ. چەمکی مافی مرۆڤ لە سەدەی هەژدەی زایینی‌یەوە زیاتر برەو پەیدا دەکا و تێکەڵ بە ژیان و ئیدارەی بەشێک لە دەوڵەتەکان دەبێ. لە راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکادا(١٧٧٦) ئاماژە کراوە، کە هەموو مرۆڤەکان ئازاد و لە بەرامبەر یاسادا هاوشانن. لەو سەردەمەدا مافی ئازادی دەربڕین، هەڵبژاردنی ئایین و پاراستنی سامان و دارایی ئاماژەیان پێکراوە. بێجگە لەوە لە راگەیاندنی شۆڕشی فەڕانسەدا(١٧٨٩) هاوتابوونی هاووڵاتیان و ئازادی تاک بە گرینگ پێناسە دەکرێن. لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلاندا بە کردەوە بایەخێکی تایبەتی بە پرسی مافی مرۆڤ نەدرا، بەڵام لە ١٩٢٦دا ئەو رێکخراوەیە کۆیلایەتی مەحکوم کرد.

رووداوە خوێناوییەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆمەڵکوژییەکانی (بۆ وێنە جوولەکەکانی) ئەو سەردەمە، پرسی مافی مرۆڤی کردە پێویستی‌یەکی گرینگ و دانەبڕاو لە پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان. دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند. رێکخراوی ناوبراو لە ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨دا جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان، لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەند کرد. لە درێژەی کار و تێکۆشاندا کۆنوانسیۆن و گرێبەستی تایبەت بە مافە کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەند کران. ئەو وڵاتانەی، کە پەیماننامەی ئاماژەپێکراویان مۆر کرد، لە جێبەجیکردنی خاڵ و مادەکاندا بەرپرس و ئەرکدار دانران. لە ماوەی پێنج دەیەی رابردوودا زۆر رێکەوتننامە و پاشکۆی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ زیاد کراون، کە وەک بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ دەژمێردرین. لەو نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە کۆنوانسیۆنی هەڵگرتنی پەراوێز و هەڵاواردنی رەگەزی، نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنان، مافی منداڵان، ئەشکەنجە، مافی کەمئەندامان و مافی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بکەین. پاش ئەوەی

ڕێژەیەکی زۆر لەو دەوڵەتانە پشتیوانی خۆیان لە گەڵاڵەی جیهانی مافی مرۆڤ کرد، ستاتوسی مافی نێونەتەوەیی پێدرا.

پرسی مافی مرۆڤ لە ماوەی حەوت دەیەی رابردوودا بە چەند شەپۆلێکی جیاواز لە جوڵەدا بووە. یەکەمین شەپۆلی بە تەوژمی مافەکانی مرۆڤ بە دەرکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دروست دەبێ و هەتا کۆتاییەکانی ٥٠ دریژەی هەیە. شەپۆلی دووهەم لە سەرەتای ١٩٦٠دا دەست پێدەکا و دەوڵەتەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەخاتە ژێر رکێفی خۆی و دەرفەتی پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی ناحکوومی دەخوڵقێنێ (بۆ وێنە، ئەمنێستی ئینترناشناڵ). لە جەرگەی شەڕی سارد و کێبەرکێ ناوچەیی و جیهانییەکان شەپۆلی سێهەم دەردەکەوێ، کە پرسی مافی مرۆڤ تێکەڵ بە دیپلۆماسیی رۆژئاواییەکان دەکا. سەرەتا ئەمریکا و دواتر بە چڕی وڵاتانی یەکێتی ئوروپا و لە ریزی پێشەوە دوو وڵاتی نۆڕوێژ و هولەند لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و لە نێوخۆشدا گرینگی و بایەخی زۆریان بە پاراستنی مافی مرۆڤ دا. شەپۆلی چوارەمی مافی مرۆڤ، پاش رووخانی دیواری بێرلین و کۆتایی شەڕی سارد دەست پێدەکا و سیاسەت، کولتوور، هونەر، پەروەردە و راگەیاندن دادەپۆشێ و بە رەوتی بە کومەڵایەتی کردنی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێ. شەپۆلی پێنجەمی مافی مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی ٢١ دەست پێدەکا، کە مافی مرۆڤ وەک رابردوو دەرفەتی گەشەکردن و پەرەپێدرانی نییە و لە بەردەم سێبەری شەڕی بە ناوی تیرۆریزم و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی پەراوێز دەخرێ. لە ماوەی ئەو شەپۆلەدا، کە بە شەپۆلی نەرێنی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێ سەدان هەزار خەڵکی سڤیل لە شەڕ و قەیرانەکاندا کوژراون و بە ملوێن مرۆڤ لە زێدی خۆیان پەڕیوە و ئاوارەبوون. ئەشکەنجەی بەندییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەندوە و تەنانەت لە بەرەی دێموکڕاتەکانی جیهان لە مەڕ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییە خۆماڵیەکان مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ و ئازادی راگەیاندن بەرتەسک کراوە. لە سەردەمی شەڕی سارددا پێشێلکارییەکانی بەرەی کۆمۆنیستەکان لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیی بەکۆمەڵ رۆنرابوو، کەچی دوای لێدانی بورجە بازرگانییەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠١دا، بەشێیک لە دەوڵەتە لیبرالەکان تیکەڵ بەو کاروانە بوون.

ئەگەرچی پرسی مافی مرۆڤ سنووری دەوڵەت و ناوچەکانی بڕیوە و لە نووسراوە و بیرۆکەیەکی ناوچەییەوە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، بەڵام هێشتا سیاسەتی هێز و بەرژەوەندییەکان پەراوێزی دەخەن. بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەندوکۆسپانە، پێویستە مافی مرۆڤ لە روانگەی تازە و تیۆری نوێوە شەنوکەو

بکرێ. لێکۆڵینەوە زانستی و تیۆرییەکان زیاتر لە دەللاقەی سواوی کۆنەوە چاو لە پرسی مافی مرۆڤ دەکەن و وەک کەیسی پلە دوو و لاوەکی پێناسەی دەکەن. لە ئاکامدا ئەو بابەتە لە چەق و سەنتەری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو پەراوێز ڕاپێچ دەکرێ. لێرەدا گرینگە کە وڵامی ئەو پرسیارانە تاوتوێ بکرێن، کە بۆچی پرسی مافی مرۆڤ کە ڕەهەندی جیهانی هەیە و دەکرێ لە هەموو ئایدۆلۆژیەکان بەتاڵ بکرێتەوە هێشتا لە نێو مرۆڤەکاندا باش تەتەڵە نەکراوە؟ چ میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە جیهاندا کاریگەرە و چۆن دەکرێ هێزی تاک و مرۆڤەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەگوڕ بکرێ؟ چەندە دەکرێ لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری گەلانی چەوساوە و مرۆڤە چەوسێنەرەکان بکرێ و لە هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارە خۆماڵی یان داگیرکەرە دەرەکییەکان بیانپارێزن؟ دێموکراسی و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن بە دوور لە ڕەهەندی باڵادەستی ڕۆژئاوا و دروشم، چۆن زۆر دەرگای داخراو دەکاتەوە و مافی هاووڵاتیان دەستەبەر دەکا؟ لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەت و سەروەری ئەو یەکە سیاسییە وەک هەموو دیاردەکانی دیکە لە ئاڵوگۆڕدایە و فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی دەوڵەت ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن. چاوخشاندن بە دەسەڵاتی دەوڵەت لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا و هەروەها پێوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت دەیسەلمێنێ، کە گەمەکە بە قازانجی مافی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دەشکێتەوە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە.

بۆ بەهێزکردنی شەپۆلەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە بەستێنێکی بەرینتردا، پێویستمان بە جووڵەی بەردەوام و بەرۆژکردنەوەی ئەو باسەیە. بیرۆکەکان بە تەنیا کاریگەر نین و پێویستە ئەوان لە ڕێگای جووڵەی خەڵک و هاووڵاتیان جێگیر و تۆکمە بکرێن. پێویستە دەوڵەتەکان و هاووڵاتییەکانیان لەوە تێبگەن، کە پڕاکتیزەکرانی یاساکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ خزمەت بە بەرژەوەندی ئەمڕۆ و سبەینێی مرۆڤایەتی دەکا. دژایەتیکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ژێر ناوی پاراستنی سەروەری وڵات و دوور ڕاگرتنی وڵات لە دەستێوەردانی دەرەکی لە دروشمێک زیاتر نییە. گەلانی ئازاد و هاووڵاتیانی خاوەن ماف، بە ئاسانی پشت لە بەها نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان ناکەن و ئامادە نین خاک و بایەخەکانی دیکەیان هەرزانفرۆش کەن. کاتێک ناوچە و وڵاتەکان دەکەونە سەر ئەو ڕێچکەیە بێگومان تەوژمی جیهانی ئەو چەمکانە بە کردەوە دەبیسترێ. لە ئاکامی بە کولتووربوون و بە کۆمەڵایەتی کردنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەبێتە بەها و نۆرمێکی ڕۆژانە. ئەو دەوڵەتانەی دەبنە پارێزەری مافی هاووڵاتیان و بە یاسا مافی مرۆڤ دەچەسپێنن،

بە کردەوە دەبنە دەوڵەتی خەڵکی و شەرعییەت لە هاووڵاتییەکانیان وەردەگرن. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە کولتووری ئیدارە و هەروەها نەخش و ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا لەسەر نەخشەی دابەشکردنی ئەرک و مافەکان شوێندانەرە. بە واتایەکی دیکە، دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتەکان، یاسا و سەرکردەکانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگا لێکگرێدراون و خەڵکێکی وشیار و نەتەوەیەکی شارەزا ڕیگا نادات لە لایەن کەسانی یاساشکێن و مافپێشێلکەر ئیدارە بکرێن.

مافی مرۆڤ پێوەندی بە دوارۆژی مرۆڤایەتی هەیە، بۆیە بە ئاسانی پەراوێز ناکرێ. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتییەکان دەرفەتی قەڵاچۆ و سەرکوتی مرۆڤەکانیان وەک ڕابردوو نابێ. لە ئاکامدا ئەو پرسە لە چەقی بابەتەکانی تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێدەگرێ. ئیدارەکردنی وڵاتان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بە چاکسازی هەیە و مرۆڤەکان زیاتر لە ڕابردوو لەسەر پاراستنی مافەکانیان شارەزا و سوورتر دەبن. دەوڵەتەکان لە دوارۆژدا پێویستیان بە دۆزینەوەی سیغەیەکی هاوبەشە و ناچارن زیاتر لە ڕابردوو هاوکاری یەکتر بن و لە چارەسەرکردنی قەیران و کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئەو مەرجانە درەنگ یان زوو داسەپێنن. پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە یەکە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوخۆی دەوڵەتەکاندا گەشە دەکا و پەل داوێژێتە دەرەوەی سنوورەکان. دەوڵەتەکان بە تێکڕا بەرپرسیارەتی پاراستنی هاووڵاتییەکانیان لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی، جینایەتی شەڕ، پاکتاوی ڕەگەزیی و هتد. و هەروەها تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەسەر شانە. کاتێک دەوڵەتێک یان ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان خۆیان لەو ئەرکانە لادەدەن و مافی مرۆڤ و پێشێلکرانی مافی هاووڵاتیان پاشگوێ دەخەن و تەنانەت خۆیان ئەکتەری جێبەجێکەر ئەو گۆڕەپانەن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارەتی هاوبەش و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەیان نییە. لە ئاکامدا مرۆڤایەتی دەکەوێتە بۆشاییەکی ناعادڵانە و کوشتن و قەڵتوبڕی مرۆڤەکان لە زۆر ناوچەی ئەو جیهانەدا دووپات و چەند پات دەبێتەوە. ڕاستییەکی حاشالێنەکراوە، کە مافی مرۆڤ و سەروەری دەوڵەت هەردووکیان بوونیان هەیە، بەڵام لە بەستێن و دۆخێکی ئاڵۆز و دژواردا. چۆنیەتی بالانسی نێوان ئەو دوو چەمکە لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە بەشێکیان پێوەندیان بە دوارۆژی سیستمی سیاسیی جیهان، ڕێژەی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە کولتووربوونی دێموکراسی و پەروەردەی مرۆڤەوە هەیە.

لە ژمارە ٦٩٤ ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## هاوکێشەی مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**(بەشی دووهەم و کۆتایی)**

مافی مرۆڤ  لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە بەستێنی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و کولتوریدا گەشەی نەکردوە. لە بازنەی نێونەتەوەیی دا زیاتر لە سەر هاوتابوونی یاسا نێوخۆییەکان لە گەڵ نێودەوڵەتییەکان کار کراوە و بەهۆی  کێشەی ئایدۆلۆژی،کولتوریی و سیاسی نێوان دەوڵەتەکان سەرکەوتنێکی بەرچاو دەستەبەر نەبوە.مافی مرۆڤ، لە سەردەمی شەڕی سارد لە ئاکامی سرووشتی ململانەی نێوان جەمسەر و هاوقەتارەکانیان نەدەکرا ببێتە جێگای سەرنجی هەموو لایەک. پاش کۆتایی هاتنی جیهانی دوو جەمەسەری، دەرفەتێکی باش بۆ دەرکەوتنی رێکخراوی ناحوکومی و کۆمەڵگای مەدەنی رەخسا و تێکۆشانێکی گەورە و بەرین لە پێناوی مافی مرۆڤ لە هەموو رەگەزەکانیدا دەستپێکرد. کۆتایی شەڕی سارد شەپۆلەکانی لیبراڵیزمی بەتەوژمتر کرد و هەڵسووڕاوان و لایەنگرانی ماف وئازادییە تاک و کەمایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد. پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر پێشێلکردنی مافی تاکەکان، کەمایەتیەکان و هتد. لە نێوخۆ و دەورەی سنووری دەوڵەتەکاندا گەشەی کرد و لە بەستێنی جیهانی و نێونەتەوەییدا یەکیان گرتەوە. لێرەدا بە کورتی چاوێک بە  روانگەی تێۆری رێالیزم، لیبراڵیزم و کۆنستراکتیڤیزم لەمەڕ پرسی مافی مرۆڤ و رۆڵی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆڕ و کۆمەڵی تایبەت بە مافی مرۆڤدا دەخشێنین، کە تیشکی زیاتر دەخەنە سەر پرسی مافی مرۆڤ لە سەردەمی ئەمڕۆدا.

رێالیستەکان لە گەڵ بنەماکانی پڕاگماتیسم یەکدەگرنەوە. ئەوان بۆ  بەرگریکردن لە بیرۆکەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ

ئەستێرە ناسراوەکانی ئەو ڕەوتە، کە ماکیاوێلی و هۆبزن. ڕیالیستەکان بایەخ و قورساییەکی زۆر بە پرسی مافی مرۆڤ نادەن و جێگەی و پێگەی دەوڵەت و ئامانجە بە ناو نیشتمانییەکان لە سەرووی پرسەکانی دیکە دەبینن. لە ڕوانگەی هەڵگرانی تیۆری ڕیالیسمەوە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی وتە و دەربڕینـدا جێـدەگرێ و لە تەنگـانە و دژوارییەکاندا جێگای مشت و مڕ نییە. ڕیالیستەکان لە سەر بنـاخەی سروشتی ئانارشی نێـودەوڵەتیی و هەروەهـا تایبەتمەنـدی بەرژەوەنـدییە نیشـتمانیەکان بە چـاوێکی نەرێنـی لە مـافی مـرۆڤ دەڕوانـن. ئەوان مـافی مـرۆڤ لە چوارچێـوەی ئەخـلاق و مۆڕاڵـدا دەبیـنن، کە نـاکرێ لە گۆڕەپـانی کـردەوەدا ڕۆڵ و نەخشـی بەرچـاو بگێـڕێ. مۆرگێنتاو(١٩٤٨) و کار (١٩٤٦) وەک دوو گەورە ڕیالیستی سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو یاسای جیهانی پێوەندیدار بە مۆڕاڵو ئەخلاق بە تکنیکی شاردنەوەی بەرژەوەنـدییە خۆییەکـان دەناسێنن. هەموو دەوڵەت و زلهێزە گەورەکـان ئەو ئیدعایەیان کردوە و لەو پێوەندییەدا ناکرێ سەرمان سوور بمێنێ. سیاسەتی کۆڵۆنیالیزم و دواتـر دێموکراسی لەو تکنیکانەن، کە لە ڕابردوودا ڕەچاو کراون و دەکرێن.

لیبراڵیـزم بە ڕکـابەری سـەرەکی ڕیـالیزم لە پێوەنـدییە نێودەوڵەتیەکـان دەژمێـردرێ. لیبراڵیـزم بیرۆکەیەکـی ڕۆژئاواییە و باوەڕی بە ڕێزگرتنی بەرپرسە گشتییەکان لە ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە. ڕوانگەکـانی لیبراڵیزم ڕەنگاوڕەنگن، بەڵام کرۆکی زۆربەیان ئەوەیە، کە تاک مافی دەربڕینی ئازاد و دەرفەتی کەڵکوەرگرتن لە ڕەوتـی یاسـایی عـادلانە و هاوشـانی سیاسـی هەبـێ. لیبراڵەکـان بـۆ سـەلماندنی بیرۆکەکانیـان دەگەڕێـنەوە بـۆ بیرمەند و ڕابەڕانی وەک جان لاک و کانت. نووسراوە بە ناوبـانگەکەی کانت "ئاشتی هەمیشـەیی" بنـاخەی تیۆری لیبراڵیزمی دامەزراند، کە تاکەکان بە هاوتای یەکتر پێناسە دەکات و بـاوەڕی وایە، کە پێشێلکرانی مـاف مرۆڤ لە گۆشەیەکی دنیـا کـاریگەری لە سـەر هەستی مرۆڤ لە نـاوچەیەکی دیکە دەبـێ. زۆر ئاساییە، کە لیبراڵیزم بە ئوتۆپیا بناسێندرێ، چوونکە لە قۆناخی چەند سەد ساڵەی مێژووی جیهاندا پێوەنـدی دەوڵەتەکـان بە قەیـران و توندوتیژیدا تێپەڕیوە. لیبراڵەکـان باوەڕیـان وایە، کە بیرۆکەکەیـان کـاری خـۆی کـردوە و چـۆتە بـنج و بنـاوانی سیاسەتی نێودەوڵەتی. لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕی گەورە و زۆر لە پرسی مافی مرۆڤ و لە پێوەندی نێوان دەوڵەتەکاندا خوڵقاوە. ڕێکخراوی جیهـانی سـازکراون و ڕێککەوتننـامەی گرینـگ مۆرکراون. لەو مـاوەیەدا، ئـاوڕ لە زۆر بـواری پێوەندیـدار بە مـافی مرۆڤ دراوەتەوە وەک نەمـانی کـۆیلەتی، ئـازادی دەربـڕین، مـافی ژنـان، منداڵان، کەمایەتییەکان، زیندانی و دیلەکان و هتد.

کۆنستراکتیڤیزم، لە ڕیالیست و لیبرالەکان جیا دەبێتەوە و وەک تیۆری پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ چاوی لێناکرێ. ئەو تیۆرییە، لە سەر ڕێکار و روانگەکانی بیرکردنەوە لە پێوەندی نێوان نۆرم و بەرژەوەندییەکان قوڵ دەبێتەوە. کۆنستراکتیڤیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن، کە گرژی نێوان بەرژەوەندی دەوڵەت و چوارچێوە مۆراڵیەکان سازکراون . بە لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەوان، جۆری دامەزرانی دەوڵەت، نۆرم و بایەخە باوەکان لەو نێوەدا کاریگەرن وتێگەیشتن لەو دینامیکە بۆ تەتەڵەکردنی مافی مرۆڤ مەرجی بنەڕەتییە. بە باوەڕی کۆنستراکتیڤیزم دەوڵەتەکان ناچارن بایەخە جیهانییەکان قبوڵ بکەن و ئەگەر دژیان بوەستنەوە نرخی زۆر دەدەن. ئەو تیۆرییە پێداگرە، کە ڕەوتێکی نەگۆڕ لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پرسە جیهانییەکاندا نییە، بەڵکو بە گوێرەی ڕەوتی مێژوو و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێن. لیبرڵیزمەکان ماف بە تایبەتمەندییەکی سرووشتی دەزانن، کە بەشێکی دانەبڕاو لە مرۆڤە. ئەگەر دەوڵەتەکان نەتوانن مافی هاوڵاتیان بپارێزن سەروەرییان دەکەوێتە ژێر پرسیار. کۆنستراکتیفەکان چۆنیەتی بیرۆکەی مافی مرۆڤ و گواستنەوەی بۆ بەستێنی نێونەتەوەیی و بوون بە نۆڕمێکی جیهانی بە ڕەوتێکی جێگەی تێڕامان دەزانن. لە روانگەیەکی دیکە باس لە بە کۆمەڵایەتی کردنی مافی مرۆف لە ٩٠ کاندا دەکرێ، بە قۆناخی زێڕینی ئەو پرسە دادەنرێ. لە روانگەی کۆنستراکتیڤیزم کۆمەڵگا، سەروەری دەوڵەت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی زەماندا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و بۆیە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و باقی پێوەندییەکان چەسپاو و نەگۆڕ نین، بەڵکو سەرەڕای چەتوون بوونی ڕەوتەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

متمانەی گشتی لە ئاستی جیهانی، ناوچەیی و لۆکاڵیدا بەرامبەر بە پرسی مافی مرۆڤ و هەنگاونان بۆ جێبەجیکردنی بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ لاوازە. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا زۆر دیتراوە و بینراوە، کە زلهێزەکان و دەوڵەتان لە پێناو بەرژەوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانیاندا چەندە و چۆن مافی مرۆڤیان پەراوێز خستوە و بە کردەوە لە بیریان کردوە. پاراستنی بازاڕی فرۆشی بەرهەمە پیشەییەکان، نەوت، مامەڵەی چەک و تەقەمەنی و درێژەدان بە سیاسەتی باڵادەستی خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی نادیموکراتی کردوەتە قوربانی. بۆ وێنە لە پرسی هەوڵەکانی ئێران بۆ چەکی ناوکی ڕۆژئاوا بە کردەوە بارودۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێرانی پشتگوێ خست. سیاسەتی ڕۆژئاوا و بەرەی بەهێزی نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە روانگەی ئامراز و تاکتیک چاویان لە پرسی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی سنوورەکانیان کردوە، بۆیە بە گوێرەی پێویست متمانەیان پێنەکراوە. ڕاپۆرت و شیکارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لەمەڕ چۆنیەتی وریژەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ نەبوونە هۆی شکڵگرتنی پاڵەپەستۆی یەکلاکەرەوە لە سەر ئەو

دەوڵەتانەی، کە مافی مرۆڤ بە خەستی پێشێل دەکەن.

پرسی مافی مرۆڤ یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بۆ یەکەمجارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە رێکخراویکی جیهانی لە سەر پرسی مافەکانی مرۆڤ بە راشکاوی بدوێ و چوارچێوەی کاری هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ئەو بابەتە پێشکەش بکا. رێککەوتننامە نێوەنەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە چوارچێوی رێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاریان لە سەر دەکرێ و لە ئاستی لۆکاڵ و ناوچەکاندا ریشەیان داکوتاوە. داڕشتەی جاڕنامە و هەروەها کۆنوانسیۆن و بڕیارنامەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوچە و وڵاتەکاندا بە ئاشکرا دەیسەلمێنێ، کە ئامانج گەشەپێدان و باشترکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤە. رێژەی جێبەجێبوونیان بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە بەشێکیان لە کۆنترۆڵی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نین. سرووشتی سیستمی نێودەوڵەتی لە بناخەدا کەلێن و بۆشایی زۆر بۆ پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان دەخوڵقێنێ. یاسا نێودەوڵەتییەکان و رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان زەمانەتی جیبەجێکردنیان لاوازە، چوونکە لە گەڵ سەروەری دەوڵەتان تێکدەگیرین.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو جێبەجێکردنی بڕیار و ئامانجە هاوبەشەکاندا هاودەنگ و یەک هەڵوێست نییە. بۆ هەر کەیسێک هەڵوێستی جیاوازی هەیە و هەڵوێستەکانیش لە سەر بناخەی بەرژەوەندییەکان هەڵدەچنرێن. لە ئاکامدا سیاسەتی "بانێک و دوو هەوا" لە گۆڕەپانی رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بەرچاودەکەوێ. قەوارە و ساختاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەت ئەنجوومەنی ئاسایش کاریگەریی لە سەر درێژەکێشانی دابڕانی قووڵ لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی مافی مرۆڤدا هەیە. دەوڵەت و زلهێزە گەورەکانی جیهان وێکڕا و بە یەک ئامانج چاو لە پرسی مافی مرۆڤ ناکەن و بەشێک لەوان ئامادە نین رێز لە ئیدارە و کولتوری دێموکڕاتیک بگرن. بڕیارە گرینگەکان و پارێزگاری کردنی ئەکتیڤ لە مافی مرۆڤ، پێویستی بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە، کە زۆر جار ئەندامەکانیان ئامادە نین بە ئاسانی سنووری بەرژەوەندییەکانیان ببەزێنن. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جێگرەوەی نییە، بەڵام دەکرێ بە هاوکاری دەوڵەتە کاریگەر و زلهێزەکان بەڕۆژ بکرێتەوە و نەخشەرێگای تازە بۆ چارەسەری پرسی مافی مرۆڤ، مافی گەلان و کەمایەتییەکان داڕێژرێ.

شەپۆلی بە کۆمەڵایەتی و بە کولتورکردنی مافی مرۆڤ ڕەوتێکی ئەرێنی بۆ باشترکردنی مافی مرۆڤ خوڵقاندوە. ڕێکخراو و کۆمەڵە نادەوڵەتییەکان و هەروەها ڕێکخراوی نەتەوەیی مافی مرۆڤ لەو دیالۆگ و باسانەدا ئەکتەری چالاک و شوێندانەرن. ئەو گروپ و کۆمەڵانە زیاتر لە ژێر ڕێنوێنی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار دەکەن، کە ئێستا ناوی بۆتە ئەنجوومەی مافی مرۆڤ. ناوەند و دەزگا ناوچەیی و نەتەوەییەکان بۆ کار و تێکۆشانی خۆیان یاسا و ڕێسای تایبەت دادەڕێژن، کە بە کۆی سیستمی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییەوە گرێدراون. لە دەیەی ١٩٧٠ و ٨٠دا چەند یەکەیەکی مافی مرۆڤی تایبەت بە دەوڵەتەکان دامەزران. ئەو ڕێکخراوانە نەبەستراوەن و بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی دۆخی مافی مرۆڤ تێدەکۆشن. ئەوان زانیاری لە سەر ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا کۆدەکەنەوە و بۆ دەزگا بەرپرسەکانی مافی مرۆڤ ڕەوانەی دەکەن. ئەو ڕێکخراوانە، لە چوارچێوەی یاسای وڵاتەکانیاندا دادەمەزرێن و بە شێوەیەکی نەبەستراوە و سەربەخۆ کارەکانیان رادەپەڕێنن. ئەوان هەوڵدەدەن بۆشایی نێوان مافی هاوڵاتیان و بەرپرسیاریەتی دەوڵەت پڕ بکەنەوە و بۆ سەرکەوتن لەو پڕۆسەیەدا لە مێتۆدی جیاواز کەڵک وەردەگرن. لە کۆبوونەوەی بنەماکانی پاریس (٧ - ٩ ئۆکتۆبری ١٩٩١) لە چەند خاڵێکدا ئەرک و بەرپرسیاریەتیی و چۆنیەتی کاری ئەو ڕێکخراوانە دیاریکراوە، کە لە کۆنفرانسی مافی مرۆڤی ڤییەن دا (١٩٩٣) بە سەرنجراکێش و جێگای بایەخ ناسێندران. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی زۆری بەو ڕێکخراوانە داوە و داوا دەکا، کە لە وڵاتانی دیکە ڕێکخراو و ناوەندی هاوشێوە دابمەزرێن. ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١١دا بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک جێگە و پێگەی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی بەرز نرخاند.

بەستێنی کاری ڕێکخراوە نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ هێشتا کرچ و کاڵە، بەڵام دەرفەتی گەشەکردن و پێگەیشتنی هەیە. کارکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و بەسترانەوەیان بە رایەڵکەی جیهانی تەوژمی مافخوازی تاک و کەمایەتییەکانی زیاتر کردوە. گەشەکردنی تێکنۆلۆژی و تکنیکی کۆکردنەوە، بە دۆکۆمێنت کردنی ڕووداوەکان و گواستنەوەیان لە ماوەیەکی کورتدا، دەوڵەت و ناوەندە ماف پێشێلکەرەکانی خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆ و تەنگەتاوی کردوون. بەهێزبوونی ڕەوتی مافخوازی و زۆربوونی زانیاری لە سەر ماف و ئەرکەکان دەنگی چەوساوە و مافخوراوانی بەهێزتر کردوە و دەرفەتی دوان و دەربڕینی بۆ بەرەی مافپێشێلکراو خوڵقاندوە. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە دەوڵەتەکانی جیهان لە سەر بناخەی تێگەیشتنی بەڕێوەبەران و جۆری سیستمەکانیان چاو لە پرسی مافی مرۆڤ دەکەن. دەوڵەتەکان بە پشتبەستن بە تێزی مافی

سەروەریی دەوڵەت ئامادە نین لە بازنەی سیستمی باوی جیهاندا بەشێک لە دەسەڵاتەکانیان بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان رابگوازن. پابەندبوونی دەوڵەتەکان بە ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ چەند ئاستێکی جیاواز لەخۆ دەگرێ. لە ئاستی ڕێزگرتن لە مافەکاندا دەوڵەت پابەندە، کە بەڕێوەبەر و کاربەدەستەکانیان مافەکانی مرۆڤ پێشێل نەکەن. لە ئاستی پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ دەوڵەت بەرپرسە، کە کەسانی دەرەوەی دەزگای دەوڵەت مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکانی پێوەندیدار خەوشدار نەکەن.لە ئاستی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکاندا دەخوازرێ، کە دەوڵەت هیچ هاوڵاتییەک ئەو مافانەی لێزەوت نەکرێ، کە لە ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. ڕێککەوتننامە مۆرکراوەکان بە یاسای رەق دەناسێندرێن، چوونکە دەوڵەتەکان هاندەدا لە گەڵ یاسا نێودەوڵەتەییەکان خۆیان بگونجینن و ئەرکی سەرشانیان راپەڕێنن. لە گۆڕەپانی مافی مرۆڤدا هێندێک راگەیاندن و بڵاوکراوە هەن، کە بە یاسای نەرم بەناو بانگن. ئەو یاسایانە بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ و مێتۆدی جیاواز لە سەر پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و هەروەها پابەندبوونی دەوڵەتان بە یاسا و ڕێساکان شوێندانەر دەبن.

لە جاڕنامە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ زۆر وردەکاری هەیە، کە دەکرێ لە داهاتوودا دەوڵەمەندتر بکرێن. وردکردنەوەی زیاتری مافی مرۆڤ و هەڵنەواردنی مافی گەلان بە کردەوەیەکی گونجاو پێناسە دەکرێ. پڕاکتیزەکردنی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە میکانیزمی گونجاوە، کە هێشتا لە بە نیوەچڵی ماونەوە. کاراکردن و بەهێزکردنی میکانیزمە لۆکاڵی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پاڵنەری کاریگەر لە ڕەوتی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ بەئەژماردێن. دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ لەئاستی تاک و کۆدا بابەتێکی جیهانییە، بەڵام بۆ سەرکەوتن پێویستی بە وزە و فاکتەرە ناوچەیی و دەوڵەتییەکانە. بەختەوەری مرۆڤایەتی لە دوارۆژدا بەندە بە چارەسەرکردنی پرسی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا و قەیرانە زۆرو زەوەندەکانی جیهان دەرهاویشتەی دۆخی دژواری مافی مرۆڤەکانە. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە مافی هاوڵاتیەتی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ پێکدێنن و زەوتکردنیان قەیرانی زیاتر و چارەڕەشی زۆرتر دەخوڵقێنێ. دابینکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکان بە مەرجی بنەڕەتی دوورکەوتنەوە لە قەیرانە تاڵ و کوشندەکانی جیهان دەژمێردرێن، کە داتاشراوی سیستم و سیاسەتی ناعادڵانە و مێژوویەکی پڕ لە زوڵم و چەرمەسەرییە. بۆ رزگاربوون لە شکاندنی شکۆی مرۆڤ و مافە زەوتکراوەکانی دەستێوەردانی ماف پارێزانە لە وڵاتان ماف و ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە.

ژێدەر و سەرچاوەکان:


Asia Pacific Formum (2012) International Human Rights and the International Human Rights System: A Manual for National Human Rights Institutions

Transnational Politics, International Relations Theory, and Human Rights Author(s): Kathryn Sikkink ( Source: PS: Political Science and Politics, Vol. 31, No. 3, (Sep., 1998), pp. 516-523 Published by: American Political Science (Association

Basde Gaay Fortman (Jul 30.2011) Human Rights in the Context of International Relations

Peter R.Baehr Human Rights and International Relations, International Relations- Vol.II

Tim Dunne and Marianne Hanso (2008) Human rights in international relations

http://www.academia.edu/26387087/Human_Rights_in_International_Relations

**نسرین مصفا و نبی الله ابراهیمی: جایگاه حقوق بشر در نظریه‌های روابط بین الملل (١٣٨٧) فصلنامه سیاست، مجله‌ی دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٣٨، شماره‌ی ٤، زمستان ١٣٨٧، ٢٥٩-٢٧٧**


**لە ژمارە ٦٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆیری ٢٠١٧**

---

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٧

---

## دەوڵەت ماکە و سەرچاوەی راستەقینەی تیرۆریزمە

**تیرۆریزم، لە وشەدا بە مانای خوڵقاندنی ترس و تۆقین بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوە. زۆربەی لێکدانەوەکان و هەڵسەنگاندنی شارەزایان کردەوە تیرۆریستی‌یەکان بە کرداری تاکەکان یان دەستە و تاقمێک**

دەبەستنەوە و دەوڵەت لەو پێناسەکردنەدا لەبیر دەکەن. شایانی باسە، کە تیرۆریزم وەک چەمک و لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتی تەمەنێکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام وەک چەک و شێوازی مرۆڤەکان دژ بە یەکتر یان ژینگە و سەرمایەی مرۆڤەکان دیاردەیەکی کۆنە. لە بازنەی بنەماڵە، عەشیرەت، ئایین، سێکۆلار و ئایدۆلۆژییە رەنگاورەنگەکانی دیکەدا بینراوە و دەبینرێ. لێدان و لەنێوبردنی کەسانی رقەبەر و هتد. لە بەستێنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتورییەکان دیاردەیەکی نامۆ نییە. لە بەسێنی تۆڵەسەندنەوە و خاڵیکردنەوەی رق و کینەی کۆن و توند بەرامبەر بە کەس، لایەن و دەوڵەتەکان رەنگی داوەتەوە.

رەشەکوژی و تیرۆریزم بە یەکێک لە کێشە نێونەتەوەییەکانی سەردەم دەژمێردرێ. مەترسیی ئەو دیاردەیە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ، کە باس لە چەکە کۆمەڵکوژ و رێگاکانی دیکەی رەشەکوژی دەکرێ. کردەوە تێرۆریستی‌یەکان ئەمڕۆ بە شێوازی جیاواز لە جیهاندا دەبینرێن و تەوژم و رووبەرێکی زیاتریان هەیە، بۆیە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن. ئەوان و بکەرەکانیان بە ئامانجی جیاواز و بە فۆرمی خۆیان لە بەستێنی ناوچە، وڵات یان لە پانتایی جۆغرافیایەکی بەرینتردا ئەکتیڤ و چالاکن. لە روانگەی جیاواز باس لە رەشەکوژی دەکرێ و تاریفێکی تۆکمە بۆ ئەو دیاردەیە نییە. خوێندنەوە و لێکدانەوەکان زیاتر لەسەر جۆرە ئاشکرا و باوەکانی رەشەکوژی دەدوێن و بە شێوازێکی پچڕپچڕ دیاردەی تیرۆریزم تاوتوێ دەکەن. ئەوان زیاتر رێکخراو، گروپە چەکدار و ئایدۆلۆژییەکان زەق دەکەنەوە و کەمتر باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکەن، کە ماکەی سەرەکیی پەرەپێدانی بەبەرنامەی رەشەکوژی جیهانی‌یە.

بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتەکان بە بیانووی سەروەری و پارێزگاریکردن لە سنوورەکانیان خەڵکی ئازادیخواز و نەیارە سیاسی‌یەکانیان بە ئاشکرا و نهێنی لەنێو دەبەن. ژمارەیەک لەوان وەکو دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان بێجگە لە سڕینەوەی جەستەیی نەیارە سیاسی‌یەکانیان، بە چەک و شێوازی جیاواز خاک، ناسنامە، کولتوور، زمان، هەستی بڕوابەخۆبوون و زۆر سەرمایەی کورد دەخنە ژێر پاڵەپەستۆی شێکێنەر. وەک نموونە باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ساڵی ١٧٩٣ی دوای شۆڕشی فەڕانسە دەکرێ، کە بوو بەهۆی لە ملدان و قەڵاچۆکردنی هەزاران کەس. هەر کام لە دیکتاتۆرەکان وێنەیەکی زیندوو و بەرچاوی بەکارهێنانی رەشەکوژی و تیرۆریزم دژ بە گەل و هاووڵاتیانی خۆیان.

وشەی تیرۆر لە خاڵی یەکەمی کۆنوانسیۆنی تایبەت بە بەرگرتن و سزادانی تیرۆریزم لە ساڵی ١٩٣٧ زایینی کۆمەڵەی گەلاندا بەکار هاتوە. لەو خاڵەدا تیرۆریزم بە کردەوەیەکی نائاسایی و تاوان ناسراوە، کە دەوڵەتێک، خەڵک یان لایەنێکی دیاریکراو دەکاتە ئامانج. لەو سەردەمەدا کۆمەڵەی گەلان رۆڵێکی ئەوتۆی نەدەگێڕا و دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی زۆربەی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی داپۆشی. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٢ و پاش رووداوی بە بارمتەگرتنی وەرزشکارانی ئیسرائیلی لە یاری هاوینەی ئۆلەمپیکی مۆنیخ، تیرۆریزمی وەک باسێکی سەربەخۆ خستە بەرباس. سەرۆکی ئەو کاتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە راگەیەندراوێکدا ئاماژە بە چۆنیەتی بەرگریکردن لە کردەوە و جۆرە رەنگاوڕەنگەکانی رەشەکوژی دەکا. شایانی باسە، کە لەو راگەیەندراوەدا خەباتی رزگاریخوازانەی گەلان خراوەتە دەرەوەی بازنەی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان. نەتەوە یەکگرتوەکان کۆمیتەیەکان بۆ ناسینی و سزادانی بکەرانی رەشەکوژی و تیرۆریزم دامەزراند، کە پاش ٥ ساڵ کۆتایی بە کارەکان هات. ئەرکی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە لێکدانەوەی کردەوە و هەنگاوەکانی دژ بە تیرۆریزم و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم.

مێژووی ٧٠ ساڵەی رابردووی جیهان پڕە لەو کردەوانەی، کە بە گوێرەی تاریفە شل و کراوەکەی تیرۆریزم زۆربەیان دەکەونە خانەی ترس و تۆقاندن. لە درێژەی گەشەکردنی دیاردەی تۆڵە سەندنەوە و بەرەنگاری، تیرۆریزم لە چەند دیەی رابردوودا روخساری تازەی پەیدا کردوە و لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیی ئایینی، چەپ، راست و هتد. وەک دیاردەیەکی جیهانی ناسراوە. ئامانج و مەبەستی رەشەکوژ و داڕێژەرانی پلانەکان جیاوازە، کە لە دەرکەوتنی تاکەکان لە کاناڵی مێدیاوە هەتا شێواندنی دۆخی وڵاتان، بڵاوکردنەوەی کەشی تۆقین و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ترس لە یەکە جیاوازە سیاسی‌یەکانی جیهان دەگرێتەوە. ژمارەیەک شارەزا و کەسانی خاوەن روانگە تەوژمی تازەی تیرۆریزم بە شەڕی ئایدۆلۆژی و کولتوورەکان پێناسەی دەکەن.

تیرۆریزمی دەوڵەتی بە بیرۆکە، سیاسەت و کردەوە توندوتیژییەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵکی خۆماڵی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها دژ بە دەوڵەت یان مرۆڤەکانی دەرەوەی سنوورە خۆماڵی‌یەکان دەگوترێ. بەشێک لە دەوڵەتەکان، لە کۆنەوە و بە پاساوی جۆراوجۆر ئەکتەری چالاکی گەشەپێدانی دیاردەی تیرۆرن. ئەوان بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ راهێنان لەسەر ئەو سیاسەتە دەکەن و دەزگای سیخوڕی و زانیاری بە ماشێنی بەگۆڕی دەوڵەتەکان لەو رێچکەیەدا دادەنرێ. دەزگا سیخوڕییەکان دەستکراوەن و تەنانەت لەگەڵ رێکخراو و تاقمە

تیرۆریستەکاندا دەست تێکەڵ دەکەن و بە ناردنی کەسی خۆیان کانالی گونجاو بۆ پلان و بەرنامەکانیان دەخولقێنن. ئەو دەوڵەتانە، لە نێوخۆی وڵاتدا زیاتر لە تیرۆری راستەوخۆ کەڵک وەردەگرن و لە دەرەوەی سنوورەکانیان پلان و بەرنامەکانیان بە دەستە و تاقم و تەنانەت تاکە رەشەکوژەکان دەسپێرن.
تێرۆریزمی دەوڵەتی بە درێژکراوەی سیاسەتی بەشێک لە دەوڵەتەکان پێناسە دەکرێ، کە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان دژ بە دەوڵەتە ناوچەیی یان زلهێزە جیهانیەکان ئەنجامی دەدەن. دزگا سیخوڕییەکانی ئەو دەوڵەتانە و کەسە شارەزاکانیان لە گەشەپێدان، پەروەردەکردن و ئامادەکردنی ئەو گرووپ و تاقمانەدا دەستێکی باڵایان هەیە. ئەوان لەبەر هەستیاری ئەو بابەتە کەمترین زانیاری لەسەر ئەو رووداوانە تۆمار دەکەن و هەوڵدەدەن دۆخەکە بە تەواوەتی تەمومژاوی بکەن. لە ئاکامدا لایەنە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان سەریان لەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییانە دەرناچێ و ماکە و سەرچاوەی سەرەکیی تیرۆریستەکان نادۆزنەوە. ئامانجەکان رەنگاوڕەنگن و گۆڕەپانە ئابووری، سیاسی، ئایدۆلۆژی و ستراتیژییەکان دەگرنەوە و کردەوە تێرۆریستیەکان کەم و زۆر بەرژەوەندی چەند لایەنێک دەستەبەر دەکەن.

ئەو دەوڵەتانەی کە راستەوخۆ و یان بە شێوازی دیکە و لە ریگای کەس و لایەنە هاوبەندەکانیان لە چەکی تیرۆر کەڵک وردەگرن، لە سرووشتدا دوورن لە بنەما رەوا و بەستێنە لۆژیکیەکانی دەوڵەتی خەڵکی و خاوەن شەرعییەت. ئەو رێژەیە لە دەوڵەتان لەگەڵ خەڵکی خۆیان بە توندترین شێوە دەجووڵێنەوە و بەندیخانە و سێدارە و خنکاندنی دەنگە ئازاد و ئازاکان دەکەنە رێچکەی رۆژانەی سیاسەت و ئیدارەی وڵات. رێز لە یاسا نێودەوڵەتیەکان ناگرن و پرسی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بە گەمەیەکی هەڵخەڵەتێنەر پێناسە دەکەن. لە روانگەی دەرەوە هەڵگری پەیامی هێرشبەرانەن و لە بیری خۆپڕ چەککردن دان و بایەخ بە چۆنیەتی ژیانی هاووڵاتیان نادەن. لە زۆربەی ناوچە پڕ لە ئاژاوەکان مل قوت دەکەنەوە و بە قازانجی خۆیان و رێژیمەکانیان لاگیری لە لایەن یان بەرەیەکی دیاریکراو دەکەن. ئەو دەوڵەتانە لە دابینکردنی ئازادییە سەرەتاییەکان و هەروەها پەرەپێدانی کولتوور و پەروەردەی دێموکراسی دەپرینگێنەوە و ترس و تۆقاندنی هاووڵاتیان و جیابیران دەکەنە مۆدێلی رۆژانەی سیاسەت.

دەوڵەتەکانی ئۆگری کاری رەشەکوژی بۆ راپەڕاندنی ئاسانی پیلان و بەرنامەکانیان لە پشت کۆمەڵێک رێکخراو و تاقمی ناوچەیی و جیهانی خۆیان حەشار دەدەن. لە جیهانی ئەمڕۆدا رێکخراو و تاقمە رەشەکوژ و رادیکاڵەکان زۆر

بە کەمی دەتوانن بە دوور لە پشتیوانی دەوڵەت و دەزگا سیخوڕەکانیان دابمەزرێن و گەشە بکەن. لە ژێر تیشکی ڕەوتی تیرۆریزمی دەوڵەتیدا تێگەیشتن لە ڕووداو و دیاردەکانی ئەمڕۆی ناوچە و جیهان دژوار نییە. دەوڵەتەکان لە پشتی قەڵغانی دەستە و تاقمە ڕەنگاوڕەنگەکان زەبەر لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە نەیار و زلهێزەکان دەدەن و خۆیان لە بەرپرسیارەتیی ڕاستەوخۆی کردەوە ڕەشەکوژییەکان قوتار دەکەن. لە بەشێکی زۆر لە ناوچە قەیراناوییەکانی جیهاندا بوونی دەوڵەتی سەرەڕۆ، دابەشکاری ناعادڵانەی سامان، ماف و جۆغرافیا سیاسییەکان، سنووره ناسروشتییەکان و جیاوازییە ئایینییەکان دەرفەتی دەرکەوتنی تیرۆریزمی دەوڵەتی زیاتر دەخوڵقێنن. بە هۆی بۆشایی تایبەت لە گۆڕەپانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئیدارەدانی لاوازی قەیرانەکان، دەوڵەتەکان لە پێشڕوانی چالاکی تیرۆریزم و پێشتیوانانی بەگۆڕی ڕێکخراو و تاقمە ڕەشەکوژەکانن. دەوڵەتە ئاماژەپێکراوەکان، لە ژێر سێبەری شەڕ و قەیرانەکاندا سیاسەتی بەلاڕێدابردن و دەکارهێنانی زۆر تاکتیک ڕەچاو دەکەن و بە ڕەوای دەناسن. دەوڵەتە جەردە و دەزەکان، لە ژێر ناوی پاراستنی سنوور و چوارچێوەی خاک و بە کەڵکوەرگرتن لە دەزگا سیخوڕییەکانیان بارودۆخێکی ترسناک و تۆقێنەر دەخوڵقێنن و نەیار و ڕەخنەگرەکانیان بە ئاشکرا یان نهێنیێ دەکوژن.

دەوڵەتەکان، لە مەڕ تێوەگلان لە کاروباری ڕەشەکوژی یان ڕێزگرتن لە مرۆڤ لە سێ پێگەی جیاوازدا هەڵدەسەنگێندرێن. یەکەمیان هێزی دەوڵەت و ڕۆڵی ئەو هێزە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگا و پاراستنی سنوور و هتد دایە. دووهەمیان باس لە پێگەی یاسا، شکڵ و ستایلی دەوڵەت و هەروەها چۆنیەتی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی یاسا نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان دەکا. شەرعییەتی دەوڵەت بە سێهەم پێگە پێناسە دەکرێ، کە باس لە بەرپرسیارەتیی دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵک و بابەتە مۆڕاڵییەکان دەکا. لەو دەوڵەتانەی، کە دژ بە خەڵک و هاووڵاتیان هێزی تۆقێنەر و شکێنەر بەکار دێنن، بە کردەوە سیاسەتی هێز قسەی یەکەم و ئاخر دەکا. لەو نیزامانەدا یاسا نووسراوەکان و شەرعییەت بایەخیان نییە و هەوڵدەدرێ بە گزی و دزی ڕواڵەتێکی درۆزنانە داتاشن. لە ئاکامدا تیرۆر بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی هێزی دەوڵەتی بە ئەژمار دێت، کە لە پێناوی مانەوەی تاکە کەس، حیزب یان بنەماڵەیەکدا تیرۆر دەکاتە مێتۆد و سیاسەتی ئیدارەکردن.

دەوڵەتەکان ڕەنگە لە مێدیاکان خۆیان بە پاڵەوانی ئاسایش و شەڕ دژ بە تیرۆریزم، مادده هۆشبەر و چەکدارە ئاژاوەگێڕەکان پێناسە بکەن. ئەگەر پەلامارە ڕەشەکوژییەکان بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکەی گرتەوە،

پشتیوانەکانی تیرۆریزم خۆیان مات دەکەن و بە شێواز و مێتۆدی جیاواز هەوڵی شێواندنی زانیارییەکان دەکەن و بیروڕای گشتی و تەنانەت نێودەوڵەتی تووشی سەرلێشێوان دەکەن. دەوڵەتە تێوەگلاوەکان لە تیرۆریزم بە وەستای کاری رەشەکۆژی دەناسرێن. ئەوان رەنگە سەرەتا کێشە و رووداوێک بخوڵقێنن و پاش هەڵسەنگاندنی دژکردەوەی خەڵک و دەرەوە، رێگاچارەش پێشنیار بکەن. بەشێکیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بە پاساوی بەرگری کردن لە کەمایەتی‌یەکی ئایینی، نەتەوەیی و هتد. بە کۆڵەوەژی تیرۆر قەیران دەخوڵقێنن و خەڵک بەگژ یەکتردا دەکەن. یارمەتیدانی ماڵی و پەروەردە کردنی دەستە و گرووپی رادیکاڵ بە مەبەستی دژایەتی دەوڵەتێکی ناوچەیی یان زلهێزیکی جیهانی رێگایەکی دیکەی یارمەتیدانی رەشەکوژییە.

دەوڵەتی ئێران، لێواولێوە لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و بە سەرتۆپی ئەوان دەناسرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران وێنەی ئاشکرای ئەو دەوڵەتانەیە، کە پەرەپێدەری تیرۆریزمی نە تەنیا دەوڵەتی بەڵکو نێودەوڵەتی‌یە. ئەو نیزامە لە دامەزرانەوە هەتا ئەمڕۆ راهێنان لەسەر سیاسەتی تیرۆر دەکا. رێژیم بۆ سەرکەوتن لە پیلان و کردە تێرۆریستی‌یەکان و هەروەها شاردنەوە و پووش بەسەرکردنیان لە زۆر کەرسە کەڵک وەردەگرێ. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو و سروشتی دەسەڵات لە ئێرانی کۆن و نوێدا دەیسەلمێنێ، کە تیرۆر و رەشەکوژی بەشێکە لە کولتووری ئەو دەسەڵاتە. ئەوان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیاندا نیشانیان داوە، کە بۆ تواندنەوەی نەتەوەیەکی مافخواز، سڕینەوەی دژبەر و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرە ئازادیخوازەکان هیچ سنوورێک ناناسن. لە کەیسی تێرۆر و رەشەکوژی‌دا، ئێران لە نێو وڵاتانی ناوچە و بەتایبەت دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تاقانەیە. ئێرانی تاوانی گەورەی تیرۆری ئەنجام داوە و سەرکردە سیاسی‌یە کوردەکانی لەسەر مێزی بەناو دیالۆگ تیرۆر کردوە. تاوانێک، کە ئاماژەیەکی ئاشکرا بە کولتووری رەشەکوژی لە دیرۆکی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکا. چەوساندنەوەی کوردەکان، ئێعدام و گرتنی نەیاران، پەرەپێدانی کەش و ژینگەی تۆقین، تیرۆری تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات، دەرخەری سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەرامبەر بە گەلی کوردە.

دیاردەی تیرۆر لە ئێراندا بابەتێکی ئاڵوز و چەند روخسارییە، کە رەگ و ریشەی قوڵی لە خانە تاریکەکانی مێژوودا هەیە. ژێرخانی پتەوی تیرۆرە سیاسی‌یەکانی ئێران بۆ سروشت و کولتووری دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەت تێکەڵاوکردنی مەزهەبی فەرمی لەگەڵ سیاست و دەسەڵاتدارەتی‌دا دەگەڕێتەوە. لە مەیدان و گۆڕەپانی

ڕۆژانە و پڕاکتیکیدا کوردەکانی ڕۆژهەلات و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ستایلی جیاواز شاهیدی ڕوودانی بەشێک لە سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندنی ڕێژیمن. بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل، خاک، کولتوور، زمان و ناسنامەی کوردان بەشێکی دانەبڕاو لە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد دەژمێردرێ. ئەو ڕێژیمە تێکۆشاوە بە شێوازی جیاواز لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لە جەرگەی ڕۆژئاوادا زەبر لە نەیارە سیاسییەکان بدات. سیاسەتی تاران لە ناوچەدا بە کاناڵی تیرۆردا تیدەپەڕێ. ئەو ڕێژیمە بە ناوی بەرگریکردن لە شیعەکان، فەلەستینییەکان، دەسەڵاتدارە هاودەستەکان و هتد. ئەندازیاری سیاسەتی پەرەپێدانی تیرۆر لە دەرەوەی سنوورەکانیەتی.

بۆ ڕزگاربوون لە داوی تیرۆریزمی لۆکاڵی، ناوچەیی و جیهانی پێویستمان بە چاکسازی لە قەوارەی دەوڵەت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و پەروەردەی تاکی وشیارە. بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و یەکە سیاسییەکانی جیهان پێویستە تیرۆریزمی دەوڵەتی خاشەبڕ کەن. ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، کەمایەتییەکان، گەلان و باوەڕمەندبوون بە کایەی دێموکراسی و ئازادییەکان دەوڵەتەکان لە زۆنگاوی سیخوڕی و ڕەشەکوژی دوور دەکاتەوە. پێویستیمان بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە، کە زیاتر لە هەمووان لێکۆڵەر و مێدیاکاران دەگرێتەوە. ئەوان وەک بەرپرسیارەتیی پیشەیی ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە. لە نەبوونی ڕوانگەیەکی بەردەوام و سیستماتیکی ڕەخنەگرانەدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زەرەرمەند دەبێ. ساویلکە بوون و باوەڕکردنی هەرزان بە دەسەڵاتداران و چەمینەوە و تەسلیمبوون لە بەرامبەر دەسەڵاتدا کۆمەڵگا بەرەو نەهامەتی زیاتر پاڵپێوە دەنێ. بێدەنگی زۆرایەتی کۆمەڵگا بەرامبەر بە دەسەڵاتە خۆسەپێن و تاوانە زۆروزەوەندەکانیان پەرە بە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەدەن. ڕەنگە دەوڵەتەکان و بە تایبەت دەوڵەتە نادێموکڕاتیکەکان بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان نەبن، بەڵام تەوژمی مافخوازی و وشیاری تاک و کۆ دەتوانێ هەودای ئەستووری زوڵمی دەوڵەتە جەردە و ماف پێشێلکەرەکان بپسێنێ. خاشەبڕکردنی تیرۆریزم لە جیهاندا بەندە بە زۆر فاکتەر، کە بڕینی دەستی دەوڵەتەکان لە کردەوە ڕەشەکوژیی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان بە فاکتەری یەکلاکەرەوە دەناسرێ.

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٤ی جانێوێری ٢٠١٧

# دوارۆژی کورد لە هەناوی قەیرانەکانی ناوچەدا

کوردەکان زیاتر لە گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتوونەتە بەردەم پاڵەپەستۆ و قوربانییەکی زۆریان لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان پێشکەش کردوە. کوردەکان لە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر بێڕەحمانە کەوتنە بەر تیغی زلهێزە ناوچەیی و جیهانیەکان. ئەوان ئەو کات هاوتای نەتەوەکانی دیکە تەیار و شارەزا نەبوون و خاوەنی گەلاڵە و چوارچێوەی کاری تێکڕایی بۆ رۆژانی کۆتایی شەڕ نەبوون. کوردەکان وەک ئەمڕۆ لە نێو هێزە جیاوازەکاندا پەرتەوازە و لە قۆرت و پێچەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی هێزە باڵادەستەکاندا سەرگەردان بون. ئەمڕۆ ناوچەی کوردان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو ئاکامی نەرێنی بەدوای خۆیدا دێنێ و قەرەبووکردنەوەی شکان و کەوتنە مێژووییەکان کارێکی ئاسان نییە.

لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا جیهان بە شێوازێکی سەرسووڕهێنەر گۆڕاوە. کوردەکان بە بەراوەرد بە کوردەکانی سەردەمی سایکس - پیکۆ و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی گۆڕاون، بەڵام هێشتا وەک رابردوو گیرۆدەی پەرتەوازەیی و دابڕانن. ئەوان لە ماوەی سەدەیەکدا بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی مۆدێرنیان وەرگرتوە، بەڵام لە بەستێنی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا وەک جارانن. ناوچەگەرایی، زاراوە و عەشیرەت بە سیاسیی کراون و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانی بە ناو کوردایەتیدا وەک ئامراز کەڵکیان لێوەردەگیرێ. هەستی کوردایەتی لە کوردستاندا زیاتر لە پرسی جۆغرافیادا کۆکراوەتەوە و تاریف کراوە. ئەو ڕەوتە ئەگەرچی ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام هێشتا ویستی زۆرایەتی و تاکی کورد بۆ فێربوونی زمانی دایک، ئەدەب و وێژە و رامان لە رابردوو و پێناسەی خۆ لاوازە. ئەمڕۆ زۆرایەتی گەلی کورد نە تەنیا بە زمانی دایکی ناتوانێ بنووسێ، بەڵکو ناتوانێ مێژوو و سەربردەی هەمەلایەنیی نەتەوە و نیشتمانەکەی بخوێنێتەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی بە لاوازی دەرکەوتوە و لە بەستێن و بازنەی بەرگریکردندا شکڵی گرتوە. ئەو ناسیۆنالیزمە کولتور، زمان و گەلی خستۆتە پاشەوەی سیاسەت. لە ئاکامدا دابڕانێکی گەورە لە نێوان تاک و کۆی کوردەکاندا خوڵقاوە. کوردەکان خاوەنی زمانێکی هاوبەشی نووسین و خوێندنەوە نین، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ئاسانی بتوانن لە دەرد و مەرگی یەکتر تێبگەن و هەستی کوردایەتیی و یەکبوونیان بگاتە ئاستی پێویستی

پڕاگماتیسم و کردار. ناسیۆنالیزمی کوردی لە پاشخانی بەهێزی کولتوریی و زمانەوانی سوودمەند نەبوە، بۆیە بزوتنەوە و راپەڕینەکان بەردەوام لە بازنەیەکی دیاریکراودا ماونەتەوە و خەڵکێکی زۆر بە زانیاریی و تێگەیشتنەوە لە پرسەکاندا بەشدار نەبوون. کارکردن لە سەر کولتور و زمان رێگاخۆشکەری خەباتی سیاسیی و دواتر خۆئیدارەکردنە و دەلاقەی دەرفەتەکان بە ئاسانی بە سەر نەتەوەدا دەکاتەوە. پاش تێپەڕینی ١٠٠ ساڵ هێشتا پەرتەوازەیی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی، کولتوری، زمانەوانیی و تێکۆشانی کورداندا دەبیندرێ.

ناسیۆنالیزمی کوردان لە بازنەی ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکاندا جێدەگرێ. ناسیۆنالیزمی نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان بە رێژەیەک لیبراڵ و کراوە نەبوون و نین، کە دەرفەتی بوون، گەشەکردنی ئازاد و هاوتا بۆ هەموو لایەک بخوڵقێنێ. لە ئاکامدا ناسیۆنالیزمی کوردان لە بازنەی جۆغرافیای عوسمانییەکان یان ئێرانییەکان و دواتر چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیە، عێراق و سوریەدا سرووشتی کەمایەتی بەخۆوە گرتوە. ناسیۆنالیزمی کوردی، لە ژێر دەواری ناسیۆنالیزمی رەق و هێرشبەرانەی دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکاندا زۆر دەرفەت و هەلی لەباری لەدەست چووە. ئاڵوگۆڕی سیستم و دەسەڵاتەکان لەو وڵاتانەدا کەمتر دەرفەتی دیالۆگی ئازاد و کراوەی لەو بەستێنەدا خوڵقاندوە و کولتور و دەربڕینەکان بەرامبەر بە پرسی مرۆڤ، گەلان، ئازادییەکان و هتد زۆر نەگۆڕاون.

داهاتووی کوردەکان بە داهاتووی دەوڵەتە سەردەست و جۆری رێکخستنەوەی گرێبەستی سیاسی نێوان ئەکتەرە سیاسیی و ئابورییەکانی ناوچە و جیهانەوە گرێدراوە. فاکتەرەکان وەک جاران رەنگاوڕەنگن و کوردەکان وەک جاران فاکتەری لاوەکین. کوردەکان بۆ ماوەی چارگە سەدەیەکە، کە لە باشووردا خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرین و، بەشێکن لە عێراقێک، کە چارەنووسی بەستراوەتەوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی. عێراقی تازە، لە سێ زۆنی شیعە، سوننە و کورددا درێژە بە ژیانی سیاسی دەدا. کوردەکان ئەگەرچی خاوەنی ستاتوسی دیفاکتۆن، بەڵام پرسەکەیان یەک لا نەبوەتەوە. دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکان بە پرش و بڵاوی ئیدارەی کەیسی کورد دەکەن. ئەوان لە نێوخۆدا وەک رابردوو ناکۆک و لە بەغدا خاوەنی سیاسەتی چەند روخسارین و بە کردەوە وەک سەردەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان زلهێزە ناوچەییەکاندا پەرتەوازەن.

کوردەکان لە باشوور بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان هاودەنگ و خاوەن نەخشەڕێگای نیشتمانی نین و هەر لایەنە دەخوازێ بە جۆریک چارەسەری دۆخەکە بکرێ. ئەوان لە جیاتی کارکردن بۆ لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ سەربەخۆبوون، سیاسەت و دیپلۆماسی ناسەرکەوتوویان گرتەبەر. چاوخشاندنێکی لۆژیکی بە رووداوەکانی ئەو ناوچەیە دەیسەلمێنێ، کە ئەوان بە کردەوە خۆیان بۆ دوارۆژی رووداوەکان ئامادە نەکردوە. ئەگەرچی گەورەترین دەرفەتی زێڕین و مێژوویی‌یان بۆ رەخساوە، بەڵام بەکردەوە کەمترین کەڵکیان لێوەرگرتوە. روانگەی هێز و لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت خەڵک وەک جاران ناڕێکخراو و ئیرادەیەکی یەکلاکەرەوە نابیندرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە سەر مانەوە و جیابوونەوە لە عێراق هاوڕا نین، بۆیە درێژە بە بارودۆخی هەنووکەیی دەدەن، کە بەرێگاچارە ناژمێردری. ئەوان چاوەڕوانن، کە دۆخەکە یەکلابێتەوە و دواتر داوای پشکی خۆیان بکەن، کە لە گەڵ کرۆکیی سیاسەتی گەلان ناتەبایە.

سوریە لە چەند دەیەی رابردوودا بە هەناردەکەری سیاسەت بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەناسرا، بەڵام چەند ساڵی رابردووی بە دژوارترین قۆناخی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتە ئەژمار دەکرێ. خاکی ئەو وڵاتە کراوەتە مەیدانی زۆرانبازی بەرەی سوننە، شیعە، رۆژئاوا و رووسیە. کوردەکان و هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوا لە جەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بە قۆناغێکی دەگمەن و هەستیاردا تێدەپەڕن. ئەوان لە رۆژانی سەرەتای راپەڕین و شەڕی نێوخۆیی لە سووریەدا رێگای سێهەمیان هەڵبژارد. لە ئاکامدا نەبوونە دژبەری رێژیمی ئەسەد و تێکەڵ بە هێزە نەیارەکانی ئەسەدیش نەبوون. هێزە کوردە رۆژئاواییەکان وەک هێز و رێکخراوی پارچەکانی دیکەی کوردستان یەکدەنگ و یەک ئامانج نین و ناسیۆنالیزم و هەستی کوردایەتی لەو پارچەیەش فرە رەهەند گەشەی نەکردوە. ئەوان لە ژێر کارتێکەری هێزە کوردییەکانی باکوور و باشوور و دۆخی دژواری ناوچەکەیان خاوەنی سیاسەتێکی سەربەخۆ نەبوون. شایانی باسە، کە شەڕی هێزەکانی داعش دەلاقەی زۆرتری بە سەر کورد لە رۆژئاوا و باشووردا کردەوە وپاڵپشتی رۆژئاواییەکانی بۆ ئەوان تا ئێستا دەستەبەر کردووە .

هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوا بە هۆکاری جیاواز لە لایەن هێزە نەیارەکانی ئەسەد، رێژیمی بەعس و بەشێک لە دەوڵەتە کاریگەرەکان لە رەوتی وتووێژ بۆ ئاگربەستی درێژخایەن و هتد پەراوێز دەخرێن. تورکیە بە سەرکەوتنی کورد لە رۆژئاوا شاد نییە، بۆیە تێکۆشاوە رۆژئاوا لە بازنەی دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ستاتوسێکی سەربەخۆ وەرنەگرێ. کوردەکان لەرۆژئاوا بە هێنانەگۆڕی درووشمی تازە و هەڵبەزدابەز لە رێباز و ئامانجەکانیاندا

وتار و روانگەی تەم و مژاویان بڵاوکردۆتەوە. ئەوان لە دوارۆژی سووریەدا و لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی گەورەشدا رەنگە پشکێکی زۆریان بەرنەکەوێ، چوونکە پێناسەی نەتەوەیی و سروشتی سیاسەتکردنیان درێژەی جوڵە و گەشەی بزووتنەوە نێوخۆییەکان نییە. ئاشکرایە، کە رێژیمی ئەسەد تێکۆشاوە کەڵکی تاکتیکی لە کوردەکان وەرگرێ و ئامادە نین ویست و داخوازی کوردەکان قبوڵ بکەن. کوردەکانی رۆژئاوا لە ئەگەری پەراوێزخران دەتوانن لە بارودۆخی ناوچەکە سوود وەرگرن و بە پشت بەستن بە سنووره ئازادەکان زیاتر لە جاران خەباتی مافخوازانەیان چڕتر بکەنەوە و لە گەمەی وشە و درووشمەکان رزگاریان بێ. ئەوان دەتوانن لە مێژووی کورد لە پارچەکانی دیکە لە رەوتی شەڕ و ئاشتیدا سوود وەرگرن و بە چاوکراوەیی لە گەڵ ئەکتەرە بەهێزەکانی ناوچە هەڵسوکەوت بکەن. کاتەکان بەپەلە تێدەپەڕن و دەرفەتەکان ئەگەر نەخوێندرێنەوە، بە ئاسانی دووپات نابنەوە.

باکووری کوردستان و بزووتنەوە فرە رەهەندەکەی رۆژانێکی دژوار تێپەڕدەکات. تورکیە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکست و نائومێدیی بەرامبەر بەسیاسەتی یەکێتی ئورووپا، دەرکەوتنی کودەتاو هەروەها شکستی تورکیە و هاوپەیمانەکانی بۆ رووخاندنی رێژیمی ئەسەد لە سووریە سیاسەتی زەبروزەنگی لە نێوخۆدا گرتەپێش. کوردەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا خەباتی پارلەمانیی و فرەڕەهەندیان بەشێوەیەکی گونجاو بەرەوپێش دەبرد. یەکێتی ئورووپا لە پێوەندی لە گەڵ تورکیەدا گرینگی زۆری بە پرسی کورد و مافەکانی دەدا. شایانی باسە، کە کوردەکان لە باکوور بە هۆی سیاسەتی داپلۆسین و تواندنەوە لە تورکییەی نوێدا، یەک پارچە لە گەڵ ناسینەی خۆیان ئاشنا نین. ئەوان لە دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیاندا پەرتەوازەن و لە سەر دیاریکردن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان هاودەنگ نین.

دەسەڵاتدارانی وڵات تێدەکۆشن پرۆسە و رەوتی چاکسازی پرسی کورد لە وڵاتدا بەلاڕێدا بەرن. ئەوان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی، شارەزای هاوئاهەنگ کردنی تاکتیک و ستراتیژی خۆیانن. بەرپرسانی وڵات بۆ سەرکەوتن لەو سیاسەتەدا لە گەڵ کورد و دەوڵەتەکانی ئێران، سوریە و عێراق بە ستایلی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن. تورکەکان لە دیپلۆماسی خۆیاندا شارەزان و ئەگەر لە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا تووڕە و جاڕز بوون بەرەو رووسیا دەکشێن. ئەوان لە رۆژانی پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیە سیاسەتی خۆیان لە سەر هێڵی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکەیان داڕشتوە و بەڕێوەبردوە. کوردەکان لە بەرامبەر تورکەکاندا بێجگە لە رەوایەتیی خەباتەکەیان زۆر کارتی کارایان لەبەردەستدا نییە. ئەگەرچی بە بەراورد لە گەڵ رابردوو بزوتنەوەیەکی بەربڵاویان وەڕێخستوە،

بەڵام بۆیان نەلواوە ڕەوتی خەبات بۆ ئەستاندنی مافەکانیان بەرین، قوڵ و یەکدەست بکەن. بۆ تێپەڕاندنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە، بزوتنەوەی کورد لە باکوور پێویستە سیاسەتێکی هاوتا و هاوسەنگ لە گەڵ تورکیە و دەرەوەدا بگرێتەبەر. سیاسەتی رۆژ، تاکتیک و ستراتیژی ناکرێ لەوە زیاتر لە گەڵ یەکتردا ناتەبا بن. باکووری کوردستان زیاتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکێتی ئورووپا سەرمایەگوزاری لەسەر کراوە و ناکرێ سوود لەو دەرفەتانە وەرنەگیرێ.

ئێران، بە رێویە پیرەکەی ناوچە و پرسی کوردان دەناسرێ. ئەو دەوڵەتە زیاتر لە هەموو دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا خۆی لە پرسی کورد دزیوەتەوە. بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە کۆنەوە داد و هاواریانە، کە کێشەیەک بە ناوی کورد و گەلانی دیکە لەو وڵاتەدا بوونی نییە. کوردەکان لەو وڵاتەدا وەک خزم و سنوورپارێز ناسێندراوان و هەوڵدراوە، لە رێگای ئەو وشە و دەستەواژانە سۆزی کوردی پارچەکانی دیکە بۆ لای خۆی راکێشن. کوردەکان لەو وڵاتەدا بە شێوازی جیاواز چەوساونەوە و سیاسەتی ئێران بۆ دژایەتی کورد ترسناک و دوورمەودایە. بەرپرسانی رێژیمی ئەمڕۆ و تەنانەت دوارۆژی ئێران، بیری چارەسەرکردنی پرسی کوردیان لە بەرنامەدا نییە. کولتووری سیاسەت و خوێندنەوەی نەتەوەی باڵادەست بە جۆرێک دارێژراوە، کە توانای دیتنی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان نییە. ئەوان بە شیری چەوسانەوەی کورد و گەلانی دیکە فرچکیان گرتووە و بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو سیاسەتە نابن.

کوردەکانی رۆژهەڵات کەوتوونە ژێر رکێفی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تاران و کولتووری نەتەوەی سەردەست. لە ئاستێکی بەریندا ئەوانیش لە گەڵ زمانی دایک و ناسنامەی خۆیان نامۆن و شارەزای مێژووی کۆن و نوێی خۆیان و ئەوانی دیکە نین. کوردایەتیی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان نەبوەتە کولتووری رۆژانە و ئەو ئەرکە بە هێز و رێکخراوە سیاسییەکان سپێردراوە. هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان وەک خەڵکی نێوخۆ دابڕاو و خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی کاری هاوبەش نین. لە نێوخۆدا جووڵە و تێکۆشان لە پێناو گەشەپێدانی زمان و کولتوردا کەمە و رێژەیەکی کەم لە کوردەکان دەگرێتەوە. خۆ بە ئێرانی ناساندن و قسەکردن بە زمانی نەتەوەی سەردەست لە نێو بەشێک لە کوردانی رۆژهەڵاتدا بۆتە کولتوور و بەمجۆرە کوردایەتی و ناسنامەی خۆیان پوشبەسەر دەکەن. تاکی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا نەکەوتوەتە سەر رێچکەی خۆناسین، هەرچەندە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا خوێن و قوربانییەکی زۆر دراوە.

ئێران خاوەنی خەڵکێکی سەرکزە و بە ئاسانی دژ بە دەسەڵاتدارە زاڵمەکان ڕاناپەڕێ، بەڵام درەنگ یان زوو ئەو نیزامە دەکەوێ. کورد و هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە بۆ شکاندن و دەرچوون لە بازنەی شکستەکان پێویستییان بە نەخشەڕێگای تازە و هەنگاوی کردەیی‌یە. شۆڕبوونەوە بە ناخی کولتوور، زمان، مێژوو و گەشەپێدان و ساغکردنەوەی هێڵ و ڕێبازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پرۆژەیەکی درێژخایەن و کراوەیە. چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قسەکردن لە سەر ئەو بابەتە لە هەموو گۆڕەپانەکاندا پێویستی بە پاشخانێکی پتەوی شوناس و کوردایەتییە. ڕێگای ئازادی و گەیشتن بە ئامانجە مرۆیی و نەتەوەیی‌یەکان تەنیا بە هێز و وزەی پارتە سیاسیی و ڕێکخراو و چالاکانی کورد خۆش ناکرێ. کارکردن لەسەر کەسایەتی کوردو ڕاستکردنەوە و گەڕاندنەوەی شکۆ و کەرامەت بۆ کۆمەڵگا بە هەنگاوی یەکەم دەژمێردرێ. شەڕی کوردان لە دوارۆژی کوردستاندا پێویستی بە تاکی باوەڕدار و کۆی خاوەن هەڵوێست و یەکدەنگە. گەلی کورد لەو پارچەیەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ڕەق و نەرمی ڕێژیم و تەنانەت دەستوپەنجە نەرمکردن لە گەڵ دژوارییەکانی سبەینێ، پێویستی بە کولتوورێکی تۆکمە و داڕێژراو، هێز و شارەزاییە. بۆ دەستبەرکردنی دوارۆژ و بوونی داهاتوویەکی بەختەوەر دەبێ بەرەی دیپلۆماسی، ئابوری، کولتوری، زمان و وێژە، زانست و ڕاگەیاندن، خۆپاراستن و بەرنگاریی و بە تایبەت ناسنامەی سیاسی بەهێز بکرێن.

تەوژمی جوڵەی ناسیۆنالیزمی کوردان ئەوەندە بە بڕشت و کارا نییە، کە کەند و کۆسپە نێوخۆییەکان ببڕێ و لە سنوورە داسەپاوەکان بپەڕێتەوە. هێزە سیاسییەکان لە جاران زۆرترن و خاوەن بەرنامە و پرۆگرامی دیاریکراوترن، بەڵام بەربەستە کۆنەکان لە گۆڕەپانەکەدا چالاکن. کوردەکان بە کردەوە لە نێوخۆی پارچەکانی کوردستاندا لە یەکتر دابڕاون و لە ئاستی گشتییدا خاوەنی تێگەیشتنی هاوبەش و ڕاشکاو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکەیان نین. زمان، کولتوور، ژینگە، کەسایەتی کورد و زۆر سەرمایەی کوردان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا زەبری کاریگەریان لێدراوە و بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە. کوردەکان وەک جاران لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا لاوازن وەک گەلانی دیکە بە شێوازی مۆدێرن و ئەمرۆیی کار ناکەن. ئەگەر کوردەکان و بزوتنەوە سیاسییەکانیان لە ڕابردوو وانە وەرنەگرن، ڕەنگە وەک ڕابردوو بەهێواشی پەراوێز بخرێن و بە گوێرەی ویستی هێزە باڵادەست و ئەکتەرە بەهێزترەکان پشتگوێ بخرێن.

کوردەکان خاوەنی وزە و هێزێکی شاراوە و ناڕێکخراون، کە ئەگەر لە ڕایەڵکەی خۆناسین، کوردایەتیی و نیشتمان

خۆشەویستیدا یەکبگرنەوە چارەنووسی خۆیان دەگۆڕن. گەلان لە قەیرانە گەورەکاندا تاقی دەکرێنەوە و متمانەی گشتیی لە سەنگی مەحەک دەدرێ. کوردەکان پێویستییان بە هزری خۆئیدارەکردنە و هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنن، کە لەو پێوەندییەدا لاوازن. کوردەکان و هێزە سیاسیی یەکانیان لە بەردەم بژاردەیەکی دژواردان و بە بیانوی جیاواز ناکرێ گەمە بە چارەنووسی خاک و خەڵک بکرێ. ئەوان یان ڕێچکەی کۆن دەپێون و لە کۆتاییدا دەکەون یان ئەوەی بە شێوازێکی نوێ بەرەو دوارۆژ هەنگاو هەڵدەگرن. ئەگەر کوردەکان خۆیان نەبن، کەس و لایەنی دیکە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەیان ناکا. کوردەکان هەتا ئەوکاتە بە زمانی خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ شکست و سەرکەوتن، هزر و بیری ئازادیخوازی، ناسینەی خۆ و ئەوانی دیکە نەکەن زۆر ئەستەمە بتوانن خاوەندارییەتی خاک و خۆیان بکەن. ئەوەی کە، کوردەکان لە نێوخۆدا کۆک نین و بەشێکی بەرچاو لە گەڵ کولتوور و دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە، دەیسەلمێنێ، کە دابڕانێکی گەورە لە جیهانبینی و تێگەیشتنی تاک و کۆی کوردانداا هەیە. گەلانی ئازا و متمانەبەخۆ لە قەیرانەکاندا چۆک دانادەن و لە پێناوی ئازادژیان و ژینێکی سەربەستدا ئامادەی فیداکاریی و خۆڕاگرین.

لە ژمارە ٦٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

## سێبەر و تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لە سەر ئاسمانی ئێران

جیهانی سیاسەت و قۆرت و پێچەکانی ئەو زانست و هونەرە دەرخەری سروشتی راستەقینەی مرۆڤەکانە. مرۆڤەکان لە کۆنەوە لە شێواز و کەرەستەی جۆراوجۆر بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارە گشتییەکان کەڵکیان وەرگرتوە. یەکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە هێز، چاوترساندن، هەڕەشەکردن و ڕەشکردنی لایەنی نەیار کەڵکیان وەرگرتوە. دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری کارای جیهانی مۆدێرنی سیاسەت و ئیدارە، گۆڕەپانی سیاسەتیان ڕەنگاندوە و بە شکڵی جیاواز لەو مەیدانە سیحراوییەدا دەجوڵێنەوە. دەوڵەتەکان خاوەنی هێز و

توانای جیاوازن و لە ئاستی جیهانیدا هەر دەوڵەتە و خاوەنی ستاتوس و پێگەی خۆیەتی. ئەگەرچی دەوڵەتەکان بە گوێرەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هاوتا و بەرابەرن، بەڵام ئەوان بە کردەوە خاوەنی قورسایی جیاوازن. ڕۆڵ و نەخشی ئەوان لە ئیدارەکردنی ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا جیاوازە. دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و پاراستنی سنوور و بەرژەوەندییەکانیان لە زۆر ڕێکار کەڵک وەردەگرن.

هەڕەشە یەکێک لەو ئامرازانەیە، کە لە پێوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان و بە تایبەت لە لایەن دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەکار دێت. هەڕەشەی دەوڵەتان و زلهێزەکان لە دژی دەوڵەت و لایەنی دژبەر هەڵوێستەی زۆرتری لەسەر دەکرێ، چونکە نادڵنیایی و قەیران دەخوڵقێنێ. ئەو پرسە لە گەڵ دیپلۆماسی دەوڵەتیی ئاوێتەیە و دەوڵەتەکان بە گشتیی و خاوەن هێزەکان بە تایبەتی بە ڕێژەی جیاواز لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵکی لێوەردەگرن. دەوڵەتی هەڕەشەکەر و هەڕەشەلێکراو بە شێوازی جیاواز سوود لە بارودۆخەکەیان وەردەگرن و هەوڵدەدەن لە نێوخۆ و دەرەوەدا بە قازانجی خۆیان وەریسووڕێنن. هەر دوو لایەنی هەڕەشەکەر و هەڕەشەلێکراو دەخوازن لە ژێر تیشکی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ڕێککەوتننامە دوو یان چەند قۆڵییەکان هەڕەشە و دژە هەڕەشەکانیان بە ڕەواو و لۆژیکی ببینرێن. مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی دەیسەلمێنێ، کە هەڕەشەکان ڕەنگە لە ژێرکارتێکەری جۆراوجۆردا ببنە کردار و زۆر لایەن و دەوڵەت سەرسوڕماو بکەن. زۆرێک لە سیاسەتکارەکان بۆ ڕزگاربوون لە قەیران و کێشە نێوخۆییەکان و سارێژکردنەوەی برینەکۆنەکان یان وەدیهێنانی خەونەکانیان هەڕەشەکردن دەکەنە ڕێبازی ڕۆژانە و لە ئاکامدا خەڵک و وڵاتەکانیان باجی ئەو سیاسەتانەیان دەدەن.

دۆناڵد تڕامپ وەک سەرکۆماری یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی دنیا لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا و دوای چوونی بۆ کۆشکی سپی ڕوانگە جیاوازەکانی خۆی بە ڕاشکاوی دەربڕیوە. ناوبراو لەمەڕ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆچبەران، ناتۆ، یەکێتی ئورووپا، دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتی ئاماژەپێکراو، ڕووسیە، چین، داعش، تیرۆریزم و ئێران ڕاست و چەپ قسەی کردووە. تڕامپی سەرکۆمار دەخوازێ  بە نەیار و دۆستانی ڕابگەیەنێ،کە لە سەر وتە و دروشمەکانی هەڵبژاردنی سوورە و کار بۆ گەڕاندنەوەی گەورەیی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات. کەسایەتی سیاسەتکارەکان لە یەکتر جیاوازە و زۆربەیان خوازیارن جیاواز لەوانەی پێشتر دەرکەون و سیاسەت بکەن. تڕامپ و هاوکارەکانی بە زمانێکی ساکار و ڕەوان ڕادەگەیەنن، کە تڕامپ وەک

ئۆباما نییە و لە کاتی پێویستدا خاوەن هەڵوێست و بڕیاردەرە. بۆ سەلماندنی وتەکانیان ترامپ وەک جاران زمانی هەڕەشە بەکار دێنێ. ئەو و هاوکارەکانی ڕێژیمی ئێران بە ماکەی مەترسیی و هەڕەشە دەناسێنن و بەردەوام بە زمانێکی نەرێنی لەسەری دەدوێن. شایانی باسە، کە ئەمریکا خاوەنی قورساییەکی تایبەتە و بە جەمسەرێکی کارا و گەورەی جیهان دەژمێردرێ. هەڕەشە و هەڵەکانی، کاردانەوە و سیاسەتەکانی لە سەر ڕەوتی پێوەندییە سیاسیی و ئابورییەکان کاریگەرن و وەرچەرخان لە هەڵوێست و ڕوانگەکانی ئەو وڵاتە کاردانەوەی بەرچاوی دەبێ.

پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران و هەڕەشە کۆن و نوێیەکانی ئەو دوو وڵاتە لە یەکتر باسێکی کراوەی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە لەتاران و واشنگتۆن بەنەریت و فۆڕمی جیاواز تەتەڵە کراوە و دەکرێت.

پێوەندییەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەڕەتدا ناتەبا و پێچەوانەی یەکتر بوون. لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاران سیاسەتی ئەمریکا ڕەگی ئیمپریالیستیان هەیە و ئەو وڵاتە بە شەیتانی گەورە ناودەبەن. لەو ماوەیەدا ئەمریکا و ئێران دوژمنایەتی نێوان خۆیان بە شارەزایی تێکەڵ بە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە کردووە و کەڵکی ئامرازیی و ئامانجداریان لێوەرگرتوە. سەرکۆمارە جیاوازەکانی ئەمریکا بە شێوەی جیاوا ئێرانیان خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆ و تێکۆشاون سیاسەتی ئاخوندەکان بگۆڕن. سیاسەتی باوی دوو وڵات بەرامبەر بە یەکتر لە ماوەی نیزیک بە چوار دەیە زۆر نەگۆڕاوە و مۆرکی سیاسەتێکی سواوی وەرگرتوە. ئەوان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە کاناڵی دەوڵەت، گرووپ و کەمایەتییە جیاوازەکانی ناوچە شەڕی بەرژەوەندییەکانی یەکتریان کردووە. دوژمنایەتی ئەوان بەرامبەر بە یەکتر، لە چوارچێوەی دروشم، هەڕەشە و داسەپاندنی ئابلوقەی جۆراوجۆر ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی بە ڕواڵەت دوو وڵات بەردەوام بەرامبەرکێی یەکتریان کردووە، بەڵام سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچە ناڕاستەوخۆ بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران شکاوەتەوە. ئێران، لە دوای پەلاماردانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق بە کردەوە باروودۆخەکەی قۆستەوە و زیاتر لە هەموان لە ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان کەڵکی وەرگرت. تەنانەت لە درێژەی گەمەکەدا ئێران لە سەر پرسی بەرنامەی ناوکی لە گەڵ ئەمریکا و چەند زلهێزی دیکە سازا و بەمجۆرە قۆناخێکی تازە لە پێوەندی نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا دەستی پێکرد.

سەرکەوتنی ترامپ و هەڕەشەی ناوبراو لە ڕێککەوتننامەی ناوکی ئێران و ڕۆژئاوا دۆخەکەی بە ڕێژەیەک شڵەژاندوە. ترامپ و پارتی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا لەرابردوودا دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەربڕیوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەمریکا لەو مامەڵەیەدا زەرەری کردووە و هەڕەشەی پێداچوونەوە یان پووچەڵکردنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکەن. بە باوەڕی بەڕێوەبەرانی کۆشکی سپی، ئێران ئەوەندە هەڵناگرێ و شایانی ئەو مامەڵەیە نییە. تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ لە لایەن ئێران تەوژمێکی تازەی بە هەڕەشەکانی کۆشکی سپی دژ بەئێران داوە. ئەوان تاقیکارییەکانی مووشکیی ئێران بەکارێکی ناڕەواو بە پێشێلکەری ڕێککەوتننامەی ناسراو بە ناوکی دەزانن. بە تێگەیشتنی سەرکۆماری ئەمریکا، سیاسەتی نەرم بەرامبەر بە ئێران کەڵکی نییە و ئێران روهەڵمالاوانەتر لە جاران دەجووڵێتەوە. بەرپرسانی ئێرانی لە تاران تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ بەدەر لە ڕێککەوتننامەکە دەزانن و بە بەشێک لە سیاسەتی بەرگری وڵاتەکەیانی دەناسێنن. هەڕەشەکانی ترامپ هێشتا لە بازنەی نووسین و دەربڕینی ڕۆژنامەوانیدا دەبینرێن و هاوکارانی رادەگەیەنن، کە هەموو بژاردەکان دژ بە ئێران کراوەن. پرسیارەکان لەو پێوەندییەدا زۆر و وەڵامەکان جیاوازن، بەڵام لە سەر چۆنیەتی جێبەجێبوونی هەڕەشەکانی ترامپ بەرامبەر بە ئێران و تەنانەت بەکارهێنانی گورزی سەربازی دژ بە ئێران خوێندنەوە و لێکدانەوەکان یەک ئاراستە نین.

ئەمریکا دژ بە ئێران دەتوانێ لەبەرە و گۆڕەپانی جیاوازدا کار بکات و تەوژمی سزاکانی سەر ئێران لە بواری دیپلۆماسی، ئابووری، تێکنۆلۆژیی و هتد. توندوتۆڵتر بکات. دۆناڵد ترامپ بۆ جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی دژ بە ئێران و بەرتەسک کردنەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا خاوەنی فاکتەری گونجاو و هەروەها کەند و کۆسپی بەرچاوە. ترامپ و هاوکارانی خاوەنی بیرو هزری ڕادیکاڵن و ڕەنگە ئەو فاکتەرە لە سەر چۆنیەتی بڕیاردان لە سەر پرسی ئێران کاریگەر بێت. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە گرتنەپێشی سیاسەتی تایبەت دژ بە ئێران دەتوانن هاوفکرو یەکدەست بن. بێجگە لەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا لەقۆناغی ئەمڕۆدا لە کۆنترۆڵی کۆمارییەکاندایە و بە ئاسانی گەڵاڵە و بڕیارەکانی سەرکۆمار ڕەتناکەنەوە. لەنێو ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا و پارتی کۆمارییدا ژمارەیەک سیاسەتکار، لە کۆنەوە بۆ توندکردنی پاڵەپەستۆی سەر ئێران تێدەکۆشن. ئەوان سیاسەتەکانی ئێران و بە تایبەت تێکۆشانی سپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەو وڵاتە لە ناوچە دەزانن. سیاسەتی ڕێژیم لەمەڕ پەرەپێدانی تێکنۆلۆژی مووشەکی دوورهاوێژ، ڕادیکاڵەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتی ئەمریکا و هەروەها ئیسرائیل و جولەکەکانی ئەمریکا دژ بە ئێران

دەورووژێنێ. ئەوان ئەگەر لەسێ گۆشەی بەرژەوەندییەکاندا بە یەکتر بگەن بە ئاشکرا لە دارشتنی سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر بە ئێران کاریگەر دەبن. لێرەدا ناکرێ بەرەی سوننە و ژمارەیەکی زۆر وڵاتانی سوننە لە ناوچەکەدا لەبیر بکرێن، کە دەکەونە بازنەی هاوپەیمانەتی لە گەڵ ئەمریکاو بەرێژەیەک دەتوانن لەدرێژ کردنەوە و توندترکردنی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران رۆڵ بگێڕن. لەوانە گرینگتر ئەوەیە، کە ئەگەر ئەمریکا ئیرادە بکات و فاکتەرە نێوخۆییەکان ئامادە بن، هەرجۆرە دابەشکارییەک لە نەخشەی سیاسی عێراقدا دەتوانێ سەرئێشەی زۆر بۆ ئێران بخولقێنێ.

بەربەستەکانی سەر رێگای جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی ترامپ دژ بە ئێران نێوخۆیی و دەرەکین، کە ناکرێ لە لێکدانەوەکاندا پشتگوێ بخرێن. یەکەمین فاکتەر کەسایەتی و سرووشتی سەرکۆماری ئەمریکایە، کە دەخوازێ بە ستایلی خۆی ئەمریکا ئیدارە بکا و کاڵای سیاسەت بە بۆن و بەرامەیەکی دیکە هەناردە بکا. بە تێڕوانینی زۆر شارەزا ناوبراو لە سیاسەتدا کرچ و کاڵە و بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا شیاو نییە. ئەو بە وتە توند و نووسینە کورتەکانی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی و دوان لەگەڵ راگەیەنە گشتییەکان دژکردەوەی جۆراوجۆری خوڵقاندوون. ترامپ وەک سیاسەتمەدارێکی ورد هەڵسوکەوت ناکات و بە دەربڕین و نووسینەکانی زۆر گەورە ئەکتەری ئابوریی و سیاسی توراندوە. ئەو لەو پێوەندییەدا زۆر گوێ لەراوێژکارەکان ناگرێ و ناخوازێ ناسینەی "بیزنێس مەنی" خۆی بە ئاسانی لەدەست بدا. روانگەی ناوبراو بەرامبەر بە چین و تایوان و دواتر پاشگەزبوونەوە لە لێدوانەکان و لێدوان لە سەر یەکێتی ئورووپا و بە ئەرێنی ناساندنی دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتی ئورووپا و هتد. ئاستی متمانەی بەرامبەر بە کۆشکی سپی لاواز کردوە.

لە ئاکامدا یەکێتی ئورووپا و ئەو وڵاتانەی لە گەڵ ئەمریکا رێککەوتننامەی ناوکیان لە گەڵ ئێران واژوو کردوە، بە ئاسانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترامپ قبوڵ ناکەن و ئامادە نین سیاسەتی پاشکۆبوون رەچاو بکەن. بێجگە لەوە، رووسیە لە ناوچەدا کەم و زۆر لە گەڵ ئێران هاوهەنگاوە و لە پرسی سووریەدا سیاسەتێکی توندوتۆڵیان هەیە، بۆیە ئامادە نییە پشتیوانی لە هەڕەشەی کۆشکی سپی دژ بە ئێران بکات. جیا لەو فاکتەرانە، شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان دژ بە عێراق و لیبی پڕن لە وانە. رۆژئاواییەکان و خەڵکی ناوچە بە کردەوە دەبینن، کە دەرپەڕاندنی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتان بە زەبری چەک ئاسەواری دژواری لێدەکەوێتەوە، چوونکە ئەو وڵاتانە بە هێزی رەق ئیدارە کراون و هێشتا کۆمەڵگا و ژێرخانی پێویست بۆ ئیدارەیەکی مۆدێرن مسۆگەر نییە. لە لایەکی

دیکە، ترامپ باس لە چاکردنی بارودۆخی وڵات و ئابووری هاوڵاتیان دەکات، بۆیە درێژەدان بە سیاسەتی هەڕەشە و جێبەجێکردنی هەڕەشەکان و نانەوەی شەڕێکی تازە ئابووری وڵات زیاتر دادەتەپێنێ.

ئاماژەکان دەریدەخەن، کە کۆشکی سپیی و نەیارەکانی تاران لە ناوچەدا لە سەر دوارۆژی ناوچەکەیان و کۆنترۆڵی جووڵەکانی ئێران کۆک و هاودەنگن. بەشێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا و بە تایبەت ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی خوازیارن، کە ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر بە ئێران بگرێتەبەر. بەهێزبوونی بەرەی سیاسیی شیعە لە ناوچەدا بە سەرکردایەتی ئێران، یەکانگیربوونی سیاسەتەکانی بەرەی ناوبراو لە گەڵ رووسیە و بوونی عێراقێکی لاواز و دەستەمۆ و ئەفغانستانێکی نائارام و شەکەت، بەرەی سوننەی خستۆتە دۆخی بەرگریی و خۆرێکخستنەوە. ئەمریکا دەخوازێ، بە تێچوویەکی کەم و سیاسەتێکی بە رواڵەت رەق، ئێران لە مەترسییەکانی درێژەدان بە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە ناوچەدا ئاگادار و وریا کاتەوە. ئەگەر لە ناوچەدا ئاڵوگۆڕی گەورە و چاوەڕوانکراو روونەدەن و ئێران هێزە ئەمریکاییەکان لە سنووره وشکانی و ئاوییەکانی خۆی نەورووژێنێ، رەنگە تیکهەڵچوونی نیزامی لە نێوان دوو وڵات روونەدات. پووچەڵکردنەوە یان مانەوەی رێککەوتننامەی ناوکی نێوان ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ناتوانێ بەتەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوەی رووداوەکان بێ. هەویری سیاسەتی ئێران و ئەمریکا ئاو زۆر هەڵدەگرێ و رەنگە هەردووک وڵات حەزیان لە درێژەدان بەو شەڕە زێڕینگەرییە بێ.

سروشتی ژیانی سیاسی وڵاتان بە ئاسانی ناگۆڕێ و رەنگە لە کۆتاییدا ترامپ نەتوانێ بە ویست و بژاردەی خۆی سیاسەتی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوەدا رێبەری بکات. بە لێکدانەوەی پەندە کۆنەکان ترامپ بۆ ئێران لەوە باشتر نابێ و ساڵی خۆش لە بەهاریەوە دیارە. لێرەدا ناکرێ  زمان و کۆدی بەرژەوەندییەکان لەبیر بکەین، کە روخساری شاراوەی پشت هەڕەشەکان و ئەگەرە کراوەکانی جیهانی سیاسەتە. هێشتا بەتەواوەتی ناکرێ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی درێژخایەن بۆ هەڕەشە و وتەکانی ترامپ بکرێ، چونکە لەسەرەتای رێگادایە و بێگومان تووشی قۆرت و پێچی چاوەڕوانکراو و نەکراو دەبێ. ناوبرا رەنگە لە کۆتاییدا ستراتیژی کارکردن و رێبازی درێژخایەنی سیاسەت لە گەڵ زمانی رۆژانە و دەربڕین جیا بکاتەوە. ئەو و ستافی هاوکاری بۆ ماوەیەک لە ژێر تیشکی چاوی دۆستان و نەیاراندان و جۆر و چۆنیەتی بڕیارەکان جەوهەری راستەقینەی ترامپ و هاوڕێکانی زیاتر ئاشکرا دەکات.

ئێران و بڕیاربەدەستەکانی رێژیمی تاران لەزمانی زۆر و هەڕەشە باشتر تێدەگەن. ئەوان بەو زمان و مێتۆدە

راهاتوون و چەند دەیەیە لەنێوخۆ و دەرەوە راهێنانی لەسەر دەکەن. تاران بەتەواوەتی لەتامی هەڕەشەی زلهێزێکی وەک ئەمریکا تێدەگات، بەلام لە پێناوی مانەوەدا وردبینانە لە گەڵ فاکتەرە جیاوازەکان هەڵسوکەوت دەکات. بەرپرسانی رێژیمی تاران دەزانن، کە ئەمریکا لە دۆخی ئەمڕۆدا ناتوانێ رووسیە، چین، یەکێتی ئورووپا و تەنانەت بەشێکی زۆر لەخەڵکی ولاتەکەی دژ بە ئێران و دەسەلاتدارانی تاران رێکبخات. ئەوان ئاگادارن، کە ئەمریکا بە ئاسانی هێرشی نیزامی ناکاتە سەر ئێران و کەم و زۆر تێپەڕاندنی قەیرانی سووریە، عێراق، یەمەن و هتد، لەریزی پێشەوی بەرنامەی کاری بەڕێوەبەرانی کۆشکی سپیدا جێدەگرن. بوونی ترامپ لە کۆشکی سپی و هەڕەشەی ناوبراو لە ئێران و تەنانەت هێنانەگۆڕی داوکاری بۆ پووچەڵکردنەوە یان پێداچوونەوەی رێککەوتننامەی ناوکی قەیران خوڵقێنە، بەلام مەیدانی مانۆڕی ئێران بەرفراوانتر دەکا. ئێران هەوڵدەدات هەڕەشەکانی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوە بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ. بەرپرسانی ولات زیاتر لەجاران دەتوانن درێژە بە سەرکوتکردنی خەڵکی دژبەر و ناڕازی بدەن و بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی سنوور و ولات، سیاسەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران زیاتر لەجاران برەوی پێ دەدرێ. بەڕێوەبەرانی رێژیم لە مەیدانی دیپلۆماسی و پێوەندییە دەرەکییەکانیاندا ئاسانتر دەتوانن سۆزی دەوڵەت، لایەن و رێژەیەکی زیاتر لە بژاردەی رۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی و هتد بۆ خۆیان رابکێشن. شایانی باسە، کە داڕێژەرانی سیاسەت و رێبازی نیزام ئەو پرسە دەخەنە خزمەت هەڵبژاردنەکان و لە شەڕی نێوان باڵەکاندا بە چەکێکی کارا پێناسە دەکرێ.

رەوینەوە یان مانەوەی تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لەسەر ئاسمانی ئێران پێوەندی بەگۆڕانی هاوکێشە ناوچەییەکانەوە هەیە. بەرژەوەندییە زۆر و زەوەندەکانی زلهێز و دەوڵەتەکان لە کۆتاییدا رەنگرێژی سیاسەتی راستەقینەی دەوڵەتان بەرامبەر بە یەکتر دەکەن و هاتوهاواری مەرگ بۆ ئەمریکا و هەڕەشەکانی ترامپ لە ئێران و ئاخوندەکان بە کردەوە چارەی قەیرانەکان ناکەن. بە دوور لە لۆژیکی هەڕەشە و خۆڕانان، ئێران و ئەمریکا ئاگاداری شەڕە مێژووییەکانن و دەزانن کە هێزە چەکدارە ئێرانییەکان لە شەڕە گەورەکاندا تووشی چ چارەنووسێکی دژوار هاتوون. بۆیە ئێران رەنگە بۆ شەڕی راستەقینە ئامادە نەبێ و زیاتر حەزی لەشەڕی دروشم و قسەیە، کە تێچوویەکی زۆری ناوێ و رەنگە جار و بار خێرداریش بێ.

لە ژمارە ٦٩٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٧

# پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە ژێر تیشکی ڕووداوە ناوچەیییەکاندا

تورکیە و ئێران، لە هەناوی سیاسەتی ئەمڕۆیاندا بۆنی تەپ و تۆزی شکان و سەرکەوتنی شەڕەکانی چەند سەدە لەوەپێش دەکەن. سیاسەتکارانی ئێرانی و تورکیە هێشتا ڕێچکە کۆن و درێژخایەنەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی عوسمانیی و سەفەوییەکان و ئەوانی دیکەیان لەبیرە. زیاتر لە پێنج سەدەیە، کە دوو یەکەی جۆغرافیایی لە ژێر ڕێبەرایەتی سوڵتان و پاشا، ئاخوند و سێکولار و بە ناوی دین، ڕەگەز و وڵات لە گەڵ یەکتردا کێبەرکێ دەکەن. سوڵتانەکانی عوسمانی و پاشاکانی ئێران لە ژێر ناوی ڕێبەرایەتی مەزهەبی سوننە و شیعەدا خەون و ئامانجەکانیان دەڕەنگاند و خەڵکی ئاسایی و گەلانی وەک کورد و هتد، لەو شەڕانەدا باجی گەورەیان دەدا. تورکیە و ئێران تا کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی لە دۆخیکی گشتیی وەک یەکدا بوون و ئیدارە دەکران. سیستمی عوسمانی لە هێندێک بواردا لە سیستمی پاشاکانی ئێران پێشکەوتووتر و تورکەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی ۱۹دا خەونیان بە پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاواوە دەبینی.

لە ژێر ڕێبەرایەتی کەمال ئاتاتورک و ڕەزاخان پێوەندییەکانی دوو وڵات، لە سێبەری سێکۆلاریزم و زلهێزە ڕۆژئاواییەکاندا ڕوخسارێکی دۆستانەی بەخۆوە گرت. ڕەزاخان وەک مۆدیلێکی سەرکەوتوو چاوی لە نیزامی تورکەکان دەکرد و تێکۆشا وڵاتی ئێران بەو ڕێچکەیەدا بەرێ. ئەو پێوەندییانە لەسەردەمی حەمە ڕەزا شادا درێژەیان پێدرا، هەرچەندە هەر دووک لایەن و بە تایبەت ئێران هێندێک جار، لە هەڵسوکەوت و جووڵەی تورکەکان لە پێوەندی لە گەڵ سنوور و بازرگانی نێوانیان دڵگران و تووڕە بوون.

پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و ئێران لە سەردەمی دەوڵەتی بە ناو مۆدێرندا گرژی تێکەوتوە، بەڵام شەڕی تێنەکەوتوە. لە جۆغرافیای دوو وڵاتی ئاماژەپێکراودا، دەسەڵاتدارن کەرەستەی جۆراوجۆریان بۆ پاڵەپەستۆخستنە سەر یەکتر هەبوە، کە بە شێوازی نیوەچڵ سوودیان لێوەرگرتوە. ئازەریی و تورکمەن لە ئێراندا دەژین و لە گەڵ تورکەکان و تورکیەدا لە کۆنەوە لە بواری کولتور و زمانەوە نیزیک بوون. شایانی باسە، کە ئەو بابەتانە خاوەنی توخمی بارگاوی کردنن، بەڵام بە زۆر هۆکار ئەکتیڤ نەکراون. بێجگە لەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خراوەتە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران و باکووری کوردستان بە نەخشەی تورکیەوە لکێندراوە، کە لە مێژووی کۆن و نوێیدا دەسەڵاتدار و نەتەوە سەردەستەکان کەڵکیان لێوەرگرتوون.

سنوورەکانی نێوان تورکیە و ئێران بە سنوورێکی کۆن ناودێر کراون و دەگەڕێنەوە بۆ شەڕی چاڵدران و ڕێکەوتنی زەهاو. دوو وڵات، لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٢٦دا ڕێککەوتنێکیان لە تاران واژوو کرد، کە باس لە یەکخستنی هەوڵ و تەقەللاکانیان دژ بە ڕەوت و جووڵانەوە نێوخۆییەکانی دوو وڵات دەکات (بە ئاشکرا مەبەستیان بزووتنەوە کوردییەکان بوو). لە ٨ی جولای ساڵی ١٩٣٧دا ئێران، تورکیە، عێراق و ئەفغانستان پەیماننامەی سەعدئابادیان، لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مۆر کرد. لە مانگی ئاگۆستی ١٩٥٥دا ڕێککەوتننامەی سەنتۆ لە نێوان ئێران، تورکیە، بریتانیا و پاکستان واژوو کرا. سەرەڕای ئەوە، لە جولای ١٩٦٤ دا تورکیە، ئێران و پاکستان بناخەی ڕێککەوتننامەی هاوکارییان ڕەنگڕێژ کرد.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بارودۆخەکەی گۆڕی و پێوەندی ئێران و زۆر وڵاتی تووشی ئاڵوگۆڕ کرد. بەهێزبوونی عێراق لە بن گوێی ئێران و کێبەرکێی نێوان دوو وڵات و باقی وڵاتانی عەرەب پێوەندییەکانی تورکیە و ئێرانی پەراوێز خست. دوو وڵات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندییە سیاسی، بازرگانیی و کولتورییەکانیان بە شێوازێکی پچڕپچڕ درێژەدا. تورکەکان بە گوێرەی هەڵکەوتی جۆغرافیایی و هەروەها بارودۆخی ئابوریی وڵاتەکەیان لە کۆنەوە تێکۆشاون لە ئابوری وڵاتانی ناوچە سوود وەرگرن. ڕێژیمی تاران و ئانکارا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لەسەر چەند پرسێک هاوکاربوون، بەڵام هیچ کات دوو وڵات بە تەواوەتی بۆیان نەلواوە لە بەرەیەکی تۆکمە و درێژخایەندا کۆببنەوە. ئەوان بەرامبەر بە ڕووداوە ناوچەیییەکان هەستیار بوون و بە وردی ئاڵوگۆڕە ناوچەیییەکانیان خوێندوەتەوە. ئەوان لە کاتێکدا دژ بە ویستی زێدەخوازانەی یەکتر وەستاونەوە، بەڵام لە سەر پاراستنی نەخشەی ناوچە و بە تایبەت قەوارەی دەوڵەتی عێراق، سوریە و خۆیان پێداگرییان کردوە. لە ڕوانگەی ئاسایش و ئەمنییەتی چاویان لەپرسی کورد کردوە و بە شێواز و ڕێگای هاوشێوە شەڕی داخوازە ڕەواکانی کوردیان کردوە.

زنجیرە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سروشتی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی گۆڕیوە. ئەوان ئەمڕۆ لە دژی یەکتر تیژترن و دەربڕین و وتەی دەسەڵاتدارانی دوو وڵات دەیسەلمێنێ، کە گۆڕانی پارسەنگی هێز بۆ دوو کۆنە ڕەقیبی

یەکتر تاڵ و دژوارە. رووخانی دەسەڵاتی بەعس و هاتنە سەرکاری نیزامێکی دەڵەمە، عێراقی کردوەتە پاشکۆی سیاسەتەکانی ئێران و تورکەکان تووڕەیی خۆیان لەو بارودۆخە نەشاردوەتەوە. لەو بەستێنەدا فاکتەری ئایین، ئابووری، مێژوو و سایکۆلۆژیی دەسەلات رۆڵی گەورە دەگێڕن. بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە عێراق هەتا کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی وەک سێ ویلایەتی عوسمانی ئیدارە کراوە. ویلایەتی موسڵ، کە یەکێک لەو سێ ویلایەتە بوو، هەتا ساڵی ١٩٢٦ هێشتا بە فەرمی نەخرابوە سەر عێراق و تورکیە خۆی بە خاوەنی مێژوویی ئەو ناوچەیە دەزانی. تورکەکان و بەتایبەت سروشتی دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی ئەو ولاتە و پارتی دەسەلاتدار (پارتی داد و گەشەپێدان) دژی پەلهاویشتنی ئێرانی شیعە بۆ عێراق و سوریە و ناوچەکانی دیکەن.

ئێران بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە خاکی سوریەدا تەراتێن دەکات و لە قەیرانی ئەو ولاتەدا وێڕای رووسیە پشتی دەسەلاتی ئەسەد دەگرێ. تورکیە لە کەیسی سووریەدا لە گەڵ ولاتانی عەرەبیی و رۆژئاوادا هاوڕابوو، کە بەهۆی کارا و ئەکتیو نەبوونی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەو پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبوون. لە ئاکامدا بەرەی شیعە، (ئێران، حیزبوڵڵای لوبنان، شێعەی عێراق و دەسەلاتی سووریە و هێندێک پارتی سیاسی دیکە) رووسیە و ئەسەد خەریکە رۆڵی سەرکەوتوو لەقەیرانی سووریەدا دەگێڕن. تورکیە بۆ راگرتنی دۆخەکە و خۆپاراستن لە پەراوێزخران لە کەیسی سوریە و داعشدا، بەناچاری لەگەڵ رووسیە و ئێران پرسەکان تەتەڵە دەکا و تێدەکۆشی لە رووداوەکان دانەبڕێ. تورکیە لەوە دەترسێ، کە بەرەی شیعە بە سەرکردایەتی ئێران لە عێراق، سوریە،لوبنان، یەمەن، بەحرەین و تەنانەت عەرەبستانی سعوودی تەنگ بە سوننەکان هەڵچنێ و لە سەر دوارۆژی دەسەلاتە سوننەکان ببێتە مەترسی گەورە.

تورکەکان دەزانن چۆن ئێران لە ئاکامی گەمەکە بترسێنن. ئەوان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکەن، کە درێژبوونەوەی سیاسەتی ئێران لە ناوچە و پەرەپێدانی فیرقەگەرایی رەنگە عێراق و سووریە لێکهەڵتەکێنێ و دابەش ببن. سەرکۆمار و وەزیری دەرەوەی تورکیە لەو ماوەیەدا بە شێوازی جیاواز و توند لە سەر سیاسەتەکانی ئێران لەناوچەکەدا دواون. پەیامی ئەوان بۆ ئێران ئەوەیە، کە لەگەمەکەدا تەنیا تورکیە و سوننەکان نایدۆڕێنن، بەڵکو ئەوە ئێران و دوارۆژی ئەو ولاتەیە، کە لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەر هەڕەشە. تورکیە لە گەڵ باشووری کوردستاندا رێککەوتننامەی درێژخایەنی نەوتی هەیە و لە گەڵ یەکێک لە زۆنەکانی باشوور گرێدراوە. شایانی باسە، کە ئێرانیش لەو بەستێنەدا دوانەکەوتوە و یەکێک لە زۆنەکانی باشووری کوردستانی بێخەم دانەنیشتوە.

تورکەکان لەو ڕۆژانەی رابردوودا بە هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستان و عێراق لە فڕۆکەخانەی ئیستانبوڵ ویستیان بە یەک تیر لەسێ نیشان بدەن. تورکیە بەو سیاسەتە، لەهەنگاوی یەکەمدا ئێرانی لە دوارۆژی مەترسیداری سیاسەتەکانی لەناوچە و بەتایبەت لە پانتایی هێڵی کۆنی عوسمانی ئاگادار دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، وێنەیەکی کۆنی ڕووداوەکان بیر ئێران دەخاتەوە، کە لە مێژوو پەند وەربگرێ. لەلایەکی دیکە، پرسی ڕەوانەکردنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگای هێڵی تایبەت بۆ ئێران بە زەنگی مەترسی بۆ سەر سیاسەتی وزەی خۆی دەزانێ، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا خێرێکی بەرچاوی لێکردوە. بەرپرسانی تورک بە هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدارانی بەغدا لەو سیاسەتە ئاگادار دەکەنەوە. ئەوان بە زمانی کردەوە بە بەغدا دەڵێن، کە مامەڵە بە نەوتی کەرکوک و هەروەها لێدان لە بەرژەوەندی تورکەکان کاریکی مەترسیدارە. بەرپرسانی تورکیە بە گرینگیدانی رواڵەتی بە پرسی کوردانی باشوور و هەڵدانی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە پەنا ئاڵای عێراق، دەخوازێ بارودۆخی نالەباری کوردەکانی باکوور لەبیر بەرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، بەرپرسانی تورکیە ئاگادارن، کە سیاسەتی تاکتیکیی و رواڵەتی کوردەکان بە ئاسانی دەبزوێنێ و ڕاگرتنی پێوەندی لە گەڵ پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ڕەنگە بۆ پرسی نێوخۆی باکووری کوردستان و بە تایبەت لە سەروبەندی قەیران و دەنگداندا خێردار بێ. ئێرانیش لە سەردەمی شا و ئاخوندەکاندا تێکۆشاوە لە پرسی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ و سۆزی بەشێک لە کوردی پارچەکانی دیکەی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

ئێران و تورکیە، لە دوای سەرهەڵدانی راپەڕینی سووریە و شەڕی دەستە و تاقمی جۆراوجۆر لەو وڵاتە بە شێوەیەکی رووت و ئاشکرا کەوتوونە بەرەی بەرامبەری یەکتر. ئەوان بە ناوی شەڕی تیرۆریزم لە ناوچەدا بای باڵی خۆیان دەدەن و گۆیا دژی داعش شەڕ دەکەن. ئەگەرچی بەرپرسانی تاران لە دوای سەرنەگرتنی پلانی کودێتا لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورک پێوەندییەکانیان دمەزەرد کردەوە، بەڵام جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان ئەوەندە زۆرە کە بە ئاسانی پڕ نابێتەوە. ئەوان لەسەر زۆر رووداو و داهاتووی ناوچە هاوڕا نین. بۆ وێنە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا پرسی ڕێکخراوی حەماس، لە دەستی ئێران و سووریە دەرچوو و بەناچاری کەوتوەتە بندەستی تورکیە و وڵاتانی بەرەی سوننە. ئێران و سووریە بەرۆیشتنی حەماس لەسووریە پێوەندییەکانیان لەگەڵ فەلەستینیەکان وەک جاران نەماوە و سیاسەتی ئێران بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتی فەلەستینییەکان زیاتر لە جاران کاڵ بوەتەوە. تورکیە تێکۆشاوە بۆشایی ئێران لە پرسی فەلەستیندا پڕ بکاتەوە و چەند جارێک میوانداری لە سەرۆکی حەماس کردوە.

تورکیە و ئێران، لە مێژووی مۆدێرنی خۆیاندا بە لۆژیکی بازرگانی، ئابووری، سیاسەت و جیرانەتی لە گەڵ یەکتر جوڵاونەتەوە. دوو دەوڵەت رەچاوی پێگە و جێگەی خۆیان کردوە، بەڵام لە ژێر کارتێکەری زۆر فاکتەردا هێڵە گشتیەکانی سیاسەتکردنیان لە یەکتر جیاواز بوە. ئێران دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە رێبازی رەزا و حەمە ڕەزاشا لایدا و رێبازێکی تازەی داتاشی، کە لەسەر ئایدۆلۆژی شیعەی دوازدە ئیمامی هەڵچنرا. ئاخوندەکان ویستیان ئێران لە سەر هێڵی رۆژئاوا لادەن و بە شێوازێک ئیدارەی بکەن، کە خۆیان بە گونجاویان دەزانی. تورکیە لە هەموو قۆناغەکاندا تێکۆشاوە لە گەڵ رۆژئاوادا هاوهەنگاو و تەنانەت خەونی بە ئەندامەتی لە یەکیتی ئورووپاوە دەبینی. جۆغرافیای سیاسی تورکیە و ئەندامەتی ئەو وڵاتە لە ناتۆدا بۆ رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا جێگەی سەرنج و بایەخ بووە.

تورکیە لەپاش سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان و بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەقی سیاسەتی وڵاتەکەی لەبیر نەکردوە و لە هەموو بەرەکاندا بە دوای قازانجە ئابووریی و سیاسییەکاندا وێڵ و سەرگەردان بووە. بەرپرسانی تورکیە، لە پێناوی دەستەبەرکردنی پێگەی گەورەتر لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەتی جۆراوجۆریان رەچاوکردوە و لە سیاسەتی دەرەوەدا لە گواستنەوەی بەرەکان نەپرینگاونەوە (بۆ وێنە، ئیسرائیل، وڵاتانی سوننە بە سەرکردایەتی عەرەبستانی سعوودی، ئەمریکا، یەکێتی ئورووپا، رووسیە و ئێران) . ئێران لەو نێوەدا دەستەوەستان رانەوەستاوە و تێکۆشاوە لە دەرەوەی سنوورەکان قەیران و دەرفەتەکان بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ. لە عێراق، سووریە، لوبنان، بەحرەین، یەمەن و عەرەبستانی سعودی و تەنانەت باشووری کوردستاندا دنەی بزووتنەوەی شیعە مەزهەبەکانی داوە و لە پێناوی نائارامکردنی وڵاتە سوننەکاندا کەڵکی لێوەرگرتوون. جووڵەی دیپلۆماسی ئێران وەک تورکیە کراوە نەبوە و زیاتر لە سەر خوڵقاندنی قەیران رۆنراوە. ئەو وڵاتە لە گەڵ وڵاتانی نەیار و دژبەری ئەمریکا و رۆژئاوا ویستویەتی پێوەندی دامبەزرێنێ و زیاتر لە گەڵ رووسیەدا هەڵوێست و رێبازی هاوشێوەی رەچاوکردوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران بە نۆبەی خۆیان تورکیە بە هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی کولتوور و میراتی عوسمانییەکان تۆمەتبار دەکەن. ئێران و تورکیە لە سیاسەت و رێبازی یەکتر شارەزان و ئاگاداری کۆدە دیپلۆماسییەکانی یەکترن. نەخشەی بەرژەوەندییەکانی ناوچە و هێڵەکان ئاشکران و بە کردەوە دەبینرێ، کە دەوڵەتەکان، لایەنە سیاسی، ئایینی و تەنانەت بیروڕای گشتی لە نێوان دوو بەرەی ئێرانیی و تورکییەدا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەشکراون.

تەوژمی هیلالی شیعە و سێگۆشەی سوننە و سێبەری بەرژەوەندیی زلهێزەکان بە ڕێژەیەکە، کەلایەن و پارتە نە بەستراوە و سەربەخۆکان بە ئاسانی پەراوێز دەخەن. بە واتایەکی دیکە، بەرژەوەندییەکان بە جۆرێک داڕێژراون، کە ئەکتەرە سیاسییە گەورەکان خاوەن ڕۆڵ و نەخشەداڕێژەری سیاسەت و پلانە گەورەکانن و چووکەکان دەتوانن تەنیا سیاسەتی پاشکۆیەتی ڕەچاو بکەن.

دەربڕینە سەرەتاییەکانی دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران تێڕوانینی تورکیە و وڵاتە سوننەکانی ناوچەی بەرامبەر بە ئێران گۆڕیوە. بە واتایەکی دیکە، تورکیە، وڵاتە عەرەبە سوننەکانی ناوچە و تەنانەت ئیسرائیل بە روانگەی ترامپ لەسەر ئێران دڵخۆشن. دروشم و هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ئێران پارسەنگی هێز لە ناوچە دەگۆڕێ و لەبواری سایکۆلۆژی بەرەی تورکیە و وڵاتانی سوننە بەهێزتر دەکا. ئەوان لە سیاسەتەکانی ئۆباما بەرامبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت ئێران دڵگران بوون. بەرەی سوننە و تورکیە لە ماوەی شەڕی عێراق و دواتر سووریەدا تێگەیشتن، کە ئێران و هیلالی شیعی خەریکە لە هێڵە سوورە کۆنەکانی عوسمانی نیزیک دەبێتەوە. تۆمەتبارکردنی ئێران بە پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم و هەروەها پەرەپێدانی فیرقەگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خاوکردنەوەی سیاسەتی ئێران لە ناوچەیە.

پێوەندییەکانی تورکیە و ئێران لە سەر بناغەی ڕووداوەکانی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو ڕەنگە بەئاسانی نەگاتە شەڕی ڕاستەوخۆ. ئەوان وەک دوو دەوڵەتی جیاواز خاوەنی پێگە، کولتوور، دەسەڵات و بەرژەوەندیی جیاوازن. پێوەندییەکانیان چەند لایەنەن و کێشە نێوخۆییەکانی دوو وڵات و پرسی دوارۆژی عێراق و سووریە دەتوانن زیاتر لە هەموو فاکتەرێک ئەو دوو دەوڵەتە لە یەکتر تیژ بکەن. فاکتەرێک، کە لەرابردوودا زۆر جار سوڵتانی عوسمانیی و پاشاکانی ئێرانی بەگژ یەکتردا کردوە. برینی پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە هیچ کاتێک ئەوەندە چڵکیان نەکردوە، کە بەدیالۆگ و ڕێگای دیپلۆماسی چارەسەریان نەکردبێ. هەڕەشەکردن لە یەکتر و تۆمەتبارکردنی یەکتر لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی عێراق، سووریە و ناوچەدا باسێکی تێپەڕە و بەرپرسانی تورکیە و ئێران لە ترسی لە گرێژنەدەرنەچوونی بارودۆخەکە چنگ و ددان بە یەکتر نیشان دەدەن.

پاشماوەی عوسمانیی و ئێرانییەکان لە تاران و ئانکارا لە تاو ژانی ئاڵوگۆڕەکان و زیاتر چڕبوونەوەی شەڕی بەناو بەرەی شیعە و سوننە کەوتوونەتە داوی شەڕی دیپلۆماسیی و پشتگیری کردن لە لایەن و گرووپی جیاواز.

ئەوان لە سەر مانەوەی عێراق و سوریە هاوڕان، بەڵام شک و گومانیان لە هەوڵ و تەقەللای یەکتر گەیشتۆتە لووتکە. شەڕی حەڵەب، وموسڵ و چارەنووسی باشووری کوردستان، نەوتی کەرکوک و داهاتووی سیستمی سیاسی عێراق و سووریە، دوور نیە ئەوان پەلکێشی زۆرانبازی‌یەکی تازە بکات. لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا هیچ کات دوو وڵات بە رێژەی ئەمڕۆ لە ترسی زیادبوونی هێژمۆنی یەکتر لە نیزیک سنوورەکانی خۆیان ترسیان رێنەنیشتوە. هێزەکانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا کەمتر لە نێو سنووره کۆنەکانی عوسمانی و لە سنووری تورکیەی ئەمڕۆدا بەو تەوژمەی ئێستا بینراون. ئەو پرسە خەریکە زاری برینە کۆنەکانی نێوان دوو وڵات دەکاتەوە و ناچاریان دەکات، قامک لە سەر مەترسییەکان دابنێن و یەکتر لە دوارۆژی سیاسەتەکانیان ئاگادار بکەنەوە. بەرگرتن بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی شیعەکان لەژێر ریبەرایەتی ئێراندا و دوور خستنەوەی دەستی ئێران لەکاروباری نێوخۆیی وڵاتانی سوننە و دەرپەڕاندنی ئەو وڵاتە لە عێراق و سووریە بۆ بەشێک لە وڵاتانی ناوچە وەک تورکیە، عەرەبستانی سعودیی و باقی وڵاتانی سوننە و تەنانەت ئیسرائیل بوەتە پێویستی‌یەکی گرینگ. دەربڕین و روانگەی تورکیە، عەرەبە سوننەکان لەسەر ئێران و سیاسەتەکانی رێژیمی تاران لەکۆنفرانسی ئاسایشی مۆنیخ دەیسەلمینێ، کە ئێران زیاتر لە رابردوو پێی لە بەڕەی خۆی راکێشاوە. سیاسەتەکانی ئێران لە بن لووتی تورکیە و رمبازێن لە نێو دەوڵەتە عەرەبەکاندا بە ئاسانی تێپەڕ نابێ و لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە و وڵاتانی دیکە کاریگەر دەبێ. دەوڵەتەکان لە سەر مانەوەی نەخشەی ناوچە سازاون و کێشەی ئەمڕۆیان بۆ ئەوەیە، کە لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی تازە لە رووخان و لەبەر یەکهەڵوەشان دوور بن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

# پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئورووپا و تورکیە

ناڕەزایەتیی و تووڕەبوونێکی زۆر لە وڵاتانی رۆژئاوایی دا دەبیندری، کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان خوازیارن بارگاوی بکەن و لە پێناوی سەرکەوتنی خۆیاندا بەکاری بێنن. دوارۆژ پڕە لە گومان و لە ژێر ناوی هەڵبژاردن و دێموکراسیدا خەریکە تەوژمێکی خۆسەپێن باڵا دەکا و رەگ دادەکوتێ. لە رۆژئاوا پۆپۆلیست و راستگەراکان دەبووژێنەوە و لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایش، دژایەتی ئیسلام و کۆچبەران، سۆزی بەشێک لە خەڵکیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە. ئەوان لەوە زیاتر پێیان لە بەرەی خۆیان راکێشاوە و باس لە چوونەدەری وڵاتەکانیان لە یەکێتی ئورووپا دەکەن. هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ئورووپایی و هەروەها ئەنجامدانی رێفراندۆم لە سەر سیستمی سیاسی وڵات لە تورکیە دەرخەر و سەلمێنەری ئەو بارودۆخەن. باڵ و تاقمە رادیکاڵ و دەسەڵاتخوازەکان لە تورکیە و رۆژئاوا بارودۆخەکە بە لەبار دەزانن و تێدەکۆشن خەڵکێکی زیاتر بە گژیەکتردا بکەن.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کەمتر بینراوە، کە کاربەدەست و سیاسەتکارەکانی ژمارەیەک وڵاتی ئورووپایی و تورکیە بەوجۆرە توند و رەقە لە گەڵ یەکتر بدوێن. رەنگە ئەو هەنگامەیە بەشێکی بۆ گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردنەکانی تورکیە ودەوڵەتە ئورووپاییەکان قازانجی هەبێ، بەڵام سروشتی پێوەندی ئورووپاییەکان و تورکیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. بەشێک لە دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی تورکیە خوازیارن سیستمی سەرۆکایەتی بە یاسایی بکەن و بۆ ئەو مەبەستە لە دەرەوەی سنوورەکان و لە جەرگەی ئورووپادا بۆ راکێشانی دەنگی تورکەکانی ئەو وڵاتانە پڕوپاگەندە دەکەن. سیاسەتکار و پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا و بە تایبەت بەرەی راست لەو کارەی کاربەدەستانی تورک تووڕەن و لە بەشێک لە وڵاتان بەربەستیان بۆ نوێنەر و کاربەدەستانی تورک دروست کردوە. بوونی چەند ملیون تورک لە رۆژئاوا و بەکارهێنانیان لە پرسە نێوخۆییەکانی تورکیە بوەتە باسێکی سیاسی و رەنگە لە دوارۆژدا ئەو پرسە زیاتر تەتەڵە بکرێ.

تورکیە وەک وڵاتێکی دیار و پاشماوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانییەکان بۆ رۆژئاواییەکان و بە تایبەت یەکێتی ئورووپا پڕە لە خاڵی ئەرێنی و نەرێنی. مێژوو لەو پێوەندییەدا حوکمی خۆی داوە و لە بەشی ناوشیاری مێشکی دیپلۆماسی، سیاسەت و کولتوریی هەموو لایەنەکاندا ئەو فاکتانە ئامادە و راوەستاون. چیرۆکی رووداوەکانی چەند سەدەی

رابردوو لێرە و لەوێ دەگەشێنەوە و هەستی سیاسەتکار و پارتە رادیکاڵەکان ختۆکە دەدەن. ئابلۆقەدرانی شاری ڤییەن، لە لایەن عوسمانییەکان ٥ سەدە لەمەوبەر لە بیروزەینی رادیکاڵە ئایینیی و سیاسییەکانی ئورووپا نەچووەتەوە. دژایەتیکردنی ئیسلام و موسڵمانە رادیکاڵەکان لەهەناوی کردە و دژکردەوەی بەشێکی زۆر لە سیاسەتکار و ئایدۆلۆژیستە کولتورییە رۆژئاواییەکاندا پەنگی خواردووەتەوە. بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی لە هولەند، ئاڵمان و ئۆستریا (نەمسا یان ئوتریش) و هتد، بەرامبەر بە سیاسەتی کاربەدەستانی ئەمرۆی تورکیە، بەشێک لەو چیرۆکە دوور و درێژەی پێوەندی نێوان عوسمانیی و رۆژئاواییەکان لە ماوەی چەند سەدەی رابردوو دەخاتەڕوو. ئەمڕۆ لە رۆژئاوا کۆچبەران و بە تایبەت کۆچبەرە موسڵمانەکان و دوارۆژی ئاسایشی رۆژئاواییەکان کراوەتە کەرەستەی سیاسەت و دەنگ وەرگرتن و ئەوان لە خەراپیی دۆخە ئابوریەکەشدا تۆمەتبار دەکرێن.

تورکەکان و تورکیە وەک پاشماوەی عوسمانی لە بیریانە، کە چەندە و چۆن لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کەوتنە بەر دەستی زلهێزە رۆژئاواییەکان و بە نەخشەی پێشوەخت و سیاسەتی رۆژئاواییەکان خاکەکەیان دابەشکرا. بە واتایەکی دیکە، بیرەوەریە تاڵ و ناخۆشەکانی دوێنێ لە بیروزەینی رۆژئاوایی و تورکەکان و بەشێکی دیکە لە گەلانی دوو کەرتی ئاسیا و ئورووپادا هێشتا پێگە و جێگەی خۆیان هەیە. ئاشکرایە، کە دامەزرێنەر و زۆربەی سیاسەتکارانی تورکیە تێکۆشاون وڵاتەکەیان لە رۆژئاوا نیزیک کەنەوە و هاوشێوەی رۆژئاوا رەنگ و روخساریان دەرخەن. بڕیار و سیاسەتەکانی کەماڵ ئاتاتورک لە گۆڕینی شێوازی نووسینی زمانی عوسمانی بۆ ئەلفوبێی لاتین و هەروەها قەدەغەکردنی پۆشاکی ئیسلامی دەیسەلمێنن، کە سیاسەتکارو دەسەڵاتدارە تورکەکان بۆ پڕاکتیزەکردنی پرۆژەی خۆبەڕۆژئاوایی کردن چەندە کارا و هەڵسووڕ بوون. بناخەدانەر و دامەزرێنەرانی تورکیە بۆ تێپەڕاندنی پاشکەوتوویی و هەروەها بڕینی پلەکانی پێشکەوتن گرتنەبەری رێچکەی رۆژئاوایان بە دەرمان و چارەسەر زانیوە. شایانی باسە، ئاڵوگۆڕەکان و رەوتی چوون بەرەو فۆرمی رۆژئاوایی بە نیوەچڵی دەستیان پێکرد. رێفۆرم و ئاڵوگۆڕەکان هەمەلایەنە و گرێدراوی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا نەبوون. ئەوان لە پڕاکتیزەکردنی گەڵاڵە و پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە خوازیاربوون سیاسەتی گوڵبژێر لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی رێفۆرم و گەشەکردندا بەکاربێنن. تورکەکان لە دەستەبەرکردنی متمانەی رۆژئاواییەکان و تەنانەت هاووڵاتیانی نێوخۆدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەوان تێکۆشاون لە رواڵەت و رووکاردا لاسای رۆژئاواییەکان بکەنەوە و بەکردەوە و لە سیاسەتی رۆژانەدا خۆیان لە کرۆکی ئاڵوگۆڕەکان بپارێزن. دارێژەرانی سیاسەت لە تورکیە خۆیان لە پرسە

سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت ئازادیی و مافی مرۆڤ دزیوەتەوە و ویستوویانە خۆیان و ڕۆژئاواییەکان بە جوانکردنی سەرخان و رووکار سەرقاڵ بکەن.

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەت بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی ئورووپا نەیانشاردووەتەوە، کە تورکیە لە بواری کولتور، مێژوو، ژینگە و بایەخەکانەوە لە گەڵ ڕۆژئاواییەکان یەکانگیر نییە. بەشێک لە گومانی ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر بە پرۆسەی بەڕۆژئاوایی کردنی تورکیە لە تێڕوانین و دەربڕینی گۆڤار و نووسینەکانی دەیەی ١٩٢٠دا دەردەکەوێ، کە باس لە نامۆبوونی کولتوری ئەو مەڵبەندە لە گەڵ ڕۆژئاوا دەکەن. لە دەیەکانی دواتردا بە روونی باس لەوە کراوە، کە دێموکراسی و ئیسلام لە گەڵ یەکتردا ناتەبان و ئەو کۆسپە گەورەیە بە ئاسانی لە سەر ڕێگای خۆبەڕۆژئاوایی کردندا لاناچێ. ڕۆژئاواییەکان لە بەرەی سیاسەت و کولتوردا ڕەخنەیان لە پاشخانی بیروبۆچوون و شێوازی سیاسەت و دەربڕینی خەڵک لە تورکیە گرتوە. ئەوان لە سەر بناخەی فاکتە مێژووییەکان رایانگەیاندوە، کە پراکتیزەکردنی پرۆژەی بە ڕۆژئاوایی بوون بۆ تورکیە کارێکی ئەستەمە. لە بیرۆکە و دەربڕینی راستەقینەی خەڵک و بەشێک لە چاوەدێر و شارەزایان دەردەکەوێ، کە تورکیە و ڕۆژئاوا لە یەک چوارچێوەدا ناحەوێنەوە و ئەستەمە جیاوازییەکانیان تێپەڕێنن.

تورکیە لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆ. لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڵ کۆمەڵەی ئابووری ئورووپادا ڕێککەوتننامەی لێک تێگەیشتنیان مۆر کرد و ساڵی دواتر کەوتە بواری جێبەجێکردن. لە ساڵی ١٩٨٧ داوای ئەندامەتی لە یەکیتی ئابووری ئورووپا کرد، کە ساڵی ١٩٩٠ لە سەر جیاوازی بناخەی ئابووریی و سیاسی ڕەتکرایەوە. تورکیە، لە قۆناغی شەڕی سارددا پێگەی باشتری لە جەرگەی ڕۆژئاوا و بە تایبەت لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەستەبەر کرد. ئەو نیزیکایەتییە پانتایی سیاسەت و کولتوری نەدەگرتەوە و تورکەکان و ڕۆژئاواییەکان پێکەوە وەک یاسایەکی نەنووسراو ڕەچاوی دۆخەکەیان دەکرد. لە کۆتایی شەڕی سارددا، تورکیە بە ئەندامی ڕێکخراوی ئابووری هاوبەشی ئورووپا وەرنەگیرا و ئەو بڕیارەی ئورووپاییەکان شوێنەواری نەرێنی لە سەر بەڕێوەبەران و سیاسییەکانی تورکیە بەجێهێشت. دوای ئەو ڕەوتە، یەکێتی ئورووپا و تورکیە قۆناغێکی دیکەیان لە کارکردن بۆ گەیشتن بە یەکتر دەست پێکرد. لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئورووپا لە شاری هێلسینکی (١٩٩٩) تورکیە وەک بەربژێری ئەندامەتی یەکێتی ئورووپا وەرگیرا. دیالۆگ و وتووێژی ئەندامەتی نێوان دوو لایەن لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دەستی پێکرد. ئەگەرچی ئەو کات یەکێتی

ئورووپا لە لوتکەی گەشەکردن و پەلهاویشتندا بوو، بەڵام زۆربەی شارەزایان بە گومانەوە لە پرسی ئەندامەتی تورکیە لە یەکێتی ئورووپایان دەڕوانی. بەشێک لە چاوەدێران نەکەوتنە ژێر کارتێکەری کفوکوڵی کورتماوە و رووداوە مێژووییەکانیان لە بیر نەکرد و باسیان لەوە کرد، کە قۆناخیکی ٢٠ ساڵە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پرسە پێویستە. درێژەکێشانی ئەو پرۆسەیە تورکەکانی ماندوو کرد و روانگەی بەشێک لە شارەزایانی لە مەڕ دژواربوونی ئەو پرۆسەیە سەلماند.

ماوەی چەند ساڵێکە، جیهان شایەتی ئاڵوگۆڕ و ژانی شکلگرتنی سیستمێکی تازەیە، بەڵام بە ئاسانی جێناکەوێ. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لە ئەمریکا و ئورووپادا قەیرانی جیاواز قوت دەبنەوە. بە گوێرەی لێکدانەوە پەرتەوازەکان دۆخەکە خەریکە گرژ دەبێ و شەپۆلێکی تازە لە گەڕانەوە بەرەو ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم خەریکە وڵاتانی تەنانەت دیموکراتیک دەتەنێتەوە. ئەو تەوژمە تازە، دژی کراوەیی سنوورەکان، گەشەکردنی زیاتری یەکێتی ئورووپا و هاتنی کۆچبەرانە. لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە باس لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی و سنوورەکانیان دەکەن و پڕن لە گومان و ترس بەرامبەر بە دواڕۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان. یەکێتی ئورووپا کە رۆژانێک بە لوتکەی گیانی هاوکاریی نێوان ئەندامەکانی دەژمێردرا و لە ئاستی جیهاندا بە رێکخراوێکی کاریگەر دەناسرا، لە گەڵ زۆر ئاستەنگ و کێشە رووبەڕوو بوەتەوە. کێشەکان جیاوازن و لایەنە ئەرێنیەکانی ئەو رێکخراوە گرینگەیان خستۆتە ژێر سێبەری خۆیان و بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە چاوی گومانەوە دەڕواننە دوارۆژی یەکێتی ئورووپا.

لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی تورکیە و یەکێتی ئورووپا زیاتر لە جاران ئاڵۆز بوون و رق و کینەی پەنگخواردووی سیاسیی و ئایدۆلۆژیستەکانی دوو لایەن زیاتر خۆیان دەردەخەن. پێوەندییە دوو لایەنەکانی نێوان یەکێتی ئورووپا و تورکیە پاشخانێکی نەرێنی و بەستێنێکی رەق و دژواری هەیە. ئەوان لە سیاسەتی خۆیاندا هێشتا وازیان لە رەمز و سەمبولەکانیان نەهێناوە و بە تەواوەتی لە رابردوو دانەبڕاون. هێشتا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە رۆژئاوا دەورووژێندرێ و هەرجارە و لە وڵاتێک ئەو بابەتە سەر لە ناوەند و دەزگایەکی ئیداریی یان سیاسی دەردێنێ. تورکەکان ئامادە نین دان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا بنێن و بە هەموو توانایانەوە تێکۆشاون خۆیان لەو پرسە مێژووییانە بدزنەوە و رووداوەکان بە جۆرێکی دیکە پێشان بدەن. لەسەر پرسی کورد و چارەسەرکردنی ئەو هاوکێشە کۆنە و باشترکردنی دۆخی کوردەکان جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان تورکەکان و رۆژئاواییەکان زۆرە.

ئەردۆغان و پارتەکەی لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە نێوخۆییەکانی وڵات سوودیان وەرگرتوە و بە تاکتیک و سیاسەتی جیاواز ئەوانیان لە یەکتر دوور راگرتوە. توندترکردنی کایەی سیاسەت و راگەیاندن لە نێوخۆی وڵات، قوڵترکردنی قەیرانی کوردان، داخستنی ناوەند و دەزگای راگەیاندنی ئازاد و گرتن و دەرپەڕاندنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی تورک دوای کودەتای ساڵی رابردوو، چاوەکانی لە سەر ئەردۆغان و هاوڕێکانی تیژ کردوە. زۆر لایەن و دەوڵەت لە کاڵبوونەوەی پێگەی دیموکیاسی لە تورکیەدا و هەروەها گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی تاکە کەس نیگەرانن و شەڕی ئاکەپە و سەرکۆمار بۆ پڕاکتیزەکردنی خەونەکانیان بە وروژێنەر پێناسە دەکەن.

لە ساڵانی رابردوودا نەوەیەک لە رۆژاوادا ئیدارەی کاروبارەکانی دەکرد، کە بە رێژەیەک خوازیاری پێشاندانی نیەت چاکی بەرامبەر بە تورکیە بوون. ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە و ئەو دەنگانە لە ئورووپا کەمن و روخسارە نەرێنیەکە زیاتر لە جاران باڵی بە سەر پێوەندییەکاندا کێشاوە. لە روانگەی سیاسەتکارە ئورووپاییەکان قەوارەی دەوڵەت، کولتوری ئیدارەی کۆمەڵگا و سیاسەت و هەروەها مافی مرۆڤ و بایەخە مرۆییەکان لە تورکیەدا ناکەونە چوارچێوەی نۆڕمە رۆژئاواییەکان و بەو شێوەیە بە کەڵکی ئەندامەتی یەکێتیەکەیان نایەت. رۆژئاواییەکان وەک دەوڵەتێکی خاوەن پێگە لەتورکیە دەڕوانن، کە دەتوانن لە بواری جیاوازدا درێژە بە هاوکارییەکانیان بدەن، بەڵام ئۆگریان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نییە. تورکیە خاوەنی بازاڕێکی گەورەی فرۆشی کاڵا، پێگەی جۆغرافیایی پڕ بایەخ و هەروەها سەنعەتی توریزمە، بەڵام ئابووریەکەی لە نەبوونی ئاسایش و سیاسەتی هاوسەنگ لە گەڵ رۆژئاوا و دەوروبەردا، زەبری گەورەی بەردەکەوێ.

لەو ماوەیەدا سیاسەتکارە تورک و رۆژئاواییەکان لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی و راگەیاندندا بە توندی بەرەنگاری یەکتر بوونەتەوە. رۆژئاواییەکان تێکۆشاون ئارامتر بن و وەک کاربەدەستانی تورک هەناسەسوار نەبن و خۆیان لە دژکردەوەی خێرا پاراستوە. دەسەڵاتدارانی ئانکارا چەند جارێک رایانگەیاندوە، کەلەوە زیاتر سووکایەتی رۆژئاواییەکان قبوڵ ناکەن و رێککەوتننامەی مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٦ی زایینی لە گەڵ ئورووپاییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. بە گوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە، تورکیە رێگا لە رۆیشتنی بەربڵاوی کۆچبەران بۆ یۆنان دەگرێ و دیپۆرتکراوەکانی یۆنان رادەگرێتەوە. ئەو وڵاتە لە بەرامبەردا یارمەتی ماڵی بۆ کۆچبەرە سورییەکان وەردەگرێ و دەوڵەتە پەنابەر وەرگرەکان تێدەکۆشن راستەوخۆ لە کەمپەکانی نێوخۆی تورکیە کۆچبەرە سورییەکان وەرگرن و رایانگوازن. بەرپرسانی ئورووپایی هەروەها لەو رێککەوتننامەیەدا بەڵێنیان داوە، کە گەشە بە پرسی ئەندامەتی

تورکیە لە یەکێتی ئورووپادا بدەن و بابەتی هاتووچۆی هاوولاتیانی تورک بۆ ئورووپا چارەسەر بکەن. کاربەدەستانی تورک لە هەستیاری پرسی کۆچبەران تێدەگەن و دەزانن کە وەک پرسێکی جیهانی بە ئاسانی دەتوانن رۆژئاواییەکان بهەژێنن. لە ئاکامی ئەو رێککەوتنەدا، لە رێژەی کۆچبەرە سوریی و عێراقیەکان بۆ ئورووپا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوەتەوە.

بە باوەڕی دەسەڵاتدارانی ئانکارا، رۆژئاواییەکان لە پرسی ئەندامەتی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئورووپا راستگۆ نەبوون و دووڕوو دەرکەوتوون. ئەوان داوا دەکەن، کەلانی کەم هاولاتیانی تورکیە بتوانن لە سنووری دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو ریکخراوەدا ئازادانە هاتووچۆ بکەن و پێویستیان بە وەرگرتنی ویزای سەفەر نەبێ. بە گوێرەی دەربڕین و لێدوانی بەرپرسانی تورکیە، خاڵەکانی رێککەوتننامەکە لە لایەن رۆژئاواییەکانەوە جێبەجێ نەکراون و بۆیە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن. شایانی باسە، کە دوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ ی زایینی، تورکیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەفەسەرە تورکە هەڵاتووەکان لە یۆنان هەڕەشەی پاشگەزبوونەوە لەو گرێبەستەی کرد. تورکەکان بەو دۆخە تووڕەن و لەنێوان دوو بەرداشدا ماونەتەوە، چونکە هەڵوێستی بەشێک لە دەوڵەتە ئورووپاییەکان بۆ ئەوان شکێنەرە. کاتێک وەزیرەکانیان لە هولەند، ئاڵمان و ئۆستریا ناتوانن بۆ پرسە نێوخۆییەکانیان لە گەڵ هاولاتیانی خۆیان کۆبوونەوە پێکبێنن، بە زمانی کردار تێدەگەن کە ویستی مەزنخوازی ئەردۆغان و پارتەکەی بە ئاسانی لێرە و لەوێ قووت نادرێ. ئەوان لە دژکردەوەدا ئورووپاییەکان بە ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆر بانگ دەکەن و هەروەها ئاڵمان بە پشتگیری کردن لە تیرۆریزم تۆمەتبار دەکەن.

بۆ رۆژئاواییەکان دژوارە، کە کاربەدەستە تورکەکان بە مەبەستی بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی سەرکۆمار و گۆڕینی سیستم بۆ سەرۆکایەتی لە شەقام و شارەکانی ئورووپادا تەراتێن بکەن. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لەو سیاسەتەی تورکیە تووڕەن و دڵگرانی خۆیان لەئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەی تورکیە نەشاردوەتەوە. لە سەر بابەتی کردنەوەی سنوورەکان بۆ هاتنی کۆچبەری زیاتر بۆ ئورووپا، کەم و زۆر هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ لە تورکیە کراوە.

کاربەدەستانی تورک دەزانن، کە لەو کێبەرکێیەدا ناتوانن بەسەر رۆژئاواییەکاندا سەرکەون و تێدەکۆشن خۆیان تێکەڵ بە شەڕی راگەیاندنی رۆژئاواییەکان نەکەن. گێراڵد کناوس کە یەکەمین پلانی راگرتنی شەپۆلی کۆچبەران لە رێگای تورکیە و یۆنانی داڕشتوە، لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە تورکەکان سوودی زۆر لە رێککەوتننامەکە دەبینن و

هەڕەشەکانیان تەنیا تاکتیکین. تورکەکان لە ماوەی سەدەیەکدا بە دۆست و نەیارانی خۆیان سەلماندوە، کە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا و پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەیاندا هێندێک هێڵی سووریان هەیە، بەڵام چاویان لە سەر بارودۆخەکە کراوەیە و دەزانن لە جۆلانەی سیاسەت و دیپلۆماسیدا پاش و پێش بکەن.

تاقیکارییەکانی نێوان تورکیە و یەکێتی ئورووپا دەخوازێ، کە لەوە زیاتر هەست و تێڕوانینیان بە زمانی شاراوە دەرنەبڕن. ئەوان ئێستا پاش زیاتر لە نیوسەدە هاوکاریی و کاری هاوبەش لاقیان لە سەر زەوییە و دەزانن، کە وتە و بەڵێنەکان لەوە زیاتر بڕناکەن. سیاسەتی پراگماتیسم لەو گۆڕەپانەدا دەریخستوە، کە نە ڕۆژئاواییەکان باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە تورکیە هەیە و نە تورکەکان لەوە زیاتر حەز بە درێژەدان بە سیاسەتی خۆهەڵواسین بە پرۆژەی بەڕۆژئاوایی بوون دەکەن. ئێستا و لە داهاتوودا دوو لایەن تێدەکۆشن لە سەر بناخەی تێگەیشتنی خۆیان لە گەڵ یەکتردا هاوکاری بکەن و پرسی ئەندامەتی تورکیە بە کردەوە بە دواڕۆژێکی ناڕوون بسپێرن. تورکەکان لەو چاوەڕوانییە دوور و درێژە ماندوو و شەکەت بوون و بە کردەوە دەبینن، کە یەکێتی ئورووپا لەو رۆژە دژوارانەی تەمەنیدا هێشتا ئامادە نییە پرسی ئەو وڵاتە یەکلا بکاتەوە. ئەوە سرووشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، کە دەوڵەتەکان ناچارن بەرێژەیەک دەرگاکان بخەنە سەرپشت و بە شێوازێک بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. تورەبوونە سیاسییەکان خاو دەبنەوە و تورک و رۆژئاواییەکان لە سەر پرسەکانی نێوانیان ناچارن رێککەون، بەڵام جیاوازییەکانی نێوانیان و روانگەکانیان لەسەر یەکتر بە ئاسانی ناگۆڕێن. سروشتی سیاسەت لە وڵاتان بە ئاسانی ناگۆڕێ و دروشم و پلانەکان ناتوانن بە تەنیا ببنە مایەی ئاڵوگۆڕ.

بەرژەوەندییەکان لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕەکاندا دەگۆڕێن و دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری کارای سیاسەت و ئیدارە لە کۆنەوە ئاشنای یاسای گەمەکانن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

## وتوێژێک لە مەڕ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە فینلەندا

خوێنەری بەڕێز، ٩ی مانگی چواری ساڵی ٢٠١٧ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە فینلەند بەڕێوەچوو. ژمارەیەک لە کوردان لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا پاڵێوراو و بەربژێر بوون. عەباس شوان لەو پێوەندییەدا دەخوازێت، تەتەڵەی هەڵبژاردنەکان و هۆکاری سەرنەکەوتنی بەربژێرەکوردەکان بکات. لێرەدا بەگشتی چەند خاڵێک باس دەکەم، کە وێنەیەک لەو باسە دەداتە خوێنەر.

---

لە پێوەندی لە گەڵ دەرنەچوونی بەربژێرە کوردەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان روانگەکان جیاوازن. بەربژێرەکان رەنگە باشتر بتوانن لایەنی بەهێز و لاوازی کەمیینی هەڵبژاردنەکانیان تاوتوێ بکەن. بە گوێرەی یاسای نەنووسراو هەموو بەربژێرەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەست ناهێنن. ئەوە سوننەت و سرووشتی هەڵبژاردنە، کە بەربژێرەکان بۆ بردنەوە دەچنە کایەی هەڵبژاردنەوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە پاڵێوەراوەکان دەتوانن سەربکەون. ئەوە تەنیا کوردەکان نین کە لەو پرسەدا بە رێژەیەکی گونجاو سەرکەوتوو نەبوون. لەنێو بەربژێرە فینلەندییەکان و نەتەوەکانی دیکەشدا زۆر بەربژێر هەن، کە کێشەی زمان و تەنانەت کاریان نەبوە، بەڵام دەنگی پێویستیان وەدەست نەهێناوە. شایانی باسە، کە بەربژێربوون خۆی پرۆسە و رەوتێکە، کە مرۆڤ ئەگەر دەنگی پێویست بۆ سەرکەوتن مسۆگەر نەکات، بێگومان بە رێژەیەک تاقیکاریی و وانە کۆدەکاتەوە. لە پرسیار و نووسینەکەی تۆدا (عەباس شوان) وەک بەرپرسی لاهدێن کوردیت، زیاتر باس لە بەربژێرە کوردەکان دەکرێ، کە بەمجۆرە وڵامی دەدەمەوە.

- بەربژێرە کوردەکان لە نێو مێدیا و خەڵکی خانەخوێدا (واتە فینلەندییەکاندا) وەک پێویست کاریان نەکردوە. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مرۆڤ پێویستی بە رێکلامی زۆر، نووسین، لێدوان و قسەکردن لە گەڵ دەنگدەری فینلەندییە. بەربژێرە کوردەکان لەو بارەوە رەنگە وەک پێویست بۆیان نەلوابێ و زیاتر لە سەر دەنگدەری کۆچبەر و بە تایبەت کوردەکان حیسابیان کردوە. لە بواری رێکلامدا لاوازن و ئەوەش پێویستی بە سەرمایەیە و لەو وڵاتەدا رێکلامەکان نرخیان لە سەرێیە.

- بۆ دەنگوەرگرتن، بەربژێر دەبێ پەیامێکی ئاشکرای هەبێ و پەیامەکان رەنگدانەوەی خەم و پێداویستییەکانی رۆژ و تەنانەت دوارۆژی کۆمەڵگا بن. دەنگدەری فینلەندی دەنگ بە بەربژێری کورد نادات، کە کوردێکی باشە و ئۆگری بۆ پرسی کورد هەیە، بەڵکو دەنگ بە بەربژێرێک دەدات، کە بتوانێ بەرگری لە داخوازەکانی بکات. بۆ وێنە لە هێلسینکی، بەربژێری کورد ئەگەر بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر ناوی تێکۆشان بۆ کوردەوە، دەنگدەری فینلەندیی و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەش دەنگی پێنادەن، ئەگەر مرۆڤێکی لێهاتووش بێ.

- سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بە ئاسانی هەڵناسەنگێندرێ. لەو هەڵبژاردنانەدا بەربژێرەکان لە شار و ناوچەی جیاوازن و بۆ سەرکەوتن پێویستیان بە رێژەی جیاوازی دەنگەکانە. بێجگە لەوە، دەنگدەرە کوردەکان لە زۆربەی شارەکان دەنگەکانیان پەرتەوازەن و تەنانەت بە کەمی دەنگ دەدەن. لە تورکو، کوردەکان و بەشێکی دیکە لە کۆچبەران بە هۆکاری جیاواز و ناسینەی کۆن کەم و زۆر پشتی بەربژێری خۆیان دەگرن، بەڵام لە هێلسینکی، ئێسپۆ و ڤانتا ئەو هەستە لە خوارێیە. لە تورکو، کۆبوونەوە و بۆنە کوردییەکان زیاترن و لەو کاناڵەوە مرۆڤەکان ئاسانتر دەنگەکانیان وەسەریەکتر دەکەونەوە. بە واتایەکی دیکە، لەو شارانەی کە چاوەکان زیاتر یەکتر دەبینن پرسی دەنگدان بە بەربژێرە کوردەکان چالاکترە، تەنانەت ئەگەر بەربژێرەکە لە بەرچاوی خەڵک کەسێکی شارەزا و گونجاو بۆ پۆستەکەش نەبێ.

- بەربژێرەکان چەندە لە شار و شارۆچەکان ژیاون و چ کار و ئەرکێکیان لە سەر شان بوە، لە سەر کۆکردنەوەی دەنگەکان کاریگەرە. شایانی باسە، کە مرۆڤ ئەگەر ئەکتیڤ و چالاک بێت و کار بکات، لە ماوەی ١٠ ساڵدا دەتوانێ رایەڵکەی دۆستان و ئاشنایانی زیاتر بکات و لە کاتی هەڵبژاردندا بەشێکی بەرچاو لە دەنگەکانیان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. دەنگدان لە سەر بناخەی هەستە و زۆرجار لە لۆژیک و مەنتق دوورە و باشترە بەربژێرەکان ئەو خاڵە گرینگە لەبەرچاو بگرن.

- بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی شارێکی وەک هێلسینکی یان شارە گەورەکانی دیکە، فینلەندی گوتەنەی، دەبێ روخسار و سیمایەکی ناسراو بێ. ئەوانەی کە لە بەرنامەی رادیۆ و تیڤیەکاندا بەرنامە بڵاودەکەنەوە، ژنانی بە ناو شاجوان، سەماکەر، گۆرانی بێژەکان، وەرزشکار، مۆسیقاژەنەکان، نووسەر و سیاسیە کۆنەکار و بەناو بانگەکان زیاتر دەنگ کۆدەکەنەوە. بەربژێرە کوردەکان لەو بازنەیەدا نەبوون و ئەوەش زۆر ئاساییە و لە گەڵ سرووشتی

ڕۆژگار هیچ ناکرێ.

- زمان و شێوازی دەرکەوتن لە سیاسەت و هەڵبژاردندا کارتێکی کارایە. مرۆڤ بە زمانی بێگانە، ئەگەر زمانەکەی باش نەبێ، ناتوانێ پەیامەکانی بگەیەنێ و تەنانەت زۆرجار خۆشی ڕەنگە هەست بەو ئاستەنگە بکە، بەڵام بە گوێرەی کولتوری خۆمان، کە دەڵێ "کوردانە خۆی پێدادە" دەچتە هەڵبژاردنەوە. بەربژێرەکان باشتر خۆیان ئەو بابەتە لەبەرچاو بگرن و ئەگەر دەزانن زمانی خانەخوێ وەک پێویست نازانن، ناچار نین خۆیان بەربژێر بکەن و دەتوانن پشتگیری لەو کەسانە بکەن، کە لێرە گەورە بوون  زمان باشتر لەوان فێربوون.

- عورفێکی هەڵبژاردن هەیە، کە بەربژێرەکان گونجاوە لەبەرچاوی بگرن. ئەگەر بەربژێرێک لە سێ هەڵبژاردندا نەیتوانی سەرکەوێ، دەبێ بیر لە  گۆڕینی شێواز و ستایلی هەڵبژاردن و بە واتایەک بۆن و بەرامەی سیاسەت بکاتەوە. فینلەندییەکان بەشێکیان پاش چەند خولێک وازدێنن و درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. کوردەکان لەو پێوەندیەدا پێویستە چاوکراوە بن و لاق لە سەر زەوی دیاردە و ڕووداوەکان ببینن. لە جیهاندا هەموو بابەت و دیاردەیەک بۆ دەرکەوتن و پێگەیشتن پێویستی بە کۆمەڵێک مەرجە، کە بەربژێری کورد باشترە لە بەرچاویان بگرێ.

- کولتوری کاری هاوبەشی کوردان لەرزۆکە. لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا زۆر ئەندام پارلەمانی پارتە گەورەکانی فینلەندم دەبینی، کە بۆ بەربژێری پارتەکانی خۆیان و ناسیاوەکانیان ڕێکلامیان بڵاودەکردەوە و لە مێدیا کۆمەڵایەتیی و بە تایبەت لە رایەڵکەی سەر شەقامدا کاریان دەکرد. پارتی کۆکۆموس لەو سیاسەت و ڕێبازە زیاتر لە هەمووانی کەڵک وەرگرتوە و سەرکەوتوو بوون. لە نێو کوردەکاندا ئەو ڕەوتە لاوازە. نە بەربژێرە کوردەکان داوای هاوکاری لە کوردەکان دەکەن و نە کوردەکان داوا لە بەربژێرەکان دەکەن، کە کەمپینی هەڵبژاردن بەهێز و پتەو بکەن. مەبەستم ئەوەیە، کە ئەو کەسانە دەبێ لە شارەزایی خەڵکانی دیکە سوود وەرگرن و بە کاری پێکەوەیی خۆیان بخزێننە نێو کۆمەڵگای فینلەندیی و باقی نەتەوەکانی دیکە.

- کوردەکان لە سەر یەک خەمێکی دیکەیان هەیە، کە وەک پێویست لە شوێن و ژینگەی ژیانیاندا ئامادە نین. بە واتایەکی دیکە، ئێمە بە نیوەچڵی لێرەین و لە گەڵ پرسە ڕۆژانەکانی کوردستاندا دەژین. کورد بوون تاڵە و لە

زۆر مەیداندا زەبر لە کایە گشتییەکانی کوردانی تاراوگە دەدا. تورکەکان، عەرەبەکان، فارسەکان، سومالییەکان، سوئێدی زمانەکان، رووسەکان، ئێستۆنیەکان و ئەوانی دیکەش سەرەتا دەنگ بە بەربژێری خۆیان دەدەن. بێجگە لەوە، بەشێکی بەرچاو لە کۆچبەران باوەڕیان بە دەنگدان نەییە و حەز لەو گەمەیە ناکەن. بەربژێرە کوردەکان لەو بارەوە زیاتر لەوانی دیکە لە ژێر پالەپەستۆدان.

- پالێوراو و بەربژێرەکان لێرەش زەبری ناوچەگەرایی، حیزبایەتی و پارتایەتی و هەلوێستەکانیان دەخۆن. دەردە کورد لە رۆژئاواش کاریگەری لە سەر کایەی کوردان هەیە. لەو شارانەی کە رێژەی دەنگدەرە کوردەکان یەکدەسترن، باشتر دەتوانن دەنگەکانیان کۆبکەنەوە (وەک تورکو). لە هێلسینکی کە شاریکی گەورەیە، کولتوری تایبەت زالە، کە کوردەکان لە یەکتر زیاتر پەرتەوازە دەکا.

- مێدیای کۆمەلایەتی بۆ بلاوکردنەوەی پەیامەکان باشە، بەلام بە مەبەستی دەنگوەرگرتن پێویستمان بە چوونە نێو دەنگدەر و سەر شەقامە. بۆ دەنگوەرگرتن دەبێ لۆژیک و سەرنج و هەستی دەنگدەران لەبەرچاو بگیرێ، کە مێدیا کۆمەلایەتییەکان ناتوانن هەمووی ئەوانە دەستەبەر بکەن. ئێمەی کورد زیاتر باس لە خەمەکانی خۆمان دەکەین و گوێگرمان کەمە. لە سیاسەتدا دەبێ باس لە خەمی ئەوانی دیکە بکەی و رێگا نەدەی کە وەک بەربژێرێک بتخەنە کۆلانێکی تەنگەبەر، کە تەنیا بەردەنگەکانت کورد بن.

- بەربژێری کورد گرینگە، کە لە هەلبژاردنی پارتە سیاسییەکاندا وردتر بێ. زۆرجار بەربژێرەکان ناتوانن بەرگری لە باوەڕی خۆیان و پارتە سیاسییەکانیان بکەن و دەلێن، ئەو پارتە گەرەیە بۆیە ئێمە بوینە ئەندام. بۆ دەنگدەر فینلەندییەکان ئەوەش گرینگە، کە تۆ چەندە پەیامەکانت لەگەل ئەو پارتە سیاسییە یەکتر دەخوێننەوە، کە تێیدا ئەندامیت. ئەوان چاویان تیژە و کەم قسە دەکەن، بەلام چەند جار دەیپێون و یەکجار دەیبڕن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

## دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پرسی کوردان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە ڕێژەیەکی گونجاو لە ئاستی ناوچە و جیهاندا ناسراوە. باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەو گۆڕەپانەدا و لەژێر کارتێکەری ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێوخۆییەکاندا زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی دەرکەوتن و دەنگ هەڵبڕینیان هەیە. لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا ڕەوتی نیوەچڵی دیالۆگ و وتووێژ لە سەر چارەسەرکردنی پرسی کورد بەڕێوەچووە. لە ڕۆژئاوا و لە نێو نەوەی تازەی سیاسەتکارە ڕۆژئاواییەکان پرسی کورد لەباکوور، باشوور و ڕۆژئاوا بابەتێکی ئاشنایە، بەڵام ڕۆژهەڵات و خەباتەکەیان وەک پێویست ناسراو نییە. لە ڕۆژهەڵات و لە ژێر سێبەری نیزامی ئاخوندەکاندا، بارودۆخێکی دژوار و ژینگەیەکی ڕەقن و پڕ لەمەترسی باڵی بەسەر وڵات و گەلانی ئێراندا کێشاوە. لەو وڵاتەدا ئازادییەکان لەشەتەک دروان و دەرفەتی خۆڕێکخستن و خستنەڕووی ویست و داخوازەکان زۆر کەمن. خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و جیابیرە نێوخۆییەکان سارد و سڕە و هەڵسووڕانی تاک و هێزە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت و مافخوازانەدا یاساغ و قەدەغە کراون.

گەلانی چەوساوەی ئێران ڕۆژگارێکی دژوار تێپەڕ دەکەن و لە ژێر باری قورس و مێژوویی سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەتیدا چەماونەوە. ئەوان لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، لەچاککردنی پرۆسەی سیاسی وڵاتدا سەرکەوتوو نەبوون. کولتوری داپڵۆسین و دیکتاتۆری لەسەردەمی شا و حکوومەتی ئیسلامیدا وەک ڕێکاری ئیدارەی وڵات و پاراستنی کورسی دەسەڵات کەڵکیان لێوەرگیراوە. نەبوونی ئازادییەکان و لاوازبوونی کولتوری پەروەردەی تاک، کە زیاتر بێدەنگی و خۆهاوڕەنگکردنی زۆرەملی یان درۆزنین لە گەڵ بارودۆخ پەرەپێدەدا، کولتوری بەرگریی و ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی لاواز کردوە. خەڵک بە ڕێژەیەکی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان باوەڕیان بە هێزی نێوخۆ و خۆماڵی نییە و بەردەوام چاویان بڕیوەتە هێزی دەرەکی یان مۆرکی چارەنووس. باڵادەستی کولتور، زمان، مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، سەرکوت و چەوسانەوە لە بازنەی پەروەردە، ئیدارە،ئابووری، مێدیا، مێژوو و هتد، کەشێکی نەخوازراوی بۆ کورد و گەلانی دیکە داتاشیوە. پارتە سیاسییە سەرتاسەرییەکان، چالاکان و بژاردەی کۆمەڵگە لە دەرەوە و نێوخۆ درێژەدەر و بەرهەمهێنەرەوەی کولتوری نەتەوە و دەسەڵاتی باڵادەستن و

ئازایەتی دەستنیشانکردنی بنج و بناوانی کێشە و قەیرانەکانی وڵاتیان نییە. ئەوان لە باشترین فۆرم و شێوەدا وێنەیەکی بچووکی سیستمی سیاسی وڵاتن و پەرەپێدەری کولتوری درێژەدان بە رەوتی سەرکوت و سێدارەن.

گەلی کورد لەو مەیدانەدا زیاتر لە گەلانی دیکەی ئێران بۆ پرسی ئاڵوگۆڕ و داخوازە نەتەوەیی و چینایەتی‌یەکان قوربانی داوە. گوندەکان لە خەباتی پێشمەرگانەدا رۆڵی بەرچاوتریان لە شارەکان گێڕاوە، بەڵام لە نەبوونی خەباتی پێشمەرگانەدا گوند و شار لە خەباتی دژ بە رێژیمدا زۆر چالاک نەبوون. ساڵانێکی زۆرە کە خەباتی هێزە سیاسی‌یەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، تەوژمی جارانی نەماوە. بەشێکی بەرچاو لە هێزە رۆژهەڵاتی‌یەکان وزەو تواناکانیان بۆ شەڕی لەتبوون و جیابوونەوەکان تەرخانکرد. ئەوان لەگەڵ یەکتردا نەتەنیا بەرەیەکیان بۆ سازنەکرا، بەڵکوو بۆیان نەلوا لە چوارچێوەیەکی زۆر شکڵیدا هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان و دوارۆژی پرسی کورد لە رۆژهەڵات بکەن. گەورەترین هێزی رۆژهەڵات، لەپێناوی باشووردا خەباتی پێشمەرگانە و چەکداری راگرت و خۆیان دایە دەستی چارەنووسێک، کە هێشتا درێژەی هەیە. راستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هێزە کوردی‌یەکان وڵامدەری بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەڵات و ئێران نین. لە لایەکی دیکە، خەڵکی رۆژهەڵات هێشتا لە ئاستی ئەو خەباتەدا نین و چاوەڕوانن ماف و داخوازەکانیان وەک دیاری سەری ساڵ یان جێژنانە بە ئاسانی وەرگرن. کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هیچ مەیدانێکی خەباتدا (تەنانەت وەک کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان) لە خۆیان و خاکەکیان بە خاوەن دەرنەکەتوون. بە واتایەکی دیکە، ئەوان ئامادە نەبوون لەخەباتی نێوخۆدا چالاک و ئەکتیڤ بن و تەنانەت لە خەباتی پێشمەرگانە و یارمەتیدانی پارتە کوردی‌یەکاندا پاسیڤ دەرکەوتوون. ئەوان لە پرسێکی ساکاری وەک بایکۆتی سیاسەتەکانی رێژیم و هەڵبژاردنەکاندا کارا نەبوون و بۆیان نەلواوە بزووتنەوەی کورد لە نێوخۆدا تێکەڵ بە جووڵەی رۆژانە بکەن.

رێکخراو و پارتە سیاسی‌یەکان لە دوای جیابوونەوە و لەتبوونەکان کولتوری خۆیان نەگۆڕیوە. ئەو حیزب و رێکخراوانە ئامادە نەبوون، کە سروشتی کاری حیزبایەتی لە گەڵ ژینگەی ئەمڕۆی کوردستان و ئێراندا هاوتا و هاوبەند بکەن. ئاڵوگۆڕەکان لەهەموو جیهاندا و بەستایلی ئەرێنی و نەرێنی دۆخەکانیان گۆڕیوە، بەڵام پارتە کوردی‌یەکان لە رۆژهەڵات و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستاندا تێکۆشاون خۆیان لە شوێنەواری ئاڵوگۆڕەکان دوور راگرن. ئەوان لە دەلاقەی خۆیانەوە رووداوەکانیان تەتەڵە کردوە و تەوژمی راستەقینەی ئاڵوگۆڕەکانیان و رەوتی تێکۆشانی خۆیان هەللاجی نەکردوە. درێژەدان بەو سیاسەت و کولتورە پەرتەوازەیی درێژخایەنی خوڵقاندوە

و خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەشێک لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیانی تووشی سەرسووڕمان کردووە. لەو دۆخەدا، کوردەکانی دەرەوەی بازنەی حیزبایەتی و ئەوانەی، کە بە بژاردە و چالاک خۆیان پێناسە دەکەن وەک پارتە سیاسیەکان پەرتەوازەن. بەشێکی بەرچاو لەو بژاردەیە رۆژهەڵاتی کوردستانیان لەبیرکردووە و شەنوکەوی پارچەکانی دیکە دەکەن و لە پێدەشتەکانی ئیمپراتۆری مێدیا کۆمەڵایەتیەکاندا ئەسپی خەیاڵی خۆیان تاوەدەن. کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت لە رۆژهەڵات ئەوەندە درێژبوونەوە، کە کوردە پەڕیوەکانی دەرەوەی وڵاتی لەوزە خستوە. شایانی باسە، کە وزە و هێزی ئەوانیش لە کێشە نێوخۆییەکانی هێزە سیاسیەکان و هتددا، بەفیڕۆ دراوە.

بۆ دەرچوون لەو دۆخە دژوارە و تێپەڕکردنی دایکی قەیرانەکان، بژاردەکان زۆر نین. ئەگەر چاوەڕوانی کات و دەرفەتەکان بکرێ، رەنگە دواڕۆژ لەمرۆ باشتر نەبێ و دواڕۆژی رۆژهەڵات لەژێر پاڵەپەستۆی ئەکتەرە جیاوازەکاندا زەبری قەرەبونەکراوەی بەربکەوێ. ئاشکرایە، کە رۆژهەڵات لەو مەیدانەدا تەنیایە و هیچ دادڕەس و دەستێکی غەیب، پلان و بەرنامەی دەربازبوون لەو قەیرانە دانارێژێ. هێشتا مەودای جووڵان و بەخۆداچوونەوە ماوەو دەکرێ مەترسیەکان بکرێنە دەرفەت. سەرکەوتن لەو گۆڕەپانەدا پێوستی بە نەخشە رێگا، کەرەستە و هێزە. چاوخشاندنی رەخنەگرانە بە کۆی کایەی سیاسەت لە کوردستان، وزەی زیاتر بە جووڵەی خەباتی تێکڕایی خەڵک دەبەخشێ. سەرکەوتنی گەلان و بەئاکام گەیشتنی خەباتی ئازادیخوازانە تەنیا بە خوڵقاندنی دروشم و دووپاتکردنەوەیان دەستەبەر نابن. خۆساغکردنەوە و داڕشتنەوەی هەیکەلی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە ئەرکە گرینگ و بەپەلەکانی ئەمڕۆیە. پاراوکردنی ژینگەی حیزبایەتی و داڕشتنەوەی تاکتیک و ستراتیژی کاری هاوبەش لە نێوان حیزب و رێکخراوە بەرپرسەکان بەشێکە لەچارەسەر. لەو وەرزەدا پڕوپاگەندە و ونبوون لەرابردوودا دەرمان و چارەسەر نییە. گونجاوە بارودۆخەکە وەک هەیە ببیندرێ و پرس و ئەکتەرەکان بە هێزی لۆژیک تەتەڵە بکرێن.

درێژەدان بە خەباتێکی کاریگەر و هەمەلایەنە پێویستی بە هێزی هەمووان و لۆژیکی رەخنەگرتن لە کۆمەڵگە، پارتە سیاسیەکان و بژاردەی کۆمەڵگەیە. کاتی ئەوە هاتوە، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات زیاتر لەرابردوو هەڵلاجی بکەین. حیزب و پارتەکان لەو گۆڕەپانەدا ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە و ناکرێ لە زۆنی رابردوودا قەتیس بمێنن. هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن، کە حیزب و حیزبایەتی بۆ کایەی

سیاسەت لە جیهانی مۆدێرندا پێویستە، بەڵام حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا پێویستییان بە گۆڕانە. ئەوان چەندە و چۆن دەتوانن هاوکێشەی دروشم و کردار چارەسەرکەن؟ ئەو هێزە کوردییانە بە چ مکانیزم و کەرەستەیەک دەچنە پێش و چۆن لە گەڵ وانە مێژوویی‌یەکان دەگونجێن؟ سیاسەتکار و کادری رێبەریی هێزە سیاسی‌یەکان چەندە ئامادەن خۆیان لە گەڵ رۆژگار بەرۆژ بکەنەوە و لە تانوپۆی کولتوری رەگ داکوتاوی حیزبایەتی نەرێنی رزگاریان بێ؟ ئەو حیزب و رێکخراوانە چۆن لە گەڵ کەوتن و شکانەکان هەڵسوکەوت دەکەن و چەندە ئامادەن لە قاوغی کۆنی خۆیان دەرچن و لاق لە سەر زەوی، تەتەڵەی دوێنێ، ئەمرۆ و سبەینێی چارەنووسی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بکەن؟ ئەو رێکخراوانە چۆن تێروانینی خۆیان بۆ سیاسەت و حیزبایەتی دەگۆڕن و چەندە ئامادەن بۆ رەخنە لەلایەنە نەرێنی‌یەکانی حیزبایەتی لە کوردستاندا؟ ئەو حیزب و رێکخراوانە چۆن دەڕواننە دوارۆژی تێکۆشانی خۆیان و چەندە ئامادەن ماڵئاوایی لە سیاسەتی چاوەڕوانی بکەن. درێژەدان بە سیاسەتی چاوەڕوانی لە سەر پرس و رووداوەکان بە دینەمۆی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە ناکرێ.

راستی‌یەکی تاڵە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران کایەی سیاسەت لە ئێران و کوردستاندا دەستنیشان دەکات و پارتە کوردی‌یەکان تەنیا لە بەستێنی دژکردەوەدا جووڵەکانیان رێکدەخەن. رێژیمی تاران، لە ژێر سیاسەتی سەرکوتدا خەڵکی لە وزە خستوە و هێزە سیاسی‌یەکانی لەدەرەوەی سنوورەکان خستوەتە ژێر پاڵەپەستۆ. لە سەدەی ٢١دا هێزە کوردی‌یەکان لە جیاتی کارکردن لەسەر سیاسەتی درێژخایەن و تاکتیکی کارا لەسەر چەند پرسێکی لاوەکی وەک ناوگۆڕین و یەکتر قبووڵ نەکردن و خۆپێناسەکردن دەمەتەقەیانە. خەباتی کوردان لە رۆژهەڵات بۆ رزگاربوون لەو دۆخە دژوارە پێویستی بە کاری پێکەوەیی و حیزبایەتی و هەروەها گۆڕینی شێوازی حیزبایەتی و خەباتە.

دەرچوون لەو کۆڵانە داخراوانەی سیاسەت، هێز و توانای خەڵکی دەوێ. خەباتی نێوخۆ فاکتەری کارا و گرینگە و بە جووڵەی کوردان لە دەرەوە قەرەبوو ناکرێتەوە. گۆڕەپانی سەرەکی ئەو خەباتە رۆژهەڵاتە و خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە ئەگەر لەو بزووتنەوەدا رێکنەخرێن و خۆیان نەبنە ئەکتەری سەرەکی جووڵەکان، هاوسەنگی بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بە لاسەنگی دەمێنێتەوە.

بۆ سەرکەوتن لەو بەستێنەدا سازدانی شەڕی نێوان کۆن و نوێ و درێژەدان بە کولتوری حیزبایەتی کارساز نییە. لەو بەینەدا رێزگرتن لە خاڵە ئەرێنیی و هەروەها بنەما و بایەخە رەواکان و هەروەها مێژووی ئەرێنی بزوتنەوە

سیاسی‌یەکان وزەی زیاتر دەخولقێنێ و هێز و وزە پەرتەوازەکان کۆدەکاتەوە. پێشڕەوەکان ئەوانەن، کە لەو قۆناخە دژوارەدا لۆژیک و مەنتقی سیاسەت نادۆڕێنن و لەکۆکردنەوەی هێزەکان و هەروەها تێپەڕکردنی کەندوکۆسپە لاوەکی‌یەکان کراوە و دەستپێشخەرن. دەرچوون لە کۆلانە داخراوەکانی سیاسەت لە رۆژهەلات بە گۆڕینی ستایل و شێوەی حیزبایەتی و هەروەها گەڕانەوە بۆ سروشتی هاوتاکردنی دروشم و کردەوە، تاکتیک و ستراتیژی، باوەڕ و وتە دەستەبەر دەبێت. خەڵکی رۆژهەلات دەبێ خۆیان لەو بزووتنەوەیەدا ببینەوە و لەو مەیدانەدا خولقێنەر و پێشڕەو بن و ماڵئاوایی لە سیاسەتی چاولێکردن لە رووداوەکان بکەن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

---

## دەوڵەتی خەیاڵ لە ژێر رکێفی تۆزی دەهۆڵ و درووشمە هەورین و بەتاڵەکاندا

"دەوڵەتی راستەقینە و نیشتمانی پلان و بەرنامە و هەروەها سرووشتی تایبەت بەخۆی دەوێ. ئامانجە پیرۆزەکان لە ڕێگای تاکتیکی بێزراو دەستەبەر نابن. کورد دەوڵەتێکی دەوێ، کە لاقی لەسەر زەوی بێت و مرۆڤەکان نان، ئازادی، ئاسایش و یاسای ژیانیان هەبێ."

بازاڕی درووشمی پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستاندا شێواو و پڕە لە قۆڵبڕ و بازرگان، کە خەمی خەڵک و خاکیان خستۆتە تەنگەی گیرفان و ژێر لاقی کورسییەکانیان. رۆژانە لە گۆڕەپانی سیاسەتی بازرگانەکاندا ئابڕوی ڕێفراندۆم، دەوڵەت، پارلەمان، سیستمی سیاسی، مافی تاک و تەنانەت حیزبایەتی براوە و گەڕەلاوژەی درووشم و وتەکان گوێی نیشتمانی پڕکردوە. کوتانی دەهۆڵی ڕێفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەت تەپوتۆزێکی بەرپاکردوە، کە ئاسۆی دیتنی زۆر لایەن و خەڵکی لێڵ و تار کردوە. دەرفەتی رەخنەگرتنی راستەقینە لەو بارودۆخە نەماوە و هیچ لایەنێکی ئەکتیڤی سیاسی لەخۆرانابینێ، لە سەر ئەو درووشمە بریقەدارانە پرسیار بکات و جیاواز بیرکاتەوە!

بۆ شاردنەوەی ئەو دۆخە پڕ لە ژان و وێرانەی کۆمەڵگەی کورد، حیزب و سەرۆکەکانیان رۆژانە لە سیمینار، کۆنفرانس، مێدیا و هەروەها کۆبوونەوە حیزبییەکانیاندا بە گۆرانی باسی دەوڵەت و رێفراندۆم دەکەن. ژمارەیەک لەو حیزبانە لەو کێبەرکێییەدا هەر ئاوران دێنن و خۆیان بە دۆزەرەوەی چەمکی مافی چارەیخۆنووسین، رێفراندۆم و بیرۆکەی دەوڵەت دەناسێنن. بەشێک لەراوێژکار و ئەندام پارلەمانەکان وەک گۆرانی بێژە میللی و شەیارەکانی نێو جەرگەی هەڵپەرکە و شایی لە کۆبوونەوەکاندا دەردەکەون و دەبنە چۆپی کێشی هەڵپەرکەی یاساشکێنەکان. ئەوان وەک دەستخوێنەرەوە و قاوەگرەوەکان باس لە ئەنجامدانی رێفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەت دەکەن.

جەماوەری کورد لەو دۆخە تراژیدییەدا شارەزایانە سواری شەمەنەفەری بەرژەوەندییەکانیان بوون و ئاگایان لە ئامانجە راستەقینەکە نەماوە. ئەوان وەک پەندە باوەکە دەڵێ، گۆرانی بۆ ئەو کەس و لایەنە دەڵێن، کە نانی لە دەست دەخۆن. ئەوان لە جۆلانەی حیزبایەتیی و موچەخۆریدا پرسی بیرکردنەوە و مافی چارەیخۆنووسینی خۆیان لەبیرکردوە. حیزبایەتی لە باشووردا پێویستی بە کۆمەڵگە و تاکی بەرژەوەندیخوازە، کە مەودای کوردایەتیی و نیشتمانپەروەریان لە بازنەی چاو، زار، زگ و گیرفاندا کۆدەکرێتەوە. رۆماننوس، هونەرمەند، چالاکوان، مامۆستای زانکۆ و توێژی وریای کۆمەڵگە بە دوای خەڵات و پۆست و عەرزەدا رادەکەن و کەمتر دیتراوە، کە لەسەر بارودۆخی ئەمرۆ هەڵویستیان هەبێ.

بانگەوازی سیاسەتکار و دارودەستەکەیان بۆ دەوڵەت و رێفراندۆم تام، بۆن و سرووشتی خۆی لەدەستداوە.

دامەزراندنی دەوڵەت بە گوێرەی عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و تاقیکاری گەلانی دیکە لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیدا رێکاری خۆی هەیە. سیاسەتکار و حیزبەکان لە باشوور بە گوێرەی باوەڕ و هەروەها لەسەر بناخەی پلان و ستراتیژی باس لەپرسی رێفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەت ناکەن. هیچ کام لەپارتە سیاسییەکان لەو پێوەندییەدا ئاسۆیەکی روونی نییە و تەنیا لە چوارچێوەی درووشم و بۆ بەزاندنی پارتە کوردییەکانی دیکە ئەو دەهۆڵە لێدەدرێ. ئەگەر سەرکردەی پارتەکان لە گەڵ وتە و دەربڕینەکانیاندا راستگۆ بوونایە، بێگومان لە ماوەی ١٤ ساڵی رابردوودا دەکرا کۆمارێکی وەک مەهاباد دامەزرێنن. لە نێو جەرگەی سیاسەتکارەکانی باشووردا مرۆڤێکی راستگۆ، ئازاو فیداکاری وەک قازی محەممەد هەڵنەکەوتوە، کەئیرادەی راگەیاندنی دەوڵەت و هەروەها

بەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی ئەو قۆناخە و ئازایەتی چوونە سەرداری هەبێ. لۆژیکی خێڵ، هێزی عەشیرەت و بنەماڵە وێڕای بژاردەی سەرگەردان لە ئاستی ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی کورد لەو پارچەیەیدا نین.

کۆکردنەوەی خەڵکی کورد لە باشوور، گرێدانی پارێزگا و شارەکان بە یەکتر و خولقاندنی هەست و تێگەیشتوویی نیشتمانی بە بەکارهێنانی جەمەدانەی سوور و رەش و پشتێندی٨ گرێ و هەروەها چەکداری بنەماڵە و کۆمپانیای حیزب سەرناگرێ. تالانکردنی نیشتمان و داگیرکردنی کانگاکانی سەروەت و سامانی نیشتمان لە لایەن حیزب و بنەماڵەکانەوە پردی پێوەندی نێوان سیاستەکارە بازرگان و خەڵکەکە دەڕووخێنێ. لە هەرێمێکدا، کە پایە رەوا و یاساییەکانی خۆبەڕێوەبردن هەموویان دادەپیون و وەک سەردەمی حوکمی خانخانیی و میرنشینەکان تاوتوێی رووداو و دیاردەکان دەکرێ، هاوارکردن بۆ رێفراندۆم و دەوڵەت بێجگە لە خۆڵ لە چاوی خەڵک و جەماوەرکردن چ مانایەکی هەیە؟

مێژووی مرۆڤایەتی دەیسەلمێنێ، کە بە درووشمی بەتاڵ و هەورین برینی گەلان و قەیرانی ناوچەکان چارەسەر ناکرێن. لە هەرێمێکدا هێزی چەکدار و تەنانەت حیزب لە ژێر نیری بنەماڵەدا کارەکان راپەڕێنن و حکومەت، پارلەمان و دادگاکان بە تامی بازرگانەکانی نەوت، خوێن، خاک و عەرزە ئیدارە بکرێن، رێفراندۆم و دەوڵەت لە مانا بەتاڵ دەکرێنەوە. شەرمەزارییەکی گەورەیە، لەو نیشتمانەدا کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە و هەر ناوچە و بنەماڵەیەی بە تەوژمی تام و چێژی نانیشتمانی سوکانی بڕیار بسوڕێنێ. گەلانی خاوەن پلان و بەرنامە و سیاسەتکارە نیشتمانییەکان بە ژاوە ژاو و لێدان دەهۆڵ باس لە ئامانجە گەورەکان ناکەن. ئەوان بەکردەوە و بەهێزی لۆژیک و خەڵک دەچنە شەڕی ویست و داخوازە رەواکانیان. کورد زۆر لە مێژە گوتویەتی، کە بەردی گەورە نیشانەی پێدانەدانە.

سەربەخۆخواز و ئازادیخوازەکان ماڵ و سەریان فیدای گەل و خاک دەکەن و لەباشوور ئەو هاوکێشەیە پێچەوانەیە. لەو زۆنگاوەی سیاسەت و بیابانەی یاسادا خاک و خەڵک فیدای سەری گەورەی بنەماڵە و منداڵەکانیان دەکرێن. حیزبە بازرگان و خاوەنەکانیان کێشە نێوخۆییەکانیان پووشبەسەر کردوە و لە بەردەم رۆژئاواییەکان وەک تاوسی رەنگاوڕەنگ خۆیان دەڕەنگێنن و باس لەمافی مرۆڤ و دێموکڕاسی دەکەن! سەربەخۆخوازان و عاشقانی مافی چارەیخۆنووسینی کورد بە دراو و درۆ درێژە بە دەسەڵاتی یاساشکێنانە نادەن. رابەرە نەمرەکان نەک خەیانەت لە

خەڵک و خاک ناکەن، بەڵکو پێشڕەوی فیداکاریی و ڕاستگۆیین و هەموو لایەک فیدای حەزی کوێرانەی خۆیان و ڕق و گرێی دەروونیان ناکەن. دوورکەوتنەوە لە خۆپەرەستی کوێرانە و گەڕانەوە بۆ سەر هێڵی ڕاستەقینە مەرجی تێپەڕکردنی ئەو قەیرانەیە. مێژووی ٢٥ ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان دەیسەلمێنێ، کە سیاسەتکار، حیزب و بژاردەی کۆمەڵگە، بە لێزانیی و شارەزاییەوە پاپۆڕەکەیان بەرەو کەناری سەرکەوتن نەبردوە.

مێژووی کوردان پڕە لە شکان و کەوتن و لە زۆربەیاندا کورد خۆی فاکتەری سەرەکی کەوتنەکان بوە. هیچ دوور نییە، لەو سەدەیەشدا لەجیاتی بەرگرتنی داری درووشمی قەبە، ڕێفراندۆم و دەوڵەت، کوردەکان وەک سەدەی ڕابردوو و زیاتر لەبەر هۆکارە نێوخۆییەکان ماڵئاوایی لەدەرفەتە زێڕینەکان نەکەن. بازرگانە سیاسییە کوردەکانی باشوور دەخوازن بەناوی کوردایەتی، خەڵک و خاک فیدای بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. ئەوان و بنەماڵەکانیان لە ڕێڕەوی خەباتدا تەنیا کاسبکاری باش بوون و نەدیتراوە وەک تاکەکانی کۆمەڵگا فیداکار و خۆبەختکەر بن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٧

## هەڵوێستەیەک لەسەر دوو سیاسەتی ناسەرکەوتوو بە ناوی بەشداریی یان بایکۆت لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێک لە ئۆگرانی سیاسەت و دوارۆژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر دوو بیروبۆچوون کەوتوونەتە دمەتەقە. بە گشتی باسەکان لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیدا ناکرێن و ئەوەش ڕەنگە تایبەتمەندی میدیا کۆمەڵایەتییەکان بێ، کە مرۆڤ زۆر بەخێرایی دەتوانێ کۆمێنت و بیروڕاکانی دەربڕێ. بەشدارانی دیالۆگەکە زیاتر لە دێموکراتەکان نیزیکن، بەڵام کەسانی دەرەوەی ئەو دوو هێزە سیاسییە بە ڕێژەیەک لە سەر دوو بیروڕای جیاواز ڕوانگەی خۆیان دەردەبڕن. بە باوەڕی من، دیالۆگ و دمەتەقەی ئەو دوو لایەنە و لایەنگرەکانیان لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئێران پاشخانێکی هەیە و ئەو ڕیزبەندییە لە پڕ نەخوڵقاوە.

شایانی باسە، کە سیاسەتی بەشداربوون یان بایکۆت کاتێک عەمەلی دەبێ، کە خەڵک خۆیان بڕیاردەر بن و هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆدا ئازادیی تێکۆشانیان هەبێ. ئەوکات لە هەر دوو بەرەدا دەکرێ دیالۆگ و بیروڕاکان کارساز بن. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەی کوردانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە و بە ڕێبەرایەتی هێزە سیاسییەکان قسەی لەسەر دەکەین، زیاتر بەستێنی بایەخ و ئەرزشەکان دەگرێتەوە. هێزە سیاسییەکان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە زۆر بابەتەدا ئاسانترە، کە ڕوانگەی خۆیان دەرببڕن و خەڵک و هاوڵاتیان لەبەشداربوون یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکاندا ئازاد بکەن. هەڵبژاردنەکان جۆرە جیاوازییەکیان هەیە و ئەنجوومەنی گوند و شارەکان لەگەڵ سەرکۆماری جیاوازن، بەڵام هیچیان داری ئازادی شین ناکەن. هەموومان دەزانین، کە هەڵبژاردن لە ئێراندا تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە هیچ سیغەیەک ناچێتە خانەی هەڵبژاردنێکی ئازاد. ئەگەر هەڵبژاردن یان تەنانەت بایکۆت لە ئێراندا شتێکی لە سیستم و ڕێژیم گۆڕیبا، بێگومان لە ماوەی نیزیک بە چوار دەیەدا زۆر بابەت دەگۆڕان. شایانی باسە، ئەگەر خەڵک سیاسەتی بایکۆتیان ڕەچاو کردبا و ئازادی ئەو کارەیان هەبایە، بێگومان بایکۆت وەک تاکتیک و ستراتیژی دەبوونە ماکەی ئاڵووگۆڕ، بەڵام خەڵکی ئێمە لە ئاستی گشتیدا ئامادەی ئەو ستایلە لە خەبات نییە.

ڕێژیم بە مانەوە و درێژەدان بە سیاسەتی خۆی توانیویەتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە دەرەوەی وڵات پەراوێز بخات. لێرەدا تەنیا کوردستانە، کە زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەنگ و ڕەنگی خەباتکارانەی هەیە، بەڵام بە تەنیا کارساز نییە و ڕەنگە ماندووهێنەر بێت. لە ئاکامدا لە سەر شێوازی هەڵوێستوەرگرتنی حیزبەکان لە سەر هەڵبژاردنەکان جیاوازی بیروڕا سەرهەڵدەدا. لێرەدا ڕێکارێکی ساکار لە حیزبایەتیدا ونە، کە دەکرێ زۆر بە ئاسانی چارەسەر بکرێ. گونجاوە، کە لە نێو هێزە سیاسییەکاندا بۆ دربڕینی هەڵوێستە سیاسییە گرینگەکان دەنگی ئەندام و کادرەکانیان وەربگیرێ و بکرێتە سەرچاوەی بڕیار. لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەنگی زۆرایەتی دەبێتە پاڵپشتی بڕیار و ڕوانگە سیاسییەکان و ئەندام و لایەنگرەکان دژایەتی خۆیان لە بڕیارەکان ناگوازنەوە بۆ سەر دیواری مێدیا کۆمەڵایەتییەکان.

ئەوەی ئەو ڕۆژانە لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک لە کاناڵەکانی دەنگ و ڕەنگدا دەبیندرێ ئاماژە بە سازبوونی دوو خەت و هێڵی جیاواز لە پێوەندی لە گەڵ کۆماری ئیسلامییە. هێڵی یەکەم، کە باوەڕیان وایە، ڕێژیم بە هەڵبژاردنە سەقەت و موهەندسی کراوەکان ناتوانێ بگۆڕدرێ، بۆیە بایکۆت کردن دەکەنە سیاسەتی خۆیان و

وەک بایەخێکی سیاسی و ئەخلاقی چاوی لێدەکەن. هێڵی دووهەم، کە لە سیاسەت و ڕێبازی درێژخایەنی حیزب و ڕێکخراوەکان ماندوو و نائومێدبوون، دەخوازن کە کراوەتر لە گەڵ هەڵبژاردنەکان و جوڵە نێوخۆییەکان هەڵسوکەوت بکرێ. شایانی باسە، کە بەرەی دووهەم خاوەنی سیاسەتێکی عەمەلی نین و بە کردەوە ناتوانن بیسەلمێنن، کە ژینگەی ئێران بۆ ئەو کارە دەبێ. ئەوان بە ناوی سیاسەتی واقعگەرایی و هتد. بانگەشە بۆ سیاسەتێکی خەیاڵی و پڕ لە ناتەبایی دەکەن، کە هەر خۆیان دەزانن چەندە و چۆن پڕاکتیزە دەکرێ.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە، کە پێشڕەوانی ڕێبازی دووهەم ئازایانە قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵن. ئەوان بە کردەوە پێویستە کار بۆ لابردنی بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەباتی خۆیان بکەن و تێبکۆشن سێناریۆکانیان لە سەر ئەرزی واقع جێبەجێ بکەن. جیاوازی بیروباوەڕ عەیبی نییە و ئەوان دەتوانن لەو نێوەدا و بۆ نیشاندانی کارسازی تێڕوانین و سیاسەتەکانیان دەرگا داخراوەکانی سەر ڕێگای خەباتی کوردانی ڕۆژهەلات بکەنەوە. ئەوان ڕەخنە لە سیاسەت و ڕێبازی یەکەم دەگرن و بە شکستخواردوو و ناسەرکەوتوو پێناسەیان دەکەن. بۆیە بۆ پێشاندان و سەلماندنی نییەت پاکی دەبێ هونەر و سیاسەتی خۆیان نیشان بدەن و لەو گۆڕەپانەدا دەرکەون. ئاکامی ئەو سیاسەتە ئاشکرایە و بە گۆرانی باڵەخانەکان بالا ناکەن، بەلام بۆ وەرگرتنی ئەزموون با لایەنگران و ئۆگرانی ڕێبازی دووهەم تەڕح و پلانی خۆیان بۆ دۆست و نەیار ئاشکرا بکەن. لە پێناوی رزگاری گەلدا با هەموو ڕێگاکان تاقی بکەینەوە و کەس دەستی کەسی نەگرتوە. ئەگەر دەرفەتی سازکردنی هێزی سیاسی لەنێوخۆدا هەیە، با کەڵکی لێوەرگرین. ئەگەر دەرفەتی کار و تێکۆشان بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکان هەیە و با سەردەستەی ڕێبازی دووهەم کاری بۆبکات. ئەگەر ئێران گۆڕاوە و کۆمەڵگا ئەو ئازادییەی هەیە، کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خۆی بکات و لە دەرفەتەکاندا دەرکەوێ، با پاڵپشت و هاندەریان بین. بە گشتی ناکرێ لەو مەیدانەدا تەیان قسە بۆ قسە بکەین و خۆشمان نەزانین بە کردەوە چیمان دەوێ و چۆنی دەکەین.

ئەگەرەکان زۆر نین و تواناکانمان سنووردارن، بۆیە زۆر گرینگە بزانین کە چەندە و چۆن هێز و وزەی خۆمان بەکار دێنن. کێشەکانمان لە مێدیای کۆمەڵایەتی و لە جیهانی ویرچواڵدا چارەسەر نابن. بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتەکان کرداری نەخشە بۆداڕێژراو، کەرەستە و ژینگەی گونجاو پێویستن. دیالۆگ بۆ ساغبوونەوە و لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوەکان باشە، بەلام دیالۆگ چوارچێوەی خۆی هەیە. ئەو دیالۆگە قازانج و زەرەری خۆی هەیە و ڕەنگە لە درێژخایەندا بە قازانجی ساغبوونەوەی جۆری حیزبایەتی و سیاسەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بشکێتەوە. ئەوە

سوونەتی کار و تێکۆشانە، کە بایەخ و هێڵە گشتییەکان گرینگن و ناکرێ وەک قەشەیەک لە مزگەوت پێشنوێژی موسڵمانەکان بکەی. کورد گوتەنی، دەبێ لە نێوان بوار و پردێ یەکیان هەڵبژێریت و بەکار و تێکۆشان پێشانی بدەی، کە چەندە باوەڕت بە وشە و رستەکانتە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٧

---

## هەڵبژاردنەکانی ئێران، لوتکەی تێڕامان لە شکان و کەوتنە نیشتمانییەکان

کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە ڕێژەیەکی بەرچاو جارێکی دیکە لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بەشدار بوون. راستییەکی تاڵە، کە هەڵبژاردنەکان لە ژێر سێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تەنیا روخساری مۆرەکان دەگۆڕێ و خوڵقێنەری ئاڵوگۆڕ نین. هەڵبژاردن لەو کۆمەڵگە و وڵاتەدا بە جۆرێک پلانیان بۆ دادەڕێژرێ، کە هەڵگری مانا راستەقینەکەی خۆیان نین و لە رێکار و بایەخە دێموکراتیکەکان بەتاڵ دەکرێن و دەبنە ئامرازی خۆسەپاندن و خەڵک گەوجاندن. حاشا لەوە ناکرێ، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بەرەی جیاواز لە بەرامبەر یەکتردا قوت دەبنەوە و لە پانتایی شار و گوندەکاندا چین و توێژی جیاواز بە مەبەستی سەرخەستنی بەربژێری خۆیان هەوڵدەدەن. قەوارەی نیزام، سروشتی کۆمەڵگە، باڵادەستبوونی دەسەڵاتی رووت و راهاتنی خەڵک بە سیاسەتی سەرکوت و ژێردەستەبوون فەزایەکی کراوە بۆ موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکان دەڕەخسێنێ. نەبوونی ئازادی هێزە سیاسیەکان، لاوازی لە رادەبەدەری کۆمەڵگەی مەدەنی، رێکخراوەنەبوونی خەڵک و نەبوونی پاشخان و کولتووری خەباتی ئازاد و شارستانی بەردەوام لەسەر کار و تێکۆشانی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات شوێنەواری نەرێنی دادەنێ. جووڵەی هێزە سیاسیی و چالاکانی دەرەوە و نێوخۆ یەکانگیر نین و لە رەوتی هەڵبژاردنەکاندا بە شێوازی شاراوە و نارێکخراو سیاسەتی بایکۆت لە بازنەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەمێنێ.

هاوکێشەی ئاڵۆز و نهێنی رووداوەکان لەو وڵاتەدا درێژەکێشانی دەسەڵاتی سەرکوت و سیستمێکە، کە باوەڕی بە ئازادیەکان و دەسەڵاتی خەڵک نییە. دەنگی ناڕەزایەتیەکان دەبیسترێن، بەڵام لەژێر سێبەری سێدارە و

تۆقاندندا بەڕێوەبەرانی ڕێژیم هێشتا سوار و خەڵک و ناڕازیەکان پیادە و پەراوێزخراون. شایانی باسە، کە سروشتی نیزام لە گەڵ کولتوور و سروشتی کۆمەڵگە و پەروەردەی تاک و کۆدا ئاوێتەیە، بۆیە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بە گەمەی چاوبەستنی یەکتر و بە لووتکەی لاوازیی ژیری کۆمەڵگە دەژمێردرێ. دیوی تاریکی هەڵبژاردنەکان باس لە تراژیدییای خەڵک و جۆری پێوەندی نێوان ئەوان و دەسەلات، تاک و دەسەلات و هتد... دەکات. خەڵکی ئێران و زۆربەی گەلانی ئێران لەقسە و وتەدا بەو ڕێژیمە رازی نین، بەڵام دەسەلات و کەشی سیاسی وڵات و کولتووری خۆپەنادان ناچاری کردوون، کە سیاسەتی دوو یان چەند رووخساری هەڵبژێرن. لە وڵاتانی دواکەوتوو و خاوەنی سیستمی سەرەڕۆ مرۆڤ دەرفەتی بیرکردنەوە و دەربڕینی ئازادانەی نییە و بە گوێرەی رۆژ روانگە و تێروانینی دەگۆڕێ. لە درێژەی رەوتی سەرکوت و سێدارەدا خەڵک فێری کولتووری بێدەنگی رواڵەتی یان ژاوەژاوی شاراوە دەبن. ئەوان بە گوێرەی بارودۆخەکە وتەکانیان دەگۆڕن و لە باشترین حاڵەتدا دەچنە قاوغی خۆیان و بێدەنگی هەڵدەبژێرن. رەگداکوتانی دیکتاتۆری و درێژەکێشانی سیاسەتی "پەرت بکە و ئیدارە بکە" نەک هێزە سیاسیەکان بەڵکوو خەڵک و تاکەکانی لە یەکتر دابڕاندوە. لە وڵاتێکدا کە سیاسەتی زیندان و سەرکوت زاڵ بێ، بێگومان زۆرایەتی خەڵک بۆ تێپەڕکردنی رۆژانی تەمەنیان ڕێگای بێدەنگی یان سەلامەتی هەڵدەبژێرن.

لە کۆمەڵگە و بە تایبەت نیزامە نیمچە یان تەواو داخراوەکاندا، مرۆڤەکان دەرفەتی هەڵلاجیکردن و تەتەڵەی دەسەلات و مافەکانیان نییە. دەسەلاتدارن بە خوڵقاندن و پەرەپێدانی رایەڵکەی جاڵجاڵۆکەیی سەرکوت و کۆنترۆڵی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە تێدەکۆشن ئەمرۆ و داهاتوی وڵات و خەڵکەکەی بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. لەو رەوتەدا زۆربەی بەستێن و کایەکان کۆنترۆڵ دەکرێن و شێواز و رێکارە دێموکراتیکەکان بە نیوەچڵی یان بە پوچەڵکراوی جێبەجێ دەکرێن. ئێرانی ئەمرۆ و دوێنێ وێنەیەکی ئاشکرای ئەوجۆرە لە وڵات و نیزامانەیە، کە چەند سەدەیەکە لە سەر کولتووری داپڵۆسینی مرۆڤەکان، ئیدارەکردنی زۆرەملی کۆمەڵگە و خۆسەپاندنی دەسەلاتدارەکان کار و سەرمایەگوزاری کراوە. لەو کولتوورانەدا شکان و کەوتنەکان وەک هەن تاوتوێ ناکرێن و مێژووی سیاسی و رووداوەکان بە ویستی دەسەلاتداران و بژاردەی نێو بازنەی دەسەلات پێناسەدەکرێن. رێگا نادرێت، کە تاکەکان و کۆمەڵگە دیاردە و رووداوەکان بناسن و شارەزای چیرۆکی راستەقینەی کەوتن و شکانە بەردرێژەکان ببن. دەسەلاتداران لە جوڵەی سەربەخۆی کۆمەڵگە و تاکەکان دەترسن و دەزانن، کە ئەو رەوتە ئیرادە و ژیری نیشتمانی دەخولقێنێ و رێگا نادات سیستمێکی ناڕەوا و نەیار درێژە هەبێ.

سایکۆلۆژی شکست و کەوتنەکان لە ئێراندا بە فاکتەرەکانی وەک دوژمنانی دەرەکی و هێزە ئەهریمەنییەکان گرێدراون. لەو ژینگەیەدا، رواڵەتی رووداوەکان و بابەتە لاوەکیەکان جێگە بە بنج و بناوانی نەهامەتییەکان و شکستەکان لێژدەکەن و بابەتە راستەقینە و گرینگەکان لەبیردەکرێن. بە واتایەکی دیکە، قامک لە سەر برینەکان دانانرێن و بە بیانووی جیاواز پرسە سەرەکیەکان لەبیردەکرێن. لە ژێر سێبەری نیشتمانپەروەریی و وڵاتپارێزیدا شکۆی مرۆڤ و خەڵک دەشکێندرێ و بە کەڵکوەرگرتن لە سەرکوت، تۆقاندن، دین و کولتوور گیانی بەرەنگاربوونەوەی خەڵک لە وزە دەخەن. مافی دەنگدان و خۆبەربژێرکردن و هەروەها چارەیخۆووسین لە ئاستە جیاوازەکاندا بە گوێرەی تێڕوانینی دیکتاتۆرانە کۆنترۆڵ دەکرێن و تێدەکۆشن دەست و چاوی رێبەر، لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگی هاولاتیان سەرخەن. خەڵکی ئێران لەو بەستێنەدا بێ دەست و ددانە و زۆر بە ئاسانی تەسلیمی چارەنووس و ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری بوەتەوە. خەڵک، هێزە سیاسییەکان، چالاکوان و بژاردەی کۆمەڵگە دەنگ و وزەکانیان یەکی نەگرتوە و هێشتا خاوەنی روانگەیەکی ئاشکرا بۆ دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان نین.

خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە لەو دۆخەدا و بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی رێچکەی سەرەکی ناگرن و درێژە بە سیاسەتی "چۆن دەڕوا با بڕوا یان لە کوێ پسا لەوێی گرێدەوە" دەدەن. لەوە تاڵتر ئەوەیە، کە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ دوارۆژی خۆیان و پرسی بەرپرسیاریەتی بە دەستی نادیار دەسپێرن و وەک لشکری شکاو لە بەردەم سیاسەت و پلانەکانی رێژیمدا چەماونەوە. ئەوان بە مانایەکی راستەقینە لەو گۆڕەپانەدا بوونێکی پڕ مانا و راستەقینەیان نییە و بە ویستی خۆیان جووڵە ناکەن. ئەوان تەنانەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا وەک تاک و کۆ خاوەنی بڕیار و ئێرادەی دەنگدان یان بایکۆت کردن نین. ئەوان راهاتوون، کە بە گوێرەی شەپۆلە باوەکان و هەروەها ئەمر و فەرمانەکان لە کایە سیاسییەکاندا بەشدار بن و بە گوێرەی تێگەیشتنی راستەقینەی خۆیان هەنگاو هەڵناگرن. نەبوونی ویستی راستەقینە و دووربوون لە پلان و بەرنامە خەڵکی خستوەتە نێو چنگی دەسەلاتێکی نادێموکراتیک و بژاردەیەک لە بەرپرسانی رێژیم، کە گەمە بە چارەنووسی خەڵک دەکەن. خەڵک لە ئێراندا وەک زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی دەسەڵاتی تۆتالیتەرن، راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونە نێو بازنەی پاسیڤبوون. ئەوان بە دوای پاڵەوان و رزگاریدەرە ئەفسانەییەکاندا عەوداڵن و ناخوازن لە خەباتی ئازادیخوازنە و دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا خۆیان ماندوو بکەن. لە ئێراندا تەوەزلی سیاسی باڵی بەسەر خەڵک و تاکەکاندا کێشاوە و کۆمەڵگە لە ناتەباییەکی قووڵدا دەژی. ئەوان لە سەر شەقام و لە مەیدانی

هەڵبژاردنەکاندا وەک مردوی گۆڕستانەکان پڕن لە بێ دەنگی و کردەوە و لە ژووره تاریکەکانی خۆیاندا هاوڕێ و یاری رۆستەم و سۆهراب.

هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتی هەڵوێستوەرگرتن لە بەرامبەر رۆژە بەفەرمیکراوەکانی دەسەلات بەستێنی دەرکەوتنی خەڵک و چۆنیەتی ئیرادەی تاک و کۆیە. هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئەنجومەنی شار و گوندەکان وێنەیەکی زیندوو لە سایکۆلۆژی دەنگدەران، دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن دەخەنەڕوو. لەو دیمەنەدا دەسەلاتێک دەبینین، کە بە ویست و ئایدۆلۆژی خۆی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنەکان، بەربژێرەکان و تەنانەت سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکات. بەڕێوەبەرانی نیزام، لە ڕێگای جۆراوجۆر پرسی هەڵبژاردنەکانیان کردوەتە مەیدانی شەرعییەت وەرگرتن لە خەڵک و بە هەموو ڕێگایەک تێدەکۆشن، کە شانۆی هەڵبژاردن گەرمتر بکەن و بە تاکتیکی جۆراوجۆر کەسە دڵخوازەکانی خۆیان بۆ وەرگرتنی دەنگی زۆرینە ئامادە بکەن. ئەوان لە ماوەی چوار دەیەدا بە بردنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بە ئۆپۆزیسیۆن و وڵاتانی دەرەوەیان ڕاگەیاندوە، کە خەڵکی ئێران بە دەنگی خۆیان وڵامێکی توندی نەیاران و دوژمنانی ئیسلام، خوا و ئێرانیان داوەتەوە! لە لایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆنی ئاشکرا و پەڕیوەی هەندەران هەیە، کە لە ئاست و بە تەوژمی جیاواز لە نێو گەلانی ئێراندا خاوەنی مێژوو و تێکۆشانن. ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا دژ بە ڕەوتی باوی ڕێژیم بڕیاردەدەن و زیاتر پاڵپشتی بایکۆتکردنن. لە روانگەی ئەوان، هەڵبژاردن سروشتی دەسەلات لە ئێراندا ناگۆڕێ و کۆماری ئیسلامی ئێران کایەی هەڵبژاردنی بە قازانجی خۆی بەکاردێنێ. ئۆپۆزیسیۆن و پارتە سیاسیەکان وەک باوە، لە دوای هەڵبژاردنەکان بە گوێرەی تێڕوانینی خۆیان باس لە سەرکەوتنی سیاسەتی بایکۆت دەکەن و سپاسی خەڵکانێک دەکەن، کە لەو پێوەندییەدا لە گەڵ ئەواندا هاوهەڵوێست بوون. شایانی باسە، کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران و بابەتی هەڵبژاردنەکان دەیسەلمێنن، کە لە ژێر کارتێکەری زۆر فاکتەردا ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگ بە بەربژێرەکان دەدەن و بەشێکیش بە هۆکاری جیاواز بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

لە ئاکامدا کایەی هەڵبژاردنی کۆنترۆڵ کراو دەربڕی ئیرادەی ڕاستەوخۆی دەنگدەران نییە و نابێتە ماکە و سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ. خەڵک و تاکەکانی کۆمەڵگە لەو بارودۆخەدا دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆی ڕاستەوخۆی ڕێژیم و هەروەها جۆرە سۆزێک بۆ ئۆپۆزسیۆن. ئەوان لە نێو جەرگەی بارودۆخەکەدا وەک خۆیان ڕاهێنانیان لەسەر هەڵبژاردن، ڕەوایەتی بەشداربوون یان بایکۆتکردن نەکردوە. پاڵنەری بەشداریکردن یان بایکۆتکردن لە گەڵ

تێگەیشتنی تاک و کۆی کۆمەڵگە یەکانگیر نەبوون و هێشتا نەخشەرێگەی تاکەکان بۆ دەنگدان هەڵسەنگاندنی ورد و بابەتیانە نییە. لە گەمە سیاسیەکەدا رێژیم و بەرپرسان بە رواڵەت سەرکەوتوون و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و بژاردەی کۆمەڵگە لە بەر لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی و بارودۆخی گشتی بۆیان نەلواوە سیاسەتی بایکۆت سەربخەن. خەڵک لەو ژینگەیەدا لە کۆنەوە، لە ژێر پاڵەپەستۆ و هەروەها دەنگدانی زۆرەملی سیستمی فەرمانڕەوا رێگای چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدانیان گرتوەتەبەر و رێژەی دەنگدەرکان ئەگەربە نابەدڵیش بوو بێت زۆرایەتی‌یەکی پێکهێناوە. ئەوان لەو مەیدان و بەستێنەدا بە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ سیاسەتی بەشداربوون یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان رەچاو ناکەن. خەڵک لەو پرۆسەیەدا خاوەنی راستەقینەی بڕیار نین و دەنگەکانیان ئامانج ناپێکن. ئەگەر خەڵک لە رێبازی خۆتاقیکردنەوە کەڵکیان وەرگرتبایە، بێگومان دەرفەتی سازبوونی بەستێنی روانگە و کردەی گشتی بەرفراونتر دەبوون.

جێگەی خۆیەتی، کە بیر لە رێباز و تاکتیکی دیکە بکرێتەوە و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە بەرامبەر سیاسەتی فێڵبازانەی دەسەڵاتدارانی تاراندا، ئاسنی سارد نەکوتن. گونجاوە، کە هێزە سیاسی‌یەکان لەمەودوا بۆ پرسی هەڵبژاردنەکان داوا لە خەڵک نەکەن، کە بەشدار بن یان بایکۆت بکەن، بەڵکو گرینگە کە خۆیان وەک هێزی سیاسی پەیامی حیزب و پارتەکەیان رابگەیەنن و بڕیاردان بە خەڵک و تاکەکان بسپێرن. بە واتایەکی دیکە، خەڵک فێری بڕیاردان و بیرکردنەوەی لە ئاستی رووداوە گەورەکان بکرێن و هانبدرێن، کە خۆیان لەو بەستێنەدا کارساز و خاوەن ئیرادەن. مێژوو سەلماندوویەتی، کە هەتا خەڵک لە نێوخۆدا رەوتەکە نەگۆڕن، رەنگە رێنوێنی و پەیامە دوورەکان لەو سەردەمەدا زۆر کارساز نەبن. پرسی ئێران و دوارۆژی ئەو وڵاتە ئاڵۆزە و لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆن و نێوخۆدا کەسایەتی‌یەک یان هێزێکی سیاسی نابیندرێ، کە بە کاریزما و هێزی یەکلاکەرەوە پێناسەبکرێن. ئێران، وڵاتێکی یەک دەست نییە و گەلانی جۆراوجۆر لەسەر خاکی خۆیان دەژین، بۆیە دەرفەتی کاری بزووتنەوەیەکی یەک دەست و کاریگەر کەمە. لە ئاکامدا پرش و بڵاویەکی زۆر پانتایی گۆڕەپانەکەی داگرتوە و رێژیم کۆنترۆڵی تەنانەت زۆربەی جووڵەکان دەکات و بە سیاسەت و رێگای جیاواز خەڵکی لە دوارۆژ و پەیامی هێزە سیاسی‌یەکان نائومێد کردوە. سیاسەتی رێژیم بۆ لێدان لە وزە و هێزی باوەڕبەخۆبوونی خەڵک و بە تایبەت ئەو تاکانەیە، کە دەخوازن لە هێزێکی پەرتەوازە ببنە وزەیەکی وشیار و ئامانجدار.

رۆژی هەڵبژاردنەکان بۆ گەلانی ئێران وەک رۆژی کەوتن و شکانی نیشتمانی پێناسە دەکرێن. لەو رۆژانەدا خەڵک

دەنگ بە ژێردەستەبوونی خۆیان و درێژەکێشانی بارودۆخەکە دەکەن و پەیمانی بێدەنگی لە گەڵ سەرانی نیزام نوێ دەکەنەوە. ئەو رۆژانە بارتەقای بێدەنگیی گەلانی ئێران و تاکی ئەو وڵاتەن، کە چەندە لە بەرامبەر دیکاتۆرییەت و سەرکوتدا دەست و پێ بەستراون. دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکان بە "رۆژی شکان و کەوتنە نیشتمانییەکان" ئاماژەیەکی رۆژانە و کولتووری بە هەڵوێست و سروشتی چاوەڕوانییەکانی خەڵکە، کە چەندە و چۆن لە گەڵ خۆیان و یەکتردا تەتەڵەی گیرۆدەبوون بە داوی سەرکوت و تۆقاندن دەکەن. خەڵکی ئێران شایانی ئەوەیە، کە رۆژێک وەک رۆژی خۆسەرکۆنەکردن دیاری بکەن و لەو رۆژەدا لووتکەی ژێردەستەیی خۆیان پێناسە بکەن. گەلان وەک تاکەکان مافی تاقیکاری شکست و شکانیان هەیە و گونجاوە گەلانی ئێران لەو مەیدانەدا ئەزموون کۆبکەنەوە. شکست و کەوتنی پاش تێکۆشان و جووڵەکان لە خەبات و سیاسەتدا بە سەرکەوتن دەژمێردرێن، چوونکە سەرئەنجام رێگا و ئامانجەکان لە یەکتر جیادەکەنەوە و مەودای خۆفریودان ناهێڵن.

لە رۆژی هەڵبژاردنەکان و تەنانەت رۆژە فەرمییەکانی وەک "دەیەی رووناکی"دا خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو پێ لەسەر ویژدانی خۆیان دادەنێن و سەڵەوات لە دیداری سیستمێک لێدەدەن، کە نان و ئازادی بردوەتە هەناوی مردن. لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەران بە هەموو عورفێک لە گەڵ بەڕێوەبەران و سیستمی زاڵ پەیمان نوێ دەکەنەوە و درێژە بە چەرخی سەرکوتی خۆیان و مانەوەی پایەکانی زوڵم دەدەن. دەنگدەران و خەڵکی تەنانەت بێدەنگ و دوور لە هەڵوێست بە چوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان کەلەپچەی دەستە بەستراوەکانیان توندتر دەکەن. مانەوەی دەسەڵاتێکی تۆقێنەر و دژ بە بەها و بایەخە مرۆییەکان لە ئێراندا رەگ و ریشەی لە هەناوی کولتووری خەڵک و پەروەردەی تاکەکان و تەنانەت تێڕوانینی کرچ و کاڵی بژاردەی کۆمەڵگەدایە. پێناسەکردن و دەستنیشان کردنی رۆژی شکان و شکستی نیشتمانی پێستی ئەستوری سەر رووخسارەکان لادەدا و دیوی شاراوە و ژوورەوەی کۆمەڵگە دەخاتە بەرچاو. داننان بە شکست و لاوازی رێژەی وشیاری تێکڕایی، بڵقە خەیاڵیی و ناڕاستەکانی تێڕوانینە هەڵەکان دەپوکێنێتەوە و هاوڵاتیان دەخاتە بەردەم خۆناسین و بەرپرسیاریەتی راستەقینە. لەو دۆخەدا خەڵک تێدەگەن، کە نە تەنیا سەرتۆپی گەلانی ئازا و ژیری جیهان نین، بەڵکو لە گێژاوی رووداو و دیاردەکاندا توانای چارەسەرکردنی پرسی ئازادیی و نانیان نییە.

نەتەوە و گەلانی بەختەوەر لە هەڵبژاردنەکاندا بیر لە خۆیان و داهاتووی وڵاتەکەیان دەکەنەوە و رێگا نادەن ماف و چارەنووسیان بخەنە بەردەستی ئەوانەی کە شایانی متمانەپێدان نین. لە ئێراندا دەنگدەران و خێڵی بێ

دەنگان هەست بە قوڵایی نەرێنی هەڵوێستی خۆیان ناکەن، بۆیە بە ئازایەتی و بەرپرسیاریەتییەوە تەتەڵەی چارەنووسی خۆیان و نەوەکانی داهاتوو ناکەن. ئەوان لە سەر بەستێنی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و سایکۆلۆژی و هەروەها سروشتی پڕ لە چەرمەسەری دەسەڵات و تەنیا لە بەر خاتری ئەم و ئەو ئەرکی دەنگدان رادەپەڕێنن یان بایکۆتی دەکەن. ئەگەرچی بۆ رێژیم تەنیا ئامادەبوونی مليونی خەڵک لە سەر سندووقەکانی دەنگدان گرینگە، بەڵام بۆ خەڵک کۆی پرۆسەکە بە مانای درێژەدان بە دۆخی ئێستا و تەنانەت نادڵنیایی زۆرتر و زیاترە. خەڵکی ئێران و گەلانی ئەو وڵاتە بۆ کۆکردنەوەی ئەزموون و ژیری پێویستیان بە راتڵەکاندن و بومەلەرزەیەکی بیرکردنەوەیە. چاوپۆشینی دوور و درێژ لە خاڵە لاواز، خۆشاردنەوە لە بەرپرسیاریەتی و هاودەست بوونی شاراوە لە درێژەکێشانی ئیستبداد بەشێکن لە سایکۆلۆژی خەڵکی ئێران.

خەڵکی ئەو وڵاتە، لە پرسی پێوەندی نێوان دەسەڵات و خۆیاندا هێشتا یەکلانەبوونەوە. ئەوان گوێ بۆ بژاردە و ئۆپۆزیسیۆن راناگرن و تەنیا بە وتە و دەربڕینی زارەکی لە گەڵ ئەواندا دەدوێن. ئەوە راستە، کە خەڵکی ئێران لە ئاڵوگۆڕ دەترسن و سامی رووداوەکانی پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیان وەک مۆتەکە لە سەرە. ئەوان دەبینن، کە شۆڕش و راستبوونەوەی گەلانی ناوچە دژ بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان خوێن و فرمێسکی زۆری دەوێت و زەمانەتی چاکسازی بارودۆخەکە ناکات. شایانی باسە،کە خەڵکی ئێران بە درێژایی مێژوو خۆیان لە گەڵ بارودۆخەکاندا گونجاندوە و ئازایەتی گوتنی راستەوخۆی نایان بە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارە غەددارەکان نەبوە. ئەوان لە هیچ کام لە قۆناخەکانی ژیانیاندا لە گەڵ پرسی رەخنە و هەڵوێستەکردن لە سەر خۆیان و هەڵوێستەکانیان و بابەتی دەسەڵات و ماف ئاشنا ناکرێن. مرۆڤی ئێرانی، خاوەنی کەسایەتی‌یەکی تایبەتە و بە پارێزەوە لە گەڵ رووداوەکان دەدوێ و زۆر درەنگ هەنگاو هەڵدەگرێ. لە ئاکامدا لە تەمەنی گەورەساڵیی و لە ژیانی رۆژانەدا هەڵویست و تێڕوانینەکانیان ورد ناکەنەوە و لە سەر ماف و چارەنووسیان بەرگریکارێکی ئازا نین.ستراتیژی و قوڵایی سیاسەت لە ئێراندا ئەوەیە، مرۆڤەکان لە بیرکردنەوە لە خۆیان و بەڕێوەبەرانی وڵات دوور راگرن و جار و بار شووتی گەورەیان لە بن هەنگڵ نێن. دەسەڵاتدارانی وڵات باوەڕیان بە درێژەدان بە رەوتی فریودانی خەڵکە و دەزانن، کە خەڵکی ئازا و وریا بە ئاسانی باری قورسی زوڵم و سەرکوت هەڵناگرێ.

هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا رەنگە بۆ خەڵکی دەرەکی و لە روانگەی یاسا بەرکارەکانی وڵات بە مانای بەڕێوەچوونی کایەی دیموکراسی بێت! بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو دۆخەدا ژیاون و بە چاوێکی کراوە کۆی وێنەکە دەبینن،

هەڵبژاردنەکان لە شانۆیەک زیاتر نین و بەوجۆرە هەڵبژاردنانە نەک دێموکراسی بەڵکوو زرە دێموکراسیش جێگیر نابێت. خەڵک و تاکی ئێرانی بۆ دەربازبوون لە گەمەی "خۆڵ وەسەر خۆ کردن" پێویستی‌یان بە ناسین و وردبوونەوە لە شکست و شکانە مێژوویی‌یەکانە، کە بە دەستی خۆیان دووپاتی دەکەنەوە. ئەوان دەبێ، ڕووداو و دیاردە پێوەندیدارەکان وەک هەن تاوتوێ بکەن و هۆکارەکان هەڵلاجی بکەن و بە ناخی شکانەکاندا ڕۆبچن. ئەگەر ڕۆژی هەڵبژاردن و دەنگدان لە ئێراندا بە ڕۆژی شکانە گەورە و نیشمانی‌یەکان پێناسە بکرێن، ڕەنگە مۆمێک لە تاریکەسەلاتی سووڕی سەرکوت و قەیراندا هەڵبکرێ. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، گەلانی ئێران و تاکەکان بە هاوکاری بژاردە و هێزی ئۆپۆزیسیۆن بیر لە خۆیان و پشکی ئەوان لە درێژەکێشانی سەرکوت دەکەنەوە و لە ناخی شکانەوە پلانی هەستانەوە و ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوو دادەڕێژن. مانەوەی دەستەوئەژنۆ لە ژێر دەسەڵاتی ترس و تۆقاندن و قبوڵکردنی ئەو دۆخە ڕێگەچارە نییە و سووڕی ستەم و سەرەڕۆیی ناوەستێنێ. شکاندنی تەلسم و سنوورە ناپیرۆزەکان، تووڕهەڵدانی چیرۆکە درۆزنینەکان و ئاشنابوونی خەڵک لە گەڵ زامە مێژوویی‌یەکان بەشێکن لە پرۆسەی خۆئازادکردنی تاک و کۆ لە داوبەندی دەسەڵاتێکی قۆرخکار و خەڵک خەسێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٧

---

## لاوازییەکانی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەباتی گەلان بۆ رزگاربوون دیاردەیەکی ئاشنایە و لە زۆربەی کەرتەکانی گۆی زەوی کەڵکی لێوەرگیراوە. باوەڕهێنانی مرۆڤەکان بە ئەستاندنی مافەکان ژێرخانێکی مێژوویی و فەلسەفی هەیە. مرۆڤەکان بە کردەوە لەو هاوکێشە مێژووییە گەیشتوون، کە مافەکان نادرێن و دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکان خۆبەخشانە ئامادەی پێدانی مافەکان بە مرۆڤ، کەمایەتیی و گەلانی ژێردەستە نین. مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتی و گەلانی جیهان دەیسەلمینێ، کە ڕەوتی ئازادبوونی مرۆڤ و گەلان بە ڕێگەی دژوار و پڕ لە تەنگوچەڵەمەدا تێپەڕیوە. ئازادیی بۆ مرۆڤەکان بەهایەکی گەورە و قەرەبوونەکراوەیە، بۆیە مرۆڤ لە پێناوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاددا تەنانەت ژیانی فیداکردووە.

رابوون و راسان بەرامبەر بە زۆرداریی و سەرەڕۆیی بەشێکی جیانەکراوە لە سروشتی مرۆڤە. لەو رەوتەدا مرۆڤەکان لە کەلێن و قوژبنی جیهاندا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان رێگایەکی دوور و رێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوایان بڕیوە. رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و داتەپینی دەسەڵاتی زلهێزەکان لەدوای شەڕە گەورە جیهانییەکان رێگەی دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی بۆ بەشێکی بەرچاو لە گەلان تەخت کرد. لەو رێڕەوەدا بەشێک لە گەل و کەمایەتییەکان بە هۆکاری جیاواز کەوتنە بەردەم تیغی دابەشکران و لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشکران. کوردەکان و کوردستان ئەو خەڵک و خاکەن، کە لە سەر بناخەی بەرژەوەندی فارس، تورک، عەرەب و زلهێزەکان بەرەو کۆڵانی تەنگەبەر و داخراوی مێژوو راکێش کران.

کوردەکان وەک گەلێکی بێ دەوڵەت و مافخوراو لەو دەگمەن گەلانەی جیهانن، کە لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە رەواکانیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر خەباتیان کردوە. دەوڵەتی مۆدێرن لەو وڵاتانەی، کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ سڕینەوەی کورد، تێکدانی ژینگە، وێرانکردنی زمان و کولتورەکەیان و سەرئەنجام داگیرکردنی خاکەکەیان هەموو چەک و سیاسەتێکیان بەکارهێناوە. کاروانی دووروودرێژی شەهیدانی رێگای کوردایەتی، مافخوازیی و ژیانیکی ئازاد و بەختەوەر دەیسەلمێنێ، کە کوردەکان ئامادە نین سەر بۆ داگیرکەرەکان دانەوێنن. ئەوان بە کەمترین کەرەستە دژ بە سپای دەوڵەتە دزەکان وەستاونەوە و بە گوێرەی توانا درێژەدەرەی رێگای ماف و داخوازەکانیان بوون. شایانی باسە، کە لەو خەباتەدا کوردەکان و خاکەکەیان زەبری گەورەیان بەرکەوتوە و تەوژمی خەباتەکەیان ئەوەندە بەرفراوان و کاریگەر نەبوە، کە ئیرادە و ویستە رەواکانی پسەپێنێ. بەهۆی سرووشتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکان پرسی کوردان بە رێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازنەوە چارەسەر نەکراوە. سیاسەتی ئەو دەوڵەت و نەتەوە سەردەستانە حاشاکردن لە پرسی کورد و هەروەها کپ و بێدەنگکردنی هەرجۆرە دەنگێکی حەقخوازانە بوە. لە ژێر پاڵەپەستۆی دەسەڵاتی دەوڵەتە جەردە و سەرەڕۆکاندا، لە هەر پارچەیەی کوردستاندا بەشێک لە کوردەکان لە چوارچێوەی بزوتنەوەی جیاواز و دەرفەتە گونجاوەکاندا خەباتی رێکخستن و تێکۆشانی پێشمەرگانەیان کردوە. لەو رەوتەدا، زەمەنی دەستپێکردنی خەبات و دامەزرانی بزوتنەوەی سیاسیی و چەکداری لە پارچەکانی کوردستاندا جیاواز بوون. بە گوێرەی بارودۆخەکان هەرجارە و لە پارچەیەکدا ئەو خەباتە بەهێز و لە لوتکەدا بوە و بە شێوەیەکی رێژەیی ئۆگرانی کوردایەتی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە. راپەڕینە چەکدارییەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی خاوەنی سرووشتی

تایبەت بە خۆیان بوون، بۆیە ئەوان دەکەونە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتی بە فۆڕمی مۆدێرن و خەباتی چەکداری بە شێوەی ڕێکخراو و پارتیزانی.

لێرەدا زیاتر لە سەر پرسی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵوێستە دەکەین. خەباتی چەکداری بە شێوازی پارتیزانیی و بە فۆرمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ سەردەمی بزوتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨) دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا بەشێک لە پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان توانیان بۆ ماوەیەک دژ بە ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا خەباتی چەکداری وەڕێخەن. ئەوان سەرەڕای دژواری بارودۆخەکە و بەهێزبوونی سوپای حەمە ڕەزا شا توانیان دورگەی ئارامی ئێران بشڵەقێنن. ئەوان لەو سەردەمەدا و بە لەبەرچاوگرتنی کەندوکۆسپە نێوخۆیی و دەرەییەکان بەکردەوە توانیان بناخەی قۆناخیکی تازە بۆ بزوتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا ڕەنگرێژی بکەن. شایانی باسە، کە ئەو بزوتنەوەیە وەک پێویست بۆ درێژەدانی خەباتی چەکداریی و گواستنەوەی بەشێک لە شێوەکانی دیکەی خەبات بۆ شارە گەورەکانی کوردستان و ئێران سەرکەوتوو نەبوون. ڕێژیمی پاشایەتی بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەرکوت، ئەشکەنجە، بەندیخانە و هەروەها بەکارهێنانی بەشێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد لە باشوور ئاوری چەکی بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ سەرکوت کرد. شایانی باسە، کە شێوازی خەباتی چەکداری لەو سەردەمەدا بە فۆڕمێکی قبوڵکراوی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهان پێناسە دەکرا.

ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دەرکەوتنی ڕێکخراوە چەپ و ڕاستەکان، بارودۆخێکی گونجاو و تازەی خوڵقاند. پارتە سیاسییەکان بە مەبەستی پاراستنی شار و گوندەکان و بە فۆڕمێکی پەرتەوازە هێزی پێشمەرگەیان پێکهێنا. لە قۆناخی یەکەمدا بێجگە لە هێزی پێشمەرگە، ژمارەیەک لە چەکدارە کوردەکان لە کاتی پێویستدا وەک هێزی پشتیوان لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکاندا بەشداریان دەکرد. شەڕەکانی ساڵەکانی یەکەمی دوای شۆڕشی ئێران هێشتا نەگوازرابوونەوە بۆ فازی شەڕی پارتیزانی. پێشمەرگەکان لە سەر خاکی خۆیان جێگیربوون و تێدەکۆشان زەبر لە هێزە داگیرگەرەکانی ڕێژیم بدەن و بەر بە پێشڕەوی لشکری ڕێژیمی ئاخوندەکان بگرن. ئەوان شەڕێکی نابەرابەر، بەڵام پڕ لە ئازایەتی و دوور لە نەخشەیەکی دووربینانە بۆ دوارۆژی پرسی کوردیان بەڕێوەدەبرد. شایانی باسە، کە پڕش و بڵاوی هێزە کوردییەکان لە یەکتر، نەبوونی هێزی یەکگرتووی کورد و هەروەها نەبوونی پلان، بەرنامە و کەرەستەی شەڕی گەورە لە لایەنە لاوازەکانی

کوردان بوون. خەڵک و کۆمەڵگەی ئەو کاتی ئێران و کوردستان لە ژێر پاڵەپەستۆی گەرمای شۆڕشی ئێراندا بوون و هەڵاتنی شایان بە سەرکەوتنی گەورە و یەکلاکەرە پێناسە دەکرد. لە ئاکامدا ڕێکخستنی خەڵک و سازان لە گەڵ یەکتر لەو ڕۆژگارەدا لە کارە سەختەکان بوون. کاتی پێویست لەبەردەستدا نەبوو، بۆیە خەڵک لە ئاستێکی بەریندا بیریان لە دواڕۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان نەدەکردەوە. پێشمەرگەی پارتە سیاسییەکان و تەنانەت خەڵک لە گەڵ تێکۆشانی ریکخراوەییدا ئاشنا نەبوون و بە حوکمی هێز و کۆدە کولتورییە باوەکان پرسەکانیان یەکلا دەکردەوە. تەوژمی ئایدۆلۆژی ڕاست و چەپەکان و نەبوونی ئەزموونی کاری حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی زۆر جار دوژمنە راستەقینەکەی لەبیر دەبردەوە و چەکەکان بە ناوی جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەکرانەوە.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چەند ساڵ پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات زۆربەی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیرکرد. لەئاکامدا هێزە سیاسییەکان و پێشمەرگەکانیان لەسەر سنوورەکانی باشوور، باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بوون. لەو سەردەمەدا شەڕی پارتیزانی بە مانا ڕاستەقینەکەی بوو بە ئالتێرناتیڤ و قۆناخێکی تازە بەسەر بزوتنەوەی کورددا سەپێندرا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەک گەورەترین هێزی ئەو سەردەمە و هەروەها کۆمەڵە و هێزە بچووکەکانی دیکە تێکۆشان، لەو مەیدانەدا وەک هێزێکی کارا بمێننەوە. حیزبی دێموکڕات تەنانەت دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و چۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان تێکۆشا، کە خەباتی پێشمەرگانە و شەڕی پارتیزانی درێژەبدات. سەرئەنجام، لە ئاکامی درێژەکێشانی شەڕی نێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ( لە دەیەی ٩٠ی زایینی) خەباتی چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سڕکرا.

لەو سەردەمەدا ئێران و تورکیە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ بێدەنگکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکور هەوڵوتەقلاکانیان چڕکردبۆوە. ئەوان شەڕی نێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان بە دەرفەت دەزانی و بە باشی سوودیان لێوەردەگرت. لەو سەردەمەدا بە تایبەتی ئێران، لە باشووری کوردستاندا تەراتێنی دەکرد و هەڵمەتێکی گەورەی تیرۆر و ڕەشەکوژی کوردانی ڕۆژهەڵاتی دەستپێکردبوو. لەو بارودۆخەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەک تەنیا هێزی گۆڕەپانی خەباتی چەکداری، لە پێناوی مافی مانەوە لە باشووردا ناچارکرا دەست لەو خەباتە هەڵگرێ. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کەم و زۆر ویستوویانە، پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات ڕەوانە بکەنەوە. شایانی باسە،

لەو قۆناخەدا ژمارەیەک حیزب و هێزی دیکە تێکەڵ بە ریزی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کوردستان بوون و یەکێک لەوان (پەژاک) لە ماوەی رابردوودا لە نێوخۆ و سەرسنوورەکانی رۆژهەڵات لە گەڵ هێزەکانی رێژیم دەرگیربووە. شیاوی ئاماژەیە، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاون پێشمەرگەکانیان لە نێوخۆی کوردستاندا جەولە و تێکۆشانیان هەبێ. ئەوان لە پێناوی نیزیکتربوون لە خەڵک و کردنەوەی دەراوێک چەند ساڵێک دەبێ، کە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانیان لەچەند شوێنێکی سەرسنووری رۆژهەڵاتی کوردستان جێگیرکردوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی رابردوو لە ژێر ناوی راساندا پێشمەرگەی رەوانەی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد، کە لە چەند ناوچەیەکدا کەوتنە ژێر پەلاماری هێزەکانی رێژیم. ئەو ساڵە بە ساڵێکی خوێناوی لە خەباتی چەکدارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا پێناسەدەکرێ.

بوونی خەباتی چەکداریی و پارێزگاریکردن لە خاک و خەڵک رەوایە، بەڵام کوردەکان لە پرسی خەباتی چەکداریدا بە هۆکاری جیاواز زۆر سەرکەوتوو نەبوون. شایانی باسە، کە خاڵی لاوازی خەباتی چەکداری کورد دژ بە رێژیمەکان، سنووردارbوونی بەستێنی ئەو خەباتەیە. ئەو خەباتە زیاتر لە دەرەوەی شارەکان بەڕێوەچوە و شار وپارێزگا گەورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو خەباتەدا رۆڵێکی لاواز و نەبوویان گێڕاوە. لە لایەکی دیکە، بەهۆی تێڕوانین و فەلسەفەی لێدان لە دوژمن لە سەر خاکی خۆت، ئەوان تێکۆشاون شەڕەکە لە کوردستان بکەن. پارتە سیاسییە کوردییەکان کەمتر هەوڵیانداوە بە فۆرم و شێوازی گەلانی دیکە لە شارە گەورە و بە تایبەت پێتەختی ئێران لە پێناوی ویستە رەواکانی گەلدا کردەوەی نیزامی بەڕێوەبەرن. بوونی جوڵەی چەکداریی و تەنانەت پەلامار بۆ سەر بارەگا، بنکە و ناوەندە نیزامی، ئابوریی و ئیدارییەکان لە تاران پرسی کورد زیاتر زەق دەکاتەوە. ناوەندە مێدیاییەکانی رۆژئاوا و نێوخۆ بە بوونی هەرجۆرە عەمەلیاتێکی نیزامی لە تاران دژ بە بارەگا و بنکە سەربازیی و ئابورییەکانی رێژیم هەستیارن. ئەگەر پارتە کوردییەکان لەو پێوەندییەدا پلان و بەرنامەی درێژخایەنیان هەبایە، بێگومان پرسی کورد لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بە پرسیکی رۆژ دەناسرا و بەرپرسانی ریژیم ناچار دەبوون بە چاک و خەراپ لە گەڵ ئەو جوڵانەوەیە بکەونە دیالۆگ.

بوونی پێشمەرگە بۆ خەباتی کوردان پێویستە، بەڵام درێژەدانی خەباتی چەکداری بە فۆڕم و شێوازی کۆن کارساز نییە. رێژیم لەو پێوەندییەدا تەجروبەی ساڵانی رابردووی هەیە و بێجگە لەوە بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە

تێکنۆلۆژی تازە ئاسانتر دەتوانێ جوڵەی خەباتی چەکداری بە شێوازی کۆن کۆنترۆڵ بکات و زەربەی لێبدات. ئاڵووگۆڕپێکهێنان لە جۆر و تاکتیکی خەباتی چەکداری و بە تایبەت گواستنەوەی مەیدانی شەڕ لە کوردستانەوە بۆ شارە گەورەکانی ئێران بارودۆخەکە بە قازانجی هێزە کوردییەکان دەشکێنێتەوە. کوردستان بەردەوام گۆڕەپانی شەڕی داگیرکەر و دەوڵەتە سەردەستەکان بووە و لە شەڕی رزگاریخوازانەشدا ژینگەی کوردستان زەبری کاریگەری بەرکەوتوە. بەرپرسانی نیزامی رێژیم دەستیان لە وێرانکردنی ژینگەی کوردستان نەپاراستوە و لە ئەگەری بچوکترین تێکهەڵچوون لە گەڵ پێشمەرگەکانی کورددا دارستان و مەزراکانیان داوەتە بەر رهێڵەی ئاوری چەکە قورسەکانیان. لە سەر بناخەی ئەو لێکدانەوەیە، گواستنەوەی هەڕەشەکان لە کوردستانەوە بۆ ناوەندەکانی دیکەی ئێران بە قازانجی پاراستنی ژینگەی کوردستان دەشکێتەوە. لەو شەڕانەی کە لە کوردستاندا دژ بە رێژیم کراون، خەڵکی کورد زیانی زۆری بەرکەوتوە و بەشێکی زۆر لە کوژراوەکانی ریژیم (چەکدارە کوردەکانی رێژیم) خەڵکی کوردستان و سەر بە کۆمەڵگەی کورد بوون.

هێزە کوردییەکان ئەگەر خوازیاری درێژەدان بە خەباتێکی چەکدارانەی کاریگەرن، ناچارن لە جیهانی ئەمڕۆدا تاکتیکی لەبارتر و گونجاوتر دەکاربێنن. لە ئەگەری ئەنجامدانی خەباتی چەکدارانە و گواستنەوەی تاکتیکی زەبرلێدان لە ریژیم بۆ شارەکان، پێویستە باڵی سیاسی و چەکداری لە یەکتر جیابکەنەوە. ئەو کارە مەیدانی مانۆڕی هێزە سیاسییەکان یان ئەو هێزەی کە خاوەنی توانای چەکدارییە لە رۆژئاوا و لەنێوخۆدا بەهێزتر دەکات. باڵی سیاسی لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەتوانێ ببێتە زمانحاڵی ویست و داخوازەکان و لە کاناڵە دیپلۆماسییەکان بە قازانجی پرسی کورد لە بوونی باڵی چەکدار کەڵک وەرگرێ. خەباتی چەکداریی هێزە کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بە نوێبوونەوەیە. تێپەڕاندنی شێوازی کۆنی خەباتی چەکداریی و کارکردن لە سەر فۆڕمێکی نوێ، پرسی کورد لە ئێران و دەرەوەدا زیاتر دەجوڵێنێ. رۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێو سنوورەکانی ئێراندا ناوچەیەکی پەراوێزخراوە و کەمترین فۆکۆسی مێدیایی نێونەتەوەیی لە سەرە. لێدان لە ئامانجە نیزامی و ئابورییەکانی رێژیم لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دیواری بێدەنگی لەسەر پرسی کورد دەشکێنێ.

زەبرلێدان لە پەیکەری نیزام لە ناوەند ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش ئەنجام بدرێ، دەلاقەیەکی نوێ بەڕووی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتدا دەکاتەوە. ئەو جوڵانە لە نێو مێدیا و خەڵکدا دەرگای دیالۆگ بەسەر پرسی کورددا دەکەنەوە و پرسیار لە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد دەخوڵقێنن. رەنگە زیاتربوونی ئەو زەبرانە

ڕێژیم و کاربەدەستەکانی ناچار بکات سەرنجی زۆرتر بخەنە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەو پارچەیەی کوردستاندا تەوژمێکی زیاتر پەیدا بکات. مانەوەی خەباتی چەکدار لە حاڵەتی ڕاوەستاو یان بە فۆڕمی کۆن، مەترسیەکی زۆر بۆ ڕێژیم ناخوڵقێنێ. ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە فۆڕم و شێوازەکانی بەربەرکانی گەلێکدا دژ بە دەسەڵاتێکی توندوتیژ پێداویستیەکی قەرەبونەکراوەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەوجۆرە لە خەباتە هێز و کەرەستەی زۆرت ناوێ و تەنیا ئەکتەری بەباوەڕ و پەروەردەکراو دەخوازێ. بەرفراوانکردنی مەیدانی شەڕ لە گەڵ ڕێژیم و زەبر وەشاندنی گەورە بە تێچووی کەم، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەڕان و جەولەی پێشمەرگانەش ئامادەتر دەکات. لە دۆخێکی ئەوتۆدا خەڵکی کورد زیاتر لە جاران بیر لە مافەکانیان دەکەنەوە و لە خەوی زستانە وەخەبەردێن.

خەباتی چەکداری بە فۆڕمی ساڵانی کۆن، پێویستی بە بنکەی جێگیر و هەروەها کۆمەڵێک فاکتەری دیکەیە، کە ڕەنگە وەک سەردەمی کۆن ئاسان نەبێ و لە سەر بارودۆخەکەش کاریگەر نەبێ. بێجگە لەوە، خەباتی چەکداری بە شێوازی کۆن لە خەباتێکی وەرزی دەچێ، کە زیاتر مانگە ویشکەکانی ساڵ دەگرێتەوە. ئاڵووگۆڕ پێکهێنان لەو شێوازە لە خەبات و لێدان لە بنکە و بارەگا تایبەتییەکانی ڕێژیم بە شێوازی دیکە، ترس و دڵەڕاوکەی ڕێژیم دەکاتە چواروەرزی. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە چۆنیەتی بەگژداچوونەوەی ستەم و زۆرداری ڕەنگە ریسکی خۆی هەبێ، بەڵام زیاتر لە ڕێکارەکانی دیکە لە نێوخۆ و دەرەوە شوێندانەرە. لە بواری ڕەوانی پرسی کورد لە پرسێکی پەراوێزخراو و کپکراو دەباتە چەقی ڕووداوەکان و ڕێژیم و بەرپرسەکان لەوە زیاتر ناتوانن باس لە نەبوونی ویست و داخوازی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەن. سازکردنی مەترسی بۆ ڕێژیم لە شارو پارێزگا گەورەکانی ئێران بە هۆی خەباتکارە کورد و باڵی چەکداری پارتە سیاسییەکانەوە، دەرفەت زۆرتر بۆ خەباتی سیاسی لە کوردستاندا دەخوڵقێنێ. ئەگەر لەو مەیدانەدا پلان و بەرنامەی گونجاو هەبن بەردەنگ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران زیاتر دەبن. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەموو نیزامە سەرەڕۆکان لە زمانی دیالۆگ کەڵک وەرناگرێ و لە زمانی تەقینەوە و زەبرلێدان زیاتر لە هەموو زمانەکانی دیکە تێدەگات. نووسین و درووشم کاریگەریەکی ئەوتۆیان نییە و پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی تەنیا بە خۆپێشاندان و نووسین ناناسرێ.

پێشمەرگە کوردەکان بە گوێرەی هەموو فاکتەرەکان بە تەنیا ناتوانن وەک سەردەمانی کۆن درێژە بە جەولەی پێشمەرگانە و هەروەها خەباتی چەکداری بدەن. بۆ سەرخستنی ئەو خەباتە پێکهێنانی شانەی نهێنی چەکدار لە

کوردستان پرسێکی گرینگە. بوونی هێزی پێشمەرگە لە سەر سنوورەکان دەکرێ زیاتر وەک پاڵنەری بەهێزکردنی ورەی کۆمەڵانی خەڵک و کاراکردنی شانە چەکدارییە نێوخۆییەکان ببیندرێ. ڕێکخراوکردنی لاوان بە شێوەیەکی بەردەوام و ئەکتیو، فاکتەرێکی کارای بووژاندنەوەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و کاناڵی تەنگەتاوکردنی بەرپرسانی ڕێژیم لە کوردستان بە ئەژماردێت. ڕێکخستن و تەشکیلاتی هێزە سیاسییەکان بە فۆڕمی کۆن ناتوانن لە درێژەدانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران سەکەوتوو بن. ئەوان پێویستیان بە چالاککردن و هەروەها پێکهێنانی شانەی نهێنی تازەیە، کە لە گەڵ بارودۆخی تازە بگونجێن و بکەری چالاکی گۆڕەپانەکە بن. ڕێژیم و هێزەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو ئەگەرەکان کەڵکوەردەگرن و تەنیا پشت بە ئەزموونە کۆنەکانیان نابەستن.

پێشمەرگە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش سڕکردنی خەباتی چەکداری خاوەنی ئەزموونی پڕبایەخ لەو بەستێنەدا بوون. پارتە سیاسییەکان لە پاش سڕکردنی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیریان لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و هەروەها بەڕۆژکردنەوەی تاکتیکی خەباتی چەکداری دژ بە ڕێژیم نەکردەوە. ئەوان بیریان لە گەشەپێدانی جۆر و فۆڕمی خەباتی چەکداری و هەروەها گواستنەوەی بەشێک لەو بەربەرکانییە بۆ شارە گەورەکانی ئێران نەکردەوە. بە واتایەکی دیکە، پاش سڕکردنی ئەو خەباتە بیر لە هیچ جۆرە ئاڵترناتیڤ و جێگرەوەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڕێژیم و درێژەدان بە خەباتی چەکداری نەکرایەوە. چاوەڕوانی پارتە کوردییەکان وەک ڕێکخەری هێزی پێشمەرگە و عادەتکردن بە بارودۆخی زاڵ، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی زیاتر لە هەموو سەردەمەکان کپ و بێدەنگ کرد. ڕێژیمی ئاخوندی لەو دۆخەدا قازانجی سەرەکی کرد و لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکان کەڵکی وەرگرتوە و هەروەها لە سڕکردنی دژبەراندا سەرکەوتوو بوە. لە ئاکامدا، ئەمڕۆ کادر و ئەندامانی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە سەر پرسی بەشداریکردن یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەرامبەرکێی یەکتر دەکەن و ئامانجە ڕاستەقینەکان خەریکە پەراوێز دەخرێن.

لە لاپەڕە ١٤ی ژمارە ٥٨٠ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی مای ٢٠١٧

# وردکردنەوەی بڕیارە سیاسیەکان بە لۆژیک یان کفوکۆڵ

لەو رۆژانەی رابردوودا ژمارەیەک لە هێزە سیاسییەکان لە گەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەو کۆبوونەوەیان بایکۆت کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا یاسا بەرکارەکانی باشوور و پارلەمانی کوردستان پێشێلکران و رۆژی رێفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان، لە دەرەوەی یاسا بەرکارەکان دیاریکران (هەڵبژاردنی پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم). بەشداربووانی کۆبوونەوەکە وەک خەڵکی ئاسایی ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیەن و نازانن رێفراندۆم بەکردەوە چۆن لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بەڕێوەدەچێ. لەو کۆبوونەوەیەدا مەسعود بارزانی و پارتەکەی گەمە کورتخایەنەکەیان بردەوە، کە رەنگە لە درێژخایەندا زۆر کەس دەستی پەشیمانی لە ئەژنۆ بدەن. ئەوان، لە پێناوی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیاندا ژمارەیەک سیاسەتکار و نوێنەری هێزە سیاسییەکانیان کردە پاشکۆی سیاسەتی خۆیان. پارتی لەو مەیدانەدا ئەزموونی هەیە و لە رابردوودا بۆ مانەوە و پاراستنی پێگەی خۆی، خەڵک و هێزە سیاسییەکانی خستۆتە بەردەم بڕیاردانی نابەدڵ.

کوردەکان لە نیشتمانی خۆیاندا خاوەنی مافن و لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا مافی بڕیاردان لە سەر دوارۆژی خۆیان هەیە. شایانی باسە، کە پرسی رێفراندۆم و کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو باسە لە باشووری کوردستاندا پڕن لە ناتەبایی. رێکارەکان زۆر گرینگن و بازدان بە سەر یاسابەرکارەکان و لەکارخستنی پارلەمان چیرۆکێکی پڕ لە گریێیە. خۆسەپاندن بە ناوی رێفراندۆم و خۆحەشاردان لە پشت درووشم و وشە بەتاڵەکان زیانی گەورەی بەدواوەیە. کورد لە کۆنەوە گوتویەتی، کە باری خوار ناگاتە مەنزڵ.ئەگەر مەسعود بارزانی و هاوڕێکانی لە گەڵ عاشقان و ئۆگرانی وشەی رێفراندۆم بەکردەوە خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتن، گۆڕەپان و مەیدان کراوەیە. ئەوان بۆ سەلماندنی سەداقەت و نییەتی خۆیان پێویستە رێز لە یاسا بگرن و بە رێکاری قبوڵکراو و باو، بانگەوازی رێفراندۆم و هەروەها دیوەی پشتەوەی ئەو جوڵەیە بکەن. بارزانی و هاوقەتارەکانی خەریکن ماسی لە ئاودا بە خەڵکی کورد بفرۆشن و شکستی سیاسی و ئیداری خۆیان بەو بەزمە بەهاریی (راگەیاندنی دەوڵەت) و پاییزیانە (بەڕێوەبردنی رێفراندۆم) بشارنەوە.

لە ژێر تیشکی فاکتە مێژووییەکاندا دەکرێ بگوترێ، کە کوردەکانی باشوور بە پەرتەوازەیی ناتوانن ئەو پرسانە یەکلایی بکەنەوە. شارەزا و دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان زیاتر لە ئێمە ئاگاداری دۆخی باشووری کوردستانن و لە راپۆرتەکانی خۆیاندا لە بنی کولەکەی دەدەن. کاتێک هێزە سیاسییەکان و دەنگدەران لە سەر پرسەکان هاودەنگ نەبن، بێگومان لەسەر بەغدا و هێزە دەرەکیەکانیش کاریگەری نەرێنی دەبێ. بۆ سەرخستنی پرۆژەیەکی گەورە، نەخشەیەکی ورد و کارا و هەروەها ئیرادەی تێکڕایی و راستگۆیی پێشڕەوان پێویستە. نەبوونی متمانە و بەرچاوڕوونی خەڵک، سیاسییەکان و تەنانەت بژاردەی کۆمەڵگە لە سەر دوارۆژی باشوور چاوپۆشی لێناکرێ. ئەوان لە دۆخێکی ناجێگیر و نادڵنیادا دەژین و لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەتدا گیریان خواردووە.

خەڵکی ئێمە شایانی ئازادیی و سەربەستییە، بەڵام بە هەڵپەڕکە و یەکترشکاندن رێفراندۆم و داخوازەکانی خەڵک پراکتیزە ناکرێن. پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی دەخوازن، تەنیا قسەی خۆیان بەرنەسەر و بە هەر نرخێک بێت تەنیا رێفراندۆمێکی شکلی بەڕێوەبەرن. بێجگە لەوە، ئەو درووشمانە بۆ پێخۆری هەڵبژاردنەکان پێویستن و لەو بەستێنەشدا قازانجی خۆیان دەکەن. ئەوان ساڵی رابردوو گوتیان، کە رێفراندۆمی کوردستان پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بەڕێوەبچێ! پێشرەوان و سەرچۆپی کێشی ئەو درووشمانە و هاوڕێکانیان رەنگە لە لای نوێنەرانی بەغدا و دەرەوە رابگەیەنن، کە پاش رێفراندۆم ئەوان دەوڵەت راناگەیەنن و لە گەڵ بەغدا دەکەونە دیالۆگ. کورد گوتەنی، ئەوان ئامانج فیدای بەرژەوەندی تاکە لایەنێک دەکەن و خاک و خەڵک دەخەنە قەپانی قومارە سیاسییەکان.

بەشێک لە هاوڵاتیانی کوردستان لێرە و لەوێ بە دیاریکرانی رۆژی ریفراندۆم شادن، کە مافی خۆیانە. ئەوان لێرەدا رێفراندۆمیان وەک راگەیاندنی سەربەخۆیی مانا کردۆتەوە و نازانن، کە سنووری نێوان رێفراندۆمی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بە قەدەر سنووری نێوان قسە و کردار و زیاتریش لە یەکتر دوورە. سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت ئیرادە، ژیری، ئازایەتی، شەهامەتی ئەخلاقی، خۆنەویستی، دووربینی، متمانە و باوەڕی تێکڕایی دەوێ. دامەزراندنی دەوڵەت بەستێن و ژینگەی گونجاو و هەروەها فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی دەخوازێ. ئەگەر مرۆڤ لە گەڵ خۆی راستگۆ بێ، ئەوەی لە باشوور دەگوزەرێ تەنیا جۆرە سەرگەردانیەکی سیاسییە، کە کۆتاییەکی خێری نابێ. ژن و پیاوە سەربەخۆخوازە راستەقینەکان دوارۆژی خاک و نەتەوەکەیان دەکەنە ئامانجی نەگۆڕ و نابنە دیلی هەوەسی دەسەڵات، پارە و کورسی. سەرکردایەتی کردنی

سەربەخۆیی نەتەوەیەک و دامەزراندنی دەوڵەت کاری هەموو کەسێک نییە و تاقیکاری گەلانی دیکە و کوردەکان لەو گۆڕەپانەدا باشترین بەڵگەیە.

تێپەڕینی کات رەنگە باشترین فاکتەری هەڵاواردنی وتە و کردارەکان بێ. ئۆگرانی راستەقینەی ئازادیی و رزگاری مرۆڤەکان خۆیان لە شانۆسازی دەبوێرن و بە کردەوە دەیسەلمێنن، کە کاڵای پڕ بەباڵان. ئەگەر تەمەن رێگا بدات زۆربەی ئێمە پاش ماوەیەکی دیکە دەبینین، کە وشکە کەڵەکە سیاسییەکان و نەخشە کرچ و کاڵەکان سەرئەنجام دەکەونە سەر پشت و دادەڕمێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٧

---

## با لە گەڵ خۆمان و خەڵکدا راستگۆ بین

شاری تاران رۆژی ٧ی مانگی ٦ (١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی) شایەتی روودانی دوو کردەوەی چەکداری بو. ژمارەیەک چەکدار لە باڵەخانەی مەجلیس و هەروەها سەر گۆڕی خومەینی بە بەکارهێنانی چەک و کردەوەی خۆ تەقاندنەوە دیواری بێدەنگی تارانیان هەژاند. لێکدانەوەکان لە سەر ئەو رووداوە چاوەڕواننەکراوە زۆرن و لە سەرەتادا هەر کەس و لایەنەی بە جۆرێک ئەو کردەوە چەکداریەیان تەفسیر دەکرد. بەشێک لە نووسین و دەربڕینەکانیاندا بۆ شەڕی نێو دەسەڵات و ژمارەیەکی دیکەش وەک سێناریۆی رێژیم بۆ دەستپێکردنەوەی خولێکی تازەی سەرکوت پێناسەیان دەکرد.

لەوبەینەدا داعش بەرپرسیارەتی ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی بە ئەستۆگرت و بازاڕی تەفسیر و لێکدانەوەکانی تۆختر کرد. لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا ژمارەیەک کەس کوژران و بریندار بوون و بە گوێرەی بڵاوکراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چەکدارە هێرشبەرەکان کوژراون. راگەیەنە گشتییەکانی رێژیم وێنە و ناوی چەکدارە کوژراوەکانیان بڵاوکردەوە و بەمجۆرە دەرکەوت، کە ژمارەیەک لەو چەکدارانە کوردن و لە بەرەی رەوتە ئیسلامیەکان و دواتر

داعشـدا رێکخـراون. بە وتەی پیرانـی کـورد، ئـێمە کەوتـووینەتە دیـوی تـاریکی ڕووداوەکـان و تەنیـا بـکەر و رێکخەرەکان ئاگاداری تەواوی ئەو کردەوە چەکدارییەن.

ئەو ڕووداوە بە گوێرەی لێکدانەوەی چیرۆکەکانی "کلیلە و دەمنە" ڕەنگە فـازێکی دیکە وەرگرێ و بە زەبرلێـدان لە دوژمـن لە لایەن نەیـار و دوژمنێکـی دیـکەوە پێناسـەبکرێ.بەشـێک لە هێـزە سیاسـییە ڕۆژهەڵاتییەکـان و سیاسەتکارەکانیان لە ژێر ناوی خەبات دژی تێرۆریزم ئەو کردەوانەیان مەحکوم کرد. بەشێک لە مێدیاکانی باشوور و سیاسەتکارەکانیان لە پەیامی هاوخەمی و بڵاوکراوەکانیاندا بۆ گۆڕی ڕێبەری نیزام، خومەینی، زۆر بە پەرۆش بـوون. ئەوان یەکێـک لە جینایەتکـارترین کەسـەکانی مێـژووی ئێرانیـان بە ئیمـام و ئـایەتوڵڵا نـاوزەد دەکـرد و تەنانەت بۆ یەکێک لە تیرۆریستپەروەرترین ڕێژیمەکانی سەردەم نیگەران بوون. بۆ هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردنی ئەو کردەوە چەکدارییە دەکرێ چەند تێڕوانینێک بە شێوازی پرسیار بخەینەڕوو.

لە سەرەتادا دەکرێ پرسیار لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداووە بکەین. بۆ وێنە چ کەسانێک ئەو کردەوەیان ئەنجامداوە؟ ئەوان لە پێنـاوی چ ئامانجێکدا ئامـادەبوون بـارودۆخی شـارێکی گەورەی وەک تـاران تێکبـدەن؟ کردەوەکـان لە چ شـوێنێک بەڕێوەچـوون؟ چەکـدارەکان بـۆچی شـوێنە گشـتییەکانی دیکەیـان هەڵنەبژارتـوە و بە چ مەبەسـتێک کردوەکانیان لە مەجلیس و هەروەها سەر گۆڕی خومەینی بەڕێوەبردوە؟ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ جۆرە ڕێژیمێکە و چەندە لە چەکی تیـرۆر کەڵکی وەرگرتـوە؟ خومەینی و پاشماوەکانی لە مـاوەی سـاڵانی رابـردوودا چەنـدە خەڵکی ئـازادیخواز و تەنـانەت سیڤیلیان کـردۆتە قوربـانی مەرام و سیاسـەتەکانی خۆیـان؟ ئەگەر چەنـد کـوردێکی خـاوەن بـاوەڕی کـوردایەتی ئەو کردەوەیـان ئەنجام دابـایە، هەڵوێسـتی هێـزە سیاسییەکان و کۆنە سیاسـەتکارەکان چـۆن دەردەبـڕا؟ بـۆچی ژمـارەیەک لە کوردەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تـێکەڵ بە بـزوتنەوە ئیسـلامییەکان دەبـن و تەنانەت لە نێو بازنەی توندڕەوەکانـدا خۆیـان دەبیننەوە؟ ئایـا لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا دەرفەتـی کـارکردن بـۆ هەڵسـووڕاوانی ئـایینی لە سێکۆلار زیـاترە؟ چـۆن دەکـرێ، لاوەکـان لە پێنـاوی خەبـاتی ڕەوای کـورددا کەڵکیـان لێـوەربگیرێ؟ ئایـا کۆمـاری ئیسـلامی و بناخەدارێژەرەکـانی لە زمـانی دێموکڕاسـی و ئاشـتی تێـدەگەن؟ ئەگەر وەک نەتەوەکـانی دیکە، کوردەکـان شـەڕی مافەکانیـان نەبەنە بەردەم مـاڵی شـا، ئـاخونـد و تێکنـۆکڕات چـۆن دەتـوانن مافەکانیان دەستەبەر بکەن؟

بزوتنەوەی کورد شانازی بەوە دەکات، کە دژ بە ڕێژیم شەڕی چەکداری کردوە، بەڵام کاری تیرۆریستی نەکردوە. باڵانسی هێز لە کوردستان و ئێراندا بە قسە ناگۆڕێ و سروشتی تیرۆریستپەروەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئێران نەگۆڕە. ئەوان لە زۆربەی بڕگەکانی مێژوودا لە چەکی ڕەشەکوژی کەڵکیان وەرگرتوە. خومەینی، کە گۆڕەکەی کراوەتە ئامانجی یەکێک لەو کردەوە چەکداریانە، لەو دەسەڵاتدارە غەددار و زاڵمانەیە، کە خەڵکی ئێران و بنەماڵەی قوربانیەکانی تیرۆریزم لە گۆڕەکەشی خۆشنابن. ڕۆژانێک دێن، کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو سەمبول و روخسارە مردوو و زیندوەکان گەسک دەدەن و ئامادە نین شاهیدی دیتنی گۆڕی کەسانێک بن، کە فتوای جیهادیان دژ بە کوردان و ئازادیخوازنی ئێران دەرکردوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵات و بزوتنەوە سیاسییەکەی ئەوەندە لە بازاری سیاسەتدا نەجیب و موحتەڕەمن، کە دۆست و دوژمن لە بن باڵی خۆیان دەنێن.

ناکرێ راستییەکانی کۆمەڵگە فەرامۆش بکرێن و جەوهەری مافەکانمان تەنیا بە خۆهاوڕەنگکردن لە گەڵ شەپۆلی مێدیاکاکان دەستەبەر نابن. لە کارێکدا، کە خێری گشتی تێدایە چ پێویست دەکات، شینی حوسێن و حەسەنی بۆ بکەین. کاتێک دوژمنێکی غەدار و سەرەڕۆ زەبری تێدەسرێویندرێ، چ ئایین و لۆژیکێک حوکم دەکات، کە وەک دوژمنە تیرۆریستەکە قوڕ بپێوین. بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کاری گەورەتری لە سەر شانە و رابەرایەتی بزوتنەوەیەک هەر بە تەئید و مەحکومکردنی ئەم و ئەو ناکرێ. بەرپرسانی ڕێژیم لە تاران و ڕێبەرەکانیان بەرامبەر بە کورد هەموو چەکێکیان دەکارهێناوە. کوردەکان قوربانی و ئەوان زاڵم و ستەمکارن، بۆیە توڕەبوونمان لە کردەوەکانی تاران و زەبرلێدران لە پەیکەری نیزام دژی ویژدانی خۆشمانە. کاتێک دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی تاران قاسملوو، سەعید شەرەفکەندی و سەدان کەس لە دەرەوەی سنوورەکان تیرۆر دەکەن، مەیدانێک بۆ هاودەردی لە گەڵ قاتڵ و جەردە سیاسیەکان نامێنێتەوە.

ئەگەر دژ بە گەشەسەندنی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، پێویستە قوڵی هیممەتی لێهەڵماڵن و بۆشاییەکان پڕکەنەوە. سوننەکان لە ئێران لە کۆنەوە وێڕای کەمایەتییە ئاینییەکان دەچەوسێنەوە. بە دوو وتاری کوردیی و فارسی ناکرێ دوژمنکاری شیعە دەسەڵاتدارەکانی تاران بەرامبەر بە سوننە و ئەوانی دیکە خاو بکەیەوە. ئەو پرسانە بە سیاسی دەکرێن و لە بەستێنی جیاوازدا کەڵکیان لێوەردەگیرێ. ئەگەر خوازیاری ئیدارەکردنی خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتن، ناکرێ توخم و خانە سەرەکیەکانی نێو کۆمەڵگە فەرامۆش کەن. چەرخەکانی کۆمەڵگە و هەست و شعوری نەتەوەیی و ئایینی و هتد. تێگەیشتنی راستەقینەیان دەوێ و بە ڕێنوێنی و شوعار چارەسەر

نـابن. ئـازایەتی لەوەدایە، کە لە گەڵ خۆمـان و خەڵکدا راستگۆبین و تەنیـا بـۆ پیاوچـاکی رەش و سپی تـێکەڵ نەکەیـن. تیرۆریزمـی دەوڵەتـی ئێـران ریشـەداره و پێویسـت ناکـات کوردەکـان وەک قوربـانی لە گەڵ سـتەمکاره دەسـەڵاتدارەکانی تـاران لەو کـردەوەیەدا هاوسـۆزبن. نیـزامە سیاسـییەکانی ئێـران، کولتـوری کوشـت و بڕینـی دەسەڵاتداران تەنیا لە زمانی چەک تێدەگەن و بە وشە و دەربڕینە سۆزداریەکان گوێیان نالەقن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٧

---

## دیدارێک لە وەزارەتی دەرەوەی فینلەند

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی مانگی ئوتی سـاڵی ٢٠١٧ی زایینـی (٣١ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٩٦ هەتـاوی) مستەفا مەولـودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، وەستا رەحمـان و کەریـم رەسوڵی بە هـاوڕێیەتی عەزیـز شێخانی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلەندیان کرد. کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی سێشەممە، خاتوو میبیا لاهتی بەرپرسی تیمی کەنداوی فارس لە یەکەی باکوری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خاتو سۆفی ساندستروٚم بەرپرسی بەشی مـافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی ژنان پێشوازیان لەم وەفدە کرد. لەو دیدارەدا پرسی مـافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، بارودۆخی کۆڵبەران، بەندییە سیاسییەکان، سیاسەتی ڕێژیمی تـاران بەرامبەر بە پرسی کورد و گەلانی دیکەی ئێران تـاوتوێ کران.

مستەفا مەولـودی لە سـەرەتـای دیـدارەکەدا باسێکی لە سـەر خەبـاتی کـورد، ئامـانجە رەواکـانی خەڵکـی کـورد و هەروەها حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خستەڕوو. ناوبراو، ئاماژەی بە سیاسەتی کۆمـاری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە کۆمەڵگەی ئێران کرد، کە بە شێوازی جیـاواز دەچەوسێنەوە. سکرتێری گشـتیی حیزبـی دێموکڕاتی کوردستان ئاماژەی بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیم بەرامبەر بە پرسی کورد و مافەکانی مرۆڤ کرد. مەولـودی لە بەشێک لە وتەکانیدا کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە فاکتەری سازکردنی قەیران لە ناوچە ناساند، کە لە عێڕاق، سوریە، لوبنـان، یەمەن و زۆر وڵاتی دیکە ماکەی قەیران و تێکدانی ئاسایشی خەڵکە. نـاوبراو، کۆمـاری ئیسلامی

ئێرانی بە پشتیوانی راستەقینەی تێرۆریزم پێناسەکرد، کە کارنامەی ٣٨ی ساڵەی ئەو رێژیمە لە پێوەندی لە گەڵ تیرۆرە سیاسییەکاندا کالای پڕ بە بالایە. سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی لە چەوسانەوەی کوردەکان وگەلانی دیکەی ئێران بە دەستی رێژیم کرد، کە باوەڕی بە مافی مرۆڤ، دەسەلاتی خەڵک، ئازادیی راگەیاندن و هتد نییە. ئەو داوای لە فینلەند کرد، کە لە رێگای سیاسەتی فەرمی ولات، رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و لە نێوخۆ و دەرەوە هاوکاری خەڵکی ئێران وبە تایبەت کوردەکان بکەن. مەولودی ئاماژەی کرد، کە پرسەکانی ئەمڕۆی جیهان لە گەڵ یەکتر گرێدراون و چارەسەرکردنی پرسی گەلی کورد لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیی و ناوچەدایە. ناوبراو ئاڵوگۆڕی نیزام لە ئێرانی بە نوختەگۆڕانێکی گرینگ لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ناوبرد، کە پێویستە دەوڵەت گەورە و رۆژئاواییەکان و کۆمەڵگەی جیهانی لەو رەوتەدا هاوکاری خەڵکی ئێران و کوردەکان بن.

خاتوو میبا لاهتی لە سەر تێکهەڵچوونی هێزی پێشمەرگە لە رۆژهەلاتی کوردستان و هەروەها پرسی رێفراندۆم لە باشووری کوردستان پرسیاری کرد. لەو پێوەندییەدا مستەفا مەولودی رایگەیاند، کە خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە پێناوی ئامانجە رەواکانیاندا درێژەی هەیە. ناوبرا، ئاماژەی بە تێکهەڵچوونی ساڵی رابردوو و هەروەها هاوینی ئەم ساڵی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەکانی پیرانشار و مەریوان کرد. مەولودی، لە سەر پرسی رێفراندۆمی باشووری کوردستان روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی شیکردەوە و گوتی" ئێمە وەک حیزبی دێموکرات باوەڕمان بە مافی گەلان هەیە. بە باوەڕی ئێمە، کورد لە عێراقدا مافی خۆیەتی راهێنان لە سەر مافی چارەیخۆنووسین بکات و وەک گەلانی دیکەی جیهان، مافەکانی دەستەبەر بن. ئێمە، دەست لە کاروباری باشووری کوردستان وەرنادەین، بەلام دڵخۆشین کە براکانەمان لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بن". بەرپرسی تیمی کەنداوی فارس، لە یەکەی باکوری ئەفریقا و رۆژهەلاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی فینلەند لەو دیدارەدا رایگەیاند، کە ئەوان لە ریگای باڵوێزەکەیان لە تاران، دیدار لە گەڵ وەفدەکان و هەروەها مێدیا و راگەیەنە زانیاری لە سەر بارودۆخی ئێران و بە تایبەت کورد کۆدەکەنەوە. خاتوو میبا لاهتی ئاماژەی کرد، کە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لە سەردەمی رۆحانیدا لە رابردوو خەراپترە و رێژەی ئێعدام و لە سێدارەدان زۆرترن. ناوبراو گوتی، کە ئێمە، گوێ لە خەم و داوکارییەکانتان دەگرین و بۆ کاناڵە فەرمییەکان رەوانەیان دەکەین.

خاتوو سۆفی ساندسترۆم، پرسی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا و

هەروەها باشترکردنی مافی ژنان و کچانی بەرز نەرخاند. ناوبراو داوای لە وەفدەکە کرد، کە چ داخوازیی و ویستێکی تایبەتیان لە کۆبوونەوەی ناوەندەکانی تایبەت بە مافی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە ؟ ئەو ئاماژەی کرد، کە فینلەند لە دەرکردنی بڕیارنامەی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکان ڕۆڵی ئەرێنی گێڕاوە و دژی ئێران دەنگی داوە. خاتوو سۆفی هیواداری دەربڕی، کە بە هیممەتی خەڵک و خەباتی تێکڕایی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و مرۆڤەکان ئاسودە بژین. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، باسی لە داخوازییەکانی کورد لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد، کە لە چەند خاڵێکدا بەمجۆرە تەتەڵە کران:

*یەکەم،* داخوازە ڕەواکانی کورد لە سەر مافی چارەیخۆنووسین و هەروەها دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، کولتوریی و هتد. پێگەی شیاوی خۆیان پێبدرێ.

*دووهەم،* ئێران بۆ چارەسەرکردنی پرسی مافی مرۆڤ و هەروەها مافی کوردەکان پاڵەپەستۆی زیاتری بخرێتەسەر. ئێمە دەزانین، کە هەموو پرسەکان سەرئەنجام بە دیالۆگ چارەسەر دەبن، بەڵام ئێران باوەڕی بە دیالۆگی ڕاستەقینە نییە. پێویستە، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ئەو خاڵە سەرەکەییە لە بەرچاو بگرن.

*سێهەم،* کۆماری ئیسلامی ئێران ماکەی تێرۆریزمە و بە ناوی شەڕی تێرۆریزم قەیران بۆ دەرەوەی ئێران ڕەوانە دەکات. هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی دەستێوەردانەکانی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکان، کە مافی مرۆڤ و نەتەوەکان پێشێلدەکات، ئەرکێکی گرینگە و مرۆڤانەیە.

*چوارەم،* بارودۆخی ئابوری، سیاسی و هەروەها ئازادییەکان لە ئێران و بە تایبەت کوردستاندا زۆر دژوارن، بۆیە کوردەکان زیاتر لە گەلانی دیکە تووشی زیندان، ئەشکەنجە و سێدارە دەبنەوە. ئەوان تەنانەت ناچارن لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر بن و پەنا بۆ ڕۆژئاوا بێنن. پێشتیوانی کردن لە کوردەکان بە مانای یارمەتیدانی چارەسەرکردنی پرسێکی گرینگ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و چاوەڕوانییەکانی ئێمە و خەڵک لەو پێوەندییەدا لەبەرچاو بگرن.

ئەو دیدارە کاتژمێرو نیوێکی خایاندو خاتوو میباو سۆفی سپاسی خۆیان بۆ وەفدی میوان

دەربڕی. شایانی باسە، کە عەزیز شێخانی وەک ڕێکخەری ئەو دیدارە کاروباری وەرگێڕانی دیدارەکەی بەڕێوە دەبرد.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## دیوی ناوەوەی روداوەکانی گوندەژۆر.

رۆژی هەینی، ٢٥ی مانگی هەشتی ٢٠١٧ی زایینی لەناوچە باڵەکایەتی هەرێمی کوردستان، لەگوندی گوندەژۆر لەنێوان پێشمەرگەکانی رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و چەند کەسێکی ئەو گوندە گرژی سازدەبێ. لەئاکامدا دو برا دەکوژرێن‌و دو برای دیکەش بریندار دەبن. شایانی باسە، کە روداوەکە لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر نەکراوەو تەنیا بەشێکی روداوەکە لەرێگای مێدیاکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

لەئاکامدا تەتەڵەکردنی رووداوەکە کاریکی دژوارەو قسەکردن لەسەر دژکردەوەو لێکەوتەکانی کارێکی ئاسانترە. دژکردەوەی خەڵکی باڵەکایەتی‌و هەروەها هێزو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەسەر ئەو روداوە زۆر سنووری بڕیوە. ئەو روداوە دەکرا لەبەستێنێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵ بکرێ‌و بەمجۆرە تەشەنە نەستێنێ. گەلەکۆمەکی خەڵکی ناوچە باڵەکایەتی لەپێشمەرگەی هێزە رۆژهەڵاتییەکان‌و سوتاندنی بنکەکانیان دەرخەری وێرانی ژینگەی سیاسیی‌و هەروەها لاوازبونی مەنتقی تاکو کۆی کوردە. بەرپرسانی ناوچەکە، مەلا ئایینیەکان، نوسەرو روناکبیرەکان لەرێچکەی یاسا باوەکان دەرچون‌و کردارو هەڵوێستەکانیان داوەتە دەست قەزاو قەدەر.

بنەماڵەی قوربانییەکان زیاتر لەهەموان داخدارن‌و هیچ دەرمانێک چارەی دەردیان ناکات. هەمو لایەک هەست بەئازارو دەردی ئەوان دەکات‌و ئەو روداوانە بەئاسانی لەدڵی مرۆڤ دەرناچن. مرۆڤ لەو سەدان کەسە تێناگات، کە لەپێناوی تۆڵەکردنەوەدا دەستیان بۆ چەک بردوەو شەوی روداوەکە کێوماڵی ناوچەیان کردوە. کردارو دژکردەوەی دزێوی خەڵک بەگشتی دژ بەبنکەی ئەو هێزو حیزبانەی، کە دورو نیزیک ئاگاداری ئەو روداوە نەبوون، ئەو پەندە کوردییەمان دەخاتەوە بیر، کە کوردەکان لەبەرامبەر یەکتردا شێرو لەبەرامبەر دوژمندا شکاوو داماو. گرتنی گرتەو وێنەی ئەو پێشمەرگانەی کە خۆیان رادەستی خەڵک کردوە، دەرخەری روخساری راستەقینەی کوردانی ئۆگری دەوڵەت‌و رێفراندۆمە، کە ئەو رۆژانە گوێی دارو بەردی کەڕ کردوە! ئەو کوردانە لەماوەی ٢٦ ساڵی رابردودا یەکجار نەدیتراوە لەبەرامبەر تورکو فارسەکاندا نوزەیەکیان بێ‌و تۆپبارانو بۆمبارانی ناوچە سنورییەکان‌و گوندەکانیان بەداماوی قبوڵ کردوە.

ئەگەر خەڵکی باڵەکایەتیو دو حیزب - دەوڵەتی پارتیو یەکێتی مەبەستی دەرپەڕاندنی ئەو هێزانەیان نییە، بە چ حیکمەتو لۆژیکێک ناڕاستەوخۆ خەڵک بۆ تۆڵەکردنەوە سەرپشک دەکەن. ئەوان کە شارەزای دڵخۆشکردنی تورکیە و ئێرانن، بەشارەزاییەوە ئەو روداوە تاوەدەدەنو چاوەڕوانی خێری گەورەی لێدەکەن. شیاوی ئاماژەکردنە، کە زۆر فاکتەری جیاواز تێکەڵ بەو رووداوە بونو هەر هێزەی بەجۆرێک ئەو رووداوەو ئاکامەکانی تەتەڵە دەکات. بەرژەوەندیخوازو دزە سیاسییەکان لەو بازاڕە شێواوەدا نەتەنیا نەبونە دەستی خێر، بەڵکو ئەو رووداوەیان بەتەپووزی بەرژەوەندییەکانیان بارگاوی کردوە. بازرگانە سیاسییەکان بە دەرکردنی بەیاننامەو راگەیەندراو، درزی زیاتر دەخەنە نێوان خەڵکی ناوچەو هێزە رۆژهەڵاتییەکانو دنەی هەڵخڕاندنی هەستی تۆڵەکردنەوە و دەرپەڕاندنی ئەو هێزانە دەدەن.

خەڵکی باڵەکایەتی و باشووری کوردستان ئاگادارن، کە لەماوەی زیاتر لە ٢٦ ساڵی رابردوودا نیزیک بە ٤٠٠ کوردی رۆژهەڵات لەزۆنی سەوزو زەرد تیرۆرکراون. بارودۆخی شێواوی باشووری کوردستان، فاکتەری سەرەکی سەروەرنەبوونی یاسایە و هێزە سیاسییەکان بۆ درێژەدان بەسیاسەتی خۆیان یاساو رێسایان بۆ زبڵدانی مێژوو هەڵداوە. لە نیشتمانێکدا کە یاسا سەروەر بێ، خەڵکی ناوچەیەک بە چ یاسایەک گەلەکۆمەکی لە بنکەی چەند هێزی رۆژهەڵات دەکەن؟بێگومان بەکارهێنانی چەک دژ بە خەڵکی ئاسایی کارێکی نەگونجاو و قبوڵنەکراوە، بەڵام هیچ هاوکێشەیەکی هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێ. رەوتی رووداوەکان سەلماندی، کە مرۆڤە سەرمەستەکانی دەوڵەتی کوردستان و رێفراندۆم بە پێوەری کۆن سیاسەت دەکەن. دژکردەوەی خەڵک بەرامبەر بەو رووداوە کۆتایی دەیێت، بەڵام پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو رووداوە بۆ دڵخۆشکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەکاردێنن. ئەوان و بەشێکی زۆر لەخەڵک لەکۆنەوە لەسەر ئەو باوەڕەن، کە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر لەپێوەندی لەگەڵ کوردە رۆژهەڵاتییەکان و پارتە سیاسییەکانیان بەسوودترە! ئەوەش رەنگە لە فەرهەنگ و قامووسی بازرگانە سیاسییەکاندا بە لوتکەی کوردایەتی پێناسەبکرێ.

هەر روداوەی بەجۆرێک کاریگەری لەسەر دۆخەکە دەبێ. تەقەکردن لەخەڵک، سووتاندنی بنکەی هێزە تۆمەتبارنەکراوەکان، کێماڵ کردن بۆ گرتنی ئەو پێشمەرگانەی، کە بەگیانی کوردایەتی خۆیان لەڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک پاراستوە و دنەدانی خەڵک بۆ تۆڵەکردنەوە و رێزنەگرتن لە یاسا کۆنەکانی کوردەواری لەسەر دوارۆژی پێوەندییەکان کاریگەر دەبن. ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان براوەی

سەرەکی ئەو گەمەیە دەبن و بنەماڵەی قوربانییەکان و هێزە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکان زەرەرمەندی راستەقینە. رۆژگارە تاڵ و ناخۆشەکان تێپەڕدەبن و بە وتەی ناودار "کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات". تۆڵەکردنەوە سیاسەتی تۆڵەکردنەوە پەرەپێدەدا و توندوتیژی راستەوخۆ و ناڕاستوخۆ، توندوتیژی بەرهەم دێنێ. پارتە باشورییەکان و خەڵکی ئەو پارچەیەی کوردستان پێویستە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکەن و دوارۆژ لەیاد نەکەن. دوارۆژی کورد لە باشوور هێشتا لە بازنەی مەترسی کەوتن و کۆڕەو رزگاری نەبوە و با پێوەندی کوردەکان لە باشوور و رۆژهەڵات خەوشدار نەبن.

ئەو رووداوانە بۆ پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات وانەی گەورەن و ناکرێ خۆیان لە دیتنی کۆی وێنەکە ببوێرن. ئەگەر باشووری کوردستان بەشێک لەعێراق بێت یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چارەنووسی هێزە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکان لە سەبەتەی هێزە باڵادەستەکانی باشووری کوردستاندا سووڕدەخوات. کوردایەتی کوردان ئەوەندە قوڵ و بە تەوەژم نییە، کە بەسەر کفوکوڵە تیپەڕەکاندا زاڵ بێ. کۆی رووداوە گەورە و بچووکەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەیسەلمێنێ، کە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری زۆر بڕناکات و دەرەقەتی کفوکۆڵی تاکەکەس، کورسی، بنەماڵە، گوند، هۆز و عەشیرەت نایەت. ئەو رووداوە دەکرێ سوودی گەورەی بۆ کوردە رۆژهەڵاتییەکان و پارتە سیاسییەکان هەبێ. ئەوان ناچارن، کە بیر لە خۆیان و دوارۆژیان بکەنەوە و حیزبایەتی و جۆری تێکۆشان بگۆڕن و ماڵئاوایی لە ستایلی کۆنی حزبایەتی بکەن و خۆیان لە بەندوداوی خەبات لە باشووری کوردستان رزگار بکەن. ئەوان پێویستیان بە بڕاردەی سەربەخۆ و سیاسەتی ئاشکرای خۆیانە و سووڕانەوە لە دەوری فەلەکی چاوەڕوانی، رێفراندۆم و دەوڵەتەکەی بارزانی چاری ئازارەکانیان ناکات. هێزە رۆژهەڵاتییەکان لە باشترین حاڵەتدا کارتێکی ئامرازین و هێزە باشورییەکان لە قۆناخی جیاوازدا سوودییان لێوەردەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## کوردەکان لە گێژاوی بەڵێ، نەخێر و بایکۆتی ڕێفراندۆمدا

لە پێوەندی لە گەڵ ڕێفراندۆمە کرچ و کاڵەکەی باشووری کوردستاندا روانگە و دەنگەکان جیاوازن. لە بەرەی "بەڵێ، بایکۆت و نەخێر" زۆر نیمچەبەرە و پاشەبەرە شاردراوەن، کە بە چاوی ئاسایی و لە جوڵەی رۆژانەدا نابینرێن. ئەو رووداوە بۆ کوردەکان و بە تایبەت لە باشوور سەکۆی تاقیکردنەوەی پلان، سیاسەت، ئامانج و رێکارەکانە. مرۆڤی کورد لەو مەیدانەدا لە ئاستی، تاک، پارتە سیاسییەکان و هەروەها مێدیا و راگەیاندندا سەلماندوویەتی، کە هێشتا بۆ سازکردنی بناخەکانی دەوڵەت و نیزامێکی خەڵکسالار زۆری ماوە. بەرە جیاوازەکان لەو رۆژانەدا خەستر لە جاران دەردەکەون. ئەوان بە ناوی پڕوپاگەندە بۆ "بەڵێ" یان "نەخێر" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێک لە گۆڕەپانی شارەکان و هەروەها لە کاناڵەکانی راگەیاندندا درووشم دەدەن و سەما دەکەن. لەو گێژاوەدا زۆر یاسا و رێسا شکێندراون و ئازادی تاکەکان خەوشدار کراوە. لە ژاوەژاو و دمەتەقەی بەرە جیاوازەکاندا لۆژیک و ژیری ون و نادیارە. سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان و بەشێک لە چالاکانی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوونە ئاڵاهەڵگری بەرەی بەڵێ، بایکۆت و نەخێر.

بەرەی "بەڵێ"، کە بە رواڵەت بە بەرەی زۆرایەتی پێناسە دەکرێت، بە لۆژیکی هێز روانگەی خۆیان بە سەر بەرەکانی دیکەدا دەسەپێنن. ئەوان لە حیزب و رێکخراوی جیاواز پێکهاتوون، کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کۆڵەکەی یەکەم و دووهەمی ئەو بەرەیە دەناسرێن. یەکگرتووی ئیسلامی، بەشێک لە بە ناو تورکمان و ئاشوری و وردە حیزبەکانی باشوور لەو بەرەیەدا کۆبوونەوە. ئەوان ماوە بە ماوە لە سەری رەش لە گەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی بەڵێ کۆدەبنەوە و چەند بڕیارێک دەردەکەن. وەفدێکی گەورە و بێ سەرەوەبەرەیان بۆ بروکسێل نارد و وەفدێکی چووکتریان بۆ بەغدا رەوانەکردوە.

لەو بەرەیەدا زۆر توێژی جیاواز دەبیندرێن، کە بە مەنتقی جیاواز لە گەڵ کەوتوون. بەشێک لە بەر گرێدراوی بە حیزبەکانیان و بۆ سەرخستنی سیاسەتی حیزبەکانیان تێکەڵ بەو بەرەیە بوون. ژمارەیەکی دیکە، لە ئۆگری بۆ دەوڵەتی کوردستان، کە نازانن شکڵ، بۆن و بەرامەی چۆنە و ئەو دەڵەتە لە سەر چ بناخەیەک و کەی دادەمەزرێ کەوتوونەتە گەڵ کاروان و بەرەی بەڵێ. کۆمەڵێک کەس لە پێناوی سەرکەوتنی ویستی کوردان و دەستەبەربوونی

مافی چارەیخۆنووسین، کە ڕێژەیەک لە کوردانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکور دەگرێتەوە. ئەوانەی ڕۆژهەڵات زیاتر لە پارچەکانی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کەرنەڤاڵ و کاناڵەکاندا دەردەکەون. ئەو بەرەیە تێکەڵەیەکی زۆرە و کۆمەڵێک کۆنە سیاسەتکار، نووسەر، گۆرانیبێژ، هەڵبەستوان لە چەپ و راست دەگرێتەوە، کە لە ژێر ناوی کورد و سەربەخۆییدا پەیام و ڕوانگەکانیان دەردەبڕن.

یەکێتییەکان دڵ و هەستیان لە گەڵ ڕیفراندۆم یەکانگیر نییە، بەڵام ژمارەیەک لە سەرکردەکانیان لە داوی سیاسەت و بازرگانی کەوتوون و ئامادەنین بە ئاسانی لە گەڵ بنکردایەتی و لایەنگرەکانیاندا یەکبگرنەوە. سەرکردایەتی یەکێتی بۆ سەرکەوتن بە سەر قەیرانە نێوخۆییەکانیاندا کاردەکەن، کە نەخشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە سەردەمی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی و دوو هێز پێکەوە هەرێم بەڕێوەبەرن و بودجە و نەوت لە نێوان خۆیاندا دابەشکەن. کۆچی دوایی نەوشیروان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە دەرفەتێکی گونجاو و زێڕین پێناسە دەکرێ. گۆڕان دوای نەوشیروان مستەفا لە هاوکێشەکاندا لاواز دەردەکەوێ و بەشێک لە داڕێژەرانی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو بارودۆخە سوود وەردەگرن و گەمەیەکی زیگزاگی دەکەن. گۆڕان بە کۆبوونەوەکان سەرقاڵ کراوە و خراوەتە دەرەوەی هاوکێشە راستەقینەکان.

شایانی باسە، کە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵەی ئیسلامی تێدەکۆشن، کە ڕیفراندۆم دوابخرێت و پارلەمان لەو پێوەندییەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات. ئەوان لە نێوان دوو بەرەی "بەڵێ" و "نەخێر" دا بە تەواوەتی خۆیان ساغنەکردۆتەوە و بە ئاشکرا ویست و داخوازەکانی خۆیان بۆ ڕیفراندۆمەکە دەرنەبڕیوە. بە باوەڕی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی ئەو دوو هێزە کراوەن و ڕەنگە بەرەی "بایکۆت" بن و دژایەتی بەرەی "بەڵێ" نەکەن. ئەوان بۆ درێژەدان بە وتووێژەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ سازان لە گەڵ سەردەستەی "بەڵێ" پەیامی کۆتایی خۆیان ڕانەگەیاندوە. شیاوی باسە، کە لەسیاسەتدا ڕەنگە فاکتەری خێرا هاوکێشەکان بگۆڕێت و ڕوانگەی هێزە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. گۆڕان و کۆمەڵ لە ڕوانگەی سیاسەتی پڕاگماتیزمەوە چاوەڕوانن دۆخەکە بگۆڕێ و ویستی دواخستنی ڕیفراندۆم بەسەر بەرەی بەڵێدا سەرکەوێ. ئەوان لە پێناوی سەرکەوتنی تێڕوانینەکانیاندا کارا نین و لە بیری کۆکردنەوەی یار و یاوەردا نین. ئەوان خاوەنی ئاڵترناتیڤی کۆنکرێت نین و وەک ئەکتەرێکی کارا لە ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکەدا ناچالاکن. ئەو بەرەیە لە ئاستی پەیامی حیزبیدا تۆکمەیە،

بەڵام لە ئاستی ئەندام، هەڵسووڕاو و هەروەها دەنگدەراندا رەنگاوڕەنگن. بەشێکیان لە گەڵ بەرەی "بەڵێ"، ژمارەیەکیان لە گەڵ بەرەی "نەخێر" و رێژەیەکی زۆرتریان لە گەڵ جوڵەی حیزبەکانیاندا هاوبەند و هاوڕان.

بەرەی "نەخێر"، هیچ هێزێکی سیاسی سەرکردایەتی ناکات، بەڵکو چالاکانی سیاسی، بازرگانی، ئایینی و هەروەها کولتوری لە بازنەیەکدا کۆکردۆتەوە. ئەوان ئەمڕۆ بە قەوارەی نەخێر ناسراون و چالاکیەکانیان لە ئاستی مێدیایی و هەروەها رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکاندا دەبیندرێ. ئەوان لە گەڵ سیاسەتی بایکۆت نەگونجاون و بە تێگەیشتنی بەڕێوەبەرانی بەرەی "نەخێر" ئەگەر رێفراندۆم بایکۆت بکرێ، بەڕێوەبەرانی بەرەی بەڵێ بە نایاسایی دەنگەکان دەدەن و پرۆسەی رێفراندۆم بە گزی سەردەخەن. بە گوێری مەزندەکان ئەو بەرەویە مێژووییەکی زۆری نییە و ناتوانی بە گوێری پێویست لە سەر ئاکامی رێفراندۆم کاریگەر بێ. بەرەی نەخێر لە گەڵ بەرەی بایکۆت یەکانگیرنین و شیمانەدەکرێ لە داهاتوودا وەک قەوارەیەکی سیاسی لە باشووری کوردستاندا دەرکەون. ئەو بەرەیە، بە چاوی بەرەی بەڵێ لاوازن، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هێرشی زۆریان دەکرێتەسەر. بەرەی بەڵێ و بە تایبەت پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرەی نەخێر بە مەترسی نازانن. ئەوان نیگەرانی هەڵسوکەوتی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامین، کە ئەگەر رێفراندۆم کرا بە فەرمی خەڵک و لایەنگرەکانیان بۆ دژایەتی رێفراندۆم و نەخێر رێکخەن.

سێ بەرەی ئاماژەپێکراو لە سەر بناخەی عەقڵانییەت و دووربینی سیاسەت ناکەن. ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندی درێژخایەنی کورد لە باشووی کوردستاندا کار ناکەن. کاکڵەی سەرەکی ئەو گێژاوە سیاسییە شەڕی یەکترشکاندن و بەرەراکێشانی سیاسی لە بن لاقی یەکترە. ئەو رێفراندۆمە رەنگە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان ئاژاوە و هەروەها بەستێنی کەوتنی گەورە سازکات، کە کەمتر ئاماژەیان پیدەکرێ. ئامانجی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە رێفراندۆم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نییە، بەڵام ئەوان بۆ شکاندنی بەرامبەرەکانیان پرسێکی نەتەوەییان ورووژاندوە. ئەوان ئامادە نین دەست لە سەرۆکایەتی و سەروەت و سامانی هەرێم هەڵگرن و بە ناوی کوردایەتی و چیرۆکی دەوڵەت خەڵک و هێزە سیاسییەکان سەرقاڵ دەکەن. دەوڵەتی کوردستان بە رەچەتەی کۆبوونەوەی حیزبیەکان دانامەزرێ. مێژوو لەو مەیدانەدا راستوێژە و رۆژانی داهاتوودا فودانەی هاشوهوشەکان بە سوکەڵەیی دەپوکێنێتەوە.

بەرەی بایکۆت، کە هێشتا بە تەواوەتی خۆیان یەکلانەکردۆتەوە خاوەنی ڕێبازێکی ئاشکرانین. سیاسەتی بێدەنگی و خۆپەنادان لە گۆڕەپانی سیاسەت هەڵگری ریسکی گەورەیە. بڕاردەی مانەوە لە نێوان "نەخێر و بەڵێ"دا، بە هونەری سیاسەت پێناسەناکرێ. سیاسەتی بێدەنگی لە دۆخە تایبەتیەکاندا بۆ هێزە سیاسییەکان بە سڕبوون پێناسەدەکرێ. ئەوان لەو ڕۆژانەدا دەکرا کاراتر و ئەکتیڤتر لە مەیدانەکەدا دەرکەوتبان. ئەگەر سیاسەتی بارزانی و هاوئاوازەکانی هەڵەیەکی کوشەندەیە و باشوور بەرەو دواڕۆژێکی نادیار دەبات، بێدەنگی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە کردارێکی نەرێنیە. بەرەی نەخێر هاوتای بەرەکانی دیکە لە سەر کۆمەڵێک بنەمای لاوازی تیۆری هەڵچنراوە، کە ڕەنگە بەردەنگی زۆر لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەستەبەر نەکات.

لاوازی بەرەکان و لایەنگرەکانیان ئەوەیە، کە بە ئاسانی یەکتر بە جاشەتی بۆ ئەم و ئەو و هەروەها کارکردن بۆ تورکییە، ئێران، عێراق و هتد. تۆمەتباردەکەن. کاکڵەی دیالۆگ لەو نێوەدا ونە و پرسەکان کەمتر بە شێوازێکی عەقڵانی تاوتوێ دەکرێن. کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان دەرفەتی دەربڕین و بیرکردنەوەی درێژخایەنیان لە پرسە سیاسیی و ئابورییەکان پێنەدراوە، بۆیە زۆرایەتی خەڵک لە نێوخۆدا بێدەنگە و بە ریشی سەرانی بەرە جیاوازەکان پێدەکەنێ و هاواری نان و موچە دەکات. ژاوەژاوی سوپێر قارەمانەکانی گۆڕەپانی هاوارکردن، سەرچۆپی کێشان، خۆ ڕەنگکردن و سەماکردن وێڕای سیاسەتکارە تاوس سیفەتەکان دەرفەتی گوێگرتنی ڕاستەقینەی نەهێشتوە. بەشێک لە سوپێر قارەمانەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سنووری ئازادییەکان دەتارێنن و بە لۆژیکی شەڕە گەڕەک و گوند لە گەڵ پرسی نەتەوەیەک هەڵسوکەوت دەکەن.

کوردەکان لەو ڕۆژانەدا و لە درێژایی خەبات بۆ سەرخستنی پرسەکەیان پێویستیان بە لۆژیکی تێگەیشتن لە کۆی وێنەکەیە. گێژاوی خولقاوی بەرەی بەڵێ، نەخێر و بایکۆت لە بناخەدا بەشێکن لە ئازادی مرۆڤ و پارتە سیاسییەکان. کوردەکان ئارەزوو دەکەن، کە لە سەر ئەو پرسە گرینگ و نیشتمانیانەدا تەنیا خاوەنی یەک بەرە بوونیایە. جێگای ئاماژەکردنە، کە لە سیاسەتدا فاکتەکان ڕۆڵ دەگێڕن و فاکتەرە شاراوە و ئاشکراکانی زەلکاوی سیاسەتی سیاسەتکارە بازرگانە کوردەکان ئەو دۆخەی داتاشیوە، کە ئەمڕۆ هەموو لایەک دەیبنن. مرۆڤایەتی مرۆڤ و کوردبوونی هاوڵاتییەک بەوە بەند نییە، کە چۆن لە سەر ڕێفراندۆم بیردەکاتەوە. هەر کاتێک سەرکردەی بەرەی بەڵێ، نەخێر و بایکۆت بە ئازادیی و ئاشکرا لە میدیا نەبەستراوەکان و لە نێو خەڵکی خۆیاندا ڕاستگۆیانە کەوتنە دوان و ئاخافتن، ئەو کاتە مرۆڤ دەکرێ بیر لە دواڕۆژی گەلەکەی بکاتەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە

مرۆڤەکـان بە دوو وتە و بیـروڕای جیـاواز بە دژایەتیکردنـی خـاک و گەل تۆمەتبـاردەکرێن، بنـاخەی دەوڵەت و ئیدارەی سەربەخۆ هێشتا کرچ و کاڵە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە سەرکردە بازرگانەکـان و بازرگـانە سەرکردەکان گەمە بە زۆرایەتی کۆمەڵگە دەکەن و بە ناوی جیاواز ختۆکەیـان دەدەن، سەرکەوتن کردەیەکی یەکجار دژوارە.

دەوڵەتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە سەر بنـاخەی راستەقینەی کۆڵەکە سەرەکیی و هەروەهـا پشتیوانی دەرەکی دادەمەزرێت، نەک بە سەماکردن و خۆبـادان و قولەقـولی کـوردان لە بێـرلین، ژنێـڤ، ڤییەن و ئۆسلۆدا. هەڵـپەڕین و دەنگبەرزکـردنەوە بـۆ سـەرکەوتنی پـڕۆژەی نەتەوەیـی نـابنە سـووتەمەنی و پێخـۆر. دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا مێژووییەکی ئاشکرایان هەیە و هیچ نەتەوەیەک بە چەقەنە و سەما نەبـۆتە خـاوەنی مافەکانی. دەوڵەتی کوردستان و دەستەبەربوونی مافی چارەیخۆنووسینی کوردان لە سەر بناخەیەکی پتەو، پلانێکی تۆکمە و رابەرە دڵپاک و راستگۆکان دێتەدی، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە رۆژی رووناک و لە بەردەم شۆقی خۆر و چلچلراشـدا نـادۆزرێنەوە. کوردەکـان ئەگەر لەو گۆڕەپـانەدا وریـا و ئـاگـادار نەبـن، رەنـگە بـکەونە بەردەم رقـی تۆڵەکردنەوەی زەمەن. لۆژیکی ژیـان حوکم دەکـات، کە بە دەست هەموو بەرد و گاشەبەردێک هەڵنـاگیرێ و کـورد نـاکرێ لەو گێـژاوەدا عەقڵـی خـۆی بـداتە دەسـت سیاسـەتکارە بازرگـانە و بازرگـانە سیاسییەکان. ئەوانەی لە تەنگانەدا خەڵک دەکەنە دەستەچیلەی خۆرزگارکردن و خاک دەکەنە پاسپۆرتی راکردن شیاوی متمانە نین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## ڕێگای سێهەم بۆ باشووری کوردستان باشترین ڕێگایە

کورد لە باشووری کوردستاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سێ بژاردەی هەیە:

- سازان لە گەڵ حکومەتی عێراقی بـۆ گەیشتن بە ئامـانجە رەواکـان و لە سەر بنـاخەی مـافی چـارەی خۆنووسین. بێگومان ئەو رێگایە دژوارە، بەڵام کورد ناچارە ئەو رێگایە تاقی بکاتەوە. کورد لە باشووردا پێش و پاش

ڕێفراندۆم ناتوانێ لەو بژاردەیە خۆی لادات.

- ساغکردنەوەی قەوارەی دەوڵەتی کوردستان لە ڕێگای لەبەر یەکهەڵوەشاندنی عێراق و پشتبەستن بە هێزی چەکداریی و هتد. کورد لەو بەستێنەدا خاوەنی ئەو هێزە نییە و هەڵچنینی دیواری خەونەکان دادی کورد نادات. پارتی و یەکێتی خاوەنی هێزی چەکداری جیاوازن و باشووری کوردستان بە کردەوە خاوەنی هێزی نیزامی یەکگرتوو و خاوەن پرۆژەی درێژخایەنی بەرگریی و خۆڕاگری نییە. شەڕی داعش لەو شەڕە جیاوازە و نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە زلهێزەکان لە گەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدان.

- قبوڵکردنی پرۆژەی زلهێزەکان، کە زەمانەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باشوور لە ماوەی ٣ هەتا ٥ ساڵی داهاتوو بکات. ئەو بژاردەیە بە ڕێگای سێهەم دەناسرێ. ڕێگای سیهەم، بە مانای بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد لە عێراقە و ڕەنگە بۆ ئەو بژاردەیە کورد پەشیمان بێتەوە. فەلەستینیەکان ئەگەر پرۆژی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیان لە ١٩٤٨ قبوڵ بکردایە، ئەمرۆ بە یەکێک لە سەرکەوتووترین گەلانی ناوچە دەژمێردران. ئەوان دەرفەتەکانیان بەفیرۆدان و ئەمڕۆ پاش تێپەڕین ٦٩ ساڵ دەستی خۆیان بۆ ئەو دەرفەتە مێژووییە دەشکێننەوە، بەڵام کات ناگەڕێتەوە. ئەوان بە مەنتقی کفوکوڵ جوڵانەوە و گوێیان لە مەنتقی لۆژیک و ژیری نەگرت و لە ئاکامدا بارودۆخیان قفلێکی گەورەی لەسەر دراوە.

حکومەتی ناوەندی عێراق لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە پێوەندی لە گەڵ ڕێفراندۆمدا پشتگیری زیاتر دەکرێ. دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەنجوومەنی ئاسایش و زۆر دەوڵەتی ڕۆژئاوایی لە ڕاگەیاندن و سیاسەتی خۆیاندا پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن، کە ڕێفراندۆم کاتەکەی گونجاو نییە. بەرپرسانی پارتی و یەکیتی و حکومەتی هەرێم لە ماوەی ڕابردوودا نە پرۆژەی دەوڵەتیان ئامادە کردوە و نە لە دنیای دەرەوە بۆ ئەو پرسە کاریکیان کردوە. فاکتەری دەرەکی لە قازانجی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستاندا نییە. کوردەکان لە باشوور هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکیان بۆ دوای ڕێفراندۆم وئەگەر و مەترسییەکان ئامادە نەکردوە. شایانی باسە، کە هێزە سیاسیی و کوردەکان لە نێوخۆشدا یەکدەنگ و هاوڕا نین.

حیکمەت و ژیری لەوەدایە، کە ئەو کەیسە بکرێتە بابەتێکی نێونەتەوەیی و بۆ تاکە کەس و حیزبێک دەرفەتەکان

لەبار نەبرێن. لە سەر بناخەی ڕێککەوتنێکی کارا و گونجاو لە گەڵ زلهێز و بڕیاربەدەستەکان، دوارۆژی باشووری کوردستان لە قوماری بازرگانە سیاسەتکارە کوردەکان و حکومەتی ناوەندی دەپارێزرێ. چارەنووسی گەلان بەمجۆرە ناکرێ بخرێتە ژێر رکێفی هەوەسی چەند سیاسەتکارێک، کە هیچ ئامادەکارییەکانی بۆ ئەگەرەکان نەکردوە ئەنجامدانی ریفراندم لەو بارودۆخەدا، هیچ کاریگەری لە سەر فاکتەرە دەرەکیەکان نابێ و رەنگە بازنەی دەرفەتەکان بۆ کورد بەرتەسکتر کاتەوە. رەتکردنەوەی پەیام و راسپاردەی زلهێز و دەوڵەتە خاوەن قەرارەکان کاریکی ساکار نییە. ئەوان لە پاش رێفراندۆم بە حیکمەتی بەرژەوەندییەکانیان تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە و لە پرسی وتوێژ لە گەڵ بەغدادا پشتگیری کورد ناکەن.

سیاسەت هونەرە و بە کفوکوڵی عەشایەری و کورتبینانە مانا ناکرێتەوە. هێشتا دەرفەت هەیە و کورد لە باشوور دەتوانێ ئەو رووداوە بقۆزێتەوە و بیکاتە کارتی سەرکەوتن. ئەمرۆ بە خەڵک دەگوترێ، کە ئەگەر رێفراندۆم نەکرێ ١٠٠ ساڵی دیکە ناکرێ. ئەمە قسەیەکی بێ بنەمایە و بە هیچ عەقڵ و مەنتقێک ئاو نەدراوە. کورد رۆژانی دژواری تێپەڕکردوە و سەدەی ٢١ بۆ کوردان سەدەی رزگاربوونە. درووشمەکان زۆر شت ناگۆڕن .ئەگەر خۆمان نەگۆڕین و لە سیاسەتکردندا لۆژیک و ژیری بدۆڕینین وەک کایەکانی کۆن بە ئاکامی تاڵ دەگەین. سیاسەتی نێونەتەوەیی هاوشێوەی پارلەمانی باشووری کوردستان و یەکێتی و یەگرتوو نین، کە بە سیاسەتی بارزانی و پارە جوڵە بکەن. سیاسەتی نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکان لە سەر عەتف و سۆز رۆنەنراوە و بە خەیاڵی کوردان کارناکات.

تێبینی: ٢٠٠٣ دژی چوونەوەی تاڵەبانی و بارزانی بۆ بەغدا بووم. ئەو سەردەمە زێڕین و درەوشاوەیە بۆ باخەڵ و کورسی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی فیداکرا. ٢٠١٣ دەرفەتێکی گونجاو و باش بۆ گەڕانەوە لە بەغدا و ساغبوونەوە لە سەر مافی چارەیخۆنووسین بوو، بەڵام ئەو کات درێژکردنەوەی کورسییەکە بۆ دوو ساڵ لە سەرووی هەموو دەرد و ئازارەکان ئەژمار دەکرا. بە واتایەکی ساکار و ئاشکرا، هەتا دەرفەت هەبوون، کەس دەنگی نەبوو، ئێستا کە دۆخەکە گۆڕاوە و دەرفەتەکان خەریکە کاڵ دەبنەوە، تەنیا لە بەر سیاسەتی نێوخۆ خەریکی زکر و تەلیلەی رێفراندۆمێکی کرچ و کاڵن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## روخسارە تاڵەکانی شەڕ لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان

شکستەکان باشتر فێرمان دەکەن، ئەگەر چاو، گوێ و ئیرادەی رەخنەگرتن لە خۆمان هەبێ، بێگومان لەو شکستانە وانەی گەورە فێر دەبین. هیوادارم کوردستان ئاوەدان بێ و کوردەکان لە داوی شەڕ و بازرگانەکانی شەڕ پارێزراوبن. بەداخەوە کورد لە مێژووی کۆن و نوێدا خوێندەوەی راستەقینەی بۆ رووداوەکان نەکردوە و ئەزموونەکان دووپات دەکاتەوە. رووداوەکانی کەرکوک دەیسەلمێنن، کە شکستەکە سیاسییە و سیاسەتکار و کولتوری سیاسەت لە باشووری کوردستاندا لە سەنگی مەحەک درا. ئێستا کاتی تاقیکردنەوەی هێز و کەسە بەرپرسەکانە، کە چۆن شکستەکان لە ئەستۆ دەگرن و لە هەڵەکانیان سوود وەردەگرن! رۆژانی شکان و کەوتن، رەنگە بەرەکان لە یەکتر جیابکاتەوە و لایەن و کەسەکان یەکتر بەو شکستە تۆمەتبار بکەن. هونەر لەوەدایە کە بارودۆخە کۆنترۆڵ بکرێ و قەیرانەکە بەوەندە کۆتایی بێ و نەگاتە رووخانە گەورەکە. ئەمرۆ رۆژێکی تاڵە، بەڵام کۆتایی مێژوو نییە. بە باوەڕی من، ئەو شەڕە بە شکستی سیاسەتی سیاسەتکارەکانی کورد لە باشوور پێناسە دەکرێ، کە لە گەڵ خەڵک و خاکەکەیان راستگۆ نین. ئەو شەڕە پێشاندەری زۆر خاڵی لاوازە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم:

- نەبوونی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو و هێزی راهێنراوی سەربازی، کە خاوەنی ئیرادە، بەرنامە و تاکتیکی شەڕە. نەبوونی پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

- لاوازی تاکی کورد و ئیرادەی بەرەنگاری، کە زۆر سەرمایەگوزاری لەسەر نەکراوە. کورد و حیزبە سیاسییەکان مرۆڤی بێدەنگ و سەرکەزیان دەوێ و پەروەردە دەکەن. ئازادی و پاراستنی کەرامەتی خاک و خەڵک لە سەر بناخەی تاکی ئازا و خاوەن هزروبیر و خاوەن ئیرادە سازدەکرێ. ئەو تاکانەی کە لە مەیدانی شەڕدا بێدەنگ و سامناکن و ئەهلی هەڕەشە نین و هەتا دوا ساتەکان بۆ خۆیان دەجەنگن و مردن ئازایانە هەڵدەبژێرن.

- کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی و هێزە چەکدارەکانیان، کە ئەو شەڕەیان بۆ شکاندنی یەکتر و لێدان لە یەکتر تەرخان کردوە.

- دەرکەوتن و هاشوهوشی خەڵکی شەڕنەکەر، لە بەردەم میکرۆفۆن و کامێرای تی فییەکان، کە تەنیا بۆ دەرکەوتن و ئامانجی تایبەت دەردەکەون.
- ئازایەتی خەڵکی ئاسایی بۆ بەرگریی لە سەر و ماڵیان، کە لەبەر نەبوونی بەرنامە و رێکخستن پەرتەوازە مانەوە و کەڵکی پێویستیان لێوەرنەگیرا.
- خۆشاردنەوەی سەرۆکی پارتی دێموکرات، کە رۆژانی رێفراندۆم شار بە شار هەڕەشەی لە بەغدا دەکرد. سەرکردەی نەتەوە و گەلانی ئازا لەو رۆژانەدا بەرپرسیارەتی گەورە لە ئەستۆ دەگرن و خەڵک دڵنیا دەکەنەوە، کە ئامادەن و لە تەنیشت خەڵک دەمێننەوە.

- بەشێکی زۆر لە هێزە بە ناو خۆبەخشەکان تەنیا بۆ دەرکەوتن لە تی ڤی و راگەیەنە گشتییەکان چوونە کەرکوک. کەس نازانێ، کە ئەو خەڵکە بۆ شەڕ و بەرگری چوونە کەرکوک یان شکاندنی یەکتر. هەڕەشەکان نابنە چەپەری راستەقینە و دەرهێنانی چەقۆ بۆ گوێبڕینی چەکداری عێڕاقی لە کەرکوک لە بەردەم کامێرای رووداودا رزگاریدەر نییە.

- نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە کۆنەوە و بە تایبەت لە سەر کەیسی کەرکوک دۆخەکەیان بۆ شکاندنی یەکتر لە کەرکوکدا بەکار هێنا. شار و وڵات بە نەخشەرێگای ئاشکرا و پلانی لۆژیکی ئیدارە دەکرێ و بە ناوی کوردایەتی فێڵ لە خەڵک کردن دادی رۆژە دژوارەکان نادات.
- نەبوونی بەرنامەی تۆکمە و فەرماندەیی گشتی لە بەرەکانی شەڕ و ناوچە کێشە لەسەرەکان. شەڕ، واتە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی بەرنامە و جێبەجێکردنی تاکتیکی ورد و عەمەلی.

- لاوازی هونەری شەڕ، راگەیاندن و هەروەها ئیدارەکردنی قەیران. ئیدارەی شەڕ و هێزە شەڕکەرەکان پێویستی بە بەڕێوەبەرییەکی کارا و شارەزایە و بە قسەکردن چارەنووسی شەڕ ناگۆڕێ. شەو هەر کەس مایکت دەبردە بەردەم، لە کەماڵ کەرکوکیەوە بگرە هەتا دەگاتە گەنجەکان هەڕەشەیان دەکرد، کە ئەگەر پیاو و ئازان با بێن، بزانە چۆن دەرسیان دادەین! شەڕی حکومەت و دوژمن کایەی منداڵان و شەڕە عەشیرە و گەڕەک نییە، کە بەمجۆرە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەی.

- لاوازی کولتوری خۆڕاگری، کە لە بازنەی هێرشکردندا خۆی دەبینێتەوە. سەرۆکی پارتی و بەرپرسانی یەکێتی بە هەموو زمانێک لە دوای ڕیفراندۆمە کرچ و کاڵەکەیان ڕایانگەیاند و دووپاتیان دەکردەوە، کە شەڕ ناکەن و تەنیا بەرگری دەکەن. ئەو پەیامە هێزە چەکدارەکانی عێراق و حەشدی شەعبی لە بواری سایکۆلۆژی هاندەدا، کە زیاتر پەلامار بدەن.

- لاوازی کورد لە بواری ڕاگەیاندن، سیاسەت، دیپلۆماسی، ئیدارە و شەڕی مەیدانی. شەڕی حکومەت لە گەڵ شەڕی داعش و تەنانەت پێشمەرگانە جیاوازی زۆرە. حکومەتی عێراق و دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان لە دوای ڕیفراندۆم پیلان دادەڕێن و سیاسەتەکانیان دژ بە کورد تەتەڵە دەکەن، کەچی لە کوردستان ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم دەکەنە ئەنجومەنی باڵای سیاسی کوردستان- عێراق و دواتر ئەنجوومەنی باڵای سیاسی هەریمی کوردستان و هتد.

- تۆڵەکردنەوەی ئەمریکا و زلهێزەکان لە سیاسەتکارە کوردەکان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ڕیفراندۆمدا. کاتێک کە بارزانی و هاوئاوازەکانی گوێیان لە پەیامی ڕۆژئاوا و ئەمریکا نەگرت، بێگومان هەڵەیەکی کوشەندیان کرد. تۆ ئەگەر حیساب بۆ کەس نەکەی، کەس حیسابت بۆ ناکاتا. سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکان زۆربەیان لەو ڕۆژانەدا ئاگاداری کۆی وێنەکە نەبوون و نین و بە ستایل و شێوازی خۆمانە، لە گەڵ ڕووداو و ئاڵەنگارییە گەورەکان هەڵسوکەوتیان کردوە و دەکەن.

- فەوزای خۆ بە ئازا نیشاندان و مژاوی بوونی ڕێگا. خەڵک، پێشمەرگە و بەشێک لە فەرماندەکان ئاگاداری تەواوی دۆخەکە نەبوون و نین. ئەوان نازانن، کە چەندە و چۆن لە شەڕ و ئاشتیدا ئیدارە دەکرێن.

-پارتی و یەکێتی عادەتیان گرتوە، کە بە جووتە دانیشن و بڕیارەکانی خۆیان بە سەر خەڵکی کوردستاندا فەرزکەن و نازانن، کە حکومەت و دەوڵەتەکانی دیکە کاردانەوەیان دەبێ. حیزبی کوردی لە باشوور هەتا ملان لە قەیراندایە و خەریکە کولتوری سیاسەت لەو بەشەی کوردستان تۆڵەمان لێدەکاتەوە.

- نەبوونی یاسا و ڕێسای پاراستنی زانیاری، کە بە بڕبڕەی پشتی سەرکەوتن لە شەڕدا پێناسە دەکرێ. ئەو پرسە

لە شەڕەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و بە کۆنترۆڵکردنی رایەڵکەی پەیام گۆڕینەوەی فەرماندەکان و تەنانەت زۆر کاری دیکە، دوژمن دەتوانێ زەبری کاریگەر بوەشێنێ و کار لە سەر شکاندنی وەرەی خەڵک و پێشمەرگەکان بکات.

- بوونی میدیا، راگەیاندن و هەروەها راوێژکاری چەواشەکار، کە زانیاری ناڕاست و خەیاڵی دەدەنە بەرپرسەکانیان. ئەوان لە تی فیبەکان بای باڵی خۆیان دەدەن و لە سەر شاشەکان خۆیان بە فەرماندە و دیپلۆمات و شارەزا دەردەخەن.

- سیاسەتکارەکانی کورد و حیزبەکانیان لە بازرگانی و قومارکردندا شارەزاترن تا سیاسەت و هونەری پاراستنی خاک و خەڵک.

- شەڕی خاک، خەڵک و دەوڵەت بە کردەوە لە شەڕی گیرفان و نەوتدا کۆکراوەتەوە و ژمارەیەک بازرگان لەو دۆخە سوودمەندن. بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەست و فەرماندەکان و تەنانەت پێشمەرگەی سادە لە ژێر سێبەری ئەو دیاردەیەدا باوەڕ و ئیمانیان بە شەڕکردن لەق دەبێ.

- نەبوونی سیستمێکی دێموکڕات و تەشەنەکردن و قووڵبوونەوەی گەندەڵی، کە ئیرادەی کورد و پێشمەرگەی لاواز کردوە. ئەوان هێزی خەڵکیان شەق کردوە و بەرچاوڕوونیان لە خەڵک ئەستاندوە. گەلانی سەرکەوتوو شەڕی خۆتڕێن ناکەن و دەزانن، کە چەندە و چۆن تاکتیک و ستراتیژی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

- نەبوونی پلان و بەرنامە بۆ دوارۆژی ڕێفراندۆم و سووڕانەوە و مەلەکردن لە گۆمی کفوکوڵی خۆگەورەکردندا. لە مل ئاڵاندنی تەنیا ئاڵای کوردستان هاوکێشەکان ناگۆڕێ و بۆ سەرکەوتن لە شەڕی رەوادا سەداقەت، راستگۆیی، ئیمان و خۆڕاگریمان دەوێ.

- نەخوێندەوەی ورد و یەکلاکەرەوە بۆ سیاسەتی فەرمی و نافەرمی بەغدا، ناوچە و جیهان. بەغدا لە ڕێگای حەشدی شەعبی سیاسەتەکانی بە کردەوە لە مەیدانەکەدا جێبەجێ دەکات.بەرپرسانی بەغدا لە سیاسەتی فەرمیدا هێمانە و فێڵاوی دەجوڵێنەوە و تێدەکۆشن دژکردەوەی کورد، گەلان و دەوڵەتان کۆنترۆڵ بکەن. لە بەرامبەردا، ڕێفراندۆمە کرچ و کاڵەکەی بارزانی و هاتوهاوارەکانی لێرە و لەوێ، دوژمنانی کوردی یەکخست و وریای کردنەوە،

بۆ ئەوەی پیلان لە کوردەکان بگێڕن.

- کوردەکان خاوەن ماف و خاکن و جێگای خۆیەتی، کە بەرپرسانی شکان و شکستی کورد لە ماوەی سالآنی رابردوودا واز لە کاری سیاسی بێنن. لە ژێر ئەو شکانەدا دەرفەتی یەکخستنی هێزی چەکداری حیزبەکان کەڵکی لێوەرگیریٚ و رێگا نەدرێت، کە بازرگانە سیاسی و سیاسەتکارە بازرگانەکان ببنە خاوەنی چاڵە نەوت و چەکدار و لیوا و هتد. هەتا تەقەیەک هات، ناکرێ کەسێک بە سەت پێشمەرگە و چەند سەت چەکدارێک بچێتە کەرکوک و لە بنکەی شاردا نیوەشەو خەریکی چاخواردنەوە بێ. شەڕ هونەرە و بەو شانۆسازیانە، کە کاک فلانی هات و حەمە هات، ئاکامی شەڕ ناگۆڕێ.

- شەڕ بە کەرەستە، ئیرادە و پلانی تۆکمە دەکرێ نەک درووشمی قارەمانانی تۆڕە کۆمەلآیەتیەکان، کە ئەمڕۆ پێویستە لە بەرەکانی شەڕدا ئازایەتی خۆیان پێشانی دۆست و دوژمن بدەن. ئێستا کەرکوک و خورماتو پێویستیان بە خەڵکی هەڵپەرکەچی وەرزشگاکانی هەولێر و دەهۆکە، کە بەرگری لە خاک بکەن. ئەمڕۆ کاتی کردەوەیە و با شانۆگەر و شانۆچییەکان بیسلەمێنن، کە چەندە و چۆن وتەکانیان عەمەلی دەکەن.
- لاوازی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و مەیداندان بە پارتی و یەکێتی کە بە ئیشتیای خۆیان بیپێون، ببڕن و بیدروون. ئەوان وەک چاولێکەر لە دوورەوە دەڕواننە رووداوەکان و جاروبار نووسینێک بلآودەکەنەوە. ئۆپۆزیسیۆن و رێبەرانی ئەو بەرەیە دەکرا ئازایانە لە بەرەی جیاوازدا بۆ پاراستنی کەڕامەتی خەڵک و خاکەکەیان کار بکەن.

- شکستی سیستمی سیاسی، ئابوری، ئیدارە و هەروەها دەوڵەتحیزب، کە کۆمەڵگەی کوردیان بە سەر خۆیاندا دابەشکردوە. ئەو هێزانە بیرە نەوت، خاک، خەڵک، تەلەفوون و بازرگانیان لە نێوان خۆیان و زۆنەکانیاندا دابەشکردوە.

- لاوازی مێژووی کوردان لە شەڕی بەرگریدا، کە لە بەر نەبوونی نەزم، دیسیپلین، ئیمکانات، توانای ئیدارەکردن، گەندەڵی، نەبوونی بەرنامە و پلان و هەروەها سەرکردەی راستەقینە.

- سیاسەتی کوردان بە عقڵ و لۆژیک ناکرێ و زۆر جار جەمەدانە، پشتێند و میزاج و کەفوکوڵ ئاقارەکان دیاری

دەکات. زۆر لە مێژە رادەگەیەنین، کە مەگەر بەخت یاوەر بێت، دەنا ئەو کۆشک و تەلارە دەڕووخێ.

- شەڕ کردەوەیەکی ئاسان نییە و کوردەکان لە ماوەی سەت ساڵی رابردوودا تامی تاڵی شەڕیان زۆر چێشتوە، بۆیە باشتر بو، کە شەڕ دوا بژاردە بێت. شەڕ و ئاشتی دوو دیاردەی مرۆڤایەتین و زۆر گەل و نەتەوە بەو دەروازەیەدا تیپەڕیوون، بۆیە شکست و سەرکەوتن بەشێکن لە پرۆسەی شەڕ. کورد لە مێژو گوتویەتی، کە ئەوەی لە شەڕان نەبێ شیرە! بۆیە لە دوورەوە ناکرێ لە سەر پێشمەرگە و فەرماندە مەیدانییەکان داوەری بکەین و هیچ چەکدارێک حەز بە شکانی خۆی ناکات.

خوایە نیشتمان و نەتەوەکەمان بپارێزی.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

## روداوەکانی باشوری کوردستان، نەوت، دەسەڵات، پارەو شەڕی بنەماڵەو حیزبەکانیان

لەدوای بەڕێوەبردنی رێفراندۆمە کرچو کاڵەکەی باشوری کوردستان، لاپەڕە کۆنو تازەکان لەنێوان بنەماڵەی بارزانیو تاڵەبانی، دو حیزبەکانیانو هەروەها چەند وڵاتی ناوچە هەڵدەدرێنەوە. ئەو دو هێزەی باشوری کوردستانو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانیان لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا یەکەمجارە دەکەونە بارودۆخێکی دژوار. پارتیو سەرۆکەکەی ئەمرۆ تێدەگەن، کە هەولێر لە دوای١٩٩٦ دا یەکەمجارە کەوتۆتە ژێر مەترسی دەرچوون لەکۆنترۆڵی چەکدارەکانی ئەو پارتەی باشوری کوردستان.

پارتی دێموکراتی کوردستان رەنگە ئەمرۆژانە رووداوەکانی ١٩٩٦ی وەبیربێتەوە، کە چۆن بە هاوکاری هێزەکانی عێراق یەکێتی تاڵەبانیان لە هەولێر و بۆ ماوەیەکی کورت لە کوردستان دەرکرد. ئەوان نیگەرانن، کە ئەوەی رەشەبا و گژەبا لە گەڵ خۆیان هێناوە بە شێوازێکی دیکە بیباتەوە. گەڕانەوەی هێزە عراقییەکان و حەشدی

شەعبی بۆ کەرکوک و ناوچە کێشە لە سەرەکان و پاشەکشە و شکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پاراستنی ئەو ناوچانە بۆ خەڵکی کوردستان ئازارێکی تاڵە. کوردەکان هەست دەکەن، لە ژێر سەرکردایەتی سەرکردە بازرگانەکان کەرامەتی خاک و شکۆیان بە دەستی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان شکێندراوە. کوردەکان دوای ئەو رووداوانە تێدەگەن، کە سیاسەتکارە کوردەکانی باشوور لە هەڵسەنگاندن و بڕیارەکانیاندا هەڵە بوون.

چەند رۆژێکە، کە دو بنەماڵەی تاڵەبانیی‌و بارزانی لە رێگای حیزب، مێدیاو لایەنگرەکانیان بۆ دەربازبون لەتای شکانی گەورەو هەڵەی کوشەندەی گوێنەدان بەرێنوێنی دۆستانی دەرەکی‌و نێوخۆیی ئازایانە شەڕی راگەیاندنیان دەستپێکردوە! لەو نێوەدا مەسعود بارزانی، بۆ خۆ دەربازکردن لەوەعدو بەڵێنی کاتی رێفراندۆم، کە ئەگەر سەری نەگرت ئامادەیە سەری لەسەر دابنێ، خۆی لەرووداوەکان دزیوەتەوەو بەئاراستەکردنی مێدیاکانی، خوازیارە قەیرانێکی دیکە باڵ بەسەر ئەو رۆژگارە تاڵەدا بکێشێ.

لەژێر تیشکی مێژوی هاوچەرخدا ئەو تێگەیشتنە بۆتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر، کە دوژمن‌و دەسەڵاتە سەردەستەکان کوردو بەتایبەت سەرکردەکانیان باش دەناسن‌و سەرکردەی پارتو بنەماڵە دەسەڵات قۆرخکەرەکانیش خەڵکی کوردو سایکۆلۆژی ئەوان باش دەناسن. دوای شکاندنی شکۆی نەتەوەیەک، خاکێکو شکان لەبەردەم دۆستو دوژمندا دو بنەماڵە، دو حیزبو دو ئاقاری بەرژەوەندیخواز خەڵکی نێوخۆو دەرەوەیان سەرقاڵی رووداوێک کردوە، کە هەردووکیان نەخشەدارێژو بەرێوەبەرنی. ئەوان لەماوەی چەند رۆژێکدا بەشێکی زۆر لەخاکی باشوری کوردستانیان چۆڵ کردو بەگوێرەی راگەیەنە گشتییەکان تەنیا لەبەشێک لەکەرکوکو خورماتو جۆرە بەرەنگارییەک بەرامبەر بە هێزە عێراقییەکان کراوە.

لەکاتێکدا پەنجەکان خەریکە وەک جاران یەکتر دەشکێنن، باڵی توندرەوی دوو بنەماڵە و لایەنگرەکانیان بە هاوکاری مێدیا و هێزی چەکدار لە سەر دابەشکردنی شکست و ناکامی کەوتنە گەورەکە ناسازێن. ئەوان لە ٢٠٠٣وە هەتا پێش رووداوی گیرانەوەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان و بە تایبەت چاڵە نەوتەکانی هاڤانا و بای حەسەن لە سەر دابەشکردنی نەوت، پارە، شیرینی نەوت، دەسەڵات، سەرۆکایەتی هەرێم، بازرگانی‌و گومرگ بەشارەزاییەکی کەم وێنە سازاون. ئەوان لە پێناوی درێژەدان بە تالانی خاک و وڵات و هەروەها شکاندنی شکۆی

نەتەوەیەک و تاکەکانی چەند جار یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانیان شکاند و تەنانەت ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیان لە پارلەمان و ئەنجوومەنی شوورا درێژکردەوە. ئەمڕۆ بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دوای پاڵەپەستۆی ناوچەیی و نێونەتەوەی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ڕێفراندۆم، ئازایەتی وازهێنان لە کورسیەکانیان نییە. راوێژکارە هونەرمەند و عەبقەریەکانیان لە پشت پەردەی شکانی ڕێفراندۆم خۆیان مەڵاس داوە. ئەوان بۆ لەبیرچوونەوەی وەعد و بەڵێنی سەرۆکەکانیان، کە ڕۆژانی پێش ڕێفراندۆم شار بە شاردەگەڕان و هەڕەشەیان لە بەغدا و جیهان دەکرد، ئەمڕۆ پیشەیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە.

پارتی دێموکڕاتی کوردستان و بارزانی لە کۆنەوە ئامادە نەبوون، کە کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. یەکێتییەکان لەو پڕۆژەیەی بارزانی و پارتەکەی ئاگادارن و بۆیە لە ماوەی ڕێفراندۆمدا زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتی لە کەرکوک دژی ئەنجامدانی ڕێفراندۆم بوون. ئەوان لە پێناوی رازیبوون بەو ڕێفراندۆمە کۆمەڵێک بەڵێنی و وەعدیان پێدرا، کە دوای ڕێفراندۆم لە بیر چوونەوە. ئەوان دوای دەرکەوتنی دژکردەوەی زلهێز و دەوڵەتە ناوچەیی و هەروەها دەسەڵاتی بەغدا دژ بەو ڕێفراندۆمە هەستیان کرد، کە فێڵیان لێکراوە و بەرپرسانی پارتی و یەکێتی تەنیا وەک کارتی سیاسی بەکاریان هێناون. بەشێک لەو بەرپرسانەی یەکێتی لە بوونی نەجمەددین کەریم و ئاقاری سیاسی ناوبراو نیگەران بوون و دوای ئەوەی لە لایەن پارلەمان و حکومەتی بەغداوە .

بڕیاری لە سەر کار لابردنی دەرکردا، مەیدانی دژایەتی خۆیان دژ بە ناوبراو بەرفراوان کرد. ئەو ڕێژەیە لە ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە بازنەی دەسەڵاتی شاراوە و ئاشکرای یەکێتیدا جێدەگرن، سیاسەتی توندی بەغدایان دژ بە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی قۆستەوە و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێوخۆیی و دەرەکەیەکانی پارتەکەیان بەکاریانهێنا.

ئەو ژمارەیە لە بەرپرس و کادرانی یەکێتی نیشتمانی، پاش مردنی تاڵەبانی خۆیان ڕێکخستەوە و لە پێناوی دوارۆژی خۆیان و پارتەکەیاندا ناچاربوون چەند ریسکێک بکەن. یەکێک لەو ریسکانە، قبوڵکردنی مەرجەکانی بەغدا بۆ سازان لە گەڵ هەرێم و کەرکوکە. ئەوان بە گرتنە پێشی سیاسەتی تازە لە کەرکوک بەرامبەر بە بەغدا، بیرەنەوتەکانی کەرکوکیان لە بەرپرسانی پارتی دێموکڕات ئەستاندەوە و نەجمەدین کەریمیان لە پۆستی پارێزگاری کەرکوک لابرد. نەخشەداڕێژەرانی یەکێتی بۆ دەستپێکی قۆناخی تازە کەرکوکیان کردە چەقی

تاقیکردنەوەکان. بە گوێرەی دەربڕین و وتەی ئەو کۆمەڵە بەرپرس و کادرەی یەکێتی نیشتمانی، سیاسەتی پارتی دیموکرات و سەرۆکەکەی بۆ کەرکوک و کوردستان کێشەی نەبڕاوەی داتاشیوە.

ئەوان رادەگەیەنن، کە نەوتی کەرکوک چەند ساڵە بۆ کەرکوکیەکان قازانجی نەبوە و بە تالان براوە، بۆیە ئامادە نین کوڕی خەڵک بۆ نەوتی دزراو بە کوشت بدەن. مەسعود بارزانی و پارتەکەی لە کۆبوونەوەی دووکاندا ئامادە نەبوون، پرۆژەی هاتنەوەی پۆلیس و هێزی نیزامی عێراق بۆ بەشێک لەناوچەکان قبوڵ بکەن، چوونکە بە هەڵسەنگاندنی ئەوان حکومەتی عێراق و بەغدا توانای پەلاماردانی کوردستانیان نییە. ئەمریکاییەکان، هێزە رۆژئاواییەکان و نوێنەری ئێران (قاسم سلێمانی) و هەروەها نوێنەری تورکیە ئاگاداری جوڵەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ ئەو ناوچانە بوون. ئەمریکا و وڵاتانی ناوچە دوای رێفراندۆم، بڕیاری تۆڵەکردنەوەی خۆیان لە بارزانی جێبەجێ کرد، بۆیە لە شەوی شەڕەکە و دواتریش بەشێوەیەکی بێلایەنانە پرسەکەیان تەتەڵە دەکرد. لەو ماوەیەدا ئەوان لەگەڵ بارزانی هیچ دیدارێکیان ئەنجام نەداوەو بەکردەوە دەرکەوتەوە، کە ئامادەنین وەک رابردوو لە گەڵ سەرۆکی پارتی دیموکرات هەڵسوکەوت بکەن.

پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بە دوو ئاقاری جیاواز سیاسەت دەکەن. ئەو دوو پارتە سیاسییە و چەکدارەکانیان، لە دوو بازنەی جیاوازی ناوچەییدا درێژە بە سیاسەتەکانیان دەدەن. بەرپرسانی دوو حیزب لە ئیدارەکردنی حکومەت، نەوت، هێزی چەکدار، رێکخستنی ژیانی سیاسی هەرێم و هەروەها پێدانی موچەی هاوڵاتیان شکستیان خواردوە. شکستی سەرەکی ئەو دوو هێزە ئاکامی ناشەففافیەتی ماڵی، ئیداری، سیاسی و تەنانەت دیپلۆماسییە. ئەوان هەتا ئەمڕۆ بە مەرجی دابەشکردنی سەروەت، دەسەڵات، پۆست و هەروەها بەرژەوەندییەکان لە گەڵ یەکتر سازاون. رووداوەکانی ئەم دواییانە سەلماندی، کە خەڵکی کوردستان هێشتا خۆیان ساغ نەکردۆتەوە و بە رێژەیەک لە دەوری فەلەکی پڕوپاگەندەی بنەماڵەکان دەسوورێنەوە. رەنگە، بەشێکی زۆر لە خەڵک رەخنەی لەو دوو ئاقارە سیاسییە هەبێ، بەڵام بە بیانووی جیاواز ئامادەنین فاکتەکان ببینن. شۆڕبوونەوەی رقەبەرایەتی بنەماڵە و کێشە کۆنەکانیان بۆ ئاستی کۆمەڵگە و لە قەوارەی حیزب و ریکخراوی سیاسیدا، کولتورێکی لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندن لە کوردستاندا بەرهەم هێناوە، کە بە ئاسانی بنبڕ ناکرێ.
ئەمڕۆ بالانسی هێز لە ناوچە خەریکە بە هاوکاری دەوڵەت ناوچەییەکان و بێدەنگی زلهێزەکان دەگۆڕێ. بۆ شکڵگرتنی بالانسی تازەی هێز و سەرکەوتن لەو پرۆسەیەدا بەرەکان دابەش دەبنەوە. ئەکتەرەکان بە پارێزەوە لە

گەڵ یەکتر دەدوێن و بە شێوازی مەیدانی بۆ شکاندنی سیاسەتەکانیان کاردەکەن. ڕێفراندۆم و هەروەها دەرچوونی داعشەکان لە سەکۆی شانۆی سیاسەتی ئەمڕۆی عێراق، بە کردەوە بە زەرەری هەرێمی کوردستان و بەهێزبوونەوەی حکومەتی ناوەندی عێراق شکایەوە.

خوێندنەوەی بڕیاردەرەکانی ڕێفراندۆم لە سەر دۆخی ناوچە و جیهان و هەروەها کارکردن بە کارتی ڕێفراندۆم لاواز و دوور لە مەنتقی کار و کولتوری سیاسی بوون. ئەوان بە بژاردەی هەڵە، خۆیان خستە ناو بازنەی بالانسی شەلەقاوی هێز و ڕێگایان بۆ بەغدا تەخت کرد، کە لە پارلەمان و حکومەت بە ئەندازەی هەموو سالانی پێکەوەبوونیان بڕیار لە دژی هەرێمی کوردستان و پارتە دەسەلاتدارەکان دەرکات. وتارە بە رواڵەت خۆشەکانی ڕێفراندۆم تەنیا بۆ پڕوپاگەندە ئامادە کرابوون، بەڵام دەوڵەتە دزەکانی ئێران، تورکیە و عێراقی دژ بە پرسی کورد یەک هەڵوێست کرد. لەو دۆخە تازەیەدا، کە شکۆی سیاسی هەرێمی کوردستان شکاوە، دوو هێز بۆ ساخکردنەوەی بەستێنی بەرپێیان ناچارن تاکتیکی هەڵە دژ بە یەکتر بەکار بێنن، کە ناسراوترینیان هەڕەشەی شەڕی نێوخۆ و هەروەها خۆبەدەستەوەدانی زیاتر بۆ تورکیە، ئێران و بەغدایە. لە مێژووی کورداندا ئەو سیاسەتە زۆر دەکار هێنراوە. سەرۆک عەشیرەت، ئاغا، شێخ، دەسەلاتدار و سیاسەتکارە کوردەکان لە کۆنەوە لە کاتی شکاندا پەنایان بۆ شکاندنی یەکتر بردوە ئەوان بە کردەوە سەلماندوویانە، کە شەڕی یەکتر و خۆبەخۆ باشتر لە شەڕی دوژمنان دەکەن و لەو مەیدانەدا خاوەن ئەزموون ولاپەڕەی ئەستوورن.

ئەگەر سەرکردەی پارتە سیاسییەکان خاوەن ژیری سیاسیی و عەقڵی ئیدارەکردنی کۆمەڵگە بوونایە و بیریان لە نەوەکانی دوارۆژی کوردستان بکردایەوە، لەو ڕۆژانەدا بڕیاری ئازایانەیان دەدا. ئەوان دەکرا ئەو تابۆیە بشکێنن و بە دەنگ و ڕەنگ لە سەر سیاسەتی شکستخواردووی رابردوویان داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن و لە پۆستە سیاسییەکانیان دوور کەوتبانەوە. ئەو کەس و پارتە سیاسیانە لە مێدیا و راگەیاندنی حیزبەکانیاندا کە بە پارەی خەڵک و نەوت کاردەکەن، دەکرا بانگی وانە وەرگرتن لە شکست و شکانەکان سەرهەڵدەن. بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانی و حیزبەکانیان ئەمڕۆ لە ڕێگای شەڕی راگەیاندن و تی ڤییەکان خۆیان لە ئاقاری راستەقینەی ڕووداوەکان دەدزنەوە، کە لە درێژخایەندا خێری بۆ هیچ لایەک نییە. هەموویان دەگونجا، بڕیاربدەن کە لە چوارچێوەی یاسادا کار دەکەن و بڕیارە سیاسییەکان دەدەن و پارلەمان دەکەنە خاوەنی دەسەلاتێک، کە هیچ حیزب و سەرۆک بنەماڵە و بازرگانێک نەتوانێ ئیرادەی نەتەوەیەک خەوشدار بکات. ئەمڕۆ ئەرکی مێژوویی گەل و

سەرجەم پارتە سیاسییەکانە، کە شکۆی نەتەوەیەک لەوە زیاتر نەشکێنن و بە پرۆژەیەکی کارا و بەرنامەیەکی عەمەلی ئەو قەیرانە تێپەڕێنن.

بەداخەوە، کوردەکان بە خەڵکێک ناسراون، کە ئەزموونە تاڵەکان دووپات دەکەنەوە و دەرفەتە زێڕینەکان لە دەست دەدەن. ئەوان و دۆستەکانیان ئەو پرسیارەیان بۆ وڵام نادرێتەوە، کە بۆچی کوردەکان ئامادەن خزمەتی داگیرکەر و دەسەڵاتە سەردەستەکانیان بکەن، بەڵام لە گەڵ یەکتر ناگونجێن؟ کوردەکان لە کۆنەوە پاش هەر شکانێک کورتە ئاوڕێک لە خۆیان دەدەنەوە، بەڵام بە تەواوەتی ناخوازن بچنە بنج و بناوانی شکستە تاڵ و شکانە گەورەکان، چوونکە شکۆیان بریندار دەکات. لە کاتێکدا پارتە کوردییەکانی وەک پارتی دیموکڕات و یەکێتی نیشتمانی باسیان لە ڕیفراندۆم و دەوڵەت دەکرد، کە خاوەنی مێژوویەکی دەست تێکەڵکردن لە گەڵ دەوڵەتە سەردەستەکانن. ئەوان لە ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بۆ شکاندنی یەکتر لە گەڵ دەوڵەتی تورک، فارس و عەرەبەکان بە فۆرمی جیاواز سازاون و شەڕی گەورەیان دژ بە یەکتر بەرپا کردوە. کێشەکە ئەوەیە، کە ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان، هەمیشە دەسەڵاتێک شک دەبەن و پرسی کوردایەتیش بۆ کوردەکان ئەوەندە بە تام و چێژە، کە دوای هەر کەتن و تاوانێک، بە ناوی کوردایەتی و مافی کورد دەگەڕێنەوە سەر شانۆکە.

شایانی باسە، کە لەو قۆناخەدا گرینگە کە خەڵک لاگیری ئەو دوو بنەماڵەیە نەکەن و لە ڕوانگەی دوارۆژی خاک و خەڵک لە گەڵ ڕووداوەکان هەڵسوکەوت بکەن. خەڵکی باشووری کوردستان و هێزە بێدەنگ و ئۆپۆزیسیۆنەکانیان لەو ڕۆژانەدا ناکرێ چاوەڕوانی لەبارچوونی بارودۆخەکە بکەن. ئەگەر ئەو دۆخە ڕێبەرایەتی نەکرێ و قەیرانەکە ژیرانە چارەسەر نەکرێ، بێگومان قەیرانی گەورەتر بەرۆکی کورد لە باشوور دەگرێت. هیچ لایەنێک ناکرێ سیاسەتی شکۆشکاندنی نەتەوەیەک لە لایەن عەبادی، سەربازی حکومەتی فیدراڵی و هەروەها حەشدی شەعبی قبوڵ بکەن. پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاری بۆ ئەو قۆناخە و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی شکستخواردووی ٢٦ ساڵی ڕابردوو لە ئەرکە هەنووکەییەکانن. درێژەدان بە سیاسەتی چاوەڕوانی چارەسەری کێشەکان ناکات. ئەو دۆخە پێویستی بە ئەکتەرە ژیر و سیاسەتکارە وردبینەکانە، کە بە هاوکاری یەکتر بتوانن قەیرانەکە تێپەڕێنن. هەستانەوە ئەستەم نییە، بەڵام بە سیاسەتی درۆ و فێڵ ناکرێ. گەلان و نەتەوەکان بە ئیرادەی ڕاستەقینە، پلانی ژیرانە و قەرەبووکردنەوەی هەڵەکان بەسەر تەنگژەکاندا بازدەدەن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## بازاڕی لایڤی (زیندوو، راستەوخۆ) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێش و پاش ڕێفراندۆم، بە تایبەت داگیرکرانەوەی ناوچە کێشە لە سەرەکانی باشووری کوردستان

لە کاتێکدا کورد بە قۆناخێکی دژواردا تێدەپەڕێ، ژمارەیەک کەس بە ناوی جیاواز و میدیاکار خەیاڵ و زیندەخەونەکانی خۆیان بۆ بیسەر و بینەران دەگێڕنەوە. بەشێک لەوان کە خۆیان نەبێ کەس نازانێ سەریان بە کوێوە بەندە، لەو بازاڕە شێواوەدا ئەسپی پساوی خۆیان لینگ دەدەن و گۆیا تەحلیل و تەفسیر و تەنانەت پێشبینی ڕووداوەکان دەکەن.

شایانی باسە، کە کۆمەڵێک لەو مێدیاکارە سەیر و سەمەرانە لە مانگەکانی پێش ڕێفراندۆمدا ژاوەژاوێکی سەیریان لە گۆڕەپانی بە ناو مێدیادا نابۆوە. ژمارەیەک لەوان پێشبینی ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتیان دەکرد و چیرۆکە خۆشەکانیان بە دەنگێکی بەرز بۆ کاناڵە حیزبییەکان دەگێڕانەوە. ئەوان لە قوتابخانەی مێدیاکارە فارسەکان فێری چیرۆک هۆنینەوە بوون و خوازیارن خەڵک بە وشە و شانۆنامەکان سەرگەرم بکەن. ئەو کەسانە بۆ بازاڕگەرمی خۆیان تێدەکۆشن و لە کوردایەتی و کوردبووندا لە هیچ کەسێک لە پێشتر نین. ئەوان سازگارا (موحسن دوای خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی بازاڕی دەرکەوتنی بۆ ڕێکەوت و لە کاناڵەکان بەر نەدەکەوت و لە ئاسۆساتدا بەرنامەی بەهاری سەوزی بڵاودەکردەوە!) ئاسا خەریکی بەهاری سەوزی خۆیانن و لەو بازارە گەرما و گەرمەدا بەشێک لە خەڵک و حیزبەکانیان لە خشتە بردوە.

کێشەی کوردان و هێزە سیاسییەکان لەو بارودۆخەدا دژوارە و بە چەند بەرنامەی لایڤی ئەم و ئەو چارەسەر ناکرێن. یەکێک لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە، کە زۆر کەس لە شوێنی راستەقینەی خۆی کار ناکات و ئەو کەماسییە زۆربەی دەزگا و ناوەندەکان دەگرێتەوە. نە سیاسەتکارەکانمان لە سیاسەتکاری گەلانی دیکە دەچن و نە مێدیاکارەکان. بە واتایەکی دیکە، زۆربەی ئەکتەرەکان بە ڕێکەوت و بە پاڵپێوەنان بەسەر پیشەکانیاندا کەوتوون!

کوردەکان شایانی ئەوەن، کە بەرچاویان ڕوون بێ و خاوەنی خوێندەواری مێدیایی بن. بۆ گەلی ئێمە خوێندەواری

مێدیایی لە باشترینەکانە، چوونکە خاوەنی مێدیایەکی نەبەستراوە نین. بێجگە لەوە لە ژێر رەحمەتی تێکنۆلۆژی تازەدا زۆر زرە مێدیاکار و شانۆگەر خۆیان لە خەڵکی هەژار کردۆتە موسای گۆچان سیحراوی. لەوە تاڵتر نییە، کە گەلێک لە گۆڕەپانی مێدیادا بەرچاوی روون نییە و رووداوەکان بە تەمومژاوی دێن و دەڕۆن.

ئەمڕۆ چارەنووسی کورد و بزوتنەوەکەی لە باشوور و پارچەکانی دیکە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. هیچ زانیارییەک لەوە گرینگتر نییە، کە خەڵک و هێزە سیاسییەکان و کۆی کۆمەڵگە لە دۆخەکە تێبگەن و راستگۆیانە لە گەڵ رووداوەکان مامەڵە بکەن. فاکتەرە راستەقینەکانی سیاسەت و هێز لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە کوردستاندا بە شانامەی فیردۆسی ناسرێنەوە و لایفەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تەپوتۆزێکی سازکراو زیاتر نین و نابن.

ئەگەر گەلێک بۆ سەرکەوتن و درێژەدان بە خەباتەکەی خاوەنی کەرەستەی پێویست و زەروری نەبێ، چۆن دەتوانێ کەندوکۆسپەکانی سەر رێگا تێپەڕکات و بەرۆکی ئالەنگارییەکان بگرێ! ئەگەر گەل و نەتەوەیەک لە دەرد و ئازاری خۆی تێنەگات و سیاسەتکار، مێدیاکار، روناکبیر و بازرگانەکانی بە کەیفی بەرژەوەندییەکانیان، خۆیان لە راستییەکان بشارنەوە، سبەینێیان لە ئەمڕۆ و دوێنێ باشتر نابێ. لینگاوقوچکردنی راستییەکان، خۆشاردنەوە لە فاکتەکان، تێکەڵکردنی دەنگۆکان و هۆنینەوەی زرە خەون، خەمی خاک وخەڵک ناسڕنەوە. با لەو پەڕی لاوازیماندا و بە هەموو شکانەکانەوە لە گەڵ خۆمان و ویژدانی تێکڕاییمان راستگۆ بین و سرووشت و جۆغرافیای بوون و ناسنامەی خۆمان لەبیر نەکەین.

ئەمڕۆ کاتی بیرکردنەوە لە قۆناخی دوای شکستی رێفراندۆم و هەروەها مەترسییەکانی سەر رێگای کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانە. بۆ خوێندەوەی بارودۆخەکە ئەو کەسانە شایانی گوێگرتن نین، کە بە ناوی جیاواز لە بازرگانێکی جیهانی لیخنی مێدیا زیاتر نین و هەر رۆژەی لە بەردەم سێبەری لایەنێکدا گۆرانی دەڵێن. بۆ ساخکردنەوەی ژێرخان و پتەوکردنی ئەو بەستێنە پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ ناخی راستەقینەی کوردایەتی و تێگەیشتن لە هەوداکانی سیاسەت، دیپلۆماسی، مێژوو و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ژێری تێکڕاییە.

مێدیاکاری گەلانی پێشکەوتوو و لە خەم رەخساو رێزی پیشەی خۆیان دەگرن. ئەوان، لە سەرەتای کاردا ئاگاداری

چوارچێوەی کار و مۆڕاڵی کارکردنن. لە بازاڕی شێواوی کورد و مێدیاکانیدا بەداخەوە کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە. ژمارەیەک کەس بۆ گەیشتن بە مەبەستە کەسییەکانیان و تێرکردنی ئارەزووەکانیان چەپ و راست سەما دەکەن و لە ئاوێنەی رۆژدا چاو لە روخساریان ناکەن.

ئەمڕۆ رۆژی تەکبیرکردن و بیرکردنەوە لە دواڕۆژە. دواڕۆژی باشتر بە هیممەت، کاری هاوبەش و هەروەها بەرنامە و پلانی عەقڵانی و کردەیی دێتە کایەوە. بابەتەکان لە ژاوەژاوی تێکڕاییدا لە بیر چوونەوە و دیاردە لاوەکیی و رووکارەکان بوونە کرۆکی قسە و باسی مێدیاکار، رووناکبیر، سیاسەتکار و هتد. سیاسەتی نەتەوەیەک و گەلێکی ژێردەست بە تاکتیک، ستراتیژی و عەقڵی گشتی بەرهەمدار دەبن. هەتا بازاڕی خشە و دەنگۆ لەبرەودابن، بارودۆخمان لەمڕۆ باشتر نابێ. کاتێک راوێژکاری سیاسەتکارەکان لە جیاتی بیرکردنەوە و وردکردنەوەی بابەت و رووداوەکان دەبنە شانۆگەری مێدیایی، بێگومان بارودۆخکەمان لەوە باشتر نابێ!

کاتێک ژمارەیەک مێدیاکار بۆ پەیداکردنی نانی خۆیان پشت لە مۆڕاڵی مرۆڤایەتی و پیشەکانیان دەکەن، کاناڵەکانمان لەوە زیاتر نابن. لە سایەی سەری ئەو زرە مێدیاکار و سیاسەتکارانە پرسی کوردان قورسایی جارانی نەماوە و شکۆی خاک و نەتەوەیەک شکاوە. کۆمەڵە خەڵکێک لە سەر بناخەی قەیرانی نێوخۆییەکان دەژین و بۆ فریودانی خەڵک و حیزبە دەوڵەمەند و داراکان بوونە کۆتری نامەبەر، هەڵۆی سەر شاشەکان و پشت میکرۆفۆنی مێدیاکان و بە زەردەخەنەی دەستکردی بەردەم کامێراکانیان گۆیا دەوڵەتخواز و سەربەخۆخوازن.

ئێمە زیاتر بە هەستەکانمان سیاسەت دەکەین و لە گەڵ مێدیا و سیاسەتکارەکاندا مامەڵە دەکەین. ئەو هەست و ئیحساسانە لەو مەیدانەدا زۆر بڕناکەن و بەو کەرەستانە پێدەشتی رقنی سیاسەتی نێونەتەوەیی ناکێڵدرێ. ئەگەر تێڕوانینەکانمان نەگۆڕین بە ئەنجامی جیاواز ناگەین و لە بازنەی کۆنی شکاندا دەمێنینەوە. بە واتایەکی دیکە، لە جیهانی سیاسەتەدا کە سۆز و عاتفە ناناسێ و لە پێدەشتەکانی شکستدا تەنیا دەمێنینەوە. رزگاربوون و ئازادبوونی نەتەوە و مرۆڤەکان هونەری تایبەت دەخوازێ و کوردەکان شایانی ئەو نیعمەتەن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## بوومەلەرزەکەی کوردستان، هەرەوەزی خەڵک و کارانەبوونی دەوڵەت

بوومەلەرزە بە دیاردەیەکی سرووشتی پێناسەدەکرێ. لافاو، گڕکان، زەوی رۆچوون، ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان، داکەوتنی نەخۆشییە کوشەندەکان، وشکە ساڵییە بەردەوامەکان، رەوتی بە بیابانبوونی ناوچە ئاساییەکان و زۆر بابەتی دیکە لە کۆنەوە بەرۆکی مرۆڤایەتی و گۆی زەویان گرتوە. مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو رووداوانەدا لە کۆنەوە دەستەوەستانە و لە چەند روانگەیەکەوە تەتەڵەی ئەو دیاردانەی کردوە. لە تێڕوانینی یەکەمدا مرۆڤ تێکۆشاوە لە رێگای بەکارهێنانی تێگەیشتنی ئایینی هەللاجی مەسەلەکان بکات، کە رەنگە ئەمڕۆش کەم و زۆر لە زۆر ناوچەی جیهان پشتگیری لەو روانگەیە بکرێ. لە روانگەی دووهەمەوە، مرۆڤ هەوڵیداوە لە سرووشت و رووداوە سرووشتییەکان تێبگات. لە رێگای لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی خوێندنەوە جیاوازەکان هۆکاری کارەساتە سرووشتییەکان ئاشکرا کراون.

لە بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە سەر بناخەی کەڵکوەرگرتن لە زانست و تێکنۆلۆژی سەردەم ئامادەکاری پێشوەخت بۆ دیاردە سرووشتییەکان دەکرێ، هەرچەندە بە گوێرەی دڵخواز سەرکەوتوو نەبوون. بۆ وێنە، لە بەرامبەر بومەلەرزەدا "هێڵی ئاشنای لەرینەوەی زەوی" پێناسەکراوە و خانوو و شوێنی نشتەجێبوونی مرۆڤەکان بە جۆرێک ساز دەکرێ، کە تا رادەیەک خۆیان بۆ کارەساتی بومەلەرزە بگرن. لە جیهانی ئەمڕۆدا، دوای کارەساتە سرووشتییەکان بە شێوەیەکی رێکخراو مرۆڤەکان، دەزگا خێرخواز و دەوڵەتەکان ئامادەی کۆکردنەوە و گەیاندنی یارمەتییە سەرەتاییەکانن.

کوردستان لەو هاوکێشەیەدا بەداخەوە کەوتۆتە ژێر حوکمی زاڵمانەی دەوڵەتەکان. رۆژهەڵاتی کوردستان کە زیاتر لە بەشی باشوور کەوتۆتە ژێر زەبری وێرانکەری بوومەلەرزەکە، لە یارمەتی فەرمی حکومەت دابڕاوە. دەوڵەتە جەردەکان لە جۆغرافیای کورداندا مۆتەکەیەکی قورس و گرانن، کە خێر و بێریان بۆ خەڵکی کوردستان نەبوە و نییە. لە سەرجەم رووداوە سرووشتییەکانی رابردوودا، حکومەت لە ئێراندا کەمترین رێژەی یارمەتی بە خەڵکی لێقەوما گەیاندوە. لەو رووداوانەی، کە بە چاوی خۆم دیومن، لە بۆمباران، تۆباران، ئاوارەبوون، کۆڕەو، رنوو و هتد. تەنیا و تەنیا هەرەوەزی خەڵکی کورد کلیلی تێپەڕکردنی قەیرانەکان بوون. خەڵکی کورد لە کۆنەوە بۆ

ڕۆژانی دژوار و لێقەومان پڕ بوون لە توانا و هیممەت. لەو سەردەمەی، کە مێدیای کۆمەڵایەتی لە خەونی مرۆڤدا شکڵی نەگرتبوو، خەڵک لە باو و بۆراندا، لە شەڕ و ئاگربارانـدا هاوزمان و هاوڕەگەزەکانیان لە چەنگی زاڵمی ڕووداوە سرووشتیی و تەنانەت سیاسییەکاندا تەنیا نەهێشتۆتەوە.

بوومەلەرەزەکەی ئەمجارەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نەوەی تازەی سەلماند، کە لەوە زیاتر ناکرێ چاوەڕوانی دەوڵەتێک بن، کە لە سەر بناخەی درۆ و چەوسانەوە دامەزراوە. لە کۆڕەوی ملوێنی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتدا، خەڵک ئەرکی کوردانە و مرۆڤانەی خۆیان بەجێدەگەیاند، بەڵام بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران یارمەتییە دەرەکییەکانیان بە مەبەستی بازرگانی کردن بەکاردەهێنان. ئێران لە کارەساتە سرووشتیەکاندا ڕێگا نادات، کە دەلـلاقەیەک بە سەر خەڵکی زوڵملێکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بکرێتەوە. ئەوان لەوە دەترسن، کە ڕوخساری دزێوی دەوڵەتێکی جەردە لە زمانی کوردە ستەملێکراوەکان بە گوێی جیهان بگات و سیما دزێوەکەی ئێران ئاشکرا بێ.

ئەو ڕووداوانە بۆ خەڵکی کورد بە وانەی گەورە بە ئەژمار دێن. ئەوان لەو ڕۆژانەدا تێدەگەن، کە لە ئێراندا هاووڵاتی بۆ دەوڵەت چ بایەخێکی هەیە. تێگەیشتن لەو ڕاستییە کارێکی قورس نییە، بەڵام لە ژێر تیشکی ئەو کارەساتەدا بەڵگە نەویستە. کوردەکان پاش مێژوویەکی دوور و درێژ لە گەڵ دەوڵەتە دەزەکان شایانی ئەوەن، کە لە سەر ناسنامەی خۆیان پێداگەربن و فریوی مێژووی درۆزنینی دەسەڵاتدارە فێڵبازەکان نەخۆن.

شایانی باسە، کە گەلی ئێمە وەک گەلانی دیکە لەو ڕووداوە سرووشتییانە وانەی ئەزێنی وەربگرێ. لاوەکان و نەوەی تازە گرینگە، کە لە ڕێگای دەزگا و دامەزراوەی خۆبەخش خۆیان بۆ ڕۆژە دژوارەکان و کارەساتە سرووشتییەکان ئامادە بکەن. دەگونجێ، لە شار و گوندەکان خولی سەرەتایی چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ ڕووداوە سرووشتییەکان و قوربانییەکانی ئەو دیاردانە بەڕێوەبچێ. کارناسانی بوارە جیاوازەکانی سازکردنی شوێنی نیشتەجێکردن، گرینگە لە تاقیکاری وڵاتانی دیکە کەڵکی پێویست وەرگرن و ڕێز لە گیانی هاووڵاتیانی خۆیان بگرن. گەندەڵی لە سازکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و هەروەها لە بەرچاونەگرتنی یاسا و ڕێساکانی میعماری سەردەم خەساری گەورە لە هاونیشتمانان دەدات.

مەترسییەکان بەداخەوە لە پڕ دەردەکەون و مرۆڤ نازانێ لە چ کات و ساتێکدا کارەساتێک بەرۆکی ناوچەیەکی گۆی زەوی دەگرێ. ئامادەکاری بۆ کەمکردنەوەی خەسارەتی گیانیی و ماڵی بوومەلەرزە، ئاورکەوتنە، لافاو، زەوی رۆچوون، بڵاوبوونەوەی دەردی کوشندە و تەنانەت بۆمباران و شەڕ بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ پێداویستییەکی گرینگە. هێزی ئامادە و لەسەرلاقی نیزیک کارەساتەکان، قەرەبوو ناکرێتەوە. هەموو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی جیهان ناتوانن هەناسەی ژیانەوە بدەنە ئەو مرۆڤانەی کە هێشتا لە ژێر دیواری رووخاودا دواهەناسەکانی ژیانیان هەڵدەکێشن. بۆ رزگارکردنی خەڵکی ژێر وێرانەکان و هەروەها پاراستنی لێقەوماوان کوردەکان خاوەنی هێزی گەورەی هەرەوەزین. ئەوان لە کۆنەوە خاوەنی کولتووری هاوکاری یەکترن.

کوردی پارچەکانی دیکە و هەروەها دەرەوەی وڵات بە هۆکاری سیاسەتی دوژمنکارانەی رێژیمی تاران، نەبوونی شەففاییەت و هەروەها نەبوونی دەزگا و دامەزراوەی خاوەن ئێعتبار رەنگە نەتوانن بە تەوژمێکی کارا و زۆرەوە لەو کۆستەدا بەشدار بن. ئەگەر خاوەنی دەوڵەتێکی خزمەتگوار و خەڵکی بووینایە، بێگومان کوردەکان لەو کۆستانەدا باشتر دەکرا رۆڵ و نەخشی خۆیان بگێڕن. بێجگە لەوە، رۆژئاواییەکان لە رێگای خاچی سوور و لە کاناڵی مانگی سووری ئێرانی دەتوانن یارمەتییەکانیان رەوانە بکەن. مانگی سووری ئێرانیش وەک سەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئەرکەکانیان لە سەر رێبازێکی رەوا رانا پەڕێنن و بە نیوەچڵی یارمەتییەکان دەگەیەنن.

لێرەدا سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییەکانی ئەو کارەساتە دەکەم. ئازارەکان لەوە گەورەترن، کە وشە و دەربڕینەکان دەرەقەتیان بێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## خۆپێشاندانەکانی باشووری کوردستان، هەرێمێکی کەوتوو و ئیدارەیەکی لەرزۆک

دەرفەتە زێڕین و یەکلاکەرەوەکانی باشووری کوردستان نیزیکە پووچەڵ ببنەوە. بەڕێوەبەرە ناکارامەکانی ئەو هەرێمە لە پووچەڵکردنەوەی دەرفەتەکاندا پشکی شێریان بەردەکەوێ. ئەمڕۆ باشووری کوردستان پڕە لە ژانی کەوتن و شۆڕبوونەوە بۆ باوەشی قووڵایی زنجیرە شکانەکانی دیکە. پاراستن و ئیدارەی نیشتمان پێویستی بە کولتورێکی دەوڵەمەند، خەڵکی خاوەن کەسایەتی و ناسنامە، سەرکردەی راستگۆ و ئەمینە، کە بەداخەوە لە باشووردا بەرچاوناکەون. کۆمەڵگەی کوردستان لە باشوور، هەرگیز خەونیان بەو دەرفەت و ئەگەرانە نەدەدی، کە فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆیان رەخساندبوون. ئەوان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە بۆ ئەو رۆژانە ئامادە نەبوون، بۆیە کوردەکان کەمترین سوودیان لەو ئەزموونە وەرگرت. بە واتایەکی دیکە، بەشێکی زۆری ئەو دەرفەتە زێڕینانە دەستکردی فاکتەرە دەرەکییەکان بوون، بۆیە خەڵک و حیزبەکان لە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو دەرفەتانەدا سەرکەوتوو نەبوون.

سەرکردەی پارتە سیاسییەکان و چەکدارەکانیان وێڕای لشکرێک لە رووناکبیر و چاودێرەوە بە عەقڵ و لۆژیکی شاخ و بە کولتوری کۆنی خێڵ (زیاتر کولتورە نەرێنییەکە) دەستیان بەسەر هەرێمی کوردستاندا گرت. ئەوان پرسی دیموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و مافی چارەیخۆنووسینی کوردیان لەبیرکرد و لە دەوری کەعبەی بەرژەوەندییەکانیان سەرقاڵی تەواف و سووڕانەوە بوون. کولتوری ورگپەرەستی، مشەخۆری، شڕەخۆری، گزیی و دزی، جاشەتی بۆ دەزگای سیخوڕیی دەوڵەتە سەردەستەکان، شەڕی نێوخۆ، یەکترشکاندن، کورتبینی سیاسی و نەبوونی ژیری بۆ خوێندنەوەی رووداوەکان، باشووری کوردستانی لە ژێرخانەوە هەڵتەکاند. ئەو پارچەیەی کوردستان بەکردەوە بارمتەی حیزب و بنەماڵە کرا و کورد و نیشتمان لە نرخ و بەهاکان بەتاڵ کران. پەرەپێدانی کولتوری گەندەڵی، نەبوونی ئیدارەیەکی باوەڕپێکراو، رەچاوکردنی سیستمی چەوساندنەوەی هاوولاتیان و حیساب نەکردن بۆ دەنگی هاوولاتی کەلێن و کەلەبەری قەوارەی هەرێمی زیاتر و زۆرتر کرد.

سیاسەتکارە قۆمارچیی و بازرگانەکان باشووری کوردستانیان کردە حەوشەی سیاسەتی تورک، فارس و عەرەبان. کوردبوون لەبیرکرا و یاسای هێز و چەک بە سەر هێزی یاسادا زاڵکرا. شەڕی نێوخۆ و دواتر سازان لە سەر

چۆنیەتی دابەشکردنی سەروەت و سامان و کورسی دەسەڵات، بەرژەوەندیی خەڵک و خاکی پەراوێز خست. یاساکان بۆ سەرە گەورەکان لە خاچ دران و نەوت و سامانی نیشتمان وێڕای کەرتە بازرگانییەکانی دیکە بۆ بنەماڵە بوونە مایەی نیعمەت و سەرمایە. خەڵک لە خاک و نیشتمان خۆشەویستی دوور خرانەوە. دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵگە بە تەواوەتی لە نرخ و بەها خران. حیزب و بنەماڵە بۆ درێژەدان بە راوڕووتی نیشتمان، لشکرێکی گەورەی خەڵکیان بە ناوی پێشمەرگە دامەزراند و لشکرێکی تۆکمەشیان بە ناوی قەبە و سەیر و سەمەرە خانەنشین کرد!

دەسەڵاتدارە کوردەکان لە نەبوونی هونەری دەسەڵات و ژیریی سیاسی، خۆیان لە راستییەکانی کۆمەڵگە، ناوچە و جیهان دزیوە. بەشێک لەوان وێڕای مەسعود بارزانی بۆ خۆشکردنی رەشەبازاڕی قومار و سیاسەت خۆیان بە گەمەی ڕێفراندۆم سەرقاڵ کرد. گەمەیەک، کە زەبری گەورەی لە باشووری کوردستان سرەواند و بەشێکی زۆری خاکەکەی بە شێوازێکی سووک رادەستی چەکدارەکانی حەشدی شەعبیی و عێراق کردەوە. لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، بەشێک لە خەڵک و رێکخراوەکان تێکۆشان، کە سوکانی سیاسیی ئیدارەی هەرێم راستکەنەوە، بەلام هەوڵەکان ئاکامێکی کۆنکرێت و بەرچاویان دەستەبەر نەکرد. ئاڵوگۆڕە جەوهەریی و گرینگەکان بەرنامە، دەرفەت و ویستی لێبڕاوی زۆرینەی کۆمەڵگەیان دەوێ. گەیاندنی گەل و نەتەوەیەک بە ئازادییەکان و مافی چارەنووس پلان و بەرنامەی ورد و هاوکاری نیشتمانی دەوێ، کە لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا زۆر کرچ و کاڵ بوو.

بەشداری چالاکانەی خەڵک لە دەنگدان و هەروەها خۆپێشاندانەکانی چەند ساڵی رابردوو بۆ گۆڕینی دۆخەکە تاقیکرانەوە، بەڵام ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێنەکەوتەوە. خۆپێشاندانەکانی چەند ساڵی رابردوو کرانە مەیدانی بەرە جیاوازەکان و خوێنی خەڵکی سڤیلی تێدا رژا. لە بەر نەبوونی یاسا، بکوژەکان خەڵات کران و قوربانییەکانی خۆپێشاندان پەراوێزخران. تێپەرینی ساڵەکان و سەرهەڵدانی داعش کە دەللاقەی جیهانی بەسەر کوردی باشووردا کردەوە، سرووشتی خێڵایەتی سیاسەت و ئیدارەی نەگۆڕی. یاساشکێنی زیادی کرد و پارلەمان لە کارکردن وەستێندرا و سێبەری شوومی ئاشبەتاڵ بە سەر هەرێمدا سەپێندرا. ئۆپۆزیسیۆنی هەرێم کەوی کرا و چەند بازرگانێکی تازە پێگەیشتوو بە دوای بازی هەڵدراوی سیاسەتدا خۆیان هەڵدایە کایەی سیاسەت. کۆتایی شەڕی داعش بۆ لۆردەکانی سیاسەت و نەوت لە باشوور بە مانای کۆتایی قۆناخێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی پێناسەدەکرێ. بەشێک لە لۆردەکان خۆیان بە درووشمی ڕێفراندۆم هەڵواسی و لە خەونی ئەواندا ڕێفراندۆم دۆخەکە دەگۆڕیی و دەوڵەتی بۆ

کورد بە دیاری دەهێنا! خوێندنەوەکان ڕاست دەرنەچوون و لە کۆتایی یاریەکەدا دەستی لۆردە سیاسییەکان لە بنی هەمبانەکە دەرچوو. لە ئاکامدا ،قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان قووڵتر بوونەوە و جووت پارتی دەسەڵاتدار تووشی شکستی گەورە بوون و لە بەرامبەر حەشدی شەعبیی و چەکدارە عێراقییەکان لوتکەی بێ ئیرادەیی خۆیان سەلماند و تۆمارکردن.

خۆپێشاندانەکانی ڕۆژانی ڕابردووی باشووری کوردستان تەقینەوەی ڕقی کەڵەکەبووی ساڵانێکی زۆرە. خۆپێشاندەران لە سەر شەقام و کۆڵانەکان ڕقی خۆیان لە هێزە سیاسییەکان دەردەبڕن. ئەوان ئاگادارن، کە پارتە سیاسییەکان و چەند بنەماڵەیەک بەرپرسی سەرەکی نەهامەتییەکانی خەڵک و هەرێمن. درووشم و هەڵسوکەوتی خۆپێشاندەران ویستی زۆرایەتی کۆمەڵگەیە، بەڵام ڕێژەیەکی کەم ئامادەن لە پێناوی ویست و داخوازەکانیاندا لە گەڵ چەکداری حیزبەکان ڕووبەڕوو ببنەوە. خۆپێشاندانەکان و کاردانەوەی چەکداری پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بە خۆپێشاندەران دەیسەلمێنێ، کە پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران لە سەر بەستێنی ڕق و چەوساندنەوە هەڵچنراوە. شایانی باسە، کە لەو کۆمەڵگەیەدا ئەگەرەکان کراون و ئەگەر هەیە کە خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا ببرێن.

خۆپێشاندان لە کوردستاندا دەرفەت و ئەگەری گەشەپێدانی نەبوە و خەڵکی ئێمە بۆ دەربڕینی بیروڕا و ناڕەزایەتیەکانن ئامادە نەکراون. لە مێژووی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستاندا، کەمتر کار لە سەر چۆنیەتی ڕاهێنانی هاووڵاتیان کراوە. کولتوری ئێمەی کورد لە ئیدارەکردن و هەروەها دیالۆگ بە ڕێژەیەک لاوازە، کە لە ژێر دەواری دێموکراسی و مافدا گوێ لە یەکتر ناگرین. لە هەرێمی کوردستاندا بژاردەی دەسەڵاتدار لە کولتوری دەسەڵاتداریی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان تێپەڕ نەکردوە و وەک نموونەیەکی خەراپ و گەندەڵ لە نێو خەڵکدا ناسراون. جۆر و شێوازی دەسەڵاتی خۆماڵی لە سەر تێگەیشتنی نێوان هاووڵاتیان، بژاردەی سیاسەتکار و هێزە سیاسییەکان ڕۆنەنراوە. دەسەڵاتدارەکان لە جیاتی ڕێزگرتن لە یاسا و بنەماکانی هەڵبژاردن سەرقاڵی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ منداڵ و کەسە نیزیکەکانیان و هەروەها سوودوەرگرتنی خەراپ لە سامان و سەروەتی نیشتمانین. هاووڵاتیان لە داهاتووی خۆیان دەترسن و باوەڕیان بەو دەسەڵاتدارانە نییە، بۆیە لە ژینگەی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا بایەخ و بەهاکان مژاوی بوون. چەتەگەری سیاسی حوکم دەکات و نەوت، خاک، گومرگ و کەرتە بازرگانییەکانی دیکە کۆنترۆڵ کراون.

خۆپیێشاندانەکان خاوەنی جۆرێک ڕێکخستنی ڕانەگەیندراو و خۆڕسکن، بەڵام بۆ درێژەدان بە ڕەوتی خۆپیێشاندان و هەروەها دەستەبەرکردنی ویست و داخوازی خەڵک ئیدارەکردنی خۆپیێشاندانەکان گرینگە. هاتنە سەر شەقامی خەڵک (کە زیاتریان گەنج و لاون) لە شۆڕشی نارازییەکان دەچێ، کە باوەڕیان بە دەسەڵات و بەڕێوەبەرانی هەرێم نییە. دەربڕین و نارەزایەتی خەڵک بە ئاسانی بەرەو توندوتیژی دەڕۆن، کە بە قازانجی باڵی دەسەڵاتدار تەواو دەبێ. لە پانتایی ئەو هەرێمەدا کۆمەڵگەی مەدەنی لاوازە و هێزێکی سیاسی خاوەن بەرنامە و ستراتیژی بەرپرس نییە، کە ڕێبەرایەتی خۆپیێشاندانەکان بگرێتە ئەستۆ. دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبر و شکانی پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان بەشێوازی مەدەنی هیچ جۆرە دژکردەوەیەکی خەڵک دژ بە ڕووداوەکان دەرنەبڕا. بە واتایەکی دیکە، خەڵکی ئێمە فێرنەکراوە بەرگری شارستانیانە لەماف و خاکەکەی بکات و لەڕەوتی ژیانی شارو سیاسەتدا هێشتا دارەدارە دەکات. ئەگەر خۆپیێشاندەران خاوەنی ڕێچکەیەکی دیارو تاکتیکی گونجاو نەبن، لەلایەن بازرگان و پارتە سیاسییە نابەپرسەکانەوە بەلاڕێدا دەبرێن. لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەرفەت بۆ ڕژانی خوێنی هاووڵاتیان دەدرێتە چەکدارە حیزبیی و پارتەکان و خۆپیێشاندانەکانیش ئامانجەکانیان ناپێکن.

دەسەڵاتدارانی باشوور و جووت پارتە خاوەن چەکدارەکە گەیشتوونە کۆڵانی داخراو. ئەوان ڕێگای گەڕانەوە بۆ دواوەیان نییە و خاوەنی هێزی چوونەپێش نین. لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگەدا دەستەوەستانن و دوای ڕیفراندۆم کەوتوونە سەر پشت. هونەری دەسەڵاتدارانی هەرێم قوماركردن بە خاک، نەوت و داهاتووی هاووڵاتیانی کوردستانە، بۆیە ئازایەتی چاککردنی دۆخەکەیان نییە. ئەوان بۆ مانەوە و درێژەدان بەو بارودۆخە، ناچارن دەست لە هەوداکانی دراو و درۆ بەرنەدەن و هەتا کەوتنە گەورەکە پشت لە خەڵک و خاک بکەن. دەرفەتی چاککردن زۆر کەمە و خەریکە دۆخەکە بە هێواشی دەپوکێتەوە. بۆ ساغکردنەوەی ئەو بارودۆخە هیچ دەرمان و موعجیزەیەکی ئاسمانی نییە. گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک، لۆژیکی یاسا و دیالۆگ باشترین بژاردەی ئەو ڕۆژگارەیە. وێرانکردنی زیاتری نیشتمان و خۆسەپاندنی زیاتری بنەماڵە و چەکدارەکانیان چڵکی برینەکان زیاتر دەکات و ئەگەری تەقینەوەی وێرانکەر دەخوڵقێنێ. ڕاستگۆیی لەو بارودۆخەدا کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە، کە درەنگ یان زوو پارتە سیاسیی و دەسەڵاتدارەکان ناچارن مل بۆ ئەو هاوکێشەیە رابکێشن.

چاکردنی سیستمی گەندەڵ و ناعادڵانەی هەرێمی کوردستان بە تەنیا ڕێگاچارەی خێرا پێناسە دەکرێ. سیستمێک،

کە ئیرادەی کوردی لەرزۆک کردوە و دەسەڵاتداری نابەرپرس و سەرمایەداری جەردەوانی بەرهەم هێناوە. سیستمێک چارەسەرە، کە خەڵک بە سەرچاوەی راستەقینەی دەسەڵات دابنێ. ژیانی کۆمەڵگە، بێ یاسا مسۆگەر نابێ و سەروەری یاسا بە ئەلفبێی ئیدارەکردنی هەرێم و دەوڵەتداری دەژمێردرێ. دەرمانی ئەو رۆژگارە تاڵە خۆدزینەوە لە شکست و کەوتنەکان نییە. جێگای خۆیەتی، کە دەسەڵاتدارە دۆڕاوەکان و بازرگانە نانیشتمانییەکان و بڕاردەی مشەخۆر لە بازنەی دەسەڵات و پارە دوور بخرێنەوە. حیزب لە چەک دابماڵرێ و هێزی چەکدار و زانیاری لە ژێر دەسەڵاتی پارلەمانێکی کارا و راستەقینەدا ئەرک و بڕیارەکان بەڕێوەبەرن. بەجێیە، کە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بەڕێوەبچێ و دەرفەت بە تاکەکان و کۆی کۆمەڵگەدە بدرێ، کە بە عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیان دەنگ بدەن. ناوی مردوەکان لە لیستی دەنگدەر و مەعاشخۆرە بن دیوارەکان پاک بکرێنەوە و وردبینی تەواو بۆ لیستی مووچەخۆر و خانەنشینەکان بکرێ. کۆی کەرت و قەوارەکانی ئیدارەی کۆمەڵگە پێویستیان بە چاکسازی راستەقینەیە و سیاسەتی پینەوپەڕۆکردن کەڵکی نەماوە. چاککردن و پەرەپێدانی کولتوری ئیدارەکردن لە تاکەوە دەست پێدەکات و هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە. کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و خۆشگوزەران بە تاکە فاکتەرێک ناخوڵقێ. کولتوری ئیدارەکردن، حیزبایەتی، کەسابەت، دینداری، رووناکبیری، سیاسەت، بازرگانی و پەروەردە و فێرکردن لە ئاستی جیاوازدا پێکەوە گرێدراون و چاکسازیی راستەقینە لە هەناوی ئەو رایەڵکەیەدا گەشەو باڵا دەکات.

بەکارهێنانی چەک دژ بە خۆپیشاندەران و سەرکوتی دەنگە ناڕازییەکان بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات. کوشتن و بریندارکردنی هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر لە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکان تاوانێکی نەبەخشراوە. داخستنی کاناڵەکانی راگەیاندن و هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکان چارەسەر نییە. توندکردنی حوکمی چەکداری لە هەرێمی کوردستان و گرتنی خەڵک رەنگە بەرەنگاری چەکداری بخوڵقێنێ، کە لێکەوتە و زەرەری زۆرتری دەبێ. بە هەموو لۆژیکێک، دەسەڵاتدارەکان گەمەکەیان دۆڕاندوە و باشترە لە تەجروبەی نەرێنی رابردوو سوودی ئەرێنی وەربگیرێ. خەڵک چاوەڕوانی ژیانێکی باشترە و بە کولاوە شەرعی و خۆڵ لە چاوی خەڵکردن رێڕەوی مێژوو ناگۆڕێ. خەڵک مافی خۆیانە داوای گۆڕانی بەرپرسەکان بکەن و توندوتیژی چەکدارەکان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران توندوتیژی زیاتر بەرهەم دێنێ. رووداوەکان دەیسەلمێنن، کە پاشاگەردانییەکی تەواو لە باشووری کوردستاندا حوکم دەکات و کۆشک و تەلارەکان چارەسەری قەیرانەکان ناکەن. ژینگەکە بە جۆرێک ئاڵۆز کراوە، کە بە هەڵبەست و هونراوە چاک ناکرێتەوە و بڕیارێکی ئازایانە و راشکاوانەی دەوێ. بارودۆخەکە لە سەر تەلە و بۆ کەوتن تەنیا فاکتەرێکی لاوازی دەرکی دەوێ. ئەگەر ئەو تجروبەیەش هاوشێوەی تەجروبە کۆنە کوردییەکان بە

تراژیدییەکی خەماوی کۆتای هات، ڕەوایە کوردان بیر لە گۆڕینی خۆیان و شێوازی خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بکەنەوە! بە واتایەکی دیکە، خۆمان هۆکاری سەرەکی شکان و کەوتنەکانین و تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو مەنتقێکی ڕەوای لە پشتەوە نییە. ئێمەی کورد بۆ دەربازبوون لە بازنەی شکستەکان پێویستمان بە پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بە خۆمان و ڕۆچوونی بێڕەحمانە لە مێژووی پڕ لە شکانی شکۆ و ناسنامەکەمانین.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٨

---

## *پرسی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری لە فینلەند و هەڵبژاردنەکان لە کورتە وتووێژێکی خێرادا*

کورتە وەڵامێکی لاپەڕەی لاهدێن کوردی لە سەر یەکێک لە بەربژێرەکانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری فینلەند: ئەو وڵامە لە سەر بناخەی ئەو پرسیارانە هەڵچنراوە، کە بەڕێوبەری لاهدێن کوردی "عەباس شوان" ڕەوانەی کردوون. مەبەستی ناوبراو ئەوەیە، کە بۆچی سەوزەکان پێککا هاڤیستۆیان بە بەربژێر هەڵبژاردوە؟ بۆچی بەربژێری دیکە لە ناو ئەو حیزبەدا دەرنەکەوتوون؟ لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی وڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە و تیشک دەخەمە سەر هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە سەرکۆمار لە فینلەندا.

فینلەندییەکان بە گەلێکی لە سەرەخۆ ناسراون، کە لە قۆناخی تازەی ژیانی هاوچەرخیاندا و بە تایبەت لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی بە ڕێژەیەکی گونجاو خۆیان لە گەڵ جیران و سەردەم گونجاندوە. ئەوان لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارەکاندا بوونە خاوەنی کولتورێکی خۆماڵی. فینلەندییەکان حەزیان لە بەڕێوەبەرایەتی توند و

پڕ لە دڵەڕاوکە نییە، بۆیە بەڕێوەبەرەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە. ئەو کولتورە لە سیاسەتدا رەگ و ریشەی داکوتاوە و سەرکۆمار و بەشێکی بەرچاو لە پارلەمانتاران و تەنانەت روخسارە ناسراوەکانی گۆڕەپانی کولتوور، مێدیا، هونەر، زانست و ئەدەب و هتد بۆ ماوەیەکی درێژ ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن.

سەرکۆمارەکانی فینلەند لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم هەتا ئەمڕۆ ئەگەر ویستوویانە زۆربەیان دوو خولیان تێپەڕ کردوە و کێککۆنن لەو هاوکێشەیەش بەدەرە. دەنگدەرە فینلەندییەکان لە رێگای جۆراوجۆر و بە تایبەت مێدیای بینراو، نووسراو و بیستراو تێڕوانینی خۆیان دەردەبڕن. ئەوان دەرفەت بە مرۆڤەکان دەدەن، کە بە گوێرەی شارەزایی لە ئیدارەکردنی وڵاتدا بەشدار بن. رەنگە حەسادەت و یەکتر بوغزاندن لێرەش بەجۆرێک رۆڵی گەورە لە چینە شاراوەکانی کۆمەڵگەدا هەبێ، بەڵام مرۆڤەکان لە دەربڕیندا زۆر خۆدەپارێزن.

زۆربەی دەنگدەرانی فینلەند، لە سەر سەرکۆمار و رۆڵی ئەو مرۆڤە لە نوێنەرایەتی کردنی وڵاتدا هەستیارن، بۆیە لە دەنگداندا زۆر لایەنی بەربژێرەکان لەبەرچاو دەگرن. ئەگەر سەرکۆمار خۆی بەربژێرکاتەوە و لە ماوەی رابردوودا کێشەی گەورە بەرۆکی نەگرتبێ، بە ئاسانی دەنگی پێدەدەن. لە لایەکی دیکە، لاوەکان و نەوەی نوێ و خاوەن دەنگە خەوتوەکان بە رێژەی کۆنەپارێزەکان لە دەنگدان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا چالاک و ئەکتیڤ نین.

پێککا هاویستۆ بەربژێری سەوزەکانە و لە نێو ئەواندا لە روخسارەکانی دیکە ناسراوترە. ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی فینلەند لە خولی پێشوودا دەنگێکی بەرچاوی کۆکردەوە. لە لایەکی دیکە، هاویستۆ لە پرسی پاراستنی ئاشتی و چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا ناسراوە و لە دەرەوەی فینلەند جۆرە پاشخانێکی ئەرێنی هەیە. رەنگە لایەنی لاوازی پێککا هاویستۆ بۆ بەشێک لە فینلەندییەکان، کە باسی ناکەن جیاوازی ناوبراو و پرسی ژیانی تاکەکەسی خۆیەتی. سەوزەکانیش وەک کولتوری باوی فینلەند بڕیاریان داوە و ناوبراویان بە بەربژێری سەرکۆماریی هەڵبژاردوە. بە باوەڕی بەشێکی بەرچاو لە سەوزەکان پێککا کاری زۆری کردوە و مرۆڤێکە، کە شایانی ئەو پۆستەیە. ناوبراو لە ئەرک و کارەکانیدا بە رێژەیەکی باش سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە کۆتاییدا زۆرایەتی دەنگدەرانن، کە بڕیار لە سەر چارەنووسی بەربژێرەکان دەدەن.

جێگای ئاماژە پێکردنە، کە رۆڵی مێدیا و هەروەها پارە لە هەڵسووڕاندنی ماشێنی پڕوپاگەندەی بەربژێرەکان بەرچاوە. نینیستۆ بە گوێرەی سەرچاوە فینلەندییەکان لەو بارەوە لە زۆربەی بەربژێرەکان زیاتر پارەی بۆ ئەم بەشە تەرخانکردووە. بە واتایەکی دیکە، خەڵک و رێکخراو و تاکەکە کەسی دەوڵەمەندی لە پشتن، کە دەرفەتی زیاتر و زۆرتری بۆ دەرەخسێنن. نرخاندنی دەنگی هاووڵاتیان فاکتەرێکی دیکەیە، کە کاریگەری لە سەر دەنگدەران هەیە. بۆ وێنە، ئەو ناوەندانە لە ماوەی نێوان هەڵبژاردنەکان و هەروەها پێش هەڵبژاردنەکان بۆ حیزبەکان و بەربژێرەکانی پۆستی سەرکۆماری مەزندەی هێنانەوەی دەنگ دەکەن، کە لە کۆتاییدا کاریگەری لە سەر دەنگدەر هەیە. هەرچەندە ئەوانیش لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە زۆر نرخاندن و مەزەندەکردندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام بە رێژەی بەرچاو لە سەر دەنگدەر شویندانەرن.

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی لە فینلەنددا، لە سەرەوەی هێڵی حیزبایەتی بەڕێوە دەچن. لەو هەڵبژاردنانەدا دەنگدەری حیزبەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان و شارەوانییەکان دەنگ دەدەن. بەشێک لە بەربژێرەکان لە کێبەرکێی دەستەبەرکردنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ناتوانن رێژەی دەنگی حیزبەکانیان دەستەبەر بکەن. لێرە باوە دەڵێن، لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا تاکەکان زیاتر دەردەکەون و دەنگی دەنگدەران وەردەگرن نەک حیزبەکان. لێرە هەر حیزبێکی خاوەن پێگە، بەربژێرێک بۆ پۆستی سەرکۆماریی هەڵدەبژێرێ. زۆربەیان لەوە دڵنیان، کە دەنگی سەرکەوتن دەستەبەر ناکەن، بەڵام لە پێناوی گەیاندنی پەیامی خۆیان و حیزبەکانیان و هەروەها پاراستنی کاناڵی دەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارن. بە واتایەکی دیکە، بەشداربوون و بەربژێربوون بۆ هەموو بەربژێرەکان لە بناخەوە بۆ بردنەوە نییە و رەهەندی دیکەی هەیە.

هەڵبژاردنەکان لە زۆربەی وڵاتان پڕن لە دڵەڕاوکێ و درووشمی گەورە، بەڵام لێرە رێچکەیەکی جیاوازیان هەیە. خەڵکی ئێرە لە دەق و نووسراوەکان ئیلهام وەردەگرێ و زۆر بەدوای هاتوهاوارەوە نین. کات و سەردەم لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا رۆڵی گەورە دەگێڕێ، کە ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا زیاتر بە قازانجی کۆنەپارێز و راستگەراکان دەشکێتەوە. سێبەری سەردەمەکان لە سەر دەنگدەران کاریگەرە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٨

## وتووێژ لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشوور و ڕۆژاوا

**عەزیز شێخانی: کورد کەڵک لە دەرفەتە زێڕینەکان وەرناگرێ و ئامانجە لاوەکیەکان پەرتەوازەی کردوون**

*کوردەکان لە کەرکووک و عەفرین لەگەڵ خیانەت و پاشەکشە و بێدەنگیی زلهێزان بەرەوڕوون، لێرەدا دوو روانگە دێتە ئاراوە، یەکیان دەڵێ کورد نابێ چیتر پشت بە هێزی دەرەکی ببەستێ و ئەوی تریشیان دەڵێ، کێشە هێزە دەرەکیەکان نین، کێشە خودی کوردە کە ناو ماڵی خۆی ڕێکنەخستووە و تووشی سەەبەرەکیە و زلهێزانیش ئەوە دەزانن، بۆ تاووتوێ کردنی ئەو باسە، وتوێژێکمان لەگەڵ عەزیز شێخانی. چاوەدێری سیاسیی کورد ئەنجام داوە کە لێرەدا دەیخوێننەوە.*

***ڕۆژی کورد: بە دوو دەستدرێژیی سەربازیی داگیرکەرانی کوردستان لە کەرکووک و عەفرین، وا دەردەکەوێ کە کورد ناتوانێ وەک پشتیوانی دەرەکی و هێزی دیپلۆماسی، لەسەر هیچ کام لە وڵاتانی زل هێز و بەتایبەتی ڕووسیە و ئەمریکا حیساب بکات، ئوروپاش، بەتایبەتی ئاڵمان، پێدەچێ خۆی یەکلایی کردبێتەوە و خۆی دەرخستبێ، ئێوە لاتان وایە دەبێ کورد لەمبارەوە چی بکات؟***

***شێخانی:*** **کوردەکان چارەنووسێکی تاڵ و دژواریان هەیە. ئەوان لە خوڵقاندن و درێژەدانی ئەو بارودۆخەدا بە شێواز و ڕێژەی جیاواز بەشدارن. کەرکوک و عەفرین، کە لەباشوورو ڕۆژاوای کوردستاندا هەڵکەوتوون، لە تەتەڵەکردنێکی خێردا دەردەکەوێ، کە جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. دەرفەتەکان و مەترسیەکان و هەروەها ئەکتەرە کاراکان لەو دوو جوغرافیایەدا لەگەڵ یەکتری جیاوازن. دەوڵەتی سەردەست لە سووریە و نیزامی سیاسیی بەعس لەوێ هێشتا نەکەوتوە، بەڵام عێراق و باشووری کوردستان لە قۆناخێکی دیکەدان. کوردەکان و بەتایبەت هێز و ئەکتەرە سیاسیەکان لە خوێندنەوەی بارودۆخەکاندا وردکار و دووربین نین و نەبوون. ئەوان لە باشوور و ڕۆژاوا، خاوەنی ئامانجێکی دیاریکراو و ڕاشکار نین کە بکرێ بیکەنە بناخەی سیاسەتی کورد لەو دوو پارچەیەدا.**

ئەوان لە نێوخـۆدا هێشـتا لەسـەر دیـاریکردنی ئامـانجە نەتەوەییەکانیانـدا بە شـێوەیەکی کۆنکرێـت خۆیـان یەکلانەکـردۆتەوە. ئامـانجە سیاسیەکانی کـورد لە باشـوور و ڕۆژاوا نەبـوونە دەرهاویشـتەی ئاگایـانە، ئاشـکرا و ڕوونیی زۆرایەتیی کورد. لە تێکهەڵکێش کردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەدا دەردەکەوێ، کە ڕێگاکانی بەردەم کـار و تێکۆشانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەدا بەردەلانێکی دژوارە و بە ئاسانی تەخت ناکرێ. کوردەکان لە باشوور و ڕۆژاوا لە دوو قۆنـاخی جیـاوازدا دەرفەتـی گونجاویـان بـۆ ڕەخسـاوە، کە لە بەر زۆر هۆکـاری نێوخـۆیی و دەرەکـی کەڵکـی پێویستیان لێوەرنەگیرا. چارەنووسی گەلان و مـافی نەتەوەکـان یـان هەڵوەشانی دەوڵەتە زۆرەملیەکـان لەدەرفەتە زێڕین و مێژووییەکاندا زیاتر دەستەبەر دەبن. کوردەکـان لەو دەرفەتـانە سوود و کەڵکی ژیرانەیـان وەرنەگرتوە و ئامانجە لاوەکییەکان، کورد و هێزە کوردییەکانی زیاتر لە یەکتر پەرتەوازە کردوە.

ئێمەی کورد، کارەکـانی دوێنێمـان بـاش ڕانەپەڕانـدوە، بـۆیە ئەمـڕۆ ئەستەمە قەرەبـووی ڕۆژانـی پـڕ لە دەرفەتـی ڕابردوو بکەینەوە. کورد گوتەنی، لە سووریمان دۆڕاندوە و لە کـایەکە نـاتوانین قەرەبـووی بکەینەوە. کوردەکـان و هێزە سیاسیەکان لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستاندا دەرفەتیان ئەوەیان پێدرابوو، کە لەئاستی جیاواز و بە تاکتیک و ستراتیژی نەتەوەییانە و هەروەها سەردەمیانە لە دوو گۆڕەپانی نێوخۆ و دەرەوەدا هەڵسوور و کارامە بـن. ئەوان لە هەردووکیانـدا لە گەڵ ئالەنگـاری جۆراوجـۆر بەرەوڕووبـوون و قۆناخەکەیـان بە نیوەچڵی ڕێبەرایەتـی کـرد. لە ئاکامدا، ئەوەی ساڵانی ڕابردوو دەکرا و بۆ کورد دەلوا، ئەمڕۆ و لەساڵانی داهاتوودا ڕەنگە ئەستەم بـێ. کوردەکـان لە گەڵ هەمـوو هەڵە و کەموکوڕییەکـانی خۆیـان و هێزە سیاسییەکانیان و تەنـانەت سیاسـەتکارەکانیاندا ناچـارن درێژە بە ڕێگا بدەن. بۆ سەرکەوتن لەو مەیدانەدا کەڵکوەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو و هەروەها ڕۆیشتن لە گەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانیان لەپێشە. ئەوان لە کات و زەمانێکی کورتدا نـاتوانن بە سـەر زۆربەی کەم وکورتییەکانـدا زاڵ بن، بەڵام باشترە کە لە دوو پرسدا ڕاستگۆ و خـاوەن کـردار بـن. یەکەمیـان گـۆڕینی سیاسـەتی نێوخـۆ و هەروەهـا گەڕانەوە بۆ ئامانجە ڕاستەقینەکەی گەلە، کەهێزو وزە بە تەوژمی خۆڕاگری کوردان دەدات. دووهەم، دوورکەوتنەوە لەپەرتەوازەییە، کە کوردەکانی لەگۆڕەپانی دیپلۆماسی و خۆڕاگریدا شکاندوە. ئەوان بـۆ دەستەبەر کردنـی پرسـی دووهەم، ناچارن ئاوڕ لە پرسی یەکەم بدەنەوە و خاوەنی سیاست و کردار و پەیـامی ئاشکرا، لـۆژیکی و عەقڵانـی بـن. لەئاکـامی لەبەرچـاو گرتنـی پرسـی یەکەم، کولتـوری خۆسـەپێنی کۆتـایی دێـت و حیـزبە سیاسـییەکان لە خۆسەپاندن و تاکەکـان لە خۆفەرزکردن دووردەکەونەوە. بـۆ سـەرکەوتن لە مەیـدانی خەبـاتدا پێویسـتە کوردەکـان کولتوری کار، خەبات، تێکۆشان، حیزبایەتی، ڕاگەیاندن و پەروەردە بگۆڕن و لە تەجرووبەی گەلانی دیکە

کەڵکوەرگرن.

*ڕۆژی کورد: ئەوەی کە بەردەوام کورد خیانەتی لێدەکرێ، لە ڕوانگەی ئێوەوە هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هەر ئەوەیە کە کورد ئەکتەری دەوڵەتی نیە و لە هەمبەر دەوڵەتەکان دەکرێ بە قوربانی یان خوێندنەوەی زلهێزان لەسەر کورد و ناو ماڵی کورد کە یەکنەگرتوویە کاریگەرە؟ یان هۆکارگەلی تری هەیە؟*

*شێخانی:* پرسی خەیانەت لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەنگە بەو فۆڕمەی کە کوردان باسی دەکەن جێگای نەبێ. لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوڵەتەکان ئەکتەری سەرەکی سیاسەت و ئیدارەن. هەر دەوڵەتەی، لە سەر بناخەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی سیاسەتەکانی دادەڕێژێ. دەوڵەتەکان لە گەڵ یەکتر بەراورد ناکرن و هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی دیکە ناچێ. جوغرافیا، حەشیمەت، خاک، کانگا ژێرزەوییەکان، سرووشت و مێژووی جیاوازیان هەیە. بێجگە لەوە لەئاستی جیهاندا زلهێزێک نییە، کە بەفەرمان و بڕیاری ئەو سەرجەم دەوڵەتەکان بجوڵێنەوە. زلهێزەکان بە ڕێگای جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا ئامادەن و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە ڕەنگاوڕەنگەکانیاندا تێدەکۆشن. کوردەکان لەو جیهانەدا خاوەنی دەوڵەتێک نین، بۆیە لە ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و لەکۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا ناتوانن نوێنەراتی خۆیان بکەن. سەرەڕای ئەوە، کوردەکان خاکەکەیان دابەشکراوە و لە ژێر دەسەڵاتی چوار دەوڵەتی تورکییە، ئێران، عێراق و سوریەدا دەژین. ئەو دەوڵەتانە دەرفەت گەشەکردنێکی سرووشتیی و ئازادیان بۆ تاک و کۆمەڵگە نەڕەخساندوە. نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە بۆیان نەلواە لە سەر خۆیان و ئەوانی دیکە بیربکەنەوە و بڕیار لە سەر ژیانی سیاسی خۆیان بدەن. خەباتی سیاسی کورد و هەروەها جوڵەی کوردان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی بە ڕێگای دژوار و چەتووندا تێپەڕیون.

کوردەکان لە پرسی خەبات و تێکۆشاندا یەکدەست نەبوون و لە هەموو قۆناخەکاندا پەرتەوازیی و کرچ و کاڵی بە خەباتەکەیان دیاربووە. پرسەکە تەنیا حیزبەکان نین، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستانە. خەڵکی ئێمە و تاکی کورد لە ئاستی نەتەوەییدا هێشتا لەسەر یەک ڕەگ و ڕیشە ساغ نەبۆتەوە و لەجۆلانەی ناسنامەکاندا تووشی سەرەگێژە بووە. ئێمە هەتا ئەمڕۆ لە ئاستی تێکڕاییدا خاوەنی ناسنامە نین و بە گوێرەی ڕۆژگار و بارودۆخەکان ڕەنگ دەگۆڕین. زمانی دایکمان کە زمانی هەست و تێگەیشتن و دەربڕینە و لەسەر سایکۆلۆژی ئێمە کاریگەری بەرچاوی

هەیە، وەک پێویست نازانین و بەکاری ناهێنین. لە نەبوونی زمانی هاوبەشدا سەمبول و ڕێبازی هاوبەش بۆ ڕزگاربوون دەستەبەر نابن. لە خەیاڵی خۆماندا، کە بە زمان و چیرۆکی نەتەوە سەردەستەکان داگیرکراوە ئازایەتی گەڕانەوە بۆ خۆمان نییە و بەردەوام شکستەکانمان دووپات دەکەینەوە.

نەتەوە و کەمە نەتەوەکان لە قۆناخی داگیرکاریدا بێگومان وەک ئێمەی کورد بە سەر چەند بەرەی جیاوازدا دابەشدەبن. کوردەکان وەک بەحەشیمەتترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دونیا، لە کولتوری سیاسیی و ناوچەیەکی ئاڵۆزدا چەقیون و لە خوێندنەوەی ڕووداوە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکاندا پشت بە مەنتق و لۆژیک نابەستن. بژاردەی کۆمەڵگە، سیاسەتکارەکان و حیزبەکان لە ڕەوتی کارکردندا سەلماندوویانە، کە توانای کاری هاوبەش، پلانی تۆکمە و هەروەها ڕەخنەیان نییە. ئەکتەرە سیاسییەکانمان لە مەیدانی سیاسەتدا لە کفوکوڵێکی تێپەڕ زیاتر نین و لە دەللاقەی بچووکی خۆیان لە جیهانی بەرینی سیاسەت و دیپلۆماسی دەڕوانن. ئەلفبێی سەرکەوتنی گەلان دەگەڕێتەوە سەر ویست، توانا، پرۆژە، بەرنامە و ئامادەیی ئەو گەلانە بۆ بڕیاردان لەسەر خۆ، خاک و دوارۆژ. گەلی ئێمە، گەلێکی دابڕاو لەیەکتر و پەرتەوازەیە و لەجۆغرافیاییەکی سیاسی دیاریکراودا پەراویزخراوە. کەسایەتی سیاسەتکار و بژاردەی کورد و کۆی کۆمەڵگە لە ژێر سێبەری کولتوری نەتەوەی باڵادەستدا شکڵی گرتوە، کە کەسایەتییەکی ناسەقامگیرە و کەیفی بە سەرکەوتنی یەکتر نایەت.

کۆڵەکەی جوقڵە سیاسییەکانی کورد بە کردەوە لە سەر بەستێنە ڕاستەقینەکان دانەکوتراون و هەر حیزب و بژاردەیەی بە تامی ئایدۆلۆژی و تێڕوانینێک باس لەئازادیی و ڕزگاربوون دەکات. لەمێژووی سیاسی هێزە سیاسییەکان و سیاسەتکارەکاندا ئەزموونێکی لەرزۆک ساز بووە، کە پاڵپشتی باوەڕ و بیرۆکەی سەرکەوتن ناکات. لە سایکۆلۆژی خەڵکدا سەرکەوتنی کورد کردەیەکی نەکراوە و زیاتر بە موعجزیەی دەزانن تا ئاکامی تێکۆشانی تێکڕایی. لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا زنجیرە بزوتنەوە و سەرهەڵدانێک لە سەدەی ڕابردوودا بینراون، کە لە کۆتاییدا شکاون. کار وتێکۆشانی کوردان، لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کورد، پێوەندییە دەرەکییەکان، بەرگری، پێشمەرگایەتی، ماف، دیموکراسی و هتد زیاتر ڕووکارن. ئۆگریمان بۆ داڕشتنی بەرنامەی ورد بۆ ڕووداوەکان و بە تایبەت تێکۆشان و خەبات نییە و زیاتر لە گۆڕەپانی دژکردەوەدا خۆمان دەبینینەوە. هەڵسەنگاندەکانمان لە سەر دوارۆژی کورد و ئەوانی دیکە تێروتەسەل نین و سرووشتی تاکەکانمان وایە، کە شکستەکانمان و لایەنی لاوازمان کەمتر تەتەڵە دەکەین.

لەو ژینگەیەدا کورد هونەری دیپلۆماسیی و سیاسی لاوازە. سیاسەتکار و بژاردەکەی ناتوانێ لە دەرفەتەکان کەڵکوەرگرێ. لە مێژوودا دەرفەتی ڕەخساو بۆ باشووری کوردستان بۆ کەم نەتەوە و گەل ڕەخساوە، بەڵام لە بەر نەبوونی بەرنامە و هەروەها گەندەڵیی و پەرتەوازیی دۆخەکەیان چاک نەکرد. شکستەکان باوکیان نییە و ئاسانترە، کە زلهێزێک بە خەیانەت تۆمەتبار کەین و پەرێزی ناسازگاری خۆمان نابینین. تێگەیشتنی ئێمە لە سیاسەت و دیپلۆماسی ڕەنگە هاوتای تێگەیشتن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خزمایەتی بن، بۆیە بەئاسانی چاوەڕوانی سەیرمان لە زلهێزەکان هەیە. کوردەکان لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا ناچارن گوێ لە ترپەی دڵی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و ڕۆژاوا ڕابگرن. فاکتەرە دەرەکییەکان ڕۆڵ و نەخشی بەرچاو لە خوڵقاندنی دەرفەت و هەروەها گۆڕانی نەخشەی ناوچەکان دەگێڕن، بۆیە بەشێکن لە هاوکێشەکە، بەڵام ئێمە ناکرێ بە کولتوری خۆمان لە گەڵ فاکتەرە دەرکییەکان هەڵسوکەوت بکەین. زلهێزەکان و تەنانەت دەوڵەتە ناوچەییەکان زیاتر لە ڕابردوو لە نێو ڕووداوەکاندا هەن و ئاگاداری بارودۆخی ئێمەن. دیپلۆماسی گەلی چەوساوەی کورد لە سەر چەند کۆڵەکەیەک ڕاوەستاوە، کە ئەگەری بەهێزکردنیان ئەستەمە.

پارتە سیاسییەکانی ئێمە لە نەبوونی دەوڵەتدا بۆیان نەلواوە لە سنووری حیزب تێپەڕی کەن و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی گەل بکەن. تێکۆشانی خەڵکی ئێمە لە نێوخۆدا بە ڕێژەیەک گەشەی نەکردوە، کە لەئاستی تاک و کۆدا جوڵەی بەرهەمدار و ڕەوتی داواکردنی مافە ڕەوکانی بخاتە بەرنامەی کار. کولتوری پەروەردە و ئیدارەکردن لە یەکەی کۆمەڵگە هەتا دەگاتە سەرەوە لە سەر پەروەردەکردنی ئیرادەی تاک و کۆیەکی سەربەخۆ دانەمەزراوە و زیاتر ئیعاعەت و جێبەجێکردنی ئەمر و سوننەتەکان زەقکراونەوە. شارەزای مێژووی دوور و نیزیکی خۆمان نین و توانای گوێگرتن لە چیرۆکی شکان و کەوتنەکانمانا نییە. کاتێک خۆمان خەیانەت لە یەکتر و خۆمان بکەین و پەرتەوازە و ناتەبا خەونی گولی بە یەکتر ببینن، دیپلۆماتیکی ئەمریکایی یان ئورووپایی چ سۆزێکی بۆ ئێمە دەبێ؟ کاتێک وەک هێزی سیاسی یان عەشیرەت ئامادەین خزمەت بە سیاسەتی یەکێک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بکەین، زلهێزێک و دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان چۆن متمانەمان پێدەکەن؟ کاتیک لە نێوخۆدا سەرکوتکەر، بەرچاوتەنگ و نادێموکڕات بین، دروشم و شوعاری دێموکڕاسی خوازیمان لە جیهانی دیپلۆماسیدا کڕیاری نییە. کاتیک سێبەری یەکتر بە تیر دەنگێوین و درووشم و شوعارەکانمان تەنیا وەک دژکردەوە بۆ شکاندنی لایەنێک و خۆگیفکردنەوەی خۆمان بێ، چۆن هێز و توانای گەل کانالیزە دەکرێ؟ لە ڕۆژگارێکدا کە لە سەر تێزەکانی ئایین و ئایدۆلۆژی ئامادەین سەری یەکتر بپەڕێنین، چۆن سەمبولسازی نەتەوەییمان بۆ دەکرێ؟ لە حاڵەتێکدا لە هیچ پارچەیەک

هاودەنگیی و یەکدەنگی لە سەر ویست و داخوازە ڕەواکانی کوردان نییە، گەلان و دەوڵەتەکانی جیهان چۆن گوێمان لێدەگرن؟ ئێمە تەنانەت خاوەنی ناسنامەی خۆمان نین و ڕەنگە سیاسەتکاری کورد لە دوو کانالّی تی فیدا یان ڕۆژنامەدا بە دوو ڕوخساری جیاواز خۆی بڕەنگێنێ.

*ڕۆژی کورد: دەگوترێ جیا لەوەی کە کورد تێچووی زۆری لە کەرکووک و کۆبانی داوە هەم وەک جەستەیی و هەمیش مادی و مەعنەوی، بەڵام ئەو کارەساتانە بوون بە هۆی زیاتر خرانە بەرباسی کورد بەتایبەت لە ڕووی میدیاییەوە، پێتان وایە ئەوە دەتوانی دەستکەوت بێ و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد دەبێ؟*

*شێخانی:* مرۆڤەکان لە ڕووداوەکانی خۆیان و دەوروبەریان کەم و زۆر وانە وەردەگرن. ڕووداوەکانی کەرکووک و کۆبانی لە دوو ڕوانگەی جیاواز تەتەڵە دەکرێن. یەکێکیان هەڵگری توێشووی ئەرێنییە و ئەوەی دیکە نەرێنیێ. لە شارێکدا خۆڕاگریی و هەروەها ئیرادەی مانەوە سەردەکەوێ و لەوەی دیکەدا ڕیاکاری سیاسی، نەبوونی پلان و بەرنامە و سەرقاڵبوون بە کاری لاوەکی. سەرکەوتن لە هەموو بەرەکاندا بەرهەمی کارو تێکۆشان و ئیرادەیە. شکان و کەوتنە سیاسییە گەورەکان بەرهەمی تێکچوونی بالانسی هێز، خەواڵوویی سیاسی و خۆ بەزۆر گرتنی نالۆژیکیی و پەرتەوازەییە، کە لە ڕووداوەکانی پاییزی ڕابردوویی باشووری کوردستاندا دەردەکەوێ. دۆزی کورد، دۆزێکی سیاسی ئاڵۆزە و بە خۆڕاگری شارێک یان بەدەستەوەدانی ناوچەیەک چارەسەر نابێ. لە بناخەدا ئەو پرسە بە هێزی چەکدار و توندوتیژی دەسەلاتە ستەمکارەکانیش کۆتایی نایەت. لە دونیای ئەمڕۆدا دەلاقەی باش بەسەر کورددا کراونەوە و ئەگەر خاوەنی پلانی مێدیایی نیشتمانی بین، دەتوانین لە زۆر کۆڕوکۆبوونەوە بە ڕێژەی توانا باس لە کورد و مافە زەوتکراوەکانی بکەین. ئەوەندە دەتوانم بڵێم، کە لە سەردەمی شەڕی داعشدا کورد بە قەدەری ٥٠ ساڵی ڕابردوو لە مێدیاکانی جیهان و هەروەها لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا باسی لەسەر کراوە. عەتف و سۆزی ڕۆژاواییەکان بە دەوڵەت و گەلەکانیانەوە بۆ کوردان لە ماوەی شەڕی کورد دژ بە داعشدا گەیشتە لوتکە.

کورد دەکرا لە سەر ئەو دەرفەتانە سەرمایەگوزاری بکات وهێزە دەسترۆیشتوە کوردییەکان لە هێزی شارەزا سوودیان وەرگرتبا و ئەو دۆخە تێپەڕیان بە قازانجی دۆزی کورد وەرسووڕاندبا. ڕووداوە نێوخۆییەکانمان زیاتر بۆ کوردان ڕەنگە بە سوود بن، ئەگەر توانانی تەتەڵەی دروست و بابەتیانەی ڕووداوەکان هەبێ. تاکی کورد، بژاردەی

کۆمەڵگە، هێزە سیاسییەکان و خەڵکی ئاسایی بۆ ڕزگاربوون لە سێبەری شوومی ڕووداوە ناخۆشەکان، باشترە لە دەللاقەی ڕەخنەگرانەوە لە ڕووداوەکان بڕوانن و چیرۆکی پاڵەوانبازی و قارەمانسازی ئەم و ئەو لەبیر بکەن.

ئێمە گەلێکی هەژار و کەوتووین و بە قسەی بریقەدار و درووشمی گەورە خۆمان و خاکەکەمان چووکتر دەکەینەوە. شایانی باسە، کە دەوڵەتە زلهێزەکان و مێدیای ڕۆژاوا بە گوێرەی سیاسەتی خۆیان ڕووداوەکان دەگوازنەوە. کارێک کە ئەوان دەیکەن، لە گەڵ کاریک کە کوردی شارەزا دەیکات جیاوازی هەیە. کوردەکان دەبێ بگەنە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن و ئیرادە، کەخۆیان ئازاری برین و ڕەنگە جوانەکانی خاک و تامی تاڵی ژێردەستەیی بەرنە قوژبنەکانی جیهان. بە کاری ڕۆژنامەنووسێکی کورد خۆشەویستی دەرەکی یان فیلمسازێکی بازرگان و سیاسەتکارێکی زار بە پێکەنین چیرۆکی خەمەکانمان ناگۆڕێن و کۆتاییان نایەت. خەڵکی ئێمە بۆ ڕزگاربوون دەبێ لە سەر خۆی حیساب بکات. بۆ سەرکەوتن لەو بەردەلانە پێویستمان بە ژێرخانێکی دەوڵەمەند لە ئەزموون و شارەزایی هەیە.

حیزبایەتی و کوردایەتی بە ستایل و شێوازی ڕابردوو و ئەمڕۆمان زەمانەتی سەرکەوتنی سبەینێ ناکات. کەسایەتی تاکی کورد دەبێ بگۆڕدرێ و زمان، ناسنامە و ئیرادەی بڕیاردان لە سەر خۆ بگاتە لوتکە و خەمی هەموان بێ. مافی کوردەکان بەوە دەستەبەر نابێ، کە چ کاناڵێک باسی دەکات، بەڵکو دەرمانەکەی کورد جۆری خەباتەکەیەتی.

***ڕۆژی کورد: شێوازی هەڵسووکەوت و مامەڵەی سیاسیی یەپەگە کە سەر بە پەکەکەیە لەگەڵ هێزەکانی تری کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، چەند بە کاریگەر دەبینن لە شکستی ئەگەریی کورد لەو پارچەیەدا؟***

*شێخانی:* بە باوەڕی من حیزبە کوردییەکان و بە تایبەت زلهێزە کوردییەکان سیاسەتێکی ڕەوا و دروستیان بەرامبەر بە نەیارە سیاسییە کوردەکان بەکار نەهێناوە. پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکور، پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە باشوو و بە ڕێژەیەکی کەم حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و تەنانەت کۆمەڵەش لەو پێوەندییەدا خاڵی لاوازیان هەیە. ئێمە لە ڕێگای حیزبایەتی، کولتووری نەتەوە سەردەست و دەوڵەتە داگیرکەرەکان دووپات دەکەینەوە. دێموکڕاسی کرچ و کاڵ دەیان جار بۆ کورد لە دیکتاتۆرییەتی خۆماڵیی تاکێک، بنەماڵەیەک، حیزبێک یان گرووپێک باشتر و گونجاوترە. ئەگەر ئێمەی کورد باوەڕمان بە ویست و داخوازی

نەتەوەکەمان هەیە، ڕەوا نییە پارتە سیاسییەکان لە هیچ کام لە پارچەکانی کوردستاندا، سیاسەتی ستەمکاریی و سەرکوت بەرامبەر بە هاووڵاتیانی کوردستان بەکار بێنن. نەتەوەیەکی ئازا و خاوەن کەسایەتی و بەختەوەر پێویستی بە حیزب، سیستم سیاسیی و تاکی دیکتاتۆر نییە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، کە کۆمەڵگە بۆ بەڕێوەچوون پێویستی بە یاسا و ڕێوشوێنی پێویست هەیە، کە دەکرێ بە ئاسانی لەو بارەوە لایەنە سیاسییەکان و خەڵک بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش. ئەگەر سەرکردەی پارتە سیاسییەکان و کادر و ئەندامەکانیان بە حەق باوەڕیان بە ڕەوایەتی مافی تاک، خاک، خەڵک و ئازادییەکان هەبێ، نابێ ڕێگا بدەن پارتەکانیان، بنەماڵەی دەسەڵاتداری نێو پارتەکانیان و تەنانەت سەمبولە حیزبیەکانیان گەمە بە مافی تاک و چارەنووسی کوردان بکەن.

ئەگەر پەیەدە لە سەرەتاوە خاوەنی سیاسەت و ڕێبازێکی سەربەخۆ و بنیاتنەر بووایە، هاوکێشەی ڕۆژاوای کوردستان ئەرێنیتر دەبوو. ئەوان دەکرێ دۆستایەتی پەکەکە یان هەر هێزێکی دیکەی کوردستان بکەن، بەڵام ناکرێ سەر و بنی خۆیان بەوانە گرێ بدەن. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژاوای کوردستان بە لای پارتی دێموکراتی کوردستاندا نەکەوتبان، گیانی هاوکاریی و تەبایی لە ڕۆژاوادا زیاتر پەرەی دەسەند. کێشەی حیزبە زلهێزەکان ئەوەیە، کە بێجگە لە ناوچەی ژێر دەسەلات خۆیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا هاوباوەڕ و لایەنگر و تەنانەت حیزبی بەستراوە بە خۆیان ساز دەکەن. هێزە سیاسییەکان دەتوانن یارمەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان بدەن و لە کاتی تەنگانەدا بە گوێرەی توانا پاڵپشتیان بکەن، بەڵام ئەگەر مەبەست دەستەمۆکردنی خەڵک و هێزە سیاسییەکان بۆ پاوانکردنی ژینگەی سیاسی بێت، بێگومان زەبر لە ڕەوڕەوی خەباتی کوردان دەدات. ڕەنگە بۆ لایەنگرانی حیزبێک یان هێزێکی سیاسی خۆش بێت، کە سیاسەتەکانیان کرپاڕی زۆرە و خەڵک بە چارەسەری دەزانێ، بەڵام ئەو هەستە بەکردەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. دۆستایەتی و هاوکاری هێزە سیاسییەکان کاریکی ئەرێنییە، بەڵام هەوڵدان بۆ سازکردنی حیزب بۆ پارچەکانی کوردستان تەنگژەی زیاتر لە کۆمەڵگەدا بەرهەمدەێنێ.

پەیەدە و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژاوای کوردستان دەکرا خۆیان سیغەیەکی هاوبەش و سەربەخۆ بدۆزنەوە و دوور لە پەکەکە و پارتی دێموکراتی کوردستان کێشە نێوخۆییەکانیان چارەسەرکردبا. پەیەدە و یەپەگە ئەگەر بە تەواوەتی لاقیان لە سەر خاکی خۆیان بووایە و سەربەخۆیی سیاسی خۆیان پاراستبا، بۆ جیهانی دەرەوە و خەڵکی نێوخۆ ڕوخسارێکی ئەرێنیان دەبوو. بێجگە لەوە، تورکییە لە دۆخێکی ئەوتۆدا بۆی نەدەلوا بە ئاسانی پەلاماری

شار و گوندەکانی ڕۆژاوای کوردستان بدات. پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژاوای کوردستاندا مێژووییەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی دامەزرانی ئەو پارتە، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی چەند ساڵ لەوە پێشی سووریە بارودۆخەکە گۆڕا. کوردانی ڕۆژاوا دۆخەکەیان لە باشوور ناسکتر بووە، چوونکە زلهێزەکان، دەوڵەتە ناوچەییەکان و زۆر پارت و ڕێکخراوی دژ بە یەک لەسەر خاکی سووریە و ڕۆژاوای کوردستاندا بە یەکتر دەگەیشتن.

پارتە کوردییەکان ناتوانن بە زەبری هێز خۆیان بە سەر کۆمەڵگەدا پسەپێنن. ئەوان لە ڕێڕەوی کار و تێکۆشاندا ناکرێ بەرهەمهێنەرەوەی کولتور و سیاسەتی ستەمکاری و داپڵۆسین بن. پەیەدە و هێزە سیاسییەکانی دیکە ئەگەر نەگەنە سیغەیەکی هاوبەش و بیرێک لە حاڵی خۆیان نەکەنەوە، ڕەنگە دۆخەکەیان دژوارتر بێ. بارودۆخی ئەوان بستراوەتەوە بە نیزامی سیاسی ئەمڕۆی دەمشق و هەروەها سەرکەوتن یان ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی بەرەی دژی ئەسەدە. سیاسەتەکانی پەیەدە ڕەنگە ئارامیەکی بۆ ڕۆژاوا دابین کردبێ. ئەوان لە قەیرانی سووریەدا سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنیان ڕەت کردەوە و هێڵەکانی پێوەندییان لەگەڵ هێزەکانی ئەسەد پاراست. شایانی باسە، کە ئەو دەوڵەت و سیستمانە دوای هەستانەوە وەفایان نییە و درێژە بە سیاسەتی ستەمکاری دەدەن. دوارۆژی ئەوان لە گرەوی دوارۆژی ناوچەکە و سوریەدا قەتیس دەمێنێ. زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و بریتانیا خاوەنی پرۆژەیەکی ئاشکرا نین و کوردەکانیش لەو مەیدانەدا لە نێوان پرد و بواردا لە جوڵەدان. شایانی باسە، کە ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان بە نرخی ژمارەیەک گەل و دەوڵەت و بە قازانجی بەشێکی دیکە شکڵ دەگرێ. کوردەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەلماندیان، کە لە نێوخۆی پارچەکاندا و هەروەها لە جیرانەتی یەکتردا پڕن لە کێشە، کە بەشێکی زۆر لە سەر بەستێنی سەقەتی حیزبایەتی کوردەواری و کولتوری یەکترشکاندن چەق دەبەستن. کوردەکان لە کۆنەوە بۆ یەکتریان نەسەلماندوە و سیاسەتی حیزبە سیاسییەکان و سیاسەتکارەکانی درێژەکراوەی سیاسەتی کۆنی نێوان عەشیرەتەکانە، کە ئامادە نەبوون لە پێناوی دوارۆژێکی باشتردا یەکبگرن و واز لە دەسەڵاتی چووکی خۆیان بێنن.

***ڕۆژی کورد: لەم ڕۆژانەدا، باس لە نەناسینی هێڵی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە ناو کورددا زۆرتر باس دەکرێ، بە ڕای ئێوە ئایا کورد وەک حیزبەکان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی ناناسێ؟ ئەگەر نایناسێ چما؟ هۆکارەکان چین؟***

**شێخانی:** ئێمە چەمکەکان بە گوێرەی تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆمان مانا دەکەینەوە. بۆ وێنە، لە سەردەمی

ڕێفراندۆمدا خەڵکی لایەنگر و دژبەری ڕێفراندۆم ئامادەی گوێگرتن لە یەکتر نەبوون. ئەگەر کەسێک بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی بە سیاسەتێکی هەڵە زانیابا، بە دژە کورد و بەکرێ گیراوی ئەم و ئەو پێناسە دەکرا! لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی تاریفێکی کۆنکرێت نییە و تەنانەت ئەندامانی نەتەوەکەمان هێشتا سۆزی نەتەوەییان بۆ یەکتر نییە (لە ئاستی بەرین و تێکڕاتییدا دەڵێم). بەرژەوەندی نەتەوەیی بە تێگەیشتنی من بریتییە لەو قازانج و سوودانەی، کە لە کورتخایەن یان درێژخایەندا بە قازانجی کوردستان و کوردەکان لە یەکێک لە پارچەکانی تەواو دەبێ. کاتێک ئەو تاریفە لە گەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ و تێکۆشانی هەمەجۆر تێکهەڵکێش دەکەین، تووشی تەفسیر دەبین. لێرەدا دەگەینە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان، فاکتەرەکان، کارو تێکۆشانی سەر گۆڕەپانەکە، کە کاکڵی مەسەلەکەیە. هێزە سیاسییەکان لەو نێوەدا و تاک و بژاردەی کۆمەڵگەش لە نەمامکردنی ئەو دارەدا ڕۆڵ و نەخشی بەرچاویان هەیە.

مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی (مەبەست ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە) یەک ڕەهەندین. حیزب و ڕێکخراو و ڕووناکبیرەکانیشی تێگەشتنێکی بەرتەسکیان بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان هەیە. بۆ وێنە، حیزبی کوردی هەیە، کە ئەندامەکانی فێرکراون کە تەنیا خۆیان بە کورد بزانن و ئەوانی دیکەش بە سووتاو و دەرەوەی بازنەی تێکۆشان پێناسە بکەن. ئەندام و ڕێبەرەکانی بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیست یان سۆسیالیستە کوردەکان تەنیا خۆیان بە ڕاست دەزانن و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی سەرتاسەری دونیا بە هەڵە و لینگاوقوچ دەزانن. ئیسلامییەکان لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆن و تەنیا خۆیان و سەرکردەکانیان بە شاسواری ئەو مەیدانە دەزانن. ئەگەر لە گۆڕەپانی حیزبایەتی بپەڕینەوە، لە عەشیرەت، زاراوە، مەزهەب و ئایین و تەنانەت بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەوار ئەو شێوازە هێشتا بەگوڕە. بە واتایەکی دیکە، ئەو یەکتر نەفرین کردن و خۆپەسەندکردنە لە تانوپۆی کولتوری ئێمەدا هەیە و بە ئاسانی واز لە مرۆڤەکان ناهێنێ و هەر نەوەیەی بە جۆرێک بەرهەمی دێنێتەوە.

لە سەر هێڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەتوانین باس لەوە بکەین، کە بژاردەی کۆمەڵگە، تاک، حیزبی سیاسی، سیاسەتکار و هونەرمەند لە هیچ پارچەیەکی کوردستان دژ بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کورد جوڵە نەکات و هەڵوێست نەگرێت. ئەگەر ئەوە بکەینە بنەمای لە بێژینگدانی پارتە سیاسییەکان و بژاردەی کۆمەڵگەی کوردەواری ژمارەکان لە پارتە سیاسیی و سەرکردەکانیان وەک مانگی سەر لەئێوار دیارن. بۆ وێنە حیزبی سیاسی، سیاسەتکاری کورد و سەرۆکی حیزب هەیە، کە باوەڕی وایە، کە کورد لەڕۆژهەڵات کێشەی نییە! لە لایەکی دیکە، درووشم و

قسەی میدیایی زۆر بڕ ناکات و کردەوە سەنگی مەحەکە. ئەگەر حیزبەکان بە درووشم ئۆتۆنۆمی خواز بن و بە کردەوە خزمەت بە پرسی نەتەوەیی بکەن، کاریکی باشیان کردوە و لە سەر هێڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەڕۆن. ئەگەر پارتێک یان حیزبێک بە درووشم سەربەخۆخواز بێ، بەڵام بە کردەوە هەرجارە بارگە و بنە لە یەکێک لە دەوڵەتە سەردەستەکان بخات، بێگومان لە هێڵەکە لادەدات. لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی یان هێڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی شەڕی یەکترکردن و پەنابردن بۆ دوژمن نە دیپلۆماسییە نە کوردایەتی. لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر هێزە کوردییەکان بە کردەوە پشت و پەنای یەکتر بن و لە گەڵ دوژمن سیاسەت و دیپلۆماسی بکەن، ئەمە ڕێبازێکی جوانە. بەگوێرەی ڕووداوە مێژووییەکان بەداخەوە کوردەکان و پارتە سیاسییەکانیان، نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکانیان بۆ ناخەڵەتێندرێن و ناچارن باجی زۆرتر لە سەر هەڵە و خەیانەتەکانیان بدەن.

ئەمڕۆ کاتیەتی، کە لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا تاریفێکی تایبەتمان بۆ حیزب هەبێ. حیزبەکانی ئێمە زۆربەیان بۆ وڵامدانەوە بە ویستی کۆمەڵگا دانەمەزراون. حیزبایەتی لە وڵاتی کوردان پرۆژەیەکی تاکەکەسی، تاقمی یان چەند مرۆڤە کە زیاتر بۆ مەبەستی تایبەت وەگەڕ دەخرێن. بەو شێوازە نە گەل ڕزگار دەکرێ و نە مافەکانی دەستەبەر دەبن. ئەگەر حیزب هەر لەماڵ و لەنێو خزماندا ناوی هەبوو، ئەوە لەڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یان بنەماڵەیی دەچێ و ناکرێ بەحیزب بە ئەژمار بکرێ. ئەگەر کولتوری حیزبایەتی لە کوردستاندا گۆڕا، ئەو کات ٤ حیزب یان دوو حیزبت بە یەک ناو نابێ و بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەبن. حیزبەکان لە بەرنامە و ئەساسنامەی خۆیاندا، سیاسەت و ڕێبازی سیاسەتکارەکانیاندا و هەروەها بەشی ڕاگەیاندندا لەسەر خۆیان دەدوێن. ئەوانە بەشێکن لەوێنەکە، بەڵام کردەوە و تێکۆشانی ڕۆژانە و ساڵانەیان دەرخەری ڕاستەقینەی جۆری حیزبایەتیەکەیانە. ئەگەر ناسنامەی تێکڕاییمان تەواو بێ و لەجۆلانە و ڕەنگگۆڕین ڕزگارما ببێ، حیزبە کوردییەکان بە چەپ و ڕاستەوە دەتوانن لە سەر هێڵی نەتەوەیی بن و لە کوردستاندا دشداشە بۆ گەرمای سەعودیی لەبەر نەکەن و چەتەر بۆ بارانی مۆسکۆ هەڵنەدەن. بێجگە لەوە، بۆ ڕێبەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و سەرەزلەکانیان لە هەولێر، سلێمانی، کرماشان، دیاربەکر، قامیشلو و هتد. فرمێسکی تیمساحی نەڕێژن.

بەشێک لە حیزبەکان لەو هێڵە نیزیکن و ژمارەیەک دوورن. ژمارەیەک لە سیاسەتکارەکان بەرهەمی سەردەمی

خۆیانن و ڕەنگە نەتوانن لە جیهانی خۆیاندا لە سەر پرسیارە سەرەکییەکانی ژیاندا خۆیان ساغبکەنەوە. بۆ وێنە، ئەمن یان ئێمە کێین و چمان دەوێ؟ زۆربەی سیاسەتکارەکان لە جیهانی حیزبایەتیی و هەروەها بنەماڵەیی یان تاکایەتی خۆیاندا نوقوم بوون و بیر لە چەمکە سەرەتاییەکانی سیاسەت ناکەنەوە. ئەوان بە قەپانی خۆیان سیاسەت دەکێشن و شەڕی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بە شەڕ لە سەرما و بەفری قەندیلدا دەشوبهێنن! زمان ناسنامەی ئێمەیە و کوردبوون نابێ تەنیا بۆ ئاستی درووشم و قسە دابەزێنین. خەڵکی ئێمە و تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەرفەتی ئاشنایەتی لە گەڵ حیزبایەتی ئازاد و کوردایەتیان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا پێنەدراوە، بۆیە ئەوانیش لەو نێوەدا ئەرکی گەورە و گرانیان دەکەوێتە سەرشان. سیاسەتی سەرکزکردن دادی هیچ نەتەوەیەکی نەداوە. کوردستان ژینگە و جۆغرافیای سەرکی تێکۆشانە. بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ڕێبازی نەتەوەیی، هێڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی و سەرکەوتنی مانادار لە جەرگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا باڵا دەکەن.

سیاسەتکاری کورد پێویستە شارەزای زمان، مێژوو و جۆغرافیای کورد و ئەوانی دیکە بێ و لە مەیدانی سیاسەتدا بە ناوی دیپلۆماسی و کولتوری ناوچەوە بازبازێن و خەتخەتێن نەکات. تاکی کورد و خەڵکی کورد دەتوانن ئەو هاوکێشەیە بگۆڕن و ڕێگای گەیشتن بە ئازادیی و مافەکان بە جەرگەی خەڵکدا تێدەپەڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێویری ٢٠١٨

---

## کورتە ڕوانگەیەک لەسەر تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لەباشوری کوردستاندا

تیرۆرو ڕەشەکوژی بەشێکە لەکولتوری ئێرانی کۆنو تازە. ئەوان لەنێوخۆو دەرەوەی وڵاتو تەنانەت بەناوی دیالۆگو وتووێژ دژبەرانی خۆیان لەنێو بردوە. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە لەشەڕدا مرۆڤەکان گوڵ ناگۆڕنەوە، بۆیە لەخەباتو تێکۆشان دژ بەزوڵمو بێدادیدا ڕەشەوکوژی کەڵکی لێوەردەگیرێ. ڕێژیمی تاران لەچکی تیرۆر دژ بەکوردو باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی وەرگرتوە. شایانی باسە، کە تیرۆر ئەگەرچی چەکێکی بێزراوە، بەڵام لەزۆر ناوچەی جیهان بەمەبەستی جیاواز سوود لەو چەکە وەرگیراوە. تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران لەو مەیدانەدا

ناسراوەو سنووری کەرتە جیاوازە جۆغرافیاییەکانی بڕیوە. کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو نێوەدا تامی تاڵی تیرۆری ڕژێمی ئاخوندەکانیان کردووەو بەدرێژایی ٤٠ ساڵی رابردوو لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات، باشووری کوردستانو دەرەوەی وڵات قۆڵی ڕەشەکوژانەی کۆماری ئیسلامی ئێران زەبری لێداون.

تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لەباشوور دوو قۆناخی جیاواز دەگرێتەوە. یەکەم قۆناخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەمە ڕەزا شا. ئەو سەردەمە لەژێر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتن، تیرۆرو تۆقاندنی کوردە پەڕیوەکانی ڕۆژهەڵات ڕەنگڕێژەیەکی کرا. دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ی زایینی بەقۆناخی یەکەمی تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لەباشوور دەناسرێ. ئەو کات حیزبی دیموکراتی کوردستانو زۆربەی کادرو بەڕێوەبەرەکانی لەزۆنی ژێر دەسەڵاتی بەرەی ناسراو بەمەلاییو جەلالیدا دەژیانو بەشێک لەوان گەمەیان بە پرسی ڕۆژهەڵاتییەکان دەکرد. سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەژار موکریانیو زۆری دیکەش لەریزی پێشەوەی ئەو کەسانەدا بوون، کە ئامادە نەبوون لەمافی ئەندامانی حیزبەکەی قازی بپرسنەوە.

قۆناخی دووهەمی تیرۆرەکان لەدوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان دەستپێدەکات، کە هەتا سەرەتای سەدەی تازە درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا لەدوو زۆنی زەردو سەوزو لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا زیاتر لە ٣٥٠ کەس لەسیاسەتکارو تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات تیرۆر کران. تیرۆرەکان بە پەڵەیەکی رەش پێناسەدەکرێنو هێزە سیاسییەکانی باشوور لەو پێوەندییەدا وێڕای بەشێک لەبەرپرسەکانیان لە پێناوی خۆیانو بنەماڵەکانیاندا پردی جێبەجێکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئێران لەباشوور بوون. حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕیی ئەدهەم بارزانی، بزوتنەوەی ئیسلامیو زۆر تاکە کەسو عەشیرەت لەتەنیشت پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان زەبری خۆیان لە پەیکەری بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵات وەشاند.

قۆناخی تازەی تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لەباشوور خەریکە روخسارە دزێوەکەی دەردەخات. بەسەرەنجدان بەقۆناخی دووهەمی تیرۆرەکان تێدەگەیین، کە بارودۆخی نالەباری باشووری کوردستان لەبواری سیاسیی، ئیدارییو هەروەها ئابوری بەستێنی کارە تیرۆریستییەکانی ئێران لەباشوور دژ بەکوردە ڕۆژهەڵاتییەکان خۆشتر کردووە. بێجگە لەوە، قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێرانو وردە جوڵەی بەشێک لەهێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر سنوورەکانو نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بەرپرسانی ڕژێمی تارانی بۆ داڕشتنی نەخشەی تیرۆر لەباشوور هانداوە. ئاماژەکان دەریدەخەن، کە

بەرپرسانی ڕێژیمی تاران بۆ سرکردنی زیاتری هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانو هەروەها توندترکردنی ئەڵقەی پارتە باشوورییەکان لەسەر هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان جموجۆڵو هەڕەشەکانی خۆی دەستپێکردۆتەوە. ئێران لەهەولێرو سلێمانیو تەنانەت لەنێو پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان کەسانی سیخوڕی هەیەو لەو مەیدانەدا دەتوانێ زیاترو زۆرتر پاڵەپەستۆ لەسەر باشووری کوردستان سازبکات. نەخشەی ئێران لەکۆتاییدا دەرکردنو چەککردنی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان لەباشوورە، کە بەجۆرێک خوازیارە ئەو پیلانە جێبەجێ بکات.

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە حیزبەڕۆژهەڵاتییەکانو ئەندامەکانیان لەزۆر بواردا خاڵە گرینگەکانی ئاسایشو پاراستنی خۆیان لەبەرچاو ناگرن. بەشێک لەوان بەتەنیا بەبێ لەبەر چاوگرتنی زۆر خاڵی گرینگ بەرەو داوی مەرگ دەچن. گەڕانو دیدار لەگەڵ کەسانی دەرەوەی حیزبەکان، کە بەناوی ئەندامی ڕێکخستنو هتد. بەڕێوە دەچن، پڕن لەمەترسی. دیدارو سەردانی بەتەنیا دەرگا بەسەر زۆر مەترسیدا دەکەنەوەو دوژمن یان کەسی تۆڵەئەستێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەکان هاندەدەن. ئەو کەسانەی کە کاری تیرۆر ئەنجام دەدەن، لەخاڵی لاوازی تاکو حیزبەکان کەڵکی خەراپ وەردەگرنو مێژووی بەشێک لەتیرۆرەکان دەیسەلمێنێ، کە کادرو پێشمەرگەی حیزبەڕۆژهەڵاتییەکان ئاگاداری خۆیان نین.ئەگەر حیزبەڕۆژهەڵاتییەکان لەکۆنەوە لایەنە لاوازەکانی خۆیان تەتەڵە کردبا، باشتر پیلانەکانیان پووچەڵ دەکردەوە. ڕێژیمی ئێران لەبواری سیخوڕی سەرمایەگوزاری زۆری کردوەو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم پێویستی بەبەرچاوڕوونی زیاترو هەروەها پاراستنی نهێنی کارو هەڵسووڕانە.

حیزبەڕۆژهەڵاتییەکان لەسەر تیرۆرو کوژرانی ئەندامو پێشمەرگەکانیان زۆر نەرمو لێبوردە بوون، کە مەیدانی گەڕانی ڕەشەکوژەکانی زیاتر کردوە. ئەوان لەسەرەتاوە لەسەر پاراستنی گیانی پێشمەرگەو کادرەکانیان مکوڕ نەبوون، بۆیە لەلایەن بەشێک لەباشوورییەکان بەچاوی لاوازو بێدەسەڵات سەیریان دەکرێ. مانەوەو جێگیربوون لەقوولایی باشووری کوردستان بەهەموو نرخێک هەڵەیەکی گەورەیە، کە بەئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە. پرسینەوە لەگیانی ئەندامو کادرو پێشمەرگەکان سنوورێکی بۆ کاری ڕەشەکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران لەباشووری کوردستان دادەناو لەئاکامدا زنجیرە تیرۆرەکانو لشکرکێشی سپای ئێران بۆ سەر بنکەی حیزبی دێموکڕات لەدەیەی ١٩٩٠دا ئەنجام نەدەدران. بەواتایەکی دیکە، دیسیپلینی نێوخۆو پێشمەرگانە زیاتر بایەخیان پێدەدراو پارتە باشوورییەکانو چەند مشەخۆرێکی ڕەشەکوژ بەئاسانی نەدەوێران لەپانتایی باشوور دەستیان بەخوێنی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان سوور ببێ. هێشتا دەرفەتی پێداچوونەوە بەرابردوو هەیەو ڕەوا نییە لەوە زیاتر کوردە

رۆژهەڵاتییەکان یەک یەک ببنە خۆراکی سیخوڕو ئەو ناکوردانەی، کە لەپێناوی ورگو گیرفاندا مرۆڤەکان دەفرۆشنو دەکوژن.

مرۆڤی کورد زیاتر لەگەلانی دیکە بۆ کاری یەکترکوژیی‌و لێدان لەیەکتر ئامادەیە. کوردەکان بەهۆکاری جیاواز زیاتر لەنەتەوەکانی دیکە دەبنە داردەستی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان. ئەو هەستە جاروبار ئەوەندە باڵا دەکات، کە پارتە سیاسییەکان، عەشیرەتەکانو پیاوە ماقوڵانی ناوچەیەک دەگرێتەوە. ئەوان لەپێناوی نانو ئاوێکدا دەبنە کەوی لەداوخەرو هاوڕەگەزو هاوزمانەکانی خۆیان بەنرخێکی هەرزان بۆ دوژمن راودەکەن. دەردە کورد رەگو ریشەی قوڵی لەهەناوی کۆمەڵگەی کوردو تاکی کورددا داکوتاوەو بەئاسانی خاشەبڕ ناکرێ. بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە دژوارە، تێگەیشتنو دانپێداهێنان بەکێشەی ئاماژەپێکراو گرینگە. نەتەوەیەک دەبێ چەندە لاوازو ئەندامەکانی چەندە دڕکاوی بن، کە بۆ پارەو دراو خەیانەت لەهاووڵاتیان یان هاوخوێنو هاوزمانەکانی خۆیان بکەنو لەبەردەم دوژمندا زەلیلو داماو چۆک دادەن!

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٨

---

## کوردەکان و سووڕانەوە لە بازنەی شکست و تراژیدییەکاندا!

کوردەکان خاوەن ماف و خاکن، بەڵام لە ڕێڕەوی مێژوودا بە هۆکاری جیاواز لە داوی پیسی ژێردەستی رزگاریان نەبووە. ئەوان لە مێژووی خۆیاندا پەرتەوازە و دابڕدابڕ بوون و لە شەڕ و قەیرانەکاندا خاوەنی سیاسەتێکی خۆماڵی نەبوون. خەڵکی کورد بە ئاسانی کەوتوونەتە داوی سیاسەتی نەتەوە و دەسەڵاتە سەر دەستەکانی کوردستان و تەنانەت زلهێزەکان و ئیرادە و توانای خۆرزگارکردنیان نەبۆتە باسێکی نەگۆڕ. ئەوان خاوەنی سیاسەتێکی ئاشکراو و خاوەن پاشخانێکی پتەونین، کە بتوانن لە گەڵ دۆست و نەیاردا باس لە بوونی خۆیان بکەن.

کێشـەی هێـزە سیاسـییەکان لە گەڵ یەکتـر، دووپـاتبوونەوەی کێشـەی کـۆنی هـۆز و عەشـیرەت و ئەمـارەت و میرنیشینەکانە، کە بۆ شکاندنی یەکتر بەردەوام گورزی نەتەوە و هێزە باڵادەستەکانیان بوون. لە ماوەی ساڵانی رابـردوودا، کە دەرفەتـی زێـڕین بـۆ کـورد لە باشـوور، رۆژئـاوا و بە رێـژەیەک بـاکوریش هەبـوو، هێـزە بڕیـاردەرە کوردەکان و سەرۆکەکانیان لە بازنەی سیاسیەتی خۆیاندا دەسووڕانەوە و وردبین و تیژبین دەرنەکەوتن. بۆ وینە، لە نێوان رۆژئاوا و باشووری کوردستان سنوورەکان بە سەر یەکتردا دادەخران و پرسی کورد فیدای بەرژەوەنـدی دوو لایەنی دیکەی سیاسی دەکران.

کوردەکـان و شـکان دوو وشـەی غەریـب نـین و لە کـۆنەوەی ئـاوێتەی یەکتـرن. ئەگەر رێچـکەی خەبـات و جـۆری بیرکردنەوەمـان نەگـۆڕین، دوور نیـیە لە داهـاتوودا بە سـەر تەڵەی شکسـتدا بکەوینـەوە! کوردەکـان لە باشـوور و رۆژئاوادا، لە ماوەی چەند مانگی رابردوو زەبری گەورەیان بەرکەوتووە. هەڵەی رێفراندۆم و شکانی چەکدارەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (ناوچە کێشە لەسەرەکان) و داگیرکرانی عەفرین لە لایەن ئەرتەشی تورکییە و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سوورییە، دوو نموونەی زیندووی لە دەستچوونی دەرفەتەکانن. شایانی ئاماژەکردنە، کە شکستی کورد لە بنـاخەدا دەرخەری نەبوونی تاکتیک، ستراتیژیی و ئامانجێکە، کە ڕێگانیشاندەر و کۆکەرەوە و باوەڕهێنەرە. جێگـای ئاماژەپێکردنە، کە کۆی تاقیکاری باشوور و رۆژئاوا بە هۆکاری ناکارامەیی کورد و پارتە کوردییەکان و تاکەکانی لە ژێر هەڕەشە و مەترسی گەورەدایە. لاوازی کورد لە مەیدان سیاسەت و خۆبەڕێوەبەریی و هەروەهـا لێدان لە یەکتر لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا بە ئاسانی بە سەر کورددا تێناپەڕن و تێچووی خۆیان هەیە.

داگیرکرانەوەی شـار و شـارۆچکەکان بـۆ دەوڵەتە سەردەستەکان سـەرکەوتنی کۆتـایی نییە. درێـژەدان بە سیاسـەتی سەرکوت و داگیرکاری پرسی کورد بۆ ئەوان چارەسەر ناکات، بەڵام خەباتی کوردان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیـان دژوارتر دەکات. دەرفەتە مێژووییەکـان دەگمەنن و کوردەکـان لە باشوور و رۆژئـاوای کوردستاندا نەدەکرا دەرفەتە زێڕینەکانیـان لەو مـاوەیەدا بە ئاسـانی لەدەست بـدەن. لە ژێـر سیاسـەتی دوو پـارتی سیاسیی و دوو بەرژەوەنـدی جیاوازدا، ئەزموونێکی تاڵ و رەش بۆ ئەمڕۆ و سبەینێی گەلی کورد لە باشوور و رۆژئاوادا بەجێماوە. پارتە بە ناو سیاسییەکان و ئەندام و چەکدارەکانیان کولتوری ئەمیرە کۆنەکـانی کوردانیـان زینـدوو کـردەوە، کە ئـامادەن دژ بە یەکتر سەنگەر بگرن و ئەزموونە تـاڵەکانی رابردوو دووپات کەنەوە.

سەرنەکەوتنی کوردان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا پڕە لە پەند و حیکمەت، کە شایانی هەڵلاجیکردن و تەتەڵەکردنن. باشترین ڕێگا بۆ کوردەکان وانەوەرگرتن لە شکست و شکانەکانە. بۆ دیتنی روخسار و رەگی راستەقینەی شکان و هۆکارەکانیان گونجاوە، کە کۆی وێنەکە ببینین و ماڵئاوایی لە جیهانی کفوکوڵ بکەین.خۆشاردنەوە لە هۆکاری راستەقینەی رووداوەکان زوڵمکردن لە نەوەکانی دوارۆژە و خزمەت بە نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان دەکات، کە زیاتر و زۆرتر گەلی کورد بچەوسێننەوە. بۆ رزگاربوون لە سێبەری شوومی شکان و کەوتن، مرۆڤی کورد ناچارە مێژووی خۆیی و ئەوانی دیکە بخوێنێتەوە و بێڕەحمانە رەخنە لە خۆی بگرێ.

هێڵ و رێبازی سیاسەتکردنی کوردان کێشەی گەورەی هەیە، کە لە هەناوی کولتوری کورد و شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکاندا رەگ و ریشەی داکوتاوە. خوێنێکی زۆر دراوە، بەڵام بارتەقای خوێن و قوربانییەکان کورد دەسکەوتی نەبووە و ئەزموونی کەڵەکە نەکردوە. تاک و کۆیی کوردەواری لە رۆژانی شکاندا باشترە هێمنانە و راستگۆییانە لە خۆیی و دەوروبەری بڕوانێ. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانمان، هزر و بیرکردنەوەی خۆپێناسەکردنمان دەوێ. بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستە ئامانج ئاشکرا و دیاربێت و فکر، وشە و کردەوەکانمان یەکانگیر بن. لێدان لە یەکتر و خۆکوتان چارەسەری دۆخەکە ناکات، بەڵکو شەکەت و ماندوو لە قوڕنەی شکان و شکستەکاندا رۆماندەنێ (دەپەستێوێ).

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨

---

## لە یادی ٣٠ی ساڵەی تاوانی قڕکردنی هەڵەبجەدا

### *هەڵەبجە وانەیەکی تاڵ بۆ کوردان*

پاش تێپەڕینی ٣٠ ساڵ لە قڕکردنی هەڵەبجە، برینەکان سارێژ نەبوونەوە و ئازادی وسەربەستی هاوڵاتیانی کوردستان دەستەبەر نەکراوە.لە رۆژی کارەساتی هەڵەبجەدا مرۆڤ دوو وێنەی گرێدراو بە یەک دەبینێ. لە لایەک

هەڵەبجە، کە بە هۆکاری جیاواز و بۆ مەرامی دەوڵەتێکی سەردەستی کوردستان (ئێران) راکێشی پێدەشتی مەرگ و فەوتان کرا. هەڵەبجەییەکان بە سووتانی جەستە و هەڵقرچانی پێستی جەستەیان نرخی سیاسەتی هەڵەی هێزە کوردییەکانی باشوور و تێکەڵبوونیان لە گەڵ سپای ئێرانیان لێ ئەستێندرا. لە لایەکی دیکە، وێنەی درندەیی دەوڵەتێکی سەردەست (عێراق) کە لە خانەی رقی دوژمنکارانە و لە کردەوەیەکی جنایەتکارانەدا پەلاماری خەڵکی سڤیلی دا. ئەگەرچی هەڵەبجە تەنیا شار و شارۆچەکە و مەڵبەندی کوردستان نییە، کە بە گازی قەدەغەکراو پەلامار دەدرێ، بەڵام جینایەتی دەسەلات و نەتەوەی بالادەست لەو شارەدا دەگاتە لوتکە. شایانی باسە، کە سیاسەتی دەوڵەتە سەردەستەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دژ بە کورد و خاکەکەیان دوژمنکارانە بووە و دەرفەتی چارەسەر و دیالۆگی نەخوڵقاندوە.

خەڵکی کوردستان کە خاوەنی سەرەکی راپەڕین و هەڵگەڕانەوە دژ بە بەعس و بەعسییەکانن، ئەمڕۆ وێڕای خەڵکی هەڵەبجە لەبیر چوونەوە و جار و بار لە بازاڕی دەنگوەرگرتن و کڕیندا وەبیر میرە بازرگانە کوردەکان دەکەونەوە. سیاسەتی هەڵەی پارتە کوردییەکان لە مەڕ دەست تێکەڵکردن لە گەڵ دەوڵەتە سەردەستەکان دەکرێ ببێتە وانەیەکی گەورە و لەبیرنەکراو. ئەوان لەم رۆژگارەدا بوونە کەواسووری بەردەم لشکری ئێران و رۆڵی کۆنی خێڵە کوردەکانیان دەگێڕا. کارێک کە کوردەکان لە چەند سەدەی رابردوودا دووپات و چەند پاتیان کردۆتەوە و لە داخی دوژمنێکی هار خۆیان لە باوەشی دوژمنێکی هارتر هاویشتوە. رووداوەکانی ئەمڕۆ و چەند ساڵی رابردوو دەیسەلمێنن، کە پارتە کوردییەکان و سیاسەتکارەکانیان و زۆربەی کورد هێشتا لەو ژینگەیە رزگاری نەبوە. لۆژیکی کوردەکان لە شەڕ و ئاشتیدا لاوازە و کفوکوڵی تێپەڕ سوکانی ئەوانی گرتۆتە دەست، بۆیە لە دەرفەتەکان کەڵک و سوودی پێویست وەرنەگیراوە.

وێنەی هەڵەبجە و سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەوە دەبن، کە جێگای سەرجەم وێنە گەورە و داسەپاوەکانی بە ناو سەرکردەی بنەماڵە و پارتەکان لە پارلەمان و سەردیواری شار و شارۆچەکان بگرنەوە و ببنە وێنەی نیشتمانی نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە. کاتی خۆیەیەتی، کوردەکان بە تاک و کۆ رێگا نەدەن ببنە کالای بازرگانی حیزب و پارتە بە ناو سیاسییەکان و سەرکردە کورتبینەکانیان. حیزبایەتی کوردان و جۆری سیاسەتی سیاسەتکارەکانی لە قەیرانی قوڵدایە و توانای ئیدارەکردنی پرسی کوردانی نییە. رەوا نییە کوردەکان لە باشوور، باکور، رۆژئاوا و رۆژهەلاتی کوردستان تالاوی چەوسانەوەیان بە قورگدا بکرێ. ئەگەر کوردەکان وریا

نەبن، ڕەنگە لە ژێر تیشکی سیاسەتی هەڵەی پارتە سیاسییەکان و هەروەها پیلان و سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتە سەردەستەکان لە دۆخێکی خەراپتر بکەون. قەرەبووکردنەوەی وێرانییەکانی رابردوو، کارێکی ئاسان نییە. و گونجاوە، کە کوردەکان لە وانە مێژووییەکان پەند وەرگرن و ڕێگا نەدەن ببنە داردەستی ئەم و ئەو و خۆراک و سووتەمەنی قەیران و شەڕەکان!

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

---

## دونیای شێواوی دێموکڕاسی، ئەندامەتی حیزب، نووسین و ئازادی رادەربڕین لە نێو خۆماندا

لە رۆژانی رابردوودا بابەتێک لە سەر دوکتۆر قاسملوو لە بەشی ئینگلیسی ماڵپەڕی رووداودا بڵاوکرایەوە. ئەو نووسینە تێگەیشتنی یەکلایەنەی نووسەر لە سەر د.قاسملوو دەخاتەڕوو. بەواتایەکی دیکە، ئەو نووسینە تەنیا بیروڕایەکە، کە لە سەر کۆمەڵێک تێڕوانینی کۆنی ئەم و ئەو نووسراوەتەوە. نووسراوەکە هیچ لایەن یان خاڵێکی شاراوەی د. قاسملووی ئاشکرا نەکردوە، بەڵکو بژاری چەند رووداوێکی کردوە، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بە شێوازی جیاواز نووسراون و گوتراون. نووسەری بابەتەکە، لە ساڵانی رابردوودا و هەتا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینە ئەندامی ئاشکرای حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بووە. لەبەرامبەر ئەو نووسراوەدا، کەسیکی دیکە، کە خۆی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران نیزیک دەزانێ، لە نووسینێکی دوور و درێژدا چاک و خەراپی تێکەڵکردوە و بە شێوازێکی توند کۆمێنتەکانی بڵاوکردۆتەوە. فڕکان فڕکانی کۆمێنت و نووسراوەی ئەو نووسەرانە و هەڵوێستی ئەندامانی دوو لایەنی دژبەر و بەریوانکەر سەلماندی، کە کوردەکان لەو مەیدانەشدا لاوازن!

لاوازبوونی کولتووری دیالۆگ و رەخنەگرتن تەنانەت هەڵسەنگاندن بە نووسین و وڵامدانەوە لە نێو ئێمەی کورددا زۆر زەقە. ئەو رووداوە سادە و ساکارە (نووسین لە سەر د.قاسملوو و دژکردەوەکان) سەلماندی، کە کورد کێشەی لە گەڵ بنەماو پڕنسیپە گشتییەکاندا هەیە. بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات بەبێ خوێندنەوەی

بـابەتی نووسـراو پـلار و ڕەخنەیـان لە نووسین و نووسـەرەکەی گـرت. لە لایەکـی دیـکە، بەڕێـوەبەرانی حیـزب و بەرپرسـانی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان بـۆ دامرکانـدنەوەی هەڵـلاو و ژاوەژاوی نووسـراوەیەک کە هـیچ بـایەخی زانستی نییە، بڕیاری ئەستاندنەوەی ئەندامەتی نووسەرەکەیان دەرکرد. بێجگە لەوە، بڕیاری دەرکردنەکە لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا دیـوار بە دیـوار دەگەڕا. کوردگـوتەنی، دێموکڕاسیی و ئازادیمـان بـۆ دامرکانـدنەوەی کفوکـوڵی خۆمـان دەوێـت و لە گەڵ ڕێسـا و خـاڵە دێموکڕاتیکەکـان زۆر کـۆک نـین. بـاڵانس و سـنووری نێـوان حیزبـایەتی و مـۆڕاڵی ئەنـدامەتیی و هەروەهـا هاونیشـتمانەتی نـازانین و ژمـارەیەک لە ئـێمە تەنیـا بـۆ کـۆکردنەوەی خـاڵە ئەرێنییەکان ئامادەین .

نووسینێکی ئاسایی و بیروڕایەکی سـاکار نـاکرێ و نـاگونجێ گـۆنگەڵەیەک بـۆ حیزبێـک و ئەنـدامەکانی سـاز بکـات! ئەگەر کـورتە نووسین و دەربڕینێـک ژاوەژاوی لـێکەوتەوە، بێگومـان سلمێنەری ئەوەیە، کە کولتـووری دێموکراسـی، ئـازادی بیروڕادەربـڕین، شـارەزابوون لە بنەمـا و چوارچێـوەی کـاری حیزبـایەتی و ئەنـدامەتی و هەروەهـا بـایەخ و پڕنسیپەکانی نووسین و بیروڕادەربڕین کێشەی گەورەیان هەیە. ئەگەر نووسـەر و دەرچـووی زانکـۆ، کـۆدی دەربڕینـی بیروڕا بزانێ و لە چوارچێوەی کاری حیزبایەتی و ئەندامەتی شارەزا بێ، بێگومان نووسینەکانی بریندارکەر و تەک ڕەهەندی نابن و پشت بە بەڵگەی بەهێز دەبەستن. ئەگەر حیزب و ئەندامەکان لە بناخەدا باوەڕیان بە ئـازادیی و دێموکڕاسی و تەنانەت چەمکی ڕەخنەبێ، لە سەر هێندێک پرس و ڕەخنە زۆر هەستیار نابن و بەکردەوە دێمـوکڕات دەبن. ڕاستییەکی تاڵ هەیە، کە ئێمەی کورد، لە سەر زۆر پرسی وەکو ئازادی ڕادەربڕین، دێموکڕاسی، حیزبـایەتی و ئەنـدامەتی، لێکـۆڵینەوە و نووسین و هتـد. کەموکـوڕی زۆرمـان هەیە. بەشێکی زۆری ئەو کێشـانە لە نەبـوونی زانیاری دروست و هەروەها تێگەیشتن لە بنەما و خاڵە سەرەکییەکانی ماف و بەرپرسیارەتییەکان سەرچاوە دەگرن.

لە ڕۆژئاوا و مەڵبەنـدی پێکهەڵپڕژانی بیـروڕا جیـاواز و تێـڕوانینە دژ بەیەکەکانـدا سنوورێک بـۆ کـار و تێکۆشـان هەیە. ئەندامی حیزبەکان لە ڕۆژئاواشدا لە دەربـڕین و هەروەهـا تەتەڵەکردنی زۆر بـابەتی هەسـتیاردا پـابەنـدی کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێسـان. لە پرسـی ڕەخنەگـرتن و هەڵسـەنگاندنی ڕووداوە هەسـتیارەکاندا لێکـۆڵەرەوە و زانکـۆ دیتوەکان ناتوانن چاو لە مۆڕاڵی نووسین بپۆشن و بە دوو قسەی ڕووت ڕووداوێکی مێژوویی بەلادا بخەن. نووسین و بەتـایبەت قسەکردن لە سەر ڕووداوە مێژووییەکان بەڵگە و فاکتیان دەوێ. لێرە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەگرەکـانیش لە چوارچێوەی یاسایەکی نەنووسراودا دەجوڵێنەوە و هەموو بابەتێک سنووری هەیە.

لە کوردستاندا و لە سەردەمی ئەمڕۆدا بابەتە وروژێنەرەکان زیاتر دەردەکەون، کە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد کەمتر دەخوێنێتەوە. بێجگە لەوە، لە باشووری کوردستان کاناڵ و ناوەندی راگەیاندنی زۆر و بۆر و کولتووری سەقەتی راگەیاندن دەرفەتی بۆ ژمارەیەک کوردانی رۆژهەڵات خوڵقاندوە، کە بە تامی مێدیاکانی باشوور لە سەر رووداوەکان بدوێن! ئێمە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ئاڵۆزە ناتوانین پشت بە پڕوپاگەندە ببەستین. بۆ تێپەڕاندنی کەندوکۆسپەکان باشترە رێگا بدرێ، کە رەخنەگرەکان، لێکۆڵەرەوەکان یان نووسەرانی ماڵپەڕ و رۆژنامەکان بە تێگەیشتنی خۆیان بنووسن. چاکترە، کە رەخنەگرتن پەرەبستێنێ و بەرۆکی رەخنەگرەکانیش بگرێتەوە.

بۆ پەڕینەوە لەو قەیرانە پێویستمان بە تەتەڵەکردنی کرۆکی بابەتەکانە نەک دەموچاوی خاوەنەکانیان. بۆ سەرکەوتن بە سەر کەندوکۆسپەکاندا کات، پەروەردە و رێچکەیەکمان دەوێ، کە هەمووان ناچار بکات مۆڕاڵی پیشە و کارەکانیان بپارێزن و رێز لە کارەکانیان بگرن. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر چووینە گەڕی شایی ناچارین رێساکانی هەڵپەڕکەکە رەچاوبکەین و ئەگەر وانەکەین، رەنگە کێشە بۆ ئەوانی دیکە بخوڵقێنین. ئەو بنەمایە لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە رێژەی جیاواز هەیە و بۆ سەرخستنی پڕۆژە گەورەکان ناکرێ خۆمان لە پرینسپ و بایەخە سەرەکیەکان بدزینەوە.

لە کۆتاییدا راستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، کە بەشێکی زۆر لە کوردانی رۆژهەڵات بۆ پرسی رۆژهەڵات نابنە ماڵ و پاش کەڵکوەرگرتن لە بوار و پردی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لە شوێنێکی دیکە بۆ خۆیان هەوار هەڵدەدەن. ئەو رێچکەیە لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان دەرکەوتوە و ژمارەیەک لە نووسەران، سیاسەتکاران، شاعیران و مێدیاکاران بەهەر هۆکارێک بێ، رێگای خۆیان لە رۆژهەڵات جیاکردۆتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٨

## ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەخەمڵیوی کورد فاکتەرێکی ئاشکرا و شاراوەی کەوتنەکان

دالآنە تاریکەکانی مێژووی کوردان پڕن لە رووداو. کوردەکان، زیاتر لە زۆر خەڵک و گەلی ناوچە و جیهان کەوتوونە ژێر باری گرانی کەوتن و چەند سەدەیەکە تالآوی ژێردەستی و چەوسانەوە بە قوڕگیاندا دەکرێ. پەرتەوازەبوون لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە و هێزە باڵادەستەکان روخساری ناسراوی کوردەکانە، کە بەرۆکی ئەو گەلەی لە سەدەی بیست و یەکدا بەرنەداوە. لە ئاکامی نەخەمڵینی بیری کوردایەتی و هزری خۆناسین و هەروەها نەبوونی تێڕوانینی هاوسەنگ لە سەر خۆ و ئەوانی دیکە، کوردەکان لە گەمەی دەسەڵات و کێبەرکێی نەتەوە باڵا دەستەکاندا لاواز و ژێردەست ماونەوە.

تەوژمی جوڵەی ناسیۆنالیزمی کوردان ئەوەندە بە بڕشت و کارا نییە، کە کەند و کۆسپە نێوخۆییەکان ببڕێ و لە سنووره داسەپاوەکان بپەڕێتەوە. هێزە سیاسییەکان لە جاران زۆرترن و خاوەن بەرنامە و پڕۆگرامی دیاریکراوترن، بەڵام بە رێژەی جیاواز گیرۆدەی کفوکڵی تاکەکان و بەربەستە کولتووریەکانن. تاکەکان لە جاران وریاترن، بەڵام وشیاری تاکی کورد بارتەقای شوناس و ناسنامەکەی نییە. کوردەکان بە کردەوە لە نێوخۆی پارچەکانی کوردستاندا لە یەکتر دابڕاون. ئەوان لە ئاستی گشتییدا خاوەنی تێگەیشتنی هاوبەش و راشکاو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکەیان نین.

ناسیۆنالیزمی کوردی بە لاوازی دەرکەوتوە و لە بەستێن و بازنەی بەرگریکردندا شکڵی گرتوە. ئەو ناسیۆنالیزمە کولتور، زمان و گەلی خستۆتە پاشەوەی سیاسەت. لە ئاکامدا دابڕانیکی گەورە لە نێوان تاک و کۆی کوردەکاندا خوڵقاوە. کوردەکان خاوەنی زمانیکی هاوبەشی نووسین و خوێندنەوە نین، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ئاسانی بتوانن لە دەرد و مەرگی یەکتر تێبگەن و هەستی کوردایەتیی و یەکبوونیان بگاتە پێدەشتەکانی پڕاگماتیسم و کردار.

ناسیۆنالیزمی کوردی لە پاشخانی بەهێزی کولتوریی و زمانەوانی سوودمەند نەبوە، بۆیە بزوتنەوە و راپەڕینەکان بەردەوام لە بازنەیەکی دیاریکراودا ماونەوە و خەڵکێکی زۆر بە زانیاریی و تێگەیشتنەوە لە پرسەکاندا بەشدار

نەبوون. کارکردن لە سەر کولتور و زمان ڕێگاخۆشکەری خەباتی سیاسیی و دواتر خۆئیدارەکردنە و دەلاقەی دەرفەتەکان بە ئاسانی بە سەر نەتەوەدا دەکاتەوە. پاش تێپەڕینی ١٠٠ ساڵ هێشتا پەرتەوازەیی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی، کولتوری، زمانەوانیی و تێکۆشانی کورداندا دەبیندرێ.

زمان، کولتوور، ژینگە، کەسایەتی کورد و زۆر سەرمایەی کوردان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا نەک گەشەی هاوسەنگیان نەکردوە، بەڵکو زەبری کاریگەریان لێدراوە. کوردەکان وەک جاران لە گۆڕەپانی ناسنامەدا شکاو و چەند رووخسارین و بۆ سەرکەوتن فێری کاری هاوبەش و هەرەوەزی نەبوون. ئەوان لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسیدا لاوازن و بە شێوازی مۆدێرن و ئەمڕۆیی ناجوڵێنەوە.

کوردەکان خاوەنی وزە و هێزێکی شاراوە و نارێکخراون، کە ئەگەر لە رایەڵکەی خۆناسین، کوردایەتیی وخاک خۆشەویستیدا یەکبگرنەوە، بێگومان دەتوانن چارەنووسی خۆیان بگۆڕن. ئەوان پێویستیان بە هزری خۆئیدارەکردن و خۆرزگارکردن لە هەودا چلکاوییەکانی رۆژگارە، کە کوردیان لە جوڵە خستووە. هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنن، کە خەڵکی کورد لەو پێوەندییەدا لاواز و هەژارن. بژاردەکان بۆ دەرچوون لە بازنەی شکست و شکانەکان زۆر نین. درێژەدان بە ڕێچکەی کۆن و کەوتن یان گۆڕینی ڕێرەوی مێژووی تێکۆشان و کارکردن دوو بژاردەی ئاشکرا و نەگۆڕن، کە کوردەکان زیاتر بژاردەی یەکەمیان رەچاو کردوە.

کوردەکان بێجگە لە خۆیان پاڵپشتێکی یەکلاکەرەوەیان لە سەر گۆی زەوی دەستناکەوێ. دەوڵەت، گەل و لایەنی دیکە بەرگری لە خاک و نەتەوەی کورد ناکەن. ئەوان هەتا بە زمانی خۆیان تەتەڵەی شکست و سەرکەوتن، هزر و بیری ئازادیخوازی، ناسینەی خۆ و ئەوانی دیکە نەکەن زۆر ئەستەمە بتوانن خاوەنایەتی خاک و خۆیان بکەن. دابڕانێکی گەورە لە جیهانبینی و تێگەیشتنی تاک و کۆی کورداندا هەیە، کە بە ئاسانی بنەبڕ نابێ.

گەلانی ئازا و متمانەبەخۆ لە قەیرانەکاندا چۆک دانادەن، بەڵکو لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و سەربەستدا ئامادەی فیداکاریی و خۆڕاگرین. بە واتایەکی دیکە، گەلان لە قەیرانە گەورەکاندا تاقی دەکرێنەوە و متمانەی گشتیی لە سەنگی مەحەک دەدرێ. کوردەکان لە مەیدانی قوربانیدان و خەباتکردندا تاقیکراونەوە، بەڵام بزوتنەوە و جوڵەکانیان بەبرشت نەبوون و لە کۆتاییدا ئامانجەکانیان نەپێکاوە. بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە کۆن و قوڵە،

کوردەکان پێویستیان بە هەست و باوەڕی خۆناسین و بڕوابەخۆبوونە. هست و باوەڕێک، کە تێکەڵ بە تێگەیشتن دەبێ و بارتەقای جۆغرافیای بیروهزریان خۆی پێناسە دەکات و بە هیچ شێوەیەک روخسار ناگۆڕێ و کاڵ نابێتەوە.

داهاتووی کوردەکان بە خۆیان و داهاتووی دەوڵەتە سەردەست و جۆری ڕێکخستنەوەی گرێبەستی سیاسی نێوان ئەکتەرە سیاسیی و ئابورییەکانی ناوچە و جیهان گرێدراوە. فاکتەرەکان وەک جاران ڕەنگاوڕەنگن و کوردەکان وەک جاران پەرتەوازە و فاکتەری لاوەکین. ئەگەر کوردەکان و بزوتنەوە سیاسیەکانیان لە رابردوو وانە وەرنەگرن، رەنگە وەک رابردوو بەهێواشی پەراوێز بخرێن و بە گوێرەی ویستی هێزە باڵادەست و ئەکتەرە بەهێزترەکان پشتگوێ بخرێن. لە سەر بناخەی هەستە تێپەڕەکان خاک و خەڵک و نەخشەی بوونی نەتەوەیەک دانامەزرێن.بە واتایەکی دیکە، گۆڕانی ژینگە و بەستێنی نەتەوەیەک بە ژاوەژاو ناکرێ، بەڵکو بیرۆکە، وشە و هزری ئازادیی و رزگاربوون دەبێ لە خاکی باوەڕ و تێکۆشان و ناسنامەی سیاسی گەلدا رەگ داکوتاوبن. چارەنووسی خاک و گەلێک بەندە بە ئاڵوگۆڕە لە زۆر هاوکێشە و بەستێندا، کە تێڕوانین و جیهانبینی تاک و کۆ دەگرێتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## هاودەردیی و وردە تێڕوانینێک لە سەرکردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەشتی کۆیە

**پەیامی سەرەخۆشی**

*بەڕێزان: بنەماڵە و هاوڕێیانی شەهیدەکانی دەستی غەدر،*

*حیزبی دێموکڕاتی کوردستان*

*حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران*

لە گەڵ ئێوە، بنەماڵە و کەسوکاری سەرجەم شەهید و بریندارەکانی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەروەها فێرگەی سیاسی-نیزامی حیزبی دێموکڕاتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران هاودەردم. لەو کۆست و خەمەدا شەریک و هاوبەشم. گیانی شەهیدەکان شاد و ئازیزەکانیان پارێزراو و سڵامەت بن.

ڕووداوە تاڵەکان بۆ وانەوەرگرتن دەبن و گەلان لە شکان و کەوتنەکان زیاتر فێر بوون. هێرشی مووشەکی ڕیژیم بۆ سەر بنکەی دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە ڕووداوێکی تاڵە و پڕە لە وانە و ئەزموون. تێچووی ئازادبوون و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکان زۆرە. مرۆڤەکان لە سەر گۆی زەوی بە خوێن و گیان توانیویانە نیعمەتی ئازادیی و هەروەها مافە ڕەواکانیان دەستەبەر بکەن.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای کوردان

عەزیز شێخانی

### وردە تێڕوانینێک لە سەر کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەشتی کۆیە

هێرشی موشەکی ڕێژیمی تاران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی دیموکڕاتەکان جێگەی تێڕامانە و ناکرێ بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ. مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هێرشانە کورتخایەن و درێژخایەنن. ئەوان بەو کردەوەیە بە پارت و ڕێکخراوە ڕۆژهەڵاتییەکانیان ڕاگەیاند، کە لە قووڵایی باشووردا دەتوانن زەبریان گەورەیان لێبدەن. کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتە سیاسییەکان و بە تایبەت دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە کردەوەیەکی چاوەڕوانکراو بوو. بەرپرسانی ڕێژیم لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند جارێک پرسی پەلامار و هێرش بۆ سەر مەکۆ و بنکەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانیان لە باشووری کوردستان خستۆتە بەرباس. ناکرێ هەڕەشەکانی ڕێژیم بە فڕوفیشاڵ پێناسە بکەین و مەیدان و دەرفەتی زەبروەشاندن بە ڕێژێمک بدەین، کە تەنیا لە زمانی هەڕەشە و تیرۆر تێدەگا. کۆشک و تەلاری کۆماری ئاخوندی لە سەر بناخەی

ترس و تۆقاندنی گەلانی ئێران و جیابیران دامەزراوە. ئەو نیزامە سەلماندوویەتی، کە بۆ سەرکوتکردنی خەباتی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێتەوە. لۆژیکی نییە، دەستی شاراوەی دەزگا هەوالگرییەکانی ئێران و تورکییە لە باشووری کوردستاندا نەبینین. زەبری رێژیم لە چالاکانی سیاسیی و پارت و رێکخراوە سیاسییە رۆژهەلاتییەکان لە باشووری کوردستان پاشخانێکی کۆنی هەیە. لەو پێوەندییەدا چەند خالێک شایانی لێوردبوونەوەن، کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتیان پێدەکرێ:

- گۆڕینی تاکتیک و ستراتیژی خەبات و تەنانەت فۆڕم و شکلی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی خالێکی گرینگە. تاریفکردنی جۆری سیاسەت و خەبات، نەخشەی تێکۆشان ئاشکرا و رەنگرێژی دەکات. کات و سەردەم رۆلی سەرەکی لە خوێندنەوە و تاریفکردنی بابەت و پرسەکاندا هەیە. خەباتی چەکداریی و هەروەها پێشمەرگانە، لەو پاسایە بەدەر نییە و تاکتیکی تازە و شێوازی نوێی دەوێت. ئەوەی پێشمەرگەکان لە رابردوودا کردوویانە، مەرج نییە لەم سەردەمەدا بکرێ. شەڕی چەکداری لە گەل رێژیم بەم شێوازەی ئێمە عادەتمان پێگرتوە، بەرهەمی کەمە و رووداوەکانی چەند سالی رابردوو سەلماندوویەتی، کە پێشمەرگەکان زۆر لە جاران زیاتر زەبریان لێدەدرێ.

- کارکردن بۆ سادەکردنەوەی خەباتی چەکداریی و بوونی پێشمەرگەی سەلت. پێشمەرگە و چەکداری پارتیزان بە ژمارەیەکی کەم و نەبوونی ژن و مندال باشتر دەتوانن لە گەل دۆخە دژوارەکان خۆیان بگونجێنن. ژنانی مالدار و هەروەها مندال و بەسالداچووان باشترە لە کەمپەکان جێگربن و لە ژێر چاوەدێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بن. شایانی باسە، کە رێکاری دێموکڕاتیک و مرۆڤانە دژ بە دیکتاتۆرییەت و هێز کاریگەری نییە. لەبارە، کە بزوتنەوەی کورد بۆ مانەوە و هەروەها بەهێزبوون خەباتی چەکداری لە فۆڕمێکی تازەدا رێکخاتەوە، کە بۆ رێژیم تازە بێ. لەو نێوەدا خەباتی گەلانی دیکە بۆ وانەوەرگرتن دەبێ و رەنگە کردەوەیەکی گەورە لە تاران بە رێژەیەکی گەورە پرسی کورد لە ئێران لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بورووژێنێ.

- رێژیم لە ئێمەی کورد خاوەن تکنیک و دەسەلاتی زیاتر و زۆرترە. ئەوان لە هێز و پارە و هەروەها شارەزایی بۆ لێدان لە پرسی کورد و بزوتنەوەی کورد کەلکوەردەگرن. ناسینی رێژیم و شارەزابوون لە سیاسەت و تاکتیکەکان رێژیم پێویستی بە کاری بەردەوامە و زانیارییە کۆنەکان چارەسەری پرسە تازەکان ناکەن. بە واتایەکی دیکە، لەو مەیدانەدا ئەگەر هونەر و شارەزایی نەبێ، بە ئاسانی لە داوی فرت و فێلی رێژیم دەکەوین. خۆپاراستن لە هێرشی

دوژمن و خوڵقاندنی ترس لە دڵی دوژمندا رق و کینە و هەروەها سەرمایەگوزاریی و کانالیزەکردنی رق و باوەڕ و کردەوەی دەوێ.

- پارت و حیزبە رۆژهەڵاتییەکان خاوەنی رێکخستنی زۆر تۆکمە نین. رێژیم و دەزگا سیخوڕییەکانی لە کۆنەوە بە ئاسانی لە نێو حیزب رۆژهەڵاتییەکاندا گەرایان خستوە و سیخوڕ و هاوکاری خۆیان لە ریزەکانیاندا حەشارداوە. دوو هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە نادڵخوازەیان خوڵقاندوە. یەکەم، لاوازی کەسایەتی تاکی کورد، کە بە ئاسانی فریوی وەعد و بەڵێنی بەرپرس و کاربەدەستانی ریژیمیان خواردوە. دووهەم، سادە و ساکاربوونی بەشێک لە کادر و ئەندامانی حیزبەکان، کە بە ئاسانی کەوتوونەتە داوی رایەڵکە سیخوڕییەکانی ئێران.

- تێکەڵبوونی دوو دیاردەی دژ بەیەک لە گۆڕەپانی خەباتدا. یەکەم، بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی تازە سەرەڕای قازانجەکانی، پارتە سیاسییەکان و رێکخستن و بنکە و مەکۆکانیان کردۆتە ئامانجی ئاشکرا بۆ دەزگا سیخوڕییەکان. لە رێگای بەکارهێنانی ئامێرە جیاوازەکان، هێڵی تەلەفوون و ئینترنێت و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی زۆر وێنەی نەگونجاو کاربەدەستانی رێژیم دەتوانن حیزبەکان تۆق بکەن. دەسەڵاتدارانی تاران خاوەنی تێکنۆلۆژی ورد و هەروەها هێزی مرۆڤی زۆرن، کە بە ئاسانی دەتوانن دیواری ئەمنییەتی رێکخستنی ئۆنلاینی حیزبە نەیارەکان بڕوخێنن و بە شاراوەیی سوود لە زانیارییەکان وەرگرن. خەباتکردن بە مانای بڵاوکردنەوەی وێنەی زۆر و زەوەندی ئەم و ئەو نایەت و لەو مەیدانەدا کاربەدەستانی رێژم سوودمەند دەبن.

- نەبوونی ستراتیژی و دووربینی لە خوێندنەوەی بارودۆخەکە، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی لە بازنەی قەیرانە جیاوازەکاندا خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆ. خۆهەڵاوەسینی بەشێک لە چالاکانی کورد لە نێو و دەرەوەی حیزبەکان بە فکر و هزری "ئیسلاحتەڵەبە نێوخۆییەکان" و هەروەها بڵاکردنەوەی دەنگۆی ئاڵوگۆڕ لە پەیکەری نیزام، ساختاری بیرکردنەوەی درێژخایەن و وردی کوردە رۆژهەڵاتییەکانی وێران کردووە. هێزیکی چەکدار، سیاسی و بەرپرس لە جیاتی خۆ هاویشتنە نێو داوی جاڵجاڵۆکەیی ئاخوند و بژاردەی رێژیم، بیر لە خۆپاراستن و زەبرلێدان لە رێژیم دەکاتەوە. شوعار و خوێندنەوەی هەڵەی بارودۆخەکە گیانی شۆڕشگێری کوردانی رۆژهەڵاتی تاراندوە و سەرلێشێواوی بەرینی لە گۆڕەپانەکەدا خوڵقاندوە. هونەری سیاسەت تەنیا لە قسەکردندا نییە، بەڵکو تێگەیشتن

لە هەوێنی ڕووداوەکان و دیتنی کۆی وێنەکە و بڕیاری هەڵسێنگێندراوە.

- بەشێک لە کۆنە سیاسەتکارەکان سیاسەت و خەباتیان لە مانا بەتاڵ کردۆتەوە. ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندیی و پێگەی خۆیان لە باشوور، بڕستیان لە بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بڕیوە و پارتە سیاسییەکانیان لە کۆڵانە داخراوەکاندا هێشتۆتەوە. ئەرکە مرۆڤە خەباتکارە ڕێبەرەکان جیاوازە و ئەوان دەرفەت دەخوڵقێنن و بە هەنگاوی چووک و بەردەوام ڕووداوی گەورە دەخوڵقێنن. ئەوانی ڕۆژهەڵات بەداخەوە بە هۆکاری جیاواز لە ئیدارەکردنی قەیرانەکاندا ناسەرکەوتوو بوون و پارتەکانیان وێڕای بەشێک لە هاوڕێکانیان تووشی پەتای دابڕان کرد.

- تێگەیشتن لە هاوکێشەی جۆرەکانی خەبات دژ بە ڕێژیم بایەخێکی زۆری هەیە. ڕێژیم لە کوردستاندا و نیزامی ئاخوندی لە سەرتاسەری ئێراندا، بە مەحکومکردنی ئەم و ئەو گوێی نابزون. حیزبە کوردییەکان و بژاردەی کوردەکان دەبێ لە گەڵ هەڵبژاردنی ڕێگا، تەحەممولی ئاکامەکانی بکەن. ئێمە لە هەڵبژاردنی جۆری خەباتدا ئازادین، بەڵام ئاکامی کردەوە و هەڵسوکەتەکان ناتوانین خۆمان دیاری بکەین. ئەگەر پێشمەرگە بۆ کاری پێشمەرگانە دەچێتەوە کوردستان یان باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران، باشترە باوەڕ بەخۆمان بێنین، کە بۆ گیانی پێشمەرگەیەکی دیل لە بەر ڕێژیم نەپاڕێینەوە. شەڕی ئازادی دژوارە و مافەکانی بە پاڕانەوە مسۆگەر نابن. بە پاڕانەوە و هاوارکردن هێز و وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوا و ئاویکی خەراپیش بۆ خەباتکارانی دوارۆژ دەڕژێ. خەباتکاری کورد لە بەندیخانەدا نابێ بۆ گیان بپاڕێتەوە و خەڵک و هێزە سیاسییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم سیاسەتی پێچەوانە بگرنە بەر.

- تێکهەڵکێشکردنی لۆژیک و درووشم لە پێناو خزمەتکردن بە باوەڕ و ئیرادەی ئازادیخوازانەی تاکی کورد و تەنانەت ئەندام و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان. قەڵای هەرمۆتە و ناونانی بە قەڵای دێموکڕات کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتەوە نییە. ئەو ساڵانە، بە هۆکاری جیاواز و بە تایبەت کێشەی لایەنە لێکجیابووەکان ژمارەیەک درووشم و دەستەواژە بوونە باو، کە ڕەگیان لە خاکدا نییە. بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات و حیزبە سیاسییەکان باشترە کە شار و گوند و شاخەکانی ڕۆژهەڵات سەمبول و قەڵای خۆڕاگری بن. درووشم و وشەکان تەعبیر لە ئیرادە و جیهانبینی مرۆڤ دەکەن، بۆیە زۆر گرینگە دەربڕینەکان و کردەوەکان یەکانگیر و هاوبالانس بن. بە هەموو پێوانەیک ڕەوایە، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکەکەی لە سەر بناخەی زۆر فاکتۆری

جیاواز ببنە لەمپەری بەردەم بیری نگریسی دەسەڵاتدارەکانی تاران و خۆڕاگری لە هەناوی خەڵک و لە ئامێزی خاکدا گوڵ بکات.

- هێزە سیاسییەکانی باشوور و تەنانەت حکومەتی حیزب، لە باشوور بۆ کوردانی رۆژهەڵات گۆچانی دەستی مووسا نین. ئەوان لە ماوەی دەسەڵاتدا سەلماندوویانە، کە دژ بە بەرژەوەندی تەنانەت خەڵکی خۆیانن و لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەکانیان هیچ نابینن. کەسایەتی ئەوان و کردەی سیاسیان لاوازە و بە قسەش ناتوانن بەرامبەر بە تورکییە و ئێران بەرگری لە خۆیان و سەروەری خاکەکەیان بکەن. ئەوان لە پێناوی شکاندنی یەکتردا زۆر سنووریان شکاندوە و بەکردەوە مانەوەی خۆیان لە هەموو شتێک بۆ پیرۆزترە. ئەزموونی باشوور لە پاراستنی گیانی کوردانی بە تایبەت رۆژهەڵاتدا تاڵە و قابیلی بەرگریکردن نییە.

- مانەوە لە باشوور بە مانای مەرگی هێواشە و حیزبە سیاسیی و تەنانەت بەشێک لە بازرگانە سەیر و سەمەرەکانی باشوور لە پێناوی گیرفان و ورگدا چرای دەستی ئێران و تورکییەن. ئەو هێرشانەی کراون و زۆربەی تیرۆرەکانی ساڵانی رابردوو کەم و زۆر بە هاوکاری پارتە سیاسییەکان و کەسانی باڵادەست لە نێو حیزبە باشوورییەکاندا ئەنجام دراون. ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان وەک حیزب و پارتی سیاسی پەنایان بۆ هەموو دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان بردوە و لەو پێوەندییەدا هیچ سنوورێک ناناسن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## بزووتنەوەی کورد و پرسی کورد لە ئێران لە دەلاقەی ڕووداوەکەی ١٧ خەرمانانەوە

هێرشی مووشەکی رێژیمی تاران بۆ سەر بنکەی دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە ئاوێنەی دەرخەری چۆنیەتیی تێڕوانینی دەوڵەتی ئێران و بەرێوەبەرانی سیاسەت و بریار بەرامبەر بە پرسی کوردە. هێرش بۆ سەر مەکۆی سەرەکیی دێموکڕاتەکان لە قووڵایی باشووری کوردستان و لێدانی ورد لە شوێنی مەبەست، جێگای تێڕامان و

هەڵسەنگاندنی زیاترە. مەبەستی ئێران لەو هێرشانە ڕەنگاوڕەنگن و جیا لە تۆڵە کردنەوە، هەڵگری ئامانجی کورتماوە و درێژخایەنن. پەیامی ڕێژیم لە ڕووداوی ١٧ خەرمانان (هێرشی مووشەکی و لەسێدارەدانی چەند کەسێک) نیشاندانی هێز و توانای نیزام بە خەڵک، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان و هێزە نەیارەکانیەتی. نیزامی ئاخوندی بەم هێرشەی خوازیارە بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ، کە لە قووڵایی خاکی جیرانەکانیدا زەبری گەورە و ورد لە نەیارەکانی دەدا. باوە دەڵێن، لە شەڕدا گوڵ نابەشنەوە، بەڵام هێرشی ئەمجارەی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی دێموکراتەکان لە کۆیە لەگەڵ هێرشی ئاسمانی و تۆپباران و تەنانەت تەقینەوەی بۆمب و تیرۆردا جیاوازی بەرچاوی هەیە. ئاشکرایە کە دوای ئەو هێرشانە ڕەنگە داواکاری ڕێژیم دژ بە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە باشوور جێگیرن ڕەنگە لە بەغدا و هەولێر چڕتر ببنەوە.

ئێران لە دوو مەیدانی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا لەگەڵ ژمارەیەک ئالەنگاری دژوار و هەستیار ڕووبەڕوو بۆتەوە. خەڵک لە ناوەند و شارە گەورەکانی وڵات زیاتر لە جاران لە سەر شەقامەکان ئامادەن و درووشمی ڕەق و دژکردەوەی توند بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەنوێنن. کاربەدەستانی ڕێژیم لە جوڵە نێوخۆییەکان دەترسن و دەزانن، کە ئەگەر پەرەبستێنن و کانالیزە بکرێن زەبری گەورە لە نیزام دەدەن. کاربەدەستانی ڕێژیم ئاگادارن، کە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و پارتە سیاسییەکانیان دەتوانن لە دەرفەتدا زیاتر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێران هەڕەشە و مەترسی بۆ ڕێژیم بخوڵقێنن. هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەکی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئێران دەسەڵاتی ئاخوندەکانی زیاتر لە جاران کردۆتە ئامانج. بەرپرسانی ڕێژیم تێگەیشتوون، کە سیاسەتی ناردنەدەرەوەی قەیران و نانەوەی ئاژاوە ناتوانێ لەوە زیاتر قەیرانە نێوخۆییەکان پووشبەسەر بکا. لە ئاکامدا، ئەندازیارانی سیاسەت و دەسەڵات لە تاران بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان و کۆنترۆڵکردنی تەوژمی هەڕەشەکان دژ بە پایەکانی نیزام، بازنەی تۆقاندن و پەلامارەکانیان بۆ سەر خەڵک و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان زیاتر کردوە.

پرسی کورد و ئازادییەکان لە ئێراندا پێویستی بە تەکانێکی بەهێز، بەردەوام و خاوەن بەرنامەیە. هێشتا ئەم پرسە لە سەرتاسەری ئێراندا نەبۆتە بابەتی دیالۆگ و بە تەواوەتی پەراوێز خراوە. لە ڕوانگەی دەوڵەت و هەروەها بژاردەی نەتەوە باڵادەستەکانی وڵات، خەباتی کوردان و گەلانی دیکەی ئێران دژ بە ئاسایش و هێمنایەتی ئێرانە و لە گەڵ یەکیەتیی و سەروەری سیاسیی دەوڵەتدا ناتەبایە. هێرش و دژکردەوەکانی ١٧ی

خەرمانـان بـۆ سـەر بـنکەی دیموکڕاتەکـان و سیاسـەتی سێداره سـەلماندی، کە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد و ئازادییەکـان لـە ئەمڕۆدا و لە ئێرانـی بندەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەونێکی نەزۆکە. ئەو ڕووداوانە بە درێـژەی سیاسەتی دەوڵـەت و هێزە سـەرکوتکەرەکانی بەرامبەر بە داخوازییە ڕەواکـانی کورد لە ئێرانـدا پێناسە دەکرێن. سیاسەتێک، کە پڕاوپڕ لە تـوخمی ڕەشەکوژی و تیرۆریزمی دەوڵـەتی و هەروەهـا سڕینەوە و لێدان لە هەوێنی خۆناسینی مرۆڤی کوردە.

بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوای ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانـان لە جاران زیـاتر بە ڕەچاوکردنی ڕێباز و سیاسـەتێکی تـازە مەحکـومە. شیاوی باسـە، کە پێداویسـتیی ئـاڵوگۆڕ لە شـێواز و سـتایلی خەبـات لە هەمـوو گۆڕەپانەکاندا لەمێژ ساڵە قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام بە هۆکاری جیاواز پەراوێزخراوە. سیاسـەتی کوردەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا پێویسـتی بە وەرچەرخـانێکی ڕیشـەیی هەیە و نـاکرێ لە سـەر بەسـتێنی تەنیـا دروشم و کـەفوکوڵ بەرامبەرکـێ لەگەڵ دوژمـن و پیلانەکانیانـدا بکـا. ئەو ئـاڵوگۆڕانە بە قسـە جێبەجـێ نـابن، بەڵکـوو بیرکـردنەوە و هزری ورد، پلان، ئامرازەکـانی جێبەجێکردن و ویستێکی ساغی دەوێ. ئاڵوگۆڕەکـان دەبێ لاقیـان لەسـەر زەوی بـێ و ئەکتەرەکـانی جیهـانی سیاسـەت لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا پێویسـتە بگـۆڕدرێن. ئەلفبێـی ئەو وەرچەرخانە بریتییە، لە بەهێزکردنی هێزی مەنتق و لۆژیک لە ناخی سیاسەت و کردەوە، ڕەفتـاری سیاسیی پـارت و ڕێکخـراوە کوردییەکـان و بـژاردەی کـۆمەڵگەدا. ئەگەر کولتـووری بیرکـردنەوە، پلانـدانان و کـار و تێکۆشـان نەگۆڕدرێن، بێگومان ڕووبەڕووبوونەوەی ئالەنگارییە تازە و بەتەوژمەکان کارێکی دژوارە. لە ئاکامدا، قەیرانەکـان زیاتر لە سەر یەکتر کەڵەکە دەبن و کورد توانا و نەخشەی پەڕینەوە لە قەیرانەکـانی نـابێ. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکرێ، کە لە کاراکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا ڕۆڵ و نەخشی بەرچاو دەگێڕن.

**یەکەم؛** حیزبـایەتی، تێکۆشـان، ڕێکخسـتنی سیاسـی و شـێوازی شـەڕی پێشـمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا لە قەیران دایە. پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە قۆناخی ڕزگاریدا دەبێ سنووری پلۆرالیزمی سیاسی و ئانارشیزم و بێسـەرەوبەرەیی تێبپەڕێـنن. بـارودۆخی ئەمـڕۆی کـورد لە ڕۆژهەڵات سـادەکردنەوەی خەبـات و دوورکەوتـنەوە لە پەرتەوازەیـی دەخـوازێ. دابـڕان و جیـابوونەوەی پـارتە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵات، جـووڵەی خەبـاتی کوردانیـان بەتەوەژم نەکرد و دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیـان بۆ زەبروەشـاندن لە حیزب و ریکخـراوە سیاسییەکان زیـاتر ئاوەڵا کرد. قەیرانە نێوخۆییەکانی ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان، پایە کۆنەکانی ڕێکخستن و ئیدارەی لە بەریەک

هەڵتەکاندن و کۆڵەکەی جێگرەوە و جێگای متمانەی ساز و ئامادە نەکرد. لە ژێر سێبەری ئەو پەرتەوازەییەدا خەباتی چەکداریی و هێزی پێشمەرگە پاش سڕکرانی درێژخایەن وڵامدەری چاوەڕوانییەکان نابێ. سەرکەوتن لەو مەیدانەدا بیری ورد، بەرنامەی عەمەلی، ناسین و پێناسەکردنی خاڵە لاواز و ئەرێنییەکان دەخوازێ. سیاسەتکار و کۆنەکارەکان لەو گۆڕەپانەدا ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە و نابێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان سوکانی حیزبەکان بە گوێرەی تێڕوانینی خۆیان بسووڕێنن. لەم قۆناخەدا شەڕی پێشمەرگانە پێویستی بە سیاسەتی تازە و گۆڕینی ستراتیژی جووڵە و تەنانەت ئامانجە. بۆ سەرخستنی بەرنامە و پلانی تازە ناکرێ چاوپۆشی لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جیهان و تەنانەت لایەنە بەهێزەکانی دوژمن بکرێ. ئەگەر لە ناسین و خوێندنەوەی ڕێژیمی تاران و پلانەکانیدا هەڵە بکرێ، دەرفەتی زەبروەشاندن لە بزوتنەوەی کورد و پرسی کوردان زیاتر دەخوڵقێ.

**دووهەم؛** چۆنیەتیی مانەوە لە باشوور و کەڵکوەرگرتن لە بنکە و مەکۆکان پێویستیان بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تازەیە. حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەنگە درەنگ یان زوو لەو جۆغرافیایەدا بخرێنە ژێر پاڵەپەستۆ و تەنانەت داوای دەرکران، چەککران و ڕادەستکردنەوەیان بکرێ. بزوتنەوەی کورد و چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە ماوەی زیاتر لە نیوسەدەی ڕابردوودا مێژوویەکی ئاڵۆز و تاڵیان لەسەر مانەوە لە باشوور تۆمار کردوە. باشووری کوردستان بە عورفی سیاسی و جیرانەتی ناتوانێ و تەنانەت ئیرادە ناکا و نەیویستووە وردە پارێزگارییەک نەک لە پارتە سیاسییەکان بەڵکوو لە خەباتی ڕەوا و ئاشتیخوازنەی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. لە ژێر تیشکی ئەو بارودۆخەدا بیرکردنەوە لە جوغرافیا و شوێنی مانەوەی هێز و بنکەکان کارێکی گرینگ و ڕۆژانەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو هاوکێشەیە چەند ئاڵترناتیف و جێگرەوەیەک هەن، کە ڕەنگە هیچیان لە باشترەکان نەبن، بەڵام بۆ مانەوە ڕۆڵی گرینگیان هەیە. یەکێک لەو ئاڵترناتیڤانە جیاکردنەوەی دوو باڵی چەکداری و سیاسییە. ئاشکرایە، کە ئەو کارە پێویستی بە وەسەریەککەوتنەوەی حیزب و پارتە دابڕاوەکانە و ناکرێ حیزبەکان بەو پەرتەوازەییەی ئەمڕۆ ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن. لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا، باڵی سیاسی و چەکداری ناچارە خەباتی شاخ بە مانا ڕاستەقینەکەی و هەروەها ژێرزەمینی بە فۆرمێکی ئەمڕۆیی دەست پێ بکا. بەمە شێوازی خەباتی چەکداری و تەنانەت جۆری پێشمەرگایەتی دەگۆڕێ. کەمپەکانیش باشترە بخرێنە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و باشتر لەمڕۆ پارێزگاری نێودەوڵەتیان لێ بکرێ.

**سێهەم؛** گۆڕینی سیاسەتی بەرگریی و گواستنەوە بۆ قۆناخی تۆڵەکردنەوە و سیاسەتی زەبرلێدان لە ڕێژیم. نیزامی تاران لە گەڵ ئازادییەکان ناتەبایە و کاربەدەستانی ئەم نیزامە بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان لە هەموو چەکێک کەڵکیان وەرگرتوە و وەردەگرن. با کەمێک ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆمان و مێژوو بدوێین. هیچ دەوڵەت و نیزامێکی دیکتاتۆر و تەنانەت مەیلە و دێموکڕاتیک بەو خەباتە سارد و سڕەی ئێمە ئامادە نییە تەنانەت وتووێژێکی جیددی و ڕاستگۆیانە لەگەڵ بەرامبەرەکەی بکا. ڕێژیم ناخوازێ باڵی توند و ڕادیکاڵ لە کوردستاندا سەرهەڵدەن، بۆیە ئانارشیزمەی ئەمڕۆی حیزب و ڕێکخراوە خاوەن پاشخانە مێژووییەکان و هەروەها بنەماڵەیی و ئینترنێتیەکان بە گونجاو دەزانێ. سیاسەتی بەرگری گەلێکی چەند میلوێنی نابێ ئەوەندە لاواز و سڕ بێ، کە دوژمن و کاربەدەستەکانی بە ئاسانی سەرکوت و تۆقی بکەن. ئیرادەی بەگژداچوونەوەی ڕێژیم و سیاسەتەکانی پێویستیان بە بیروباوەڕ، تێڕوانین، سیاسەتی تۆڵەکردنەوە و کانالیزەکردنی ڕق و تووڕەیی خەڵک هەیە. خەباتی گەلێک بۆ ئازادکردنی گیراو و دیلێک ناکرێ تەنیا هاواری سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بن. تۆڵەکردنەوەی هێرشی مووشەکی ناگونجێ تەنیا نووسین و قسەکردن بێ، بەڵکوو لە ژێر سیاسەتی  خۆپاراستنی ڕەوادا دەکرێ پێشمەرگەی ئەمڕۆیی بۆ لێدان لە بنکە و مەکۆکانی ڕێژیم لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران ئامادە بکرێن. بەدیلگرتنی مۆرەکانی ڕێژیم و گۆڕینەوەیان بە دیلە کوردەکان سیاسەتێکە، کە بەرهەمدارە و ڕێژیم لە سیاسەتی سێدارە بە ڕێژەیەک دوور دەخاتەوە. دەستبەردانەوە و تەسلیمی سێدارە و سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم بوون، ڕێگاچارە نییە. شایانی باسە، کە لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو بیر و هزری زۆربەی کوردەکانی ئەم پارچەیەی کوردستاندا داخوازییە نەتەوەییەکان و ناسنامەی سیاسی نەبوونە پرسی گشتی. پەروەردە و ڕاهێنان لاوازە و تەنانەت ئیدارەی نارەزایەتییەکان کزە. کولتووری پێکەوەبوون و وەستانەوە بەرامبەر بە نیزامی زاڵ گەشەی نەکردوە و هێشتا شەپۆلە گەورەکانی خۆناسین و مافخوازی نەکەوتوونە گەڕ.

**چوارەم؛** خەباتی میدیایی کوردانی ڕۆژهەڵات لاوازە و توانای وڵامدانەوە بە ڕووداوەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستانی نییە. مێدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن توانای ڕێکخراوکردنی خەبات و نافەرمانیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتیان نییە و ناتوانن تینوایەتی چین و توێژەکانی خەڵک بشکێنن. ئەوان لە گرێدانی خەبات و جووڵەی کوردانی نێوخۆ و دەرەوەدا سەرکەوتوو نین. ئاشکرایە، کە دونیا گۆڕاوە و نەخش و ڕۆڵی مێدیا و ڕاگەیاندنەکان گۆڕاون، بەڵام کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو مەیدانەدا کارا و ئەکتیو نین. مێدیای حیزبەکان لەو نێوەدا سەرکەوتوو نەبوون و بەهۆکاری جیاواز بەشێکیان پاش ماوەیەک تێکۆشان لە کارکردن وەستاون. بژاردەی کورد لە دەرەوەی

کوردستان و لایەنگر و ئەندامانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت و ئیدۆلۆژی خۆیاندا ماونەوە. ئەوان لە ژێر ڕەحمەتی ئەو پەرتەوازییە ڕەنگاوڕەنگەدا سارد و سڕن و بۆیان نەلواوە ناوەندێکی میدیایی نەبەستراوە و ئازاد دابمەزرێنن. نەبوونی میدیا و کاناڵی ڕۆژانەی کاریگەر کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناچار کردوە، کە چاو لە کاناڵە کوردییەکانی باشوور و باکوور بکەن. لە ئاکامدا خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ژێر کارتێکەری ئارام و شاراوەی میدیاکانی دیکەدا ڕوانگەکانیان گۆڕاون و ڕۆژهەڵاتیان بەکردەوە لەبیر کردوە. سەرەڕای ئەوە، نەبوونی کاناڵی فارسی زمان، پرسی کوردی وەک ساڵان لە چاو و گوێی نەتەوە باڵادەستەکانی ئێراندا بە تەمومژاوی هێشتۆتەوە. بزوتنەوەی کوردستان لەو سەردەمەدا پێویستی بە ناوەندێکی میدیایی بەهێز هەیە، کە دەربڕی ویست و داخوازیی و هەروەها جوڵەی ڕۆژانەی خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە بێ. خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵات و ڕەوتی جووڵەی خەباتکاران لە گۆڕەپانی نێوخۆ، دەرەوە و پارتە سیاسییەکاندا بەبێ بوونی ناوەندێکی بەهێزی ڕاگەیاندن سەرکەوتوو نابێ. میدیاکان لە کورتماوە و درێژماوەدا دەتوانن بۆ خەباتی گەلێکی ژێردەست ڕۆڵ و نەخشی گەورە بگێڕن و تاک و کۆی کۆمەڵگە لەگەڵ بەستێنی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەوانی دیکە ئاشنا بکەن. میدیایەک سەردەکەوێ، کە خاوەنی بەرنامەی کار بێ و لەگەڵ سرووشت و کەسایەتیی و کولتووری بینەر و بیسەر بێتەوە و نەبێتە مەیدانی شەڕی زاراوە، ناوچە، ئیدۆلۆژیی و سەلقیەی ئەم و ئەو.

**پێنجەم؛** نەبوونی یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی لە کاروباری دیپلۆماسیی و تێکۆشانی کوردەکانی دەرەوەدا. دیپلۆماسی کوردانی ڕۆژهەڵات، لە ژمارەیەک خۆپیشاندان و بەشداربوون و دیدار لە گەڵ بەرپرساندا کورت دەکرێنەوە، کە قورساییان کەمە. ڕۆژهەڵاتییەکان لەو بەستێنەدا لاوازن و کادری شارەزا، ناوەندی لێکۆڵینەوە و هەروەها جوڵەی کاریگەریان نییە. دیپلۆماسیی حیزبەکان زیاتر لە سەر قسە و وتاری قسەکەری یەکەمی حیزبەکان چەق دەبەستێ و خاوەنی قووڵایی ستراتیژی نییە. ئەو قسەکەرانەی کە ڕەنگە چەند دەییەک بێ لە لوتکەی حیزب و پارتە کوردییەکاندا جێگەیان گرتووە و لەگەڵ بەرپرسایەتی و کورسی سەرتاپا ئاوێتەی یەکتر بوون! خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە دەرەوە لە سەر بناخەی نەبوونی بەرنامە و پەرتەوازەیی پێوەندیی و کار و تێکۆشانی پارتە کوردییەکان هەڵچنراوە. جووڵە دیپلۆماسییەکان، گیانی خوڵقاندنی شەپۆلی گەورە و لۆبیکردنیان نییە و لە ڕووکار و شکڵدا قەتیس ماوەتەوە. خەباتی دیپلۆماسی کوردانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات خەمخۆرییەکی گەورە و لێزانیەکی زۆری دەوێ. پارتە کوردییەکان دەرفەتی خوڵقاندنی دەرفەتی زۆریان لەو مەیدانەدا هەبووە، بەڵام لەبەر نەبوونی پلان و بەرنامە و هەروەها لە ترسی دەرکەوتنی روخساری تازە لە پێدەشتەکانی خەباتی

کوردایەتیدا بە هیچ جۆر خۆیان لە قەرەی ئەو پرسە نەداوە. شایانی باسە، کە خەباتی دیپلۆماسی، کولتووری، مێدیایی و ئابوری لە جیهانی ئەمڕۆدا لە گەڵ یەکتردا گرێدراون. کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو بەستێنانەدا لاوازن. ئەوان خاوەنی هێزی گەورەی مرۆڤین، بەڵام بە هۆکاری جیاواز نە سەرمایەگوزاریان لەسەر کراوە و نە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

پارتە سیاسییەکان و بژاردەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و مەکۆی دێموکراتەکان، ناچارن توانا و درووشمەکانیان یەکانگیرتر بکەن. هاوکێشەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی ورد، "فیعلی زۆر" و "قسەی کەم" دەگۆڕدرێ. بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پاشخانی بەهێزی هەیە، بەڵام بۆ خوڵقاندنی داهاتوویەکی گەش پێویستی بە نەخشە ڕێگایە. لە شەڕدا لایەنەکان زەبریان وێدەکەوێ، بەڵام زەبرەکان جیاوازن و شوێنەواری جیا لە دوای خۆیان جێدێڵن. ئەگەر کەوتن و شکانەکان ئاراستەی سیاسەت و ڕەفتاری لایەن و کەسەکان نەگۆڕن، بێگومان دەرچوون لە داوی جاڵجاڵۆکەیی سەردەم و دوژمن کارێکی ئەستەم دەبێ. بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات توانا و ئەگەری کارپێنەکراوی زۆرە و هونەری سیاسەت لەوەدایە، کە چەندە و چۆن لەو بەستێنەدا کار دەکرێ.  بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە ئیرادە، بڕیار و نەخشەڕێگای کردەیی پێویستن. بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بۆ خۆپاراستن و گەشەکردن و بوون بە بزوتنەوەیەکی سیاسی_کۆمەڵایەتی لە نێوخۆدا بژاردەی ئازا، ڕێکخستنی تۆکمە، هێزی لۆژیک و لۆژیکی هێزی دەوێ. لە سەر بنچینەی ئەو ڕێکارانە، کورد دەتوانێ لە ڕۆژهەڵاتدا ببێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و لە دۆست و دوژمن دیار بێ. کارەساتەکان کۆتایی مێژوو نین، بەڵام هەر ڕووداو و کارەساتێک شوێنەوارێک لە دوای خۆی جێدێڵێ. ١٧ی خەرمانان لە مێژووی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا کەمە و دەکرێ بە وانەوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکان و کۆکردنەوەی هێز و توانا و هەروەها دەرچوون لە کۆڵانە داخراوەکانی بیرکردنەوە بکرێتە سەرەتایەکی تازە بۆ خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەرچاوە: کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# خوێندنەوەیەک بۆ کێشەی پارت وحیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە هەموو جیهاندا روخسار و قەوارەیان گۆڕاوە. ئەوان لە وڵاتە دێموکرات و ئازادەکاندا لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگە و کایەی سیاسەتدا نەخش و ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە. لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سیستمی سەرەڕۆیین ئازادییەکان و کار و تێکۆشانی حیزبایەتی بە نیوەچڵی یان دوور لە گۆڕەپانی سەرەکی بەڕێوەچووە. پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەکی زەق و دیاری ئەو بارودۆخەن. ئەوان لە وڵاتێکی ئازاد و یاساسەروەردا کار ناکەن و لە لایەن دەسەڵاتی فەرمی ئێرانەوە بە هەڵوەشاوە ڕاگەیندراون. شایانی باسە، کە نەبوونی دەرفەتی گونجاو بۆ تاک و کۆمەڵگە، ئازادییەکان و کاری ڕێکخراوەیی کاریگەری نەرێنی لە سەر چۆنیەتی کاری تێکڕایی خەڵک و تاکەکان داناوە. لە ئاکامدا پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەنانەت کەسایەتییە رەخنەگر و چالاکەکان لە خەڵک و خاکی خۆیان دوور دەکەونەوە. لە ژێر شوینەواری ئەو بارودۆخەدا پێوەندییەکی ڕۆژانە و ئاسایی لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکدا نییە. دوورکەوتنەوە لە یەکتر و نەبوونی پێوەندییەکی بەردەوام و توندوتۆڵ تەوژمی خەباتی تێکڕایی لاواز کردوە و حیزبەکانی تووشی قەیرانی هێزی مرۆیی و هەروەها نەخوێندنەوەی راستەقینەی ڕووداوەکان کردوە. لەبەر هەستیاری دۆخەکە و خۆپارێزی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کارناسانە و خەسارناسانە لە حیزبایەتی، کوردایەتی، ئیدارە و خاڵە لاوازەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات نەکراوە. لەم نووسینەدا بە شێوەیەکی گشتی تەتەڵەی چەند خاڵێک دەکەم، کە پێوەندیدار بە بزوتنەوەی کورد و کایەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کاری ڕێکخراوەیین. چارەسەرکردنی ئەو خاڵانە تەوژمی خەبات و تێکۆشان زیاتر دەکات و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا خۆشتر دەکات.

پارتە کوردییەکان دەرفەتخوڵقێن نین و لە مەیدانێکی بەرتەسکدا جوڵەیەکی کەم بەرهەمیان هەیە. ئەوان لە کرۆکی راستەقینەی سیاسەت و ئامانجەکانیان دوورن و بە مانەوەی بێ ئامانج لە باشوور دەللاقەکانی فکر و بڕیاردانیان کز و لاوازە. هاتوچۆ لە نێوان هەڵگورد و شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە رابردوودا پاڵپشتی خەباتی چەکداریی و سیاسی حیزبەکان بوون، هاوکێشەی ئاڵۆزی سیاسەت و خەباتی حیزبەکان چارەسەر ناکات. خۆپەراوێزکردن خەراپترین بژاردەیە، کە پارتێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێ. حیزبی سیاسی ئەگەر توانای

مانۆڕدانی نەمێنێ و بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی زەمان و مەکان نەبێتە فاکتەری جوڵە و تێکۆشان، بە کردەوە لە بیروزەینی خەڵکدا دەسڕێتەوە. ڕێکخستن و کانالیزەکردنی تێکۆشان لە کوردستاندا بە گەلاڵە و پلانی بژارکراو، کردەوە و سیاسەتێکی هاوسەنگ و سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی خاوەن هزروبیر دەکرێ. چاوەڕوانی لە سیاسەتدا بە مانای خۆبەدەستەوەدانە. ئەگەر تێکۆشان و ئەرکی ئێمە تەنیا چاوەڕوانی چارەنووسە، مانەوە و بوونی حیزبەکان مانایەکی کۆنکرێتیان نامێنێ. ڕەنگە لە نەبوونی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا بزوتنەوە و جوڵەی خۆڕسک و بەهێز سەرهەڵبدەن، کە ئەمڕۆ دەرفەت و مەیدانی ئەو کارەیان نییە. هێزی سیاسی ئەگەر بەرهەمی نەبێ و هەموو هونەرەکەی لە مانەوەی خۆیدا ببینێ، داهاتوویەکی پڕشەنگداری نابێ. جوڵە خاوەن ئامانجەکان و وەسەریەکەوتنەوەی توانا پەرتەوازەکان دەرفەتساز و کارتێکەرن.

پلۆڕالیزمی سیاسی ئەمڕۆی ڕۆژهەلات لە سەر پاشخانی فکریی و بەستێنی ئامادەی بیروڕا جیاوازەکان ڕۆنەنراوە. بەشێکی زۆر لە حیزبەکان لە ژینگە و فەزای ناسرووشتیدا پێکهێنراون، بۆیە وزە و توانای مەیدانیان کەمە و لەباری فکریی و ڕێکخستنەوە لاوازن. ئەو زۆریی و بۆرییە لە ڕێژە و ژمارەی حیزب و پارتە بە ناو سیاسییەکاندا گەمەی سیاسەتی بێنرخ کردوە و باوەڕی خەڵک و تاکەکانی بە کایەی سیاسەت لاواز کردوە. لەتبوون و لە یەکتر جیابوونەوەکانیش خوێی زۆرتری بە برینەکان کردوە و بازاڕی سیاسەت و کایەی کوردایەتی لە بەرچاوی دۆست و نەیار خستووە. شایانی باسە، کە حیزبە جیابووەکان و لە یەکتر دابڕاوەکان بە ناوی هاوشێوە یان نیزیک لە یەکتر دەرکەوتوون، کە ئەو فاکتەرەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوە و لە نێوخۆ و دەرەوە هاوکێشەکەی دژوارتر کردوە. پرسیار ئەوەیە، کە ئەو هەموو حیزبە لە سەر چ بناخەیەک پێکهاتوون؟ لە رابردوودا چەندە کاریگەربوون و لە داهاتوودا بە چ شێوازێک دەتوانن لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگە و هەروەها کایەی سیاسەتدا نەخش و ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن؟ ڕێکخراو و پارتی ئینترنێتی، چەند کەسی، بنەماڵەیی و هەروەها ڕێکخراو و پارتە هاوناوەکان بە چ مکانیزمێک لە سەرخستنی ڕەوتی خەباتی ڕەوای کورددا کار دەکەن؟ سیاسەت و حیزبایەتی بە هزروبیر و هەروەها تێگەیشتن لە هاوسەنگی نێوان فکر، پەیام و کردەوە بەئەنجام دەگات. لە جەرگەی دونیای پێشکەوتووشدا، یاسا و ڕێسایەک بۆ حیزبایەتی و دامەزراندن و هەڵوەشانەوەی حیزبەکان هەیە. حیزبایەتی لە نێو کورداندا بایەخی نەماوە و وەک سازکردن و ڕاگەیاندنی کۆمپانیا و ڕێکخراوی کولتووری لێهاتوە. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە هیچ شوێنێکی جیهان بەو فۆڕم و شکڵە سەرنەکەوتووە و خزمەتی بە خاک و خەڵکەکەی نەکردوە.

تەنیا کەسایەتی یەکەمی حیزبەکان و دەرکەوتنیان لە میدیا چارەسەری پرس و کێشەکان ناکات. نوێبوونەوە و خۆبەڕۆژکردنەوە پێویستی بە رووخسار، دەنگ و هەڵگرانی بیروباوەڕی سەردەمە. چەقین لە پێگەی سکرتێریی یان قسەکەری یەکەمی حیزبەکان و هەروەها مانەوە لە لوتکەی بڕیاردانی رێکخراو و پارتە سیاسییەکان بێجگە لە زەبرلێدان لە حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا قازانجی گشتیی نییە. زنجیرەی رووداوە مێژووییەکانی کورد سەلماندوویانە، کە سەرکەوتن لە گۆڕەپانی کوردایەتی و دەستەبەرکردنی مافەکاندا، لە تاقەتی یەک حیزب، تاکەکەس و گرووپێکی تایبەتدا نییە. رێبەرایەتی بە کۆمەڵ، شارەزا، خاوەن راوێژکاری راستگۆ و وردبین بە شایەتی مێژوو هەزار جار لە رێبەرایەتی فووتێکراوی تاکەکەس باشترو سەلیمترە. مانەوە لە لوتکەی بڕیار و دەسەڵاتدا لە بازنەی حکومەت، حیزب و رێکخراو و کۆمەڵی دیکەشدا گەندەڵی دەخوڵقێنێ و وزە و توانا تازەکان دەتارێنێ. حیزب و پارتە کوردییەکان لە رۆژهەڵات بە درێژەدان بە کولتووری خوپێگرتووی رێبەرایەتیی و ئیدارەکردن ناتوانن لە قەیرانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەری رزگاریان بێ. دابەشکردنی بەرپرسیارەتی و کار لە سەر بناخەی شارەزایی و ئیدارەکردنی کارناسانە، مەیدانی زیاتر بە ئۆگرانی کار و تێکۆشان دەدات و حیزبایەتی لە ملکایەتی ئەم و ئەو رزگار دەکات. کولتووری رێبەرایەتی کردن لە حیزب و رێکخراوە کوردییەکاندا هەڵگری ڤایرۆسی شکست و کەوتنە، بۆیە لەوە زیاتر نابێ پاڵپشتی بکرێ. کولتووری بەڕێوەبەریی کوردەوارەی هەژارە و لە ئەڵقە ژەنگاوییەکانی کۆن و نەریتیدا تۆقکراوە.

دۆزینەوەی عورفێک بۆ قۆناخی دووره وڵاتی، کە لە سەر ئەو بناخەیە پارت و رێکخراوە سیاسییەکان تاریف بکرێن و هەڵسوکەتیان لەگەڵ بکرێ. لەوە زیاتر نابێ خەڵکی کورد لە کوردستاندا تێچووی ژمارەیەک حیزب و رێکخراو بدات، کە بە کردەوە نازانرێ لە پێناوی چ ئامانجێکدا کاردەکەن. حیزبی خاوەن چەکدار لەو خاڵانەیە، کە پێویستیان بە کۆنترۆڵی نیشتمانی و تاکەکان هەیە و نابێ لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تێڕوانین و هزری گەل و بەرژەوەندییە باڵاکانی خاک و خەڵک بێ. هەر حیزبەی بە ٥٠ یان ١٠٠ چەکدار چ دەتوانێ لە نیشتماندا بگۆڕێ؟ لە ئەگەری چوونەوە بۆ نێوخۆ و رووخانی رێژیم، لەو پاشاگەردانییەدا چەندە خەڵکی ئاسایی تووشی زیان و ئالەنگاری دەبن؟ بە هەموو پێوانەیەک حیزب و ریکخراوەکان، سیاسەتکار و بژاردەی کۆمەڵگە نابێ رێگا بدەن خاڵە لاوازەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ دووبارە و چەندبارە ببنەوە. بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئالەنگاریی و قەیرانانە نۆژەنگکردنەوەی حیزبەکان و بە تایبەت رێبەرایەتەیان گرینگە. بەشێک لە پارتە سیاسیەکان هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی نەوەیەکدان، کە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران تێکەڵ بەو حیزبانە بوون. ئاڵوگۆڕەکان بە

زۆری ناچنەپێش و سیاسەتکاری کورد باشترە لەو تێبگات، کە هیچیان مەخلوقێکی جیاواز و سەرسووڕهێنەر نین. لەو کوردستانەدا بە هەزاران کەس لەوان باشتر هەیە و هەڵدەکەوێ، کە هونەر و تکنیکی سیاسەت، قسەکردن، دیپلۆماسیی و نووسین و هتد. دەزانێ. گەلانی زیندوو و پارت و ڕێکخراوی زیندوو خاوەن ئامانج و بەرنامەن و لە درێژەی کار و تێکۆشاندا سەرکردە و مرۆڤی بەڕێوەبەر پەروەردە دەکەن. لە نێو پارتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەو دەللاقەیە بە تەواوەتی داخراوە و حیزبایەتی و کاری سیاسی بە مەحفەلی کراوە. کەسێک کە ١٠ ساڵ لە ڕێبەریی حیزبێکدا کاری کرد و هیچ شەقتولقەمەری نەکرد، دروست نییە جارێکی دیکە ڕێگەی پێبدرێ وەک بازرگانی شکستخواردوو بگەڕێتەوە! ئەوانەی زیاتر لە دوو یان سێ دەیە لە ڕێبەرایەتی و لوتکەی بڕیاردانی حیزبەکاندا ماونەوە، بێجگە لە سوود و قازانجی خۆیان بڕوایان بە مافی کوردان و کرێکاران نییە. ئەوان کورد، کریکار و چین و توێژەکانی دیکەیان وەک پەیژەی گەیشتن بە خەونەکان دەبینن و باوەڕیان تەنیا بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانە.

حیزبەکان لە وڵاتانی دێموکڕاتیک، لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەنگی مەحەک دەدرێن و دەزاندرێ، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەنگ و قورساییان چەندە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەو ئەگەرە نییە و خەباتێکی بەردەوام و ڕۆژانەش نابیندرێ، بۆیە حیزبەکان کەوتوونە بازنەی رابردوو. دەنگدانێک و مەیدانێک بۆ تاقیکردنەوەی ڕێبەریی و کەسە بڕیاربەدەستەکان نییە و لە ماوەی نیزیک بە ٤ دەیەی رابردوودا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە حیزب و ساختاری پارتە کوردییەکاندا ئەنجام نەدراوە.نەبوونی بەستێن و زەمینەی هاوکاریی و سازنەبوونی عورف و پەیمانی هاوکاری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لە کوێرە ڕێگاکاندا هێشتۆتەوە. پارتی گەورە و بچووک حیساب بۆ یەکتر ناکەن و هەر حیزبەی بە گوێری خەملاندنی خۆی دەڕوانێتە لایەنەکانی دیکە. بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکان لە فەزای باشووردا ماونەوە و بێجگە لە پڕوپاگەندە، هیچ تێکۆشانێکیان بۆ ڕۆژهەڵات نییە. ژمارەیەک لەوانە تێکەڵ بە فەلەکی پارتەکانی باشوور بوون و ڕۆژهەڵاتیان بەکردەوە لەبیرنەماوە. نەبوونی یاسا و ڕێسایەک بۆ کار و هەڵسووڕان و تەنانەت دامەزران و هەڵوەشاندنەوەی حیزب و ریکخراوی سیاسی جۆرێک سەرلێشێوان و دڵساردکردنەوەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خوڵقاندوە. لایەنەکان لە دووری خەڵک و خاک زیاتر لە رابردوو تووشی ئاوسانی درووشم و خۆپێناسەکردن بوون، کە دەرفەتی بەخۆداچوونەوەی فەوتاندوە.

کوردایەتی، حیزبایەتی و بە تایبەت پێشمەرگایەتی زیاتر لە سەر شان و پیلی خەڵکی کەم داهات و گوند و شارە سنوورییەکان قورسایی کردوە. بە هەموو پێوانەیەک کاتیەتی، کە ئەو مۆدیلە تێپەڕ بکرێ و ڕێبەرایەتیی و

هەروەها بەدەنەی حیزب نوێنەرایەتی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان بکەن. ئەگەر پارتەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن، پێویستە شێوازی کارکردن و بەتایبەت کاری تەشکیلات و مێدیایی بگۆڕن. راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە داراکان و خاوەن سەروەت و سامانەکان لە گەڵ پاراستنی بارودۆخی هەنووکەیدا کۆکن. لێرەدا گرینگە، کە کار لە سەر تاک و کۆی کۆمەڵگە بکرێ و ئەوان لە گەڵ ناسنامەی راستەقینەی خۆیان گرێبدرێنەوە. خۆناسینەوە هێز و تەوژمی تازە بە جیهانبینی مرۆڤ و گەلان دەدات و باوەڕ بەخۆبوون بەرهەم دەێنێ.

بەرفراوانکردن و بەرینترکردنی ئاواز و شێوازی کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکان لە کۆڵان و شەقامی شار و گوندەکان تێدەپەڕێ. گۆڕینی ساختاری حیزبەکان و پێداچوونەوە بە کاری سیاسی لە کوردستاندا رەنگە دەرفەتی باشتر بە چین و وێژەکان بدات تێکەڵ بە رەوتی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان بن. دوورکەوتنەوە لە ئایدۆلۆژی توند و خەیاڵی یەکتر بەدوژمن شوبهاندن ریگای هاوکاری خۆشتر دەکات. سەردەمی رزگاری گەلانی جیهان لە سەر دەستی ئەم و ئەو تێپەڕیوە و کاتیەتی، کە کوردەکان خەمێک لەخۆیان و ئازارەکانیان بخۆن. بزوتنەوەی کوردستان لە رۆژهەڵات دەبێ ئاقاری حیزبایەتی تێپەڕکات و ببێتە بزوتنەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی، کە رۆژانە لە شار، شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان ببیندرێ.

هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەدا پێویستیان بە چالاکیی و تێکۆشانی ناوچەیی و ئامانجدارە. حیزبایەتی بە شێوەی قوتکردنەوەی یەک کەس، دەفتەر سیاسیی و هتد، کە بەشێکی زۆریان لەو جێگەیەدا ساڵانێکی زۆر جارِز و وەڕەز بوون، توانا و وزەی ناوەندە لۆکاڵییەکان دەفەوتێنن. لەو رۆژگارەدا زۆر کەس ئامادە نین، لە بن سێبەری کەسانێکدا کار بکەن، کە باوەڕیان لەقە و پاشخانی فکرییان لاوازە. حیزبایەتی و کوردایەتی لە گەڵ کۆمپانیا و ملکداری جیاوازە و ناکرێ هەتا مردن بە سەر شان و پیلی حیزب قورسایی بکەی. دابەشکردنی کار و گواستنەوەی بڕیاردان بۆ کۆمیتەی بچووکتر و چوونە نێو جەرگەی خەڵک وزە کەمەکان کۆدەکاتەوە و تەوژمێکی بەهێز لە خەباتی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەرێدەخات. هیچ تاکێک لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە و خەڵک و حیزبەکان ناچارنین سوننەتی کۆیلایەتی لە خۆئیدارەکردندا رەچاوبکەن. هێز و وزەی مرۆڤەکان جیاوازە، بەڵام کاتێک وەسەریەک دەکەوێتەوە و بە گەلاڵەی بژارکراو و رێبەرایەتییەکی خاوەن پاشخانی فکریی و کارا ئیدارە دەکرێ، دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەخوڵقێنێ. جوڵە و تێکۆشانی ئامانجدار و لەسەرەخۆ، بەڵام بەردەوام وێنەی روون و جوان لە کۆی ویست و داخوازەکان دەدەنە نەتەوە و دەسەڵاتی سەردەست. رۆژگاری درووشمە گەورەکان بەسەرچووە و

لەم ڕۆژگارەدا ناکرێ بە "ئەمر و نەهی" ڕێبەرایەتی بزوتنەوەیەک بکەی!

مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان ئەرک و ڕۆڵی گەورە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەگێڕن. ئەوانیش لە ژێر سێبەری یاسا و عورفە باوەکاندا کار دەکەن و پێوەندیی بەردەوام و ڕۆژانەیان لە گەڵ خوێنەر، ڕوودا و بڕیاربەدەستەکاندا هەیە. مێدیا لە وڵاتی دێموکڕات و نادێموکڕات جیاوازە، چوونکە دەسەڵات و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی مانەوەی خۆیان و سەرکوتکردنی نەیارەکانیاندا مێدیای فەرمی وڵات ئیدارە دەکەن. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە لە سەردەمی شا و ئاخونددا مێدیا نەیتوانیوە، چاوەدێری دەسەڵات و سیاسەتکارەکان بێت و لە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی مێدیا کارەکانی ڕانەپەڕاندوە. لە ژێر سێبەری دەسەڵات، کولتوور و پەروەردەی ڕێژیمەکانی تاراندا خەڵک و بژاردە بە ڕێژەی جیاواز کەوتوونە ژێر کارتێکەریی شوێنەواری مێدیا و کولتووری ڕاگەیاندنی فەرمی. پارتە سیاسییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم ناچاربوون کاری مێدیایی و ڕاگەیاندن بکەن. ئەوان لەو ڕەوتەدا بە ڕێژەیەکی زۆر لاسای دەسەڵاتیان کردۆتەوە و زیاتر لە بازنەی پڕوپاگەندەدا ماونەوە. باڵانسی نێوان کردار و وتار پێویستی بە وێنەیەکی نیزیک لە ڕووداوەکانە. بەرز و نزمکردنی ڕووداو و دیاردەکان، نەخوێندنەوەی فاکتەرە ئەکتیڤ و کاراکان و خۆدزینەوە لە کرۆکی ڕووداوەکان قورسایی پارتە سیاسییەکان زیاتر ناکات. مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان ناکرێ ئامانجیان گەورەکردنەوەی قەوارەی یەک تاکە کەس، حیزب و تاقم بێ، کە لە دەوری فەلەکی سەرکردایەتی حیزبدا شوێندانەرن. مێدیا دەتوانێ لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانە و پرۆژەی بژارکراو و هەڵسەنگێندراودا بکرێتە قەڵخانێکی بەهێزی نەتەوەیەکی ژێردەست و لەکۆمەڵگەدا ئامادەییەکی ڕۆژانە و بەردەوامی هەبێ. مێدیای بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەست ئەگەر لە تێکۆشان و بەرهەمهێناندا خاوەنی پاشخانێکی بەهێز و بەربڵاو نەبێ، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا پەراوێز دەخرێ. زۆر گرینگە، جیهان و ڕووداوەکانی لە دەلاقەی لۆژیک و مەنتقەوە تەفسیر و ئالیز بکەین و نەکەوینە داوی کەفوکوڵێکی تێپەڕ، کە مەیدانی بینینی تێکڕاییمان مژاوی بکات.

تەشکیلات و ڕێکخراوی حیزبەکان لە دەرەوەی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاری حیزب و ڕێکخراوەکان باشە، بەڵام دەرەقەتی کاری گرینگ نایەت. ئەوان بەو دۆخەی ئەمڕۆ ناتوانن نوێنەرایەتی پرسی کورد و ویستەکانی لە ڕۆژهەڵات بکەن. هەر حیزبە و بە ئاوازێک دەخوێنێ و ڕۆژئاواییەکان لەو بازاڕە شێواوەی سیاسەتی کوردەکاندا تەنیا سەرسووڕمان و سەرلەقاندنیان بۆ دەمێنێتەوە. کاری نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوە بە فۆرمی کۆن سەرکەوتوو

نابێ و راستکردنەوە و ساغکردنەوەی تەواوی دەوێ. دیپلۆماسی هێزە رۆژهەڵاتییەکان و رێکخراوەکانیان پرش و بڵاوە و بارتەقای ئازار و سەرکوتی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵات نییە. لاوازبوونی خەباتی دیپلۆماسی کوردی رۆژهەڵات لەدەرەوە دەرهاویشتەی رێبەرایەتی لاوازی حیزبەکان، تەشکیلات و رێکخستنی دەرەوە و سرووشتی حیزبایەتیی ئەوانە. کاتێک مێشکی مرۆڤ لە ئەمر و فەرماندانی جەستە بالانسی تێکدەچێ، بێگومان جەستە و ئەندامەکانی لەش دیسیپلین و هەروەها وزە و توانای جارانیان نامێنێ. لە حیزبایەتیدا رێبەرایەتی ئەرکی گەورەی لەسەر شانە و لاوازیی ئەو ناوەند و مرۆڤانە، لە سەر کۆی کایەی حیزبایەی لە نێوخۆ و دەرەوەدا کاریگەرە. رێفرۆم و چاکسازی لە حیزبەکاندا لە رێبەرایەتی و ناوەندی بڕیار دەستپێدەکات. ئەندامان و لایەنگرانیی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان بۆ گۆڕینی جۆری حیزبایەتی باشترە سەرەتا رێبەرایەتی بگۆڕن. خەبات و تێکۆشان بە مانای هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕە. ئاڵوگۆڕە گەورەکانیش بە هەنگاوی بچووک دەستپێدەکەن، کە سەرەتا گۆڕینی خۆ دەگرێتەوە. دوو دڵبوون لەو مەیدانەدا قەیرانەکان چارەسەر ناکات و رێگادەدات، کە کەسانی بەرژەوەندیخواز لە پێناوی ویستەکانی خۆیاندا درێژە بە گەمەی ناسراو بە "مشک و پیشلە" بدەن.

نەبوونی روانگە و تێڕوانینی درێژمەودا بەرامبەر بە پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و هەروەها لاواز و بێ ئیرادە بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری. قسەکەری حیزبەکان و سکرتێرەکانیان لە دیدار و دیالۆگ لە گەڵ رێکخراو و پارتە سەرتاسەرییەکاندا شل و خاو دەردەکەون. ئەوان ناتوانن دەربڕی ویست و داخوازە رەواکانی کورد لە رۆژهەڵات بن. ژمارەیەک لەوان لە بەرامبەر بێژەرێکی ئاسایی نەتەوەی باڵادەستدا زمانیان دەگیرێ و ناتوانن بە لۆژیک و مەنتقی خەڵکێکی خاوەن ماف و زوڵملێکراو دەرکەون. بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی حیزبەکان ماوەیەکی دوور و درێژە لە پۆستەکانیاندا ماونەوە و چەند کەسێک خەون بە پۆستی سەرکۆماری ئێرانەوە دەبینن! خەبات و تێکۆشانی بەشێک لە سەرۆکی حیزبەکان تەنیا بۆ خۆمەترەحکردن و دەرکەوتن لە مێدیایەکی فارسی زمان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیانە.با لێرده حەقوێژ بین و بە دەنگێکی بەرز بڵێین، کە بوون و نەبوونی ئەو بازرگان سیاسییانە هیچ لە پرسی کورد ناگۆڕێ. بۆ دۆزینەوەی رێگای ناوەند و خۆرزگارکردن لە هەستی خۆبەکەمگرتنی بەشێکی زۆر لە بڕیاربەدەستی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان گونجاوە جێگەی خۆیان بە کەسانی دیکە بدەن. راستکردنەوەی باری خواری پرسی کورد لە رۆژهەڵات و ئێران بەو کەسانە ناکرێ، کە لە کۆنەوە لە پێناوی جێگە و پێگەی خۆیاندا سەرقاڵی شانۆسازیی و ماڵوێرانی بۆ خاک و خەڵکەکەیانن. ناکرێ رێگا بدەین، کە بژاردەیەکی دەستەمۆ و بەرژەوەندیخواز بەناوی کوردەوە لە گەڵ سیاسەتکارە سووتاو و

بێزراوەکانی ئێران دەستتێکەڵ بکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە سیاسەتکاری سەربەخۆ، حیزبی خاوەن سیاسەتی سەربەخۆ و بەرپرسە، نەک پاشکۆ و چاولەدەست. نوێنەران و ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوی بەرپرس، خاوەن ئیرادە و بەرنامە خۆیان لە چاپلووسی سیاسی دەبوێرن و لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نوێنەرانی کولتوور و دەسەڵاتی سەردەست کز و لاواز دەرناکەون.

کارو تێکۆشانی سیاسیی و تەنانەت چالاکبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەرکێکی ئاسان نییە. دەسەڵاتی ئێران بۆ مانەوە و لە پێناوی درێژەدان بە حوکمی زاڵمانە، ڕێگا نادات حیزب و ڕێکخراوەکان ئازادانە تێبکۆشن و تاکەکان لە جەرگەی کۆمەڵگەدا بۆ سەرخستنی ئامانج و پلانەکانیان هەوڵبدەن.لەو بارودۆخەدا حیزب و چالاکان لە نیشتمان دوورکەوتوونەوە و لە بارودۆخێکی نائاساییدا کار و چالاکی بەڕێوەدەبەن. ئەمڕۆ بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەکتیڤ نییە و ئەکتەرەکانی پەرتەوازەن. ریکخراو و حیزبەکان ڕەنگاوڕەنگ و خاوەن پاشخانی جیاوازن و بەکردەوە لە گۆڕەپانەکەدا چەقیون. بۆ تێپەڕین لەو دۆخە و سەرکەوتن بە سەر کێشەکاندا پێویستە گرفت و لاوازییەکان بناسێندرێن و دواتر چارەسەر بکرێن. لاوازی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەشێکی بۆ سرووشتی سیاسەت و دەوڵەتداری لە ئێراندا دەگەڕێتەوە. شایانی باسە، کە هەڵەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبایەتی و نەبوونی کردەوە و کردار لە مەیداندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە سەر جوڵەی نێوخۆ کاریگەرە. ڕێبەرایەتی لاوازی حیزبەکان، بوونی حیزب و ڕێکخراوی هاوناو و تەنانەت ناپێویست درزی گەورەی خستۆتە پەیکەری بزوتنەوەی لاوازی کورد لە ڕۆژهەڵات. خەڵک و بەتایبەت نەوەی تازە و لاوەکان بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ حیزبەکان بە شێوازێکی ئاگاهانە و بەرین پێویستیان بە روخساری تازە و سیاسەتکاری خاوەن کردارە، نەک قسەکەر و بولبولی سیاسی. بە وتەی هاوڵاتییەکی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ، بوونی ئەو هەموو حیزب و ڕێکخراوانە پێداویستی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات نییە و هەڵوەشانەوەی بەشێک لەوان ڕەنگە باری خەڵک سووکتر بکات! ئەوە یاسای سرووشتە، کە ئەگەر لە گەڵ ژینگە و ڕۆژگار خۆت نەگونجێنی بە کردەوە پەراوێز دەخرێی و تەنانەت لەنێو دەچی. ڕەمزی مانەوە و خۆڕاگریی بەکردەوە نەک ڕواڵەتی هێزە سیاسییەکان لەوەدایە، کە خۆیان بەڕۆژکەنەوە و بەکەڵکی ڕۆژگار و خەڵکی خۆیان بێن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## فێرکردنی زمانی زگماکی کوردی و ئایین لە فینلاند حاڵی حەلوەلایە!

ڕێکخستنی خوێندنی زمانی دایک و ئایین لە دووره وڵاتی بۆ پەنابەر و منداڵەکانیان بابەتێکی گرینگە. زۆرن ئەو مرۆڤانەی لە نیشتمانی خۆیاندا دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک و وانەی ئایینیەکانی خۆیانیان بۆ نەڕەخساوە و نەبووە. ئەو خوێندنە لە فینلاند بە یارمەتیدەری ڕەوتی گشتی خوێندن پێناسە دەکرێت، کە گونجاوە بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەربگیرێت.

لە ڕێگای خوێندنی ئەو ٢ وانەیە فێرخوازان لە پرسی زانست، هونەر و هەروەها تێگەیشتن لە کلتوور، ناسنامە و بایەخەکانی ژیان یارمەتی دەکرێن. شایانی باسە، کە لە ئاستی تیور و داڕشتندا ئەوە خوێندنی زمانی دایک و ئایین کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە. لە ڕاستیدا ئالەنگاریی و کێشەکان بە کردەوە لە ڕەوتی فێرکردن و فێربووندا زیاتر دەردەکەون.

فێربوون و زانینی زمانی دایک وێڕای زمانەکانی دیکە پاشخانێکی پتەو بۆ منداڵ دەژمێردرێت، کە بە هیچ زمانێکی دیکە قەرەبوو ناکرێتەوە. لە ڕوانگەی تێگەیشتنەوە، زمانی دایک بە پردی سەرەکی پێناسە دەکرێت و مرۆڤ لەو ڕێگایەوە باشتر لە بنج و بناوانی مەسەلەکان تێدەگات. لەسەر بناغە و پاشخانی زمانی دایک تێڕوانین و تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان و هەروەها کۆبەندی بایەخەکانی مرۆڤ تێروتەسەلتر ڕۆدەنرێن.

بەشێکی بەرچاو لە خوێنکاری کۆچبەرەکان ڕاشکاوانە دەیدرکێنن، کە ئارەزوویان بۆ فێربوونی زمانی دایک و ئایین نییە. ئەوان باس لە لاوازی و ناسەرکەوتوویی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەکەن و لەو ڕوانگەیەوە بەرگری لە هەڵوێستی خۆیان دەکەن. ئەو دیاردەیە لەناو قوتابی کۆچبەران لە وڵاتی جیاوازادا بینراوە و دەبیندرێت و زۆر نەتەوە و کەمەنەتەوە دەگرێتەوە.

لە تێڕوانینێکی بابەتیانە و بێلایەنانەدا زۆر فاکتەر بە ڕێژەی جیاواز کاریگەرییان لەسەر کەموکۆڕییەکانی فێرکردن و فێربوونی ٢ وانەی ئاماژەپێکراو هەبووە. بەرپرسان و بەڕێوەبەران بە هۆکاری جیاواز زیاتر لە

فاکتەرەکانی دیکە ئەو ڕەوتەیان ئاڵۆز و دژوار کردووە. بۆ زۆربەی بەڕێوەبەر و کاربەدەستەکانی ئەو بوارە چەندایەتی فێربوون و فێرکردن بایەخی نییە. ئەوان بەکردەوە تەنیا بایەخ بە تێپەڕکردنی رواڵەتی وانەکان و پڕکردنەوەی کاتژمێرەکان دەدەن.

بابەت و ماتریاڵی فێرکردنی زمانی دایک و ئایین پێویستە یارمەتیدەری پرۆسەی گشتی خوێندن و کۆبەندی بایەخەکانی قوتابی بن. ئەو وانە و بابەتانە دەبێت ساڵانە لەسەر بردنەسەری ئاست و ڕێژەی تێگەیشتن و زانیاری خوێنکاران کاریگەری بەرچاویان هەبێت. پێشەوەنەکەوتنی قوتابییان لەو ٢ وانەدا و مانەوەیان لە دەوری زانیارییە سەرەتاییەکان حەز و خولیای فێرخوازان بۆ فێربوونی ڕاستەقینەی ئەو وانانە دەکوژێت.

کەمی مامۆستای شارەزا یەکێک لە فاکتەرەکانە، کە بە ئاسانی ناکرێت پەراوێز و پاشگوێ بخرێت. قوتابییەکانی ئەمڕۆ سەرمایەی داهاتووی کۆمەڵگەن. لەسەر ئەو بناخەیە نابێت ڕێگا بدرێت، فێرکردن و فێربوونی ئەو وانەیە بە شێوازێکی لاواز و ناسەرکەوتوو درێژەی هەبێت.
خوێندنی زمانی دایک زیاتر لە فێربوونی تەنیا ئەلفبێ و نووسینی چەند ڕستەیەکی شکاو و ناڕێکە. فێرکردنی ئایین زیاتر لە خوێندنی چەند ئایەت قورئان و ژیاننامەی رابەری ئیسلام، محەممەدە.

بۆ چاککردنی ئەم دۆخە پێویستمان بە زۆر فاکتەرە. بابەتی فێرکاری، شارەزایی مامۆستا، هاوکاری نێوان ماڵ و خوێندنگا و هەروەها تێڕوانینی خوێندکار لەسەر فێربوون بەشێکی گرینگ لە چارەسەرن. باشترە، کە ڕەوتی فێرکردن و فێربوونی ئەو ٢ وانەیە بەردەوام چاودێری بکرێن و ڕێژە و ئاستی فێربوونی قوتابییەکان مەزەندە بکرێت. کار و تێکۆشانی شارەوانییەکان و کاربەدەستانی کاروباری پەروەردە و فێرکردن، ڕوانگەی ڕاستەقینەی ئەوان و جۆری شارەزاییان لەو بوارەدا بارودۆخەکە باشتر دەکات. لەژێر سێبەری ئەو دۆخەدایە، کە ڕایەڵکەی هاوکاریی نێوان قوتابخانە، مامۆستا، ماڵ و قوتابی گەشە دەکات.

بۆ ئەمانەت: وێنەی ئاماری زمانەکانی فینلاند و ناونیشانی وتارەکە هی #لاهدێنکوردیت؛ە. وەرگێرانی تێکستی وتارەکە لەلایەن خودی نووسەرەوە بە کوردی کراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## بۆ ڕۆبۆتەکانی سەدەی داهاتووی کوردستان

"بە بیانووی خەیانەتەکانی کورد بەرامبەر بە کورد"

لاپەڕەی کتێبە بەناو مێژووییەکانی کورد و هێزە سیاسییاکانیان ورد و ڕەخنەگرانە بخوێننەوە. ئاگادار و وریا بن، کە مێژوو و سەربردەی شێخ، ئاغا و ئەمیرە کورد و هێزە سیاسییەکان لێواولێون لە ڕووداوی داپۆشراو و درۆ. لە خەیانەتی کورد بەرامبەر بە کورد گومان مەکەن و باوەڕ بە درووشمی قەبەی ئەوانە مەکەن، کە بەناوی کوردایەتییەوە کەسابەت و بیزنێس دەکەن. کولتووری خەیانەت لە یەکترکردن و کۆیلایەتی فارس، تورک و عەرەب لە ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەرە جیاوازەکاندا بەڕۆژ دەکرێنەوە!

هەر کاتێک لە دێڕی نووسراوەکاندا بەسەر چیرۆکی فووتێکراوی سەرکردەی بنەماڵە، حیزب، عەشیرەت و ڕووناکبیرە قەبەکراوەکاندا کەوتن، خۆتان لە کفوکۆڵ دامەڵن. لەو دۆخەدا بیر لە بوونی شەیار، خامەخوار و نووسەری دەربار و دیوان بکەنەوە، کە لە پێناوی پارە، سامان و ژیانێکی ئەمیرانەدا خۆیان لە قەرەی ڕاستییەکان نەداوە. زۆربەیان خەیانەتیان لە ویژدانی خۆیان و مرۆڤایەتیان کردوە و لە پێناوی گەیشتن بە شیرینیەکاندا بوونە زڕەڕۆبۆتی ڕۆژگار!

لەوە تێبگەن، کە کوردایەتی بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارە کوردەکان ڕەگ و ڕیشەی ڕاستەقینەی نەبووە. ئەوان لە پێناوی ناو، گیرفان و بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا لە گەڵ سیاسەت و حیزبایەتی تێکەڵبوون. نەکەن، باوەڕ بەو وتە و داڕشتنە بکەن، کە باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات! باوەڕ بەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە نەکەن، کە بەدەستی کۆمەڵێک نووسەری سەر بە حیزب و بنەماڵە نووسراون. ئەوان لە گەڵ مۆڕاڵ و چوارچێوەی بایەخە پیشەییەکان و تەنانەت کوردایەتی ڕاستەقینەدا سەرڕاست نین.

بۆ ناسینی هێزە سیاسییەکان گوێ لە دەنگ و ڕەنگ و چاو لە بڵاوکراوەی حیزبەکان مەکەن. باشترین ڕێگا بۆ ناسین و لە بێژینگدانی ئەو کۆمپانیا و بازرگانانە تێڕامان لە کردەوە و وردکردنەوەی دیوی شاراوەی نووسراوە و

وتەکانیانە. ئەوان درێژکراوەی کولتووری کۆنی کوردەوارین و لە نێوەرۆک و رووکاردا پڕن لە گزیی و دزی. بنەماڵەکان لە قاوغی حیزبەکاندا وەک سەدەی رابردوو بڕیاردەر و داران و گەمە بە چارەنووسی خاک و خەڵک دەکەن.

ئەی رۆبۆتە رووناکبیرەکانی سەدەی داهاتوو! دڵنیابن، کە شانۆی خەیانەت لە نێو کورداندا چیرۆکێکی راستەقینەیە و درێژەی هەیە. تێبکۆشن خۆتان لەو کولتوورە دوور راگرن و بە قسەی چیرۆکنووس، شاعیر و وەرگێڕەکانی دیوەخانەکان مەکەن. گومان لەوانە بکەن، کە بە ناوی کوردایەتی، سۆسیالیزم، ئایین و سێکۆلاریزم لە سەر دیواری ماڵ و بازاڕەکان دەردەکەون و پڕ بە هەناوی وشەکان، گەمە بە بیسەر و بینەر دەکەن. قسەی بریقەداری ئەم و ئەو کارتان تێنەکات و بە باوەڕەوە لە بێباوەڕی مرۆڤی کورد بەرامبەر بۆ خۆیی و خاکەکەی دڵنیابن! فریوی ئەو گۆرانیبێژ و وانەبێژانە مەخۆن، کە لە پێناوی پارەدا گوێی خەڵک و نەوەی تازەیان لە وشەی بەتاڵ پڕکردوە.

ئەی ڕۆبۆتە جەنگاوەرەکانی داهاتوو

ئاگاداربن، کە تووشی چاپلووسی و کولتووری رەنگ و روخسارگۆڕین نەبن. وریابن، کە قومارچییە جیاوازەکان لە ژێر سەرکردایەتی بازرگانە سیاسییەکاندا خاک و ئاسمانی ئێوەش نەفرۆشن. هەرگیز بە قسەی سەرکردەی ترسەنۆک و ناڕاست مەکەونە دۆخی شەڕەوە، چوونکە ئەوان ئازایەتی فەرماندەیی لشکری ئازاکانیان نییە. ئەوان ئەهلی کردار نین و بە قسەی شەیارەکانی دەوروبەریان فریویان خواردوە و کەسایەتییەکی بەتاڵیان بۆ سازکراوە. پڕ بە چاوی مێژوو لە وتەکانی ئەم و ئەو بڕوانن و نەکەن بکەونە داوی ئەوانەی، کە بە تەواوەتی بەرپێی خۆیان نابینن.

دڵنیابن، کە لە نێو خێڵی سیاسەتکار و هاوئاوازەکانیاندا هزرێک بۆ سەرکەوتن نییە و زۆربەیان کۆیلەی کولتووری دەسەڵاتی سەردەست و نەتەوەی باڵادەستن. مافەکانتان پاش دەستەبەربوون مەخەنە دەستی بازرگانە رەگاوڕەنگەکان، چوونکە ئەوان لە بازاڕی دەسەڵاتە سەردەستەکاندا مافەکانتان بۆ بەرژەوەندییەکانیان هەرزانفرۆش دەکەن. ئەگەر باوەڕ ناکەن، تەنیا گۆشەیەک لە دۆکومێنتی مێژووی وێرانی کوردەکان سەیرکەن.

خۆتان بە ناسنامەی نەگۆڕ تەیاربکەن و بۆ سەرکەوتن جیهانی خۆتان وئەوانی دیکە بناسن. نەکەن ئێوەش لە سەدەی داهاتوودا ببنە چەکدار، نووسەر و کۆیلەی سیاسی دەوڵەتە داگیرکەران و هاوزمان و هاوڵاتی خۆتان بۆ پارە و گیرفان بکوژن! لە پێناوی مانەوەی بنەماڵەکاندا شەڕی یەکتر مەکەن و هەڵەی نەوەی ئێمە دووبارە مەکەنەوە. ڕووداوەکان بە چاوی عەقڵ و لۆژیک هەڵسەنگێنن و کۆی وێنەی ڕووداوەکان ببینن. خۆتان مەکەنە کەواسووری پێش لشکری ئەم و ئەو و وەکوو ڕووناکبیرە دونیا دیتوەکانی سەردەمی ئێمە لۆژیک و ژیری فیدای کفوکۆڵ مەکەن.

#### ئەی ڕۆبۆتەکانی نیشتمانی خەیانەت و خۆخۆری!

ڕێز لە ئازادییەکانتان و مافەکانتان بگرن و ڕێگامەدەن سەرکردە ڕەشۆکییەکان و بنەماڵەکانیان چارەنووسی ئێوە و نیشتمانەکەتان وەک دوێنێ بەبارمتەبگرن. ڕووداوەکان بە چاوی بەرژەوەندییەکانتان پێناسەمەکەن. لە هەڵسوکەوت و دەربڕیندا، لە شەڕ و ئاشتیدا ڕێز لە سێکوچکەی خاک، خەڵک و خۆتان بگرن. نیشتمان و خەڵک و خۆ قەرەبوو ناکرێنەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

## تیشکێک لە سەر چەمکەکانی گرێدراو بە پرسی خەباتی کوردان لە ئێراندا

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پرسی چارەسەرکردنی مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ڕوانگە و تێڕوانینی جیاوازەوە تاوتوێکراوە. ئەو بابەتە لە ڕوانگەی حیزبەکان و هەروەها ڕێکخراو و تاکەکانەوە تیشکی خراوەتەسەر. ژمارەیەک لە تێڕوانینەکان پایەدار و خاوەن بەستێنی پتەو نەبوون. لە ئاکامدا، نەتەنیا ئامانجەکان بەڵکو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان زیاتر لە ڕابردوو بۆتە سەرچاوە و ماکەی دمەتەقەی توند. شایانی باسە، کە لە دەرەوەی بازنەی هێزە سیاسییەکان و لایەنگرەکانیاندا بە ڕێژەیەکی کەم ئەو پرسانە تاوتوێکراون. لاوازییەکی

بەردەوام لە مەیدانی فکریی و خوێندنەوەی ئامانج و ڕێکارەکانی گەیشتن بە ئامانجدا دەبیندرێ. بەواتایەکی دیکە، پرسێکی ڕەوا و مافی ئینسانی خەڵکێک لە سەر ناڕوونی ئامانج و تێکەڵاوبوونی ئەمانجە ئامرازیی و سەرەکییەکان لە بایەخە راستەقینە و زاتییەکان داماڵدراوە.

چارەسەرکردنی پرسی کوردان لە ناخی دامەزراندنی دەوڵەتە سەردەستەکان و هەروەها چۆنیەتی تێڕوانینی نەتەوەی باڵادەست و سیاسەتکار و بژاردەی کۆمەڵگەدا شاردراوەتەوە. ئەگەر نیزامی سیاسی، توانا و زەرفییەتی چارەسەرکردنی کێشەی ئازادییەکان و مافی گەل و کەمە نەتەوەکان و هاوڵاتیانی هەبێ، بەشێکی زۆری کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن. لە ئێراندا سیاسەتی دەوڵەت و تەنانەت داڕێژەرانی سیاسەت و پلان ڕەنگدانەوەی لە سەر داخوازییەکانی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوە. ئەگەر هێزێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی درووشمی ڕووخانی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرنامەکەیدا گونجاندوە، ئەوە نەبۆتە ئامانجی کۆتایی و نەگۆڕ. بە واتایەکی دیکە، ئەو جۆرە دروشمانە لە جیهانی سیاسەتدا هیچ دەلالاقەیەک بەسەر پرۆسەی چارەسەرکردنی قەیرانەکان داناخەن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی پرسیار بکرێ، کە داخوازی کوردەکان لە ئێراندا چن و ئامانجەکانیان چۆن پێناسە دەکەن؟ ئایا ئەوان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم خەبات دەکەن؟ ئەگەر بۆ ڕووخانی دەسەڵات خەبات دەکەن، مەبەست لە وتوویژ چییە؟ ئایا ڕێکار و تاکتیکەکانی خەبات جێگۆڕکە دەکەن و دەبنە ئامانجی سەرەکی؟ ئەگەر کەس و پارتێکی سیاسی باوەڕی بە چارەسەرکردنی کورد لە ئێراندا لە ڕێگای وتوویژە، چۆن دەکرێ هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێ؟ ئاخۆ نەبوونی باوەڕ بە خەباتی چەکداریی هاوتای لادان لە ڕێڕەوی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد ئەژمار دەکرێ؟

خوێندنەوە و وردکردنەوەی ئەو پرسیارانە پێویستیان بە تاریفێکی ئاشکرا و یەکلاکەرەوە لە "کوردایەتی" و لق و پۆپەکانی گرێدراو بە خەباتی کوردان لە پێناوی دەستەبەرکردنی ویست و داخوازەکانیانەوە هەیە. لە ژێر سەیوانی ئەو خوێندنەوەدا تاکەکان، بژاردەی کۆمەڵگە، ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان و بیروڕای گشتی باشتر لە بەستێن و ئامانجەکان تێدەگەن. ساغنەبوونەوە لە سەر هیچ شتێک و دەمەتەقەی بەردەوام لە سەر هەموو شتێک گۆڕەپانی کاری هاوبەش و پێکەوەبوون بەرتەسک دەکات و دەرفەتی ڕەوتی تێگەیشتن و گەشەکردنی تێکڕایی لاواز دەکات. ساغبوونەوە لە سەر ئەو چەمکە و هەروەها شارەزابوون لە سنوور و هێڵە ڕێگەپێدراو و قەدەغەکراوەکان چوارچێوەیەک بۆ دیالۆگ دادەتاشی. نەبوونی بەستێن و سنووری داڕێژراو بە لۆژیک و هزری گرێدراو بەدواڕۆژ و

ئامانجەکان هێزی گوێگرتن و تێگەیشتن لاواز دەکات و پەرە بە گەڕەلاوژەی گۆرانی یەکتر شکاندن دەدات. کوردایەتی و باوەڕمەندبوون بە پرسی کورد ئەگەر ببنە خاوەن کۆڵەکەی هزریی و لە تێڕوانینی هەموولایەکدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ، ئێمە دەبینە خاوەنی کولتووری ڕێز لەبیری جیاواز گرتن. بەشینەوەی تۆمەت و تانە لە یەکتردان لە مەیدانی سیاسەت و حیزبایەتی هونەر نییە. لاوازییەکانی ئەمرۆی جۆری دیالۆگی لایەنگرانی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی سەر گۆڕەپانی کوردایەتی دەیسەلمێنن، کە پاشخانێکی لاوازمان لەو مەیدانەدا هەیە. شکاندن و وردکردنی یەکتر بە فۆڕمی باوی کۆمەڵگە و گەلەکۆمەگی لە یەکترکردن لە سەر باوەڕە سیاسییەکان لە کولتووری کۆنی خۆماندا ڕەگ و ریشەیان داکوتاوە.

کوردایەتی ئەگەر بەمانای جۆری تێڕوانین و تێگەیشتنی "تەنگەبەر" (وەکوو حیزب، بژاردە یان تاکە کەس) پێناسەبکەین، بێگومان ڕێژەیەکی زۆر لە بیروڕا جیاوازەکان پەراوێز دەخات. ئەوجۆرە لە تێڕوانینە لە نەبوونی دەوڵەت و قەوارەی ئیداریی و سیاسی ناتوانێ کۆکەرەوە بێ، چوونکە لە گەڵ تەوژمە جیاوازە فکرییەکانی کۆمەڵگە ناگونجێ. کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخێکدایە، کە هێشتا لە سەر زۆر پرس دەرفەتی ساغبوونەوەی نەبووە. ئەوان نازانن، کە لە داهاتووی ئێراندا چ پێگەیەکیان دەبێ. لە سەر جۆری چارەسەرکردن و تەنانەت تێگەیشتن لە پرسی نەتەوایەتی و هتد هاوڕانین. شایانی باسە، کە نەتەنیا خەڵکی ئاسایی و بژاردەی کۆمەڵگە، بەڵکو هێزە سیاسییەکان و ئەندامەکانیان لەسەر ئەو پرسانە ناکۆکن. پەرتەوازەیی و چۆنیەتی تێڕوانینی دژبەر و پێچەوانە لەو مەیدانەدا ئەوەندە زۆرن، کە بازنەی یەک حیزب و پارتی سیاسی دەگرنەوە. زۆربوونی تەفسیر و لێکدانەوە لە سەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات جۆرێک سەرلێشواوی خوڵقاندوە. کوردایەتی بە مانا "کراوە"کەی باشتر لە گەڵ دۆخەکە دەگونجێ و چوارچێوەی کاری پێکەوەیی زۆرتر دەخوڵقێنێ. لەو خوێندنەوەدا هەموو کردە و تێڕوانینەکان کە خزمەت بە چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکەن و لە گەڵ بایەخ و دوارۆژی خەڵک و خاکدا ناتەبانین، بە ئەرێنی پێناسە دەکرێن. لە تاریفی یەکەم دا "ئێمە" وەکو حیزب یان بژاردە و تاکە کەس دەبینە چەقی خوێندنەوە، بۆیە ناتوانێ کۆکەرەوە و لە درێژخایەندا بنیاتنەر. لە تاریفی دووهەمدا، بنەما و خوێندنەوە و لۆژیک چەقی تێڕوانین پێکدێنن. لە ئاکامدا پاشخانی پتەوتر بۆ دیالۆگ و تەنانەت خەباتی ڕزگاریخوازانە دەستەبەر دەکات. لە ئەگەری ساغبوونەوە لە سەر بنەما سەرەکی و خاڵە جەوهەرییەکان ناسیۆنالیزمی کوردیی و هەروەها خەبات لە پێناوی مافە جیاواز و عەدالەتی کۆمەڵایەتی سەنگی خۆیان وەردەگرن. بەگشتی دیاریکردن و کێشانەوەی وێنەیەکی ئاشکرا لە

چوارچێوەکانی کوردایەتی، بەستێنی لاسایی و هەڵبەزدابەز لە وتە و کردەوەدا کەمتر دەکات و بە قازانجی پرسی گشتی تەواو دەبێ.

لە سەربناخەی ئەو لێکدانەوانەدا وەڵامدانەوەی گەلێک پرسیار جیاواز دەنوێنێ. بۆ نموونە "رووخانی رێژیم، خەباتی چەکداری، وتوتوێژ و هتد زەلالتر لە پێشوو دەردەکەون و سیاسەتکاری کورد جێگەی ئامانج و ئامرازی لێناگۆڕێ. زۆرکەس لە مەیدانی دیالۆگ و وردکردنەوەی ئامانج و ئامرازەکاندا تووشی هەڵەی خوێندنەوە و تێگەیشتن دەبێ. بۆ ئەوەی خەباتی گەلێکی ژێردەست و خاوەن مافی رەوا لەرزۆک نەبێ و نەکەوێتە داوی تەفسیری لابەلا و هەڵنەسەنگێندراو، بێگومان لە سەرەتاوە دەبێ درووشم، تاکتیک و ئامانجەکان تاریفکراو و هەڵسەنگێندراوبن. زۆرجار دیتراوە، کە کەسێک یان سیاسەتکارێک گوتویەتی، کە رێژیم بە ئێمە ناڕووخێ و سیاسەتی دەکارهێنانی رووخان زەربەی لە کورد داوە! لە تێڕوانینی یەکەمدا رەنگە خوێنەر یان بیسەر ئەو پەیامە بە مەنتقی وەرگرێ و لە رواڵەتدا قبوڵی بکات. خوێندنەوەیەکی ورد لەو دەربڕینە دەیسەلمێنێ، کە ئەو مرۆڤەی کە خەریکی داتاشینی بیانووی جیاواز بۆ مانەوەیە، لەو پرسە تێنەگەیشتوە یان بۆ ئامانجی کەسی کەڵکی لێوەردەگرێ. لە پرسی خەباتی رزگاریخوازنەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتدا، رووخانی رێژیم ئامانجە، بەڵام ئامانجی ئامرازی نەک سەرەکیی و کۆتایی. کوردەکان و گەلانی دیکەی ئێران بەکردەوە تێگەیشتوون و ئەزموونیان کردوە، کە دەسەڵاتی سیاسی لە گەڵ ویست و داخوازە رەواکان دژایەتی جەوهەریی و زاتیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، درووشمی "رووخانی" هێزێکی سیاسی یان پارتێکی چەکدار نییە، کە رێژیمی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە، کە پرسی کورد و ئازادییەکانی تایبەت بە مافی گەلان و هتد بە چاوی ئەمنییەتی و دوژمنایەتی ببینێ! ئەوە ماهییەتی رێژیمە، کە بە زمانی توندوتیژی لە گەڵ داخوازە رەواکان مامەڵە دەکات و بە زمانی ئەشکەنجە، زیندان و لە سێدارەدان دەدوێ. زۆر کەس جیاوازی نێوان ئامانجی ئەمرازی یان تێپەڕ لە گەڵ ئامانجی سەرەکیی و کۆتایی جیاناکاتەوە، بۆیە لە دەربڕین و نووسیندا هەڵەی زۆر بەرچاودەکەوێ.

گەیشتنی کورد بە مافەڕەواکانی بە ئامانجی سەرەکی پێناسەدەکرێ. ئەو ئامانجە بۆ دەستەبەربوون پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەر،بەستێن و ژینگەی گونجاوە. ئەگەر سیستمی سیاسیی و دەسەڵات بە سرووشتی خۆیان پرسی کوردیان چارەسەرکرد و کورد لەبەر سرووشتی خۆی چنگیان لە شاخ و کێواندا، ئەوە رووخانی رێژیم بێگومان نەتەنیا ئامانجی ئامرزای نییە، بەڵکو هەر قسەکردنی لەسەری هەڵەیە. لە ئەگەری بوونی نیزامێکی سەرەڕۆ و

دیکتاتۆردا، پەڕینەوە لە نیزام دەبێتە یەکێک لە مەرجەکانی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە. رووخانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی هێڵی فەرمی، درووشم و باوەڕدا رێگا لە کۆماری ئیسلامی ناگرێ، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵات چاوەڕوان بێ. دەسەڵاتی فەرمی وڵات بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە زۆربەی ئامرازەکانی لەدەستدان. نیزامی سیاسی ئەگەر باوەڕ و نییەتی بە چارەسەرکردنی پرسی کورد هەبێ، بە ئاسانی دەتوانێ کورد بیانووبڕ بکات. لێدوان و دەربڕین لە سەر دوو ئامانجی ئامرازیی و سەرەکی بزوتنەوەی کورد گرینگن و گونجاوە بە پارێز و وردبینییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەوانە لە گەڵ یەکتر ناتەبا نین، بەڵکو لە هێندێک سەردەم و کاتدا تەواوکەر و رێگەخۆشکەری دەستەبەربوونی یەکترن.

کاتێک باس لە رووخانی رێژیمی تاران دەکرێ، ئەو پرسیارە دێتەگۆڕ، کە ئەدی وتوویژ چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر باس لە وتوویژدەکەین، بە چ لۆژیکێک داوای رووخاندنی نیزام دەکەین؟ ئەگەر نیزام داگیرکەرە، بۆچی داوای چوونەدەری ناکەین؟ لەو پێوەندییەدا ئارگومێنت زۆرن، بەڵام بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتە ئاماژە بە چەند دانەیەک دەکەم. ئەگەر کورد و رێژیمی تاران بە فەرمی کەوتنە وتوویژ، ئەوکات باس لە قۆناخێکی تازە دەکرێ. لەو ژینگە تازەیەدا، ئەگەر نوێنەرانی رێژیم بەفەرمی داوایان کرد، کە درووشمی "رووخان" لە وتاری سیاسی و دەربڕینەکانیاندا بسڕنەوە، ئەوکات باسکردن لە لابردنی ئەو درووشمە باسێکی تەواو و لۆژیکییە. کاتێک کەند و کۆسپەکەکانی سەر رێگای گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە خۆشتر دەبێ، مانایەک بۆ مەلەکردن لە دژی شەپۆلەکانی ئاو نابینرێ. وتوویژی نێوان گەلی کورد و دەسەڵاتی سیاسی لە تاران لەسەر ئەوە پەکی نەکەوتوە، کە تۆ هاواردەکەی "بڕۆخێ کۆماری ئیسلامی ئێران". نەبوونی وتوویژ و ئەزموونی تاڵی کورد لە وتوویژ لە گەڵ ئێرانییەکان دەیسەلمێنێ، کە ئەوان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بەبوون و داخوازەکانت نییە.

لە دونیادا باوە، کە وتوویژەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی وڵاتێک یان پرسی کەمەنەتەوە یان گەلێک زیاتر لە دەستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادایە، نەک نەتەوەی ژێردەست و نوێنەرەکانی. ئەگەر رێژیم داوای لە کورد کردوە، کە خۆیان بۆ وتوویژ ئامادە بکەن و کورد و نوێنەرایەتی کورد لەو پێوەندییەدا کەمتەرخەمیان کردوە، ئەوکات دەکرێ رەخنە لە کورد بگرین، کە دەستی چاکەخوازی دەسەڵاتی سیاسیان نەخوێندەوە! باسەکانی ئێمە لە سەر وتوویژ لە گەڵ رێژیم و لابردنی درووشمی رووخان هەمووی دەرهاویشتەی خەیاڵ و فکری لەرزۆک و بێباوەڕی خۆمانە. بۆ خوڵقاندنی ژینگەی وتوویژ هاوکێشەیەک هەیە، کە ئەمڕۆ لە ئێراندا بوونی نییە. یەکەم، ئەوە کە رێژیم بە

هۆکاری جیاواز لاواز و شکاو بێت و بۆ راگرتنی پارسەنگ و یاریکردن بەکات داوای وتوویژ بکات. دووهەم، کاتێک هێزی ئۆپۆزیسیۆن بەهێز و کارابن و پایەکانی رێژیم لەقکەن، ئەوکات رێژیم ناچار بە وتوویژ دەکرێ. لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا هیچ کام لەو دوو فاکتەرە ئامادەنین و وتوویژ لە مانا بەتاڵە. هەموو شەڕەکانی جیهان لە کۆتاییدا بە وتوویژ کۆتاییان دێت، بۆیە وتوویژ بە رێکارێکی قبوڵکراو و ژیرانە لە پێوەندی نێوان دەوڵەتان پێناسەدەکرێ.

لە مەڕ خەباتی چەکداریی و لێکەوتەکانی تێڕوانینەکان جیاوازن. بەباوەڕی من لە تاریفی کراوەی کوردایەتیدا زۆر ئاساییە، کە مرۆڤ کورد بێ و باوەڕی بە چارەسەری پرسی کورد هەبێ، بەلام رێکاری چەکداری قبوڵ نەبێ. بەواتایەکی دیکە، رەتکردنەوەی خەباتی چەکداریی یان رەخنەگرتن لە سەر جۆری خەباتی چەکداری بەمانای دژایەتیکردنی ئامانجە سەرەکییەکانی کورد نییە. ئاشکرایە، لە سەر جۆری گەیشتن بە ئامانجەکان تێگەیشتنی جیاواز هەیە، کە نیشانەی سەلامەتی و مەرجی پێویستی درێژەدان بە رەوتی خەباتە. لەسەر ئەو خاڵە لێرە و لەوێ بەریەککەوتنی جۆراوجۆر هەیە، کە رەنگە لە ئاکامی چۆنیەتی تێڕوانین و هەروەها دەربڕینی زارەکی یان نووسراودا دەرکەوێ. بۆ خاوکردنەوەی دۆخەکە باشترە، کە رەخنەگرتن یان پشتگریکردن لە خەباتی چەکداری بە خاڵی ئەرێنی وەربگیرێ. ئەگەر روونتر لەسەر ئەو بابەتە بدوێم، باشترە کە سیاسەتی رەتکردنەوە یان پەسەندکردنی خەباتی چەکداری لە سەر بناخەی باوەڕی خۆیی بێت، نەک رەخنەگرتن لە حیزبی بەرامبەر و لایەنێک کە بۆ سەر خستنی پرۆسەی خەباتی چەکداری تێدەکۆشێ. لەو بەستێنەدا گونجاوە کەس خۆی نەکاتە "سەنگی مەحەک" و پێوانە بۆ لە قەپاندانی سیاسەت و بەرنامەی لایەنەکانی دیکە و تەنانەت ئەو تاکانەی، کە لە دەرەوەی حیزبەکان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ پرسەکان هەیە.

ژیرانەیە، کە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە درێژەمەودا بە خەڵک و داخوازی راستەوخۆی خەڵک بسپێردرێ. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و بەو تەوژمە خێرایەی، کە لە رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهاندا دەبیندرێ، باشترە کە بەشێکی گرینگ لە رێگاچارەی پرسە نەتەوەییەکان و بەتایبەت شێوازی دەستەبەرکردنی مافی چارەیخونووسین بە خەڵک لە داهاتوودا بسپێردرێ. بۆ سەرکەوتن لەو مەیدانەدا پەروەردە و راهێنان لە سەر پرسی خۆناسی تێکڕایی و ئەوانی دیکە گرینگە. تێپەڕاندنی کۆسپەکانی سەر رێگای گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە ئەرکێکی گەورە و وەزیفەیەکی یەکجار ورد و ئاڵۆزە. لە ئەگەری گەیشتن بە ئامانجی ئامرازیی و رووخانی رێژیم، گەیشتن بە

ئامانجی سەرەکی مسۆگەر نییە. خەباتی رزگاریخوازنەی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە رۆژهەڵای کوردستاندا زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاڵۆزترە. بە مەبەستی پتەوکردنی پایەکانی ئامانجی سەرەکی، پێویستمان بە تاکتیک و رێکخراوی ئەکتیڤ و کارایە. رێکار و تاکتیکەکانی خەبات دەبێ لە رێڕەوی زەمان و مەکاندا لە گەڵ ئامانجەکاندا جووت و هاوتابن. رەوایەتی خەباتی کوردان بۆ سازکردنی کۆشک و تەلاری کوردایەتییەکی پاراو پاشخانێکی پتەوی هەیە. لە ژێر سێبەری رێبەرایەتییەکی کارامە و لێزاندا کەسایەتی تاکی کورد ناڕووشێندرێ و بۆ سەرکەوتن بەسەر ئالەنگارییەکاندا ئامادە و پەروەردە دەکرێ. حیزبایەتی ناکرێ لە دژی بایەخە درێژمەوداکانی کوردایەتی بێ و بەناوی کوردایەتی و خەبات لە پێناوی چین و توێژە جیاوازەکان کولتووری شکاندنی تاکەکان پەرەپێبدات. لە پرسی بەکولتووورکردنی ئامانجەکانی خەبات و رێکارەکانیدا پێشڕەوانی کۆمەڵگە، پارت و حیزبە سیاسییەکان و بژاردەی کۆمەڵگە ئەرکی زیاتریان لەسەر شانە. دەستەبەربوونی ئازادییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان دەبێ بچێتە ناخی زۆربەی تاکەکان و ئەوان هەست بە بەرپرسیارەتی خۆڕسک و ئاگایانە بکەن.

دمەتەقەی بەردەوام و وێرانکەر یان لاوازکەر لە سەر چەمک و باسەکان و بەدوور لە رەخنەی بابەتیانە، تۆوی پەرتەوازبوونی زیاتر لە نیشتماندا دەچێنێ. تەفسیر و لێکدانەوەی درووشمی رووخانی رێژیم و تێکەڵکردنی ئامانجەکان بە مەبەستی جیاواز هێز و وزەی بزوتنەوەی کورد بەفیڕۆدەدات. یەکترشێلان بەبیانووی پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی خەباتی چەکداریی و هەروەها لێکهەڵبەزینەوە لەسەر رەوایەتیی یان ناڕەوایەتی درووشمی رووخانی رێژیم لە بەرژەوەندی کۆی کایەی سیاسەتی کورد لە رۆژهەڵاتدا نییە. خەسارکردنی وزە و تواناکان بۆ یەکتر پووچەڵکردنەوە و ساردکردنەوە لە گەڵ هاوکێشەی خەباتی نەتەوەیەک بۆ ئازادیی و مافەکانی ناتەبایە. ئەگەر ئێران باوەڕی بە چارەسەکردنی پرسی ئازادییەکان و نەتەوەکان بێ، بە هەموو عورف و یاسایەک دەستکراوەیە. مەزڵوومەکان رەوا نییە، پەیکەر و جەستەی سیاسەتی زاڵمانەی رێژیم لەبیربکەن و سیاسەت و خوێندنەوەکانی یەکتر بدەنەبەر پەلامار. رێگا سەخت و دژوارە و تێپەڕاندنی قەیرانەکان هزر، هونەر، پلانی گونجاو، بڕیاری لێبڕاو و گیانی کارکردن و کردەوەی دەوێ.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# گۆڕستان، نیشتمانی بێدەنگەکانە

گۆڕستان

گۆڕستان، رووتەڵان بێ یان دارستان
نیشتمانی بێدەنگەکانە
مەکۆی گەڕانەوە بۆ باوەشی خاکە
لێرە دەنگ و رەنگەکان لە ژێر باڵی بێدەنگیدا
دەچنەوە قۆناخی پێش لەدایکبوون
ئێرە نیشتمانی کۆچکردووەکانە
لێرە جەستەکان لە ئامێزی خاک و
لە ژێر رکێفی زەماندا
ئاوێتەی بوون و نەبوون دەبن
مردن راستیەکی گرێدراو بە ژیانە
لە گۆڕستاندا باڵەخانە و دراو
دەسەڵات، کات، رق و خۆشەویستی
بایەخیان نامێنێ
گوڵی خەونەکان لە باوەشی خاکدا چەقەرە ناکەن
چیرۆکی هەموو خەونەکان لە ژێرگڵدا لە جوڵە دەکەون و
تاریکایی و ئارامی ژێر خاک
جەستە بێ گیانەکان دەکاتەوە خاک
ژیان لێرە پڕە لە بێدەنگی
ئێرە بۆ زیندووەکان تەژییە لە وانەی فێربوون
لێرە زیندووەکان دەتوانن لە گەڵ بیرەوەرییەکانیاندا

بدوێن و لانکەی ناخیان راژێنن
ئێرە مەڵبەندی گومان و بیرکردنەوەیە
سەرەتای شۆڕبوونەوە بۆ رەگ و ناخی ژیانە
گۆڕستان مەکۆی پرسیارە هەژێنەرەکانە
پرسیار لە بوون و کۆتایی مانا و جوڵەکانە
شاپرسیاری قسەکەرەکانە
ئایا ئێرە کۆتایی هەموو چیرۆکەکانە؟
ئاخۆ مردن، سەرەتای وەرزێکی دیکەی بوونە؟
یان رەوتی رووداوێکی سرووشتییە؟
گۆڕستان بە هەموو تایبەتمەندییەکانی
روخسارێکی گرێدراو بە ژیانە
ژیانێک کە تەژی لە جوڵە و خەونە
ژیانێک کە پڕە لە پرسیار و تێڕوانینی جیاواز
کاروانی نەوەکان دێن و دەڕۆن
هەر نەوەیەک کۆشکێک لە خەونەکان هەڵدەچنێ و
سەرئەنجام لە دوا مەنزڵگەدا جێدەگرن
بەڵام، زنجیرە پرسیارەکان هەموو نەوەکان بەسەردەکەنەوە
لە کوێوە و بەرەو کوێ
بە چ ئامانجێک و لە پێناوی کام مەبەستدا
چ هاوکێشەیەکە، ئەم ژیانە
لە منداڵدانی دایکەوە بۆ سەر گۆی زەویی و دواتر بۆ گۆڕستان

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ناتەباییەکانی جیهانی کوردان لێرە و لەوێ

ئێمەی کورد وەکو گەل و خەڵکانی دیکەی جیهان خاوەنی تایبەتمەندی ئەرێنی و نەرێنین. یەکێک لە فاکتەرەکانی شکست و ژێردەستەبوونمان زۆربوونی خاڵە لاوازەکان و کزی هزر و لۆژیک لە ناخی کردەوەکانماندایە. ناتەباییەکانی جیهانی کوردان ئەوەندە زۆرن، کە خۆشمان ناتوانین نکۆڵیان لێبکەین. ئەگەر لە راستوێژی دەرنەچین، ژینگەی کوردستان و درێژبوونەوەی سەدەکانی ژێردەستی، کاریگەری زۆر و زەوەندیان لەسەر خدە و کولتووری کوردەکان داناوە. لە ئاکامدا لە زۆر بواردا کێشە و ناتەباییە نێوخۆییەکان بە رێژەیەک لە گەڵ فاکتەرە دەرەکییەکانی سەرکوت و چەوسانەوە هاوبەند و یەکانگیربوون. جوامێری کوردان لە بازنەی میوانداری، کاری هەرەوەزیی و هەروەها فیداکاری لە پێناوی گەلێک بایەخدا بەشێکن لە روخساری دیاری کولتووری کوردەکان. شایانی باسە، کە بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندییانە لە سنووری ناسیاوەکاندا قەتیس ماون و بەکردەوە لە جۆغرافیای خێڵ و عەشیرەت یان ناوچەیەکدا کاریان پێکراوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و بەبوونی جیهانێکی پان و بەرین لە رایەڵکەکان ناتەباییەکان لە جیهانی کوردەکاندا زیاتر زەقبوونەوە و دیارتر لە جاران دەرکەوتوون. درووشمەکان و ئامێر و کاناڵەکانی دەرکەوتن و ئاشکراکردنی هەڵوێست، روانگە و دەربڕینەکان گەلێک زۆرن و زۆر کەس بە ئاسانی دەتوانێ لەو مەیدانەدا گەمە بە هەستی بیسەر و خوێنەر بکات.

ئێمە دەبێ قبوڵی بکەین، کە خەڵکێکی سەرنەکەوتووین و بەدرێژایی مێژوو لە پرسی خۆساغکردنەوە و دەستەبەرکردنی مافەکانماندا شکاوین. شکست و کەوتنەکان دەرخەری لاوازی سرووشتی کارکردن و کولتووری بیرکردنەوە و هەڵلاجیکردنی خۆمان و ئەوانە، کە هێشتا ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە. تاڵتر لە شکستە گەورەکان و شکان بەرامبەر بە نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان، دابەشبوونی بەرە و هێزەکان لەسەر بناخەی جیاواز بەرامبەر بەیەکترە. ئەو رەوتە لە درێژایی مێژووی چەند سەت ساڵەدا بە فۆڕم و شکڵی جیاواز دووپات و چەند پات بۆتەوە. بە واتایەکی راشکاوتر، لە دوای دابەشکرانی خاکی کوردستان، خەڵکەکەی لە سەر بنچینەی تازە و تێکەڵ لەگەڵ پاشخانی عەشیرەتی و ئایینی بەسەر بەرەی تازەدا دابەشکرا، کە وزە و توانا نێوخۆییەکانی زیاتر لە جاران لەجێدا بەفیرۆدا. لە سەردەمی تازەدا ناتەباییەکان زیاتر پەلوپۆیان هاویشتوە و رۆژانە لێرە و لەوێ دەبیندرێن. تایبەتمەندییە خراپەکان باڵیان بەسەر باشەکاندا کێشاوە و رایەڵکەی کاری هاوبەشیان لە

نێو تاک و هێزە سیاسییەکان لەکار خستوە. لە ئاستی جیاوازدا دەکرێ باس لەو ناتەباییانەی ئەمڕۆ بکرێ، کە لە نێوخۆدا، لەریزی کوردانی تاراوگە و هەروەها بژاردە و سیاسیەکاندا جاروبار شەپۆلان دەدات. لە پرسی نەتەوایەتی، ئازادیخوازی، سەربەخۆخوازی، خۆنواندن لە بەرگریکردن لە سەمبول و چەمکەکانی وەک ئاڵا، سروود و چەکداری کورد و هەروەها حیزب و کەسەکان ژاوەژاوێکی سەیر بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردەواری داگرتوە. ئەو رێچکەیە رەنگە زیاتر لە رابردوو ئاسەواری نالەباری لێبکەوێتەوە و تۆوی ئاڵۆزییەکان زیاتر بچێنێ. ئەو دەردە کوردە تایبەت بە ناوچەیەک نییە و بەداخەوە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دەبیندرێ و بە کورتی لە قازانجی توێژی باڵادەست لە سیاسەت، دەسەڵات و هتددا دەشکێتەوە.

لە پرسی سەربەخۆخوازیی و درووشمی گەورەدا گۆمەکە شڵەقاوە و بە تووڕەبوونێک یان بە سەنگەر گواستنەوەیەک رەنگە خودموختاریخوازێک یەک شەوە ببێتە سەربەخۆییخواز. ئەو کولتوورە تازە نییە، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا بۆ چەپڵەلێدان نابێ. ئەگەر درووشم و دەربڕینەکان بەتایبەت لە جیهانی ئایدۆلۆژی و دەربڕیندا باوەڕ و تێگەیشتنی هاوبەندیان لەگەڵ نەبوو، بێگومان لە دەمامەک و جلوبەرگێک زیاتر نین. یەکێک لە تایبەتمەندییە خەراپەکانی کورد ئەوەیە، کە زۆر بایەخ بە رووکار و روخسار دەدات و ئاگاداری ناخ و جەوهەر نییە. لە ئاکامدا ئەوان، لە خوێندنەوەی دۆخەکان و هەروەها چارەسەرکردنی هاوکێشەکاندا ناسەرکەوتوون. سەربەخۆخوازی بیر، هزر و کردەوەیە و ئەگەر لەو سێ تایبەتمەندییە بەتاڵ بێت، لە کەسابەتێکی رۆژانە و تووڕەبوونێکی کورتماوە دەچێ، کە ئامانج ناپێکێ. رەوا و لۆژیکی نییە پرسێکی گەلێک و مافی نەتەوەیەک فیدای ویست و حەزی توێژێکی پاوانخواز یان پۆستویست بکرێ، کە تەنیا بەدوای بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیاندا عەوداڵن و هیچ یاسا و رێسایەک لەو بەینەدا ناپارێزن. ویستی سەربەخۆیی پێویستی بە عەقڵانییەتی تێکڕایی و پاشخانی کردەیی هەیە و بە قسەیەکی بەتاڵ، نەتەوەیەک ناتوانێ لە ژێردەستی رزگاری بێت. پڕۆسەی رزگاربوونی کوردان جیاوازە و پێویستی بە بیری تیژ و هزری ورد لەئاستی کوردستاندایە. شەڕ و خەباتی مافخوازی لەهەر ئاستێکدابێ، گونجاوە لاقی لەسەر زەوی بێت و خاوەنی پاشخان، رێچکەیەکی ئاشکراو و ئاسۆیەکی دیار بێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن قەرەبووی شکستی چەند سەدەی کوردان بکەنەوە و ناکرێنە سەنگەری سەربەخۆخوازی. بە واتایەکی دیکە، نەتەوەسازی لەو فەزا شێواوەدا ناکرێ و باڵەخانەی کوردایەتی بە قسەی سواو رەنگڕێژی ناکرێ و هەڵناچندرێ.

لە پرسی پێشمەرگایەتیی و رێزگرتن لە بۆنە جیاوازەکان، رواڵەت زاڵە و چەمکەکان لە مانا بەتاڵ کراون.

هەموو چەکدارێک و چەکداری هەر حیزبێک ناکرێ بەپێشمەرگە پێناسەبکرێ. باشترە، کە ئەو چەمکانە بەتەواوەتی ساغ بکرێنەوە و ناکرێ هەر کەسە و لێکدانەوەیەکی لەسەر ئەو چەمکانە هەبێ. گونجاوە رێز لە چەکدارێک بگیردرێ، کە بۆ ئازادی خاک و خەڵک تێدەکۆشێ و فیداکاری کردوە. گەلانی دیکە پاش سەرکەوتن و بە یاسا رێز لە رۆژی سەربازی ون، چەکداری نیشتمانیی و رۆژی سەربەخۆییان دەگرن، بەڵام کورد کە دەرفەتی ئەوانەی بۆ نەخوڵقاوە، چەندە و چۆن دەتوانێ بەو پرش و بڵاوییە رێز لە پێشمەرگە بگرێ! لە بیروزەینی خەڵکی کورددا و بە کردەوە لە تێڕوانینی ئەواندا پێویستە چەکداری کورد، هەڵگری بایەخە بەرزەکان بێ.

پێشمەرگە ناکرێ، تەنیا وێنەوەشێنی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان پارێزەری دەسەڵاتی تاکە کەس و بنەماڵەیەک لەلوتکەی دەسەڵات و بڕیاردانی حیزبێکدا بێت. پێشمەرگە، ناگونجێ بە چەکداری ئەم کەس و بەرپرس و هۆز پێناسەبکرێ. پێشمەرگە، ناکرێ حیزب و سەرۆک حیزبەکەی لەسەرووی بایەخە نەتەوەییەکان حیساب بکات و بەرگری لە هەموو ناحەزییەکانی ئەوان بکات. هەر چەکداریک لە ژێر ناوی کوردایەتی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئایین و ئایدۆلۆژی جیاوازدا رێچکەی خۆسەپاندنی گرتەبەر، بەکردەوە ناکرێ بە پێشمەرگە پێناسەبکرێ. لە سەر بناخەی ئەو تێڕوانینە، کوردەکان باشتر دەتوانن نەریتە کۆنە ریزوەکانی حیزبایەتی و کوردایەتی لە کوردستاندا پەراوێزخەن و لە بناخەوە بزانن بەرەو چ ئامانجێک هەنگاو هەڵدەگرن. پێشمەرگەی خەڵک و خاک نابێتە داردەستی کولتووری دیکتاتۆرییەت و سەرەڕۆیی و دژ بە ماف و ویستی خەڵک و ئازادییەکانیان لە گەڵ دەسەڵاتدارەکان هاودەست نابێت. پێشمەرگەی راستەقینە لە شەڕی نێوخۆ خۆی دەبوێرێ و ئامادە نییە، لە پێناوی ویستی بەرفراوانخوازی سەرۆکەکەیدا و هەروەها پەرەپێدانی درووشمی بەتاڵ بەگژ هاوزمان و هاوڵاتیانی خۆیدا بێتەوە. پێشمەرگەی راستەقینە، خەڵک و خاک میحورە و حیزب وپارتەکان تەنیا وەک ئامرازی درێژەدان بە خەبات دژی زۆرداریی و سەرەڕۆیی چاولێدەکات.

ناتەبایی نێوان قسە و کرداری ئێمەی کورد یەکجار زۆرە. لە نێو فیلەندییەکاندا باوە، کە زیاتر ئەوەی لە مێشکدایە بەسەر زاردا دێت. ئەوان لە کاتی قسەکردندا زۆر گرینگی بە جوانکاری و ئارایشی قسەکان نادەن و راستەوخۆ دەچنە نێو بابەتەکانەوە. بە واتایەکی دیکە، لە نێوان هزر، وتە و کردارەکانیاندا جیاوازییەکی بەرچار نابیندرێ. ئەو لایەنە لاوازە لە ژیانی رۆژانە، سیاسی، بازرگانی و دینی ئێمەدا رەنگدانەوەی هەیە و بە ئاشکرا دەبیندرێ. زۆر سەربەخۆخوازی سەر شانۆی کوردایەتی هەیە، کە بەدزی و لە کۆبوونەوە داخراو و رۆژانەکاندا

ئێرانی، عێراقی، تورکیی یان سورییەکی تۆخە و شان لە شانی نەتەوە پەرەستەکانیان دەدات. بەشێک بە قسە سەربەخۆخوازن، بەڵام بە کردەوە نا. ئەوان ڕەنگە جلی کوردی لەبەر بکەن و ئاڵای هەرێمی کوردستان یان کۆماری کوردستان یان سەرکردەی حیزبێک بڵاوبکەنەوە، بەڵام بە هەموو ئاکاریکی دیکە دژ بە بایەخە نەتەوەیییەکان دەجوڵێنەوە. لە مەیدانی سیاسەت و دیموکراسیدا ئەو عادەتە قێزەوەنە بەرچاوە و ڕۆژانە ڕاهێنانی لەسەر دەکرێ. بە کوردی، زۆر مرۆڤی بازرگان سیفەت لە مەیدانی سیاسەت و کوردایەتیدا هەڵکەوتوون کە گەمە بە وشەکان دەکەن و هەرجارەی بە پێوانەیەک چەمکەکان دەپێون. ئەوان بەساڵان لە پۆستێکدا دەمێننەوە و هەموو دەنگێکی ڕەخنەگرانە سەرکوت دەکەن، کەچی لە کۆبوونەوە و مێدیادا چیرۆکی خەباتی خۆیان دژ بە دیکتاتۆریی و سەرەڕۆی دەگێڕنەوە! لە نێو توێژی ئایینی و مەزهەبیشدا لەو جۆرە مرۆڤانە زۆر دەبیندرێن، کە بە کردەوە دژ بە ئایدۆلۆژییەکەیان دەجوڵێنەوە و لە کۆتاییدا سەر بۆ بەرژەوەندیییەکان دادەنوێنن. ئەوە دەردێکی کوشەندەیە و لە قورسایی مرۆڤی کورد و هەروەها ویست و داخوازە ڕەواکانی کەمدەکاتەوە. کوردەکان ناچار نین، چاپلووس و خاوەن ڕوخساری جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ بن. ئەگەر باوەڕدار و ڕاستگۆ بن، ناچار نین لێرە و لەوێ دوو یان چەند مرۆڤی جیاواز بن و هەرجارەی بە مۆسیقایەک سەما بکەن. تۆکمەبوونی ناسنامە و گیانی خۆناسین باوەڕبەخۆبوونی مرۆڤەکان بەهێز دەکات و ڕێگانادات، بە کاناڵی چاپلووسی و ماستاوکردندا بەدوای کۆمەڵێک بەرژەوەندی تاکەکەسی بکەون و هاوڕێ و دۆستانیان بکەنە پێنیژەی سەرکەوتنی خۆیان.

لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوە و دابڕانی هێزە سیاسییەکاندا، بەشێک لە مرۆڤ و ئەکتەرەکان بە وزەی توڕەبوون و هەستە جوڵێنەرەکان هەڵکشان و داکشان دەکەن. ئەوان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا باڵانسیان ناپارێزن و زیاتر توند و ڕادیکاڵ هەڵدەچن. لە کۆتایی گەمەکەدا و پاش نیشتنەوە و خاوبوونەوەی هەستە برینداربووەکان ژمارەیەک لەوان بادەدەنەوە و ئەوجار باسی یەکگرتن دەکەن. لە مێژووی دابڕان و یەکگرتنەوەی پارتە کوردییەکان ئەو ئاماژەیە بەزەقی دەبیندرێ و هێشتا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. زۆر گرینگە لە نێو جەرگەی ڕووداوەکاندا مرۆڤ بکرێ باڵانس بپارێزێ و لۆژیک نەدۆڕێنێ. جێگای باسە، کە ئەو ڕەفتار و کردارە لە توێژی بەناو خوێندەواردا زیاتر باوە و لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا دیتراوە. هونەر و تێگەیشتن کاتێک گوڵ دەکەن، کە مرۆڤەکان بەبیرکردنەوە و پاش لێکدانەوەی چڕ هەڵوێستەکانیان ئاشکرا بکەن و لە گەڵ ڕەوتی ڕەشۆکی ڕووداوەکان نەکەون. خوێندەوار و لێکۆڵەرەوەی گەلانی دیکە لەو مەیدانەدا باشتر لە ئێمە دەجوڵێنەوە و دووربینانە دەڕوانن. ڕوانگە و دیدی ئێمە بەرتەسکە و لە دەوری بازنەیەکی کێشراودا

دەسووڕێتەوە، بۆیە بە ئاسانی تەسلیمی کفوکوڵ دەبین و ناتوانین لە سەر لاقی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆمان راوەستین.

یەکێک لە ناتەباییەکانی بەرین و قوڵی کۆمەڵگەکەمان هەڵاتن لەبەر قەیرانەکانە. حیزبە سیاسییەکان و تاکەکان لەو تایبەتمەندیانە بەدەر نین و مێژووی هاوچەرخی کوردان سەلمێنەری ئەو تێڕوانین و هەڵسەنگاندنەیە. ئێمە فێری ساغکردنەوە و وردکردنەوەی رووداوەکان نەبووین و ئەگەر بابەتێک ئازارمان بدات یان دژ بە کفوکوڵی ئێمە بێت، بەئاسانی پاشگوێی دەخەین و دەیسڕینەوە. لە ئاستێکی بەرین و نەتەوەییدا هێشتنەوەی قەیرانەکان و کەڵەکەبوونیان زەبر لە بالانسی گشتی و تاکەکان دەدات. لە رەوتی ژیان و خەباتدا لەرزۆک و بێباوەڕ یان هەڵچوو پەروەردەمان دەکات و لە خانەی ترسێکی بەردەوامدا رامانەدەگرێ. لە کێبەرکێی سیاسیی و حیزبایەتیدا ئەو تایبەتمەندییە زۆر بەرچاوە و هیچ لایەنێک ئامادە نییە پێ لە هەڵەکانی بنێ. کەڵەکەبوونی قەیرانەکان کوردی بەرامبەر بە ئەوانی دیکە لاواز و بەرامبەر بە یەکتر تووڕە و رقاوی کردووە. سەرچاوەی بەشێک لە دووپاتکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان و درێژەدان بە رەوت و نەریتی کۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەڵاتنی ئێمە لە ترسی چارەسەرکردنی بنەڕەتی قەیرانەکان. کوردەکان کەم و زۆر لە ژێر کارتێکەری عەقڵ و لۆژیکێک دەجوڵێنەوە، کە دەڵێ" لە کوێ پسا، لەوێی گرێدەوە". لێرەدا زۆر بیر لە چۆنیەتی پسان و گرێدران نەکراوەتەوە و تەنیا رواڵەتی دیاردەکان لەبەرچاو گیراوە و هۆکاری پسان، تۆکمەبوونی گرێکان و خۆڕاگری گرێکان هەر قسەی لەسەر نەکراوە. کوردەکان بەوە ناسراون، کە زیاتر لە کارە هەڵەکاندا بەدوای تۆمەتبارێکدا دەگەڕێن و خوازیارن لەسەرەتاوە خۆیان ژیر و بێخەتا نیشان بدەن!

جیهانی ئێمەی کورد پڕە لە ناتەبایی و بۆ دەرچوون لەو دۆخە خۆشاردنەوە یان ژێرخۆڵکردنی لاقازییەکان چارەسەر نییە. دەرمانی ئەو دەردانە هەڵاتن و راکردن لە چنگی شکان و قەیرانەکان نییە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بزوتنەوەی گۆڕان و ونبوون لە زیندەخەونەکانی حکومەتی داهاتوودا

بزوتنەوەی گۆڕان پاش دەرکران لە حکومەت و هەروەها داخرانی پارلەمان لە لایەن پارتی دێموکڕاتی کوردستان، پشتیان لە خەونی گۆڕانی سیستمی سیاسیی و بنەماکانی چاکسازی کرد. هەڵسووڕاوەکانیان بەکردەوە کپ و بێدەنگ بوون و ژمارەیەک لەوان بە ڕێباز و شێوازی جیاواز بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی کەسیی خۆیان ژێراوژێر لە گەڵ پارتە دەسەڵاتدارەکان پەیام و قسەیان دەگۆڕیەوە. لە ئاکامی لاوازیی سیاسەتی بەڕێوەبەرانی گۆڕان و دۆڕاندنی بەشێک لە وەزیر و پارلەمانتاران و خۆدزینەوە لە بڕیاری بایکۆتی ڕێفراندۆم، ئەو بزوتنەوەیە لە هەڵبژاردنەکانی رابردووی پارلەمانی کوردستاندا نیوەی کورسییەکانیان لەدەستدا.

هەڵبژاردنەکانی رابردوو لە گەڵ هەموو کەم و کۆڕییەکانیان دەرخەری بێزاری خەڵک و بایکۆتی بەرفراوان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەئەژماردێن. لە بەشێک لە ناوچەکان زیاتر لە نیوەی خەڵک نەچوونە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن و بەمجۆرە نارەزایەتی خۆیان لەسیاسەتکارەکان دەربڕی. گۆڕان کە بە شکستخواردووی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەناسرێ، لەو ماوەیەدا حەیران و سەرگەردان بەدوای بەشداربوون لە حکومەتدا دەگەڕێ. لە وڵاتانی ئازاد و دیموکڕاتدا هەر هێزێک بە ڕێژەی ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا پاشەکشە بکات، بێ دوودڵیی ڕێگای ئۆپۆزیسیۆنبوون هەڵدەبژێرێ. لەبەرامبەردا، گۆڕان و بەڕێوەبەرەکانی خەریکن لە پێناوی کێکی دەسەڵاتدا، پاشخانی بزوتنەوەکەش هەڕاج دەکەن و ڕەنگ و ڕوخسار دەگۆڕن! ئەوان لەو ڕێگایەدا رەنگە ئەوەندە بچنەپێش، کە بە داڕێژەری سیاسەتی دیکتاتۆرییەتی بنەماڵە لە کوردستان بناسێندرێن.

بە وتەی بەشێک لە هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان، ئەوان لە ڕێگای چوونە حکومەتەوە خوازیاری چەسپاندنی نیزامی پارلەمانین. ویست و حەزێک، کە بە کردەوە لە زەرەخەون دەچێ و هەڵگری زۆر کولاوی شەرعی و ناشەرعییە. پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە پێناوی چەسپاندنی بنەماڵە لە پانتایی باشوور و هەروەها درێژەکردنەوەی ئەو سیستمە بۆ نەوەکانی داهاتوو نەخشەڕێگایەکی تازەی هەیە. ئەوان نێچیرڤان و کوڕی مەسعود بارزانیان بۆ وەرگرتنی دوو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی داهاتوو داناوە و بەمجۆرە کۆڵەکەکانی حوکمی بنەماڵە پتەوتر دەکەن. مەسعود بارزانی لە پشت پەردە شاراوەکانی سیاسەت و ئیدارە، لە ڕێگای کوڕ و زاوا و برازا زیاتر

لە جاران لە گەمە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشدارە. گۆڕانخوازەکانی دوێنێ سازێکی تازە لێدەدەن و داڕێژەرەکانی خەوننامەی بزوتنەوە، خەریکن قوڕی سیاسەت لە باشوور لە رابردوو خەستر دەکەن!

ژمارەیەک لەو هەڵسووڕاو و گۆڕانخوازانە، شکستی گەورەی هەڵبژاردنەکان پشتگوێ دەخەن و خەریکن بە شەرابی بەشداربوون لە حکومەتێکی نادیار خۆیان سەرمەست بکەن! ئەگەر هەموو لایەنەکانی دیکە لەو سیاسەتەدا هاودەستی پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی بوونایە، گۆڕانەکان نەدەبوو هەرگیز خۆیان لە قەرەی ئەو حکومەت و بەرنامە خەیاڵیانە بدەن. بوونە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و کارکردن لە پێناوی ویست و داخوازە رەواکانی خەڵک زۆر لەو پیرۆزترە، کە گۆڕان لەوە زیاتر دەستەگوڵ بەئاوادا بدات و لە داهاتوودا ببێتە سێبەری سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. بزوتنەوەی گۆڕان ئازادە لە بڕیاردان و کارکردن لە گەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکە و پارتە رکەبەرکاندا، بەڵام ئەوان ناتوانن لە ئاکام و نەتیجەی بڕیارەکان خۆیان بشارنەوە. شکاندنی بەڵێنەکان و سەرکزکردن بۆ دراو و پۆست، زامنی داهاتووی هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی لە جیهاندا نەکردووە. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن لە باشوور و کوردستاندا ئاوێکی خەراپ برێژن، ئاسەواری نەرێنی لەسەر کایەی سیاسەت جێدێڵن. هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان لانی کەم دەبێ لە گەڵ دەسەڵاتدارەکاندا جیاوازیان هەبێ و ناکرێ پاشکۆ و بوکەڵەی هێزە گەورە و خاوەن چەکدار و پارەکان بن.

بزوتنەوەی گۆڕان و باقی پارتە بەناو چاکسازەکان لە باشووردا پێویستیان بە ئاڵووگۆڕ لە سرووشتی ئیدارە و سیاسەتی خۆیانە. هێزە راستەقینە و خەڵکییەکان خاک و دواڕۆژی خەڵک و نیشتمان فیدای خۆیان و پۆستە کاتییەکانی دەسەڵات ناکەن. بزوتنەوەی گۆڕان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەرد و ئازاری هێزە دەسەڵاتدارەکانیان هەیە و بەکردەوە گۆڕانخواز و چاکساز نین. ئەگەر ئەو هێزانە باوەڕیان بە وانەوەرگرتن لە شکست و کەوتنەکان هەبایە، بێگومان پاش شکستی هەڵبژاردن بەرپرسانی سیاسەتی شکاو لە پۆستەکانیان دەکشانەوە و کەسانی دیکە سوکانی ئیدارەی ئەو پارت و رێکخراوانەیان دەگرتەدەست. گەیشتن بە کەنارەکانی ئاسایش و چاکسازی راستەقینە پێویستی بە تێڕوانین، وتە و کرداری گۆڕانخوازانەیە. خۆماتکردن بۆ وەرگرتنی چەند پۆستێکی لاوەکی لە حکومەتی داهاتوودا تاڵاوێکی دیکە بە گەرووی ئەو مرۆڤانە دادەکات، کە راستگۆیانە و لە پێناوی گۆڕانی بنەڕەتیدا تێکەڵ بە هێزە بەناو چاکسازەکان بوون. مەودای نێوان چاکە و خەراپە لە بازنەی سیاسەتدا و لە بەستێنی کاری سیاسیدا زۆر کەمە و بزوتنەوەی گۆڕان و سەرجەم ئەو هێزانەی کە گوێیان لە سەر هێڵی

ئۆپۆزیسیۆنن لە قەپان دراون و دەدرێن. کردەوە و وتەکان باشتر دۆخەکە شیدەکەنەوە و قسەی بەتاڵ و خۆفریودان یان کولاو لە سەر خەڵکنان کۆتاییەکی هەیە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە تیرێک لە دوو نیشان دەدا و لە داڕشتنەوەی پرۆژەی بنەماڵەی بارزانیدا رکەبەرە سەرسەختەکەی دوێنێی (گۆڕان) دەکاتە ئالاهەڵگر و قسەکەری داخوازەکانی. شایانی باسە، سەرۆکوەزیر لە سەر نەخشەی حکومەت کاریگەرە، بەڵام چاوەڕوانی پەرجوو لە حکومەتی داهاتوو ناکرێ. هێزی سیاسی و سیاسەتکاری تێگەیشتوو باوەڕی بە پەرجوو نییە خۆی ناداتە دەست قەزا و قەدەری درووشمە شیرین و ماچە سیاسییەکان. حکومەتی داهاتووی هەرێم لە سەر بناخەی حکومەتی رابردوو دادەمەزرێ و بەڕێوەبەر و داڕێژەرانی سیاسەتی حکومەت کۆنەکارمەندانی ئەو هەرێمەن. کولتوور، شێوازی سیاسەت، ئیدارەی سیاسەتکار، موستەشار و مەکتەب سیاسییەکان نەگۆڕاون. ئەگەر راستگۆبین، لەو مەیدانە ئاشنایەی سیاسەتدا، لەو تۆزە زیاتر هەڵناستێ. پاش شکستە گەورەکەی ڕیفراندۆم و گەڕانەوەی سەرانی ڕیفراندۆم بۆ بەغدا، گەمەی سیاسەت لە جاران ئاڵۆزترە و رایەڵکەی داو و تەڵەي زۆرتر و وردتر لە بەستێنەکەدا ئامادەکراون. هەڵوەدابوون بۆ بەشداربوون لە حکومەتی داهاتوو لە لایەن بزوتنەوەی گۆڕان و کراوەبوون بۆ فێڵ لێکران، نیشانەی لاوازیی ئیرادە و لێکدانەوەی کەسانێکە، کە بەمەبەستی پۆست و بەرژەوەندی تێکەڵ بە بزوتنەوەیەک بوون، کە ئەمڕۆ لە سەر دەستی ئەوان خەریکە دەکەوێ.

باشووری کوردستان لە دۆخێکی نادیاردا ماوەتەوە و داهاتووی ئەو هەرێمە لە گەڵ سرووشتی سیستمی سیاسی بەغدا گرێدراوە. پارتە سیاسییەکان و خەڵکی باشوور لە ماوەی زیاتر لە ٢٦ ساڵ دەسەڵاتی بەناو خۆماڵیدا، سەلماندیان کە لە ئاستی بارودۆخەکەدا نین. کێشەی باشوور فرەرەهەندە و کۆمەڵێک فاکتەری کولتووری، مێژووی، کۆمەلایەتی، خێلایەتی، سیاسیی و کەسایەتی سیاسەتکار و بژاردەی کۆمەڵگە وێڕای کولتووری حیزبی بنەماڵە لە خوڵقاندنی ئەو رۆژگارەدا کاریگەرن. باشووری کوردستان لە دامەزرانی عێراقەوە هەتا ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەرفەتی زێڕینی بۆ خوڵقاوە، بەڵام بەدەستی رێبەرایەتی ناشارەزا و لاوازبوونی تێگەیشتنی تێکڕایی لە خوێندنەوەی رووداوەکان، دەرفەتەکان بە نیوەچڵیی و کرچ و کاڵی سوودیان لێوەرگیراوە.

کورد لە باشوور بە کردەوە و لە مەیدانی سیاسەت، ئیدارە، کولتووری پێکەوەبوون و دژی یەکتربوون

سەلماندوویانە، کە بەشێکن لە گەمەیەکی گەورەتر و لە بازنەی دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستاندا جێدەگرن. ئەوان لە پێناوی گەیشتن بە ویستەکانیان زۆر گوێیان لە کوردایەتی و هەروەها نیشتمانپەروەری نەبووە و نییە و ئەگەر جێگەیان لەقبوو، یەکسەر لە گەڵ دەسەڵاتی بەغدا، تاران، ئانکارا و دەمشقدا ژێربەژێر سازاون. پارتە گەورە و تەنانەت بچووکەکانی باشوور لەو هاوکێشەیەدا بە ڕێژەی جیاواز بەشدارن و مێژووی نیوەسەدە جوڵانەوەی کورد ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو راستییە تاڵەیە. باشوور و پارتە چەکدارەکانی ئەمڕۆش بۆ مانەوەی خۆیان و دوێنێش بۆ درێژەدان بە گەمەی مانەوەی بنەماڵەکان لە لوتکەی دەسەڵاتدا، بەسەر بەرە ناوچەییەکاندا دابەشبوون و بە سێبەری ئێران، تورکییە، عێراق و جاروبار سوورییەش لە پێدەشتەکانی بەناو سیاسەت و ئیدارەدا پێناسەدەکرێن. تێگەیشتنی ئەوان لە سیاسەت، دیپلۆماسی، کولتوور، مافی خەڵک و ئازادییەکان لە سەر بەستێنێکی پتەو رۆنەنراوە و کۆی یاریەکە لە بازاڕێکی رەش دەچێ، کە کۆتاییەکەی نادیار و ئاکامەکەی سەرسووڕهێنەرە.

پرسی حکومەت و گەمەی دیموکراسی لە باشووردا لە سەنگی مەحەک دراون، بەڵام هێشتا بەچاوی عەقڵ باڵەخانە وێرانەکە نابیندرێ. لەو هەرێمە پارتە دەسەڵاتدار و خاوەن چەکدارەکان لە گەڵ پارتە سیاسییە بێ چەکدار و پارەکان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بە ڕێژەیەکی باش لە یەکتر تێگەیشتوون. ئەوان و زۆر کۆمپانیای بازرگانی-سیاسی دیکە گەیشتوونە خاڵی کۆتایی و دەزانن، کە ئەو هەرێمە و خەڵکەکەی بۆ گۆڕان ئامادەنین. هێزە سیاسییە باڵادەست و خاوەن چەکدارەکان سوکانی سیاسەت، ئابوری، دیپلۆماسی و ئاسایشیان بەتەواوەتی قۆرخکردوە و دەنگدەر و بایکۆتکەریان بێدەنگ و کز کردوە. بزوتنەوە گۆڕانخواز و چاکەخوازەکان لەو مەیدانەدا لە پرسی گۆڕانکارییەکاندا شکستیان خواردوە. ئەوان لە گەڵ یەکتر ناتەبا و بەشێک لەوان ژێربەژێر لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هاومەبەست بوون. گۆڕان کە ڕێبەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنی دەکرد، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ کەوتە داوی شیرینیەکانی حکومەت و پۆستە ئیدارییەکان، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا کەوت.

بزوتنەوەکە لە ماوەی نەخۆشکەوتن و دواتر کۆچی دوایی ڕێکخەرەکەیدا، نەوشیروان مستەفا، کارتە سیاسیی و دەرفەتە ئەرێنییەکانی بەئاسانی سووتاندن. ڕێبەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە لە بڕیاردانەدا شل و خاو و لە خویندنەوەی دوارۆژی هەرێم و ناوچەدا لاواز و پاشکۆ دەرچوون. بەشێک لە هەڵسووڕاوانی ئەو بزوتنەوەیە لە تاوی شیرینییەکانی پۆستە ئیدارییەکانی حکومەت و شاروانییەکان پرینسیپەکانی بزوتنەوەکەیان لەبیرکرد.

ژمارەیەک لە ئەندام پارلەمان و وەزیرەکانیان لە نیوەی ڕێگادا هێلکەکانیان دۆڕاندن و لە گەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان بەنهێنی سازان و زانیارییەکانی ئەو بزوتنەوەیان رادەستی پارتی کرد. گۆڕان لەو دۆخەدا شەکەت و ماندوو توانای جوڵە سیاسییەکانی کەم و لاواز بوون و لە پرسی ڕێفراندۆمدا دوا کارتی سیاسیی خۆیان دۆڕاند.

بزوتنەوەیەک کە ڕۆژانێک کۆکەرەوەی دەنگە نارازییەکان و ڕێکخەری درووشمی چاکسازی بوو، روخساری گۆڕا و خەریکە بەبێدەنگی دەبێتە هێزێکی هەلپەرەست و دژ بە بنەما و پرینسیبەکانی رابردووی دەجوڵێتەوە. شایانی باسە، کە بزوتنەوەی گۆڕان لە بواری رەوانیی و ئەخلاقییەوە ئەرکدار بوو خۆی لە قەرەی حکومەتی داهاتوو نەدات. ئەوان بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی هەڵبژاردن، گێڕانەوەی متمانەی هاوڵاتیان و دەرچوون لە قەیرانە نێوخۆییەکان لەو قۆناخەدا وەک بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن ئەرکەکانیان راپەڕاندبا. باوە دەڵێن، کە خەونی مرۆڤە گەورەکان بە مرۆڤی بچووک دەستەبەر نابێ و خەریکە ئەو وتەیە لە سەر بزوتنەوەی گۆڕان دەبێتە راستییەکی حاشاهەڵنەگر. بەمانایەکی دیکە، گۆڕانێک کە تەنیا درووشم بێت و هەڵگری باوەڕ و ستراتیژی نەبێ و خۆ نەگرێتەوە، لە ڕێگادا دەکەوێ و وزەی درێژەدانی ڕێگای نامێنێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

---

## ژێرخانی لاوازی کوردایەتی و پاشخانی تەپڵەکی ئازادیخوازی کوردان

کوردەکان لە هەڵسەنگاندنێکی رواڵەتیی و تێپەڕدا زیاتر بە قوربانی سیاسەتی نەتەوە و دەسەڵاتە باڵادەستەکان پێناسەدەکرێن. ئەوان بە هۆکاری جیاواز زۆر نەپرژاونە سەر دۆخی نێوخۆیی و هاوشێوەی ناوچە و گەلانی دیکەی جیهان دەرفەتی خۆناسین و خۆبەڕێوەبردنیان نەبوە. لە ئەدەبیاتی رۆژانە و بەناو شۆڕشگێڕیی و تەنانەت لە هۆنراوە و پەخشانی زۆر ناوچەدا نوکی رمبی رەخنە لە دوژمن و سیاسەتەکانیەتی. شایانی باسە، کە دوژمنە دەرەکیی و مێژووییەکانی کورد سیاسەتێکی رەق و سەرکوتکەرانیەیان دژ بە کورد بەکارهێناوە. ئەوانیش بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ گەشەیان نەکردوە و کۆمەڵگەی فارس، تورک و عەرەب لە ئێران، تورکییە، عێراق و

سوورییە بە هاوکاری دەرەکی یان بە لۆژیکی هێز و سەرکوت کەوتوونە سەرپێ. ئەو ژینگەیە لە درێژخایەندا کوردەکانیشی گرتۆتەوە و کولتوور و دۆخێکی گشتی نەخولقاوە، کە تەتەڵەی رابردوو و بەربەستە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکرێ. لە ئاکامدا، دەسەڵات و نەتەوە باڵادەستەکان بۆ خۆدەربازکردن لە هەڵگرتنی باری قورسی بەرپرسیارەتی بە ماکە و سەرچاوەی بارودۆخی دژواری کوردان ناسێندراون. گومانێک لەوەدا نییە، کە کوردەکان راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کەوتوونە ژێرباری دژواری ئەو دەوڵەت و گەلانەی، کە رێز لە بایەخە جیاوازەکان ناگرن و باوەڕیان بە ئازادی بیرکردنەوە و چاکسازی راستەقینە نییە. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر ئەوان لەو رێچکەیەدا رۆڵی بنیاتنەرانەیان بگێڕابایە، کۆمەڵگەی خۆیان و کورد لە قۆناخێکی دیکەدا دەژیان و رۆژانی سەرکوت و سڕینەوە لە کولتووری ئەمڕۆدا ئاسەواریان نەدەما.

ئێمەی کورد ناچارین بۆ دەربازبوون لە بازنەی شکستە بەردەوامەکان و خۆدزینەوە لە سەرچاوە و فاکتەری نەخۆشییە درێژخایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هێزی لۆژیک دەکاربێنین. بەمانایەکی دیکە، فاکتەری دەرەکی لە خوێندنەوەکەدا پەراوێزبخەین و وردتر بە ناخی کۆمەڵگەی کوردەواریدا شۆڕببینەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە زۆر فاکتەر دەتوانین بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، کە لە بەستێنە جیاوازەکاندا رۆڵ و نەخشی بەرچاو دەگێڕن. لە ژێر تیشکی ئەو فاکتەرە جیاوازانەدا بەو ئاکامە دەگەین، کە لە زۆر بەستێندا ئامادە و سازنین. لە ماوەی سەت ساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕێکی گەورە و بەرین لە خانە جیاوازەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگەدا دەستەبەر نەبووە. کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە هێشتا لەو ژینەگەیەدا بەرچاوناکەون و بژاردەی کۆمەڵگە، هێزە سیاسیی و رێکخراوە جیاوازەکان، رووناکبیران، نووسەران و هتد لە سەر بنچینەی کۆن و کلاسیکی کۆمەڵگەدا جوڵەدەکەن. تێڕوانینەکان جیاوازن و بە تێڕوانینی من دۆخی نالەبار و پڕ لە قەیران و کێشەی کۆمەڵگەی کوردەواری بێجگە لە فاکتەرە دەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم چەند خاڵەی خوارێ:

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە مانای وشە هیچ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابوری لە رابردوودا ئەنجام نەدراوە. ئەگەر وردەبزوتنەوە و راپەڕینە ناوچەییەکان لە مێژووی کوردان بسڕینەوە، بابەتێکی تایبەت و کۆنکرێت نامێنێ. لە بازنەی کۆمەڵگەدا شۆڕش و بزوتنەوەیەکی گەورە و کاریگەر نەبووە، کە کۆکەرەوە و وریاکەرەوەی کوردەکان بێ. سیستمی عەشیرەتیی و خێڵایەتی دەرفەتی دونیابینیی و دووربینی لە تاکەکانی کۆمەڵگە ستاندوە. کۆمەڵگەی کوردەواری لە پێشکەوتنە کاریگەر و چارەنووسسازی رووناکبیرانە، کولتووری، زمانەوانیی و سیاسی دوور

ڕاگیراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی کۆمەڵگەی نەتەوە باڵادەستەکانی ناوچەکەش ئەوەیە، کە ئەوان بەو دۆخەدا تێپەڕیان نەکردوە و زۆر چەمک و بابەتی مۆدێرنیان بە رمەکی و رواڵەتی وەرگرتوە. لە ئاکامدا، لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەت، تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و هەروەها دانپێداهێنان بە بایەخ و مافەکان ئالەنگاریی و بەربەستی زۆر هەیە. لە قۆناخی رابردوودا کەمترین کار لەسەر ئەو بایەخ و بابەتانە کراوە، کە لە هەڵسووڕاندنی کۆمەڵگەیەکی ئەمرۆیدا نەخش دەگێڕن. لە باشترین حاڵەتدا کوردەکان پاشکۆی نەتەوە جیرانەکان بوون و زۆر بەکەمی توانیویانە پردی پێوەندی نێوان جیهانی پێشکەوتوو و کوردستان بن. ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی دیکە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە گەڵ مێژوو، کولتوور، سەنعەت و یاسای وڵاتانی رۆژئاوایی ئاشنادەبن و بەشێک لەو بابەتانە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بۆ وڵات و نەتەوەکەیان دەگوازنەوە. کوردستان و کوردەکان لەو بارەوە بێجگە لە پاشکۆیەکی گوێڕایەڵ و بێئاگا ئەرکێکی دیکەیان رانەپەڕاندوە. گەلانی دیکە لە پێناوی باشترکردنی دۆخی تێکڕایی وێنەیەکی روونتریان لەبەرچاو بووە و باشتر لە کورد بیریان لە ئەمرۆ و دوارۆژی خۆیان کردۆتەوە. ئەوان لە شکستی شۆڕشەکانیان زیاتر فێربوون و لە بازنەی سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بوونە وەزنەیەکی دیار، بەڵام کوردەکان بەداخەوە لە بەر پەرتەوازەیی و نەبوونی هزر و هێز قەت بەو ئاستە نەگەیشتن.

کوردەکان خاوەنی قەوارەی ئازاد و ژینگەیەکی سەربەخۆی ئیداری نەبوون، بۆیە لە بەرهەمهێنانی بیری سەربەخۆدا کڵۆڵ دەرکەوتوون. ئەوان لە ماوەی پێنج سەدەی رابردوودا لە ژێر حوکمی عوسمانییەکان یان پاشاکانی ئێراندا ژیانی ئیداری خۆیان بەڕێوەبردوە. نەبوونی بیری سەربەخۆخوازانە، رایەڵکەی خێڵایەتی، ئاغایەتیی و ئایینی کوردەکانی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ڕاگرتوە. ئەوان چارەنووسیان بە قەڵەمی خودایی زانیوە و ژیانی خێڵایەتیان بە یەکەم و دوابژاردەی ژیان پێناسە کردوە. سەرۆکهۆز، شێخ، ئاغا و ئەمیرە کوردەکان بەکردەوە و هزر نەگەیشتوونە هێڵی خۆناسی و گەڕانەوەی ئازایانە بۆ هزر و ژیری، کە بە کۆڵەکەی رزگاری ئەو سەردەمانە دەناسرێن. هەست و کفوکوڵی گشتی لە بازنەی ناوچەیەکی بەرتەسکی خێڵ، شێخ و ئاغادا سەریهەڵداوە. ئەوان بەدەگمەن بیریان لەوە کردۆتەوە، کە لە چوارچێوەی خاک و ژینگەی خۆیاندا بڕیاردەر و سەربەخۆ بژین. سەربەخۆیی بۆ ئەوان چەمکێکی نەناسراو و ئازادبوون بابەتێکی ئاڵۆز و تەتەڵەنەکراو. ئەگەر کوردەکان لە چوارچێوەی ئیدارەی خۆیاندا هاوپەیمان، خاوەن پێوەندییەکی نووسراو و هەڵسەنگێندراو و خاوەن تێڕوانینی سەرووی خێڵ و سوڵتان و پاشاکان بوونایە، بێگومان پردی پێوەندی زیاتر و زۆرتر لە نێوان خەڵک، خێڵەکان،

ئەمارەتەکان و هەروەها ناوچە جیاوازەکاندا سازدەکرا. سەنعەتی جیاواز گەشەی دەکرد و زمانی ئیدارەکردن، کارپێکردن و بەرهەمهێنان دەبوونە ئەمرێکی ڕۆژانە و پێداویستییەکی سەردەم. پاشخانی ئابوری، کولتووری، زمانەوانی، مێژوویی و هتد بنچینە و کۆدە هاوبەشەکانی زیاتر پەرەپێدەدا و لە کۆتاییدا توانا و هێزە فیکریی وماددییەکان و تەنانەت هێزی بەرگریی هاوبەش شکڵی دەگرت. نەبوونی بنکە و ناوەندی ئیدارەدانی خۆماڵیی و دووربوون لە گیانی سەردەم و خۆناسین، کوردەکانی لەبەردەم مەترسییەکان لاواز و زەبرۆێکەوتوو کرد. دەرفەتی تێڕوانینی تێکڕایی و کردەوەی هاوبەش بۆ خۆپاراستن و ئازادبوون نەخوڵقا و هەتا سەرەمەرگی عوسمان و پاشاکانی قاجاڕ و دواتریش، کوردەکان بۆ دەسەڵاتە سەردەستەکان وەفادار، چەکدار و باجدەری مانەوە. ڕاهاتن بە کولتووری ژێردەستی و مانەوە بە ناوی خودا لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتان و پاشا، وزەی بیرکردنەوەی لە کوردەکان ئەستاند و ئەوانی شەکەت و ماندوو و بێچارە لە مەیدانی سیاسەتی دەوڵەتاندا توورهەڵدا.

کوردەکان سەردەم و قۆناخی ناسراو بە ڕەوتی "ڕووناکبیریەتیان" تێپەڕنەکردوە. کورد لەو سەردەمەدا تەنیا خاوەنی چەند کەسی ڕووناکبیر یان خاوەن بەرهەمە، کە بۆیان نەلواوە لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا کاریگەر بن. لەو قۆناخەدا ڕێژەی خوێندەواری لە نێو کورداندا یەکجار کەم بووە. لەو ڕۆژگارەدا، گەلانی دیکەی جیهان دەسەڵاتی کەلیسا، ناوەندە ئایینیەکان و پاشاکانیان خستبۆ ژێر تیغی تیژی ڕەخنە و مرۆڤ و توانا جیاوازەکانی مرۆڤ و زانستیان بە بناخەی ئیدارە و ژیان پێناسەکرد. باوەڕ بە بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە گەشەی کرد و بایەخەکانی وەک ئازادی، ماف و خۆباوەڕی زیاتر بڵاوبوونەوە. کوردەکان لەو ڕۆژگارەدا هێشتا لە ژێر سێبەری ئایین، سوڵتان، شا، ئەمیر ، شێخ و تەنانەت خێڵەکانیاندا دەژیان و هاوکێشەی شۆڕشە گەورەکانی جیهان و ڕاسانی ژیرایەتی مرۆڤیان بەلاوە نامۆ بوو. لەو سەردەمەدا تێڕوانینەکان بەرامبەر بە مرۆڤ، دەسەڵاتدار، عەقڵ، ژیری، هونەر، دین، ماف و ئازادییەکان گۆڕان، بەڵام لە کوردستاندا ئەو بابەت و چەمکانە نەناسراو مانەوە. ناوەندی فێرکردن، بابەتی فێرکاریی و هەروەها پێشکەوتنی هەمەلایەنە لە کوردستاندا نەبوون، بۆیە ڕەوتی ڕووناکبیریەتی و ڕووناکبیری لەو ژینگەیەدا لاقی نەگرتن. کوردەکان لە گەڵ شۆڕشە گەورەکانی جیهان و بیر و فەلسفەی سەردەم بێگانەبوون و ڕووناکبیرەکانی زۆر بەدەگمەن لەو سەردەمەدا توانیویانە لە جەرگەی کۆمەڵگەدا جوڵەیەکی کاریگەر و شوێندانەریان هەبێ. فکر و هزر لە بناخەدا و دەق و نووسین بە زمانی دایک لە نێو کوردەکاندا بە شێوازێکی دیار و گشتی شکڵی نەگرتبوو. کولتوور، پەروەردە، وێژە و بابەتە چاندییەکان بەجۆرێک پەرەیان نەسەندبوو، کە ڕووناکبیری بەرپرسیار و ڕەخنەگر بەرهەمبێنێ. بەواتایەکی سادە، کوردەکان تێگەیشتنی خۆیان بۆ ناسینی جیهانی

خۆیان و ئەوانی دیکە، ئازایانە و سەربەخۆیانە بەکار نەدەهێنا و لە ئاکامدا لاواز، پەرتەوازە و دەستبەتاڵ لە بن باڵی شا، سوڵتان و وردە دیکتاتۆرەکاندا دەژیان. هەژاری بناخەی هزریی و فکری کوردەکان و ئامادەنەبوونیان بۆ ناسینی جیهانی تازە و تایبەتمەندییەکانی، تاکەکانی زیاتر بۆ ژێردەستی ئامادە کرد. بەشێکی بەرچاوی ژمارە کەمە خوێندەوارەکانی لە بازنەی پاشکۆیەتی نەتەوە سەردەستەکان و دەسەڵاتی ئەواندا گیرۆدە بوون. لاوازی بژاردەی کۆمەڵگە و نەبوونی هیچ دەراوێکی روون و ئاشکرا بۆ پەڕینەوە لە قۆناخی سەدەکانی ژێردەستی و پاشکەوتن، زیاتر لە هەموو بەشەکان لە نەبوونی بەرهەمی نووسین، دەق و بەڵگەنامە ئیداریی و سیاسییەکاندا ئاشکرا دەبێ.

کوردەکان لە گەڵ فکر و سەنعەت و هەروەها فەلسفە و تێڕوانینە جیاوازەکان درەنگتر لە نەتەوەکانی دیکە ئاشنا بوون. یەکێک لەو هۆکارانە نەخوێندەواریی و نەبوونی ناوەندی فێرکردن بوو. ناوەندە ئایینیەکان گیرۆدەی لێکدانەوەی وشک و دوگم بوون و رێژەیەکی کەم دەرفەتی پەروەردەبوون و فێرکرانیان لەو ناوەندانەدا بۆ دەرەخسا. زمانی خوێندن و بابەتە فێرکارییەکان عەرەبی بوون و بەشێک لە کتێبەکانی فارسی و تورکی عوسمانی لە بنکە و ناوەندە ئایینەیەکاندا دەخوێندران، کە لە پرسی خۆناسینی مرۆڤی کورد و ئاشناکردنیان لە گەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم نەدەگونجان. کتێب و رۆژنامەی کوردی لە نێو کورداندا نامۆبوون، بۆیە زمانی یەکگرتووی نوسین لەو قۆناخەدا نەکرا هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە. زمانی نووسین لە ئاستێکی بەرتەسکدا بەکار دەهات و ژمارەیەکی کەم لە خوێندەوارە کوردەکان دەق و تێکستیان پێدەنووسی، بەڵام لە ئاستی گشتییدا نادیار و ون. سەنعەتی چاپ و کتێب، رۆژنامە و گۆڤارەکان لە نێو کورداندا زۆر درەنگ روخساریان دەرخست و کە هاتن، کوردی دابڕاو و پەرتەوازە لە بن باڵی گەلانی دیکەدا شاردرابۆوە. کوردەکان و خوێندەوارە کوردەکان لە کۆنەوە زیاتر زمانی عوسمانی، عەرەبیی و فارسی فێردەبوون، بۆیە ناڕاستەوخۆ زۆربەیان بەرهەمهێنەری کولتووری زمانە سەردەستەکان بوون. بژاردەی کورد لەو مەیدانەدا دووربینانە کاری نەدەکرد و لە سەردەمی رخساو و دەرفەتکانیشدا بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە لانی کەم بە یەک ئەلفبێ بنووسێ. هەستی ناوچەگەرایی، خێڵایەتی و هۆزایەتی لە گیانی زۆربەی نووسەران، رووناکبیران، سیاسەتکارەکان و بژاردەی کۆمەڵگەدا شەپۆلی داوە، بۆیە لە سەر هیچ بابەتێکی گشتیی و چارەنووسسازدا هاوفکریی و هاوکاری نەبوە. مامۆستا ئایینیەکان کە دەرفەتی باشتر و زۆرتریان لە خەڵکی دیکە هەبوە، تێنەکۆشاون دین و کتێبە ئایینیەکان بکەنە فاکتەری خوێندەوارکردن، پەرەپێدانی زمانی دایک و هەروەها خۆناسینی کوردان. مەلای کوردان بە تەمبەڵترین توێژی ئایینی لە نێو گەلانی

ناوچەدا بەئەژمار دێن. ئەوان تەنیا لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا وردە ڕۆڵێکیان گێڕاوە، بەڵام لە پرسی ئازادیی و گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خەڵک و بایەخەکاندا لە پاشکۆیەکی رووت و ڕەجاڵ زیاتر نەبوون. ئەوان لە تەتەڵەکردنی پرسە ئایینیەکاندا پاشڕەو و شوێنکەوتەی ئەوانی دیکە بوون و بەرهەمهێنەری رەخنە لەو بەستێنەدا نەبوون.

کوردەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی وەکو دۆڕاوێکی ناسراو کەوتنە داوی گەمەیەکی دژوارتر لە جاران. نەبوونی زمانی یەکگرتووی نووسین کوردەکانی کردە نێچیری چەوری چوار دەوڵەتی تازەی ئێران، تورکییە، عێراق و سورییە. ڕەوتی خەبات بۆ ئازادیی و رزگاری بەنیوە چڵی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا پەرەی سەند. خەڵکی دابەشکراوی کورد و تاکەکانی لەو سەردەمەدا هێشتا بە تەواوەتی لە قورسایی کەوتن و دابەشکرانەکەیان تێنەگەیشتبوون. رووناکبیر و بژاردەی کۆمەڵگە لە هێندێ ناوچە بە هاوکاری دانیشتوانی ناوچەکان دژ بە سیاسەتی داگیرکاری نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکان ژمارەیەک جوڵانەوەیان وەڕێخست. تەوژمی جوڵانەوەکان لاواز و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس دەمان و پاش ماوەیەک سەرکوت دەکران. کوردەکان لە بەر لاوازی پاشخانی هزری، زمان، تێڕوانینی سەردەمیانە، مێژووی نووسراو و کزبوونی رایەڵکەی هاوکاری نێوان خەڵک بەرەو ئۆردووگای دوو ئەلفبێی جیاواز رۆیشتن. بزوتنەوە سیاسییەکان و خەباتی چەکدارانەیان بە ڕێژەیەک لە پاراستنی زمان و گیانی خۆڕاگری کاریگەربوون، بەڵام ئەو بزوتنەوانە لە سەر بنچینە و پاشخانی کۆمەڵگەدا پڕبوون لە ناتەبایی و کێشەی جیاواز. پارتە سیاسییەکان لە رووکار و شکڵدا سەردەمیانە بوون، بەڵام بە ئاکار، کردەوە و سیاسەت کولتووری خێڵ و رایەڵکەکانی شێخایەتی و ئاغایەتیان بەرهەم هێناوەتەوە.

بزوتنەوە کوردییەکانی پێش و پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە نەخۆشییە کوشەندە کۆنەکان رزگاریان نەبوبوو و هەر کامەیان بە فۆڕمێک لەبەرهەمهێناوەی کولتووری پەرتەوازەبوونی و نایەگرتوویيدا بەشداربوون. درووشم و کردەوە، دیپلۆماسی و سیاسەت، ئیدارە و هەروەها هونەری رێبەرایەتی ئەو هێزە سیاسیانە لە نێوخۆدا خاڵ و کولتوورییە نەرێنیەکان دووبارە کردۆتەوە. کۆماری کوردستان، ئەگەرچی دەرکەوتنێکی پڕشنگدار لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا بوو، بەڵام لە بەر زۆر هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی دەکەوێ. لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ و لە ژێر دەرفەتی رەخساوی زلهێزەکاندا، کوردەکان لە باشووری کوردستاندا هەڵبژاردنی پارلەمانی بەڕێوەدەبن و حکومەت پێکدێنن. لە هەناوی هەڵبژاردنەکان، کفوکوڵی پارتە بەرژەوەندیخواز و لاسارەکان، حکومەتی

پاشکۆبەتاڵ و نەبوونی کولتووری ئیدارە و ژیری سیاسییدا، شەڕی نێوان لایەنەکان سەرهەڵدەدا و هەتا قۆناخی خۆدانە پاڵ دەوڵەتە سەردەستەکان درێژەی دەبێ. ئەوان لە دەرفەتە زێڕینەکانی پاش رووخانی سەددام کەمترین سوود وەردەگرن. شایانی باسە، کە کوردەکان لە لە رۆژئاوای کوردستانیشدا لە ماوەی سالآنی رابردوودا دەرفەتەکانیان نەقۆستەوە. ئەوان بە کورتی بوونە قوربانی سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی دێموکڕاتی کوردستان و توێژی بەناو بژاردەی رۆژئاوای کوردستان، کە پاشکۆی ئەم و ئەو بوون.

پێوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان لە باکور، باشوور، رۆژهەلآت و رۆژئاوا پێوەندییەکی نەرێنی و لە سەر بناخەی خۆ، تاک و بنەماڵە سەپێنییە. پارتە سیاسیی و سیاسەتکارە کوردەکان و تەنانەت بژاردەی کۆمەڵگە لە پانتایی مێژووی سیاسەت و کوردایەتی هاوچەرخدا نەیانتوانیوە، خۆیان لە ژێر تەوژم و پاڵەپەستۆی دەسەلآت و کولتووری نەتەوە باڵادەستەکان رزگارکەن. مێژووی حیزب و پارتە سیاسییەکان لە خوێندنەوەیەکی کورتدا دەیسەلمێنێ، کە بەکردەوە توانا و وزەی سەرختسنی رەوتی رزگاری نەتەوەکەیان نەبووە. ئەو هێز و پارتە دەسەلآتخوازانە و بژاردەی بەڕێوەبەر و خاوەن فکریان لە گەڵ کایەکانی سەردەم رانەهاتوون، بۆیە لە گەڵ گیانی رەخنەگرتن لە خۆ و تێکۆشانیان نامۆن. ئەوان لە ژێر کارتێکەری بەرژەوەندییە تەسکەکانیان توێژێکیان پەروەردە کردوە، کە لە سەدەی ٢١دا نەک رەخنەگرتن قبوڵ ناکات، بەڵکو بە گیانی خێڵایەتی کۆن لەسەر چەمک و دیاردەکان دەدوێ و دەنووسێ. بژاردەیەک، تەنانەت پاش دوورکەوتنەوە لە حیزبەکان و کوردستان و تێپەڕکردنی ساڵانێکی زۆر لە نێو کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا، هێشتا بە تامی سەردەمی بەرچاوتەنگیی و یەکلابینی دەجوڵێتەوە و فتوا دەدات و تەکفیر دەکات. ئەوانە، لە دنەدان و شەڕی باڵ و لاباڵی حیزبەکان و هەروەها ناوچەگەراییدا سەربازی خۆبەخشن، بەڵام لە بەرەی بەرهەمهێنانی فکر و هەروەها خوڵقێنەریی و رەخنەگرتندا سەرکز و ماتن.

پارتە کوردییەکان و بژاردەی کۆمەڵگە بەو کولتوورەی ئەمڕۆ کاری پێدەکەن، ناتوانن لە داهاتووی کوردستاندا کارساز و پڕبەرهەم بن. ئەوان لە ژیاندنەوەی کێشە کۆنەکان، کولاندنەوەی برینەکان و هەروەها لە دابەشکردنی زیاتری خەڵک بەسەر هەست و کفوکوڵە ناوچەیی و خێڵەکیەکاندا ئەکتیو و چالاکن. بژاردەی کورد و رووناکبیرەکانی لە ئاستێکی بەریندا ناتوانن و ئیرادەناکەن لە سەر رێچکەی راستەقینەی روناکبیری تێبکۆشن و لە نێوخۆ و دەرەوەدا بەسەر بەرە و بیری جیاوازدا دابەشدەبن. پارتە سیاسییەکان و ئەندامەکانیان لە پارتە بەناو دێموکڕاتەکانیشدا ئەوەندە کۆنەخواز و چەقیون، کە ئامادەنین رەخنە لە سکرتێر یان بەڕێوەبەری پارت و

حیزبەکانیان بگرن. ئەندامی حیزبەکان و بەناو ڕووناکبیرەکانیان لەو مەیدانەدا ئەوەندە چوونەپێش، کە بە فۆڕمی شەڕە گەڕەک، گوند و عەشیرەت لە فەزای مەجازیی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەون. کەمتر دەبینی، کە بژاردەی کۆمەڵگە و روناکبیرەکان لە بەکولتووركردنی نەریتێکی تازەدا پێشڕەو بن و ئازایەتی دەربازبوون لە سێبەری پاشکۆیەتیان هەبێ. بژاردەی کۆمەڵگە و خویندەواری کوردستان ئەگەر تێڕوانینی سەربەخۆ و رەخنەگرانە و راستگۆیانەیان نەبێ، لەو دۆخە داسەپاوە رزگاریان نابێ. دۆخێک، کە لە بازاڕێکی شێواو و رەش دەچێ و زیاتر لە هەموو کەس جێگەی بازرگانە سیاسی، ڕووناکبیرە چەقەنەلێدەرەکان، بژاردەی خەوتوو و ئەو دەلاڵ و چاپلووسانە دەبێتەوە، کە مانەوەی خۆیان لە درێژەکێشانی ئەو بارودۆخەدا دەبینن. نە حیزبایەتی بە چەقەنەبازی دەکرێ و نە زمانی یەکگرتووی نووسین بە چاوشارکێنەی منداڵانە دەستەبەر دەبێ. ئاڵوگۆڕی وشەکان، گۆڕینی جلوبەرگی سوور بە زەرد، دانان یان لابردنی جەمدانە و شەدە و قوماری خەندە و چاو هیچیان چارەسەری دژواریی و رۆژڕەشییەکانی کوردان ناکەن.

ئەگەر بارودۆخەکە نەگۆڕین و خۆمان لەو بەینەدا نەگۆڕین، درووشمە سیاسییەکان و خەبات دژ بە سەرەڕۆیی نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان ژانی شکان و کەوتنەکانمان کەم ناکەنەوە و دواڕۆژمان لەمڕۆ و دوێنێ باشتر نابێ. ژێرخان و پاشخانێکی تەپڵەک، درزدراو، لەرزۆک و پڕ لە ناتەبایی ناتوانێ سەرخانی کوردایەتی راگرێ و لە کۆتاییدا دادەتەپێ. بۆ ئەوەی زۆربەی نەخۆشییە باوەکانی کۆمەڵگە سەرلەنوێ و بە تەوژم و روخساری تازە سەرهەڵنەدەنەوە، گونجاوە کوردایەتی لە بنچینەوە تاریف بکەینەوە و حیزبایەتی بە کولتوورێکی تازە بکەین. ئێمە دەبێ ئازایەتی ئەوەمان هەبێ، کە لە کارەساتی نەبوونی زمانی یەکگرتووی نووسین تەنانەت لە یەکپارچەی کوردستاندا تێبگەین! لە کولتووری ڤێزەوەنی سەرۆکسازی و بنەماڵە سەروەری لە سیاسەت و حیزبایەتی تێبگەین و لەو شێرپەنجەیە خاک و خەڵکەکەمان رزگار بکەین. مێژووی١٠٠ ساڵی رابردوو بە ئاشکرا دەیسەلمێنێ، کە کوردەکان بەو رێبازە کارپێکراوە، مافەکانیان دەستەبەر نابێ. تاکی ئازاد و بژاردەی ئازا لە کایەی ڕووناکبیریی و هەموو بەستێنەکانی دیکەدا پێویستن و دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی رێچکەیەکە بۆ سەرکەوتن. هەموو خەڵک لە خەباتی رزگاریخوازانەدا بەشدار نابێ. زۆربەی کۆمەڵگە لە خولقاندنی دەرفەت بۆ قبوڵکردنی زمانی یەکگرتووی نووسیندا پێشرو نابن، بۆیە پارت و رێکخراوەکان و لەوان زیاتر بژاردەی کۆمەڵگە ئەرکدارن، کە لەو مەیدان و بەستێنانەدا ورد و خاوەن کرداری داهێنەرانە بن.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## بابەتەکانی: ساڵی: ٢٠١٩

# پایەمێکی کراوە و چەند سەرنجێک بۆ کۆنگرەی داهاتووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

### پوختە

ئەو پەیامە هەڵگری تێڕوانینی ڕەخنەگرانەیە و لە سەردەمێکدا دەنووسرێ، کە حیزبایەتی لە نێو کورداندا بەڕێژەیەک لە بایەخ کەوتوە. بەشێک لە حیزبە کوردییەکان لە قۆناخێکی دیاریکراودا ئەکتەرێکی کارا و چالاکبوون، بەڵام ئەمڕۆ لاپەڕەکان هەڵدراونەوە و ژینگەی حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆخێکی نەخوازراودا تێدەپەڕێ. حیزبی دێموکڕات قورسایی جارانی نەماوە و لە ژێر کارتێکەری ژمارەیەک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکیدا بە لاسەنگیی و دابڕاوی لە مەیدانەدکەدا هەیە. حیزبایەتی کوردان بە یاسای خۆڕسک و لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازانەدا لاقی هەڵگرتووە، بۆیە ئەو ڕەوتە و پێوەندی نێوان یاسا، خەڵک، تاک و حیزبایەتی بە کرچ و کاڵی گەشەی کردوە. لە مەودای خەباتی شاخ و شاردا کێشە و گرفتی جیاواز لە نێوخۆی حیزبەکاندا و لە پێوەندی حیزبەکان لە گەڵ یەکتردا سەریانهەڵداوە. لە ململانێی نێوخۆدا لۆژیکی هێز، توندوتیژی، چەک و شکاندنی کەسایەتی مرۆڤەکان کەڵکیان لێوەرگیراوە. لە کێبەرکێی نێوان هێزە سیاسییەکاندا سەرکردە، بنەماڵە و پێشمەرگە و لایەنگرەکان لە چەکی جۆراوجۆری وەک یەکترشکاندن، پیلان، چەک و تەنانەت دەستێکەڵکردن لە گەڵ دوژمن سوود وەرگیراوە. کۆنگرەکان بۆ حیزبەکان ناوەندی یەکلاکردنەوەی کێشەکان نەبوون و زۆرجاران پێش و پاش کۆنگرەکان دژکردەوەکان گەیشتوونە لوتکە و پارت و ڕێکخراوی تازەی بەرهەمهێناوە. حیزبی کوردی بە تەواوەتی لە قەیراندا دەژیت و پێویستە دووبارە حیزبایەتی و حیزب لە کوردستاندا تاریف بکرێنەوە. حیزب لە کۆمەڵگە دیموکڕاتیکەکاندا خاوەنی بایەخی تایبەتە و هەتا ئەمڕۆ جێگە و پێگەی نەلەقیوە.

بە واتایەکی دیکە، جێگرەی حیزب لە پرۆسەی دێموکراسی و ئیدارەکردنی کۆمەڵگە دێموکراتەکاندا دەرنەکەوتوە. لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا یاسا سەروەرە و حیزب و پارتە سیاسییەکان لە ژێر حوکمی یاسادا کاردەکەن. لە کوردستانی داگیرکراودا دەوڵەت و یاسا چەوسێنەر و تۆقێنەرن و دەرفەتی ژیانی ئازاد و گەشەکردنی ڕێکخراو و پارتە سیاسیی و ئەوانی دیکە نەخوڵقاوە. کوردەکان بۆ سەرکەوتن پێویستیان بە حیزب و حیزبایەتی هەیە، بەڵام حیزب ناکرێ ڕۆڵی دەوڵەت، عەشیرەت، کۆمپانیا و دەزگا جیاوازەکانی دیکە بگێڕێ! تاک و کۆی کوردان لەو کایەدا کاریگەری خۆیان هەیە و کۆمەڵگەیەکی وریا، بژاردەی ئاگا و بەرپرسیار بە هەموو بایەک شەن ناکەن و لە کۆتاییدا خۆیان بڕیاردەر و سەرچاوی دەسەڵاتن. ئەوان ئازادی خۆیان نافرۆشن و لە پێناوی خاک و خەڵکدا ئامادەی فیداکارین، بۆیە تەسلیمی دیکتاتۆرییەتی دەرەکیی یان خۆماڵی نابن.

## سەرەتا

گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە دۆخێکی نادیار و ڕۆژگارێکی ئاڵۆزدایە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر پاڵەپەستۆی قورس و سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتی ناوەند و قەیرانە بەژان و درێژخایەنەکاندا دەناڵێنێ. چارەنووسی گەلەکەمان، بەرژەوەندی خاک و خەڵک زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە تاکتیک و ستراتیژیەکی ورد و هەڵلاجیکراوە. جۆغرافیای نیشتمان و جیرانەکانمان بۆ ناگۆڕێ و ناچارین لە گەڵ ئەو دۆخەدا بگونجێین. توانای ڕووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندمان نییە، بەڵام ناکرێ گیانی تەسلیمبوون و کولتووری خۆبەدەستەوەدان لەوە زیاتر پەرەبستێنێ. وزەی کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی وڵاتمان نییە، بەڵام دەتوانین لە کوردستان و لە قووڵایی کۆمەڵانی خەڵکدا ببینە خاوەنی بزوتنەوەیەکی یەکدەست و کارا. کۆمەڵگەی کوردستان لە رابردوو وریاترە، بەڵام لە ژێر سیاسەتی توند و دوژمنکارانەدا پشتی چەماوەتەوە و زیاتر لە جاران درزی تێکەوتوە. نیزامی ئێران گەیشتۆتە خاڵی وەرچەرخان، بەڵام ئێمەی کورد پەرتەوازە و ناتەباین و بەستێنی داهاتوومان بەخەستی مینرێژ کراوە. لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا وزە و توانایەکی زۆر دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پووچەڵکردنەوەیان تەرخانکراوە. مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی کورد دژ بە نیزامی تاران بەربڵاوە، بەڵام لە زۆر گۆڕەپاندا نادیار و ونین. کورد لەو گۆڕەپانەدا پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و پێداچوونەوەیەکی شارەزایانە و ڕەخنەگرانەیە.

پارت و حیزبە سیاسییەکان لەو دۆخەدا لە گەڵ زۆر ئالەنگاری رووبەڕوون. ئەوان وەکوو کۆمەڵگەی کوردەواری پڕن لە قەیرانی رەنگاوڕەنگ و بە مەبەستی جیاواز لە داوی جیابوونەوە لە یەکتر کەوتوون. حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان خاوەنی بیرکردنەوەیەکی هاوبەش و بیرلێکراوەی ورد بۆ دواڕۆژی خاک و خەڵکی رۆژهەڵات نین. حیزبەکان و رێبەرایەتییەکەیان لە گەڵ نوێبوونەوە و خۆبەڕۆژکردنەوە نامۆن و رێژەی بەشداربوونی نەوەی تازە و لاوان لە ئیدارەکردنی حیزبەکاندا یەکجار کەمە. بارودۆخی باشووری کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو وێڕای فاکتەرە جیاوازەکانی دیکە، خەباتی کوردە رۆژهەڵاتییەکانی لە سەر رێچکەی سەرەکی لاداوە. لەو ماوەیەدا، کورد لە هەر سێ پارچەی دیکەی کوردستاندا و حیزبەکانیان دەرفەتی زێڕین و ئەرێنییان دەستکەوتوە، بەڵام رۆژهەڵاتییەکان لەو بارەوە لەبیرکراو و پەراوێزخراون. حیزب و پارتە سیاسییەکان و تێڕوانینیان بۆ دواڕۆژی کورد کەوتوونە ژێر هێڵی سووری رەخنە.

بزوتنەوە جیاوازەکانی کورد لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا دەیسەلمێنن، کە شۆڕش و راسان دژ بە زۆرداری هێشتا بە مانای وشە نەبۆتە کردەیەکی تێکڕایی کوردان. بە واتایەکی دیکە، بزوتنەوەی چەکداریی و رێکخراوە نهێنیی و ئاشکراکان وێڕای بژاردەی کۆمەڵگە لە رێکخڕاوکردن و روونکردنەوەی زۆرایەتی خەڵکدا سەرکەوتوو نەبوون. شۆڕش و بزوتنەوەی کوردان بە چاوی نەتەوە و دەسەڵاتە سەردەستەکان، شۆڕشی راستەقینەی خەڵک نییە. نەتەوە و دەسەڵاتی سەردەست دەبینێ و ئاگادارە، کە کوردەکان بە هەموو مانایەک پەرتەوازە و دابڕاون. ئێمە بەکردەوە دەبینین، کە خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کولتوورێک راهاتوون، کە پاڵپشتی داواکاری رەوا و بەرحەقی مافەکانیان نییە. پارت و رێکخراوە کوردییەکانی ئەو پارچەیە لە تەماویکردنی ئەو دۆخەدا رۆڵی سەرەکیان گێڕاوە. خەڵکی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا بەمەبەستی ئەستاندنی مافەکانیان رێکنەخراون و بزوتنەوەی خەڵک لە هیچ بەستێنێکدا کامڵ و پێگەیشتوو نییە.

خەبات بۆ رزگاربوون پرۆسەیەکی درێژخایەنە و بە چەند درووشمێکی گەورە و سەنگین دەستەبەر نابێ. کولتووری سیاسەتکردن لە نێو کورداندا و حیزبایەتی گەیشتۆتە کۆڵانە داخراوەکان. ئەم جۆرە لە سیاسەت و حیزبایەتی کردنە، کلیلی سەرکەوتن نییە، بۆیە کاتیەتی کە پارت و حیزبە بەرپرسەکان پێداچوونەوەی بنیاتنەر و ئازایانەیان هەبێ. هەموو فاکتە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە ئێمە بەم شێوازە ناتوانین فاکتەرێکی ئەرێنیی و چالاکی ئاڵوگۆڕەکان بین. ئەگەر خۆمان و سیاسەتەکانمان، قەوارە و تێگەیشتنمان و هەروەها تێڕوانین و جۆری

ڕێبەرایەتی حیزب و پارتە سیاسییەکان نەگۆڕین، ناتوانین بیینە وەزنەیەکی جێگەی باوەڕ. کولتووری حیزبایەتیمان پڕە لە ئالەنگاریی و قەیران و لەو پێوەندییەدا پێویستمان بە وەرچەرخانێکی گەورەیە. شەڕە حیزب و کێبەرکێی سیاسەتکارە نابەرپرسەکان لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا زەبری کاریگەری لە پەیکەری گیانی کوردایەتی و باوەڕی خەڵک بە ئازادی گەیاندوە. ئەگەر راستگۆیانە قەزاوەت بکەین، ژمارەیەکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان لە پێناوی خۆسەپێنی یان خۆسەلماندن و مانەوەدا بە درووشم، سیاسەت و کردەوە خەڵکەکەیان بەسەر بەرەی جیاوازدا دابەشکردوە. ئێمە کە خاوەنی دەوڵەت نین و بەردەوام لەژێر هەڕەشەداین، بە چ یاسا و رێسایەک شایانی ئەو گەمە بێزراوەیین، کە پارتە سیاسییەکان بەناوی ئازادیی و دێموکڕاسی بۆ خەڵک و تاکەکانیان بەدیاری هێناوە؟

حیزب و پارتە سیاسییە کوردییەکان زۆرن و بەشێکی بەرچاو لە رێچکەی راستەقینە لایانداوە. پارتە سیاسییەکان لە رابردوودا بەمەبەستی رزگارکردنی گەل و خاک یان دابینکردن و دامەزراندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دامەزراون، بەڵام بەداخەوە خاک و خەڵک رزگار نەبووە و عەداڵەت دەستەبەر نەکراوە. ئاڵوگۆڕە گەورە و بەرینەکانی جیهان و چەقینی بزوتنەوەی سیاسی کوردان لە رۆژهەڵات لە بەستێنێکی دژوار و بەردیندا، دەرفەتی بۆ پێکهاتن و دەرکەوتنی زۆر وردە پارت و رێکخراوی بەناو سیاسی خوڵقاندوە. لە ئاکامدا جۆرێک سەرلێشوان و "هەرکەس هەرکەس" ژینگەی سیاسیی کوردستانی داپۆشیوە. حیزبی دێموکڕات لەو نێوەدا لە ئەرکە سەرەکییەکان لایداوە و سەرەڕای مێژوویەکی پڕ لە فیداکاریی بە هۆکاری جیاواز تووشی گەلێک قەیران و ئالەنگاری بووە. ئەو حیزبە پۆتانسیۆلی رێبەرایەتی بزوتنەوەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لەباربرد و پەرتەوازە و دابڕاو پەراوێز خراوە. بەشێک لەو هۆکارانە دەرەکین و لابردن و چاککردنیان ئەرکێکی دژوارە، بەڵام بەشی سەرەکی کێشەکان نێوخۆیین و قابیلی چارەسەرکردنن.

لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم، کە تەتەڵەکران و خوێندنەوەیان سوودبەخش و ئەرێنییە. شایانی باسە، کە ئەو خاڵە لاوازنە بە رێژەی جیاواز لە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبیندرێن و ئەو نووسینە تەنیا حدک ناگرێتەوە. تاکەکان، کۆمەڵگە و بە تایبەت بژاردەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێژەیەکی زۆر لە بەردرێژبوونی ئەو قۆناخە دژوارەدا بەشدار و بەرپرسیارن.

- ڕێبەرایەتیی و بەتایبەت نەخشی کەسیی یەکەمی حیزب پێویستی بە ئاڵوگۆڕە. حیزب، مێژوو و داهاتووی ئەو خەباتە ناکرێ فیدای کفوکوڵی نابەجێی ژمارەیەک سیاسەتکار بکرێ، کە باوەڕیان لەقە و کردەوەیان گومان دەخوڵقێنێ. ئەو حیزبە بۆ سەرکەوتن و درێژەدان بە خەباتێکی کۆنکرێت و خاوەن بەرهەم، پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی ئاگا، خاوەن بەرنامە، ئازا و باوەڕمەندە. خەباتی ڕزگاریخوازانە سەرێکی وشیار، جەستەیەکی گەنج و شارەزاییەکی کارا و هەڵسووڕ دەخوازێ. ئەو خەباتە تەنیا بە وێنەهاویشتن و وەشاندنی درووشم و قسە سەرناگرێ و سەرناکەوێ. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، باشترە کە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی و دەفتەری سیاسیی سێ دەورە و کەسی سکرتێر لە دوو دەورە زیاتر لەو پۆستانەدا نەبن. ئەگەر کەسێک بە١٠ ساڵ نەتوانێ پڕۆژە و بەرنامەکانی جێبەجێ بکات و واز لە کورسییەکەی نەهێنێ، ئەو کەسە باوەڕی بە حیزبایەتی کارا و پرسی بەڕێوەبەریی شارەزایانە لە کارەکاندا نییە. حیزبە ئازادیخوازەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی خەڵکدا ئامرازن، بەڵام ئەوان ناکرێ و ناگونجێ ببنە ئامرازی تاکە کەس و چەند کەسێکی دیاریکراو. لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا حیزبەکان دەکەون و پاسیڤ دەبن و لە کۆتاییدا لە مەیدانەکەدا پاشگوێ و پەراوێز دەخرێن.

- ڕێبەرایەتی حیزب و کەسی یەکەمیی حیزب، ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە. سکرتێری حیزب و پارتێکی سیاسی بە کارمەندی حیزب پێناسە ناکرێ، کە مانگانە چەند هەزار دۆلارێک لەو حیزبە وەرگرێ. کەسی یەکەمی حیزب، تەنیا کار و ئەرکی دەرکەوتن لە چەند مێدیایەکی کوردزمان و فارسیزماندا نییە! بەڕێوەبەر و قسەکەری حیزبی دێموکڕات کەسێک نییە، کە لە بواری فکر و ڕێکخستنەوە لاواز و تەماوی بێ و لە حیزبایەتیدا ناشارەزا. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەوە ئاسانتر نییە، کە سیمینار بگریی و بۆ ئەندامانی حیزب و لایەنگران لێرە و لەوێ قسە بکەی. ئیدارەکردنی حیزبێکی ڕزگاریخواز و خاوەن بەرنامە پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر و کاری بەردەوامە. ئەگەر هەموو هونەری حیزبایەتی بوو بە قسەهاویشتن و دووپات و چەندپاتکردنەوەی وتە کۆنەکان، حیزبایەتی و قەوارەی ڕێکخستنی حیزب بەهێواشی دادەپێ. ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات ناکرێ لە بازنەی حیزبایەتیدا بکەونە ژێر شوێنەواری کفوکوڵی تێپەڕ و کۆی حیزب لە دەستی کەسانێک بکەن، کە حیزب بۆ خۆیان وەک ئامراز دەبینن! ئەو حیزبە پێویستی بە کەسانێکی داڕێژەر، کۆکەرەوە، هەڵسووڕێنەر و پارێزەری پرستیژ و سیاسەتەکانی حیزبە. حیزبی ڕزگاریخواز و بەرپرس، دێموکڕات و خاوەن دوورنەمای سیاسی سەرکردەی ئازا، ڕاستگۆ، فیداکار، شارەزا و خاوەن شەم و هونەری سیاسەتی دەوێ، کە قازی ئاسا کردەوەکانیان لە قسەکانیان بەبڕشتر و درێژتر بن.

- لەسەر تێکەڵبوونەوە یان یەکگرتنەوە لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدرێ. کۆتایی بەو قۆناخە بهێندرێ، کە قازانجی تەنانەت بۆ حدک و حدکا نییە. ئاشکرایە، کە حدک و حدکا پێکەوە دەتوانن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بن. ئەوان پێویستیان بە یەکگرتنەوە و ئاڵوگۆڕێکی ورد و هەڵسەنگێندراوە. ڕۆژهەڵات لەو دۆخە نەخوازراوە و تەژی لە لەتبوون و دابڕانانەدا شەکەت و بێزارە. دەرچوون لەو دۆخە کولتوورێکی تازە لە حیزبایەتیی و پێکهێنانی حیزبی دەوێ. گونجاوە، کە سوننەت و دیاردەی کۆپیکردنی ناوی حیزبی دایک لە ڕەوتی جیابوونەوەی پارت و حیزبە سیاسییەکان کۆتایی بێ. ئازایەتی لەوەدایە، ئەگەر تەنانەت حیزبێک نیواونیو لەتبێ، ناوی تازە بۆ حیزبی جیابۆوە هەڵبژێردرێ و شەڕی "ناوی هاوشێوە" بە مێژوو بسپێردرێ. ئەو پرسە لە ڕۆژهەڵاتدا بۆتە دیاردە و حیزبایەتی و حیزبەکانی لەبەر چاوی خەڵک خستووە. لە درێژەی هەڵتۆقینی پارت و حیزبی جۆراوجۆر لە ژێر ڕەحمەتی بارانی بەناو کوردایەتیدا، حیزبایەتی لە مانا و نێوەرۆک بەتاڵ بووە. هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن، کە گۆزەی حیزبایەتی لەسەری دەڕژێ و لە نوختەیەکدا دەبێ ئەم گەمەیە کۆتایی بێت. کوردەکان لە مەیدانی سیاسەتدا نیازیان بە کۆمپانیای سیاسیی نییە و گونجاوە سنوورەکان زیاتر لە هەمیشە ڕاشکاو و ئاشکرا بن.

- حیزب ناکرێ ببێتە بارمتەی چەند کەس و ڕێگە لە بەشداریکردنی چالاکانەی هاوڵاتیان و نەوەی تازە بگیردرێ. حیزبی دێموکڕاتی ئەمڕۆ لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی سەردەمی پێش دامەزرانی کۆمار و دواتر جیاوازە. هوونەری گەورە لەوەدایە، کە جیاوازییەکان و ئاڵوگۆڕە قوڵ و بەرینەکان بکرێنە خاڵی ئەرێنیی و وزەدەر. بەشداربوونی چالاکانەی کوردی ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیدارەکردن، داڕشتنی سیاسەت و هەروەها بەڕێوەبەردنی کارەکاندا ئەسڵێکی لەبیرنەکراوە. لە حیزبی ئەمڕۆدا دەبێ نوێنەراتی ناوچە جیاوازەکان ڕەنگبداتەوە و لە ڕێگای جۆراوجۆر حیزبەکان لە دەردی لۆکاڵیبوون ڕزگاریان بێت. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە حیزبایەتی لە نێو کورداندا و بۆ بەشێکی کەم لە کەس و بنەماڵەکان بابەتێکی تایبەتە. بەشێکی زۆری ئەوان لە قوچەکی سەرەکی ئیدارەکردن و ڕێبەرایەتی حیزبەکاندا جێگیربوون و بەئاسانی واز لەو بەرژەوەندییانە ناهێنن. مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکاندا توانایەکی ڕێژەیی هەیە و ناکرێ هیچ کەس و بنەماڵەیەک هەتا کۆتایی تەمەن لە پۆستی بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەت و حیزبایەتیدا بمێنێتەوە. ئەو خاڵە بە نوختەی هەرە لاوازی حیزبایەتی کوردی ئەژمار دەکرێ، چوونکە لە پاسیڤکردنی پارتەکان و هەروەها دابڕاندن و لەتکردنیاندا نەخش و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. لە وەرزش، هونەر، کار و سیاسەتدا مرۆڤەکان تەمەنی کاریان هەیە و ناکرێ لە حیزبێکی

ڕزگاریخوازانەدا کە گۆیا بۆ ئازادی هەوڵدەدات، ئەو پرسانە بە هیچ بیانووییەک پشتگوێ بخرێن. پارت و حیزبە ڕۆژهەڵاتیی و کوردییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاستی قوچەکی دەسەڵات و ڕێبەرییدا داخراون و بە کردەوە بوونە ملکی چەند کەس و بنەماڵەیەک. حیزبی دێموکڕاتی ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری ئەو سیاسەتەدا ناتوانێ لەوە زیاتر کاریگەر بێ و لە داوی قەیرانی زیاتر و زۆرتر دەکەوێ.

- ناوچەگەرایی لە حیزبدا کز و لاواز بکرێ و شایستەسالاری بەسەر ناوچەگراییدا زاڵبکرێ. ناوچەگەرایی لە پرۆسەی حیزبایەتیدا ڕەنگی سیاسی گرتوە و خەریکە بەشێوەیەکی نەرێنی پانتاییەکی زۆر دادەگرێ. حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لۆکاڵیزە کراوە و ڕێبەرایەتی حیزبەکان لەو بەینەدا بەمەبەستی مانەوە لە چەقی بڕیاردانی حیزبەکاندا دەستەوداوێنێ ناوچەگەرایی و دەستەگەرایی ناسالم بوون. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە حیزبی دێموکڕات بە گوێرەی پاشخانی مێژوویی، تێکۆشان و نەخشی بەرچاو لە بەشێک لە جۆغڕافیای کوردستاندا زیاتر ڕەگی داکوتاوە. ئەو کردە سیاسییە لە ڕۆژگاری خۆیدا باس لە چیرۆکی زیندوویەتی و ئازایەتی پێشڕەوانێک دەکات، کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی خەڵکی کورد تێکۆشاون. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، کە جیهان، ناوچە و کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی بەرچاو گۆڕاون. فاکتەری جیاواز دەرکەوتوون و بە شێوازی ئەرێنیی و نەرێنی لەسەر پرسی حیزبایەتی و تێکۆشانی کوردان شوێندانەرن. جیابوونەوە و لێکترازانەکان کەم و زۆر لە گەڵ ناوچەگەرایی هاوبەند کراون و ژمارەیەک لە سیاسەتکارەکان بەمەبەستی شکاندنی ڕکەبەرەکان لەو چەکە کەڵکیان وەرگرتوە. ئاسەوار و شوێنەواری ناوچەگەرایی نەرێنی و بە سیاسیکراو شێرپەنجەیەکە لە پەیکەری بزوتنەوەی کوردایەتیدا و خەریکی وەک خۆرە هەموو خانەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

- حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و یەک لەوان حدک لە سەر چۆنیەتی خەباتی مێدیایی دژ بە ڕێژیم لە سەررێچکەی لۆژیکی لایداوە و کەوتۆتە داوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کفوکوڵی ژمارەیەک کەسی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب. کۆڵەکەی سەرکەوتنی خەباتی پێشمەرگانە و تەنانەت ڕێکخستنە نێوخۆییەکان شاردنەوەی زانیارییەکانە. پێشاندانی جوڵە جیاوازەکانی حیزب لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها مێدیای حیزب، دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەزگا سیخوڕییەکانی بۆ زەبرلێدان لەو پارتە ئاوەڵاتر دەکات. پێشاندانی ئەو هەموو دەورەی پێشمەرگایەتی و مانۆڕی قەڵا یان سەرسنوور ئالەنگاری زۆرتر دەخوڵقێنێ. باشووری کوردستان زەمانەتی خۆیان پێناکرێ و با کردەوە و بڕیارەکان لە خانەی لۆژیکی سیاسەت لانەدەن. باشترین چارەسەر بۆ ئەو سەردەمە،

کارکردن لە بێدەنگی و نهێنی پارێزی دایە. ئەگەر خاوەنی کردەوە بین، ئەو کات لە مەیداندا دۆست و دوژمن ئاگادار دەبن و زمانی کردەوە بە هەموو پێوانەیەک لە زمانی قسە تیژتر و کاراترە. باشووری کوردستان بۆ کوردە رۆژهەڵاتییەکان ناکرێ ببێتە مەیدانی ئاشکرای پێشاندانی پەروەردەی پێشمەرگە و مانۆڕی جیاواز. گونجاوە، کە ئەو ئەرکانە بەدوور لە چاوی مێدیا و راگەیەنە گشتییەکان بەڕێوەبچن. مێدیای گەلێکی ژێردەست و حیزبێکی چەکدار و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنێکی بەرپرس شارەزایی، ئامانج و وردبینی دەوێ. شەڕی راگەیاندن و هەروەها نهێنی پارێزی لەو بەستێنەدا گونجاوە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە.

- سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبە سیاسییەکان و تەنانەت سەرکردەی حیزبە سیاسییەکان پرسێکی هەستیار و گرینگە. سەربەخۆبوون و پاراستنی سیاسەتی سەربەخۆبوون بۆ دەوڵەتەکانیش پێگە و جێگەی دیاری هەیە، بۆیە سەرمایەیەکی زۆر لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردان و فەرزی ئیرادەی خۆیەتی تەرخاندەکرێ. حیزبی دێموکڕات لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا قۆناخی جیاوازی بڕیوە و بەستراوەیی و سەربەخۆیی بە ڕێژەیەک تاقیکردۆتەوە. رێبەرایەتی، کەسی یەکەم و هەروەها ساختار و توانا مرۆیی و ماددییەکان رۆڵ و کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەسەر بەستراوەبوون یان سەربەخۆبوونی حیزبەکان هەیە. کوردستان ژینگەیەکی تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و پاراستنی پارسەنگ و سەربەخۆیی لە بەستێنی کار و تێکۆشانی سیاسییدا ئەرکێکی قورسە و شارەزایی دەخوازێ. ئەگەر رێبەرایەتی حیزب پەرتەوازە و بەناوی دۆستایەتی لە گەڵ ئەم حیزب و ئەو پارتی سیاسی خاوەنی روانگە و تێڕوانینی جیاواز لە سیاسەتی حیزبەکەی بوو، بێگومان پرسی سەربەخۆیی سیاسی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر کەسی یەکەمی حیزب بەناوی جیاواز و بە مەبەستی ئاشکرا و شاراوە لە بەستێنی سیاسەتی ناوچە بەلایەکدا شکاندیەوە، سەربەخۆیی سیاسی حیزب زەربەی کاریگەری لێدەدرێ. حیزبی دیموکڕات و زۆربەی ئەو حیزبانەی تووشی دەردی دابڕان بوون و دەبن، ئاسانتر لە دۆخی ئاسایی دەکەونە ژێر شوێنەواری هێز و حیزبە گەورەکان. باشترین تایبەتمەندی حیزبی دێموکڕات و بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتییەکان پاراستنی بەرژەوەندی کورد لە پارچەکانی دیکە بووە. لایەنی لاوازی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان و حیزبی دێموکڕات لە قۆناخی لاوازیدا کەوتنە ژێر شوێنەواری حیزب و پارتە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانە. ئەو سیاسەتە لە درێژخایەندا قازانجی بۆ کورد و تەنانەت حیزبە رۆژهەڵاتییەکان نەبووە و لە باشترین حاڵەتدا ناسناو و پێگەی پاشکۆیەتی ئەو حیزبانەی پێبەخشیون. شایانی باسە، حیزبی دێموکڕاتی یەکگرتوو و بەهێز باشتر توانیویەتی سەربەخۆیی بڕیاردان بپارێزێ و لە سەردەمی دابڕان و لەتبوونەکاندا مەیدانەکە تەنگەبەرتر بووە. جێگەی

لێوردبوونەوەیە، کە بەشێک لە حیزبە کوردییەکان بە ئیمکاناتێکی زۆری ماڵی تێکۆشاون و تێدەکۆشن دەسەڵات و پێگەی خۆیان بەهێزتر بکەن و بۆ ئەم کارە کەسی خۆیان لە سەرکردایەتی و بنکردایەتی حیزبە کوردییەکان دەگرن. حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو پرسەدا جیاوازنین و لە گۆڕەپانەکەدا روون و ئاشکرایە، کە گەورە حیزبە کوردییەکان چۆن و چەندە لەو کایەدا ئەکتیڤ و چالاکن. بە باوەڕی من باشترە حیزبی دێموکرات لە سیاسەتی گشتیدا پشتگیری پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات، بەڵام بە پەیام، کردەوە و سیاسەت نەکەوێتە داوی سیاسەتی یەک حیزبی تایبەت و هەڵەکانی رابردوو دووپات نەکاتەوە.

- ڕێکخستن و تەشکیلاتی حیزب وێڕای هێزی پێشمەرگە پێویستی بەنوێکردنەوە و بەڕۆژکردنەوەیە. مەبەست لەو بەڕۆژکردنەوەیە خۆگونجاندن لە گەڵ بارودۆخی تازە و خۆئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئالەنگارییەکان و درێژەدان بە تێکۆشانە. داڕشتنی بەرنامەی عەمەلی بۆ داهاتوو بەشێکە لە پرۆسەی تێکۆشان و خوێندنەوەی وردی دۆخەکە و فاکتەرە دوور و نیزیکەکان بەشی جیانەکراوە لە هونەری سیاسەتن. لەو پرسەدا نابێ تووشی هەڵەی خۆگەورە بینین و دوژمن بە کەمگرتن ببین. گەیشتن بە ئامانجەکان ئەرکێکی گرانە و لەو پێناوەدا شیاوە، کە سیاسەت، بڕیار و جوڵە تاکتیکیی و ستراتیژییەکان لە سەر بناخەی زانیاریی و خوێندنەوەی خەسارناسانە بن. ڕێکخستن و قەوارەی حیزب و هێزی پێشمەرگە بە فۆڕمی رابردوو ناتوانن لە گەڵ ئالەنگارییەکانی ئەمڕۆ و سبەینێ رووبەڕووببنەوە و دەرەقەتی فرت و فێڵەکانی ڕێژیم نایەن. پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە و قەیرانەکان باشترە لە سەر پرسەکانی دوارۆژ ساغببنەوە و نەخشەرێگای تازە دارێژن. تەجرەبەی ساڵانی رابردوو سەلماندوویەتی، کە جوڵە چەکداریی و پێشمەرگایەتییەکان لە ژێر پرسیاری گەورەدان و بە شێوازی کلاسیک ناتوانن لە گۆڕەپانەکەدا جوڵە بکەن.

- پەروەردەی حیزب، بارهێنانی ئەندامی ئەکتیڤ و هەروەها راگرتن و پەرەپێدانی لایەنگران پرسیارێکی کۆنی نێو حیزبە کوردییەکانە. حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە کەشێکی ئازاددا بەڕێوەناچێ، بۆیە راپەڕاندنی ئەرک و کارەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. سەرەڕای ئەو سەرنجە، حیزب و پارتە بەرپرس و خاوەن خەونەکان لەو بازنەیەدا خۆیان نادەنە دەست قەزا و قەدەر! حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو بارەوە لە سەر هێڵێکی خوپێگرتوو و کێشراودا ماونەوە و توانای بڕیاری گەورە، خۆنوێکردنەوە و هەروەها گرتنەبەری تاکتیکی تازەیان نییە. خەبات و تێکۆشانی پارت و حیزبە رزگاریخوازەکان لە سەر شان و پیلی ئەندام و لایەنگران و رەوتی پەروەردەکردنی

ڕاستەوخۆی ئەوان و ناڕاستەوخۆی خەڵکە. پەروەردەیەک، کە ئەندامی باوەڕدار و وەفادار و لایەنگری رەخنەگر و هاوکار و سەرئەنجام خەڵکێکی خاوەن ئامانج پەروەردە دەکات. شوێنەواری پەروەردەی راستەقینە و تێکۆشانی عەقڵانی و باوەڕدارانە لە درێژخایەندا رەوت و بزوتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ و گەلان لە دەستەبەرکردنی مافەکانیان نیزیک دەکاتەوە.

- دیپلۆماسی حیزب لە قەوارە، رێکار و تاکتیکدا لاوازە. کاری دیپلۆماسی کوردان لە دەرەوە لاوازە و ناشارەزایانە بەڕێوەدەچێ. ئەوە راستە، کە پەرتەوازەبوونی حیزب و دابڕانیان لەیەکتر ئەو پرسەی زیاتر ئاڵۆزکردوە، بەڵام بە کورتی لە سەر ئەو کارە سەرمایەگوزاریەکی بەرچاو نەکراوە. بەهێزکردنی دیپلۆماسی حیزب لە دەرەوە رەنگە بە جەرگەی ئاڵوگۆڕە گەورەکان و لە کۆتاییدا رێکخستنەکانی دەرەوەدا تێپەڕ ببێ. بەواتایەکی دیکە، رێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات باشترە لە پێناوی بەهێزکردنی هێڵی دیپلۆماسی بەهێز دەکاربێن و لە راستای دەستەبەرکردنی پشتیوانی گەلان، دەزگا و ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا بن. دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی دەرەوە پێویستیان بە شارەزایی و دەرکەوتن لە گۆڕەپانی جیاواز و رەنگاوڕەنگە. رێکخستنەکان بۆ ئەوکارە دەتوانن پاڵپشتی ماددیی و مرۆیی بن و لە گەشەپێدانی رێچکەیەکی سەرکەوتوودا کارا دەرکەون. شارەزایی و پسپۆڕی لە بازنەی رێکخراو و ئۆرگاندا تۆکمەتر دەبێ و دەتوانێ لە رایەڵکە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ببێتە روخسارێکی ناسراو. لاوان لەو بازنەیەدا دەکرێ سەرمایەگوزاریان لەسەر بکرێ. ئەوان پێویستیان بە دەستگرتن، پەروەردە، دەرفەت و رێنوێنیکردنە. ئەوان دەتوانن پایەکانی دیپلۆماسییەکی فرەلایەنە دابمەزرێنن و بە گوێرەی نۆرمە باوەکانی رۆژاوا نوێنەرایەتی بزوتنەوەی کورد بکەن. ئەگەر دیپلۆماسی حیزب تەنیا لە چەند سەردان و بەشداریکردن لە ژمارەیەک کۆبوونەوەی رێکخراوە شەکەت و ماندووەکاندا کورتبکرێتەوە، لە کۆتاییدا خێرێکی زۆر نابەخشێ و هیچ لە پرسەکان ناگۆڕێ.

- مێدیایەکی نەبەستراوە و بەهێز بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، پرسی کوردایەتی و ماف لەو پارچەیەی کوردستاندا سەنگەر و چەپەرێکی پتەوە، کە هێشتا سازنەکراوە. کاتیەتی، کە حدک و هێزە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵات وێڕای کەسانی سەرمایەدار و شارەزای بواری مێدیا ناوەندێکی نەبەستراوەی مێدیای دابمەزرێنن، کە وڵامدەری پرسی کورد لە رۆژهەڵات و ئێران بێ. مێدیای حیزب و ناوەندەکانی راگەیاندنی حیزب لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانن رۆڵ و نەخشی مێدیای نەبەستراوە بگێڕن. بەردەنگی مێدیای حیزب بەرفراوان نییە و مێدیای نەبەستراوە

و کارا هێز و وزەیەکی زۆری دەوێ. چوارچێوە سیاسییەکان و پێوەندییە حیزبییەکان بەربەستی جیاواز بۆ ڕاگەیاندنی حیزبەکان سازدەکەن، کە مێدیایەکی نەبەستراوە و بەرپرس دەتوانێ ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. مێدیایەکی بەهێزمان دەوێ، کە روو لە نەتەوە و دەسەڵاتی حاکم و هەروەها هاوڵاتیانی کوردستان بێ. پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ئەرکێکی نیشتمانییە، چوونکە بە یەکێک لە پێداویستییە سەرەکیەکانی خەباتی کوردان پێناسەدەکرێ. مێدیایەکمان دەوێ، کە بە زمانی نەتەوەی سەردەست شکۆی ناسیۆنالیزمی سەردەستیان بێنینە ژێر پرسیار و حەقانییەتی مافەکانی خۆمان بە گوێی گوێگرانی نەتەوەی سەردەست بگەیەنێ. گونجاوە، رووناکبیر و شارەزاکانی نەتەوەی باڵادەست لە مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی مێدیا و راگەیاندندا ناچار بە پاشەکشە بکرێن. مێدیای نەبەستراوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کاناڵی بەیەک گەیاندنی بژاردەی کۆمەڵگە و گێڕانەوەی رووداوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستانە. ئەم کارە لە کۆتاییدا لە شکڵدانی هزر، تێڕوانین و خەیاڵی تێکڕایی رۆژهەڵاتییەکاندا کاریگەر و شوێندانەرە.

- مووشاویرەتی لە کایەی حیزبایەتیدا گۆڕاوە و گونجاوە رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات لەو پێوەندییەدا پێداچوونەوە بکات. مووشاویرەکان مەرج نییە ئەندامی حیزب بن و لە باشترین حاڵەتدا کوردبوون،ئاگابوون، پاقژبوونی سیاسیی و شارەزابوون بە باشترین مەرجی مووشاویرییەت دەناسرێن. حیزبی دێموکڕات و رێبەرایەتی ئەو حیزبە ناچارە بە چاوێکی راستگۆیانەتر لە رووداوەکان بڕوانێ. مووشاویری شارەزا، لێزان، کورد و خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ ناچار نییە قسەی ناڕاست و هەڵە بۆ رێبەرایەتی حیزب بکات و رووداوەکان ئاوەژوو بکاتەوە. مووشاویری سیاسی، دیپلۆماسی، کولتووری و راگەیاندن ئازایەتی و شەهامەتی گوتنی رووداوەکانیان هەیە و ئەرکی خۆیان بە پاکی بەڕێوەدەبەن. مووشاویر بڕیاردەر نییە، بەڵام دەتوانێ لە رێگای پێدانی زانیاریی و هەروەها کۆکردنەوەی ئامۆژگارییە کارا و ئەرێنییەکان نەخشی باش لە پڕۆسەی سازکردنی بڕیاردا ببینێ. مرۆڤی حیزبی لە هەموو دونیادا زیاتر لە روانگەی حیزبەکەیەوە دەڕوانێتە رووداوەکان، بۆیە رەنگە لە لێکدانەوەی بەشێک لە پرسە هەستیارەکاندا تووشی هەڵەی لێکدانەوە بێت. مرۆڤی نەبەستراوە و شارەزا بە گوێرەی وەزیفە و باوەڕەکانی لە بازنەیەکی ئیدۆلۆژیدا قەتیس نامێنێ و کراوەتر و بێلایەنانەتر رووداوەکان تەتەڵە دەکات و راستییەکان پووشبەسەر ناکات.

## ئەنجام

حیزبایەتی لە جیهاندا گۆڕاوە و تووشی قەیران و ئالەنگاری زۆر بۆتەوە. ئاڵوگۆڕە بەرین و قوڵەکان بەستێنی جیاوازیان خوڵقاندوە و بە خەستی کایەی سیاسەت و حیزبایەتیان داپۆشیوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دۆخەکە زۆر دژوارتره و ئاخوندەکان درێژە بە سیاسەتی ستەم و چەوساندنەوەی کوردان دەدەن. دۆخی حیزب و پارتە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکان لاسەنگە و پڕە لە ئالەنگاریی و قەیران. حیزب و پارتە سیاسییەکان جیاوازن و لە بەر زۆر هۆکار باوەڕی خەڵک بە حیزبایەتی لەقیوە. سەردەمێکی کۆمێدییە و لە ژێر ڕەحمەتی تێکنۆلۆژی تازە و بارانی کوردایەتیدا حیزبسازی لە نووسینی کتێب ئاسانترە. حیزب و سیاسەتکار زۆرن، بەڵام کردەوە و سیاسەتکاری کارا کەم. پارتە سیاسییەکان پەرتەوازەن و وەکوو خێڵ و ئەمیرە کۆنەکان هەرکامە لە ناوچەیەکی کوردستاندا ئەسپی خەیاڵی لێنگدەدا! کورد گوتەنی، کەس خەتی کەس ناخوینێتەوە و تێڕوانیان لەسەر یەکتر ئەرێنی نییە. نەریتێکی خەراپ لە مەیدانی حیزبایەتی ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە، کە دوای جیابوونەوە حیزبی تازە بەناوی حیزبی دایک دەکەن، کە بە هیچ پێوانەیەک ڕەوا و سەرکەوتوو نییە. پرسی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و نوێنەرایەتیکردنی ئەوان لە نێوخۆ، ناوچە و جیهاندا بەم شێوازە کارپێکراوە سەرکەوتوو نابێ. حیزبایەتی ئێمە پێویستی بە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕە و لەو بەینەدا کولتووری کۆنی حیزبایەتی لە ریزی پێشەوەی چاکسازیدایە. بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ سەرکەوتن یان لانی کەم خۆسەلماندن یاسا و ڕێسای تازەی کار، باوەڕ و هزری دەوێ.

کۆنگرەکان تەنیا بۆ گۆڕینی قسەکەری یەکەمی حیزبەکان نابەسترێن. کێشەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و حیزبی دێموکرات قەیرانی ستراتیژییە نەک گۆڕینی سکرتێرەکان. ئەو کەسانەی، کە سکرتێرن و ئەوانەش کە خۆیان بۆ سکرتێری دەکوتن مرۆڤێکی عەجایب نین و لە زۆر بواردا هاوتای کادرێکی ئاسایی حیزبەکەیانن. زۆر کەس لە ئاکامی چۆڵبوونی مەیدان و دواتر لەتبوون و جیابوونەوەکاندا لاقی گەیشتە کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتی. بە واتایەکی دیکە، ئەوان بە هیچ پێوانەیەک لە ڕێگا و کاناڵی گەشەکردنی کادر لە بەستێنی تەشکیلات و ڕێکخستنندا سەرنەکەوتوون، بەڵکو بە پەرجووی لەتبوون و دابڕان و ناوچەگەرایی ناوەکانیان کردە پاوانی خۆیان! حدک و بەشدارانی کۆنگرەی رابردوو هەڵەیەکی مێژوویان کرد و لە پێناوی هیچدا پشتی بنەما و پرنسیپە

حیزبییەکانیان لە زەویدا. جێگەی خۆیەتی لەم کۆنگرەیەدا هەڵەکان دووپات نەبنەوە و لە نێو کۆنگرەدا بیر لە پرسە چارەنووسسازەکان بکرێتەوە و هێلکەکان نەخەنە سەبەتەی هیچ تاکە کەسێک. سەردەمی پەڕجوو نەماوە و لە مەیدانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرنامەی ورد و کەرسەی جێبەجێکردنمان دەوێ نەک سەنعەتی سەرۆکسازیی. هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و یەکلاکەرەوە بگرن و قەرەبووی خاڵە لاوازەکانی کۆنگرەی پێشوو بکەنەوە. کۆنگرە، ئەگەر نەبێتە مەیدانی لێکدانەوەی ورد و تەتەڵەی هێڵە سەرەکییەکان، رێباز، تاکتیک و ستراتیژی حیزب نەکات، لە کۆبوونەوەیەکی رواڵەتی زیاتر نییە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## سەمفۆنیای ژیان

بنەماڵە و ئازیزانی کاک ئەبوبەکر سەرەخۆشیتان لێدەکەم و لەو کۆچەدا هاوبەشی خەمتانین. ماڵئاواییەکانی ئێمەی کورد لە غوربەتدا جیاوازن و ژانی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین نەوەیین، کە لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژینگە و خەڵکەکەمان دادەبڕین. راد و زۆر هاونیشتمانی دیکە نموونەیەکی زیندوو لە بارودۆخی کوردەکانن. رێژەیەک لە بنەماڵەکان کە بنەماڵەی قازی عەلی یەکێک لەوانە لە سەر بناخەی هەڵوێستی کوردانە و ئازایانە لە ژیانی ئاسایی هەڵقەندراون و کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆ. ژیان هەڵوێستە و لە گۆڕەپانی خەباتی رزگاریخوانەدا هەڵوێست لوتکەی دەربڕینە. بنەماڵەی راد لەو مەیدانەدا دیارن و ئەرکی خۆیان بە زیادەوە جێبەجێکردوە. وشەکان لە بەرامبەر زۆر دیاردە و رووداودا کولن. ئەوان ناتوانن وێنەی خەم و ئازاری کۆچی ئازیزان بە شێوازێکی کۆنکرێت دەرببڕن. بۆیە لێرەدا بە خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە تێکەڵ بە خەمی ئەم کۆچە دەبم.

## سەمفۆنیای ژیان

- لە نەبوونەوە دێین و تێکەڵ بە رایەڵکەی  بوون دەبین

وەرزەکان تێپەڕدەکەین

سەرئەنجام، یەکە یەکە لەو کاروانە

دەڕۆینەدەر و ئۆغر دەکەین

- لە هەناوی رەشەشەو و رۆژە رووناکەکاندا

لە باوەشی سارد و گەرمییەکانی رۆژگاردا

دەخارێین و بەرەو رۆژانی کۆچ

هەنگاو هەڵدەگرین

- لێرە، خەم و شادییەکان

کەوتن و هەستانەوەکان

داری ژیانمان دەڕەنگێنن

روخسار و تێروانیمان دەخەملێنن

- کاروانی ژیان دەڕوا و رەنگ دەگۆڕێ

ریزە چۆڵبوەکان پڕدەبنەوە

دڵی تازە لێدەدەن و

روخساری نوێ دەردەکەون

- ئێمە لێرە،لە نیشتمانی دایک یان غوربەتدا

گەریدەیەکی چاوەڕوانین

بە سەر سینگی گۆی زەویدا رادەبڕین و

وەرزەکانی تەمەن تێپەڕ دەکەین

- لێرە لە سەر گۆی زەوی

بۆ رزگاربوون لە تانوپۆی ژیان و مردن

پەنا بۆ قەڵای خەونەکان دەبەین
ئەو خەونانەی کە هەتا مردن لە گەڵمانن
- لە پێناوی ئامانجەکانماندا
نیشتمان بە غوربەت دەگۆڕینەوە
دژ بە یاسای چەوسانەوە دەوەستینەوە و
ژیان بە مردن دەسپێرین
- لێرە سێ تەوەر و سێ وشەی
هاتن، گەڕان و چوون
کۆبەندی هزر و تێڕوانینمان دەخوڵقێنن
روخساری راستەقینەی حەقیقەت دەڕەنگێنن
- هاتن، هاتنێکی پڕ بە ئازار، بەڵام پڕ لە بزەی شادیی
گەڕان، گەڕانێکی پڕ لە چەرمەسەریی و خۆشی
کۆچ، چوون و کۆچێکی بێدەنگ
پڕ لە شەپۆلەکانی چاوەڕوانی، گومان و پرسیار
- لێرە، ئێمە گەڕیدەیەکی چاوەڕوانین
گەڕیدەیەکی پڕ لە ژان و ژینین
لە هەناوی قۆناخی هاتن و کۆچدا
سڕ و دەستەوەستانین
- بۆ ساغبوونەوە وێڵی هزرە جیاوازەکانین و
شارێ و کوێرەڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج
کە ئاوێتەی هاتن، گەڕان و کۆچی یەکجارەکیمانە
بە هەموو هێزەوە دەپێوین
- ژیان لێرە لە ئامێزی نیشتمانی دایک و غوربەتدا
لێوالێوە لە خەونی مانەوە،گەڕانەوە و نەڕۆیشتن
ژیان لێرە پڕاوپڕە

لە ترسی ڕۆیشتن، نەگەڕانەوە و مژاویبوون ڕێگا و ئامانج

- ئێمە بە ڕێچکە و هەناوی هزرێکی مژاویدا

تێکەڵ بە شەپۆلەکانی ژیان دەبین

لە ناخی گەڕانێکی تەژی لە ئالەنگاری

بەرەو لێواری کۆچ شۆڕ دەبینەوە

- لە هەناسە دەکەوین و

دەکەوینە باوەشی نهێنیەکی گەورە

نهێنییەک، کە بێدەنگیی و سڕ دەخوڵقێنێ و

هاتن و ژیان دەتاسێنێ

- لێرە وشەکان بڕناکەن

بیرۆکەکان لاق ناگرن

تاقیکارییەکان سەرناگرن

ئێرە قۆناخی کۆچی راستەقینەیە

- کۆچێک، کە هیچ سنوورێک ناناسێت

نیشتمان و غوربەت تێدەپەڕێنێ و

تەنیا لە گەڵ بێدەنگی

هاوڕەنگ و هاوتایە

- ئێرە لێڕەواری چڕی هزر و بیری دیلکراوە

لێرە، ماڵئاوایی یەکجاری دوا هەناسەی شمشاڵی ژیانە

چاوەکان لەهێز دەکەون

و زمان لە گەڕان دەوەستێ

- ئێرە کۆتایی قۆناخێک و

سەرەتای وەرزێکی دیکەیە

گۆڕەپانی سەرکەوتنی وەستان و

تەواوبوونی زەمەنە

*- چاوەڕوانییەکانی ئێمە بە داهاتوو دەسپێرێ*

*لە دوارۆژ نادڵنیاترمان دەکات*

*پرسیارە ئەستەمەکان دەورووژێنێ و*

*بازنەی لێکدانەوەکانمان تەماویتر دەکات*

*- لێرە سەمفۆنیای ژیان*

*پڕ بە دەنگی هاتن و هاواری گەڕان و بێدەنگی کۆچ*

*بە گوێی منداڵدان و گۆڕدا دەچریکێنێ و*

*ئازارەکانی زانین مانا دەکاتەوە*

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

---

## بژاردە سیاسییەکان و دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان

داهاتووی ئێران و پرسی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو پرس و بابەتانەن، کە گرێدراوی رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی دوارۆژن. رێژیمی تاران زیاتر لە رابردوو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی قەیرانە جیاوازەکان، بەڵام هێشتا دەنگی ناڕازیی خەڵک و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان نەبۆتە هێزی یەکلاکەرەوە. دۆخی ئێران زۆرتر لە ساڵان لە ناوەندە ناوچەیی و جیهانییەکان باسیان لێدەکرێ. پێوەندی رێژیم لە گەڵ رۆژئاوا و هەروەها چارەنووسی پرسە هەڵاوەسراوەکانی وەک سووریە، عێراق، یەمەن و هتد. قورسایی زیاتر لەسەر شانی ئاخوندەکانی تاران سازدەکەن. هێزە ئۆپۆزیسیۆنە سەرتاسەریی و کوردەکان وێڕای رێکخراو و حیزبی نەتەوەکانی دیکەی ئێران چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕن، بۆیە جوڵە سیاسییەکان و کۆبوونەوە رەنگاوڕەنگەکان لە جاران بەگۆڕترن.

لە ئێراندا دەرفەتی ئۆپۆزیسیۆنبوون نییە و دژە باوەڕەدار و ناباوەڕدارەکان بە نیزام تا رادەیەک نارێکخراون. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات دۆخێکی نالەبار و دژواری هەیە و لە گەڵ نێوخۆ و نەوەی تازەی نامۆیە. ئامادژەکان

دەریدەخەن، کە ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم لە پانتایی ئێران و لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژانەی خەڵکدا و تەنانەت بە فۆڕمی تاکتیکیش نابیندرێ. قسە و درووشمەکان بە تەنیا برِناکەن و ناتوانن بەستێنی ئاڵوگۆڕ بخوڵقێنن و پاشەکشە بە ڕێژیم و سیاسەتەکانی بکەن.

خەڵک بە کردەوە ڕێبەرایەتییەکی باوەڕپێکراو نابینێ و نارِەزایەتییەکان پچڕپچڕ و لە بازنەی بەرتەسکدا سازدەبن و کۆتاییان دێت. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پرش و بڵاوە و لە پانتایی ئێراندا هێزێکی کاریگەر و ڕێکخەر نییە، کە بۆ نێوخۆ و دەرەوە مایەی ئومێد بێ. سەڵتەنەتخواز و موجاهیدەکان مانۆڕ دەدەن و لە کاناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن پەیام و درووشمەکانی خۆیان دەردەبڕن. حیزب و ڕێکخراوی گەلە ژێردەستەکانی ئێران ئەوەندە تۆکمە و بەهێز نین، کە بتوانن لە بەلوچستان، عەرەبەستان، ئازەربایجان، کوردستان و ناوچەکانی دیکە شەپۆلی نارِەزایەتییەکانی خەڵک ڕێبەرایەتی بکەن. شایانی باسە، کە پێگەی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و دۆخی کوردستان لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی جۆغرافیای سیاسی ئێران جیاوازە.

حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕێژەیەک ناچارن بەدوای ڕێکخراو و حیزبی هاوپەیماندا بگەڕێن، بەڵام ئەم کارە زەمانەتی دوارِۆژی پرسی کورد لە ئێراندا ناکات. حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنە سەرتاسەرییەکان ماوەیەکی دوور و درێژە لە دەرەوەی ئێرانن و تەنیا وردە جوڵەیەکی ڕەمزی و لاوەکیان هەیە. بە کردەوە ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک و بزوتنەوە لاواز و نارێکخراوە نێوخۆییەکان نین و لە داهاتووی وڵاتدا ڕۆڵ و نەخشێکی گەورەیان نابێ. دانیشتن و کۆبوونەوەی زۆر و زەوەند لە گەڵ زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوە پەرتەوازە و پەراوێزکەوتووانە دەرمانی دوارِۆژی پرسی کورد لە ئێراندا نییە.

هاوکاری و ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە بە تایبەت لە گەڵ حیزب و ریکخراوی گەلانی ژێردەستی ئێران پێویستە، بەڵام هیچ کام لەوان بۆشاییە نێوخۆییەکان پرِناکەنەوە. بۆ تەختکردنی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای پرسی کورد لە ئێراندا و چەسپاندن و سەلماندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی نەخشەی سیاسیی ئەم چوارچێوە جۆغرافیاییەدا بژاردە و ڕێچکەی ئەرێنی و کاریگەر پێویستن. بریار و چۆنیەتی کارکردنی ئەمرۆ و گەمە سیاسییەکان لە سەر دوارِۆژی پێگەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چورچێوەی ئێراندا کاریگەرە. شارێگا و گەورە ڕێگاکان ناکرێ پشتگوێ بخرین و پەنا ببرێتە بەر تولە ڕێگا و کۆڵانە داخراوەکانی ئێرە و ئەوێ.

کوردەکانی رۆژهەڵات و حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی ئەم پارچەیەکی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی خۆیان لە ئێراندا دوو بژاردەی سەرەکیان هەیە.

یەکەم، سازکردنی بەرەیەکی بەهێز، کە خاوەنی نەخشە رێگای ئاشکرا و شەفافیی سیاسی روو بە دەرەوە و نێوخۆ بێت. ئەم بەرەیە بۆ چوونە نێو هاوکێشە ناوخۆیی و ناوچەییەکان پێویستی بە جوڵە و تێکۆشانی ئامانجدار لە دوو بازنەی نێوخۆ و دەرەوەدا هەیە. بەرەیەک، کە خاوەنی سیاسەت، تاکتیک، ستراتیژی و هونەری ئیدارەی قەیران و گەمە چارەنووسسازەکان بێ.

دووهەم، کارکردن لە سەر خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەتەوە سەردەست (فارس) و یاوەرەکەی (ئازەرییەکان)، لە رێگای راگەیاندن و بەشداری چالاکانەی خەڵکی کورد لە ناساندنی ویست و داخوازەکانیان. لەو رێگەوە دەکرێت بە رێژەیەکی باشتر و ئەکتیڤتر روانگەی نەتەوە سەردەست و یاوەرەکەی بەرامبەر بە پرسی کورد بگۆڕدرێ. رێگای گۆڕان بە نێوخۆدا تێدەپەڕێ و کۆبوونەوەی حیزب و رێکخراوە رۆژهەڵاتییەکان لە گەڵ چەند کۆنە سیاسەتکارێکی دوور لە خەڵک و هەروەها پەراوێزخراو هاوکێشەی پرسی کورد لە ئێران چارەسەر ناکات. دێموکراسی و کولتووری یەکترقبوڵکردن بە هێزی خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە دەستەبەر دەبێ، نەک چەند کەسێکی پەککەوتەی سیاسەت، کە پاش تەمەنێکی ژیان لە رۆژئاوا هێشتا لە گەڵ ئەلفێی سیاسەت و ئیدارە نائاشنان.

تێگەیشتن لە مێژووی وڵات و ناسینی خەڵک و سرووشتی کایەی سیاسی بەرچاومان روونتر دەکات. جوڵانەوە گەورە و رووخێنەرەکان لە ئێراندا کەمن و هاوشێوەی یەکتر نین، بۆیە ناکرێ لە دەروازەی شۆڕشی خواری ٥٧ یان شۆڕشی کرچ و کاڵی مەشرووتە بتوانین خوێندەنەوە بۆ شۆڕش و جوڵانەوە مێژووسازەکانی دوارۆژی ئێران بکەین. رێگاکە دژوارە و و لەو مەیدانەدا کوردەکان بەرەی رەنج و هونەری خۆیان دەخۆن. ئەگەر ویست و هونەر هەبێ، تواناکان باشتر دەردەکەون و چاومان چاکتر هەتەر دەکەن. سەرەتا دەبێ حەوشەی خۆمان خاوێن راگرین و سەنگەرەکانی رۆژهەڵات نۆژەن بکرێنەوە. ئەو کارەش لە ژێر تیشکی خەسارناسییەکی وردی کایەی سیاسەت، حیزبایەتی، کولتوور و پێگەی تاک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەگوڕ دەکرێ.

بژاردە و بڕیارەکان لە سەر پێگەی ئەمڕۆ و سبەینێ کاریگەرن و هەڵەکانی ئەم قۆناخە گرێپووچکەی زۆریان

بەدواوەیە. مەرجی سەرەکی مسۆگەربوونی دواڕۆژێکی ئەرێنی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەندە بە ساغکردنەوە و تەتەڵەکردنی بژاردە سیاسییەکان. ئەو بژاردانەی، کە دەکرێ بە سەرەتای نوێبوونەوەی جوڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات پێناسە بکرێن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٩

---

## ڕوخسار و پێگەی حیزبی دێموکڕات ٤٠ ساڵ پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرا

د. قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چل ساڵ پێش (٢ی مارسی ١٩٧٩) لە شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا خەباتی ئاشکرا و نەخشەڕێگای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەو ڕۆژە بە یەکێک لە ڕۆژە گرینگەکانی حیزبی دێموکڕات پێناسە دەکرێ. دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرا بۆ حیزبی دێموکڕات، کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و هەروەها بە حیزبی بەهێزی سەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرا، هەڵگری مانا و توخمی جیاواز بوو. لێرەدا باس لە کرۆکی پەیام، نەخش و ڕۆڵی قاسملوو و هەروەها ئەو ژینگە و سەردەمە ناکەم، کە گەلێک لێکدانەوە و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن. لە چلەمین ساڵڕۆژی ئەو مێتینگ و کۆبوونەوەدا گونجاوە، پرسیار لە پێگە و جێگەی ئەمڕۆی ئەم حیزبە بکرێ. بە ئاشکرا دەبینین، کە لە کۆبوونەوەی مەهاباد هەتا کۆبوونەوەکانی دەشتی کۆیە وەزنە و پێگەی حیزب چەندە گۆڕاوە. ڕوونە، کە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە سەر خاکی خۆیان جێگەی دیارە و کورد گوتەنی، بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە.

حیزبی دێموکڕات لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە سەردەمی یەکبوون و دابڕانەکاندا لە مەیداندا ماوەتەوە، بەڵام هێز و گۆڕی ئەمڕۆ و جاران زۆر لە یەکتر دوورن. ئەم حیزبە سەردەمانێک لە گۆڕەپانەکەدا قسەی یەکەمی دەکرد و خاوەنی سیاسەتی ئاشکرا، پشتیوانی خەڵک، هێز، نەخشە و توانای مانۆڕدان لە نێوخۆ و ناوچەدا بوو. حیزبی دێموکڕات، لە ڕۆژئاوا و دەرەوەی وڵات بە کارلێهاتوو و خاوەن وەزنەی دیپلۆماسی دەژمێردرا، بەڵام ئەمڕۆ لە پێدەشتەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی لاواز و شەکەتە. ئەم حیزبە و کۆی هێزە سیاییەکانی ڕۆژهەڵات کەوتوونە ژێر

پاڵە پەستۆی رایەڵکەی ئالەنگارییەکان و لە جوڵە خراون. شایانی باسە، کە فاکتەرە ناوچەیی و ئاڵوگۆڕە گەورە و ناوچەییەکانی سێ دەیەی رابردوو بە رێژەی جیاواز لە سەر پرسی کورد لە رۆژهەڵات و دۆخی ناوچە ئاڵوگۆڕی قووڵ و بەرینیان پێکهێناوە. شەڕی نابەرابەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، ناساخڵەمی پێوەندی نێوان حیزب و رێکخراوە رۆژهەڵاتییەکان، سرووشتی پێوەندییە نێوخۆییەکانی ئەم حیزبە و چۆنیەتی ئیدارەکرانی، بەشێکی سەرەکی لەو ئالەنگاریانەن.

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر گوشار و قەیرانە کورتماوە و درێژماوەکاندا دەناڵێنێ. ئیدارەکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران دژوارە و رۆژانی زێڕینی دەسەڵات و مەشرووعییەتی نەماوە. خەڵکی ئێران و کوردستان نیزامی سیاسیی تاران و سرووشتی دەسەڵاتدارانیان ناسیوە و باشتر لە رابردوو توانا و ئەگەری رێکخراوبوونیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، یەکێک لە فاکتەرە نەرێنییەکانی کاریگەر لە سەر خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە نێوخۆدا داتەپیوە و روخساری جارانی نەماوە. ئاماژەکان دەیسەلمێنن، کە رێژیم لە چارەسەرکردنی پرس و کێشەکان داماوە و سەرئەنجام بەدەردی نیزامی پاشایەتی دەچێ. ئاشکرایە، کە ئەمڕۆ لە نێوخۆدا ئالتەرناتیڤ و جێگرەوەیەک نییە و زلهێزە رۆژئاوایی و دەرەکییەکان لە سەر گۆڕینی نیزام ساغ نەبوونەوە. خەڵکی نێوخۆ دەستەوەستان و ناروونن و هێزە دەرەکییەکانیش بە دوای بەرژەوەندییەکانیاندا وێڵ و ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەریش ژەنگاوی و لە ئەزموون دەرنەچوون.

حیزبی دێموکڕات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵات ئەمڕۆ دۆخێکی دژوار و پڕ لە قەیرانیان هەیە. ئەوان لە نێوخۆ و دەرەوە پەرتەوازەن و بە کردەوە لە سەر هیچ بابەتێک رێکنەکەوتوون. بەرامبەر بە رێژیم و لە پێوەندی لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا خاوەنی سیاسەتێکی ئاشکرا و کارا نین. حیزب و رێکخراوەکان هەر کامەیان چەند جارێک دابڕان و جیابوونەوەیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام هیچ لایەنێک پاش دابڕان براوەی یەکەمی مەیدان نەبووە. حیزبی دێموکڕات لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا لە سێ کۆنگرەی جیاوازدا لە گەڵ پرسی جیابوونەوە و دابڕان رووبەڕوو بۆتەوە، کە یەکەم و دووهەمیان بە کلیلی زەمان یان بە کرچ و کاڵی چارەسەر کراون. دوادابڕان و جیابوونەوە کە ئێستاش درێژەی هەیە، زیاتر لە دابڕانەکانی دیکە زەبری لە پرستیژ و توانای حیزبی دێموکڕات داوە. پاش تێپەڕینی ١٣ ساڵ لە دابڕانی دوای کۆنگرەی١٣، ئەمڕۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئازارەکانی لەتبوون و جیابوونەوە تێدەگەن.

١٣ ساڵی رابردوو سەلماندی، کە هیچ کام لە دێموکڕاتەکان و پاڵەوانەکانی رەوتی جیابوونەوە و لێدان لە یەکتر ، براوە نین. جیابوونەو و ماڵ لە یەکتر جیاکردنەوە بە زەرەری بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و بە قازانجی رێژەیەک لە پلە و پایەخوازەکان شکاوەتەوە. لە چل ساڵەی یادی ئاشکراکردنی خەباتی حیزبی دێموکڕاتدا پێداچوونەوە بە لایەنە لاواز و هۆکارەکانی دابڕان و هەروەها درێژەکێشانی ئەو جیابوونەوانە جێگای بایەخە. لەم رۆژەدا چاوەڕوان دەکرا، کە دوو حیزبی دێموکڕات و بە تایبەت رێبەرایەتییەکەیان تەتەڵەی لەتبوون و خاڵە باش و لاوازەکانی ئەو بابەتەیان کردبا! ئەوان لە دەللاقەی حیزبی دێموکڕاتی پاش سەرکەوتنی شۆڕش و ئەمڕۆ باشتر دەتوانن کۆی وێنەکە ببینن و خەسارناسییەکی رابردوویەک بکەن، کە حیزبی دێموکڕاتی لاواز کردوە. لەو رۆژەدا دەکرا بۆ رێزگرتن لە قوربانییەکانی ئەم خەباتە و رەخنەگرتن لە لایەنە لاوازەکان دابڕانی دوای کۆنگرەی ١٣، هۆکار و رێگاچارەکان هەڵسەنگێندرابان.

ئەمڕۆ کە دۆخی ئێران ناڕوونە و دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم هەڕەشەی جۆراوجۆر و ریسکی گەورەدایە، بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان کەمترین کارە کە بەرپۆەربەرانی حیزبی دێموکڕات و پارت و رێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەڵات دەتوانن رایپەڕێنن. ئەوان دەتوانن بە ئاشکرا باس لە دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێ بکەن و تەکانێکی بەتەوژم بدەن. جێگای خۆیەتی، کە ببینین و بیستین، کە بە تێڕوانین و تێگیشتنی ئەوان چەندە و چۆن دەتوانین لە گەڵ قەیران و ئالەنگارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان راهێنان بکەین؟ ئەوان بە چ شێوازێک ئامادەن هەڵەکانی خۆیان تەتەڵە بکەن و چەندە ئامادەن پشکی خۆیان لەو هەڵە و رووداوانە بەئەستۆ بگرن؟ دوارۆژی کورد لە رۆژهەڵات و دەستەبەرکرانی مافەکان دەبێ بەردی بناخەی کار و تێکۆشان بن. گەڕانەوە بۆ بناخە و وانەوەرگرتن لە هەڵە و کەوتنەکان چارەسەری دۆخی ئەمڕۆمان دەکەن. گەڕانەوە بۆ بناخە بە مانای کۆبوونەوە لە دەوری ئامانجە رەواکان و دوورکەتنەوە لە ناوچەگەرایی و ململانێی ناڕەوای نێوخۆییە. وانەوەرگرتن لە هەڵەکان بە مانای دووپاتنەکردنەوەی سیاسەتی خوار و لادان لە رێچکەی قبوڵکراوی کاری هاوبەشە، کە زەبر لە پەیکەری متمانەی خەڵک بە دوارۆژ و هەروەها کایەی سیاسەت و حیزبایەتی دەدا. دەبێ لە جەرگەی دابڕان و لەتبوونەکاندا ئەو وانەیە بە خەتی زێڕین بنووسرێتەوە، کە سەرکەوتنی کورد بەندە بە یەکگرتوویی نەک پرش و بڵاوی هەموو لایەک.

ئەندام، کادر و لایەنگرانی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات و بەتایبەت رێبەرایەتییەکانیان لە بەردەم

تاقیکردنەوەیکی گەوەرەدان. ئەوان لە رۆژگاری ئەمرۆدا ناتوانن بە هێزی کفوکوڵ لە گەڵ دیاردە و رووداوەکان رووبەڕووببنەوە. ناکرێ لەوە زیاتر دۆخی رۆژهەلات و پرش و بلاوی حیزب، رێکخراو و بژاردەی کۆمەڵگەی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا فیدای شەڕی تاک و تاقمەکان بکرێ. ئەگەر کار و کردەوەکان، سیاسەت و جۆری حیزبایەتی لە قەپان بدرێن، پەریزەکان باشتر دەردەکەون. حیزبی دێموکڕات بەم دابڕاوەیی و پەرتەوازەییە چۆن دەتوانێ پارێزەری میراتی کۆمار، بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ و خەباتی بەرینیی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران بێ؟ ئەوان چۆن دەتوانن بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان رێبەرایەتی بکەن و لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگە و سازان لە گەڵ یەکتردا رچەشکێن بن؟

رزگارکردنی گەل و نەتەوەیەک ئەرکێکی یەکجار قورسە و بەو دابڕان و پەرتەوازەییە رەنگە دۆخەکە لە جاران خەراپتر بێت. ئامانج و ئەرکی گەورە ئیرادە، بەرنامە و هێزی دەوێ، کە ئەم کەرەسانە لەدابڕان و پەراوێزخراندا نین و نەبوون. کوردی رۆژهەلات و دوارۆژیان بەم جۆرە لە سیاسەتکردنە پڕە لە ریسکی گەورە و قەیرانی درێژخایەن. دابڕانەکان، شەڕی نێوخۆیی، خەباتی ناساخلەمی نێوخۆیی،سیاسەتی یەکترشکاندن، سازبوونی پێشڕەوانی پاشڕەو و پالەوانە بەتالەکانی ئاژاوە و لە یەکتردان پڕن لە وانەی گەورە و هەلسەنگێندراو. کولتووری حیزبایەتی، سیاسەتی هاوکاری، ستایلی کارو بەرنامە و چۆنیەتی دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکان پێویستیان بە ئالوگۆڕە. ئالووگۆڕە ئەرێنییەکان لە حیزبی دێموکڕاتی دوو کەرتدا دەستەبەر نەبوون و هیچ لایەک پەرجووی نەنواند. لشکر و هێزی زۆر و بۆری رۆژانی لەتبوون و تێکدان، پاش ماوەیەک ساردبوونەوە و حیزبی دێموکڕات لە دەرەوە و نێوخۆ پێگە و پرستیژی جارانی نەما. ئەندام و کادرەکانی دوو لایەن لە زۆر بۆنەدا سیاسەتی سەربەخۆیان لەبیرکرد و هەر کەسە رووی لە هەوارێک کرد.

لە ئاکامی ململانەی ناڕەوا و دێواندنی یەکتر روخساری حیزبی دێموکڕات خەوشدار کرا. دابڕانی هێزە سیاسییەکان لە یەکتر کە بناخەیەکی پتەوی فکریی و ئیدۆلۆژی نەبوو، بە رێژەیەکی زۆر ل سەر کایەی سیاسەت و تێڕوانینی خەڵک لە پرسەکان شوێندار بووە. کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە هەمووان لەو بارودۆخە کەڵکی وەرگرت و لە رێگای جۆراوجۆر ئاوری شەڕ و کێشەکانی زیاتر تاو دەدا. وزەیەکی یەکجار زۆر لە شەڕی یەکتر شکاندن و رەوتی دێواندنی یەکتر خەسار کرا و زەبر لە ئیرادەی گشتیی و تاکی کوردی رۆژهەلات درا. ١٣ ساڵ دابڕان و یەکتر پەراوێزخستن بەشی ئەوندەی تێدایە، کە دوو لایەن بە تێڕوانینێکی بنیاتنەر رابردوویان بدەنە بەر تیغی رەخنە

و لاپەڕەیەکی تازە و ئەرێنی هەڵدەنەوە. خۆشاردنەوە لە هەڵە مێژووییەکان کارساز نییە و خۆبواردن لە ڕاستییەکان و دێواندنی ئەم و ئەو دەرمانی دەردەکان نییە.


داهاتوویەکی گەش و رابردوویەکی پڕشەنگدار دووانەیەکن، کە بەهێزی یەکگرتنەوە، تێپەڕاندنی قەیران و شکاندنی شوشەی رەشی دەللاقەی خۆبینینمان دەستەبەر دەبێ. بێدنگی لە بەرامبەر چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵات و دوارۆژی خاک و خەڵک سووچێکی گەورەیە. بژاردەی کۆمەڵگە لەو پرسانەدا ناکرێ نادیار و بێدەنگ بن و بە پاساوی جیاواز خۆیان لە هەموو ئەرک و کارێک بدزنەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٩

---

***کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی***

***ڕەشەمەی ٢٧١٨ی کوردی - مارچی ٢٠١٩ی زایینی***



*کوردەکان خاوەنی وزە و هێزێکی شاراوە و نارێکخراون، کە ئەگەر لە رایەڵکەی خۆناسین، کوردایەتیی و نیشتمان خۆشەویستیدا یەکبگرنەوە چارەنووسی خۆیان دەگۆڕن. گەلان لە قەیرانە گەورەکاندا تاقی دەکرێنەوە و متمانەی گشتیی لە سەنگی مەحەک دەدرێ. کوردەکان پێویستییان بە هزری خۆئیدارەکردنە و هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنن، کە لەو پێوەندییەدا لاوازن. کوردەکان و هێزە سیاسیی یەکانیان لە بەردەم بژاردەیەکی دژواردان و بە بیانوی جیاواز ناکرێ گەمە بە چارەنووسی خاک و خەڵک بکرێ. ئەوان یان رێچکەی کۆن دەپێون و لە کۆتاییدا دەکەون یان ئەوەی بە شێوازێکی نوێ بەرەو دوارۆژ هەنگاو هەڵدەگرن. ئەگەر کوردەکان خۆیان نەبن، کەس و لایەنی دیکە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەیان ناکا. کوردەکان هەتا ئەوکاتە بە زمانی خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ شکست و سەرکەوتن، هزر و بیری ئازادیخوازی، ناسینەی خۆ و ئەوانی دیکە نەکەن زۆر ئەستەمە بتوانن خاوەنداریەتی خاک و خۆیان بکەن. ئەوەی کە، کوردەکان لە نێوخۆدا کۆک نین و بەشێکی بەرچاو لە گەڵ کولتوور و دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە، دەیسەلمێنێ، کە دابڕانێکی گەورە لە جیهانبینی و تێگەیشتنی تاک و کۆی کورداندا هەیە. گەلانی ئازا و متمانەبەخۆ لە قەیرانەکاندا چۆک دانادەن و لە پێناوی ئازادژیان و ژینێکی سەربەستدا ئامادەی فیداکاریی و خۆڕاگرین.*

**عەزیز شێخانی**